# پووکاندنەوەی سەرچاوەکانی
# توندو تیژیو تۆقاندن

نوسینی: د. موحەمەد شەحرور

وەرگێر: ئیبراهیم میکەعەلی

# پوکاندنەوەی سەرچاوەکانی توندو تیژیو تۆقاندن

## بەناوی خواوەندی خاوەن میهری میهرەبان

هەرکەس موحەمەد دەپەرستێت دڵنیابێت موحەمەد مردوە
هەر کەسیش خواوەند دەپەرستێت ئەو زیندوەو نامرێت.

ئەبوبەکری صدیق

پەیامو پەڕاوی خواوەند، بە ئەوپەڕی بوێریەوەو بەبێ ناوەندگیر بخوێننەوە
نە لێی بترسنو نە خەمی فەوتانیشی هەڵگرن(واتە ترسی فەوتانی پەیامی ئاسمانیتان نەبێت)
چونکە خواوەند شکست نا ناسێت.

نوسەری ئەم کتێبە

دەبەنگیە ئەگەر بەتەمابین ئاکامو دەسکەوتی جیاوازو نوێ بەدەست بهێنین،
لەکاتێکدا هەرهەمان ئەزمونو تاقکیردنەوەی ڕابوردو دوبارە بکەینەوە.

ئانیشتاین

## سوپاس و پێزانین بۆ:

1. ١. ئەو بەڕێزانەی کە هاوکاری بەچاپ گەیاندنی کتێبەکە بون.
2. ٢. هەمو خوێنەرێکی بەڕێز کە کاتی دەبەخشێتە پرۆسەی خوێندنەوەی کتێبەکە.

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الروم/٣٠)

واتە: ڕوی خۆت بە پاکو پوختی بکەرە ئاینو پەیامە ڕەسەن و هەردەم گەشەسەندوەکەی خواوەند، ئەو پەیامو ئاینەی کە خواوەند سروشتی مرۆڤەکانی لەسەر داڕشتووەو ئەو داڕشتنو بەدیهێنانەی خواوەندیش هیچ چەشنە گۆڕانکاریەك قەبوڵ ناکاتو هەر ئەو پەیامەشە کە ئاینی پایەدارو پەسەندە، بەڵام زۆرێك لەخەڵك نازانن.

﴿قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىَ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقاً حَسَناً وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ صدق الله العظيم(هود/٨٨).

واتە: وتی ئەی هۆزەکەم چۆنە بەلاتانەوە ئەگەر من لەلایەن پەروەردگارمەوە پشت ئەستوربم بە بەڵگەیەکی حەشا هەڵنەگرو ڕۆزیەکی چاکو پاك، من نامەوێت ڕێگیری لەئێوە بکەم و خۆم پێچەوانەی ئەوە بجولێمەوە، بەڵکو من دەمەوێت تا ئەو جێگەی کە ئەتوانم چاکسازی بکەمو لەوپێناوەشدا هیچ پشتیوانێکم نیە بێجگە لەخواوەند، تەنها پشت بەو دەبەستم وداوای کۆمەکیش هەر لەو دەکەم.

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٧ | چەند سەرنجێکی پێویست |
| ١٠ | پێشەکی وەرگێڕ |
| ١٤ | پێشەکی نوسەر |
| ٢٨ | **بەشی یەکەم:** ڕەویەی پەیڕەوکراو بۆ تێگەیشتن لەدابەزێنراوی بەجێ(التنزیل الحکیم) |
| ٧٤ | **بەشی دوەم:** دەستەواژەو زاراوەکانی دابەزێنراوی بەجێ(التنزیل الحکیم) |
| ٩٧ | **بەشی سێەم:** تێکۆشانو جەنگ وکوشتار(الجهادو القتال) |
| ٩٧ | ١. تێکۆشان(الجهاد) |
| ١٧٧ | ٢. جەنگ وکوشتار(القتال) |
| ٣٠٠ | **بەشی چوارەم:** فەرمان بە چاکە(الامرالمعروف)و ڕێگیری لەخراپە(النهی عن المنکر) |
| ٤٢٣ | **بەشی پێنجەم:** هەواداریو پەیڕەوی لێکردن(الولاء)و واز لێهێنانو پشت لێکردن(البراء) |
| ٥١٨ | **بەشی شەشەم:** پرسو باسی هەڵگەڕانەوە(الرّدة) |
| ٥٦٥ | **بەشی حەوتەم:** مەبەستەکانی شەریعەت(المقاصد الشرعیە) |
| ٦٤٥ | پوختەو ئاکامەکان |
| ٦٥٥ | کۆتایی کتێبەکە |

## چەند سەرنجێکی پێویست: سەرەتا سەرنجێك لەنوسەرەوە:

پێم خۆشە سەرنجی خوێنەری بەڕێز ڕابکێشم بۆلای ڕاستییەك، ئەویش بریتیە لەوەی: هەموو ئەو بابەتانەی کە لەچوار کتێبی پێشوماندا: {الکتاب والقران قراءة معاصرة، دراسات إسلامية معاصرة في الدولة والمجتمع، الاسلام والايمان منظومة القيم، نحو اصول جديدة للفقه الاسلامي/فقه المرأة} . لەوێ لەهەندێ پرس و بابەتدا ناواخنی ئەو کتێبانە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا کەلەم کتێبەدا هاتون، لێرە ئەو پرس و بۆچونانەم ڕاست کردوەتەوە کە پێویستیان بەڕاسکردنەوە هەبووە، چونکە پرۆگرامەکەمان بە بێ هیچ خاترو خۆترێك هەڵەکانی تەنانەت خۆشی دەدۆزێتەوەو چارەسەریان دەکات.

د.محمد شحرور.

**سەرنجەکانی وەرگێڕ:**

١ .خوێنەری بەڕێز... ئەم کتێبەی بەردەستت تەنها خوێندنەوەیەکی ڕوخساریو خستنەڕوی پێدراو(مُعطيات)ە مێژوییەکان نیە، بەڵکو شیکارو قوڵبونەوەو ڕامانێکی نوێیە لەتێگەیشتنی باری ئاینیو بگرە لەهەندێ جێگەشدا هەڵتەکاندنو پوچەڵکردنەوەی هەندێ باوەڕو بۆچونە کە لەڕوخساردا بە سەلمێنراوو(مُسلّمة) خراونەتە بەرچاو .

لەبەر ئەوە بێگومان لەمیانی خوێندنەوەیدا، کتێبەکە ڕوبەڕوبونەوەو بریندار کردنی تێدایە، و سۆزو تێگەیشتنی باویش لەبیرو هەستو نەستی هەندێ لەزانایانو کەسایەتیەکانی ناو دونیای ئیسلام لەکتێبەکەدا ڕەخنە لێگیراوو هەڵسەنگێنراوە...

بە ڕاشکاوانە کۆی کتێبەکە ئاراستەی عەقڵو ئاوەزی خوێنەرە، نەك عاتیفەو لاواندنەوەی.

بۆیە ئومێدەوارم پەسەندكردن‌و وەرگرتن‌و ڕەخنەگرتن‌و ڕامانی نوێت لائاسان بێت، تا خوێندنەوەی كتێبەكە سوودێكی هەبێت لەئاراستەكردنی بیرو ژیریی بەڕێزتدا، چونكە لەبنچینەدا ئەم كتێبە بۆ ئەهلی بەراوردو لێكدانەوەیە.

٢. هیوا خوازم ئەو كەسەی كە دەیەوێت سود لەتێزو بۆ چونەكانی نوسەر وەربگرێت، با لەیەكەم لاپەڕەی ئەم كتێبەوە بە پێشەكیەكەی وەرگێڕیشەوە هەموی لەسەرەتاوە بخوێنێتەوەو دێڕ بە دێڕ بڕوات لەگەڵیدا، چونكە خوێندنەوەی پچڕ پچڕ زیانی زۆرترە تا سودی، بەتایبەت لەم كتێبەدا كە هەموو لاپەڕەیەك (ئەگەر نەڵێم هەموو دێڕێك) كلیلی تێگەیشتنە بۆ لاپەڕەو دێڕی دوای خۆی.

٣. هیوام وایە هیچ خوێنەرێك لەژێر كاریگەری قسەی كەسیتردا حوكمی پێشوەخت نەدات بەسەر نوسەری ئەم كتێبەو بیرو بۆچون‌و تێزە جوانەكانیداو ژیریی و فامی خۆی بكاتە دادوەر، نەك ئەو مافە بدات بە كەسانی تر تا لەباتی ئەو بیر بكەنەوەو بڕیار بدەن.

٤. هەندێ دەستەواژە لەپرۆسەی وەرگێڕانەكەدا بەكار هێنراون وەك: (پەیامهێنەر، پێغەمبەر، نێردراو، دابەزێنراوی بەجێ، قورئان، خوا، خواوەند، كۆیلایەتی، بەردایەتی، بەندایەتی، سروش، نیگا، پەیامی ئاسمانی، ڕێگیری كردن، ڕێگری كردن، گوناه، تاوان، كەلەپور، كەلتور، ئاوەز، مشور....هتد) هەموویان بە مەبەستەوە هەڵبژێردراون تاوەكو واتاو مەبەستەكانی ناو كتێبەكە گوم نەبن‌و تا ڕادەیەك وەك خۆیان بگەیەنرێن، بۆ نمونە: لەم نوسینەدا وشەی(پەیامهێنەر)جیایە لەوشەی(پێغەمبەر)و هەروەها وشەی(خوا)جیایە لە(خواوەند)هەر یەكەو واتایەكیان دراوەتێ، چونكە دەكرێت(خوا)بۆ هەموو پەرستراوێك بەكاربهێنرێت، بەڵام(خواوەند) ناوێكی تایبەتەو بۆزاتی(الله) بەكار هاتووە، كە بەدیهێنەرو

بەڕێوەبەری بونەوەرو گەردوونە، هەروەها وشەی (دابەزێنراوی بەجیٚ) ناوێکەو لەم پرۆسەی وەرگێڕنەدا بۆ کۆی پەیامی ئاسمانی بەهەمو بەشەکانیەوە (الکتاب، القران، الرسالە) بەکارهێنراوە.

هەروەها وشەی(پەیامهێنەر) بە واتایەك بەکار هێنراوە جیایە لە(پێغەمبەر) کە ئەویش بۆ واتاو مەبەستێکی تر بەکار هێنراوە.

بەهەمان شێوە(گوناه)ناوێکە بۆ ئەو سەرپێچیانەی کە مرۆڤ دەیانکات و پەیوەندیان نیە بە مرۆڤەکانەوەو کارێکە لەنێوان خواوەندو بەندەکانیدا، بەڵام(تاوان)شتێکی ترە.

٥. هەندیٚ زاراوەو دەستەواژە هەن کە لەزمانی عەرەبیدا بیٚ پەردەو بەڕونی ئاماژەیان پێدەکرێتو سروشتی زمانەکە بەئاسایی وەریاندەگرێت، بەڵام وەرگێڕانیان بۆ زمانی کوردی بەشێوەی دەقاودەق، یان زیان بە وشەو زاراوەکان دەگەینێت و واتاو مەبەستەکانیان لەدەس دەدەن، یاخود سروشتی زمانەکە ڕێگە بە بەکارهێنانیان نادات بەو شێوەیە، بۆیە لەپرۆسەی وەرگێڕانەکەدا پەنامان بردوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەواژەی شیاو بە سروشتی زمانەکەی خۆمانو لەبەرکاهێنانی وشە عەرەبیەکان خۆمان پاراستوە(تا ئەو جێگەی کە گونجاو بوبێت).

٦. ئەم نوسینە وەرگێردراوی چاپی یەکەمی کتێبی(تجفیف منابع الارهاب)ە کە لەساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن(مؤسسة الدراسات الفكرية المعاصرة)ەوە لەوڵاتی(لوبنان)چاپ کراوە.

مەبەست لەم تێبینیەش ئەوەیەکە: نوسەر لەچاپی دووەمی کتێبەکەیدا چەن گۆڕانکاریەکی کەمی کردوە، بۆیە بەپێوستمان زانی خوێنەر ئاگادار بێت.

## پێشەكی وەرگێڕ.....

بیرۆكەی وەرگێڕانی ئەم كتێبە لەوێوە سەرچاوەی گرت، پاش ڕاپەڕینی گەلانی هەندێك لەولاَتانی عەرەبیو دیسانەوە سەركوت كردنەوەیانو سەرهەلّدانەوەی شەپۆلێكی تری توندوتیژیو دروست بونی چەندین كۆمەلّو باندو هێزی گەورەی توندوتیژ و زۆربەشیان بەناوی ئیسلامەوە دروشم بەرزدەكەنەوە، پاش ئەو دۆخە تازەیە، لەسەرانسەری جیهانداو لەلایەن بیرمەندو بیریارەكانی جیهانەوە قسە دەكرا لەسەر پێداچونەوە بە بیرو كەلەپورو خوێندنەوەی نوێ بۆ ئایەتەكانی پەیامی ئاسمانیو ڕاڤەكردنیان بەشێوازێك كە وەلاَمی خواستەكانی ئەم سەردەمە بدەنەوە، سەدان كۆڕو كۆڕبەندو كۆبونەوە دەگیران بۆ ئەو مەبەستە، بەلاَم ئەوەندەی خاوەنی ئەم خامەیە ئاگادار بێت، زۆربەیان قسەیان لەبابەتی گشتی دەكردو نەیان دەتوانی بە بوێریو جورئەتەوە ئەوە بلّێن كە پێویستە بوترێت.

لەوانەشە لەقەناعەتو خەیالّدانی هەندێك لەو بیرمەندو ڕۆشنبیرانەدا مەبەستەكە گەلاَلّە بوبێت، بەلاَم بە هەر هۆكارێك كە خۆیان دەیزانن نەیان دەوت.

لەبەرانبەریشەوە ئاراستەیەكی تر لەڕۆشنبیران و توێژەران بەهەلّەدا دەچونو لەبری ئەوەی ڕەخنە لەكەلەپوری هەلّەی باوو تێگەیشتنی هەلّەی ئەو گروپە توند ئاژوانە بگرن، ڕەخنەیان لەئاینی ئیسلام دەگرتو لەئاستێكی گەورە تریشدا بەناوی ڕێگەگرتن لەتوندڕەوی، دەیان كەسایەتیو بزاوتو تەنانەت دەسەلاَتی میانڕەوو خزمەتگوزاریش دەكەوتنە بەر ئەو لێشاوەو ئەم كارەش بوە هۆی ئەوەی كە قوڕەكە ئەوەندەی تر خەست ببێتەوەو دونیا ببێتە دوو بەرەوە(بەرەی تیرۆرو بەرەی دژە تیرۆر) كە خوا ئەزانێت قوربانیەكانی چەند گەورەتر دەبن.

لەدیـدی وەرگێـڕی ئـەم کتێبـەوە، ئـەم تێـزەی کـە لەلایـەن بەڕێز(د.محمـد شـحرور)ەوە خراوەتـەڕو خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـە: خوێندنەوەیـەکی نـوێو سەردەمیانە بۆ دەقەکانی قورئان بکرێتو چیدی پابەندی ئەو کەلەپورە بۆماوەیەی ڕابوردومـان نـەبین کـە ئـەوان بـۆ خۆیـانو سـەدەکانی ڕابـردو نوسـیویانە، ئـەرکی ئێمەشە لەم سەردەمەدا بۆ خۆمانو سەردەمەکەمان بژینو خواوەنـد مـافی ئـەوەی پێداوینو ئامرازی بیرکردنەوەو ژیریشی پێ بەخشیوین کە ئێمەش بە پـەیڕەویکردن لەیاساکانی زمانـەوانی، جـارێکی تـر بـە ژیـریو چـاوی خۆمـان دواپـەیامی ئاسمـان بخوێنینــەوەو ئــەحکامی تایبــەت بــە هەلومەرجــەکانی ژیــانی ئــەم ســەردەمەی لێ هەلگۆزین.

ئەم کارەش بێجگە لەتوانستی زانستی، جورئـەتو بوێریـەکی زۆری دەوێـتو دەکرێـت ناو بنرێت بە(موجازەفە) چونکە لەخەیاڵدانی خـەڵكو جـەماوەری موسڵماندا وا بـاوە کـە کتێبەکانی مێژو و قسەی زانا دێرینەکانمان پیرۆزنو نابێت ڕەخنەیان لێ بگیرێت.

بۆیە ئەم هەنگاوەی نوسەر، دروست وەك ڕاگەیاندنەکەی گالیلۆ دێتە پێش چـاو، کاتێك لەبەردەم کۆمەڵگای دواکەتوی ئەو دەمەی ئـەوروپاداو لەبـەردەم دەسـەڵاتی کەنیســەدا ڕایگەیانـد کـە زەوی شـێوە گۆیـەو دەخولێتـەوە، بۆیـە خێـرا قەشـەکان ودەسەڵات لێی هاتنە دەنگو پاش بەند کردنو سزادانێکی زۆر لەخاچیاندا.

ئەمڕۆش دەبینینو دەبیسین هەندێك کەس لێرەو لـەوێ بـەبێ ئـەوەی شـارەزابن لەتێزەکەی نوسەر، تیرو توانجو تۆمەتی ناڕەوای تێدەگرنو لەسەر ئاسـتی جیهـانی عەرەبیش ئەو هۆکارە ڕاگەیاندنانەی کە خزمەتکاری ئەو دەسەڵاتانەن کە لەسـایەی ئەو کەلەپورە ڕابوردوەدا حکومەتو هەیبەتیان بەڕێوە دەبەنو خزمـەتکارو زێـوانی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، تۆمـەتی جۆراوجـۆر دەدەنـە پـاڵ نوسـەرو دیدوبۆچـونە نوێکانی.

لێرەوە بو وەرگێڕ، بە پێویستی زانی ئەم كێشمە كێشە فیكریە بگوێزێتەوە بۆ ناو گۆڕەپانی ڕۆشنبیری كوردیو دیدگایەكی نوێ بكاتەوە لەخوێنەری كورد، تاوەكو ئەویش بتوانێت بە دیدگایەكی ڕونەوە پەیامی ئاسمانی وەك خۆی بناسێتو ئازاد بێت لەوەرگرتن یان وەرنەگرتنیدا.

بۆیە داواكارم لەخواوەند ئەم هەوڵەم لەڕیزی كارە چاكەكانمدا لێ وەرگرێت و لەكەم و كوڕیەكانیشی بمبەخشێت و هیوامواپە توانیبێتم خزمەتێك بەدیدو ئاسۆی بیركردنەوەی خوێنەری كورد بكەم.

كتێبەكە توانیویەتی ڕاڤەیەكی جوانی هەمو ئەو دەستەواژەو چەمكە باوانە بكات كە ئەمڕۆ ئەو هێزە توند ئاژوانەو دەسەڵاتە كۆنەپەرستەكان خۆیان لەپشتیانەوە حەشارداوەو بونەتە هۆكاری ناوزڕاندنی ئاینی ئیسلام و پەیامەكەی موحەمەدو تێكدانی سیمای كۆمەڵگەكان، نوسەر بە باوەڕێكی بەهێزەوە هەم بەخۆیو هەم بە خواوەندی خۆی و هەم بەو پەیامەش كە خواوەند ڕەوانەی كردووە بۆ مرۆڤایەتی، توانیویەتی بەبێ قەتیس بون لە هیچ سەرچاوەو كتێبێكی مێژوییو بە پاڵپشت بەڕێسا زمانەوانیەكان، خۆی بگەیەنێتە ناوكرۆكی مەبەستی ئەو ئایەتانەی كە تەوەری بابەتەكەنو جوانترینو سازگارترین واتایان لێ هەڵێنجێنێت بۆ چارەسەری گرفتەكانی ئەم سەردەمە.

دیارە بڕینی هەموو ڕێگایەكی دوور لەیەكەم هەنگاوەوە دەست پێدەكات، ئەم هەوڵەش بەتایبەت لەكۆمەڵگەی كوردستانیدا سەرەتایەو هیوادارم بیرمەندانی خۆماڵیش یەكەم، لەم ئاراستەیە بگەنو دوەمیش، بتوانن جارێكی تر شكۆی ڕابەرایەتی فیكریو ڕۆشنبیری بۆ گەلەكەمان بگێڕنەوە، وەك چۆن لەڕابردودا زۆرینەی زاناو بیرمەندو پیتۆڵەكانی ناو مێژوی كۆمەڵگە موسڵمانەكان كورد بونو

توانیویانە ڕێنوێنیكەری خەڵكی ئەو دەمەی خۆیان بن، هیوام وایە ئێمەشە لەم دەمەدا بتوانین جێ پێی ئەوان هەڵگرین، نەك وەجاخ كوێریان بكەین.

پاش دەسخستنی نوسخەی ئەلكترۆنی كتێبەكە لەڕێگەی یەكێك لەهاوڕێ ئازیزەكانمەوە و خوێندنەوەی بەوردی و سەرنجی تەواوەوە، بڕیاری وەرگێڕانی كتێبەكەم داو، یەكەم هەنگاویش لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیم بە نوسەرەوە كردو داوای مۆڵەتی وەرگێڕانی ئەم كتێبەم لێكرد، ئەویش لەنامەیەكی ئەلكترۆنی بروسكە ئاسادا كە (دەقەكەی لەخوارەوەیە) وەڵامو ڕەزامەندیو سەرنجی خۆی دەربڕی بۆ ئێمە.

دەقی ڕەزایەتنامەكەی نوسەر{نود إعلامكم بموافقة الدكتور شحرور على ترجمة كتبه للكوردية، مع تمنياته بأن تكون الأفضلية لكتابيه (الإسلام والإيمان)و (نحوأصول جديدة للفقه الإسلامي)}.واتە: پێمان خۆشە ڕەزامەندی دكتۆر شەحرورتان پێ ڕابگەیەنین لەبارەی وەرگێڕانی كتێبەكانیەوە بۆ زمانی كوردیو هیواشی وایە سەرەتا هەردو كتێبی(الإسلام والإيمان)و(نحو أصول جديدة للفقة الاسلامي)پێشبخرێن لەپرۆسەی وەرگێڕانی كتێبەكانیدا.

ئیبراهیم میكە عەلی

٢٠١٥/٤/٢٥

## پێشەکی نوسەر.....

ڕوداوەکانی(١١)ی ئەیلول(سبتمبر)ی ساڵی(٢٠٠١)بونە هۆکاری هەژانێکی بەتین لەتێڕوانینی خەڵکانێکی زۆر لەجیهاندا بەرانبەر بە ئیسلام(وەك ئاین)لەکاتێکدا کە پاڵنەری سەرەکی ئەم ڕوداوانە ئەو ئیسلامە مێژووییە بو کە خۆی لەو کەلەپورە بۆ ماوەیەدا دەبینیەوە کەدەسکردی مرۆڤەکانە و لەسەرەتای سەردەمی پرۆسەی نوسینەوەی کتێبە ئیسلامیەکانەوە(التدوين)نوسراوە.

لەو ڕوانگەیەوە من ناونیشانی کتێبەکەم ناوناوە(پوکاندنەوەی سەرچاوەکانی توندوتیژیو تۆقاندن)کە کەلەپوری بۆ ماوەی ئیسلامیی، کوشتن و جەنگ وکوشتار و شەهادەو شەهیدی گرێداوە بەیەکەوە، هەورەها لەبەهاو بایەخی ژیانو پێداگریی لەسەر ژیانی کەمکردوەتەوە، و داوادەکات بەڵکو دەخوازێت ئەو کەسەی کە ژیانی خۆش دەوێت ناچاری بکات تا هەست بە تاوان بکات، هەروەها ئەوکەسەی کە بەحیسابی خۆی لەڕێگەی خواوەندا دەکوژرێت ڕاستەوخۆو بەبێ چاوەڕوانی و هیچ لێپرسینەوەیەك دەچێتە بەهەشتەوە.

هەروەها ئەو کەلەپورە خەڵکی هانداوە لەسەرمردن و شەهید بونیشی گرێداوە بە کوژران ومردنەوە لەگۆڕەپانی جەنگدا.

فیقهی ئیسلامی بۆ ماوەی سەدەکانی ڕابوردوشمان بە وشەیەکیش باسی ڕێزگرتن لەئازادی خەڵك لەهەڵبژاردنو دەستنیشانکردنی بیروباوەڕو سروتە ئاینیەکانیانداو ئازادی وشەو ئازادی ویژدانی نەکردوە، چونکە ئەم فیقهە لەسەردەمی ستەمگەری و لەکۆتایی سەردەمی ئەمەویو سەرەتای سەردەمی عەباسیەکاندا سەریهەڵداو نوسرایەوە، واتە: لەسەدەکانی دوەمو سێهەمی کۆچیدا، لەم پرۆسەی نوسینەوەیەدا وبە مەبەستی ڕازی کردنی دەسەڵات، هیچ دەرفەتێك

نەمایـەوە بـۆ جیاكردنـەوەی شـەهیدیو مـردن، یـاخود لـەنێوان جـەنگ وكوشـتارو ئازادی خەڵك لەهەڵبژاردنی بیرو باوەڕیاندا.

دواتر كوشتنی مورتەد لەبیری خەڵكیدا ڕیشەی داكوتـاو كـرا بـە یـەكێك لەپایـەكانی ئاینی ئیسلامو هەروەها گوێڕایەڵی سوڵتان(هەرچەندە ستەمكاریش بێت)كرا بـە بەشـێك لەگوێڕایەڵی لەفەرمانەكانی خواوەندو پێغەمبەرەكەی.

هەروەها شەڕوجەنگە خوێناویەكان لەسەر بناغـەی ئومەمی(ئومـەی ئیسـلامیی و ئومــەی كوفر)و(خانــەی ئیســلام و خانــەی كوفر)بــەڕێوە دەبــرانو شــەیپوریان بۆلێـدەدرا، لەكاتێكـدا كـە ئامـانجی بنـەڕەتی ئـەو جـەنگ و شـەڕانە (لەسـەرەتای سەردەمی ئەمەویەكانەوە)بۆ دەستخستنی زیـاتری داهـاتو جزیـەو دورخسـتنەوەی بەرهەڵستكارانو نەیاران بوە.

بــە تێپــەڕبونی كــات، ســەردەمێكی نــوێ هاتــە كایــەوە، لەوێشــەوە ئامــانج لەجەنگـەكان بـوو بەدەسـكەوتی مـادیو داگیركـاریو پارێزگـاری بەرژەوەندیـەكان، واتە: جەنگەكان بون بە شەڕی نێوان چەند كۆمەڵێك لەخەڵك كە لەچەند دەوڵەتێكدا دەژیان، ئەو كۆمەڵە خەڵكانەش هەمان گەلی دانیشتوی ئەو وڵاتانە بون.

دواتر جەنگەكان لەجەنگو شەڕی ئومەمیەوە گۆڕان بـۆ جـەنگو شـەڕێك لەسـەر بنــەماو بناغــەی نیشــتمانیو بەرژەوەنــدی، دابەشــبونەكانی پێشــو(خانەی كــوفر و خانەی ئیمان)یش وەك خۆیان مانەوە.

چــەمكی میــانڕەویو بانگــەوازكردنیش بــۆ ئــەو چــەمكە، بێجگــە لەدۆزینــەوەی دەرچەیەك بۆ ئـەو تەنگژەو ئاڵۆزیـەی كـە ڕوداوەكـانی سـێپتێمبەرو ڕۆژانـی دواتـر هێنایان بە دوای خۆیاندا هیچی ترنییە، ئەم دەرچەیەش وەك دەرچـەكانی تـری نـاو مێژوی دێرینەمان، وەك دەرچەكانی فیقهـی كەمینـەكانو فیقهـی ئەولـەویات، تـەنها

دروشمێكەو هیچی تر. چونكە هیچ كەس بە ئەندازەی زانا بەڕێزەكانی ئێمە وەستا نیە لەو بوارانەدا بۆ داهێنانو دۆزینەوەی دەرچە، زانستی(الناسخ و المنسوخ) یان داهێنا، وەك ڕێگە چارەیەك بۆ دەرباز بوون لەو دژبەریە ڕواڵەتیەی نێوان هەندێك لەئایەتەكان، بەتایبەت بۆ چارەسەری ناسازگاریی نێوان ئایەتەكانی جەنگ و(قتال)بەتایبەت لەسورەتی تەوبەو تەواوی ئایەتەكانی ئەو بوارە لەلایەك و ئایەتەكانی﴿..لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ..﴾و ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ﴾و﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ..﴾لەلایەكی ترەوە.

بەم كارەش كەلتوری ئیسلامی بوو بە كەلتورێكی دەستەبژێركەر، لێرەوە هەركەس كوشتارو كوشتو بڕی دەوێت ئایەتەكانی كوشتو كوشتار دەكاتە دروشمو مەشخەڵ و، هەركەسیش ئاشتیو ئارامیو ئاسایشی دەوێت ئایەتەكانی ئەو بوراە دەكاتە دروشمو مەشخەڵ.

لەم كتێبەدا بەبێ پەنابردنە بەر ناسخو مەنسوخ، بەتەواوەتی ئەو كێشە ئاڵۆزەمان چارەسەر كردوە .

هەروەها بانگەوازكاران و بانگ خوازان بۆ خۆ دەربازكردنو پاساو هێنانەوە بۆ زۆرێك لەكارو فەتواكانیان، پەنایان بردوەتە بەر دەستەواژەی(مقاصد الشریعه)و لەژێر ئەو دروشمەدا كاریان كردوە.

ئەم كتێبەمان كەلە بەردەستی خوێنەردایە ئەم چەند بابەتەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

**١- (الجهاد و القتال) تێكۆشانو جەنگ:**

توانیومانە بە تەواوی ئەم دوو بابەتە لەیەك جیابكەینەوە، هەروەها توانیومانە بە جوانی ڕونی بكەینەوە كە جیهادو تێكۆشانێك هەیە لەڕێگەی

خواوەندداو، لەبەرانبەریشەوە جیهادو تێکۆشانێکیش هەیە کە لەڕێگەی خواوەنـددا نیەو دەگونجێت ئەو تێکۆشانەش هەر ڕەوا بێت.

هەروەها توانیومانـە بـە دیـاریکراوی پێناسـەیەکی ئیرهـاب بکـەین، ئـەویش ئـەو کاتەیە کە(قتال)وجەنگ، بگۆڕدرێت بۆ(قتل)و کوشتنی یەك لایەنە.

هــەروەها ڕونمــان کردوەتــەوە کــە شــەهید بــونو خــودی شــەهید، هــیچ پەیوەندیەکیان نیە بە مردنو قتال و قەتلو کوشتارو کوشتنەوە.

ڕونمان کردوەتەوە کە هیچ کەسێك ناتوانێت نازناوی شـەهید وەربگرێـت ئەگـەر لەحالّی ژیاندا نەبێت، واتە: هەرگیز مردو نابێتە شەهید، بەلّکو دەبێـت بـە زینـدویی شەهید بێت، ئەوجا پێی دەوترێت شەهید.

هــەروەها ڕونمــان کردوەتــەوە، شــتێك نیــە پێــی بوترێــت: کــردەی شــەهادەت خوازی(عملية إستشهادية)بەلّکو ئەو کردەوانە هەمویان کردەی خۆکوژین بە تەواوی مانا.

**٢- فەرمان بە چاکەو ڕێگیری کردن لەخراپە:**

لـــەم کتێبـــەدا ڕونکراوەتـــەوە کـــە قەدەغەکراوەکان(المحرمات)تـــەنهاو بەدەستنیشانکراوی هەر ئەوانـەن کـە لەپـەڕاوی خواوەنـد(کتاب الله)دا دیـاریکراون، ئەو ڕێنماییانەش کە لەپێغەمبەرەوە پێمان گەشتون بریتین لەڕێگیریو(نهي) کردن، نەك حەرامو قەدەغە کردن.

حـەرامو قەدەغەکراویشـمان لـەڕێگیری(نهـي)کـردن جیاکردوەتـەوەو ڕونمـان کردوەتـەوە کە(حەرام)بریتیـە لەقەدەغـەکراوێکی هەتاهـەتاییو داگرنـدەی کـاتو شوێنەو ئەم کارەش تەنها لەدەسەلاّت و توانای خواوەنددایە و کەسی تـر بـۆی نیـە ئەم دەسەلاّتە بەکار بهێنێت، بەلاّم ڕێگیری لێکردن و(نهي)پەیوەستە بەکاتەوە.

خواوەندی هەموان تەنها خۆی بۆی هەیە حەڵاڵو حەرامو ڕەواو ناڕەوا دیاری بكاتو فەرمان یاخود ڕێگیری بكات.

پێغەمبەریش(د.خ)تەنها فەرمان و ڕێگیری دەكات، هەروەها دەسەڵاتیش تەنها فەرمان و ڕێگیری دەكات.

بەهەمان شێوە دەستنیشانمان كردوە كە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بۆیان هەیە هەستن بەكاری فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپە، چونكە ئەو پرۆسەیە هیچ چەشنە زۆرەملیّ كردنێكی تێدا نیە كە خەڵك ناچار بە كارێك بكرێت، دەوڵەت ڕێگیری دەكاتو توانای قەدەغەكردنیشی هەیە، چونكە بناغەی ژیان لەسەر بنەمای سەماحو دەست واڵایی بونیات نراوە.

پزیشك بۆی هەیە ڕێگیری لە جگەرەكێشان بكات، دەسەڵاتیش بۆی هەیە لەشوێنە گشتیەكاندا جگەرەكێشان قەدەغە بكات، بەڵام ئەگەر كەسێك فەتوا بدات كە جگەرە كێشان حەرامە، ئەوە بەخۆی نازانێت هەستاوە بە دانانی یاسایەكو كارێكی كردوە كە تا ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێتو جێبەجێش دەكرێت بەسەر دانیشتوانی گۆی زەویدا بەگشتی.

دەپرسین بێجگە لە(الله)كەخواوەندی هەموانە كێی تر ئەم مافەی هەیە..؟

لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە هەموو ئەو فەتوایانەی كە لەدەرەوەی پەیامە ئاسمانیەكەداو بەدرێژایی مێژومان هاتوون، هەمویان پوچەڵنو پێویستە وەلابخرێنو بخرێنە كەنارەوە.

لەو ڕوانگەیەوە كە فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپە، زۆركردنو ناچار كردن لەخۆ ناگرێت، بەو پێیە دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی باشترینو لەبارترین لایەنن كە هەستن بەم كارە، كاری فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپەش تایبەت

نییە تەنها بە پەیڕەوانی پەیامی موحەمەدیەوە، بەڵكو دەگونجێت بەرفراوان بكرێت بە چەشنێك كە هەموو نەوەكانی نیشتمان بگرێتە خۆ، چونكە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمو دروشمە ئاینیەكان وەك نوێژو ڕۆژوو.. هتد.

ناچنە بازنەی فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپەوە، بەڵكو ئەوانە ئەركی سەرشانی پەیڕەوانی پێغەمبەرن.

**٣. ڕوتێكردن و هەواداریو پەیڕەوی لێكردن (الولاء)، وازلێهێنان و پشت تێكردن (البراء):**

ئەم چەمكە بەپێی دابەش بونە ئومەمیەكە داڕێژراوە(ئومەی ئیسلام و ئومەی كوفر)بۆیە موسڵمان كەوتوەتە گێژاوەوەو ڕێ لەبەختی خۆی نابات لەمەسەلەی وەلائو بەڕائدا: ئایا هەواداری و پەیڕەوی لێكردنی یاخود وازلێهنان و پشت تێكردنی، بۆ وڵاتو گەلەكەیەتی..؟ یاخود بۆ ئومەتەكەی..؟ بۆ نمونە: ئەو موسڵمانە پاكستانیەی كە هەڵگری ڕەگەزنامەی بەریتانیەو نەتەوەكەی پاكستانیەو لەئومەتی موحەمەدەو لەهەمان كاتدا هاووڵاتیەكی بەریتانیشە..؟ واتە: تاكێكە لەگەڵی بەریتانیا، ئایا ئەم كەسە وەلاو هەواداری و پەیڕەوی كردنی بۆ نەتەوەكەیەتی..؟ یان بۆ ئومەتەكەیەتی..؟ یاخود بۆ ئەو گەلو وڵاتەیە كە لەناویدا دەژی..؟

ئەم لایەنە بوەتە هۆكاری سەرئێشەو سەرگەردانی بۆ موسڵمانە باوەڕدارەكان لەهەر كوێ بژین، و زۆرینەبن یاخود كەمینە.

بەهەمان شێوە چەمكی فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپە: ئایا ئەو ئەركو مافە لەسەر تاكە، یاخود لەسەر كۆمەڵگا، یاخود دەوڵەت..؟ وئایا هەركام لەم لایەنانە ڕۆڵیان چیە لەم كارەدا..؟

ئایا باشترین ڕێگەچارە تاوەكو ئێستا مرۆڤایەتی پێی گەیشتبێت بۆ هەستان بەم كارە چییە..؟ چونكە لەلایەن خواوەندەوە فەرمان بەم كارە كراوەو پێویستە

ڕابپەڕێنرێت‌و هیچ میکانیزم‌و شێوازێکیش دەستنیشان نەکراوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە، بۆیە ئەم کارەش دەچێتە خانەی گەشەدان بە تواناکانی مرۆڤ و ڕێ‌و شوێنەکانی ڕاپەڕاندنیەوە.

هەروەها شوراو ڕاوێژکردن وەك فەرمان لەلایەن خواوەندەوە هاتوە، پێویستە لەسەرمان باوەڕمان پێی ببێت، بەڵام ڕێ‌و شوێنی ڕاپەڕاندنی دیاری نەکراون، چونکە دەگونجێت بەپێی گەشەسەندنی کۆمەڵگاو سیستمە سیاسیەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

**٤. مەسەلەی هەڵگەڕانەوە(الردة):**

بەداخەوە فەرمانی لەسێدارەدانی هەڵگەڕاوە(مرتدّ)چەسپێنراوە، لەکاتێکدا کە ئەو حوکم‌و فەرمانە هیچ پەیوەندییەکی بە پەڕاوی پیرۆزو دابەزێنراوی بەجێوە نیە، بەڵکو ئامانج لەداهێنان‌و داڕشتن‌و چەسپاندنی ئەو فەرمانە لەناو کەلەپوری ئیسلامیدا بۆ سەرکوت کردن‌و لەناوبردنی بەرهەڵستکاران‌و نەیاران بوە لەو دەوڵەتەدا کە بەناوی ئایینەوە دەستی گرتوە بەسەر فەرمانڕەوایی‌و جڵەوی حوکمڕانیداو ڕەوایەتی خۆی لەو ئاینە ئاسمانیەوە وەرگرتووە.

**٥.لەم کتێبەدا مەبەستەکانی شەریعەت(مقاصد الشریعه)وەک خۆی‌و چۆن لەکەلەپوری بۆماوەماندا هاتوە، قسەی لەسەرکراوەو لەڕوانگەی ئەو پەیڕەوەمانەوە کە گرتومانەتەبەر، چەندین تێگەیشتن‌و چەمکی نوێمان هێناوە لەبارەی ئەو مەبەست‌و(مقاصد)انەوە.**

پرسیاری گرنگ ئەمەیە: بۆ ئەم ناونیشانەمان هەڵبژاردوە بۆ کتێبەکە (پوکاندنەوەی سەرچاوەکانی توندوتیژی‌و تۆقاندن)..؟.

لەو ڕوانگەو قەناعەتەمانەوە ناونیشانەکەمان هەڵگۆزیوە کە تەنها ڕێگەچارەی ئەمنی‌و سەربازی بەس نیە بۆ چارەسەری ئەو دیاردەی توندڕەوی‌و تۆقاندنەی کە

لەجیهاندا بڵاو بوەتەوە، بەڵكو چارەسەری ئەو دیاردەیە پەیوەندیدارەو خۆی لەم دو خاڵەدا دەبینێتەوە:

أ. كـەلتوری باڵادەســتو بـاو لەهــەر كۆمەڵگەیەكـدا، كـەلتوری پەرەســەندو لەخەیاڵـدانو پاشـخانی دەســتە جەمعیمانـدا كـە بریتیـە لەكەلـەپوری ئیسـلامی بۆمــاوەی ســەدەكانی ڕابردومــان، بۆیــە ئەگــەر ســەرنج بـدرێت لـە كتێبەكـەدا دەســتەواژەی ئــاینی ئیســلامم بــەكار نــەهێناوە بــەڵكو كەلــەپوری ئیســلامیم بەكارهێناوە.

ب. ستەمگەری وتاكڕەویو قۆرخ كردنی دەسەڵات، كە تۆقانـدنی خـەڵكو بەكـەم زانینو ڕێز لێ نەگرتنی خواستەكانیان لەسروشتی ئـەم چەشـنە دەسـەڵاتانەن، بۆیـە پێویســتە ئــەم دوو دیاردەیــە بەیەكــەوە گــرێ بــدرێتو بەیــەك پــاكێج ســەیرو لێكۆڵینــەوەو بەدواداچـونیان بـۆ بكرێـت، واتــە: كـەلتوری باڵادەسـتو بـاو لەگـەڵ سیستمی دەسەڵاتی زاڵ.

دەبێت بزانین كـە هەریـەك لـەم دوانـە خزمـەتكارو زێـوانی تایبـەت بـەخۆیانیان هەیە: لەوانەیە كەسێك بپرسێت: لەو ڕوانگەیەوە كە تـۆ دابـەزێنراوی بـەجێ(التنزیل الحكـیم)وەك سەرچــاوەیەك بــۆ لێكۆڵینەوەكــەت بــەكار دەهێنێــت، ئایــا وشــەو دەستەواژەی تۆقاندنو توندڕەویو(إرهاب)كـە ئـەمڕۆ لەسەرانسـەری جیهانـدا بـاوو بڵاوەو لـەزمانی ئینگلیزیـدا وشـەی(Terror)ی بـۆ بـەكار دێـت، ئایـا ئـەم چـەمكو وشەو دەستەواژەیە لەدابەزێنراوی بەجێ(التنزیل الحكیم)دا بونی هەیە..؟

لەوەڵامدا دەڵێم: بەڵێ بونی هەیـە، بـەڵام نـەك بـەو مانـاو لێكدانـەوە بـاوەی كـە ئەمڕۆ لەجیهاندا بڵاوە.

لەدابەزێنراوی بەجێدا لەم بارەیەوە دوو چەمك هەیە كە بریتین لە:

- (الإرهاب)كە لەڕیشەی(رَهب)ەیە.
- (الإرعاب)كە لەڕیشەی(رُعب)ە.

ئایا واتای ئەم دوو چەمكە چییەو جیاوازی نێوانیان چیەو كامەیە..؟

١. كرداری(رهب)لەزمانی عەرەبیدا دەوترێت: (رَهِبْتَ الشئَ رُهباً ورهبةً).

واتە: ئەو شتەت ترساند.

**هەروەها** بەكاردێت بۆ(التَرَهُّب) واتە: پەرستش.

لەهەمان بارەشەوە بە بەكارهێنانی (الإرهاب) بەكار براوە، كە بریتییە لەسڵەماندنەوەی حوشتر لەحەوزی ئاوخواردنەوە و لەغاو كردنی[1].

٢. كرداری (رعب): ئەم چەمكەش سێ ڕیشەی زمانەوانی دورستی هەیە:

**یەكەم**: ترساندن كە لێرەوەیە(الرُّعْب)بەكار هاتوە.

**دوەم**: پڕكردن وەك قسەی عەرەبەكان كە دەڵێن: (سیلٌ راعب)واتە: لافاوێكی پڕ، ئەگەر دۆڵو شیوەكان پڕ بكات.

**سێیەم**: (القَطْع)وەك عەرەبەكان بەشتێكی بڕدراوو قرتاو دەڵێن: (مُرَعّب)[2].

لێرەوە ئەگەر سەربوردێكی ئایاتەكانی دابەزێنراوی بەجێ(التنزیل الحكیم)بكەین دەبینین كرداری(رهب)لەگەڵ بەكار هێنراوو داتاشراوەكانی تریدا(١٢)جار هاتوە، لەهەموو ئەو ئایەتانەدا كە ئەم كردارە(رهب)هاتوە لەهیچ كامیاندا كوشتو كوشتارو كوشتن(قتالو قتل)ی تێدا نییە.

نمونەی ئەم ڕاستیەش فەرمایشتەكانی خواوەندە: ﴿وَقَالَ اللّهُ لاَ تَتَّخِذُواْ إِلـهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلهٌ وَاحِدٌ فَإيَّايَ فَارْهَبُونِ﴾ (النمل/ ٥١).

---

[1] إبن فارس بەرگی(٢) لاپەڕە(٤٤٧).

[2] هەمان سەرچاوەی پێشو لاپەڕە(٤٠٩).

واتە: خواوەند دەفـەرموێت: دو خـوا بـۆ خۆتـان دامـەنێنو دو خـوا مەپەرسـتن، بەتەنها یەك پەرستراوی بەحەق هەیەو بەرەو لای من هەڵبێن.

﴿قَالَ أَلْقُوْاْ فَلَمَّا أَلْقَوْاْ سَحَرُواْ أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاءوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ﴾ (اعراف/١١٦).

واتە: وتی جادوەکەتان هەڵدەن، کاتێك هەڵیاندا جادویان لەچاوی خـەڵکی کـردو شـڵەژانو تـرس و بـیم دەرونـی خەڵکەکـەی داگـرت، جادوگـەرەکان جادویـەکی زەبەلاحیان کرد.

لێرەدا ولەئاماژەکانی ئایەتەکەدا سەرنجی ئەوە ئـەدەین کـە خواوەنـدی پـەروەردگار، داوا دەکات کە یەکتاپەرستان بیریان بەلای لەپەروەردگاریانەوە ببێتو بزانن کـە ئـەو بـاڵا دەسـتەو توانـای بەسـەر هـەمو شـتێکدا هەیـەو لەهـەمان کاتیشـدا زۆر بەبەزەییـە، لـەم نێوانەدا هیچ ماناو ئاماژەیەك نیە بۆ کوشتو کوشتارو جەنگ.

لەئایەتەکەی تریشدا جادوو گەرەکان، تەنها ترسیان خسـتە نـاو دەرونـی ئامـادەبوانی ڕێوڕەسمەکەوەو هیچ چەشنە کوشتو کوشتارو جەنگو(قتل وقتال)ێك لەئارادا نەبو.

هەروەها مرۆڤەکان بەتەماو هیوای بەدەسخستنی بـەزەیی خـواو لەترسـی تۆڵـەو سزایەکدا هانا بۆ خواوەندیان دەبەنو هیچ بوارێك بۆ جەنگو کوشتنو بڕین لـەئارادا نیـە، وەك چـۆن خواوەنـد دەفـەرموێت: ﴿...إِنَّهُـمْ كَـانُوا يُسَـارِعُونَ فِـي الْخَيْـرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَباً وَرَهَباً..﴾ (انبياء/ ٩٠).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللّهِ﴾ التوبه/٣١.

واتە: پیاوە ئاینیەکان(ئەحبارو ڕوهبان)ەکانیان کردن بە خواو خاوەن بۆ خۆیان وپشـتیان لەخواوەنـد هـەڵکرد. ڕوهبـانو ڕەهبانیەت(کـە لەکوردیـدا گۆشـەگیریو چلەکێشانو خەڵوەتی بۆ بەکار دەهێنرێت)عەقڵ پەسـەندی ناکـات مانـای کوشـتو بڕو جەنگو خوێن ڕێژی لێ بیگرێت، بۆیە کاتێك کە خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَأَعِـدُّواْ

﴿...لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ..﴾ (انفال/ ٦٠).

ئـەم ئایەتـە هـاتوە داوای خـۆ ئامـادەكردنو خۆتـەیار كـردن دەكـات بـۆ ڕێگـە گـرتن لەبەرپابوونی جەنگو كوشتو كوشـتار، لـەپێناو پارێزگـاری ئاسایشـی گشـتیدا، كـە لـەم دەمەدا دەستەواژەی(القوة الرادعة)وهێزی سڵەمێنەرەوەو ترسێنەری بۆ بەكار دەبرێت.

پێویسـتە لـەبیرمان بێـت كـە تـرس لـە چـەكە ئەتۆمیـەكان ڕێگـەی لەجـەنگێكی جیهانی كاولكەرو ماڵوێرانكەر گرت.

بۆیە ئەگەر وڵاتێك بەهێز بێتو خاوەنی هێزێكی لۆجستی سڵەمێنەرەوەی ئـەوتۆ بێت، ئەوا ئەتوانێت ترس بخاتە دڵو دەرونی دوژمنو نەیارەكانیـەوەو ئـیتر نـاتوانن هەڕەشە بن لەسەری‌وهێرشی بكەنە سەر.

لێـرەدا مەبەسـت ئـەو هێـزە لۆجسـتیە سـڵەمێنەرەوەیە كـە بەرانبەرەكـە دەترسێنێت، نەك ئەو هێزەی كە شەڕەنگێزیو جەنگ بەسەر خەڵكەوە بكات.

فەرمایشتی خواوەندیش كە دەفەرموێت: ﴿وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ﴾بە دڵنیاییەوە هەموو دەوڵەتێك كە بەهێزی لۆجیستی خـۆی تـەیار دەكـات بـۆ سـڵەماندنەوەی دوژمنـە ئاشـكراكانی، بێگومـان دوژمنـی شاراوەشـی هـەن كـە لەسـەرەوە دۆسـتایەتی‌و لایـەنگری بـۆ دەردەبـڕن، بـەڵام لـەژێرەوەو بـە نهێنـی دوژمنایـەتی دەكـەنو لەگـەڵ دوژمنـە ئاشـكراكانیدا دۆسـتایەتی‌و هاوپەیمانیـەتیان هەیە، بۆیە ئامادەكاری‌و دەستخستنی ئەو هێزە لۆجیستیە ئەو دوژمنە پەنهانانەش دەترسێنێتو ڕایـان دەچـڵەكێنێت لەمەترسـی هاوپـەیمانی كردنـی ژێربـەژێر لەگـەڵ دوژمنە ئاشكراكاندا.

بەم شێوەیە دەبینین کە وشەی(الرهبة والرهبانیة)لەدەستەواژەکانی دابەزێنراوی بەجێن و یەکێك لەداتاشراو بەکار هێنانەکانیشیان(الإرهاب)ەکەبەهیچ شێوەیەك واتاو مانای جەنگو کوشتو کوشتار ناگەیەنێتو ماناو واتاو ئاماژەکانیشی لەو بوارەدا نین.

بەڵام لەبوارو کاتی جەنگو جەنگی بەرانبەردا، دابەزێنراوی بەجێ دەستەواژەو زاراوەی(رُعْبْ)و تۆقینی بەکار هێناوەو دەبینین زاراوەی(رعب)یش واتای ڕاستەقینەی زاراوە ئینگلیزیەکەیە(Terror)هەر لەوێشەوە (Terrorism)واتای(إرعاب)وتۆقاندن و(Terrorist)یش واتای(مُرعِّب)وتۆقێنەر دەگەیەنێت.

دەبینین کە دابەزێنراوی بەجێ ئەم زاراوەیەی لەچەند جێگەیەکدا بەکار هێناوە لەوانە:

١- ﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلآئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ﴾ (الانفال/١٢).

واتە: کە پەروەردگارت نیگا دەنێرێت یاخود ناردی بۆ فریشتەکان کە من لەگەڵتانمو باوڕداران دامەزراو بکەنو منیش ترسو تۆقین دەخەمە دڵی بێباوەڕانەوەو ئێوەش بدەن لەسەروی گەردنەکانو بدەن لەهێما دیارەکانیان.

٢- ﴿... وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ فَرِيقاً تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقاً﴾ (الاحزاب/ ٢٦).

واتە: ترسو بیمی خستە ناو دڵەکانیانەوە، دەستەیەك دەکوژنو دەستەیەك بە دیل دەگرن.

٣- ﴿...فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ﴾ (الحشر/٢).

واتە: خواوەند لەڕێگەیەکی چاوەڕوان نەکراوەوە بۆیان هاتو ترسو تۆقینی خستە نێو دڵەکانیانەوەو بەدەستی خۆیانو بەدەستی باوەڕداران خانوەکانیان دەڕوخێنن، پەند وەربگرن ئەی خاوەن دیدو چاو رۆشنەکان.

لێرەدا ئەگەر بەجوانی سەرنج بدەین ئایەتەکە بە﴿فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ﴾کۆتایی هاتووە، تا ڕونی بکاتەوە ئەو ڕوداوانەی کە ئەم ئایەتانە باسی لێوە دەکەن بەشێکن لەبەسەرهاتە(موحەمەد)یەکانو وەك تەواوی بەسەرهاتو چیرۆکەکانی تری ناو قورئان، تەنها پەندیان لێوەر دەگیرێت و هیچ چەشنە حوکمێکیان تێدا نییە.

هەروەها(رعب)و تۆقین هەموو ئەو دیمەنو دیاردە سروشتیو ناسروشتیانەش لەخۆدەگرێت کە مرۆڤ بیانبینێت یاخود بکەوێتە ئەو دۆخەوەو بترسێتو توشی دڵەڕاوکەو تۆقین ببێت، هەروەك خواوەند لەباسی هاوەڵانی ئەشکەوتدا دەفەرموێت: ﴿... لوِاطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَاراً وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْباً﴾ (الكهف/١٨).

واتە: ئەگەر بچیتە ئەو شوێنەو بیانبینیت پشتیان لێ هەڵدەکەیتو هەڵدێیتو دەرونت پڕ دەبێت لەترسو تۆقین.

لەوانەیە کەسێك بپرسێت ئایا ئەو تۆقینە چیە کە بەبینینی دیمەنی ئەو لاوانەی ناو ئەشکەوتەکە دێتە کایەوە بۆ بینەریان..؟ خواوەندە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿فَضَرَبْنَا عَلَى آذَانِهِمْ فِي الْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدا﴾ (الكهف/١٨).

واتە: چەند ساڵێکی دیاریکراو خەومان لێ خستن لەناو ئەشکەوتەکەدا.

واتە: ئەوان نەمردون، دواجار تێدەگەین بە تێپەڕبونی ئەو چەند ساڵە قژو تووكو نینۆکەکانیان گەشەیان کردوە، بەشێوەیەك کە دیمەنێکی سامناكو هەژێنەرو تۆقێنەریان بۆ دروست بوە کە بەبینینیان مرۆڤ ئەحەپەسێت(خواوەند زاناترە).

یاخی بون(طغیان)و(طاغوت)یش لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتون، ئەم دوو دەستەواژەیەش دژو پێچەوانەی ئازادیو ئازادی هەڵبژاردنن.

دەستەواژەی(إستبداد)و تاكرەوی و ستەمگەری لەپەڕاوی خواوەنددا بونی نییە.

ئەگەر ئێمە بمان ویستایە ناونیشانێك دابنێین بۆ كتێبەكەمان كەلەگەڵ زاراوەو دەستەواژەكانی دابەزێنراوی بەجێدا بگونجێت، ئەوا دەبو ناوی بنێین(نحو تجفیف منابع الطغیان والإرعاب في الثقافة الإسلامية)واتە: (بەرەو پوكاندنەوەی سەرچاوەكانی یاخی بونو تۆقاندن لەكەلتوری ئیسلامیدا).

بەلام بە ناچاری هەر لەسەر بەكارهێنانی دەستەواژەكانی ستەمگەری و وتۆقاندن(إستبداد و إرهاب) دەمێنینەوە، چونكە خوێنەر لەسەر ئەو دەستەواژە باوانە ڕاهاتوەو پێیان ئاشنایە.

دیسانەوە دەیلێمەوە كە(مُستبِدّ)و ستەمگەرو تاكرەو بریتیە لە(طاغي)و یاخی وسەرەڕۆ، هەروەها(إرهابی)و توندڕەوو توند ئاژوو بریتیە لە(مُرَعِب)و تۆقێنەر، بەواتایەكی تر ئیرهابی یاخود مورەعیبو تۆقێنەر ئەو كەسەیە كە هەڵدەسێت بە كردەی كوشتنی یەك لایەنەو خەڵك دەتۆقێنێت، (إرعاب)یش یەكێك لەئاكارەكانی ئەوكەسەی كە بە بڕیاری پێشوەختو سوربون لەسەر قسەی خۆی، خەڵك دەكوژێتو ئامانجیشی ئەوەیە كە زۆرترین ژمارە لە خەڵكی سڤیلو بەبێ دەستنیشانكردن، لە بەرانبەرەكەی بكوژێت، و زۆرترین ترسو دڵەڕاوكێ بلاو بكاتەوە بەبێ گوێدانە نیازی بەرانبەرەكانی.

**د.موحەمەد شەحرور**

# بەشی یەکەم
# ڕەویەی پەیڕەوکراو لەهەڵسوکەوت لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا
# (المنهج المُتبّع في التعامل مع التّزيل الحكيم)

لەدرێژەی ئەم کارو پرۆسەیەماندا کە گرتومانەتە بەر بۆ خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ بۆ پەیامی ئاسمانی، لەساڵی(١٩٩٠)ەوە تاوەکو(٢٠٠٧)چوار کتێبمان چاپو بڵاوکردونەتەوەو لەسەرەتاکانی(٢٠٠٨)یشدا کتێبی پێنجەم کە ئەمەی بەردەستی خوێنەرە دوا قۆناغەکانی تەواو کردو گەشتە بەردەستی خوێنەر.

هەروەها لەگەڵ تیمێك لەهاوکارانم ئەمانەوێت هەستین بە کورت کردنەوەی ئەم پێنج کتێبەو پوختەیەکی پاڵاوتە لەهەمویان وەرگێڕینە سەر زمانی ئینگلیزیو پێشکەشی بکەین بە خوێنەرانی ئەم جیهانە بەرینە.

بۆیە بە پێویستمان زانی وەك بەرچاو ڕونیەك بۆ خوێنەری بەڕێز هێڵە سەرەکیەکانی ئەو ڕەویەی کە پەیڕەومان کردوە لەدانانو نوسینی ئەم کتێبانەدا بخەینەڕو.

ئەو خاڵو هێڵانەش پێکدێن لەڕەویەی زمانەوانیو مەعریفی کە پەیڕەومان کردوون لەکاتی تاوتوێ کردنو لێکۆڵینەوەو هەڵسوکەوتماندا لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا.

پوختەی ئەو ڕەویە پەیڕەوکراوەشمان کورت کردوەتەوەو بەشێوازی خاڵبەندیەکی کورتو ڕوون دامانڕشتون تاوەکو ئاسانکاریەکی زیاتر بکەین بۆ خوێنەرمان، سەرەتا لەبنەما زمانەوانیەکانەوە دەستمان داوەتێ، پاشان بنەما

فکریەکانو دواتر بنەما فیقهیەکان، ئەم ئاسانکاریو خاڵبەندیەش یارمەتی خوێنەر دەداتو ئاشنای دەکات وتێی دەگەیەنێت ئێمە چۆن توانیومانە بگەینە ئەو ئاکامانەی کە لەبەشی دوەمی کتێبەکەماندا لەژێر ناونیشانی (دەستەواژەو زاراوەکان)دا خستومانەتەڕو.

لەهەر چوار کتێبەکەشماندا ئەو زاراوانەمان بە وردی ڕاڤە کردونو ئاکامی ڕاڤە کردنەکەمان خستۆتەڕو، لەوێ خوێنەر تێدەگات کە ناوکرۆكو مەبەستی خوێندنەوەی هاوچەرخ چییە، لەو پرۆسەیەماندا توانیومانە زۆرێك لەو سنورە وەهمیانە ببەزێنین کە پێیان دەوترێت(ثوابت)وجێگیرە نەگۆڕەکان، بەتایبەت ئەوەی کەپێی دەوترێت (أصول فقە) کە لەلایەن چەند کەسانێکەوە لەسەدە سەرەتاییەکانی کۆچیەوە داڕیژراوەو(بە بۆ چونی ئێمە)هیچ چەشنە پیرۆزیەکی نییە، بۆیە بەلای ئێمەوە تاوەکو ئەو(أصول)و بناغانە نەبەزێنین ناگونجێت هیچ چەشنە نوێکاریەك لەفیقهدا بکرێت.

لێرەدا گوتە بەناوبانگەکەی ئانیشتاین دەهێنینەوە کە دەڵێت:

(دەبەنگیە ئەگەر بەتەما بیت ئاکامو دەسکەوتی جیاجیا بەدەست بهێنیت لەکاتێکدا هەر هەمان ئەزمونو تاقیکردنەوەی ڕابوردو دوبارە بکەیتەوە).

لەو ڕوانگەیەوەیە کە هەوڵو تێکۆشانەکانی نوێکردنەوە هیچ ئاکامو ماناو بەرهەمێکیان نییە، بەڵکو تەنها دروشمەو دیسانەوە دوبارەکردنەوەی خۆمانو ڕابوردو بەرهەم دەهێنینەوە، ئەو هەوڵانە هیچ نین بێجگە لەچەن وتارو دەستەواژەو زاراوەیەکی زرقو برق کە هیچ ماناو بیرۆکەو ئاکامێکی دڵخۆشکەریان لێناکەوێتەوە.

بۆیە هەر هەوڵێك بۆ نوێکردنەوە ئەگەر نەتوانێت ئەو بنەماو پایانە ببەزێنێت، پێی ناوترێت نوێکردنەوەو پێویستە ئێمە ڕاستیەکی حەشا هەڵنەگری گرنگی مێژویی هەیە بیزانین ئەویش بریتیە لەوەی کە:

مێــژوی مرۆڤایــەتی بــەپێی دابــەزێنراوی بــەجێو پــەیامی ئاسمــانی(التنزیــل الحکیم)دەتوانرێت دابەش بکرێت بۆ دوو قۆناغ:

**قۆناغی یەکەم:** قۆناغی پەیامە ئاسمانیەکان کە بە پەیامی موحەمەد کۆتایی هاتوە.

**قۆناغی دوەم:** قۆناغی دوای پەیامە ئاسمانیەکان، ئەوەی کە ئێمەی تێدا ئەژین.

واتە: ئێستا مرۆڤایەتی پێویستی نە بەپێغەمبەرانو نە بە پەیامی ئاسمانی تـازە نەماوە، بـەڵکو ئێسـتا مرۆڤایەتی(بـەهۆی ئـەو ژیریـو توانایـەوە کـە خواوەنـد پێـی بەخشـیوە)لەتوانایدا هەیـە لـوغزو نیهێنیـەکانی بونـەوەر بدۆزێتــەوە بـەبێ هـیچ یارمەتیـەکی دەرەکـی، هـەروەها لەتوانایـدا هەیـە یاسـای پێویسـت دابنێـت بـەبێ گەڕانەوەبۆ پەیامەکان، مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا حـاڵی زۆر باشـترە لەسـەردەمی پێشو و چاخەکانی ڕابوردو، چونکە مرۆڤایەتی لەوسەردەمانەدا لەزۆنکاوی نەفامیدا چـەقیبو، بۆیـە پێویسـتی بـە پەیامـە ئاسمانیـەکان بـوو تـا وەك فریادڕەسـێك لەجەنگەڵستانەوە بیگوێزێتەوە بۆ جیهانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئێمە بەو شێوەیە نین.

پێویســتە بــزانین ئــەو ئاســتەی کــە ئــەمڕۆ مرۆڤایــەتی پێــی گەشــتوەو ئــەو هەڵســوکەوتەی کــە لەگــەڵ یــەکتردا دەیکــەن، تەنانــەت لەســەردەمی پەیامــە ئاسمانیەکانیش باشترە، بۆیە گریانو فیغـان بـۆ سـەردەمەکانی پێشـو هـیچ دادێـك نادات، چونکە ئێمە ئێستا لەئاستێکی زۆر بەرزتردایـن چ لەڕوی مەعریفیو چ لـەڕوی یاسادانانو چ لەڕوی ڕەوشتو تەنانەت لەڕوی دروشمو سروتە ئاینیەکانیشەوە، هەر ئـەوە بەسـە کـە ڕێکارەکـانی مـافی مـرۆڤو داواکاریـەکانی ئـەو جاڕنامانـە بونەتـە مۆتەکەی گیانی هەموو ستەمکارێكو کوتەکێکی کاریگەرن لەسەریان.

هەروەها دامەرزاوەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چ لەئاستی هەرێمایـەتیو چ لەئاســتی جیهانیــداو بەشــێوازی خۆبــەخش ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ لەپەرەســەندنو

زیادبون‌و گەشەکردندان، هەروەها دیاردەی کۆیلایەتی بەشێوەیەکی گشتی هەڵوەشێنراوەتەوە، پەیامی موحەمەد بەردی بناغەی ئازادکردنی بەندەو ئافرەتی داناو لەسەرەتای پەیامەکەشەوە ئەو پرۆسەیە دەستی پێکردو تا ئەمڕۆش بەردەوامەو هێشتا بەتەواوەتی بە ئامانج نەگەیشتوە، بەڵام لەئازادکردنی ئەو توێژانەدا بەردەوامە.

ئەو دیاردانەی کە مرۆڤایەتی پێشتر نەی دەزانین‌و واتایەکیان نەبو لایان، ئەمڕۆ بونەتە ڕاستی‌و سەلمێنراو.

ئێمەش دابەزێنراوی بەجێ وەك دوا پەیامی ئاسمانی بە چاوو ژیری ئەم سەردەمەی خۆمان دەخوێنینەوە، بەو پێیەی کە ئەم پەیامە ئاسمانیە بۆ هەموان هاتووە، پێشینان بەئاستی خۆیان، واتە بە ژیریو چاوو ئاستی مەعریفی خۆیان خوێندویانەتەوەو ئێمەش بۆمان هەیە بەچاوی خۆمان‌و بەئاستی مەعریفی خۆمان بیخوێنینەوە، ئەگەر وانەبێت ناکرێت بوترێت ئەم پەیامە بۆ هەمو سەردەمێك دەگونجێت.

## ڕەویەی پەیڕەوکراو لەتوێژینەوەو هەڵسوکەوتماندا لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێ و پەیامی ئاسمانیدا

ڕەویــەو پرۆگــرام، یــاخود ئــەو ڕێو شــوێنە مەعریفیانــەی کــە پــەیڕەویمان لێکردون لەبەرپا کردنی ئـەو هەڵمەتـەدا کـە دەسـتمان داوەتـێ لـەپێناو تێگەیشـتن لەدابەزێنراوی بەجێو سەر لەنوێ داڕشتنەوەی فیقهێکی ئیسلامیی هاوچەرخدا.

ئەو ڕێو شوێنە مەعریفیانە یاخود ئەو ڕەویەو پرۆگرامە، خۆی لەچەند خاڵێکی بنەڕەتیدا دەبینێتەوە کە بە نەڕینی ئێمە گونجاون بۆ ئەوەی پـەیڕەوییان لێبکرێت لەخوێندنەوەیەکی سەر لەنوێدا بۆ قورئان‌و سوننە، بەڵام پێویستە لەبیرمان بێت کە ئـەم خوێندنەوەیـەش نابێتـە دوا خوێندنـەوە بـۆ قورئـان‌و بـە پێچـەوانەوە ئێمـەش دەکەوینە هەمان ئەو هەڵەیەوە کە سەلەف‌و سەلەفیەکانی تێکەوتوە.

لێرەدا پێویستە بزانرێت هەرکـەس لافـی ئـەوە لێبـدات کـە بەشـێوەیەکی گشـتی لەپەڕاوی خواوەند هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی تێدەگات، با ئەو کەسـە خـودی پێغەمبەریش بێت(د.خ)هەر کەس ئاوا ئیدعایەك بکات ئەوا بەخۆی بزانێت یاخود نا، دروشمــی هاوشــانیەتی خواوەنــدی بەرزکردوەتــەوە، لــەم بارەیــەوە خواوەنــد دەفەرموێت:﴿وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَسْتَ مُرْسَلاً قُلْ كَفَى بِاللّـهِ شَـهِيداً بَيْنِـي وَبَيْـنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ﴾الرعد/ ٤٣.

واتە: کافرو بێ باوەڕەکان دەڵێن: تۆ نێردراو نیت، پێیـان بڵـێ: خواوەنـد بەسـە بۆ ئەوەی شەهید بێت لەنێوانماندا، ئەو خواوەندەی کە زانیاری پەڕاووکیتابی لایە.

## ئەمەش پوختەی خاڵەکانە:

## ئەو بابەتانەی کە پێویستە باوەڕیان پێ بهێنین (الإیمانیات):

١. ئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێ بریتین لە دەقێکی ئیمانی نەك بەڵگەی زانستی، دەکرێت وەك بەڵگە بەکار بهێنرێن لەسەر ئەوانەی کە باوەڕیان بەو دەقانەو دابەزێنراوی بەجێ هەیە، بەڵام ناکرێت بکرێنە بەڵگە بەسەر کەسانی ترەوە لەدەرەوەی بازنەی باوەڕداران.

بۆیە پێویستە لەسەر شوێنکەوتوانی پەیامی موحەمەدیو باوەڕداران بە دابەزێنراوی بەجێ کە بەڵگەی زانستیو لۆژیکی بێهننەوە لەسەر ڕاستیو دروستی پەیامەکەیان.

٢. مرۆڤایەتی بەگشتی لەدرێژەی کاروانی زانستو یاسادانانو گەشەی کۆمەڵایەتیدا هەر لەسەر هەڵدانو بە پێغەمبەر بونی(موحەممەد)ەوە تا کۆتایی ژیانی مرۆڤایەتی مافی ئەوەی هەیە کە هەوڵبدات بۆ لادانی پەردە لەسەر ڕاستیو دروستی دابەزێنراوی بەجێو مەرجیش نیە ئەو پرۆسەی پەردە لەسەر لادانو دۆزینەوەی ڕاستیەکان تەنها مافی هاوەڵان یاخود شوێن کەوتوانیان یاخود فەقیهەکان بێت.

٣. ئەو یاسایانەی کە بونەوەرو جیهانی مادی بەڕێوە دەبەن بریتین لە(کلمات الله)و ئامرازەکانی ئەم کەلیماتانەش زانستەکانی فیزیاو کیمیاو بونەوەرناسیو زیندەوەرناسیو زانستی بواری بۆشایی ئاسمان...هتدن، هەروەها بڕی ژمارەیی(Digital)و بڕی هاوکێشەو هاوسەنگ(Equations)هەردوکیان ئامرازی ئەو زانستانەن، ئەم بونەوەرەش خۆی لەخۆیدا بەسە بۆ تێگەیشتنو پەی بردن بە شاراوەو نهێنیەکانیو پێویستی بە هیچ شتو ئامرازێك نیە لەدەرەوەی خۆی بۆ تێگەیشتن لێی.

بونــەوەر درۆ بــەدەم کەســەوە ناکــاتو چاوبەســیش لەکــەس ناکــات، لەهەمانکاتــدا مەرایی بۆ کەس ناکاتو دادپــەروەرە لــەخودی خۆیــدا ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقاً وَعَدْلاً لاَّ مُبَدِّلِ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ الانعام/ ١١٥.

واتە: یاساو بڕیارەکانی پەروەردگارت بە ڕاستگۆییو دادپەروەرانــە کۆتاییــان پــێ هاتوو بە هیچ شێوازێك گۆڕانکاریان بەسەردا نایەتو هەر خۆی بیسەرو زانایە.

٤. بەو پێیەی کە دابەزێنراوی بەجێ گوتەوفــەرموودەی خواوەنــدە ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ﴾ التوبة/ ٦ .

واتە: ئەگەر یەکێك لەوانەی کــە هــاوەڵ بــۆ پــەروەردگارت دادەنــێن، یــاخود یــەکێك لەوانــەی کــە هاوبەشــیەك هەیــە لەنێوانتانــدا، لێــت نزیــك کەوتــەوەو داوای پــەنای لێکــردی، پـــەنای بـــدە تـــاوەکو وتـــەو فـــەرموودەی خواوەنـــد ببیســـتێت ئـــەوجا بیگەیەنەرەوە ئەو جێگەی کە دڵی لەوێ ئۆقرە دەگرێت.

بەو پێیە ڕوون دەبێتەوە کــە تــەنها فــەرمودەی خواوەنــد خــۆی بەســە بــۆ ناســینی خودی خواوەندو تێگەیشتن لەمەرامو مەبەستەکانی.

پەیامی ئاسمانیش وەك بونەوەر وایە، پێویستی بــە هــیچ شــتێك نییــە لــەدەرەوەی خۆیدا بۆ تێگەیشتن لێی.

ئەم تێگەیشتنەشمان لــەوێوە سەرچــاوە دەگرێــت باوەڕمــان وایــە کــە: بەدیهێنــەری بونەوەر بە کەلیماتو یاساو ڕێساکانی خۆی، بوونی بەدیهێناوەو هەر ئەویش نیگــاو سروشو وەحیو دابەزێنراوی بەجێی وەك فەرمودەی خۆی ناردووە، ئەویش بریتیــە لە(الله)خواوەندی بێهاوتاو پاكو بێگەرد.

لێــرەوە دەگەینــە ئــەو ئاکامــەی کــە کلیلــی تێگەیشــتنی پــەیامی ئاســمــانیو دابەزێنراوی بەجێ لەناو خودی خۆیدایە، بۆیە وەرن با لــەناو خــودی خۆیــداو بــەبێ

هیچ چەشنە پەنابردنێك بۆ كتێبە دەستنوسەكانو قسەی ئەمو ئەو بگەڕێین بۆ كلیلیەكان.

لەم پرۆسەیەدا دەكرێت گوێ لەهەموو قسەكان بگیرێتو سودیان لێ وەربگرین، بەڵام پێویستە لەسەرمان كە ڕاستەوخۆ دەسبدەینە دابەزێنراوی بەجێو هەوڵی تاوتوێ كردنو تێگەیشتنی بدەینو نە لەقورئان بترسینو نەخەمی فەوتانیشی بخۆین، چونكە خواوەند بەڵێنی پاراستنی داوەو پەیمانی ئەویش بەجێیەو ناشكێنرێت.

سەرەتای تێگەیشتنی وتەو فەرمایشتی خواوەندیش لەڕێگەی تێگەیشتنو شیكاركردنی دەستەواژەو چەمكو زاراوەكانیەوە دەبێت، بۆیە بەشێكی تایبەتمان تەرخان كردوە بۆ ئەو مەبەستەو ڕێچكەی دروستو زانستی بۆ هەڵسوكەوتومامەڵە لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا، چونكە مەعریفەو پەی بردن بەڕاستیەكان لەڕێگەی ئامرازەكانیەوە دەبێتو هەموو زانستێك دیلی دەستی ئامرازەكانیەتیو ئەم بابەتەش دواتر بەتێرو تەسەلی شەنو كەو دەكەین.

بەم پێیەو لەم ڕوانگەیەوە ڕون دەبێتەوە كە دابەزێنراوی بەجێ خۆی لەخۆیدا گشتگیرە، هەروەها لێتێگەیشتنیشی ڕێژەییەو لەخۆێنەرێكەوە بۆ خوێنەرێكی تر دەگۆڕێت، ئەم ڕێژەیی بونەشی بەندە بەڕادەی گەشەسەندنی مەعریفیو ڕادەی تێگەیشتن لەئامرازەكان، هەر ئەم بنەمایەیە كە پێی دەڵێن: (جێگیری دەقو جیاوازی جوڵەو ناوەڕۆك)بەپێی تێگەیشتنی خوێنەرەكانی، لێرەوە تێدەگەین كە بۆچی پێغەمبەر ڕێگیری لەڕاڤەو تەفسیركردنی دابەزێنراوی بەجێ كردوەو تەنها خۆی هەستا بە ڕونكرنەوەی واتاو مەبەستەكانی، ئەویش تەنها لەدروشمەكانی پەرستندا، چونكە ئەو ڕێوشوێنانەی كە دیاری كراون بۆ ئەنجامدانی پەرستشەكان جێگیرو چەسپاون بۆ هەمیشە.

٥. بنەڕەتی ژیان لەسەر دەسکراوەیی‌و(الإباحة)داڕێژراوەو تاکە کەسێك کە مافی حەرامکردن‌و قەدەغەکردنی هەبێت تەنهاو تەنها خواوەندی بێ هاوتایەو بەس، هەر ئەو مافی فەرمانکردن‌و ڕێگیری کرنی هەیە، بۆیە پێویستە بزانین کە دەرگای قەدەغەکراوەکان بەهاتنی پەیامی موحەمەدی داخراوەو هەموو فەتواکانی حەرام کردن هیچ بایەخێکیان نییە گەرچی بەسەدان فەتواش بدرێت.

سەبارەت بە غەیری خواوەندیش هەر لەپێغەمبەرانەوە(س.خ)بیگرە تا دەگات بە دەستەو دامەزراوەکانی یاسادانان، تەنها مافی ڕێنمایی کردن‌و ڕێگیری کردنیان هەیەو بەس﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾الحشر/ ٧.

واتە: ئەوەی پێغەمبەرەکەتان پێتانیدا وەریگرن‌و ڕێگیریشی لەهەرچی لێکردن دەستی لێ بکێشنەوە.

بەو پێەی کە فەرمانکردن‌و ڕێگیری کردن پەیوەستن بە کات‌و سات‌و جێگەو هەل مەرجێکی دیاریکراوەوە، قەدەغەکردن و(حەرام)یش داگرندەی هەموکات‌و شوێنەکان‌و هەردەمیە، بۆیە پێغەمبەر(د.خ)هیچ حەرام ناکات‌و نەهیچیش حەڵاڵ ناکات، بەڵکو تەنها ڕێنوێنی‌و فەرمان‌و ڕێگیری دەکات، لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە هەموو ڕێگیری‌و(نهي)ەکانی پێغەمبەر پەیوەندیان بە کاتێکی دیاریکراوو خەڵکێکی دەستنیشانکراوەوە هەیەو بوەو ناکرێ مۆرکی هەردەمی‌و هەمیشەییان لێ بدەین.

٦. موحەمەد(د.خ)موجتەهیدو تێکۆشەرو حەکیمێك بوە لەئاست‌و پلەی نبوەت‌و نێردراویدا﴿لَقَد تَّابَ اللهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ﴾ توبة/١١٧.

واتە: بە دڵنیایەوە خواوەند خۆش بو لەپێغەمبەرو کۆچبەران‌و پشتیوانانیان.

﴿بە واتایەکی تر تێدەگەین کە دەگونجێت لەم بوارەدا(بواری نبوەت)بە هەڵەداچون ڕو بدات، بۆیە پێوستی بە لێخۆش بونیش دەبێت﴾.

هەروەها موحەمەد(د.خ)لەپلەو ئاستی ڕەسولیو پەیامهێنەرایەتیو گەیاندنی پەیامەکەیدا پاكودوور لەتاوانو هەڵەیە﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ﴾المائدة/ ٦٧.

واتە: ئەی پەیامبەر ئەوە کە بۆت دابەزێنراوە لەلایەن پەروەردگارتەوە هەستە بە گەیاندنی وەك خۆی، ئەگەر وانەکەیت ئەوا پەیامەکەت نەگەیاندوە، لەوپێناوەشدا خوا دەتپارێزێت لەخەڵکی.

(بە واتایەکی تر لەم بوارەدا هەڵە قەبوڵ ناکرێتو هەر هەڵەیەك لەگەیاندنەکەدا با بچوکیش بێت زیانی گەورەی لێدەکەوێتەوەو کە هەڵەش ڕویدا ـ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ ـ واتە: پەیامەکەی ئەوت نەگەیاندوەو مەبەستەکەی دەگۆڕێ).

٧. بە دڵنیایەوە باوەڕ بە خواوەندو ڕۆژی دوایی بەڵگەو پسوڵەی ڕێگەپێدانی چونە ناو ئاایینی ئیسلامن، ئیسلامیش لەسەر بەڵگە چەسپاوو حەشا هەڵنەگرەکان دادەمەزرێت، کردەوەی چاکەش ئاکاری گشتی باوەڕدارە، هەورەها هەموو ئاکارو بەهایەکی مرۆییو بەرز، موڵکی هەموانەو ناکرێت قەتیس بکرێت تەنها بۆ شوێنکەوتوانی پەیامی موحەمەدی، بەڵکو هەموو ئەو بەهاو ئاکارە بەرزانەی وەك(چاکە لەگەڵ باوكو دایكو ڕاستگۆییو دەسپاکیو زمانپاکیو ئەمانەت پارێزی..هتد) لەو ئاینە گشتیەوە سەرچاوەیان گرتوە.

کەواتە مادام کردەوەی چاکە لەئیسلامەوەیە، هەرکەس بۆی هەیە هەستێت بەکاری چاکەو داهێنان بکات، بە هەر کارێکی چاکە هەم پاداشتی خۆی وەردەگرێتو هەمیش پاداشتی ئەوکەسەی کە دوای خۆی پێی هەڵدەسێت.

ترۆپکی موسڵمان بوونو ئیسلام بوونیش بریتیـە لـە(لا إلـه إلا الله)وەك گـەواهیو شایەتی دانی شـاهیدێك ﴿قُلْ إِنَّمَـا يُـوحَى إِلَـيَّ أَنَّمَـا إِلَهُكُـمْ إِلَـهٌ وَاحِـدٌ فَهَـلْ أَنـتُم مُّسْلِمُونَ﴾الانبياء/ ١٠٨.

واتـە:بڵێ نیگـاو وەحـیم بـۆ دێـت تـا پێتـان ڕابگەیـەنم کـە خـوای هـەموتان یـەك خواوەندو پەرستراوە، ئایا ئێوە موسڵمان دەبنو تەسلیم بەم ڕاستیە دەبن..؟.

بـەڵام گەواهیـدان لەسـەر پەیامهێنەرایـەتی موحەمـەد، ترۆپکـی ئیمانـدار بـونو باوەڕهێنانە، واتە: دان بنێیت بەو ڕاستیەدا کە موحەممەد پەیامهێنەری خوایە.

دواتر شوێنکەوتوانی موحەمەدیش دەبنە موسڵمانە باوەڕدارەکـان، هـەرکارێکیش کـە تایبـەت بێـت بـە شـوێنکەوتوانی پـەیامی موحەمەدیـەوەو کەسـی تـر پێـی هەڵنەسـێت بێجگـە لـەخۆیان، ئـەو کـارو دروشـمو ڕێو ڕەسمـەش لەباوەڕەوەیـەو بەشێکە لەئیمان، وەك(پێنج فەرزەی نوێژەکان، ڕۆژو گرتنی ڕەمەزان، زەکـات دان، نوێژی جەنازە...هتد).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەم دروشمو سروتانە بەشێکن لەپایەکانی ئیمـانو باوەڕ، نـەك بەشـێك بـن لەپایـەکانی ئیسـلام، هەرچەشـنە زیـادو کـەم کردنێـك لـەم دروشمو سروتانەدا دەبێتە داتاشینو بیدعەو ڕەت دەکرێتەوە.

بۆیە دەبینین دو جۆر باوەڕو ئیمان هەیە:

یەکەم: باوەر بـەخواو خواوەنـدی تـاکو تـەنها، کـە بـەم باوەڕهێنانـە مـرۆڤ دەبێتـە موسڵمان، بەم باوەڕو ئیمانەی یەکەم موسڵمانان پێکدێن.

دوەم: باوەڕهێنـــان بـــە موحەمـــەد وەك پێغەمبـــەرو وەك پـــەیامهێن وپـــەیڕەوی لێکردنی﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللّهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ الأنفال/ ٦٤.

واتـە: ئـەی پێغەمبـەر خۆتـو شـوێن کـەوتوانت لـەباوەڕداران خواوەنـدتان بەسـە پشتیوانتان بێت.

بەم باوەڕو ئیمانەی دوەمیش ئیمانداران پێك دێن، هەمیشە ئیسلام پـێش ئیمـان دەكەوێتو بۆ هەر یەكەشیان پاداشتی تایبەتی خۆی هەیە﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِ﴾ الحديد/٢٨.

واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان بپارێزن لە سەرپێچی خواوەندو بـاوەڕیش بهێـنن بـە پەیامهێنەرەكـەی دو بـڕو دو چەشـن سـۆزو بـەزەیی خۆیتـان دەداتێ، یەكەم: لەسەر ئیسلامو دووەمیش: لەسەر باوەڕهێنانتان.

بەو پێیەی كە ئیسلام گشتیەو هەمو مرۆڤایـەتی دەگرێتـەوە، بۆیـە بوەتـە تاكـە ئاینێك كە خوا پەسەندی كردوە بۆ بەنـدەكانی خـۆیو ئـاینی سروشـتەو سـازگارە لەگەل ژیانو بیركردنەوەی مرۆڤەكانداو هەموو پێغەمبـەرانیش هـەر لـە نوحـەوە تـا موحەمەد هەمویان لەسەر ئەو ئاینە بونو بانگەوازیان بۆ ئەو ئاینە(ئیسلام)كردووە.

بـــەڵام پایـــەكانی ئیمـــان پێچـــەوانەی حـــەزو خولیاكـــانی مـــرۆڤن وەك(ڕۆژوی ڕەمەزان)مرۆڤ بە سروشتی خۆی حـەزی لـەخواردنی زۆرو بەردەوامـە، بـەڵام ئیمـان پێـی دەڵێـت: لەوكاتـە دیـاریكراوەدا مـەخۆو مـەخۆرەوە، هـەروەها پێـنج فـەرزەی نوێژەكان، مرۆڤ بەسروشتی خۆی حـەزی لەخـەوو حەوانەوەیـە، بـەڵام ئیمـان داوای لێدەكات هەسـتێت نوێـژ بكـات، مـرۆڤ بـە سروشـتی خـۆی ئەگـەر ناچـار نـەكرێتو فەرمانی پێ نەكرێتو هانو ڕێنمایی نەكرێت بۆ ئەم كارانە، نایانكاتو حەزی لێیـان نییە، بۆیە خواوەند لـەبارەی ئیسـلامو ئیمانـەوە دەفـەرموێت: ﴿يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾الحجرات/١٧.

واتە: منەتت دەكەن بەسەردا كە بونەتە ئیسلام، بلێ منەتی ئیسلام بونتان مەكـەن بەسەر مندا، بەڵكو خواوەند منەت دەكات بەسەر ئێـوەدا كـە ڕێنمـویی كـردوون بـۆ باوەڕهێنان.

بۆیە بەدڵنیاییەوە گرنگترین چاكسازی ڕۆشنبیری كە ئێمە پێویستمانە، بریتیە لەڕێكخستنەوەی پایەكانی ئیسلامو پایەكانی ئیمان، لەكاتێكدا كە پایەكانی ئیمان لەكەلەپورماندا كراون بە پایەكانی ئیسلامو بە پێچەوانەشەوە.

بەم هۆیەوە كەوتوینەتە قەیرانێكی كلتوریو ئەخلاقی گەورەوە، لێرەوە ڕەوشتو بەهاو ئاكارە مرۆییە بەرزەكان لەناو ئەركانو پایەكانی ئەو ئیسلامەدا كە بە ئێمە گەشتوە بەرچاو ناكەون ، بۆیە بە كورتیو پوختی دەڵێین: ئیسلام فیترەو سروشتی پاكی مرۆڤەو ئیمانو باوەڕیش ئەركو تەكلیفە.

## ئامرازەكانی پێویست بۆ تێگەیشتن لەهەرشتێك (أوليّات):

لەكاتی تاوتوێ كردنو لێكۆڵینەوەی هەر چەشنە دەقێكی زمانەوانیدا، سێ پایەی سەرەكی لەبەرەستماندایە: (دانەرو نوسەر، دەق، خوێنەرو وەگر).

خوێنەر لەڕێگەی دەقەكەو خوێندنەوەی خۆیەوە بۆ دەقەكە دانەرو نوسەرەكە دەناسێت، ئیتر هیچ پێویست ناكات خوێنەر بەدوای نوسەرو دانەری دەقەكەدا بگەڕێت تا بیدۆزێتەوەو لەگەڵیدا دابنیشێت تاوەكو مەبەست لەدەقو نوسینەكەی لێ بپرسێتو لەوێوە لێی تێبگات، ئەگەر خوێنەر پڕاوپڕ لەدەقو نوسینەكە تێگەیشت وەك ئەوەی كە خودی دانەرو نوسەرەكە مەبەستی بوە، ئەو كارە ئەوە دەگەیەنێت كە خوێنەر چوەتە ناو عەقڵو ژیری دانەرو نوسەرەكەو لەوبابەتەدا وەك ئەوی لێهاتوە.

كاتێك خوێنەرێك دەقێك یاخود نوسراوێك دەخوێنێتەوە، پێویستە هەموو تواناو لێهاتنەكانی كە لەڕێگەی جۆراو جۆرەوە دەستی خستون بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی لەمەبەستی ناو نوسینەكەو پشتی نوسینەكەش تێبگات، بۆیە هەر خوێنەرێك وانەكات ئەوا هیچ تێناگات.

بەداخەوە دەڵێم: زۆرێك لەخەڵك كە ئایەتەكانی(پەیامی ئاسمان)دەخوێننەوە، بیرو هۆشیان ناخەنەگەڕوو دواجار هیچی لێ حاڵی نابن.

(نمونەی گەورە بۆ خواوەندە)لەدابەزێنراوی بەجێدا، دانەر خواوەندە كە هەموان بەئاسانیو ڕەهایی دەیناسین، دەقو نوسراوەكەش بریتیە لەپەیامی ئاسمانی كە بەڕێگەی وەحیو نیگا ڕەوانەی كردوە، وەرگرو بیسەرەكانیشی لەكاتو ساتی دابەزینەوە تا قیامەت خەڵكو كەسانێكن بەڕەچاوكردنی ئاستە جیاوازەكانیانەوە لەزانستو مەعرفەو دەرك كردنیانەوە بۆ نێهێنیەكانی ناو پەیامەكەو گەشەسەندنو پێشكەوتنە یەك لەدوای یەكو بەردەوامەكانیانەوە، هێشتا هەر ئاستێكی دیاریكراویان هەیە، بۆیە ناگونجێت كەسێك یاخود چەند كەسو دەستەو دامەزراوەیەك لەدەقێك لەدەقەكانی دابەزێنراوی بەجێ بەشێوەیەكی ڕەهاو بەو شێوەیەی كە خواوەند مەبەستی بوە لێی تێبگەن، چونكە ئەگەر وابێت ئەوكەسو دەستەیە دەبێتە هاوتاو شەریك بۆ خواوەند لەو بوارەدا، ئەمەش بە بەڵگەی فەرمودەی خواوەند كە دەفەرموێت: ﴿لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ الأنعام/ ٦٧.

واتە: هەمو هەواڵێك ئاكامو قەرارگایەكی هەیەو لەمەودوا ئەوڕاستیە دەزانن.

بەو پێیەو بەپێی ئەوەی كە ئیدی لەئاسمانەوە هیچ چەشنە نیگاو پەیامێك نایەتو موحەمەدیش(د.خ)كۆتا پەیامهێنەر بوە.

خواوەندیش بە زانیاری گشتیو ڕەهای خۆی دەزانێت بەندەكانی ئاستی تێگەیشتنو توانستی مەعریفیو زانیاریان ڕێژەییو لەئاستی جیاجیادان، بۆیە پەیامەكەشی بەشێوەیەك ڕەوانە كردوە كە بسازێت لەگەڵ هەموو ئەو سەردەمو ئاستە زانستیانەدا(كە بەندەكانی هەیانەو پیایدا تێپەڕ دەكەن).

بەشێوەك پەیامەكەی تایبەتمەندیو نەرمونیانیەكی ئـەوتۆی تێدایـە كـە بسـازێت لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی كاتو شوێنە جۆراوجۆرەكاندا.

یەكێك لەو تایبەتمەندیە گرنگو بە بایەخانـەش جـێگیری دەقو بـزواویو گـۆڕانی واتاكەیەتی لەجێگەو كەسێكەوە بۆ جێگەو كەسێكی تر لەچوارچـێوەی سـنورەكانی پەیامەكەدا.

دارِشــتنی واتــاو مەبەســتی تایبەتیشــی بەجێهێشــتوە بــۆ كۆمــەڵگاو ناوەنــدە مەرعیفیەكان، تا لـەواتاو مەبەسـتەكانی تێبگـەنو بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پێگەیـەكی دیاركیراوی بۆ دەستنیشان كردون تا لەسەری بوەستنو پابەندی بـبنو هاوشـێوەی یاسـاو رێسـاكانی خواوەنـدو بەسـازگاریو هـاو ئاهـەنگی لەگـەڵ ئەوانـدا هەسـتن بەدارِشتنی ریسـاو رێوشـوێنی پێویسـت بـۆ بـەرِێوەبردنی دامـەزراوەكانی خۆیـان، وئەو یاساو بەرنامانەی كە بۆ ژیانی ئەمرۆیان پێویستە لێی هەڵهێنجێنن.

## ئامرازەكانی زمانو هۆكارەكانی تێگەیشتن (لغويّات):

١- زاراوەو واژەو دەسـتەواژەكان خزمـەتگوزاری واتـاو ماناكـانن، مانـاو واتاكـان سەروەرنو زمانو ئامرازەكانیش میكانیزمی بیركردنەوەنو هۆكارن بۆ گواستنەوەی واتاو مەبەستەكان لەبێژەرەوە بۆ وەرگروگوێگرو بیسەر.

٢- كاتێك بێژەرێك قسەو گفتوگۆ دەكات لەگەڵ بیسەردا مەبەستی ئەوە نیـە كـە واتـاو وشـەو واژەكـانی تێبگەیـەنێت، چـونكە رۆشـنبیری نـاو كتێـب بـەس نییـە بـۆ تێگەیشتن لەدەقێكی زمانەوانی، ئەگەر ئەمە حاڵی دەقێكی زمانـەوانی سـادە بێـت، ئاخۆ تێگەیشتن لەدابەزێنراوی بەجێ چۆن بێت..؟.

واتــاو مەبەســتەكان لــەكۆی وشــەو رِســتەكاندایە، نــەك هــەر وشــەو رِســتەو دەستەواژەیەك واتای خۆی ببێت.

بۆ نمونە كاتێك دەڵێین: كوڕەكە سێوێكی سوری خوارد، لەناواخنی ئەم ڕستەیەدا تێدەگەین كە سێوی ڕەنگاو ڕەنگ لەبەردەستی كوڕەكەدا بوەو ئەو تەنها یەك سێوی سوری خواردوە.

هەروەها كاتێك فەرمایشتی خواوەند دەخوێنینەوە كە دەڵێت: ﴿الإِثْـمَ وَالْبَغْـيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾ واتە: هەڵەو تاوانو سەركەشیو سنوربەزاندنی بەناهەق.

لەناواخنی ئەم ئایەتەداو لەپشتی ڕستەو وشەكانیەوە تێدەگەینو لەڕاستیشدا هەروایە كە لەبەرانبەر سنور بەزاندنی بەناحەقەوە، سنوربەزاندنی بەحەقیش هەیە، هەر چەندە بەزارەكیش ئەمەیان دەرنەبڕین، بەلآم دڵنیاین كە ئەم ئایەتە بە بێدەنگی ئاماژە بەو دیوەی واتاكەشی دەكات.

٣- زمان هەڵگری فیكرو بیرەو قۆناغ بە قۆناغ گەشەی كردوە لەگەڵیدا، هەر لەسەرەتای ژیانی مرۆڤەوە هاوئاهەنگیەك لەنێوان زمانو بیركردنەوەویدا بونی هەبوە، تەنانەت خەونەكانی مرۆڤ كە لەخەودا دەیان بینێت هەر بە هاوئاهەنگی زمانەوەیە كە مرۆڤ دەتوانێت تەنانەت خەونیش ببینێت.

٤- دابەزێنراوی بەجێش بەرزترین ئاست و توانستی ڕەوانبێژی لەخۆگرتوە بەشێوەیەك كە ناگونجێتو نەشیاوە كەس بیر لەوە بكاتەوەو هەوڵی ئەوە بدات كە لەو چاكترو پڕ واتا تر بڵێت، چونكە دابەزێنراوی بەجێ بە جوانترینو پڕ واتاترین شێوە واتاكان دەگەیەنێت بە وەرگرو بیسەری.

یەكەم پەڕاوە كە توانیبێتی هاوسەنگی بپارێزێت لەنێوان كورتیو پوختی لەوشەو ڕستەكانیداو پارێزراوی لەواتاكانیدا، واتە: نە ئەوەندە درێژە كە مرۆڤ بێزار بێت لەبیستنیو نە ئەوەندەش كورتە كە مەترسی فەوتانی واتاو مەبەستەكانی لێبكرێت.

بۆیە پێویستە لەسەرمان واتا شاراوەکانی نێو وشەو ئایەتەکانی، کەڕەوانبێژیو پوختگەریەکەی لەخۆی گرتوون، بخوێنینەوەو لێیان تێ بگەین.

بۆ نمونە: لەئایەتی میراتدا کە خۆی بواردووە لەدەستنیشانکردنی کەسی مەبەستو دەفەرموێت:﴿.. وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ..﴾هەروەها﴿..فَإِن كُنَّ نِسَاء فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ﴾النساء/ ١١.

واتە: (ئەگەر هاوسەرو ژنەکە یەکێك بو ئەوا نیوەی بۆ هەیە، هەریەك لە باوك و دایکیشی شەش یەکیان بۆ هەیە لەوەی کەلە مردوەکە بەجێماوە)وە(ئەگەر ژن بونو زیاد لەدوان بون ئەوا دوو سێ یەکیان بۆ هەیە لەوەی کە بۆی جێ هێشتون).

٥- دابەزێنراوی بەجێ دورە لەبەرکارهێنانی وشەی هاوشێوە بۆیەك مەبەست(الترادف)نە لەواژەو دەستە واژەکانیدا نە لەدارشتنیدا.

بۆ نمونە: تابلۆی پارێزراو(لوح المحفوظ) جیایە لە(إمام مبین) ئیمامی موبین، هەروەها(کتاب)جیایە لە(قورئان).

بۆ نمونە: وشەی یا خود ئایەتی (وللذكر مثل حظ اللأنثيين) واتای ئەوە ناگەیەنێت کە بەشی نێرینە دوئەوەندەی بەشی مێیینەبێت.

هەرکەسێکیش بڵێت: کە دابەزێنراوی بەجێ(ترادف)ی تێدایە چ لەزاراوەو چ لەدارشتنیدا، وەك ئەوە وایە بڵێت: دابەزێنراوی بەجێ لەسەر ئەو بنەمایە دابەزێنراوە کە خەڵکی بڵێن: ئای ئەو وتانە چەندە ڕەوانو جوانو شیرینن، و بەراورد بکرێت بە هەڵبەستی شاعیرەکان کە بە وشەی هاوشێوەو سەروادار دەیانرازێننەوە.

بۆ نمونە: کە دەوترێت حوشتر پـەنجا نـاوی هەیـە، ئـەو وتەیـە دەمانگێڕێتـەوە بـۆ سەردەمەکانی پێش داڕشتنی زمانو جیاکردنەوەی واتاکان، ئەمەش گەڕانەوەیەکـە ئێمە ئەو گەڕانەوەیەمان ناوێتو بە کەڵکی ئەمڕۆمان نایەت.

٦- دابەزێنراوی بەجێ خاڵیە لەتێسمڕاندن و(حشو)و قسەی بێجـێو بـێ سـەروبەر، تەنانەت ئەوەش کە(نحو)زانەکان (لەزانستی نەحودا) پێی دەڵێن زیادە، زیـادە نیـە لەواتاداو مەبەستی ترمان پێدەڵێت.

لابردنـی هـەر وشـەیەك لەدابـەزێنراوی بەجێـدا بێگومـان زەرەر لـەواتای ڕسـتەکە دەداتو دەبێتـە شـتێکی تـر، لەسـەرێکی تریشـەوە ناگونجێـت بـە هـیچ شـێوەیەك پێشو پاش بە یەکێك لەواژەو دەستەواژەکانی بکرێت، چونکە ئەو کارە نـەك تـەنها دەبێتە هۆی تێکچونی جوانیو ڕوخسارو سەرەوای ڕستەکە، بەڵکو دەبێتە هۆکـار بـۆ تێکشاندنی واتای ڕستەکەش بەگشتی.

٧- دابەزێنراوی بـەجێ زۆر وردە لەداڕشـتنو واتاکانیـدا، وردەکاریەکـەی کـە تێیـدا کراوە کەمترنیە لەوەی کەلە زانستەکانی کیمیاو فیزیاو زانستی پزیشکیو بیرکاریـدا کراوە.

ئەمەش سروشتیەو دەبێت ئاسایی وەربگیرێت، چـونکە دروسـکەری ئـەم بونـەوەرە لەبچوکترین گەردیلەیەوە تاوەکو گەورەترین کەشکەشـانی، هەرهـەمان بەدیهێنـەری ئـەم مرۆڤەیـە، لـەدەمارە هەسـتیارو هەسـتەوەرەکانیەوە بیگـرە تـاوەکو دەگاتـە خوێنبەرو خوێن هێنەرەکانیو تا دەگاتە ئێسکە پەیکـەریو گۆشـتو پێسـتو قـژو هـەموو ئەنـدام و کـۆ ئەندامـەکانی بیسـتنو بیـنینو دەرك کردنـی، هـەمان ئـەو خواوەندەیـە کـە خـاوەنی دابـەزێنراوی بەجێیـە، بۆیـە پێویسـتە لەوردەکاریەکەیـدا جێدەستی هەمان ئەو بەدیهێنەرە بدرەوشێتەوەو ڕوون ببێتەوە کـە ئـەم بونـەوەرە

یەك دروست کەرو یەك یاسا دەبیات بەڕێوەو دڵنیابین کە هەمو پیتێکی ئەرکێكو هەمو وشەیەکی ئەرکێکی گەورەتری لەئەستۆدایە، بۆ نمونە: ﴿لأَبَوَيْـهِ لِكُـلِّ وَاحِـدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ﴾ النساء/ ١١.

واتە: بۆ هەریەك لەباوكو دایکی شەش یەك هەیە، هەرگیز واتای(ولوالدیه لکل واحد منهم السدس)ناگەیەنێت.

بۆیە بە دڵنیاییەوە ئاستی وردەکاری ئێمە زۆر بەرزترە لەئاستی وردەکاری پێشینانمان، بونەوەر هەمان بونەوەرە، بەڵام ئاستی وردەکاریو وردبینی ئێمە ئێستا زۆر بەهێزترو کاراترە، تەنانەت لەخەڵکی ئەو سەدەیەش کە پێش ئەم سەدەیە ژیاوە، بەکارهێنانی وردەکاری سەردەم لەزانستو یاسادانانەدا لەگرنگترین پایەکانی خوێندنەوەی هاوچەرخە.

٨- لەکاتی بەراورد کردنو لێکدانەوەی ئایەتەکانی دابەزێنراوی پیرۆزدا، پێویستە پابەندی ئەو هێڵە زمانەوانیە ناسكو باریکە بین کە هەرگیز ناکرێت دەستبەرداری ببین، چونکە ئەو هێڵە هەڵئەسێت بە گەیاندنی ڕوکاری زمانەوانی ئایەتەکان بە واتاو مانا شاراوەکانیان، بۆیە ئەگەر بێتو پەیوەندی داڕشتەی ئایەتەکان بپچڕێت لەئامازەو واتا شاراوەکانیان ئەوا ئەگەرەکانی لێکدانەوەی واتاکان دواییان نایەت.

٩- ئێمە لەو ڕوانگەیەوە دەڕوانینو باوەڕمان وایە کە بناغەکانی ڕێزمانی عەرەبیو نوسینەوەی(قەواعد)دوای سەرهەڵدانی خودی زمانەکەو هەروەها دوای دابەزینی پەیامی ئاسمانیو دابەزێنراوی پیرۆزەوە داڕێژراون نەك پێش ئەو.

بۆیە کاتێك سیبەوەیهی دەڵێت: پێویستە کردارو بکەر(فعلو فاعل)هاوشێوەی یەك بن لەدوانەکردنو کۆکردنەوەدا (التثنیه والجمع)و پاشان خواوەندیش دەفەرموێت: ﴿هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا﴾ الحج/١٩.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خواوەند بە هەڵەدا چوبێت لەو یاسا زمانەوانیانەدا کە سیبەوەهیی دایڕشتون، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە سیبەوەیهی کاتێک یاساو بنەماکانی زمانەوانی داڕشتوە پشتی بەوە نەبەستوە کە پێویست بوە پشتی پێ ببەستێت.لێرەوە لەجیاوازیو ناکۆکیەکانی قوتابخانە زمانەوانیەکان تێدەگەین کە لەسەدان جێگەدا ناکۆك و ناسازگارن لەگەڵ یەکدا، بە دڵنیاییەوە بنەماکانی(نەحو و سەرف)دوای ئەوە داڕێژراون کە زمان دورست بوەو گەشەی سەندوە، نەك پێش سەرهەڵدانی زمانی عەرەبی، ئەوەی سەرنجی ئەو بنەماو ڕێکارانە بدات، دەبینێت کەپەیڕەوی لەدەقەکان دەکەنو بەسازگاری لەگەڵ ئەواندا دەسازێن، بەڵکو دەتوانین بڵێین بۆ ئەوە داڕێژراون کە دەرچەو ڕۆگەو دیدگا بدۆزنەوە بۆ جوڵەی دەقەکان.

بۆ بڕیاری ڕاستیش لەبارەی ڕاست یاخود هەڵەبوونی ئەویاسا زمانەوانیانەوە، پێویستە ئەو ڕاستیە دوپات بکەینەوە کە لەحاڵەتی نا سازگاری یاسایەکی زمانەوانی لەگەڵ یەکێك لەدەقەکانی دابەزێنراوی بەجێدا، سەروەری بۆ دەقەکەیە نەك بە پێچەوانەوە.

١٠- کاتێك دابەزێنراوی بەجێ هات گەشەسەندنێکی زمانەوانی ئەوتۆی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە عەرەبەکانی پێشتر نەیان دیبو، بۆیە سەرسام مان لەو ئاستە ئەدەبیە.

چەند دەستەواژەیەکی تێدایە کە لەزمانی تری غەیری عەرببیەوە هێناونی، چەند شێوازێکی جیاکەرەوەو تایبەتی خۆی هەیە کە بە تەواوەتی جیای دەکاتەوە لەبازنەی هەڵبەستو وتاربێژیو ئەوشتانەی کە عەرەبەکان خویان پێوەگرتبو، چەند دەستەواژەو زاراوەیەکی تێدایە کە پێشتر نەبینراونو خۆی دایهێناونو تەنها

لەدابەزێنراوی بەجێدا بەرچاو دەکەونو تایبەتن بە خۆی، ئەمانەو چەندین نمونەی زۆرو زەوەندی تر کە تایبەتمەندی ئەو پەیامە ئاسمانیەنو ئەم تایبەتمەندیانەش ئەو ڕاستیە پشتڕست دەکەنەوەکە بە تەنها زاراوەکانی سەردەمی جاهیلیەتو نەفامی، ناتوانن وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی تێگەیشتن بن لەو پەیامەئاسمانیە.

١١–(خەلیلو سیبەوەیهی)بنەماو یاساکانی زمانەوانی عەرەبییان لەسەر بنەمای ڕوکار دامەزراند: (مرفوعات، منصوبات، مجرورات) ئەوەی کە پێی دەوترێت زانستی نەحو، پاشان زانستی(المعانی)هاتو واتاکانی لێکدایەوە، وەك بڵێیت: جیاوازیەك ببێت لەنێوان ئەم دو زانستە(نحو، بلاغە)داو هەریەك بەجیا ئیش بۆ خۆیان بکەن.

(سیبەوەیهیو جورجانیو ئیبن جەننیو ئەبو عەلی فارسی)و هەموو زاناکانی زمانەوانی لەسەدە سەرەتاییەکانی کۆچیدا دەرکەوتنو سەریان هەڵدا.

ئێمەش ئێستا لەناو سەدەی بیستو یەکداینو دەزانین کە هەمو زانستەکانی بیرکاریو فیزیاو کیمیاو گەردونناسیو زانستی پزیشکیو هەمو زانستەکانی تریش، گەشەی بەرچاوو سەر سوڕهێنەریان بەسەردا هاتوە، بەشێوازێك کە ناکرێت بەراورد بکرێن لەگەڵ ڕابوردودا، بەڵام بەداخەوە زانایانی ئاینیی خۆمان بیریان چوە کە زانستی زمانەوانیش دیسان وەك زانستەکانی تر، ئەویش گەشەی بەرچاوی کردوەو توانای گەشەسەندنی تریشی تێدایە.

بۆیە جێگەی سەرنجە و پێویستە بپرسین ئایا ئەو گەشەسەندنە لەبواری زمانەوانیداو لەکاتی لێکۆڵینەوە لەدابەزێنراوی بەجێدا بۆچی لەبەرچاو نەگیراوە تا بەشێوەیەکی گونجاوو سازگارو هاوچەرخ لێی تێبگەین..؟.

**بەرنامەو پرۆگرامی فكریی** (المنهج الفكري):

١. ناگونجێت لەهیچ دەقێكی زمانەوەنی تێبگەین ئەگەر بەوشێوەیە نەبێت كە ژیریو عەقڵ داوای دەكات.

٢. زمان هەڵگرو لەخۆگرو بارهێنەری فیكرو بیری مرۆڤانەیە، بەلام بیری مرۆڤ دەگونجێت ڕاست و دەشگونجێت ناڕاست دەرچێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە بە تەنها ژیرانە داڕشتنو ڕازاندنەوەی دەقەكەو بە پابەندبون بە یاساو ڕوكارە زمانەوانیەكانەوە، مانای ڕاستو دروست بونی ئەو دەقە نادات بە دەستەوەو مكۆم بونی هەر دەقێك لەڕوی زمانەوانیەوە نابێتە بەڵگە لەسەر ڕاستی وڕاستگۆیەتی ئەو دەقە.

لێرەوە ناكرێت تەنها لەبەر ئەوەی كە دابەزێنراوی بەجێ دارای چەند ڕێوشوێنێكی زمانەوانیو ڕەوان بێژی بەهێزی ئەوتۆیە كە عەرەب لەوەو پێش شتی وای نەبیستبو، ناكرێت ئەمە بە تەنها بكرێتە بەڵگەی(ئیعجاز)ی ئەو پەیامە، بەڵكو لەپاڵ ئەم خاڵە بەهێزەدا، پێویستە باوەڕمان ئەستورو بەهێز بێت بەوەی كە هەواڵی قورئانی ڕاستو حەقیقەتە.

هەر كەسێكیش لەژیانیدا كار بكات بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ڕاستیەتیو ڕەوایەتی دابەزێنراوی بەجێ لەهەواڵی ڕاستو گونجاویەتیو واقعی بونیدا، لەداڕشتنی یاساكانیدا، ئەوا ئەو كەسە لەڕیزی ڕاستگۆیاندایەو پلەی بەرزی هەیە.

ئەوەی كە زۆرتر بەلای منەوە گرنگەو بایەخی پێدەدەم، بریتیە لەڕاستگۆیی هەواڵە قورئانیەكانو گونجاو بونو سازگار بونی یاساكانیەتی لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا، ئەوەندەی گرنگی بەم لایەنە دەدەم، كەمتر لەو گرنگی بە جوانی داڕشتنو سیما زمانەوانیەكەی دەدەم، چونكە دەرخستنی ڕاستیو ڕەوا بونی

هەواڵو ڕوانینێك کە لەلایەن خواوەندەوە بێت، لای من گرنگ ترە لەچەسپاندنی بۆچونی کەسێکی تر، با ئەو کەسە هەر ئاستێکی بێت لەزاناو پێشەوایان.

٣. بێجگە لەوەی کە دابەزێنراوی بەجێ ڕاستیو ڕاستگۆیی لەخۆگرتوەو ڕاستو گونجاوو سازگارە لەگەڵ ژیانو یاسا سروشتیەکانی بونەوەرو سروشتی مرۆڤانەدا، لەگەڵ ئەم ڕاستیەشدا پەیامی ئاسمانی دورە لەشتی زیادەو هەوانتەو لەهەواڵە بێبایەخەکانی کە لای خەڵك شاراوە نین.

خەڵك پێویستی بەوەحیو نیگایەك نییە تاوەکو بۆ نمونە: بزانێتو دڵنیا بێت کە گۆزە ئەگەر لەبەرزاییەکەوە بەری بدەیتەوە دەشکێت، یاخود بزانێت کە فیل کلکی کورتەو لوتو خەرتومەکەی درێژە.

بەڵام ئەگەر وتەی خواوەند بخوێنینەوە کە دەفەرموێت: ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ...﴾البقرة/١٩٦.

واتە: هەرکەس دەستی نەکەوت، باسێ ڕۆژ لەحەج بەڕۆژوو بێتو حەوتیش کە گەڕانەوە، ئەمە دەبێتە دەی تەواو.

ئەگەر ئەم ئایەتەمان خوێندەوەو ڕازی بوین بەوەی کە لەتەفسیرەکاندا لەم بارەیەوە هاتوە، دەبینین کە خواوەند خەریکە خەڵك فێری ئەوە دەکات کە(٣+٧=١٠)ئەمەش هەواڵێکە کە خەڵك بەگشتی بەزاناو نەزانیانەوە ئەمە دەزانن‌و پێویستیان بە وەحی نییە بۆ زانینی، ئەم باسەش ناسازگارو نەگونجاوە لەگەل ئەو بنەمایەدا کە باسمان کرد کە پەیامی ئاسمانی دورە لەباسی هەوانتەو بێ مەبەست.

لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بەپێی ئەو بۆچونە بێت کە ڕاڤەکارەکان بۆی چون، گوایا ئەگەر وشەی(كاملة)ش دابڕنین لەئایەتەکەو لای بەرین، ئایەتەکە هیچ زیانی پێ ناگاتو هەمان ماناو واتا دەدات بەدەستەوە، ئەویش بریتیە لەوەی کە خواوەند کۆکردنەوەو حساب فێری خەڵکی دەکات.

ئەمەشیان دیسانەوە ڕێك نایەتەوەو ناسازە لەگەڵ ئەو ڕاستیەدا کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە دابەزێنراوی بەجێو پەیامی ئاسمانی بە دورو خاڵیە لەوشەو بابەتی زیادە، کەواتە: دەبێت ڕاڤەو لێکدانەوەی دروست بۆ ئەم ئایەتە چی بێت کە هەمو ئەگەرەکان بهێنێتە جێو بیانپێکێتو زیان بە هیچ کامیان نەگەیەنێتو داگرندەی ڕاستیو ڕاستگۆیەتی هەواڵە قورئانیەکە بێتو خاڵی بێت لەهەموو چەشنە خەڵتەو زیادەیەكو دوربێت لەهەوانتەکاری..؟

بۆیە دەڵێین: ئەو تەفسیرو ڕاڤە کردنە پێویستە لەئاستێکدا بێت، پەی ببات بەو ڕاسیەو بزانێت کە زیاد لەیەك چەشن سیستەم هەیە بۆ ژمێریارییو زانستی ژمێریاریی.

سیستمی دەیی(العشري)هەیەو سیستمی حەوتەوانەیی(السباعي)و سیستمی شەشیو سیستمی دوانزەیی هەیە.

بۆ نمونە: ژمارە(١٠) لەسیستمی دوانزەیدا ناتەواوەو بەم شێوەیە هێمای بۆ دەکرێت (١٠/١٢) بەڵام هەمان ژمارە واتە: (١٠) لەسیستمی دەیی(العشري)دا دەی تەواوە، لێرەوە تێدەگەین کاتێك خواوەند لەئایەتەکەدا دەفەرموێت: (كاملةً)واتە: پڕاوپڕ بە تەواوی ئەو وشەی(كاملة)نە ئاماژەیەکە بۆ ئەو سیستمەی کە ئایەتەکەی سورەتی(الحج) لەسەر بناغەی ئەو هاتوە.

٤.ناگونجێت لەڕێگەی شیعرو ئەدەبیاتی سەردەمی نەفامیەوە لەدابەزێنراوی بەجێ تێبگەین، چونکە کۆمەڵگای نەفامی لەو سەردەمەدا زەمینەو پێگەی زانستیو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانو سیماو ڕوخساری تایبەت بەو دەمەو تایبەتمەندی خۆی هەبو، هەر بۆیەش ئەدەبیاتو شیعرو هەڵبەستەکانیو تەنانەت وشەو دەستەواژەکانیشی دەربڕو ئاماژەو هێما بون بۆ هەمان کەلتوری باوی ئەو دەمەو پابەندی ئەو بون.

بۆ نمونە: ئێمە ئەگەر بگەڕێین بەناو فەرهەنگی ئەدەبی ئەو دەمەی عەرەبدا، یەك وشەو ئاماژەمان دەست ناکەوێت کە هێما بۆ لای هێزی ڕاکێشانی زەوی‌و خڕی شێوەکەی بکات، چونکە ئەوان تەواو بێخەبەر بون لەم باسە.

بۆیە ئەگەر پێ لەسەر ئەوە دابگرین لەڕێگەی ئەدەبیاتی ئەو دەمەوە لەدابەزێنراوی بەجێ تێبگەین، ئەوکات مافی ئەوەمان نابێت کە بڵێین: لێکۆڵینەوەو پشکنین‌و داهێنانە زانستیەکانی ئەم سەردەمە ڕاستی‌و دروستی ئایەتەکانی قورئان دەسەلمێنێن.

لێرەوە بو کە وتمان خودی گۆمەڵگەکان بەپێی گەشەی مەعریفی خۆیان، هاوکاریی یەکدی دەکەن بۆ داڕشتنی ماناو واتا بۆ بەرهەمە زانستیەکانیان.

بەڵام ئەو گەشەسەندن‌و پەرەسەندنانە هەموی لەدابەزێنراوی بەجێدا ڕەچاوکراوە، بەشێوەیەك هەرچەند پان‌و بەرین‌و فراوان ببن هێشتا مرۆڤ دەبینێت کە هەمویان بەشێوەیەك هاوئاهەنگن لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا کە ڕاستی ئەو دەچەسپێنن‌و لەخولگەی ئەودا دەخولێنەوە.

٥. دابەزێنراوی بەجێ هەبو و(موجود)ێکە تەنها خۆی لەخۆی دەچێت‌و لەلایەن خواوەندێکیشەوە هاتوە کە بێ هاوتاو بێ وێنەیەو تەنها خۆی لەخۆیەتی(موجود في ذاتة).

ئەم ڕاستیەش لەجێگیری دەقەکەیدا نومایان دەبێت‌و دەدرەوشێتەوە، یان بە واتایەکی تر(ذکر)لەکلێشە زمانەوانیە دەربڕراوەکەیدا دەقێکی جێگیری ئەوتۆیە کە بەدڵنیاییەوە ئەو دەقەی کە دەربڕراوەو هێنراوەتە گۆ کلێشەیەکی جێگیرەو ناگونجێ‌و دەسنادات بۆ هیچ چەشنە گۆڕانکاری‌و دەسکاریەك.

لەلایەکی تریشەوە هیچ کەس ناتوانێت بەشێوەیەکی گشتی‌و بە وردو درشتیەوە لەدابەزێنراوی بەجێ تێبگات‌و لافی ئەوە لێبدات کە بەو شێوەیە لێی تێدەگات، با ئەوکەسە نێردراو یاخود پەیامهێنەری خواوەندیش بێت، چونکە بەوکارەی کە بانگەشەی بۆ دەکات خۆی دەکاتە هاوبەشی خواوەند لەزانستی گشتی‌و گشتگیریدا.

بەڵام ئێمەی مرۆڤ دەتوانین لەڕێگەی ئەو ڕێژە لەگەشەکردنو پەرەسەندنە بەردەوامەوە کە پێمان بەخشراوە بەشێوەی پلە بە پلە، هەوڵی تێگەیشتن لەو پەیامە ئاسمانیە بدەین، ، ئەم کردارەش بەردەوام دەبێت تا ڕۆژی قیامە.

مرۆڤ بۆی هەیە بەپێی ئاستی مەعریفیو توانستی زانستیو ئەو ئامرازو هۆکارانەی کە لەبەردەستدایەو بەپێی ئەو پێشهاتو هەلو مەرجە کۆمەلایەتیوئابوریو ڕامیاریو ئیشکالاتە فیکریو مەعریفیانەی کە لەسەردەمەکەیدابونیان هەیە دابەزێنراوی بەجێ بخوێنێتەوە.

ئەو جا مرۆڤ ڕێی لەچەند شتێك دەکەوێت کە کەسی تر پەیپێ نەبردووە، هەندێ شتی لێ تێدەگات کەتایبەتمەندیو زیندویەتیەو شتێکە تەنها خۆی لەنمونەی خۆیەتیو هاوتای نیە.

پەیامی ئاسمانی بەردەوام لەڕێکردنو بەرەوپێش چوندایە و هۆکارە بۆ گەشەکردنی غەیری خۆیشی، ئەم ڕاستیەیە کە هەمیشە ئێمە جەختی لەسەر دەکەینەوەو باسی دەکەینو دەڵێین: کە دەق جێگیرو نەگۆڕەو ئەو واتیەش کە دەقەکە لەخۆی گرتووە بەردەوام لەجوڵەو بزوتنوگۆڕاندایە.

لێرەوە تێدەگەین کە دابەزێنراوی بەجێ خاوەنی ئەو تایبەمەندیەیە کە پێویستە لەهەموو چاخو سەدەو سەردەمێکدا خوێندنەوەی تایبەتی بۆ بکرێت، بۆ نمونە: کاتێك مرۆڤ لەخاڵێکی دیاریکراوی مێژودا دەوەستێتو پشت بە سیستمێکی مەعریفی دیاریکراو دەبەستێتو لەو ڕوانگەیەوە بۆ دونیا دەڕوانێت، یاخۆ شان دەداتە بەر چەند گرێو گۆتاڵێکی کۆمەڵایەتیو مەعریفی دیاریکراو، ئەوا ئەم کەسە ئەو پەیامە ئاسمانیەی کە دەقێکی زمانەوانی جێگیرە، لەو ڕوانگەی خۆیەوە

تێیـدەگاتو كەسـێكی تـریش بـەجیاوازی دیـدگاو پێگەكانیـەوە بەشـێوەیەكی تـر لەهەمان دەق تێدەگات.

٦. دابـەزێنراوی بـەجێ وتـەو فەرمایشـتی خواوەنـدە، بـەڵام وشـە و ڕسـتەكانی خواوەند(كلمات الله)بریتین لەو یاسایانەی كە ڕێكخەری بـونو بونـەوەرن بـە هـەردو بەشەكەیەوە.

لەڕێگەی تێگەیشتنمانەوە بۆ(كلمات الله)دەتوانین لەكەلامو وقسـەی خواوەنـدیش تێبگەین.

واتــە: مــۆركی ڕاســت بــونو چەســپاندنی ڕاســتیەتی وتــەی خواوەند(پەیامــە ئاسمانیەكان)تەنها لەڕوانگەو ڕێگەی (كلمات الله)وە دەبێت.

ئەگەر بمانەوێت لەوتەو كەلامی خواوەند تێبگەین، پێویسـتە لێكدانـەوەو تـاوتوێ بكەین بۆ(كلمـات الله)واتـە: یاسـاو ڕێسـاكانی لـەبونو گەردونـدا بـە هـەردوو بەشـی بونەوەرو مرۆڤیەوە، هەركامیان بەڕێژەو یاساكانی تایبەت بەخۆی لێكبدەینەوە.

بەڵام تێگەیشتنمان بۆ ئەو یاساو ڕێسایانە پەیوەستە بـە گەشـەكردنو بـەردەوام بــەرەو پێشەوەچــونی تواناكانمــان، لێرەوەیــە كــە دەڵــێین: تێگەیشــتنمان بــۆ فەرمایشــتی خواوەنــد جــێگیر نییــەو هــەردەم لەگەشــەی بەردەوامدایــە، بــەڵام فەرمایشتی خواوەند(وەك دەقێك)لەخودی خۆیدا جیگیرو نەگۆڕە.

٧. بەو پێیەی كە دابـەزێنراوی بـەجێ ڕێنماییـە بـۆ خـەڵكیو ڕەحمـەتو خێـرەو سۆزو بەرەكەتە بۆ هەمو جیهانیان، لەم ڕوانگەیەوە تایبەتمەندیەتی فراوانی ئەو تـۆ لەخۆ دەگرێت كە داگرندەی هەمو مرۆڤایەتی بێت، نەك تـەنها مۆركێكی عەربگەرایی لەخۆ بگرێت.

کەواتە پێویستە: ڕەنگدانـەوەی ئـەم ڕاسـتیە بـە چـاوی خۆمـان ببیـنین لەهـەمو جیهاندا، نەك تەنها لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا.

هەروەها ئەم ڕاستیە لەهـەمو سـەردەمو چـاخو سـەدەکاندا نومایـان ببێـت، نـەك تایبەت بێت بـە سـەردەمی پێغەمبـەرو هاوەڵانیـەوە، بـە واتایـەکی تـر دابـەزێنراوی بەجێ دوو تایبەتمەندی لەخۆ دەگرێت:

أ. نیگاو سروشی ئاسمان ناسازگارو دژ نییە لەگەڵ ژیریو عەقڵدا.

(Revelation doesn’t contradict Yeadon)

ب. نیگاو سروشی ئاسمانی ناسازگارو دژ نییە لەگەڵ ڕاستیو حەقیقەتدا.

(Revelation doesn’t contradict reality)

٨. دابـەزێنراوی بـەجێ ئـەو بـیردۆزە مادیانـە پشـتڕاس دەکاتـەوە کەبەرهـەمی هەوڵی مەعریفی مرۆڤنو ڕونی دەکاتەوە کـە زانسـت شـوێن زانراوەکـان دەکـەوێتو زانراوەکـانیش لـەدەرەوەی توانسـتی مرۆڤـەوە ولەڕێگـەی هەسـتەوەرەکان یـاخود سروشو نیگاو ئیلهامەوە دەست دەکەون ..هتد.

بەڵام پێویستە بزانین تەنها لەئاکارەکانی خواوەنددا زانراو(معرفە)شوێن زانست دەکەوێت.

٩. زانستو توانای مەعرفی مرۆڤ لەسەر بنەمای جیاکاری(واتە: جیاکردنەوەی شـتەکان لەیەکدی)دەڕواتو دواتر بەپێی تایبەتمەندی هەریەکەیان، شتەکان دەبرێن بۆ لای یەکدی و ئەم کردارەش بە ڕیزبەندی(Classification) ناو دەبرێت.

لێکدانـەوەو ئـاوەزیش بریتیـە لـەو هەسـتکردنەی کـە دەستنیشـانکردن بـەهۆی هەسـتەوەرەکانەوە بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـتو مادەیـەکی خـاوی سـەرەتایی پێشکەش بە بیرو ژیریی دەکات.

١٠. بنـەمای چـەندایەتیو چـۆنایەتی(ژماردنو سـەرژمێری، بـڕو ئەنـدازە وکوالیتی)بریتیـە لـەو دەلاقـەو پەنجەرەیـەی کـە مـرۆڤ دەتوانێـت لێیـەوە بڕوانێـت

بەسەر جیهانی دەرەكیدا، سەرەتا مرۆڤ بە چۆنایەتی دەس پێدەكات پاشان دەگوێزێتەوە بۆ چەندایەتی.

١١. رەگەزەكانی زانیاریو مەعریفەی مرۆڤایەتی بۆ جیهانی بابەتی، بریتین لە: (ماددە، دوری، جێگە، جولە) لەم چوار ڕەگەزەوە ئەركو گەشەسەندن بەرهەم دێت.

١٢. جیهانی بابەتی لەدابەزێنراوی بەجێدا لەسەر جەدەلیەتێكی بنچینەیی وەستاوە كە ئەویش ململانێیە لەنێوان مانەوەو لەناوچوندا، سەركەوتنیش هەمیشە بۆ لەناوچونو لەناوبردنو نەمانە.

لەم جەدەلیەتەوە ئەم جەدەلیاتانەی خوارەوە هەڵدەهێنجێنین:

أ. جەدەلیەتی دژبەیەكو پێچەوانەكان، لەیەك شتی دیاریكراودا:﴿..ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ..﴾الحج/٥.

ب. جەدەلیەتی هاوجوتەكان(كارلێكو كارتێكردنی بەردەوام)لەنێوان شتەكاندا ﴿سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ يس/ ٣٦.

ج. جەدەلیەتی دژ بە یەكەكان(لەڕوكاری شتەكاندا یان لەهەڵسوكەوتیاندا)بۆ نمونە: شەوو رۆژ، سەرپێچیو پارێزكاری، ڕێنموییو سەرگەردانیو ڕێ لێ ون بون.

١٣. بناغەی ژیانی مرۆڤایەتی بریتیە لەئازادیو، ئازادیش بەرزترینو پیرۆزترین بەهایەو بەندە(عبد)بونی مرۆڤایەتیش، بەگشتی بۆ خواوەندی باڵادەست لەژێر ئەم بەها بەرزەدا خۆی حەشار دەدات.

هەروەها ئازادی بریتیە لەو(كلمة)و بڕیارو وشەیەی خواوەند كە پێشوەخت داویەتی بە گوێی مرۆڤایەتیو دانیشتوانی سەرزەویدا، سەرەتا خواوەند هەرگیز بەردایەتیو كۆیلایەتی نەویستوەو نایەوێت، ئەگەر بەردایەتیو كۆیلایەتیەكیش لەسەردەمێكدا بونی هەبو بێت، ئەوا بێگومان ئەو كۆیلایەتیە بۆ غەیری خواوەند بوە.

# بناغەكانی فیقهی ئیسلامیی هاوچەرخ

## (أسس الفقه الاسلامي المعاصر)

١. دابـــەزێنراوی بـــەجێ، پـــەیامی پێغەمبەرایـــەتی موحەمـــەد، هـــەم وەك نێردراو(النبي)و هەم وەك پەیامهێنەر(الرسول) لەخۆ دەگرێت.

لـــەم ڕوانگەیـــەوە ئایەتەكانیشـــی هـــەم ئایەتـــەكانی(النبوة)و پێغەمبەرایـــەتی لـەخۆدەگرن كـە ڕاڤـەی ڕێسـاكانی بونـەوەرو یاسـاكانی مێـژوەو هـەم چـیرۆكی ڕوداوەكانی پەیامەكانو پێغەمبەرەكانی پێشوتریش لەخۆ دەگرن، ئـەم چەشـنە لـە ئایەتەكان قابیلی ئەوەن كە لەلایەن مرۆڤەوەو بەپێی ئەو ئازادیـەی كـە بەخشـراوە بە مرۆڤ، پشت ڕاست بكرێنەوە یاخود بە پێچەوانەوە.

هەمیش ئایەتەكانی پەیامی ئاسمانی(الرسالة)لەخۆدەگرن كە ڕاڤەی حوكمـەكانو فەرمانو ڕێگریەكان دەكەن، ئەم چەشنەش دەگونجێ گوێڕایەڵیان لێ بكرێت یاخود پێچـەوانەكەی،[٣] بـەڵام ئایەتـەكانی(النبوة)و پێغەمبەرایـەتی كـە بـریتین لەئایەتـە لێكچوەكانو ملكەچی یاسای(جێگیری دەقو بزواوی نـاوەڕۆك)ن، دەگونجێت سـەر لەنوێو لەبەر ڕۆشنایی گەشەسەندنەكانی زەمینەی مەعریفیـداو بـە درێـژایی چاخو سەردەمەكان خوێندنەوەی تازەو سەر لەنوێیان بۆ بكرێتەوە.

بەڵام ئایەتەكانی پەیامی ئاسمانی(الرسالة)كە بـریتین لـەجێگیرەكان(المحكمات)و تایبەتمەندیەكی ئەو تۆیان هەیە كە سازگارن و دەگونجێت لەهـەموو سـەردەمێكداو

---

[٣]- لێرەدا مەبەستی نوسەر، مەبەستێكی فەلسەفیەو ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە دەگونجێت لەسەر بنەمای ئازادی هەڵبژاردن(حریە الاختیار)كە خواوەند لەدونیادا بە مرۆڤەكانی بەخشیوە، لەناو مرۆڤەكاندا كەسانی باوەڕدارو پابەند بەو داواكراوە خواییانەوە بن‌و دەگونجێت كەسانێكیش هەبن سەرپێچی فەرمانەكانی خواوەند بكەن. (وەرگێڕ)

بـە ڕەچـاوكردنی هـەل‌و مـەرجی بابـەتی‌و زەمینـەی مەعـەریفی هـەر كۆمەڵگایـەك جێبەجێ بكرێن‌و ڕاڤەی تازەوتایبەتیان بۆ بكرێت، كەواتـە: لێرەوە دەگەینـە ئـەو ڕاسـتیەی كـە لێكۆڵینـەوەو ئیجتهـاد تـەنها لەدەقـە قورئانیەكانـدا دەكرێـت و لەدەرەوەی دەقە قورئانیەكاندا، مرۆڤ بە تەواوی دەسوالآیە لەلێكۆڵینەوەدا.

٢. سـنوردار بـونی ئایەتـەكانی ئـەحكام لەدابـەزێنراوی بەجێدا، لەسـنورەكانی خواوەنددا بەرجەستە دەبێت‌و ئێمە دوو چەشنیان لێ جیا دەكەینەوە.

یەكەم: چەشنە سنورێكن نابێت ببەزێنرێن‌و پێویسـتە لەسـەریان بوەسـتین، وەك سنورەكانی میرات لەئایەتی ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ وَمَن يُطِعِ اللّـهَ وَرَسُـولَهُ يُدْخِلْـهُ جَنَّـاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ * وَمَن يَعْصِ اللّـهَ وَرَسُـولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَاراً خَالِداً فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾نساء/١٣-١٤.

دووەم: چەشنە سنورێكن كە نابێت نەك هەر لەسـەریان بوەسـتین، بـەڵكو نابێـت هەر لێشیان نزیك بكەوینەوە، وەك سنورەكانی ڕۆژوو لەئایەتی ﴿وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَـى الَّلَيْـلِ وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا..﴾ البقرة/١٨٧.

لـەم ئایەتـەوە تێدەگـەین كـە ڕۆژو كێڵگەیەكـە، سـنوری دەسـتپێكردنی لـە بەرەبەیاندا لەجیاكردنەوەی دەزوی سپی لەدەزوی ڕەشەوە دەسپێدەكات‌و سنوری كۆتایشی سەرەتای شەوە.

بـەڵام خواوەنـد لێـرەدا ڕێنماییمـان دەكـات بـۆ ئـەوەی كـە نزیـك نەكەوینـەوەو نەنوسێین بە سنورەكانی سەرەتاو كۆتاییەوە، بەڵكو ئەنـدازێك مـاوەی دڵنیـایی بـە چەند خولەكێك پێش بەرەبەیان‌و دوای ڕۆژئاوا بوون بەجێ بهێڵین.

هەروەها سنوری زینا، ئەمیش لەو سنورانەیە كە بەرگەی ئەوە ناگرێت لەلێواریدا بوەستین، چونكە وەستان لەسەر لێواری سنوری زینا خۆی زینایە،بۆیە پێویستە ماوەیەك وەك ماوەی دڵنیایی بەجێبهێڵین‌و ئەو ماوەیەش دابونەریتەكانی هەر كۆمەڵگەیەك بۆ خۆی دیاری دەكەن.

٣. لە دوو تۆێی پەڕاوی پیرۆزدا شتێك نیە بەناوی(ناسخ‌و منسوخ)ەوە، هەموو ئایەتێك‌و هەموو حوكمێك بوارێكی تایبەت بە خۆی هەیە‌و كاری تێدا دەكات.

مانای ڕاستەقینەش بۆ فەرمایشی خواوەند كە دەفەرموێت ﴿مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾البقرة١٠٦. مانای ڕاستەقینەی ئەم ئایەتە لەوەدا نومایان دەبێت كە خواوەند مەبەستی جێ گۆڕكێ‌و ئاڵوگۆڕی نێوان شەریعەتەكانە.

بۆ نموونە: لەشەریعەتی موسادا هەندێك قەدەغكراو هەبوون، عیسا هاتوو قەدەغەكردنەكەی لابردن‌و ڕەواو حەڵاڵی كردن، بەڵگەی ئەم چەشنەش وتەی خواوەندە﴿وَمُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ آلعمران/٥٠.

واتە: وەك دان پێدانەرێك بۆ ئەو بەشەی تەورات كە لەبەردەستمدایە‌و بۆ ئەوەی كە هەندێك لەوشتانەش كە حەرام كراوە حەڵاڵیان بكەم بۆتان‌و بەڵگەو نیشانەیەكیشم لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون، لەئاست خواوەند پارێزكاربن‌و گوێ ڕایەڵی بن.

پەیامی موحەمەدیش هات بۆ ئەوەی هەندێك حوكم‌و فەرمان كە لەپەیامەكەی موسادا هاتبون جێبەجێ‌و هەندێكیش جێگۆڕكێ پێبكات، وەك فەرمان‌و حوكمەكانی زیناو نێربازی و بیانگۆڕێت بە چەند فەرمان‌و یاسایەكی تر، هەروەها

چەند فەرمانو حوکمێکیش زیاد بکات کە لەوەوپێش دانەبەزیبون، وەك حوکم و فەرمان لەبارەی هاو ڕەگەز بازی لەنێوان ژناندا(السحاق)و وەسیەتکردنو میرات.

بەڵام(نسخ) بەو واتا باوەی ئەمڕۆی کە بەسەدان ئایەت بەر(نسخ)و جێگۆڕکێ دەخاتو جیهادو تێکۆشان دەگۆڕێت بۆ هێرشی سەربازیو کوشتو کوشتار، وئامۆژگاری بە چاکە دەگۆڕێت بە زەبری شمشێر، ئەم چەشنە نەسخە هیچ بایەخێکی نیە لەلای ئێمە.

ئێمە ئەوەندە نەسخ بە گرنگو بە بایەخ سەیر دەکەین کە هیچ بایەخو گرنگایەتی کەمتر نیە لەئایەتەکە لەکاتی یەکەم دابەزینیدا، ئێمە وا دەبینین کە پێویستە هەمان ڕەویەی ئەو دەستەیە پەیڕەو بکرێت کە هەستان بە نوسینەوەی ئایەتەکانی قورئان لەسەردەمی (ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان)داو پێویستە شوێن ئەوان بکەوین لەوەدا کە ئەوان دانیان پێداناوەو دەستنیشانیان کردوە لە(نەسخ)لەقورئانو پەڕاوی خواوەندا.

لەوەش زیاتر ئێمە لەو پێگەیەوە دەڕوانین بۆ بابەتی(نسخ)کە تەنها خواوەندکە خاوەنی دابەزێنراوی بەجیە مافی نەسخ کردنەوەو ئاڵوگۆڕی حوکمی ئایەتەکانی هەیە.

گەیەنەری ئەم پەیامەش کەپێغەمبەرە(د.خ تەنها مافی گەیاندنی پەیامەکەی هەیە بە خەڵکیو لەکاتی خۆیشیدا گەیاندویەتیو تا ئێستاش پارێزراوە، ئیتر ئێمە کە هەواڵێکی دڵنیاکەرو یەکلاکەرەوەمان لەبەردەستدا یە پێویستمان بە کەسی تر نیە بێتو پێمان بڵێت: ئەم ئایەتە حوکمی ئەو ئایەتەی نەهێشتوە، لەکاتێکدا کە گەیەنەرەکەی و پەیامهێنەرەکە وای نەوتبێت، بێجگە لەبونی چەند هەواڵێکی پرشو بڵاو کە هێزی ئەوەیان تێدا نیە لەبابەتێکی گرنگی وەك ئەم بابەتی نەسخەدا پشتیان پێ ببەسترێت.

ئێمــە وادەبیــنین کــە پشــت بەســتن بــە نەســخ لەســەردەمێکی دیــاریکراودا سەریهەڵداوەو مەبەست پێی وەك هەوڵێك بوە بۆ لادانی ئەو لێك ئاڵانە فیکریەی کە لەتێگەیشتنی ئەو دەمەدا هەبووە.

٤. پێویستە لەسەرمان دەقی مێژویی لەمێژویـەتیی دەق جیابکەینـەوە، دەبیـنین کـە چـیرۆکە قورئانیــەکان هــەن و وەك دەقێکــی مێــژوویی ســەیر دەکــرێن، دەقــی مێژوییش بەپێی دابەزێنراوی بەجێ تایبەتە بە پەند وەرگرتنەوەو پەیوەندی نیە بـە یاسـادانانەوە، هەواڵـەکان بـە هــەواڵی پێغەمبەرانیشــەوە(س.خ)هــەموویان هــەواڵی مێژویین، هەروەها هــەموو ئـەو ئایەتانـەی کـە لـەبارەی جەنگـەکانی بـەدرو ئوحـدو خەندەق و ئەحزاب و تەبوك و فەتحی شاری مەکەو لەسورەتی تەوبـەدا هـاتون هـەر هــەمویان دەق گــەلێکی مێــژویین وهــیچ حــوکم و فــەرمانێکی شــەرعیان لێــوە وەرناگیرێت و هیچ پەیوەندییەکیان بە پەیامی ئاسمـانی و(الرسالـة)وە نیـەو بۆنـەی تایبەت بە خۆیان هەیەلە دابەزینیاندا چونکە دەقی مێژویین.

بـەڵام ئایەتــەکانی پــەیامی ئاسمانی(الرســالــة)وەك ئایەتــەکانی مـیرات و دروشـم و ســـروتەکانی پەرســـتش، ئەمانــــە دەقـــی پەیامەکــــەن و بـــۆ پـــەیڕەوی لێکــــردن و جێبەجێکردن هاتون، تێگەیشتن لەم دەقانە مێژویی بونی دەق لەخۆ دەگرێت.

بە واتایەکی تر لەبەسەرهات و چیرۆکەکاندا دەق مێژویەو لەتێگەیشتنی مرۆڤانەی ئایەتەکانی پەیامەکەشدا(وەك میرات بە نمونە)مێژویی بونی دەق نومایان دەبێت.

٥. لێکۆڵینــەوەو ئیجتهـادیش تــەنها لـەدەقی پـیرۆزدا دەبێـت و ڕادەی ڕاسـتی و دروستیشی پەیوەستە بە ئاسـتی سـازگاری و گونجـان و ڕاگرتنـی هاوسـەنگی نێـوان لێکۆڵینەوەو ئیجتهادەکەو هەل و مەرجی ژیانی ئەو دەمـەی کـە ئیجتهادەکـەی تێـدا دەکرێـت، بـە شـێوەیەك خـەڵك نەخاتـە تەنگانـەو سـنوری ئـازادیش بـەر تەسـك

نەكاتەوە، پێوەریش بۆ ڕاستیو پەسەندی هەر ئیجتهادێك ڕادەو ئەندازەی گونجاو بونیەتی لەگەڵ هەلو مەرجی بابەتی سەردەمەكەی خۆیدا.

بە واتایەكی تر ڕادەو ئەندازەی تێگەیشتن لەو دەقەی كە لێكۆڵینەوەو ئیجتهادەكەی تێدا دەكرێت لەكاتو ساتی خوێندنەوە مێژوییەكەداو ڕەچاوكردنی ئەو هەلو مەرجەی كە لێكۆڵەر تێیدا دەژیو تێگەیشتنی دوو سەرەی لێكۆڵەرەكە هەم بۆ دەق وهەم بۆ هەلو مەرجەكەی خۆیو كۆمەڵگەكەی، ئەمانەن ڕاست بون یاخود هەڵە بونی خوێندنەوەو بەدواداچونو لێكۆڵینەوەكە دەستنیشان دەكەنو دەكرێت لەو ڕوانگەیەوە بڕیاری ڕاستو دروست بوون یاخود هەڵەبون لەبارەی لێكۆڵنەكەوە بدرێت.

هەر ئەم پێودانگەشە كە ڕادەی سەركەوتن یاخود شكستی پەرلەمان ودەزگاكانی یاسادانان دەستنیشان دەكات لەكاتی یاسادانانەكەیاندا.

واتە تاوەكو ئەو یاسایانەی كە پەرلەمانەكە دەریاندەكات گونجاوترو سازگار تر بنو بتوانن وەڵامی زیاتری داخوازیەكانی هەلو مەرجی ژیانی ئەو سەردەمە بدەنەوە، ئەوەندە ئەو پەرلەمانە سەركەوتوو بوە لەكارەكەیدا، لێرەوە تێدەگەین كە تەنها ڕەوڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتیە هەر لە ئادەمەوە تا ڕۆژی دوایی دەتوانێتو مافی ئەوەی هەیە كە ڕاستگۆیەتیو سازگاریی فەرمودەكانی خواوەند بەرجەستە بكات﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَانْظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذَّبِينَ﴾عمران/١٣٧.

واتە: چەند نەوەو گەلێك پێش ئێوە هەبوون، بگەڕێن بە زەویداو ببینن كە سەرەنجامی ئەوانەی پەیامی خواوەندو پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە چۆن بوە.

﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ العنكبوت/٢٠.

واتە: بگەڕێن بە زەویداو ببینن‌و بزانن كە بونەوەرو گەردون چۆن دەستی پێكردو دواتریش خواوەند بونێكی تر ساز دەكات بێگومان خواوەند بە سەر هەمو شتێكدا بە توانایە.

٦. كۆدەنگیش بریتیە لەكۆدەنگی و(إجماع)ی خەڵكە زیندووەكان لەسەر داڕشتنی(فەرمانێك، ڕێگریلێ كردنێك، ڕێگەپێدانێك، بەر پێگرتنێك)و پەیوەندی نیە بە حەرام كراوەكان(المحرمات)ەوە.

بۆ نمونە جگەرەكێشان كە دەكرێت پاش دەركەوتنی زیانەكانی بەر بەكارهێنانی بگیرێت نەك حەرام بكرێت.

هەروەها فرە ژنی بەهەمان شێوە، دەكرێت ئەم چەشنە كارانە لەڕێگەی راپرسی‌و پەرلەمانەوە ڕێگریان لێ بكرێت‌و بەربەست لەپەیڕوكردانیاندا دروست بكرێت نەك حەرام بكرێن.

٧. قیاس‌و بەراورد كردنیش پێویستە لەسەر ئەو بنەماو پێداونگ و ئاكامانە بێت كە زانایانی زانستە سروشتیەكانی وەك زیندەوەرناسی‌وزانیاریەكانی تری وەك بواری كۆمەلایەتی‌و سەرژمێری‌و ئابوری...هتد پێی دەگەن.

ئەم زاناو پسپۆڕانە دەبنە ڕاوێژكاری دەسەڵاتی یاسادانان‌و دەسەڵاتی سیاسی، نەك زانای ئایینی‌و دامەزراوە ئایینیەكان.

بەم ڕێوشوێنانە پرۆسەی ڕێگەپێدان یاخود ڕێگری لێكردن(نەك حەرام یاخود حەڵاڵ كردن)ئەنجام دەدرێت.

٨. ڕونكرنەوەی جیاوازی نێوان حەرام كردن‌و ڕێگری لێكردن لەلایەك‌و حەڵاڵ كردن‌و فەرمان پێكردن‌و ڕێگە پێدان لەلایەكی ترەوەو زانینی ڕۆڵی خواوەندو ڕۆڵی دەسەڵات‌و خەڵك لەهەریەكە لەوبورانەدا، بە بەرچاو ڕۆشنی لەوەدا كە

قەدەغــەكراوەكان(المحرمات) ناچــنە خانــەی لێكۆڵینــەوەو ئیجتهــادو كـۆدەنگیو بەراوردەوەو هەرچیش بە دەستنیشانكراوی لەوانی دی جیاكرابێتەوە، نابێت تێكەڵ بەشتی تر بكرێت، ئەم باسەش لەئایەتی حەرام كردنی مردارەوە بوو مردو و خوێنو گۆشــتی بــەرازدا ڕونكراوەتــەوەو ناكرێــت لــەژێر دروشمــی(الضــرورات تبــیح المحضورات)دا هەمان حوكم پیادە بكرێت بەسەر قەدەغە كراوەكانی تردا.

ئـەم پرۆسـەی ڕونكردنـەوەو جیاكردنـەوەی سـنورو دەسـەڵاتانە یارمەتیـدەرێكی باش دەبێت بۆ تێپەڕانـدنی ئـەو تەنگەبـەریو سـنورداریەی كـە گوتـاری ئیسـلامیی گیرۆدەی بوەو دەكرێـت لـەم ڕێگەیـەوە لـەگوتارێكی نـاوخۆییو لۆكاڵیـەوە بكرێتـە گوتارێكی جیهانی و وەك سۆزو بەزەییەكی خواوەند بە هەمو جیهانیان بگەیەنرێت.

لەم بارەشەوە كەس مافی ئەوەی نیە(چ موفتی بێت یاخود دامەزراوە ئاینیەكان، یاخود پەرلەمانو ڕاپرسـی) ژمـارەی حـەرامو قەدەغـەكراوەكان كـە لەدابـەزێنراوی بەجێدا هـاتون، زیـاد بكـاتو هـەر كەسـێكیش بـەو دەسـتكاری كردنـە ڕازی بێـت، دەچێتە خانەی﴿..وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ﴾ەوە.

٩. بە دڵنیایەوە تێگەیشتن لەڕۆڵی پێغەمبەریش لەسەردەمی خۆیدا، بـەو پێیـەی كە هەوڵێك بـوو لـەبواری حـەڵاڵ كردنـدا چ بـە سـنوردار كـردن یـاخود بـەربڵاوكردن لەپێناو دامەزراندنو هێنانەكایەی كۆمەڵگەو دەوڵەتێكی مێژویدا بە لەبەرچاو گرتنی كاتو شوێن (مێژو و جوگرافیا)كاریگەری گەورەی دەبێت.

تێگەیشتنو شیكاركردنی ئەم كارەی پێغەمبەر، تاكە ڕێگەیە بۆ جێبەجێ كردنـی ئەو بنەمایەی كە زانایانی(أصول) ڕایانگەیاندوە كە حوكمو فەرمانەكان بەپێی كاتو شوێن گۆڕانكاریان بەسەردا دێت.

ئەمە ئەرکێکە لەم سەردەمەدا زۆر گرنگە ڕاپەڕێنرێت بۆ ئەوەی گوتاری ئیسلامی موسڵمانان لەچوارچێوەی شوێن (نیوچە دورگەی عەرەب)و لەکۆتو بەندی کات(سەدەی حەوتەمی زاینی)دەرباز بکرێتو دەرگای کرانەوەی بەڕوی جیهانداو بۆ خەڵکی بەگشتی لەهەر شوێنو سەردەمێکدا بن تا ڕۆژی پەسڵان لێبکرێتەوە.

١٠. ڕەویەو سونەتی پێغەمبەریش بە یەکەم ئیجتهاد دادەنرێت، یەکەم بڕاردەش بو بۆ چوار چێوەی جێبەجێ کردنی پەیامی ئاسمانی کە موحەمەد هەڵی بژارد بۆ بەرجەستە کردنی ئەو پەیامەی کە لەئاسمانەوە بۆی هاتبو.

پێویستە ئاگامان لەوەبێت کە ئەم هەوڵەی پێغەمبەر(د.خ)نابێت نە وەك تاکە هەوڵو ئیجتهادو نە وەك دوا هەوڵیش سەیر بکرێت، چونکە ئەو توانی هەستێ بە ڕامهێنانی ئەو هەلو مەرجەی کە لەو سەردەمەداو لەنیوچە دورگەی عەرەبی و لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا زاڵ بو بەسەر ژیانی ئەو ناوچەیەدا، توانی ڕای بهێنێتو ئسیلام بکاتە باڵادەستی کۆمەڵگەکەی.

سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتەکەشی، بریتی بو لەبازدانێکی جۆریی کە پەیوەست بوە بەو کاتەوە، توانی بناغەکانی داهاتوی تێدا دەستنیشان بکات، چونکە لەڕوانگەو پێگەی پێغەمبەرایەتیەتی و(نبوة)وە دای مەزراند، نەك لەڕوانگەو پێگەی پەیامهێنەرایەتی(الرسول والرسالة)وە.

پێغەمبەر لەڕوانگەی گەشەسەندنو ڕەوڕەوەی مێژوی ژیانی عەرەبەکانەوە لەنیوچە دورگەی عەرەبیدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا دەکرد، واتە لەسنوری مێژوو جوگرافیاداو لەچوارچێوەی ئاستی کۆمەڵایەتیو مەعریفی ئەواندا بەپێی ئاستەنگەکانی بەردەمی هەڵسوکەوتو بڕیارو هەنگاوی هەڵدەگرت.

ئەو دەوڵەتێکی ناوەندی دامەزراندو قەڵەمبازێکی گەورەشی هاویشت، وتوانی ببێتە یەکەم ئاوێنەی باڵا نوما بۆ سازگار بونو هاوئاهەنگ بونی دابەزێنراوی بەجێ لەگەڵ هەلو مەرجێکی مێژویی دیاریکراودا، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی ئەو تۆدا کە لەسەر هەلو مەرجێکی مرۆڤانەی بابەتیدا بونیات نرا بو.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە دەکرێت بڵێین: پەیامهێنەر نە فەیلەسوفو پیتۆڵ بوەو نە بیریارو بیرمەند، بەڵکو پیاوی بانگەواز بوەو فیکرو بیرێکی بە نیگاو سروشی ئاسمانی لەشێوەی پەیامێکی ڕەهادا بۆ هاتوەو ئەمیش هەستاوە بەجێ بەجێکردنی لەجیهانێکی ڕێژەیی‌و سنورداردا بە سنورەکانی کاتو شوێن.

لێرەوەیە کە دەڵێین: پێغەمبەری گەورە، یەکەم موجتەهیدو لێکۆڵەر بو کە توانی قاڵبێکی بابەتی پڕاوپڕ لەڕوانگەی گەشەو جوڵەو ڕەوڕەوەی مێژوییەوە دابڕێژێت بۆ پەیامە گشتیەکەی کە بۆی هاتبو، جێبەجێی بکات بە سەر خودی خۆی‌و کۆی کۆمەڵگەکەشیدا.

ئەو جێبەجێکردنەی پێغەمبەر بۆ ئایەتەکانی ئەحکام لەو هەلو مەرجەدا کە فەراهەمی هێنابو، جێبەجێکردنێکی ڕێژەیی مێژویی بو، بەو پێیەی قیاس‌و بەراورد کردنی هەلو مەرجی ئێستا بەو هەلو مەرجەی ئەو دەمە پوچەڵ دەبێتەوەو لێکۆڵینەوەو ئیجتهاد وەك بناغەو بنەمایەك بۆ تێگەیشتن لەئایەتەکانی ئەحکام بە پایەداری دەمێنێتەوە.

بناغەی ئەم کارەش ژیری مرۆڤو هاوئاهەنگی ئەو هەوڵو ئیجتهادەیە لەگەڵ هەلو مەرجی بابەتی هەر سەردەمێکدا لەچوراچێوەی ئەو سیستمە مەعریفیەدا کە لەو کۆمەڵگەیەدا پەیڕەو دەکرێتو بەپێی ئەو ئاستەنگو گرێ کوێرە بابەتیانەی کە دێنە پێشەوە.

١١. ڕەویەی پێغەمبەرانە(النبوة)شتێکەو ڕەویەی پەیامهێنەرانە(الرسولية)یش شتێکی تر، ئەمەی دوەمیانە کە پێویستە شوێن پێی هەڵگرین چ لەژیانی خۆیداو چ لەدوای مردنیشی، ئەم تایبەتمەندیەیە کە پەیامی موحەمەدی لەپەیامەکانی تر جیا دەکاتەوە.

دروشمو هەڵسوکەوتەکانی و پەرستشەکانی بەشێوەیەکی ڕونو ئاشکرا چ لەڕواڵەتداو چ لە ناوەڕۆکداو بە درێژایی کات لەڕێگەی دەماودەمەوە بەشێوەی دڵنیا بەخش(التواتر الفعلی)پێمان گەشتون و ئەم پرۆسەی گەیاندنەش پەیوەندی نیە بەوکتێبانەوە کەپێیان دەوترێت کتێبەکانی فەرمودە.

بەڵام قسەکانی پێغەمبەر لەبارەی کۆمەڵگەو سیاسەتو ڕێکخستنو دابو نەریتەکانی ئەودەمەو جلو بەرگو بابەتە ڕەوشتیەکانیان کە لەژێر ناونیشانی(حكمة)دا هاتون، بریتیە لەڕەویەی(نبوي)و پەیوەستە بەو دەمەوەو هیچکات نابێتە بەڵگە بەسەر ئەم سەردەمەوەو هەرگیز مۆرکی هەتاهەتایی وەرناگرێت، بەڵام دەگونجێت سودی لێ وەربگرین بۆ بەرچاو ڕۆشنی.

هەمو قسەکانی پێغەمبەر(د.خ)ئەگەر لەڕوی مرۆڤایەتیەوە سازگار بن لەگەڵ هەلو مەرجی تازەی ژیاندا وەردەگیرێنو کاریان پێدەکرێت، بەدەر لەم بنەمایە بە قسەو بڕیاری تایبەت بەو دەمە دەدرێن لە قەڵەم.

لەم ڕوانگەیەوە ئەو کتێبانەی کە پێیان دەوترێت سەرچاوەی فەرمودە زیانیان زیاترە تاوەکو سودیان، چونکە زۆربەی ئەو هەواڵو باسو بەسەرهاتانەی کە تۆماریان کردون(ڕاست بێت یا خود نا)هەموی تایبەتن بەو سەردەمەوەو هەمووی لەڕێگەی دەماودەمی تەواو نەکراوەوە گەشتوەتە ئێمە.

هەموو ئەو قسانە ڕاستبن یاخود نا، هیچ کامیان مۆرکی هەتاهەتاییان نیەو بەڵگەش نین لەسەر کەس.

دواجار دەگەینە ئەو ئاکامەی کە زانستی(الجرح والتعديل)و(طبقات الرجال)هیچ واتایەکیان نیەو بارن بەسەرمانەوە.

١٢. خواوەند پەیامی خۆی بەوشێوەی کە پێغەمبەر بۆی ڕاگەیاندوین ناردوە بۆمان، بۆ ئەوەی پێغەمبەر وەك پەیامهێنەرێك هەستێت بە دەربڕینی ئەوەی کە بۆی دابەزێنراوە ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ﴾ المائدة/٦٧.

واتە: ئەی نێردراوی خواوەند هەستە بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە، ئەگەر وانەکەیت ئەوا پەیامەکەی ئەوت نەگەیاندوە، خواوەند لەخەڵکی دەتپارێزێت، خواوەند ڕێنمویی هۆزی کافران ناکات.

ڕاگەیاندن‌و گەیاندن‌و ڕونکردنەوە لێرەدا مەبەست پێی وردەکاری نیە وەك هەندێك والێی حاڵی دەبن، هەندێ کەس لەوەش زیاتر دەڕۆن‌و دەڵێن: ڕونکردنەوەی پێغەمبەر بێجگە لەوەی درێژەو ڕاڤەو، ڕونکردنەوەی دەقە (مجمل)ەکانە، دەشڵێن بەیانی نەبەوی سنوردارکەرو تایبەتکاری دەقە گشتیەکانیشە(تقيد المطلق).

دواتر هەندێك کەس هاتن‌و زیاتر ڕۆچون لەم بابەتەدا، تا گەشتنە ئەو ئاستەی کە بڵێین: دەسەڵاتی هەواڵ‌و ڕونکردنەوەکانی پێغەمبەر ئەوەندە زۆرە بەسەر دەقە قورئانیەکاندا کە ڕونکردنەوەو بەیانی نەبەوی لەتوانایدا هەیە حوکم بەسەر دەقە قورئانیەکاندا بدات‌و بیشیان سڕێتەوە، ئەم ڕەوتە بەردەوام بو تاگەشتە مەترسداترین ئاست کە ژیری مرۆڤ پێی گەشتبێت، ئەویش بریتی بو لەوەی

دەیانوت: ئەوەندەی قورئـان پێویسـتی بـە سـوننەو ڕەویـەی پێغەمبـەر هەیـە، ئەوەنـدە سوننەی پێغەمبەر پێویستی بە قورئـان نییـە(پاكیو بێگـەردی بـۆ خواوەنـد لـەم دەسـت هەڵبەسە)ئەمە لەكاتێكدایە كە ئێمە دەزانین بەیانو ڕونكردنەوە بریتیە لـە نەشـاردنەوەو ڕاگەیاندن ﴿وَإِذَ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلاَ تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاء ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْاْ بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ﴾ آلعمران/١٨٧.

واتە: بیرت بێت كە خواوەند بـەڵێنی لەوانـە وەرگـرت كـە پـەڕاوی ئاسمانیـان بـۆ هاتبو، بەڵێنی لێ وەرگرتن كە دەری ببڕن بۆ خـەڵكیو نـەی شـارنەوە لێیـان، بـەڵام ئـەوان بەڵێنەكـەیان پشـت گـوێ خسـتو بـەنرخێكی كـەم فرۆشـتیانو سـەودایەكی خراپیان كرد.

﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيراً مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَـابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ قَدْ جَاءكُم مِّنَ اللّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ﴾ المائدة/١٥.

واتە: ئەی ئەو كەسانەی كە پەڕاوی ئاسمانیتان لایـە نێـردراوو پێغەمبـەری ئێمـە هاتوەتە لاتان بۆ ئەوەی زۆرێك لەو پەیامەی كە لاتانەو شـاردوتانەتەوە بۆتـان ڕون بكاتەوەو لەزۆرێكیش خۆش دەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە دەردەكـەوێت كـە ڕۆڵـی پێغەمبـەر وەك نێردراوێـك لەڕاگەیانـدنی دابـەزێنراوی بـەجێو پـەیامی ئاسمانیـدا ئەوەیـە كـە ئـەو پەیامـە دەرببڕێـتو نـەی شارێتەوەو ڕای بگەیەنێتو بڵاوی بكاتەوە لەناو خەڵكدا.

پێغەمبەر(د.خ)هەروەك چۆن هـیچ چەشـنە پەیوەنـدیو ڕۆڵێكـی نـەبوەو نیـە بـە نـاوەڕۆكی فەرمانـەكانی ئـەو پەیامـەوە كـە بـۆی دابـەزیوە، بەهـەمان شـێوە هـیچ چەشـنە ڕۆڵو كاریگەریەكیشـی نـەبوە لـە داڕشـتنی دابـەزێنراوی بـەجێو پـەیامی ئاسمانیـدا، كـرداری دابەزانـدنیش لەلایـەن خواوەنـدەوە بـوەو بـە ئامـادەكراویو داڕێژراوی بۆی دابەزێنراوە.

كەواتە ئێمە ئێستا لەبەردەم دەقێكی ئەو تۆداین كە خواوەند بە نیگاو سروش بۆی ناردوینو دارشتنەكەشی لەسەر ئەم شێوازەی كە پێغەمبەر(نطق)ی كردوەو رای گەیاندوە هەر لەلایەن خواوەند خۆیەوە بوەو دابەزێنراوەتە سەر پێغەمبەرو ئەركی ئەویش وەك نێردراوێك(لەراگەیاندنیدا بۆ خەڵكیو رونكردنەوەو نەشاردنەوەی بە وردو درشتیەوەو لەجارداو گەیاندنی بەشێوەیەكی رونو ئاشكراو بەبێ زیادو كەمو دەربرینی رێو رەسمەكانیو گەیاندنی حوكمو فەرمانەكانی پەیامەكەدا)رونیكردوەتەوە.

موحەمەدیش چ وەك پێغەمبەرێكو چ وەك پەیامهێنەرونێردراوێكیش بە جوانترین شێوە بە ئەركی سەرشانی خۆی هەستا.

ئەو بیرۆكەیەش كە دەڵێت: موحەمەد هەستاوە بە راڤە كردنی قورئان راست نیە.

ئەگەر سەیری سورەتە درێژەكانی قورئان بكەین وەك سورەتەكانی(الأنعام، هود، یوسف، یونس) دەبینین پێغەمبەر (د.خ)لەراڤەی ئەم سورەتانەدا هیچی نەوتووەو ئەگەریش وتبێتی لەچەند وشەیەك تێ ناپەرێت، ئەم راستیەش پەیامهێنەرایەتی ئەو زاتە دەسەلمێنیو رونی دەكاتەوە كە ئەو كۆتا پێغەمبەرە نەك دانەری قورئان.

١٣. ئەو ئایاتانەی كە لەبارەی یاسا سازیەوە هاتونو تایبەتمەندیەكی گشتی لەخۆ دەگرن(ئەمە ئەوەیە كە پێی دەڵێن شەریعەتی ئیسلامیی)ئەمە شتێكەو ئەو فیقهە ئیسلامیەش كە رەنگدانەوەی هەلو مەرجێكی تایبەتو بۆ سەردەمێكی دیاریكراو لەمێژودا نوسراوە شتێكی ترە.

چونكە شەریعەتی ئیسلامیی خواییەو لەلایەن خواوەندەوە هاتوە، بەڵام فیقهی ئیسلامیی مرۆڤانەیەو دەسكردی چەند كەسانێكی دیاریكراوەو پەیوەستە بە كاتو ساتێكی دیاریكراوەوە لەهەلو مەرجێكی دیاریكراودا، بەبێ جیاكردنەوەی ئەم دو

چــەمکەو ئــەم دووبابەتــە لەیــەکترو ڕەچــاوکردنی لــەدەربڕین و لێکۆڵینــەوەو هەنگاوەکانماندا هیچ هیوایەك بەدی ناکەین لەتێپەڕاندن و دەربازبون لەو چەق بەستنەی پێوەی دەناڵێنین، کورتەی باسەکە خۆی لەوەدا دەبنێتەوە کە پێویستە بزانین ئیسلام خواییەو فیقهی ئیسلامیش کارو بەرهەمی مرۆڤەکانە، لێرەوە تێدەگەین لەجیاوازی نێوان ئیسلام و مێژوی موسڵمانان.

ئیسلام بریتیە لە دابەزێنراوی بەجێ و پەیامی ئاسمانی، بەڵام مێژووی موسڵمانان کارلێکی مێژویی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە لەگەڵ ئەو دابەزێنراوەدا، واتە: هەر سەردەمەو بۆ خۆی لەڕابوردو ئێستاو داهاتودا لەو پەیامە ئاسمانیە دەڕوانن و بەپێی هەل و مەرجی ژیانیان کارلێکی لەگەڵدا دەکەن.

ئەگەر بێتو ئێمە بەو شێوەیە بڕوانینە ئەو فیقهە ئیسلامیەی لە بەردەستماندایە کە ئەم فیقهە ئیسلامیە یەکەم خوێندنەوەو یەکەم تێگەیشتنی شیکاری و یەکەم دەستنیشانکردن و ڕاڤەکردن بوە بۆ دەقەکان و فەرمانەکانی پەیامی ئاسمانی، لەوێوە ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە کە ئێمەش دەسبدەینە خوێندنەوەی دوەم بۆ ئەو پەیامە.

ئێمە ئێستا لەسەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکداین و بۆ خۆمان چەندین پێشهاتی تازەو خواستی جۆراوجۆرمان هەیەو لەبەردەم گەشەسەندنێکی گەورەی مەعریفی و زانستی ئەو تۆداین کە سەریان کێشاوە بۆ شکاندن و بەزاندنی ئەو بناغە فیقهیانەی کە هەمانە، لەڕاستیشدا ناتوانین گەشە بکەین تاوەکو ئەو بناغەوستراکچەرە دێرینانە نەبەزێنین.

لەوەش زیاتر پێویستە نەوەکانی دوای ئێمەش خوێندنەوەی سێیەم و چوارەمیشی بۆ بکەن.. هەتا ڕۆژی دوایی.

١٤. ئەگەر زانایانی(أصول)تەنها بەشێوەیەكی تیۆری دانیان نابێت بە بنەمای گۆڕانی حوكمو فەرمانەكان بە گۆڕانی كاتەكان(تغیر الأحكام بتغیر الأزمان) ئەوا ئێمەش پشتیوان بەخوا دان بەهەمان بنەمادا دەنێین چ بەشێوەی تیۆریو چ بەشێوی كرداریو پراكتیكی.

زیاد لەوەش ئێمە ئەوە زیاد دەكەین بۆ ئەو بنەمایە كە فەرمانو حوكمەكان بەپێی گۆڕانو گەشەی زانستیو مەعریفیش دەگۆڕێن.

بەلاتانەوە سەیر نەبێت كە لەبەر ڕۆشنایی گەشەی زانستی بیركاریو ڕیازیاتداو لەدرێژەی پرۆسەی خوێندنەوەی هاوچەرخماندا بگەینە ئاكامی ئەو تۆ كە خوێندنەوەی تازە بۆ ئایەتەكانی میرات بكەین، بەشێوەیەك كە ئاكامەكان جیاواز بن لەو ئاكامانەی كە لەسەدەی هەشتەمی زاینیدا زانایانمان پێی گەشتون.

مەسەلەكە لەبنەڕەتدا مەسەلەی زیرەكیو تەمەڵی نیە، هەروەها مەسەلەی لەخواترسانو پارێزكاریو پێچەوانەكەی نیە.

بەڕاشكاوانەو بێ پەردە مەسەلەكە پەیوەندی بە چەند گرفتو هەلو مەرجێكەوە هەیە كە ئێمە ڕوبەڕو دەكاتەوە لەگەڵ سیستمێكی مەعریفیدا كە لەسەری وەستاوین.

لێمان گەڕێنو لێمان ببورنو بهێڵن با ئێمە لەم سەردەمەدا شتێك ببینین كە پێشینانمان نەیانتوانیوە ببینن، هەروەها نەوەكانی دوای ئێمەش لەو پێگە مەعریفیو زانستیانەوە كەپێی ئەگەن، ئەوانیش شتانێك ببینن كە ئێمە ئێستەو لەم ئاستە مەعریفیەو سیستەمە باوەماندا نای بینین.

١٥. لەو ڕوانگەیەوە كە شەریعەتی ئیسلامیی بەو پێیەی كە پەیامێكی خواییە، تایبەتمەندیەكی شارستانیو مرۆڤ دۆستانەی هەیە، لەوێشەوە پەیامو ئاینێكی

پوختەو سازگارە لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکانداو ڕێگە بە ڕاو ڕای جیاوازو فرە بۆ چونی لەیەك بابەتدا دەدات.

بەهەمان شێوە بنەمای سەرەکیو گشتی دارشتووە بۆ دیاردەکانی هەڵبژاردنو ئەنجومەنەکانی یاسادانانو هەڵوەشاندنەوەی فەتواو ئەنجومەنەکانی بڕیاردانو هێشتنەوەی دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنو دەستانە تەنها لەبواری ڕێوڕەسمە ئاینیەکاندا.

# بەشی دووەم

## ڕێبەری تێگەیشتن لەو دەستەواژانەی کە لە دابەزانراوی بەجێدا هاتون

**الكتاب**: سەبارەت بە موحەمەد پێغەمبەر(د.خ): بریتیە لەکۆی ئەو بابەتانەی کە لەڕێگەی وەحیو سروشو نیگای ئاسمانیەوەو بەشێوەی ئایەتو سورەتەکانو لەدوو توێی پەڕاوێکدا لەسەرەتای سورەتی (الفاتحە)وە تا کۆتایی سورەتی(الناس) هاتوە بۆ موحەمەد پێغەمبەرو ئەم پەڕاوەش هەم پەیامو هەم پێغەمبەرایەتیش لەخۆ دەگرێت، واتە: (الكتاب)کۆی ئەم بابەتانەیەو ئێمەش لەم نوسینەماندا ڕستەی دابەزێنراوی بەجێ (التنزيل الحكيم)مان بۆ بەکار هێناوە.

سەبارەت بە موساو عیسا(س.خ) تەنها بریتیە لەئایەتەکانی(أحكام)یاخود ئەوەی کەپێی دەڵێن شەریعەت، پەڕاوی موسا واتە: شەریعەتی موسا، ئەم شەریعەتەی موساش بەشێوەی گوزارەو بەنیگای ئاسمانی نێردراوە بۆ موحەمەد پێغەمبەر و دواتر لەلایەن خەڵکەوە نوسراوەتەوە.

**القرآن**: بریتیە لەکۆی ئایەتە(متشابهات)و لەیەك چوەکان، باس لەبارەی ئەو یاسا گەردونیانەوە دەکەن کە ئەستێرەو هەسارەو بومەلەرزەو باو بارانو ئاوو سەرچاوە ئاویەکانو ڕوبارو دەریاکان بەڕێوە دەبەنو قسە لەبارەی ئەو یاسایانەوە دەکەن کە لەمێژودا پەیڕەو کراون لەکۆمەڵگەکانداو کاریگەریان بوە لەسەر سەرهەڵدانی گەلانو لەناوچونیان، قسە لەبارەی نهێنیەکانی ڕابردوو بونەوەرو دروستکردنی مرۆڤو هەواڵو سەرەنجامی گەلو نەتەوە لەناوچوەکانەوە دەکەن، کۆی ئەم باسانەش پێیان دەوترێت تێزە قورئانیەکان، هەروەها لەبارەی نهێنیو شاراوەکانی داهاتووەوە قسە دەکەن، بەرپابوونی ڕۆژی دواییو فوکردن بە(صور)و لێپرسینەوەو بەهەشتو دۆزەخ.

**السبع المثانی**: بریتیە لەو بڕگە دەنگیانەی كەلەسەرەتای سورەتەكانەوە هـاتون، وەك:(ألم، المص، كهیعص، حم، طسم، یس، الر...)كەلـەیانزە بڕگـەی دەنگـی پێك دێــنو كــۆی ئـــەم بڕگانـــە دەبنـــە خـــاڵی هاوبـــەش لـــەزمانی مرۆڤەكانـــدا، پێغەمبەریش(د.خ)بەناوی(جوامع الكلم)ئاماژەی بـۆ كـردون، هـەروەها دابـەزێنراوی بەجێ بە دەستەواژەی(أحسن الحدیث)ئاماژەی بۆ كردون، كۆی ئەم بڕگە دەنگیانـە لەگەڵ ئایەتە لێكچوەكاندا(المتشابهات)، (القران)پێك دەهێـنن كەبریتیـە لە(پـەڕاوی پێغەمبەرایەتیو هەر ئەم دوانەشن كە بونەتە بەڵگەی بـەهێزی(الاعجاز والتحدی)بێ وێنەییو هێمای خۆڕاگریو مەیدان بازی قورئان لەگەڵ نەیارانیدا.

**التوراة**: پـەڕاوی پێغەمبەرایـەتی موسـا، كەبابەتـەكانی سـەبارەت بـە بونـەوەرو چیرۆكو بەسەرهاتەكان لەخۆ دەگرێتو هیچ حوكمو فـەرمانێكی تێدا نیـە، حـوكم و فەرمانەكان بەشێوەی سەربەخۆو لەدوتوێی تابلۆكان(الالواح)دا دابەزیون و پێشـیان دەگوترێـت دە ئامۆژگاریەكە(الوصـایا العشـر)كۆی پەڕاوەكەشـی پێـی دەوترێـت شەریعەتی موسا.

**الإنجیل**: پەڕاوی پێغەمبەرایەتی عیسا، هیچ چەشـنە فـەرمانو حـوكمێكی لـەخۆ نـەگرتوە، چـونكە شـەریعەتی عیسـا هـەمان ئـەو فەرمانانـە لـەخۆ دەگرێـت كـە لەشەریعەتی موسادا هەبون، لەگەڵ هەندێ هـەمواركردنو زیـادو كـەم كردنـدا. بـەم پێیە دەردەكەوێت كە(قورئانو تەوراتو ئینجیل پەڕاوی پێغەمبەرایەتین).

**الفرقـان**: لـەلای موسـاو موحەمـەد(س.خ) بریتیـە لە(دە)ئامۆژگاریەكـەو لـەلای عیسـاش بریتیـە لەحیكمـەت و دانـایی، لەدابـەزێنراوی بەجێشـدا بریتیـە لەڕێگـە ڕاستەكە(الصراط المستقیم)و ئەم واتایـەش لەقورانـدا هـاتوەو پـاش دەربڕینـی نـاو كرۆكی پەیامە ئاسمانیەكانی پێشتر دەڵێت: ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ الانعام/ ١٥٣.

واتـە: ئەمـە ڕێگـەی ڕاسـتی منـە شـوێنی کـەون و شـوێن هـیچ کـوێرە ڕێگـەیـەك مەکەون با ڕێگە ڕاستەکەتان لیّ هەڵەنەکات هەر ئەمەیە کـە ڕاسـپاردەتان بـۆ کـراوە لەسەری، بۆ ئەوەی پارێزکاربن.

**اهـل الکتــاب**: بـریتین لەجولەکـەو لـەگاورەکان، پـەڕاوی پیرۆزیـش بـە هـەردو بەشــەکەیەوە(العهد القـدیم والعهـد الجدیـد) پێـك دێـت لــە: الکتاب(شــەریعەت)+ الحکمة(ئامۆژگاریەکان)+تەورات(پێغەمبەرایەتی موسـا)+ ئینجیـل ( پێغەمبەرایـەتی عیسا).

**الحدیث**:بریتیە لەهەواڵی هەموو ئەو ئایەتانەی کە لەبارەی ڕوداوەکانی بونەوەرو مرۆڤایـەتیـیـەوە هـاتوون بەهـەموو ئـەو ڕوداوانـەوە کـە لـەڕابردودا ڕویـان داوەو ڕۆشـتون، یـاخود ئـەو ڕوداوانـەی کـە لەسـەردەمی پێغەمبـەردا ڕویانـداوە وەك جەنگەکانو کۆچو...هتد.

ئەم ئایەتانەش هیچ چەشنە حوکم وفەرمان و یاساو شەریعەتێکیان تێدانیە.

**الذکر**: بریتیە لەو داڕشـتنە زمانەوانیـەی کـە لەلایـەن پێغەمبـەرەوە دەربـڕراوەو هاتوەتە وتنو هەموو ئایەتەکانی دابەزێنراوی بـەجێ لـەخۆ دەگریـتو خوێندنـەوەو دوبارەکردنەوەی پەرستشەو مـرۆڤ ئەگـەر لێشـی تـێ نـەگات هـەر بـۆی دەنوسـرێت لەدەورکردنەوەیدا، ئەمەش بریتیە لەو داڕشتنە زمانەوانیەی کـە خواوەنـد پـەیمانو بەڵێنی پاراستنی داوە، ئایەتە جێگیرو(محکم)ەکـان: بـریتین لەئایەتـەکانی پـەڕاوی پەیامداری(الرسالة)کە حوکمو فەرمانو سزاکانو دروشـمو مەشـخەڵە ئیسـلامیەکانو بەها بـەرزەکان یـاخود هـەموو ئـەو ڕێسـاو یاسـاو ڕێو شـوێنانە لـەخۆدەگرێت کـە لەدابەزێنراوی بەجێدا بـەناوی(ام الکتـاب)ەوە هـاتونو بـەهۆی ئـەم ئایەتانەشـەوە موحەمەد(د.خ)بوەتە پەیامهێنەر (الرسول).

ئایەتە لێكچوەكان(المتشابهات): بریتین لەئایەتەكانی قورئان + (السبع المثانی) كەڕاڤەی یاساكانی بونەوەرو ژیانی مرۆڤایەتی دەكەن، بەهۆی ئەم ئایەتانەوە موحەمەد بوەتە پێغەمبەر(النبی)ئەم ئایەتانەش هەمویان دەكرێ لێكدانەوەی جیاجیایان بۆ بكرێتو مرۆڤ سەرپشك كراوەو(إختیاری)دراوەتێ لەبەرانبەریانەوە.

**تفصيل الكتاب**: هەمو ئەو ئایەتانە دەگرێتەوە كە لەدەرەوەی بازنەی ئایەتە جێگیرو موحكەمەكانەوەن(واتە: نە فەرمانو نەڕێگیری لەخۆ ناگرن).

لەدەرەوەی بازنەی لێكچوەكانەوەن(المتشابهات)واتە:(هیچ یاساو ڕێسایەك لەخۆ ناگرن)و ئەم ئایەتانە وێناكردنێكی بەرین لەخۆ دەگرن بۆ دابەزێنراوی بەجێ، وەك فەرمودەی خواوەند كە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ﴾ البقرة/ ٢.

واتە: گومانی تێدا نیە كە ئەم پەڕاوە ڕێنماییە بۆ پارێزكاران.

هەروەها فەرمودەی خواوەند﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ یوسف/٢.

واتە: ئێمە پەیامی ئاسمانیمان بەشێوەی زمانی عەرەبی ناردە خواردەوە تا بەشكوم بیرێك بكەنەوەو بگەڕێنەوە بۆ لای ژیریتان.

ئەم چەشنە ئایەتانە ڕاستەوخۆ لەلایەن خواوەندەوە هاتون، نەك لە(لوح المحفوظ)ەوە .

**كتاب المبين**: بریتیە لەكۆی ئایەتەكانی كەباس لەچیرۆكە قورئانیەكان دەكەن، جا چ بەسەرهاتو باسی هەواڵەكانی ڕابردو بێت یاخود باسی ڕوداوو هەواڵەكانی سەردەمی دابەزینی پەیامی ئاسمانیو سەردەمی پێغەمبەرایەتی بێت.

**الانزال**: (دابەزاندن)برتیە لەگواستنەوەی زانراوێك لەشێوەیەكەوە كە لەتوانای مرۆڤدا نیە لێی تێبگات بۆ شێوەو دۆخێك كە مرۆڤ بتوانێت لێی تێ بگات، سەبارەت بەدابەزاندنی قورئان ئەم گواستنەوەیە یەك جارو لەیەك گوژمدا ئەنجام دراوە.

**التنزيـل**: (بـە دابەزێنراوکردن)بریتیـە لەگواسـتنەوەو قەڵـەم بـازێکی بابـەتی لـــەدەرەوەی ئـــاوەزی مرۆڤـــدا، کـــە لـــەماوەی بیســـت وشـــەش ســـاڵدا پرۆسەی(بەدابەزێنراوکردنی دابەزێنراو)ئەنجام دراوە.

لەپەیامی ئاسمانیـدا دابەزانـدنو بەدابـەزێنراوکردن هاوشـانی یـەك بـون، چـونکە کردارەکە لەلایەن خواوەندەوە ڕاستەوخۆ بەڕێوەچوە.

**ليلة القدر:** ئەو شەوەیە کە کرداری دابەزاندنی تێدا ئەنجام دراوە بۆ(دابەزێنراوی بەجێ)دوای ئەوەی کەبەعەرەبی کراوە، واتە: وای لێکراوە کەمرۆڤ بتوانێت لێی تـێ بگاتو پەی بە ناوەڕۆکەکەی بەرێتو ڕاشی گەیـەنێت﴿لَيْلَـةُ الْقَـدْرِ خَيْـرٌ مِـنْ أَلْـفِ شَهْرٍ﴾

**الربوبية**: بریتیە لەیەکێك لەو دو پێگـە بوڵنـدەی خواوەنـد کـە سـێهەمیان نیـە، چونکە پەروەردگاری هەموو خەڵکە بیانـەوێتو نەیانـەوێت هـەر ئـەو زاتـە خـاوەنو دروستکەرو ڕۆزی دەریانە.

پەیوەندی خواوەندی پەروەردگاریش لەگەڵ بەندەکانیدا پەیوەندیەکی چڕو پڕی ئەو تۆیە کە بواری هەڵبژاردنو (إختيار)ی تێدانییە.

پەڕاوی پێغەمبەرایەتی(القرآن)بەخۆیو یاساکانی بونەوەرو مرۆڤـەوە لـەم پێگـەو مەقامە بەرزەوە هاتوە.

هـەر لەهـەمان پێگـەی بەرزەوەیـە کـە نـاوە جوانـەکانی وەك ڕۆزیـدەرو ژیێنـەرو مرێنەریش هاتون، کە یەکەمیان (الرحمن)ە.

پـەروەدگاریش ئـەو زاتەیـە کـە نـزای بـۆ لادەبرێـتو داوای لێ دەکرێـت، چـونکە خاوەنی ڕاستەقینە هەر تەنها ئەوە.

**الألوهية**: بریتیە لەپێگەو مەقامی دوەمی زاتی بالاّ دەستن، ئەگەر پێگەو مەقامی پەروەردگاریەتی پەروەدگار بۆ هەموو دروستکراوەکان بێت، ئەوا دڵنیاین کەپێگەی دوهەم(الألوهية)تایبەتە بەمرۆڤی خاوەن ژیریو هۆشمەندەوە (العاقل).

لەم پێگەوەیە کە پەیامی حوکم و فەرمانەکان(الاحکام)هاتوەو گوێڕایەڵیو سەرپێچی لەخۆ دەگرێت.

هەر لەم پێگەیەشەوەیە کە ناوە پیرۆزەکانی وەك(الغفور، الغفار، التواب)هاتون، لەو ناوانەشەوە ئاماژەیەك بەدی دەکرێت لەنێوان مرۆڤو خواوەندداو پێویستە مرۆڤ مل بەو ڕاستیە بداتو ملکەچی فەرمانەکانی ئەو بێت.

(الله) هەروەك چۆن خاوەنو خواوەندو پەروەدگاری موحەمەدە، بەهەمان شێوە خاوەنو خواوەندو پەروەدگاری (ئەبولەهەب)یشە.

بەلاّم پەرستراو(إله)ی موحەمەد، نەك هی ئەبولەهەبیش، چونکە ئەبولەهەب دانی بەپەرستراویو(إلوهيە)تی خواوەنددا نەدەنا.

**الرّحمن**: ناوی پەروەدگاریەتی خواوەندەو دژبەیەکی تێدایە، چونکە (الرحمن)هەروەك چۆن خاوەنی سۆزو بەزەییە لەهەمان کاتیشدا تۆڵەسێنەری بەتواناشە.

(الله) ترۆپکی پەرستراویو(الوهيە)تە.

(الرحمن)ترۆپکی پەروەدگاریو(الربوبيە)تە.

هەردوکیان جێگەی ئومێدو هانا بۆ بردنو داوالێکردنن لەلایەن مرۆڤەوە ﴿قُلْ ادْعُوا اللَّهَ أَوْ ادْعُوا الرَّحْمَانَ أَيًّا مَا تَدْعُوا فَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى﴾ الاسراء ١١٠.

واتە: بڵێ هانا بەرن بۆ(الله)یاخود بۆ(الرحمن)هانا بۆ هەرکامیان ببەن ئەو خاوەنی ناوە جوانەکانە.

**اللوح المحفوظ**: تـابلۆی پـارێزراو، بریتیـه لـەپرۆگرامی ئـەو یاسـا چـڕوپڕانەی کـه کاروباری بونەوەر ڕێك دەخەن، ئەم پرۆگرامه دوعاو نزاکردن‌و پاڕانـەوه ڕۆڵـی تێـدا نابینێـت‌و هـیچ کـام لـەو یاسایانەشـی کـه لـەخۆی گرتـون لەبـەر خـاتری کـەس گۆرانکارییان بەسەردا نایەت.

**الإمام المبین**: بریتیـه لـەو دۆسـیەو ئەرشـیفیەی کـه هـەموو ڕوداوه مێـژوییی‌و مرۆڤایەتیەکان چ تاکه کەسی‌و چ کۆمەڵ بن لەخۆ دەگرێت.

پـەڕاوی ڕون‌و ئاشـكرا(الكتاب المبین)یش هـەر لـەم دۆسـیەیەوه هـاتوەو هـەموو چیرۆك‌و بەسەرهاته قورئانیەکان لەخۆدەگرێت، هەموو ڕوداوو بەسەر هاتەکان پاش ئـەوەی کـه ڕودەدەن‌و دێنـه جیهـانی بونـەوەو بەرجەسـته دەبـن، لـەم دۆسـیەیەدا بەپێی ڕیز بەندی‌و یاسای تایبەت هەڵدەگیرێن.

(القـرآن)یـش بۆیـه پێـی دەوترێـت قورئـان چـونکه زانیاریـەکانی نـاو(الإمـام المبین)بەراورد دەکات بەزانیاریەکانی ناو (لوح المحفوظ).

**االعرش**: بریتیه لەفەرمان‌و ڕێگریەکانی خواوەندو هیچ چەشـنه واتایـەکی جێگـەو شوێن لەخۆ ناگرێت.

**الكُرسی**: بریتیـه لـەزانیاری‌و زانراوەکـانی پـەروەردگاری جیهانیـان، عەرشـیش لەسەروی کورسـیەوەیه، بەشـێوەیەك کـه فـەرمان‌و ڕێگـری بـەهیچ‌و لـەهیچ شـتێك ناکرێت، تەنها لەوشتانه نەبێت که لەچوارچێوەی فەرمان‌و ڕێگری لێ کردندان.

**نفـخ الصـور**: بریتیـــه لـــەخێراکردنی ئـــەو گۆڕانکاریانـــەی کـــه لـــەڕێڕەوی گۆرانکاریەکانی سیستمی بونەوەردا ڕودەدەن.

**السـاعة**: بریتیـه لەتەقینـەوەی بونـەوەر لـەئاکامی ئـەو خێـرا کردنـەدا کـه لـه گۆڕانکاریەکانی سیستەمی بونەوەردا دەکرێت، چرکەساتی بـەرپابون‌و ڕودانـی ئـەم تەقینەوەیـەش تـەنها لـەلای پـەروەردگاری جیهانیانـه، ئـەم چرکەسـات‌و ڕوداوه گەردونیه نەکراوەته پرۆگرام لەتابلۆی پارێزراو(لوح المحفوظ)دا.

**الفـؤاد**: ئـاوەز: بریتیـە لـەو پـەی پێبردنـەی کـە لەڕێگـەی هەسـتەوەرەکانەوە (بەتایبەت هەستەوەری بیستن‌و بینین) شـتەکان دەستنیشـان دەکـات، بەواتایـەکی تر بریتیە لەمادەی خاوی بیرو فیکر.

**الفکر**: بیر، بریتیە لـەکرداری شـیکاری ئـەو هەسـتپێکراوانەی کـە لەلایـەن ئـاوەز (الفؤاد)وە پێی دەگات.

**العقل**: بریتیە لەپەیوەسـتکردنی هەسـتپێکراوەکان‌و دواتـر پـاش شـیکارکردنیان هەڵگۆزینی ئاکامەکان لێیان.

**العدم**: نەبوون، ئاماژەیەکە بەبێ ئامـاژە بـۆ کـراو، دروسـتکردنی بـون لەنـەبون، واتە: بون لەزانستی خواوەنددا ئاماژە گەلێکە بەبێ هیچ ئاماژە بۆ کراوێك.

ڕسـتەو وشـەکان(کلمات)ی خواوەنـد بـریتین لـەبون، هـەروەها بـریتین لەبەرابـەر بون‌و هاوتا بونی ئاماژە لەگەڵ ئاماژە بۆکراودا.

مەعرفەو زانستی تێرو پڕو تەواویش لەلایـەن خواوەنـدەوە بریتیـە لـەهاوتا بـون‌و پڕاوپڕبونی هەموو ئەگەرەکانی ئاماژەکان لەگەڵ ئاماژە بۆ کراوەکاندا.

بۆیە خواوەند بەبێ بەکارهێنانی چاو دەبینێت، بـەبێ بـەکارهێنانی هەسـتەوەری بیستن(گوێچکە)دەبیسـتێت، چـونکە چـاوو گوێچـکە ئـامرازی دەسـت خسـتنی مەعریفـەو زانسـتن، بـەڵام خواوەنـد کـە زاتـی خـاوەن مەعریفـەو زانسـتی ڕەهـاو تێروتەواوە، هەرگیز پێویستی بەئامرازی مەعریفی‌و زانستی نابێت.

لەهەمان ڕوانگەوە ڕێسا داماڵراو(مجرد)ەکـانی بیرکـاریی(الریاضـیات)گونجـاوترین گــوزارەن لەنــەبون، بەهــەمان شــێوەو بەوپێــەیی کــە زانســتە موجــەڕەدو پاکتاوکراوەکـانی بیرکـاریی پێشـینەترن بەسـەر زانسـتی فیزیـاداو لێرەشـەوە ئـەو ڕاستیەمان بۆ پشتڕاست دەبێـتەوە کە نەبون پێش بون کەوتوەو بونی بونـەوەریش ئەزەلی نیەو هەتاهەتاییش نابێت بەڵکو تازەیەو دروستکراوە.

**القلب**: ئامرازی ژیریەو، بریتیە لەدەماغ، لەهەموو ئایەتەكانی دابەزێنراوی بەجێدا شتێك نیە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی كە لەبەكارهێنانی وشەی(القلب)دا مەبەست پێی ئەو پارچە ماسولكەیە بێت كە خوێن هەڵئەدات بۆ هەموو جەستە.

**القضاء**: بریتیە لەجوڵەیەكی بەئاگایانە لەنێوان نكوڵی لێكردنو پشتڕاستكردنەوەدا لەچوار چێوەی بڕیارێكی كارگێڕی ئاگایانەدا، ئەمەش بەدی ناكەین تەنها لەپەڕاوی فەرمانەكان(الاحكام)دا نەبێت، واتە: بەشی پەیام (الرسالة).

**القدر**: بریتیە لەبونێكی بابەتی بۆ شتەكانو بۆ یاساكان لەدەرەوەی بازنەی ئاوەزو ئاگایی مرۆڤدا، ئەمەش بەدی ناكەین تەنها لەقورئان(زانستەكانی پێغەمبەرایەتی)دا نەبێت، كە بریتیە لە ڕستەو وشەكانی خواوەند(كلمات الله).

**الإسلام**: بریتیە لەباوەڕهێنانو خۆبەدەستەوەدانو خۆڕادەستكردن بەبونی خواوەندو بونی ڕۆژیی دوایی.

ئەم باوەڕ هێنانەش ترۆپكی خۆپارێزیە، شایەتیدانو دەربڕینی ئەو ڕاستەیش كە هیچ پەرستراوێك بێجگە لەخواوەند نیە(لااله الاالله)بەڵگەی ڕێگەپێدانە بۆ چونە نێو ئیسلامەوە.

پایەكانی ئەم ئیسلامو باوەڕ هێنانەش بەخوایەتی خواوەند، بریتین لەپابەند بونو خۆپاراستن لەو قەدەغە كراوانەی كە بەدیاری كراوی لەدابەزێنراوی بەجێدا خراونەتە ڕو، لەنێوان ئەوانیشدا دە ئامۆژگاریەكە(الفرقان)كە لەچەند ئایەتێكی سورەتی(الانعام)دا هاتون[٤].

---

(٤) وەك ئایەتەكانی (١٤٧- ١٥٣) .

**الإيمـــان**: باوەڕهێنـــان، بریتیـــە لـــەدان پێـــدانانو پشـــت ڕاســـتکردنەوەی پێغەمبەرایـــەتی پێغەمبـــەرانو پەیامـــەکانی پەیامهێنـــەران(س.خ) هەرکەســـەو لەسەردەمی خۆیدا.

دەگونجێت هەندێ موسوڵمان بن کە پێغەمبەرایەتی یەکێك لەپێغەمبـەران پشت ڕاست بکەنـەوەو بـاوەڕی پـێ بهێـننو لەسـەرو ئەوەشـەوە باوەڕیـان بـەخواو ڕۆژی دوایش هەبێت، ئەم چەشنە کەسانە دەبنـە موسـوڵمان(٥)، بـەڵام نابنـە موسـوڵمانی بـاوەڕدار تـاوەکو بـە تەنیشـت ئـەم باوەڕەیانـەوە، باوەڕیـان بەپێغەمبەرایـەتی موحەمەدیش ببێت و شایەتیش بدەن کە موحەمەد پێغەمبەری خوایە.

پایەکانی ئەم پشت ڕاستکردنەوەی پێغەمبەرایـەتی موحەمـەد(د.خ)و باوەڕداریەتیـە، بریتین لەجێبەجێ کردنی دروشمە ئیسلامیەکان(نوێژ، زەکات، ڕۆژو، حەج).

**المسلمونَ المُؤمنونَ**: موسوڵمانانی باوەڕدار: ئـەو کەسـانەن کـە هـەردو شـایەتیەکە دەدەن واتە: (اشهد ان لا اله الا الله)و (اشهد ان محمد رسول الله)بەیەکـەمیان دەبنـە موسوڵمانو بەدوەمیشیان دەبنە باوەڕدار.

**المجرمـون**: سـتەمکارە گـەورەکان، ئەوانـەن کـە هـەمو پەیوەندییـەکانیان لەگـەڵ خواوەندا پچڕاندوەو نکوڵیش لەبونی ڕۆژی دوایی دەکەن.

ئەمانـــە ئـــەو کەســـانەن کـــە لـــەم ســـەردەمەدا پێیـــان دەڵـــێین: نکـــوڵی کارەکان(الملحدون) ﴿قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ﴾ واتە: لەڕۆژی دوایدا خۆیان دەڵێن: لەبـەر ئـەوە لەدۆزەخـداین چـونکە هـەموو پەیوەندیـەکانمان لەگـەڵ خواوەنـددا پچڕاندبو.

---

(٥) لەدیدی نوسەرەوە کە لەبابەتەکانی پایەکانی ئیسلام و پایەکانی ئیماندا باسی دەکات، موسوڵمان جیایە لەباوەڕدار . ( وەرگێڕ)

**الكفر**: بريتيـە لەهەڵوێسـتێكى ئاشـكراى بـە ئاگايانـەو بـە مەبەسـتەوە دژ بەشـتێكى ديارِيكراو، واباوە كە ئەم دەستەواژەيە زياتر لەبارەى بيروباوەرِەوە بەكار بهێنرێـت، كـافر بە پەروەردگار بەو كەسە دەڵێن: كە نكوڵى لەبونى خواوەند بكات، كـافرو بێبـاوەرِيش بـە پێغەمبەرايەتى موحەمەد(د.خ)بەو كەسـە دەڵـێن: كـە هـەوڵى بـە درۆخسـتنەوەى خـۆىو پەيامەكەى بداتو خەڵكيشى لەدژ هان بداتو پيلانى لەدژ بگێرِێت.

كـوفريش قسـەيەكەو دەكرێـت، تەنانـەت لەشـەرِو جەنگەكانيشـدا هـەر لايـەو بـە بەرانبەرەكەى دەڵێت: كافر.

**الشرك**: هاوەڵ برِياردان: بريتيە لەوەى كە مرۆڤ هاوبەشو شـەريكێك دابنێـت بـۆ خواوەندو لەپەرستشو هانا بۆ بردنيدا هاناى بۆ ببـاتو پەرستشـى بـۆ بكـات، وەك چۆن بۆ خواوەندى دەكات.

لەهاوەڵ برِياردانـدا مەرج نيە هەڵوێستەكە ئاشكراو راگەيـەنراو بێـت، بـەڵكو بـۆى هەيە كەسێك لەدڵەوە(موشريك) بێتو كەسيش پێى نەزانێت بێجگە لەخواوەند.

هاوەڵ برِياردان بۆ خواوەند چەندين شێوەو شێوازى هەيە كە خراپترينيان بريتيە لەبرِياردان بە هاوتايەك بۆ خواوەند كە بە(شرك التجسيد)ناو دەبرێتو لـەم ئايەتـەدا ئاماژەى پێكـراوە ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَـاءُ وَمَـنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا﴾ النساء/٤٨.

واتە: دڵنيابن خواوەند لەتاوانى هـاوەڵ برِيـاردان بـۆى خـۆش نابێـتو لـەخوار ئـەوەوە لەهەمو شتێك خۆش دەبێت بۆ هەركەسێك كە ويستى لەسەرى ببێت، چونكە ئەوكەسـەى هاوەڵ بۆ خوا برِيار دەدات درۆو تاوانێكى گەورەو بێوێنەى هەڵبەستوە.

شركو هاوەڵ برياردانيش وەك وتمان زياتر كارى دەرونەو مەرج نيە خاوەنەكەى دەرى ببرِێتو راى بگەيەنێت.

**الأمـة**: بریتیـە لەكۆمـەڵێك لەدروسـتكراوەكان لـەخاوەن ژیـریو گیانلەبـەرانی ناخاوەن ژیریش كە یەك چەشنە هەڵسوكەوتو ڕەویەی ژیان كۆیان بكاتەوە لەیەك، بۆ نمونە: وەك ئومەی موحەمەد.

**القومیـة**: نەتـەوە: بریتیـە لەپەیوەندیـەكی پێكـەوە گرێـدراو لـەنێوان كۆمـەڵێك كەسانی خاوەن فامو ژیری لەخەڵك كە یەك زمانو یەك چەشن دەربڕینیـان هـەبێت، كە ئەو زمانە بوبێتە هۆكاری ئولفەت گرتنو ئالودەبونیان بە یـەكترەوەو لەوێشـەوە گۆشەنیگاكانی بیركردنەوەی ئامێتەی یەكتر كردبن، نمونەی ئەمەش وەك: نەتەوەی عەرەب كە بە ئومەی موحەمەد دەناسرێت، هەروەها نەوەی ئیسرائیل كـە بـە هـۆزو نەوەی موسی دەناسرێن، باوەڕدارانیش بە پەیامی موحەمەد لەسەرانسەری دونیـادا ئەو باوەڕەیان بەو پەیامو پێغەمبەرە كۆیان دەكاتەوەو هـەمویان پێیـان دەوترێـت ئومەی موحەمەد .

**الشـعب**: گـەل: بریتیـە لەكۆمەڵـە خـەڵكێكی خـاوەن ژیـریو ئـاوەزو فـام كـە سیستمێكی ژیانیو ڕامیـاریو كـارگێڕی كۆیـان دەكاتـەوە، هەنـدێ جـار ئـەم گەلـە چەندین ئومەتو نەتـەوە لـەخۆدەگرێتو لەیـەك نیشـتمانو یـەك دەوڵەتـدا پێكـەوە دەژین.

گـەلیش چـەمێكێكی فـراوانترو داگرنـدەتر لەئومـەو نەتەوەیـە، بـۆ نمونـە: یـەك ئومەتی موحەمەدو یەك ئومەی عـەرەبی هەیـە، بـەڵام دەبیـنین (٢٢) گـەلی عـەرەب بونیان هەیە لەوڵاتە عەرەبیەكاندا.

**الناسخ والمنسوخ**: خواوەند پێناسەی وشەی(نسخ)لەقورئاندا بەم شێوەیە دەكات ﴿مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ البقرة/ ١٠٦

واتە: هیچ ئایەتێك ناسڕینەوە یان پشتگوێی ناخەین تا باشتر لەو یاخود هەر نەبێ وەك ئەو نەهێنین، ئایا نازانی كە خواوەند بەسەر هەموشتێكدا بە توانایە.

لێرەوە دەردەكەوێت(نسخ)بریتیە لەگۆڕینی حوكمو فەرمانێك كە لەپەیامێكی ئاسمانی پێشتردا هاتووە، بە حوكمو فەرمانێكی ئاسانترو چاكتر لەپەیامەكەی دواتردا، بۆنمونە: حوكمو فەرمان لەبارەی زیناو داوێن پیسیەوە كەلەشەریعەتی موسادا ڕەجمو بەرد باران كردن بوەو لەشەریعەتی موحەمەددا گۆڕاوە بۆ سزادانو قامچی كردن.

واتە: (نسخ) كردن، تەنها لەحوكمو فەرمانەكانداو لەنێوان پەیامە ئاسمانیەكاندا ڕویداوە.

ئەگونجێت بڕگەیەك لەبڕگەكان بەهەمان شێوەی پێشوی لەشەریعەتێكەوە بگوێزرێتەوە بۆ شەریعەتی دوای خۆی یاخود زیادو كەمی تێدا بكرێت، یاخود هەموار بكرێت یاخود هەر بە یەكجاری بسڕدرێتەوەو لاببرێت، بەڵام لەئایەتەكانی دابەزێنراوای بەجێداو لەنێوان خۆیاندا ناسخو مەنسوخ بونی نیە.[٦]

**الحرام** ( sin ): قەدەغەكراو: بریتیە لەفەرمانێكی گشتگیری داگرندەی جێگیری هەتا هەتایی بەڕێگری كردنو قەدەغە كردنی شتێك كە هیچ بوارێكی دەسكاری كردنی تێدا نەبێت، بۆ ئەم بوارەش خواوەند ئەو دەسەڵاتەی بێجگە لەخۆی بەكەس نەداوە.

قەدەغە كراوەكانیش لەڕاستیدا چەند كۆتو بەندێكن كە هەڵسوكەوتی مرۆڤ كۆتو پەیوەند دەكەن، لەپەیامی موسادا(س.خ)زیاتر لە(٦٠٠)بڕگە بون، دواتر لەپەیامی موحەمەددا كرانەوە بە تەنها(١٣)قەدەغەكراو بۆ ئەوەی فەرمودەی خواوەند نومایان بێت كە دەفەرموێت: ﴿..يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ البقرة/١٨٥.

واتە: خواوەند ئاسانكاری بۆ ئێوە دەوێتو سەختگیری بۆ ئێوە بەگونجاوو پەسەند نازانێت.

---

[٦] ئەمە بۆچونی نوسەرە لەم لێكۆڵینەوەو لەهەمو نوسینەكانیشیدا، ئەمە یەكێكە لەپێگە گرنگەكانی بیركردنەوەی ئەم بیرمەندەو بەڵگەشی بەڕاشكاوی هەیە لەسەری، دەگونجێت ڕەت كردنەوەی ئەو زانستەو هاو شێوەكانی وەك زانستەكانی(الجرح و التعديل)و(علم الرجال)...هتد لای زۆرێك لەباوەڕداران قورس بێت، بۆیە هیوام وایە بەبێ دەمارگیری، تێزەكەی بخوێنینەوەو بەدواداچوونی بۆ بكەن ئەوجا بڕیارو هەڵوێستی لەبارەوە بگرن، ئەم پیاوە هیچ مەبەستێكی خراپ لەپشت نوسینەكانیەوە هەست پێناكرێت. **(وەرگێڕ)**

**النهي**: ڕێگـیری لێكـردن: پەیوەنـدی بـەكاتو شـوێنەوە هەیـەو دژی فەرمانـە، لەوانەیـە لـەكاتو سـاتێكی دیـاریكراودا لەبـەركردنو پۆشـینی ئـاڵتونو ئاوریشـم قەدەغە بكرێت لەپیاوانو بۆ ئافرەتان بەكارهێنانیان ڕەواو ڕەها بێت.

ئەم ڕێگیریـی لێكردنـە هـەتا هـەتایی و جێگیر نیـە، چـونكە بـەپێی هەلومەرجـە بابەتیـەكانو شـوێنەكان دەگۆڕێـت، وەك ڕێگـیری كـردن لەسـەردانی ژنـان بـۆ گۆڕستان.

دەگونجێـت ڕێگـیری كـردن لەلایـەن خواوەنـدەوە بێـت، یـاخود لەلایـەن پێغەمبـەرەوە، یـاخود لەلایـەن دەزگـاو دامـەزراوە مرۆییـە پەیوەندیـدارەكان بـە كاروباری یاسادانانەوە بێت، ڕێگیری كردنیش هەرگیز نابێت بەشێوەی زۆرە ملـێو ناچاركردن بێت، چونكە كەوابو دەچێتە خانەی ڕێگری وقەدەغەكردنەوە.

بۆ نمونە: پزیشك ڕێیگری دەكات لەجگەرەكێشـانو هـەر ئەوەنـدە توانـای هەیـە ڕێنمـــویی نـــەخۆش بكـــات كـــە جگـــەرە نەكێشـــێت، دەســـەلاتو دەزگـــا پەیوەندیدارەكانیش دەتوانن جگەرەكێشان لەشوێنە گشتیەكاندا قەدەغە بكەن.

**التبذير**: دەس بلاویو بە فـیڕۆدان: بریتیـە لەبەزانـدنو تێپەڕانـدنی سـنورەكانی بەخشـینو خـەرج كـردن لـەبوارە ڕێگەپێدراوەكانـدا، نمونـەی ئـەم بابەتـە: كەسـێك وەسـیەت دەكـات كـە لـە(٩٠٪)ی سـەرەوەتو سـامانی بدرێتـە دامـەزراوە خێرخوازیەكان، یاخود پیاوێك سێ كەس لەهاوڕێیانی بانگهێشـتی خوانێـك دەكـات، بەلام بەشی سی كەس خواردن دروست دەكات.

بـەفیڕۆدان تـەنها لەچـەندایەتیو ڕێـژەداو لەچوارچـێوەی ڕێگەپێدراوەكانـدا ڕودەدات.

**الإسراف**: سنورشكێنی: بریتیە لەسەركێشانو ڕۆچونو زیادەڕۆییو دەرچون لەبازنەی ڕێگەپێدراوو پەڕینەوە بۆ ناو بازنەی ڕێگەپێنەدراوەكان، ئیسراف پەیوەندی بە ڕێژەو زیادو كەمەوە نیە.

كەم بێت یاخود زۆر هەروەكو یەك ناپەسەندە، سەرنجی فەرمودەی خواوەند بدەن ﴿وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلَا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنصُورًا﴾ الاسراء/٣٣

واتە: ئەو نەفسو كەسە مەكوژن كە خواوەند كوشتنی قەدەغە كردوە، هەركەس ستەملێكراوێك بكوژێت، ئێمە دەسەلاتو دەستڕۆیی دەدەینە سەرپەرشتیارو كەسو كاری كوژراوەكە تاوەكو تۆڵە لەبكوژەكە وەرگرنەوە، بەلام لەبەرانبەریشەوە بیری سەرپەرشتیاری كوژراوەكە دەخەینەوە كە لەكوشتنو تۆڵكردنەوەكەدا سنور نەبەزێنێت.

كوشتنەوەی بكوژ ڕەوایە، بەلام كوشتنو سەر لێشێواندنی خێزانەكەی ناڕەوایەو دەچێتە خانەی ئسرافەوە.

سەرنجی ئەم فەرمودەی خواوەند بدەن: ﴿وَكَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِآيَاتِ رَبِّهِ وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَى﴾طه/١٢٧.

واتە: هەروەها سزای ئەو كەسە دەدەین كە سنور دەبەزێنێتو باوەڕ بە ئایەتو بەلگەو نیشانەكانی پەروەردگاری ناهێنێت.

ئیسراف لەم ئایەتەدا كفر كردنە بە ئایەتو نیشانەو بەلگەكانی خواوەند، لەو ڕوانگەیەوە هەمان فەرمانو حوكم هەیە بۆ كارە ناپەسەندەكانی وەك: نێربازیو هاوڕەگەزبازی، سەرپێچیو شكاندنی بەلێنو پەیمانو غەشو خیانەت كردن...هتد.

ئیسرافو سنور بەزێنی تەنها لەچۆنایەتیدا ڕودەدات.

**الذنب**: گوناح یاخود گوناه: بریتیە لەكردارێك كە مرۆڤ ئـەنجامی دەدات بەرانبـەر بە خواوەندو سنورەكانی، بە مەرجێك سوكایەتیو خراپەكاری تێدا نـەبێت بەرانبـەر هـیچ كـەس لەبەنـدەكانی خواوەنـد، نمونـەی ئـەم تاوانـەش وەك: شـكاندنی ڕۆژو لەمانگی ڕەمەزاندا بـەبێ هـۆ، یـاخود نوێـژكردن بـەبێ دەسـتنوێژ، یـاخود فـەوتانی نوێژو ئەنجام نەدانی لەكاتی خۆیدا.

**السیئة**: خراپـە: بریتیـە لەهـەركارێك زیـاد بێـت یـان كـەم كـە زیـان بـە خـەڵكی بگەیەنێت، نمونەی ئەمەش وەك: دزیو بوختان بۆ هەڵبەستنو ناڕێكیو دەسپیسـی لەكڕینو فرۆشتنداو تەرازو بازی.

**الحق**: بریتیە لەبونی بابەتیانە بە هـەردو چەشـنەكەیەوە، دیـارو نادیـار(الشـهادة والغیب)و بەدەرە لەئاوەزو ئاگایی مرۆڤ.

نمونەی دیارو بینراوەكـەیان: خـۆرو مـانگو بـاو بـۆران وچـیاكانو یاسـاكانی كـە كاروباری ئەمان ڕێك دەخات.

نمونــەی نادیــارو شاراوەكەشــیان: خواوەنــدو ڕۆژی دوایــی، خواوەنــد ڕاســتیو حەقیقەتێكە كە بونی پەیوەندی نیە بە ئاگاییو ئاوەزو دەرك كردنی مرۆڤەوە بۆی.

حـەق ڕاسـتیو بـونو حەقیقەتێكـە، مـرۆڤ هەسـتی پـێ بكـات یـاخود نـا هـیچ لەمەسەلەكە ناگۆڕێت، ڕاستیو حەقیقەت بونێكە پەیوەندی بە چاكەو خراپەوە نیـە ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَـبِيرُ﴾ لقمان/٣٠.﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ..﴾ الإنعام/٧٣.

**الباطل**: بریتیە لەبیركردنـەوەی پـوچو بێمانـا، وەك بـاوەڕبون بـەوەی كـە فڵانـە ئەستێرە زیان دەبەخشێت، یاخود فڵانە ئەستێرە دەتوانێت سودببەخشێت، یـاخود هەندێك بەرد زیان بەخشەو هەندێكیان سود بەخشـن، ئەمـە خـۆی لەخۆیـدا بریتیـە لەباتڵو بیركردنەوەی پوچو تەنانەت ئەوەندە بێ بنەمایە كە ناكرێت بڵێین هەڵەیـە، واتە: بریتیە لەوێناكردنێك كە لەجیهانی بونی بابەتیدا بونی نیە.

**كلمات الله**: ڕستەو وشـەکانی خواوەنـد: بریتیـە لـەبونی بابەتیانـە بـۆ شـتەکانو دیاردەکان لەدەرەوەی ئاگایی‌و هەستەوەرەکانی مرۆڤدا.

مـانگو خـۆر یـەکێکن لـەدیاردەو دیمـەن‌و وشـەکانی خواوەنـد، هەروەها(عیسـا س.خ)یەکێکە لەبەڵگەو کەلیمەکانی خواوەند، بەهۆی ئەوەوەیە کە خواوەند هـەق و دادپەروەری‌و ڕاستی بەرجەستەو پایەدار دەکات.

نمونەی ئەم ڕستەو وشانەش: وشەی(کن ـ ببە)یە، کە خواوەند فـەرمانی کـرد بـە هەرچـی‌و پێـی وت ببـە دەبێـت، لەڕێگـەی ئـەم وشـەیەوەیە کـە ویسـتی خواوەنـد بەرجەستە دەبێت لەبونێکی دیارداو دەبێتە جەستەیەکی هەستپێکراو، لـەم بـارەوە ئەم ئایەتە بخوێنەرەوە﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾ يس/٨٢.

واتە: ئەگەر ویست‌و ئیرادەی شتێکی کرد هەر ئەوەندە بەسە کە پێی بڵێت: ببە، ڕاستەوخۆ دەبێت.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْنَا يَانَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ﴾ الأنبياء/٦٩.

واتە: وتمان بە ئاگر ساردو فێنك ببە لەسەر ئیبراهیم.

**مواقـع النجـوم**: پێگـەی ئەسـتێرەکان: بریتیـە لـەناوبڕی نێـوان ئایەتـەکانی دابەزێنراوی بەجێ، چ بگونجێت‌و ڕێگە پێدراو بێت لەسەریان بوەستیت یاخود نا.

**الشهيد**: بریتیە لەوکەسەی کە ئامادە دەبێت لەحاڵی ڕودانی ڕوداوێکداو بەچاوی خـۆی دەیبینێـت‌و بەگوێچـکەی خـۆی دەیبیسـێت، ئـەو کەسـەی کـە ئامـادەی گرێبەستی کـڕین‌و فرۆشـتنی کڕیـارو فرۆشـیارێك دەبێـت‌و گوێیـان لێـدەگرێت، ئـەو کەسە شەهیدی ئەو گرێبەستەیە نەك شاهد.

ئـەو کەسـەی کـە بەچـاوی خـۆی دوو کـەس دەبینێـت خـەریکی زینـان ئـەویش شەهیدە لەسەر ئەو ڕوداوە.

شەهیدەكانی جەنگی بەردیش بریتین لەو كەسانەی كە ئامادەی گۆڕەپانی شەرەكە بون، هەم ئەوانەیان كە كوژران‌و هەم ئەوانەشیان كە نەكوژران‌و لەژیاندا مانەوە، جا چ لەڕیزی باوەڕداران بن یاخود بێ باوەڕان.

ڕۆژنامەنوسان‌و میدیاكاران هەمو ئەوانەیان كە ئامادەی ڕوداوەكان دەبن‌و دەیگوێزنەوە بۆ خەڵكی ئەوان هەمویان شەهیدی ئەو ڕوداوانەن، جیاوازی نیە لەنێوان ئەوەدا بكوژرێن یاخود نەكوژرێن.

فەرمودەی خواوەندیش كە دەفەرموێت: ﴿**وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ**﴾آل عمران/١٩٦.

واتە:وانەزانن ئەو كەسانەی كە دەكوژرێن لەڕێگەی خواوەندا مردون، بەڵكو زیندون و لەلایەن پەروەردگاریانەوە ڕۆزی دەدرێن.

ئەم ئایەتە بە پێچەوانەی بیركردنەوەی زۆرێك لەخەڵكەوە، هیچ چەشنە پەیوەندیەكی نیە بە شەهیدی‌و شەهادەت‌و شەهیدەكانەوە، لەزمانی عەرەبیدا شەهید تاكەو كۆكەی دەبێتە(شهداء).

**الشاهد**: بریتیە لەدەستخستنی زانیاری لەلایەن كەسێكەوە لەبارەی هەواڵێكەوە كە خۆی ئامادەی نەبێت، بەڵكو بەهۆی لێهاتن‌و توانستەكانی خۆیەوە ئەو هەواڵە شی بكاتەوەو لێكدانەوەو بەراوردی بۆ بكات.

میدیاكارەكانی كە ڕوماڵی ڕوداوەكان دەكەن ئەوان شەهیدی ئەو ڕوداوانەن.

شاهید بون، پێویستی بە بونی شەهیدێك لەپێش خۆیەوە هەیە تاوەكو ڕاستی ڕوداوەكانی بۆ ڕون بكاتەوە.

نمونەی ئەم ڕاستیەش: ﴿**وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِنْ أَهْلِهَا إِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الْكَاذِبِينَ**﴾یوسف/٢٦. واتە: شاهیدێك لەكەسانی بە ئەزمون گەواهی داو وتی: ئەگەر كراسەكەی لەپێشەوە دڕابێت ئەوا ژنەكە ڕاس دەكات‌و ئەو لەڕیزی ئەو كەسانەدایە كەدرۆ دەكەن.

**العباد**: بەندەكان: داڕشتەی كۆیەو تاكەكەی بریتیە لە(عبد)بەندە، لەزمانی عەرەبیدا(عبد)یش لەدژ بەیەكەكانە، واتە: مانای دو سەرە دەدات بەدەستەوە، چونكە دەكرێت هەم بە گوێڕایەڵو هەم بە سەرپێچی كاریش بوترێت.

عەبدو بەندە، ئەو كەسەیە كە كردەوەكانی خۆی بەتەواوی ویستو خواستی خۆیو بەبێ هیچ ناچاركردنێك هەڵدەبژێرێت، بەندەكانی خواوەندیش ئەو كەسانەن كە بەتەواوی ویستو خواستی دڵی خۆیان گوێڕایەڵی لەفەرمانەكانی خواوەند دەكەن یان سەرپێچی.

بەندایەتی خەڵكی بۆ خواوەند خۆی لەخۆیدا بریتیە لەئازادی هەڵبژاردن.

**العبید**: كویلەكان: ئەم داڕشتنە لەزمانی عەرەبیدا كۆیەو تاكەكەی بریتیە لە(عبد مملوك)بەردەو كویلەیەك كەهی خەڵك بێتو ئازادی لەدەست دابێت.

كەسێكیش ئەمە حاڵی بێتو هیچ دەسەڵاتو خواستێكی نەبێت تەنانەت بەسەر خودی خۆشیدا ئەوا هەرچی بكات بەنابەدڵیو ناچاری دەیكات.

ئێمە لەم دونیایەدا بەندەی خواوەندینو لەقیامەتو ڕۆژی حسابو كتابیشدا بەردەی خواوەندینو هیچ دەسەڵاتێكمان بەسەر كاروباری خۆشماندا نیە.

بۆیە وا دەبینین كە خواوەند لەم ژیانی دونیایەدا داوای بەردایەتیو كۆیلایەتیمان لێناكات، ئەگەر كەسێكیش بەوناوەوە چەوسێنرابێتەوە، ئەوا ستەمێكەو بەناوی خواوە لێیكراوە.

**الوالد**: بریتیە لەو باوكەی كە خاوەنی ڕاستەقینەی گیانلەبەری مەنەویو تۆی پیاوەتیە(Biological Father)دەگونجێت هەر خۆی باوكی پەروەردەكاری منداڵەكەی بێتو دەشگونجێت پەروەردەكاری نەبێت.

**الوالدة:** بریتیە لەو دایکەی کە خاوەنی ڕاستەقینەی هێلکەی دایکایەتیەو دەنگونجێت هەر خۆی پەروەردەکاری منداڵەکە بێتو، دەشگونجێت ئەو ئەرکەی لەئەستۆدا نەبێتو لەزمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت ( Biological Mother) تاکە ڕێگەیەکیش کە باوکایەتیو دایکایەتی بسەلمێنێت تەنها ڕێگەی شیکاری ترشی ناوکیە(DNA).

**الأب:** بریتیە لەو کەسەی کە هەڵدەسێت بە چاودێریو پەروەردەکردنی منداڵەکە، دەگونجێت(والد)باوکی ڕاستەقینەی بێتو دەشگونجێت کەسێکی تر بێت.

لەهەردو حاڵەتەکەدا باوك پێویستە ڕێزی لێ بگیرێتو شکۆی پارێزراو بێتو مافی میراتو باوکایەتیشی هەیە.

مرۆڤ دەتوانێت(والد)و باوکێکی بایۆلۆجیو(أب)و باوکێکی پەروەردەکارو پەروەرشیارو بەخێوکەریش بێت، ئەم دوو باوکە دەگونجێت لەکەسایەتی یەك کەسدا نومایان ببنو دەشگونجێت دوو کەس بن.

**الأم:** بریتیە لەو دایکەی کە ئەرکی بەخێوکردنو بارهێنانی منداڵ لەئەستۆ دەگرێت، هەر لەو کاتەوە خوێن پارەیە لەناو ڕەحمیدا تا دواتر، جا دەگونجێت ئەم دایکە خاوەنی هێلکەی دایکایەتی بێتو دەشگونجێت وا نەبێت.

لەم سۆنگەیەوە دەگونجێت چەندین چەشنی دایکایەتی ببێت، وەك دایکێك کە منداڵەکە لەخۆی بوە، داکێکی بەخێوکەرو بارهێنەر، دایکێکی شیردەر، دایکێکی پەروەرشیار، تەنانەت دایکی هەموو باوڕدارانیش هەیە، ئەم دایکانە هەر هەمویان ڕێزو حورمەتی تایبەتیان هەیە، بەڵام تەنها دایکێك هەیە کە ڕێزو شکۆی خۆی هەیەو مافی میرات گرتنو چاکە لەگەڵ کردنیشی هەیە ئەویش ئەو دایکەیە کە لەئاوەزو فامی منداڵەکەدا بە دایکی خۆی ناسیویەتیو چەسپیوە لەبیرکردنەوەیدا.

(الوالـدان)باوكو دایـك چـەمیكێكی بـایولوجی مرۆڤانەیـەو(الأبـوان)یـش چەمكێكی مرۆڤانەی كۆمەڵایەتیە.

**القلم**: بریتیە لەجیاكردنەوەو پۆلێن كردنی شێوەو ڕوكارەكان لەیەكدیو ناسینەوەو سەرناسكردنیان (Identi fication) بۆ نمونە: چاو ڕەنگڕێژی شێوەو ڕوكارو ڕەنگەكان دەكات، گوێچكەش دەنگەكان لەیەك جیا دەكاتەوە، زمانیش تامەكان.

لێرەوە تێدەگەین كە(قلم)هۆكاری دەستخستنی زانستو زانیاریو مەعرفەیە بۆ هەموان، بە خاوەن ژیریو نا خاوەن ژیریەكانیشەوەو بە فریشتەكانیشەوە.

مەعریفـەو زانسـتی مرۆڤایـەتی هێڵێكـی هەڵكشـاوە بـەرەو سـەرەوەو تەوەرەكەشی(القلم)ەو جیاكاریو هێزو توانای جیاكردنەوەی شتەكانیش كارو ئاكامی ئەو كردارەیە.

**البشـر**: بریتیـە لەبونـەوەرێكی زینـدو سـەر بـە گروپـی بونـەوەرە بـەرزو بەڕێزەكانەو، لەچەشنی مەمك دارەكانەو بونێكی بایۆلۆجی هەیە.

لێرەوەیە ناوی(الطب البشری)داهێنراوە، چونكە لێكۆلێنەوە لەمرۆڤ دەكات وەك بونەوەرێكی زیندو.

**الإنسان**: بریتیە لەبونەوەرێكی مرۆڤی، خواوەنـد لـەڕۆحی خـۆی كـردوە بـە بەریدا، بەم رۆح كردن بە بەرەدا بوە بە بونەوەرێكی ژیرمەندی هۆشیارو، لـەو ڕێگەیەوە ئەو شایستەییەی بەدەسهێنا تا لەتوانایدا بێت كە ببێتە جێنیشـنی خواوەند، كاتێك مرۆڤەكان لەیەكتری كۆ دەبنەوە كۆمەڵگەكان پێـك دەهێـنن، بـەڵام گیانلەبـەرانی تـر كـۆ دەبنـەوەو ڕەوەكـان پێـك دەهێـنن وەك ڕەوی پەلەوەرەكانو پێڕی ئاژەڵان.

**الروح:** بریتیە لەو ژیریەی کە مرۆڤ شتەکان و ڕوداوەکانی پێ جیا دەکاتەوەو مرۆڤی پێ لەگیانلەبەرانی تر جیا دەکرێتەوەو هەر ڕۆحیشە کە تەکلیفی خوایی لەسەرەو لەئاکامی ڕۆح بە بەراکردنەکەی خواوەندەوە دێتە بون.

ئەو ڕۆح بە بەراکردنەش بە زمان دەردەبڕڕێت، چونکە زمان دەربڕو هەڵگری فیکرو بیرە.

(بشر) نوێنەرایەتی بونی بابەتیو مادی مرۆڤ(الإنسان)دەکات.

ڕۆحیش نوێنەرایەتی بونی ئاگایانەو ئاوەزمەندانەی مرۆڤ دەکات لەناو(بشر)دا.

زانستو مەعریفەو یاسا داڕشتنتیش بەرهەمو ئاکامی ڕۆحەو ڕاستەوخۆ لەخواوەندەوە بەخشراوە بە مرۆڤ.

کورتەی باسەکە بریتیە لەیاسای ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە نا سازگاریو دژ بەیەکیەك، ئەو یاسایەی کە بیری مرۆڤایەتی لەسەر وەستاوەو بە زمان گوزارەی لێ دەکرێت، لێرەوە تێدەگەین کە زمان هەڵگرو بارهێنەری فیکرو بیرەو(البشر)یش لایەنە مادیەکەی مرۆڤو(الإنسان)ـە.

إنسان= بشر (بابەتی) + رۆح (خودیەتی).

روح = (مەعرفەو زانست+ یاسادانان) بە بارهێنانێکی زمانەوانی.

**النفس:** بریتیە لەهەموو گیانلەبەرێکی زیندو کە هەناسە بداتو ئۆکسیجنی پێویست بێت، هەرچیش کە بمرێت.

کۆی هەموو ئەو زانراوو زانیاریو هەستو لێکدانەوانەیە کە(من)ی مرۆڤ پێك دەهێنن هەر لەمنداڵیەوە تا هەموو قۆناغەکانی تەمەنیو ئەو گۆڕانکاریە بایەلۆجیانەی کە دێن بەسەریداو دواتر هەر ئەویشە کە دەمرێت.

**آدم:** ئـەو بـاوكی مرۆڤایەتیـەو لـەوەوە ژیـانی بـە ئاگایانـەی ئاوەزمەندانـە دەسـتی پێكـرد، ئـەو لەناو(البشـر)دا هەڵبـژێرراوەو مـەرج نیـە لەدانیشـتوانی زەویو نەوەی ئادەم بێت، چونكە دانیشتوانی زەوی نەوەی ئادەمن نەك كوڕی ئادەم، واتە تەنها مرۆڤی ژیرو خاوەن ئاوەزو فام كە توانای قسـەكردنی هەیـە لەنەوەی ئادەمە.

**الشیطان:** دو واتای هەیە:

**یەكەم**: لەنێو دەمارەكانی خوێنی مرۆڤدا دەگەڕێتو بریتیە لەلایەنەكەی تر لـەكرداری بیركردنـەوەدا. هـەموو مرۆڤێـك شـەیتانی تایبـەت بـەخۆی هەیـەو هەمیشە هاوملیەتیو هەوڵی لەخشتەبردنی دەدات، تابیخاتە هەڵەی گەورەوەو سەری لێ تێك بدات.

**دوەم**: شەیتانی خوو ڕەوشتە، هەمیشە هەولێ دەدات كە خـەڵك بخاتـە نـاو حەرامكاریو حەرام خۆریەوەو بیخاتە ناو بازنەی قەدەغەكراوەكانەوەو بۆ ئەم كارەش هەمیشە لەسەر ڕێگا ڕاستەكە بۆیان لەكەمیندایە.

# بەشی سێیەم

## (الجهاد والقتال)

## تێکۆشانو جەنگ

### (١)تێکۆشان

باسو لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بە یەکێك لەمەترسدارترینو هەستیارترینو ئاڵۆزترینو پێچاوپێچ ترینی بابەتەکانی ناو کەلتورو کەلەپوری ئیسلامی دادەنرێت، بەتایبەت لەئاکامو سایەی ڕوداوەکانی ئەم سەردەمەدا.

لەم بابەتەدا چەمكو گرفتی سیاسیو ڕامیاری تێکەڵ دەکرێن لەگەڵ باسو بابەتەکانی بیروباوەڕدا، هەروەها پەرەسەندنو فراوان خوازی تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ داگیرکاریو شاڵاوەکانیدا، داهێنانو ئیبداع تێکەڵ بە داتاشینو بیدعە دەکرێت.

بە مەبەستەوە خاڵە جیاکەرەوەکانی نێوان تێکۆشانو کوشتنو کوشتنی یەك لایەنە، دەسڕدرێنەوەو تێکەڵ بە یەك دەکرێن.

هەروەها وێرانکاری تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ بەرەنگار بونەوەی داگیرکاریی ناوخۆییدا کە خۆی لەدەوڵەتی پۆلیسیو هەواڵگریو تاکڕەویدا دەبینێتەوە، دەسەڵاتەکانی هیتلەرو لینین دیارترینی نمونەی ئەو دەوڵەتە داپڵۆسێنەرو تاکڕەوانەن، بە ئەندازێك کەتاکڕەوی لەو دەسەڵاتانەدا لەترۆپکی گەشەسەندنیدا بو، هیچ ماناو واتایەك بۆ ئازادیو هاونیشتمانی بوونو ڕێزی تاك نەمابویەوە.

بێگومان لەپێش ئێمەوە دەیان كەس كتێبو بابەتی سەربەخۆیان لەم بارەیەوە نوسیوە، یاخود باسی جیهادو تێكۆشانیان كردوەو چەند بەشو بڕگەیان بۆ تەرخان كردوە.

لەوەش زیاتر ئەگەر لێكۆڵەر چاوێك بخشێنێت بەناو كتێبخانەی فیقهی ئیسلامیدا(هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەسەدەی دوەمی كۆچیەوە تا ئەمڕۆ)كتێبێك نابینێت باسی لەسەر تێكۆشانو جیهاد نەكردبێت، جا ئیتر بە كورتی بێت یاخود بە دورودرێژی، هەموو ئەو نوسەرو كتێبانە لەیەك خاڵدا یەكدەگرنەوە ئەویش بریتیە لەوەی كە هەموو چەمكەكانی تێكۆشانو كوشتارو كوشتنی یەك لایەنەو جەنگو ئازادكردن و...هتدییان ، تێكەڵ بە یەك كردون.

دەگونجێت هەندێ جار بەهۆی نەزانینەوە بوبێتو هەندی جاریش بەهۆی چاولێكەری كوێرانەوەو دەگونجێت هەندێ جاریش بۆ ڕازی كردنی حوكمڕانە ستەمكارەكانو وەك خزمەتێك بە ئاراستەی پەراوێز خستن كە بەداخەوە بوەتە مۆركی سیاسەتی ئیسلامیی لەدێرزەمانەوە.

لێرەوە ئەو نوسەرو زانایانە هەستان بە داهێنانی چەندین زانستی لاوەكی وەك زانستەكانی(الناسخو المنسوخ، أسباب النزل، وقراءات...) ئەم زانستانەیان داهێناو واش خەڵكیان تێگەیاند كە وەرگرتنی ئەم ڕێچكە تازانە باشترە لەخۆ خەریك كردن بە تێگەیشتن لە وردەكاریەكانی دابەزێنراوی بەجێ.

لەئاكامی ئەم تەوژمە چەوتەوە زۆرێك كەوتنە هەڵەی(الترادف)ەوە كە مەبەست پێی ئەوەیە گوایا لەدابەزێنراوی بەجێداو لەهەندێ جێگەیدا چەند دەستەواژەیەك بۆ یەك مەبەست وەك(مرادفات)هاتبنو یەك مانا دەگەنن، پەیڕەوانی ئەم تەوژمە كەوتنە هەڵەی گەورەوەو زۆرشتیان لێ تێكەڵ كرا، تا لەئاكامدا كار بەڕادەیەك

گەشت هەستیان بە جیاوازی نێوان دەستەواژەو چەمکەکان نەدەکرد، بۆنمونە: (الشاهد والشهيد)و(الشاهدين والشهداء)و (الأب والوالد)و(العباد والعبيد)و(الإسراف والتبذير)هەر هەمویان تێکەڵ بە یەك دەکردنو یەك لێکدانەوەیان بۆ دەکرن.

دواترو لەئاکامی بڵاوبونەوەو ڕیشە داکوتانی ئەم هەڵە زمانەوانیەوە دو ئاراستە کەوتەوە:

**یەکەم:** ئەو ڕێکخراوو حزبو کۆمەڵەو گروپە چەکدارە ئاینیانەی کە مەبەستیان بو دەسەڵات بگرنە دەست، دانیان نا بەم تێگەیشتنە هەڵەو شێوێنراوەدا بۆ(الجهاد)و لەوێوەو لەژێر سایەی چەند دروشمێکی هەڵخەڵەتێنەرداو لەسەرانسەری مێژوی ئیسلامیدا کاریان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات دەکرد، هەر لەئاژاوە گەورەکەی سەدەی یەکەمی کۆچیەوە بیگرە کە بویە هۆی لەناوبردنی خەلیفەی سێیەم، تا دەگاتە گروپە چەکدارەکانی میسرو ئێرانو ئەفغانستان، کە لەمیسر ڕامالێنی مەلیك فاروقو لەئێران ڕامالێنی ڕەزا شای پەهلەوی لێکەوتەوەو لەفغانستانیش ئاکامەکەی ئەوەبو لەسەدەی چواردەی کۆچیدا سیستمێك هاتە سەرکار کە هەندێ فەقێو قوتابی زانستە فیقهیەکان(طالبان)بەڕێوەیان دەبردو دواتر چەندین گرفتی گەورەتری بەدوای خۆیدا هێنا.

لەنێوان ئەم دو سەدەیەداو بەدرێژایی ئەو چواردەسەدەیەی مێژوی موسڵمانان دەیان دەستەو ڕێکخراوو تاقیمی جیاجیا هەوڵی گرتنە دەستی دەسەڵاتیان داوەو هەندێکیان سەرکەوتوو بونو بۆماوەیەك دەسەڵاتی ناوچەیەکیان گرتوەتە دەستو هەندێکیشیان هەوڵەکانیان بە ئاکام نەگەشتون، نمونەی ئەو دەستەو گروپانە وەك: (زەیدیەکان، حەروریەکان، قەرامیتە، ئەمەویەکان، عەباسیەکان، مەمالیکەکان، عوسمانیەکان).

**دوەم**: لەبەرانبەر ئەم ئاراستەیەشەوە، ئەو تەوژمو هێزانەش کە نەیاری سەرسەختی ئیسلام بونو هێرشی دڕندانەیان دەکردە سەر ئیسلامو موسڵمانان(ئەم تێگەیشتنە ئاوەژوو هەڵەو شێوێنراوە باوەی کە لەبارەی جیهادو کوشتارەوە هەیەو هەموو کتێبیە فیقهیو کەلتوریەکانی ئیسلامی لێ پڕکراوەو لەشەرەکانی فراوانکردنی دەسەڵاتی ئیسلامیدا کە بەناوی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامیەوە دەکران)پشتیان بەم تێگەیشتنە هەڵەیە دەبەست، ناحەزانو دوژمنانی ئاینەکەش بەهەمان شێوە ئەو چەمکە باوانەیان کردە بیانو بۆ لێدانی ئیسلامو تۆمەتبارکردنی بەوەی کە ئاینی شمشێرو توندوتیژیو تۆقاندنەو ئاینی ستەمگەریو خۆسەپاندنو تۆڵەکردنەوەیە، هەڵسو کەوتو سیاسەتە هەڵەکانی ئەو گروپو دەستانەش کە پێیان دەوترێت بزوتنەوە جیهادیەکان خزمەتێکی بێ بەرانبەریان بەو هێرشە دڕاندانەیە کردو لەسەر سینیەکی ئاڵتونیی بیانوی دژایەتی کردنەکانیان دابەدەست نەیارانی ئیسلامەوە.

ئامانجی سەرەکیو یەکەمی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە کە پێناسەیەکی تەواوی هەریەك لە چەمکەکانی تێکۆشانو جەنگ(الجهاد والقتال)بە شێوەیەکی گشتیو بەدیاریکراویش پێناسەی تێکۆشان لەڕێگەی خواوەندو کوشتاروجەنگ لەڕێگەی خواوەندا بەتایبەتی بکەین، هەروەها ئەو کردارانەش دەستنیشان بکەین کە ئەگەر پێی هەستین دەبنە تێکۆشان لەڕێگەی خواوەندا، وە ئایا دەکرێت ئەو کردارانە توندوتیژییان لەگەڵدا بێت یاخود نا، وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەینەوە کە ئایا هەموو جەنگ وکوشتارێك لەڕێگەی خواوەندا جیهادو تێکۆشانە..؟ وە ئایا هەموو تێکۆشانێك لەڕێگەی خواوەندا جەنگ وکوشتارە..؟.

ئامانجی دوەمیشمان، ڕامالینی ئەو تەمو مژە گەورەو چڕەیە كە باڵی كێشاوە بە سەر بیری عەرەبیی ئیسلامیدا لەبارەی چەمكەكانی شەهادەتو شەهیدیەوە، لەبارەی ناسخو مەنسوخەوە، لەبارەی چیرۆكە قورئانیەكانەوە، لەبارەی حوكمو فەرمانەكانی پەیامی ئاسمانیەوە.

(الجهاد) سەرچاوەی كردارێكی چواریەو لە(جاهد)وە هاتوە، لەسەركێشی(فاعَلَ) وەكو(جدال، قتال، خصام).

(جیهاد)كردارێكی مرۆڤانەی ئاگایانەیەو بە دوو لایەن نەبێت ئەنجام نادرێت، دەگونجێت لایەنەكانی تاكەكەس یاخود كۆمەڵ بن، هەر لایەو هەرچی لەتوانایدا هەیە دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەرلاكەی تردا.

هەندێك لەخاوەنی قاموسەكانو شوێن كەتوەكانیانو ژمارەیەك لەنیوچە ڕۆشنبیریەكانیش وا گومان دەبەن كە ئەلفی هاوبەشیەكە لەوشەی(جهاد)دا زیادەیەو ئەسڵ لەوشەی(جهاد)دا سیانەییەو لە(جهد)ەوە هاتوە، دواترو لەم ڕوانگەیەوە هاتونو(جهد)یان لەژێر ناونیشانی(جهاد)دا ناساندوە، كە ئەمەش تێكەڵ كردنێكی حەیابەرە، چونكە ئەلف(أ)ەكە بنەڕەتیە لەكرداری چواریداو لابردنی دەبێتە هۆی گۆڕینی(جهاد)بۆ(جهد)و(جدال)بۆ(جدل)و(قتال)بۆ (قتل).

باشترین پێناسە كە ئێمە پێیگەشتبین سەبارەت بە(جهاد)ئەو پێناسەیەیە كە خاوەنی كتێبیی(كنز العمال) دەیگێڕێتەوە گوایا پێغەمبەر فەرموی بە هاوەڵەكانی: بەخێربێنەوەلە(جهاد)ی بچوكەوە بۆ(جهاد)ی گەورە، ئەوانیش وتیان: تێكۆشانە گەورەكە كامەیە..؟ وتی: تیكۆشانی مرۆڤ لەگەڵ هەواو ئارەزوەكانیدا بە مەبەستی ڕام هێنانیان.[٨]

---

[٨] سەیری كتێبی(كنز العمال) بەرگی چوارەم لاپەڕە (١١٦)و فەرمودەی ژمارە (١٧٧٩٩) بكە.

ئەگـەر سـەرمان لـەوە سـوڕبمێنێ کەلەسەرچـاوە زمانەوانیەکانـدا(جهاد)کراوە بە(جهد)ئەوا لەوەش زیاتر دەبینین کاتێك سەیری ڕاوبۆچونی فیقهەکان دەکەین لەم بارەیەوە.

کاتێـك پێناسـەی(جهاد)یان کـردوە لـەڕوی(إصـطلاح)و بەحسـاب لـەڕوی واتـاو مەبەستەکەیەوە، وتویانە: (جهاد)بریتیە لەکوشتار لەڕێگەی خواوەنددا.

(قەسـتەلانی)لەڕاڤەی سـەحیحی بوخاریـدا لـە بـەرگی(٥)لاپـەڕە(٣٠)دا دەڵێـت: جیهادو تێکۆشان لەواتاو ماناکەیدا یانی کوشتاری کافران بە مەبەستی سەرخستنی ئیسلامو بەرزکرنەوەی وشەی(الله)دا.

هەروەها ئیمام عەلی سەبارەت بەجیهاد دەڵێت: بزانن کە دەرگایەکە لەدەرگاکانی بەهەشتو خواوەند کردویەتیەوە بۆ دەستەبژێری بەندە نزیکـەکانی، بـزانن کـە مـن داوای کوشتاری ئەو هۆزەم لێکردون[٩].

هەروەها(إبن کـثیر) لـەکتێبی (البدایـە والنهایـە) بـەرگی (٢) لاپـەڕە(٥) داو، پێشـەوا شافعی لەکتێبی (الأم) بەرگی (٤) لاپەڕە (١٦) دا دەڵێن: جیهـاد ئـەرکێکی فـەرزکراوەو پێویستە ئەنجام بدرێت، جیاوازی نیە لەوەدا کە کافران دەستدرێژی بکەن یاخود نا.

ئەمە وەرچەرخانێکی سەرسـوڕهێنەرەو وەك بڵێیـت هـەڵگرانی ئـەم بۆچـونە ئـەم ئایەتانەیان نەخوێندبێتەوە کە دەفـەرمون: ﴿وَوَصَّـيْنَا الْإِنسَـانَ بِوَالِدَيْـهِ حُسْـناً وَإِن جَاهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَـا كُنـتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ العنكبوت/ ٨.

واتە: ڕاسپاردەی مرۆڤمان کرد کە چاکە بکات لەگەڵ بـاوكو دایکیـداو ئەگـەریش هەوڵیاندا لەگەڵتدا بۆ ئەوەی هاوەڵ بۆ من بڕیار بدەیت ئەوا بە گوێیان مەکە.

---

[٩] نهج البلاغە/ الخطبة/٢٧.

هەروەها ﴿وَإِن جَاهَدَاكَ عَلى أَن تُشْرِكَ بِـي مَـا لَـيْسَ لَـكَ بِـهِ عِلْـمٌ فَلَـا تُطِعْهُمَـا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفاً﴾ لقمان /١٥.

واتە: ئەگەر هەوڵیان دا لەگەڵتا بۆ ئەوەی هاوەڵ بۆ من بڕیار بدەیت گوێڕایـەڵیان مەكەو بە جوانیو چاكە هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكە.

لەم دوو ئایەتەدا قسە لەسەر چاكەكاریە لەگەڵ باوكو دایكدا، كاتێك خواوەندیش دەفەرموێت: (جاهداك)بەلای ژیرو خاوەن فامەكانەوە ئەستەمە كـە(جیهاد)ی بـاوكو دایك كوشتن بێت بۆ نەوەكانیان.

بەڵام لەمەش سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە كە هەندێ لەفەقیهو كەلەپورگەراكان هەر بەوەوە نەوەستان كە جیهاد بكەنە كوشتار، بەڵكو لەوەش زیاتر ڕۆشتونو جیهـادو تێكۆشانیان باداوەو چەماندویانەتەوەو كردویانە بە كوشتارو كوشتنی یەك لایەنە.

لەم بارەیەوە(شەوكانی)دەڵێت: {سـەبارەت بـە كوشـتاری كـافرانو ناچـاركردنی پەیڕەوانی كوفر بۆ ئەوەی بە زۆرەملێ یـان موسـڵمان بـبن یـان سـەرانە بـدەن یـان بكوژرێن، ئەمە چەسەپێنراوێكە لەئاین، بەڵگەكانی كتابو سـوننەش لـەم بارەیـەوە ئەوەندە زۆرن كە لێرەدا دەرفەتی ناوهێنانیان نیە، سـەبارەت بـەوەش كـە ئایـەتو بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر ئەو كافرانە دەستیان لەموسڵمانان نەكردەوە ئـەوا پێویســتە شــەڕیان لەگەڵــدا نــەكرێت، ئــەوا بــزانن ئــەو بابەتــە بــە كــۆدەنگی موسڵمانان(نەسخ)كراوەتەوەو كاركردن بەو ئایەتانە هەڵگیراوەو لەبەرانبەردا ئەگـەر موسڵمانان توانایان هەبو ئەوا پێویست كراوە لەسەر موسڵمانان كوشتاریان بكـەنو هەڵبكوتنە سەریانو تەنانەت لەماڵەكانیشیاندا دەسیان لێ نەپارێزن}[١٠].

[١٠] السيل الجرار- بەرگی(٤)- لاپەڕە(٥١٨-٥١٩).

ئەگەر سەرنج بدەین زۆر بە ڕونیو ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێك لەگرنگترین ئامرازەکانی کە بە هەڵە بەکارهێنراون بۆ بڵاوە پێکردنو چەسپاندنی ئەو واتاو هەڵە باوانەی کە بەناوی فیقهو لێکدانەوەی فیقهیەوە بۆ (جهاد)و(قتال) بڵاویان کردونەتەوە، بریتی بوە لەخراپ بەکارهێنانی چەمکی(نسخ).

بەشێوازێك کە هەردوو چەمکی(جهاد و قتال)بەشێوەیەك لێکدانەوەو واتایان لێوەرگیراوە کە زۆر دورو نەگونجاوە لەگەڵ ئەو واتایانەدا کە لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتون لەبارەی ئەم دو چەمکەوە، هەروەها نەگونجاوە لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا کە پێغەمبەر(د.خ)کردویەتی بۆ چەمکی(جیهاد)و لەکتێبی(کنز العمال)دا هاتوەو پێشتر ئاماژەمان پێدا.

بابەتی (الناسخ والمنسوخ) بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن فەقیهەکانەوە بۆ دوو مەبەست بەکارهێنراوە:

أ. بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ناسازگاریەی کە بە حسابی موفەسیرو فەقیهەکان گوایا لەنێوان ئایەتەکانی ئەحکامدا بونی هەیە، نمونەی ئەم حاڵەتە ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾آلعمران/١٠٢.

لەنێوان ئەم ئایەتەو ئەم ئایەتەی تردا کە دەفەرموێت:

﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْراً لِّأَنفُسِكُمْ...﴾ التغابن/ ١٦.

واتە: ئەی ئەوکەسانەی کە باوەڕتان هێناوە بەو شێوەی کە شایستەی خواوەندە پارێزگاری لەسنورەکانی بکەنو بەرلەوەی بمرن موسڵمان بن.

ئایەتی دوەمیش بە واتای: چەند ئەتوانن پارێزگاری لەسنورەکانی خواوەند بکەنو گوێڕایەڵو گوێ بە فەرمان بنو بەخشندە بن باشترە بۆ خۆتان.

بۆ چارەسەری ئەم بەناو ناسازگاریە وتویانە: گوایا ئایەتەكەی سورەتی(آل-عمران)سڕدراوەتەوە بە ئایەتەكەی سورەتی(التغابن)و دوەم لەجێگەی یەكەمدا دانراوە.

لەم بارەیەوە پێشەوا (ڕازی) لەتەفسیرە گەورەكەیدابەرگی (٨)لاپەڕە(١٤١) لەڕاڤەیئایەتی(١٠٢)ی سورەتی(آلعمران)دا دەڵێت: {ئەم ئایەتە مەنسوخەو كاری پێ ناكرێت، بەڵگەشیان ئەوەیە كە لە (إبن عباس)وە دەیگێڕنەوە كە وتویەتی: كاتێك ئەم ئایەتە دابەزی باری سەرشانی موسڵمانانی قورسو گران كرد بەشێوەیەك كە بەندەكان توانای ئەمەیان نییە، چونكە(حق تقاته)ئەوە دەگەیەنێت كە مرۆڤ گوێڕایەڵی خواوەند بێتو بە ئەندازەی چاوتروكاندنێك سەرپێچی نەكان، هەمیشە شوكرانە بژێری بێتو هەرگیز ناڕازی نەبێت، بەردەوام یادی بكاتو بە چركەش لێی غافڵو بێ ئاگا نەبێت، ئەمەش كارێكی ئەستەمەو بەندەكان توانای ئەمەیان نیە، بۆیە خواوەند ئەم ئایەتەی تری دابەزاندو فەرموی: ﴿اتَّقُوااللَّـهَ مَااسْتَطَعْتُمْ﴾ تاوەكو بەم ئایەتە سەرەتای ئایەتەكەی سورەتی(آلعمران)نەسخ بكاتەوەو كاری پێ نەكرێتو كۆتایی ئایەتەكە وەك خۆی بهێڵێتەوە.}[(١٠)]

---

(١٠)- لەم بڕگەیەی سەرەوەدا كە دراوەتە پاڵ(إبن عباس)چەند سەرنجێك هەیە:

**یەكەم:** هەردو ئایەتەكە لەمەككە دابەزیونو ماوەی نێوانیان لەچەند حەفتەو چەند مانگێك تێ ناپەڕێتو ئەمەش بەس نیە تاوەكو بكرێتە بەڵگەی(نسخ)و سڕینەوەی حوكمی ئایەتەكە.

**دوەم:** نەسخ كردن بە پوچەڵ كردنەوەی حوكمێك یاخود گۆڕینی بە حوكمێكی تر دەبێت لەنێوان دو شەریعەتو پەیامی ئاسمانیدا نەك لەنێوان حوكمەكانی یەك پەیامی ئاسمانیدا.

**سێیەم:** ڕستەی(**والعباد لا طاقة لهم بذلك**)(بەندەكانیش توانای ئەمەیان نییە)چەشنێك لەبێڕێزیو كەم ئەدەبی تێدایە بەرانبەر بە خواوەند، وەك بڵێیت: خواوەند كاتێك ئایەتەكەی سورەتی (آلعمران/١٠٢)ی دابەزاند نەی دەزانی توانای بەندەكان چەندە(تعالی الله عما یصفون).

بۆ زیاتر بە ئاگابون لەم بابەتەو لەبارەی(الناسخ والمنسوخ) سەیری لاپەڕەی(٢٧٠-٢٩٠)ی كتێبی دوەممان بكە بەناوی(دراسات إسلامیە معاصرە فی الدولە والمجتمع.)

ب. بۆ هەڵگرتنو لابردنی ئەو دژایەتیە ڕواڵەتیەی کە لەنێوان ئایەتەکانی کە لەبارەی کوشتارەوە لەسورەتەکانی تەوبەو ئەنفال..هتددا، هاتون لەگەڵ فەرمودەی خواوەند کە دەفەرموێت: ﴿لاَإِكْرَاهَ فِي الدِّينِ..﴾البقرة/٢٥٦و فەرمودەی خواوەند: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ﴾ الكهف/ ٢٨.

هەروەها لەگەڵ فەرمودەی خواوەند: ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ النحل/١٢٥.

بە دیدی ئەو بەڕێزانە دوای ئەوەی کە جیهادیان بە کوشتار لێکداوەتەوە، دژایەتیو ناسازگاری هەیە لەنێوان ئایەتی ﴿لاَإِكْرَاهَ فِي الدِّينِ..﴾البقرة/٢٥٦، لەگەڵ ئایەتی ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ جَاهِدِ الْكُفَّارَ وَالْمُنَافِقِينَ وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾ التوبة /٧٣.

دوای ئەوەش کە بە هەڵە لێکدانەوەیان بۆ وشەی(القتال)کردوو بە کوشتنی یەکلایەنە لێکیان دایەوە وتیان: ﴿لاَإِكْرَاهَ فِي الدِّينِ..﴾ ناسازگارە لەگەڵ﴿قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ التوبة/ ٢٩.

هەروەها ئەو تێکەڵ کردنە لەبیری ئەوکەسانەدا ڕویداو گەشتنە ئەوەی کە دەیانوت: ناسازگاریو دژایەتی هەیە لەنێوان ئایەتی: ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ النحل/١٢٥.

لەگەڵ ئایەتی: ﴿...فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُواْ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ...﴾ التوبة/ ٥.

ئەمە هەر ئەم ئایەتەیە كە زانا بەڕێزەكانمان ناویان ناوە ئایەتی شمشێر، ئەو ئایەتەی كە شێخ موحەمەدی غەزالی لەكتێبی (كیف نتعامل مع القرآن) لاپەڕە(٨٢-٨٣) لەبڕگەیەكدا ئامازەی پێكردوەو لەخوارەوە وەك خۆی بڕگەكە دەخەینەڕو: {.... ئەوەی كە دەڵێن: (١٢٠) ئایەت لەدابەزێنراوی بەجێدا بە ئایەتی شمشێر نەسخ كراونەتەوەو كاریان پێ ناكرێت، نەفامیەكی سەرسوڕهێنەرەو ئاماژەیە بۆ ئەو سەردەمی دواكەوتویی ژیریو زانستیەی كە هاتوە بەسەر ژیاروشارستانیەتماندا و زۆرینەی موسڵمان لەقورئانەكەیان تێنەگەیشتوون، بەهۆی ئەو نەزانیو تێنەگەیشتنەشیانەوە بیریان چوە كە چۆن بانگەواز بكەن بۆ لای خواوەند، لەوانەیە یەكێك لەهۆكارەكانی شكستهێنانی بانگەوازی ئیسلامیش لەوەدا كە ئامانجەكانی نەپێكاوە ئەوە بوبێت كە گومانیان وابوەو وایان زانیبێت هۆكاری گەیاندنی پەیامی خواوەندو بانگەوازەكەی شمشێرە، كە ئەمەش ئەستەمەو خاوەن ژیریەكانیش لەم ڕاستایەدا كۆ دەنگن كە ئەوە قسەو بڕیارێكی پوچو بێمانایە، لەقورئاندا هیچ ئایەتێك نیە، بگونجێت لەبارەیەوە بوترێت گوایا لەكار خراوە یاخود مۆمیاكراوەو سڕكراوە یاخود لەكار كەوتوەو كاری پێ ناكرێت}.

هەمو ئایەتێك لەئایەتەكانی قورئان كاری پێ دەكرێتو توانای كاركردنی هەیە، بەڵام ژیرو لێزان ئەو كەسەیە كە هەلو مەرجو دەرفەتەكان لێك بداتەوەو لەبواری خۆیاندا كاریان پێ بكات.

گومان لەوەدا نیە كە(نسخ)بە هەردوو واتاكەیەوە: سڕینەوەو هەموار كردنەوە، ناوی لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، ﴿مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ البقرة/١٠٦.

ڕاستە دەستەواژەی نەسخ هـاتوە، بـەڵام مەبەسـت پـێـی نەسـخو ئـاڵوگۆڕو جـی گۆڕكێیە لەنێوان پەیامو شـەریعەتە ئاسمانیەكانـدا، نـەك لـەنێوان ئایەتـەكانی یـەك پـەیامو شـەریعەتدا، بەڵگـەش لەسـەر ئـەم ڕاسـتیە ئـەو مانـا شـاراوەیەیە كـە لـەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ كـراوە ﴿مَّا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلاَ الْمُشْـرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ البقرة/١٠٥.

واتە:هەرگیز بێباوەڕەكانو موشریكەكان ئاواتی ئەوە ناخوازن كە خێرو چاكەتان بۆ دابەزێنرێت لەلایەن پەروەردگارتانەوە.

هەروەها ئایەتی(١٠١)ی سورەتی نـەمل كـە پێشـتر ئاماژەمـان پێكـردو بـە ڕونـی قسە لەسەر جیٚ گۆڕكێی نێوان ئایەتو حوكمەكان دەكات.

هەروەها ﴿قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ لِيُثَبِّتَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهُـدًى وَبُشْـرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ النحل/١٠٢.

واتـە: جبریـل لەلایـەن پەروەردگارتـەوە بـۆی دابەزانـدویت تـاوەكو بـاوەڕداران دامەزراو بكاتو ڕێنیشان دەرو بەرچاو ڕۆشنكەرەوەش بێت بۆ موسڵمانان.

هەروەها ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيراً مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ﴾ المائدة/١٥.

واتە: ئەی پەیڕەوانی پەڕاوە ئاسمانیەكان نێردراوێكمان بۆ ناردون تاوەكو زۆرێـك لـەوەی كـە لەپەیامـە ئاسمانیەكـەی خۆتـان لاتـان ڕون نیـە، بۆتـان ڕون بكاتـەوەو لەزۆرێكیش خۆش ببێت.

سەبارەت بەوەش كە خاوەن كتێبو نوسەرەكانی بواری(ناسخو منسوخ)وتویانەو لەسـەروی هەموشـیانەوە(هبـة الله بـن سـلامة، ابـو جعفـر النحـاس، جـلال الـدین السیوطی)سەبارەت بەم ئایەتـە﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِـالْعُرْفِ وَأَعْـرِضْ عَـنِ الْجَـاهِلِينَ﴾ الأعراف ١٩٩.

دەڵێن: {ئەم ئایەتە دەکرێت بەسێ بەشەوە، بەشی یەکەمی بە ئایەتی زەکات سڕاوەتەوەو کاری پێ ناکرێت، بەشی سێ هەمیشی بە ئایەتی شمشێر سڕاوەتەوەو، تەنها بەشی دوەمی ماوەتەوە.

یاخود ئەو بەسەرهاتە دەگێڕنەوە گوایا(عبدالله‌ی کوڕی مەسعود)وتویەتی: پێغەمبەر(د.خ)ئایەتێکی خوێندەوە بۆمو منیش خوێندمەوەو لەبەرم کردو لەپەڕاوە تایبەتیەکەی خۆمدا نوسیمەوە، پاشان شەو لەناو جێگەی خەوەکەمدا کە بە بیری خۆمدا چومەوە، هەستم کرد هیچ لەو ئایەتەم لەبیر نەماوە کە لەبەرم کردبو، خێرا ڕام کرد بۆ لای پەڕاوەکەم لەوێش بینیم ئەو لاپەڕەی لەسەرم نوسیبو سپی بوەتەوەو هیچی تێدا نەماوە، هەواڵم دا بە پێغەمبەرو پێی وتم: ئەی کوڕی مەسعود ئەو ئایەتە دوێنێ هەڵگیرایەوە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر فەرمودەی خواوەند کە دەڵێت: (أوننسها) کە لە (الإنساء)وە هاتوە واتە: لەبیر بردنەوە.}[11].

ئەم جۆرە باسانە هەرایەکەو هیچ چەشنە بایەخێکی نیە لای ئێمە، چونکە نەسخو سڕینەوەو لابردنو جێ گۆڕکێ لەنێوان ئەو پەیامە ئاسمانیانەدا کراوە کە چەندین سەدە لەنێوانیاندا بوەو(لەو ماوەیەدا چەندین گەشەو گۆڕانکاری بەسەر ژیری مرۆڤو گەشەی کۆمەڵگەکاندا هاتوە)نەك لەنێوان ئایەتەکانی یەك پەیامداو چەند سەعاتو کاتژمێرێك لەنێوانیاندا ببێت.

ئەو(إنساء)و لەبیرکردنەش بۆ پەیامە پێشوەکانەو خواوەند باسی نەکردوە، بەڵکو ئاماژەیەکی بۆ کردوە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِنْ قَبْلِكَ مِنْهُمْ مَنْ قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُمْ مَنْ لَمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ﴾ غافر/٧٨.

[11] - کتێبی(الناسخ والمنسوخ)ی پێشەوای لێکۆڵەر(أبو قاسم هبه الله بن سلامه) لاپەڕە (٥).

(إنساء)و لەبیركردنەكەش لەبڕگەی(ومنهم من لم نقصص)دا هاتوە، واتە: چونەتە بارنەی لەبیرچونەوە.

لەوانەیە كەسێك بڵێت: ئەگەر ئەمە ڕاست بێت كە تۆ دەیڵێیت دەبێت لەدابەزێنراوی بەجێدا ئەم چەند خاڵە ببینین:

١. چەند حوكمو فەرمانێك لەناو دابەزێنراوی بەجێدا ببینین كە باشتربن لەچەند حوكمو فەرمانێك كەلەپەیامە پێشوەكاندا بونیان بوبێت، تاوەكو بەڵگە بن لەسەر فەرمودەی خواوەند كە دەفەرموێت: (نأت بخير منها).

٢. چەند حوكمو فەرمانێك لەدابەزێنراوی بەجێدا ببینین كە هاوشێوەی چەند حوكمو فەرمانێك بن كە لەپەیامە ئاسمانیە پێشوەكاندا هاوشێوەیان بوبێت، تا واتاو بەڵگەبێت بۆ(أو مثلها).

لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵی ئەم ڕاستیە زۆر بە ڕونی لەدابەزێنراوی بەجێدا نومایان بوەو دەیان نمونەشمان هەیە لەو بارەیەوەو سەرەتا تەنها دوو لەو نمونانە دەهێنینەوە كە لەچەشنی دوەمن:

أ. یەكتاپەرستی ترۆپكی داواكاری سەرجەم پەیامە ئاسمانیەكان بوە، هەر لەنوح پێغەمبەرەوە(س. خ)بیگرە تا دەگاتە موحەمەد پێغەمبەر(د.خ)لەقورئانیشدا ئاماژە بەمە كراوەو دەفەرموێت:﴿يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ..﴾واتە: ئەی هۆزو نەتەوەكەم خوا بپەرستنو هیچ پەرستراوێكتان نیە جگە لەو.

ئەم داوایە وەك خۆی دەقاودەق لەهەموو چیرۆكە قورئانیەكانو لەسەر زاری هەموو پێغەمبەرانو نێردراوەكانەوە گێڕراوەتەوە.

ب. خواوەند وەك پیا هەڵدانێك لەبارەی تەوراتەوە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ وَضِيَاء وَذِكْراً لِّلْمُتَّقِينَ﴾ الأنبياء/٤٨.

هەروەها لەدابەزێنراوی بەجێشدا لەبارەی قورئانەوە هاتوەو دەڵێت: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ﴾ البقرة/١٨٥.

لێكچونی نێوان ئەم دو پایەمە لەدوخاڵدا دەبینین:

**یەكەم**: بریتیە لەوە كە هەردوكیان ڕێنمایىو ڕێ ڕۆشنكەرەوەو ڕۆشناین بۆ پارێزكاران.

**دوەم**: یەك فورقان هەیە لەلای موسا(س.خ)بریتیە لە دە ئامۆژگاریەكەو لەلای موحەمەدیش(د.خ)بریتیە لە ئایەتەكانی(١٥١، ١٥٢، ١٥٣)ی سورەتی (الأنعام).

نمونەی چەشنی یەكەمیش بریتین لە:

أ. لەپەیمانی كۆن و دێرین(العهد القديم)ی موسادا هاتوە دەڵێت: (إذا وجد رَجلٌ مضطجعاً مع إمرأةٍ زوجةَ بعلٍ يُقتل الإثنان)[١٢]واتە: ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ژنێكی خاوەن مێرددا لەناو جێگە بە ڕاكشاوی بینرا، ئەوا هەردوكیان دەكوژرێن.

لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ..﴾ نور/٢. واتە: ژنو پیاوی زیناكەر هەریەكەیان سەد قامچیان لێ بدەن.

ئەم دوو حوكمە جیاوازە، سەبارەت بە یەك بابەت هاتون كە ئەویش زینایە، یەكەمیان لەتەوراتداو دوەمیشیان لەدابەزێنراوی بەجێدا.

بەڵام دەبینین خواوەند فەرمانی كوشتنەكەی كە لەیەكەمدا هاتوە، لەدوەمدا گۆڕی بۆ قامچی كردنو دوەمیش باشترە.

باش وایە لێرەدا كەمێك لەسەر دەستەواژەیەك بوەستین كە لەئینجیلەكانی گاورەكاندا ناوبانگی هەیە، ئەویش قسەیەكی گەورەمان عیسا پێغەمبەرە(س.خ)كە لەبارەی ڕەجمو بەردبارانكردنی زیناكارەوە وتویەتی(من كان منكم بلا خطيئة فلير مها بحجر) واتە: كێ لەئێوە بێ تاوانە با بەردێكی تێ بگرێت.

---

[١٢] - العهد القديم، سفر التشريح، الايه ٢٢.

ئەگەر سەرنج بدەین لەم ڕستەیەدا حەزرەتی مەسیح هەر چەندە ئەو پەڕی لێبوردەیی گرتوە، بەڵام لەو سنورو ڕۆڵە تێنەپەڕیوە کە خواوەند وەك شەریعەتێك بۆی دەستنیشانکردوە:﴿وَمُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ..﴾ آل عمران/٥٠.

ڕۆڵی ئەم پێغەمبەرەش جیاواز نیە لەڕۆڵی موحەمەد(د.خ)لەبارەی دارشتنی یاساو بەرنامەکەیدا، هەروەك خواوەند ئاماژە بەم ڕاستیە دەکاتو دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوباً عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِم...﴾ الأعراف/ ١٥٧.

واتە: ئەوانەی کە شوێن نێردراوو پێغەمبەرێك دەکەون کە لەلای خۆیانو لەتەوراتو ئینجیلدا باس کراوەو فەرمانیان پێدەکات بە چاکەو ڕێگیریان لێ دەکان لەخراپەو شتە چاکەکانیان بۆ ڕەوا دەکاتو ناپەسەندەکانیشیان لێ قەدەغە دەکاتو ئەو کۆتو بەندەی کە لەسەریان بوو لەسەرشانیان سوك دەکات.

ئەوە خۆشە کە زانایانی بەڕێزمان لەم سەردەمەدا ئەو پەڕاوەی پەروەردگاریان (کە گومانی تێدا نیە)پشتگوێ خستوەو ڕویان لەکتێبە مێژوییەکانو(ئەوەی کە پێی دەوترێت فەرمودە ئاحادەکان)کردوەو دەڵێن: ڕەجمو بەرد باران کردن سزای زینایە(لا حول ولا قوة إلاباللە العلى العظيم).

ب. ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالأَنفَ بِالأَنفِ وَالأُذُنَ بِالأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ...﴾ المائدة/ ٤٥.

واتە: هەروەها لەوێدا نوسیمان لەسەریان کە خوێنی کەسێك تەنها کەسێکەو چاوێك بەچاو و گوێچکەیەك بە یەك گوێچکەو لوت بە لوتێكو یەك ددان بە یەك ددانو برینەکانیش بە سزای خۆیان لێیان بکۆڵنەوە.

ئەمەش حوكمو فەرمانێكی تەوراتیەو بەڵگەش لەسەر ڕاستی ئەم بۆ چونە ئەوەیە كە لەپێش ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ﴾ المائدة/ ٤٤.

واتە: ئێمە تەوراتمان دابەزاندو ڕێنمایىو ڕێ ڕۆشنكەرەوەی تێدایە.

لەپێش ئەم فەرمانەوە كار بە دەقێكی بابلی دەكرا لەشەریعەتی حامورابیدا كە لە بڕگەكانی(٢٣٠،١٩٧،٢٠٠،١٩٧،١٦٩)دا هاتبو، دواتر شەریعەتی موحەمەدی هاتو باشتری هێنا بۆ مرۆڤایەتیو فەرموی: ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ﴾ الإسراء/ ٣٣. واتە: ئەو نەفسو گیانەی كە خواوەند كوشتنی قەدەغە كردوە نەی كوژن مەگەر بە هەق نەبێت.

هەروەك چۆن لەشەریعەتی موسادا كوشتنی نەفس قەدەغە كرا بو، لێرەشدا هەر بە قەدەغەكراوی مایەوە، بەڵام ئەوەی بۆ زیادكرا(إلا بالحق)واتە: بێجگە لەوەی كە بە هەقو ڕەوا بێت، بۆ ئەوەی بازنەی تێگەیشتن لەكوشتنی نەفس فراوان بێت و گیانلەبەرانو تەنانەت گژوگیاو ڕوەكەكانیش بگرێتەوە، چونكەی ئەوانیش هەر نەفسنو پێستو خوریەكەیان ڕەوایە، بەدەر لەم حاڵەتە، ناڕەوایە.

كوشتنو بڕینی ڕوەكەكان بۆ سود وەرگرتن لە تەختەو پەلو پۆكانیان كوشتنێكی ڕەوایە، بەڵام بەبێ هودە بڕینو لەناو بدرنیان ناڕەوایە.

ج. پەڕاوی موساش بەهەمان شێوەی پەیامی موحەمەدی، بەڕونی جیاوازی كردوە لەنێوان كوشتنی دەس قەسو كوشتنی هەڵەدا.

كوشتنی دەس قەس لەهەردو پەیامەكەدا یەك سزای هەیە.

بەڵام سزای كوشتنی بە هەڵە حوكمی جیاوازی هەیە لەهەردو پەیامەكەدا، لەپەیامی موسادا، سزاكەی هەڵدەكێشێت تا دەگاتە دورخستنەوە بۆ یەكێك لەسێ شارەكەی كە دیاری كراون، بەڵام لەپەیامی موحەمەدیدا داكشاوە بەرەو

ئاسانكاریو سزاكەی سوك كردوە بۆ لانی كەم بە ڕۆژوو بونی دوو مانگ لەسەریەك ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِناً إِلاَّ خَطَئاً وَمَن قَتَلَ مُؤْمِناً خَطَئاً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَن يَصَّدَّقُواْ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ وَهُوَ مْؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِّيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةً فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ اللّهِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيماً حَكِيماً﴾ النساء/٩٢.

واتە: هیچ باوەڕدارێك بۆی نیە كەسێكی سڤیلو ئارامو دور لەشەڕ بكوژێت بە هەڵە نەبێت، هەركەسیش كەسێكی سڤیلو بێ تاوانی بە هەڵە كوشت با كۆیلەیەكی باوەڕدار ئازاد بكاتو بڕێكی دیاریكراویش لەپارەو پول ڕادەستی خاوەنی كوژراوەكە بكات، مەگەر خۆیان نەیانەوێت، ئەگەر بكوژەكەش لەهۆزێكی دوژمنی ئێوە بو خۆی باوەڕدار بو با كویلەیەكی باوەڕدارو پابەند بە ڕەوشتە بەرزەكانەوە ئازاد بكات، ئەگەر لەهۆزێكیش بو كە پەیمان لەنێوانتاندا هەبو بڕێكی دیاریكراو لەپارەوپول ڕادەستی خاوەنی كوژراوەكە بكاتو كۆیلەیەكی باوەڕداری پابەند بە ڕەوەشتە بەرزەكانو سڤیلیش ئازاد بكات، هەر كەسیش نەیبو با دوو مانگ بەسەریەكەوە بە ڕۆژوو بێت، ئەمەش تەوبەیەكە لەلایەن خواوەندەوەو هەر ئەویشە كە زاناو كار بەجێیە[١٣].

ئەگەر كەسێكیش پرسیارم لیٚ بكاتو بڵێت: چۆن لەلایەك لەئایەتی(لاإكراه في الدين)و لەلایەكی تریشەوە ﴿فَاقْتُلُواْ الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ﴾ چەند ئایەتێكی تریش لەسورەتەكانی تەوبەو ئەنفال..هتد. تێبگەینو ئایا ئەم دوو ئاراستەیە دژ بە یەك نین.

---

(١٣) لەوەرگێڕانی ئەم ئایەتەدا بۆ زمانی كوردی وشەی(باوەڕدار)مان هەڵبژارد بۆ(مؤمن)ی ناو ئایەتەكە، بەڵام بەپێی تێگەیشتنی ئێمە بۆ دابەزێنراوی بەجیٚ(مؤمن) لەم ئایەتەدا مەبەست پێی كەسێكی خاوەن ڕەوشتە بەرزەكانو ئارامو نا توندوتیژو لا شەڕە، یاخود وەك پێی دەڵێن: (مەدەنی) واتە: سەربازیو سەر بە دەزگا سەربازیەكانی لایەنە بەشەڕهاتوەكان نەبێت، نەك باوەڕدار بە مانا باوەكەی (خواوەند لەهەموان زاناترە). وەرگێڕ.

لەوەلامـــدا دەلـّــێم: (لاإكـــراه في الـــدين)یەکێکـــە لەئایەتـــەکانی پـــەیامی موحەمـــەدی(حوکمی هـــەتا هـــەتایی هەیـــە)و ئایەتـــەکانی تـــریش لەبـــە ســـەرهاتی موحەمەدینو دەچنە خانەی هەواڵەکانیـەوە، نـەك خانـەی حـوکمو فەرمانەکانـەوەو تەنها پەندو ئامۆژگاریان لێ وەردەگیرێت، نەك حوکمو یاساو ڕێنما.

هەروەك چۆن مامەڵە دەکەین لەگەڵ هەواڵی پێغەمبەرە پێشوەکانی وەك(موسـا، عیسا، یوسف)و تەواوی پێغەمبەرانی پێشو(س.خ)بەهەمان شێوەش مامەڵـە لەگـەڵ هەواڵو بەسەرهاتەکانی موحەمەدیشدا دەکەین (د.خ)چونکە ئەو بەسەرهاتانە بـەبێ ویستو خواستی ئێمە ڕویان داوەو بونەتە مێژوو بۆ دوای خۆیان، بەلاّم ئایەتـەکانی ئەحکام وەك ئایەتـەکانی مـیراتو(لاإكراه في الـدين) ...هتـد. ئێمـە تـا ڕۆژی دوایـی دەتوانین قسەیان لەسەر بکەین.

لێـرەوە دەگوێزینـەوە بـۆ بابـەتێکی تـر کـە ئـەویش بەهـەمان شـێوە بـە هەڵـەو ئـاوەژوکراوی لێکدراوەتـەوەو شـێوێنراوە بـە یەکـدا، ئـەو بابەتـەش بریتییـە لـە بابەتی(الشهادة والشهيد).

پیتەکانی(ش، هـ، د)بناغەیەکی ڕاست وچەسپاون لەزمانی عەرەبیداو زاراوەیـەکی قورئانیـەو لـە(١٦٠)جێگـەدا لەدابـەزێنراوی بەجێـدا بەشـێوەی جۆراوجـۆر هـاتوە، یەکەمیان: ﴿وَادْعُواْ شُهَدَاءكُم مِّن دُونِ اللّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾البقرة/ ٢٣.
واتە: ئەگەر ڕاست دەکەن هانا بۆ ئەو کەسانە ببەنو بانگیان بکەن، کە بەجیا لەخواوەند کردبوتانن بە شایەت.

وە دوا ئایەتیشـیان ﴿وَاللَّـهُ عَلَـى كُـلِّ شَـيْءٍ شَـهِيدٌ﴾ الـبروج/ ٩. واتـە: خواوەنـد شەهیدە بە سەر هەمو شتێکدا.

پێویستە بزانین کە(شەهید)یەکێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خواوەندو واتـە: ئامـادەو پا بەرجا لەهەموو کاتو شوێنێکداو بیسەرو بیناو زانایە بەسەرهەمو شتێکدا.

بەڵگەی ئەم ڕاستیەش ﴿وهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ الحديد/٤.

واتە: ئەو لەگەڵتاندایە لەهەر كوێ بن، وە خواوەند بینەری هەمو شتێكە كە ئەنجامی دەدەن.

هەروەها ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾ ق/١٦.

واتە: بێگومان ئێمە مرۆڤمان دروست كردوەو دەشزانین بە هەمو داڵغەو ختورەیەك كە دێت بە دەرونیداو ئێمە لەدەمارەكانی خوێنیشی نزیك ترین لێوەی.

ئەمەش شتێكی ئاساییە چونكە ناگونجێتو ژیری پەسەندی ناكات كە خواوەند بیسەرو بینا بێت ئەگەر ئامادە نەبێت لەهەموو كاتو شوێنیكدا.

شەهیدو شاهیدیش ناوی بكەری تاكن بۆ كرداری(شهد)دوانەكەشی بۆ شەهید دەبێتە(شهیدان)و بۆ شاهیدیش دەبێتە(الشاهدان)و(شهود)یش بۆ هەردوكیان بە كار دێت.

جیاوازی نێوان شەهیدو شاهیدیش بریتیە لەوەی كە یەكەمیان بە ئامادەبونو بیستنو بینینی ڕوداوەكە دێتە بون كە بە چاوی خۆی ڕوداوەكەی دیوەو بە گوێی خۆی بیستویەتیو لەگەڵ ڕوداوەكە ژیاوە.

بەڵام دوەمیان شایەتی دانێكە كە سەرچاوە لەزانیاریو ئەزمونەوە وەردەگرێتو بەڕاست بێت یاخود نا، شایەتی لەسەر ڕوداوێك دەدات كە ئامادەی نەبوەو بە چاوی خۆی نەی دیوە، بەڵكو بۆی باسكراوە.

نمونەی ئەم بابەتەش: بەسەرهاتەكەی یوسف پێغەمبەر(س.خ) ﴿وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَا إِن كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الكَاذِبِينَ* وَإِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِن الصَّادِقِينَ﴾ یوسف/ ٢٦،٢٧.

دەبینین کە شاهد لێرەدا خۆی ئامادەی ڕوداوەکە نەبوەو نەی دیوە کەچی گوزەراوە، بەڵکو شایەتیەکەی لەسەر ئەو بەڵگانە بونیات دەنێت کە لەبەردەستدانو بەپێی ئەزمونو توانستی خۆیو ئەو زەمینە مەعریفییەی کە لەو ژینگەیەدا زاڵ بوە.

ئەو کەسەش کە ئەو شایەتیەی داوە لەخزمەکانی ژنی سەرداری میسر نەبوە، وەك چۆن ژمارەیەکی زۆر لەڕاڤەکاران ئەم بۆچونەیان هەیە، نمونەی ئەوانەش وتەکەی(الرازی)یە لەتەفسیری گەورە بەرگی(١٨)لاپەڕە (٩٩)دا، بەڵکو یەکێك بوە لەشیرەتمەندە بەناو بانگەکان کە لەم بوارەدا قسەیان لێ وەرگیراوە.

ئێستاش سەیری ئەو نمونانە دەکەین کە لەدابەزێنراوی بەجێدا یەکێك لەبەکار هێنراوەکانی بناغەی(ش، ه،د)یان تێدا هاتووە.

١. ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ البقرە/ ١٨٥.

واتە: ئەو مانگی ڕەمەزانەی قورئانی تێدا دابەزێنراوە کە قورئان ڕێنیشاندەرە بۆ خەڵکیو چەندین نیشانەی دیارو جیاکەرەوەی تێدایە، هەر کەس لەئێوە لەو مانگەدا ئامادەو لەژیاندابو با بە ڕۆژوی بگرێتو هەرکەسیش نەخۆش یاخود لەسەر سەفەر بو با چەند ڕۆژێك لەڕۆژانی دواتر بە ڕۆژو بێت.

ئەم ئایەتە ئایەتی دەستنیشانکردی ئەرکێکە کە ئەویش بەڕۆژوو بونە، هەمو ئەوکەسانە دەگرێتەوە کەمەرجی ڕۆژو گرتنیان تێدایەو ئامادەی مانگەکە دەبنو یان بەچاو هیلالی مانگ لەئاسمانەوە دەبینن یاخود لەڕێگەی بیستنەوە یاخود لەڕێگەی زانستی ئەستێرە ناسیەوە دڵنیا دەبن کە مانگەکە هاتوە.

یان بە واتایەكی تر هـەموو ئـەو كەسانەی كـە شـاهدی مانگەكـەن، ئـیتر خۆیـان مانگەكەیان بینیبێتو شەهید بن لەسەر بینینی، یـاخود لەرێگەیەكـەوە دڵنیـا بـوبن لەبارەی بینینی مانگەوەو شاهد بن لەسەر هاتنی مانگەكە.

بەڵام نەخۆشو ڕێبوارو ئەو كەسانەی كە توانای گرتنی ڕۆژویان نیە لەم ڕێسایە بە دەرن.

٢. ﴿مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلاَّ مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيداً مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ المائدە/ ١١٧.

واتە: تەنها ئەوەم پێ وتون كە فەرمانت پێ كـردوم، ئـەویش بریتـی بـوە لـەوەی پێیـان بڵـێم: تـەنها خواوەنـد بپەرسـتن كـە پـەروەردگاری منـیشو ئێوەشـە، تـا ئەوكاتەی كە لەناویاندا بوم خـۆم شـەهیدی ئـەم حاڵەتـەبوم لەسـەریان بـەڵام دوای ئەوەی كە گەڕاندمتەوە بۆلای خۆت، ئەوجا ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن خۆتـەوە چـاودێری دەكرانو خۆت شەهیدی لەسەر هەمو شتێك. واتە: بەئاگاو بیناو بیسەرو پابـەرجای هەموشتێكی.

لەم ئایەتەدا مەسیحی كوڕی مەریەم حەشا لەوە دەكات كە گوایا داوای كردبێـت لەخەڵكی، خۆیو دایكی بپەرستن، ئایـەتی(١١٦)سـورەتی(المائدە)ش بـە ڕاشـكاوی ئەم حەشاكردنەی عیسا پێغەمبەری ڕاگەیاندوە.

رونیشی دەكاتەوە كە ئەو بانگەوازی بۆ خـوا پەرسـتی كـردوەو بـە درێـژایی ئـەو ماوەیەش كە لەگەڵ هەوادارانیدا ژیـاوە چـاودێریو سەرپەرشـتی كـردون تـاوەكو بـە جوانیو بەدروستی خواوەند بپەرستن، بەڵام پاش ئەوەی لەناویاندا نـەماوە، ئاگـای لێیان نیە چیان كردوەو لەهیچ كردارێكیشیان بەرپرسیار نیە، ئەمەش واتای تەواوی ئەو برگەیە كە دەڵێن: ﴿وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيداً مَّا دُمْتُ فِيهِمْ﴾.

٣. ﴿..وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء.﴾ البقرة/ ٢٨٢.

واتە: دوو كەس بكەنە شەهید لەپیاوەكانتان، ئەگەر دوو پیاو ئامادە نەبون ئەوا یەك پیاوو دوو ئافرەت لەوانەی كە ڕازین لەشەهیدیەكەیان(مەرجی بون بە شەهیدیان تێدا بێت لەبینین‌و بیستن‌و توانستی مێشكی...هتد).

ئەم ئایەتە قەسە لەسەر گرێبەستی كڕین‌و فرۆشتن دەكات‌و داوا دەكات كە ڕێككەوتن‌و لێك گەشتنەكان بكرێنە بەڵگەی نوسراو، دوو كەس لەوانەی كە ئامادەی گرێبەستەكەن‌و ئاگایان لەهەل‌و مەرجی ڕێككەوتنەكەیە بكرێنە شاهد تاوەكو گەواهی ڕاستی‌و دروستی ڕێككەوتنەكە بدەن، بەو پێیەی كە خۆیان شەهیدی ڕوداوەكە بون‌و ئاگایان لێی بوەو بیستویانەو بینیویانە كە چۆن پرۆسەی كڕین‌و فرۆشتنەكە ئەنجام دراوە.

٤. ﴿وَاللاَّتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمْ فَاسْتَشْهِدُواْ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعةً مِّنكُمْ﴾ النساء/ ١٥.

واتە: ئەو ژنانەتان كە توشی كاری فاحیشەو خراپەكاری دەبن، داوای گەواهی دانی چوار كەس لەخۆتان بكەن كە ئامادەو شەهیدی ڕوداوەكە بوبن.

لەم ئایەتەدا ڕون دەبێتەوە كە كرداری(سِحاق) واتە: كاری هاو ڕەگەز بازی نێوان ئافرەتان، بە گەواهی چوار كەس ئەبێت كە ئامادەی ڕوداوەكە بوبن‌و گوێیان لەگفتوگۆی نێوان ئافرەتەكان بوبێت‌و بەچاوی خۆیان هەموو وردەكاریەكیان بینیبێت.

كاتێك بە وردی سەرنجی ئەم چەند ئایەتەی كە ڕابورد دەدەین تێدەگەین كە:

أ. ئامادەبون مەرجێكی سەرەكی‌و بنەڕەتیە لەپێناسەی ئەو كەسەدا كە دەبێتە(شەهید)ئەگەر دەركەوت ئەوكەسە لەكات‌و سات‌و جێگەكەدا كە ڕوداوەكە ڕویداوە ئامادەنەبوە، ئەوا ئەوكەسە بە شەهید دانانرێت لەسەر ئەو ڕوداوە.

ب. ناگونجێت كەسێك بكرێتە شەهید لەسەر ڕوداوێك ئەگەر كەسەكە خۆی لەحاڵی ژیاندا نەبێتو زیندو نەبێت، چونكە گەواهیدان بە هەردو بەشەكەیەوە بە مردنی خاوەنەكەی ڕادەگیرێت، خواوەند هەر دەم زیندوە بۆیە لەسەر هەموشتێك شەهیدە.

ج. ئامادەبونی ڕوداوەكەو زیندو بونی كەسەكە لەژیانداو بینینو بیستنی ڕوداوەكەن، كە گەواهیدانی شەهیدەكە پشت ڕاست دەكەنەوەو دەبێنە هۆی بەخشینی دڵنیایی لەبابەتەكەدا.

بەپیچەوانەشەوە ئەگەر كەسەكە ئامادەی ڕوداوەكە نەبوبێتو نەی دیبێتو نەی بیستبێت، ئەوا گەواهی دانەكەی گومانی لەسەرەو هەر چەند بەڵگەكانیشی بەهێز بنو لێزانینو تواناو لێهاتنەكانیشی زۆر بن، هێشتا هەر گەواهی دانەكەی دڵنیایی نابەخشێت چونكە خۆی ئامادەی ڕوداوەكە نەبوە.

د. كوشتنو كوشتار نە لەدورو نە لەنزیكەوە پەیوەندیان بە بابەتی شاهیدو شەهیدەوە نیەو وەك سەرنج دەدەین نەبە ڕاستەوخۆو نەبە ئامـاژە پێكردن، لەهێچكام لەو(١٦٠)جێگەیەدا كە لەدابەزێنراوی بەجێدا باس لەبابەتی شەهیدو شاهد دەكەن ئامازەیان پێ نەكراوەو هیچ بەڵگەیەك نیە كە بابەتی شەهیدو شاهد پەیوەندی بە كوشتو كوشتارەوە ببێت.

ه. هەر گرێبەستێكی كڕینو فرۆشتنیش ئەگەر دوكەس لەوانەی كە ئامادەی هەلو مەرجو پرۆسەی كڕینو فرۆشتنەكە دەبنو ئاگایان لەوردەكاریەكانی نێوان دوو لایەنەكە دەبێتو بە چاوی خۆیان بینیبێتیانو بیستبێتیان چی گوزەراوە، ئەگەر دوكەس لەم كەسانە نەبنە شاهدو شەهید بەسەر ڕوداوەكەوە، ئەوا ئەو

گرێبەستە بەهەڵوەشاوەو نادروست لەقەڵەم دەدرێت بەپێی ئایەتی(٢٨٢)ی سورەتی(البقرة).

و. دڵنیابوین كە شەهادەتو گەواهیدانی ئامادەبوی ڕوداوەكەش چەند لایەنێكی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، كە ئایەتەكان چەند لایەنێكیان خستەڕو.

بەبۆچونی ئێمە میدیاكارێك كە بە مەبەستی ڕومالّ كردنیان، ئامادەی ڕەوشی جەنگەكان دەبێتو دەچێتە سەنگەرەكانی پێشەوە تاوەكو لەڕاستی ڕوداوەكان تێبگاتو بیانگوێزێتەوە، ئەو میدیاكارە بكوژرێت یاخود نا هەر شەهیدە.

هەروەها ئازادی خوازێك كە ستەمكاریەكانی دەسەڵاتی وڵاتەكەی دەبینێتو دەنگی ناڕەزایەتی دەردەبڕێتو پەردە لەسەر گەندەڵیەكانیان لادەداتو بەوهۆیەوە دەسگیر دەكرێتو لەگەڵ پیاو كوژو دزو جەردەكاندا دەخرێتە ناو زیندانە تاریكەكانەوە، ئەم بەندیە بمرێت یاخود ئازاد بكرێت لەهەردو حاڵەتەكەدا شەهیدە.[١٣]

بۆیە هیچ بیانوو پاساوێك نیە بۆ ئەوەی ئەم چەمكە جوانو فراوانە(شەهید بون)بەر تەسك بكەینەوە لەوكەسانەدا كە دەكوژرێن لەگۆڕەپانی جەنگەكاندا.

هەروەك چۆن لەڕابردودا زانایانی سەر بە دەسەڵاتو گوێ لەمشتانی داگیركارە ناوخۆییو دەرەكیەكانو شایەری كۆشكەكانی سوڵتانە ستەمگەرەكان لەسەردەمی ئەمەویەوە بیگرە تا عەباسیو مەمالیكو عوسمانیەكان، هەروەها چۆن هەندێ بەڕێزەكانی ئەم سەردەمە بە چاولێگەری لەباپیرە گەورەكانی ڕابوردویان بۆ ڕازی

---

[١٣] ئەم بۆچونەی نوسەر واتایەكی فەلسەفی وردی هەیەو هیوام وایە حوكمی خێراو بە پەلەی لەبارەوە دەرنەكرێت، چونكە ئەگەر بڕگەیەك بە جیا لەتەواوی بابەتەكە بگوێزرێتەوە یاخود لێك بدرێتەوە پێچەوانەی مەبەستەكەی نوسەر واتا دەدات بەدەستەوە.
لەبۆچونی نوسەردا شەهیدبون پلەیەكی تایبەت نیە كە مرۆڤ بەهۆیەوە پاداشت وەربگرێت یاخود بەهۆیەوە بچێتە بەهەشت، بەڵكو بەرپرسیاریەتیەكە دەكەوێتە ئەستۆیەوە، ئیتر ئەوەكە باوەڕدار بێت یاخود نا جیاوازی نیە چونكە بابەتەكە تایبەت نیە بە بڕوادارانەوە.
رونیشی دەكاتەوە كە چەمكو دەستەواژەكە بەهەڵە لەجێگەی نەشیاوی خۆیدا بەكار هاتوە. (وەرگێڕ)

كردنی ستەمكارانو جێگیركردنی كورسی دەسەڵاتەكانیان ئەو كارەیان دەكردو دەیكەن.

لەلاپەڕەكانی دواتریشدا بە وردیو تێروتەسەلی باس لەجەنگ(القتال)بەگشتیو جەنگین لەڕێگەی خواوەنددا بەتایبەتی دەكەین.

مەسەلەی ئامادەبونی شەهید زۆر بە وردیو جوانی عیسا پێغەمبەر(س.خ)لێی تێگەیشتبو، وەك چۆن دەفەرموێ: ﴿وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيداً مَّا دُمْتُ فِيهِمْ﴾ المائدة/ ١١٧.

هەروەها پێغەمبەر(د.خ)بەجوانی لێی تێگەیشتو هاوەڵەكانیشی لەوردەكاری بابەتەكە تێگەیاند.

ئێمە لەكاتێكدا ئەم گەواهیە بۆ پێغەمبەرمان دەدەین(١٣٩حدیث)و فەرمودە، یاخود(١٣٩گێڕانەوە)بۆیەك فەرمودە لەبەردەستماندایە كە هەموخاوەن(الصحاح، السنن، الموطات، المسانید)ەكان دەیگێڕنەوەو لەكتێبەكانیاندا هێناویانە، گوایا پێغەمبەر زیاد لەدوانزە پێناسەی بۆ شەهید كردبێتو وئێمە لێرەدا تەنها ئەمانەی خوارەوەمان لێ هەڵبژاردون:

١. موسلم لەئەبو هورەیرەوە دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: پێغەمبەر(د.خ)لەكۆڕێكی هاوەڵانیدا لێی پرسین: بەلای ئێوەوە شەهید كێیە..؟ وتیان: هەركەس لەڕێگەی خواوەنددا كوژرا شەهیدە.

وتی: كەواتە شەهیدەكانی ئوممەتی من كەمن.

وتیان: كەواتە شەهیدەكان كێن ئەی نێردراوی خواوەند..؟

وتی: هەركەس لەڕێگەی خواوەندا بكوژرێت ئەوە شەهیدە، هەركەسێك لەڕێگەی خواوەندا بمرێت ئەوە شەهیدە، هەركەس بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە بمرێت ئەوە شەهیدە، هەركەسێكیش بەهۆی ئازاری سكەوە بمرێت ئەویش شەهیدە.

٢. ئـەبوداود لەسـونەنەكەیدا لەسـەعیدی كـوڕی زەیـدەوە دەگێڕێتـەوە ئـەویش لەپێغەمبەرەوە(د.خ)دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: هەركەسێك لەپێناو پاراسـتنی مـاڵو موڵیكـدا بكوژرێـت ئـەوە شـەهیدە، هەركەسـێك لـەپێناو پاراسـتنی كـەسو كاریـدا بكوژرێت ئەوە شەهیدە، هەركەسێك لەپێناو ئایندا بكوژرێت ئەوە شەهیدە.

٣. نەسـائی لەسـونەنەكەیدا لەعوقبـەی كـوڕی عـامرەوە دەگێڕێتـەوە كـە پەیامهێنەر(د.خ)وتویەتی: پێنج شـت هەیـە هەركـەس لەسـەریان بكوژرێـتو گیـانی بەخت بكات ئەوە شەهیدە:

كوژراو لەڕێگەی خواوەنـددا، ئەوكەسـەی كـە لەڕێگـەی خواوەنـددا لـەئاودا نـوقم دەبێت، ئەوكەسەی كە بە نەخۆشیو ئازاری ناو سك گیان دەبەخشێت، برینداری لە ڕێگەی خواوەنددا، ژنێك كە بەهۆی منداڵ بونەوە گیان لەدەست دەدات.

٤. لەئـەبی جەعفـەرەوە گێڕراوەتـەوە كـە وتویـەتی: پێغەمبەر(د.خ)وتویـەتی: هەركەسێك لەپێناو ڕاماڵینی ستەمێكدا كە لێی كراوە بكوژرێت شەهیدە.

٥. ئەبی داود لەئەبی مالیكی ئەشعەریەوە دەگێڕیتـەوە كـە وتویـەتی: بیسـتومە لەپێغەمبەر(د.خ)ئەی وت: هەركەسێك لەڕێگەی خواوەنددا لـەخێزانی دوركەوتـەوەو مرد یاخود كوژرا ئەوە شـەهیدە، هەركـەس وشـترەكەی یـاخود ئەسـپەكەی لەقـەی لێدا، یاخود گیان لەبەرێك پێوەی دا، یاخود لەسەر جێگەی خەوەكەی مرد بـە هـەر هۆیەكەوە بو ئەوا ئەوكەسە شەهیدەو بەهەشتیە.

مـرۆڤ كاتێـك سـەرنج دەدات لـەم گێڕانـە، لەچـەندین جێگـەدا ئێسـتێك دەكـاتو سەرنجی بۆلای چەند شتێك ڕادەكێشرێت:

**یەكەمیان**: ئەو هەمو بـەر فراوانیـە سـەرنج ڕاكێشـەیە كـە لەدیـدی پێغەمبـەرەوە خراوەتە ڕو لەبارەی شەهیدەوە، یاخود ئەو هەمو بوارە جۆراوجۆرەی كە ئامـاژەی بۆ كردوە.

ئـەم دیـدو تێڕوانینـەی پێغەمبـەر تـەواو ڕاسـت دێتـەوە لەگـەڵ ئـەو گێڕانـەوە قورئانیانەدا کە لەم بارەوە هاتون، تەنها لەوەدا نەبێت کە گوایا پێغەمبـەر مـردن‌و کوشتن‌و کوژرانی زیاد کـردوە کـە ئەمـەش پێچـەوانەیە لەگـەڵ ئـەو پێناسـانەدا کـە لەئایەتەکانی(١٨٥/ البقرة، ١١٧/ المائدة، ٢٨٢/ البقرة، ١٥/ النسـاء)دا خسـتنمانە ڕوو لەدابەزێنراوی بەجێدا لەبارەی شاهدو شەهیدو شەهادەتەوە.

لەڕوانگـەی ئـەو ئایەتانـەوە کـە بـاس لـەم بابەتـە دەکـەن تێگەیشـتین لەباسـی ڕۆژوگرتنەکەدا شەهید ئەو کەسـەیە کـە مـانگی بەچـاوی خـۆی یـاخود لەڕێگـەی زانسـتی ئەستێرە ناسینەوە بینیبێت، دواتر ئەم کەسە ئەم گەواهیدانـەی کـە خـۆی ئامـادەی بـوە ڕادەگەیەنێت بۆ خەڵکی‌و بەپێی فەرمانی خواوەند خەڵکەکەش بەڕۆژو دەبن.

هەروەها شەهادەتی(لا إله إلا الله)گەواهی دانی شاهدیە، چونکە ئێمە خواوەندمان لەڕێگەی بینین و بیستنەوە نەناسیوە، بەڵکو لەڕێگەی سـەرنج دان‌و لێکۆڵینـەوەوە بونی ئەومان بۆ ساغ بوەتەوە، لێرەوە تێدەگەین کـە بـاوەڕ بـە خواوەنـدو بـەڕۆژی دوایی(مسلّمة)وبەڵگە نەویستێکی چەسـپاوەو هـەموان باوەڕمـان پێیـەتی‌و ئەمـەش بریتیە لەئیسلام بونمان، بەڵام باوەڕبونمان بەوەی کـە دابـەزێنراوی بـەجێ لەلایـەن خواوەندەوەیەو هەروەها باوەڕمان بەوەی کە موحەمەد هەم نێـردراوو پەیامهێنـەرو هەمیش پێغەمبەری خوایەو باوەڕمان پێیەتی، بەمەش دەبینە باوەڕدار.

چـونکە ئەگـەر خۆمـان لەڕێگـەی هەسـتەکانەوە خواوەنـدمان بناسـیایە، خۆمـان دەبوینە شاهدو شەهید لەسەربونی خواوەندو مانایەك بۆ باوەڕهێنـان نەدەمایـەوەو لەڕێگەی هەستەوەرەکانەوە هەستمان بە بونی خواوەند دەکرد (تعالى الله عما تصفون).

بۆیە خواوەند دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِداً وَمُبَشِّراً وَنَذِيراً﴾ الأحزاب/٤٥.

واتە: ئەی پێغەمبەر ئێمە تۆمان ناردووە تا شاهدو مژدە بەخش‌و وریاکەرەوە بیت.

هەروەها لەئایەتەكانەوە تێگەیشتین  شەهید ئەوكەسەیە كە ئامادەی ڕوداوەكانی كڕینو فرۆشتنی ناو بازارەكان دەبێتو پاشان ئەو شایەتیەی كە ئامادەی بـوە ڕای دەگەیەنێتو بە ئیمزاكردنیشی لەسەر گرێبەستەكان مۆركی ڕاستـیو دروستـی ئـەو گرێبەستانەو كردارەكانی كڕینو فرۆشتن ڕادەگەیەنێت.

هەروەها لەبوارەكانی تریشدا بۆ نمونە: ئەوكەسەی كە ئامادەی ڕوداوێك دەبێتو بەچاوو گوێو هەستەكانی شاهدی خراپـەكاریو زینایـەك دەبێـت، دواتـریش ئەگـەر داوای لێ بكرێت تا ئەوەی كە بینیویەتیو بیستویەتی ڕای بگەیەنێت خۆی لانـاداتو خۆی لەمەسەلەكە نابوێرێت.

ئەركی سەرشانی شەهیدەكانیش ئەوەیە كـە وەك خواوەنـد دەفـەرموێت: ﴿..وَلاَ يَأْبَ الشُّهَدَاء إِذَا مَا دُعُوا..﴾ البقرة/٢٨٢.

واتە: شەهیدەكان خۆیان نەبوێرن ئەگەر داوایان لێكرا.

بەم شێوەیە دەبیـنین كـە تێگەیشـتنی پێغەمبـەر(د.خ)زۆر فـراوان بـوە لـەبارەی شەهادەو شەهیدیەوە، بە چەشنێك ئەوەندە بەرفراوان بۆ مەسەلەكەی ڕوانیـوە كـە شەهیدی كوژراوەكانو مردوەكانیش بگرێتەوە، وەك لەهەواڵی ژمـارە (٥)دا هـاتوەو دەڵێت: بمرێت یاخود بكوژرێت.

هەروەها دەڵێت: یاخود لەسەر جێگەی خەوەكەی بمرێت یان بـە هـەر شـێوەیەك كە خواوەند ویستی لەسەر بێت، بەهەمان شێوە لەهەواڵی ژمارە(٣)دا دەڵێـت: هـەر كەس گیان بەخت بكات لەپێناو ئەم شتانەدا شەهیدە.

**دوەمیان**: پێغەمبەر لەهەواڵی ژمارە(١)دا پێناسەی شـەهید ڕاسـت دەكاتـەوە بـۆ هاوەڵـەكانیو تێگەیشـتنیان بـۆ مەسـەلەو چـەمكی شـەهادەت ڕاسـت دەكاتـەوە، ڕەخنەشیان لێ دەگرێت بـەوەی كـە ئـەو چـەمكە بەرفراوانـە بەرتەسـك دەكەونـەوە

لەكوژراوانی جەنگەكاندا، ئەمەش ماناو واتای فەرمودەكەی پێغەمبەرە كە دەڵێت: (إن شهداء أمتي إذن لقليلون) واتە: كەواتە شەهیدەكانی ئومەتی من كەمن.

لەگەڵ ئەم هەموو ڕاستكردنەوەیەشدا، زانایانی بەڕێزمان لەم سەردەمەدا سەرەڕای سەرنجو ڕاستكردنەوەكانی پێغەمبەر هێشتا هەر سورن لەسەر ئەوەی كە پێ لەسەر ئەوە دابگرن كە هاوەڵان بە هەڵە لێی تێگەشتبون.

**سێیەم**: بەوپەڕی ئاشكرایىو ڕونیەوە پێغەمبەر ڕای دەگەیەنێت كە هەریەك لەمانەی خوارەوە شەهیدن:

١. كوژراو لەڕێگەی خواوەنددا.

٢. هەركەس لەڕێگەی خواوەنددا بە مردنێكی ئاساییو لەسەر جێگەی خۆی بمرێت.

أ. یان بە تاعونو نەخۆشی بمرێت.

ب. یان لە ئاودا نوقم ببێت.

ج. گیانلەبەرێك بیگەزێت یاخود لەقەی لێ بدرێت یاخود قۆچی لێ بدرێت.

٣. هەر كەس لەپێناو پاراستنی سامانیدا بكوژرێت یاخود بمرێت.

٤. هەر كەس لەپێناو كەسو كاریدا بكوژرێت یاخود بمرێت.

٥. هەر كەس لەپێناو ئاینیدا بكوژرێت یاخود بمرێت.

٦. هەر كەس لەپێناو خوێنیدا بكوژرێت یاخود بمرێت.

٧. هەر كەس لەپێناو ڕامالینی ستەمێكدا بكوژرێت یاخود بمرێت.

٨. هەر كەس لەسەنگەرەكانی بەرگریدا بكوژرێت یاخود بمرێت.

٩. هەر كەس لەپێناو دەستخستنی زانستو زانیاریدا بمرێت.

١٠. هەر كەس لەپێناو دەستخستنی ڕۆزی خۆیو ماڵو منداڵیدا بمرێت.

١١. هەر كەس بەهۆی هەر چەشنە نەخۆشیەكەوە بمرێت.

**چـوارەم**: پێغەمبـەر(د.خ)ڕۆڵ و پێگـەی ژن و بەشـی ژنـانی لـەڕێزلێنانی خواوەنـد لەبیرنەكردوەو دەبینین كـە خواوەنـد ڕێزلێنـانی شـەهیدانی لەئاسـتی پێغەمبـەران و ڕاستگۆیاندا داناوە، لەهەواڵەكەی عوقبەی كوڕی عـامردا لـەلای نەسـائی، پێغەمبـەر ئەو ژنەی بە سەر سكەوە دەڕوات بە شەهید داناوە.

**پێنجەم**: ژنان نیوەی ئەو شەهیدانەیان بەركەوتوە لەو فەرمودانەی پێغەمبەر، كە لەبارەی شەهیدەوە وتونی.

شــەهید دەســتەواژەیەكی تاكــەو كۆكــەی دەبێتــە(شــهداء و أشــهاد)و نێـرو مــێ لەخۆدەگرێت، واتە: ناوێكی نێرینەیەو مێینەی نییە.

بـۆ نمونــە: بــە پیاوێـك دەڵـێن: ئــەوە شــەهیدێكە، بــەژنێكیش دەڵـێن: ئــەوە شەهیدێكە.

هەروها(الزوج)هاوسـەریش، نـاوێكی نێرینـەیـەو مێیینـە نیـە، وەك چـۆن خواوەنـد دەفەرموێت: ﴿..اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ..﴾ الأعراف/١٩.

هــەروەها وشــەی(الأرمـل)بێـوەژن و بێـوە پیـاو، بـەو ژن و پیاوانـە دەوترێـت كـە هاوسەریان لەدەستداوە.

لەوانەیە كەسێك سەری سوڕ بمێنێت لەم قسەیەمان یـاخود كەسـێك لەوانـەی كـە كۆیلەی كەلەپورن و بە پیرۆزی دەزانن سەرسام ببن.

وابزانن ئەم بۆ چونەمان ڕامان دەكێشـێت بـەرەو ئـەوەی كـە بڵێین: هـەمو تاكـەكانی ئومەی ئیسلامیی بە ژن و پیاویانەوە، دەچـنە بەهشـتەوەو بەهەشتیشـن، چـونكە پیـاوان یان خوازیاری زانستو یـاخود هـەوڵی دەستخسـتنی ڕزق و ڕۆزی دەدەن، یـاخود داكـۆكی لـەخۆیان و خـوێن و سـەرو مـاڵ و سـامانیان و كـەس و كاریـان یـاخود ئـاین و بیرباوەڕیـان دەكەن، یاخود دوچاری نەخۆشیەك دەبن و بەهۆیەوە دەمرن.

هەروەها ژنانیش، یان منداڵیان دەبێت یان لەحاڵەتی سوڕی مانگانەو نیفاسدان، یاخود خوازیاری زانست، یاخود لەهەوڵی دەستخستنی ڕزقو ڕۆزی خۆیاندان، یاخود لەهەوڵی داكۆكی كردن لەخۆیانو پێداویستیەكانی ژیانیاندان.

بۆیە ڕوبەڕو بەو بەڕێزانەی كە سەرسام بون لەئاست بۆ چونەكانماندا دەڵێم: ئەوەی كە ئێمە وتومانەو خستومانەتە ڕو خواوەند فەرمویەتیو لەدابەزێنراوی بەجێدا تۆمارە:﴿...وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيداً عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ﴾ الحج/٧٨.(١٤)

واتە: لێرەشدا هەروەها، بۆ ئەوەی پەیامهێنەر لەسەر ئێوە شەهید بێتو ئێوەش لەسەر خەڵك شەهید بن.

پێویستە بوترێت كە ئەو(وا)وەی لەوشەی(لتكونوا)دا هاتوە لەزمانی عەرەبیدا واتای كۆی قسە لەگەڵ كراوان دەگەیەنێتو بەبێ گومانو ترسو دودڵی، مەبەست پێی تاك تاكی ئومەی موحەمەدیە بەگشتی بە ژنو پیاویانەوە.

ئەم باسو بابەتە جیا لەگەڵ مەبەستی ئەو ئایەتەدا كە باس لە گەلو نەتەوەو ئومەتەكانی تر دەكاتو دەفەرموێت: ﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَـؤُلاء شَهِيداً﴾ النساء /٤١.

---

(١٤) ڕۆژی مردنی پێغەمبەر(د.خ) فامو هۆشەكان دۆش دامان دڵەكان ماندوو زویر بون لەئاست ئەو ڕوداوەدا، هەواڵەكان وا دەگێڕنەوە كە عومەری كوڕی خەتتاب هەر كە هەواڵەكەی پێ گەشت، شمشێرەكەی لەكێلان دەرهێناو هاواری كرد، ببیستم كەسێك بڵێت پەیامهێنەری خوا مردوە دەدەم لەگەردنی، چونكە سوێند بەخوا ئەو نەمردوە، بەڵكو چوە بۆ لای پەروەردگاری، چۆن موسا كوڕی عمران چو بۆ دیداری پەروەردگاری، بۆیە سوێند بێت بە خواوەند وەك چۆن موسا گەڕایەوە ئەمیش دەگەڕێتەوە.

ڕۆژان هاتنو چون، هەر كاتێك ئەم ڕوداوەی بیردەهاتەوە دەیوت بەهاوەڵەكانی: هاوەڵانی ئازیزم دەزانن من ئەو ڕۆژە بەردەوام ئەو ئایەتە پیرۆزەی سورەتی(**الحج**)م لەبەر خۆمەوە دەوتەوە.

ڕەحمەتی خوا لەعومەر!! چونكە ئەو لەئایەتەكەی سورەتی حەجدا زۆر بەجوانی لەواتاو مەبەستەكانی(**الحضورية**)و ئامادەبون لەڕوداوەكاندا، تێگەشتبوو، تا ئەو ڕادەیەی وای دەزانی پێغەمبەر تا ڕۆژی قیامەت بە شەهیدی لەسەر ئومەتەكەی دەمێنێتەوەو، لەبیری نەبو كە خواوەند دەفەرموێت: ﴿**إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ**﴾ الزمر/٣٠.

واتـە: چـۆنە ئەگـەر لەهـەر ئومـەتێك چـەند شـەهیدێكمان هێنـاو تۆشمـان كـردە شەهید بەسەر ئەوانەوە.

دوبارە دەڵێینەوە: شەهید پێویستە ئامادەی ڕوداوەكـەو بینـەرو بیسـەری بێتـو شـەهادەت بـۆ كەسـێك نیـە كـە(غائب) بێـت، واتـە: شـەهادەت لەكەسـی ئامـادەبو وەردەگیرێت.

لێرەوە دەڵێین: ئەمڕۆ ئومەی موحەمەدی مافی شایەتی دانی نیە، چونكە لەسـەر گۆڕەپانی ژیانو بەڕێوەبردنی ڕەوڕەوەی ڕوداوەكاندا ئامادە نیـەو هیچـی بەدەسـت نیەو هیچ كاریگەریەكی لەسەر مێژوش نیە،(بەڵكو كەسانی تر لەبری ئـەویش بڕیـارو هەنگاو دەنێن).

لەبەر ڕۆشـنایی هەموئەمانـەدا، پرسـیار ئاراسـتەی زانـا بـەڕێزەكانمان دەكـەینو لێیان دەپرسین: ئایا كوژراو لەڕوداوەكانی هاتوچۆدا یاخود ئەوكەسـەی كـە لـەئاودا دەخنكێتێـت شـەهیدە..؟ ئەگـەر وابێـت كـە ئـەوان دەڵـێن گوایـا لەبـەر دەرگـای بەهەشتدا دەوەستێتو تكاو شـەفاعەت دەكـات بـۆ حـەفتا كـەس لەكـەسو كـاری، ئێمە دەپرسین ئـەم كەسـە لەڕێگـەی چـیدا شـەهید بـوە..؟ وە لەسەرچـی شـەهید بوە..؟ یـاخود لـەژێر كـا م ناونیشـان لەوانـەی سـەرەوەدا كـە باسمـان كـردن جێـی دەبێتەوە..؟

ئەگـەر شـەهید بێـت خـۆ ئـەو شـەهیدی ڕوداوی هاتوچـۆیە، یـاخود لـەناو ئـاودا خنكاوەو بەهەشتو ئاگرو دۆزەخ هیچ پەیوەندیەكیان بەم باسەوە نیە.

بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەم باسە پەیوەستە بـەو ئایەتـەوە كـە دەفـەرموێت: ﴿نَحْـنُ قَدَّرْنَا بَيْنَكُمُ الْمَوْتَ﴾ الواقعة/ ٦٠.

بەو شێوەیەو بەپێی پێناسەکەی پێغەمبەر(ئەگەر پشت ڕاس ببێتەوە)ئەوا هەموو زیندوەکان بەشێوەیەکی گشتی دەگرێتەوەو ئەوان بە زیندویی شەهید دەبن، هەیانە نەخۆشی گرتوەو لەگەڵ نەخۆشیەکەدا ژیاوەو بوە بە شەهیدی نەخۆشیەکە، هەیانە ئامادەی جەنگێك دەبێت.

ئەگەر وابێت هەمو گۆڕستانەکانی موسڵمانان دەبنە گۆڕستانی شەهیدان.

پێویستە بزانین هەرکات مردن یاخود کوژران لەگەڵ شەهید بوندا ناوی هات، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو مردنە یاخود ئەو کوژرانە شەهیدیەکەی ڕاگرتوە.

بەڵام پێویستە بزانین ئەو شەهیدانەی کە ناویان لەگەڵ پێغەمبەرانو ڕاستگۆیانو شەهیدانو پیاوچاکاندا هاتوە، ئەوان ئەوانەن کە گەواهیو شایەتیەکیان جاڕداوەو لەوپێناوەشدا گیانی خۆیان بەختی شایەتی دانەکەیان کردوە بەبێ ئەوەی ئازار بە هیچ کەسێك لەخەڵکی سڤیل بگەیەنن.

هەروەك چۆن ئەبوبەکری سدیق لەحاڵی ژیانی خۆیدا بە زیندویەتی نەك دوای مردنی ئەو نازناوەی دەست خست.

شەهیدانیش بەهەمان شێوە، ئەگەر کەسێك شایەتیەکی ئاشکرایدا لەسەر گرێبەستێکی کڕینو فرۆشتنو ئەو شایەتی دانەی بوە هۆی کوشتنی، ئەوکەسە بەکارەکەی پلەی شەهیدی دەسخستوەو دوای مردنی و کوشتنی لەگەڵ پێغەمبەرانو ڕاستگۆیاندایەو، کوشتنو کوشتار هیچ چەشنە پەیوەندیەکیان بەم باسەوە نیە.

هەموو شەهیدەکانی ئازادی ڕادەربڕین ئەگەر لەپێناو ئەو شایەتی دانەیاندا مردن یاخود بە زیندویەتی مانەوەو مکوڕو سوربون لەسەر شایەتیەکەیان تا کاتی مردنیان، ئەوا بێگومان ئەوان شەهیدنو لەگەڵ پێغەمبەرانو ڕاستگۆیاندان.

پێویستە بزانین هەموو ئەوانەی کە دەمرن یاخود دەکوژرێن مەرج نییە هەمویان گیانیان لەپێناو مەبەستو شایەتی دانێکی ئاشکرادا بەخت کردبێتو بەهۆی سوربونو بەردەوام بونیانەوە لەسەر ئەو شایەتی دانەیان گیانیان بەخت کردبێت، چونکە ئەم چەشنە کەسانە هەمیشە کەمینەو دەستە بژێری ناو خەڵکن، یاخود بۆ نمونە: ئەو میدیاکارەی کە بە بەردەوامیو بەبێ چەك، لەبەرەکانی جەنگدایەو تاکە مەبەستی گواستنەوەی ڕاستی ڕوداوەکانە بۆ ڕای گشتی بێگومان شەهیدە، پاش مردنیشی ئەگەر باوەڕی بەڕۆژی دوایی بوبێت ئەوا لەگەڵ پێغەمبەران وڕاستگۆیاندایە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسانەدا، لەم سەردەمەدا ئەم پرسیارانە ڕوبەڕوی زانایانمان دەکەینەوە:

سەرەتا دەپرسین، ئایا ئەو کەسەی کە لەشوێنە گشتیو ئارامەکانداو لەبازاڕو شوێنەکانی نیشتەجێبوندا خۆی دەتەقێنێتەوە شەهیدە..؟

دەپرسین ئایا ئەو کەسانەش کە بە هۆکاری ئەو تەقینەوانەوە دەکوژرێن شەهیدن..؟

دواتر دەپرسین، ئایا کەسێك کە دەنگی ناڕەزایی بەڕوی ئەو ستەمو سەرکوتکاریانەدا کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن بەرز بکاتەوەو بێتە سەر شەقام، ئایا ئەو کەسە لای خواوەندو لای خەڵکی شەهیدە..؟

وە ئایا ئەوانەش کە لەپیاوانی ئاسایشو پۆلیسو لەژێر ناونیشانو لەژێر پەردەی پاراستنی ئاسایشی گشتیدا بەڕوی دەنگە ناڕازیەکاندا دەوەستنەوەو هەوڵی بێدەنگ کردنو سەرکوت کردنیان دەدەنو ڕێیان لێدەگرنو ناهێڵن شایەتیەکەیان بدەن، ئایا ئەم کەسانەش هەم دیسان شەهیدن..؟

پاشان دەپرسين، ئايا خۆتەياركردنو دەرچون بۆ گەمارۆدانى ئەو گوندانەى كە بە ئارامىو ئاسايى سەرقاڵى گوزەرانى خۆيانن‌و كوشتن‌و سەربڕينى خەڵكى ئەو گوندانە بەناوو بيانوى بڵاوكردنەوەى بانگەوازى ئيسلاميەوە، ئايا ئەم كردارە قێزەونە جيهادو شەهيديە لەڕێگەى خواوەنددا..؟.

ياخود ئەمە داگيركاريو دوژمنايەتيەو مەبەست پێى دەستخستنى تالانىو سامانى دونيايەو هيچ پەيوەنديەكى بە جيهادو شەهيديەوە نيە..؟.

بەناو زانايانى دەربارى دەسەلات لەسەردەمى ئەمەويەوە تا ئەمڕۆ بە(بەڵێ)وەلامى ئەم پرسيارانە دەدەنەوەو خواوەندو پێغەمبەرەكەشى دەفەرمون(نەخێر)ئێمەش دەڵێين: (لاحولا ولا قوة إلا بالله العلي العظيم).

ئێمە تێدەگەين‌و دەزانين ئەو كەسەى كە داكۆكىو پارێزگارى لەنيشتمانىو خاك‌و ماڵ‌و سامانىو كەس‌و كارو خێزانىو بيروباوەڕەكەى دەكات‌و بەڕوى هەر هەڕەشەيەكدا دەوەستێتەوە كە ڕوبەڕوى هەريەك لەوشتانەى ببێتەوە، ئەم كردارەش داكۆكى كردنێكى ڕەوايەو بكوژرێت لەوپێناوەدا ياخود نا، هيچ جياوازيەكى نيەو بەمانى ياخود مردنى ئەو سەروەريەى تۆمار كردوە بۆ خۆى.

هەروەها ئێمە دەزانين ئەو كەسەى كە لەماڵى خۆى دەردەچێت بۆ بڵاوكردنەوەو گەياندنى بانگەوازى خوايى بەخەڵكى، جا ئەو كەسە بكوژرێت ياخود نا، ژن بێت ياخود پياو جياوازى نيەو پاداشتى گەورەو بەهەشتى بۆ هەيە لەلاى خواوەندو لەڕۆژى دواييدا.

هەروەها ئەو كەسەى كە هەوڵى دەستخستنى زانست دەدات، ياخود هەوڵى دەستخستنى ڕزق‌و ڕۆزى دەدات بۆ خۆىو ماڵ‌و منداڵى، ئەو كەسە بكوژرێت ياخود بمێنێت پاداشتى گەورەى هەيە، بە مەرجێك هەوڵ‌و كۆششەكەى لەڕێگەى خواوەندو بەپێى بەرنامەو پەيامەكەى ئەو بێت.

هەروەها ژن لەکاتی(حەیزو نیفاسدا)واتە: لەسوڕی مانگانەو پاش منداڵ بونیدا، مادام توشی ئێشو ئازار دەبێت بەو هۆیەوە بمرێت یاخود بمێنێت پاداشتی هەیە.

هەروەها ئەو کەسەی کە بەڕوی ستەمو نادادپەروەریدا کە لەخۆی کرابێت یاخود لەکەسانی تر ئەوەستێتەوەو دەنگی نەخێری بە ڕودا دەردەبڕێت، هەروەها ئەوکەسەی کە بەرگریو داکۆکی لەئازادی ڕادەربڕینو ئازادی هەڵبژاردن دەکاتو بەڕوی چەوسانەوەو داپلۆسیندا دەوەستێتەوە، بێگومان ئەمانە بکوژرێن یاخود نا، پاداشتی بەهەشتیان هەیە، بەڵام بە مەرجێك داکۆیو بەڕودا وەستاوەو بەرگریەکەیان لەڕێگەی خواوەندا بێت.

ئەمانە هەمویان هیچ پەیوەندیەکیان نیە بەو شەهیدەوە کە ئامادەی ڕوداوەکان دەبێتو بە هەستەکانی خۆی ڕوداوەکان تۆمار دەکات، وەك چۆن لەدابەزێنراوی بەجێدا ئەم ڕاستیە دەبینین، هەروەها پەیوەندی نیە بەو شەهیدانەوە کە خواوەند لەبارەیانەوە دەفەرموێت ﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُواْ شُهَدَاءكُم مِّن دُونِ اللّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ البقرة/٢٣ .

واتە: ئەگەر دودڵن لەو پەیامەی کە ئێمە دامان بەزاندوە بۆ سەر بەندەکەمان، ئادەی سورەتێکی وەك ئەومان بۆ بهێننو ئەگەریش ڕاست دەکەن داوا بکەن لەو شەهیدانەی کە بێجگە لەخواوەند هەتانە.

﴿مَا أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ الْمُضِلِّينَ عَضُداً﴾ الكهف/٥١.

واتە: ئێمە لەکاتی دروستکردنی ئاسمانو زەویو دروستکردنی خۆشیاندا ئەوانمان ئامادەو بانگهێشت نەکردون تاوەکو کرداری دروستکردنەکە ببینو ئێمە لەوکردارەماندا پشتمان بە گومڕایان نەبەستووە.

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّهِ شُهَدَاء بِالْقِسْطِ...﴾ المائدة/٨.

واتە: ئەی ئەوکەسانەی کە باوەڕتان هێناوە هەستن بە ئەرکی شایەتی دانی دادپەروەرانە بۆ خواوەند.

لەم ئایەتانەدا بەڕونی دیارە هیچ ئاماژەیەك نە لەنزیكو نە لەدور نیە بۆ کوژراوانی جەنگەکان یاخود بۆ شەهادەتخوازی لەپێناو خواوەندا.

کەچی بەداخەوە هەندێ لە زانا بەڕێزەکانمان بەوشێوەیە لەم ئایەتانە تێدەگەنو لەدوانگەکانەوە بانگەشە دەکەن کە گوایا ئەم ئایەتانە باسی کوژراوانی بەرەکانی جەنگو کردەوە خۆکوژیەکانو پلەوپایەیان دەکەن.

ئەم بانگەشەیەش لەدابەزێنراوی بەجێدا هیچ بناغەیەکی نیەو ئەو دوو ئایەتەش کە فەرمانی خواییان تێدا هاتوەو باس لەشەهادەت خوازی دەکەن بریتین:

﴿وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ من رِّجَالِكُمْ﴾ البقرة/ ٢٨٢.

واتە: لەپیاوانتان داوای دو شەهید بکەن با ئامادە بن.

بە دڵنیاییەوە ئەمەش لەباسی کڕینو فرۆشتندایە.

﴿وَاللاَّتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمْ فَاسْتَشْهِدُواْ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعةً مِّنكُمْ﴾ النساء/ ١٥.

واتە: سەبارەت بەو ژنانەشتان کە کاری نەشیاویان لێ دەوەشێتەوە، داوای چوار شەهید بکەن کە ئامادەو بینەری ڕوداوەکە بوبن.

ئەم ئایەتەش لەبارەی چەسپاندنی زیناوەیە بەسەر کەسێکدا.

لێرەدا پرسیار لەڕێکخراوێکی وەك حەماس دەکەینو دەپرسین: ئایا ئەگەر ئێمە پێتان بڵێین داوا لەشەهیدەکانتان بکەن، وا تێدەگەن کە مەبەستمان ئەوەیە شێخ ئەحمەد یاسینو دکتۆر ڕەنتیسی بانگ بکەنو هانایان بۆ ببەن..؟

یاخود ئەگەر داوا بکەین لەقاعدە شەهیدەکانتان بانگ بکەنو هانایان بۆ بەرن وا تێدەگەن مەبەستمان ئەوە بێت جێبەجێ کارانی ئەو کردەوەیە بانگ بکەن کە ناوتان لێناوە جەنگو غەزای نیویورك..؟[١٤]

یاخود ئەگەر داواتان لێ بکەین دوو پیاوتان وەك شەهید بنێرن بۆ لامان، تێدەگەن مەبەستمان چیە، یاخود وا تێدەگەن کە دوو کەس لەوانە بنێرن کە بەشداربون لەکردەیەکی خۆکوژیدا، کە ئێوە پێی دەڵێن کردەی شەهادەت خوازانە..؟

ئەم قسە هەڵبەستنە بەناوی خواوەندەوە لەپای چی..؟.

ئێستا پرسیار لێرەدا ئەوەیە: دەستەواژەی(في سبيل الله)واتای چییەو چی دەگەیەنێت..؟

دەپرسین ئاخۆ کەیو لەبەرچی سەرەتای چەماندنەوەو وەرچەرخاندنی چەمکەکانی شەهیدو شەهادەت و شەهادەت خوازی دەستی پێکردوە..؟

پیتی(في) وەك زانایانی زمانو خاوەنی مەعاجیمەکان دەڵێن: یەکێکە لەپیتەکانی(الجرّ)و بەناوبانگترین واتاکانیشی بریتین لە:

١. لەخۆگرتنی واتای شوێنو کات(الظرفية الزمانية أو المكانية)بەبێ جیاوازی لەوەدا کە ئەو لەخۆگرتنە حەقیقیو ڕاستیو بەرجەستە بێت یاخود بە نادیاریو نا بەرجەستەییو لەجیهانی مەجازدا بێت.

بۆ نمونە: کە خواوەند لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ﴾ العنكبوت/٢٠.

واتە: بڵی بگەڕێن لەزەویدا.

---

(١٤) سەرنج بدە کە چۆن ئەم ناوەیان بڕیوە بە باڵای ڕوداوەکانی(١١) ی سبتمبرداو چۆن غەزاو جەنگو جیهادو کوشتنو کوشتاریان تێکەڵ کردووە بە سەریەکدا.

ئاماژەی پیتی(في)لەئایەتەكەدا بەلای ئەوەدایە كە ئاماژەیە بۆ شوێنو، مەبەست پێی جیهانو زەویە لەڕوی حەقیقەتو ڕاستیو بەرجەستە بونەوە.

بەڵام لەم ئایەتەی تردا كە دەفەرموێت: ﴿فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُّوسَى﴾ طه/٦٧ .

واتە: موسا هەستی بە چەشنە ترسێك كرد لەدەرونیدا.

ئاماژەكە بۆ شوێنە، بەڵام لەسەر شێوازی نابەرجەستەو لەجیهانی مەجازدا.

هەروەها سەبارەت بە واتای پیتی(في)كە ئاماژە بێت بۆكات، سەرنجی ئەم ئایەتە بدە: ﴿فِي بِضْعِ سِنِينَ﴾ الروم/ ٤.

واتە: لەچەند ساڵێكدا.

٢. السببية: هۆكار گەرایی وەك فەرمودەی پێغەمبەر (ئەگەر پشت ڕاست ببێتەوە) كە دەڵێن: (دخلت أمرأة النارة في هرة حبستها.....) واتە: ژنێك چوە ناو ئاگرەوە بەهۆی ئەوەوە كە پشیلەیەكی قەتیس كرد...هتد.

واتە: بەهۆی قەتیس كردنی پشیلەكەوە چوەتە ناو ئاگرەوە.

١. هاوشان بون بە واتای(مع)وەك فەرمودەی خواوەند: ﴿قَالَ ادْخُلُواْ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم﴾ الأعراف/٣٨.

واتە: وتی بچنە ناو گەلانێكەوە كە پێش لەئێوە هەبون.

بەڵام لەهەمو حاڵەتەكانیدا ئاماژەیە بۆ شتێك كە لەناوەوەیەو ڕوپۆش كراوەو دڵنیایی هەیە لە تەنیشتیداو شاراوەیە، وەك عەرەب دەڵێن: (نظرت في الأمر) واتە: سەرنجم لە مەسەلەكەداو لێی ڕامام.

وشەی(السبیل)واتای ڕێگاو پێڕەو دەگەیەنێت، جیاوازی نیە لەوەدا كە ئایا ڕێگای چاكەو پێڕەوی چاكەكاریو چاكەخوازیو بەختەوەری بێت، یاخود پێچەوانەكەی.

بەڕاستەوخۆش بە مانای ڕێگا وەك خواوەند دەفەرموێت: ﴿..وَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ عَجَباً﴾ الكهف/ ٦٣.

واتە: بە سەرسامیەوە ڕێگەی دەریای گرتە بەر.

بەمانای پێڕەویش وەك لەم ئایەتەدا دەبینین: ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ﴾ النحل/ ١٢٥.

واتە: بە دانایی‌و وتەی شیرین بانگەواز بکە بۆ لای ڕێبازو بەرنامەی پەروەردگارت.

لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین، لەدابەزێنراوی بەجێ، دەبنین لە چەندین جێگەدا باس لە(سبیل الله)و ڕێگەو پێڕەوو بەرنامەی خواوەند کراوە، بەهەمان شێوە لەچەندین جێگەدا باس لە(سبیل الطاغوت)ڕێگەو ڕێچکەی ستەمکاری سەرەڕۆ و ستەمگەر کراوە، بۆ نمونە: ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ﴾ النساء/ ٧٦.

واتە: ئەوانەی باوەڕدارن دەجەنگێن لەڕێگەو ڕێبازی خواوەنداو ئەوانەش کە بێ باوەڕو کافرن دەجەنگێن لەڕێگەی ستەمکاری سەرەڕۆدا.

ڕستەی(في سبيل الله)حەفتا جار لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، یەکەمیان لەئایەتی:﴿وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ﴾ البقرة/١٩٠.

واتە: لەڕێگەی خوادا بجەنگێن لەگەڵ ئەوانەدا کە دەجەنگێن لەگەڵتانداو بیرتان بێت کە سنور نەبەزێنن چونکە خواوەند خۆشی نایەت لەوانەی کە سنور دەبەزێنن‌و دەسدرێژی دەکەنە سەر خەڵکی تر.

دوادانەشیان لەئایەتی:﴿وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ المزمل/ ٢٠.

واتە: هەروەها کەسانی تر کە لەڕێگەی خواوەنددا دەجەنگێن دەکەن.

لەم جێگایانەدا کە باس لە بابەتی(في سبيل الله)کراوە لەهەندی جێگەدا باسی جەنگو کوشتارە، لەهەندێ جێگەشدا باسی ماڵ بەخشینو تێکۆشانو کۆچ کردنو لەهەندێ جێگەشدا ڕۆیشتنو گەڕانو ئەم سەرو ئەو سەر کردنە بە پانتایی زەویدا بە مەبەستی جۆراوجۆر.

بەڵام لەهەر هەموو ئەم جێگایانەدا کە باسیان لەم بابەتە کردوە لەخولگەی یەك ماناو واتادا دەخولێتەوەو لەو مەبەستە دەرناچین ئەویش بریتیەلە: لەچوار چێوەی ڕێگەی خواوەنداو بەپێی بەرنامەو ڕێبازەکەی ئەو بێت.

بەڵام ئەوەی کە ڕاڤەکارانو موفەسرینو فیقهزانەکان بۆی چونو نوقڵانەیان بۆ لێدەداو بە داخیشەوە تا ئەمڕۆش هەندێ لەزانا بەڕێزەکانمان بەبێ ئەوەی هۆشی خۆیان بخەنە گەڕ ئەو دەستەواژانەی ئەوان دەلێنەوەو کاری پێدەکەن، ئەویش ئەوەیە کە گوایا واتای ڕستەی(في سبيل الله)بریتی بێت: لەپێناو خواوەنداو بۆ نزیك بونەوە لەو.

ئەم بۆ چونە هیچ بایەخێکی نیە لای ئێمە، چونکە لەلایەکەوە دژو ناسازگارە لەگەڵ ئاماژەو واتاکانی زمانەوانیداو لەلایەکی تریشەوە ئەم بۆچونە دەبێتە هۆی پوکاندنەوەو خەفەکردنی مەبەستو مەرامە خواییە گەورەکان.

چونکە خواوەند(ناوی هەردەم پاكو بەرز بێتو ستایشی هەردەم بەردەوام بێت)هیچ کات پێویستی بەوە نیە کە کەسێك لەپێناویدا بجەنگێتو لەسەری بکاتەوە.

بۆ نمونە: بەخشین(١٥) تەنها كاتێك لەڕێگەی خواوەنددا دەبێت كە بەپێی ئەو نەخشە ڕێگایە بێت كە خۆی بۆی كێشاوەو دەستنیشانی كردوە لەڕێبازو بەرنامە پاكو هەردەم لەگەشەكەیدا، بەشێوەیەك ئەم بەخشینە دور بێت لەبەفیڕۆدانو (تبذیر) كردن لەشتە حەلاڵو ڕەواكانداو دور بێت لەدەست تەنگیو دەست قونجاوی بەشێوەیەك كە بەناوی خۆگریەوە شتە ڕەواكان قەدەغە بكات.

دور بێت لەسنور بەزاندن و(إسراف)بەشێوەیەك كە پێ بنێتە ناو سنوری قەدەغەكراوەكانەوە.

بۆیە ئەگەر یەكێك لەم هەڵەو پەلانەی تێكەوت، ئەوا لەبەخشینێكەوە كە لەڕێگە خواوەنددا بوو دەگۆڕێت بۆ بەخشینێك لەڕێگەی(طاغوت)و ستەمكاری سەرەڕۆدا.

خواوەندیش لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوَاْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ البقرة/١٩٥.

واتە: ببەخشن لەڕێگەی خواوەنداو بەدەستگرتنەوە لەبەخشین خۆتان مەخەنە تەنگانەوەو چاكەكار بنو چاكە بكەن چونكە خواوەند چاكەكارانی خۆش دەوێت.

- ﴿الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ ثُمَّ لاَ يُتْبِعُونَ مَا أَنفَقُواُ مَنّاً وَلاَ أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ البقرة/٢٦٢.

واتە: ئەوانەی كە لەڕێگە خواوەنددا ماڵو سامانیان دەبەخشنو دواتر منەت ناكەن بەسەر ئەو كەسەدا كە بەخشینەكەیان پێداوەو ئازاری دەرونی نادەن، ئەو كەسانە پادشاتی خۆیان هەیە لای پەروەردگاریان.

---

(١٥) قسەكردنمان لەبارەی (القتال)و كوشتارەوە دواخست بۆ لاپەرەكانی دواتر، چونكە لەوێ بەدرێژی ولەباسێكی سەربەخۆدا قسەی لەبارەوە دەكەین، بۆیە وتمان با لێرەش دوبارە نەبێتەوە.

- ﴿هَاأَنتُمْ هَؤُلَاء تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِ﴾ محمد/ ٣٨.

واتە: ئەوەتا ئێوە ئەوكەسانەن كە داوای بەخشینتان لێ دەكرێت، هەتانە ڕژدی و دەستەنگی دەكات، بزانن ئەو كەسەی ڕژدی بكات ڕژدی لەخۆی دەكات.

هەركەس سەرنجی ئایەتەكانی بەخشین لەڕێگەی خواوەندا بدات، هیچ پێویستی بەوە نیە شارەزای شێوازەكانی خوێندنەوەی قورئان یاخود هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرا بێت لەزانستەكانی بەراورد لەنێوان شەریعەتەكاندا تا تێبگات كە بەخشین‌و خەرج‌و سەرف كردنی مرۆڤ لەپێناو بەخێوكردنی ماڵ‌و خێزانیداو دابین كردنی خواردن‌و خواردنەوە بۆیان، تا بزانێت كە ئەو بەخشینە بەخشینێكە لەڕێگەی خواوەنددایە یاخود نا..؟، هەروەها پێویستی بەهیچ نیە تا بزانێت ئاخۆ بەخشینی دور لەمنەت‌و ئازاردانی دەورنی بەرانبەرەكەی یاخود دروستكردنی خوێندنگەو بنەكەو مەڵبەندی تەندروستی بەخشینێكە لەڕێگەی خواوەنددا یاخود نا..؟.

هەروەها لەبەرانبەرەوە ئەو كەسە بە ئاسانی تێدەگات كە بەخشین لەپێناو دروستكردنی سەربازگەی نهێنی‌و پشتیوانی كردنی چەكدارەكانی ناو سەربازگەكان بەناردن‌و دابینكردنی بۆمب‌و تەقەمەنی‌و چەك‌و جبەخانە بۆ وێرانكردنی دامەزراوە گشتیەكان‌و تەقاندنەوەی بازاڕەكان(بەتایبەت ئەگەر ئەو دامەزراوانەو خەڵكانی ناویان لەكەسانی سڤیل بن یاخود خوازیاری جەنگ‌و كوشتار نەبن)بەخشینێك نیە لەڕێگەی خواوەنددا.

وشەی(الضرب)یش كە لەئایەتی(٩٤)ی سورەتی(النساء)دا هاتوە، بریتیە لە ڕێگە ڕۆیشتن‌و ڕۆیشتنی خێرا لەسەفەردا، ئیتر ئەو ڕۆیشتنە بۆ بازرگانی یاخود گەشت‌و گوزار یان بۆ دەستخستنی زانست‌و مەعرفە بێت، جیاوازی نیە.

بەڵام ئەوەی كە دەڵێن: گوایا مانای(ضربتم في سبیل الله)ئەوە بێت كە ئەگەر بەمەبەستی جەنگ‌و كوشتارو جیهاد ڕۆیشتن(تفسیر الرازی) بەرگی(١١)لاپەڕە(٣٠).

ئەم لێكدانەوەیە هیچ بایەخێكی لای ئێمە نیە، بە بەڵگەی ئایـەتی ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلاَمَ لَسْتَ مُؤْمِناً تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ النساء/ ٩٤.

واتە: ئەی باوەڕداران كـە ڕێگاتـان كـردوو لەڕێگـەی خواوەنـددا ڕۆیشـتن‌و گـەڕان لەزەویدا، ئەوا بەوانەی كە بەئاشتی پێشوازیتان لێ دەكەن، مەڵێن ئێوە ئاسایشـتان بۆ نیە، لەكاتێكدا ئێوە بەدوای سامانی دونیاوەن.

١. دەستەواژەی (إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ)خواوەند ئاماژە دەكات كـە(ضـرب)و دەرچـون‌و گەڕان كارێكی حەتمیەو دەبێت هەر ئەنجام بدرێت‌و هیچ گومـان لەئـەنجام دانیـدا نیـە بـە بەڵگەی (إذا) وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾ التكوير/١.

واتە: كاتێك كە خۆر پێچرایەوە.

ئەم دڵنیاییە كە لەم ئامـاژە قورئانیـەداو بـەهۆی(إذا)وە خراوەتـە ڕو، ناگونجێـت ببڕێـت بـە بـاڵای جـەنگ‌و كوشـتاردا، چـونكە ئەسـڵ لەژیانـدا ئـارامی‌و ئاسایشـە، جەنگ‌و دەرهاویشتەكانی شتی كاتی‌و ڕاگوزەرن، بەم پێیە ڕودانی جەنگ پێشـبینی كراوە، نەك حەتمی‌و هەردەبێ ببێت‌و ڕوبدات.

لەپەڕاوی سێهەممماندا بەناوی (الإسلام والإیمان) بە درێژی قسەمان لەسەر جیاوازی نێوان (إذا)و (إن) كردوەو دەكرێت ئاوڕێكی لێ بدرێتەوە.

٢. ڕاڤــەكاران لەڕاڤــەی ئــەم ئایەتــەدا تــەنها پشــتیان بــە یــەك چەشــن لەخوێندنەوەكانی قورئان بەستوە كە ئەویش ﴿وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلَمَ لَسْتَ مُؤْمِناً﴾ لەم چەشنە خوێندنەوەیەشدا(السَّلم) بە دانانی سەرە یاخود ژێرە بـۆ سینەكە، ئەوكات(السَّلم)یاخود(السِلم)دەبێتە پێچەوانەو دژی جەنگ.

هەروەها لەم چەشنە خوێندنەوەیەدا(مؤمناً)بە دانانی ژێرە بۆ(م)ی دوەم، واتای پێچەوانەی(کافر)یاخود(مشرك) دەدات بە دەستەوە.

بە مەبەستی سەپاندنی ئایەتی شمشێر بەسەر بیرکردنەوەی موسڵمانانـدا، پشتیان لە چەشنێکی تری خوێندنەوەی قورئان کردوە کە بریتیە لە: ﴿وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلاَمَ لَسْتَ مُؤْمِناً﴾ کە لەم خوێندنەوەیەدا وشەی (السَّلم) بە (السلام) دەخوێنرێتەوەو واتای سڵاوکردنو ڕێزنواندن دەگەیەنێت.

هەروەها(مُؤْمِناً)بە(مؤَمَناً)دەخوێنرێتەوەو واتای کەسێکی سڤیل ودور لەشەڕو ئاشتیخواز دەگەیەنێت.

٣. دەستەواژەی ﴿تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ لەگەڵ بازرگانیو گەشتو گوزارو دەستخستنی زانستو زانیاریدا دەگونجێت، چونکە ئەمانە هەمویان بەرژوەندی دونیاین، ئەوکەسەی کە لەڕێگەی خواوەنددا لەماڵ دەردەچێت بۆ دەستخستنی ڕزقو زانستو ڕێگەی بۆ دەبڕێت بە ئامانجی ئەوە پەلە دەکات لەڕێگە ڕۆشتنەکەیدا تا ئەو ئامانجانەی بە دەست بهێنێت.

لەلایەکی تریشەوە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بانگەواز کردن بۆ ڕێنمایی کردنی خەڵكو باوەڕ پێ هێنانیاندا ناگونجێت، چونکە کاری بانگەواز کردن هیچ چەشنە بەرژوەندییەکی مادیو دونیایی تێدا نیە.

دەرچونو ڕێگە ڕۆشتن، لەڕێگەی خواوەنددا نابێت، مەگەر تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە دروستو پڕاوپڕ بەپێی پرۆگرامی خواوەند بێتو پابەندی ڕێگەکەی ئەویش بێت، لەوانەشە دیارترین مەشخەڵی ڕێگەو پرۆگرامی خواوەندیش بریتی بێت لە ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً﴾ البقرة/٨٣.

واتە: لەکاتی گفتوگۆتاندا لەگەڵ خەڵکیدا بە جوانترین شێوە بدوێن.

یان ئایەتی ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ النحل/١٢٥.

واتە: بە حیكمەتو داناییو ئامۆژگاری جوان بانگەواز بكە بۆ لای پەروەردگارت.

هەولْو كۆشش لەڕێگەی خواوەنددا بۆ بەدەستهێنانی ڕزقو ڕۆزی لەم ئایەتەدا بە جوانی دیارە: ﴿وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللّهِ يَجِدْ فِي الأَرْضِ مُرَاغَماً كَثِيراً وَسَعَةً وَمَن يَخْرُجْ مِن بَيْتِهِ مُهَاجِراً إِلَى اللّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلى اللّهِ﴾ النساء/١٠٠.

واتە: هەركەس كۆچ بكات لەڕێگەی خواوەنددا ئەوا دڵخوازی خۆی بە فراوانی بەدەست دەهێنێت، هەركەس لەماڵەكەی خۆی وە دەركەوێتو كۆچ بەرەو خواوەندو پەیامهێنەرەكەی بكاتو پاشان مەرگ یەخەی پێبگرێت ئەوا بەدڵنیاییەوە پاداشتی ئەوكەسە دەكەوێتە ئەستۆی خواوەندەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین(الهجرة)كۆچكردن، لەئایەتەكەدا مەبەست هەوڵدانە بۆ دەستخستنی ڕزقو ڕۆزی، نەك وەك ڕاڤەكارانو فەقیهەكان دەڵێن: جەنگو كوشتار لەپێناو بڵاوكردنەوەی بانگەوازو ئایندا، بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچونە برگەی ﴿يَجِدْ فِي الأَرْضِ مُرَاغَماً كَثِيراً وَسَعَةً﴾یە.

هەولْو كۆشش لەپێناو دەستخستنی ڕزقو ڕۆزیدا كاتێك لەڕێگەی خواوەندایە كە كەسەكە پابەندی پرۆگرامی خواوەند بێت لەكارەكەیدا، ئەگەر بازرگان بوو پێویستە فیڵو فەرەزو قۆرخ كاری بەكار نەهێنێتو قازانجی چەند قاتو حەیابەر لەسەر كاڵاكانی دانەنێت، ئەگەر فرۆشیارە فیڵ لەتەرازو بازیدا نەكات، ئەگەر بەرهەمهێنە دەسبڕیو ساختە لەتایبەتمەندیەكانی بەرهەمەكانیدا نەكات، ئەگەر پیشەوەروە، بەرگ دروە، با پابەندی وادەو بەڵێنەكانی بێتو ڕێككەوتن وبەڵێنەكانی پشت گوێ

نەخات، بۆیە ئەگەر هەر یەكێك لەم درِكو دالّو كارە نابەجێیانە تێكەڵی هەوڵەكەی ببێت ئەوا سیمای(لەڕێگەی خواوەنددا)لەدەست دەداتو دەبێتە شتێكی تر.

پێشتر وتمان كە: وشەی(إستشهد)دوجار لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، یەكەمیان ئایەتی(٢٨٢)لەسورەتی(البقرة)و دوەمیشیان ئایەتی(١٥)لەسورەتی(النساء)دا، دەستەواژەی(إستشهاد)یش لەهەردوو ئایەتەكەدا واتە: داخوازی گەواهیو شایەتی دانێك كە خودی كەسەكەی كە گەواهی دەدات ئامادەی ڕوداوەكە بوبێتو بەهەستەوەرەكانی خۆی ڕوداوەكەی بینی بێتو بیستبێتی.

پرسیارەكە ئەمەیە: كەی ئەم ماناو واتایە چەمێنرایەوەو ملی بەلای ئەو هەڵە ڕاڤە كردنەدا بادرا..؟.

یان لەكەیەوە وای لێهات كە(إستشهاد)واتای كوشتنو گیان لەدەستدان بێت لەگۆڕەپانی جەنگدا..؟

پێشترو لەفەرمودەكەدا بینیمان كە چۆن پێغەمبەر(د.خ)جیهادو تێكۆشانی كردە دو چەشنە جیهادو تێكۆشان، بەپێی ڕیوایەتەكەی خاوەنی(كنز العمال)بینیمان كە جیهادو تێكۆشانی بچوك هەیە كە بریتیە لەجەنگ وكوشتار، هەروەها گەورەترین جیهادو تێكۆشانیش هەیە كە بریتیە لەجیهادو تێكۆشان لەگەڵ نەفسو ئارەزوەكانی دەروندا.

هەروەها بینیمان كە چۆن لەڕێگەی داهێنانی واتای بابەتیەوە(المعنی الاصطلاحی)فەقیهە بەڕێزەكانمان هیچ مانایەكیان بۆ گەورەترین تێكۆشان(الجهاد الأكبر)نەهێشتەوەو بە تەواوی پوكاندیانەوە، تا كار گەیشتە ئەوە كە بڵێن: (الجهاد في الإصطلاح يعني: قتال الكفار لنصرة الإسلام وإعلاء كلمة الله).

واتە: جیهاد لەواتا بابەتیەكەیدا بریتیە لەكوشتاری كافران بۆ سەرخستنی ئیسلامو بەرزكردنەوەی دروشمی(الله)..!!

سەیری(شرح القسطلانی لصحیح البخاری)بەرگی(٥)لاپەڕە(٣٠)بکە.

یاخود ئەوەی کە لەهەموو کتێبەکانیانداو لەژێر ناونیشانی(الدعوة الی الاسلام واجبة بالجهاد الإبتدائي)دا دەیان گوتو دەڵێن: جیهاد بریتیە لەجەنگ وکوشتار لەڕێگەی خواوەنددا.

تا لەئاکامداو دوای داهێنانی(الجهاد الإبتدائي)کار بەڕادەیەك گەشت کە جیهادو تێکۆشان گۆڕدراو بو بە جەنگو کوشتارو کوشتنی یەك لایەنەو داهێنانی ئەم چەمکە نوێیەش ئەوەی لەبیری موسڵماناندا چەسپاند کە پێویستە موسڵمانان سەرەتا بە کوشتن دەس پێبکەنو دواتر قۆناغەکانی تر بە دوایدا بێت.

ڕێکخراوی قاعدەش لەو کردەیەدا کە ناویان لێنا(غزوة نیویورك)ئەم بنەمایەیان پێڕەو کرد، کە جیهادی سەرەتاییان ئەنجام داو وەك خۆیان دەڵێن: هێرشیان کردە سەر جولەکەو گاورەکانو بەم کارەشیان جیهادیان کردە هێرشو پەلاماری سەربازی.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە هەندێ لەپێشینانمان بە(حرب)و جەنگەکانی پێغەمبەردەڵێن: (غزوات)و پەلاماری سەربازی، لەکاتێکدا کە هەموو جەنگەکان جەنگی بەرەنگاری بون نەك هێرشو پەلاماردان، تەنانەت جەنگی تەبوکیش بە(غزوة تبوك)ناودەبرێت، چونکە هەمیشە(غزو)پەلامارو هێرش بردن، واتای نەرێنی لێ دەگیرێتو هیچ واتایەکی ئەرێنیو باشە نادات بەدەستەوە.

بۆ نمونە ئێمە دەڵێین: هیتلەر پەلاماری ئەوروپای دا، ناڵێین جەنگی لەگەڵ ئەوروپادا کرد.

یاخود دەڵێین: فەرەنسا بەرەنگاری پەلامارو هێرشەکانی هیتلەر بویەوە.

لەبۆچونی ئێمەدا بۆیە ئەم گۆڕینە ڕویداوەو(حروب)و جەنگەکانیان بە(غزوات)و هێرشو پەلامار ناو بردوە چونکە خێلو هۆزە عەرەبەکان لەسەردەمی نەفامیو پێش ئیسلامدا بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر یەکتر، پەلاماریماڵو سامانی

یەکتریان دەداو دەستدرێژییان دەکردە سەر یەکتر، لەم ڕوانگەیەوە جەنگو پەلاماریان پەیوەست کردوە بەیەکەوەو لێیان تێکەڵ بوە.

کاتێك سەرنج دەدەیت بە ئاسانی هۆکارە بەرژەوەندی خوازەکان کە لەپشتی ئەم چەماندنو شێواندنو گۆڕینەوەن بەدی دەکەین، هەروەها بە ئاسانی لەو ئامانجانە تێدەگەین کە بەمەبەستی زاڵکردنی دەسەڵاتو چەوساندنەوەی خەڵکەوە خۆیان لەپشتی ئەم پرۆسەیەوە حەشار داوە.

هەروەها بە ئاسانی لەو ئامانجانەش تێدەگەین کە لەپشت گۆڕینو داماڵینو چەماندنەوەی واتای وشەکانی (الشهید)و(الاستشهاد)وە خۆیان حەشارداوەو واتای ئەم وشانەیان شێواندوەو دوریان خستونەتەوەو دایانبڕیون لەئایەتەکانی تری دابەزێنراوی بەجێ، بەکار هێنراون لەپێناو چەند ئامانجێکدا کە دواتر بە وردی دێینە سەرباسیان.

لەئاکامی ئەم پرۆسەیەدا وایان لەخەڵك تێگەیاند کە شەهیدەکان تەنها سەربازە کوژراوەکانو شەهیدیش تەنها ئەو کەسەیە کە لەگۆڕەپانی جەنگدا بکوژرێت.

لەکاتێکدا بەپێی واتا قورئانیەکان تا ئەوکاتە شەهیدە کە دەمرێت یاخود دەکوژرێتو بەگیان لەدەستدانی بە هەر هۆیەکەوە بێت شەهیدی لەدەست دەدات.

عیسا پێغەمبەر(س.خ)بەڕونی ئاماژەی بۆ لای ئەم مەبەستە کرد، کاتێك کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا ئایەتی(١١٧)لەسورەتی(المائدة) .

هەروەها پێغەمبەریش کاتێك شەهیدەکانی پۆلێن کردن، یەکە یەکە ژماردنی بۆمانو ئەو بوارانەشی دەستنیشان کرد کە مرۆڤ دەبێتە شەهید تیایاندا، هەر مەبەستی ئەمەبو.

لەم ڕوانگەیەوە، خوازیارانی ڕزق و ڕۆزیو زانست و خوازیارانی دادگەریو ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بیروڕا، هەمویان شەهیدن تا ئەوکاتەی کە زیندون و تێدەکۆشن.

بەڵام هەرکامیان لەپێناو کارەکەیدا گیانی بەخت کرد تەنانەت ئەگەر لەسەر گرێبەستێکی کڕین و فرۆشتنیش بێت یاخود لەپێناو ئەوەدا کە ئازارو مەینەتی کەسێك کەم بکاتەوە، ئەوە ئەو کەسانە بڕیاری خواوەندیان بە باڵادا دەبڕێت کە دەفەرموێت: ﴿فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَـئِكَ رَفِيقاً﴾ النساء / ٦٩.

واتە: ئەو کەسانە لەگەڵ ئەوانەدان کە خواوەند نازو نیعمەتی ڕژاندوە بەسەریاندا لەپێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، هاوەڵیی ئەوانەش زۆر چاکە.

وەك ئەو پزیشکە هۆڵەندیەی کە توانی نەخۆشی کۆلێرا دەستنیشان بکات و بیدۆزێتەوە.

ئەو قسەیەش کە دەڵێن: هیچ کەس نابیتە شەهید تاوەکو لەگۆڕەپانی جەنگدا نەکوژرێت و کە شەهیدیش بوو جەستەی ناڕزێت و تێك ناچێت تا ڕۆژی قیامەت و گوایا شەفاعەت بۆ حەفتا کەس لەکەسە نزیکەکانی دەکات و دەیانخاتە بەهەشتەوە، ئەم قسانە بێجگە لەهەرایەك هیچ نین و ئێمە خواوەندو پێغەمبەرەکەی بە دور دەگرین لەوەی کەشتی وا بدرێتە پاڵیان.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەی کە کردمان و پرسیمان: لەکەیەوەو بۆچی (إستشهاد) والێکدرایەوە کەمانای بریتی بێت لەکەوتن و کوژران لەگۆڕەپانی جەنگدا..؟ تەنها دوو بڕگەمان لەکتێبە گەورەکانی مێژو هەڵبژاردوە تا لەو ڕێگەیەوە تیشك بخەینە سەر ئەوەی کە مەبەستمانە.

١. ئەشتەر نوسی بۆ عوسمانی کوڕی عەفانو پێی وت: {لەمالیکی کوڕی حاریسەوە بۆ خەلیفەیەك کە بەهەڵەدا چوەو لای داوە لەسوننەتو ڕەویەی پێغەمبەرەکەیو کارکردن بە قورئانیشی پشت گوێ خستوە: پاشان بزانە، نوسراوەکەتمان بینی، خۆتو کار بەدەستەکانت بپارێزە لەستەمو دەستدرێژی کردنو بەکارهێنانی بۆ خوا سوڵحاوان، دەرفەتت دەدەینێ تا بتوانی بە گوێمان بکەیت، وتوتە گوایا ئێمە ستەممان لەخۆمان کردوە، ئەمەش ئەو گومانەیە کە سەری لێشێواندویتو ستەمکاری بە دادپەروەریو حەقو ڕاستیش بە ستەمو ناڕەوا دەبینیت.

سەبارەت بە خۆشەویستی ئێمەش بۆتۆ ئەوخۆشەویستیە بەندە بەوەوە کە تۆ پەشیمان ببیتەوەو بگەڕێیتەوە بۆلای خواوەندی خۆتو دەست لەو هێرشو تاوانانەش هەڵگریت کە بەردەوام دەیانکەیتە سەرناودارانی ئێمەو خەڵکی بۆ خوا سوڵحاویشمان لەبەرژەوەندی خۆت بەکار دەهێنیتو لەماڵو حاڵی خۆمان وەدەرمان دەنێیتو منداڵو مەزن دەکەیتە فەرمانڕەوامان، داوامان وایە کە عەبدوڵلای کوڕی قەیس واتە: ئەبو موسای ئەشعەریو حوزەیفە بکەیتە فەرمانڕەوای شارەکەمان چونکە ئێمە بەم دوانە ڕازی دەبین.

پاشان سەعیدەکەتو وەلیدەکەتمان(سعيدك و وليدك)و ئەو کەسانەش کە گوێ لەمشتی خۆتن لەئەندامانی سەر بە بنەماڵەکەت لێمان دور بخەیتەوە}. سەیری کتێبی (أنساب الأشراف)ی (البلاذيري) لاپەڕە(٤٦)بکە.

٢. پاش گەیشتنی ئەم نامەیە بەدەستی، خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان، ناردی بە دوای هەریەك لە: موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، عەبدوڵڵای کوڕی سەعد کوڕی ئەبی سەرح، سەعیدی کوڕی عاص، عەبدوڵڵای کوڕی عامر[١٦].

خەلیفە ئەم پیاوانەی کۆکردەوە بۆ ئەوەی ڕاوێژیان پێ بکات سەبارەت بە کارێك کە داوای لێکراوەو هەروەها بۆ تاوتوێی ئەو هەواڵانەش کە لەبارەی ئەوانەوە پێی گەیشتون، کە هەمویان کۆبونەوە پێی وتن: هەموو کەسێك خەڵکانی ئامۆژگاریکارو شیرەتمەندی هەیە، ئێوەش جێگەی متمانەی منن‌و کەسانێکن کە پێویستە ئامۆژگاریم بکەن وڕاوێژتان پێبکەم، بەچاوی خۆتان دەبینن کە خەڵکی خەریکی چین‌و چیان کردوە، داواشیان لەمن کردوە کە هەموو کار بەدەستەکانم لەکار بخەم‌و هەموو ئەو کارانەش واز لێ بێنم کە ئەوان پێیان ناخۆشەو ئەوە بکەم کە ئەوان داوای دەکەن، ئێوە ڕاتان چییە..؟

أ. عەبدوڵڵای کوڕی عامر پێی وت: ئەی پێشەوای ئیمانداران من ڕام وایە کە موچەو بوجەو سەرمایەیان لێ ببڕیت تا وایان لێ بێت هەریەکەیان‌و خەمی نەفسی خۆی نەبێت بیر لەهیچی تر نەکاتەوە، تا وایان لێ بێت ئەسپێ تێیان بداتو دواتر دوربخرێنەوەو فڕێ بدرێن بۆ سەنگەرکانی سنورو لەناوچە ناکۆکەکاندا ببەسرێنەوە تاوەکو بە چۆکدا دێن‌و خۆیان دەدەن بەدەستەوەو توانای نەیاری کردنیان نامێنێت.

ب. پاشان خەلیفە ڕوی کردە سەعیدی کوڕی عاس‌و لێی پرسی تۆ ڕات چیە..؟ وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران، ئەگەر ڕاو سەرنجی ئێمەت لامەبەستەو کاری پێدەکەیت ئەوا ئێمە ڕامان وایە کە نەخۆشیەکە بن بڕ بکەو ئەو شتە ببڕە کە مەترسیت لێی هەیە، کار بە ڕای من بکە باشە بۆت.

---

(١٦) تەبەری ئەم هەواڵەی لەناو ڕوداوەکانی ساڵی(٣٤)ك دا هێناوە، لەوانەیە پێویست بێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم چوار پیاوە والی‌و فەرمانڕەوای گەورەترین ولایەتەکانی دەوڵەتە ساواکەی خەلافەت بون، موعاویە: والی‌و فەرمانڕەوای شام بو، ئیبن و ئەبی سەرح: فەرمانڕەوای میسر بو، سەعیدی کوڕی عاس: والی‌و فەرمانڕەوای کوفە بو، ئیبن عامریش: والی‌و فەرمانڕەوای بەسرە بو.

ج. پاشان ڕوی کردە موعاویەو لێی پرسی تۆ ڕات چیە..؟

وتی: پێشەوای باوەڕداران من ڕام وایە ئەو ئەرکە بە کاربەدەستەکانت بسپێریتەوەو باهەرکەسەو کێشەی سنورەکەی خۆی بەشێوازی گونجاوی خۆی چارەسەر بکات، دڵنیات دەکەمەوە کە من کێشەی سنورەکەی خۆم چارەسەر دەکەم.

ء. دواتر ڕوی کردە عەبدوڵڵەی کوڕی سەعدو لێی پرسی تۆ ڕات چیە..؟

وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران ئەوانە ئەهلی تەماعو ماڵو سامانن، پێیان ببخەشە دڵەکانیان بەلای خۆتا ڕادەکێشی. سەیری(تأريخ الرسل و الملوك)ی(طبری)بەرگی(٤)لاپەڕە(٣٣٣)بکە.

لەبڕگەی یەکەمدا ئێمە لەبەردەم سوار چاکێكو جەنگاوەرێکی بە تواناداین کە یەکێکە لەشێرە کوڕانی هۆزەکەیو یەکێکە لەلایەنگرە ناودارەکانی عەلی، ئەویش (مالیکی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدو یەغوسی نەخەعیە)کە بە(الأشتر)ناسراوە.

عەسقەلانی لەکتێبی (الإصابە)دا لەڕیزی ئەو ناودارانەدا هێناویەتی کە لەکتێبەکەیدا باسی کردونو دەڵێت: کەسێکە خاوەن ئیدراکەو زوو پەی بەشت دەبات.

هەروەها ئیبنو سەعدو ئیبنو حەببان(الاشتر)بە یەکێك لەتابعینو شوێن کەوتوانی هاوەڵان ناو دەبەن.

جەنگی(یەرموك)ی بینیوەو لە جەنگی(جابیە)شدا ئامادەی وتارەکەی عومەری کوڕی خەتاب بوە.

پاشان هاوڕێیەتیو هاوەڵی پێشەوا عەلی کردوەو لەجەنگەکانی جەمەلو صەفیندا لەبەرەی عەلی دا بەشداری کردوەو لەئازادکردنەکانی ناوچەی شامیشدا جێدەستی دیارە. سەیری کتێبی(الإصابة في تمييز الصحابة)ی عەسقەلانی بەرگی (٤) لاپەڕە(٤٨٢)بکە.

هـەر لەهـەمان برگـەی یەکەمـدا ئێمـە لەبەرانبـەر نمونەیـەکی سـەرنجڕاکێش‌و جواندابن لەنمونەکانی ڕەوانبێژی‌و کورت‌و پوختیدا، دێڕەکانی دەقەکە لەدە دێڕ تێ ناپـەڕێ‌و دەستەواژەکانیشـی لەسـەد دەسـتەواژە تـێ ناپـەڕن، لەگـەڵ ئەمەشـدا ئەشـتەر لەنوسـینەکەیدا کـە ئاراسـتەی خەلیفـەی کـرد تـوانی بەئاسانی(سـادەیی‌و وردەکاریو ڕەوانبێژی) کۆبکاتەوە لەنوسینەکەیدا.

لـەم نوسینەیدا(ئەشـتـەر)هەمو تێبینیـەکانی نـەیارانی عوسمـانی کـوڕی عـەفانی لەدوای دوو ساڵی دەسەڵاتەکەیدا کۆکردوەتەوەو هـەروەها هـەموو داخوازیـەکانیانی خستوەوتە ڕو، هەڵوێستی خۆشیانی بەرانبەر بە خەلیفەو بەرانبەر بە داواکاریەکانی نەیاران خستوەتەڕو.

لەنامەکەیدا هەموو ئەو تێبینی‌و سەرنجانە دەخاتەڕو کە بە بۆچـونی ئـەو، وایـان کردوە لەخەلیفە بە هەڵـەدا بچێت‌و کـار بـە قورئـان نـەکات‌و لەسـونەت لابـدات، تـا دواجار بوەتە خەلیفەیەکی:

١- ستەمکارو دەستدرێژکار.

٢- نەخۆی‌و نە کار بەدەستەکانی نا پارێزێت لەدەسدرێژی کردنە سەر خەڵك.

٣- ستەم دەکات بەرانبەر ناودارانی ناو خەڵك.

٤- کەسانی بۆ خوا سوڵحاو بەکاردەهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی.

٥- کەسانی دیار لەماڵ‌و حاڵیان وەدەر دەنرێن.

٦- مێرد منالٌ و هەرزەکار دەکاتە فەرمانڕەوا بە سەریانەوە.

٧- بـە ئـارەزوی خـۆی کەسـانێك لـەخزم‌و ئەنـدامانی بنەماڵەکـەی‌و لایـەنگرانی دەکاتە فەرمانڕەوای شوێنەکان.

ئەم نامەیە(لەبۆچـونی ئێمەدا)سـەرەتا ئاوێنەیەكـە بـۆ ڕەنگدانـەوەی لایـەنگران‌و شیعەكانی عەلی، كە بـەلای ئەوانـەوە عوسمـان هـەر لەبناغـەوە سـێیەم داگیركـارەو مافی پێشەواكەی ئەوانی خواردوە لەخەلافەتدا.

لەدیدی ئەو نەیارانەوە، ئەمە گەورەترین تاوانی عوسمانە.

دواتر ئـەم نامەیـە ڕاگەیانـدنی هەڵگەڕانەوەیەو(ئەشـتـەر)بەناوی خـەڵكی كوفـەوە بەرزی دەكاتەوە(ئەگەر بێت‌و ستەمكاری دەسدرێژكار واز لەسـتـەمەكانی نـەهێنێت‌و مافی مافخوراوان نەگێڕێتەوە).

هەروەها ئەم نامەیە: حوكم‌و فەرمانكردنە بە كوشتنی خەلیفە، بە تۆمەتی پشـت گوێ خستنی كاركردن بە قورئان‌و وازهێنان لەسونەت، كـە پێشـتریش لەسـەردەمی ئەبوبـەكری صـدیقدا لەجەنگـەكانی(الردة)و هەڵگەڕاوەكانـدا شـتی لـەم بابەتـە ڕوی داوەو كەسانێك كوژراون بە تۆمەتی پشت كردن‌و وازهێنان لەسونەت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا عوسمان وەڵامی داواكاریەكەی ئەشـتـەری دایـەوە، كە بەناوی خەڵكی كوفەوە لەنامەكەیدا بۆی ناردبو.

عوسمانی كوڕی عەفان، ئەبو موسا(عەبدوڵڵای كوڕی قـەیس)ی ئەشـعەری كـردە كاربەدەستی كوفە بۆ كاروباری نوێژو هەروەها بۆ كاروباری جەنگ.

(حوزەیفـەی كـوڕی یـەمان)ی دانـا بـۆ كاروبـاری كۆكردنـەوەی خـەراج‌و داهـات و(وەلیدی كوڕی عوقبەی كوڕی ئەبی  موعیت و سەعیدی كوڕی عـاس)ی لەسـەركار لابرد، كە ئەم دوانە هەردوكیان لەنامەكەی ئەشتەردا ناویان بە خراپە هاتبو.

بەڵام ئەو ڕێ‌و شوێنانە دڵی ئەشتەرو هاوڕێكانی ئاو نـەداو دڵـی پـاك نەكردنـەوە بەرانبەر بەخەلیفە، چونكە ئەوان لەناوكرۆكی نامەكەدا گرنگترین داواكارییان ئەوەبو كە عوسمان واز لەخەلافەت بهێنێت‌و ئەویش ئەم كارەی نەكرد.

ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانە کە تۆمەتی ژمارە(٧)لەڕاستیشدا تۆمەت نیە، چونکە ئەو حاڵەتە لەو هەلومەرجەدا سروشتی کارکردنەو هەر لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا دەبێت ڕو بدات.

چونکە لەو سەردەمەدا تێگەیشتنی باوی خێزانو هۆزو تیرەو دواتریش دەستەگەرایی، بەهێز تربو لەتێگەیشتنی نیشتمانو هاونیشتمانی بون، ئەگەر وا نیە ئەی چی بڵێین لەئاست دانانی(عەبدوڵلای کوڕی عەبباس)ەوە بە والیو فەرمانڕەوای بەسرە لەلایەن (عەلی کوری ئەبو تالیب)ەوە..؟

هەروەها لەبەرانبەر دانانی(ئەشتەر)ەوە بە فەرمانڕەوای میسر لەلایەن(عەلی کوڕی ئەبوتالیب)ەوە کاتێك بو بە خەلیفە..؟

لیرەدا ئێمە گرنگ نیە بەلامانەوە بەدوای ئەوە بکەوین کە کێ ڕاست بوەو کێ هەڵەبوە، یان لایەنگری نەیارەکان بکەینو دژ بە ناوەند بوەستین یاخود بە پێچەوانەوە، وەك چۆن خاوەنی کتێبی(العواصم من القواصم)وکەسایەنی تر بەم کارە هەستاون.

لانی کەم ئێمە نامانەوێت دادوەریی بکەین لەنێوان ئەم دەستانەداو لەو تاوانی کوشتنەدا بەشداربین کە تاوانێکی سیاسی بو، و تا ئەمڕۆش ئێمە لەگەڵ دەرهاویشتەکانیدا دەژینو مەرگەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت(کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان).

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکردوە ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە بزانین کەیو بۆچی ماناو واتای شەهادەت خوازیو شەهادەو شەهید، لەچوارچێوە زمانەوانیەکەیەوە چەمێنرایەوەو خزێنرایە ناو چوار چێوەیەکی (إصطلاحی) تایبەتەوە.

تا مانەکەی بە دیاریکراوی‌و تەنها ئاماژە بێت بۆ کەوتن‌و گیانلەدەسدانی کەسێك لەگۆڕەپانی جەنگدا.

بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێینەوە بۆ تۆمەتەکانی ژمارە(٤)و ژمارە(٥)کە ئاراستەی عوسمان‌و کاربەدەستەکانی کران لەنامەکەدا.

سەرەتا(بەکارهێنان)کە لەتۆمەتی ژمارە چواردا هاتوە بە دوو شێوە ئەنجام دەدرا:

یەکەم: ئەوکەسانەی کە نەیار بون‌و ڕەخنەیان لەدەسەڵات دەگرت، بەدەست بەسەری ڕەوانەی ناوەند دەکران تا لەوێ خەلیفە بڕیار لەبارەیانەوە بدات.

دوەم: ناردنیان بۆ سەنگەرەکانی پێشەوەی سنورەکانی خەلافەت، یاخود ناردنیان لەگەڵ هێزە هێرش بەرەکانداو وەك سەربازو جەنگاوەر دەیان ناردن بۆ پەلامار دان.

لەو هەلومەرجەی ئەو سەردەمەشدا ئەستەم بو ئەم نەیارانە وەك دەسبەسەر ڕەوانەی بەرەکان بکرێن یاخود بخرێنە ناو هێزە هێرش بەرەکانەوە، بۆیە پێویست بو هاندەرێکی ویژدانی‌و ناوخۆیی‌و دەرونییان بۆ ساز بکرێت بەشێوازێك کە هێرش بەرو پەلامار دەر قەناعەت پێ بکات کە تێکۆشەرو موجاهیدە.

لێرەوەو لەوکاتەوە کە کۆتایی سەردەمی ڕاشیدین‌و سەرەتای سەردەمی ئەمەویەکانە، ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردو پێش سەرهەڵدانی فیقهو زانستەکانی، ئەم وەرچەرخانە لەمانای ئەو چەمك‌و دەستەواژانەدا ڕویدا و پەلامار‌دان‌و هێرش بردن گۆڕدران بە جیهادو تێکۆشان‌و هێرش بەرو جەنگاوەرەکانیش کرانە شەهیدو شمشێریش کرایە پسوڵەی چونە نێو بەهەشتەوە.

سەبارەت بە وەردەرنانی هێما دیارەكانیش لەماڵو حاڵی خۆیان، یەك شێوازی هەبو، ئەویش بریتی بو لەنەفی كردنو دورخستنەوەیان، ئەم شێوازەش لەسەردەمی عوسمانو ئەشتەردا زانراو و باو بوە.

(الرَّبَذَة) گوندێكی وێرانەی سامناكەو لەسەر ڕێگەی حیجاز لە(ذات عرق)ەوە نزیكە.

سێ ڕۆژ ڕێگە لەشاری مەدینەوە دورە، لەسەردەمی عوسمانو موعاویەدا (أبوذرالغفاری)دور خرایەوە بۆ ئەم شوێنە تا كاتی مردنیشی لەساڵی(٣٢)ی كۆچیدا هەر لەوێ مایەوە.

(جبل الدخان)ئەمیش جێگەیەكی وشكو بێ ئاوەو تەنانەت(یاقوت الحموی)یش لەكتێبی(معجم البلدان)دا ناوی نەهێناوە، بەپێی ناوەكەی ئێمە وای بۆ دەچین كە جێگەی كۆنە گڕكانێك بوبێت لەنزیك شاری مەدینەدا.

(أرض القردة)ش ئەو جێگە مەترسیدارەیە كە عومەری كوڕی خەتاب هەمیشە ئەبو هورەیرەی پێ دەترساندو دەیوت: ئەگەر واز نەهێنیت لەگێڕانەوەی ئەم چەشنە ڕیوایەتانە دورت دەخەمەوە بۆ سەرزەمینی مەیمونەكان.

ئێستا دەقی ئەو هەواڵە دەخەینە ڕو كە لەبارەی كۆبونەوە ڕاوێژكاریەكەی خەلیفەی سێیەم عوسمانی كوڕی عەفانەوەیە كە لەگەڵ چوار والیەكەیدا ئەنجامیداو لەمێژوی(طبری)دا تۆمار كراوە.

لەم برگە دوەمەدا لەبەردەم چوار ڕاو بۆچونی جیاوازداین، پێدەچێت هەریەك لەو ڕاو بۆچونانە ڕەنگدانەوەی كێشەكە بێت لەسنوری ولایەتەكەدا كە خاوەنی ڕاو بۆچونەكە فەرمانڕەوایەتیو بە بۆچونی ئەو والیە، ئەو ڕێگا چارەیە گونجاوە تا پەیڕەو بكرێت كە دەگونجێت لەگەل سنورەكەی ئەودا.

ئەم كارەی خەلیفە لەو چەشنە شوراو ڕاوێژە نیە كە خواوەند دەیكاتە یەكێك لەسیما دیارەكانی باوەڕداران‌و دەفەرموێت: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴾ الشوری ⁄ ٣٨.

هەروەها لەو چەشنە شورایەش نیە كە پێغەمبەر(د.خ)لەژیانی ڕۆژانەیدا پابەندی دەبو، ئەگەر پێچەوانەی ڕاو بۆچونی تاكە كەسی خۆیشی بوایە.

بەڵكو ئەو چەشنە شورایەیە كە دواتر فوقەهاو زانایانی ئەو بوراە بەناوی شوراو ڕاوێژ(المعلِمة غیر الملزمة)خستیانە ڕوو، واتە: شوراو ڕاوێژەێكە تەنها بۆ دەستخستنی ڕاو زانیاری‌و دەوڵەمەند كردنەو هیچ چەشنە پابەندییەك بۆ خاوەن بڕیارەكە دروست ناكات.

ئەم چەشنە شورایەش لەلایەك حوكم‌و فەرمانی تاكەكەسی دەسەپێنێت‌و دەرگا بە كراوەیی دەخاتە سەر پشت بۆ تاكڕەوی‌و، لەلایەكی تریشەوە دەبێتە هۆكاری دەم بەس كردن‌و بێدەنگ كردنی نەیارەكان.

شوراو ڕاوێژ پێكردن لەلای خواوەندو پێغەمبەرەكەی بریتیە لەبڕیارێك كە پێویستە هەموان پابەندی بن‌و لەپاش تاوتوێ كردنی هەموو ڕاو سەرنجەكان‌و هەڵبژاردنی گونجاوترینیان، ئەوجا بڕیار دێتە دەستنیشانكردن.

بەڵام لەلای فەقیهەكانی بەنی ئومەیەو بەنی عەباس‌و ئەوانەش كە دواتر شوێن ئەوان كەوتن، شوراو ڕاوێژ تەنها بریتیە لەڕاو سەرنجێك كە سودی لێ وەردەگیرێت‌و گلەیی‌و گازندەی پێ پینە دەكرێت.

وەك بینیمان موعاویە پێی وابو كە خەلیفە ئەم كارە بە والی‌و فەرمانڕەواكانی بسپێرێتەوەو ئەوان هەر كەسەو لەسنوری دەسەڵاتی خۆیاندا بەو شێوەیەی گونجاوە بۆیان كێشەكان چارەسەر بكەن، ئیتر والی‌و فەرماندار ئازاد بێت، بە واتایەكی تر موعاویە داوای دەسەڵاتی زیاتری دەكر تا وای لێ بێت زیاتر سەربەخۆو بێ نیاز بێت لەخەلافەت‌و ناوەند.

بەڵام بینیمان ئیبن و ئەبی سەرح، چارەسەری هەموو گرفتو دەردەکان لەماڵو سامانو پولو پارەدا دەبینێتەوە، بێئاگا بو لەوەی کە ئەم چارەسەرە ئەگەر بۆ ئەو کەسانەی کە بەدەوری ئەودان لەمیسر گونجاو بێت، بێگومان هیچ سودێکی نابێت بۆ ئەو نەیارانەی کەلەکوفەن وەك ئەشتەری نەخەعی، هەروەها هیچ سودێکی نابێت لەگەڵ ئەو ڕەخنەگرانەدا کە لەشامن نمونەی ئەبو زەڕی غەفاری.

هەروەها بینیمان کە سەعیدی کوڕی عاس لەڕاو بۆچونێکی سەرسوڕهێنەردا پێی وابو کە کوشتنو لەناوبردنی نەیارەکانو پەڕاندنی سەریان چارەسەرە.

ئەگەر ئەم ڕاو بۆ چونە بدرێتە پاڵ کەسێکی وەك(حەجاج)لەدیمەشق یاخود(روبسبیر)لەپاریس یاخود(ئیفانە مەترسیدارەکە)لەمۆسکۆ بە هەرحاڵ، بەڵام ناگوجێت لەگەڵ ئەو وێناکردنەدا کە عەسقەلانی لەکتێبیی (الإصابة) بەرگی(٢) لاپەڕە(٤٧)دا بۆی وێناکردوین لەبارەی کەسایەتی سەعیدەوە.

عەسقەلانی لەبارەی سەعیدەوە دەڵێت: (... لەڕەوانبێژەکانی قورەیش بو، و هەر بەو بۆنەیەشەوە عوسمان هەڵی بژارد تا یەکێك بێت لەوانەی کە قورئان بنوسنەوە).

هەورەها ئیبنو ئەبی داود لەبارەیەوە دەڵێت: عەرەبی قورئان لەسەر زمانی سەعیدی کوڕی عاسەوە دانراوە، چونکە لەهەمویان زیاتر شێوەزاری دەچویەوە سەر شێوەزاری پێغەمبەر.

هەروەها ئەم پیاوە والیو فەرمانداری شاری کوفە بوو لەسەردەمی عوسماندا، دواتریش والیو فەرمانداری مەدینە بوو لەسەردەمی موعاویەدا.

ئیبنو زوبەیر لەڕێگەی عەبدولعەزیز کوڕی ئەبان، لەخالدی کوری سەعیدەوە دەگێڕێتەوە لەباوکیەوە گێڕاویەتەوە کە کوڕی عومەر وتویەتی: ژنێك هاتە لای پێغەمبەرو ژنەکە عەبایەکی بە دەستەوە بو وتی: من نەزرم کردوە لەسەرخۆم کە ئەم عەبایە بدەم بە کەسێك کە بەڕێزترین کەسی ناو عەرەب بێت، پێغەمبەریش وتی: بیدە بەو مێرد منداڵە، واتە: بەم سەعیدەی کە باسمان کرد.

لەکۆتایدا ماوەتەوە سەر ڕاو بۆچنی عەبدوالله‌ی کوڕی عامر والی بەسرە، کەمێك لەسەری ڕادەوەستین، کورتەی ڕاو بۆچونەکەی لەسێ خاڵدا خۆی دەنوێنێت.

١- بڕینی موچەو دەرماڵەی نەیارەکان، بەشێوەیەك هەژاریو نەداری وایان لێ بکات بیریان بەلای هیچەوە نەبێت پاروە نانی ئەو ڕۆژەیان نەبێتو، ئەم هەژاریو نەبونیەش ناچاریان بکات خۆیانو شوێنکەوتوەکانیان بچنە ڕیزی چەکدارە هەژارەکانەوەو بیرو هەوڵیان بە دوای دەسکەوتی جەنگیو تالاّندا بڕوات.

٢- هەوڵبدرێت ڕەوانەی بەرەکانی پێشەوەی جەنگو سەنگەرەکانی ڕوبەڕوبونەوە بکرێن، واتە: بەکارهێنانیان بۆ کوشتاری دوژمنان لەڕوبەڕوبونەوەکاندا (ئەمەش ئەوەیە کە ئەشتەر لەنامەکەیدا بۆ عوسمان ئاماژەی پێکردوە) ئەم ناردنەشیان بۆ پێشەوەی بەرەکانی جەنگ بە هیوای ئەوەی لەوێ بکوژرێن، ئەمەش بیرۆکەیەکی باو و پەیڕەوکراوە لەلایەن زۆربەی پاشاو کار بەدەستانەوە.

تەنانەت هەندی لەڕاڤەکاران پشت بە ڕیوایەتو گێڕانەوەیەك دەبەستن گوایا داود پێغەمبەر (س.خ) (ئوریا)ی فەرماندەی هێزەکانی ناردبێت بۆ بەرەکانی ڕوبەڕوبونەوەی جەنگ، بۆئەوەی لەوێ لەسەردەستی دوژمنان بکوژرێت و دواتر داوود دەستبگرێت بەسەر ژنە جوانەکەیدا.

ئەم ڕیوایەت و گێڕانەوەیە ڕاست بێت یاخود نا، بەلای ئێمەوە هەڵبەستراوو بێ بنەمایە، بەلاّم گرنگ ئەوەیە کە بیرۆکەکە باوو بەربلاّو بوە.

٣- هێشتنەوەیان لەشەڕگەکاندا، کە بریتیە لەهێشتنەوەو گلدانەوەی فەرماندە سەربازیەکانو هێزە پەلامار دەرەکانیانو سەرقاڵ کردنیان بە جەنگی دوژمنانەوە.

وادیارە ڕاو بۆچونەکەی عەبدوالله‌ی کوڕی عامر، کە خۆی لەم سێ خاڵەدا نواند، بوەتە بیروباوەڕو بنەمایەکی سیاسی لەلای ئەمەویەکانو هەر لەعوسمانی کوڕی عەفانەوە بیگرە تا دەگاتە هەڵۆکەی قوڕەیش(عبدالرحمن الداخل)هەروەها لەلای دەسەلاّتدارەکانی بنەماڵەی سوفیانیو میرەکانی بنەماڵەی مەروانیە، ئەم بنەمایە پەیڕەوکراوە.

لەگەڵ ئەمەدا كە ڕابورد، ئەگەر كەسێك بە وردی سەرنج بدات، تێدەگات كە چۆن‌و بۆچی جیهادو تێكۆشان(وەك خزمەتێك بۆ ئەم سیاسەتە چەوتە)گۆڕدراوە بۆ هێرش‌و پەلامارو تاڵان‌و بڕۆ.

هەروەها چۆن‌و بۆچی شەهید لەپێگە ڕاستەقینەكەی خۆیەوە گۆڕدراوە بۆ كەسێكی سەربازی كە لەبەرەكانی جەنگداو لەپێناو پارێزگاری دەسەڵاتدارو سیستم‌و دام‌و دەزگاكەیدا بكوژرێت‌و گیانلەدەست بدات.

هەورەها تێدەگات چۆن‌و بۆچی بانگەوازكردن لەشێوازە بنەڕەتیەكەی خۆیەوە كە ڕۆشنایی‌و ڕێنیشاندان‌و ڕێنمایی‌و ئامۆژگاری كردنە بە جوانترین شێوە، چۆن‌و بۆچی گۆڕدراوە بە پەلاماردانی چەكدارانە بە مەبەستی تاڵان‌و بڕۆو سوكایەتی كردن بە خەڵك‌و شكاندنی شكۆو پێگەی بنەماڵەكان‌و خەڵكی بێ تاوان، تاوای لێهاتوە نە لەدورو نە لەنزیكەوە هیچ پەیوەندیەكی نەماوە بە پرۆگرام‌و ڕەویەی خواییەوە كە خۆی لەڕستەی(في سبيل الله)دا دەبینێتەوە.

ئەزانم پاش بڵاوبونەوەی ئەم نوسینەش خزمەتكارو زێوانەكانی كەلەپور هاوارو دەنگی ناڕەزایەتیان لێ بەرز دەبێتەوەو تۆمەتبارم دەكەن بەوەی كە گوایا من بانگەواز دەكەم بۆ پەككستن‌و وازهێنان لەجیهاد.

منیش بەوپەڕی هێمنیەوە وەڵامیان دەدەمەوەو دەڵێم: بەڵێ من بانگەواز بۆ پەك خستن‌و وازهێنان لەو جیهادە فیقهیە دەكەم كە فەقیهەكانی سەردەمی ستەم‌وستەمگەری‌و چەوساندنەوەو تاكڕەوی ئاڵاكەیان بەرزكردەوە.

هەروەها بانگەواز بۆ پەك خستن‌و وازهێنان لەجیهادی عوسمانی دەكەم كە دواتر ئەو جیهادە بوو بە سەنجەقێك‌و خەلیفە هەڕەشەی پێ دەكرد لەنەیارەكانی لەوڵاتانی دەوروبەردا.

بەڵام لەبەرانبەریشەوە داواو بانگەواز دەکەم بۆ پابەندبونو دەسبەردار نەبون لەو جیهادەی کە خواوەندو پێغەمبەرەکەی داوایان کردوەو داوای دەکەن.

ئەگەر وانیە پێم بڵێن: تا ئێستا بینیوتانە پیاوێك داوای شاردنەوەو دفن کردنی ژنەکەی لەگۆڕستانی شەهیداندا بکات تەنها لەبەر ئەوەی کە بەهۆی(نیفاس)و خوێنی دوای منداڵ بوونەوە گیانی لەدەست دابێت..؟

هەروەها لێتان دەپرسم: ئایا تا ئێستا بینیوتانە کە پیاوێك کە لەپێناو دەستخستنی ڕزقو ڕۆزی ماڵو منداڵەکەیدا گیانی لەدەست دابێتو پاشان ژنەکەی چوبێت داوای بەشی مێردەکەی کردبێت لەو هەمو ئەو شاباشو پاداشتانەی کە کاربەدەستان دەیڕێژن بەسەر کوژراوەکانی بەرەکانی جەنگو کەسو کارەکانیاندا..؟

یاخود پیاوێك بە ئازاری ناوسك گیانی لەدەست دابێت، منداڵەکانی بەهرەمەندی ئەو دەسکەوتو پاداشتانە بون..؟

ئایا بەلای ئێوەوە ئەمە ڕەوایە یاخود ناڕەوایە..؟

ئەزانم دیسانەوە لەبەرئەوەی کە وەڵامیان پێ نیەو هیچی تر نازانن، هاواریان لێ بەرز دەبێتەوەو دەڵێن: ئایا ئەوەی کە سێنزە سەدەیە پێشینانمان لەسەری دەڕۆن چ عەیبێکی تێدایەو چی ترت لێمان دەوێت..؟

دیسانەوە منیش بە هێمنی وەڵام دەدەمەوەو دەڵێم: ئایا ئیبراهیم پێغەمبەر (س.خ) ڕازی بوو بە بت پەرستی، تەنها لەبەر ئەوەی کە هەموو هۆزەکەی خەریکی ئەو کارەبون..؟

کێشەکە لەوەدایە کە ئێوە بەدەست گرێکوێرەی خۆبەکەم زانینەوە گرفتارنو بەدەسیەوە دەناڵێنن،بەڵام ئێمە خوا ڕێزی لێناوینو هێزو هەستەوەری بیستنو

بینین‌و بیرکردنەوەو لێکدانەوەو بەراوردی پێ بەخشیوین، تاوەکو تێبگەین‌و چاك‌و خراپ لێك جیابکەینەوەو خۆمان بە خزمەتکاری کەس نەزانین.

کێشەکە لەوەدایە ئێمە هەرچی دەڵێین، بەڵگەی بەهێزمان لایە و لەهەمو بۆ چونەکانماندا پشت بە خواوەندو پەڕاوەکەی خواوەند دەبەستین، بەڵام ئێوە پشت بە قسەکانی هەریەك لە(سیوتی‌و دەهلەوی‌و ئیبن‌و عابدین.. هتد) دەبەستن،(ئای لەجیاوازی نێوان شەهادەتی شەهیدەکەی ئێمەو شەهادەتی شایەتەکەی ئێوە)چونکە ئەوەی ئێمە، خۆی ئامادەی ڕوداوەکان‌و کاراکتەری هەڵسوڕێنەریانەو مایەی دڵنیاییەو، ئەوەی ئێوەش بەدەماو دەم شتەکانی پێگەیشتوەو بە ئێوەی دەگەیەنێت‌و دونیایەك گومانی لەسەرە، هەروەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئاً﴾ النجم/ ٢٨.

واتە:بەدڵنیایەوە گومان هیچ مایەی پشت پێ بەستن نیە لەئاست حەقیقەت‌و ڕاستیدا.

کێشەکە لەوەدایە کە ئێوە دەخوێننەوە بەڵام لێی تێناگەن... ئەگەر لێشی تێبگەن دەی چەمێننەوەو لەواتاکەی خۆتان دەبوێرن، ئەگەر وانیە ئادەی پێم بڵێن: ئایا کاتێك پێشەوا شافعی فەتوای دا کە گوایا تەنها منداڵی نێرینە بەر بەمامەکانی دەگرێت‌و بێبەشیان دەکات لەبەشی میرات‌و بۆ ماوەی باوکی ومنداڵی مێینە ئەم مافەی نیە، لەکاتێکدا کە ئەم ئایەتەش لەبەرانبەرو بەردەستی پێشەوادا بوە کە دەفەرموێت: ﴿يُوصِيكُمُ اللّهُ فِي أَوْلاَدِكُمْ﴾النساء/ ١١.

واتە: خواوەند ڕاسپاردەتان دەکات لەمنداڵەکانتاندا.

ئایا شافعی نەیدەزانی کە(ولد)ومنداڵ دەگونجێت نێر بێت‌و دەشگونجێت مێ بێت..؟

ئایـا شـافعی ئـەم فەرمودەیـەی خواوەنـدی خوێندبویـەوە كـە دەفـەرموێت: ﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ﴾ البقرة /٢٣٣.

واتە: با دایكان شیر بدەن بە مندالّەكانیان.

ئایا دایك تەنها شیر بە مندالّی نێرینە دەدات..؟

ئایا كرداری لەدایك بون (ولادە) تەنها نێرینە دەگرێتـەوەو فـڕی بەسـەر مێینـەوە نیە..؟

ئەگەر لەم ئایەتانەدا مەبەست تەنها نێرینـەكان بوایـە بـە تـەنها، ئـەوا مێینـەكان لەئامۆژگاریو وەسیەتەكەی پەروەردگاردا بـەدەر دەكـران، ئەمـەش لەگـەڵ سـۆزی خواوەنددا نەگونجاوە.

لەوەلاّمدا دەڵێین: بەدڵنیاییەوە شافعی هەموو ئەمانەی دەزانـی، ئـەو هـەر بـە بنەماڵـە ڕەوانبێژو زمان زان بـوە، چـونكە ئـەو قورەیشـی بـوەو ڕۆشـنبیرێكی دیـاربوەو دەهـەزار بەسـتە شـیعرو هەڵبەتسـی لەبـەر بـوە، بـەلاّم وای بـەباش زانیـوە بـەلای(أبا جعفـر المنصور)سولّتانە ستەمگەرە عەباسیەكەیدا دای تاشێت، تا لەئاكامدا بەداخەوە بەهەڵـەدا چو، ئاگای لەوە نەبو كە فەتواكەی دەبێتە هۆكاری بێبـەش بـونی ملیـاران كـچ لـە بەشـە میراتی ماڵە باوانیـان وهـەر لەوكاتـەوە كـە فەتواكـەی داوە تـاوەكو ڕۆژی دوایـی كـار بـەو فەتوایە دەكرێتو كچی داماو لەبەشە میراتیان بێبەش دەكرێن.

ئێمە لێرەدا لانی كەم كارمان بە شافیعیەوە نیە تا دادگـایی بكـەین، چـونكە ئـەو ئێسـتا لەبـەردەم بالاّدەسـت ترینـی فەرمانڕەواكاندایـە، بـەلاّم پێویسـتە لەسـەرمان بانگەواز بـۆ وازهێنـان لـەكار پێكردنـی ئـەو فـەتوا سیاسـیە بـدەین كـە بـە ئاشـكرا پێچەوانەی دەقەكانی دابـەزێنراوی بەجێیـە، چـونكە وەك وتـراوە بێـدەنگ لەئاسـت حەقیقەتدا شەیتانێكی لاڵە.

هەروەها ئـەرکی سەرشـانمانە وەك مـافێکی خۆیـان ئامـاژە بـە چـەندین فـەقهیو زانای ڕاستگۆ لەگەڵ حەقیقەتداو دڵسۆز بۆ پاراستی حەقیقـەت بکـەین کـە چـەندین هەڵوێستی جیاواز لەهەڵوێستەکەی شافیعیان بوەو لەسەری پایەدارو دامەزراو بون.

لەنمونـەی ئـەو هەڵوێسـتە جوامێریانـە: {زوهـەری سـەردانی وەلیـدی کـوڕی عەبدولمەلیکی کرد، وەلید لێی پرسی: ڕات چیە لـەبارەی ئـەو باسـەوە کـە خـەڵکی شام دەڵێن: ئەگەر خوا کاروباری بەندەکانی بە یەکێك لەبەندەکانی سپاردو کردیـە کـار بەدەسـتیان، ئـەوا خـەیرو چـاکەی بـۆ دەنوسـرێتو خراپـەی لەسـەر تۆمـار ناکات..؟.

زوهەری وتی: ئەی میری بـاوەڕداران قسـەیەکی پـوچو بـێ مانایـە ، چـونکە ئایـا پێغەمبـەرێکی کـار بەدەسـت و جێنشـین، بـەڕێزە لـەلای خواوەنـد، یـاخود کـار بەدەستو خەلیفەیەکی ئاسایی کە پێغەمبەر نەبێت..؟

وەلید وتی: بێگومان پێغەمبەرێکی کار بەدەستو جێنشین بەڕێزترە.

زوهەریش وتی: دەی خواوەند ڕوو بە داوود پێغەمبەر دەفـەرموێت: ﴿يَادَاوُودُ إِنَّـا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ﴾ ص/٢٦.

واتـە: ئـەی داود ئێمـە تۆمـان کـردوە بـە جێنشـینی خۆمـان لەسـەر زەویـدا بەدادپەروەریی حوکم لەنێوان خەڵکیدا بکەو شوێن ئارەزوەکانی نەفست مەکەوە، چونکە گومڕات دەکەن لەڕێگـەی خواوەنـدو بـە دڵنیایشـەوە ئەوانـەی گـومڕا دەبـن لەڕێگـە خواوەنـد سـزایەکی تونـدو بـە سـۆیان هەیـە بـەهۆی ئـەوەوە کـە ڕۆژی لێ پرسینەوەیان لەیاد کردوە.

زوهەری ڕوی کردە وەلیدو پێی وت: ئەمە هەڕەشەی خواوەندە بۆ پێغەمبەرێکی جێنشینی خۆی، ئاخۆ هەڕەشەی چۆن بێت بۆ جێنشینو خەلیفەیەکی وەك تۆ کە پێغەمبەریش نیت..؟

وەلید وتی: بەڕاستی خەڵکی سەرمان لێ دەشێوێنن لەدینداریماندا} . سەیری کتێبی(العقد الفريد)ی(إبن عبد ربه الأندلوسی)بەرگی یەکەم لاپەڕە(٦٠)بکە.

ڕەحمەتی خوا لەزوهەری، لەمێژودا ئەم چەشنە ڕوبەڕوبونەوانە لەگەڵ ئەوانەدا کە فەرمودەیان بەناوی پێغەمبەرەوە هەڵدەبەست تۆمار نەکراوە، یاخود پەرچ دانەوەی ئەو بەناو فەرمودانەی کە دژایەتیان هەیەو پێچەوانەی دابەزێنراوی بەجێنو بڕیاردان لەبارەی پوچەڵیو بێ بنەمابونیانەوە، ئەمانە بەداخەوە لەمێژوو کەلەپوری ڕابوردوماندا نابینرێن، ئەمەش کارێکی ئاساییەو مایەی سەرسوڕمان نیە چونکە، مێژو و میراتی کەلەپورمان لەبناغەوە(لەزۆربەی بەشەکانیدا)تەنها بریتیە لەو بابەتانەی کەسوڵتانو میرەکان ڕەزامەندیان لەسەر بڵاوکردنەوەو تەنانەت نوسینەوەشی داوە، ئەم دیاردەی خەفەکردنو بێدەنگ کردنە تا ئەم دواییانەش هەر بەردەوام بوەو بە بەرپابونی شۆڕشی زانیاریەکان بەرەبەرە شەبەقی تێ کەوتوەو ئاسۆیەك کراوەتەوە.

خۆزگە مەسەلەکە تەنها لەهەڵبەستنی فەرمودەدا بوایە بەدەم پێغەمبەرەوە بە مەبەستی سیاسیو خزمەتی میرو فەرمانڕەواکانو بەپێی خواستی مەزهەبەکان، بەڵکو مەخابن سەری کێشاوە بۆ دانانی چەنیدن تەفسیرو ڕاڤەی جۆراوجۆر بۆ دابەزێنراوی بەجێ، بەشێوەیەك کە خزمەت بەهەمان مەبەستو مەرامی سەرەوە بکات.

بۆنمونە: ئایەتەکانی:

﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً﴾ الفتح/ ١.

﴿إِذَا جَاء نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ﴾ النصر/ ١.

﴿وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾ آل عمران/ ١٩٦.

فەخری ڕازی لەتەفسیری ئایەتی(١)سورەتی(الفتح)دا دەڵێت: {دەسبەسەراگرتن‌و کردنەوە چەند ڕویەکی هەیە، یەکێکیان گرتن‌و دەسبەسەراگرتنی شاری مەکەیە ئەمەیان ڕون‌و ئاشکرایە، دوەمیان کردنەوەو دەسبەسەراگرتنی ڕۆم‌و غەیری ڕۆمە، سێیەمیان فەتح‌و ڕێککەوتنی حودەیبیەیە، چوارەمیان فەتحی ئیسلامە بە شمشێرو ڕم‌و تیر، و هەروەها بە بەڵگەی بەهێز، دەوترێت ئەگەر مەبەست پێی گرتن‌و ئازادکردنی شاری مەککەیە، ئەوا خۆ لەوکاتەدا هێشتا مەککە ئازاد نەکرابو، ئەی چۆن خواوەند دەفەرموێت(فتحنا)بەشێوەی ڕابوردو.

ئێمەش لەوەڵامدا دەڵێین:

کردنەوەو ئازادکردنەکە دو ڕوی هەیە:

**یەکەمیان**: بە واتای ئازاد کردن لەئەندازەگیری‌و بڕیاری ئێمەدا واتە: بە زانیاری‌و بڕیاری خواوەند کە پێشتر بڕیاری لەسەر داوە.

**دوەمیان**: هەرچیش خواوەند بڕیاری لەسەر دابێت بێگومان هەر دەبێت‌و هیچ شتێك ناتوانێت ڕێی پێ بگرێت}. سەیری (التفسیر الکبیر) بەرگی (٢٨) لاپەڕەی (٦٧)بکە.

هەروەها فەخری ڕازی لەتەفسیری ئایەتی(١)لەسورەتی(النصر)دا دەڵێت: {ئەوەی کە باوە لەلای ڕاڤەکاران مەبەست بە فەتح لەم سورەتەدا فەتح‌و

دەسبەسەراگرتنی مەککەیە، بە بەڵگەی ئەوەی کە خواوەند هاوشان لەگەڵ فەتح دا باسی سەرکەوتنیش دەکات، هەندێ جار پێغەمبەر(د.خ)سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا بەبێ فەتحو ئازادکردن، یاخود دەسبەسەراگرتنو گرتنی بەدەست دەهێنا بەبێ سەرکەوتن، وەك هەڵکەندنی هۆزی بەنی قورەیزەو شاربەدەر کردنیان کە خۆی لەخۆیدا گرتنی شارێك بوو بەبێ شەڕو هۆزەکەشی نەگرتن، بەڵام لەگرتنی مەککەدا هەردوو کارەکەی بۆ کۆکرایەوە هەم سەرکەوتنو هەمیش گرتنو دەسبەسەراگرتن، کە دواتر هەموو خەڵکەکەش وەك کۆیلەیان لێهات لەبەردەستیداو دوایی ئازادی کردن.

قسەی دوەم دەڵێت: مەبەست پێی دەسبەسەراگرتنی خەیبەرە کە ئەویش لەسەردەستی عەلی ئەنجامدراوەو بەسەرهاتەکە باوە.

قسەی سێهەم: گوایا گرتنو دەسبەسەراگرتنی شاری(تائف)بێت کە ئەم بەسەرهاتەش دورو درێژە.

قسەی چوارەم: کە قسەی ئەبی موسلیمە دەڵێت: مەبەست پێی سەرکەوتنە بەسەر کافرانداو دەسبەسەراگرتنی وڵاتان بەشێوەیەکی گشتی.

قسەی پێنجەمیش: مەبەست لەفەتح ئەوەیە کە: خواوەند دەرگای زانیاریەکانی بەڕوی پێغەمبەرەکەیدا کردبێتەوە، وەك چۆن لەفەرمودەی ﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْماً﴾ طه/ ١١٤.دا ئاماژەی پێکراوە.

بەڵام ئەوەندە هەیە کە دەسکەوتنی زانیاری پێویستی بە پاککردنەوەی سنگو ساف کردنی دڵ هەیە، و پێویستە پیشتر ئەنجام درابن وەك چۆن دەفەرموێت: ﴿إِذَا جَاء نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ﴾.

دەشگونجێت مەبەست لەسەرکەوتنی خواوەند، یارمەتی دانی بێت بۆ بەندەکانی لەسەر گویٔ ڕایەڵیو چاکەکاری} . سەیری(التفسیر الکبیر) بەرگی (٣٢) لاپەڕەی (١٤٣)بکە.

پێشەوا ڕازیش وەك تەواوی ڕاڤەکارانی تر لەو ماناو لێکدانەوە باوەوە دەڕوانێت بۆ سەرکەوتنو ئازادکردنو دەسبەسەراگرتن، ئەو وێنایەمان بۆ دەکێشێت کە ڕێگەی سەرکەوتن تەنها ئەو جیهادە کوشتاریەیە کە سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا دابینی دەکاتو پاش گەمارۆدانو بۆمبارانی سنورەکانی هەر شارێك کوشتنو بەدیل گرتنو تێکشکاندن دەهێنێتە ئاراوە، ئەوجا شارەکە دەگیرێتو دەستی بەسەردا دەگیرێت.

لەبۆچونی ڕازیدا سەرکەوتنو دەسبەسەراگرتن دەگونجێت بەیەکەوە بنو دەشگونجێت هەریەکەو بەجیا بەدی بێن.

لەبۆچونی ڕازیو ڕاڤەکارانی تریشدا، فەتحو ئازادکردن لەو دوو ئایەتەدا(ئیتر فەتحەکە لەمەککە بێت یاخود لەخەیبەر یاخود لەتائیف یان لەحودەیبیە)هەر لەچوارچێوەی ئەوەدایە کە باسمانکردن لەجەنگو شەڕو ماڵ وێرانیو کوشتنو بەدیل گرتنو وێرانکاری.

ئەگەر وابێت کە ئەم بەڕێزانە دەیڵێنو(دڵنیاشین کە وانیە)چۆن لە وشەی(فتح) تێبگەین لەم ئایەتانەدا:

١. ﴿رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ﴾ الأعراف/ ٨٩.

واتە: ئەی پەروەردگارمان نێوان ئێمەو هۆزو گەلو نەتەوەکەمان بە هەقو ڕاستی بکەرەوەو تۆش باشترین کەسێکی کەدەتوانی دەرگاو دڵەکان والاّ بکەیت.

٢. ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَواْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ﴾ الأعراف/ ٩٦.

واتە: ئەگەر خەڵکی شارو دیهاتەکان باوەڕ بهێنن‌و پارێزکار بن، چەندین فەڕو بەرەکەتی ئاسمان‌و زەوییان بەسەردا دەکەینەوە.

٣. ﴿فَتَرَى الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ يُسَارِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَى أَنْ تُصِيبَنَا دَائِرَةٌ فَعَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَ بِالْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِنْ عِنْدِهِ فَيُصْبِحُوا عَلَى مَا أَسَرُّوا فِي أَنْفُسِهِمْ نَادِمِينَ﴾ المائدة/ ٥٢.

واتە: دەبینی ئەو کەسانەی کە نەخۆشی‌و بیرۆکەی نەخۆش لەدڵیاندایە پێشبڕکێ دەکەن بۆ خۆش ویستنی ئەوان، دەڵێن: دەترسین ڕوداوێکی نەخوازراومان توش ببێت، هیوا وایە خواوەند کرانەوەو سەرکەوتنێك یان کارێك لەلایەن خۆیەوە بنێرێت، سەرەنجام وایان لێ بێت پەشیمان ببنەوە لەوەی کە لە دڵ‌و دەرونیاندا شاردویانەتەوە.

لێرەدا دەڵێم: بەپێی ئەوەی کەلەناو ڕاڤەکارو موفەسیرەکان‌و زانا بەڕێزەکانماندا باوە چۆن لەوشەی(فتح)تێبگەین لەکاتێکدا(فتح)کە لەئایەتی یەکەمدا واتای حوکم‌و فەرمانڕەوایی‌و لەئایەتی دوەمدا مانای ڕزق‌و ڕۆزی‌و لەئایەتی سێهەمدا واتای پشتیوانی‌و سەرخستن دەگەیەنێت..؟

لەمانەش هەمو گرنگتر ئەوەیە کە چۆن لەناوی خواوەندی بێهاوتا (الفتاح)تێبگەین..؟

وەك لەم ئایەتەدا هاتوە: ﴿قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَهُوَ الْفَتَّاحُ الْعَلِيمُ﴾ سبأ/٢٦.

واتە: بڵێ پەروەردگارمان کۆماندەکاتەوە لەیەك‌و بە حەق‌و دادپەروەریش نێوانمان دەکاتەوەو هەر ئەوە کە والاکەرو بکەرەوەیە‌و زانایە بە هەمو شتێك.

ئایا ڕەوایە لەم ئایەتە وا تێبگەین كە(الفتاح)بریتیە لەو كەسەی كە پاش گەمارۆ دانو بوردمانكردنی سنورەكان، وڵاتو شارەكان داگیر دەكاتو دەسدەگرێت بە سەریاندا..؟

كێشەی(ڕازی)و ڕاڤەكارەكانی تر لەم بوارەدا ئەوەیە: ئایەتی یەكەم كە لەسورەتی(الفتح)دایە بە تەنهاو دابڕاوو دور لەواتاو مەبەستەكانی تر كە لەئایەتەكانی دواتردا هاتوە خوێندویانەتەوە.

بۆیە لەئاكامدا وایان زانیوە ئەو(الفتح)ەی كە لەئایەتەكەدا هاتوە مەبەست پێی ئازاد كردنو دەسبەسەرا گرتنی شاری مەككە بێت.

لەبیریان چوە كە ئەو پیتی لامەی كە(اللام السببية)یەو لە(ليغفر)داو لەسەرەتای ئایەتی دوەمدا هاتوە واتای ئەوە دەدات بە دەستەوە كە خواوەند(فتح)ی لەئایەتی یەكەمدا كردوە بە هۆكار بۆ چوار ئاكامی یەك لەدوای یەك كە لەئایەتەكانی دوەمو سێهەمی هەمان سورەتدا باسی لێوەكردون كە بریتین لە:

١. لێخۆش بون لەتاوانەكان.
٢. تەواوكردنی نیعمەتو بەخشینی خوایی.
٣. ڕێنیشاندان بەرەو ڕێگەی ڕاست.
٤. سەركەوتنێكی پشت ئەستور بە پشتیوانیو پشتگیری خواوەند.

دەسبەسەراگرتنی سەربازیی شاری مەككە، یاخود هەر شارێكی تر، نابێتە هۆكار بۆ ئەم چوار ئاكامە.

پێشەوا(ڕازی)لەبارەی ڕاڤەی ئایەتی(١٦٩)ی سورەتی(آل عمران)ەوە دەڵێن: {بزانە كە ڕوكاری ئایەتەكە ئاماژە دەكات بە زیندویەتی ئەو كوژراوانە، دەگونجێت ئەو ئاماژەیە بەشێوەی حەقیقەتو ڕاستی بێت، یاخود بەشێوازی ناڕاستەوخۆو مەجازی، ئەگەر مەبەست پێی ڕوە ڕاستو حەقیقەتەكەی بێت، ئەوا یان لەڕۆژی دواییدا زیندوو دەكرێنەوە یاخود هەر ئێستا زیندون.

ئەگەر بێتو والێکی بدەینەوە کە مەبەست دوەمیانە ئەوا یان دەبێت بونی ژیانی ڕۆحانی بسەلمێنین یاخود ژیانی تەنو جەستە، ئەمە ئەو ڕوانەن کە دەکرێت ئاماژەیان پێ بکرێت لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا}. سەیری(التفسير الكبير) بەرگی (٩) لاپەڕەی (٧٢-٧٣)بکە.

هەروەها(ڕازی)قسەی ڕاڤەکاران بەدرێژی دەخاتەڕو لەم دو جێگەیەدا:

یەکەم: لەڕاڤەی ئایەتی ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَكِنْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ البقرة/ ١٥٤.

دوەم: لەڕاڤەی ئایەتی ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾ آل عمران/١٦٩.

کە زیاتر ئێمە ئایەتی دوەممان مەبەستە لەسەری بوەستین‌و قسەی لەسەر بکەین.

پێشەوا(طبرسی)یش بەهەمان شێوەلە(مجمع البيان)دادەلێت: {لە ئیبن و عەباسەوە گێڕراوەتەوە کەئایەتی(١٥٤)ی سورەتی(البقرة)لەبارەی کوژراوەکانی جەنگی بەدرەوە دابەزیوە کە دوانزە کەس بون وچواریان لە کۆچەران‌و هەشتیشیان لە پشتیوانان بون.

دوای جەنگەکە خەلکی دەیان گوت فلانەکەس مردوە، بۆیە خواوەند ئەم ئایەتەی دابەزاند تا ڕێگری بکات لەوەی کە بە کوژراوانی ڕێگەی جیهاد بوترێت مردو، بەلکو ئەوانە زیندون.

ئەم بابەتەش چەند قسەیەکی لەسەرە:

**<u>یەکەم</u>**: کە لەهەمویان ڕاسترە بریتیە لەوەی کە بەلێ ئەوان بەڕاستی زیندون‌و تارۆژی دوایی بەزیندویی دەمێننەوە، ئەمەش قسەی ئیبن وعەباس‌و قەتادەو موجاهیدو، هەروەها حەسەن‌و عەمری کوڕی عەبیدەو واسل‌و ئیبن وعەتاش وادەلێن‌و جەبائی‌و ڕومانی‌و هەمو ڕاڤەکارانیش ئەم بۆ چونەیان هەلبژاردوە.

**دوەم**: موشریكو بێ باوەڕەکان دەیانوت: هاوەڵەکانی موحەمەد لەجەنگەکاندا بەبێ هۆ خۆیان بە کوشت دەدەنو دەمرنو دەفەوتێنو لەناو دەچن، بۆیە خواوەند پێی ڕاگەیاندن: وانیە کە ئێوە دەیزانین، بەڵکو ئەوان ڕۆژی قیامەت زیندو دەکرێنەوەو پاداشت وەردەگرن.

**سێیەم**: مانای ئەوەیە مەڵێن ئەوان مردون بەڵکو ئەوان بەهۆی گوێ ڕایەڵییانەوە زیندون، هەروەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا﴾ الانعام/ ١٢٢.

واتە: ئایا ئەوکەسەی بەهۆی بێ ئاگاییەوە لەڕیزی مردواندا بوو ئێمە زیندومان کردەوەو ڕوناکیەکمان پێبەخشی کە بەهۆیەوە بەناو خەڵکدا دەگەڕاو ڕێگەی دەبڕی، ئایا ئەم کەسەو ئەوەی کە لەنێو تاریکیەکدا چەقیوەو ڕێگەی دەرباز بونی نیە وەك یەك وان..؟

وەك دەبنین ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت: گومڕا بون مردنەو، وەرگرتنی هیدایەتیش ژیانە.

**چوارەم**: مەبەست پێی ئەوە بێت وەك لەعەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە دەگێڕنەوە، لەبەر ئەوەی کە بە باشەو ڕێزەوە ناودەبرێن کەواتە زیندون لەناو خەڵکدا.

وەك پێشەوا عەلی دەڵێت: ئەوانەی کە ماڵو سامانیان ئەمبار دەکرد لەناوچونو زانایان هەر ماونو هەردەشمێنن تا ئەوکاتەی ژیان بەردەوام بێت، ڕاستە جەستەیان لەناو دەچێت بەڵام شوێنەوارو ناوو بیرەوەریان هەر لەناو دڵاندایە.

لەکۆتایدا پێویستە بڵێین: کە قسەی متمانە پێکراو هەر بۆ چونی یەکەمە، چونکە ڕای هەموو ڕاڤەکارانی لەسەرە}. سەیری کتێبی(مجمع البیان)ی طبرسی بەرگی (١) لاپەڕەی (٢٣٦) بکە.

هـەروەها طبرسـی لەڕاڤـەی ئایـەتی(١٦٩)ی(آل عمـران)دا دەڵێـت: {وتـراوە ئـەم ئایەتە لەبارەی شەهیدەكانی بەدرەوە دابـەزیوە كـە چواردە پیـاو بـون، هـەروەها وتراوە لەبارەی شەهیدەكانی ئوحدەوە دابـەزیوە كـە حـەفتا پیـاو بـون، وتراویشـە لەبارەی شەهیدەكانی(بئر المعونە)وە دابەزیوە كە حەفتا پیاو بون.

خواوەنـد ئـەو قسـەی دووڕوەكـانی گێڕایـەوە كـە لـەبارەی شـەهیدەكانەوە دەیـانكرد، دوای ئـەوە باسـی ئـەو پاداشـتو ڕێـزو شـكۆیەش دەكـات كـە خواوەنـد لـەڕۆژی دوایـدا ئامـادەی كـردوە بـۆ شـەهیدەكان}. سـەیری (مجمـع البیـان)ی (الطبرسـي) بـەرگی (١) لاپەڕە (٥٣٧) بكە.

لەم بڕگەیەدا چەند سەرنجێكو چەند بابەتێك ڕامان دەگرێت:

یەكـەم: ئـەو سـوربونو پێداگرتنـەی ڕاڤـەكاران لەسـەر قـەتیس كردنـی چـەمكی شەهادەوشـەهید لـەكوژراوانو قوربیانیـەكانی جـەنگو گۆڕەپانـەكانی جەنگـدا، پێچەوانەی فەرمودەی خواوەندە كە دەفـەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ أُولَئِكَ هُمُ الصِّدِّيقُونَ وَالشُّهَدَاءُ عِنْدَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ﴾ الحديد/ ١٩.

واتە: ئەو كەسانەش كە بڕوایان بە خواوەندوهەمو پێغەمبـەرانی هێنـاوە ئەوانـەن كە ڕاستگۆو ڕاساڵنو شایەتیدەرانی لای پەروەردگاریاننو پاداشتو نـورو ڕۆشـنایی خۆیانیان هەیە.

هەروەها خواوەند زیندوەكانی جەنگی ئوحدی بە(شهداء)ناو بـردوە، وەك دەفـەرموێت: ﴿إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ آل عمران/ ١٤٠.

واتـە: ئەگـەر توشـی ئەشـكەنجەو ئـازارو برینـدار بـون هـاتون خـۆ هۆزەكـەی بەرانبەریشتان هەمان شتی توش بوەو ئەم ڕۆژانەش لەناو خەڵكدا دەسـاو دەسـیان پێدەكەین تا خواوەند باوەڕدارەكان پێبزانێـتو چـەند كەسێكیش لـەخۆتان بكاتـە شایەتحاڵ لەسەر ڕوداوەكانو خواوەند ستەمكارانی خۆش ناوێت.

ئەم ئایەتانـە لەلایـەك‌و فـەرمودەكانی پێغەمبەریش(ئەگـەر ڕاسـت بـن)وەك چۆن لەلاپەڕەكانی ڕابوردودا تاوتوێمان كردن لەلایەكی ترەوە.

لەمانەش زیاتر ئەم ڕاڤەكارانە چەند دەستەواژەیەك زیاد دەكەن بۆ ئایەتەكان كە لەدەقی ئایەتەكاندا بونیان نیە وەك(الجهاد)و(الشهداء).

دوەم: دەستگرتن و پێداگری بە ڕوكاری وشـەكانەوە لەسـەر حسـابی حەقیقـەتی واتاكانیـان‌و پشـت كـردن لـە(مجاز)و ئاماژەكـان كـە وشـەكان لـەخۆیان دەگـرن، سەرەڕای ئەوەش ئەم هەڵوێستەیان لەلایـەك بـەرەو بەرجەسـتەكردنی خواوەنـدیان دەبات‌و لەلایەكی تریشەوە دەیانبات بەرەو دژبەیەكی‌و ئاراسـتەی پێچـەوانە لەگـەڵ یاسا گەردوینە مادیەكاندا.

بـۆ نمونـە: كاتێـك دەڵـێن كوژراوەكـان بەشـێوەی حەقیقـەت‌و ڕاسـتی‌و لەسـەر شێوازی ماددیان زیندون، لێرەوە پێویسـت دەبێـت لەسـەریان بیسـەلمێنن كـەبونی ئـــەو كوژراوانە(كـــە بـــەلای ئەوانـــەوە زینـــدوی حـــەقیقی‌و مـــاددین)لەگـــەڵ خواوەنـددا(عنديـة)و بـونێكی مـاددی‌و بەرجەسـتەیەو لەشـوێنێكی دیاریكراودایـە كەوشەی(عندربهم) ئاماژەی پێدەكات.

ئەمـەش نەشـیاونەگونجاوە لەگـەڵ زاتـی خواوەنددا، چـونكە بـون لەجێگـەیـەكی دیاریكراودا لەتایبەتمەندی جەستەكانەو دورە لەزاتی حەقەوە.

هـەروەها ناسازگاری‌ودژایەتیەكەشیان لەگـەڵ یاسـا گەردونیـە مادیەكانـدا خـۆی لــەوەدا دەبنێتــەوە كــەدەڵێن: جەســتەی پێغەمبــەران‌و شــەهیدان پــارێزراوەو دورنلەڕزین‌و بروتوكان‌و بەشێوەی تەڕو پاراوو لەسەرشێوازی خۆیان دەمێننـەوە تـا ڕۆژی پەســڵان‌و بــەرپابونی قیامــەت‌و دەڵــێن: ئــەوان زینــدون‌و لەگۆڕەكانیانــدا بەیانیان‌و ئێواران بەهرەمەندی نازو نیعمەتەكانی بەهەشت دەبن.

سێیەم: تێکەڵ کردنی(ڕۆح و نەفس)و(مردن و وەفات)بەسەریەکدا.

چونکەنە فسئەوشتەیە کەخواوەند ئەیباتەوەبەڵگەش لەسەر ئەمەئایەتی: ﴿اللَّـهُ يَتَوَفَّى الْأَنْفُسَ حِينَ مَوْتِهَا﴾الزمر/ ٤٢.

واتە: خواوەندە لەکاتی مردنیاندا نەفسەکان وەردەگرێتەوە.

بەڵام ڕۆح خۆی دەڕوات(ناڵێین بەرز دەبێتەوە)بۆلای بەدی هێنەرەکەی کە یەکەم جار کردی بە بەری ئەو دروستکراوەیداو بەهۆی ڕۆحەوە دروستکراوەکە بوبە گیانلەبەرێکی خاوەن ژیری و چاکەو خراپەی لەیەك جیا دەکردەوە.

مردنیش لەدابەزێنراوی بەجێدا دوو ماناو واتای هەیە:

**یەکەم**:واتایەکی ماددی هەیە، بەشێوەی حەقیقەت و ڕاستی وەك خواوەند دەفەرموێت: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ﴾الأنبياء/٣٥.

واتە: هەموو نەفسێك مردن دەچێژێت.

ئەم چەشنەیان مانای تیاچونی جەستەی ماددی و گەڕانەوەی بۆ ناو گڵ دەگەیەنێت.

**دوەم**: مردنێکی مەجازیە وەك فەرمودەی خواوەند:﴿أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا...﴾ الأنعام/ ١٢٢.

واتە: ئەو کەسەی کە مردوو بو ئێمە زیندومان کردەوەو نورێکمان بۆ دابین کرد..

چوارەم: فەرمودەیخواوەند(ولاتحسبن)و(عندربهم)لەئایەتی(١٦٩)ی سورەتی(آل عمران)داو(ولكن لاتشعرون) لەسورەتی(البقرة)ئایەتی(١٥٤)دا لەدیدو تێڕوانینی ئێمەدا بۆ وەرچەرخاندنی بیری خوێنەرو بیسەرە لەحەقیقەتەوە بەلای مەجازدا.

ئەگەر سەرنج بدەین ڕابردو(الماضی)لە(تحسبن)دا بریتیە لـە(حَسِـبَ)بـەواتای(وای لێك دایەوە)دێت، و(تحسبن) لەدابەزێنراوی بەجێداو بەم مانایەی کە لێکماندایەوە لە چلو پێنج جێگەدا هاتوە، لەو جێگایانە:

﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ﴾ إبراهيم /٤٢.

واتە: وا دانەنێن کە خواوەند بێ ئاگایە لەوەی کە ستەمکاران دەیکەن.

هەروەها ﴿أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَلَّنْ نَجْمَعَ عِظَامَهُ﴾ القيامه/ ٣.

واتە: مرۆڤ وا دائەنێت کە ئێمە ئێسكو پروسکەکانی کۆ ناکەینەوە.

لەم ئایەتەدا ئەو کەسەی ئەدوێنرێتو ئـەم باسـەی ئاراسـتە ئـەکرێت، بریتیـە لـە قسە لەگەڵ کراوێکی تـاك کـە ئـەویش (الإنسـان)مرۆڤـە بەگشـتیو بـەنێرو مێیـەوە، گوتارەکە بە تایبەت ئاراستەی پێغەمبەر(د.خ)کراوە.

خواوەند هۆشداری دەدات بە پێغەمبەرەکەی تـا وا بـیر نەکاتـەوە کـە کـوژراوانی ڕێگەی خواوەندیش وەك کوژراوانی تر لەناو دەچنو ناویـان دەپێچرێتەوە، بـەڵکو ئەوان زیندون، چونکە مردنو ژیان بێجگە لەم ڕوە ماددیە بەرجەستەیەیان، ڕویەکی تری مەجازیشیان هەیە کە ئەو ڕوە جیاوازە لەو ڕوە مادیەی کە بەچـاو دەبنیرێـتو بەهەستەوەرەکان هەستی پێدەکرێت، مرۆڤ وا ئەزانێت کەسێك کە مرد ئیتر کۆتـایی دێتو باسی ئەپێچرێتەوە.

ئەگەر لەئایەتەکاندا مردنو ژیـان لەسـەر شـێوەی حەقیقەتـە مادیـەکان بهاتنایـە ئەوا هەستەوەرەکان هەواڵەکەیان بەدرۆ دەخستەوە، چونکە خەڵك بەچاوی خۆیـان دەبینن‌و بەدەست هەسـتی پـێ دەکـەن کـە ئـەوان مـردونو گیانیـان لەدەسـتداوە، بـەڵام فـەرمودەی خواوەنـد ئـەو گرفتـە چارەسـەر دەکـات کـە دەفەرموێت(عنـد ربهم)واتە: بەلای پەروەردگاریانەوە، کەواتە ژیانەکە واتایەکی مەجازی هەیە چونکە

ژیان بەپێوەرو پێودانگەكانی خواوەند جیایە لەوە كە ئێمە دەیزانین، ناگونجێت ئێمە لەسەر شێوازە حەقیقیە مادیەكەی لێكی بدەینەوە چونكە، دەكەوینە كێشەیەكی تری فەلسەفیەوە كە كێشەی(تجسیم)ی پی دەوترێت.

نمونەی ئەم بابەتەش ئایەتی ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ﴾ آل عمران/ ٥٩.

واتە: نمونەی عیسا بەلای خواوەندەوە، وەك نمونەی ئادەم وایە كە لەگڵ دروستی كرد.

هەروەها ئایەتی ﴿كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ الصف/٣.

واتە: تاوانێكی گەورەیە ئەگەر شتێك بڵێنو بەكردار نەیكەن.

لەڕاڤەی دەستەواژەی (في سبيل الله) دا وتمان: مەبەست پێی ئەوەیە كە(لەچوارچێوەی ڕێبازی خواوەندو بەپێی پرۆگرامەكەی بێت)باسمان كرد كە چۆن هەوڵدان بۆ دەستخستنی ڕزقو ڕۆزی لەڕێگەی خواوەندا دەبێت.

ماوەتەوە ڕاڤەی ئەوە بكەین كە كوشتار لەڕێگەی خواوەندا چۆن دەبێت..؟.

ئەو ڕێو شێنو فەرمانو ڕێگیریانە چینو كامانەن كە پێویستە جەنگاوەر پابەندیان بێت تاوەكو هەوڵو تێكۆشانو جەنگ وبەشەڕهاتنەكەی لەڕێگەی خواوەندا بێتو، تاوەكو ببێتە یەكێك لەوانەی كە خواوەند لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ﴾ التوبة/ ١١١.

واتە: خواوەند نەفسوماڵو سامانی باوەڕدارانی كڕیوەو بەڵێنی بەهەشتی پێداون، حاڵی ئەو باوەڕدارانەش وایە كە جەنگ دەكەن لەڕێگەی خواوەنداو لەو پێناوەدا دەكوژنو دەشكوژرێن، پەیمانێكەو خواوەند داویەتیو پابەند دەبێت پێوەی ئەو پەیمانە لەتەوراتو ئینجیلو قورئاندا هاتوە، كێ لەخواوەند زیاتر پابەندی بەڵێنی دەبێت.

## ٢- جەنگ وبەشەڕهاتن (القتال)

(القتال)چاوگی کردارێکی چواریەکە بریتیە لە(قاتَلَ)لەسەرکێشی(فاعَلَ)وئەم هاوشێوانەشی هەیەوەك(جادَلَ، خاصَمَ، شارَك، بايَع)(ألف)ەکەشی زیادەنیە(وەك هەندێك وادەزانن)هەرچەندە دەرهاویشتەکانی لابردنیشی لەهەندێ جێگەدا کەمو بێبایەخن بەتایبەت لە(جهاد،جدال)دا، بەڵام لابردنی ئەو(ألف)ە زۆر مەترسیدارەو گەورەیە ئەگەر لە(قتال)دا لابرێت، چونکە بە لابردنی(ألف)کە(قتال) واتە:جەنگ وکوشتاری دوسەرە، دەبێتە(قتل)واتە: کوشتنی یەك لایەنە.

سەرنجبدە: کۆی (قاتِل) بریتیەلە (قَتَلَة) کەلەکرداری (قَتَل)یە، هەروەهاکۆی (مقاتل) بریتیەلە(مقاتلون) لەکرداری (قاتل)ە، ئەم دو بوارەش دو بواری جیاوازو دور لەیەکن.

(قتال)دەستەواژەیەکی قورئانیەو بەخۆیو هەموو بەکارهێنانەکانی تریەوە لەحەفتاو یەك جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، یەکەمیان بریتیەلە: ﴿وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ﴾البقرة/ ١٩٠.

واتە: بەجەنگ لەڕێگەی خواوەنددا، بەرپەرچی ئەوانە بدەنەوە کە جەنگو کوشتارتان دەکەن، بەڵام بیرتان بێت دەستدرێژیو زیادەڕۆیی نەکەن، چونکە بەدڵنیاییەوە خواوەند دەسدرێژکارانو زێدە ڕۆیانی خۆش ناوێت.

دواهەمینیشیان بریتیە لە ئایەتی: ﴿...عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَى وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ اللَّهِ وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ المزمل / ٢٠.

واتە: خواوەند زانی کە دواتر هەندێکتان ناساغ دەبنو هەندێکیشتان بە دوای بەخششەکانی خواوەند بە زەویدا بڵاودەبنەوەو هەندێکیشتان لەڕێگەی ئەودا دەجەنگێنو کوشتار دەکەن.

(القتال)کوشتار بریتیەلە وێستگەیەکی بەگژاچونەوەی یەکدیو، تێکپژانی دولایەن لەخۆدەگرێت بەشێوەی توندوتیژی.

(قتال) لەنێوان دوو کەسی ڕوبەڕوی یەکدا، یاخود لەنێوان دوو دەستەدا ڕودەدات، بەڵام ئەگەر بە شێوازی یەك لایەنە ڕویدا ئیدی پێی ناوترێت(قتال)بەڵکو ئەوکات کوشتن و(قتل)ە، وەك چۆن کوڕەکەی ئادەم وتیبە براکەی: ﴿لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾ المائدة ٢٨.

واتە: ئەگەر تۆ دەست درێژ بکەیت بۆمو بتەوێت بمکوژیت، من دەستدرێژ ناکەم بۆ تۆو ناتکوژم، من لەخواوەندی پەروەردگاری جیهانیان دەترسم.

وەك سەرنج دەدەین ئەم کوڕەی ئادەم نایەوێت ببێتە لایەنێکی کوشتار، بەم هەڵوێستەی ئەویش ڕو بەڕوبونەوەکە لەدولایەنەوە گۆڕا بۆ یەکلایەنەو بو بە کوشتنی یەك لایەنە(قتل).

ئەم حاڵەتو دیمەنەش لەزۆربەی کردە خۆکوژیەکاندا کە لەوڵاتی عێراقو وڵاتە پڕ ئاژاوەکاندا ڕودەدەن بە جوانی نومایان دەبێت، ڕۆژانە دەیبینین کە لایەنێك کوشتاری دەوێتو لایەنەکەی تریش خەڵکی بێچەكو سڤیلەو بێتاوانەو نایەوێت نەبکوژرێتو نەکەسیش بکوژرێت، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێین: ئەو کردە سەربازیانە کوشتنی بە کۆمەڵنو پێشوەخت پلانیان بۆ داڕێژراوەو لایەنەکەی تر بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت چاودێری دەکرێتو دواتر دەکوژرێت.

لەوانەیە پڕماناترین وێناکردنو پێناسەکردنی(قتال)لەدابەزێنراوی بەجێدا ئەم ئایەتە بێت کە دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ﴾ البقرة/ ٢١٦.

واتە: جەنگ وکوشتارتان لەسەر نوسراو لەدڵیشەوە پێتان ناخۆشەو بێزراوە لاتان.

لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا پێشەوا ڕازی دەڵێت: {ئەگەر کافەکەی (الكره) بۆرەو (ضمة)ی بەسەرەوە بێت واتای ڕق لێ بونەوە دەگەیەنێت بە بەڵگەی ئایەتی﴿وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ البقرة/٢١٦.

بەلاَم ئەگەر كافەكە سەرە(فتحە)ی هەبێت ئەوا واتای پێ ناخۆش بون بەشێوەی مەجاز كە واتای ناپەسەند بون دەگەیەنێت وەك لەم ئایەتەدا هاتوە: ﴿حَمَلَتْـهُ أُمُّـهُ كُرْهاً وَوَضَعَتْهُ كُرْهاً﴾}. سەیری(التفسیر الكبیر)بەرگی(٦) اپەڕە(٢٤)بكە.

بـەلای ئێمەشـەوە(قتال)یەكێكە لـەداخوازیو ئەركـە قورسـەكان لەسـەر دەرونـی مـرۆڤ، كوشـتار لـەو ڕووەوە كـە مەینـەتو ئەشـكەنجەی زۆری تیایـەو ڕێگـەی مـانو نەمانە، بەلای مرۆڤەوە مایەی ڕق لێبونەوەو ناخۆش نودیە، كە ئەمە واتای(كُره)كـە دەگەیـەنێت، هــەروەها ناپەســەندو ناخۆشــە بــەو پێیــەی كــە دوا چارەســەری كێشەكانەو بەناچاری نەبێت پەنای بۆ نابرێت، ئەمەش واتای(كَره)كـە دەگەیـەنێت، هەروەك چۆن لەپەندی عەرەبیدا هاتوە دەڵێت:(اخر الطب الكي) واتە: دواچارەسـەر داخ كردنە بە ئاگر.

كاتێك هەمو چارەسەرەكان بێ سود دەمێننەوە ئەوجا پەنا بۆ ئـەم چارەسـەرە ناخۆشە دەبرێت.

سەبارەت بەو قسەیەشمان كە دەڵێین: (قتال) ئەركە، بەڵگەمان ئەم ئایەتەیە كـە دەفــەرمووێت: ﴿كُتِــبَ عَلَــيْكُمُ القَتَــالُ﴾ واتــە: قیتالتــان لەســەر نوســراوە، وشــەی(كُتب)دەمانباتەوە بــۆلای فــەرمودەكانی تــری خواوەنــد لــەبارەی ڕۆژوو تۆڵەسەندنەوە، كە دەفەرمویێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾ البقرة /١٨٣.

واتە: ڕۆژوتان لەسەر نوسراوە.

هەروەها: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ﴾ البقرة/١٧٨.

واتە: تۆڵەسەندەوەتان لەسەر نوسراوە.

پێویستە ئەوەش بزانین كە ئەركو تەكلیف لەم بابەتەشدا وەك تەواوی ئەركو تەكلیفەكانی تر، تەنها ڕو لەو كەسانە دەكات كە خاوەنی تواناو لێهاتویی تایبەت بەو بوارەو خاوەنی ژیرین.

بەڵام بەداخەوە وەك هەمیشە ڕاڤەكارانو فەقیهەكان، لێرەشدا ڕای جیاوازیان هەیە لەبارەی جێبەجێ كردنی ئەم ئەركەوە، پێشەوا ڕازی دەڵێت: {زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لەم ئایەتەداو هەندێكیان دەڵێن: بەپێی ئەم ئایەتە واجب كراوە لەسەر هەموان.

وەك لەئیبنومەكحولەوە گێڕراوەتەوە كە لەنزیك ماڵی خواوەندا سوێندی خواردوە بە خواوەند كە(الغزو)واتە: هێرش بردنو پەلاماردان، واجبە.

هەروەها لەئیبنوعومەرو عەتائەوە گێڕدراوەتەوەكە وتویانە:ئەم ئایەتە داوای واجب بونی(قتال)تەنها لەسەر پێغەمبەر و هاوەڵاكانی دەكات لەو دەمەدا.

ئەگەر بشگوترێت:ڕوكاری ئایەتەكە داوای واجب بونی كوشتار دەكات لەسەر یەك بەیەكی تاكەكان، چونكە وشەی(علیكم)مانای ئەوەیە كە لەسەر یەكبەیەكتان واجبە، وەك چۆن دەفەرموێت:﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِصَاصُ﴾ و ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ الصِّيَامُ﴾.

عەتا دەڵێت:(كتب) واتای واجب بون دەدات بەدەستەوەو یەكجار كار پێكردنی بەسەو، وشەی(علیكم)یش مانای ئەوە دەدات بەدەستەوە كە داوالێكراوانو قسە لەگەڵ كراوان تەنها ئەوانە بون كە لەو دەمەدا ئامادە بون.

ئەوا ئێمە دەڵێین: فەرمودەی﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ﴾و﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ الصِّيَامُ﴾بە بەڵگەی كۆدەنگی ئەم دوو داواكاریە ڕو دەكەنە هەم ئەوانەی كە لەودەمەدا ئامادە بونو هەم لەوانەش كە دواتر دێن، ئەو ئاماژە ڕونەش كە لەم دو ئایەتەدا هەیە واتای بەردەوامی دەدات بەدەستەوە، لەئایەتی﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ﴾دا ئاماژەكە، ونو ناڕونەو هەستی پێ ناكرێت بۆیە لەسەر حاڵەتی خۆی دەمێنێتەوە} .سەیری (التفسیری الكبیر) بەرگی (٢) لاپەڕە (٢٣)بكە.

پێشەوا(توبروسی)ش لەدەربڕینێكی كورتدا هەمان بۆچونی پێشەوا ڕازی دوبارە دەكاتەوەو بەم شێوەیە دەستپێدەكاتو دەڵێت: {ئەم ئایەتە ڕونكردنەوەی ئەوەیە كە جیهاد بەرژەوەندیەكە بۆ ئەو كەسانەی كە فەرمانیان پێكراوە بە ڕاپەڕاندنی جیهاد، وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ﴾ واتە: جیهاد لەڕێگەی خواوەنددا فەرزكرا لەسەرتان}. سەیری (مجمع البیان)ی توبروسی بەرگی (١) لاپەڕە (٣١٠) بكە.

بەم شێوەیە كۆتایی بە باسەكە دەهێنێتو دەڵێت:{عەتا دەڵێت: جیهاد واجبو ئەركێكە لەسەر هاوەڵانو، واجب نەبوە لەسەر هیچ كەسێكی تر بێجگە لەوان، ئەم قسەیەش نەشازە لەگەڵ كۆدەنگی زانایاندا} هەمان سەرچاوەی پێشو لاپەڕە(٣١١).

یەكەم تێبینی لەسەر ئەم بڕگانەی كە گواستومانتەوە ئەوەیە كە جیاوازیان نەكردوە لەنێوان (قتال)و (غزو)دا كە(غزو)مانای هێرشو پەلاماردانو غافلگیر كردنە، وەك چۆن لەقسەكانی مەكحولدا بەدی دەكرێت[١٧].

هەروەها جیاوازی نەكراوە لەنێوان (قتال)و(جهاد)دا وەك لەقسەكانی ڕازیو(توبروسی)دا بەدی دەكرێت.

ئەگەر جێگەی سەر سوڕمان نەبێت كاتێك بە(قتال)بڵێین: جیهادو تێكۆشانی بچوك، وەك چۆن پێغەمبەر(د.خ)ناوی بردوە، ئەوا سەر سوڕمانی گەورە لەوەدایە كە بە(قتال في سبيل الله)و جەنگ لەڕێگەی خواوەنددا بڵێین: (الغزو) واتە: هێرشو پەلامارو غافڵ گیر كردن.

---

[١٧] ئەبو عەبدوالله مەكحول كوڕی عەبدوالله‌ی شامیە، لەوڵاتی سەند لەشاری كابول لەدایك بوە، كاتێك پێگەشت لەجەنگدا گیراو كەوتە لای سەعیدی كوڕی عاسو دواتر سەعید مەكحولی بەخشی بە ژنێك لەهۆزی هوزەیلو ئەویش ئازادی كرد، دواتر لەدیمەشق گیرسایەوەو لەوێ نیشتەجێ بو.

زوهەری لەم بارەیەوە دەڵێت: زانایان چوار كەسن:(سەعیدی كوڕی موسەییب لەمەدینە، شەعبیی لە كوفە، حەسەنی بەسری لەبەسرە، مەكحول لەشام) لەدیمەشق كۆچی دوایی كردوە، بەڵام بەرواری مردنەكەیدا ڕای جیاواز هەیە لەنێوان(١١٢-١١٨)ك. سەیری (وفیاتالأعیان)ی ئیبن خەلەكان لاپەڕە(٢١٨١، ٢٨٢، ٢٨٣) بكە.

ئەگەر لەبەر ئەو هۆیەی كە لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ كرد بێدەنگ بون لەئاست تێكەڵكردنی چەمكەكانی جیهادو قیتال لەلای ئەدیبو هەڵبەست وانو وتاربێژەكان ئاسایی بێت، ئەوا بێگومانو بە هیچ شێوازێك ناگونجێت بێدەنگ بین لەئاست تێكەڵ كردنی ئەم چەمكانە لەلایەن فەقیهو زاناكانەوە.

بەڵام تێكەڵ كردنی هێرش بردنو پەلاماری غافڵ گیرانە(الغزو)لەگەڵ(القتال)دا تاوانێكەو، هەركەس بیكات چ زانا بێت یاخود ئەدیبو وتاربێژ...هتد، بە هیچ شێوازێك ناكرێت لێی بێدەنگ بین.

كار بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵكو گەشتوەتە ئەوەی كە ئایەتەكانی ئەحكام (الرسالة) تێكەڵ كراون لەگەڵ ئەو چیرۆكو بەسەرهاتانەدا كە لەسەردەمی پێغەمبەردا ڕویان داوە، وەك جەنگەكانی ئەو دەمە كە بە بەسەرهاتە موحەمەدیەكان ناودەبرێن ودەچنە خانەی پێغەمبەرایەتی موحەمەدەوەنەك خانەی نێردراویو پەیامهێنەرایەتیەوە.

جیاوازیەك هەیە لەنێوان تێكۆشان(جهاد)و(قتال)داو لەسەرەتای بابەتی(جهاد)دا ئاماژەمان بۆ كرد، ئەویش بریتیە لەوەی كە جیهادو تێكۆشانی گەورە فراوانەو داگرندەی دەیان بواری جۆراوجۆری ژیانە، وەك هەوڵدان بۆ دەستخستنی ڕزقو ڕۆزیو بەدەستهێنانی زانستو زانیاریو ئێش وئازارەكانی سوڕی مانگانەو منداڵ بون لەلای ژنانو وەستانەوە بەڕوی فریودەرەكانداو نەپسان لەبەردەم هەڕەشەكاندا...هتد.

لەم بوارانەشدا بەگشتی جیهادو تێكۆشان هیچ دیاردەیەكی توندوتیژییو ڕوبەڕوبونەوەی چەكداریو كەلەپچە كردنو بەردباران كردنو شمشێربازیو دەسرێژو بۆمباران لەخۆناگرێت.

بـەڵام (قتال)تـەنها لەحاڵەتێکـدا ڕوو دەدات کـە دوو لایـەنی بەرانبـەر بەیـەكو ئامـادەو شـەڕکەر، دەسـت بدەنـە ڕوبـەڕو بونـەوەی چـەکداری بـۆ بەلاداخسـتنی کێشەیەك کە ڕێکارو هۆکارەکانی تر بێ ئاکام مابنەوە لەبەلادا خستنیدا.

ئەم ڕوبەڕوبونەوە توندوتیژ ئامێزەش یان لەئاسـتی تاکەکەسـیدا ڕوو دەدات یـان لەئاستی کۆمەڵو دەستە جەمعیدا، سەبارەت بە ئاسـتی تاکـە کەسیەکەی نمونـەی ڕوبەڕوبونەوەکەی موسا پێغەمبـەر (س.خ)دەخەینـەڕو کـە ئـەم ئایەتـە لەبارەیـەوە دەفـەرموێت: ﴿وَدَخَلَ الْمَدِينَةَ عَلَى حِينِ غَفْلَةٍ مِنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَـا رَجُلَـيْنِ يَقْتَتِلَـانِ هَذَا مِنْ شِيعَتِهِ وَهَذَا مِنْ عَدُوِّهِ﴾ القصص/١٥.

واتە: موسا پێغەمبەر کاتێـك کـە دانیشـتوانی شـارەکە بـێ ئاگـا بـون خـۆی کـرد بەشارداو بینی دوو پیاو بەشەڕ هاتون، یەکێکیان لەلایەنگرانی خۆیو ئـەوی تـریش لەدوژمنانی بو.

نمونەی ئاستی دەستە جەمعیەکەش، جەنگەکانی بەدرو ئوحدو خەیبەرو تائیفو ئەحزاب، نمونەی بەرجەستەکاری ئەو چەشنە ڕوبەڕوبونەوەیەن، ئەمانەش هەمویان ڕوداوی مێژویین وەك ڕوداوەکانی موساو نوحو ئەوانی تر،و دەچنە خانـەی چـیرۆكو بەسـەرهاتە قورئانیەکانـەوەو ناچـنە خانـەی ئایەتەکانی(الرسـالـة)و پـەیامی ئاسمانیەوەو ئەحکامیان لێ وەرناگیرێت.

تێبینی دوەمیشمان لەسەر بۆچونەکانی پێشەوا ڕازیـە کـە دەڵێـت: {ئایەتـەکانی ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِصَاصُ﴾و﴿كُتِبَ عَلَـيْكُمْ الصِّـيَامُ﴾ وەك چـۆن ئـەو کەسـانەی کـە لەودەمەدا بون دەگرێتـەوە بەهـەمان شـێوە ئەوانـەش کـە دواتـر دێـن دەگرێتـەوە، چونکە یەك حوکمو فەرمانـە وهـەردوکیان دەگرێتـەوەو ئـەم دو ئایەتـە بـە بەڵگـەی کـۆدەنگی زانایـان، ئاراسـتەی هـەردو بەرەکـە کـراوە ، بـەڵام ئـەم بەڵگەیـە لەئایەتی(قتال)ەکـەدا، نادیـارەو بـونی نییـە، بۆیـە وا پێویسـت دەکـات وەك خـۆی بمێنێتەوە}.

هـەروەها وەك توبروسـی دەڵێـت: {ڕاڤـەکاران هـەر هـەمویان بێجگـە لـە عـەتا، کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ واجب بونی جیهادو بـە پێویسـت زانینی، بەڵام بە شێوازی(فرض الكفاية)بە پێویست زانراوە واتە: ئەگـەر دەسـتەیەك پێی هەستان لەسەر کۆی باوەڕداران دەکەوێت.

عەتاش لەم بارەیەوە دەڵێت: پێویستو واجب بوە لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەر بـە تەنها، دوای ئەوان لەسەر کەس پێویست نیە، ئـەم وتەیـەش نەشـازو تەنهایـە لـەناو کۆدەنگی زانایاندا} .سەیری(مجمع البيان)بەرگی(١)لاپەڕە(٣١١) بکە.

لێـرەدا بـە جـوانی هەسـت بـەجیاوازی نێـوان﴿كُتِـبَ عَلَـيْكُمْ الْقِتَـالُ وَهُـوَ كُـرْهٌ لَكُمْ﴾وئایەتی ژمارە(٥) لەسورەتی(التوبه) دەکەین کـە بەئایەتی(شمشـێر)ناوبراوە، چونکە ئایەتی یەکەم واتە: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ﴾ ئایـەتێکی دروسـتە چ لەڕابوردوداو چ لە داهاتودا جێگیرەو جێبەجێ دەبێـت بەسـەر هـەمو دانیشـتوانی گۆی زەویدا، بـەڵام ئایـەتی﴿فَـإِذَا انسَـلَخَ الْأَشْـهُرُ الْحُـرُمُ فَـاقْتُلُوا الْمُشْـرِكِينَ حَيْـثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَـوْا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ التوبة ⁄٥.

بەو پێیەی کە ئەم ئایەتە ڕستەی﴿فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَـدْتُمُوهُمْ﴾ی تێدایە(واتـە: ئەوانەی کە هاوەڵ بۆ خوا بڕیـار دەدەن بیـانکوژن لەهـەر جێگەیەکدا کـە بینیتانن)دیـارە باس لەڕوداوێکی مێژویی دەکات کە تایبەتـە بـەکاتی خۆیـەوە، چـونکە کوشـتار گشـتیەو کوشتن تایبەتە، وەك دەبینین لێرەشدا فەرمان بە کوشتن کراوە.

بە دڵنیایەوە ڕازیو توبروسی ئازادن لەسەر جیاوازی تێگەیشتنیان لەگەڵ ئیبن و عومـەرو عـەتا، لەدەستنیشـانکردنی مەبەسـت لەوشـەی(عليكم)لە ئایـەتی(٢١٦)ی سـورەتی(البقـرة)دا، هـەروەها لـەحوکم دانیانـدا لەسـەر ئـەوەی کە(قتال)لەسـەر کەمینەیەك واجبە نەك لەسەر هەموان.

هەروەها هاوڕان لەسەر ئەوەی كە لەگەڵ مەكحولدا یەكدەنگن لەسەر ئەوەی كە هێرش‌و پەلامار بردن واجبەو جیهادیش پێویستە لەسەر هەموان.

هەردو لایان لەسەرێكەوە لەو سۆنگەیەوە قسە دەكەن كە لەقورئاندا(الترادف)واتە:وشە ڕیزكردن‌و ڕازادندنەوەو وشە چنین بەكار هاتوە، ئەمەش وا دەكات كە(فتح)بكرێت بە(حرب)و(جهاد)بكرێت بە(قتال)و(قتال)یش بكرێت بە(غزو).

لەسەرێكی تریشەوە پشت بەو(نسخ)ە دەبەستن كە پەنابردن بۆ شمشێرو سود لێ وەرگرتنی هەم بە ڕەوا دەزانن‌و هەمیش بە تاكە ڕێگەی بانگەوازو بڵاوكردنەوەی ڕۆشنایی‌و ڕێنمویی خوایی دەزانن‌و كاركردن بە دانایی‌و ئامۆژگاری بەسودو گفتوگۆی هێمنانەو كاركردن بەم چەمك‌و بنەما جوانانە پەك دەخەن‌و پەنا هەر بۆ توندوتیژی‌و تۆقاندن دەبەن، لەڕویەكی تریشەوە هۆكارەكانی پاوان خوازی‌و فراوان كردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی سوڵتانە ستەمگەرەكان‌و پیلانەكانی لەناوبردنی نەیارەكانیان، هۆكارێكی تر بوو كەوا بكەن لەزانایانی دەربار هەستن بە داتاشینی چەند چەمك‌و زاراوەو دەستەواژەیەكی فقهی تازەی وەك(جهاد الإبتدائي)واتە: تێكۆشانی سەرەتایی‌و داهێنانی چەند واتایەكی(إصطلاحی)كە وایان دەكرد چەمك‌و زاراوەكان بەدەر لەواتا قورئانیەكانیان لێك بدرێنەوەو كاریان پێ بكرێت.

ئەمە بەشێوەیەكی گشتی، بەڵام پێویستە بەدورو درێژی‌و ڕامانەوە لەسەر بابەتێكی گرنگ‌و مەترسیدار بوەستین كە ئەم دوو پێشەوایە لەتەفسیرو ڕاڤەكردنی ئایەتی(٢١٦)ی سورەتی(البقرة)دا هێناویانە و پشتیان پێ بەستوە، ئەویش بریتیە لە(الإجماع) واتە: ئەوەی كەپێی دەوترێت كۆدەنگی زانایان، لەڕاستیدا ئەم(إجماع)و كۆدەنگیە خەوو خەیاڵێكەو هیچ بونێكی لەهەل‌و مەرجی ژیانی ئەم سەردەمەدا نیەو هەروەكو ئەفسانەكانی وەك(عنقا)دێتە پێش چاو، هەروەها خەونێكی ڕۆمانسییەو لەخەیاڵدانی فەیلەسوفەكانی وەك ئەفلاتون‌و فارابیدا نەبێت لەهیچ جێگەیەكدا وێنەی نیە.

هـەروەكو ئـەو دیموكراسـیەتە دێتـە پـێش چـاو كـە لـەلای ڕۆشـنبیرانی بـواری سیاسەتە لەوڵاتانی جیهـانی سـێیەمدا، كـە ئـەم چـەمكە وەك هۆكـارو ئامرازێـك بـۆ وەلاخستن بـەكار دەهێـنن، هـەروەها وەك چـەمكی(حاكمیـة اللە)لـەلای تەوژمـەكانی ئیسـلامی سیاسـی كـە ئـەم ئامانجـەی ئـەمان بـە تـەواوی لـەدروشمی شـیوعیە سیاسیەكان دەچـێت كـە بـەردەوام دەڵێن(ئـەی كرێكـارانی جیهـان یەكگرن)لەگـەڵ هـەمو ئەمەشـدا، هێشـتا دەبیـنین زانایانی(أصـول)كۆدەنگی و ئیجمـاع بـە یـەكێك لەسەرچاوەكانی یاسادانانو تەشریعی ئیسلامیی دادەنێن.

ئەوان پێیان وایە كە ئەگەر ئومەی ئیسلامی یاخود زاناكانیان كۆدەنگو هاوڕا بـن لەسەر هەر كارێك یاخود هەر حوكمێك یاخود لەسەر تەفسـیرو ڕاڤـەی هـەر ئایـەتێك یاخود لەسەر دەستنیشانكردنی هەر مەبەستێك لەمەبەستەكان، ئەوا ئەو كۆدەنگیە دەبێتە سەرچاوەیەكی یاسادانانو هەموو ئەوانەی كە ئێستە لەژیانـدانو ئەوانەشـی كە دواتر دێن پێویستە پابەندی بنو كاری پێ بكەن.

ئەگەر بۆچونی پێشەوا ڕازی جێگەی سەرسوڕمان نەبێت لـەم بارەیـەوە كـە پێـی وایە: (كۆدەنگی موسڵمانان)لەپێگەو توانایـدا، لەئاسـت پێگـەو توانـای دابـەزێنراوی بەجێدایەو یەكێكە لەڕێكخەرەكانی هەڵسوكەوتی مرۆڤەكان لەهـەموو بوارەكانـدا بـە بواری بیروباوەڕو عەقیدەشەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە بۆچـونەكەی پێشـەوا توبروسـی كە یەكێكە لەگەورە زاناكانی ئیمامیـەكان لەسـەدەی شەشـی كۆچـیدا، زۆر جێگـەی سەرسوڕمانە كە ئەو كاری وا بكاتو بۆ چونی وای هەبێت.

لـەبیرمان بێـت ئەگـەر سـەرنج بـدەین لەهـەلو مـەرجی ژیـان چ لەئێسـتاداو چ لەڕابوردوشـدا، هۆكـار گـەلێك هـەن كـە بـەردەوام پێگـەو هێـزی چـەمكی(إجماع)و كۆدەنگی لاواز دەكەنو لەكەداری دەكەنو بەشێوەیەك پەرێشانو تێكـی دەشـكێنن

كە ئیدی مانای كۆدەنگی تێدا نەبێت وەك: ئەوەی كە زانایان لەبارەی(ترادف)و وشە چنینەوە لە دابەزێنراوی بەجێدا، بەردەوام دو ڕاو دو دەستەن، دەستەیەك دان بە بونیدا دەنێن‌و دەستەیەك حەشای لێدەكەن.

هەر ئەمە خۆی ئومەت دەكاتە دو بەشەوەو بەم پێیەش (إجماع)و كۆدەنگی مانای نامێنێت.

نمونەی ئەمەش بەڕونی لەو دو بڕگەیەدا وەدیار دەكەوێت كە پێشتر خستماننەڕو كە بریتی بون لەڕاو بۆچونی هەردو پێشەوا ڕازی‌و توبروسی، بینیمان لەیەك بابەتدا كە ئەویش بابەتی(قتال)بو، بەڵام دەبینین ڕازی باسی (غزو)و هێرش‌و پەلاماری غافڵ گێرانە دەكات‌و توبروسیش باسی(جهاد)و تێكۆشان دەكات، هەردوكیان بەبێ ئەوەی هەست بە خۆیان بكەن چەمك‌و بابەتە سەرەكییەكەیان فەرامۆش كردوە.

یاخود باس لەبابەتی(مجاز)دا بەدانپێدانان یاخود نكوڵی لێكردنی، ئەویش هەروەك بابەتی (ترادف)و وشە چنین، ئومەتی كردوە بە دوبەشەوەو لەوێوە(إجماع)و كۆدەنگی مانایەكی بۆ نەماوەتەوەو بوەتە درۆیەكی گەورە.

دیارترین نمونەی ناكۆكی‌و جیاوازیش لەم بوارەدا لەتەفسیرو ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا بەدی دەكرێت كە دەڵێت: ﴿يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ﴾ الفتح / ١٠.

واتە: دەستی خواوەند لەسەر دەستی ئەوانەوەیە.

هەروەها جیاوازی‌و فرە ڕایی لەبارەی بینینی خواوەندەوە لەلایەن پێغەمبەرەوە (د.خ) لەشەوی شەوڕەوی‌و بەرز بونەوەدا.

هەروەها دەستەگەرایی‌و پەیڕەوی لەبۆچونی فەقیهەكان، هۆكارن بۆ دابەشبونی ئوومە بەسەر دەیان بەشی جۆراوجۆردا تا وای لێهاتوە كە قسەكردن لە(إجماع)و كۆدەنگی وەك گاڵتەجاڕیەك بێتە بەرچاو.

ئەو جیاوازیانەش گەورەترو فراوانترن لەوەی کە بێنە ئەژمار، بە نمونە: شۆردنی قاچ لەکاتی دەستنوێژدا یاخود سڕینی بەدەستی تەڕ، هەروەها بە بەرز وتنی(بسم الله) یاخود نەوتنی لەکاتی نوێژدا، هەروەها ڕاڤەو لێکدانەوەی واتای درەختە نەفرەت لێکراوەکە لەئایەتی﴿وَمَا جَعَلْنَا الرُّؤْيَا الَّتِي أَرَيْنَاكَ إِلَّا فِتْنَةً لِلنَّاسِ وَالشَّجَرَةَ الْمَلْعُونَةَ﴾الإسراء/ ٦٠.

دەڵێن: {مەبەست لەو درەختە ڕیشەو خشتەی بنەماڵەی (بنی أمیە)یە}.سەیری (مجمع البیان)ی توبروسی بەرگی (٣) اپەڕەی (٤٢٤)و (التفسیر الکبیر)ی ڕازی بەرگی(٢٠)لاپەڕە(١٨٩)بکە.

لەڕاستیدا وشەی(إجماع) کە گوایا بە مانای کۆدەنگی دێت، کاتێك لەسەر زمانو زاری یەکێك لەزانا بەڕێزەکانمانەوە دەیبیسین واتای کۆدەنگی گشتی هەموو ئومەو زاناکانی ناگەیەنێت، بەڵکو مانای کۆ دەنگی کۆمەڵێك یاخود دەستەو تیرەو پێڕێکی دیاریکراو، یاخود ڕێچکە و مەزهەبێکی دیاریکراو دەگەیەنێت، ئەوەش کە کۆمەڵو دەستەو مەزهەبەکانی تر دەیڵێن بەهەمان شێوە شتێکی جیایە لەکۆدەنگی بەمانا گشتیەکەی، دروست وەکو قسەو وێناکردنەکەی پێشەوا توبروسی بۆ تەفسیرو ڕاڤەو لێکدانەوەی عەتا لەبارەی تەفسیرو ڕاڤەکەیەوە بۆ ئایەتەکەی (٢١٦)ی سورەتی(البقرة)کە لەپێشەوە باسمان کرد.

ماوەتەوە تێبگەین کە کۆدەنگی ئومەت(تەنانەت با کۆدەنگیەکی ڕاستەقینەو بێ غەلو غەشیش بێتو دور بێت لەهیچ دەنگێکی ناڕازیش)ناگونجێت پشتی پێ ببەسرێت بۆ چەسپاندنی ڕاستیەتیو ڕەوایەتی لەمەسەلەیەکی دیاریکراودا، چونکە ئەگەر وابێت لەئەمڕۆدا جولەکەکانی سەرانسەری جیهان یەك ڕاو یەك دەنگن لەداگیرکردنی خاکی فەلەستینو بەتاڵان بردنی سەروەتەکەیو ئاوارەکردنو ڕاوەدونانی خەڵکەکەیدا، ئایا ئەمە ڕەوایە..؟.

پێویستە ئەوە ڕون بکەینەوە کە کۆك بونو هاوڕا بـونی دەسـتەیەکی فـەرمانڕەوا لەئومەت( ئەو دەستەیە زۆر بن یاخود کەم)لەسەرکارێك یاخود پرسێکی تایبـەت بـە سـەردەمی خۆیـان یـاخود فـەرمانێکیان دەرکردبێـت لـەبارەی پێشـهاتێکی ئەوسـەردەمەی خۆیانـەوەو ئەگـەر ڕاسـتیش دەرچـوبێتو لەبڕیارەکەیانـدا پێکابێتیشیان، ئەوا بۆ سەردەمەکەی خۆیان باشیان کردوە، بەڵام خۆ ناکرێت ئـەو بڕیارو حوکمو فەرمانە بسەپێنین بەسـەر خەڵکدا لەهـەمو سـەردەمەکاندا تـا ڕۆژی دوایی، واتە: کۆدەنگی ئەگەر بەڕاستیش پێکهاتبێتو ڕوشی دابێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لەهەلو مەرجێكو کاتو شوێنێکی دیاریکراودا، ئەوا بۆ ئەو هـەلو مـەرجو دەمە بوەو مۆرکی هەتاهەتایی ناکرێت بە بەردا.

بۆ نمونە: کـۆدەنگی ئومـەت لەسـەر مەسـەلەیەکی دیـاریکراو لەسـەدەی دوەمـی کۆچـیدا هـیچ چەشـنە پابەندییـەك بـۆ خـەڵکی ئـەم سـەردەمە دروسـت ناکـاتو پەیوەندی بە ئێمەوە نیە.

بەڵام بەداخـەوە لای فەقیهـەکانی ئـەهلی سونەت هـەم ئـەو فـەرمانو بڕیارانـە و هەمیش کۆدەنگی، مۆرکێکی ئەبەدیو هەتا هەتاییان هەیە.

کە ئەمـەش مۆمیـا کـردنو سڕکردنێکی ئاشـکرای عـەقڵو بـیرو هۆشـی ئومەتـەو لەبەرانبەریدا دەڵێین: (لاحول ولا قوة إلا بالله).

باشـترین نمونـەش لەسـەر ئـەم بابەتـە ئەوەیەکـە لەسـەر دەسـتی فەقیهـەکانی موعتەزیلە ڕویدا لەسەردەمی مەئمونو موعتەسەمدا، هەروەها دواتریش ئـەوەی کـە ڕویدا لەسەردەستی فەقیهەکانی سونەوجەماعە لەسەردەمی موتەوەکیلدا.

وەك ئاماژەمـان پێـدا (قتـال) بـەلای ئێمـەوە هەم(کُرهٌ)هـەم (کَرهٌ)ە واتە:هـەم تەکلیفو هەم ئەرکیشە. واتە: هـەم لەحەقیقـەتو ڕاسـتیدا کـارو ئـەرکێکی قورسـە لەسەر دەرونو جەسـتەی مـرۆڤو هـەمیش لەواقیعـدا کـارێکی نـەخوازراوو بێـزراوەو ئاکامی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە.

سەبارەت بە(الكُره)واتە: بە سروشت مرۆڤ ڕقی لەکوشتن‌و خوێن ڕێژی دەبێتەوە، ئەم مانایەشمان لەفەرمودەی خواوەند وەرگرتوە کە دەفەرموێت(کتب)ئەم جەنگ وکوشتارەی کە لێرەدا نوسراوە وەکو ئەو سوڕی مانگانەیە وایە کە لەسەر کچانی ئادەم نوسراوە وەك لەفەرمودەکەی پێغەمبەردا هاتوە.

واتە: ڕق لێ بونەوەی کوشتار لەناوکرۆکی مرۆڤدا شێلراوەو ڕکابەری ئەو حەزو خواستەی مرۆڤە کە هەردەم حەزی لەمانەوەو ژیانە.

سەبارەت بە(الکَره)یش واتای: بەزۆر پێکردن‌و ناچارکردن دەگەیەنێت، وەك لەم ئایەتەدا هاتوە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ النِّسَاء كَرْهاً وَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُواْ بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلاَّ أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيراً﴾ النساء/ ١٩.

واتە: ئەی باوەڕداران بۆتان ڕەوانیە کە بە زۆر ژن‌و هاوسەری مردوە نزیکەکانتان بکەنە میراتی‌و بۆ خۆتانیان دابنێن هەروەها ناچاریان مەکەن بۆ ئەوەی بە زۆربیاندەن بەشو یاخود بەنابەدڵی هەندێك لەو ماڵ‌و سامانەی کە پێتان داون لێیان وەرگرنەوە، کاتێك نەبێت کە بە ئاشکرا کاری خراپەیان لەسەر ساغ ببێتەوە، بە باشی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن ئەگەر مایەی ناخۆشنودیشتان بون، لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت‌و خواوەند خەیری زۆری تێدا دا نابێت بۆتان.

کاتێك کە تەفسیرو ڕاڤەی ئایەتی(٢١٦)ی سورەتی(البقرة)دەکەین، نابێت ئەم مانایەش نادیدەبگرین‌و پشت گوێی بخەین، چونکە لە(الکَره)کەدا، کافەکە سەرەی بۆدابنرێت، یەکێکە لەو خوێندنەوانەی قورئان کە(السُّلَمی)پشتی پێ بەستوە.سەیری تەفسیری رازی بەرگی(٦)لاپەڕە(٢٤)بکە.

بەڵام نازانین توبروسی لە(مجمع البیان)دا بۆ ئـەم مانایـەی پشـت گـوێ خسـتوەو نەچوە بەلای دا.

ئەوەش کە دەڵێین: تەکلیفو ئەرکیشە، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە جـەنگیش ڕێك وەکو ڕۆژو وایە، کە خواوەند لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾ البقرة/ ١٨٣.

هـــەروەها وەك(القصاص)بەدواداچــونو تۆڵەکردنـــەوە وایـــە کـــە لەبارەیـــەوە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ﴾ البقرة/ ١٧٨.

واتە: ئەی باوەڕداران تۆڵەسەندنەوەتان لەسەر نوسراوە.

لەچوارچێوەی ئەم پێناسـەیەدا کـە بۆ(قتال)کردمـان قسـەو بۆچـونەکانی ئـیبن‌و عومەر و عەتا لەبارەی ئەو ئایەتەوە شکست دەهێنێت، کە ئەوان پێیان وابو بەپێی ئایەتەکە، واتە ئایەتی(٢١٦)ی سورەتی(البقرة) ﴿كُتِـبَ عَلَـيْكُمُ الْقِتَـالُ وَهُـوَ كُـرْهٌ لَّكُمْ...﴾ گوایا(قتال)تەنها لەوکاتەداو لەسەر پێغەمبەرو هاوەڵەکانی پێویست بوە.

بەڵگەشمان بۆ شکستی بۆچونەکەی ئەوان ئەوەیە کە کوشتار هەم خۆی شـتێکی نـەخوازراوەو هـەمیش سروشـتی مـرۆڤ پەسـەندی ناکـاتو لێـی بێـزارە، ئـەم دو خەسڵەتو ئاکـارو تایبەتمەندیـەش، پـێش پێغەمبـەرو سەردەمەکەشـی هـەر لـەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیـدا بونیـان هـەبوە، وەك چـۆن خواوەنـد لەسـەر زمـانی نـەوەی ئیسرائیلەوە دەگێڕێتەوەو دەفـەرموێت: ﴿قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلاَّ تُقَاتِلُوا﴾ البقرة/ ٢٤٦.

واتە: پێی وتن ئەی ئەگەر هاتو(قتال)تان لەسەر نوسراو پێویست کرا لەسەرتان‌و پێی هەڵنەسان‌و نەتانکرد ئەوکاتە چی دەکەن..؟

هـەروەها ئـەم دو ئاكـارە لەسـەردەمی پێغەمبەریشـدا هـەر بونیـان هـەبوە، بـەپێی ئایەتی(٢١٦)ی سورەتی(البقرة) كەپێشتر ئاماژەمان پێكردو بە وردی تاوتوێمان كرد.

هـەروەها ئـەم دو ئاكـارە لـەدەرونی مرۆڤەكانـداو لـەناو كۆمەڵگاكانـدا تـا ڕۆژی قیامەت هەر دەمێننەوە.

هــەروەها بــە بەڵگــەی وشــەی(علیكم) لەئایەتەكــەدا ئــەو بۆچــونەش شكســت دەخـواتو بێمانـا دەمێنێتـەوە كـە دەڵێـت: (قتال)لـەو فـەرزو ئەركانەیـە كـە بـە ئەنجامدانی لەلایەن كەسێك یاخود دەستەیەكەوە لەكۆڵ هـەموان دەكـەوێت(فـروض الكفایە).

چـونكە وشــەی(علیكم)نابێتە ڕێگـر لەبـەردەم واجـب بونی(قتال)لەســەر كـۆی ئەوانەی كە دوای سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵانی دێنو پەیدا دەبن لەباوەڕداران.

چونكە ئەگەر فەرمودەی خواوەنـد﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَـالُ﴾ لەفـەرزەكانی (كفایـە) بوایە، واتە: بە ئەنجام دانی لەلایەن دەستەیەكەوە لەئەستۆی هەموانیتر بكەوتایـە، ئەوا لەبارەی بەخشینیشـەوە كـە لەئایـەتی پێشـتردا(٢١٥)باسـكراوە هـەمان حـوكم دەردەكرا، واتە: دەستەیەك ماڵو سامان لەبری هەموان ببەخشن، كە ئەمـەش هـیچ كەسێكی خاوەنی فامو ژیری پەسەندی ناكات.

سەبارەت بە قسەی هـەردو موفەسـیرو ڕاڤەكارەكـە(رازیو توبروسـی)كە دەڵـێن: {لەم سەردەمەدا كۆ دەنگی ساز بوە كەوا جەنگ وكوشتار لەفـەرزە كەفائیەكانـە} ئەمە نەك تەنها قسەیەكی بێ ماناو هەرایەكی بێ هودەیەو ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئـەو پێناسەیەدا كە بۆ(إجماع)كردمان دانی پێدا نانێین، بەڵكو ئەمە قسە هەڵبەسـتنێكی بـە مەبەسـتە لەلایـەك بـەناوی مێـژووەوەو لەلایـەكی تریشـەوە بـەدەم خواوەنـدو پێغەمبەرەكەیەوە.

ئێمە سەبارەت بە لایەنی یەکەمی قسە هەڵبەستنەکەیان دەپرسین لەهەردو بەڕێزان(رازیو توبروسی)کە هەردوکیان لەنەوەکانی سەدەی شەشەمی کۆچینو پێیان دەڵێین: (ئەم کۆ دەنگیەی کە بەڕێزتان باسی دەکەن گوایا ڕوی داوە ئەو کۆبونەوەیە لەکوێ سازکرا..؟) سەبارەت بە لایەنی دوەمیش لێیان دەپرسینو پێیان دەڵێین: (خواوەند دروستکراوەکانی بەشێوەیەك دروست کردوە کە ڕقیان لە جەنگ بێتو لێی بێزاربن، چونکە لەسەرێکەوە مەینەتو ناڕەحەتی تێدایەو لەسەرێکی تریشەوە کوشتو کوشتارو ماڵ وێرانیو کاولکاری لێدەکەوێتەوە، پاشان خواوەند دابەزێنراوی بەجێی دابەزاندو داوای کرد لەهەمو باوەڕداران لەهەر سەردەمێکدا بن و پێی فەرمون: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ﴾ دواتریش هەر لەدابەزێنراوی بەجێدا بە وردی ڕێو شوێنو پێوەرو پێودانگەکانی ئەو جەنگو(قتال)ەشی بۆ ڕونکردنەوە تالەحاڵەتی پێویستداو بە ناچاری سودی لێوەربگرن، پاشان ئەو تەکلیفو ئەرکەشی زیاتر پشت ڕاست کردەوەو فەرمانی پێکردنو لەدەیان جێگەی قورئاندا پێی وتن(قاتلوا)لەهەردوکیان دەپرسین: باشە ئەو(کفائیة)ی کە لەتەفسیری ئایەتی(٢١٦)ی سورەتی(البقرة)دا باسی دەکەن کواو لەکوێدایە..؟.

لەکاتێکدا کە ئایەتەکان بە ڕونی ئاماژە بۆ فەرز بونی عەینیو فەرمانی دەستنیشانکراویان تێدایە کە هەموان دەگرنەوە..؟.

وەك بڵێیت ئاگامان لەپێشەوا ڕازیەو هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوەو قسە لەسەر بەڵگەیەکی جیاواز بکات کە ئەویش دیسانەوە بریتیە لەکۆدەنگی. سەیری(التفسیر الکبیر) بەرگی (٦) لاپەڕە(٢٣) بکە.

پاشان دەگەڕێینەوەو دەپرسین: ئایا دروستەو ئومەت بۆی هەیە کۆببنەوەو ڕای خۆیان یەکبخەن بۆ گۆڕینو چەماندنەوەی فەرزێکی دیاریکراو کە(فرض عین)ەو خواوەند خستویەتیە ئەستۆی هەمو باوەڕدارانەوە لەهەمو سەردەمو جێگەیەکداو بیگۆڕنو بیکەن بە(فرض الكفاية)و بڵێن: ئەمە تەنها لەسەر دەستەیەك پێویستەو ئەوانی تر ئەم ئەرکە نایانگرێتەوە..؟.

ئایا ڕێساکانی زمانەوانی ڕێگەمان پێ دەدەن ئەو(واو الجماعة)یە کە لەزمانی عەرەبیدا بۆ کۆمەڵ بەکار دەهێنرێتو لێرەشداو لەفەرمانێکی خواییدا هاتوەو پێمان دەڵێت: (قاتلوا)و هەموان دەگرێتەوە، ئایا دروستەو دەگونجێت بڵێین: تەنهاو تەنها تایبەتە بەو یەکینە سەربازیانەوە کە یەکلا کراونەتەوەو لەبەرانبەر موچەیەکی دیاریکراوەوە ئەم ئەرکەیان لەباتی هەمو ئومە خراوەتە ئەستۆو لەبری هەموان کوشتارو جەنگیان پێ دەکرێت..؟.

ئایا ئەمە سەرەتای دامەزراندنو چەسپاندنو سەپاندنی ئەو عەسکەرتاریەتە نیە کە حوکمی سەردەمی مەمالیكو ئەتابیكو ئینکشاریەکانی دەکردو تا ئەمڕۆش حوکمی چەند وڵاتێك دەکات..؟.

هەموو ئەم تێکەڵ کردنو لێ گۆڕانو سەر لێ شێوانە، لەوێوە سەرچاوەی گرت کە نەتوانرا بە وردی جیاوازی بکرێت لەنێوان ئایەتەکانی(الرسالة)و پەیامی هەتا هەتایی ئاسمانیداو لەنێوان چیرۆكو بەسەرهاتە قورئانیەکاندا کە بەسەرهاتەکانی موحەمەدیش بەشێکن لەو بەسەرهاتە قورئانیانە.

بە واتایەکی تر وردەکاری ڕوداوو جەنگەکانی بەدرو ئوحودو جەنگەکانی تریش هەمویان بۆ سەردەمی خۆیان بونو پەیوەست بون بەو دەمەوە، لەوانەش ئەو ئایەتەی کە بە ئایەتی شمشێر ناسراوە، ئەم ئایەتەش تەنها پەندی لێ

وەردەگیرێـتو هـیچ چەشـنە حوکمێـك لـەو حوکمانـەی لیٚ وەرناگیرێـت کـە پێیـان دەوترێت حوکمە شەرعیەکان(ئەمە بزانەو بالات بێت تا دواتر ئیشمان پێی دەبێت).

کاتێـك خواوەنـد لەدابـەزێنراوی بەجێـداباس لـە(فتح)دەکاتو دەفـەرموێت:﴿إِنَّـا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً﴾ الفتح/١. بەشانی ئەم ئایەتەشەوە لـە دو ئایـەتی دوای خۆیـدا واتە: لەئایەتی(٢و٣)ی هەمان سورەتدا، چـوار ئامـانج بـۆ ئـەم(فتح)ە ڕیـز دەکـاتو دەیانژمێرێت کە بریتین لە: (المغفرة، إتمام النعمة، الهداية، والنصر).

واتە: (لێخۆش بون، تەواوکاری نـازو نیعمـەت، هیدایـەتو ڕێنمـونی، سـەرکەوتن) هەروەها کاتێك لەئایەتی ژمارە (١٣)ی سورەتی(الحجرات)دا قسـە دەکـات لـەبارەی دروستکردنو بەدیهێنانی مرۆڤەوە بەنێرو مێیەوەو گێڕانیان بە چەندین تیرەو هـۆز، ڕونیشی دەکاتەوە کە مەبەست لەوکارە هێنانەکایەی یەکتر ناسینە.

هەروەها لەبارەی دەیان پرسو کارو ئەرکی ترەوە هەمان دیاردە بەدی دەکرێـت کە ئامانج لەکارەکەی خستوەتەڕوو، بۆنمونـە:باوەڕهێنان، نوێـژکردن، زەکـات دان، ڕۆژوگرتن، حەج کردن، گوێڕایەڵی خواوەندو پێغەمبەرەکەی، ئامانج لەمانـە هـەموی لەژێر دوو ناونیشانی سەرەکیدا ڕێکی خستون کە بریتین لە:(الرحمة والتزكية) سۆزو بەزەیی و پاککردنەوەی دڵو دەرون.

بەڵام دەبینین کاتێك خواوەند قسـە لـەبارەی (القتـال)ەوە دەکـات دەفـەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ﴾ البقرة/٢١٦.

واتە: جەنگ وکوشتارتان لەسەر نوسراوە کە بەلاشتانەوە ناخۆشە.

دەبیـنین لـەم ئایەتـەدا خواوەنـد تـەنها باسـی ئەرکەکـە دەکـاتو هـیچ چەشـنە ئاماژەیەك بە مەبەستو ئامانجەکەی ناکات.

پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە: ئایـا سـەرەڕای (كُرهــهِ و كَرهــهِ)و نـاخۆش بـونو ناپەسەندبونی بەلای مرۆڤەوە، هیچ ئامانجێك لەدوای ئەم ئەركەوە هەیە..؟

لەوەلامدا دەڵێین: بـەڵێ بێگومـان ئامـانج گـەلێك بونیـان هەیـەو لەدابـەزێنراوی بەجێداو لەسێ جێگەی تردا باسیان لێوەكراوە وەك ئایەتی:﴿إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَـرَهُ اللّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْـزَنْ إِنَّ اللّهَ مَعَنَا فَأَنزَلَ اللّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَـلَ كَلِمَـةَ الَّـذِينَ كَفَـرُواْ السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ التوبة/٤٠.

واتە: ئەگەر ئێوەش سەری نەخەن ئەوا بەدڵنیاییـەوە خواوەنـد سـەری خسـتوە، كاتێك كە كافرەكان دەریـان كـردو دوو بـەدو لەگـەڵ هاوەڵەكەیـدا لەئەشـكەوتەكەدا بون، دەیوت بـە هاوەڵەكـەی دڵ تـەنگ مەبـە خواوەنـد لەگەڵماندایـە، خواوەنـدیش ئارامیو هێمنی خۆی ڕژاند بەسەریداو بـە چـەند سـەربازێك كـە ئێـوە نـەتان بیـنین پشتی گرت، لەم حاڵەتەدا قسـەو بڕیـارو پـرۆژەی كـافران پایـەماڵو ژێـر پـێ خـراو بڕیارو خواستو وشەی خواوەند بە بەرزی مایەوە، خواوەند پایەدارو قسە ڕۆیشتوو بالادەستو كار بەجێیە.

دوەم ئایەتیش دەفەرموێت: ﴿لَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَـدَتِ الأَرْضُ وَلَـكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ البقرة/٢٥١.

واتە: ئەگەر ویستی خواوەند نەبوایە كە هەنـدێك هەنـدێكی تـر پـاڵ پێـوە بنـێنو یەكتر بخەنەگەڕ ئەوا بە دڵنیاییەوە ڕەوشی ژیان تێك دەچو، بەڵام خواوەند خـاوەن فەزڵو چاكەكاریە لەگەڵ جیهانیاندا.

سێهەم ئایەتیش دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّـهِ النَّـاسَ بَعْضَـهُم بِـبَعْضٍ لَّهُـدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيراً﴾ الحج/ ٤٠.

واتە: ئەگەر ویستی خواوەند وا نەبوایە کە هەندێك هەندێکی تر پاڵ پێوە بنێن‌و یەکتر بخەنەگەڕ ئەوا پەرستگەو شوێنە تایبەتەکان‌و هەمو پەیوەندییەکان‌و مزگەوتەکانیش کە یادو ناوی خواوەندیان بە زۆری تێدا دەکرێت، هەموو دەڕوخێنران‌و وێران دەکران.

بەم پێیەو بە بەڵگەی ئەم سێ ئایەتە، ڕون دەبێتەوە کە(قتال)سێ ئامانجی هەیە:

یەکەم: ﴿ لتكون **كَلِمَةُ اللّهِ هِيَ الْعُلْيَا**﴾بۆ ئەوەی وشەو بڕیارو ویستی خواوەند بە بەرزی بمێنێتەوە.

دوەم: پارێزگاری کردن لەزەوی بۆ ئەوەی ڕەوشی گۆی زەوی تێك نەچێت.

سێیەم: پارێزگاری کردن لەماڵەکانی خواوەند بەگشتی کەجێگەی پەرستش‌ویادو پەیوەندیکردنن لەگەڵ خواوەنددا.

لەکتێبەکانی تەفسیرە کۆنەکاندا بۆ ئایەتی ژمارە(٤٠)ی سورەتی(التوبە)کە پێشتر هێنامان، بە ڕونی هەست بە نمونەیەك لەکاریگەری دەستەگەرایی‌و مەزەب گەرایی دەکەین بەسەر بیری مرۆیی‌و هەڵسوکەوت‌و تێگەیشتنی خەڵکی ئەو سەردەمانەوە بۆ دەقە قورئانیەکان‌و غەیرە قورئانیەکانیش .

ئایەتەکە لەخولگەی سێ تەوەرەدا هەڵ دەسوڕێت:

یەکەمیان: کۆچی پێغەمبەر(د.خ)لەگەڵ ئەبوبەکردا.

دوەم: جەنگی بەدر.

سێیەم: ئەو ئامانجە خواییەی کە لەو دو وێتسەگە گرنگەی ڕوبەڕو بونەوەدا جێبەجێ بو(کۆچ‌و بەدر)زۆرێك لەڕاڤەکاران لەهەردو دەستەکە خۆیان بە تەوەرەی یەکەمەوە سەرقاڵ کردوە، دەیان لاپەڕەیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردوەو هەرچی پێیان کرا بێت‌و ڕوانگە دەستە گەراییەکەیان پێی کردبن‌و پێیان خۆش بو بێت بەڵگەی زۆرو زەوەندیان خڕکردوەتەوە لەبارەی ڕێزو گەورەیی‌و شکۆو پایەی عەلی کوڕی ئەبوتالب لەلایەن هۆگرو هەوادارەکانیەوە.

نمونـەی ئـەم کـارەش (فخـری رازی)ە لەتەفسـیرە گەورەکەیـدا بـەرگی (١٦) لاپەڕە(٥٠-٥٦).

بـەڵام دەبیـنین هەنـدێك لـەو ڕاڤەکارانـە خۆیـان لـەم مەسـەلەیە بـواردوەو نەچـونەتەناو ڕەهەنـدەکانی تـری وردەکاریەکانیـەوە، نمونـەی ئـەم بەشـەش شێخی(توبروسی)ە لە(مجمع البیان[١٨])دا بەڵام هەمویان بۆ ڕاڤەی تـەوەرەی دوەمو سێهەم بـە دێڕێـك یـاخود چـەند دێڕێـك ئاماژەیـان بـە باسـەکە کـردوەو بـە کـورتی بەسەریدا تێپەڕیون.

(ڕازی) لە بـەرگی (٦) لاپـەڕە(٥٦)ی تەفسـیرەکەیدا دەڵێـت: {پاشـان خواوەنـد دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُواْ السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللّهِ هِيَ الْعُلْيَا﴾.

مەبەست پێی ڕۆژی بەدرە کە وشەی(شرك)و موشرك‌و کافرەکان تێك شکاو سـوك کرا، لەبەرانبەریشەوە وشەو دروشمی خواوەند بە بەرزی مایەوە، کە بریتی بو لـە(لا إله إلا الله)}.

هــەروەها توبروســی لــە بــەرگی (٣) لاپــەڕە(٣٢)ی تەفسـیرەکەیدا دەڵێــت: {...فەرمودەی خواوەند کە دەڵێت:(وَكَلِمَةُ اللّهِ هِيَ الْعُلْيَا) مەبەست ئەوەیە کە هەر وشەی خواوەند بە شەکاوەییو بەرزیو سەرکەوتویی مایـەوە، دەشـڵێت: مەبەسـت لەوشـەو دروشمـی کـافران، مەبەسـت پێـی وشەی(شـرك)و هـاوەڵ بڕیاردانـە بـۆ خواوەند، وە وشەو دروشمی خواوەندیش وشەو دروشمی یەکتاپەرستیە کـە بریتیـە لە(لا إله إلا الله) }.

(١٨)لەم بارەیەوە(توبروسی)لەتەفسیری ئایەتی(٤٠)ی سورەتی(التوبە)دا دەڵێت: (شیعەکان لەبارەی ئەم ئایەتەوە هەندێ قسـەیان کردوە، وامان بە باش زانی خۆمان لەو قسانە لابدەین باشترە، نەکا کەسـێك بەلایـەنگری دەسـتەیەکی دیـاریکراو لەقەڵـەممان بـدەن) (مجمع البیان) بەرگی (٣) لاپەڕە (٣٢).

كەمترین قسە لەبارەی ئەم تەفسیرەوە بۆ واتای(كلمة الله) ئەوەیە كە: ئەم واتا كردنو لێك دانەوەیە لەلایەكەوە زۆر لەسەلیقەو زەوقی زمانەوانی(بۆ واتای دەستەواژەكانی ناو زمانی عەرەبی بەگشتی)دورەو لەلایەكی تریشەوە بەتایبەت دورە لەواتاو مەبەستەكانی دابەزێنراوی بەجێ.

ئەگەر وابێت ئەی چۆن لەواتای(كلمة الله) تێبگەین لەئایەتی ﴿إِذْ قَالَتِ الْمَلآئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ﴾ آل عمران ⁄ ٤٥.

واتە: كاتێك كە فریشتەكان وتیان بە مەریەم، خواوەند بە وشەو(كلمة)یەك لەلایەن خۆیەوە مژدەت پێدەدات كە ناوی مەسیح عیسای كوڕی مەریەمە.

هەروەها ئایەتی﴿كَذَلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ فَسَقُواْ أَنَّهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ﴾ يونس ⁄ ٣٣.

واتە: بەو شێوەیە(كلمة)ی پەروەردگارت جێگەی خۆی گرتو جێبەجێ بو لەسەر ئەوكەسانەی كە لاساریو كاری نابەجێیان كردولەڕێگە لایاندا بو، بڕیاری لەسەردان كە ئەوان باوەڕ ناهێنن یاخود ئاسایشیان لەسەر هەڵدەگیرێت.

ئایا وا لەم ئایەتانە تێبگەین كە خواوەند بە(لا إلـه إلا الله)مژدە دەدات بە مەریەم..؟

یان لەئایەتی دوەمدا وا تێبگەین كە(لا إلـه إلا الله)جێبەجێ بو بەسەر فاسقو لەڕێ لادەرەكاندا..؟.

ئایا هیچ ڕاڤەكارێكی دابەزێنراوی بەجێ هەیە كە نەزانێت(كلمة الله)دەستەواژەیەكی تاكەو ئەگەر بە(كلام)بیكەینە كۆ ئامارژە دەبێت لەسەر وتەو(كلام)ی خواوەندو ئایەتەكانی لەپەڕاوە نوسراوەكەیدا..؟ بەڵگەش لەسەر ئەمە ئایەتی﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ﴾ التوبة⁄٦.

واتە: ئەگەر یەکێك لەموشریکەکان یان ئەوانەی کە کارێکی هاوبەشیان هەیە لە گەڵیاندا، داوای نزیك بونەوەو داڵدەدانی لێکردی، داڵدەی بدەو نزیکی بخەرەوە تا وتەو(کلام)ی خواوەند ببیستێت.

هەروەها ئەگەر(کلمة الله)لەسەر(کلمات)بکەینە کۆ، ئاماژە دەبێت بۆ بونەوەرو یاساکانی بەڕێوەبردنی بونەوەر بە بەڵگەی ئایەتی﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقاً وَعَدْلاً لاَّ مُبَدِّلِ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ الأنعام/ ١١٥.

واتە: بڕیاری پەروەردگارت بە ڕاستگۆییو دادپەروەری تەواو بو، بڕیاری لەسەردراو هیچ کەسو هیچ شتێك نیە بتوانێت گۆڕانکاری لەبڕیارەکانیدا بکات، ئەو بیسەرو زۆر زانایە.

بەدڵنیاییەوە ڕستەی(لا إله إلا الله)بەشێکە لەوتەی خواوەند لەدابەزێنراوی بەجێدا، ئەگونجێت وەرگر باوەڕی پی بهێنێتو دەشگونجێت باوەڕ نەهێنێت، بەڵام کەلیماتو وتەکانی(کلماته وأقواله)چەند یاساو ڕێسایەکی زاڵن بەسەر گەردونداو وەرگر باوەڕیان پێ بهێنێت یاخود نا، هێز نیە بەرگری لەجێبەجێ بونیان بکات، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئایەتی: ﴿وَيُحِقُّ اللّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ﴾ يونس /٨٢.

واتە: خواوەند حەقو ڕاستی بە کەلیمات و وتەو بڕیارو چەسپاندنی یاسا گەردونیەکان جێبەجێ دەکات، هەرچەندە ستەمکاران(المجرمون) پێیان ناخۆش بێت.

ئەگەر (توحید)و یەکتاپەرستی (کلمة)و قسەو ڕستەیەکی خواوەند بوایە، ئەوا لەسەر زەویدا یەك کەس نەی دەتوانی هاوەڵ بۆ خواوەند بڕیار بداتو موشرك یاخود کافر بێت.

لەبەر ڕۆشنایی هەمو ئەمەدا کە ڕابورد بۆمان ڕون دەبێتەوە کە(کلمة الله)واتە: ئەو وشەو ڕستەو بڕیارەی خواوەند کە بەرز ڕاگرتنی کردوە بە ئامانجی جەنگو

کوشتارەکان، بریتیە لە کۆمەڵە تایبەتمەندیەك کە خواوەند بەخشیونی بە مرۆڤی ژیرمەندو عاقڵ، هەروەها بریتیە لە کۆمەڵە یاساو ڕێسایەك کە خواوەند بونو بونەوەرو گەردونی بابەتیو بەرجەستەی لەسەر دامەزراندوە، بەشێوەیەك کە ئەم بونو بونەوەرو گەردونە فێڵ لەکەس ناکات، درۆ لەگەڵ کەس ناکات، خواوەند ئەم بونو گەردونەی بەشێوازێك داڕشتوە کە لەڕێگەیەوە وشەو ڕستەو چەمکە گەورەکەی خواوەند (کلمة الله العلیا)کە بەخششێکەو بەخشیویەتی بە مرۆڤو جنۆکە، جێبەجێ بکرێتو ڕابپەڕێنرێت، ئەو(کلمة الله)یەش بریتیە لەئازادیو لەسەرو هەمو ئەمانەشەوە ئازادی(إختیار)و هەڵبژاردن بۆ بیرو باوەڕو ئەندیشەو ئاین، هەروەها ئازادی وشەو ڕادەبڕینو ئازادی کارو، ئازادی هەوڵو تێکۆشان بەرەو ژیانێکی باشترو چاکتر.

بەشێوەیەکی سروتیش ئازادی خوازەکان دادپەروەریو یەکسانی بەرپا دەکەنو جێبەجێی دەکەن.

بەدڵنیاییەوە سێ گۆشەی(ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی)بەبێ ئازادیو کەشێکی ئازاد، ڕێك ناوەستێتو پایەدار نابێت، چونکە دادپەروەریو یەکسانی بەبێ ئازادیو ئازادی خوازانو بەبێ مەرجی ئازاد بونیان نابێتو ناتوانن ببنو بێنەدی.

ئێمە وا تێدەگەین لەدادپەروەریی، کەبریتییە لەدادپەروەریی لەحوکمو بڕیارداندا﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ﴾ النساء/٥٨.

واتە: ئەگەر حوکمو فەرمانداریتان کرد لەنێوان خەڵکدا پێویستە بە دادپەروەری بیکەن.

پاشـان لـەئاكامی جێبـەجێكردنو پیـادە كـردنو كـاركردن بـە دادپەروەریـەوە یەكسانیو بەرابەری دێتە كایەوەو بەرهەم دێت، كـە بریتیـە لـە یەكسـانی لـەمافو ئەركەكاندا لەنێوان هەمو خەڵكدا لەبەردەم دەسەڵاتو دەوڵەتو حكومەتدا.

نابێـت وا تێبگـەین لەیەكسـانی كـە بریتـی بێـت لەیەكسـانی لەداهاتـدا، چـونكە ئـەوە بیركردنەوەیەكی خەیاڵ پڵاوانەیەو ئەو بیركردنەوەیە هەڵەیـەو لەهـەر كۆمەڵگەیەكـدا سـەر هەڵبدات لەوانەیە ببێتە هۆی كوشـتنو لـەناوبردنی هـەمو حـەزو خولیـاو كێبڕكـێو بـەرەو پێشەوە چونو حەزی دەستخستنی دەسكەوتی زیاتر لەناو كۆملگەو تاكەكانیدا.

حیزبی شیوعی كۆمۆنیستی لەسەر بیرۆكەی چینایەتیو سڕینەوەی هاندەرەكانو سڕینەوەی مافی مولكداریەتی هەستا بە پیـادەكردنی بنـەمای یەكسـانی، لەئاكامـدا گەشەی كۆمەلگا وەستاو ژیان چوە سوڕی مت بونەوە.

واتە: دروشمـی سـتەمگەرێكی دادپـەرور(المُسـتبدّ العـادِل)دروشمێكـی خـەیاڵاویو بێبنەمای ڕوتو پوچو بێ ناوەڕۆك دەرچو.

بۆیە: خواوەند بەدەستنیشانكراویی دیاری كـردو بڕیـاری دا كـە جـەنگ لەڕێگـەی خواوەنددا بریتیە لە جـەنگانو بەڕوداوەسـتانەوەی سـتەمو سـتەمكارانو فـەرموی: ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ كَفَـرُواْ يُقَـاتِلُونَ فِـي سَـبِيلِ الطَّـاغُوتِ فَقَاتِلُواْ أَوْلِيَاء الشَّيْطَانِ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفاً﴾ النساء/٧٦.

واتە: ئەوانەی باوەڕدارن دەجـەنگێن لەڕێگـەی خواوەنـدداو ئەوانـەش كـە كـافرن بەشەڕدێن لەڕێگەی(طاغوت)و كـار بەدەسـتی سـتەمگەری یـاخی لەخواوەنـد، بۆیـە بجـەنگێن لەگـەڵ هـەوادارانو لایـەنگرانی شـەیتاندا، بەدڵنیاییـەوە فـێڵو تەڵەكـەو پیلانی شەیتان لاوازە.

تێدەگەین كە جەنگان لەڕێگەی خواوەنددا دژی ستەمكارو ملهوڕانە(الطغیان والطواغیت).

دەبێت ورياو دڵنيا بين لەو جەنگانەدا كەلە ڕێگەی خواوەنددان، بێجگە لەم مەبەستە هەرچی تر ڕو بدات لەڕێگەی خواوەنددا نيه.

بەهەمان شێوە لەم فەرمودەی خواوەنديشدا هەست بەو ڕاستيە دەكەين:﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ البقرة/ ٢٥٦.

واته: لەدينو ئايندا زۆرو زۆره ملیو ناچار كردن بونی نيه، ڕێی ڕاست، لەسەر لێشێوان جياكراوەتەوەو ڕون بوەتەوە، هەركەس تاغوتو ستەمگەری سەركەش پشتگوێ بخاتو كوفری پێ بكاتو شوێنی نەكەوێت، لەبەرانبەرەوە باوەڕ بهێنێت بە خواوەند، با دڵنيا بێت كە دەستی گرتوە بە كۆڵەكەو هێزێكی نەپساوو دامەزراوو بەهێزەوە، خواوەند بيسەری تەواوو زۆر زانايە.

وەك دەبنين لەبەرانبەری (لاإكراە)دا باوەڕ بە خواوەند هاتوە، هەروەها لەبەرانبەری زۆرەملێو ناچاركردنەوە باوەڕ بە ستەمگەری تاكڕەو(طاغوت)هاتووە، (طاغوت)لەسەركێشی(فاعول)هاتوە، وەك چۆن ئێمە دەڵێين: (حاسوب وساطور)(حاسوب)ئەو ئامێرەيە كە كاری ژمێرياری پێ دەكەينو بەردەوام كردارەكە دوبارە دەكاتەوە بەبێ ماندوبون، واتە: (طغيان)و سەركەش بون كردارێكی بەردەوامو جۆراوجۆرە.

هەروەها ئامانج لە دروستكردنيش تێدەگەين كە بەندايەتی(عبادة)كردنە، وەك لەم ئايەتەدا هاتوە﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ الذاريات/٥٦، نەك كۆيلايەتی و(عبوديە)ت.

واته: جنو مرۆڤم بۆ هيچ مەبەستێك بێجگە لەبەندايەتی دروست نەكردون.

بەواتایەكی تر بۆ ئەوەم دروست كردون كە ببنە بەندەی ڕاستەقینەی خواوەندیان، نەك كۆیلەی بێ ویست ودەسەڵات.

بەشێوەیەك كە ئازاد بنو پڕ بەدڵو لەناخی دەرونیانەوەو بە ویستی خۆیان گوێ ڕایەڵی لەفەرمانەكانم بكەن، یاخود بەهەمان شێوە بە ویستو خواستی خۆیان سەرپێچی لەفەرمانو داواكاریەكانم بكەن.

ئەوەی لێرەدا ڕوبەڕومان دەكاتەوە لەگەڵ فەقیهو ڕاڤەكارەكانماندا كێشە لەنێوانماندا سەر هەڵدەدات، هەمان ئەو بەزمەیە كە لەچەشنی تێگەیشتنی ئەواندا هەبو بۆ(جهاد)و تێكۆشان، كە قەتیسیان كردبو لەهێزو پەلاماردانی غافڵ گیرانە(الغزو)دا، هەروەها لەتێگەیشتنیاندا بۆ(الدفع والتدافع)كە بەدیاریكراوی كردبویان بە(كوشتار)و والێی تێدەگەشتن.

كێشەو گرفتیشمان لەگەڵیاندا بۆ تێگەیشتنو ڕاڤەكردنی ئایەتی(٥٦)ی سورەتی(الذاريات)كە چەند دێڕێك پێشتر هێناومانە، خۆی لەدو خاڵدا دەبنێتەوە كە تەفسیری ڕاڤەكارەكانو فیقهی فەقیهەكان بە دەوریدا دەسوڕێنەوە:

یەكەم: وا پێناسەی(عبادة)و بەندایەتی دەكەن كە بریتی بێت تەنها لەڕاپەڕاندنی دروشمە ئاینیەكانی وەك: نوێژو زەكاتو ڕۆژوو حەج.

دوەم: تێكەڵكردنی(العباد)بەندەكان، لەگەڵ(العبيد)كۆیلەكان، هەروەها تێكەڵ كردنی بەندایەتی(العبادة)لەگەڵ كۆیلایەتی(العبودية)دا، هەروەها پێناسەی(عبد)یان بە كۆیلە كردوە، كە خاوەنی خۆی نەبێتو هیچی بەدەست نەبێت.

لەكتێبی سێیەمماندا(الاسلام والإيمان منظومة القيم)بەشێكی سەربەخۆمان تەرخان كردوە بۆ ئەم بابەتەو لەوێ بەوردی قسەمان لەسەر جیاوازی(العباد)و(العبيد) واتە: بەندەكانو كۆیلەكان، هەروەها جیاوازی نێوان بەندایەتیو كۆیلایەتی كردوەو جیاوازی نێوانیانمان خستوەتە ڕو.

کورتـــەی ئـــەم باســـەش بریتیـــە لـــەوە کـــە: (العباد)کۆیـــەو تاکەکـــەی بریتیـــە لە(عابد)نمونەی ئەمەش(العابدون)ە وەك: چۆن لەفەرمودەی خواوەنددا هاتوە﴿وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ﴾ الكافرون/٣.

هەروەها لەفەرمودەی خواوەنددا﴿إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغًا لِقَوْمٍ عَابِدِينَ﴾ الأنبياء/١٠٦.

واتە: بە دڵنیاییەوە لەمەدا ڕاگەیەنراوێك هەیە بۆ هۆزێك كە پەرستشكارن.

بەهەمان شێوە(العبید) کۆیەو تاکەکەی(عبد)ە کە بەمانای(کۆیلە)یە کە دژەکەی بریتیە لە(ئازاد)و سەربەست.

جیاوازی نێوان(العابد)و(العبد)بریتیە لەوەی کە: یەکەم ئازادی هەڵبژاردنی هەیەو دواتر هەرچی بوێتو بەلایەوە باش بێت دەیکات.

بەڵام دوەم: مافی ئازادی هەڵبژادنی نیەو بۆشی نیە ویستو ئیرادەو خواستی خۆی هەبێتو بەکاری بهێنێت.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەندایەتی تەنها لەگوێڕایەڵی کردندا نیە، بەڵکو بەهەمان شێوە لەسەرپێچی کردنیشدایە بە بەڵگەی ئایەتی﴿قُلْ إِنْ كَانَ لِلرَّحْمَانِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ﴾ الزخرف/٨١.

واتە: ئەگەر خواوەند منداڵی ببێت ئەوا من یەکەم کەسم کە سەرپێچی دەکەم وڕەحمانیەتو میهرەبانی ئەو ڕەت دەکەمەوە.

هەروەها بە بەڵگەی ئەوەی کە کرداری(عبد)و(ع، ب، د)یەکێکە لەدەسەواژەکانی کە لەزمانی عەرەبیدا دژبەری لەخۆ دەگرێت.

هەروەها بە دڵنیاییەوە کە پەرستش لەمزگەوتو کەنیسەو پەرستگەکاندا ناکرێت، بەڵکو لەبازاڕو کارگەو خوێندنگەو فەرمانگەکانو دانیشگاو ناوەندە تەندروستیەکانو یاریگاکانیشدا دەکرێت.

پێویستە بلێین كە: مزگەوت وەك چۆن لەناو زانا بەڕێزەكانماندا باوە،ماڵێك نیە بۆ بەندایەتیو پەرستش، بەڵكو مزگەوت ئەو شوێنەیە كە خواوەند بەم شێوەیە باسی دەكاتو بۆمان وێنا دەكات و دەفەرمووێت: ﴿فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللَّهُ أَنْ تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ(٣٦)رِجَالٌ لَا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ﴾ النور/ ٣٦-٣٧.

واتە: لەخانوگەلێكدا كە خواوەند مۆڵەتی داوە تا بەیانیانو ئێواران یادی خۆی تێدا بكرێت، پیاو گەلێك كە بازرگانیو كڕینو فرۆشتن سەرقاڵو سەرمەستیان ناكات لەیادی خواوەندو بەرپاكردنی پەیوەندیەكانیانو نوێژ لەگەڵ خواوەندو بەخشینی ماڵو سامانەكانیان.

بەپێی ئەم ئایەتە وا تێدەگەین كە مزگەوت ماڵێكە، بۆیە خواوەند مۆڵەتی بونیاتنانی داوە بۆ ئەوەی یادی خواوەندی تێدا بكرێتو خواوەند بە پاكو بێگەردی یادی بكرێتەوەو نوێژو پەیوەندیە گشتیەكانو هاندانی بەخشینی زەكاتی ماڵوسامانی تێدا ئەنجام بدرێت، ئەمانەش هەمو دروشمی ئایینیو پەیوەندیان نیە بە بەندایەتیەوە، بۆ نمونە: (الصلاة)ئەگەر بەمانای تۆڕی پەیوەندیەكان بێت یان بەمانای نوێژ بێت، ئەمە شتێكەو بەندایەتیش شتێكی تر، بەپێی ئایەتی﴿إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمْ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي﴾ طه/ ١٤.

واتە: بەدڵنیایەوە كە من خواوەندمو هیچ پەرستراوێك بێجگە لە من نیە، دەی كەوایە بمپەرستەو(صلاة)بەرپا بكە بۆ یادكردنی من.

(بەم پێیە ڕونە كە(صلاة) شتێكەو بەندایەتیو عبادەتیش شتێكی تر).

بەپێی ڕێساکانی زمانی عەرەبی لەئایەتەکەدا (أَقِمْ الصَّلَاةَ) بە (و)ی (عطف) گەڕینراوەتەوە بۆ سەر (فاعبدنی)و لەزمانی عەرەبیشدا (عطف)کردن لەنێوان دوشتی جیاوازدا دەبێت.

بەو پێیەی کە فەرمانەکانی دابەزێنراوی بەجێ‌و ڕێگیریەکانی بەبێ زۆرەملێ هاتون، وە زۆر نەکردن‌و ناچار نەکردنیش تەنها لەگەڵ کەسانی ئازادو سەربەستدا پەیڕەو دەکرێت کە(العباد)ن نەك(العبید) واتە: بەندەکانی خوا هەموان ئازادن نەك کۆیلەو بێ ویست‌و خواست.

ئیتر هەرکەس ڕوی لەو فەرمان‌و ڕێگیریانە کردوو بە قەناعەت‌و دڵدامەزراویەوەو بەبێ هیچ زۆرە ملێیەك ئەنجامی دان، ئەوا خواوەند پاداشتی دەداتەوە لەسەر ئەوکارەی، دەبێت بزانین کە گوێڕایەڵی‌و پابەندبون بە یاساکانەوە لەچوارچێوەی گرێبەستێکدا دەبێت کە لەنێوان خەڵك ودەوڵەتدایە.

ئەو گرێبەستەش بریتیە لەدەستور یاخود سیستمێکی سیاسی کە هەردولا لەسەری پێك هاتون.

بۆیە ئەگەر بێت‌و خەڵکی بە زۆر ناچار بکرێن بۆ ئەوەی ملی ڕێگە بەرەو مزگەوت‌و نوێژکردن بگرنەبەر، یاخود بە پێچەوانەوە بەزۆرە ملێ‌و تۆپزی ڕێگەی مزگەوت‌و نوێژیان لێ بگیرێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا(کلمة الله)و وشەو ڕستەو دروشمی خواوەند(کەبریتیە لە ئازادی و سەربەستی)ژێر دەکەوێت‌و پایە ماڵ دەکرێت.

بەهەمان شێوە ئەودەمەی کە ژنان بە زۆر لەچکیان پێ دەکرێت، یاخود بە زۆر ناچار دەکرێن لەچك‌و حجاب‌و باڵاپۆشییان واز لێ بهێنن‌و بە ناچاری جەستەیان یاخود بەشێك لەجەستەیان پێ ڕوت دەکرێت، لەو حاڵەتەشدا بەهەمان شێوە(کلمة الله)کە واتای ئازادی‌و سەروەری‌و شکۆمەندی مرۆڤەکانە، سوکایەتی پێ دەکرێت‌و پێشێل دەکرێت.

بە دڵنیاییەوە هاوەڵان بە وردی لەم جیاوازیە تێگەشتبون.

لەعومەری کوڕی خەتابەوە دەگێڕنەوە کابرایەکی بینیوە کە هەمیشە لەمزگەوتدا بوەو شەوو ڕۆژ بە حساب پەرستشی کردوە، عومەر(خ.ل) پرسیاری کردوە لەبارەی ئەم پیاوەوەو پرسیویەتی: ئەم کابرایە چۆن بژێوی پەیدا دەکات..؟ لەوەڵامدا پێیان وتوە: ئەم پیاوە برایەکی هەیە خەرجیو مەسروفی خۆیو ماڵو منداڵی دابین دەکات.

عومەر وتویەتی: دەی مادام وایە دڵنیابن براکەی زۆر لەم خواپەرست ترەو پەرستشەکەی ئەو تەواوە.

لێرەوە تێدەگەین کە بەندایەتیو عیبادەت برتییە لەئازادی هەڵبژاردن لەنێوان گوێڕایەڵیو سەرپێچی کردندا.

هەروەها بەندایەتی بۆ خواوەند نەبێت بۆ کەسی تر ناکرێت، لەم سۆنگەیەوە تێدەگەین کە(العبادیة)بەندایەتیو بەندە بون ئەو(کلمة)و بڕیارو دروشمەیە کە پێشوەخت بڕیار دراوە لەسەر دانیشتوانی گۆی زەوی بە مرۆڤو جنۆکەوە هەر دوکیان بەیەکەوە﴿**وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ**﴾.

واتە: پەریو مرۆڤم تەنها بۆ ئەوە دروست کردون کە بم پەرستن و پەیڕەوی لە یاساو ڕێنومابیە گەردونیەکان بکەن.

بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی بە خواستی خۆیانو پڕ بەدڵیان بەندایەتیم بکەن، یان بە خواتسی خۆیانو پڕ بەدڵ سەرپێچیم بکەن، بەم پێیە ئەوان کۆیلەی بێ ئیرادەو ویست نین، بەڵکو بەندەی سەربەستن، لێرەشەوە دڵنیاین کە هەر هەوڵو تێکۆشانو جیهادێك یاخود جەنگێك کە لەڕێگەی پایەدار کردنی ئازادیو ئازادی بڕیاردانو هەڵبژاردندا بۆ خەڵکیو لەسەروی هەموشیانەوە ئازادی هەڵبژاردنی بیروباوەڕدا ئەنجام بدرێت، ئەوە ئەو تێکۆشانو جەنگەیە کە لەڕێگەی خواوەندایە.

ئێستاش دەگوێزینەوە بەرەو لای ئامانجی دوەم لەم جەنگو(قتال)ەدا کە لەئایەتی(٢٥١)ی سورەتی(البقرة)دا هاتوە، کە بریتیە لەپاراستنو پارێزگاری کردن لەگۆی زەوی لەوەی کە ئالودە ببێتو ڕەوشی بشێوێت.

پێشەوا توبروسی لە(مجمع البیان)دا دەڵێت:{... سێ قسەو بۆ چون لەبارەی ئەم ئایەتەوە هاتوە، یەکەمیان بریتیە لەوەی کە: ئەگەر خواوەند بەهۆی سەربازە موسڵمانەکانەوە کافرانی ڕا نەماڵیایە ئەوا پەرەیان دەسەندو وڵاتیان وێران دەکرد(ئەم بۆچونە لەئیبنو عەبباسو موجاهیدەوە گێڕراوەتەوە).

دوەمیان دەڵێت: واتای ئەوەیە کە خواوەند بەهۆی چاکەکارانەوە خراپەکاران لەناو دەبات(ئەمەش لەعەلیو قەتادەو دەستەیەك لەڕاڤەکارانەوە گێڕراوەتەوە)[١٩].

سێیەمیش: لەواتای قسەکەی حەسەندا کە دەڵێت:{خواوەند ئەوەی بە سوڵتانو دەسەڵاتدار ئەیکات زۆر ترە لەوەی کە بە قورئان دەکرێت، چونکە زۆرینە لەدەسەڵاتو هێز دەترسنو خۆیان لەکاری خراپ دەپارێزن زۆر تر لەوەی کە بەهۆی بەڵێنو هۆشداریەکانی قورئانەوە خۆیان دەپارێزن}. سەیری(مجمع البیان)بەرگی(١)لاپەڕە (٣٥٧)بکە.

---

(١٩) ئاساییە کە ئەم قسەو بۆچونە بەلای توبروسیەوە پەسەند بێتو ڕاستیەکیش لە بۆچونەکانی پێشەوا جەعفەری صادق بکاتە بەڵگە بەدەستیەوە کە دەڵێت: (خواوەند بەهۆی نوێژ خوێنەکانی لایەنگرو شیعەمانەوە ئەو لایەنگرانەمان ڕاماڵێت کە نوێژ ناخوێنن ئەگەر هەردو لاشیان واز لەنوێژ کردن بهێنن خواوەند پاکتاویان دەکاتو ڕایان دەماڵێت)توبروسی لەوەش زیاتر دەڕواتو ئەم فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ)دەهێنێت کە دەڵێت: (ولولا عبادالله رکع وصبیان رضع، وبهائم رتع لصب علیکم العذاب صباً) واتە: لەبەر خاتری بەندە کڕونش بەرەکانو منداڵانی شیرەخۆرو گیان لەبەرانی بێ تاوان نەبوایە سزام دەڕژاند بەسەرتاندا.

بەپێی بە ڵگەکانی دابەزێنراوی بەجێ بۆنی گومان لەم فەرمودەیە، خەریکە لوتمان توشی هەڵامەت دەکات، چونکە ڕستەی یەکەم بە ستونی لەگەڵ فەرمودەی خواوەندا دژ بەیەك دەوەستنەوە کە دەڵێت :﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ﴾ المدثر /٣/. واتە: هەمو نەفسێك دوچاری ئەوە دەبێتەوە کە کردویەتی. هەروەها ئایەتی(١٦)لەسورەتی(الإسراء)کە دەڵێت: ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا﴾ واتە: ئەگەر ویستمان ئاوەدانیو شارو گوندێك لەناو بەرین فەرمان دەکەین بە خۆشگوزەرانەکانیان تاوەکو کاری چاکەوچاکەخوازی بکەن، ئەگەر نافەرمانیان کردین ئەوا ڕوبەڕوی لەناوچون دەبنەوە. ڕستەی دوەمیش تاوان دەداتە پاڵ خواوەند بەلایەنگری لەمنداڵی نێرینە کە بەتایبەتی دەڵێت: (صبیان)و کەرامەتیان دەداتە پاڵ، کە ئەمەش دورو نەشیاوە لەگەڵ زاتی پەروەردگاردا، هەروەها ڕستەی سێیەم بە هەمان شێوە دژایەتی هەیە لەگەڵ ئایەتی ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ الإسراء/ ٧٠. چونکە کاتێك گیانلەبەران شەفاعەتو داوا بۆ پاراستنی مرۆڤ بکەن ئەو کات ئەو کەرامەتو شکۆیەی لەکوێدایە..؟.

هـەروەها پێشـەوا ڕازی دەڵێـت: {بزانـە کـە خواوەنـد لەئایەتەکـەدا هێـزە ڕامالڕاوەکەی ئاماژە پێکردوە کە دەفـەرموێت: (وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ) هەروەها هێزە ڕامالەرەکەشی بە وشەی(ببعض)ناوبردوە، بەڵام جێگەی ڕامالینەکەو شوێنەکەی باس نەکردوە بۆیە: دەگونجێت نافەرمانیو لاساریو شەڕ خوازی لەدینداریدا یاخود لەکاروباری دونیا یان لەهەردوکیاندا ببنە هۆکار بۆ ڕامالینەکە، لاساریو نافەرمانیەکەش دەگونجێت ئاکامەکەی کفر کردن یاخود سەرپێچی کردنو نافەرمانی کردن بێت یاخود هەردوکیان پێکەوە}. سەیری (التفسير الكبير) بەرگی(٦) لاپەڕە(١٦١)و دواتر بکە.

دواتر ڕازی درێژە بە باسەکە دەداتو پێنج ئەگەر بۆ واتـای ئایەتەکە دادەنێت، لەو پێنجە سێ دانەیان لەلای توبروسیش هـاتونو ئەویش هێناونیو لەیەکەمو دوەمو چوارەمدا بەقسەو بۆچون ناوی بردون:

ئەگەری یەکەم: خواوەند بەهۆی کوفر کردنەوە هەندێك خەڵك بە هەندێکی دی پاڵ پێوە بنێت.

ئەگەری دوەم: خواوەند هەندێك خەڵك بەهۆی سەرپێچیو نافەرمانیەوە بە هەندێکی تر پاڵ پێوە بنێت.

ئەگەری سێیەم: خواوەند بەهۆی ئاژاوەو بشێویەوە، هەندێ خەڵك بەهۆی هەندێکی ترەوە ڕامالێت.

ئەگەری چوارەم: خواوەند بەهۆی باوەڕدارە چاکەکارەکانەوە کافرە نالەبارەکان لەناو ببات.

ئەگەر پێنجەم: دەگونجێت ڕامالینو لەناو بردنەکە هەموان بگرێتەوە.

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگەو نزیکە لەگۆشەنیگای تێگەیشتنی ئێمەوە ئەگەری سێیەمیانە.

ڕازی دەڵێت: {بزانە کە هێزە هێرش بەرو ڕامالّەرەکان لەم ئەگەرەدا بریتین لە پێغەمبەران و دوای ئەوان پێشەوایان و پاشاو دەسەڵاتدارانێك کە داکۆکی و بەرەڤانی لەیاساو ڕێساو پەیام و بەرنامەکانی خۆیان دەکەن.

ڕاستی ئەم وتەیەش بریتیە لەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بەتەنها بژی، چونکە ئەگەر دەستەیەك نان دروست و ئامادە نەکەن بۆ دەستەیەکی ترو، دەستەیەك کاری بەرهەم هێنان و ڕستن و چنین نەکەن بۆ دەستەیەکی ترو، دەستەیەك کاری بیناسازی نەکەت بۆ ئەوانی تر، بەرژەوەندی مرۆڤەکان جێبەجێ نابێت، ئەم کارەش بۆ کۆبونەوە لەدەوری یەك و پێکەوە ژیان ڕادەپەڕێنرێت، بەڵام لەدەوری یەك کۆبونەوەش لێك ئالانی بەرژوەندییەکان و دواتر ناکۆکی و بەدوای ناکۆکیشدا جەنگ وکوشتاری لێ دەکەوێتەوە، بۆیە: لەسۆنگەی کاری بەجێی پەروەردگارەوە یاساو ڕێنماییەکی بۆ مرۆڤایەتی ناردوە تاوەکو ناکۆکیەکانی پێ چارەسەر بکرێت، بیشزانە جێبەجێ کردنی ئەو یاساو شەریعەتەش پێویستی بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی هەیە، بۆیە پێغەمبەر(د.خ)دەڵێت: (ئیسلام فەرمانڕەوایەتیە، سوڵتان و دەسەڵات پارێزگاری کاریەتی، هەرکەس فەرمانڕەوایەتیەکی نەبێت تێك دەشکێت، هەرچیش پاسەوانی نەبێت تیا دەچێت)بۆیە: خواوەند بەهۆی یاساو شەریعەتی پێغەمبەرانەوەو بەهۆی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان و پشتگیری کردنیانەوە چەندین چەنشن شەڕو ئاژاوەو گێچەڵ لەموسڵمانان لادەدات، ئەوانەش کە ئەم ڕاو بۆچونەیان هەیە ڕاڤەی ئەم بڕگە لەئایەتەکە وادەکەن، دەڵێن: (لَفَسَدَتْ الْأَرْضُ)بەو شێوەیە لێك دەدەنەوە کە واتای ئەوەیە: شەڕو کوشت و کوشتار باڵ دەکێشێت بەسەر ژیان و دانیشتوانی گۆی زەویدا} . سەیری(التفسیر الکبیر)بەرگی(٦) لاپەڕە(١٦٢) بکە.

ئەوکەسەی بەوردی سەرنجی ئایەتی(٢٥١)ی سورەتی(البقرة)بدات خۆی لەبەردەم دو تەوەرەدا دەبینێتەوە:

یەکەم: بڕگەی (دَفْعُ اللهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ)ی ئایەتەکە بەرجەستەی دەکات.

دوەم: بڕگەی(لَفَسَدَتْ الْأَرْضُ)ی ئایەتەکە بەرجەستەی دەکات.

ئەوەی کە ئەم دو بڕگەیە دەبەستێت بەیەکەوەو پەیوەستیان دەکات بە یەکدیەوە، بڕیاری ئەوە دەدات کە پیتی(لولا)کە بۆ(دفع)و ململانیٚو پاڵپاڵێنو ڕاماڵینەکەیەو ئەو دەبێتە هۆکاری سەرهەڵنەدانی(فساد)و تێك چونو ئاوەژووبونو لیخن بونی زەویو ژیان.

سەبارەت بە تەوەرەی یەکەم، کە خواوەند باسی ململانێیو کێبڕکێی نێوان چینو توێژەکانی ناو کۆمەڵانی خەڵك دەکات، وا باسی دەکات کە ناکۆکیو ململانێیەکی سروشتیەو خواوەند لەناخو دەرونی مرۆڤدا چاندویەتی بەو پێیەی کە مرۆڤ دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیە، بە بەڵگەی ئەوە کە خواوەند ململانیٚو ناکۆکیەکەی داوەتە پاڵ خۆی کە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ﴾ (ناس)یش ناوی ڕەگەزە.

ئێمەش وا لەململانیٚو کێبەرکێکە دەگەین کە: ململانیٚو ناکۆکیو هەوڵێکی دو سەرەیە(تدافع)بە بەڵگەی(بعضهم ببعض)چونکە(دفع)لەڕیشەی کردارێکی سیانیە کە توانای تێپەڕینو(تعدی)هەیە(د ف ع)پێویستی بە بکەرو کار لەسەر کراو هەیە.

بەڵام(تدافع)لەڕیشەی کردارێکی چواریی پابەندە، کە هەردو لایەنەکە لەیەك کاتدا هەم بکەرن هەم کار لەسەرکراون، لایەنی یەکەم برتییە لە(بعضهم)و لایەنی دوەمیش بریتیە لە(ببعض).

پێشەوا ڕازی سەرنجی ئەوەی دابوو کە جێگەو شوێنی(تدافع)و ململانێکە ناو نەبراوە لەئایەتەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا ئەو(تدافع)ە سروشتیەکەی بە(دفع)لێك داوەتەوە، دواتریش(دفع)ی بە(قتال)و جەنگ لێك داوەتەوە، بەم کارەشی ئەو سەرەداوەی کە دەکرا بیگەیەنێت بە تێگەیشتنی دروست لەئایەتەکەدا لەدەستداوە.

چونکە(قتال)وێستگەیەکە، تێك هەڵپڕژانو ڕوبەڕوبونەوەی گەرمی تێدایەو توندوتیژی زاڵە بەسەریداو قسەی یەکلا کەرەوەش هی چەكو هێزی سەربازیە تیایداو، ئەمەش تەنها لەگۆڕەپانی جەنگەکاندا ڕودەداتو لەزۆربەی کاتەکاندا کوژراوو برینداری لێدەکەوێتەوە، بەڵام(تدافع)بەمانای کێبرکێو شانەخرێ شتێکی تەواو جیاوازترە، چونکە ڕۆژانە ئێمە لەناوەندە تەندروستیەکانو شوێنی تیماری نەخۆشەکاندا کێبرکێو ململانێ دەبینین لەنێوان کەرتی تەندروستیو نەخۆشیە کوشندەکاندا، هەروەها لەنێوان حەزی مانەوەو هۆکاری لەناوچوندا.

بەهەمان شێوە ڕۆژانە هەست بە کێبرکێو ململانێو شانەخرێ دەکەین لەبازاڕەکانو ناوەندەکانی بازرگانیداو لەنێوان کڕیارو فرۆشیاراندا کە خۆی لەنرخی کاڵاکاندا دەبنێتەوە.

هەروەها لەباشگاو یاریگاکاندا بە هەمو چەشنەکانیانەوە هەست بە بونی کێبرکێو ململانێ دەکەین لەنێوان یاریزانەکاندا کە هەر لایەو لەبیری بردنەوەی کاسە زێڕو زیوەکاندایە بۆ خۆی.

هەروەها لەهۆڵی دادگاکانداو لەنێوان لایەنە ڕکابەرو ناکۆکەکاندا هەست پێدەکەینو تێدەگەین، کە ئامرازو هۆکاری بردنەوە تەنها بەڵگەو قەواڵەو دایکۆمێنتەکانە نەك شمشێرو دەمانچە.

بەهەمان شێوە لەزانكۆو پەیمانگاكانی توێژینەوەی زانستیدا هەست بەم كێبركێ‌و شانەخڕێیە دەكەین، هەروەها لەنێوان كۆمپانیا بەرهەمێنەكاندا هەستی پێدەكەین كە هەریەكەو لەبیری زیاتر ناساندن‌و ساغ كردنەوەی كاڵاكانی خۆیاندان.

هەروەها لەبەرزترین ئاستەكانیدا هەست بە(تدافع)و كێبركێ دەكەین لەنێوان سیاسەتەكانی ناوخۆ پارتە سیاسیەكاندا، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش كێبڕكێ هەیە لەنێوان وڵاتان‌و بازاڕەكانیانداو دامەزراوەی بازرگانی نێودەوڵەتیش هەر بۆ ڕێكخستنی ئەم كێبڕكێیە دامەزراوە.

دەشزانین هەندێ جار ئەم كێبڕكێیە لەهەل‌و مەرجێكی تایبەتداو بە چەند مەرجێك كە دواتر باسیان لێوە دەكەین، دەبێتە ململانێ‌و لەنێوان دوو لایەنی نەیاردا جەنگ‌و كوشتاری لێ دەكەوێتەوە، زۆربەی جەنگەكانیش هەر بەهۆی ئەم كێبڕكێیەوە ڕویانداوە لەنێوان وڵاتاندا، كاتێك كە بەرژەوەندیەكانیان لەیەك ئالاون‌و چارەسەرێكی ئاشتیانەیان دەسنەكەوتوە، دواتر پەنایان بۆ جەنگ‌و كوشتار بردوە، دامەزراوەی نەتەوە یەكگرتوەكان‌و ئاسایشی نێودەوڵەتیش هەر بۆ ئەم مەبەستەو بۆ ڕێكخستنی ئەم(تدافع)و كێبركێ‌و ململانێ‌و ناكۆكیانە دامەزراون تاوەكو ڕێگە لەبەرپابونی جەنگ بگرن.

بەلام لەبیرمان بێت ئەگەر جەنگ و (قتال)یش(تەنانەت دوای هاتنەدی هەموو مەرجەكانیشی)ڕویداو، بێگومان دەبێتە مایەی ماڵ وێرانی‌و كاول كردنی زەوی‌و ژیان نەك تەنها بۆ لیخن كردنی بێت، وەك لە ئایەتی(٢١٦)ی(البقرة) دا باسی لێوە دەكات.

ئەوەش بۆچونەكەی ئێمە پشت ڕاست دەكاتەوە، ئەوەیە كە خواوەند لەئایەتەكەدا باسی(تدافع)بەو شێوازە دەكات كە ئێمە لێكمان دایەوە، نەك ئەوەی كە باس لەكوشتارو(قتال)بكات وەك چۆن ڕاڤەكارەكان بیری لێدەكەنەوە.

لێرەوە تێدەگەین کە فەرمودەی خواوەند کە دەفەرمویت:﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنْ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ الحج/ ٣٨.

واتە: بە دڵنیایەوە خواوەند داکۆکی دەکات لەباوەڕداران.

ئەم ئایەتە بەهیچ شێوەیەك مانای ئەوە نیە کە خواوەند خۆی لەشەڕەکاندا بەشمشێرێکەوە ڕوبەڕوی دوژمنانی باوەڕداران بوەستێتەوەو پارێزگاریو داکۆکی لەباوڕەداران بکات، بەڵکو مانای ئەوەیە کە لەتەکیاندایەو پشتگیریان دەکاتو سەریان دەخات(ئەم لەتەك بونەش، بەشێوەی نادیارو مەجازی دەبێتو بەهیچ چەشنێك بەشێوەی بەرجەستە نابێت لەشوێنێکی دیاریکراودا).

سەبارەت بە تەوەرەی دوەمیش لەفەرمودەی خواوەند﴿لَفَسَدَتْ الْأَرْضُ﴾ئەو ئاکامەمان بۆ نومایان دەکات کە ئەگەر بێتو(تدافع)و کێبڕکێو شان شانێنی ناو خەڵك لەهەمو بوارەکانی ژیاندا نەبێت، ئەوا ژیان لیخن دەبێتو ڕادەوەستێتو تایبەتمەندی خۆی لەدەست دەدات(دەستەواژەکەش لەم تەوەرەدایە مەجازیو نابەرجەستەیە) چونکە لەڕاستیدا زەوی خۆی هیچی لێ نایەتو بۆگەن ناکات، دەگونجێت خاکەکەی وشك بێتەوەو ببێتە بیابان، یاخود کانیاوەکانی وشك بکەن، یان گڕکانەکانی هەڵچن، ئەمانە هەمویان دەبن، بەڵام بە مانای بۆگەن کردن ناگونجێت زەوی بۆگەن بکات.

مەبەست لە(الأرض)لەڕستەکەدا بونەوەرو گەردونە لەڕوە مادیەکەیەوە بەگشتی، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئایەتی ﴿وَلَكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ە.

واتە: خواوەند فەزڵی هەیە بەسەر هەمو جیهانیانەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا واتای ڕاستەقینەی ئایەتی(٢١٦)ی سورەتی(البقرة)بەم شێوەیە دەبێت: ئەگەر بێتو خەڵك لەهەمو بوارەکانی ژیاندا

دەست لەو كێبڕكێ‌و هەوڵ‌و كۆشش كردنـە هـەڵگرن كـە خواوەنـد وەك خواسـتێكی مرۆڤەكان لەدەرونیاندا چاندویەتی، ئـەوا بێگومـان هاوسـەنگی نێـوان بەرژەوەندیـە مادیەكانی مرۆڤ لە گەردوندا تێك دەچێت‌و ناسـازگارییان تێدەكـەوێت، دواتـر هـەمو ڕوكارەكانی یەكترناسین‌و پێكەوە ژیان‌و كێبڕكێكانی نێوان كۆمەڵگاكان تێكدەچن.

نمونەی ئەم ڕاستیەش ئەوەیە كەبینیمان لەیەكیەتی سۆڤیەتی جارانداو لەئاكامی سڕینەوەو نەهێشتنی مافی خاوەنداریەتی‌و حەزی كێبڕكێ لەنێوان تاكەكاندا، ژیانی كۆمەڵایەتی‌و ئابوری لـەو دەوڵـەت‌و كۆمەڵگایـەدا تێـك شـكاو ئـەتوانین بڵـێین ژیـان ڕاوەستا.

بۆیە ئێمە وا تێدەگەین كاتێك ڕكابەری‌و كێبركێ دەگاتـە ئاسـت‌و ڕادەی جـەنگ وكوشتار، ئەو دەم كێشەكە لەنێوان وڵاتاندا دەبێت، بۆیە كاتێك ئەوجەنگانـەی كـە بەهۆكاری ڕكابەری‌و ململانێ‌و كێبڕكێـوە ڕودەدن شـەڕەكە لـەنێوان حكومەتـەكان‌و گەلەكانیاندایە، نەك لەنێوان تاكەكان‌و نەتەوەكاندا.

لەحاڵەتی چەوساندنەوەی نەتەوەییشدا شـەڕەكە لـەپێناو ئازادیـدا دەبێـت، نـەك لەپێناو بەرژەوەندیدا.

هەر چەند هەمیشە لەپشت هـەمو جەنگێكـەوە بەرژوەندیـەك خـۆی حەشـاردراوە، بۆیە: لەبیرمان بێت دادپەروەری‌و یەكسانیش بەرژەوەندی گەلانی تێدایە.

ئێستاش دێینە سەر ئامانجی سێهەمو كۆتایی(قتال)وەك لەئایـەتی ژمـارە(١٤٠)ی سورەتی(الحج)دا باسكراوە، كە ئەویش بریتیە لە: پاراستنی ئەو ماڵ‌و خانوانەی كە یادی خوایان تێدا دەكرێت لەڕوخاندن‌و وێران كردن.

ئەگەر ئامانجی دوەمی(قتال)وەك لەئایەتی(٢٥١)ی سورەتی(البقرة)دا باسـكراوە، بریتـی بێـت لـە گرنگـی ڕۆڵـی كێبڕكێ‌و(تدافع)لـەنێوان خـەڵك لەهـەمو بوارەكـانی

ژیاندا(كـە لەهەنـدێ حاڵەتیـدا ئـەو كێبڕكێیـە دەگاتـە ئاسـتی ڕوبـەڕو بونـەوەو بەگژاچـونەوەی یـەكترو كوشـتو كوشـتار لـەپێناو پارێزگـاری كـردن لەبەرژەوەندیـە دونیاییـە مادییـەكانی خـەڵكو پاراسـتنیان لەتیاچـونو تێكشـكان)ئەوا ئایـەتی ژمارە(٤٠)ی سورەتی(الحج)باس لەگرنگی ڕۆڵی ئەو كێبڕكێو(تـدافع)دەكات لـەپێناو پاراسـتنی بەرژەوەندییـەكانی دواڕۆژو بەرژەوەندیـە ڕۆحـیو ویژدانیـەكانی مرۆڤـدا، لەكاتێكدا كە هەڕەشەی لەناچونو فەوتانیان لەسەر بێت.

باوابیر بكەینەوە كە موسڵمانە باوەڕدارەكانی شوێن كەوتوی پەیامی موحەمـەدی بونەتە گەورەترین هێز لەجیهانداو دەستیان داوەتەوە بڵاوكردنەوەی بانگەواز، وەك چۆن پێشترو لەسەردەمی ئەمەویدا ڕویداوە، جارێكی تر لەم سەردەمەشـدا هەرچـی تـیرەو دەسـتەو ئاینـەكان هەیـە ببنـەوە بـە كەمینـە لەجیهانـدا، ئایـا لـەم حاڵـتەدا موسـڵمانانی بـاوەڕدار چـۆن هـەڵسو كـەوت دەكـەن لەگـەڵ پەرسـگاكانی تـردا لەپەرسگای گاورو جولەكەو بوزیو هندوسی...هتد.

لەم ڕاستایەدا ئەگەر سەرنج بدەین سیستەمی شیوعی كۆمۆنستی لەچـین(لەگەڵ ئەوەشدا كـە بـە ئاشـكرا دەوڵـەتێكی بـێ بـاوەڕو مولحدە)پەرسـگاكانی بوزیـەكانو تبتـەكانی نەڕوخانـد، نـەك تـەنها وەك ڕێزێـك لەبەرانبـەر ئـەو شـوێنانەو شـوێن كەوتوەكانی ئاینەكان، بەڵكو لەوەش زیاتر ڕەچاوی ئـەوەی كـرد نـەكا ڕوخانـدنیان ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕقو تورەیی گەلانی جیهانو دەوڵەتەكانی تر.

لێرەدا بە جوانی لەواتای ئەم ئایەتە تێدەگەین كە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ المؤمنين/ ٩٩.

واتـە: ئەگـەر پـەروەدگارت ویسـتی لەسـەر بوایـە هەرچـی هەیـە لەسـەر زەویـدا هەمویان باوەڕیان دەهێنا، ئایا تۆ لالوت دەبیت لەخەڵكو ناچاریان دەكەیت تاوەكو ببنە باوەڕدار..؟.

كەواتــە: بانگــەوازكردنی خــەڵكی بــۆ باوەڕهێنــانو پەســەندكردنی پــەیامی موحەمــەدی، نابێــتو ناكرێــت بــە زۆرو زۆرداریو ناچــار كــردن بێــت، بــەڵكو ئــەوە ویســتو خواســتی پــەروەدگارە كــە لەلایــەك خــەڵكی بــاوەڕدارو شــوێن كــەوتوانی موحەمەد بونیان هـەبێتو لەلایـەكی تریشـەوە گـاورو جولەكـەو مەجوسـیو بـوزیو هندوس...هتد ببن.

بەڵام دەبێت لەبیرمان بێتو بزانین كە ئیسلام لەسەر بنـەمای بـاوەڕبون بـە خواوەنـدو باوەڕبون بە ڕۆژی دوایی دەوەستێتو چڵەپۆپەكەشی تەنها یەكتاناسینە.

بێگومان ئەم سێ ئامانجەش چەند تاڵەدەزوێك بەیەكیان دەگەیەنێت بەشێوەیەك وەك بڵێیـت: تەواوكـەری یەكـدین بۆنمونـە: لـەبارەی ئامـانجی یەكەمـەوە لەئایـەتی ژمـارە(٤٠)ی سـورەتی(التوبـة)دا هـاتوە، بـاس لـەوە دەكـات كـە ئامـانج لەهـەمو ڕوبەڕوبونەوەیەكی چەكداریدا كە جەنگی لێ بكەوێتەوەو لەڕێگـەی خواوەنـددا بێـت، ئەوا بێگومان ئـەو ڕوبەڕوبونـەوەو جەنگـە بـۆ بـەرز ڕاگرتنـی وشـەو دروشمـی(كلمـة الله)یە كە خۆی لەئازادیو دادپەروەریو یەكسانیدا دەبینێتەوەو لەڕێگەی ئەوەدایـە كە خـەڵك بتـوانن بەندایـەتی بـۆ خواوەنـد بـەجێ بگەیـەنن، نـەك كۆیلـەو كەساسـی بەردەستی كەسانی تربن.

پاشـان ئایـەتی ژمـارە(٢٥١)ی سـورەتی(البقـرة) دێـت، تـا ڕونـی بكاتـەوە ئـەو وێستگانەی ڕوبەڕوبونەوە كە لەپێناو بەرژەوەندیە مادیـە گەردونیەكانـداڕو دەدەن، لەوانەیــە ڕوبەڕوبونــەوەكان نەگەنــە ئاســتی جــەنگ و هــەر لەســنوری ململانــێو ڕكابەریو كێبڕكێی نێوان خەڵكدا بمێننەوە، لـەم حاڵەتـەدا ڕون دەبێتـەوە كـە ئـەم چەشنە كێبڕكێو ڕكابەریو ململانێیانە پەسەندنو لەگەڵ سروشتی مرۆڤەكاندا ڕێك دێنەوەو دەسازێن، بە مەرجێك سەر نەكێشنو نەبنە هۆی گرفت دروستكردنو پـەك خستنی ڕەوڕەوەی ژیان بە هەمو بوارەكانیەوە.

پاشان ئایەتی ژمارە(٤٠)ی سورەتی(الحج)دێت، تا ئازادی بیرو باوەڕو ویژدان دابین بكاتو ڕێگە بگرێت لەڕوخاندنو خاپوركردنی ئەو ماڵو شوێنانەی كە یادی خواوەندیان تێدا دەكرێت، یان بیانپارێزێت لەوەی كە نەسوتێنرێن یاخود نەڕوخێنرێن یاخود لەكاتی بەرپابونی جەنگو ڕوبەڕوبونەوەدا ڕێگەی هاتوچۆ كردنیان لەخەڵك قەدەغە نەكرێتو بەڕوی زیارەتكارانیاندا دانەخرێن، هەروەها ڕێگە لەهەوادارانیان نەگیرێت لەخزمەت كردنو نوژەنكردنەوەیاندا لەحاڵەتی زیان پێگەیشتنیاندا لەكاتی توندوتیژیە سەربازیەكاندا، بەڵام دەبێت بزانین لە(تدافع)و كێبڕكێو ڕكابەریەكاندا ئەگەر جەنگ ڕویدا، ئەوا لەڕێگەی خواوەنددا نیە، بەڵام دەگونجێت ڕەوا بێتو لەپێناو پارێزگاریكردنی بەرژوەندیەكانداو وەك باسمان كرد لەنێوان گەلانو وڵاتاندا بێت، ڕاگرو ئامرازی بنەڕەتی ئەم شەڕانەش سوپا سەربازیەكانن، جەنگە جهیانیەكانی یەكەمو دوەمیش باشترین بەڵگەی ئەم بوارەن كە ململانێكان ئەوەندە قوڵ بونەوە تا گەشتنە ئاستی جەنگە جیهانیەكانو دواتر ئەم جەنگانە بونە هۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی جیهان.

بیرو باوەڕو ئاین هیچ پەیوەندییەكیان نیە بەم جەنگانەوە، بە واتایەكی تر جەنگ لەسەر ئاستی ئومە بونی نیەو، ئەگەریش بەرپا ببێت ئەوا بێگومان سەركەوتو نابێتو ناگاتە ئامانجەكانی.

بۆ نمونە: بزاوتی كۆمۆنیستی خەباتو شۆڕشی ئوممەی هێنایە ئاراوەو چینی ڕەنجدەرانی وەك ئومەتێك دانا، لەئاكامدا خەڵكی ماندو و شەكەت كردو لەجێبەجێ كردنی دروشمەكەشیدا شكستی خوارد.

تا دواجار گیانی ڕكابەریو كێبڕكێی ناوخۆیی لەنێوان تاكەكانی گەلەكەیدا كوشت و ژیانی توشی چەقبەستن كرد.

لێرەدا شتێکی زۆر گرنگ هەیەو شایانی ئەوەیە ئاماژەی پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە: وەك چۆن ناگونجێت ئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێ دابڕین لەیەك‌و دور لەبابەتەکانیان‌و بەجیا بیانخوێنینەوە، بەهەمان شێوە نابێت بەتایبەت ئایەتەکانی کە باسی جەنگ و (قتال) دەکەن دور لەئامانجەکانی (قتال)بخوێنینەوە، ئامانجەکانیش بەو شێوەیە بون کە باسمان لێکردن‌و لەدواتریشەوە باس لەمەرجەکانی دەکەین.

لەوانەیە ڕونترین نمونەی ئەم باسە ئەم ئایەتانەی خوارەوە بن:

- ﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنْ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ﴾ الحج /٣٨.

واتە: بەدڵنیاییەوە خواوەند داکۆکی دەکات لەباوەڕداران‌و هەروەها دڵنیابن کە خواوەند هەموو خیانەتکارێکی کفرکەری خۆش ناوێت.

- ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ الحج/ ٣٩.

واتە: مۆڵەتدرا بە وانەی کە دەجەنگێن لەبەرئەوەی کە ستەمیان لێکراوە، بەدڵنیاییەوە کە خواوەند توانایە بەسەر خستنیان.

- ﴿الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَق إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ الحج/ ٤٠.

واتە: ئەوانەی کە بەناهەق لەماڵی خۆیان وەدەرنران، تەنها بە تاوانی ئەوەی کە دەیانوت پەروەردگارمان خواوەندە، ئەگەر ویستی خواوەند وا نەبوایەو بە ویستی خۆی هەندێك لەخەڵکی کێبرکێ‌و شان شانێنیان لەگەڵ هەندێکی تریاندا نەکردایە، ئەوا هەموو ماڵەکانی یادکردنی خواو پەرسگەکان‌و پەیوەندیەکان‌و مزگەوتەکانیش کە یادی خواوەندیان بە زۆری تێدا دەکرێت دەڕوخێنران.

بەڵام بەدڵنیاییەوە خواوەند ئەوانە سەردەخات کە پەیامەکەی سەردەخەن‌و دڵنیاشبن کە خواوەند بەهێزی قسە ڕۆشتووە.

– ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ الحج/ ٤١.

واتە: ئەوانەی کە ئەگەر لەزەویدا جێگیریان بکەین پەیوەندیەکانیان پایەدار دەکەن لەگەڵ خواوەنداو زەکاتی ماڵو سامانیان دەدەن‌و فەرمان بە چاکە دەکەن‌و ڕێگیری لەخراپەکاری و کاری ناپەسەند دەکەن، وەبشزانن ئاکامی کارەکان هەموی بۆلای خواوەند دەگەڕێتەوە.

أ. تێگەیشتن لەڕستەی﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ لەئایەتی(٣٨)دا بەجیا لەڕستەی﴿وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ﴾ لەئایەتی(٤٠)ی سورەتی(الحج)دا ئەگەر نەڵێین ئەستەمە، ئەوا دەڵێین: بەدڵنیاییەوە زۆر قورسە بتوانین(دفع)و (تدافع) لێك جیا بکەینەوە.

ب. هەروەها تێگەیشتن لەڕستەی﴿وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ لەئایەتی(٣٩)دا بە دابڕینی لەڕستەی﴿وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾لەئایەتی(٤٠)ی سورەتی(الحج)دا، تێگەیشتن لەمەبەستی ئەم دو بڕگەیە بە دابڕینیان لەیەك ئەگەر نەڵێین: ناگونجێت‌و ناکرێت بەدڵنیایەوە زۆر قورس‌و گرانە.

ج. زۆرجار بە ئەستەم دێتە پێش چاو بتوانرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕستەی﴿صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ﴾کە لەئایەتی(٤٠)دایە تێبینیەکی گشتی بدرێت لەبارەی ڕستەی﴿أَقَامُوا الصَّلَاةَ﴾و پێگەی ئەو(صلاة)لەنێو گەلانی سەر گۆی زەویدا بەهەموو تیرەو دەستەکانیانەوە.

د. بەهەمان شێوە قورسە تێگەیشتن‌و پەی بردن بە واتای (تدافع) لەڕستەی﴿وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ﴾كە لەئایەتی (٤٠)دا هاتوە بە دابڕان‌و دور لەڕستەی﴿بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ﴾لەهەمان ئایەتدا.

هـ. مەبەست لەوشەی(مساجد)لەئایەتی(٤٠)دا بریتیە لەو شوێنانەی كە تایبەتكراوە بۆ نوێژكردن بۆ باوەڕداران‌و شوێن كەوتوانی موحەمەد(د.خ)بە بەڵگەی ناوهێنانی وەك جێگای نیایش‌و ڕازو نیاز .

ئەمەش جیایە لەماناو واتای ئەو(مساجد)ەی كە لەئایەتی(١٨)ی سورەتی(الجن)دا هاتوە﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾كە ئێمە ئەم(المساجد)ە بەماناو واتا گشتیەكەی لێی تێدەگەین، بە بەڵگەی فەرمودەی خواوەند كە دەلفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ﴾ الحج/ ١٨.

واتە: ئایا نابینی كە هەرچی لەئاسمانەكان‌و زەویدایە، ملكەچە بۆ یاساكانی خواوەند..؟.

لێرەوە داوادەكەین لەو كەسەی كە دابەزێنراوی بەجێ دەخوێنێتەوە با ڕەچاوی بابەتی ئایەتەكان‌و پەیوەست بونیان بە یەكترەوە بكات بۆ ئەوەی بتوانێت وەك پێویست لەئامازەو حوكمەكانی تێبگات، هەروەها پێویستە ئاگای لەپێش‌و پاشی وشەكان‌و ڕستەكان بێت بۆ نمونە: وشەی(فرض)لەم دو شوێنەدا هەریەكەو مانای تایبەتی خۆی هەیەو(فرض لَهُ)جیایە لە(فرض علَیە)هەروەها دەبێت ئاگای لەوە بێت كە دەستەواژەیەك لەئایەتێكەوە بۆ ئایەتێكی تر واتاكەی دەگۆڕێت بەپێی ئەو ڕستەی كە تیایدا بەكار هاتوە، بۆ نمونە: (الذكر)لەئایەتی﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ الحجر/٩.

لێرەدا (الذكر)بە مانای (دابەزێنراوی بەجێ)و (الذكر الحكيم) دێت.

بەڵام لەئایەتی﴿وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ﴾ الشرح/٤ دا، بەمانای پلەی بەرزو ناوبانگ دێت.

هەروەها وشەی(السماء)لەئایەتی﴿اللَّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا﴾ الرعد/٢. لەم ئایەتەدا(السماء)بە واتای هەمو ئەوشتانە دێت کە لەسەرومانەوەن.

بەڵام هەمان وشەی(السماء)لەئایەتی﴿وَأَرْسَلْنَا السَّمَاءَ عَلَيْهِمْ مِدْرَارًا﴾ الانعام/٦دا بەواتای باران دێت.

ئێمە ئەمە هەموی لەپای ئەوەدا دەکەین کە دەبوو ڕاڤەکارانو فەقیهەکان بیانکردایە، بەڵام بەداخەوە بە ئەرکی سەرشانیان هەڵنەساونو پابەند نەبون، تا کار بە ئاستێك گەیشتوە کە ئومەتیان بەرەو ئەو تەنگەبەرانەیە ڕاکێشاوە کە ئێستا تیایدا دەژی.

ئەو بەڕێزانە وازیان لەو ڕێسایانە هێناوە کە دەبو پابەندی بنو لێی لانەدەن، تا لەدواجاردا تەفسیرو فیقهێکیان نوسیەوە کە پڕاوپڕ کاڵایەك بێتو بە بەری ئەو کەشو هەوا تاکڕەویە بخوات کە لەو سەردەمەدا زاڵ بوە بەسەر ژیاندا.

بەشێوازێك کاریان کرد تا دواجار بویە هۆی ئەوەی کە خەڵكو گەلان بەگشتی وەك ڕانە مەڕو لەپێگەی خۆ بە کەم زانینەوە، شوێن کەلەپورو ڕابەرەکانی بکەوێتو لەبەردەمیاندا بە زەبونیەوە بوەستێت، ئەمەش لەخراپترین چەشنەکانی بە کۆیلەکردنەو پێچەوانەشە لەگەڵ ڕۆحی ئایەتەکانی(قتال)دا.

**مەرجەکانی جەنگ و(قتال)و، هۆکارەکانی کە دەبنە هۆی بەرپاکردنی:**

وتمان(قتال)سێ ئامانجی هەیە، یەك بەیەك قسەمان لەسەرکردنو ئاماژەشمان کرد بۆ ئەو سەرەداوانەی کە ئەو ئامانجانە بەیەکدیەوە دەبەستێتەوە.

بەڵام دەبێت بزانین(قتال)و جەنگ پێش ئەم ئامانجانە، چەند هۆکارو مەرجێکی هەیە کە ناگونجێت بەبێ هاتنەدی یەك بەیەکی ئەو ئامانجانە ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بە هۆکارەکانی لەم ئایەتانەدا دەیان بینین:

– بەرپابونی ستەم وستەملێکردنێك: بەپێی ئایەتی﴿**أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا**﴾ الحج /٣٩.

– ڕوودانی، بەناهەق وەدەرنانی خەڵك لەماڵو حاڵیاندا: بەپێی ئایەتی﴿**الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَق**﴾ الحج/٤٠.

– ڕوودانی، دەست درێژی کردنە سەر گیانو نەفس، یان ماڵو سامان یان ئابڕو و ناموس یان ئازادیەکان بە هەمو شێوەکانیانەوە(ئازادیکاروکاسبیوبازرگانی، ئازادی گواستنەوەلەجێگەیەکەوەبۆ جێگەیەکی تر، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی دروشمو سروتە ئاینیەکان)ئیتر جیاوازی نیە لەوەدا کە ئەو دەستدرێژیە دەرەکی بێت یاخود ناوخۆیی: بەپێی ئایەتی﴿**فَمَنْ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ**﴾ البقرة/ ١٩٤.

واتە: هەر کەسێك دەسدرێژی کردە سەرتان ئێوە بەرپەرچی بدەنەوە بەهەمان ئەو شێوەی کە ئەو دەستدرێژی کردوە،ئێوەش وەڵامی بدەنەوەو لەهەمان کاتدا پارێزکاربنو سنورو یاساکانی خواوەند بپارێزنو بزانن کە خواوەند لەگەڵ پارێزکاراندایە.

ئەگەر سەرنج بدەینـە ئـەم سێ هۆكـارە، دەبیـنین كـە یەكـەمیانو گرنگترینیـان ڕودانو بونی ستەم وستەملكردنە، بۆیە جێگەی خۆیەتی بپرسین ستەم چییە..؟

ستەم(ظلـم)بـەواتا زمانەوانیـە گشـتیەكەی بریتیـە لـە دانـانی شـتێك لەشـوێنێكدا كەجێگەی خۆی نەبێت، بەم شێوەیە ئەودانانە پێچەوانەی دادپەروەری دەبێت،وەك چۆن خواوەنددەفەرموێت﴿وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِلْعَالَمِينَ﴾آل عمران/١٠٨.

واتە: خواوەند ستەمی ناوێت بۆ جیهانیان.

هەروەها ستـەم(ظلـم)بریتیـە لەكەمكردنـەوەی بـەشو حـەقی كەسێك، وەك لـەم ئایەتەدا هاتوە﴿كِلْتَا الْجَنَّتَيْنِ آتَتْ أُكُلَهَا وَلَمْ تَظْلِمْ مِنْهُ شَيْئًا﴾ الكهف /٣٣.

واتە: هەردو باخەكە بەرهەمەكانیان پێگەشت بەبێ ئەوەی هیچ چەشنە ستـەمێك لەبارەیانەوە بكرێت.

هەروەها ستەم(ظلم)برتییە لەدەسدرێژی كردنـە سـەر سـنورەكانی خواوەنـد، بـە بەلگەی ئایەتی﴿وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ البقرة/٢٩٩.

واتە: هەركەس دەسدرێژی بكاتە سەر سنورەكانی خواوەند ئەوانە ستەمكارن.

هەروەها ستەم(ظلم)بریتیە لەسەرپێچیو هەلگەڕانـەوەو دەرچـون لەفەرمانـەكانی خواوەند، بـە بەلگـەی ئایـەتی: ﴿وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ﴾ الأعراف/١٦٥.

واتە: ئەوانەی كە ستەمیان كرد بە سـزایەكی بەسـۆ گرتنمـانن بـەهۆی ئـەو كـارە نابەجێیانەوە كە دەیانكرد.

لەكۆتاییـدا سـتـەم(ظلـم)لەواتاكەیـدا لەگـەل چـەند دەسـتـەواژەیەكی تـردا یـەك دەگرنەوە(البغي، الطغيان، الإستكبار) (یاخی بون، سەركەش بـون، خـۆ بـە گـەورە گرتنو خۆ بە زل زانین).

بەڵگەی ئەمەش دەیان ئایـەتن لەدابـەزێنرای بەجێدا کـە لـەلای خۆێنـەر شـاراوە نین.

هەر ئەم ستەمەشە کە خواوەنـد لەئایـەتی ژمـارە(٣٩)ی سـورەتی(الحج)دا(بـأنهم ظلموا)وەك یەکێك لەمەرجەکانو بۆ بەرپاکردنی(قتال)و لەهەمان کاتـدا وەك یـەکێك لـەهۆکارەکانیش نـاوی بـردوە، ئەگـەر ئـەم سـتەمە هاتـە بـونو سـەری هەڵـداو ستەمکارەکە دەستی دابێتە جەنگ یاخود نا(چونکە لەسەرەتاوە ستەمکار هەمیشە بەئاشتیو لەسەرەخۆ دەست دەکاتە ستەم کردن)ئەوا ڕاستەوخۆ جیهادو تێکۆشان سەرەتا بەهێمنیو پاشـان جـەنگ و(قتـال)یش بـە شـێوازی پـەیڕەوکراو لەودەمـەدا واجبو پێویست دەبێـت لەسـەر سـتەملێکراوەکان، تـا ئەوکاتـەی کـە ئـەو ئامانجـە بەرپا دەبێت کە خواوەند نەخشـەی کێشـاوە بـۆ تێکۆشـانو جـەنگ و(قتال)ئەگـەر لەڕێگەی خواوەنددا بێتو دروشمەکەی، خۆی لـە﴿لتكون كَلِمَةُ اللَّهِ هِـيَ الْعُلْيَـا﴾دا ببینێتەوە، واتە: ئەوە بێت کە وشەو ڕستەو دروشمی خواوەند کە خۆی لـەئازادیو دادپەروەریدا دەبینێتەوە بەشەکاوەییو پایەداری بمێنێتەوەو ستەم شکست بخوات و﴿كَلِمَةُ اللَّـهِ﴾کـە بریتیـە لـەئازادیو دادپـەروەریو یەکسـانیو ڕامـاڵینی زۆرداریو چەوساندنەوە لەسەرشانی خەڵك بەهەمو تیرەو دەستەکانی کۆمەڵگاوە هەر چەشنە بیروباوەڕو شەریعەتێکیان ببێت ڕامالڕێتو کۆتایی پێ بێت.

گرتن و(فتح)و ئازادکردنی وڵاتان نە لەدورو نە لەنزیکەوە پەیوەندی بەم بابەتەوە نیە.

ئەو وتەیەش زۆر ڕاستە کە دەڵێـت: (ژیـان لـەژێر دەسـەڵاتو کەسـایەتی حـاکمو کاربەدەستێکی کافری دادپەروەردا باشترە بۆ خەڵك تاوەکو ژیان لەژێردەس حاکمو کـار بەدەسـتێکی بـاوەڕداری سـتەمکاری تـاکڕەو، چـونکە کوفرەکـەی بـۆ خـۆی دەگەڕێتــەوەو دادپەروەریەکـەی بـۆ خـەڵکیو بەنـدەکانی خوا)بـەڵام بەداخــەوە

کەلتوری بۆماوەمان پێمان دەڵێت: (ئەگەر حاکمو کار بەدەست ستەمکار بو، ئەوا تاوانی ستەمەکەی لەسەرخۆیەتی وتۆش ئارامگرتنت لەسەرە، ئەگەریش کار بەدەستەکە دادپەروەر بو ئەوا پاداشتی دادپەروەریەتیەکەی بۆخۆیەتیو تۆش سوپاس گوزاریت لەسەرە)هەروەها پێمان دەڵێت: (سوڵتانو کار بەدەستێك کە خەڵكو دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی لیی بترسن، باشترە بۆ خەڵك لەسوڵتانو کار بەدەستێك کە لە خەڵکەکەی ژێر دەسەڵاتی بترسێت).

لەوڵاتە نا ئیسلامیەکاندا دەبینین کە سوڵتانو کاربەدەستەکان لەجەماوەر دەترسنو ئەگەر کارێکی نایاسایی یاخود ناسازگار لەگەڵ یەکسانیدا ئەنجام بدەن ئەوا خەڵك لێیان قبوڵ ناکەنو چاوپۆشیان لێ ناکەن.

دەزانم بە بینینی ئەم بابەتە خێرا فەقیهەکانی دەربارو زێوانەکانی ستەمگەری خێرا بەناوی ئاینەوە لێمان دێنە دەنگو دەڵێن: ئەوانەی کە تۆ باسیان دەکەی باوەڕدار نینو هاوەڵ بۆ خواوەند بڕیار دەدەنو موشرکن، شركو هاوەڵ بڕیاردانیش بۆ خواوەند خۆی لەخۆیدا ستەم کردنە، بە بەڵگەی فەرمودەی خواوەند کە لەسەرزاری لوقمانەوە دەڵێت: ﴿يَابُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ لقمان/ ١٣.

واتە: ئەی کوڕی خۆم، هاوەڵ بڕیار مەدە بۆ خواوەند چونکە هاوەڵ بڕیاردان ستەمێکی ناقولاو زەبەلاحە.

هەروەها کوفر کردنو نادیدە گرتنی بەڵگەو نیشانە دیارەکانی خواوەند ئەویش هەر ستەمە، بە بەڵگەی ئایەتی ﴿وَآتَيْنَا ثَمُودَ النَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُوا بِهَا﴾ الإسراء/ ٥٩.

واتە: وشترەکەمان دا بە گەلی(ثمود)وەك بەڵگەو نیشانەیەکی ڕونو ئاشکرا، کەچی ستەمیان دەرهەق کرد.

ئیتر بۆ بەلای توە ناکرێت سەرەتا بە جەنگ وکوشتاری موشرکینو بێ باوەڕەکان دەست پێ بکەین بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی یەکتاپەرستی..؟.

بۆیە ئێمەش بە هێمنیو ئارامییەوە وەڵامی ئەو بەڕێزانە دەدەینەوەو دەڵێین:

**یەکەم**: هاوەڵ بڕیاردان بۆ خواوەند وەك لەئایەتەکەی ژمارە(١)ی سورەتی(لقمان)دا هاتوە، هەروەها کوفرو نادیدە گرتنی بەڵگەو نیشانەکانی خواوەند بە پشتگوێ خستنو دان پێدا نەنانیان، وەك لەئایەتەکەی ژمارە(٥٩)ی سورەتی(الإسراء)دا هاتوە، ئەم چەشنە ستەمانە هەمویان ستەمکردنە لەخودی خۆیان نەك لەخەڵکی، بە بەڵگەی قسەکەی ئادەمو هاوسەرەکەی کە وتیان: ﴿قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنْ الْخَاسِرِينَ﴾ الأعراف/٢٣.

واتە: هەردوکیان وتیان پەروەردگارا، ئێمە ستەممان لەنەفسی خۆمان کردوە، ئەگەر بێتو لێمان نەبوریتو سۆزو بەزەیی خۆت نەخەیتە کار لەگەڵماندا ڕەنج بە خەسار دەبین.

بەڵام ئەو ستەمەی کە خواوەند بە یەکێك لەمەرجەکانی(قتال)وجەنگی داناوە لەئایەتی(٣٩)ی (الحج)دا، ئەو ستەمە، ستەمێکە کە لەلایەن ستەمکارێکەوە بەرانبەر گەلو خەڵكو ژێر دەستەکانی ئەنجامی دەداتو بێبەشیان دەکات لەهەموو چەشنەکانی ئازادیو لەسەروی هەموشیەوە، بێبەشیان دەکات لەئازادی هەڵبژاردنی بیروباوەڕو ویژدان بە ئارەزوی خۆیان:

**دوەم**: باوەڕ بون بە خواوەندو، نادیدە گرتنو کوفر کردن پێی، دوو هەڵوێستن کە خواوەند مرۆڤی بەئاگای ئازادو سەر پشك کردووە تا بەو پەڕی دڵخوازو ویستی خۆیەوە یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە ئایەتی ﴿وَقُلْ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ الكهف/٢٩.

واتە: ڕاستیو حەقیقەت لەلای پەروەردگارتانەو هەرکەس خوازیاری باوەڕهێنانە با باوەڕ بهێنێتو هەرکەسیش خوازیاری کوفرو نادیدە گرتنە با هەڵی بژێرێت.

بـۆ پشـت ڕاسـترکردنەوەی ئـەم بۆچـونو تێگەیشـتنەشمان ئامـاژە بـە فەرمایشـتی خواوەند دەکەین کە ڕو بە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی دەفەرموێت :﴿وَاصْـبِرْ عَلَـى مَـا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا * وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلاً﴾ المزمل ١٠-١١.

واتە: ئارام بگرە لەبەرانبەر ئەو قسە نا بەجێیانەوە کە لەڕاستای تـۆدا دەیکـەنو بەشێوازێکی جوان پشـتیان لێ هەڵکـە، واز لەوانـەش بێنـە بـۆ خـۆم کـە لـەناو نـازو نیعمەتدانو تۆو پەیامەکەت بە درۆ دەزانن، کەمێك مۆڵەتیان بدەرێ.

ئەگەر ئێمە بۆ خۆمان بە ڕەوامان زانی جەنگی خـەڵکی بکـەینو بـەزۆر ناچـاریان بکەین کە باوەڕ بهێنن ئەوا خۆمان بە دەستی خۆمـان(کلمـة الله)کـە ئـازادی بـیروڕاو ویژدان لەخۆدەگرێت، خۆمان ئەو دروشمە نەوی دەکەینو پێشێل دەبێت.

<u>**سێیەم**</u>: خواوەند ڕێگیری کردوە لەپێغەمبەرەکەی خۆی کە خەڵك ناچار بکات بـە زۆر باوەڕ بهێنن وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًـا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ يونس/٩٩.

واتە: ئەگەر پەروەردگارت ویستی لەسەر بوایە ئەوا هەرچی لەگۆی زەویدایە هـەر هەمو باوەڕیان دەهێنا، ئایا تۆ دەتـەوێت خـەڵك ناچـار بکـەیت تـا بەنابـەدڵی ببنـە باوەڕدار.

بە واتایەکی تر بەهەمو شـێوەیەك بڵاوکرنـەوەی باوەڕداریی(یـاخود وەك فوقـەها دەڵێن بڵاوکردنەوەی ئیسلام) بەهێزو زۆرە ملیّو ناچار کردنی خەڵکی قەدەغەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم هەمو ڕاستیەدا کە خواوەند ڕێگیری لەناچار کردنو زورە ملیّ کردن دەکات، چۆن دەبێت پەنا بۆ هێزو شمشێر ببرێت بـۆ بڵاوکردنـەوەو گەیانـدنی بانگەواز بۆ لای ڕێگەی خواوەند..؟ کە دەشزانن ئەو کارەیان پێچـەوانەی داواکـاری خواوەندە کـە دەفـەرموێت: ﴿ادْعُ إِلَـى سَـبِيلِ رَبِّـكَ بِالْحِكْمَـةِ وَالْمَوْعِظَـةِ الْحَسَـنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ النمل/ ١٢٥.

واتە: بانگەواز بکە بۆلای ڕێگەی پەروەردگارت بە دانایی‌و ئامۆژگاری چاکەو بە سودو بە جوانترین شێوە قسەو گفتوگۆو تاوتوێی بیرو ڕاکانتیان لەگەڵدا بکە.

**چوارەم**: خواوەند ڕێگیری دەکات لەباوەڕداران لەکاتی دەرچون‌و گەڕانیاندا بەزەویداو لەڕێگەی خواوەنددا(إِذَا ضَرَبُوا فِي سبيل الله)ئیتر ئەو دەرچون‌و گەڕانە بۆ جەنگ، یاخود بۆ دەستخستنی زانست، یاخود بۆ ڕزق‌و ڕۆزی‌و کەسابەت بێت جیاوازی نیە، داوایان لێدەکات لەسەر بنەمای کوفرو باوەڕداری هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا نەکەن وەك دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمْ السَّلَامَ لَسْتَ مُؤْمِنًا﴾ النساء/٩٤.

واتە: ئەی باوەڕداران ئەگەر لەڕێگەی خواوەنددا لەماڵ دەرچون‌و گەڕان بە زەویدا، ئەوا وریابن‌و سەرنج بدەن هەرکەس بە ئاشتی‌و ئارامی ڕوبەڕوتان بویەوە نەکەن ئاشتی‌و ئارامی لێ تێك بدەن.

ئایا چۆن دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕێگیریە ئاشکرایەی خواوەنددا، بە خۆمان ڕەوا ببینین‌و دەست بدەینە کوشتن‌و کوشتاری کەسانێك کە بە ئارامی‌و ئاشتی‌و ئاسایشەوە ڕوبەڕومان دەبنەوەو بۆ خۆشیان لەئارامشدا دەژین، تەنها بە بیانو وبەڵگەی ئەوەی کە بێ باوەڕن‌و ڕێنماییەکەی ئێمە وەرناگرن..؟.

ئێمە بە جوانی دەزانین کە بەپێی کەلەپوری بۆماوەمان زۆربەی موسڵمانە باوەڕدارەکان کە بەم کارە هەڵناسن‌و دەس نادەنە کوشتنی خەڵك، نەك لەبەر ئەوەی کە نایانەوێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە نایتوانن‌و پێیان ناکرێت‌و لەبەریان ناڕوات، چونکە دڵنیاین ئەگەر بیانتوانیایەو لەبەریان بڕۆیشتایە ئەوا بەهێزو لەسەر بنەمای ئەوەی کە گوایا ئەمە جیهادێکە لەڕێگەی خواوەنددا(وەك زانا بەڕێزەکانمان پێناسەیان کردوەو خەڵکیان لەسەر بار هێناوە) بەو کارە هەڵدەسان‌و خەڵکیان دەکوشت، گوایا بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنن‌و بانگەوازەکەیان بڵاو بکەنەوە..!!.

ئەوەندە(ستەم)بەلای خواوەندەوە ناپەسەندو قێزەونە، كە هەر بەهاتنە كایەی ستەم، بۆ ستەملێكراو ڕەوا دەبێت نەك تەنها دەستبداتە جەنگ وكوشتاری ستەمكارەكە، بەڵكو ئەركی ئامۆژگاری كردن‌و گفتوگۆكردنی هێمنانەشی لەسەر هەڵدەگیرێت، وەك بڵێیت كارێكی ئەوەندە خێراو بەپەلەیە هەموو ڕێنماییەكانی تر هەڵدەگیرێن لەبەرامبەریدا[٢٠].

بە بەڵگەی ئایەتی ﴿لَا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنْ الْقَوْلِ إِلَّا مَنْ ظُلِمَ وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا﴾ النساء/ ١٤٨.

واتە: خواوەند خۆشی نایەت بە هەڵبڕینی دەنگی قسەی نەگونجاو، مەگەر تەنها بۆ كەسێك نەبێت كە ستەمی دەرهەق كرابێت، بە دڵنیاییشەوە كە خواوەند تا ئەوپەڕی واتای بیستن‌و زانین بیسەرو زانایە.

هەروەها خواوەند ئەو كەسە ستەم لێكراوە بە دەستدرێژكار ناونابات لەكاتی پەرچدانەوەی ستەمەكەدا، ئەم ڕاستەیەش لەچەندین جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتوە لەوانە:﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ البقرة/ ١٩٠.

واتە: بجەنگێن‌و(قتال)بكەن لەڕێگەی خواوەنددا لەگەڵ ئەوانەدا كە كوشتارتان دەكەن‌و، دەستدرێژی نەكەن چونكە خواوەند دەستدرێژكارانی خۆش ناوێت.

هەروەها ئایەتی﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنْ انتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ البقرة/ ١٩٣.

واتە: بجەنگێن لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی ئاژاوەو بشێوی باڵ نەكێشێت بەسەر ژیانداو ئاین‌و ئاینداری هەر بۆ خواوەند بێت‌و كەس قۆرخی نەكات بۆخۆی، ئەگەر وازیان هێنا ئەوا دەستدرێژییان نەكەنە سەر مەگەر تەنها لەسەر سنور بەزێنە ستەمكارەكانیان نەبێت.

---

(٢٠) وەك چۆن ئاگرێك بكەوێتەوە، كاری گرنگو بەپەلە ئەوەیە كە ئاگرەكە بكوژێنیتەوە، نەك پاراستنی وردە كەلوپەلی جوانكاری، بەڵكو وردە كەلوپەلەكان هەموو دەكرێنە قوربانی، لەپێناو كوژاندنەوەو كۆنترۆڵكردنی ئاگرەكەدا.

ئەگەر سەرنجی بابەتی ئایەتەكانی(١٩٠-١٩٣)ی سورەتی(البقرة)بدەین دەبینین ڕێگیری دەكات لەكوشتنی ئەوكەسانەی كە جەنگ وكوشتار ناكەن و شەڕیان ناوێت، هەروەها ڕێگیری دەكات لەكوشتنی ئەو كەس و لایەنەش كە دەستی لەجەنگ وكوشتن هەڵگرتوەو وەستاوە، هەروەها ڕێگیری دەكات لەدەسپێشخەری جەنگو گێچەڵ پێگێڕان و بەردەوامی دان بە دەسدرێژكاری، ڕاشی دەگەیەنێت كە خواوەند دەسدرێژكارانی خۆش ناوێت، هەموو ئەمانە بە دەستەواژەیەك سەرقاپ دەنێتەوەو دەفەرموێت: ﴿فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ البقرة/ ١٩٣.

واتە: ناحەزی و دژایەتی هیچ كەس ناكرێت بێجگە لەستەمكاران.

بەهۆی ئامرازی(إلاّ)وە كە لەزمانی عەرەبیدا بۆ(بێجگە)و قەتیس كردنی كارێك لەبوارێكی دیاریكراودا بەكار دێت، تێدەگەین كە هەموو ئەوانەی كە پێشتر باسكراون قەدەغەو ڕێلێگیراون، كە دەستپێشخەری جەنگو كوشتاریش یەكێكە لەوانە، مەگەر تەنها لەحاڵەتی سەرهەڵدانی ستەم و بونی ستەمكاراندا نەبێت، چونكە لەبنەڕەتەوە كوشتاری ستەمكاری مل هۆڕ كە ئازادی خەڵك زەوت بكاتو ڕێگە لەبیروباوەڕی خەڵكو بیركردنەوەیان بگرێت، پاش پیادەكردنی هەمو ڕێگە چارە ئاشتیانەكان، لەفەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپە، كوشتارێكی ڕەوایەو بەدەسدرێژی كردن ناژمێردرێت.

پێغەمبەریش پاش(١٣)ساڵ ستەمی قورەیش و خۆڕاگری لەبەرانبەر ئەشكەنجەو ئازارو ستەمەوە، ئەوجا دەستی دایە جەنگ دژبە ستەمكاران، چونكە ڕێگەیان لەئازادی خەڵكو ئازادی دەستنیشانكردنی بیروباوەڕی خەڵك گرتو تەنانەت نەیان دەهێشت كە خەڵكە هەژارەكە گوێی لێبگرن، سەران و ناودارەكانی شاری مەكە خەڵكیان دەچەوساندەوەو ئەشكەنجەیان دەدان و ڕێگریان دەكرد لەوەرگرتنی ئاینە تازەكە.

واتـــە لەمەكـــە ســـتەمكارانێك هـــەبون كـــە ســـتەميان لەخـــەڵك دەكـــردو دەيانچەوساندنەوەو ئەشكەنجەيان دەدانو دەيانكوشـتن، هـەروەها چـەندين كـەس بونە قوربانیو كوژران، بەڕادەيەك كە ئيتر خۆڕاگریو ئارامگرتن لەسەر ئەو حاڵەتـە بەس بو، كاتی ئەوە هـاتبو بەرپەرچـی ئـەو ڕەوشـە بدرێتـەوە، تـا كـار بەڕادەيـەك گەشتبو كە خەڵك بەناڕەوا لەماڵو حاڵی خۆيان وەدەر دەنرانو ڕاوەدو دەنران.

دەستەيەكی كەم لەفەقيهەكان لاريیان نواندوە لەئاست جەنگداو سـەرنجيان داوە لـەو ئايەتانـەی كـەڕێگيری دەكـەن لەدەسـدرێژیو گێچـەڵ گێـڕان بـە خـەڵكو ڕايانگەياندوە كە خواوەندو پێغەمبەرەكەی، پاكترن لەوەی كە ڕازی بـن بـە ئاينێـك بۆ مرۆڤايەتی كە دەسدرێژیو گێچەڵ پێگێڕان دژ بـە خـەڵك بـەڕەوا ببينێـت، بـەڵام زۆرێكيان دانيان بە جەنگدا نـاوەو بـەڕەوايان زانيـوە لـەبواری بانگـەواز كردنـدا بـۆ لای(ئيســـلام)و لەبڵاوكردنـــەوەی پەيامەكەيـــدا پـــەناببرێت بـــۆ جەنگ‌وكوشـــتار، بەڵگەشيان بۆ ئەم ڕوانگەيەيان ئايەتی:﴿فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْـرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ﴾ التوبة/٥.

ئـەم ئايەتـەش لای ئەوانـەی كـە باوەڕيـان بە(نسـخ)هەيە بـە ئايـەتی شمشـێر ناسراوە[٢١].

ئەمە لەكاتێكدايە پێويستە بزانين كەئەم ئايەتە دەقێكی مێژوييەودەچێتە خانەی بەسەرهاتو چيرۆكە موحەمەديەكانەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرەنجە ئەوەيە كە هەمويان جياوازيان نەكردوە لەنێوان(جهاد)و (قتال)دا، هەروەها جياوازيان نەكردوە لـەنێوان(فتح)و(غزو)دا واتـە: ئـازادكردنو كردنـەوە لەلايـەك و، گـرتنو هێـرشو پەلاماردانو هێرشی غافڵ گێرانە لەلايەكی ترەوە.

---

(٢١) سەيری (الجهاد في الإسلام)ی شێخ(الركابی)بكە/ دارالفكر بديمشق(١٩٩٧). هـەروەها سـەيری (الجهاد في الإسلام)ی (د. محمود سعيد رمضان البوطي) بكە/ دارالفكر بديمشق (١٩٩٣) هەروەها سەيری(رسالة القتال)ی ئيبن تەيميە بكە.

تا لەئاکامدا بەداخەوە ئەو پێغەمبەرەی کەئامانجی بەرزڕاگرتنی(کلمة الله العلیا)و چەسپاندنی ئازادیو دادپەروەریو یەکسانی بو، وەك هێرش بەرو جەنگاوەرێك وێناکراوە بۆ خەڵك کە هێرش بباتە سەر خەڵکی بێتاوانو هەرکات دەرفەتی بۆ هەڵکەوت بەبێ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت بدات بەسەریانداو ماڵو حاڵیان پایە ماڵ بکات....!! ئەم وێناکردنەش لەقسەو وتەکانی پێشەوا شەوکانیەوە لەکتێبی(السیل الجرار)دا سەرچاوەی گرتوە.

لەئاکامی ئەم لێکدانەوەو ئەم چەشنە ڕاڤەکردنەوە، وای لێهات کە هێرش بەرو پەلاماردەرێك کە هەڵدەکوتێتە سەرکەسانی سڤیلو بێ تاوانو ماڵو سامانیان بە تالان دەباتو ژنو منداڵیان بەدیل دەگرێت، بکرێتە پاڵەوانێك کە شایەنی هەموو ڕێزو پیاهەڵدانێك بێت..!!

نمونەی ئەم پیاهەڵدانەش: وەك بەشانازیەوە دەیانگوت بە هارونەڕەشید:(ساڵێك حەجی ماڵی خوا دەکاتو ساڵێکیش(یغزو)شەڕو کوشتارو هەڵکوتانە سەر خەڵکیو گەلانی تر)پێویستە بزانین کە جیهادو تێکۆشانی پێغەمبەر بە تەواوەتی لەم چەشنە کارانە جیاواز بوە﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا﴾.

هەروەها وەك دەبینین شۆڕش لەئەمریکا لەبەرانبەر ستەمکاریەکانی بەریتانیاوە بەرپابو، هەروەها شۆڕشی فەڕەنسیو شۆڕشی بەلشەفی.

لەجێگەیەکی تری ئەم کتێبەدا دواتر بەراورد دەکەین لەنێوان شۆڕشە گەورەکانی جیهانو بانگەوازەکەی موحەمەددا، لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتو بەکارهێنانی توندوتیژیەوە.

ئەتوانین بەدەستی خۆمان باری سەرشانی خۆمانو ئەوانی تریش قورس بکەین، پاش تێپەڕبونی کاتو لەکیس چونی هەلی بەخۆداچونەوە، لەبارەی ئەم پرسیارانەوە لێکۆڵینەوە بکەین کە دەپرسن: کەیو بۆچی باسی لابردنی حوکمی یەکێك لەئایەتەکان گوایا بە ئایەتی تر یاخود هاوشێوەیی وشەکان(النسخ والترادف) لەنێو دابەزێنراوی بەجێدا سەری هەڵدا..؟

یــاخود لەکەیــەوەو لــەکوێوە چــەماندنەوەو وەرچــەرخاندن لــەماناو واتــا ڕاستەقینەکانەوە بۆ واتـاو مانـای(إصـطلاحی)بـۆ ئایەتـەکانی قورئـانو فەرمایشـتی خواوەند دەستی پێکردوە..؟.

یـان لەکەیـەوەو بۆچـیو بـەچ مەبەسـتێك(أب)کـرا بە(والد)و(والـد)کرا بـە(أب)، هەروەها(شهید)کرا بە(قتیل)و کوژراو لەگۆڕەپانی جەنگداو، کوژراوی جەنگیش کـرا بە(شـــــهید)، هەروەها(جهاد)گۆڕدرابــــــە(قتال)و(قتال)یش کرابــــــە(جهاد)..؟ لەکەیەوە(قتال)کرا بـە(غزو، قتـل)و(غزو، قتـل)کران بـە(قتال)، وە بەهـەمان شـێوە داکۆکیو بەرگریو بەڕەڤانی لەخودو ماڵو سامانو خێزانو کەسو کار کرا بە(قتـال في سـبیل الله)وکوشـتار لەڕێگـەی خواوەنـدداو دواتـر(قتـال في سـبیل الله)ش کـرا بـە بەرگریو پەلاماردانو(فتوحات)..؟؟.

پاش ئەوەی بۆمان ڕون بویەوە کە ئەمانە هەمو(١٣)سەدە لەمـەو پـێشو لەسـەر دەستی ئەو فەقیهانـە ڕوی داوە کـە لـەدەرباردا ژیـاونو کاریـان ئـەوەبوە دەرچـەو چارەسەر بۆ کێشەو گرفتەکانی سوڵتانە ستەمگەرەکان بدۆزنەوە، پاش ئەوەی کـە ئەم ڕاستیەیانەمان بۆ ساغ بویەوە، دەمـانتوانی بەدواداچـون بـۆ یـەك بەیـەکی ئـەو چەمکانەو مێژوو هۆکارەکانیان بکـەین، بـەڵام لەسـایەی ئـەم ئایەتـەی دابـەزێنراوی بەجێدا ئەکرا لەسەر ئەو باسە نەڕۆین کە دەفـەرموێت: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾البقرة/ ١٣٤.

واتـە: ئەوانـە نەوەیـەك بـون کاتیـان بەسـەردا تێپـەڕیوە، هەرچـیان کردبێـت بـۆ خۆیـانو لەسـەر خۆیانـەو ئێـوەش هەرچـی بکـەن بـۆ خۆتـانی دەکـەن، بیشـزانن لەبارەی ئەوەوە کە ئەوان کردویانە پرسیار لەئێوە ناکرێت.

بۆیــە لــەم ڕوانگەیــەوە ئەگــەر زانـا بەڕێزەکانمان(نـەوەو شـوێن کـەوتوەکانی فەقیهەکانی دەربار )ئەوەندە سورنەبونایە لەسـەر پیرۆزیـی کەلـەپورو بـەبێ هەڵـە

سەیر كردنیو ناچاركردنی خەڵك بۆ پابەندبون بە پیت بەپیتیەوەو دانانی ئەو سەرچاوانە بە یەكێك لەسەرچاوەكانی یاسادانان، كە بەلای ئەوانەوە پێگەی ئەم سەرچاوانە هیچی لەپێگەی دابەزێنراوی بەجێو سونەتی ڕاست كەمتر نیەو لەم ڕوانگەیەوە هەركەس سەرپێچییان لێ بكات ئەوا لە(ملّة) دەردەچێتو بێ بەش دەبێت لەبەهەشت، یاخود هەندێ جار فەرمان دەكرا بەسەریدا بە كوشتن یاخود بە دورخستنەوەو دەسگرتن بە سەرماڵو موڵكیداو لەهەندێ حاڵەتدا هاوسەرەكانیش بە زۆرەملێ تەڵاق دەدرانو لێك جیا دەكرانەوە، بۆ ئەم كارەشیان ئەو بەڕێزانە پشتیان بە سەربازەكانی فیرعەونەكانیان دەبەست بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم فەرمانانەیان بەسەر خەڵكەكەدا، چونكە هیچ شتێك بە ئەندازەی(كلمة الله هي العليا)(كە واتاو چەمكەكانی ئازادیو سەربەستیو دادپەروەریو یەكسانی بۆ هەمو خەڵكو دانیشتوانی گۆی زەوی لەخۆدەگرێت) لەسەر دەرونی فیرعەونەكان قورستر نیە.

ئەم كارە بوو بەهۆی ئەوەی كە خەڵك ناچارو چاوترسێن بكەنو نەوێرن قسەی حەقو ڕاستی لەڕوی فیرعەونەكانا بكەن، ئەم ترساندنو چەوساندنەوەی خەڵكیش ئەوەی لێكەوتەوە كە ئەو ستەمكارانە بونە(هامانات التسلط والوصاية) هامانەكانی زاڵ بونو خۆسەپاندن بەسەر خەڵكو دەس بەسەراگرتنی هەمو بوارەكانی ژیان.

بۆیە ئەگەر پێداگریو سوربونی زانا بەڕێزەكانمان نەبوایە لەسەر ئەم كەلەپورەو هەموو ئەو بابەتانەی كە ئەو كەلەپورە لەخۆیان دەگرێت، ئێمە ناچار نەدەبوین ئەولاپەڕانە هەڵبدەینەوەو قسەیان لەسەر بكەین، بەڵام كە ئەوان بانگەشە بۆ پابەندبون بەم كەلەپورە سەقەتەوە دەكەنو لادان لێی بە كوفر دەزانن، ئێمەش لەبەرانبەرەوە بە ئەركی خۆمانی دەزانینو هیچ چارێكی ترمان نیە بێجگە لەوەی كە دەس بدەینە خوێندنەوەیەكی نوێو هاوچەرخانە بۆ پەڕاوەكەی خواوەندو هەمو ئەوكتێبانە كەپێیان دەوترێت كتێبی فەرمودەو كتێبە مێژوییەكان.

لەم كارەشاماندا سەرەتاو یەكەم جار خۆمان بە دور دەگرین لەقسەو قسەلۆكو دەم هەڵبەستەكانی ڕاڤەكاران و هەمو ئەو ئەفسانەو ئیسرائیلیاتەی كە خزاندویانەتە ناو تەفسیرەكانیانەوە.

هەروەها دواجار خۆمان بە دور دەگرین لەلایەنگری كوێرانە بۆ دەستەگەرایی‌و مەزهەب گەرایی‌و ناونانی شتەكان بەناوی نابەجێ‌و دور لەواتاكانیان‌و بەكارهێنانیان‌و خستنەگەڕیان لەبەرژەوەندی دەسەڵاتداو بەشێوازی نابەجێ.

لێرەوەو لەم ڕوانگەو سۆنگەیەوە پێویستە بە شێوازی تیۆری جیاوازی بكەین لەنێوان(أب)و(والد)دا،تاوەكو بەشێوەی كرداری بگەینە لای چارەسەرێكی گونجاو بۆ كێشەی میراتی باپیرەو داپیرەكان.

هەروەها دەبێت: بەهەمان ڕێچكەو شێواز(إسلام)و(إیمان)لێك جیابكەینەوە تاوەكو بگەینە دیدگایەكی ڕاستو دروست لەبارەی پەیوەندی نێوان شوێن كەوتوانی پەیامەكەی موحەمەد لەلایەكو شوێن كەوتوانی پەیامەكانی ترو تیرەو دەستە و(ملل)ەكانی تر.

لەهەمان ڕوانگەو سۆنگەوە(أولاد)و(أبناء)لەیەك جیابكەینەوە بۆ ئەوەی بگەینە تێگەیشتنێكی دروستو چاكتر لەبارەی بابەتی بەنەوە كردنەوە(التنبي).

دەبێت جیاوازی بكەین لەنێوان(موحەمەد)دا وەك پیاوێكی ئاسایی‌و لەنێوان(موحەمەد)دا وەك پێغەمبەرێكو دواتر وەك پەیامهێنەرێك، تا بۆمان ڕون بێتەوە كە خواوەند لەچ ڕوانگەیەكەوە داوامان لێدەكات شوێن پێی(موحەمەد) هەڵگرین‌و سەرمەشقی لێوە فێر بین..؟.

بەهەمان شێوە بتوانین جیاوازی بكەین لەنێوان بەندەكان‌و كۆیلەكان(العباد)و(العبید)دا تالەوێوە بگەینە ئەوەی كە بتوانین‌و بزانین لەچ بوارێكدا مرۆڤەكان ڕام هێنراون‌و لەچ بوارێكدا مافی هەڵبژاردنیان دراوەتێ، كە

ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی بە ئاگایانەی مرۆڤەکان، بۆ ئەوەی بزانین مرۆڤ لەچ بوارو دەرفەتێکدا ڕام هێنراوەو ناچارە مل بداتو لەکام دەرفەتو بواریشدا وەك ڕێگە خۆشکردنێك بۆ پێناسەی (کلمةالله العلیا) ئازاد کراوەو مافی هەڵبژارنی دراوەتێ..؟

لێرەوەو دواجار پێویستە لەسەرمان، سەر لەنوێ خوێندنەوەیەکی وردو لەسەرەخۆو ئامانجدار بکەین بۆ چەمکەکانی شەهادەتو شەهید(الشهادة والشهید)وەك خۆیانو بەو ڕادەیە لەوردبینیو سەرنجەوە لێیان بڕوانین وەك ئەوەی کەلەدابەزێنراوی بەجێدا هاتون. لەم پرۆسەیەدا پێویستە خۆمان بە دوربگرین لەڕاڤەی ڕاڤەکارانو فیقهی فەقیهەکان، هەروەها پێویستە بە وردیو سەرنجەوە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر فەرمانو حوکمەکانی (قتال) لەئیسلامداو بزانین ئامانجو هۆکارو مەرجەکانی کامانەنو بە وردی سەرنجیان بدەین، بەوشێوەی کە خواوەند لەپەیامو پەڕاوەکەیدا باسی کردون بۆمان، تا لەوێوە بتوانین (وەك باوەڕداران) هەڵوێستی دروست بگرین لەبەرانبەر ئەو بزوتنەوەو ڕێکخستنە چەکداریانەوە کە جارێك بەناوی بەگژاچونەوەی داگیرکەرو، جارێك بەناوی حاکمیەتی خواوەندو، جارێك بەناوی جێبەجێکردنی شەریعەتەوە، مردنو وێرانکاری لەشەقامو بازاڕو قوتابخانەو زانکۆو مزگەوتو کەنیسەو پەرستەگەکاندا بڵاودەکەنەوە، بینیمان کە چۆن ڕاڤەی ڕاڤەکارانو فیقهی فەقیهەکان لەسەردەمی ڕاشیدینەوە هاوکار بو و ڕۆڵی گێڕا لەداڕێژانی بیروباوەڕی قیتالیدا لەناو دەرونی تاکەکانو لەناو کۆمەڵگەکاندا، تا دواتر ئەوە لەبیرو هۆشی تاکەکاندا چەسپا کە هەرکەس خوازیاری بەهەشتە، پێویستە لەگۆڕەپانی جەنگەکاندا بکوژرێتو خوازیاری شەهادەت بێت بەواتا (إصطلاح)یەکەی..!

هەروەها لەدڵو دەرونی هێزە جەنگاوەرو تاکەکانی سوپاشدا ئەوە چەسپی کە هەرکەس خوازیاری چونە بەهەشتە ئەوا پێویستە لەسەری هەڵبکوتێتە سەر موشركو کافرەکانو لەناومالٚو حاڵی خۆیاندا لەناویان ببات‌و پاکتاویان بکات، با هیچ دژایەتی‌و نەیاریەکیشیان لیٚ نەوەشابێتەوە..!

ئەم بیروباوەڕە کوشتاریەش تەنها خرکرایەوە لەسەر هێرشی دەرەکی، بەلاٚم لەبارەی ستەم‌و چەوساندنەوەو داگیرکاری ناوخۆییەوە(کە مەبەست پێی ستەمی سوڵتانە ستەمگەرو تاکڕەوەکانە)بڤەبو باس لەوبابەتانە بکرێت.

نەمان بیستوە یەکێك لەزانا بەڕێزەکان، نە لەڕابوردوی دوردا، ونە لەڕابوردی نزیکدا، نە لەئێستادا کە خۆمان تیایدا دەژین، نەمان بیستوە یەکێکیان داوا بکات لەگەلانی ستەملێکراو و هانیان بدات بۆ ڕوبەڕو بونەوەو جەنگ لەپای ڕامالٚینی ستەم‌و بەرز ڕاگرتنی (کلمة الله العليا)دا کە واتای ئازادی‌و دادپەروەری‌و یەکسانی لەخۆدەگرێت[٢٣]، لەکاتێکدا کە چەندین گەل‌و نەتەوە کە هیچ پەیوەندیشیان بە پەیامی موحەمەدەوە نیە لەم بوارەدا پێشمان کەوتون.

**یەکەم**: لەعیزی کوڕی عەبدوسەلامەوە کە لەساڵەکانی(٦٧٧-٧٦٠)ك ژیاوە، دەگێڕنەوە کە لەسەر دوانگەو مینبەری مزگەوتی گەورەی دیمەشقەوە دەپاڕایەوە لەخواو دوعای دەکرد بۆ میرو کار بەدەستەکان‌و لەسەروی هەموشیانەوە بۆ(السلطان الاشرف)و داوای دەکر لەخەڵکی کە گوێڕایەڵی فەرمانیەکانیان بن، لەکاتێکدا کە ئەم بەڕێزانەو سەربازەکانیان خەریکی فرۆشتنی چەك‌و جبەخانەو

(٢٣) ئەم نوسینەی نوسەر لەساڵی(٢٠٠٨)دا نوسراوە، واتە پێش ڕاپەرینەکانی گەلان لەهەندێك لەولاٚتانی باکوری ئەفریقاو چەند ولاٚتێکی عەرەبیدا، وە گەرنا چەندین زاناو فەقیهی گەورە لەپشت ئەو ڕاپەڕینانەوە بون کە لەولاٚتەعەرەبیەکاندا ڕویان دا، لەوانە: د. یوسف قەرزاوی‌و چەندانی تر. (وەرگێڕ)

پێداویستی سەربازی بون بە خاچپەرستە هێرش كارەكانو دەستی شێخەكانیان والاّ كردبو لە هەڵسوڕاندنو بڕیاردان لەبارەی چارەنوسی خەڵكەوە، لەنمونەی ئەمانەش(ظاهر بیبرس)ی پاشاو، شێخەكەی كە ناوی(خضر العدوی)بو.

مێژو ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە كە(عز بن عبدالسلام) ڕابەڕایەتی خەڵكی كردوەو بەشداری جەنگی بەرپەرچ دانەوەی خاچ پەرستانو ڕامالّینی ستەمیی دەرەكی كردوە، بەلاّم مێژو بە درێژیكیش هیچی تۆمارنەكردوە لەبارەی ئەم پیاوەوە كە ڕۆژێك لەڕۆژان بەڕوی ستەمی ستەمكارە ناوخۆییەكانو میرە فەرمانڕەواكاندا وەستابێتەوەو نەیاریو دژایەتی ستەمكاریەكەیانی كردبێت.

**دوەم**: لەبارەی (صدام حسین)ەوە لەعێراقدا، ئەم كابرایە بەخۆیو كوڕو لایەنگرەكانیەوە زیاد لەچارەكە سەدەیەك حوكمی ئەم ولاّتەی كرد، لەم ماوەیەدا ناشیرین ترینو نەشیاوترین چەشنەكانی ستەمیان كرد، هەر لەسەر دەستی ئەمانەوەو لەسایەی حوكمەكەیاندا كوشتنی تاكەكەسیو بە كۆمەڵو بەبێ هیچ چەشنە دادگایی كردنێك بلاّوبویەوەو ڕۆژانە چەندین كەسی بێ تاوان بێ سەرو شوێن دەكران، بەبێ تاوان خەڵك دەكوژرا، سەروەتو سامانی گشتی ولاّت بە تالاّن دەبرا، هەر لەسەر دەستی ئەمانەوە جیاكاری نەژادی سەری هەڵداو پەرەی سەندو چەپۆكی كوشندەیان وەشاند دژ بە كوردەكان، هەروەها جیاكاری چینایەتیو تایەفیو مەزهەبی سەری هەڵداو بویە هۆی بێ ماڵو حاڵكردنو ئاوارە بونی شیعەكان لەلایەكو كوردەكانیش لەلایەكی ترەوە.

لەگەڵ هەر هەمو ئەمانەشدا نەمان بیست كە زانایەكی عێراقیو مەشایخەكانی، ئاوڕێك بەلای ئەم ئایەتەوە بدەنەوە ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا﴾ تا ئەوكاتەی سەربازە ئەمریكیو بەریتانیەكان پۆساڵەكانیان خستە سەر گەردنی خەڵكی بەغداو بەسرەو موسڵو كەركوك، ئەوجا هەندێك لەم بەڕێزانە هاتنە دەنگ.

تا ئەو کاتە هیچ باسێك نەبو، بەڵکو پێش ئـەو بـەرواره زاناکـانی عێـراق بەشـان‌و باڵی ستەمکاره سەرکەشەکەیاندا دەداو داوای تەمەن درێژیان بۆ دەکرد لەخواوەند، دروسـت وەکـو هەڵوێسـتەکەی عیـزی کـوڕی عەبدوسـەلام لەگـەڵ سـتەمگەرەکانی مەمالیکدا لەدیمەشق.

لەم کارەشیاندا ئـەم بەڕیزانـە پشـتیان بـە گێڕانەوەیـەك دەبەسـت کـە زۆر بـاوە لەناویانداو دەیدەنە پاڵ حوزەیفەی کوڕی یـەمان کـە گوایـا پێغەمبـەر فەرمویـەتی: (گوێڕایەڵی کار بەدەستەکەت بکە ئەگەر چی لێشت بداتو دەسـتیش بەسـەر مـاڵو سامانتدا بگرێت)هەروەها پشتیان بە بنەمایەکی فیقهی دەبەسـت کـە لـەناو ئەوانـدا زۆر بـاوەو هامانـەکان‌و سـەربازەکانیان دانیـان پێـداناوە بۆیـان، کـە دەڵێـت:(گوێ ڕایەڵی بۆ خاوەن هێزە)یان(گوێ ڕایەڵی ئەو کەسە دەکرێـت کـە سـەردەکەوێت)بەم شـێوەیە ڕەوایـەتییان دا بــە دەســەڵاتی عەسـکەرتاری مەمالیکـەکان‌و کودەتـا سەربازیەکانیش کە دواتر ڕویان دەدا، هەر لەپەیامی ژمارە یەکیانـەوە ئـەمان گـوێ ڕایەڵییان دەکردن‌و پشتگیری خۆیانیان بۆ ڕادەگەیاندن.

بۆئــەوەی بــاس‌و لێکۆڵینەوەکــەمان نەبێتــە لێکۆڵینەوەیــەکی مێــژویی دابــڕاو لەئێستامان‌و ئامێتەی بکەین لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، سێ بڕگە لەنوسـینی نوسـەره هاوچەرخەکان بە نمونە دەهێنینەوە، پاشان هـەوڵ دەدەیـن نێـوان دێڕەکـانی ئـەو نوسـینانە بخوێنینـەوەو تیشـك بخەینـە سـەر بـۆ چـونەکەی خۆمـان کـە پێشـترو لەلاپەڕەکانی ڕابوردودا ئاماژەمان پێداوە.

١. شێخ مەحمود شـلتون[٢٤] لەلاپـەڕە(٥٤٠)ی تەفسـیرەکەیدا دەڵێـت: {بەدڵنیاییـەوە هۆکاری بەرپا کردنی جەنگو (قتال) خـۆی لـەم هۆکارانەدادەبینێتـەوە: بەرپەرچـدانەوەی

[٢٤] شێخ لەساڵی(١٨٩٢) ز لەدایك بوە لەساڵی(١٩٦٣)ز کۆچی دوایی کردوە، لەساڵی(١٩٥٨)ز جەمال عەبدولناسری سەرۆکی ئەوکاتەی میسر دایناوە بەشێخی ئەزهەرو تاکاتی وەفاتی لەوپۆستەدا بەردەوام بوە.

دەستدرێژكاری، پارێزگاری بانگـەوازو ئـازادی ئـاین، پاككردنـەوەی سـەرزەوی لەسـتەمو ستەمكاری}.

ئەوەی كە شێخ بەهۆكاری داناوە بـۆ قیتـال، لەڕاسـتیدا ئەوانـە ئامـانجی قیتـالن نەك هۆكار.

لەلاپەڕەكانی پێشودا ئاماژەمان پێدا كە(قتال)هۆكارێكی هەیە كە ئەویش بریتیـە لەسـەر هەڵـدانو بـونی سـتەمو سـتەمكاریو نادادپـەروەری كـە لەئایـەتی(٣٩)ی سورەتی(الحج)دا هاتوە، هەروەها ئامانجێكیشی هەیـە كـە بریتیـە لەبـەرز ڕاگرتنـی وشەو دروشمی خواوەند، لەئازادیو دادپـەروەریو یەكسـانیدا، كـە لەئایـەتی(٤٠)ی سورەتی (التوبة)دا هاتوە.

ئەو تێكەڵكردنە بە مەبەستەی كە لـەنێوان هۆكـارو ئامانجـەكانی(قتال)دا كـراوە، هەروەها تێكەڵ كردنی بۆنەو هۆكارەكان(الاسباب والمناسـبات) لەبابـەتی دابـەزینی دابەزێنراوی بەجێدا، دەرهاویشتەی خراپی بەدوای خۆیـدا هێنـاوە كـە گرنگترینیـان لادانو بەلاڕێدا بردنی ئەم دوو بابەتەیەو دورخستنەوەیانە لەو ئامانجە گەورانەی كە خواوەند لەدابەزێندراوی بەجێدا بۆی دەستنیشان كردون.

هەروەها ناو لێنانی بۆنەكانی دابەزین (مُناسبات النـزول) بـەهۆكارەكانی دابـەزین (اسباب النـزول)بـو بـەهۆی ئـەوەی كـە ئـەو دەقـە مێژووییانـەی كـە لەدابـەزێنراوی بەجێـدا هـاتون، بەتایبـەت چیرۆكە موحەمەدیـەكان، لەتـەوەرەی خۆیـان لابـدرێنو بگوێزرێنــەوە بـۆ تـەوەرەی ئـەحكامی شـەرعی، لەكاتێكـدا كـە ئـەو بەسـەرهاتو چیرۆكو ڕوداوانە دەچنە خانەی پێغەمبەرایەتی و(نبوة)ەوە، نـەك پەیامهێنەرایـەتی و(الرسولية و الرسالة)ەوە.

---

لەبەرهەمەكانی شێخ: (فقه القرآن/ المقارنة بين المذاهب/ القتال في الاسلام).

سەرەڕای دژایەتیو رەخنەی قورس لەبزوتنەوەی جودا خوازی لەسوریاو بە(مرتد) دانانی سەكردەكانی ئەو بزوتنەوەیە، بەڵام بە تەنها پیتێكیش ئەم شێخە رەخنەی دەرنەبڕی بەرامبەر جەمال عەبدولناسر كاتێك سوپای ڕەوانە كرد بۆ جەنگ دژی دەوڵەتێكی موسڵمان لەیەمەنو كاری كرد بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی حوكم لەو وڵاتەدا.

بەهەمان شێوە ناو لێنانی چوار ئامانجەکەی(قتال)و ناو لێنانیان بە هۆکار، دەبێتەهۆی ئەوەی کە گەردون ببێتە گۆڕەپانی جەنگێکی هەمیشەیی، لەکاتێکدا کە(قتال)هەلومەرجێکی کاتیو نەخوازراوە، لێرەوە ئەو ئامانجە مەزنەی کە لەئایەتی(١٣)ی سوەرتی(الحجرات)دا ئاماژەی پێکراوە لەبار دەبرێت.

کە بریتیە لەبەیەك ئاشنا بونو پێکەوە ژیانی گەلو نەتەوەکان.

شێخ شەلتون لەو بڕگە نوسینەیدا کە باسمان کرد تەنها بەوەوە نەوەستاوە کە ناوی شتەکان بگۆڕێتو تێکەڵیان بکات بەیەکدا، بەڵکو ئەوەندە پێناسەکانی بە کورتی کردوە کە ئەو کورت کردنەوەیە بوەتە هۆی ئەوەی زیان بە بونیادی پێناسەکان بگاتو بە شێوازی جۆراوجۆر لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، یاخود لێکدانەوەی جۆراو جۆر قەبوڵ بکەن، بۆنمونە کە دەڵێت: (رد العدوان)و بەرپەرچدانەوەی دەسدرێژکاری، مەبەستی لەم ڕستەیە ئەوەیە کە بەر پەرچدانەوەی هەر دەسدرێژکاریو هێرشو پەلامارێك کە لەدەرەوەی سنورەکانەوە بکرێت.

ئەم چەشنە لەجەنگو کوشتار پێویستی بە مۆڵەتی خواوەندو نیگای ئاسمانی نیە، بەڵکو پاڵنەرێکی سروشتیەو لەناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیەو تەنانەت گیان لەبەرانو هەندێ لەڕوەکەکانیش ئەم پاڵنەریان تێدایەو لەحاڵەتی دەسدرێژی بۆ کردنیاندا بەنابەجێ، کاردانەوەو بەر پەرچدانەوەیان دەبێت.

یان بە واتایەکی تر لەم دونیایەدا بە مەبەستی دەسدرێژی، دەست بۆ هەر بن بەردو حەشارگەو هێلانەیەك ببەیت ئەوا بێگومان لەگەڵ بەرگری خاوەنەکەیدا ڕوبەڕو دەبیتەوە.

هەروەها کاتێك شێخ دەڵێت:(حماية الدعوة)وپارێزگاری بانگەواز، مەبەستی بەم وشەیە ئەوەیە: پارێزگاری بانگەوازی ئیسلامییو کارەکتەرو کادیرەکانیو زاناکانی بکرێت، بەڵگەش لەسەر ڕاستی ئەم بۆ چونە ئەوەیە کە بەلای شێخەوە بانگەوازکارانی بانگەوازی بە گاورکردنو بەجوکردن(المبشرون)ئەم پارێزگاریە نایانگرێتەوە ئەگەر نەڵێین بەلای شێخەوە تەنگ پێ هەڵچینینو دژایەتی کردنیشیان ڕەوایە.

سەبارەت بەو قسەیەش كە دەڵێت: (حرية الدين)و ئـازادی ئـاین، مەبەسـتی پێـی بەتایبەت ئازادی ئاینی ئیسلامە، نەك ئازادی بیروباوەڕ بەشێوەیەكی گشتی.

واتە قیبتیەكان[٢٥] و جولەكەو بوزیەكانو ئەوانیتر ئازادی ئاینی نایان گرێتەوە.

هــەروەها ئــەوەی كــە شــێخ دەڵێــت: (پاكردنــەوەی ســەرزەوی لــە ســتەم وستەمكاری)مەبەسـتی پێـی: پاكردنــەوەی گەردونــە لەشـیركو كـوفر، ئـیتر ئــەو چەشنەكانی تری ستەم، كـە ڕۆژانـە دەسـەڵاتە پۆلیسـیەكەی جـەمال عەبدولناسـر پێیان هەڵدەسا لەهەڵكوتانە سەر ماڵانو دەسبەسەرا گرتنـی مـاڵو مـوڵكی خـەڵكو گرتنو بـێ سـەرو شـوێن كردنـی رۆڵـەی خـەڵكو نـەیارەكانیو سـزادانیان لەزیندانـە ترسناكەكانیداو ڕاوەدونانی ڕۆڵەو خوشـكو براكانیـانو خـاڵو مـامو پـورو تەنانـەت زاواكانیشیانو بەبێ تاوان گرتنیان، ئەمانە هەمویان شایانی ئەوە نەبون كە بێن بـە خەیاڵی شێخدا.

٢. سەید قوتب[٢٦]لەكتێب(معـالم في الطريـق)دا لـەژێر ناونیشـانی(الجهاد في سـبيل الله)دا پاش ئەوەی كە قسە لەبارەی ئەوكەسانەوە دەكات كە لەڕوی ڕۆحیو عەقڵو ژێریـەوە شكسـتیان خـواردوەو وا دەزانـن كـە ئیسـلام بـۆ بـەرگری نـەبێت جیهـادو تێكۆشان ناكاتو بەم كارەشـیان وا ئـەزانن چـاكەیەك دەكـەن لەگـەڵ ئـەم ئاینـەدا،

---

[٢٥] پرسی قیبتیەكان لەوڵاتی میسردا بۆمێكی چێنراوەو ئامادەیە بۆ تەقینەوە لەهەر چركەیەكدا، بەتایبەت لەدیدگاو گۆشەنیگای ئەزهەرو شێخەكانیەوە كە پێكەوە ژیانو بەیەك ئاشنا بون ڕەت دەكەنەوە.

قیبیتەكان باوەڕیان وایە كە ئەوان دانیشتوانی ڕەسەنی میسرنو ئەوانیتر داگیركارنو هاوردەكراون.

بەڵگەش بۆ ئەم بۆچونەیان ئەوەیە كە وشەی(Egypt)بە بەڵگەی پیتەكانی واتای ئەوە دەگەیەنێت كە بریتیە لە(نیشتمانی قیبتیەكان)نەك مانای(میسر) هەروەها وشەی (Egyptian) مانای(قیبتیە) نەك (میسری)

[٢٦] ناوی (سيد قطب إبراهيم حسين شاذلي)ە لەبەرواری(١٩٠٦/٩)ز لەگوندی(موشە)كە گوندێكە سەر بە پارێزگای(اسیوط)ە لەدایك بوە، لەبەرواری (١٩٦٦/٨/٢٩) كۆچی دوایی كردووە.

ئەو نوسەرو ئەدیبو بیرمەندێكی ئیسلامی بو لە دیاریترینی ئەوكەسانە دادەنرێت كە لەسەدەی ڕابوردودا گەورەترین كاریگەری هەبوە لەسەر بزوتنەوە ئیسلامیەكانی كە لەو دەمەدا سەریان هەڵداوە.

(سيد قطب) سەر بە بزوتنەوەی برایانی موسڵمان بو، ئەم زاتە چەندین بەرهەمو كتێبی هەیە لەبارەی ژیارو بیری ئیسلامیەوە.

بەڵام نازانن بەم کارەیان ئەم ئاینە دادەڕنن لەو پرۆگرامەی کە هەیەتی لەبارەی ڕامالێنی ستەمکارو ستەمگەرەکانەوە بەگشتی لەسەر زەویدا،دەڵێت: {هەرگیز ئیسلام نەی ویستوە بە زۆر خەڵکی ناچار بکات تاوەکو بیروباوەڕەکەی وەربگرن، بەڵام دەبێت بزانین کە ئیسلام تەنها بیرو باوەڕ نیە، بەڵکو وەك وتمان ئیسلام جاڕنامەیەکی گشتیە بۆ ئازادکردنی مرۆڤایەتی لەبەندایەتی بەندەکان، یەکێك لەئامانجە سەرەتاییەکانی ئیسلام، ڕامالێن و ڕوخاندنی ئەو دەسەڵات و ڕژێمانەیە کە لەسەر بنەمای فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی مرۆڤەکان بەسەر یەکترەوەو بەندایەتی مرۆڤەکان بۆ یەکتر دامەزراون، پێویستە ئەو دەسەڵاتانە بەهێز بڕوخێنرێن و ڕامالرێن، پاش ڕوخاندنی ئەم ڕژێمانە ئیسلام تاکەکان ئازاد دەکات تاوەکو بەکردار ئازاد بن لەبیروباوەڕیاندا وپاش ڕامالێنی فشاری سیاسی لەسەر ڕۆح و عەقڵیان ئازادیان دەکات تا ئەو بیروباوەڕە هەڵبژێرن کە دڵخوازی خۆیانە، بەڵام دەبێت بزانین کە ئەم ئەزمون کردنە لەئازاد کردن مانای ئەوە نیە کە دەسبدەنە پەرستنی هەواو ئارەزوەکانیان، یاخود هەندێکیان ببنە بەندەو کۆیلەی هەندێکی تریان و چەند کەسێکیان خۆیان بکەنە خواو خاوەنی ئەوانی تریان و پشت لەخواوەندی باڵا دەست بکەن.

ئەو سیستەمەی کە فەرمانڕەوایەتی مرۆڤ دەکات لەسەر زەویدا پێویستە بنەڕەتەکەی لەسەر تەنها بەندایەتی بۆ خواوەند دامەزرابێت، ئەویش بەوەی کە هەموو یاساکان لەخواوەند وەرگرن پاشان لەسایەی ئەو سیستەمە گشتیەدا هەرکەس ئازاد بێت چ چەشنە بیروباوەڕێك هەڵبژێرێت بۆ خۆی} . معالم في الطريق لاپەڕە(٧١).

ئەوەی كە یەكەمجار سەرنجی لێكۆڵەر ڕادەكێشێت هەروەك چۆن لەنوسینەكەی شێخی ئەزهەردا بینیمان، لێرەش برتییە لەناونانی شتەكان بەناوی ترەوەو تێكەڵ كردنیانە.

بەڵكو لەوەش زیاتر بوەتە خوێكی گشتی لەلای زانا بەڕێزەكانمان چ لەنوسینەكانیاندا بێت یا خود لەوتاری سەر مینبەرەكانیان یاخود لەكۆڕە زانستیەكانو تەنانەت بابەتەكانیشیاندا كە دەی نوسنو بڵاوی دەكەنەوە.

ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە كە باوەڕیان بە(ترادف)و هاوشێوەیەتی لەوشەكاندا بوە، واتە بۆ هەر مەبەستێك چەند وشەیەكیان بەدوای یەكدا ڕێزكردوەو ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی كە بكەونە هەڵەی زمانەوانیەوەو(كذب)یان لێ ببێتە(إفتراء)و(إفتراء)یشیان لێ ببێتە(إفك)و دواتر لەگەڵ ئەم تێكەڵ كردنو لێ گۆڕانەدا(جهاد)یشیان لێ بوە بە (قتال)و(قتال)یشیان لێ بوە بە(غزو).

ئەگەر ئەمە لەوتارە(عاطفی)و سۆزداریەكاندا دروست بێتو بگونجێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەك لەوتارو لێكۆڵینەوە زانستی وعەقڵیو لۆژیكیەكاندا ناگونجێتو ڕێگەی پێ نادرێت.

بۆیە ئێمەش هەمیشە پێ لەسەر ئەم بابەتی(ترادف)ەدادەگرین، چونكە دەزانین چ ڕێ هەڵەكردنو ڕێ لێ هەڵەبونو سەرگەردانیەكی لێ دەكەوێتەوە.

لەوانەیە باشترین نمونە كە لەم بوارەدا گونجاو بێت بیهێنینەوە ئەو كارە بێت كە موعاویەی كوڕی ئەبو سوفیان كردی كە ناوی(گەنجینەی گشتی)گۆڕی بۆ(بیت مال المسلمین) پاشان ئەو هەڵوێستەی ئەبو زەڕ كە بەدژی موعایە وەستایەوە لەم مەسەلەیەدا.

هەرچەند لە ڕوكاردا ئەم دوو وشەیە لەیەك دەچن بەڵام لەناو ئاخندا مانای تری لێ دەگیرێت، كە دواتر بینیمان موعاویە دەستی گرت بەسەر ماڵی گشتیدا.

لەنوسینەكەی سەیددا دەستە واژەی(بەڵام دەبێت بزانین كە ئیسلام تەنها بیروباوەڕ نیە)واتای چی دەگەیەنێت..؟

سەرەتا دەبێت بزانین كە ئیسلام لەسەر(مُسَلَّمة)و بەڵگە نەویستێك دامەزراوە كە ئەویش باوەڕ بونە بە خواوەندو ڕۆژی دوایی، هەروەها لەسەر یەكتاناسی و یەكتاپەرستی لەئلوهیەتو ڕبوبیەتدا، ئەم باوەڕە لەدڵدا دادەمەزرێتو دەبێتە بیروباوەڕێك، پاشان كرداری ئەندامەكانی لەش، بونی ئەم بیروباوەڕە بەرجەستە دەكەنو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەهەڵسو كەوتیانداو لەبەها باڵاكانیاندا، لەیاسا دانانیاندا، لەدروشمو ڕێو ڕەسمەكانیاندا، هەركەس لەبواری بیروباوەڕدا قسەی كردبێتو باسی یەكتاپەرستی كردبێت بەهەڵەدا نەچوە، ئەگەر ئەم مەسەلەیە وابێتو دڵنیاشین كە هەروایە، ئەی باشە بۆ(سەید قطب)بە مەبەستەوە ئەم دەستەواژەیەی بەم شێویە دارشتوە..؟ یاخود بۆچی بڕیاری داوە كە ئیسلام سیستەمێكی خواییە، نەك تەنها بیرو باوەڕێك..؟

لەوەڵامدا دەڵێین: چونكە مەبەستی بوە لەوێوەو پاش ئەو دەستەواژەیە بگاتە دوو مەبەست:

یەكەمیان: حاكمیەتو فەرمانڕەوایەتی خواوەند بەو شێوەیەی كە خۆی دەی بینێتو لێی تێدەگات(لەجێگەیەكی تری كتێبەكەیدا بەدرێژیو وردی لەسەر ئەم ڕێچكەی خۆی باسی ئەم حاكمیەتەی خواوەندی كردوە).

دوەمیان:وەك خۆی دەڵێت: (یەكێك لەئامانجە سەرەتاییەكانی ئیسلام، ڕامالینو ڕوخاندنی ئەو دەسەڵاتو ڕژێمانەیە كە لەسەربنەمای فەرمانڕەواییو دەسەڵاتی مرۆڤەكان بەسەر یەكترەوەو بەندایەتی مرۆڤەكان بۆ یەكتر دامەزراون، پێویستە ئەم سیستەمانە بەهێز ڕامالرێن و بڕوخێنرێن).

ئـەم دەسـتەواژەیەی کۆتـایی بـە دیـاری کـراوی، مەترسـیدارترینو گـرنگترین دەسـتەواژەکانی نێـو ئـەو بڕگەیـە لەنوسـینەکەی سـەیددا کـە وەك نمونـە وەرمـان گرتوە، چونکە لەلایەکەوە بە وەرچـەرخانێکی گـرنگ دادەنرێـت لەبۆچـونی هەنـدێ خەڵك لـەبارەی پرسـی(قتال)ەوە لەئیسـلامداو لەلایـەکی تریشـەوە لەوانەیـە یەکـەم جاربێت لەمێژوی ئیسلامی سیاسیدا کـە بناغـەی ڕەوایـەتیو واجـب بـونی دەرچـون لەفەرمانو وەستانەوە بەڕوی حاکمو فەرمانڕەوای ستەمکاردا داڕێژرابێت.

ئـەم وەرچـەرخانە مێژویـەش لەپرسـی دەرچـون لەفـەرمانی حـاکمو وەسـتانەوە بەڕویدا لەبەر چـەند هۆکارێکـە کـە بـەهیچ شـێوەیەك پەیوەنـدیان نیـە بـە ئـازادیو دادپەروەریو یەکسانیەوە، پێش ئەوەی بچینە قولایی ئەم باسـەوەو شـەنو کـەوی بکەین بڕگەو نمونەی سێیەمیش دەخەینەڕو پاشان دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە.

٣.لەچـاوپێکەوتنێکدا لەگـەڵ ئاژانسـی هەواڵـەکانی فەرەنسـادا کـە ئاژانسـەکە چـاوپێکەوتنەکەی لـەمانگی(اغسـطس)ئـابی سـاڵی(١٩٩٧)دا بڵاوکردوەتـەوە(أیمـن الظواهري) دەڵێـت: {بەدڵنیاییـەوە هـەر چەشـنە نـەرمی نوانـدنێك لەگـەڵ سسـتمی فـەرمانڕەوادا لـەڕوی شـەرعیەوە قەدەغـەکراوە، چـونکە لەشـەریعەتدا هەرچەشـنە سـازانو یـاخود نـەرمی نوانـدنێك لەگـەڵ هەڵگەڕاوەو(مرتـدّ)دا قەدەغەیـە، وە هـەر حـاکمو فەرمانبەدەسـتێکیش لەشـەرع هەڵگەڕایـەوە ئـەوا پێویسـتە لەسـەر هـەموو موسڵمانان لەدژی هەستنو دەسەڵاتی لێ وەرگرنـەوە، ئەمـەش واجبێکـە دەکەوێتـە ئەستۆی یەك بەیەکی موسڵمانان ئەوانەی کە توانای ئەم کارەیان هەیە.

ئاگر بەس لەگەڵ کافراندا دروستە بەڵام لەگەڵ هەڵگەڕاوەدا دروست نیـە، چـونکە ئەو سیستەمە هەڵگەڕاوەیەو هیچ کاتێك ڕۆژێك لـەڕۆژان ڕوبەڕوبونـەوەی سـەربازیو هـەموو چەشـنەکانی تـری ڕوبەڕوبونـەوەو بـەرەنگاری وەك چـالاکی بانگـەوازیو

فیكـریو بـواری ڕاگەیانـدن لـەنێوان تێكۆشـەرانو ئـەو سیسـتەمە هەڵگەڕاوەیـەدا ڕاناگیرێت تـا ئـەو سیسـتەمە هەڵگەڕاوەیـە واز لـەحوكمو كاربەدەسـتی هەڵنـەگرێت بەسەر موسڵمانانەوە}.

ئەم بۆچونە ئاشكراو ڕاستەوخۆیە لەبارەی داخوازی حوكمو فەرمانڕەوایەتیەوە كە لەبڕگەكانی(٢و٣)دا هەیە تازە نیە، چونكە لەڕۆژگارەكانی سەردەمی عوسمانی كوڕی عەفانو دواتریش لەجەنگی جەمەلو جەنگی صفینو ڕۆژگارەكانی سەردەمی عەلی كوڕی ئەبوتالبیشدا بینیمان، هەروەها لەشۆڕشی(موالي)یەكاندا بنینمان كە بەهۆیەوە دەسەڵات لەئەمەویەكانەوە گوێزرایەوە بۆ عەباسیەكان، هەروەها دواتر بەڕونترو بێ هیچ روتوشو جوانكاریەك لەنێوان(محمد الأمین)و(عبدالله المأمون)ی كوڕانی هارونە ڕەشیددا بینیمان، ئەم تێڕوانینو چەشنە بیكردنەوەیە لەدەسەڵات خوازی، ڕۆژێك لەڕۆژان لەسەر شانۆی ڕوداوەكان ون نەبوەو بەدرێژایی ئەم چەند سەدەیەی كە ڕابوردوە بەردەوام ئامادەییو بونی هەبوە، بەڵام ئەوەی كە جێگەی سەرسوڕمانو سەرسامیە سەرهەڵدانی شەرعاندنو بە ڕەوا بینینی كوشتاری حاكمو فەرمانڕەوایە لەسەر بنەمای ئەوەی گوایا ئەو دەسەڵاتە(مرتد)و هەڵگەڕاوەیە، هەروەها لەسەر بنەمای ئەوەی كەوا حوكمو كار بەدەست، كار بەوە ناكات كە خواوەند دای بەزاندوە، بە واتایەكی تر ئەوەی كە تازەیەو مایەی لەسەر وەستانو سەر سوڕمانە، دروشمی هەڵگەڕانەوەو حاكمیەتی خواوەند(الرِّدة وحاكمیة الله)ە، تەنانەت ئەگەر ئەو حاكمە لەلایەن خەڵكیشەوە هەڵبژێردرابێت، هەروەها جیاوازی ناكرێت لەچەشنی سیستەمە حوكمڕانەكەدا كە ئایا پاشایەتیە یاخود كۆماری..؟ هەروەها گوێ نادرێتە ئەوەی كە ئایا ئەم سیستەمە چەندە وڵاتی لەڕوی ئابوریەوە پێش خستوە..؟ یاخود ئاسایشو ئارامیو خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك دابین كردوە.

لەکاتێکدا کە فەقیهەکان کوشتاری کاربەدەستی موسڵمانیان قەدەغە دەکرد ئەگەرچی ستەمکاریش بێت، دروشمیشیان لەم بوارەدا ئەوەبو(ببیسەو گوێ بگرە ئەگەر چی بیشدات بە پشتداو دەست بگرێت بەسەر ماڵو سامانیشتدا)یان ئەگەر دەسەڵاتدارەکە ستەمگەرو خۆسەپێنیش بوایە، دروشمیان ئەوەبو کە دەیانگوت: گوێ ڕایەڵی واجبەو دروشمەکەیان دەیوت: (گوێڕایەڵی بۆ خاوەن دەسەڵاتو هێزە).

هەردو نوسەرەکە بانگەواز بۆ کوشتارو جەنگان لەگەڵ حاکمو کاربەدەستی ستەمکاری دەرچو لەفەرمانی خوا دەکەن، بەڵام ئەم بانگەواز کردنە هەرگیز بەرز ڕاگرتنی(كلمة الله)ی لەئازادیو دادپەروەریو یەکسانی بۆ هەموانی بە ئامانج نەگرتوە، بەڵکو ئامانج لێی دەسگرتنە بەسەر دەسەڵاتداو ئەم دو ئامانجەش جیاوازن لەیەکتر.

ئێمەش لەگەڵ هەردو نوسەرە ئیسلامیەکەدا یەکدەگرینەوەو هاوڕاین لەوەدا کە ئیسلام سیستەمێکی خوایی تێرو تەسەلە بەجێبەجێ کردنو تێگەیشتنێکی ڕێژەییو مرۆییەوە، کاروباری پەیڕەوەکانی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا ڕێك دەخاتو یەکێك لەو کاروبارانەش بریتیە لە جەنگو کوشتار(قتال).

ئەم دو ئایەتەش دو بەندن لەوسیستمە تێرو تەواوە:

﴿فَمَنْ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ﴾ البقرة/١٩٤.

واتە: هەرکەس دەسدرێژی کردە سەرتان، ئێوەش وەك خۆی بەرپەرچی بدەنەوەو پارێزکاریی لە سنورەکانی خواوەند بکەن و بیشزانن کە خواوەند لەگەڵ پارێزکاراندایە.

﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَإِنْ تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى﴾ فاطر/١٨.

واتە: هیچ كەسێك تاوانی كەسی تر هەڵناگرێت، ئەگەر كەسێك كە لەژێر بارە قورسەكەیدایەو هانای برد بۆ كەسێك تا هاوكاری بكات، ناتوانێت باری سەرشانی سوك بكات با لەكەسە نزیكەكانیشی بێت.

وەك وتمان ئەم دو ئایەتە دوو بەندن لەو سیستمە خواییەو لەبارەی ڕێساكانی جەنگەوە قسەدەكەن، خێرە ئەم دوو نوسەرە هەردوكیان چاویان لەم ڕاستیانە پۆشیوەو لەڕوی تیۆرییەوە ئاماژەیان پێنەداون‌و لەڕوی كرداریشەوە بانگەواز بۆ تیرۆركردن‌و كوشتنی پیاوانی ئاسایش‌و وێرانكردنی دامەزراوە گشتیەكان‌و تەقاندنەوەی بازاڕەكان دەكەن بەسەر خاوەنەكانیاندا، بەتایبەتی لەكوشتنی یەكلایەنەدا ئەگەری ڕودانی ئەم ڕوداوانە زۆر بەهێزتر دەبێت، واتە: لەم كوشتنە یەك لایەنەیەدا كە ئەوان پێی دەڵێن: (قتال).

سەید قوتب بەوە دەست پێ دەكات كە دەڵێت: {هەرگیز ئیسلام مەبەستی ئەوە نەبوە كە خەڵكی ناچار بكات‌و بە زۆرەملێ بیروباوەڕەكەی بسەپێنێت بەسەریانداو ناچاریان بكات باوەڕ بهێنن}.

دواتر بەردەوام دەبێت‌و دەڵێت: {بەڵام ئەم ئەزمونە مانای ئەوە نیە كە هەواو ئارەزوەكانیان بپەرستن یاخود كۆیلایەتی هەڵبژێرن بۆ خۆیان‌و پەسەندی بكەن كە بە كۆیلەیی بژین}.

ئەگەر مرۆڤ سەرنج بداتە بەشی یەكەم لەنوسینەكەی سەیدقوتب، هەست بە نمونەیەكی سەیرو سەمەرە لەنمونەكانی داخران‌وناڕونی دەكات، كە دەكرێت بە چەندین شێوە لێكدانەوەی بۆ بكرێت، بۆنمونە: نوسەر مەبەستی لە(اسلام)چییە..؟

ئەگەر مەبەستی پێی ئەو پەیمانە توندو تۆڵەیە كە خواوەند بە نیگا ناردی بۆ پەیامهێنەرەكەی(د.خ)كە ئەو پەیامە تایبەتمەندی ئەوەیە هەركەسێكی ژیرو فامیدە پابەندی بێت، ئەوا سەر دەكەوێتو ڕزگاری دەبێت، ئەوە بنەمای﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ تەنها یەكێك نیە لەئامانجەكانی ئەو پەیامە، بەڵكو﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ناوكرۆكو بڕبڕەی پشتی ئەو پەیامەیەو هەموو فەرمانەكانی ئەو پەیامە لەسەر ئەو بنەما گەوهەریە بونیات دەنرێت، تەنانەت هەموو ئەو فەرمانە خواییانە، مرۆڤ بەبێ ملەجیڕەو بە قەناعەتەوە هەمویان پەسەند دەكاتو وەریان دەگرێتو پەیڕەوییان لێ دەكات، ئەگەر وانەبوایە تەسلیم بونی مرۆڤ هیچ مانایەكی نەدەبو، سزاو پاداشتیش نەدەهاتنە گۆڕێ.

ئەگەر سەید مەبەستیشی لە(اسلام)ئەو ئیسلامە مێژوییەی ناو كتێبە فیقهیو كەلەپوریەكانە(هەر ئەمەش لای ئێمە پەسەندە بە بەڵگەی ئەو واتا گشتیەی كە باوە)ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەم پیاوە قسەیەكی ناڕەوای بەدەم ئەو مێژوەوە كردوە كە لێوان لێوە لەچەندین شێوازی سەركوت كردنو ناچاركردنی زۆرەملێی خەڵك بۆ ئەوەی بەزۆر ئەو بیروباوەڕە وەرگرن، بەناوبانگ ترینی ئەو نمونانە بریتیە: لەو قەسابخانەو شەرمەزاریانەی كە لەسەردەستی (موعتەزیلە)كاندا ڕویاندا لەسەردەمی(مأمون)ی عەباسیدا، پاشان ئەو قەسابخانەو شەرمەزاریانەی كەلەسەردەستی ئەهلی سونەو جەماعەدا ڕویاندا لەڕۆژگارەكانی حوكمی(متوكل)و دواتردا.

ئەگەر فەقیهەكانی دەرباری سوڵتانەكان هەر لەسەرەتای سەدەی یەكەمی كۆچیەوە بناغەی بیرۆكەیەكی قیتالییان لەسەر بناغەی پەل هاویشتنی داگیركاری لەژێر ناونیشانی بڵاوكردنەوەی بانگەوازدا داڕشتبێت، بیرۆكەی پەلاماردانو هێرش بردنیان بۆ دەستخستنی ماڵو سامان لەژێر ناونیشانی (جهاد)دا داڕشتبێتو،

هــەروەها بیرەکــەیان لەســەر بنــەمای دەســەڵاتو ئامــانجی سیاســی لــەژێر ناونیشـانی(القتال في سـبیل الله)دا دارشـتبێت، ئـەوا وەك خۆیـان بـەخۆیان دەڵـێن (شـارەزاکانی بێـداری ئیسـلامیی)ش لـەناو گروپـە چـەکدارەکانی وەك: جەماعـەی ئیسـلامیی‌و، جیهـادو، قاعیدەو...هتـد لـەو ڕێکخسـتنانەی کـە لەکۆمـەڵی برایـانی موسـڵمانەوە سەرچـاوەیان گرتـوە، ئـەم دەسـتەو گروپانـەو شـارەزاکانی بێـداری ئیسلامیش بەردەوام هەوڵی دارشتنی بیروباوەڕێکی کوشتاری تازەی ئـەوتۆ دەدەن کـە هـەمو لایەنـە خـراپو نابـەجێکانی بیروبـاوەڕو بیرۆکـە کۆنەکـە لـەخۆدەگرێتو لەوەش زیاتر چەندین لایەنی خراپەی تازەشی بـۆ زیـاد دەکـەن، وەك: هەوڵـدان بـۆ هەڵگێڕانەوەی حوکمو ئەنجامدانی کودەتای سەربازی لـەناوخۆو دەسـتگرتن بەسـەر دەسەڵاتدا لەڕێگەی بـەڕەوابینینی توندوتیـژیو کوشـتنو وێرانکـاریو ڕوخاندنـەوە، ئەمانــە هــەموی لــەپێناو ئامــانج گەلێکــدا کــە بــۆنی ســتەمگەری وتــاکڕەویو وەلاخستنیان لێوە دێت.

دوای لێبونـەوە لـەو سـەرنجانەی کـە سـەر بـە بەشـی یەکـەم لەقسەکانی(سـید قطــب)ن لەنوســینەکەیدا، کــە نوســەر دەیــەوێت وامــان تێبگەیــەنێت، ئیســلامە مێژوییەکە هەمو ئازادیە تاکە کەسیەکانو ئازادی بیروباوەڕی دەستەبەر کـردوە بـۆ خەڵکی سەردەمەکانی ڕابوردو، ئەوجا مرۆڤ سەرسام دەبێت کاتێك دەبینێت نوسەر هێڵی چـەپو ڕاسـت دەهێنێـت بەسـەر هـەموو ئـەو قسـەو نوقڵانانـەدا کـە لەبەشـی یەکەمی نوسینەکەیدا باسی لێوە کردون، پاشان بە هەموو ڕوداریەکەوە دان بـەوەدا دەنێتو ڕای دەگەیەنێت کە بەڵێ ئیسلام ئازادی بیروباوەڕ بۆ خەڵك دابین دەکات، بەڵام ئەو خەڵکانەش بۆیان نیە هیچ چەشنە هەڵبژاردنێك بکەنو تـەنها یـەك بـژاردە لەبەردەمیاندایە.

دەکـراو ڕێـی تێدەچـو کـە ئێمـەو هـەموان بـەبێ گوێدانـە ئـاینو تـیرەو دەستەگەرییەك، شوێن ئـەم دوو نوسـەرەو هاوشـێوەکانیان بکـەوین ئەگـەر بهاتبـا لەناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا بانگـەوازیان بکردایـە بـۆ جـەنگو کوشـتار لـەپێناو بـەرز ڕاگرتنی(کلمـة الله)دا لـەئازادیو دادپـەروەریو یەکسـانی بـۆ هـەموان، بـەڵام ئـەوان داوای هەڵگەڕاندنـەوەو ڕوخانـدنی دەسـەڵاتو وڵاتو دەس بەسـەراگرتنی دەکـەنو بانگەواز بۆ ئەمە دەکەن.

هـەروەها دەکـرا ئێمـەو هـەموان بچـینە نـاو ڕیزەکانیانـەوەو بەشـداری پـرۆژەو ڕێڕەوەکـەیان بکـەین، ئەگـەر بهاتبایـەو بـەکردارو لەسـەر زەویـدا بمانبینیایـە کـە ڕاسـتگۆن لەگـەڵ دروشمەکانیانـدا، بـەڵام دەیـانبینین بـەو پـەڕی خـوێن ساردیەوە کرداری تـیرۆرو تۆقانـدن نـەك تـەنها دژ بـە دەسـەڵاتداران‌و سـەربازەکانیان، بـەڵکو لەنێوان خۆشیاندا دژ بەیەکتر کاری تیرۆرو لەناوبردن ئەنجام دەدەن.

نمونـەی ئـەم کـارە قێزەونانـەیان ئەوەیـە کـە(اسـامة صـديق أيـوب)کـە یەکێکـە لەئەندامانی ڕێکخستنی جیهادی ئیسلامی کە(أيمن ظـواهيري)سـەرۆکایەتی دەکـات، ئەم(أسامة صديق أيوب)ە هەسـتا بـە کوشتنی(حسـام البطـوجي)سـەرکردەی بـاڵی سەربازی ڕێکخسـتنی جیهـاد لەناوچـەی(بنی سـيوف)و پاشـان بـە شمشـێر پارچـە پارچـەی کـرد، تـەنها لەبـەر ناکۆکییـەك کـە لەنێوانیانـدا سـەری هەڵـدابو لـەبارەی ڕابەرایەتی کۆمەڵەکەیانەوە، هەروەها بینیمـان کـە کـاری تێکدەرانـەو ئـاژاوەگێڕیو کۆکردنـەوەی پـارەو پـولو سەرانەسـەندن لەخـەڵك ئـەنجام دەدەنو وەك هـەموو باندەکانی مافیا لەجیهاندا بە ناڕەوا پـارە لەدەوڵەمەنـدەکان دەسێنن، بـە بیـانوی ئـەوەی کـە ئـەمان موجاهیـدنو خـوا بەشـێکی بـۆ دیـاری کـردون لـەماڵو سـامانی خەڵکیداو پێویستە لەسەر خەڵکیش(پێیان خۆش بێـت یـاخود نا)ئـەو بەشـەیان بـۆ

دابـین بكـەن‌و بـەو شـێوەی كـە خۆیـان دەیانـەوێت دەسـتی بخـەن، تـا ئێسـتاش لەسەرانسەری جیهاندا چەندین كەسی هەڵخەڵەتاو هەن كە پارەدەدەن بەم دەستەو گروپانـە لەسـەر بنـەمای ئـەوەی كـە گوایـا بەخشـین لەڕێگـەی خواوەنـدا ئـەنجام دەدەن، بەڵام ئەم دەوڵەمەندانە بەهیچ شێوەیەك دەستیان تێی ناچێت یارمـەتی كەسێك بدەن كە داوای ئازادی بۆ هەموان دەكات، تا هەموان ئازاد بن لەهەڵبژاردنی بیروباوەڕو ویژدان‌و دەربڕینیانداو ئازاد بن چ ئاینێك پەسەند دەكەن.

سیاسەتی لەناوبردن‌و یەكتر كوشتن، بەشێكە لەبیروباوەڕێكی شەرەنگێزی قیتاڵی كـە(وەك خۆیـان دەڵێن)شۆڕشـگێڕە ئیسـلامیەكان پـەیڕەوی دەكـەن‌و نـە لـەدورو نەلەنزیكەوە هیچ پەیوەندیەكی نیە بە(القتال في سبيل الله)وە بـەڵكو ئـەوە هـەموی كوشتنی یەك لایەنەیەو هیچی تر، لەم پرۆسە نەگریسەدا بكـوژانی قەیسـەر لـەڕۆماو بكوژانی حوسێن لەكەربەلاو بكوژانی نەقراشی پاشا لەمیسرو بكوژانی جۆن كەنەدی لەئەمریكا، هەمویان لەیەك تای ترازودان.

ئەگـەر بهاتبایـەو نمونەیـەكی بـەناوبانگمان لەبەردەسـتا نەبوایـە كـە ئـەویش نمونەی(طالبان)ە لەئەفغانستان كە دەستەیەكی ئیسـلامی چـەكدارن‌و سـەرەنجام و ئاكامی كارەكەیان لای هەموان ڕونە، ئەگەر لەبەر ئەمە نەبوایە دەكـراو دەمـانتوانی پشتگیری ئەم گروپ‌و دەستەو ڕێكخستنە چەكدارانە بكەین‌و سەریان بخـەین، بـەڵام وەك پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێت: (باوەڕدار دوجار لەكونێكەوە ناگەزرێت).

سـەبارەت بـە دروشمـی(حاكمیـة الله)ش كـە ئـەم دەسـتەو گروپانـە بـەرزیان كردوەتەوەو بەردەوام تا ئێستاش هەر بەرز دەكرێتەوە، ئـەم دروشمـە دروشمێكـی تەواو لێڵ‌و گوماناویـەو مەبەسـتەكەی تـەنها گەیشـتنە بەدەسـەڵات، بەدڵنیایشـەوە بۆیـە نـاتوانن دروشمـی(السـلطه لله)بەرزبكەنـەوە چـونكە هـەمومان دەزانـین كـە

لەجیهاندا هەمو وڵاتەكان دەسەڵاتیان هەیە، دەشزانین كە ئەو دەسەڵاتانە هەیانە دكتاتۆری‌و تاكڕەویەو هەیانە دەسەڵاتێكی هەڵبژێردراوی گەلەو دەسەڵات تیایدا دەساودەسی پێدەكرێت، یان لەو ڕوانگەیەوەیە كە دروشمی(حاكمية لله)خستنەڕوی دروشمێكی سیاسی گشتگیرەو مەبەست پێی گەیشتنە بەدەسەڵات.

هەروەها ئاینیش(ئیتر هەر ئاینێك بێت جیاوازی نیە)كاتێك دەگاتە دەسەڵات ئەوی تر پەسەند ناكات‌و دان بە بونی كەسانی تردا نانێت، چونكە لەبەرخۆیەوە حەقیقەت لای ئەوەو بەناوی خواوەندەوە قسە دەكات، لەم تەرزە بیركردنەوەیەدا(بەپێی وتەی ئیبن‌و قەیمی جەوزی)موفتی بەناوی خواوەندەوە مۆرو ئیمزای بڕیارەكان دەكات، یان بەقسەی(شاطبي)كەدەڵێت: موفتی لەجێگەی پێغەمبەردایە، ئیدی لێرەوە كەسیتر حەقیقەتی لانیەو، ئەم(مفتی)ە لەپێگەی دەسەلاتەوە دەستنیشانی دەكات كە: لایەنی بەرانبەر كێیەو كێ بۆی هەیە بڵێت منیش هەم، لێرەوەیە كە دەسەڵات دەبێتە ستەمگەری وتاك ڕەوانەو خۆسەپێن‌و دكتاتۆری.

لەم چەشنە خستنەڕو و چەشنە بیكردنەوەو تێزەدا، خستنەڕو(طرح)ی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ خستنەڕو (طرح)ی ماركسی سیاسی شمولیدا یەكدەگرنەوەو لەیەك دەچن‌و هاوشێوەن، چونكە هەر خستنەڕو و تێزێك چەندە شمولی‌و داگرندە بێت، ئەوا بێگومان بەو ڕێژەو ڕادەیەش دەبێتە خۆسەپێن‌و تاكڕەوی لێ دەكەوێتەوەو پەراوێزەكانی ئازادی‌و ئازادی هەڵبژاردن لەخەڵك زیاتر بەرتەسك دەكاتەوە.

ئێمە دەزانین‌و تێدەگەین كە حاكمیەت‌و فەرمانڕەوایەتی خواوەند لەڕوە سیاسیەكەیەوە بریتیە لە: بەشداری پێ نەكردنی هیچ كەس لەدەسەڵاتی خواوەندا، لەچەند بوارو كارێكدا كە تایبەتن بەخودی خواوەند(سبحانه)كە برتین لە:

١. خوێندنەوەی﴿لاَ يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا﴾ الكهف/٢٦. واتە: هیچ كەسێك بەشداری پێ ناكات لەدەسەڵات‌و حوكمڕانیەكەیدا.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە هەر کەسێك، کەسێکی تری پێ قەبوڵ نەکرێتو بەشداری بە کەس نەکات لەحوکمڕانیو دەسەڵاتەکەیدا، ئەوا ئەو کەسە سنوری حاکمیەتو فەرمانڕەوایی خواوەندی بەزاندوەو لەڕێ لایداوە.

٢. ﴿لاَ يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ﴾ الأنبياء/٢٩.

واتە: خواوەند پرسیاری لێ ناکرێت لەوەدا کە ئەیکاتو ئەوان پرسیار لێکراون.

بە واتایەکی تر تەنها خواوەندە کە ناخرێتە ژێر پرسیارو ملکەچی بەردەم کەس نیەو نابێت.

کەواتە ئەو دەسەڵاتەی کە مل بە کەس نادات و ئامادە نیە لێ پرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، سنوری خۆی بەزاندوەو دەسدرێژی کردوەتە سەر دەسەڵاتەکانی خواوەند لەحوکمڕانی کردنەکەیدا.

٣. ﴿فَعَّالٌ لِمَا يُرِيدُ﴾ هود/ ١٠٧.

واتە: ئەوەی بیەوێت بیکات، بەبێ هیچ ڕێگریەكو بەدەست ڕۆیشتویی تەواوەوە دەیکات.

ڕونتر بڵێین: تەنها خواوەندە کە دەسکراوەیەو مافی ڕەهای هەیەو لەهەر کارێکدا کە بیەوێت بیکات دەیکات، کەواتە: هەر کەسێك کە خۆی بەدەسکراوە زانی لەئاست هەر کارێکدا کە بیەوێت بیکات، ئەوا بەوکارە سنوری دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی خواوەندی بەزاندوە.

٤. ﴿مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي﴾ القصص/٣٨.

واتە: هیچ پەرستراوێك پێنازانم بۆتان بێجگە لەخۆم.

کەواتە: هەر کەس داوای گوێڕایەڵی ڕەهاو بێ مەرج بکات لەخەڵکی، ئەوا بێگومان سنوری دەسەڵاتەکانی خواوەندی بەزاندوە لە(ألوهية)و پەرستراویيو خوايەتی خواوەندا.

٥. ﴿أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى﴾ النازعات/ ٢٤.

واتە: من پەروەردگاری گەورەتانم.

خواوەند پەروەردگاری هەموو جیهانیانەو خاوەنی موڵکە، بۆیە هەر کەسێك وا ڕەفتار بکات کە گوایا هەمو وڵاتو خەڵکەکەی موڵکی تایبەتی ئەون، وەك فرعەون دەیوت:﴿أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾ الزخروف/ ٥١.

واتە: ئایا نابینن موڵکی میسر هەموی هی منەو ڕوبارەکانیش لەژێر دەسەڵاتی مندان..؟.

هەر کەسێك وا بیر بکاتەوەو وا حوکمڕانی بکات، ئەوا دەسدرێژی کردوەتەسەر(ربوبیەت)و پەروەردگاریەتی خواوەند.

ئێمەش وەك موسڵمانانی باوەڕدار، لەم سۆنگەیەوە پێویستە لەسەرمان ڕێگە نەدەین بەهیچ دەسەڵاتێك کە دەسدرێژی بکاتە سەر حاکمیەتو فەرمانڕەوایەتی خواوەند، بە واتایەکی تر ئاکارو سیفاتەکانی تایبەتی خواوەند داگیر نەکات، زۆربەی وڵاتانی دونیا دەسدرێژی ناکەنە سەر حاکمیەتی خواوەند، لەکاتێکدا کە زۆربەی خەڵکی ئەوڵاتانە لەپەیڕەوانی پەیامی موحەمەد نین.

سنوری ئەرکو ئەنگیزەی هەر دەوڵەتو دەسەڵاتێك تەنها دونیایە، مافی هیچ دەسەڵاتێك نیە کە خەڵکی بە زەبری هێزو کوتەك بداتە بەر خۆی، یاخود بە زەبری هێز ڕێگریان لێبکات لەوەی کە دەیانەوێت بیکەن، بەڵکو لەو ڕوەوە کە ئەرکی دەسەڵاتو دەوڵەت قەتیسە لەژیانی دونیادا، بۆیە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە گرنگی بدات بە بواری تەندروستیو فێرکردنو ڕێگاوبانو ئابوریو خۆشگوزەرانی خەڵكو دادوەریو ئاسایشو بەرگری، ئەم کارانەش پێویستیان بە پلانو بەرنامەو نەخشەی ئەوتۆ هەیە کە سازگار بن لەگەڵ هەلو مەرجەکانی ژیانی ئەو دەمەداو توانای جێبەجێکردنیان تیدا بێتو پشت بەستو بن بە زانیاری تۆکمە، لێرەوەیە کە سەرکەوتن یاخود شکستهێنانی ئەو دەسەڵاتەو نەخشەو پلانەکانی پەیوەندییان نیە بە(حاکمیة الله)وەو لەسەر ئەو ڕاناوەستن.

پاشان دەبێت بزانین کە هۆکاری مێژویی بۆ سەرهەڵدانو دەرکەوتنی بزوتنەوە ئیسلامیە سیاسیەکانو دواتریش بزوتنەوە ئیسلامیە سیاسیە چەکدارەکان، ئەوەبوە کە دەسەڵاتی ئاینی هەر لەسەردەمی ئەمەویەکانەوە بەشێوەیەکی گشتیو بەتایبەتی لەسەردەمی(متوکل)ەوە بە تەواوەتی ملکەچو دەسەمۆی دەسەڵاتی سیاسی بوە.

بەو پێیەش کە دەسەڵات بە درێژایی ئەم چەند سەدەیە چەوسێنەرو ستەمگەرو تاکڕەو بوە، بۆیە فەقیهە بەڕێزەکانمان بەهیچ شێوەیەك دروشمی ئازادییان بەرز نەکردوەتەوەو نەیان خستوەتەڕو، بەڵکو لەوەش زیاتر لەتێگەیشتنی ئەواندا(ئازاد)تەنها بریتی بوە لەپێچەوانەی(کۆیلە)(أن الحرّ هو عكس الرق)، بەشێوازێك ژیانی خەڵکیان پایەماڵو ژێرپێ خستوە، تا کار بەڕادەیەك گەشتوە کە ئیدی ژیانو ئازادی وەك بەهای باڵاو بەهای پیرۆز لەخەیاڵدانی گشتیدا نەماونەتەوە.

ئێستا دەبینین ژیان وای لێهاتوە کە موسڵمانان(بەتایبەت گەلانی عەرەب)بە دڵخوازی خۆیان، نەك بە ناچاریو نا بەدڵیش لەحاڵەتی ناکاویو کتوپڕیو تەنگەتاویدا دەژین.

لەسایەی ئەم حاڵەتە پەرێشانەدا بزوتنەوە ئیسلامیە توند ئاژوەکانیش خواستی حوکم گرتنە دەستیان دەربڕیوەو وەك دروشمێك دەیخەنەڕو، بەو پێیەش کە وەك بۆ ماوەیەك دەسەڵاتی کلاسکی ئاینیش لەم وڵاتانەدا ملکەچی دەسەڵاتی سیاسیە، ئەوا پێویست دەبێت لەسەر ئەو بزوتنەوانە هەردو دەسەڵاتی ئاینیو سیاسی پێکەوە گرێ بدەن لەیەك دەسەڵاتدا، وەك چۆن بینیمان لەجیهانی سونیدا بزوتنەوەی تالیبان لەئەفغانیستان ئەو کارەی کرد، واتە: دەسەڵاتی (فیرعەون)و

(هامان) بەیەکەوەو لەیەك کاتدا ئامێتە کران، بەو پێیەش کە هەمیشە دەسەڵاتماڵو سەروەتو سامانی لایە، بۆیە: (قارونیش) (یان ئەوەی کە پێی دەڵێن: بانکە ئیسلامیەکانو ڕاوێژکارەکانیشیان لەزانایانی بەڕێز) ئەوانیش پەیوەندیان پێوەکردنو چونە ڕیزی ئەوانەوە.

هەروەها لەجیهانی شیعەش کە لەئێراندا بەرجەستە بوە هەریەك لەفیرعەونو هامانو قارون لەیەك دامەزراوەی تۆکمەدا یەکیان گرتوە.

ئەمە لەکاتێکدا ڕویدا کە دەبو بیرمەندەکان پاش ڕوخانی خەلافەت، بیریان لەدامەزراندنی بیرۆکەیەکی هاوچەرخ بۆ دەوڵەتداری بکردایەتەوە، بەداخەوە بەردەوام بیر لەوە دەکەینەوەو خەو بە هاتنەکایەی ئەو بیرۆکە هاوچەرخەوە دەبنین.

هەروەك چۆن خستنەڕوی تێڕوانینی سەید قوتب لەکتێبەکەیدا(معالم في الطريق)هاتوە کە ئەم کۆمەڵگەی ئێستامان کۆمەڵگەیەکی نەفامیە، وەك دەڵێت: {ئێمە ئێستا لەسەردەمێکی نەفامی ئەو تۆداین کە لەنەفامیەکەی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام دەچێت، هەرچی لەدەوروبەرماندایە هەموی نەفامیە} . سەیری کتێبی(معالم في الطريق)لاپەڕە(٢١)بکە.

هەروەها وەك چۆن لەهەمان کتێبدا ئەوەی خستوەتەڕو کە پێغەمبەر(د.خ)لەسەرەتای بانگەوازەکەیدا کۆمەڵگەکەی کۆمەڵگەی نەفامی بو، بۆیە تەنها بانگەوازی بۆ یەکتاپەرستی دەکرد، واتە تەنها بۆ(لا إله إلا الله).

پێغەمبەر نەهات بانگەواز بکات نەبۆ لای ڕەوشتە بەرزەکانو نە بۆ یەکخستنی نەتەوەی عەرەبو بەرپاکردنی شۆڕشی هەژارەکان دژ بە دەوڵەمەندەکان، بەڵام لەڕێگەی خستنەڕوی(توحيد)و یەکتاپەرستیەوە، ئەو کارانە هەمویان بە ئاکام

گەشتن‌و دواتر لێرەوە پێی وتن: كە ئەم كۆمەڵگەیە كۆمەڵگەیەكی نەفامیەو ئەمەش بویە هـۆی سـەرهەڵدان‌و بـەكارهێنانی توندوتیـژی دژی پرۆژەكـەی، بۆیـە پێویسـتە لەسەر ئێمەش شوێن پێی ئەو پێغەمبەرە هەڵگرین‌و ئەوە بكەین كە ئەو كردویـەتی. ئەم بیرو بۆچونانەی سەید هەموی لـەم بڕگانـەی خـوارەوەدا لەكتێبەكـەی(معـالم في الطریق)دا دەگوێزینەوە[٢٦].

١- {لەوانەیـە بوترێـت: موحەمەد(د.خ)بـەو پێیـەی كـە متمانـە پێكـراوی نـاو هۆزەكەی بـوە بەڕاسـتگۆیی‌و دەسـپاكی دەیانناسـی‌و نـاودارانی قـورەیش لـەدانانی بەردە ڕەشەكەدا حوكمی ئەویان پەسەند كردو كاریان پێكردو لەماوەی پانزە ساڵی پێش بە پێغەمبەر بونیدا هەموو هۆزەكەی ئـەویان لاپەسـەند بـو و ڕازی دەبـون بـە فەرمان‌و كردەوەكانی‌و لەو ڕوەشەوە كە نـەوەی یـەكێك لـەتیرە بـەڕێزەكان بـو كـە تیرەی(بنی هاشم)بو، لەم سۆنگەو پێگە گرنگانەیـەوە دەیتـوانی ئـەوە بوروژێنێـت‌و پرسی نەتەوایەتی بكاتە ئامانجی جوڵانەوەكەی‌و داوای یەكخستنی ئەو تیرەو هـۆزە عەرەبیانە بكـات كـە تۆڵەسـەندنەوەو كێشـمەكێش‌و ناكۆكیـان بڕسـكی لێ بڕیبـون‌و لەبەریەكی هەڵوەشاندبون.

ئـەیتوانی كـار بـۆ یەكخسـتنی ئـەم تـیرەو هۆزانـە بكـات‌و ئاراسـتەیان بكـات بـۆ ئـازادكردنی سـەرزەمینە داگیركراوەكانیـان كـە لەلایـەن زلهێزەكـانی ئـەو دەمـەوە، لەباكورەوە لەلایەن ڕۆمانەكان‌و لەباشورەوە لەلایـەن فارسـەكانەوە داگـیر كرابـون، كار بكـات بـۆ بەرزكردنـەوەی ئـاڵاو دروشمـی عەرەبگـەرایی‌و یەكیـەتی عەرەبـەكان لەسەرانسەری دورگەی عەرەبیدا} لاپەڕە (٢٧-٢٨).

---

(٢٦) سید قطب (معالم في الطریق) دارالشروق ، بیروت( القاهرة ) چاپی یاسایی هەشتەم / ١٩٨٣.

٢- {لەوانەیە بوترێت کە موحەمەد(د.خ)دەیتوانی پاش ئەوەی کە عەرەبەکان بەدەم بانگەوازەکەیەوە دەهاتنو ئەویان دەکردە سەرکردەو ڕابەڕی خۆیانو هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستیدا کۆدەبونەوەو خۆی دەبو بە خاوەن شکۆی قسە ڕۆیشتو، دەیتوانی ئەوکاتە ئەم پێگە گرنگە بەکار بهێنێت بۆ چەسپاندنی بیرو باوەڕەکەیو ئەو یەکتاپەرستیەی کە لەپێناویدا ڕەوانە کرا بو پەیڕەو بکاتو هەمو خەڵکی لە کۆیلایەتیو بەندایەتی بەندەکان رزگار بکاتو بیانکاتەوە بە بەندەی ڕاستەقینەی خواوەندی خۆیان}. لاپەڕە(٢٨).

٣- {لەوانەیە بوترێت کەموحەمەد(د.خ)دەیتوانی پرۆژەکەی وەك پرۆژەیەکی چاکسازی کۆمەلایەتی ڕابگەیەنێتو بیکاتە جەنگێك دژبە چینی خۆشگوزەرانو نەجیب زادەکان، یان بیکاتە پرۆژەیەك بەئامانجی چاکسازی هەلومەرجەکانی ژیانی ئەو دەمەو گێڕانەوەی ئەو سەروەتو سامانەی کە لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە کەڵەکە کرابو، پاشان دەس بداتە دابەش کردنەوەی بەسەر هەژارو نەدارەکاندا}.لاپەرە(٢٩).

٤- {لەوانەیە بوترێت موحەمەد، دەیتوانی پرۆژەکەی بکاتە بانگەوازێك بۆ چاکسازیو لەو ڕێگەیەوە هەڵسوکەوتو خوو ڕەوشتە چەوتەکان ڕاست بکاتەوەو، دواتریش کۆمەڵگەو دەرونی تاکەکانی پێ پاك بکاتەوە، هەروەها لەوانەیە بوترێت: بەوپێیەی کە لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا ژیاوە، دەیتوانی بگەڕێت ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کە خاوەنی دەرونێکی پاکنو لەو هەلومەرجە لیخنە بێزارن، هانیان بداتو ئاڕاستەیان بکات بۆ چاکسازیو پاك کردنەوە، کە بێگومان بەدەمیەوە دەهاتن}. لاپەرە(٣٢-٣٣).

ئێمەش دەڵێین: دواجار سەید قوتب لەلێکۆڵینەوەکەیدا سەرنجی ئەم خاڵانەی نەداوە:

١- لەسەردەمی بانگەوازەکەی موحەمەددا نیوچە دورگەی عەرەب دەوڵەتێکی تێدانەبوە، بەو پێیەش کە دەوڵەتی تێدا نەبوە، زیندانو پۆلیسو دەزگاکانی ئاسایشو سوپاشی لێ نەبوە.

بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەگەر پێغەمبەر(د.خ)بۆ جێگەیەکی وەك ولاتی ڕۆم، یاخود ولاتی فارس ڕەوانە بکرایە، کە لەوێ زیندانو سوپاو دامەزراوەی لێبو، ئەوا لەیەکەم ڕۆژەوە دەستگیریان دەکردو دەیان خستە ناو زیندانەوە، بۆیە پێویستە بزانین ئێستا لەم سەر زەمینە بەرینەدا جێگەیەك نەماوە کە دەسەلاتو فەرمانڕەواو دامو دەزگای ئاسایشو سوپاو حوکمڕانی تێدا نەبێت.

هەروەها وەبیری دەهێنینەوە کەعیسای کوڕی مەریم، لەناو جەرگەی بەهێزترین دەسەلاتو دەوڵەتی ئەو سەردەمەدا ڕەوانە کرا، بۆیە خۆی بەدور گرت لەدەسەلاتوباس کردنی کاروباری دەوڵەتداری.

٢- ئەو دەمە لەکۆمەڵگای عەرەبیدا لەلایەن عەرەبەکانەوە ئاستێکی بەرز لەڕەوشت بەرزی پەیڕەو دەکرا، تیرۆرکردنو کوشتنی لەناکاوو بێسەروشوێن کردن لەفەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیەدا نەبوە، هەرچەند موحەمەد دژایەتی ئاشکرای دەکردن، بەلام ئەوان نکوڵیان لەڕاستگۆیەتیو دەستپاکیەکەی نەدەکرد، دوای سێزدە ساڵ لەدژایەت کردنی بۆ بیروباوەڕەکەیان، ئەوجا بیریان لەناوبردنو بێ سەرو شوێن کردنی کردەوەو لەو کاتەشدا هێشتا هەر سەرسام بون کەچۆن ئەوکارە جێ بەجێ بکەن، لەکاتێکدا کەکوشتنو بێ سەروشوێن کردنی کەسێك لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە لەولاتێکدا کە دەوڵەتی هەبێت، لەخواردنی پارچە شیرینیەك ئاسانترە.

٣- هەمومان دەزانین كە پێغەمبەر(د.خ)خەڵكی شاری مەكەبو كەبە(أم القری)و بەدایكی ئاوەدانیەكان ناوی دەركردبو، مەكەش(كعبە)و ماڵی خواوەندی لێ بو، كە ئیبراهیم پێغەمبەر(س.خ)ئاوەدانیكردبوەوە،و پاكی كردبویەوەو، سەردانو حەجی ماڵی خواش لەسەردەمی ئیبراهیمەوە دەستی پێكرد، دواتر پاش پوكانەوەی ئاینەكەی ئیبراهیم، هۆزو تیرە عەرەبەكان هەرهۆزەو بتی تایبەتی خۆی هەبو لەو ماڵەدا كە ئیبراهیم بۆ یەكتاپەرستی دروستی كرد، ئەوان بتەكانیان لەوێ دانابو، بۆیە كاتێك كە موحەمەد(د.خ)بیرۆكەی یەكخستنی خواكانو یەكتاپەرستی خواوەندو وەلانانی بتەكانی ئەوانی خستەڕو، لەئاكامی ئەم بیرۆكە ئاینیەوە( كە بریتی بو لەیەكتاپەرستی)بیرۆكەیەكی سیاسی ڕون هاتەگۆڕێ كە ئەویش یەكخستنی عەرەبەكانو پێكهێنانی دەسەڵاتێكی ناوەندی بو بۆیان، بە واتایەكی تر بانگەوازی یەكتاپەرستی هەرچەندە بانگەوازێكی ئاینی تازە بوو بە دوانزە ساڵ پێشی هەنگاوە سیاسیەكە كەوتبو، لەبەرانبەریەوە عەرەبەكان بە سەرسامیەوە لەخۆیانیان دەپرسی﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾ ص/٥.

واتە: ئایا هەمو خواكانی كردوە بەیەك خواو پەرستراو، بەدڵنیاییەوە ئەمە كارێكی سەرسوڕهێنەرە.

ئەمەی كەباسمان كرد كە لەشاری مەكەو دەوروبەریدا ڕویدا، نابێتو ناگونجێت جارێكی تر لەجێگەیەكی تردا ڕوبداتەوە، چونكە ئێستا بانگەوازی یەكتاپەرستیو پەیامە ئاسمانیەكە لەناوماندا ماوەتەوە، بەڵام ئەوەی كە نەماوەو لەدەستچوەو مردوە ئەو دەسەڵاتەیە كە پێغەمبەر(د.خ)دایمەزراند.

بۆیە ئەو هەلومەرجە لەم سەردەمەدا لەهیچ شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا بونی نیە، وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ يعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ﴾ واتە: خواوەند خۆی دەزانێت کە پەیامەکەی بۆ کوێ ڕەوانە دەکات.

ئەوەی کە لەڕوی سیاسیەوە بۆمان ماوەتەوە تەنها تاکڕەوییو ستەمگەری وخۆسەپاندنە سیاسیو ئاینیەکەیەو، ئەو بانگەوازەش کە دەکرێ و دەسدەدات بیکەینو ڕای بگەیەنین تەنها بریتیە لە(إعلاء كلمة الله في الحرية والعدل والمساوات لكل أهل الأرض)بەرز ڕاگرتنی دروشمو وشەی خواوەند لەئازادیو دادپەروەریو یەکسانی بۆ دانیشتوانی هەمو گۆی زەویە.

ئەم پرۆژەیەش گونجاوە لەهەمو وڵاتێکدا لەنێوەچە دورگەی عەرەبدا یان لەهەر وڵاتێکی ئەم جیهانە بەرینەدا بەرزبکرێتەوە.

بەڵام بەداخەوە لەساتەوەختی کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئیسلامی سیاسی ئاکارێکی نەخوازراوی وەك کەنارخستنی ئەوانی تری هەیە، کە ئەتوانین بڵێین لەسەدەی ڕابردودا مارکسیەتی سیاسیش ئەم تایبەتمەندی وڕەوشتە خراپەی لەئیسلامی سیاسیەوە وەرگرتوە.

سەید قوتب کە دەیویست دروشمی یەکتاپەرستی(لا إله إلا الله)بخاتەڕو بەرزی بکاتەوە، باشتر وابو بانگەوازی بکردایە بۆ تێکشکاندنی بتەکان، عەرەبەکان باوەڕیان بەتاقانەییو یەکتایی خواوەند هەبو﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللهُ﴾ العنكبوت/٦١.

واتە: ئەگەر لێت بپرسینایە کێ ئاسمانەکانو زەوی دروست کردوە، ئەوا دەڵێن: خواوەند دروستی کردون.

بەڵام لەگەڵ ئەم دانپێدانانەشیاندا، لەپەرستنەکانیاندا هاوبەشیان بۆ خواوەند دادەنا.

هەموو هۆزو تیرەکان بتی تایبەت بە خۆیانیان هەبوە وەك(اللات، عزی، مناة، هبل)ئەم بتانە زیندو نەبون، بەڵکو چەند پەیکەرێکی وشكو ڕەقو تەق بونو نقەیان لێوە نەدەهات، بەڵام ئەم بتانە زێوانی تایبەت بەخۆیان هەبوەو بەناوی بتەکانەوە قسەیان دەکرد، بە واتایەکی تر بتەکان ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ خەڵکدا نەدەکرد، بەڵکو لەلایەن زێوانەکانیانەوە بەناوی ئەوانەوە قسە دەکرا.

بتەکانی ئەم سەردەمەش پێشەواکانی کەلەپورمانو لەلایەن زانا بەڕێزەکانمانەوە لێمان کراون بە بتو داوای پەرستنیانمان لێ دەکەن.

زانا بەڕێزەکانمان فەرمانەکانی خواوەندو پێغەمبەرەکەی لەوانەوە وەردەگرن، هەرچەندە ئەوان مردونو ناتوانن قسە بکەن، بەڵام ئەمان بەناوی ئەوانەوە قسە دەکەنو بەهۆی ئەو پێشەوایانەوەو لەسێبەری ئەوانەوە خەڵکیان داوەتەبەرو ئەو پێشەوایانەیان کردوە بە شمشێرێکی ئامادە بەسەر خەڵکەوە، تا کار بەڕادەیەك گەیشتوە هەر کۆمەڵێك لەخەڵك بتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە(مەزهەبەکان، ڕێچکەکانی سۆفی گەری، بزوتنەوە ئیسلامیەکان).

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە دەست بدەینە تێکشکاندنی بتەکانو گەڕاندنەوەیان بۆ بناغەکەی خۆیان وەك مرۆڤێك، پێغەمبەریش (د.خ) داوای تێکشکاندنی بتەکانو یەکتاپەرستی لەعەرەبەکان نەکرد، تا لەبەرانبەرەوە بیرۆکەو پرۆژەیەکی جێگرەوەی لەبارەی گەردونو ژیانی مرۆڤەوە بۆ پێشنیار کردنو خستیە بەردەستیان.

ئێمە وا دەبینین ئێستە کاتی ئەوە هاتوە تێگەیشتن لەدابەزێنراوی بەجێ لەچوارچێوەی سیستەمە مەعریفیە هاوچەرخەکاندا نزیك بخەینەوە، چونکە هەمیشە مەعریفەو زانست دیلی دەستی ئامرازەکانیەتی.

ئەگەر خواوەند جارێكی تر موسا پێغەمبەر(س.خ) بنێرێتەوە بۆ ناو زیندوەكان ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕابەرە ئاینیەكانی جولەكە(الأحبار) پێی دەڵێن: ﴿يَامُوسَى لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً﴾ البقرة/٥٥.

واتە: ئەی موسا باوەڕت پێ ناكەین تاوەكو خواوەند بە ئاشكرایی نەبینین.

هەروەها ئەگەر خواوەند عیسا پێغەمبەر(س.خ)بنرێتەوە بۆ ناو زیندوەكان، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕابەرە ئاینیەكان (الرهبان)لەخاچی دەدەنو هەڵیدەواسن.

بەهەمان شێوە ئەگەر جارێكی تر خواوەند موحەمەد پێغەمبەر(د.خ)ڕەوانە بكاتەوە بۆ ناو زیندوەكان، ئەوا بێگومان زانا بەڕێزەكانمان بە تۆمەتی هەڵگەڕانەوەو پشت كردن لەسونەت، بەبێ دادگایی كردن فەرمانی لەسێدارەدانی دەردەكەن، چونكە نایانەوێت بە زیندویی لەناو خەڵكدا بێتو خۆی باس لەپەیامەكەی بكات.

پاش ئەوەی كە لەلاپەڕەكانی ڕابوردودا بەو شێوەیەی كە لەدابەزێنراوی بەجێدا باسكراون، باسمان لەهۆكارەكانی (قتال)وكوشتارو ئامانجەكانیشی كرد، ئێستا دەست دەدەینە باسكردنی ئەوشتانەی كە دەبنە هۆی لەباربردنو تێكدانی سیمای قتال(المفسدات)، هەروەكو چۆن لەبەخشینەكاندا چەند شتێك هۆكارنو دەبنەهۆی بەتاڵ كردنو مایە پوچ بونی بەخشینەكان، وەك خواوەند دەفەرموێت: ﴿يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأذَى﴾البقرة/ ٢٦٤.

واتە: ئەی باوەڕداران بەخشینو خەیرو خەیراتەكانتان بەتاڵو پوچەڵ مەكەنەوە بەهۆی منەت كردنو ئازاردانی ئەوكەسانەوە كە خێرەكەیان دەدەنێ.

بەهەمان شێوە(قتال)و جەنگیش چەند شتێك هەن كە دەبنە هۆی مایە پوچی(قتال)ەكەو دەبنە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێ كردنی ئامانجەكانیدا، ئیتر

جیاوازی نیە ئایا ئەو جەنگە لەڕێگەی خواوەنددا بێت یان بەهۆی ململانێو كێبەركێكانی ژیانەوە بێت بۆ(بەرگریكردن لەخۆیان، یان لەنیشتمان یان داكۆكی كردن بێت لەبەرژەوەندیەكان).

ئەوشتانەش كە دەبنە هۆی بەتاڵ كردنەوەی(قتال)و لادانی لەڕێڕەوە ڕاستەكەی بریتیتن لە:

ڕاكردن لەگۆڕەپانی جەنگ، دوبەرەكیو ناكۆكی، كوشتنو شەڕ فرۆشتن بەو كەسەی كە وازی لەشەڕ هێناوەو داوای ئاشتی دەكات، زیادەڕۆییو سنور بەزاندن لەبەرپەرچدانەوەی دەسدرێژی كاردا، دانانی كوفر كردنی كەسێك بە هۆكار، بۆ هەڵگیرساندنی كوشتار لەدژیدا.

١. خواوەند دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ زَحْفاً فَلاَ تُوَلُّوهُمُ الأَدْبَارَ* وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلاَّ مُتَحَرِّفاً لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزاً إِلَى فِئَةٍ فَقَدْ بَاء بِغَضَبٍ مِّنَ اللّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ الأنفال/١٥-١٦.

واتە: ئەی باوەڕداران ئەگەر ڕوبەڕو بونەوە لەگەڵ ئەوكەسانەدا كە كوفر دەكەنو ئەوان لەپێشڕەویدا بون، نەكەن پشتیان لێ هەڵكەنو هەڵ بێن. هەركەس پتشیان لێ هەڵكات ئەوا دوچاری تورەیی خواوەند دەبێتەوەو جێگەی جەهەننەمەو چارەنوسێكی خراپی دەبێت، بێجگە لەوانەی كە بە تاكتیكی جەنگ یاخود بۆ پەیوەندی كردن بە یەكینەیەكی ترەوە ئەو كارە دەكەن.

ئەم دو ئایەتە، لەئایەتە موحكەمو جێگیرەكانن كە حوكمیان لێ وەردەگیرێت چ بە فەرمان پێكردن یاخود ڕێگیری لێكردن بێت.

ئاماژە بەڕێگیری خواوەند ئەكەن كەداوا لەبەندە باوەڕدارەكانی دەكات كە نەكەن لەبەرانبەر كافرە هێرش كارەكاندا هەڵبێنو گۆڕەپانی شەڕ بەجێ بهێڵن.

لێرەدا بۆیـە ڕاکـردن بـە پشـت تێکـردن نـاوبراوە وەك بـەکارهێنانێکی مەجازیـە، چونکە دەکرێت ڕاکردن بە پاشەکشە بێتو ڕوت لەدوژمن بێتو ڕاش بکـەیت، بـەڵام ڕاکردنەکە مەبەستە، بەهەر شێوەیەك بێت هەر سەرپێچی خواوەندە.

هەروەها ئەگەر سەرنج بدەین دەستەواژەی(الکافر)بە شێوەیەکی گشـتی هـاتوە، چونکە دەگونجێت کافرەکە باوەڕی بە تاقانەییو یەکتایی خواوەند ببێت بەڵام ئـەو دەستپێشخەری لەجەنگ وکوشتاردا کردبێت، یاسای شـەڕو جەنگـەکانیش وایـە کـە لایەنی دەسدرێژکار پێـی دەوترێـت کـافر، تەنانـەت ئەگـەر بـاوەڕداری موسـڵمانیش بێت، دەست بۆ درێژکراوەکەش لەپێکهاتەیەکی ترو لەوڵاتێکی تریش بێت.

بـۆ نمونـە: سـوپای نازیـەکان سـەبارەت بـە گـەلی ڕوسـیا کـافر بـون، هـەروەها سوپاکەی سەددام سەبارەت بە کوەیتیەکان کافر بو.

با لێرەدا سەرنج بـدەین کـە چـۆن خواوەنـد لایـەنی بەرانبـەری وەك کـافر بـەکار هێناوە: ﴿فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَـاقَ فَإِمَّا مَنّاً بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِـنْهُمْ وَلَكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ﴾ محمد/ ٤.

سەبارەت بە(قتال في سبيل الله)و کوشتاریش لەڕێگەی خواوەنددا پێویستە بزانین کە هەر چەشنە زیان گەیاندنێك بە (کلمـة الله العلیـا)و دروشـمە بـەرزو شـەکاوەکەی خواوەنـد(ئازادی بـۆ هـەموانو دادپـەروەریو یەکسـانی)ئەوا ڕاسـتەوخۆ ئـەو زیـان گەیاندنە دەبێتە هۆی مایەپوچیو پوچەڵ بونەوەی ئـەو جەنگـەو تـرازان لـەڕێڕەوە ڕاستەکەی خۆی، جیاوازی نیە کە ئـەو کـارە تاکـە کەسـی بێـت یـاخود بـە کۆمـەڵ ئەنجام بدرێت، یـاخود هـەر ئامـانجێکی تـر بێجگـە لـەدابین کردنـی ئـازادی بـۆ هـەموانو چەسـپاندنی دادپـەروەریو یەکسـانی نێـوان تاکـەکان بـونی هـەبێت، بـا ئـەو ئامانجـەش

لەڕوکاردا ئامانجێکی چاکو بە سودیش بێت ئەوا بەهەمان شێوە دەبێتە هۆکار بۆ پوچەڵ بونەوەو لەتەوەرە ترازانی پرۆسەی جەنگ وکوشتارەکە.

ئەم ڕاستیە لەم فەرمودەی خواوەندا نومایان دەبێت کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْداً عَلَيْهِ حَقّاً فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللّهِ فَاسْتَبْشِرُواْ بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ التوبة/ ١١١.

واتە: بە دڵنیاییەوە خواوەند نەفسو ماڵو سامانی لەباوەڕدارانی کڕیوەو لەبەرانبەردا بەڵێنی بەهەشتی پێداون، ئەو باوەڕدارانە دەجەنگێن لەڕێگەی خواوەنداو لەو ڕێگەیەدا دەکوژنو دەکوژرێن، پەیمانێکەو خواوەند لەتەورات‌و ئینجیل‌و قورئاندا داویەتیو پابەند دەبێت پێیەوە، دڵخۆش بن بەو سەودایەی کە لەگەڵ خواوەندا کردوتانەو ئەو کارەتان سەرکەوتنێکی گەورەیە.

لێرەدا سەرنج دەدەین کە پاداشتی جەنگ و(قتال)لەڕێگەی خواوەنددا تەنها بەهەشتە، بەهەمان شێوە ئەگەر سەرنج بدەین لەم باسەدا شەهیدو شەهید بون ناوی نەهاتوە.

هەروەها ڕون دەبێتەوە کە(قتال)تەنها لە شوێن کەوتوانی پەیامی موحەمەد داواکراوەو لەکەسی تر داوانەکراوە.

بەهەمان شێوە دەبینین کە ئەم جەنگە جیاوازە لەجەنگ لەڕێگەی نیشتماندا کە دەبێت هەموو دانیشتوانی وڵاتەکە بە هەموو پێکهاتەو بیرو باوەڕەکانەوە کە پێیان دەوترێت گەلی ئەو وڵاتە بەم کارە هەڵسن.

سەبارەت بەو بۆچونەش کە ڕاڤەکاران بۆی چونو لەدەمی هەندێ هاوەڵی وەك(أبی سعيد الخدری، حسن، قتادة، ضحاك)ەوە دەیگێڕنەوە کە گوایا ئەم فەرمانو ڕێنماییەی کە لەئایەتەکەدا هاتوە تایبەتە بەو کەسانەوە کە لەجەنگی بەدردا هەڵهاتن، ئەم بۆچونە هیچ بایەخێکی لای ئێمەنیە. سەیری تەفسیری ڕازی بەرگی(١٥)لاپەڕە(١١١)بکە.

بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچونەمان دژ بەو بۆچونەی ڕاڤەکاران، ئەوەیە کە کاتێك خواوەند لەئایەتی(١٧)ی سورەتی (الأنفال)دا دەفەرموێت:(إذا لقيتم)ئەو ئامرازی بە مەرج گرتنە(إذا)پەیوەندی بە(ظرفية)تی شتێکەوە هەیە کە لەداهاتودا بەدڵنیایەوە ڕوو دەدات، هەر ئەم بەڵگەیە بە تەنها بەسە بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەو بۆ چونەی کە دەڵێت: ئەم حوکمو فەرمانە تایبەتە بە ڕوداوێکەوەو ڕۆیشتوەو بەسەر چوە.

ڕاستە کە ئایەتی ژمارە(١٧)ی سورەتی(الانفال)لەبارەی ڕوداوو جەنگی بەدرەوە باسدەکات، بەڵام دەبێت بزانین کە هەردو ئایەتی(١٥-١٦)ی سورەتی(الانفال)گشتینو پەندیش لەگشتیەتی دەستەواژەکاندایە نەك لەتایبەتەمەندی بۆنەو ڕوواوەکاندا، ئەگەر وا نەبێت چۆن لەم ئایەتە تێبگەین کە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُواْ وَاذْكُرُواْ اللّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلَحُونَ﴾ الأنفال/٤٥.

واتە: ئەی باوەڕداران ئەگەر دەستەویەخە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ یەکینەو دەستەیەکدا، خۆڕاگرو دامەزراوبن و بیرتان بەلای دەسەڵاتو یاساکانی خواوەندەوە بێت و پەیڕەویان بکەن تاوەکو بەختەوەرو دڵ گوشاد بن.

چونکە ئەم ئایەتە ئاماژەی تێدا نیە نە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر، نە بۆ کافران نەبۆ ڕوداوێکی دیاریکراو، تەنانەت خاوەنی کتێبەکانی(اسباب نزول)یش هیچ هۆکارێکیان بۆ دابەزینی ئەم ئایەتە باس نەکردوە.

ئەم ڕاڤەو لێکدانەوە کرچو کاڵە بۆ هەردو ئایەتەکەی(١٥-١٦)ی سورەتی ئەنفال بەتەنها نابێتە هۆی ئەوەی کە ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ﴾کورت بکرێتەوە لەچەند سەد کەسێکدا لەهاوەڵانو﴿الَّذِينَ كَفَرُواْ﴾ش کورت بکرێتەوە لەنزیکەی هەزار کەسێك لەموشریکەکانی قورەیشدا، بەڵکو دەرگا بەڕوی چەند تێگەیشتنێکی گاڵتە

ئامێزیشدا دەكاتەوە وەك: ئەوەی كە ئەم حوكمو فەرمانە جێبەجێ نابێت بەسەر جەنگو كوشتارێكدا كە هەردو لایەنەكەی لەباوەڕداران بن، ئەمەش ئەستەمە، بەڵكوجەنگو كوشتاری لەم چەشنەمان لەمێژوداو لەئێستاشدا هەیە كە هەر دو لایەنەكەی لەباوەڕدارانن.

٢. خواوەند دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُمْ بُنيَانٌ مَرْصُوصٌ﴾ الصف ⁄٤.

واتە: خواوەند ئەوانەی خۆش دەوێت كە ڕیز دەبەستن و وەك دیوارێكی پێكەوە گرێدراوی تۆكمە لەڕێگەی ئەوادا دەجەنگێن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ الأنفال⁄٤٦.

واتە: ناكۆكو ناساز مەبن لەنێوان خۆتاندا، چونكە بەو هۆیەوە توشی شكست دەبن و گوڕو تینتان لەدەست دەدەن، ئارام بگرن و خۆڕگربن، چونكە خواوەند لەگەڵ خۆڕاگرندایە.

ئەم دو ئایەتە گرنگیو بایەخی(پشتی یەككگرتنو هاوكاریكردنی یەكترمان)بۆ ڕون دەكەنەوە، نەك تەنها لەبواری جەنگو كوشتاردا بەڵكو لەهەمو بوارەكانی ژیاندا.

لەئایەتی یەكەمدا دەبینین خواوەند ڕیز بەستنی موسڵمانان(كە وەك دیوارێكی پێكەوە بەستراو بۆمان وێنا دەكات) بە هۆكارێك بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی خۆی دەخاتەڕو و دەفەرموێت: هۆكارێكە بۆ ئەوەی خواوەند باوەڕدارانی خۆش بوێت.

لەم ئایەتەدا وێنەو دیمەنی نوێژ خوێنان لەنوێژی بەكۆمەڵدا دێتە بەرچاومان كە لەڕاستیدا دیمەنێكی ڕونو ئاشكرایە لەدیمەنەكانی پشتیوانیو شانبەشانی یەكەوەنانو شان دانە بەر ئەركی یەكتر.

لەكاتێكدا كە خواوەند داوای ئەم یەك ڕیزیەمان لێدەكات، لەبەرامبەریشەوە مەترسی دوبەرەكیو پەرتەوازەییمان بیردەخاتەوە.

وەك چۆن دەفەرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ آل عمران/١٠٣.

واتە: هەموتان پابەندبن بەهێزی خواوەندەوەو دوبەرەكی مەكەن لەنێوانتاندا.

ئەگەر لەماناى ڕاستەقینەو بەرجەستەی، یەكڕیزی و هاوشانی كردنی یەكتر، گوزەر بكەینو ڕو لەمانا، نابەرجەستەو مەجازیەكەی بكەین كە خۆی لەیەكخستنی ڕاو بۆچونو نزیك خستنەوەی گۆشە نیگای بیكردنەوەكانمانو یەكخستنی ئامانجەكانماندا خۆی دەبینێتەوە، ئەوا خۆمان لەبەردەم ئایەتی دوەمدا دەبینینەوە كە باس لەبارەی دژو پێچەوانەی یەك ڕایيو یەكدەنگی دەكات كە بریتیە لەو ناكۆكیو دوبەرەكیو ڕاڕایەتیەی كە نەك تەنها دەبێتە هۆی شكستو ڕەنج بە خەسار بونمان، بەڵكو دەبێتە هۆی لەناوچونو سەرەونخون بونمان لەژیاندا.

با پێكەوە سەیر بكەینو سەرنج بدەین دەبینین فیرعەون كە دەیویست خۆی بكاتە باڵادەستی ناو گەلو وڵاتەكەی، ئەم كارەی بۆ نەكرا تاوەكو گەلو جەماورەكەی بەش بەشو پەرتەوازە كرد﴿إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا﴾ القصص/٤.

واتە: بەدڵنیاییەوە فیرعەون لەسەر زەویدا دەست ڕۆیشتو بو و گەلەكەی پەرتەوازەو بەش بەش كردبو.

لـەڕۆژی جـەنكی ئوحـددا بـاوەڕداران‌و پێغەمبـەر، كاتێـك لەئامانجەكانیانـدا جیاوازیـان تێكـەوتوو هەڵوێسـتی جیاجیـان هـەبو، ئیـدی بەیـەكڕیزی‌و پێكـەوە گرێدراوی نەمانەوەو توشی شكست هاتن‌و هەندێكیان دەستیان دایە كۆكردنـەوەی دەسـكەوت‌و پـاش ماوەكـانی جەنگەكـەو هەندێكیشـیان پێگـەو شـەڕگەكانیان واز لێهیناو هاتنەخوارەوە.

٣. خواوەند دەفـەرموێت:﴿فَإِنْ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْا إِلَـيْكُمْ السَّـلَمَ فَمَـا جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلًا﴾النساء/٩٠.

واتە: ئەگەر خۆیان لێتان بەدور گرت‌و شەڕو كوشتاریان لەگەڵدا نـەكردن‌و داوای ئاشتی‌و ئارامیان بۆ پێشـنیار كـردن ئـەوا ئیـدی خواوەنـد ڕێگـەتان نـادات شـەڕیان لەگەڵدا بكەن.

لەسەرەتای ئەم لێكۆڵینەوەیەوە ئاماژەماندا بەوەی كە(قتال)ناوە، كردارەكەشـی چوارییەو برتییە لە(قاتَلَ)بە بەڵگەی(أ)ئەلفی(مشاركە)و هاوبەشیكردنەكە، پێویستە هەمیشە(قتال)دولایەنی هەبێت‌و بە یەكلایەنە كوشتارو (قتال)ناكرێت.

بۆیە ئەگەر یەكێك لەلایەنەكانی جەنگ‌و كوشتارەكە بە هەر هۆیەكەوە بو دەستی لەشەڕ هەڵگرت‌و پێشنیاری ڕێككەوتن‌و ئاشتی خستەڕو، ئـەوا ڕاسـتەوخۆ(أ) ئـەلفی هاوبەشی‌و(مشـاركە)كە دەكـەوێت‌و ئیـدی لـەو چركەسـاتەوە (قتـال)و كوشـتارەكە ئەگەر بەردەوامی پێبدرێت پێی ناوترێت(قتال)و كوشتار لەنێوان دوو لایەندا، بـەڵكو دەبێتە (قتل)و كوشتنی یەك لایەنـە، ئەمـەش ئـەو چەشـنە جەنگەیـە كـە خواوەنـد لەئایەتی(٩٠)ی سورەتی(النسـاء)دا ڕێگـیری لێـدەكات‌و هـەروەها ئایـەتی(٢٧–٣١) سورەتی(المائدة)ش باس لەڕوداوەكانی نێـوان كوڕەكـانی ئـادەم پێغەمبـەر (س.خ) دەكەن‌و پێشتر بە وردی لەسەریان وەستاین.

جێگـەی خۆیـەتی‌و مایـەی سـودو کـەڵك دەبێـت کـە لێـرەدا بـاس لـەجیاوازی نێوان(إعتزال)دەستهەڵگرتن لەکوشتارو (التخلف)ودواکەوتن لەکوشتار بکەین، کە دو بابەتی جیاوازن‌و ناکرێت ئامێتە بکرێن، یەکەمیان هەڵوێستێکی ئەرێنی‌و پەسەندەو دوەمیان هەڵوێستێکی نەرێنی‌و ناپەسەندە.

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم تێگەیشـتنەدا بـۆ (قتـال)و کوشـتار لەبەرانبەریشـەوە بـۆ پێشـنیارکردنی ڕێکـەوتن‌و ئاشـتی، ڕادەی نـاقۆڵایی‌و هەڵـەبونی دەسـتەواژەکەی (ئوسـامە بـن لادن)ڕابـەری ڕێکخـراوی قاعـدەمان بـۆ دەردەکـەوێت کاتێـك وتـی: (هەرکەس لەگەڵماندا نەبێت ئەوا دژمانـەو لـەڕیزی دوژمنەکانماندایە)ئـەوەی سـەیرو مایـەی تێڕوانینـە ئەوەیـە کـە: جـۆرج بوشـی سـەرۆکی ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمریکاش لەودەمەدا هەمان ڕستەو دەستەواژەی بـەکار هێنـا و وتـی: (هەرکـەس لەگەڵ ئێمەدا دژایەتی ئیرهاب‌و تۆقاندن نەکات ئەوا خۆی ئیرهابی‌و تۆقێنەرە).

قسـەو بۆچـونی ئـەم دو پیـاوە هـەردوکیان لەلایـەك دژ دێنـەوە لەگـەڵ ئایـەتی ژمارە(٩٠)ی سورەتی(النساء)داو لەلایەکی تریشەوە دژ دەوەستنەوە لەگەڵ عەقڵ‌و ژیری‌و فامی مرۆڤدا، هەروەها لەسەرێکی تریشەوە دژ دەوەسـتنەوە لەگـەڵ ئـازادی هەڵبژاردن‌و هەڵوێست گیری مرۆڤەکاندا، بەڵام زۆرینەی خەڵکی هەسـتو دەرك بـەم ڕاستیە ناکەن﴿وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾.

٤. خواوەند دەفـەرموێت: ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَـدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ البقرة/١٩٠.

واتـە: لەڕێگـەی خواوەنـددا بجـەنگێن لەگـەڵ ئەوانـەدا بـەرەو ڕوتـان دەجـەنگن‌و کوشتارتان دەکەن، بەڵام بیرتان بێت دەسدرێژی نەکەن‌و سنور نەبـەزێنن، چـونکە دڵنیابن خواوەند دەسدرێژیکارانی خۆش ناوێت.

هەروەها دەفـەرموێت: ﴿فَمَنْ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ﴾ البقرة/١٩٤.

واتە: هەركەس دەسدرێژی كردە سـەرتان، ئێـوەش بەهـەمان شـێوە بەرپەرچـی بدەنەوەو زیادەڕۆیی نەكەن لەئاستیانداو خۆتـان بپـارێزن‌و پارێزگـاری سـنورەكانی خواوەند بكەن‌و بزانن كە خواوەند لەگەڵ پارێزكاراندایەو پشتیوانیان دەبێت.

واتای ئایەتی یەكـەم(١٩٠)ی (البقـرة)ڕون‌و ئاشـكراەیەو هـیچ چەشـنە ناڕونیـەكی تێدا نیە، دیارە كە فەرمان دەكات بە شـوێن كـەوتوان‌و پـەیڕەوانی موحەمـەد(د.خ) بــەپێی ئــەو نەخشــەو ڕێنماییانــەی كــە خواوەنــد بــۆی دانــاون بجــەنگن لەگــەڵ هەركەسێكدا كە بیەوێت پـەلاماریان بـداتو لەگەڵیانـدا بـە شـەڕ بێـت، لـەم پرۆسـە مەزنەشـدا لـەبیریان بێـت ئـەو سـنورانە پێشـێل نەكـەن كـە خواوەنـد نەخشـەی بـۆ كێشاون، چونكە خواوەنـد خۆشـی لەوكەسـانە نایـەت كـە سـنور شـكێنی دەكـەن‌و پێشێلی ڕێنماییەكان دەكەن.

پێویستە ئەوەش بزانین هەركام لەڕاڤەكارو فەقیهـەكان پشـت بـەم ئایەتـە ببەسـتن‌و بڵـێن: نابێت باوەڕداران دەسپێشخەر بن لەهەڵگیرساندنی جەنگو كوشتاردا، ئەوا بێگومان:

أ. فەرمایشــتەكانی خواوەنــد جــێ گۆڕكــێ پێدەكــەن‌و قســە بــە دەم خواوەنــدەوە هەڵدەبەسن.

ب. فەرمایشـتی خواوەنـد نادیـدە دەگـرن كـە دەفـەرموێت: ﴿فَلَـا عُـدْوَانَ إِلَّـا عَلَـى الظَّالِمِينَ﴾ البقرة/١٩٣.

واتە: ئیدی دژایەتی‌و هێرش‌و جەنگ دژ بە كەس ڕامەگەیەنن تەنها دژ بە ستەمكاران نەبێت.

دەبینین ئەم ئایەتە بە روونی ئاماژە بۆ واجب بونی دەسپێشخەری‌و ڕاگەیاندنی جەنگو كوشتار دەكات دژ بەستەم‌و ستەمكاریی لەهەركوێ‌و لەهەركاتێكدا سەری هەڵدا.

هەروەها وشەی(**بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا**)كە لەئايەتی(٣٩)ی سورەتی(الحج)دا هاتوە ديسانەوە ئەم بۆچونە پشت ڕاست دەكاتەوە.

بەلام وتمان مەرجی هەلگیرساندنی جەنگو كوشتارەكە ئەوەيە كەپێويستە ستەمكارێك لەئارادا بێتو دەستی دابێتە ستەم كردنو چەوساندنەوە، پێويستە بزانين كە دەسدرێژی كردنە سەر ئازاديە گشتيەكانو تاكرەویو خۆپەسەندی، ستەمو(ظلم)ن، بۆيە لەبەرانبەرەوە جەنگو كوشتارێك بەرپا دەكرێت بۆ ڕامالينو لادانی ئەو ستەمو سەركەش بونەو بۆ پاراستنی بەرژەوەنديە گشتيەكانو دابينكردنی ئاسايش بۆ خەلكی بەگشتی.

ج. ئەوكەسانەی(لەڕاڤەكارانو فەقيهەكان)كەدەلێن: دەسپێشخەری لەجەنگو كوشتاردا دروست نيە، ئەوا كاری سێيەم كە دەيكەن بۆ چەسپاندنی بۆچونەكەيان سەبارەت بە ئايەتی(١٩٠)ی سورەتی(البقرة)و ئايەتی(٣٩)ی سورەتی(الحج)يش بەم شێوەيە دەخوێننەوە:﴿**أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا**﴾ بەوەی كە(فتحە)و سەرە دادەنێن بۆ پيتی(ت)كەی كە لەوشەی(يقاتَلون)دا هاتوە بەم كارەيان(فعل)و كردارەكەی دەكەن بە(مبنی للمجهول) واتە: باس لەكەسو دەستێكی ناديار دەكات، ئەم چەشنە خوێندنەوەيەش خوێندنەوەی(عاصم بن حفص)و خوێندنەوەی خەلكی شاری(مەدينە)يە كە(إبن عباس)و خەلكی شاری بەسرەش هەربەو شێوەيە دەيانخوێندەوە.

بەلام بەپێی خوێندنەوەی(إبن كثير، حمزة، الكسائي)و خەلكی شاری كوفە كە پێشەوا عەلی كوڕی ئەبوتاليبيش يەكێكە لەوان، پێويستە ئايەتەكە بەم شێوية بخوێنرێتەوە﴿**أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتِلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا**﴾ واتە: پيتی(ت)كەی ناو وشەی(يُقاتِلون)بە(كسرة)و ژێرەوە بخوێنينەوە تاوەكو كردارەكە بە(مبنی للمعلوم)ی بمێنێتەوە.

لەحاڵەتی وەرگرتنی ڕای یەكەم‌و وازهێنان لەدوەم، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ كە دەپرسێت: ئایا ئەوانەی كەجەنگ و كوشتاریان دژ دەكرێت(یقاتَلون)پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتن لەكەسێك دەبێت تاوەكو بەرگری لەخۆیان بكەن..؟

لەوەڵامدا دەڵێین: بە دڵنیاییەوە نەخێر پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتن لەكەس نابێت، چونكە داكۆكی كردن‌و بەرەڤانی لەنەفس‌و ماڵ‌و خاك‌و ناموس، هەستێكە كە خواوەند لەسروشتی هەمو دروستكراوەكانیدا چاندویەتی بە مرۆڤ‌و گیان لەبەران‌و تەنانەت لە ڕوەكەكانیشداو پێویست بە نیگای ئاسمانی ناكات تاوەكو ئەو بەرگریەیان بۆ ڕەوا بكات‌و مۆڵەتیان بدات بەرگری لەخۆیان بكەن، هەروەك چۆن خواوەند هەمو دروستكراوەكانی لەسەر خواردن‌و خواردنەوەو خەو و هەناسەدان‌و زاوزێ كردن‌و حەزی جوت بون لەگەڵ یەكدیدا ڕاهێناوە.

ئەگەر بچینە سەرباسی ئایەتی(١٩٤)ی سورەتی(البقرة)ش دەبینین فەرمانمان پێدەكات بە هاوشێوەو هاوتا بونی بەرپەرچدانەوەی دەسدرێژی، بەبێ زیادەڕۆیی‌و سنور بەزاندن و كاری نابەجێ.

هەروەها دەبێ بزانین كەئایەتی﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنفَ بِالْأَنفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ﴾المائدة/٤٥. لەسەر ئاستی تاكە كەسی، فەرمانمان پێدەكات كە بەهەمان شێوەی جەنگ و دەسدرێژكاریەكەی كە بەرانبەرمان كراوە، ئێمەش تۆڵە بكەینەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئایەتی(١٩٤)ی سورەتی(البقرة)ش لەسەر ئاستی دەستە جەمعی‌و كۆمەڵ، هەمان داوامان لێدەكاتەوەو دوپاتی دەكاتەوە، دەرچون لەو ڕێساو یاسایانەی كە داوای هاوشێوە بونی تۆڵەو بەرپەرچدانەوەكانمان لێدەكەن خۆی

لەخۆیدا لەلایەكەوە زێدە ڕۆییی و سنور بەزاندنەو لەلایەكی تریشەوە هۆكارە بۆ پوچەڵ كردنەوەو بێ ناوەڕۆك كردن و بەتاڵ كردنەوەی خودی پرۆسەی جەنگ و كوشتارەكە، ئیتر ئەو كوشتارو جەنگە لەڕێگەی خواوەنددا بێت یاخود لەڕێگەی غەیری خواوەنددا، وەك بەرگری لەنیشتمان و ناكۆكی و ململانێكانی تر كە لەسەر بەرژەوەندیەكان بەرپا دەبن جیاوازی نیە، لەم سەردەمەدا دەستەواژەی(الإفراط في إستعمال القوة)ی بۆ بەكار دەهێنرێت، واتە زێدەڕۆیی لەبەركارهێنانی هێزدا.

٥. خواوەند دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلَامَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَعِنْدَ اللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ كَذَلِكَ كُنتُمْ مِنْ قَبْلُ فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوا إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ النساء ٩٤.واتە: ئەی باوەڕداران ئەگەر لەڕێگەی خواوەنددا ڕێگەتان بڕی و كەوتنەڕێ و ڕۆیشتن بەرەو ئامانجەكانتان، سەرنج بدەن و وریا بن، هەركەس ئاشتی بۆ پێشنیار كردن نەكەن پێی بڵێن: تۆ ئاشتی و ئاسایشت بۆ نیە، ئێوە بۆ دەستخستن و دەسكەوتەكانی دونیا لەماڵ دەرچون، دەی بیشزانن كە خواوەند نازو نیعمەتی زۆری لایە، ئێوەش هەروا گەل و هۆزێكی پەژموردەو لاوازو بێ دەسەڵات بون، خواوەند ئاوڕی لێدانەوەو بەم ئاستەی گەیاندن، دڵنیابن كە خواوەند بە هەمو كردەوەكانتان بە ئاگایە.

ئەگەر لەم ئایەتەدا ئێمە(ضرب)بەجەنگ وكوشتار لێك بدەینەوەو بە بناغەیەكی سەرەكی و بنەمای پەیوەندیەكانمان لەگەڵ كەسانی تردا لێكی بدەینەوە، ئەوا ئەم ئایەتە ڕێگیری لەباوەڕداران دەكات كە كوفری ئاینی بكەنە هۆكار بۆ جەنگ و كوشتار لەگەڵ كەس و لایەنێكدا..؟هەروەها ئەگەر(ضرب)بە هەوڵ و تێكۆشان بۆ بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزی و زانیاری و بانگەواز كردن لێك بدەینەوە، بەتایبەت

ئەگــەر بەرژەوەندیــە مــادیو دەســكەوتە دونیاییــەكان زاڵ بــون لــەو ڕێگــە ڕۆیشتنو(ضرب)ەدا، بەشێوەیەك كـە لەفەرمانـەكانی خواوەنـدو ڕێگـەو ڕێبازەكـەی دەربچێت، ئەوا ئیدی پێی ناوترێت(الضرب في سبيل الله)ئەگەر كەسـی ژیـرو فامیـدە سەرنج بدات ئەوا بۆی دەردەكـەوێت كـە ئـەم ڕێگـیری كردنـەی خواوەندیش(كـەداوا دەكات لەباوەڕداران جەنگو كوشتار لەسـەر بناغـەو بنـەمای كـوفری ئـاینی لەگـەڵ كەسدا هەڵنەگیرسێنن)ڕێك دێتـەوە لەگـەڵ ئایـەتی ﴿وَقُولُـوا لِلنَّـاسِ حُسْـنًا﴾ البقرة /٨٣.خواوەنـد لـەم ئایەتـەدا فـەرمانمان پێـدەكات كـە بـە چـاكەو گوفتـاری جـوانو ڕوخۆشـیو چـاكەكاری ڕەفتـار لەگـەڵ هـەمو كەسـێكدا بكـەین، بـەبێ گوێدانـە بیروباوەڕو بۆ چونو تیرەو هۆزو ڕەچەڵەكی كەسەكان، هەر لەم بارەیەوە خواوەنـد دەفەرمویت: ﴿لَا يَنْهَاكُمْ اللَّهُ عَنْ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الـدِّينِ وَلَـمْ يُخْرِجُـوكُمْ مِـنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ الممتحنة/٨.

واتە: خواوەند ڕێگیریتان لێ ناكات لەوەی كە چاكەكارو دادپـەروەر بـن بەرابنـەر ئەو كەسانەی كـە جـەنگو كوشـتاریان بـەهۆی ئاینەكەتانـەوە دژ بـەرپا نـەكردونو لەنیشتمانو ماڵو حاڵی خۆتـان وەدەریـان نـەناون، ئـەوا چـاكەیان لەگەڵدا بكـەنو دڵنیاش بن كە خواوەند چاكەكارانی خۆش دەوێت.

لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین كە چۆن لەحاڵەتی یەكەمدا ئازادی بیروبـاوەڕو زۆر لێنـــەكردنو جـــەنگ لـــە پێنـــاو دابـــین كردنـــی ئـــەم مافانـــەدا بـــە(في ســـبيل الله)دادەنرێت،هەروەها لەحاڵەتی دوەمدا(الديار)كە بە زمـانی ئـەم سـەردەمە واتـای نیشـتمان دەگەیـەنێتو ئەگـەری ئـەوەی هەیـە لەسـەر خـاكو نیشـتمان ململانـێو

ناكۆكیـەكان ئەوەنـدە قـوڵ ببنــەوە كــە جــەنگ وكوشتاریشـیان لێ بكەوێتــەوەو لەئاكامدا ڕاكردن‌و هەڵهاتن لەمل هوڕانیشی بە دودا بێت.[٢٧]

ئایەتی(٩٤)ی سورەتی(النساء)هـەر بـەوەوە ناوەسـتێت كـە ئـەو ڕێنماییـە بداتـە باوەڕداران، بەڵكو بەردەوام دەبێت تا بیریان بخاتەوە كە ئەوانیش پێشتر بێ بـاوەڕ بون‌و خواوەند بە میهرەبانی خۆی سنگی پاك كردنەوەو ئامادەی كرد بۆ وەرگرتنـی بیروبـاوەڕی دینـداری، بۆیـە: نەشـیاوە بۆیـان كـە خـەڵكی بكـوژن‌و بچـن بـە گـژی خەڵكیدا تەنها لەبەر ئەوەی كە كافرن، چـونكە یەكـەم: ئـەو خەڵكـە ئـازادن لـەبیرو باوەڕیانداو، دووەمیش: دەرگای سۆزو بەزەیی خواوەند هەمیشە لەسـەر پشـتە بـۆ هـەمو دروسـتكراوەكانی، بـە كـافرو باوەڕداریانـەوە، سـێیەمیش: چـونكە خواوەنـد خۆی زاناو بەئاگایە بەحاڵی باوەڕداران‌و حاڵی كافران‌و سـتەمكاران‌و دوڕوەكـانیش، بۆیە تەنها خۆی مافی ئەوەی هەیە كە حوكم‌و فەرمان لەبارەی كـوفری كافرەكـان‌و باوەڕی باوەڕدارەكانەوە بدات، سەبارەت بە باوەڕبونیان بە خودی خواوەنـدو ڕۆژی دوایی‌و پەیام‌و پەڕاوەكانی‌و پێغەمبەرەكانی‌و فریشتەكانی.

بەڵام ئەوەی كە پەیوەندی هەیە بە خەڵكەوە لەنێوان خۆیاندا بریتیـە لە(سـتەم‌و خراپەكاروی درۆو...هتد)كە ئەتوانن خۆیان لەناو خۆیاندا سەرەكۆنەو لێپێچـینەوەو سەرزەنشتی یەكتر بكەن لەسەر ئەوشتانە.

---

[٢٧] (تێدەگەین كە ئەم دو هۆكارە واتە: زەوت كردنی ئازادی بیرو باوەڕو دەسدرێژی كردنە سەر نیشتمان‌و ئاوارە كردنی خەڵكەكەی، هۆكارن بۆ بەرپا كردنی دژایەتی‌و جەنگ لەگەڵ هەركەسێكدا كە ئەم كارانەی لێ بوەشێتەوەو لەبەرانبەرەوە ئەو كەسەی یاخود ئەو لایەنەی كە ئازادی ڕادەربڕین‌و ئازادی ئاینی دابین دەكات‌و ئاسایش‌و ئارامی بەرقەرار دەكات‌و نیشتمان دەپارێزێت، نابێت خۆمان لەچاكەكاری لەگەڵیدا بدزینەوە)وەرگێڕ.

ئەم پێنج خاڵەی كە باسمان كردن نەك تەنها دەبنـە هـۆی لـیخن كـردن‌و پوچـەڵ كردنەوەی(قتال)و خاڵی كردنەوەی لـەماناو واتـاو دەلالەتـەكانی خـۆی، بـەڵكو هـەر یەكـەیان بـا بـە ئەندازەیـەكی كـەمیش بێـت، ئەگـەر بـونی هــەبو و ڕۆڵـی گێـڕا لەپاڵنـەرەكانی جـەنگ‌و كوشـتارەكەدا، ئـەوا بێگومـان ئـەو جـەنگو(قتال)ە ئیـدی لەڕێڕەوی خۆی لای داوەوە (قتـال)و كوشـتارێك نیـە لەڕێگـەی خواوەنـددا، چـونكە پوچەڵ كەرەوەو بەتاڵ كەرەوەكان لەسەرباری ئاسۆیی زۆر زیـاترو قـوڵترن لـەوەی كـە باسـكراون، بەهــەمان شـێوە لــەباری سـتونیش هەرچەشـنە زیـان گەیانـدن‌و بەزانـدنێك سـەبارەت بـە بەنـدو بڕگەیـەك لەبڕگـەو بەنـدەكانی(كلمـة الله)لـەئازادی‌و دادپــەروەری‌و یەكسـانیدا، دەبێتــە مایــەی لـیخن كـردن‌و لــەڕێ لادانــی كوشــتارو جەنگو(قتال)لەڕێگـەی خواوەنـدداو دەبێتـە هـۆی مایـە پـوچ بـون‌و بـێ پاداشـت مانــەوەی جەنگاوەرەكــە لەبەرانبــەر ئەوبەڵێنانــەدا كــە خواوەنــد بــە بـاوەڕدارە جەنگاوەرەكانی داوە.

**ئاکامو دەرەنجامەکان:**

١. شەهادەتو شاهیدی هیچ پەیوەندیان نیە بە جەنگ وکوشتنو کوشتارو مردنەوە، هەروەها شەهید تەنها کەسێکە لەحاڵی ژیاندا بێتو، بەئاشکرا شایەتیەکەی پێشکەش بکات.

هەروەها شەهیدەکان لەگەڵ پێغەمبەرانو ڕاستگۆیانو چاکەکاراندان (دەشزانینو لەبیرمانە کە ناسناوی پێغەمبەرایەتی، مرۆڤ لەڕێگەی نیگای ئاسمانیەوەو لەحاڵی زیندویەتیدا بەدەستی دەهێنێت، هەروەها ناسناوی ڕاستگۆیەتی، مرۆڤ بە زیندویەتی بەدەستی دەهێنێت، بەهەمان شێوە ناسناوی چاکە کاریو ساڵحیش مرۆڤ بە زیندویەتی بەدەستی دەهێنێت، شەهیدیش هەر بەهەمان شێوەیە).

ئەمانەش هەمو ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە هەڵدەسن بەئەرکی ئەنجامدانی شایەتیەکی ئاشکرا دژ بەستەمێك یاخود دژ بە ساختەکاریەك وەك زیندانیەکانی وشەو ڕادەڕبرین، یاخود بۆ تاقیکردنەوەی داهێنانێکی زانستی یان بۆ گواستنەوەی ڕوداوێكو گەیاندنی بەخەڵك( وەك ڕۆژنامەنوسانو میدیاکاران)یان وەکو(کەسێك کە ئامادەیە دەرمانێك کە تازە دۆزراوەتەوە پێش ئەوەی پێشکەش بکرێت بەخەڵك تاقی بکاتەوە بەسەر خۆیدا) ئیتر جیاوازی نیە ئەم کەسانە بکوژرێن یان بمرن یان بەزیندویەتی بمێننەوە.

بۆیە ناولێنانی کوژراوانی جەنگەکان بەناسناوی شەهید هیچ مانایەکی نیە بێجگە لەوەی کە داهێنراوێکی سوڵتانو دەسەڵاتە ستەمگەرەکانە.

دەسەڵات یاخود دامەزراوەی مەرگ لە هەر دەسەڵاتێکدا، کاتێك خەڵك بەرەو تیاچون بەڕێ دەکات، دەزانێت کە هیچ نادات بەم داماوانە، هەروەها دەشزانێت کە ئەمانە کوژران، ئیدی ناتوانن داوای هیچ مافێك بکەن، چونکە مردوەکان داوای هیچ ناکەنو ناشتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ هیچ کەسو دامەزراوەو دەسەڵاتێکدا بکەن ولێی بپرسن بۆ ئەوانی بەرەو ئەو چارەنوسە خراپە ناردوە..؟.

بۆیە ئەم دامەزراوەیە بەڵێنی ئەوە دەدات بەو کەسانەی کە ڕەوانەی مەرگیان دەکات کە لەبەهەشتدا نازونیعمەتو حۆریە چاوگەشەکان چاوەڕێیان دەکەن، لەکاتێکدا ئەم بەڵێنانە تەنها لەدەسەڵاتی خواوەنددایەو لەتواناو دەسەڵاتو تایبەتمەندی کەسی تر نیە ئەم چەشنە بەڵێنانە بەکەسی تر بدات.

بۆیە هاتن، دەستەواژەی شەهیدو شەهادەتیان داهێناو کردیان بەکاڵایەكو بڕیان بەبەری قیتالو کوژراوەکانی گۆڕەپانی جەنگەکاندا، لێرەوە سوکایەتی کردن بەژیانی خەڵك دەستی پێکرد، بۆیە لەخەیاڵدانی دەستە جەمعی ئێمەدا کوشتاری بەکۆمەڵو کۆمای کوژراوەکانمانو زۆریی ژمارەیان، کاریگەریی نەرێنی ئەوتۆی نیە لەسەر دەرونمان، ئەگەر چی بەهۆی هەڵەی سیاسەتەکانو سەرکردەکانیشمانەوە بێت هەر گوێمان لێ نیە، شەقامی عەرەبیش بەوپەڕی نەفامیوبێئاگایەوە دەڵێت: سوپاو هێزە داگیرکارە کافرەکان بەرگەی ژمارەی کوژراوانی زۆرو بەلێشاو ناگرن، بەبێ ئەوەی بزانن و بزانین کەلێپرسراوانو سەرکردەکانی ئەو دەوڵەتو سوپایانە دەکەونە بەر لێپرسینەوەی قورسەوە لەلایەن گەلەکانیانەوە ئەگەر بێتو توشی کارەساتیان بکەن، چونکە گەلی ئەو وڵاتانە ڕێز لەو گیانە پیرۆزە دەگرن کە خواوەند بەخشیویەتی بەمرۆڤەکانو بەگشتی ڕێز لەژیان دەگرنو باوەڕیان وایە کە تەمەنی مرۆڤ بۆی هەیە زیادو کەم بکاتو ئەرکی خەڵکیشە کە پارێزگاری لەژیانو گیانی خۆیانو یەکتر بکەنو درێژە بەتەمەنیان بدەن.

بەڵام ئێمە زەماوەندی شەهیدبون دەگێڕین بۆ کوژراوەکانمانو هەلهەلەو باڵۆرەیان بەسەردا هەڵ دەدەین( ئەمە چ هۆسەو هەراو خەیاڵ پلاویەکە..؟) بێجگە لەخۆ هەڵخەڵەتاندن هیچی تر نیە، چونکە خاوەنی ڕاستەقینەی بەهەشتو جەهەنەم تەنها خواوەند خۆیەتیو ئێمە دەسەڵاتی هیچمان نیەو خاوەنی هیچ نین،

هـیچ خەڵەتانـدنو فریودانێـك لـەوە گـەورەترو مەترسـیدارتر نیـە کـە خـەڵك واتێبگەیەنیت ئەگەر کوژران ڕاستەوخۆ دەچنە بەهەشتەوە، بۆیە لای ئێمە ژیـانیش بەهەمان دەردەکەی ئازادی چوەو ئەویش هیچ بایەخێکی نەماوە.

٢. هەنگاوی یەکەم بۆ بنبڕکردنو لەناوبردنی تۆقانـدنو توندوتیـژیو تـاکڕەویو یـەکتر سـڕینەوە، بریتیـە لەجیاکردنـەوەی هـەردو چـەمكو دەسـتەواژەی (الشـهادة والشــهيد) شــەهیدو شــەهیدبون لەیــەکتر، هــەروەها جیاکردنــەوەی چــەمكو دەستەواژەکانی (قتل وقتال وموت) کوشتنو کوشتارو مردن.

لێرەوە ئەرکی ئەوانەیە کـە لـەجیهانی ئیسـلامیدا بەگشـتی ولـەجیهانی عەرەبیـدا بەتایبــەتی کــە پرۆگرامــی فێرکــردن دادەنــێنو دەینوســن، ئاگایــان لــەم بــوارە مەترســیدارە بێــت، هــەروەها پێویســتە لەســەر وتاربێــژی مزگــەوتو دوانگــەو مینبەرەکانو کۆلیژەکانی بانگەوازو شەریعەت، بەهەمان شـێوە ئاگایـان لـەم بـوارە گرنگە بێت، چونکە ئەو هـەنگاوەی کـە بۆچاکسـازی پرۆگرامـی خوێنـدنی بنـەڕەتی هەڵـدەگیرێت گــورزێکی کەمەرشــکێن دەبێــت دژ بــەئیرهابو تۆقانــدنو بانــدە توندوتیژەکان، بەداخەوە بەردەوام لەم ڕێگەیەوە لاوانمان فریـو دەدرێنو ڕەوانـەی ناوبانـدە تیرۆیسـتیەکان دەکـرێنو ئـەم کـارەش ڕاناگیرێـت تـاوەکو ئـەم هـەنگاوە هەڵنەگیرێت.

٣. لەدابـەزێنراوی بەجێـدا شـتێك نیـە بـەناوی (ناسـخ و منسـوخ)ەوە، هـەموو ئایەتەکانی کە لەبارەی ڕوداوەکانی وەك جەنگی(بەدرو ئوحودو خەنـدەقو تـەبوكو فەتحی مەکەو خەیبەر)ەوە هـاتون هـەمویان بـریتین لـە(قصـص محمدیـة) چـیرۆکە موحەمەدیــەکانو دەچــنە خانــەی(نبــوة)و پێغەمبەرایەتیــەوەو پەیوەنــدیان بە(الرسالة)و پـەیامهێنەرایـەتی پـەیامهێنـەرەوە نیـەو هـیچ فـەرمانو حوکمێکیشـیان لێـوە وەرناگیرێـتو تـەنها وەك چـیرۆکەکانی عیسـاو موسـاو یوسـفو پێغەمبـەرو

پەیامهێنەرەکانی تر ئەمانیش تەنها پەندو ئامۆژگاریان لێوەردەگیرێت﴿**لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ**﴾ یوسف/١١٠

واتە: لەچیرۆکی پەیامهێنەرو پێغەمبەرەکاندا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ خاوەن ژیریو فامیدن.

هەروەها لەدەستپێکی خستنەڕوی ڕوداوەکانی جەنگی بەدردا خواوەند دەفەرموێت:﴿**قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأُخْرَى كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُمْ مِثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ وَاللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَنْ يَشَاءُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِأُولِي الْأَبْصَارِ**﴾ آل عمران/١٣.

واتە: بەڵگەو نیشانەو پەندێك وەرگرن لەدوو دەستەو تاقمدا کە بەیەك دەگەنو دەچن بە گژی یەکتردا، دەستەیەکیان جەنگ لەڕێگەی خواوەنددا دەکاتو ئەویتریشیان کافرو نەیاری ئەوانن بە چاوی خۆتان دەیان بینن، خواوەندیش بە توانای خۆی پشتیوانیو پشتگیری هەرکەسێك دەکات کە ویستی لەسەری بێتو، لەمەشدا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ ئەوکەسانەی کە مەبەستیانە پەند وەرگرن و خاوەنی دیدو تێڕوانینن.

سەرنجی ڕستەی﴿**إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِأُولِي الْأَبْصَارِ**﴾ بدە، ئەوە دەگەیەنێت کە جەنگەکانی نێردراوی خواوەند (د.خ) هەمویان دەچنە خانەی چیرۆكو بەسەرهاتەکانەوە، نەك خانەی حوکمەکانەوە، تەنها بۆ سوود لێوەرگرتن دەس دەدەن.

واتە ئایەتەکانی سورەتی تەوبە کە باس لەجەنگو کوشتار دەکەن هەمویان لەخانەی چیرۆکە موحەمەدیەکاندانو بۆ ئامۆژگاریو پەند لێوەرگرتننو ناچنە خانەی حوکم لێوەرگرتنەوە، لێرەوەیە کە دەڵێین: ئیدی پێویستمان بە ناسخو مەنسوخ نابێت بۆ بەراورد کردنی ئایەتەکانو هاوسەنگ یکردن لەلایەك لەنێوان مانای ئایەتی﴿**ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ**﴾ النحل /١٢٥.

واتە: بە داناییو ژیریو ئامۆژگاری جوانەوە، بانگەواز بکە بۆلای ڕێبازی پەروەردگارت.

لەلایـەکی تریشـەوە لـەنێوان ئـەم ئایەتـەدا کـە بەئایـەتی شمشـێر ناسـراوەو دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِنْ تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ التوبة/٥.

٤. جیهـادو تێکۆشـان لەڕێگـەی خواوەنـددا چـەندین چەشـنی هەیـە، هـەروەها لەدابەزێنراوی بەجێدا چـەند بابـەتو بـوارێکی تـریش هـەن کەلەڕێگـەی خواوەنـدان وەك: بەخشین لەڕێگەی خواوەندا، دەرچونو گەڕان لەڕێگەی خواوەندا، وە دەبێـت بزانین(في سبيل الله)لەڕێگەی خواوەندا واتە: بەپێی بەرنامەو پرۆگرامی خواوەند نەك لـەپێناو ئـەودا، بـەڵام جیهـاد لەڕێگـەی خواوەنـدا واتـە: بـۆ ئـەوەی(كلمـة الله هـي العليـا)دروشـمو وشـەی خواوەنـد بـە بـەرزو شـەکاوەیی ڕابگیرێـتو دەبێـت بـزانین کـە(قتال)یش یەکێکـە لەچەشـنەکانی تێکۆشـان، ئەگـەر هـاتو جـەنگ لەڕێگـەی خواوەندو بە پێی پرۆگرامو بەرنامەکەی ئەو بو، سەرەتا لەپێناو ئازادیدا دەبێت بـۆ هەمو خەڵكو لەسەرو هەموو ئازادیەکانیشەوە ئازادی بـیرو بـاوەڕو ویـژدانو ئـازادی دروشـمو سـروتە ئاینیـەکانو ئـازادی وشـەو دەربـڕین دێـت، چـونکە ئـەوە کەسـە ئازادو(ئازادە)کانن کـە ئـەتوانن دادپـەروەریو یەکسـانی فەراهـەم بهێـننو بیهێننـە کایەوەو پایەداری بکەنو لەپێناوپاراستنیدا تێبکۆشنو چاوەڕێش نابن لەسـینیەکی ئاڵتونیدا ئازادی بخرێتە بەردەستیان.

٥- ئـەگونجێ جـەنگ ڕەوا بێـت بـەڵام لەڕێگـەی خواوەنـدا نـەبێت، ئـەویش لـەو حاڵەتـەدا دەبێـت کـە جـەنگ یـەکێك بێـت لەشـێوازەکانی ڕکابـەریو کێبـەرکێی بەرژوەندییەکان، کاتێك ئەم ناکۆکیو ڕکابەریانە دەگەنە ئاستێك کـە ئیـدی ناکرێـت بە ئاشتی چارەسەر بکرێن، یاخود یـەکێك لەلایەنـەکان نایـەوێت بەشـێوەی ئاشـتی چارەسەری بکات، ئەوکات جەنگ دەبێتە یەکێك لەڕێگە چارە سیاسیەکانو زۆربەی

جەنگەکانی جیهان لەئاکامی ئەو ململانێو ناکۆکیانەوە ڕویان داوە، ئـەم حاڵەتـەش کـە جـەنگ و ڕوبـەڕو بونەوەیـەکی بەکۆمەڵـەو لـەنێوان سـوپاکاندا ڕو دەدات هـەر بەردەوام دەبێتو ئەستەمە کۆتایی پێ بێت.

٦. ئـەگونجێت جـەنگ ڕەواو دروسـت بێـت لـەکاتی هێـرش هێنـانی داگیرکارێکدا یاخود لەوکاتەدا کە وڵات ڕوبەڕوی مەترسـی دەبێتـەوە، ئـەم جەنگـە پێویسـتی بـە مۆڵـەت وەرگـرتن لەکـەس نیـە، چـونکە بـەرەڤانی کردنـە لـەگیانی خـەڵكو خـاکی نیشتمان، بەڵام پێویستە بزانین کە ئەم چەشنەش ناچێتە خانـەی جـەنگ لەڕێگـەی خواوەند.

٧. دەبێ لەوە دڵنیابین کە پارێزگاریو بەرەڤانی لەبەرژەوندیە گشتیەکانی گـەل لەهــەر وڵاتێکــداو هــەروەها داکــۆکیو بــەرەڤانی لــەخاكو نیشــتمانو پاراســتنی لەدەسدرێژیو داگیرکاری دەرەکی، بیروباوەڕێکی جەنگاوەرانەیە لـەناو سـوپاکاندا، واتـە: ئـەو جەنگانـەی کـە سـوپاکان پێـی هەڵدەسـن بـە گشـتی هیچیان لەڕێگـەی خواوەندا نین، مەگـەر تـەنها لەکاتێکدا بێـت کـە پاڵنـەرێکی سـەرەکی بـۆ جـەنگو کوشـتارو ڕوبـەڕو بونەوەکـە بـۆ ئـازادکردنی خەڵکانێکدا بێـت کـە لـەژێر چـەپۆکی ستەمکارێکدا کرابنە کۆیلەو چەوسێنرابنەوە، ئـەم جـەنگو هـەوڵو کوشـتارەش بـۆ ئـازاد کردنـی ئـەو خەڵکـە بێـت تـاوەکو جـارێکی تـر ببنــەوە بـەخاوەنی خۆیـانو بەهرەمەندی مافی ئازادی هەڵبژاردن ببنەوە.

ئەمانەش چەند هەلو مەرجو حاڵەتێکن ئەگەر ڕوش بدەن ئەوا دانسقەو نـاوازەن، بۆیە هەمیشە سوپاو لەشکرەکان لـەهاوڵاتیانی هـەر نیشـتمانێك بەهـەمو پێکهاتـەو ئاینو ئاینزاکانیەوە پێك دێن.

٨. تێکۆشانو جیهاد لەڕێگەی خواوەندا بە شـێوازی ئاشـتیانە، دەکـرێ بەدوایـدا جەنگ و ڕوبەڕوبونەوەی سەربازیش لەڕێگـەی خواوەنـدا بێـت ئەگـەر پێویسـت بـو،

ئەویش تەنها لەكاتە زۆر پێویستەكاندا دەبێت، ئەوكات دەبێتە تێكۆشان‌و جەنگێك لەڕێگەی بەدەستهێنانی ئازادی هەڵبژاردندا بۆ هەمو خەڵكی‌و لەسەروی هەموشیەوە ئازادی بیروباوەڕو ویژدان‌و ئازادی وشەو دەبڕین‌و ئازادی بەرپاكردنی دروشم‌و سروتە ئاینیەكان بۆ هەمو پێكهاتەو تیرەو دەستەو ئاینەكان، هەروەها دابین كردنی دادپەروەری‌و یەكسانی، ئەوكات ئەم چەمك‌و پرسە گرنگانە دەبنە ئەو بیروباوەڕەی كە لەپشتی جەنگەكەوە دەبێت‌و دەبێتە بیروباوەڕ بۆ سەربازەكانی سوپاو لەشكرەكەش.

٩. دڵنیابن دروشمی(العبودیة لله)كە دەكاتە كۆیلایەتی‌و زەلیلی لەبەردەم خواوەندا، لەدابەزێنراوی بەجێدا بونی نیەو خواوەندیش داوای نەكردوە لەكەس.

هەمو خەڵك بە هەمو بەش‌و چین‌و توێژەكانیەوە بە باوەڕدارو كافرو تاوانبارو بێ تاوانیانەوە بە لەڕێ لادەرو ڕاساڵیانەوە، هەمویان لەدونیادا(عباد)و بەندەی خواوەندن‌و لەڕۆژی لێپرسینەوەشدا هەمویان(عبید)و بەندەی بێدەسەڵاتی بەردەم خواوەندن.

ئەگەر بێت‌و كۆیلایەتی و(عبودیە)تیش لەجێگەو سەردەمێكدا بونی هەبێت، ئەوا بێگومان بۆ غەیری خواوەندە نەك بۆ ئەو، ئەمە لەكاتێكدا كە عەرەب‌و موسڵمانان بەیانیان‌و ئێواران وشەی(عبودیە)ت دەدرێت بە گوێیانداو ئەمانیش وا دەزانن كۆیلایەتیەكە بۆ خواوەندە، بەڵام لەڕاستیدا كراونەتە كۆیلە بۆ كەسانێكی دیاریكراو و خواوەندیش لەم كارە بەریە، تەنانەت ئەم باسە ئەوەندە بەهەڵە باسكراوەو دراوە بەگوێی خەڵكدا، تاوای لێهاتوە كە كۆیلایەتی بوەتە كەلتورێكی باو و پەرەسەندو، بەتایبەتی لەبیكردنەوەی دەستە جەمعی گەلانی عەرەبدا.

ئەو چەتە خوێنڕێژەی كە خەڵك دەچەوسێنێتەوەو دەیانكوژێت‌و دەیانتەقێنێتەوە، وەك پاڵەوانێك دەیناسن‌و لێیان كراوەتە پاڵەوان، لەسەر گۆی زەویدا گەلێكی تر نیە بە ئەندازەی عەرەب ڕۆژانە باسی كۆیلایەتی‌و(عبودیە)ی بۆ

بكرێت، تا وایان لێهاتوە كە ئـازادی هەڵبـژاردن بەلایانـەوە ئەوەنـد بـێ بایەخـە كـە مایەی ئەوە نیە لەپێناویدا خەبات وتێكۆشان بكەیت، بەتایبەت ئەگـەر ئازادییەكـە بۆ هەمو گەلو نەتەوەو پێكهاتەكان بێت بـەبێ جیـاوازی، ئـەم دروشـمە هەسـتێكی خۆ بەكەم زانینی لای عەرەبو موسڵمانان، بەتایبەت لەئاست كەلەپورو كەسایەتیو هێمـاو ناودارەكانیـدا دروسـت كـردوە، بۆیـە ناگونجێـت كەسـێك خـۆی بـە بودەڵـەو سەركز بزانێت لەئاست(إبن عباس)داو لەهەمان كاتـدا خـۆی بـە كەسـێكی زەبـەلاحو پاڵـەوان نیشـان بـدات لەئاسـتی سـەرۆكی ئـەمریكادا، ئەگـەر كەسـەكە لەهـەردو حاڵەتەكـەدا بودەڵـەو سـەركز نـەبێت ئـەم حاڵەتـە ڕو نـادات، واتـە: لەحەقیقەتـدا سەركزو بودەڵەیە بۆیە وا خۆی دەنوێنێت.

ئێمە بـە زمـانو ڕواڵـەت، قسـەو هێـرش دەكەینـە سـەر ڕۆژئـاواو سوكایەتی پـێ دەكەین، بەڵام لەبەرانبەرەوە زمان حاڵی گوزەرانمان دان بەو ڕاسـتیەدا دەنێـت كـە ئێمە كۆیلەو كزو زەبونی بەردەم ڕۆژئـاواین، چـونكە چارەنوسـی هـەمو شـتەكانمان بەدەستی ئەوە، تەنانەت ئەو جلو بەرگەشمان كە لەژێرەوە لەبەری دەكەین ئـەوان بڕیاری لەسەر دەدەن.

ئەگـەر لـەم پێگـەو تێگەیشـتنەوە سـەرنج بـدەین، دەبیـنین كـە سیسـتمەكانی حوكمڕانی لەوڵاتانی عەرەبیـدا بـە هـەمو شـێوەكانیانەوە(كۆماری، شاهەنشـاهی،.. هتد) هەمویان بەداخەوە لەگەلەكانیان بە ئاگاترو وریاترن، ئەمەش كارێكـە جێگـەی داخە، من لێرەوە مژدە دەدەم بە هەمو سیستەمە سیاسیەكانی حـوكمڕانی وڵاتـانی عەرەبی، مـژدەی تەمـەن درێـژیو بـەردەوامیو پارێزراویـان دەدەمـێ[٢٨]، چـونكە

---

[٢٨] نوسەر لەساڵی(٢٠٠٨)زاینیدا ئەم بابەتەی نوسیوەو دواتر كە شۆڕش لەچەند وڵاتیكی عەرەبیدا سەری هەڵداو بە داخەوەو دواجار ئەم شۆڕشانە ڕوبەڕوی چەندین قەیرانو دواتر شكست كرانەوە، د. محمد شەحرور لەساڵی(٢٠١٥)داو لە وتارێكیدا بەناوی(الطغیان ألی أین)ەوە كە لەسەر پێگەی فەرمی خۆی بڵاوی كردەوە داوای لێبوردنی لەگەلانی عەرەب كرد، بەڵام ڕاشی گەیاند كە بۆچونەكەی ئەو لەڕاستیدا هەڵە دەرنەچو، چونكە ئەو شۆڕشانە هەمان ئەو شتەیان بە دوای خۆیاندا هێنا كە ئەو لێرەدا پێشبینی كردوە. وەرگێڕ

كەلتورو پاشخانی بیكردنەوەمان بەتەواوی لاواز ترە لەوەی كە بیر لە بەرپاكردنی شۆڕش دژ بە داگیركاری ناوخۆیی بكاتەوە هەركەس بێت، ئەگەر بێتو بەرپاش بكرێت ئەوا كوشتنی هەڕەمەكیو ڕەشە كوژیو خۆتەقاندنەوەو خەڵك تەقاندنەوەی بە دوادا دێت، ئەمەش بە دڵنیاییەوە كارێكی هەڵەیەو هەڵە دەبێت.

هەروەها ئەوەی كە پێی دەوترێت شەقامی عەرەبی لەڕاستیدا شەقامێكی پەژموردەو شكست خواردوەو گرەو تەنها لەسەر ئەسپە دۆڕاوەكە دەكات.

ئەوەی كە داواو هیوا دەكرێت لەسیستمە حوكمڕانەكانی عەرەب تەنها ئەوەیە، داوایان لێ بكەین یان خۆیان بۆ خۆیانو لەناوخۆدا دەس بدەنە چاكسازیو چاككردنی ڕەوشی ژیانی وڵاتەكانیان، یاخود بە فشارێكی دەرەكی ناچار بە چاكسازی بكرێن.

ئەم هەمو چارە ڕەشیو مەینەتە لەو قسانەوە سەرچاوەی گرت كە لە دێر زەمانەوە دەدرێت بە گوێی خەڵكداو پێی دەڵێن: ئەگەر كار بەدەستو حوكمڕان دادپەروەر بو ئەوا پاداشتی بۆ دەنوسرێتو پێویستە خەڵكیش سوپاسگوزاری بكات، ئەگەریش ستەمكار بو و دەستی دایە ستەم ئەو تاوانی بۆ دەنوسرێتو خەڵكیش لەسەریانە دان بە خۆیاندا بگرنو شان بدەنە ژێر ستەمەكەی.

ئاوەزو لێكدانەوەی دەستە جەمعی عەرەبی بەدەست نەخۆشیەكی درێژخایەنەوە دەناڵێنێت، ئەویش بریتیە لەوەی كە ڕێز لەئازادی خەڵك ناگرێت، هەروەها ڕێز لەشكۆی ژیانی مرۆڤانەی مرۆڤایەتی ناگرێت، وا فێركراوین(وەك فەقیهەكان دەڵێن)هەركەس ژیانی خۆش بوێتو ڕقی لەمردن بێت، پێویستە لەسەری هەست بە تاوان بكاتو پەشیمان بێتەوە.

١٠. چارەسەری ئەمنیو سەربازیی بۆ ڕوبەڕو بونەوەی دیاردەی توندوتیژی چارەسەرێكی كاتیەو، وەك دەرمانی ئازار شكێن وایە، لەكاتێكدا كە نەخۆشیو

دەردی توندوتیژی نەخۆشیەکی سەختەو پێویستی بە نەشتەرگەری گەورە هەیە، ئەم نەخۆشیە درێژخانەیەش ڕیشەکێش ناکرێت تاوەکو بەوردی چاو نەخشێنینەوە بەو بناغەو پێگانەدا کە فیقهی ئیسلامیان لەسەر بونیات نراوەو فەقیهەکان لەسەدەکانی دوەم‌و سێهەمی کۆچیدا دایان ڕشتون.

پێویستە بزانین ئەم بناغانە هیچ ئاوڕێکیان نەداوەتەوە بەلای ڕێزگرتن لەئازادی و ژیانی خەڵکدا.

ئەم کارو پرۆسە گرنگەش سەر ناگرێت تاوەکو چەند سیستمێکی مەعریفی تازە دانەڕێژرێت، چونکە مەعریفەو زانست دیلی دەستی ئامرازەکانیەتی.

ئەوەی کە ئێمە وا بۆ چل ساڵ دەچێت دەستمان داوەتێ، بریتیە لەداڕشتنی ئەو سیستمە نوێیانەو جێبەجێ کردنیان.

سەبارەت بەو هەوڵانەش کە بەناوی ئیسلامی میانڕەوی‌و نزیك خستنەوەی نێوان ئاینزاکان‌و شتی لەم بابەتەوە دێنەکایەوە، بەلای ئێمەوە ئەم کارانە بێجگە لەکاری بێ سەرو بەرو بەفیڕۆدانی کات هێچی تر نین.

١١. بەدڵنیاییەوە یەکێك لەگرنگترینی ئەو بنەماو بناغانەی کە پێویستە چاویان پێدا بخشێنینەوەو پێداچونەوەو سەر لەنوێ داڕشتنەوەیان بۆ بکەین، بریتیە لەوەی کە(قتال‌و جهاد)لەسەر بنەمای ئومەمی خراونەتەڕو و کاریان بۆ کراوە، (لەسەر بنەمای ئومەی کفرو ئومەی ئیسلام)واتە: جیهانیان لەڕوی تیۆریەوە دابەش کردوە بە سەر دوبەرەی کوفرو ئیسلامدا، لەسەر ئەم بنەما سەقەتە چەندین جەنگی گەورە هەڵگیرسێنراون کە لەڕاستیدا جەنگی بەرژەوەندیە مادیەکان‌و دەستخستی دەسکەوت و تالانی بون و لەپێناو فراوان کردنی دەسەڵاتدا بەڕێوە براون.

هەروەها تیۆریای کۆمۆنیستی شیوعیش لەسەرهەمان بیرکردنەوە بونیات نـراوەو هەمان کردەوەی لێ کەوتوەتەوە، چونکە ئەویش جیهانی بە سـەر دوو بەرە(بـەرەی سەرمایەداریو بەرەی زەحمەتکێشان)دا دابەش کردوو هەر یەکـەیانی کـردە ئومـەو جەماوەرێکی بۆ دیاری کردنو بە تەواوی بەهەڵەداچو، کاتێـك ئومەگـەرایی یەکـەمو دوەمی پێك هێنا، هەروەها بە تەواوی بەهەڵەدا چو کاتێـك گـەلحۆو گەمـژەکانی بـە ئومەیەك داناو هەژارەکانیشی کردە ئومەیەك، چونکە ئەمانە چـینو توێـژ بـون نـەك ئومە، دواتر ئەم دابەشکردنە بە ملیۆنان کوژراو و بـە هـەدەردانی سـامانی گـەورەی هێنا بەسەریاندا.

بۆیـە هـەر جـەنگێك لەسـەر بنـەمای ئومـەمی بـەرپای بکرێـت، بەتایبـەت لـەم سەردەمەدا کـە ئێمـە تیایـدا دەژیـن، بەدڵنیاییـەوە بـراوەو دۆڕاوی نابێـت، چـونکە هەموان لەو جەنگەدا دۆڕاو و خەسارەت مەند دەبین.

هـەروەها هەڵگیرسـاندنی هـەر جـەنگێك لەسـەر بنـەمای ئـەوەی کـە لـەنێوان باوەڕداران‌و کافران، یاخود باوەڕداران‌و گاوران، یان لەنێوان بوزیەکان‌و باوەڕداراندا بێت، ئەوا بێگومان شەڕو جەنگێکی ماڵکـاول کـەرو وێرانکـەر دەبێـت‌و هەرکەسـیش لەباوەڕداران وا گومان ببات کە ئەمە جـەنگ‌و جیهادێکـە لەرێگـەی خواوەنـدا، ئـەوا بێگومـان لەخەیاڵدایـەو قوربانیـانی ئـەم چەشـنە جەنگانـەش هـەمویان قوربـانی مرۆڤایەتی دەبن‌و خوێن و گیانیان بەفیڕۆو بەناڕەوا هەڕاج دەکرێن.

١٢. دروشمی(حاكمية الله)فەرمانڕەوایەتی خواوەنـد، دروشمێکـی تـەمو مـوژاویو سۆزداریەو بـە کـەڵکی بونیـات نـانی دەوڵـەت نایـەت، چـونکە ئـەرکی دەوڵەتـەکان لەسـنوری ژیـانی دونیادایـە لـەدابینکردنی ڕێگـەو بـان‌و تەندروسـتی‌و خوێنـدن‌و فێرکاری..هتد.، هەروەها ئـەرکی دەوڵەتـداری خـۆی لـەکارکردن و لەگەشەسـەندنی ئابوریو دابین کردنی ئاسایشدا دەبینێتەوە و ڕۆژی دوایی و(آخرة)یـش تایبەتـە بـە تاکەکانەوەو کاری تاکە کەسیە.

١٣. ئەستەمە بتوانرێت ئاین لەکۆمەڵگا جیا بکرێتەوەو لەیەکتر دابڕێن، بەڵام ئەوەی کە دەتوانرێت بکرێت دابڕکردنو دورخستنەوەی ئاینە لەسیاسەت، چونکە کاتێك ئاین(هەر ئاینێك بێت)یان هەر ئاینزایەك دەستی وەردایە ناو سیاسەتەوە، ڕاستەوخۆ دیاردەی کەنار خستنی بەرامبەرو ئەویتر سەر هەڵدەدات، بیانوی ئاینیو فیقهییش لەم بارەوە زۆرن، هەروەها ڕونە کە بڕیارە سیاسیەکان بە گشتی پشت بە جیهانی دیار دەبەستن، بەڵام لەئایندا هەمیشە لایەنی غەیبیو نادیار زاڵە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوداوی نەخوازراو.

١٤. ئەو دیموکراسیەتەی کە مرۆڤ پێیگەشتوەو بریتیە لەبنەمای ڕێزگرتن لەئازادی هەڵبژاردنو صندوقەکانی دەنگدانو ئازادی وشەو ڕادەبڕینو ئازادی ویژدانو ئازادی کارکردن..هتد، ئەم مافانە هەمویان لەچوارچێوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی یاخود سیستەمێكو یاسایەکی بنەڕەتیدا لەنێوان کار بەدەستو خەڵك(الحاکم والمحکوم)دا دادەڕێژرێن و پەیڕەو دەکرێن، ئێمە پێمان وایە کە دیموکراسیەت ڕێکارێکە بۆ بەڕێوەبردنی ژیان کە کەمترین زیانی هەیەو باشترین ڕێکاریشە کە تا ئێستا مرۆڤ پێی گەیشتبێت بۆ پەیڕەوکردنی ڕاوێژو وەرگرتنی ڕای یەکتر، دەبێت بزانین کە(شوری)لەدابەزێنراوی بەجێدا وەك بنەمایەك هاتوەو هیچ ڕێکارێك دانەبەزینراوە بۆجێبەجێ کردنی ئەم بنەمایەو پەیڕەوکردنیو ڕاپەراندنی.

هەروەها پێویستە ئاگاشمان لەوەبێت کە هەڵەکانی دیموکراسیەت نابنە بیانوو بۆ پشت گوێ خستنو کارپێ نەکردنی، چونکە عەرەبو موسڵمانەکان تا ئێستا نەیان توانیوە ڕێکارو ڕێوشوێنێکی باشتر لەمە بدۆزنەوە بۆ ڕاپەراندنی بنەمای(شورا)و ڕاوێژ کردن.

دەکرێتو دەگونجێت کە دیموکراسیەت ڕوکارێکی وەك پاشایەتی، کۆماری، یاخود میرایەتی وەربگرێت، چونکە دیموکراسیەتو ئەم ڕوکارانەش کە وەریان دەگرێت بەتەواوەتی جیاوازن لەدیکتاتۆریەتی زۆرینە، دەگونجێت وەك چۆن یابان

لەساڵی(١٨٦٠)وە قۆناغ بەقۆناغ دیموكراسیەتی جێبەجێكرد، ئێمەش بەقۆناغ بەندی كار لەسەر پرسی دیموكراسیەت بكەین‌و هیچ پێویست ناكات پەلە بكەین‌و سەر لەخۆمان تێك بدەین.

١٥. لەكاتی كۆچی دوایی پێغەمبەرەوە، ڕەوایەتی‌و شەرعیەتی سیاسی، خۆی لەو خەلافەتەدا دەبینیەوە كە لەساڵی(١٩٢٣)ی زاینیداو لە سەردەمی عوسمانیەكاندا كۆتایی هات، لەو سەردەمەوە تاوەكو ئێستا تاكڕەوی‌و ستەمگەری وخۆسەپاندن هەرماوەتەوە، بەلاّم شەرعیەت‌و ڕەوایەتی لەدەست داوە، هەمو ئەو ڕوداو و بێنەو بەرەیەی كە لەوڵاتانی عەرەبیدا بەدی دەكرێت بریتیە لەژانی گەڕان بەدوای ڕەوایەتی‌و شەرعیەتێكی سیاسی تازەی ئەوتۆدا كە جیاواز بێت لەخەلافەو جێگەی ئەو بگرێتەوە، جیاواز لەو خەلافەتەی كە بەبێ ئەوەی ئاخ‌و حەسرەت بە دوایدا هەڵكێشرێت كۆتایی هاتوو پشتیوان بە خواوەند گەڕانەوەشی نابێت.

١٦. ئەوەش كە پێی دەوترێت بێداری ئیسلامی تەنها هەوڵێكی خەڵەتاندن‌و فریودانەو هیچی تر، چونكە هاوشان‌و هاوتەریب لەگەڵ زیادبونی ژمارەی نوێژ خوێنان‌و ئافرەتانی بالاّپۆش‌و زیارەتكارانی ماڵی خواوەند، بەداخەوە بەهەمان ڕێژەش گەندەڵی دارایی‌و درۆو ساختەكاری‌و دەس بڕی‌و پابەند نەبون بەوادەو پەیمانەوەو ناپوختی لەكارو پیشەكاندا زیادی كردوە.

دانانی حیجاب‌و بالاّپۆشیش وەك مانشێت‌و ناونیشانێك بۆ بێداری ئیسلامیی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە ئێمە ئومەتێكی قەیراناوی‌و شكست خواردوین.

١٧. ئەبێت لەوە دڵنیا بین كە شەریعەتی ئیسلامیش بەپێی ئەو بنەماو پرەنسیپانەی كە لەكتێبە كەلەپوریەكانی وەك كتێبی(الأم)ی شافعی‌و(حاشیە)ی ئیبن وعابدین‌و ئەوانی تردا هاتوە، ئەم شەریعەتەش بە كار بەدەست‌و حوكمڕانێكی

ستەمگەرو خۆ سەپێن نەبێت جێبەجێ كردنی ئەستەمە، چونكە جێبەجێ كردنی ئەم كتێبانە بەسەر كۆمەڵگادا، ڕاستەوانە دەبێتە هۆی دورخستنەوەی كۆمەڵگا لەسروشتی مرۆڤایەتیو مرۆڤانەی خۆی.

ئەگەر سەرنج بدەین زۆربەی ئەو كۆمەڵگایانەی كە پێچەوانەی سورشتی مرۆڤ دەژین، بەداخەوە ئەو كۆمەڵگایانەن كە حوكمو فەرمانێكیان بەسەردا جێبەجێ دەكرێت كە پێی دەڵێن: (الأحكام الشرعیه)كە هەمو ئەم فەرمانانەش لەو كتێبانەدان كە پێیان دەڵێن: كتێبە فیقهیەكان یاخود كتێبەكانی فەرمودە.

١٨. ئیسلام بەخۆیو سێ لقەكەیەوە: (باوەڕ بە خواوەند، بە ڕۆژی دوایی، پابەند بون بە بەهاو ڕەوشتیە بەرزەكانەوە) لەلای هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی بونی هەیە، ئەو بەها باڵایانەی كە لەڕاسپاردەو ئامۆژگاریەكانی سورەتی(الأنعام)دا هاتون، بریتین لەچەند بەهایەكی مرۆڤانەی مرۆڤ دۆستانەی گشتی بۆ هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی، ئەم بەها باڵایانە لەگەڵ قەدەغەكردنی(ربا)و سوخۆریو قەدەغەكردنی نیكاحی كەسە نزیكەكاندا(محارم النكاح)ئەم بەها باڵایانە لەگەڵ ئەم دوو ڕێنماییەی دواییدا گرنگترین پایەكانی ئیسلام پێك دەهێننو هیچ مرۆڤێكو لەژێر هیچ دروشمو ناونیشانێكی عیلمانی یاخود لیبراڵیدا بۆی نیەو ناتوانێت دژ بەم بەها باڵایانە بوەستێتەوەو ڕێگە لەڕاپەڕاندنو جێبەجێ كردنیان بگرێت.

ئەم بەها باڵاو ڕەوشتە بەرزانە لەهەمو كەس داواكراون، بەتایبەت داوا دەكرێت لەسیاسیەكان كە پابەندی ئەم ڕەوشتە بەرزانە بن، چونكە پابەندبونی ئەوانو بایەخ پێدانیان، گرنگیو كاریگەریو بایەخی خۆی دەبێت لەسەر كۆمەڵگە.

سەبارەت بە یاساو ڕێساو شەرائعەكانیش پێویستە بڵێین: زۆربەی ئەو یاسایانەی كە پەرلەمانەكانی دونیا دای دەڕێژن، خۆیان لەچوارچێوەی سنورو یاساكانی خواوەندا دەبیننەوەو سەرمەشق لەوانەوە وەردەگرن لەداڕشتنی یاساكانیاندا،

هەروەها پێویستە بزانین ئەو شەریعەتو سنورەی خواوەند کە هەردەم ئامادەیی گەشەسەندنو ڕاپەڕاندنی تێدایە، ئەمڕۆ هەر ئەو باڵا دەستە بەسەر زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهاندا، لەکاتێکدا کە زۆربەشیان لەپەیڕەوانی پەیامەکەی موحەممەد نین.

سەبارەت بە دروشمو سروتە ئاینیەکانیش پێویستە بڵێین: ئەو ڕێوڕەسمانە بەشێوەیەکی گشتی جیانو هیچ پەیوەندیەکیان بە دەسەڵاتەوە نیە، بۆیە دەسەڵات مافی ئەوەی نیە هیچ یاسایەك دەربکات یاخود لێپێچینەوە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکات لەبارەی شتێکەوە کە پەیوەندی بە نوێژ یان زەکات یان زیارەتی ماڵی خواوە بێت(چ بە کردن یاخود نەکردنی)بەڵکو تەنها شتێك کە لەم بارەیەوە پێویستمان پێی بێت، تەنها ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان هاونیشتمانیانو دەسەڵات لەگرێبەستێکی یاسایدا ڕێك بخرێن، ئەویش دەستورێکە کە لەتوانایدا بێت مافەکانی ئازادی بیروڕاو پەرستنو ئازادی ڕادەبڕینو مافی لێپێچینەوە لەدەسەڵات، دابین بکات بۆ هاونیشتمانیەکانی.

پێویستە ئەوەشمان لەبیر بێت کە: دەوڵەت تەنها لەژیانی دونیاو ئەوەی پەیوەندی بە دونیاوە هەبێت بەرپرسە، بۆیە هەر حزبێك بیەوێت کاری سیاسی بکات، پێویستە یەکەم هەنگاو خۆی بەدور بگرێت لەلکاندنی وشەی(ئیسلامیی)بە حزبەکەیەوە، تەنانەت ئەگەر زۆربەی ئەندامەکانیشی لەخەڵکانی خواپەرستو پارێزکاریش بن، چونکە هەمو حزبێك لەڕوانگەی بەرنامەو پرۆژەو کارەکانیانەوە کە پێشکەشی دەکات بە کۆمەڵگە حوکمی بەسەردا دەدرێت، نەك لەهیچ ڕوانگەیەکی ترەوە، هەروەها سەرکردەکانیشی بەپێی یاسای ڕەوشتو تواناو لێهاتنە باڵاکانەوە هەڵئەسەنگێنرێن، نەك بەپێی ڕێژەی نوێژو ڕۆژو و دروشمە ئاینیەکانەوە کە ئەنجامی دەدەن.

١٩. جەنگو خوێن ڕشتن خۆی لەخۆیدا کارێکی قێزەونو بێزراوە، خواوەند ڕاستی فەرمووە کە بە( كَرْه، كُرهٌ) باسی لێوە کردوە، چونکە کارێکی ناخۆشی ناچارییە، بۆیە هەمو چەشنەکانی شەڕو کوشتار بێجگە لەجەنگی بەرگری لەخۆکردن، پێویستیان بە چەند پاساوێك هەیە کە ڕێگە بە بەرپاکردنیان بدات، چونکە هەمیشە مێژو براوەو سەرکەوتوەکان دەینوسنەوە، بۆیە هەر لایەنێك کە دەسپێشخەری بکات لەهەڵگیرساندنی جەنگو کوشتاردا پێویستە کاری بۆ ئەوە کردبێت کە لەو جەنگەدا سەرکەوێت، ئەگەر وا نەبێت بۆچی جەنگو شەڕ هەڵئەگیرسێنێت..؟ بەپێچەوانەوە با پەنا ببات بۆ چەندین ڕێگە چارەی تری جیاواز لەجەنگ وکوشتار.

زۆربەی چەشنە کاریگەرەکانی(جهاد)و تێکۆشان لەڕێگەی خواوەندا ئەو حاڵەتانەن کە(مجاهد)و تێکۆشەرەکە بێ چەکەو ستەمکارەکەش چەکدارو پڕ چەکەو ستەم ئەنجام دەدات بەرانبەر کەسانی سڤیلو بێ چەك کە لەئاکامدا کوشتنو(قتل)ڕوو دەدات، نەك جەنگ و(قتال)چونکە تەنها ستەمکارەکە شەڕخوازەو تێکۆشەرەکە سەرقاڵی کارێکی چاکەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی، لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە: ئەگەر وەك سوپایەك شەڕ دەکەیت یاخود بە هەر شێوازێکی تر، ئەوا پێویستە لەسەرت کار بکەیت بۆ ئەوەی سەرکەویت، وەگەرنا باشتر وایە بێدەنگ دانیشیت، چونکە مرۆڤ لەبەرگریدا شکست بخوات باشترە تا لەهێرش برددندا.

٢٠. پیاوە ئاینیەکانو سەرانو هێماکانی ڕابردومان، کەلتوری(قطیع)و جەڵەوکردن و بەڕەوکردنیا بڵاوکردوەتەوە لەناو خەڵکدا، بۆیە دەبینین خەڵك گوێیان بۆ دەگرێت بەبێ ئەوەی بۆی هەبێت پرسیاریان لێ بکات، یاخود پرسێکیان لەگەڵدا تاوتوێ بکات، لەکاتێکدا کە پیاوە ئاینیەکانو هێما دیارەکان خۆشیان هیچ

پلانو بەرنامەیەكی ئەوتۆیان لا نەبوە كە ژێری پەسەندی بكات، ئەم بەرێزانە دەستیان داوەتە سڕینەوەی بیرو هۆشی خەڵك بۆ ئەوەی هەر شتێك كە ئەوان بۆیان باس دەكەنو دەیخەنەڕو، بە ڕێنمایی ئاینیو بەخودی ئاین وەریگرن.

بەم شێوەیە خەڵكیان ڕاهێناوەو دەسەمۆیان كردوە، ئەگەر كەسێكیش لەم ئاراستەیە بترازێت، ئەوا دەچێتە بازنەو ئاراستەیەكی مەترسیدارترەوە كە ئەویش ئاراستەی توندڕەویەو لەئاكامدا یان خۆی دەكوژێت یان بەبێ هیچ پرسیارو وەڵامێكو لەسەر بنەمای ئەوەی گوایا كارەكەی كارێكی ئاینیەو پێویست بە پرسی كەس ناكات، دەست دەداتە كوشتنی خەڵكو بەم كارەی گیانو گۆشتی خۆیو كەسانی تریش دەكاتە قوربانیەكی بەلاشو بێبەرامبەر.

كەلتوری زاڵو باو لەئێستای كۆمەڵگەكانماندا كەلتوری(قطیع)و ڕەو و مێگەلە، وا ئەكات لەتاكەكان بە چۆكدا بێن لەبەردەم شێخ یان لەبەردەم پیاوانی ئاینی یان لەبەردەم ڕابەرو پێشەوای كۆمەڵو دەستە ئیسلامیەكاندا، لەم حاڵەتەدا هیچ دور نیەو نابێت بە سەیرو سەمەرە بزانرێت، كاتێك كەسێك دەبینیت ئامادەیە بمرێت یاخود خۆیو كەسانی تریش بكوژێت لەپێناو بەرگری كردن لە(جهل)و نەفامیەكەی یان لەپێناو كارێكدا كەوا ئەزانێت لەڕێگەی خواوەندایە، بەڵام لەڕاستیدا لەپێناو بەرژەوەندی كەسانێكدایە كە ئەویان فریداوەو بەرەو ئەم چارەنوسە ئاراستەیان كردوە.

# بەشی چوارەم

# فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپە

خواوەند دەفەرموێت:

﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ آل عمران/١٠٤.

واتە: ببنە(أمة)و ئومەتێك بانگەواز بكەن بۆلای چاكەكاریو خەڵكی بۆ هاندەنو ڕێگیری بكەن لەخراپەو كاری ناپەسەندو خەڵكی لێ دور بخەنەوە، ئەوانە ئەم ئاكارانەیان ببێت كەسانێكن كە بەختەوەرو ئاسودەن.

﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ...﴾ آل عمران/١١٠.

واتە: ئێوە بەهۆی ئەوەوە كە فەرمان دەكەن بە چاكەو ڕێگیری دەكەن لەخراپەو باوەڕتان بە خواوەند هەیە بونەتە باشترین(أمة)كە لەناو خەڵكدا سەرتان هەڵداوە.

* ﴿يؤمنون بالله واليوم الاخر ويأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر ويسارعون في الخيرات وؤلئك من الصالحين﴾آلعمران/١١٤.

واتە: باوەڕیان بە خواوەند وڕۆژی دوایی هەیەو فەرمان دەكەن بە چاكەو ڕێگیری دەكەن لەخراپەو پێشبڕكێی یەكتر دەكەن لەچاكەكاریدا، ئەمانەن كە لەڕیزی چاكەكاراندان(مەبەست لەم ئایەتەدا پەیڕەوانی پەڕاوە ئاسمانیەكانە).

* ﴿الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ التوبة/ ٦٧.

واتە: دوڕوەكان بە هەردو ڕەگەزەوە سەر بە یەكترنو هاوكاریوهەواداری و پشتیوانی یەكدی دەكەنو فەرمان بە خراپەكاری وكاری ناپەسەند دەكەنو ڕێگیری لەچاكەو كاری باش دەكەنو هەروەها لەبەخشیندا دەست قونجاون، خواوەندیان لەبیركردوەو خواوەندیش ئەوانی پشت گوێ خستوە، بە دڵنیاییەوە دوڕوەكان لەڕێ لادەرن.

* ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ سَيَرْحَمُهُمْ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ التوبة/ ٧١.

واتە: باوەڕداران بەهەردو ڕەگەزەوە سەر بەیەکترن و هاوکاریو پشتیوانی یەکدی دەکەن، فەرمان بە چاکەو ڕێگیری لەخراپە دەکەن و نوێژو پەیوەندی لەگەڵ پەروەردگاریاندا بەرپا دەکەن و زەکاتی ماڵو سامانیان دەدەن و گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری لەخواوەندو پەیامهێنەرەکەی دەکەن، ئەوانە لەداهاتودا جێگەی سۆزی خواوەندن، بە دڵنیاییەوە خواوەند کار بەجێ و قسە ڕۆیشتوی داناو لێزانە.

*﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنْ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ الحج/ ٤١.

واتە: ئەوانەی ئەگەر پایەدارمان کردن لەزەویدا، پەیوەندی دروست لەگەڵ خواوەندو لەگەڵ بەندەکانیدا بەرپا دەکەن و نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان بە چاکەو ڕێگیری لەخراپە دەکەن، سەرەنجامی هەمو کارەکانیش هەر بەرەو خواوەند دەگەڕێتەوە.

* ﴿يَابُنَيَّ أَقِمْ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنْ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ لقمان/١٧.

واتە: ئەی کوڕە شیرین و خۆشەویستەکەم پەیوەندیت لەگەڵ خواوەندو خەڵکیشدا بە چاکە پایەدار بکەو فەرمان بکە بە چاکەو ڕێگیری بکە لەخراپەو خۆڕاگر بە لەسەر هەرشتێك کە لەو پێناوەدا دێتە ڕێگەت، ئەمەش لەڕیزی کارە گەورەو بە بایەخەکاندایە.

* ﴿يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنْ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمْ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمْ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ..﴾ الأعراف/ ١٥٧.

واتە: فەرمانیان پێ دەكات بە چاكەو ڕێگیریان لێ دەكات لەخراپەو شتە چاكەكانیان بۆ ڕەوا دەكاتو شتە نا پوختو پیسەكانیشیان لێ قەدەغە دەكاتو ئەوبارە قورسەشیان لەكۆڵ دەخات كە توشی بوبون.

(لێرەدا مەبەست لەو بارە قورسە ئەوەیە كە لەتەوراتو ئینجیلدا لەسەریان نوسرا بو).

ئەمە هەموو ئەو ئایەتانەیەكە كە لەدابەزێنرای بەجێداو بەدیاریكراوی هەردو وشەی(أمرْ بِالْمَعْرُوفِ وَنهي عَنْ الْمُنكَرِ) واتە: فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپەیان تیادا هاتوەو بە یەكتر بەراورد كراون.

فەرمان بە چاكە بە تەنها خۆی لەچەند جێگەكی تردا هاتوە، یەك لەو جێگایانە﴿وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾ البقرة/ ٢٤١.

هەروەها ڕێگیری لەخراپەش لەچەند جێگەیەكدا بە تەنها هاتوە لەوانە: ﴿...إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنْ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ﴾ العنكبوت/٤٥.

فەرمان كردنو ڕێگیری كردن، لەدوانە(ثنائیة)یەكی دژ بەیەك پێك دێت و لەدابەزێنراوی بەجێدا نمونەی ئەم دوانەییە زۆرە، لێرەدا چەند دانەیەكیان دەخەینەڕو:

شەوو ڕۆژ، ئاسمانو زەوی، بینەرو نابینا، تاكو جوت، دورو نزیك، دونیاو دوارۆژ، بەهەشتو دۆزەخ، زانیاریو نەفامی، سەرەتاو كۆتایی، مردنو نەمری، پاداشتو تۆڵە...هتد.

بەهەمان شێوە فەرمانو ڕێگـیری یەكێكـە لـەو چـوار دوانەییـەی كـە بـریتین لـەو پێوەرە قورئانیانەی كە هەڵسوكەوتی مرۆڤ ڕێك دەخەن و بریتین لە:

١. ڕەواو ناڕەوا(الحلال والحرام).

٢. فەرمانو ڕێگیری(الأمری والنهي).

٣. ڕێگەپێدانو ڕێگری كردن(السماح والمنع).

٤. باشو چاك، لەگەڵ ناپەسەندو بێكەڵكدا(الحسنو والقبيح).

لەوانەیە خراپترینو مەترسـیدارترینی ئـەو پـێ هەڵخلیسـكانانەی كـە بەسـەر زانـا بەڕێزەكانماندا هاتوە بریتی بێت لەم بوارە كە خۆیان ڕێیان لێ هەڵەبوەو دەیانەوێت خەڵكەكەش بـەدوای خۆیانـدا بـۆ هـەمان سـەر لێشـێواوی ڕاكێشـن، ئـەویش بریتیـە لەوەی كە ئەم بەڕێزانە ئەم چوار ڕێكخەرەیان بەشێوەیەكی سـەیر تێكـەڵو پێكـەڵ كردوە بەسەر یەكدا، بەلای ئەم بەڕێزانەوە(الحلال)و ڕەوا، بریتیە لەڕێگەپێدراوو بـە چاك زانراوو فەرمان پێ كراو(المستحسنو والمسموح والمأمور به).

هـەروەها(حرام)و نـاڕەواش بـەلای ئـەم بەڕێزانـەوە بریتیـە لەناپەسـەندو ڕێگـری لێكراوو ڕێگە پێنەدراو(المتسقبح والممنوع والمنهي عنه).

ئەم بەڕێزانە بەشێوەیەكی سەیر تـرو سـەرنج ڕاكـێش تـر ئـەم ڕێكخەرانـە تێكـەڵ دەكەن لەگەڵ چاكەو خراپە(المعروف والمنكر)دا.

دەڵێن: (معروف)و چاكە بریتیە لە ڕەوای بەچاكزانراوو ڕێگەپێدراوو فەرمان پێكراو (الحلال المستحسن والممدوح والمأمور به)وهەروەها دەڵێن: (منكـر)یش بریتیە لەناڕەوای ناپەسەندو قەدەغـەكراوو ڕێگـیری لێكـراو (الحـرام المسـتقبح والممنوع والمنهي عنة).

لێرەوە بە پێویستی دەزانم پێش ئەوەی بچینە سەرباسی فەرمان بە چاکەو ڕێگیری لەخراپە، پێناسەیەکی تەواو بۆ (المعروف والمنكر)چاکەو خراپە بکەین.

١. الأمر: بناغەیەکی تەواوە لەزمانداو چەند واتایەکی هەیە، سەرەتا ئەگەر بەو شێوەیە بێت(أ)ئەلفەکە سەرەو (فتحە)ی بۆ دابنێیتو(م)ەکەش نەبزواو و(ساكن) بێت، ئەوا یەکەم واتا کە لێی وەردەگیرێت بریتیە لە: داواکاری ڕاپەڕاندنی کارێك، یان وتەیەك کە لەلایەن قسەکەرەوە ئاراستەی گوێگرو وەرگر دەکرێت، داواکار لەم حاڵەتەدا لەپێگەی سەروترەوە فەرمان دەکاتو بەهرەمەندی چەشنێك لە بڵندایەتیو تایبەتمەندیە، داوالێکراوەکەش فەرمان پێکراوەو داواکە ئاراستەی ئەو دەکرێت، وەك چۆن لەفەرمودەی خواوەنددا دەبینین: ﴿**قَالُوا يَاشُعَيْبُ أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ أَنْ نَتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا**﴾ هود/ ٨٧.

واتە: ئەی شوعەیب ئایا ئەو پەیوەندیەت لەگەڵ خواوەنددا فەرمانت پێ دەکات کە ئێمە پشت هەڵکەین لەوەی کە باو باپیرانمان پەرستویانە..؟.

هەروەها ئایەتی﴿**إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ...**﴾النساو/٥٨.

واتە: بە دڵنیاییەوە خواوەند فەرمانتان پێدەکات کە ڕاسپاردەکان ڕادەستی خاوەنەکانیان بکەنەوەو ئەگەر حوکمتان کرد لەنێوان خەڵکدا بە دادپەروەرانە بیکەن.

لەم چەمكو سەرچاوەیەوە ئەم کردارانەش کەوتونەتە(أَمَر، يَأْمُرُ، مُر)واتە: فەرمانی کرد، فەرمان دەکات، فەرمان بکە.

هەر لەهەمان سۆنگەوەیە کە بە فەرمانکەر(آمر) دەوترێت و فەرمانبەردار(أمير)لە سەرکێشی(فعيل)ە چونکە فەرمانی زۆر دەردەکاتو بە فەرمانکردن دەناسرێتەوە.

دووەم: (الحـال والشـأن)واتە: هـەلو مـەرجو دۆخـی بابـەتێك، وەك خواوەنـد دەفەرموێت: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنْ الْأَمْرِ شَيْءٌ﴾آلعمران/١٢٨.

واتە: ئەو بابەتە پەیوەندی بە تۆوە نیە.

هەروەها فەرمودەی خواوەند ﴿...فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ آل عمران/١٥٩.

واتە:چاوپۆشیان لێ بکەو داوای لێبوردنیان بۆ بکەو ڕاوێـژیان پـێ بکـە لـەئیشو بابەتەکەدا.

بەلاّم بە دانانی ژێرە بۆ(إ)ئەلفەکـەو هێمـای نەبزواو(سـکون)بۆ(م)ەکە واتـە: بـەم شێوەیە(إِمْر)لەم حاڵەتەدا واتـای قسـەیەك یـاخود کردەوەیـەکی ناپەسـەندو خـراپ دەگەیەنێت، وەك خواوەند دەفـەرموێت: ﴿قَالَ أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا إِمْرًا﴾ الکهف/٧١.

واتە: وتی بۆیە کەشتیەکەت کون کـرد بـۆ ئـەوەی سەرنشـینەکانی نـوقم بکـەیت لەئاوەکەدا، بەڕاستی کارێکی خراپو ناپەسەندو بێزراوت کرد.

هـەروەها(الأمـارة)واتـای نیشـانە دەگەیـەنێت، بـەلاّم(الإمـارة)بریتیـە لـەو جێگـەو سەرزەمینەی کە(الأمیر)وەك میرێك بە کاری میرایەتیەکەی هەڵدەسێت تیایدا.

ئەلیف و میم و راء(أ م ر)واژەیەکی قورئانیەو بە خۆیو بەکارهێنانەکانی تریـەوە لـە(٢٤٨)جێگـەی دابـەزێنراوی بەجێـدا هـاتوە، لـەو جیگایانـەدا کـە هـاتوە ئەگـەر سەرنجی بدەین دەبینین داواکاریەکە دو لایەنی هەیە:

- لایەنێکی ئەرێنی کە بریتیە لەوەی کە فەرمانەکە تیایدا لەبواری(بکە)دایـە، واتە: داوای ئەنجامدانی کارێك دەکات.
- لایـەنی دوەم لایـەنێکی نەرێنیـەو لەبواری(نەکەی)دایـە، واتـە ڕێگـیری لەئەنجامدانی کارێك دەکات.

كاتێك كە وتمان: فەرمانو ڕێگیری (الأمر والنهي) دوانەیەكە لەدوو دژ بەیەك پێك دێت و هەڵسوكەوتی مرۆڤە بە ئاگاكان ڕێك دەخات، مەبەستمان لەو قەسەیەمان ئا ئەمە بو.

لەهەمان سۆنگەوە هەست بە بونی پەیوەندییەكی(جدلی)لەنێوان ئەم دوانەیەو دوانەی (الطاعة والمعصية) فەرمانبەرداریو سەرپێچی كردندا دەكەین، چونكە بەبێ فەرمانو ڕێگیری(أمر و نهي)فەرمانبەرداریو سەرپێچی (الطاعة والمعصية)بونیان نابێت.

دواجار هەست بەوەش دەكەین كە فەرمانو ڕێگیری بەلای قسە لەگەڵ كراوی فەرمانپێكراوەوە بابەتێكی (إختيار)یەو سەر پشكە تیایدا، ئەگەر ویستی لەسەری بو، گوێڕایەڵی لە جێبەجێكردنی ئەوەدا دەكات كەداوای لێكراوەو ئەگەریش ویستی لەسەری نەبو و نەیویست ئەوا دەتوانێت سەرپێچی لە جێبەجێكرنی داواكراوەكەدا بكات و جێبەجیی نەكات، ئەمەش دروست ئەو كارەیە كە ئادەمو هاوسەرەكەی كردیان كاتێك كە سەرپێچی یەكەم فەرمانیان كرد كە لەلایەن خواوەندەوە ئاراستەی مرۆڤێكی هۆشمەندی بە ئاگا كراو پێی وتن: ﴿وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ﴾ البقرة/٣٥.

واتە: نزیك ئەو درەختە نەكەونەوە.

هەروەها دروست ئەو شتەیە كە(إبليس) كردی كاتێك كە خواوەند فەرمانی پێكردو ئەو ملی نەدا بە فەرمانەكەی و سەرپێچی كرد لەجێبەجێ كردنیدا﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنْ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ﴾ الكهف/ ٥٠.

واتە: كاتێك كە وتمان بە فریشتەكان كڕنوشی ڕێز ببەن بۆ ئادەم، هەمویان كڕنوشەكەیان برد بێجگە لە ئیبلیس كە لەپەریەكان بوو ملی نەدا بە فەرمانی پەروەردگاری خۆی.

لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین كە هەركات فەرماندەرەكە گۆڕا، ڕاستەوخۆ گرنگی و بایەخی فەرمانەكەش لەگەڵیدا دەگۆڕێت، خواوەند فەرمان دەكاتو خەڵكیش فەرمان دەكەن، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان فەرمانەكانی خواوەندو فەرمانەكانی خەڵكدا.

٢- النهي: ڕێگیری کردن، نون‌و هاو یاء(ن هـ ي) بناغەیەکی دروستە لەزمانداو ئاماژە بۆ ئامانجو گەیشتنێك دەکات، وەك لەزمانی عەرەبیدا دەڵێین: (أنهيت إليه الخبر-أبلغته إياه) یان دەڵێین: (النهي العقل لأنه ينهى عن قبيح القول والفعل)ڕێگیری کردن داخوازی خۆگرتنەوەیە لەقسە یاخود کردارێك.

هەروەها دەڵێین: نهاية كل شي عاقبته ومنتهاه وآخره.

داتاشراوو لێ وەرگیراوەکانی(نهي)ش لەپەنجاو شەش جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتون، لەهەر جێگەیەکدا یەکێك لەو مانایانەی هەیە کە باسمان کردن، هەروەك چۆن فەرمان لای فەرمان پێکراوەکە بابەتێك بوو کە سەرپشك بو تیایدا ودەیتوانی بیکاتو دەشیتوانی نەیکات، بەهەمان شێوە ڕێگیری کردنیش بەلای ڕێگیری لێکراوەوە بابەتێکە سەرپشکە تیایداو دەتوانێت خۆی بگرێتەوە لەو شتەی کە ڕێگیری لێدەکرێتو دەشتوانێت خۆی نەگرێتەوەو بەردەوام بێت لەسەری، بە بەڵگەی فەرمودەی خواوەند کە ڕو بە ئیبلیس دەفەرموێت: ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ﴾ الأعراف /١٢.

واتە: پێی وت چی ڕێگر بوو لەبەردەمتا کە کڕنوش نەبەیت لەکاتێکدا کە من فەرمانم پێکردیت..؟.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە داخوازی، چ فەرمان پێکردن بێت یاخود ڕێگیری لێکردن، ناگونجێت لەکەسی ناهۆشمەندەوە دەرچێت واتە: پێویستە تەنها لەلایەنی هۆشمەندو عاقڵەوە دەرچێت، بەهەمان شێوە ناگونجێت ئاراستەی کەسێك بکرێت کە هۆشمەندو ئازاد نەبێت، واتە تەنها ئاراستەی کەسی هۆشمەندو عاقڵو فامیدەو ئازاد دەکرێت.

ئەگەر وابو ئەوا لەهەمو حاڵەتێکی فەرمان کردنو ڕێگریکردنێکدا دولایەنی فامیدەو عاقڵ بونیان هەیە: بێژەرێك بەبێ ناچار کردنو بەبێ زۆر لێکردن فەرمان دەکاتو ڕێگیری دەکات، لەبەرانبەریشەوە وەرگرو بیسەرێکیش بونی هەیە کە فەرمانەکانو ڕێگیریەکانی پێدەگاتو دواجار سەر پشکە لەوەدا کەمل بە داواکاریەکان بداتو فەرمانەکان جێبەجێ بکاتو خۆی بگرێتەوە لەڕێگیریەکان، یاخود مل نەدات بە داواکاریو فەرمانەکانو خۆشی نەگرێتەوە لەڕێگیریەکانو سەرپێچیان لێ بکات، بەڵام لەهەردو حاڵەتەکەدا ئازادە لەهەڵبژاردنەکەیداو هیچ چەشنە زۆرو فشارێکی لەسەر نیە بۆ ناچار کردنی.

لەم ڕوانگەوەیە کە لەجێگەیەکی تردا کاتێك لێکۆڵینەوەمان کرد لەبارەی ئادەمەوە وتمان: (یەکەم مرۆڤی هۆشمەند لەناو بەشەرەکاندا)دواتر زمانیش لەنێوان قسەکەرێكو وەرگرێكو قسە بۆکراوێکدا دەستی پێکردو سەری هەڵدا، هەروەها یەکەم دارشتەی قسەکردن لەزماندا بریتی بو لە فەرمانکردنو ڕێگیری کردن﴿وَقُلْنَا يَاآدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ﴾ البقرة/٣٥.

واتە: وتمان ئەی ئادەم خۆتو هاوژینەکەت لەبەهەشتدا جێگیر بنو نەبزوێن، هەردوکتان لەبەروبومی بەهەشت هەرچیو هەرچۆنێکتان پێ خۆش بو بیخۆن، بەڵام نزیکی ئەو دەرختە نەکەونەوە.

لێرەوەیە کەدەڵێین: ئادەم پەروەردگاری خۆی لەڕێگەی سەرپێچیەوە ناسی، نەك لەڕێگەی فەرمانبەرداریو گوێ ڕایەڵیەوە، هەروەها بە ناڕازی بونو ڕازی بونی خۆی، ئازاد بونی خۆی دەربڕیو ڕایگەیاند کە ئەو ئازادەو بەو کارەشی توانی خواستی مرۆڤانەی بە ئاگایانەی خۆی بخەملێنێتو نمایانی بکاتو بیخاتەڕو، بەوەی کە هەستا بە سەرپێچی کردن لەو(نهي)و ڕێگیریەی کە پەروەردگاری لێی

كردبو، هۆشداری پێدابو نزیك نەكەوێتەوە لەو درەختەی كە بۆی دەستنیشـان كـرد بو، ئەم كارەی ئادەم سەرپێچی كردنێكی دڵخوازانـەی ئازادانـە بـو كـە خـۆی بـەبێ هیچ چەشنە ناچار كردنێك هەڵیبژارد بۆ خۆی.

بەڵام ئەم ئازادی هەڵبژاردنەی كە دراوە بە مرۆڤ، ئازادیەكی ڕەهاو بێ سـنور نیـە كە هیچ چەشنە سنورێكی بۆ دانەنرابێت، ئەم هەسـت پێكردنـە گرنگـەش لـەئاكامی چەند پرسیارێكەوە دێتەگۆڕێ كە دەرهاویشتەی سەرنج دانە لەئایەتەكان.

١- ئایـا سەرپێچـیەكەی ئـادەم بـۆ فەرمانەكـەی پـەروەردگاری بـەپێی ئایەتی(٣٥)لەسورەتی(البقرة)دا لەفـەرمانی (أسـكن)دا بەرجەسـتە بـو كـە فـەرمانی پێكرد نەبزوێت، یاخود لەڕێگیری(ولاتقربا)دا بەرجەستە بـو كـە فـەرمانی پێكـردن و پێی وتن: نزیك نەكەونەوە لەدرەختەكە.

٢- ئایـا بۆچـی داخـوازی كڕنـوش بردنەكـە بەشـێوەی قسەو(قول)ئاراسـتەی فریشتەكان كرا، بەڵام هەمان داخوازی بەشێوەی فـەرمان(الأمـر)ئاراسـتەی ئیبلـیس كرا، وەك خواوەند دەفەرمویێت: ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنْ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ﴾ الكهف/ ٥٠.

٣- ئایا لێرەدا جیاوازیەك هەیە لەنێوان قسـەو فـەرمانكردن(قول ـ امـر)دا یـاخود لەنێوان فریشتەو پەریەكاندا..؟

سـەبارەت بـە وەڵامـی پرسـیاری یەكـەم دەڵـێین: سەرپێچـی ئـادەم خـۆی لەفەرمانی(أسكن)دا نەبینیەوە كە خواوەند فەرمانی پێكرد لەبەهەشتدا جێگیر بێت، نافەرمانی نەكردو جێگیر بو، بەڵگـەش لەسـەر ئـەم ڕاسـتیە ئەوەیـە كـە درەختەكـەی بینیـەوە كـە خواوەنـد بـۆی دەستنیشـان كردبـو كـە لێـی نزیـك نەكەوێتـەوە، بـەڵام ئـادەم لەیەكـەم ڕێگـیری كردنـی پەروەردگاریـدا، ژیـانی مرڤانەی خاوەن ویستو خواستی بەوە دەستی پێكرد، نا فەرمانیو سەرپێچی پەروەردگاری كرد.

لەپێش ئەم ڕێگیریەی خواوەندەوە هەموشتەكان ڕێگە پێدراو بون‌و ڕێگریەكان بونیان نەبو، هیچ شتێك سنوردار نەكرابوو.

لەبارەی وەڵامی پرسیاری دوەم‌و سێهەمیشەوە دەڵێین: بەڵێ جیاوازی هەیە لەنێوان قسەو فەرماندا(القول والأمر)هەروەها جیاوازی هەیە لەنێوان پەری‌و فریشتەكانداو، هەر لەسۆنگەی ئەم جیاوازیەوە بو كە شێوازی داخوازی كڕنوش بردنەكەیان بۆ ئادەم جیاواز بو، قسەی خواوەند حوكمێكە هەمو قۆناغ‌و ڕێكارەكانی بڕیوەو دەرفەتی خۆلێ لادانی تێدا نەماوەتەوە، بە بەڵگەی قسەی خواوەند كە ڕو بە نوح فەرموی: ﴿...احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ﴾ هود/٤٠.

واتە: لەكەشتیەكەدا لەهەمو نێرو مێیەك جوتێك و خێزانەكەی خۆیشت باربكە بێجگە لەو كەسەی كە قسەی ئێمەی پێشتر لەبارەوە دەركراوە.

بە واتایەكی تر بێجگە لەوكەسەی كە حوكمێك لەبارەیەوە دەركراوەو حوكمەكە هەموو ڕێكارەكانی بڕیوەو گەشتوەتە ئاستی ڕاپەڕاندن.

قسەی خواوەندیش وەك حوكم‌و بڕیارێكی چەسپاو كە هەموو قۆناغ‌و ڕێكارەكانی بڕیوە ناگۆڕێت‌و جێ گۆڕكێ‌و ئالۆگۆڕی تێدا ناكرێت، بە بەڵگەی فەرمودەی خواوەند كە دەفەرموێت: ﴿مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ ق/٢٩.

واتە: قسە لەلای من ناگۆڕدرێت‌و لە ڕۆژی دوایشدا من ستەمكار نیم لەئاست بەندەكاندا.

هەروەها قسەی خوایی وەك حوكم‌و فەرمانێكی چەسپێنراو كە هەمو قۆناغ‌و ڕێكارەكانی تێپەڕاندوە ناگۆڕڕێت، بەڵكو ئەو قسە خواییە ڕاستی‌و حەقیقەتێكە كە لەجیهانی هەستیدا بونی هەیەو هەستی پێ دەكرێت‌و دەبینرێت‌و دەبیسرێت، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە فەرمودەی خواوەندە كە دەفەرموێت ﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ وَيَوْمَ يَقُولُ كُنْ فَيَكُونُ قَوْلُهُ﴾ الأنعام/٧٣.

واتە: خواوەنـد ئـەو زاتەيـە كـە ئاسمانـەكانو زەوی بـە هـەقو ڕاسـتی بـەدی هێنـاوە، هەروەها ئەو ڕۆژەش كە دەڵێت: ببە ڕاستەو خۆ دەبێت، قسەی ئەو حەقو ڕاستیە.

قسەی خواوەندیش بەو پێیەی كە حوكمو بڕیارێكی باڵادەسـتانەی ئـەو تۆیـە كـە هەمو قۆناغەكانی تێپەڕاندوەو ئیدی هـیچ چەشـنە گـۆڕانو گۆڕانكاریـەكی بەسـەردا نایـەتو بوەتـە حـەقو ڕاسـتیەكی ئـەوتۆ كـە دەبینرێـتو هەسـتی پـێ دەكرێـت، هەڵبژاردنی تێدا ناكرێت، بە واتایەكی تر بـواری ئـەوەی تێـدا نەماوەتـەوە كـە قسـە لەسەر، بە گوێ كردن یاخود سەرپێچی كردنی تێدا بكرێت.

ڕونتر بڵێین: گرنگترین جیاوازی نێوان قسەی خواوەندو فەرمانی خواوەند، بریتیە لەوە كە قسەو(قول)ی خواوەند سەرپێچی لێكردن قەبوڵ ناكاتو ناكرێت سەرپێچـی لێ بكرێت، بەڵام فەرمانی خواوەنـد دەسـدەدات گوێڕایـەڵی تێـدا بكرێـتو دەسـتیش دەدات سەرپێچی تێدا بكرێت.

بۆیـە دەبیـنین هـەمو ئایەتـەكانی پـەیامی ئاسمانی(الرسـالـة)بەشـێوەی فـەرمان پێكردنو ڕێگیری لێكردن(الأمر والنهـي)هـاتون، نـەك وەك قسـەو(قـول)ی خواوەنـد، بۆیە: ئەگەر بـە سەرانسـەری ئـەو پەیامـەدا بگـەڕێین ڕسـتەیەك نـابینین بـۆ نمونـە: پێمان بڵێت خواوەند دەڵێت: نوێژ بكەن یاخود خواوەند دەڵێت: بەڕۆژوبن (قال الله، صلوا، أو قال الله صوموا).

ئەگـەر وابوایـە ئـەوا نوێـژو ڕۆژو دەبونـە یاسـا گـەلێكی بابـەتی وگـەردونی ئـەوتۆ كـە نەدەگونجا لێیان لابدەینو هەڵبژاردنیان تێدا نەدەمایەوەو دەبونە یاسایەكی سەپێنراو.

ئێسـتا دێینـە سـەر باسـی جیـاوازی نێـوان پـەریو فریشـتە(الجـن والملائكـة) فریشتەكان چەشنە دروستكراوێكن، دارای وزەیەكی ئەوتۆن كە دەكرێت بڵێین: ئـەو وزەیـە وزەیـەكی شـەپۆلاویە(طاقـة موجیـة) وەك خواوەنـد دەفـەرموێت: ﴿**جَاعِـلِ الْمَلَائِكَةِ أُولِي أَجْنِحَةٍ**﴾

واتە: فریشتەكانی بەشێوەیەك دروست كردوە كە خاوەنی زیـاتر لـە ڕەهەنـدیك و فرە ڕهەند بن.

واتە: خواوەند لەبناغەدا فریشتەکانی بەم شێوەیە دروست کردوەو هیچ بوارێکی نەداوە بە خۆیان تا بتوانن سەرپێچیو لاساری ئەو شێوە دروستکردنە بکەن، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿...عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ التحريم/٦.

واتە: چەند فریشتەیەکی توندوتیژو تورەی ئەو تۆمان لەسەر دۆزەخ داناوە کە خواوەند هەرچیان فەرمان پێ بکات سەرپێچی ناکەنو بەبێ یەكو دو ئەوە جێبەجێ دەکەن کە فەرمانیان پێ دەکرێت.

بۆیە: فەرمانە خواییەکان (الأوامر الإلهية) سەبارەت بە فریشتەکان قسەی خواییڹو مافی ئەوەیان نیە سەرپێچیو لاساری لەجێبەجێ کردنیاندا بکەن.

بەڵام پەری(الجن)دروستکراوێکن وەك مرۆڤ خاوەنی فامو ژیری و(عقل)نو دارای ویستی خۆیانن(بەڵام ئێمە لەسروشتی ژیریو پێکهاتەکەیان نازانین).

واتە: بەو پێیەی کە تواناو ویستی سەرپێچی کردنو پەسەند کردنو قەبوڵکردنیان پێ بەخشراوەو بەوشێوەیە دروستکراون کە توانای ئەوەیان هەیە باوەڕ بهێنن، هەروەك چۆن توانای ئەوەیان هەیە کوفرو نافەرمانیش بکەن، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئەوەیە کە خۆیان باس لەخۆیان دەکەنو دەڵێن: ﴿وَأَنَّا مِنَّا الْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا الْقَاسِطُونَ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُولَئِكَ تَحَرَّوْا رَشَدًا﴾ الجن/١٤.

واتە: ئێمە هەمانە موسڵمانەو هەشمانە لەڕێ لادەرە، بەڵام ئەوانەمان کە موسڵمان بون ئەوانە بە دوای ڕێگەی سەرفرازیدا گەڕاون.

هەروەها بە بەڵگەی ئەو سەرپێچییەی کە(ئیبلیس)کردی لەفەرمانی پەروەردگاریدا، کاتێك فەرمانی پێکرد کە کڕنوش بەرێت بۆ(ئادەم).

ئەمەش واتای ئەو ڕستیەیە لەو ئایەتەدا کە باس لەهۆکاری سەرپێچی کردنی(ئیبلیس)دەکات کاتێك لەفەرمانی خواوەند دەردەچێتو خواوەند دەفەرموێت: ﴿كَانَ مِنْ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ﴾.

واتە: ئەو لەپەری و(جن) بو، لایدا لەفەرمانی پەروەردگاری .

سەبارەت بەوەش کە هەندێك ڕاڤەکارو(مُفسر)دەیلێن: {گوایا(ئیبلیس)لەسیما دیارەکانی ناو فریشتەکانەو، جنو پەریش بۆیە ناونراون(الجن)چونکە نادیارو دیار نین، بەو پێیەو لەو ڕوانگەیەوە فریشتەکانیش بەشێکن لەپەریو لەجیهانی(جن)و لەسەرەتای دروستکردنیانەوە ئیشیان لەبەهشتایەو بریتیە لەدروستکردنی خشڵو زێڕو زیوو جوانکاری بۆ دانیشتوانی بەهەشت} . سەیری تەفسیری ڕازی بەرگی(٢١)لاپەڕە(١١٦)بکە.

ئەمەی کە لەم چەشنە تەفسیرانەدا باس دەکرێت هەموی قسەی بێ سەروبەری خەڵکی نەزانەو بە زۆر ئاخێنراوە بەناو ئەو کەلەپورەماندا کە زانایانی بەڕێزمان پێداگری لەسەر پیرۆز بونیو چەسپاندنی ڕوە پوچەڵەکانی دەکەن لەناو ئاوەزو ژیریو بیکردنەوەی عەقڵی عەرەبی و ئیسلامیدا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم جیاوازیە تەکوینیەوە کە هەریەك لەپەریو فریشتەی لەسەر دروستکراوە، تێدەگەین کە بۆچی داخوازی کڕنوش بردن بەشێوەی (قول)کراوە لەفریشتەو خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا﴾ بەڵام لەبەرانبەرەوە هەمان داخوازی بەشێوەی فەرمان ئاراستەی(ئیبلیس)کراو لەئاکامدا﴿فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ﴾ سەرپێچی لەئاست فەرمانەکەی پەروەردگاریدا نواند.

پێش ئەوەی بچینە سەرباسی چاکەو خراپە(المعروف والمنكر)و قسەیەك لەسەر ئەو تێکەڵ کردنە مەترسیدارە دەکەین کە لەنێوان ڕێگیریو قەدەغە کراو(النهی والحرام)دا ڕویداوە، چونکە ئەم دو چەمكو بوارە دوو بواری لەیەك جیاوازنو چەند بەڵگەیەکمان بەدەستەوەیە کە داوای تێکەڵ نەکردنی ئەم دو بوارەمان لێ دەکەن:

١. هـەر خـودی دوو دەسـتەواژەکە ڕێگـرە لەبـەردەم تێکـەڵ کردنیانـدا چـونکە ڕێگیری (النهي) شتێکەو قەدەغە کراو (الحرام)شتێکی ترە.

تەنانەت ئەگەر زۆر لەخۆمان بکەینو تێبکۆشین کە واتـاو مانـای ئـەم دو چـەمکە زاڵ بکەین بەسەر ڕوکارو دیوی دەرەوەی دوو زاراوەکەدا، هێشتا هـەر بـە جیـاوازی دەمێننــەوە، چــونکە لــە(حرام)و قەدەغــەکراودا ڕێگــیری هەیــە، واتــە: هــەموو قەدەغــەکراوێك ڕێگــەلێگیراوە، بــەڵام هــەمو (نهــي)و ڕێگیریکیراوێــك قەدەغــەکراو (حرام)نیەو بە دڵنیایشەوە لەڕێگیریو (نهي)دا حرام نیە.

٢. حەرام کردنو قەدەغەکردن داگرندەی هەتا هەتاییەو نە پاشەکشەو پەشـیمان بونـەوەو هەڵوەشـاندنەوەی تێدایـەو نەهیچیشـی بـۆ زیـادو کـەم دەکرێـت، ئەگـەر کارێکی لەم چەشنە ڕوبدات تەنها لەدەسەڵاتی خواوەندایەو پێویستی بـە پـەیامێکی تازە هەیە بینێرێت، بۆ نمونە: حەرام کردنی جگەرەکێشان بە تەنها خۆی پێویستی بە ناردنی پەیامهێنەرێكو پەیامێکی تازە هەیە.

٣. حەرام کردن تـەنها لەتایبەتمەندیـەکانی دەسـەڵاتی خواوەنـدەو هـیچ کەسـێك بۆی نیە نەداواو نەلافی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتو تایبەتمەندیە بکات.

ئەو قسەیەش کە دەڵێت: (حرام محمد حرام إلى يوم القيامة، وحـلال محمـد حـلال الى يوم القيامة)واتە: حەرامو قەدەغەکراوەکانی موحەمەد تـا ڕۆژی دوایـی حـەرامنو حەڵاڵو بەڕەوابینراوەکانی موحەمەد حەڵاڵو بەڕەوابینراون تا ڕۆژی قیامەت.

ئەمـە قسـەیەکەو بەسـتراوە بـەدەمی پێغەمبـەرەوەو هەرکـەس ئـەم بۆچـونەی هەبێت سەرگەردانە، چـونکە موحەمـەد تـەنها کـاری بەدابـەزێنراوی بـەجێ کـردوەو حەرامو حەڵاڵەکانی ئەوی گەیاندوەو ئەگەر خۆی کارێکی لـەو ئاراسـتەیەدا کردبێـت تەنها ڕێگیری و(نهي)بوەو هیچی تر.

بەڵام ڕێگیری و(نهي)کردن کارێکی جیایە لەحەرامو حەڵاڵ کردنو هەم خواوەند ڕێگیری دەکات هەم پێغەمبەریش دەتوانێت، هەم خەڵکیش دەتوانن ڕێگیری بکەن، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئایەتی﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى* عَبْدًا إِذَا صَلَّى﴾ العلق/ ٩–١٠.

واتە: ئایائەو کەسەت بینی کە ڕێگیری دەکات لەبەندەیەك کاتێك دەیەوێت پەیوەندی بگرێت بەپەروەردگاریەوە..؟.

٤. زنجیرە بەندیو پشت سەریەك بونی مێژویش ڕێگە بە تێکەڵ کردن نادات، پێشتر بە وردی باسی ئەوەمانکرد کە چۆن لەسەرەتاوە زمان بە فەرمانکردنو ڕێگیری لێکردن دەستی پێکرد، هەروەها باسمان کرد کە چۆن بەم دوو چەمکە داخوازی کردن لەمرۆڤ دەستی پێکرد، لەیەکەم مرۆڤی هۆشمەند کە ئەویش(ئادەم)بو، فەرمانی پێکرا بە وشەی (أسكن)واتە: نیشتەجێ ببە، هەروەها ڕێگیری لێکرا بە وشەی(ولاتقربا) واتە: نزیك نەکەونەوە، کە مەبەست پێی ئەوەبو خۆیو(حەوا)نزیك نەکەونەوە لەدرەختە دەستنیشانکراوەکە.

ئەم ڕێگیری کردنە لەگەڵ پەرەسەندنی مرۆڤەکاندا پەرەی سەند تا گەشتە سەردەمی(ئیبراهیم پێغەمبەر س.خ)و لەو سەردەمەدا خۆمان لەبەردەم ڕێگیریەکدا بینییەوە کە ڕێگیریەکە گۆڕا بۆ حەرام کردنو قەدەغە کردنێك کە پەیوەست بوو بە جێگەو شوێنێکی دیاریکراوەوە(نهي تحول الى تحريم مكاني)ئەمەش لەفەرمودەی خواوەندەوە بەدیدەکەین کە لەسەر زاری ئیبراهیمەوە دەیگێڕێتەوە: ﴿رَبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِنْ ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِنْدَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ﴾ إبراهيم/٣٧.

واتە: ئەی پەروەردگارمان من هەندێ لە نەوەکانی خۆم لەدۆڵێکی وشکی بێ ڕوەکدا نیشتەجێ کردوە لەکەناری ماڵە پارێزراوەکەی تۆدا.

فەرمانەكە لای ئـادەم هەربـە نیشـتەجێ بـون مایـەوە كـە بـە وشەی(أسـكن)پێی وترابو،ب ەهەمان شێوە لەلایەن (ئیبراهیم)یشەوە مابویەوە كە خۆی لەوشـەی(إِنِّـي أَسْكَنتُ)دا دەبنیەوە، سـەبارەت بـە ڕێگیریكردنێـك كـە گـۆڕا بـۆ حـەرامكردنێك كـە پەیوەست بـو بـە كاتـەوە(نهـي تحـول الى تحـريم زمـانی)كـە خـۆی لـەم فـەرمودەی خواوەندا دەبینێتـەوە ﴿إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِنْدَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَـوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ﴾التوبة/٣٦.

واتـە: ژمـارەی مانگـەكان لـەلای خواوەنـد دوانـزە مانگـە لەپـەڕاوی خواوەنـداو لەورۆژەوە كە ئاسمانەكانو زەوی بەدیهێناوە چوار لەومانگانە حەرام كراون.

ئەم قەدەغە كردنو حەرام كردنەی كە پەیوەستە هەم بە كاتو هەم بەشوێنەوە، بەردەوامـە لەپەرەسـەندندایە تـا دەگاتـە ئـەوەی قسـەی هـەبێت لـەخواردنو خواردنەكانو شتی تریشدا كە ئەویش لەسەردەمی ئیسـرائیلو(یعقوب)پێغەمبەردایە كە خواوەند دەفـەرموێت: ﴿كُلُّ الطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِبَنِي إِسْرَائِيلَ إِلَّا مَا حَـرَّمَ إِسْـرَائِيلُ عَلَى نَفْسِهِ مِنْ قَبْلِ أَنْ تُنَزَّلَ التَّوْرَاةُ﴾ آل عمران/٩٣.[٢٩]

واتە: هەرچی خۆراك هەیە هەموی حەڵاڵو ڕەوا بوو بۆ نەوەی ئیسـرائیل، بێجگـە لەوەی كە ئیسرائیل پێش دابەزینی تەورات قەدەغەو حەرامی كردبوو لەسەر خۆی.

[٢٩] واتە: حەرام وقەدەغەكراو لەماڵی ڕێز لێنراوی خواوەندا بریتیە لەسـەر بڕینـی قـۆچو قوربانیـە مرۆییـەكانو سەربڕینی مرۆڤ، قەدەغەكراو حەرام كراویش لەمانگە حەرامو ڕێز لێنراوەكاندا كوشتارو جەنگ وخوێن ڕێژیە، ئا ئەمەیە قەدەغەكراوو حەرام كراوی خوایی كـە نـە گـۆڕانی بەسـەردا دێـتو نـە دەستیشـی لێ هەڵدەگیرێتو نـە پاشەكشەشی لێ دەكرێت، بەڵام قەدەغـە كـردنو حـەرام كردنـەكانی كـە پەیوەنـدیان بـە مرۆڤەكانـەوە هەیـە، لەخواردنو خواردنەوە ئەمانە هەمویان دەكرێت قسەیان لەسەر بكرێتو هـەموار بكرێنـەوەو ڕاسـت بكرێنـەوەو تەنانەت هەڵیش بوەشێنرێنەوە ئەمەش مانای وتەكەی خواوەندە كە دەفەرموێت :﴿إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسْـرَائِيلُ عَلَـى نَفْسِهِ مِنْ قَبْلِ أَنْ تُنَزَّلَ التَّوْرَاةُ﴾

دواتر کە سەردەمی موسا پێغەمبەر هات، فورقانو ڕێنماییەکەی لەخواوەندەوە بۆ هات لەسەر شێوەی(١٠) ڕێگیری لێکراودا، کە ئەویش بریتی بو لەدە ڕاسپاردەی خواوەند، بەڵام دەبینین دواترو لەپەیامە کۆتاییەکەی دوا پێغەمبەردا موحەمەد(د.خ)ئەم ڕێگیریانە دەگۆڕێنو گەشە دەکەنو دەبنە(محّرمات)قەدەغە لێکراوەکان، بەڵگەی ئەم ڕاستیەش ئایەتی﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ الأنعام/١٥١.

واتە: بڵێ وەرن با ئەو قەدەغەکراوانەتان بۆ بخوێنمەوە کە پەروەردگارتان قەدەغەی کردوە لەسەرتان.

هەروەها دەبنین لەبارەی(رّبا)و سو وەرگرتنەوە کە لەلای نەوەکانی ئیسرائیل(رّبا)لەڕیزی ڕێگە لێگیراوەکاندا بو، وەك چۆن خواوەند دەفەرمووێت: ﴿وَأَخْذِهِمْ الرِّبَا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ﴾ النساء/١٦١.

واتە: سەرەڕای ئەوەی ئێمە ڕێگیریمان لێ کردبون بەڵام ئەوان(ربا)یان وەردەگرت.

بەڵام دواتر لەدابەزێنراوی بەجێدا (رِّبا) چوە خانەی (محرمات)و قەدەغەکراوەکانەوە ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ البقرة/ ٢٧٥.

واتە: خواوەند کڕینو فرۆشتنی بەڕەوا بینی بۆتانو (رّبا)و سو وەرگرتنیشی حەرامو قەدەغە کرد لەسەرتان.

بۆیە پێویستە ڕاستیەك هەیە بیزانینو لەسەری بوەستین، ئەویش برتییە لەوەی کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردەمی پەیامو پەیامهێنەرەکانداو کۆتایی هێنان بەو قۆناغە، بە ناردنی پەیامی موحەمەدیو بەم کارەش بە هەتا هەتایی دەرگای حەرامو قەدەغە کردن داخراوەو قوفڵی لێدراوە تاوەکو ڕۆژی دوایی، بەڵام دەرگای(النهي والمنع)ڕێگیریو یاساغ کردن و ڕێگریکردن، بە کراوەیی ماوەتەوەو هەر دەشمێنێتەوە، بۆ نمونە: پزیشك دەتوانێت ڕێگیری لەنەخۆشەکانی بکاتو نەهێڵێت جگەرە بکێشن، هەروەها دەوڵەت دەتوانێت بڕیاری ڕێگری ویاساغ کردنی جگەرەکێشان بداتو بە یاسا لەشوێنە گشتیەکاندا ڕێگە لەجگەرەکێشان بگرێتو دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن ڕاسپێرێت بۆ ڕاپەراندنی یاساکانو جێبەجێ کردنیان.

مرۆڤیش(بەهۆی تایبەتمەندیەكانیەوە) شتانێك بە باش دەزانێتو لای پەسەندنو شتانێكیش بە خراپ دەزانێتو لای ناپەسەندن، بەم كارەشی مرۆڤ ئەو ئازادیە تاكە كەسیەی پیادە دەكات كە خواوەند پێی بەخشیوە، لێرەشەوە هەموان ئازادن چی بەباش دەزانن و لایان پەسەندە بیكەنو، چیش بە خراپو ناپەسەند دەزانن، پشتگوێی بخەنو نەیكەن.

لەكۆتاییدا پێویستە لەسەر ئەم فەرمودەی خواوەند بوەستین كە دەفەرموێت: ﴿إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُمْ مُدْخَلًا كَرِيمًا﴾ النساء/ ٣١.

واتە: ئەگەر خۆتان بە دور بگرنو لەو(كبائر)و كارە گەورانەی كە ڕێگیریتان لێكراوە لەئەنجامدانیان ئەوا خراپەكاریەكانتان لێ دەوەرێنینو دەشتان خەینە جێگەیەكی بەڕێزەوە.

بە دەستنیشانكراوی دەمانەوێت لەسەر ڕستەی(كبائر ماتنهون عنه)بوەستین، واتە: ئەو كارە گەورانەی كە ڕێگیریتان لێكراوە لەئەنجامدانیان.

یەكەم شت لەسەر ئەم ئایەتە ڕامان دەگرێت، ئامرازی بە مەرج گرتنی(إنْ)ە كەخواوەند دەسپێكی ئایەتەكەی پێكردوەتەوە، دروست وەك ئەو فەرمودەی خواوەند كە دەفەرموێت: ﴿إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا﴾ الحجرات/٦.

واتە: ئەگەر(فاسق)ێك بە هەواڵێكەوە هات بۆلاتان وردبینیو بەدواداچون بكەنو سەرنج بدەن.

هەروەها وەك فەرمودەی خواوەند: ﴿قُلْ إِنْ ضَلَلْتُ فَإِنَّمَا أَضِلُّ عَلَى نَفْسِي وَإِنْ اهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِي إِلَيَّ رَبِّي﴾ سبأ/ ٥٠.

واتە: بڵێ ئەگەر سەرم لێ بشێوێتو ڕێگە هەڵە بكەم، ئەوا بەدڵنیاییەوە خۆم سەر لەخۆم دەشێوێنمو ئەگەریش ڕێگە بە بەختی خۆم ببەمو ڕێنمویی بكرێم ئەوا: بێگومان بەهۆی ئەوەوەیە كە بە نیگاو وەحی بۆم هاتوە لەپەروەردگارمەوە.

ئـەم ئـامرازەش واتـە: (إن) لـەڕوی شـێوەی ڕێزمانـەوە لـەئامرازی (إذا)دەچـێتو هەردوكیان ئامرازی بە مەرج گـرتنن(أداة شـرط)بـەڵام(إن) لـەڕوی نـاواخنو ئامـاژەو واتاكەیـەوە جیـاوازە لـە(إذا) جیاوازیەكەشـیان ئەوەیـە كـە: (إن)تـەنها سـەر ئـەو كردارانە دەچێت كە گومان هەیە لەڕودانیاندا، بە واتایەكی تر (إن)دەچێتەسـەر ئـەو كردارانەی كە دەكرێت ڕوبدەن یاخود دەكرێت ڕو نەدەنو نەیەنە بون.

بەڵام ئامرازی (إذا) هەمو ئەو كردارانەی بە دوای(إذا)دا دێن بێگومان ڕودەدەن. گومان لەڕودانو بەرپابونیاندا نیە، بە نمونە: ﴿إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ﴾ النصر/١.

واتە: ئەگەر سەركەوتنی خواوەند هات. بێگومانیش كە دێت.

یان ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾ البقرة/١١.

واتە: ئەگەر پێیان بوترێت خراپەكاری مەكەن لەزەویدا ئەڵێن: دڵنیابن ئێمە چاكە كارین. پێیان وتراوەو ئەوانیش بەردەوام هەر ئەو وەڵامە ئەدەنەوە.

بۆیـە وازهێنـان لـەكارە نـاڕەواو گەورەكان(الكبائر)كـە لەئایـەتی(٣١)ی سـورەتی (النساء)دا هاتوە، مەرجە بۆ سڕینەوەی كارە ناپەسـەندو ناباشـەكان لەمرۆڤـەكان، بەڵام ئەم وازهێنـانو خـۆ كێشـانەوەیە بەنـدە بـە بـژاردەی مرۆڤەكانـەوە تـا ئـەوان بڕیاری هەڵبژاردنی خۆیان نەدەن وازهێنانەكە نایەتە دی، بۆیە: بۆی هەیە مرۆڤەكـە بڕیـاری گوێڕایـەڵی بـداتو وازهێنانەكـە بێتـەدیو، بۆشـی هەیـە مرۆڤەكـە بڕیـاری سەرپێچی كردن بداتو وازهێنانەكە نەیەتە بون، ئەمەش بۆچونەكانی پێشـو ترمـان پشت ڕاست دەكاتەوە كە لەلاپەرەكانی پێشتردا خستومانەتەڕو.

دوەم شتیش لەئایەتەكەدا كە ڕامان دەگرێتو پێویستە لەسـەری بوەسـتین دەسـتەواژەی(كبائر مـاتنهون عنه)ئـەم دەسـتەواژەیە پێمـان دەڵێـت كـە: (منهیـات)و ڕێگـیری لێكراوەكـانیش گـەورەو بچـوكیان هەیـە واتـە: هەیانـە گەورەیەو هەشیانە بچوكە.

بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر چاوێك بگێڕین بەناو دابەزێنراوی بەجێدا، لەسێ جێگەدا دەستەواژەی(کبائر)بەدی دەکەین، بەڵام(صغائر)و بچوکەکان لەو سێ جێگەیەدا تەنها یەکجار ناوبراون ئەویش لەژێر ناونیشانی(اللمم)دا هاتوە.

١- ﴿إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُمْ مُدْخَلًا كَرِيمًا﴾ النساء/ ٣١.

٢- ﴿وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ﴾ الشورى/ ٣٧.

٣- ﴿الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلَّا اللَّمَمَ﴾ النجم/٣٢.

وەك چۆن لەئایەتی(٣١)ی سورەتی(النساء)ەوە تێگەیشتین‌و زانیمان کە ڕێگیری لێکراوەکان(المنهیات)گەورەو بچوکیان هەیە.

بەهەمان شێوە لەئایەتی(٣٧)ی سورەتی(الشوری)و ئایەتی(٣٢)ی سورەتی(النجم)یشەوە تێدەگەین کە(الاثام وَالْفَوَاحِشَ)تاوان‌و کارە ناپەسەندەکانیش گەورەو وردیلەیان هەیە، بەڵام بەداخەوە وەك پیشەی هەمیشەییان دەبینین کە ڕاڤەکاران(مفسرین)بۆ جاری هەزارو دەیەم لێرەشدا ڕاو بۆچونێکی سەیرو سەرسوڕهێنەریان لەم بارەیەشەوە هەیەو نازانین ژیرمەندان‌و شیرەتمەندانی ئەم ئومەتە بە درێژای چواردە سەدەی ڕابردو بۆچی لەم ڕاو بۆچونە سەیرانە بێدەنگ بون‌و لێیان قەبوڵ کردون کە بەناوی خواوەندەوە قسە بکەن..؟.

فەخری ڕازی لەتەفسیرەکەیدا لەبارەی ئایەتی(٣١)ی سورەتی(النساء)ەوە دەڵێت:

١. {گێڕراوەتەوە کە پێغەمبەر(د.خ)وتویەتی: ئایا چی بە(کبائر)و هەڵەگەورەکان دەزانن..؟ وتیان خواوەندو پەیامهێنەرەکەی زاناترن، وتی: هاوەڵ بڕیار دان بۆ خواوەند، کوشتنی نەفسێك کە کوشتنی قەدەغەکراو بێت، ئەشکەنجەدان‌و خراپ ڕەفتارکردن لەگەڵ باوك‌و دایکدا، هەڵهاتن لەگۆڕەپانی ڕوبەڕو بونەوەدا، جادووکردن، خواردنیماڵی منداڵی بێ باوك، قسەی بێ بنەما(الزور)، سوو وەرگرتن(الربا)، تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێنپاك.

عەبدوالله‌ی کوڕی عومەریش لەڕیوایەتێکدا دەیگێڕێتەوە کە ئەمانەی سەرەوەی هەمو وتوەو ئەمانەشی بۆ زیادکردوە: پێشێل کردنی مافی زیارەتکارانی ماڵی ڕێز لێنراو(بیت الحرام)و، خواردنەوەی مەی.

ئیبن‌و مەسعودییش دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: ئەمانەشی بۆ زیادکرد: نا ئومێد بون بە سۆزو بەزەیی خواوەند، بێ خەم بون لەتوڕەبونی خواوەند} بەرگی(١٠)لاپەڕە(٦٢).

٢. ئیبن و کەسیریش لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا واتە: ئایەتی(٣١)ی سورەتی(النساء)دەگێڕێتەوەودەڵێت: {لەتاوسەوە کە وتویەتی: وتم: بە ئیبن‌و عەباس: حەوت تاوانە گەورەکە کامانەن..؟ وتی: بەڵکو ئەوان لەحەفتاوە نزیکن} .

ئەم حەفتایەش ئەوانەن کە(حافظ أبو عبدالله شمس الدين الذهبی) لەکتێبێکدا کۆی کردونەتەوەو کتێبەکەشی بەناوبانگە.

٣. ئیبن‌و کەسیر لەسەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕێتەوە کە پیاوێك وتی بە ئیبن‌و عەباس: (کبائر)و تاوانە گەورەکان چەندن..؟ حەوتن..؟ وتی: ئەوان لەحەوت سەدەوە نزیکن.

٤. هەروەها فەخری ڕازی دەڵێت:{هەموو تاوان‌و سەرپێچیەکان دەچنەخانەی تاوانە گەورەکانەوە. سەعیدی کوڕی جوبەیر لەعەبدوالله‌ی کوڕی عەباسەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: هەرچی کارێك سەرپێچی خواوەندی تێدا بکرێت ئەوە گوناهی گەورەو(کبیرە)یە.

هەرکەس کارێکی لەم چەشنەی کردوە با داوای لێخۆش بون لەخواوەند بکات، چونکە خواوەند تەنها لەدین هەڵگەڕاوەکان لەناو ئاگردا بە هەتا هەتایی دەهێڵێتەوە، یا کەسێك کە مل نەدات بە یەکێك لە فەرزکراوەکان یان کەسێك قەدەر بە درۆبخاتەوە} .

٥. ئیبن و كەسیر دەڵێت: {قسە وتن بە ئەبوبەكرو عومەر خوایان لێ ڕازی بێت لەخانەی تاوانە گەرەكاندایە}.

ئەگەر سەرنج لەم پێنج برگەیە بدەین ئەوا پێنج ئاست لەتاوانە گەورەكان(الكبائر)مان دێتە پێش چاو، كە لەئاستی دابەزێنراوی بەجێوە دەست پێدەكەن تا ئاستی سەردەمی شوێن كەوتوانو سەردەمی فقیهزانەكان.

**١- (كبائر)ەكان لەسەر ئاستی قورئان:**

پەیامە ئاسمانیەكان بەگشتیو پەیامی موحەمەدیش بەتایبەتی، دابەش دەبن بۆ دو بەشی سەرەكی:

**أوامر و نواهی**: فەرمانو ڕێگیریكردنەكان.

- **أوامر**: فەرمانەكان: ئەم فەرمانانەن فەرمانڕەوایەتی لایەنە ئەرێنیەكانی هەڵسوكەوتی مرۆڤەكان ڕێكدەخەن، داواكراوە لەمرۆڤ ئەو هەڵسوكەتانە ئەنجام بداتو بیانكات(إفعل).
- **نواهی**: ڕێگیریكردنەكان: ئەم ڕێگیری لێكردنانە فەرمانڕەوایەتی لایەنە نەرێنیەكانی هەڵسوكەوتی مرۆڤەكان دەكەنو كاروباری ئەو لایەنە نەرێنیانەی هەڵسوكەوتی مرۆڤەكان ڕێكدەخەن، داواكراوە لە مرۆڤ ئەو هەڵسو كەوتانە ئەنجام نەدات و نەیانكات(لاتفعل).

هەروەك پێشتر باسمان كرد لەدابەزێنراوی بەجێدا ڕێگیری لێكراوەكان (النواهي)دابەش دەبەن بەسەر ڕێگیری لێكراوە گەورەكانو ڕێگیری لێكراوە وردیلەكاندا(اللمم)كە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خواوەند لەپێش هەمویانەوە دێت.

بەهەمان شێوە فەرمانە ئەرێنیەكانیش دابەش دەبەن بەسەر فەرمانە ئەرێنیە گەورەكانو فەرمانە ئەرێنیە گچكەكاندا، كەبە باوەڕ بون بە خواوەندی تاكی تاقانە دەسپێ دەكەنو بە لادانی كۆسپ ودڕكو داڵێك لەسەرە ڕێگەیەكدا كۆتاییان دێت.

خواوەنـد بـە خۆشـنودیو فـەزڵی خـۆی بـاوەڕو بـاوەڕدارییو پابەنـدبونی بـە باوەڕداریــەوە، خۆشەویســت کــردوە لــەلای بــاوەڕدارە گوێڕایــەڵو گــوێ بــە فەرمانەکانیو، **هە**روەها کوفرو لەڕێلادان و مل پـێ نـەدانو سەرپێچیشـی لاقێـزەون کردون، ئەمەش یەکێکی تر لەمیهرەبانیەکانی پەروەردگارە.

سەبارەت بە **هە**ریەك لەچەمکەکانی(**کفر، فسوق، عصیان**)(کافر بونو لـەڕێلادانو مل پێ نەدانو سەرپێچی کردن)یش بە کورتی دەڵێین:

**کوفر:** بریتیە لەوە کە کەسێك **هە**ڵوێستێکی ئاشکرا لەدژایەتی کردنـی فـەرمانێك یاخود بەرانبەر بە کەسێکی دیاریکراو یاخود دژایـەتی کردنـی پـەیامی موحەمـەدی، **هە**ڵوێســت وەربگرێــتو بڕیــاری دژایــەتی کردنــی بــدات، **هە**رکــەس ئــەم چەشــنە **هە**ڵوێستەی بەرامبەر **هە**رچی گرت ئەوا کوفری بەوشتە کردوە.

**فسوق:** لەڕێلادانو مل پێنەدان: بریتیە لەمل پێنەدان بە فەرمانێكو پابەند نەبون پێــوەیو دەرچــون لەفەرمانەکــە، وەك چــۆن خواوەنــد لــەبارەی ئیبلیســەوە دەفەرموێت: ﴿**فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ**﴾ الكهف/٥٠.

**العصیان:** سەرپێچی کردن: بریتیە لەوەی کە مرۆڤی خـاوەن ژیریـیو عـاقڵو داوا لێکراو، واز لەکارێك نەهێنێت کە داوای وازلێهینانی لێکرا بێـت، وەك چـۆن خواوەنـد دەفەرموێت: ﴿**وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى**﴾ طه/١٢١.

سەبارەت بە سەرپێچی فریشتەکانیش، سەرپێچـی کردنیـان بریتیـە لەسەرپێچـی کردنی فەرمانە خواییەکان﴿**لاَ يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ**﴾ التحريم/٦.

واتە: سەرپێچی خواوەند ناکەن لە**هە**ر فەرمانێکدا کە بیدات بەسەریاندا.

چــونکە چەمکی(فســوق وعصــیان)واتە:مل پێنــەدانو سەرپێچــیو نافــەرمانی، لەفەرهەنگو بیرکردنەوەی فریشتەکاندا بونی نیە.

کەواتە:

**کوفر:** هەڵوێستێکی دژایەتی کردنی ئاشکرایە بەرانبەر بەشێکی دیاریکراو، بەو کارەشی ئەو کەسە کوفر بەو شتە دەکات.

لەم سۆنگەیەوە کەسی ڕژدو پیسکەو دەس قونجاو سەبارەت بەو نازو نیعمەتەی کە لەبەردەستیدایە کافرەو کوفری پێدەکات﴿**الَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ وَيَكْتُمُونَ مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا**﴾النساء/ ٣٧.

**الفسوق:**لەڕێلادان و مل پێنەدان: بریتیە لەخۆلادان و مل پێنەدان لەفەرمانەکانی پەروەردگاری جیهانیان﴿**فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ**﴾الكهف/٥٠.

**العصیان:** سەرپێچی کردنیش سەبارەت بە مرۆڤەکان: بریتیە لەئەنجامدانی ئەو کردارو کارانەی کە ڕێگیریان لێکراوە لەئەنجامدانیان لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە ﴿**وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى**﴾ طه/١٢١.

واتە: ئادەم سەرپێچی پەروەردگاری خۆی کردو و لەئاکامدا سەرگەردان بوو.

خواوەندیش وەك دلۆڤانیو دڵسۆزییەك بۆ ئەو بەندانەی کە سەرپێچی لەڕێگە لێگیراوەکانی دەکەن، ئاماژەی بە ژمارەیەکی بەرچاو لەڕێگە لێگیراوەکان کردوەو ناوی ناون(الکبائر)هەرکەس لەبەندەکانی، خۆی لەو(کبائر)انە پاراستو خۆی بەدور گرت لەئەنجامدانیان، ئەوا خواوەند لەبەرانبەر ئەو خۆپارێزیەیاندا ئەو بەندانەی پاداشت دەکاتو تاوان وهەڵەکانیان لەسەر دەسڕیتەوەو دەیانخاتە جێگەیەکی بەڕێزەوە.

﴿**إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُمْ مُدْخَلًا كَرِيمًا**﴾ النساء/٣١.

واتە: ئەگەر خۆتان بە دور بگرن لەو کردەوەو هەڵە گەورانەی کە ڕێگیری لەئەنجامدانیان کراوە، ئەوا تاوانو خراپەکاریەکانتان لەسەر دەسڕینەوەو دەشتان خەینە جێگەیەکی بەڕێزەوە.

ئەم كۆمەڵە (كبائر)ەش دابەزێنراوی بەجێ خستونیەتە دەرەوەی بازنەی لێكۆڵینـەوەو (إجتهاد)ی مرۆڤەوەو لەخانەی (محرّمات) وقەدەغەكراوەكاندا دایناون:

ڕێگیری لێكراوەكانی ناو دابەزێنراوی بەجێ (التنزيل الحكيم)یش دەبنە دو بەشەوە:

أ. هەڵـەو تاوانـە گەروەكان(الكبائر)كـە بەدرێـژایی مێـژوو جـێگیرن وبـریتین لەقەدەغەكراوەكان(المحرّمات).

ب. خراپـە گچكەكان(الصـغائر)كە لەدابـەزێنراوی بـەجێ(التنزيـل الحكـيم)دا بـە وردیلەكان(اللمم)ناویان هاتوە.

بـەڵام ئەگـەر ژمـاردن‌و سـەرژمێریكردنی ڕێگـەلێگیراوو قەدەغـەكراوەكان (المنهيات و المحرّمات) لەدابـەزێنرای بەجێدا ئاسـان بێـت‌و دەسـت بـدات، ئـەوا سەرژمێریكردن‌و ژماردنی (كبائر)و تاوانە گەورەكان لەبەر هۆكـارێكی سـادە بـە ئەسـتەم دەبیـنین، هۆكارەكـەش بریتیـە لـەوەی كـە: لەوانەیـە ئـەو (كبائر)انـە لەخانەی قەدەغەكراوەكان (المحرّمات)دا بن‌و دەشـگونجێت لـەدەرەوەی خانـەی قەدەغەكراوەكاندا بن، چونكە نەریتی باو لەكۆمەڵگاكاندا ڕۆڵێكی سەرەكی هەیە لەم بوارەدا، بۆنمونـە: دەگونجێـت لەكۆمەڵگەیەكـدا یـاخود لەسـەردەمێكدا لـەو كۆمەڵگەیەدا نەریتێك بەخراپترین‌و گەورەترینی تاوانەكان دەستنیشـان بكرێـت‌و دواتر بە هۆی گۆڕانی هەلومەرج‌و گەشەی كۆمەڵگەكەوە كارێكی تر ئەو پێگەیـە بگرێـت‌و ئـەو بكرێتـە گـەورەترین تـاوان، نمونەیـەك لەمێـژووەوە: لەكۆمەڵگـەی قورەیشـداو بەدرێـژایی سـێنزە سـاڵ لەپێغەمبەرایـەتی، هـاوەڵ بڕیـاردان (الشرك)وسوو وەرگرتن (الربا)و، ڕۆچون لەمەیخواردنەوەدا، لەڕیزی یەكەمەكانی تاوانە گەورەكاندا بون، دواترو لەكۆمەڵگەی مەدینـەداو پـاش دابـەزینی مۆڵـەتی جەنگ‌و كوشتار، ڕاكردن‌و پشت هەڵكردن لـەگۆڕەپانی جـەنگیش، چـوە خانـەی (كبائر)و تاوانە گەورەكانەوە كە پێشتر باسی نەبو.

ئەمە گەواهو شاهیدێك لەسەر ئەو باسە، گەواهو شاهیدێکی تریش بریتیە لەوەی کە: لەناو هۆزی (لوط) پێغەمبەردا (س.خ) تاوان بە ئاشکرا ئەنجام دەدراو لەسەروی هەموشیانەوە تاوانو ڕەفتاری ناپەسەندی(نێربازی)بۆیە ئەو کردارە قێزەونە لەڕیزی یەکەمی تاوانە گەورەکاندا ئەژمار دەکرا، ئەم کردارە نەگریسە بەڕادەیەك لەناویاندا پەرەی سەندبو کە پێویستیان بە پێغەمبەرێکی پەیامهێنەر بو تا بۆیان ڕەوانە بکرێتو هەولّی گێڕانەوەیان بدات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، بەلاّم ئەوەش لەگەلّیاندا بێ ئاکام مایەوەو دواجار لەناوبران.

ڕاستە کە دابەزێنراوی بەجێ بەتایبەت تیشکی خستوەتە سەر کۆمەلّێك ڕێگە لێگیراو(النواهي)و لەچەند جێگەدا ناوی دوپات کردونەتەوەو باسی لێوەکردون، بەلاّم بەدلّنیاییەوە ناوی(کبائر)و تاوانی گەورەی لێ نەناون، لێرەوە تێدەگەین ئەم دەستەواژەیە لەهەرسێ جێگەکەدا بۆچی بە(نکرة مضافة)و نەناسراوی وبە خستنە پالّ کارێکیتر هاتونوبە(معرفە)و ناسراوی نەهاتون، چونکە(تعریف)وناساندن دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنو دەستنیشانکردنیش دەبێتەهۆی جێگیرکردن (التثبیت)و، جێگیرکردنیش تەنها بۆ(محرّمات)و قەدەغەکراوەکانە، بەوپێیەی کە لەخانەی (کبائر)و تاوانە گەورەکاندان، چونکە دەکرێت دەستەواژەی (کبائر) بۆ ئەو تاوانانەش بەکار بهێنین کە بەهۆی فشارو خواستی کۆمەلّگەکانیانەوە لەکاتو شوێنێکەوە دەگۆڕێنو گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەلاّم بەبێ ئەوەی بخرێنە خانەی قەدەغەکراوەکانەوە، وەك باسمان کرد.

**٢- (کبائر)ەکان لەسەر ئاستی پێغەمبەرایەتیو پێغەمبەر:**

گومان لەوەدا نیە کە تێگەیشتنی پێغەمبەر بۆ بابەتی(کبائر)ئەمیش وەك هەمو بابەتەکانی تر هەر لەچوارچێوەی ئامانجو مەبەستەکانی خواوەندایە کە بەگشتی لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتون.

لێـرەوەو لەڕوانگــەی ئــەو فەرمودەیــەوە کــە بەلای(ڕازی)یــەو دراوەتــە پــاڵ پێغەمبەر(ئەگەر پشت ڕاست ببێتــەوە) وتویــەتی: قســەی دەسهەڵبەسـراو (الـزور)و تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێنپاکو بیّ ئاگـا لـەو تاوانانـەی کـە ئەدرێتـە پاڵیـان، ئەمانە لەخانەی (کبائر)و تاوانە گەورەکاندان.

ئەمـە لەکۆمەڵگەیـەکی تـازە گەشەسـەندوی وەك کۆمەڵگـەی مەدینـەدا شـتێکی ئاساییەو ئامانج لێـی پاراسـتنی پەیوەندیـەکانی ئـەو کۆمەڵگەیـە لـەڕووی ئـابوریو بازرگانیو دادپەروەریەوە، هەروەها ئامانج لێـی بریتیـە لەبـەتین کـردنو جۆشـدانی پەیوەندیە خێزانیەکانو پەیوەندیە خێڵەکیەکان بەیەکەوە لەسەر چەند بناغەیـەکی پاکی دور لەخڵتەو کاری تێکدەرانەو هۆکاری لیخن بونی.

هەروەها شتێکی ئاساییە کە پێغەمبەر لەم کۆمەڵگەیەدا بۆ نمونە: باس لەستەمو ستـەمکاران نـەکات، هــەر چــەند گومــان لـەوەدا نیـە کـە سـتـەمو سـتـەمکاری زۆر مەترسیدارترو سامناکترەو هەڕەشـەی زیـاترە لەسـەر کۆمەڵگـەکان، لـەکاری قسـە هەڵبەسـتنو تۆمــەتبارکردنی ئافرەتــانی داوێــن پــاك، هۆکارەکەشــی ئەوەیــە کــە کۆمەڵگەی مەدینە لەسەردەمی پێغەمبەرایەتی موحەمەدا، فەرماندارو کاربەدەستو سوڵتانی ستەمکارو خۆسەپێنی تێدا نەبوە.

گومانیش لەوەدا نیە کە پێغەمبەر(د.خ)کاتێك پرسیار دەکات لەهاوەڵانیو لێیـان دەپرسـێت: چـی بـە(کبائر)دەزانن بێئاگـا نـەبوەو، بەسـەر مەبسـتە خواییەکـەدا تێنەپــەڕیوە کــە خواوەنــد بــە(نکرە)ییو نەناســراوی وشــەی(کبائر)ی هێنــاوەو پێناسەی نەکردوە، هەروەها بەگشتی باسی لێوە کردووەو دەستنیشانی نەکردووە، بەهــەمان شـێوە نـە پێناسـەی کـردووەو نـە وێناشـی کـردووە، بـەڵکو هــەروا بـە نەناسراوی و(نکرە)یی هێشتویەتیەوە.

دواجـار گومـان لـەوەدا نیـە کـە پێغەمبـەر کاتێـك کـە(کبائر)و تاوانـە گـەورەکان دەژمێرێت بە هاوەڵانی، بـە دڵنیاییـەوە ئـەوەی بـۆ باسـکردونو بـۆی ژمـاردون کـە لەودەمەداو لەو کۆمەڵگەیەدا کە تیایدا ژیاون بـە تـاوانی گـەورەو(کبائر) نـاوبراونو ژمێردراون، بۆیە ئەوە بەدی ناکەین کە پێغەمبەر(د.خ) نکۆڵی لەوە کردبێت کە ئـەم پێناسەو ناساندو ژماردنـەی ئـەو، گۆڕانکـاری بەسـەردا دێـت لـەکاتو سـات یـاخود لەکۆمەڵگەیەکی تردا جیا لەو هەلو مەرجەو کۆمەڵگەی ئەوکاتەیان.

بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئەوەیە کە لەهەمان گێڕانـەوەو هەواڵدا هـاتوە کـە ئـیبن و عومـەر (ذكرهـا وزاد فیهـا) واتـە: ئـیبن و عومـەر ئـەم تاوانـە گەورانـەی ژمـاردنو بۆشـی زیادکردن، هەروەها لەهەمان گێڕانەوەدا هـاتوە کـە: ئـیبن و مەسـعود (ذكرهـا وزاد فیهـا) تاوانە گەورەکانی ژماردن و بۆشی زیـادکردن، لێـرەوەو بـۆ ئـەوەی ئـەم مەسـەلانە هـەمو ڕاست بکرێنەوە، ئێمە وا دەبنین کە داڕشتنی ئەو پرسیارەی کـە گوایـا پێغەمبـەر کـردی لەهاوەڵانیو لێی پرسـین: چـی بـە تـاوانی گـەورە دەزانـن..؟ داڕشـتنێکی ڕاسـت نـەبوەو ئەگەر خودی هەواڵکـەش ڕاسـت بێـت ئـەوا لەگێڕانـەوەو داڕشـتنەوەیدا هەڵـە ڕوی داوەو، دەبـو بـەم شـێوەیە بوایـەو لێـی بپرسـینایە: چـی بـەوە دەزانـن کـە لەخانـەی تاوانـە گەورەکانو لەڕیزی تاوانـە گەورەکانـدا بێـت..؟ (ماتعـدون في الكبـائر) چـونکە ئـەو هـەمو هەڵە تێگەیشتنانە لەگێڕانەوە هەڵەکانەوە سەرچاوە دەگرن.

### ٣- (کبائر)و تاوانە گەورەکان لەسەر ئاستی هاوەڵانی پێغەمبەر:

وەك بینیمانو پێشتر باسمان لێوە کرد، گوناهە گەورەکان لەدابەزێنراوی بەجێـدا دیـاریکراو بـونو بریتـی بـون لەحەرامکراوەکان(المحرّمات)کـە لـەناو ئەوانیشـدا ژمارەیـەك لـەڕێگیری لێکراوەکان(المنهیـات)یش هـاتبون، دواتـریش بینیمـان لەفەرمودەی پێغەمبەردا بون بە نۆ دانە، پاشان عەبدوڵڵای کوڕی عومـەر هـاتو دو

دانەی بۆ زیادکردن، دواتریش عەبدوالله‌ی کوڕی مەسعود سێ دانـەی بـۆ زیـادکردن، پاشـان بـەلای عەبـدوالله‌ی کـوڕی عەباسـەوە، قەڵـەم بازێکیـان پێـدراو لەگێڕانەوەکەی(طاوس)دا بـون بـە حـەفتا، پاشـان لـە گێڕانـەوەی سـەعیدی کـوڕی جوبـەیردا بـون بـە حـەوت سـەد، دواتـر هەرلـەلای ئـیبن و جوبـەیر بـون بـە هـەمو ئەوشتانەی کە خواوەند ڕێگیری لێکردون و بەقسەی سەعیدیش هەرچی سەرپێچـی ئەوی تێدا بێت لە(کبائر)ە [٣٠].

لـەم پێـنج بڕگەیـەدا کـە لەتەفسـیرەکانی(ڕازیو ئـیبنو کـەثـیر)هـەڵمان بـژاردنو خستماننەڕو، کۆمەڵێك پرسیار هەن، دڵنیام هـەر کەسـێك سـەرنج لەبڕگـەکان بـدات ئەم چەند پرسیاروسەرنجەی لا دروست دەبێت، پرسیاروسەرنجەکانیش بریتین لە:

**یەکەم:** ئایا عەبدوالله‌ی کوڕی عومەرو عەبدوالله‌ی کوڕی مەسعود کاتێك پێغەمبەر ئەو پرسیارەی کرد لەهاوەڵەکانی ئەوان لەوێ ئامادەبون کـە لێـی پرسـین: چـی بـە تاوانی گەورە دەزانن..؟ ئەگەر لەوێ بونو گوێیان لەقسەکەی پێغەمبەر بوە، چۆن ڕێگەیان بە خۆیاندا قسەیەك ببەستن بەدەم پێغەمبەرەوە کە ئەو نەیوتوە..؟.

**دوەم:** لەبڕگەکانی(٤،٣،٢)دا چەند قسەیەکی ئیبن عەباس گێڕراوەتەوە لـەبارەی هەڵـەو تاوانـە گەورەکانـەوە کـە لـەزنجیرەی گێڕانەوەکانـدا نەدراوەتـە پـاڵ پێغەمبەر(د.خ) واتە: بەناوی ئەوەوە نیە.

---

(٣٠) بەردەوام لەنوسینەکانماندا ئەو ڕەویەیە پەیڕەو دەکەین کە لەکتێبی یەکەمماندا(الکتاب والقرآن، قراءة معاصرة) بناغەمان بۆ داڕشتوە، ئەویش بریتیە لەوەی کە: کەلەپور و(تراث) بە فەرمودەو هەواڵو فیقهیەوە، دەخەینەڕو بەراوردی دەکەین لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێ(التنزیل الحکیم)دا، هەرچی لەو کەلەپورە لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا گونجاو ڕێك هاتەوە ئەوا وەریدەگرین، هەرچیش لەگەڵێدا نەگونجا وازی لێ دەهێنینو ئامۆژگاری دۆستانیشمان دەکەین وازی لێ بهێنن، ئەگەر بۆمانکرا نەگونجانەکەشی ڕون دەکەینەوە.

پێویستە خوێنەریش بزانێت کاتێك ئەم ڕیوایەتو گێڕانەوەو هەواڵانە دەخەینەڕو، مانای وانیە کە دان بەڕاستیو دروستی ئەو گێڕانەوەو هەواڵانەدا دەنێین کە(ڕازیو ئیبنو کەثیرو...هتد) هێناویانە، چونکە ئەگەر وا بکەین ئەوا پێچەوانەی ڕەویەکەی خۆمان دەجولێینەوە کە بڕیارمان داوە پابەندی بین، دەگونجێت ئەو زیادکردنانە کاری شوێنکەوتوانی هاوەڵانو نەوەکانی دواتر بێت، یان کاری لایەکی تر بێتو درابێتە پاڵ هاوەڵانی پێغەمبەر تاوەکو کەس نەوێرێت قسە لەسەر هەڵەبونی بکات.

نمونەی لەم چەشنە گێڕانەوانە زۆرە لەو کتێبانەدا کەپێیان دەڵێن: کتێبەکانی فەرمودە، ئەگەر لای شوێنکەوتوان(التابعین)و نەوەکانی ترەوە ئەم چەشنە گێڕانەوانە نەکرانایە بە بنەمای یاسادانان‌و واسەیر نەکرانایە کە ئەم گێڕانەوانە قسەی یەکلاکەرەوەن‌و ناکرێت سەرپێچیان لێ بکرێت‌و، تەنانەت پێنج فەقیهە گەورەکەش فیقهەکەیان لەسەر ئەم بنەمایانە دانەمەزراندایە {هەرچەندە کتێبەکانی(الاخبار)پڕن لەڕەخنەی هاوەڵان لەیەکترو هەندێ جار ڕەخنەکان توند بون‌و یەکتر بە درۆخستنەوەو هەندێ جاریش گەشتوەتە ئاستی هێرش کردنە سەر بنەماڵەو ڕەچەڵەکی یەکترو هەندێ جاریش گەشتوەتە ئاستی تاوانبارکردن بە کوفرو دوڕوییو هەڵگەڕانەوە لەئاین} ئەگەر ئەم چەشنە گێڕانەوانە بەو چاوەوە سەیرو مامەڵە نەکرانایە، دەکرا هەر گوێیان پێ نەدەین‌و لەسەریان نەوەستین.

**سێیەم:** داڕنینی فەرمودەو هەواڵەکان بەگشتی بە هەواڵەکانی پێغەمبەرو هەواڵی هاوەڵەکانیشەوە، لەلایەکەوە داڕنراون لەچوارچێوە(زمن)یەکەیان‌و لەلایەکی تریشەوە داڕنراون لەڕیزبەندیە مێژویەکەیان.

بە واتایەکی تر هەندێکی کەمیان نەبێت، ڕون نیە ئەم گێڕانەوەو فەرمودەو هەواڵانە کەی‌و لەچ هەل‌و مەرج‌و ساتە وەختێکداو بۆچی‌و بەرابنەر بە کێ‌و کامیان لەدوای کامیانەوە وتراون.

ئێمە لەبەردەم سێ ئایەتی دابەزێنراوی بەجێدابن کە(کبائر)و هەڵەو تاوانە گەورەکانیان تیادا باسکراوە.

یەکێکیان لەمەکە دابەزیوەو بریتیە لەئایەتی(٣٧)ی سورەتی(الشوری)و دوانیشیان لە مەدینە دابەزیون.

بەلام دەبینین (ڕازی) لەتەفسیرەکەیدا ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر کەلەبارەی(کبائر)و هەڵەو تاوانە گەورەکانەوە وتویەتی، لەدرێژەی تەفسیرکردنی

ئایەتی (٣١)ی سورەتی (النساء)دا دەیهێنێت کە ئایەتێکە لەمەدینە دابەزیوە و بە وردی قسەی لەسەر دەکات.

پرسیار لێرەدا ئەمە: ئایا هاوەڵانو هەموو باوەڕداران بەپەیامی موحەمەدی، دەسەوسان وەستانو چەند ساڵ تێپەڕیو ئەوان هیچیان لەبارەی ئەو هەڵەو تاوانە گەورانەوە نەدەزانی کە لەئایەتی(٣٧)ی سورەتی(الشوری)داو لەشاری مەکە دابەزیبو..؟ ئایا هیچیان لەوبارەیەوە نەدەزانی تا ئایەتی(٣١)ی سورەتی(النساء)لەمەدینە دابەزی..؟.

چوارەم: ئەو قسەی ئیبن‌و عەباس کە دەڵێت:(کبائر)هەموو ئەو ڕێگەلێگیراوانەو هەموو کارێك دەگرێتەوە کە سەرپێچیی خواوەندی تێدا بکرێت، ئەمە قسەیەکی سەر سوڕهێنەرەو(ئەگەر پشت ڕاست بکرێتەوە)لەیەکێك لەهێماو خوێنەوارو کەسە دیارەکانی ئومەو(ترجمان القرآن)و پێشەوای فیقهەوە دەرچوەو لەوەوە دەگێڕرێتەوە..!!.

وەك بڵێیت ئەم پیاوە گوێی لەو سێ ئایەتە نەبوە کە باس لە(کبائر) دەکەن‌و خواوەند لەو سێ ئایەتەدا بە ڕونی باسی لە(کبائر)کردوەو ڕایگەیاندوە کە هەڵەو تاوانەکان(کبائر، صغائر، لمم)واتە: تاوان‌و هەڵەی گەورەو گچکەو وردیلەیان هەیە.

یان ئایا دەکرێت بڵێین: گوێی لەم ئایەتانە بوە، بەڵام لێیان حاڵی نەبوە..؟.

یان ئاخۆ دەکرێت بڵێین: ئەو لەئایەتەکان بە جوانی تێگەیشتوەو زانیویەتی کە خواوەند چەند ئاسانکاری‌و سۆزی بەکار هێناوە لەگەڵ بەندەکانیدا، بەڵام ئەم پیاوە هاتبێت‌و خۆی بەشایانتر زانیبێت‌و زێدەڕۆیی کردبێت لەتوندوتیژی و تەسك کردنەوەی دەروەکان لەبەردەم بەندەکانی خواوەندا..؟!.

**پێنجەم:** ئەو قسەیەی ئیبن‌و عەباس کە دەڵێت: تاوان‌و هەڵە گەورەکان (الکبائر) لەحەوت سەدەوە نزیکن، ئەمە قسەیەکی سەمەرەو سەرسوڕهێنەر تر لەقسە پێشوەکەیەتی و لەهەموو شتێك زیاتر لەگاڵتەو گەپو قسەی بێهودە دەچێت.

هەرکەس ئەو سێ ئایەتەی دابەزێنراوی بەجێ بخوێنێتەوە، بەبێ هیچ دوو دڵیو ڕا جیاوازیەك، تێدەگات کە هەڵەو تاوانە گەورەکان(الکبائر)بریتین لەهەندێك لەڕێگیرلێکراوەکان(النواهی)و هەندێکن لەتاوانو کارە ناپەسەندەکان نەك هەموویان.

باشە ئەگەر هەڵەو تاوانە گەورەکان(الکبائر)وەك ئیبنو عەباس دەڵێت: حەوت سەد بن، ئەی ئاخۆ ڕێگەلێگیراوو تاوانو کارە ناپەسەندەکان(النواهي و الآثام و والفواحش)بەلای ئەم بەڕێزەوە چەندن..؟!.

ئەگەر حەرام کراوەکان(المحرمات)لەدابەزێنراوی بەجێدا دەستنیشان نەکرانایە، کە ناکرێت لەهیچ کاتو ساتو سەردەمێکدا زیادو کەم بکرێن، دەکرا ئەو قسەیەش کە بەناوی ئیبنو عەباسەوە پێمان گەشتوە کە دەڵێت: حەوت سەدن، والێك بدەینەوە کە مەبەستی ئەوەبێت(کبائر)زۆرن وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت:﴿يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ﴾ البقرة/٩٦. یان﴿إِنْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً﴾ التوبة/٨٠. بەڵام ئەم بوارە ئەو ڕێگەپێدانە پەسەند ناکات، چونکە کاتێك خواوەند دەفەرموێت: (الف سنە) هەزار ساڵ، خۆ مەبەستی ئەوە نیە(٩٩٩+١)و کاتێك دەفەرموێت: (سبعين مرة)مەبەستی(٦٩+١)نیە، واتە: ئەمانە ژمارەی ڕاستی نینو بەهای ژمێریاریان نیە، بەڵکو مەبەست لەبەکارهێنانیاندا زۆرکردن(التکثیر)ە بەشێوەی(مجاز).

ئەم فەرمودانەی خواوەند کە باسمان کردن، جیان لەفەرمودەی خواوەند کە دەفەرموێت: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ﴾ النور/٢. هەروەها جیایە لەوەی کە دەفەرموێت: ﴿مَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا فَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا﴾ المجادلة/٤.

بەهەمان شێوە جیایە لەوەی کە دەفەرمووێت: ﴿فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ﴾ البقرة/ ١٩٦.

بۆیە دەبێت بزانین کە(المأة)لەئایەتی(٢)ی سورەتی(النور)و لەئایەتی(٤)ی سورەتی(المجادلة)دا و(العشرة) لەئایەتی (١٩٦)ی سورەتی(البقرة)دا ئەمانە ژمارەی ڕاستەقینەن و بەهای ژمێریاری خۆیانیان هەیەو ناکرێت زیادو کەمیان تێدا بکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر مەبەست لەبەکارهێنانیاندا زیادکردن(الكثرة)ش بێت هێشتا هەر زیاد نین.

## ٤- هەڵەو تاوانە گەورەکان(الكبائر) لەسەر ئاستی شوێن کەوتوانی هاوەڵانی پێغەمبەر و شوێن کەوتوانی ئەوانیش:

جێگەی خۆیەتی لێرەدا کە باس لەهاوەڵانی پێغەمبەر دەکەین ئاگامان لەوەبێت کە ئەوانیش کۆمەڵێك خەڵك بون سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندی بیروباوەڕو باوەڕ بون بە خواوەندو فریشتەکانو ڕۆژی دوایی و باوەڕ بە پێغەمبەر...هتد کۆی دەکردنەوە، هەریەکەیان خاوەن کەسایەتیو تایبەتمەندیو ئاستی تایبەت بە خۆی هەبوە لەبیرکردنەوەو لێکدانەوەدا، هەیان بوە زۆر ئازاو بوێرو چاو نەترسو، هەشیان بوە ترسنۆکو ڕاڕا بوە، هەیان بوە دەسکراوەو بەخشندە وهەشیان بوە دەسقونجاو و ڕژد، هەیان بوە زۆر لێزانو چاو کراوە، هەشیان بوە زۆر سادەو دڵ فەقیر.

هەریەکەیان دیدگای تایبەت بە خۆی هەبوەلە هەڵسەنگاندنی ڕوداو و پێشهاتەکاندا بەگشتی.

هەر ئەم ڕاسەیەیە کە پێغەمبەر(د.خ)لەفەرمودەیەکدا(ئەگەر پشت ڕاست ببێتەوە)کە هەردوو شێخەکە(بخاریو مسلم)لەئەبوهورەیرەوە دەگێڕنەوە کەوتویەتی: پێغەمبەر (د.خ) فەرموی: خەڵك وەك کانزاکان وایە دەسبژێرەکانیان لەنەفامیدا هەر بە دەسبژێری دەمێننەوە لەئیسلامدا.

لـەم ڕوانگەیـەوە ئەگـەر جیـاوازی بکەوتایەتـە نێوانیانـەوە، شـەرمیان لەیـەکتر نەدەکردەوو بەئاشکرا یـەکتریان ڕەخنـە دەکـرد، ڕەخنـە گرتنێـك کـە هەنـدێ جـار دەگەشتە ئاسـتی گاڵتـە پێکردنـی بـێ پـەردەو قسـە پێـوتنی ئاشـکرا، عەسـقەلانی لەباسی ئەبو هورەیرەو لەکتێبی(الإصابە)دا دەڵێت:

– ئەبو هورەیرە دەڵێت: ئێوە وا باس دەکەن‌و دەڵێن: ئەبو هورەیرە فەرمودەی زۆر لەپێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە، خواوەند ئاگـادارە کـە مـن کابرایـەکی هـەژار بـوم پێغەمبەر تێری دەکردم‌و خۆراکی دەدامێ، کۆچبەرو (مهاجر)ەکان خـەریکی هـات‌و هــاوارو چــەپڵە لێــدان بــون لەبازاڕەکانــداو پشــتیوانان (الأنصــار)یــش خــەریکی سەرپـەرشتی کردنی ماڵ‌و سامانەکەیان بون. کتێبی (الإصـابە) بـەرگی (٤) لاپـەڕە (٢٠٧).

– عائیشــە وتــی بــە ئــەبو هــورەیرە: تــۆ شــتانێك دەڵێیت(واتــە شــتانێك لەپێغەمبەرەوە دەگێڕیتەوە)کە من ئەو شتانەم نەبیستوە. ئەبو هـورەیرەش وتـی: ئەی دایکی باوەڕداران، تۆ لەبەر ئەوە نـەت بیسـتون چـونکە کـل‌و کلـدان‌و ئاوێنـە، سەرقاڵیان کردویت‌و نەتپەرژاوەتە سـەر ئـەوەی گـوێ لـەو بگریـت، بـەڵام مـن هـیچ شتێك سەرقاڵی نەدەکردم لەگوێ گرتن لەو. هەمان سەرچاوە لاپەڕە(٢٠٨).

ئەم بڕگەیەی خوارەوەش کە لەبارەی ئەو ڕوداوە دەسهەڵبەسـەوەیە کـە بـەناوی (إفـك)ەوە بەناوبانگـەو بوخـاری لەسـەحیحەکەیداو ئـیبن‌و هیشـام لەکتێبەکەیـداو تەبـەری لەمێژوەکەیـدا، هێناویانـەو ئێمـەش ئـەم بڕگەیـە لـەکتێبی (تـأریخ الرسـل والملوك)ی (تەبەری) وەردەگرین کە لەسەرزاری عائشەوە گێڕدراوەتەوە:

{عائشــە دەڵێــت: پێغەمبەر(د.خ)لــەناو خەڵکـدا وتـاری دەداو باسـێکی بـۆ دەکـردن کـە مـن هیچـم لـەم باسـە نـەدەزانی‌و پێغەمبـەر وتـی: ئـەی خەڵکینـە

كەسانێك هەن كە بە ناڕەوا باسی ماڵو خێزانم دەكەنو هەستم بریندار دەكەن، نازانم بۆ وا دەكەنو مەبەستیان چیە..؟ سوێند بەخواوەند من كاری چاكە نەبێت هیچم لەو خێزانانەم نەدیوە.

ئەو كەسانە لەو تۆمەتەیاندا باس لەپیاوێك دەكەن، سوێند بە خوا چاكەكاری نەبێت هیچم لێ نەبینیوەو، لەگەڵ خۆما نەبێت پێی نەخستوەتە هیچكام لەماڵەكانمەوە... كاتێك پێغەمبەر(د.خ)ئەم باسەی كرد، ئوسەیدی كوڕی حوزەیری ئەوسیو برای عەبدولئەشهەل هەستایە سەرپێو وتی: ئەی پەیامهێنەری خواوەند ئەگەر ئەو كەسانە لەهۆزی ئەوس بن، ئەوا ئێمە چارەیان دەكەینو بێدەنگیان دەكەین، ئەگەر لەبرایانی هۆزی خەزرەجیش بن ئەوا، فەرمانمان پێبكە سوێند بەخوا لەهەر تیرەیەك بن شایانی ئەوەن بدرێت لەگەردنیان.

دوای ئەو سەعدی كوڕی عوبادەش هەستا(كە گەورەی خەزرەج بو)و ڕو بە ئوسەید وەستایەوەو پێی وت: سوێند بە خوا درۆت كرد، كەسیش ناتوانێت بدات لەگەردنیانو بیانكوژێت، دیسانەوە سوێند بەخوا دڵنیا نەبویتایە لەوەی كە لەهۆزی خەزرەجن ئەو قسەیەت نەدەكردو بتزانیبایە لەهۆزەكەی خۆتن ئەو قسەو پێشنیارە قورسەت نەدەكرد.

عائشە دەڵێت: خەڵكی دەسیان دایە قسەكردن لەنێوان خۆیاندا تا كار گەشتە ڕادەیەك خەریك بو لەنێوان ئەو دوو تیرەیەی ئەوسو خەرزەجدا شەڕ هەڵبگیرسێت} .سەیری كتێبی (تأريخ الرسل والملوك)ی تەبەری بەرگی(٢)لاپەڕە (٦١٤-٦١٥) بكە.

ئـەم باسـەش لـەبارەی کـوژرانی خەلیفـەی سـێهەم(عوسمانی کـوڕی عـەفان)ەوە دەخەینەڕو کە تەبەری لەمێژوەکەیداو هـەروەها عەسقەلانیش لـەکتێبی(الإصـابة)و لەباسی(جیبلەی کوڕی عەمری ساعدیدا)ئەم باسەی هێناوە:

– {عوسمـانی کـوڕی عـەفان بـەلایماڵی(جیبیلـەی کـوڕی عـەمری سـاعیدی)دا تێپـەڕی و جیبیلـە وتـی بـە عوسمـان: ئـەی (نعثـل)[٣١] سـوێند بـە خواوەنـد هـەر دەتکوژمو لەسەر حەسـیرە شـڕەیەك هەڵتـدەگرمو دەتخەمـە نـاو ئـاگرەوە} تـأريخ الرسل والملوك – بەرگی(٤)لاپەڕە(٣٦٥).

– {ئـیبن شـەیبە لەڕێگـەی عەبـدولڕەحمانی کـوڕی ئەزهـەرەوەو لەهەواڵـەکانی مەدینەدا دەگێڕێتەوە، کاتێك ویستیان عوسمانی کوڕی عەفان بنێژن، بردیان بەرەو گۆڕستانی بەقیع و(جیبیلەی کوڕی عەمری ساعدی)ڕێگەی لێگرتنو نەیهێشت لـەوێ بینێژن، بۆیە بە ناچاری بردیان بۆ جێگەیەك کە پێیان دەوت(حـش کوکـب)و لـەوێ ئەسپەردەی خاکیـان کـرد، ئەمـە لەکاتێکدایەکـە ئەم(جیبیلـەی سـاعدی)ە یەکێکـە لەبەشدارانی جەنگی ئوحد} کتێبی(الإصابة) بەرگی(١)لاپەڕە(٢٢٣).

ئەمە نمونەیەکە لەڕوبەڕو بونەوەو بەیەکدا هەڵشـاخانانەی کـە مێـژو زۆرێـك لـەم بابەتانەی تێدایە لەنێوان هاوەڵاندا ڕوی داوەو لەبەردەم پێغەمبەرداو بە دیار چـاوی ئەوەوە هێرشیان کردوەتە سەریەکو قسەی نابەجێیان دژبەیەك بەکارهێناوە.

---

[٣١] نەعسەل(نعثل)ناوی پیاوێکی خەڵکی میسر بوە کە ڕیشێکی درێژی هەبوە، وتراوە ئەو پیاوە شێوەی دەچێتەوە سـەر عوسمـانی کوڕی عەفان، نەیارانو ناحەزانی عوسمان ئەم ناوەیان وەك سوکایەتیەك دژ بە عوسمان بەکار دەهێنا.

دەشوترێت گوایا عائشەش وتویەتی: نەعسەل بکوژن چونکە کوفری کردوە، بەڵام ئێمـە ئـەم قسـەیە بـە دور دەزانـین چـونکە ژیـریو عەقڵ پەسەندی ناکات، لەکاتێکدا کە هەموان یەکدەنگین لـەبارەی ئـەوەوە کـە عائشـە سـەرکردایەتی جـەنگی(جمل)ی کـردوە تـەنها لەبەرئەوەی تۆڵە لەبکوژانی عوسمان بکاتەوە، ئەم دوو هەڵوێستە دژ بەیەکە و ناکرێت باوەڕ بە یەکەم بکرێت.

خۆ ئەگەر ناکۆکیەکەشیان لەسەر دەسەڵاتو خەلافەت بوبێت ئەوا زیاتر تینی سەندوەو شمشێریان لەیەکتر هەڵکێشاوەو یەکتریان تیرباران کردوەو وەك بارانی بەهار کەلەسەریان لەنێوانیاندا خستوە.

لەم بارەیەوە تەنها ئاماژە بە هەردوو جەنگی(جمل، صفین)دەکەین کە تا ئێستاش ئومەی موحەمەدی بەدەست دەرهاویشتەکانیانەوە دەناڵێتو گیرۆدەی دەستی ئاکامەکانی ئەو دو جەنگەیە.

ئەم دو جەنگ و ڕوبەڕو بونەوەیە، هەردوکیان لەساڵی(٣٦)ی کۆچیدا ڕویان داوەو تەنها حەوت مانگ لەنێوانیاندا بوە.

{تێك هەڵپڕانو کوشتار لەجەنگی(جمل)دا لەمانگی(جمادالآخر) لەڕۆژی پێنج شەمەیەکدا بەرپا بو، تەنها ڕۆژێكو چەند کاتژمێرێکی خایاند} . لەم بارەیەوە سەیری کتێبی(تأريخ الرسل والملوك)ی(تەبەری)بەرگی(٤)لاپەڕە(٥١٤) بکە.

{لەم جەنگەداو لەو ڕۆژو نیوەدا پانزە هەزار کوژراوی لێکەوتەوە کە دەهەزاریان خەڵکی بەسرەو پێنج هەزاریان خەڵکی کوفە بون، ئەمە بێجگە لەبریندارو پەککەوتو، لەناو ئەم کوژراوو بریندارانەشدا حەفتا شێخو گەورە پیاو هەبون کە هەمویان قورئان خوێن بون} . سەیری لاپەڕە(٥٣٩)ی هەمان سەرچاوە بکە.

وەك لەمێژودا هاتوە: {سوپای عەلی بیست هەزار چەکدارو، سوپای عائشەش سی هەزار چەکدار بوە} . هەمان سەرچاوە لاپەڕە(٥٠٥).

کوشتارو جەنگی(صفين)یش لەمانگی(ذیالحجة)دا ڕویداوە، بەڵام لەم جەنگەدا ئەوەی کە تێبینی دەکرێت هەڵپڕانو شەڕی دەستەویەخە لەنێوان سوپاکاندا ڕوی نەداوە، بەڵکو جەنگی مەیدانبازی و(مبارزات)و پەلاماردانی یەکترو بەڕوو وەستانەوەی تاکەکەسی ڕویداوەو لەگەڵ ئەم چەشنە ڕوبەڕوبونەوانەشدا، گفتوگۆو دانوستانیش بەدرێژایی مانگی(ذي الحجة)لەنێوان هەردوو سوپاکەدا بەردەوام بوە، تا لەئاکامدا وەك باوەو زانراوە بە پابەندبونی هەروولا بە ناو بژیوانی(تحکیم)کۆتایی هاتوە.

ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە لـەهیچ سەرچـاوەیەکی مێژویـدا کـەس باسـی کـوژراوو برینــدارەکانی ئــەم جەنگــەی نــەکردوە، وەك چــۆن (تەبــەری) باســی کــوژراوو بریندارەکانی جەنگی(جمل)ی کردوە.

تاکە باسێك لەم بارەیەوە تەنها ئەوەیە کە تەبەری، سوپاکەی عـەلی بـە بیسـتو چـوار هەزار جەنگاوەر مەزندە دەکات. سەیری مێژوی (تەبەری) بەرگی(٤) لاپەڕە (٥٦٥)بکە.

هەروەها چەند ئاماژەیەکیش هەیە لەبارەی سوپای شـامەوە، گوایـا لەسـوپاکەی عەلی زۆرتر بوە، هەروەها چەند بڕگەیـەك کـە بـەڕونی بـاس لـەوە دەکـەن کـە یـەك مانگی تەواو ڕوبـەڕو بونـەوە تاکـە کەسـیەکان(مبارزات الفردیـە)و ڕوبـەڕو بونـەوەی یەکتر لەگروپی بچوکدا بەردەوام بوە.

(تەبەری)لەلاپـەڕەی(٥٧٤)ی مێژوەکەیـدا دەڵێـت: {عـەلی فـەرمانی بـە یـەکێك لەکەسایەتیە دیارو خاوەن بنەماڵە بەناوبانگەکانی ناو سوپاکەی دەکرد کە بـەخۆی وکۆمـەڵێك جـەنگاوەرەوە بچـنە گۆڕەپـانی جەنگـەوەو لەبەرانبەریشـەوە لەسـوپای موعاویەوە کۆمەڵێك دەهاتنـە گۆڕەپـانی جەنگـەوە، بـە سـوارو پیـادەوە ڕوبـەڕوی یەکدەبونـەوەو دەسـتیان لەیـەکتر دەوەشـاندو دواتـر هـەردولا دەگەڕانـەوە بـۆ نـاو سوپاکەی خۆیان، هەردولا پێیان ناخۆش بو کە هـەردو سـوپاکە لەخـەڵکی عێـراقو شام پێك هاتبون بەریبنە یـەکتر، چـونکە هـەردولا مەترسـی لەناوچـونو بنبڕکردنـی سوپاکانیان هەبو.

عەلی بەمەبەستی ڕوبەڕو بونەوەو مەیـدانبازی: جارێك ئەشـتەرو جارێـك حیجـری کوڕی عەدیو جارێك شەعسی کوڕی ڕەبعیو جارێـك خالیـدی کـوڕی عـەمرو جارێـك زیـادی کـوڕی نـەزری حارسـیو جارێـك زیـادی کـوڕی خەسـفەی تـەمیمیو جارێـك سەعیدی کوڕی قەیسو جارێك مەعقەلی کوڕی قەیسی ریاحیو جارێك قەیسی کوڕی سەعدو زۆربەی جارەکانیش ئەشتەری دەنارده گۆڕەپانی جەنگەکەوە.

بەهەمان شێوە موعاویەش بۆ وەستانەوە بەڕوی بەرانبەرەکاندا: عەبدوڕڕەحمانی کوڕی خالیدی مەخزومیو ئەبو ئەلئەعوەری سەلیو جارێك حەبی کوڕی موسلمەی فەهەریو جارێك ئیبنو زی کلاعی حومەیریو جارێك عەبدوالله ی کوڕی عومەری کوڕی خەتابو جارێك شەرحەبیلی کوڕی سەمتی کەندیو جارێك حەمزەی کوڕی مالیکی هەمەزانی، دەنارده گۆڕەپانی جەنگەکەوە.

بەدرێژایی مانگی(ذي الحجة)ئەم ڕەوشە بەردەوام بو، بەشێوەیەك کە دەگونجا تەنها لەڕۆژێکدا دوجار واتە: بەیانیانو ئێواران ڕوبەڕوبونەوە ڕوبدات.

کە مانگی(ذي الحجة)تەواو بوو خەڵك کەوتە نێوانیانەوە.

داوای لێکردن واز لەیەکترکوشتن بهێنن، چونکە مانگی(محّرم)بەڕێوەیەو لەو مانگەدا جەنگو کوشتار ناکرێتو بەڵکو ڕێگەچارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ سازان و بەیەك گەشتنو ئاشتەوایی}.

بزانین کوژراوانی جەنگی(صفين)چەند بون یاخود نەزانین، هەروەها ژمارەی کوژراوەکانی جەنگی(جمل)ڕاست بێت یاخود نا، بۆ ئێمە هیچ جیاوازی نیە، بەڵکو ئەوەی کە پێویستە لێی دڵنیا بین ئەوەیە کە ئەم دو جەنگە بە هەموو پێوەرەکان دو جەنگی خوێناویو مەترسیدارو ماڵوێرانکەرتر بون لەوەی کە هەوڵی جوانکاریو چاوپۆشی لێکردن وتێپەڕاندی هەڵەکانیان بدەین.

ئەگەر لەڕوی ڕێژەو پێوەری دانیشتوانی ناوچەکانو بەپێی پێوەرەکانی ئەم سەردەمەش لێکی بدەینەوە، ئەوا کوژراوانی ئەم دوو جەنگە لەکوژراوانی هەردو کارەساتی(هێرۆ شیماو ناکازاکی)زیاترن.

لەڕویەکی تریشەوە ئەگەر ئەم دوو جەنگەو دەرهاویشتەکانیان بەراورد بکەین بە کوژراوانی جەنگەکانی سەردەمی پێغەمبەر کە لەچەند سەد کەسێك تێناپەڕێت، ئەوا تێدەگەین کە پێغەمبەر(د.خ)لەهەمو جەنگو ڕوبەڕو بونەکانی سەردەمەکەیدا

تەنها مەبەستی ئەوەبوە کە هەوڵی لەخۆگرتنی نەیارەکانی بداتو بەلای ئاشتەوایدا ڕایان بکێشێت، بەڵام لەجەنگی(جمل)دا هەریەك لەدوو لایەنەکەی جەنگەکە هەوڵی پایەماڵ کردنو ڕیشەکێش کردنی لایەنەکەی بەرانبەری دەدا، بەم شێوەیە بیری ڕیشەکێش کردن پەرەی سەند لەناو بیری سیاسی ئیسلامیدا، لەڕاستیدا ئەم تەوژمە لەیەکەم ڕۆژی پاش کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە سەری هەڵداو خۆی لەڕوداوەکانی کە پڕەکەی بەنی ساعیدەدا نواند کە لەو هەلو مەرجەدا بە تەواوەتی پیشتیوانەکان(الأنصار)لەژیانی سیاسی دور خرانەوەو تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ئەو ڕەوشە لەهەڵکشاندایەو هەر بەردەوامە.

لەپێوەرە عەقائیدیەکاندا جەنگی(جمل)توانی ئومەی موحەمەدی لەڕوی دەستەگەریەوە، دابەش بکات بە سەر دوو بەرەی جیاوازداو دەکرێت بڵێین: جەنگی(صفين)یش ئەم دوبەرەکیەی زیاتر چەسپاند، یاخود بە واتایەکی تر دەکرێت بڵێین: ئەم دابەش بونە دوەم هۆکاری هەڵگیرسانو بەرپابونی جەنگی(صفين)بو، کە جەنگی(صفين)دوەم هەڵگەڕانەوە بەڕوی فەرمانڕەواو، دوەم دەرچونی بە کۆمەڵی لەفەرمانەکانی حاکمی باوەڕداران بەرهەم هێنا.

یەکەم هەڵگەڕانەوەو لەفەرمان دەرچونیش بریتی بوو لەو هەڵگەڕانەوەو لەفەرمان دەرچونەی کە لەبەرانبەر عوسمانی کوڕی عەفانەوە ئەنجام درا، بەڵام هۆکاری یەکەم بۆ هەڵگیرسانی جەنگەکە بریتی بو لە ناکۆکی لەسەر دەسەڵاتو خەلافەت کە ناکۆکیەکی سیاسی ئاشکرا بو.

(تەبەری)ش لەکتێبی مێژوەکەیداو لەژێرناونیشانی(خبر موقعة الجمل)و لەلاپەڕە(٥٠٨)بەدواوە باس لەو جەنگە دەکاتو دەڵێت: {پاش ئەوەی هەردولا ڕێك کەوتن کە جەنگەکە ڕابگرن، عەلی بەسواری ئەسپەکەیەوە چوە گۆڕەپانەکەوەو زوبەیری بانگ کرد، زوبەیر هاتو بەرانبەری یەك وەستان، عەلی ڕوی کردە زوبەیرو پێی وت: چی پاڵی پێوە نایت بێیتە ئەم گۆڕەپانەوە..؟ زوبەیر وتی: تۆ، چونکە

من تۆ باشایستەی ئەم کارە نازانمو هیچت لەئێمە زیاتر نیە، دواتر عەلی وتی بە زوبەیر: ئایا داوای خوێنی عوسمان لەمن دەکەیت لەکاتێکدا خۆت کوشتوتە..؟ خوا خراپ بۆ ئەو کەسە بکات کە توندوتیژە، ئایا تۆ پەیمان و(بیعە)ت بە من نەداوە..؟ زوبەیر وتی: پەیمانو (بیعە)م پێداویتو بەناچاری لەگەردنمدایە} هەروەها لەلاپەڕە(٥٧٣)ی مێژوەکەیدا دەڵێت:{... دواتر عەلی، بەشیری کوڕی عەمری کوڕی موحسەنی ئەنساریو سەعیدی کوڕی قەیسی هەمەزانیو شەبەتی کوڕی ڕەبعی تەمیمی بانگ کردنو پێی وتن: بڕۆن بۆلای ئەو پیاوە(واتە موعاویە)وداوای لێبکەن ڕو بکاتە خواوەندو داوای گوێڕایەڵیو پابەندبونی بە کۆمەڵی باوەڕدارانەوە لێبکەن، بزانن ڕاو سەرنجی لەوبارەیەوە چیە(ئەم کارەش لەسەرەتای مانگی ذی الحجة دا بوە)ئەم چەند کەسە چون بۆلای موعاویەو چونە ژورەوە بۆلای، سەرەتا بەشیری کوڕی عەمر کوڕی موحەسەنی ئەنساری قسەی کردو لەدەسپێکدا سوپاسو ستایشی خواوەندی کردوو، وتی: ئەی موعاویە، وا خەریکە دونیات لێ ئاوا دەبێتو دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو دونیا، دڵنیابە خواوەندیش لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکات لەبارەی کردەوەکانتەوەو پاداشتو تۆڵەش دەکاتەوە لەسەر ئەوکارانەی کە لەسەردەستی تۆدا ئەنجام دراون، بۆیە من لێرەوە داوات لێدەکەم لەبەرخاتری خواوەند ئاگات لەوە بێت نەکەی کۆمەڵی باوەڕداران پەرشو بڵاو بکەیتو ببیتە هۆکار تا لەناو خۆیاندا خوێنی یەکتر بڕێژن، لێرەدا موعاویە قسەکانی پێ بڕیو وتی: ئایا نەدەکرا ئامۆژگاری هاوڕێکەی خۆت(واتە عەلی)بکەیت بەم ئامۆژگاریانە کە بەمنیان دەڵێیت، ئایا دەکرێت بەدەم داواکاریەکەیەوەبێین کە داوای گوێڕایەڵیو پابەندبون بە کۆمەڵمان لێدەکاتو واز لەخوێنی عوسمان بهێنین..؟ سوێند بەخواوەند هەرگیز ئەو کارە ناکەم، بۆیە خێرا، سەبتی کوڕێ ڕەبعی هەڵی دایەو سوپاسو ستایشی خواوەندی کردو وتی ئەی موعاویە: من لەو پەیامە تێگەیشتم کە لەقسەکانی ئیبن موحەسەندا خۆی حەشاردابوو کە بە تۆی گەیاند، هەر دولاشمان دەزانین بۆچی شەڕ دەکەینو تۆش دەزانیت خۆت داوای چی دەکەیت، تۆ هیچت

بەدەستەوە نیە تا خەڵکی پێ هان بدەیتو لەبەرژەوەندی خۆتا بەکاریان بهێنیتو وایان لێ بکەیت گوێڕایەڵت بن، بۆیە پەنا دەبەیتە بەر ئەوەی کە پێیان بڵێیت: پێشەواکەتان بەستەم لێکراوی کوژراوەو ئێمەش داوای خوێنەکەی لەبکوژانی دەکەین...}.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کە دەسمان داوەتێ بە وردی تێدەگەینو دەزانین کە(حرب)جیایە لە(قتال)و هەروەها دەزانین کە(قتال)یش جیایە لەجیهادو تێکۆشان، بۆیە دەڵێین: (حرب)ی قورسو گران لەڕۆژی(سقیفە)و کەپرەکەی بەنی ساعیدەدا بەرپابو، هەرچەندە(قتال)ی لێ نەکەوتەوە، بەڵام ئەم جەنگە بەوەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەبوبەکرەوەو خستنە پەراوێزی ئەنسارەکانی لەڕوی سیاسیەوە لێکەوتەوە..؟ بەڵکو ئاگری ئەم جەنگە بوو بە ژیلەمۆو ڕۆژی جەنگی(جمل)ئەو ژیلەمۆیە گەشایەوە، جارێکی تریش ئەو جەنگە بە کۆتایی هاتنی جەنگی(جمل)و دوکەرت بونی ئومەی موحەمەدیەوە بۆ دوبەش کۆتایی نەهات، بەڵکو جارێکی تر ئەو زامە بە هەوکردویی لەجەنگی (صفین)دا سەری هەڵدایەوە، بەوهۆیەشەوە لقێکی تازەی لەئومەی موحەمەدی بەرهەمهێنا، کە ئەوانیش بریتی بون لە(خوارج) دواتر هەر بەم هۆیەوە ئومەی موحەمەدی بەش بەش بون بۆ سوفیانیو مەروانیو زوبەیریو تالیبیو عەباسی، هەریەك لەم بەشانە پێشەواو ڕابەری فیقهیو کەلەپورو بیروباوەڕی تایبەت بە خۆیان هەبو، هەریەك لەم بەشانە وای دەزانی خۆی دەستەی سەرفرازو ئەهلی بەهەشتەو غەیری خۆشی بە سەر لێشێواو و جەهەننەمی دادەنا.

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، جەنگی ناو کەپرەکەی بەنی ساعیدە بەردەوام ئامادەیی هەبو، بەیناو بەین وەك ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش لەڕوداوەکاندا سەری هەڵدەدایەوەو خۆی دەنواندەوە، تا ئەمڕۆش ئیسلامی سیاسی لەسەر بناغەی ڕیشەکێش کردنی بەرانبەر کار دەکەن.[٣٢]

---

[٣٢] نوسەر لەم کتێبەو تەواوی کتێبەکانیدا بەداخەوە ئەم دەستەواژە گشتگیرانەی بەکار هێناوەو جیاوازی نەکردووە لەنێوان تەوژمو تەڤگەرە ئیسلامیەکاندا، باش وابولانی کەم وشەی (هەندێك)ی بەکار بهێنایە، هەم ئامانجەکەی خۆی دەپێکاو هەمیش مافی کەسانی تری نەدەخوارد (وەرگێڕ).

زهنیـەتو هەسـتو خواسـتی ڕیشـەكێش كـردنو لـەناوبردنی بەرانبـەر، سـەری كێشاوەتە ناو ڕۆشنبیریو كەلتورمانەوە،كار بەرادەیـەك گەشـتوە، هەركـەس كـاری سیاسـی بكـات ئـەم تێڕوانینـە چـەوتە پـەیڕەو دەكـاتو تەنانـەت كۆمونیسـتە سیاسیەكانیش لەمبارەیەوە هاوڕان لەگەڵمانداو ئەوانیش هەروا بیردەكەنەوە، تاوای لێهاتوە وەك دوو ڕوی یەك دراو دەركەون.

موسـلم لـە سـەحیحەكەیدا لەئـەبو هـورەیرەوە دەگێڕێتەوە(ئەگەڕپشـت ڕاسـت ببێتەوە)كە پێغەمبەر وتویەتی: ئومەتەكەم دێـن بـۆلام بـۆ سـەر حـەوزی كەوسـەر، منیش هەوڵدەدەم خەڵكی تر كە دێنە سەر حەوزەكـە لابـدەم تـا ئومەتەكـەی خـۆم بێنە سەر حەوزەكە، وتیان: ئەی پێغەمبـەری خـوا دەمانناسـیتەوە..؟ وتـی: ئێـوە سەرو سیمایەكی تایبەتتان هەیە بـەوەدا دەتـان ناسمـەوە، بـە دەموچاوێكی سـپی درەوشـاوەوە بـەرەو ڕوم دێـن كـە لـەئاكامی ئـاوی دەسـتنوێژەكانتانەوە ئـەو درەوشاوەییەتان دەست خستوە، ڕێگـە لەدەسـتەیەك لـەئێوە دەگیرێـتو نـاهێڵن بگەنە لای من، منیش دەڵێم: ئەی پەروەردگارم ئەوانە لەهاوەڵانی منن، فریشتەیەك وەڵامم دەداتەوەو دەڵێت: ئایا تۆ دەزانی دوای خۆت ئەمانە چیان كردوە..؟.

بە مەبەستەوە درێژەمان دا بە باسـی ئـەو بـە سـەرهاتو ڕوداوانـەی كـە لـەنێوان هاوەڵانداو لەسەردەمی پێغەمبەرایەتیو دواتردا سـەریان هەڵـدەدا، لەنێوانیانـدا كـە ئەو ڕوداوو ڕا جیاوازیەی نێوانیان سەری دەكێشا بۆ ڕەخنـەی تونـدو قسـە وتـن بـە یـەكترو تـەكفیر كردنـی یـەكتر كـە دواتـر كوشتاریشـی بـە دوای خۆیـدا دەهێنـاو شمشێریان لەیەكتر هەڵدەكێشا، هەریەكە لەم بەڕێزانە خۆی بە یەكێك لەوانە دادەنا كـە دەچـنە سـەر ئـەو حـەوزەی كـە لەگێڕانەوەكـەی موسـلمدا هـاتبو، ئـەوانی تـرو بەرانبەرەكانی بە یەكێك لەوانە دادەنا كە بەریان پێدەگیرێتو ڕێگەیان پـێ نادرێـت بچنە خزمەت پێغەمبەرو سەر حەوزەكـەی بـەردەمی، تـا وایـان لێهـاتبو وەك بڵێـی: ئەم ئایەتە باسی ئەوان بكات ﴿كل حـِزْبٍ بِمَـا لَـدَيْهِمْ فَرِحُـونَ﴾ الروم. ٣٢. ﴿وَكَـانُوا شِـيَعًا فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ المؤمنون/٥٣.

بۆیە درێژەماندایە، تا سەرەڕای ئەمەی کە گوزەرا، ڕاست بن یاخود نا، گرنگ نیە بەلامانەوە، بەڵگو گرنگ ئەوەیە لەڕوانگەی ئەم ڕوداوانەوە تێبگەین کە هەریەك لەهاوەڵان بەچاوپۆشی لەوەی کە ئایا لەسەر حەق بوبن یاخود نا، خاوەن ژیری و ڕاو سەرنجو هەڵوێستی تایبەت بە خۆیان بون، بەڵام دەبینین شوێن کەوتوانی هاوەڵان و شوێن کەوتوانی ئەوانیش دواتر(التابعون وتابعوهم)نەژیریی خۆیان بەکار هێناوەو نە خاوەنی ڕاو سەرنجو نە خاوەنی هەڵوێستی تایبەت بە خۆیانیش بون، پێویستە بزانین ئەگەر ژیری و فام ڕۆڵی نەبو، یاخود لەکارخرا ئەوا ڕاستەوخۆ خەیاڵو ئەفسانەو واهیمەو خەیاڵ پلاو باڵ ئەکێشێت بەسەر ژیاندا، لێرەوەیەکە:
ئەمڕۆ ئێمە خۆمان لەبەردەم کۆمەڵێك هەواڵی دەم هەڵبەسو گێڕانەوەی سەیرو سەمەردا دەبینینەوە کە کتێبەکانی سیرەو ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)جمەیان دێت لەم چەشنە باسو گێڕانەوانە، لەو گێڕانەوە دەسهەڵبەسانەو موعجزە ئەفسانەییانەی کە دەدرێنە پاڵ پێغەمبەر: گوایا پێغەمبەر پەڵە هەورێکی لەگەڵدا بوە بۆ هەرلایەك ڕۆیشتبێت ئەو پەڵە هەورە بەسەر سەریەوە بوەو لەگەڵیدا گەڕاوە، یاخود گوایا مۆری پێغەمبەرایەتی بەناو شانیەوە بوەو وەك سێوێك وابوە هەرکەس بینیبێتی ناسیویەتیەوە، یاخود پەلە دارخورماکان کە هەر بەدەست لێدانیان لەلایەن پێغەمبەرەوە بون بە شمشێر، یاخود ئەو چاوە هەڵکوڵراوانەو ئەو دەستە بڕاوانەو ئەو شانە لەجێ دەرچوانەی کە بەتفی پێغەمبەر گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیانو، وەك خۆیانیان لێ هاتوەتەوەو چاکتریش لەجاران کاریان کردوە.

بێگومان لەگەڵ نەبونی ڕاو ڕای جیاوازو سەرەکۆنەکردنی هەڵوێستەکانو وەلاخستنیانو لەدایك بونو سەرهەڵدانی چەند نەوەیەك لەشوێن کەوتوانی هاوەڵان، کە خۆ بەکەم زانینو چۆکدادانیان بەشیرەوە خواردوەو بەناوی

تەسـەوفەوە لەسـەر ئـەو ڕەوشـە گۆشـكرا بـوبن، بێگومـان پشـت ساردبوونەوەو نائومێـدیو چـاولێگەری كوێرانـە بـاڵ دەكێشـن بەسـەر ژیانـداو بیركردنـەوەو خستنەگەڕی مێشكو سەرنج دان لەپەڕاوی خواوەند كە بۆ ئێمەی ناردوە پاشەكشـە دەكـەنو دەسـتەواژەكانی وەك(قـال زیـد)و(روي عـن عمـر)هـەژمون پەیـدا دەكـەن بەسەر عەقڵو بیكردنەوەی خەڵكدا، لێرەوە بـو ئـەو خەڵكـەی كـە دەسـتیان دایـە نوسینەوەی(مسـانید و صـحاح)و كتێبـەكانی فـەرمودە، خۆیـان لەبـەردەم هـەزاران گێڕانـەوەدا دەبینیـەوە كـە هـەمویان دراونەتـەپاڵ پێغەمبـەر، لەكاتێكـدا ژێـری ڕێگەمان پێنادات هەمویان بەڕاست بزانین[٣٣] چـونكە ئەگـەر نـەڵێین هـەمویان، ئـەوا بەدڵنیاییـەوە زۆربـەی زۆریـان لەسـەردەمی شـوێن كـەوتوان(التابعین)و سـەردەمی ئەمەویدا، دانراون.

---

[٣٣] ئەگەر وا دابنێین لەتەمەنی چڵ ساڵی پێغەمبەردا نیگا لەئاسمانەوە دەستی بە دابەزین كردبێت بۆ سـەر پێغەمبـەر(د.خ) وەكـۆی ئـەو تەمـەنی پێغەمبەرایەتیـەی كـە لەشـارەكانی مەكـەو مەدینـە بەسـەری بـردوە لـە(٢٣) سـاڵ تێناپـەڕیت، كەواتـە كـۆی سـەعاتو كاتژمێرەكانی ڕۆژەكانی تەمەنی پێغەمبەرایەتی ئەم زاتـە بریتیـە لـە(١٠٠٧٤٠) كاتـژمێر كـە هـەمو وتـارو كاروبـارە ڕۆژانـەكانی لـەخۆ دەگرێت چ وەك پیاوێك كە بە ژیانی ئاسایی، ژیانی خۆی گوزەراندبێت، یاخود وەك پەیامهێنەرێك كە ئـەركی گەیانـدنی ئـەو پەیامـەی لەئەسـتۆدا بـوە كـە وەك ڕاسـپاردەیەك لەگەردنیـدا بـوەو پێویسـت بـوە لەسـەری بـەجوانترین شـێوە بیگەیـەنێت بـە خـەڵك، چ وەك پێغەمبەرێك(نبی)كە پێشەوای هاوەڵـەكانی بـوەو پێویسـت بـوە لەسـەری نەخشـەی ژیـانو ڕێگـە ڕاسـتەكانیان بـۆ ڕون بكاتـەوە. بـە بەراوردولێكدانەوەیەكی خێرا بۆمان ڕون دەبێتەوە كە پێغەمبەر(د.خ)بەو پێیەی كە لەكتێبەكانـدا هـاتوە لـەژیانی خۆیـدا وەك(نبـی)و پێغەمبەرێك(واتە لەماوەی(٣٠.٠٠٠)سی هـەزار سـەعاتدا)(٧٥٠.٠٠٠)حـەوت سـەدو پـەنجا هـەزار دانـە فـەرمودەی فـەرموە كـە پێشـەوا ئەحمەد هەزار دانە لەو فەرمودانەی هەڵبژاردوەو لەمەسنەدەكەیدا هێناونی، كە بەشێوەیەكی گشتی دەكاتە(٣) سێ فـەرمودە لەهـەر سەعاتێكدا، ئەمەش ئەستەمەو عەقڵ پەسەندی ناكات. بەڵام(ثوابت)و نەگۆڕەكانی كـە بـریتین لـە (ڕاسـپاردەكانو قەدەغـەكراوەكان) كە لەدابەزێنراوی بەجێدا دەستنیشانكراونو هاتون، دروشمو ڕێو ڕەسمە ئاینیەكانیش هیچ پێویسـتیان بـە فـەرمودەو گێڕانـەوە نیـە چونكە بە پشت ڕاستكردنەوەی كرداری(التواتر الفعلی)پێمان گەشتوونو (پێغەمبەر لەماوەی ئەو چەند ساڵەی تەمەنیدا بە دیار چاوی ئەو هەمو خەڵكەوە ئەنجامی داونو وەك خۆی پێمان گەشتون)و گوێڕایەڵی كردنی پێغەمبەریش چ لەژیانیـداو چ پـاش مردنیشـی لـەم بوارەدا ئەركی یەك بەیەكی باوەڕداران‌و شوێن كەوتوانیەتیو پێویست بە كتێبەكانی فەرمودە ناكات پێمان بڵێن.
بەڵام فەرمانو ڕێگیری لێكردنەكانی(پێغەمبەر د.خ) كە لەدەرەوەی پەڕاوی خواوەندەوەن ئەوا پەیوەندیان بـەكاتو شـوێنەوە هەیـەو بەردەوام گۆڕانیان بەسەردا دێت، وەك لەبەركردنی ئاوریشمو ئاڵتون بۆ پیاوان، ئەم بابەتانە(ڕاست بن یاخودنا)پەیوەندیان بە ڕێمـایی هەتاهەتاییو گشتیەوە نیە.

ئەگــەر ڕاســتیش بــن ئــەوا عــەقڵو ژیــری ڕێگــەمان پێنــادەن شــوێنكەوتنو پابەندبونیان بە ئەركی سەرشانی خۆمان بزانین، چونكە ئـەم گێڕانەوانـە تیایاندایـە كـە هـەر لەبناغـەوە حـوكمو فـەرمانێكی شـەرعی لـەخۆناگرێت، ئەمـە لەلایەكـەوە، لەلایەكی تریشەوە ئێمە فـەرمانمان پێكـراوە گوێڕایـەڵیو پابەنـدبونی فەرمانـەكانی پەیامهێنەر بین تەنها وەك(رسول)واتە: پەیامهێنەرو خاوەن پەیام.

لەسەرێكی تریشەوە پابەندبون بـەو هـەمو كۆتو بەنـدەوە كـە لـەو گێڕانەوانـەدا هاتون ئەركێكی قـورسو گرانـەو لەخولگـەی ئـەو ئایەتـە دەردەچـێت كـە خواوەنـد دەفەرموێت: ﴿...يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ البقرة/١٨٥.

واتە: خواوەند ئاسانكاری دەوێت بۆتانو نایـەوێت ژیانتـان لەسـەر قـورسو گران بكات.

پێشتر وتمان كە ڕێگیری لێكردن (النهي)یەكێكە لەو دو تەوەرەیەی كـە دوەمیـان بریتیـە لەفـەرمانكردن (الأمـر)پـەیامی ئاسمـانیش بـە دەوری ئـەم دو تەوەرەیـەدا دەسـوڕێتەوە، نافـەرمانیو گوناهـە گـەورەكان(الكبائر)یش لەدابـەزێنراوی بەجێـدا بەشێكن لەڕێگەلێگراوەكانو لەچوارچێوەی قەدەغەكراوەكاندان.

پێشــتریش قســەمان لەســەر جیاوازیــەكانی نێــوان هەریــەك لەڕێگــە لێگیراوەكان(النهي)و قەدەغەكراوەكان(المحرّمات) كردو، ڕونمان كردەوە كـە یەكـەم جیاوازیان ئەوەیە كە: (نهي) پەیوندی بە هەڵو مەرجێكی دیاریكراوەوە هەیەو مرۆڤ بەلێكۆڵینەوەی خۆی هەوڵی گوێڕایەڵی لێكردنی یاخود سەرپێچی لێكردنی ئەو ڕێگە لێگیراوانە دەدات، بەڵام قەدەغەكردنو حـەرام كردن(تحريم)داگرنـدەی هـەمو كـاتو ساتێكو هەتا هەتایشە.

دوەم جیاوازیش بریتیە لەوەی کە نافەرمانیو تاوانە گەورەکان (الکبائر)دەگونجێت بەهۆی دابو نەریتی باو لەکۆمەڵگاکاندا بگۆڕێنو زیادو کەم بکەن بۆنمونە: ئەگەر سەرپێچی یاساکانی تایبەت بە بواری هاتوچۆ پەرەی سەندو بەو هۆیەوە ڕوداو و کارەساتی گەورە زۆر بونو مەرگەساتیان لێکەوتەوە، ئەو دەم دەگونجێت سەرپێچی کردن لەیاساکانی هاتوچۆ بە یەکێك لەنافەرمانیو تاوانە گەورەکان(الکبائر)دابنرێتو لەخوار سێدارەدانەوە قورسترین سزای بۆ دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی ئاسایشو ژیانی هاولاَتیان پارێزراو بن.

بەلاَم قەدەغەکراوەکان(المحرّمات زیادو کەم ناکەنو ملکەچی گۆڕانکاریو پێشهاتەکانی هیچ هەلو مەرجو زەمینو زەمانێك نابن، بۆ نمونە: کوشتنی نەفسێك بەناحەق، مارەکردنی دایك یاخود خوشك، لەسەدەی حەوتەمی زاینیەوە حەرامەو هەر بە حەرامیش دەمێنێتەوە تا سەدەی بیستو یەكو سەدەی چلو هەتا هەتایە، هەروەها وەك چۆن لەشاری مەکەدا حەرام بوو، بەهەمان شێوە لەشاری لەندەنو دیمەشقو هەموو شوێنەکانو هەر چەشنە دابو نەریتێك زاڵو باو بێت بەسەر کۆمەڵگەکانیاندا هەر بە حەرامی دەمێنێتەوە.

سەرژمێری قەدەغەکراو(محرّمات)ەکانمان لەدابەزێنراوی بەجێدا کردوەو بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوتوە کە بریتین لە:

١. هاوەڵو هاوتا بڕیاردان بۆ خواوەند(الشرك بالله).

٢. خراپ ڕەفتارکردن لەگەڵ دایكو باوکدا.

٣. کوشتنی منداڵ لەترسی هەژاریدا.

٤. نزیك کەوتنەوە لەکارەناپەسەندەکان(الفواحش)کە بریتین لەزیناو نێربازیو هاوڕەگەز بازی نێوان مێینەکان.

٥. کوشتنی نەفسێك بەناحەق.

٦. خواردنی ماڵی کەسی بێ باوك(اليتيم).

٧. نابەرابەری کردن لەکێشانەو پێوانەدا.

٨. ناحەقی وتن لەگەواهیداندا بە ستەمکردن.

٩. پەیمان شکێنی، ئەمە جیایە لەشکاندنی سوێند کە خواوەند مۆڵەتی داوین لەو حاڵەتەدا کەفارەتی بۆ بدەین، بۆ نمونە: سوێند خواردنی پزیشك سوێندێکی پیشەییەو بریتیە لەپەیمانێك بە خواوەندی دەدات بۆ دڵسۆزیو پابەندی نواندن بە شەرەفی پیشەکەیەوەو بۆ ڕەفتار لەگەڵ نەخۆشەکانیدا ئەگەر هاتو سنوری بەزاندو ئەو پەیمانەی پێشێل کرد ئەوا بە(٣)ڕۆژ ڕۆژو یاخود نانداني(١٠)هەژار پاك نابێتەوە لەو تاوانەو کەفارەتی ئەو پەیمان شکێنیەی ناکات.

پێویستە ئاگامان لەوەبێت کە لەناو کلتوری باوی ناو ئێمەدا ئەم دوو بوارە واتە: (پەیمانو سوێند)تێکەڵ بەیەك کراونو دەبێت وریا بین لەجیاکردنەوەیاندا.

ئەم نۆ خاڵو نۆبەندە بریتین لەڕێگە ڕاستەکە(**الصراط المستقيم**) هەروەها بریتین لە(الفرقان)و جیاکەرەوەکان، یاخود پێیان دەوترێت دە ئامۆژگاریەکە(الوصايا العشر) پەیڕەویی کردن لەم خاڵو بەندانەش یەکەم ئامۆژگاریو ڕاسپەردە بووە لای موسا پێغەمبەر، بەبەڵگەی فەرمودەی خواوەند کە موسا دەفەرموێت(إتبع تعاليم الرب إلهك) واتە:پابەندی ڕێنماییەکانی پەروەردگارو پەرستراوی خۆتبە، هەروەها بەبەڵگەی ئایەتی(١٥٣) لەسورەتی (الانعام)کە دەفەرموێت:﴿**وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ**﴾ الانعام ⁄١٥٣.

واتە: ئەمە ڕێگای ڕاستی منە، شوێنی کەونو شوێن تولەڕێگاکان مەکەون بۆ ئەوەی سەرتان لێتێك نەدەنو لەڕێگەی من نەتانترازێنن، ئەمە ئەو ڕاسپاردەیەیە کەخواوەند ڕاسپاردەی کردوە بۆتان تاوەکو پارێزکاربن.

ئەم ڕاستە ڕێگەیە یاخود ئەم جیاكەرەوانە یاخود ئەم ڕاسپاردانە، لای موساو لەشەریعەتەكەی ئەودا ڕێگە لێگیراوو (منهیات)بون، بەلاَم لەلای موحەمەدو لەشەریعەتەكەی ئەودا بەرزكرانەوە بۆ پێگەو پلەی قەدەغەكراوەكانو كران بە(محرّمات).

١٠. مارەكردنی قەدەغەكراو (المحرّمات) وەك: دایك. خوشك.كچ...........هەروەها.

١١. خواردنی مردو مردارەوەبو، گۆشتی بەرازو خواردنەوەی خوێنی ڕۆیشتوو.

١٢. سوو خۆری(أكل الربا)كەلەلای موسا لەخانەی ڕێگەلێگیراوەكاندا بوو.

١٣. ئەنجامدانی تاوانو سنورشكێنی بەناحەق(إرتكاب الإثم والبغی بغیر الحق).

١٤. قسە هەڵبەستن بەناوی خواوەندەوە، یاخود قسەكردن بەناوی خواوەندەوە بەبێ زانیاری.

لەخاڵو بەندی یەكەوە تا خاڵو بەندی یانزەیەم ڕونو ئاشكرانو پێویست بە ڕاڤەكردنو لێكدانەوە ناكەن، بەندی دوانزەیەمیش تاڕادەیەكی باش ڕونە، بەلاَم دوخاڵو دوبەندی كۆتایی باش وایە كەمێك لەسەریان بوەستینو سەرنجیان لێ بدەین، چونكە وەك بۆمان دەركەوتوە كەم كەس لەسەر ئەم بابەتە وەستاونو سەرنجیان لێ داوە:

أ- دەستەواژەی(بغیرالحق)كە لەخاڵ وبەندی (١٣)دا هاتوە، ئاگادارمان دەكاتەوە لەبونی تاوانو سنورشكێنی ناحەق(إثم بغیر حق وبغي بغیر حق)بەئاماژە پێمان دەڵێت: لەبەرامبەرەوە تاوانی بەحەقو سنورشكێنی بەحەق (إثم بحق وبغي بحق)یش بونیان هەیە، دوای ئەوەی كەئایەتەكانی (٣٧)لەسورەتی (شوری)و (٣٢) لەسورەتی (النجم) تاوانەكانیان كرد بە دو بەشەوەو دابەشیان كردن بەسەر تاوانە گەورەكانو تاوانە وردیلەكاندا (كبائر، لمم)، ئێستا دەپرسین تاوانی بەحەق (إثم بحق)و سنورشكێنی بەحەق(بغي بحق)چینو كامەن..؟

(إثـم) بناغەیـەکی دروسـتە لـەزمانو زمانەوانیـدا، مـوفردەو دەسـتەواژەیەکی قورئانیشە کە بەخۆیو بەکارهێنانەکانی تریەوە لە(٤٨)جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، لە هەمو ئەم(٤٨)جێگەیەدا لەدوو واتا زیاتر نادات بەدەستەوەو لەخولگەی ئەو دو واتایە دەرناچێت:

**یەکـەم:** (التخلـف والتقصـیر)دواکەوتنو کەمتەرخـەمی، وەك دەوترێـت(أثمـت الناقة)کە مەبەستیان پێی ئەوەیە، وشترەکە دواکـەوتو کەمتەرخـەمی کـردو دابـڕا لەقافڵەو کاروانەکە.

**دوەم:** پێگیران و ناچاربون(التحرج)وەك خواوەند دەفـەرموێت: ﴿...**فَمَـنْ اضْـطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**﴾ البقرة/١٧٣.

واتـە: هەرکـەس کەوتـە حاڵـەتی ناچـاریو پـەنا پێبردنـەوەو نیـازی سنورشـکاندنو دەستدرێژی کردنی نەبو، تاوانی لەسەر نیە چونکە خواوەند بەخشندەی بە بەزەییە.

تاوانو (إثم) ئەوەیە کە بەکردنی، مرۆڤ توشی گلەییو سەرزەنشت دەبێت.

ئێمە وادەبینین مانای یەکـەم، تـاوانی ڕەواو بەحـەق(إثـم بحـق)ەو مانـای دوەم تاوانی ناڕەوای بەناحەق (إثم بغیر حق)ە، چونکە ئەو سوارەی کە لـەڕیزی کـاروانو قافڵەکـەی دوادەکـەوێت، یـاخود ئـەو خوێنـدکارەی لەپلـەی سـێیەمو چـوارەمدا دەردەچـێت، ئـەم چەشـنە کەسـانە تـاوانی بەحـەقیان ئـەنجام داوەو دەبنـە(إثـم بحق)بەڵام ئەو کەسەی کەگەواهیو شایەتیەکی لایەو پێویسـتە لەسـەری لەجێگـەی خۆیـدا ڕاییگەیـەنێت کـە چـی دەیشـارێتەوەو ڕایناگەیـەنێت، ئـەوا ئـەو کەسـە تاوانبـارێکی بەناحەقـە(إثـم بغـیر حق)بەڵگـەش لەسـەر ئـەم ڕاسـتیە ئایـەتی: ﴿**وَلاَ تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ**﴾ البقرة/٢٨٣.

واتە: شایەتی دان مەکەن بەژێر لێوەوەو مەیشارنەوە، هەرکەس بیشارێتەوە ئەوا بێگومان دڵی تاوانی کردوەو خواوەند بە ئاگایە بە هەموو کردارێك کە دەیکەن.

لێرەوە ئێمە وا دەبینین لەوانەیە مەی خواردنەوە، وەك چۆن پێش دۆزینەوەی مادەی(كلورو فورم)بۆ سڕكردنی نەخۆش مەی بەكار دەهات، ئێستەش ئەگەر بۆ سڕكردنو لەهۆش بردن بەكار بێت لەنەشتەرگەریەكاندا ئەوا بەكار هێنانەكەی بەو مەبەستە تاوانی بە حەق(إثم بحق)ەو لێرەوە تێدەگەین ئەو سودانەی كە خواوەند باسیان دەكات لەمەیو مادە سڕكەرەكاندا هەیە چین كاتێك دەفەرموێت: ﴿فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ﴾بەڵام ئەگەر كەسێك مەی خواردەوە تا سەرخۆش بوو بەشێوەیەك سەرخۆشیەكەی هەژمونی كرد بەسەر ژیرییو فامو عەقڵیدا تا وای لێهات نەزانێت چی دەڵێتو ئاگای لەزمانی نەما، ئەوا ئەو خواردنەوەیەی دەبێتە تاوانێكی ناڕەواو بەكارهێنانێكی نابەجێو ناحەق(إثم بغير حق)[٣٤].

بەهەمان شێوە لەبارەی غەیبەتو جاسوسی كردنەوە هەمان پێوەرو پێودانگ هەیە، بۆ نمونە: غەیبەت كردن خۆی لەخۆیدا تاوانە، بەڵام ئەگەر بۆ ناساندنی كەسێك كە دەیەوێت بچێتە سەركار تۆ وەك خۆی بە خاوەن كاری بناسێنیت یاخود لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا باسی كەسێك وەك خۆی بۆ كەسێكی تر بكەیت، ئەوا ئەم كارە ڕاستە غەیبەت كردنو ناوبردنو باس كردنی كەسێكی ترە، بەڵام بە مەبەستێكی باشەوە ئەم كارە دەكرێت، بۆیە دەبێتە تاوانێكی بە حەق(إثم بحق)بەڵام ئەگەر بەشێوەی سوكایەتی پێكردنو زیاد پێوەنانو خستنەڕوی عەیبو عارەكانی بەرانبەرەكە بو بە ناحەق، ئەوا دەبێتە تاوانێكی بەناحەق(إثم بغير حق).

---

[٣٤] لێرەدا نوسەر زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەڕواتو جیاوازی دەكات لەنێوان كەسێكدا كەبە مەبەستی سەرمەستكردن مەی دەخواتەوە وكەسێكیتردا كە خواردنەوەی مەی كردوە بە خوی هەمیشەییو سنور لەخواردنەوەیدا دەبەزێنێت، بەڵام من ئەو بڕگەیەم لەوەرگێڕانەكەمدا نەهێناوە كە ئەمە دەقە عەرەبیەكەیەتی (أما دون حد السكر فشاربها ليس بشارب خمر أصلاً فهي ليس إثماً بالأصل) وەرگێڕ.

هەروەها جاسوسی كردن ئەگەر دژ بە دوژمنانو گێرەشێوێنان ئەنجام بدرێت ئەوا تاوانێكی بە حەق(إثم بحق)ەو ئەگەریش بە پێچەوانەوە دژ بە ئاسایشی گشتی بەكار هات ئەوا تاوانێكە بە ناحەق(إثم بغير حق).

سەبارەت بە(بغی)ویاخی بونو سنوربەزاندن، ئەویش بناغەیەكی دروستە لەزمانو زمانەوانیداو موفرەدەو دەستەواژەیەكی قورئانیشەو لە(٩٦)جێگەی دابەزێنرای بەجێدا هاتوە ﴿وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ النساء/ ١١٤.

واتە: هەركەس ئەو كارە لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خواوەندا بكات ئەوا ئێمە لەداهاتودا پاداشتێكی گەورەی دەدەینێ.

هەر لەم بارەیەوە وەك لەكتێبی(اساس البلاغە)ی زەمەخشەری لاپەڕە(٢٧)دا هاتوە(بغت المرأة بغاءً: أي خرجت في طلب الرجال).

واتە: ژنەكە یاخی بو و سنوری بەزاند، مەبەستیان ئەوەیە كە ژنەكە بەدوای پیاواندا وێڵ بوە.

دوەم:دەرچون لەسنوری دادپەروەریو پەڕینەوە بۆ ستەمو ستەمكاری، هەروەها دەرچون لەسنوری نەرمونیانیو پەڕینەوە بۆ توندوتیژیو زبری، هەروەها دەرچون لەسنوری ساردوسڕیو پەڕینەوە بۆ دابڕانو لێك جیابونەوە، وەك چۆن لەم ئایەتەدا هاتوە: ﴿وَلَوْ بَسَطَ اللَّهُ الرِّزْقَ لِعِبَادِهِ لَبَغَوْا فِي الْأَرْضِ وَلَكِنْ يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ بِعِبَادِهِ خَبِيرٌ بَصِيرٌ﴾ الشورى/٢٧.

واتە: ئەگەر خواوەند ڕزقو ڕۆزی بەربڵاو واڵا بكردایە بەڕوی بەندەكانیدا، ئەوا بەدڵنیاییەوە یاخی دەبونو لەسەر زەویدا سنوریان دەبەزاند، بەڵام بەو ئەندازەی كە خۆی ویستی لەسەرە ڕزقو ڕۆزیان بۆ دەبارێنێت، چونكە ئەو بە ئاگاو بینایە لەحاڵی بەندەكانی خۆی.

مەبەست ئەوەیە ئەگەر ڕزق و ڕۆزی بە لێشاو بڕێژێت بەسەر بەندەکانیدا ئەوا سنوری چاکەکاریو چاکسازی دەبەزێنن و دەپەڕنەوە بۆ گەندەڵی و ناشوکریو خراپەکاری.

هەروەها خواوەند دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ اللَّـهَ يَـأْمُرُ بِالْعَـدْلِ وَالإِحْسَـانِ وَإِيتَـاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنْ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ النحل /٩٠.

واتە: خواوەند فەرمانتان پێ دەکات بەدادپەروەریو چاکەکاریو بەخشندەیی لەگەڵ کەسە نزیکەکانتان و ڕێگیریتان لێدەکات لەکاری ناپەسەندو خراپو سنورشکێنی، ئامۆژگاریشتان دەکات بەڵکو بیربکەنەوەو ئاگاتان لەخۆتان بێت.

لەم ڕوانگەیەوە وا دەبینین کە بەخت گرتنەوەو یانەسیبو شێرو خەت، چەشنێکە لەچەشنەکانی سنورشێکنی ڕەوا (بغـي بحـق)و ئەگەر تەنها بە مەبەستی ڕێکخستنی یاریەکانی وەرزش بەکار بێت ئەوا بەکارهێنانێکی ڕەوایەو دەبێتە سنورشکێنیەکی بە حەق(بغي بحق)بەڵام ئەگەر مرۆڤ خۆی دایە دەست ئەو بەخت گرتنەوەو بەخت هەڵدانە یاخود ئەگەر لەکاروباری بازرگانیو ژن و ژنخوازیو هاوسەرگیریو سەفەرکردندا پشتی پێ ببەستێ، یاخود ئەگەر کۆمەڵ و دەوڵەتان لەبڕیارەکانی جەنگو ئاشتیدا پشتیان بەم بەخت گرتنەوەو شێرو خەتە بەست، ئەوا دەبێتە کارێکی ناڕەواو دواجار سنورشکێنیەکی ناڕەوایەو دەبێتە(بغي بغير حق).

بەهەمان شێوە دزیکردن سنورشکێنیەکی ناڕەوایە، بەڵام لەکڕین و فرۆشتندا دانانی نرخی کاڵاو پێداویستیەکان سنورشکێنیەکی ڕەوایە.

لێرەوە دەتوانین لەو فەرمودەی پێغەمبەر تێبگەین کە دەفەرموێت: الحلام بين والحرام بين وبينهما أمور مشتبهات.

واتە: حەڵاڵو ڕەوا ئاشکرایەو حەرام و ناڕەواش ئاشکرایە، بەڵام لەنێوانیاندا چەند کارێکی گومان لێکراو بونیان هەیە.

هەموو کارە گومان لێکراوەکانیش لەچوارچێوەی ئەو ڕێگەلێگیراوانەدان کە لەناو دابەزێنراوی بەجێدا هاتون، وەك مەی‌و قومارو جاسوسی‌و غەیبەتکردن.

ب. دەستەواژەی﴿وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ الأعراف/٣٣.

لەباتی ئەو قەدەغەو(تحریم)کردنەیە کە لەخاڵو بەندی(١٤)دا هاتوەو هەموو ئەوچەشنە فەتوایانە دەگرێتەوە کە لەلایەن زانا بەڕێزەکانمانەوە دەرکراون‌و بەردەوام دەردەکرێن‌و دەڵێن: فلانە شت حەلاڵو ڕەوایەو فلانە شت حەرام‌و ناڕەواو قەدەغەیە، ئەم کاری فەتوا دەکردنە وای کردوە کە ژمارەی حەرامکراوەکان (المحرّمات) سەربکێشێت بۆ سەدان کارو بوار.

نمونەی ئەو کارو بوارانەش: وەك فەتوای حەرامکردنی جگەرەکێشان‌و حەرامکردنی گرتنەخۆی منداڵو بە منداڵ کردن(التبنی)، حەرامکردنی بەکارهێنان‌و بەکرێدانی ڕەحمی ئافرەت‌و حەرامکردنی میوزیك‌و گۆرانی‌و..هتد.

هەروەها حەرامکردنی دەرچەکانی بواری بازرگانی‌و کڕین‌و فرۆشتن تا ببێتە بیانو بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگایانەی کە پێیان دەڵێن: (بانکە ئیسلامیەکان)کە بەداخەوە حیلە شەرعیەکانیان بەتێرو تەسەلیەوە تێدا ئەنجام دەدرێن، چونکە ئەم بانکانە هەم لەنباغەوە لەسەر بنەمای حیلەی شەرعی بونیات نراون‌و، زۆربەیان دامەزرێنەرەکانیان کولێنانی‌و فێڵبازەکانن و لەبواری حیلەی شەرعیدا دەستێکی باڵایان هەیەو لەمێژودا نەبینراوە کەس وەك ئەم بەڕێزانە لێزان بێت لەداهێنان‌و دۆزینەوەی پێچو ڕێگەی جۆراوجۆر لەم بوارەدا.

ئەم حەرامکردنە (وەك ئێمە بزانین) لەسەرەتاوە وەك ڕێگەلێگیراوێك دابەزێنراوەو دواتر لەبەر گرنگی‌و بایەخی مەسەلەکەو مەترسیەکانی بوارەکە ئەم کردارە حەرام کراوەو لەڕێگیری‌و (نهي)ە وە کراوەتە حەرامکردن‌و (تحریم) وەك دەبینین خواوەند وەك هەڕەشەیەك دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمْ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ﴾ النحل/١١٦.

واتـە: بـەوەی کـە زمانتـان بـە درۆوە پێتـان دەناسـێنێت، مـەڵێن ئـەوە حـەڵاڵو ڕەوایەو ئەوەش حەرامو ناڕەوایە، بەم کارەتـان درۆ بـەدەم خواوەنـدەوە دەبەسـن وئەوکەسانەش کە درۆ بەدەم خواوەندەوە دەبەستن هەرگیز ئاسودە نابن.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە: ئایا بازنەی نافەرمانیو تاوانە گـەورەکان (الكبائر)لەسـەر دەسـتی شـوێنکەوتوانو شـوێنکەوتوەکانی ئەوانـدا (التـابعين والتـابعيهم) پـەرەی سەندو زیادی کرد..؟.

وەڵامەکەی ئەوەیە کە: بەڵێ بەدڵنیاییـەوە لەسـەر دەسـتی ئەوانـدا فـراوان کـراو پەرەی سەند.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ڕەچاوی ئەو جیاوازیە سادەو کەمە بکەین کـە ئایـا ئامانجـەکانی پشـت ئـەم پرۆسـەی فـراوان کردنـە چـی بـون..؟ چـونکە ئامـانجو مەبەسـتەکانی فراوانکردنەکـە لەزۆربـەی کاتەکانـدا چ لەسـەردەمی پێغەمبـەرو چ لەسەردەمی هاوەڵانیشدا زۆر ڕونو ئاشکرا نین.

**ئامانجی یەکەم**: بریتی بـوە لەسـەپاندنی ئـەو دەمارگیریـە خێڵەکیـەی کـە خـۆی لەکەپرەکەی بەنی ساعیدەدا نوانـدو لەهـەناوی ئـەو جیـاوازی ڕاو بۆچـونەدابوە کـە لەبارەی گرتنە دەستی فەرمانڕەوایەتیەوە لەنێوان کۆچـەرانو پشـتیوانان(الأنصـار والمهاجرين)و تیرەکانی ئەوسو خەزرەجو لەنێوان دەستەی(طالبيه)کان کـە خۆیـان لەپێشەوا عەلی و هاوسەرەکەیو منداڵەکانیاندا دەبینیەوە لەلایەكو، هاشمیەکان کە خۆیان لەعەباسو منداڵەکانیو زوبـەیرو منداڵەکانیـدا دەبینیـەوە لەلایـەکی تـرەوە، هەروەها لەنێوان ئەمەویەکان کە خۆیان لەئـەبو سـوفیانو منداڵەکانیـدا دەبینیـەوە لەلایەکی ترەوە.

هەروەها لەنێوان تێکەڵەو پێکهاتەیەك کەلـە یاخیـەکانو دوڕوەکـانو هـەل پەرسـتەکان پێکهـاتبو و لەناکۆکیـەکانی گرتنەدەسـتی دەسـەڵاتدا پێگـەی دوەمـی هـەبوو، بـە پلـەی

چوارەم لەڕیزبەندی هێزو تەوژمەکاندا دەهات(کەواتە کەپرەکەی بەنی ساعیدە ئەم هەموو تەوژمو ڕاو بۆچونە جیاوازەو ئەم هەموو هەڕەشەو مەترسیانەی لەئامێز گرتبو) بۆیە دەڵێین: ئەگەرچی ئەبوبەکرو عومەر لەهەڵپلانێکی موعجیزە ئاسادا توانیان ئاگری ناکۆکیەکان لە کەپرەکەی بەنی ساعیدەدا خەفە بکەنو دای مرکێننەوەو بیکەن بە ژێر خۆڵەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە پشکۆی ئەو ئاگرە خەفە کراوە هەر بە گەشاوەیی مایەوەو دواترو لەجەنگەکانی (جمل)و (صفين)دا جارێکی تر خۆی نواندەوە، هەموو ئەمانەش پاش وەفاتو کۆچی دوایی پێغەمبەر ڕویانداو هاتنە گۆڕێو پێغەمبەر(د.خ)هیچ پەیوەندیەکی نەبو بە هەموو ئەو بڕیارو هەڵوێستە سیاسیانەوە کە دواتر ڕویاندا، ناکرێت هەڵوێستەکانی ئەو لەڕوانگەی ئەو فەرمودانەوە کە دواتر بە ناڕەوا درانە پاڵ ئەو و بەناوی ئەوەوە گێڕرانەوە، بکرێنە پاساو و بیانو بۆ هەر هەڵوێستێکی سیاسی لایەنێك دژ بە لایەنکێکی تر.

لەم کەش‌و هەوا ئاڵۆزو لێك هەڵپژاوو هەڵچوەدا، دەستەواژەیەکی سەیرو سەمەرە سەری هەڵدا کە ئەویش دەستەواژەی (آل‌البيت)بوو.

دەستەواژەیەك کە لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا ئەمڕۆ توانی گەورەترین‌و مەترسیدارترین جێ پەنجەو شوێنەوار دابنێت لەلاپەڕەکانی مێژوی ئیسلامیدا.

هەردو دەستەواژەی (آل)و (أهل)دوو دەستەواژەی قورئانین‌و یەکەمیان لە(٢٥)جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتوەو دوەمیشیان لە(١٢٨)جێگە لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە.

لەهەموو ئەو جێگایانەدا کە هاتون لەچوارچێوەی ئەو ماناو واتایە دەرناچن کە بریتیە لەمانای(هاوەڵان‌و شوێنکەوتوان)لەهەمو جێگەکاندا ئەم دوو دەستەواژەیە خراونەتە پاڵ ناوێکی تر، تاوەکو واتای ئەوە بدەن بەدەستەوە کە (آل)و (أهل)سەر بەو ناوە بون، وەك: (آل فرعون، آل لوط، آل داود، آل يعقوب، آل ابراهيم، آل موسى، آل هارون، أهل الكتاب، أهل الإنجيل، أهل القرى، أهل المدينه، أهل مدين، أهل الذكر، أهل البيت).

ئەوەی كەمایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە كە ئەو واتایەی بۆ(آل‌البیت)دانراوە لەلایەن شـوێنكەوتوانی هـاوەڵانو شـوێنكەوتوەكانیانەوە (تـابعین‌و تـابعیهم)، هـیچ پەیوەندیەكی بەم واتاو مانایەوە نیە كە ئێمـە لەبـەر ڕۆشـنای دابـەزێنراوی بەجێدا ڕونمان كردەوە، هەروەها لەتەفسیری ئەم ئایەتـەدا ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُـذْهِبَ عَـنْكُمْ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ الأحزاب/٣٣.

واتە: ئەی خەڵكیماڵەكە بەدڵنیاییەوە خواوەند دەیەوێت هەرچی خراپەو ناپاكی هەیە لێتان دەركاتو بەتەواوەتی پاكتان بكاتەوە.

پێشـەوا (توبروسـی) لەلاپـەڕە(٣٥٦)ی (مجمـع البیـان)دا لەڕاڤـەی ئـەم ئایەتـەدا دەڵێت: {... بەپێی ئەو ناساندن و(تعریف)ەی كە بۆمـاڵ و (بیت)ەكـە كـراوە، كـە واتـای عەهـدو پـەیمان دەگەیـەنێت، مەبەسـت پێـی مـاڵی پێغەمبەرایـەتی‌و پەیامهێنەرایەتیە، چونكە عەرەب بە ڕەچەڵەكو نەسـەبەكان دەڵـێن: ماڵ(بیـت)وەك چـۆن دەڵـێن: (بیوتـات العـرب) مەبەسـتیان پێـی ڕەچـەڵەكی هـۆزە عەرەبەكانـە، هـەروەها وتـراوە كـە مەبەسـت لـە(بیت)ماڵی پـارێزراوی خواوەنـدەو خەڵكەكـەش بەگشتی بریتیە لەباوەڕدارانی پارێزكار، هەروەها وتراوە مەبەست لە (بیت)مزگەوتی پێغەمبەرە (د.خ) مەبەست لەخەڵكەكەشی ئەوانەبن كە پێغەمبەر نیشتەجێی كـردن لەناو مزگەوتەكەیداو نەیكردنە دەرەوە.

هەموو ئوممە یەكدەنگ بون لەسەر ئەوەی كە مەبەست لـە (أهـل البیـت) لەئایەتەكـەدا مەبەتسی لەخاو خێزانی پێغەمبەرمانە، بەڵام دواتر ناكۆكی كەوتـە نێوانیانـەوە، عەكرەمـە لەم بارەیەوە دەڵێت: مەبەست پێی خێزانو هاوسەرەكانی پێغەمبەرە، چونكە سـەرەتای ئایەتەكە ئاراستەی ئەوان كراوە، هەروەها ئەبو سەعیدی خدری‌و ئەنەسـی كـوڕی مالیـكو وائیلەی كوڕی ئەسقەعو عائشەو ئوم سـەلەمە دەڵـێن: ئایەتەكـە تایبەتـە بـە پێغەمبـەرو عەلی‌و فاتیمەو حەسەنو حوسینەوە}.

ئێمە لەسەر ئەو برگە لەقسەکانی ناوەستین کە دەڵێت: (هەمو ئومە یەکدەنگ بون) چونکە بە دڵنیاییەوە دەزانین کە ئومەت پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر لەسەر هیچ شتێك یەکدەنگ نەبوە، ئیتر ئەو شتە گەورە بوبێت یاخود بچوك بە تایبەت لەبواری سیاسەتو حوکمڕانیدا هەرگیز یەك ڕاو یەك پارچەو یەك هەڵوێست نەبوە.

هەورەها لەسەر ئەو فەرمودەیەش ناوەستین کە ئەبی سەعیدی خدری لەپێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە گوایا فەرمویەتی: ئەم ئایەتە لەبارەی پێنج کەسەوە دابەزیوە: منو عەلیو حەسەنو حوسەینو فاتیمە.

چونکە ئەم قسەو گێڕانەوەیە ناسازگارە لەگەڵ ئەو گێڕانەوەیەدا کە ئەبو حەمزەی سەمالی لەتەفسیرەکەیدا لەشەمری کوڕی حەوشەبەوە لەئوم سەلەمەوە دەگێڕێتەوە کەوا ئەو لەوگێڕانەوەیەدا فاتیمە بە ئەهلی بەیت دانانێت.

هەروەها ئێمە بایەخ نادەین بەو پێوەری ڕەچەڵەکو پەیوەندی خزمایەتیەی کە ئەو پێنج بەحساب (معصوم)ەی پێ دیاریکراوە، چونکە هەواڵێکمان لەبەردەستدایە کە ئیبنو عەبدولبیڕ لەباسی ژیاننامەی سەلمانی فارسیداو لەکتێبی (الاستعاب)دا هێناویەتیو لەعەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە دەگێڕێتەوە کە پرسیاری لێکراوە لەبارەی سەلمانی فارسیەوەو عەلی ش وتویەتی: سەلمان دروشمی زانیاری سەرەتاو کۆتایە، دەریایەکە لەبن نایەت، ئەو لەئێمەیە ئەهلی بەیت.

ئەگەر مەسەلە مەسەلەی پشتو خزمایەتیو ڕەچەڵەك بوایە، ئەوا عەلی بەم شێوەیە سەلمانی وەکو ئەهلی بەیت نەدەناساند، هەروەها ئەگەر وابێتو ڕەچەڵەکو پشتاو پشت ڕۆڵ ببینێت، ئەوا ئەبولەهەبیش لەئەهلی بەیتە، هیچ هۆشمەندو عاقڵێکیش شتی وا ناڵێت.

ئێمە لەسەر هیچكام لەم بڕگانە ناوەستین كە لەتەفسیرەكاندا هاتوە، بەڵكو تەنها دوو بەڵگە لەدابەزێنراوی بەجێ دەهێنین:

**یەكەم:** دەستەواژەكانی (آل‌البیت)و (أهل البیت) لەهەموو ئەو جێگایانەدا كە لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتون بە هیچ شێوەیەك نە لەدورو نە لەنزیكەوە ئاماژە ناكەن بۆ پێوەری خزمایەتیو ڕەچەڵەك، بەڵام ئاماژە دەكەن بۆ هاوسەری ژیان یاخود هاوڕێی ژیان و بە(الصاحبة)ناوی دەبات، لەمبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ* وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ*وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ﴾ عبس /٣٤-٣٦.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُ تَعَالَى جَدُّ رَبِّنَا مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلَا وَلَدًا﴾ الجن/٣.

بەتایبەت لەئایەتی(٣٤)لەسورەتی(الأحزاب)دا كە قسە بەڕوی خێزانو هاوسەرەكانی پێغەمبەردایە.

**دوەم:** بەسەرهاتی نوح(س.خ)و كوڕەكەی لەباسی لافاوەكەدا، كاتێك نوح هانا بۆلای پەروەردگاری دەباتو دەڵێت: ﴿إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي﴾ هود/٤٥.

واتە بێگومان كوڕەكەم لەنزیكانو ئەهلی منە.

خواوەندیش وەڵامی دەداتەوەو دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ﴾ هود /٤٦.

واتە: دڵنیابە ئەو نە لەیارانی تۆیەو نە ئەهلی تۆیە.

ئەگەر باسەكە بەتەنها باسی خزمایەتیو پشتاو پشتو ڕەچەڵەك بوایە، ئەوا بێگومان خواوەند وا وەڵامی ئەو پێغەمبەرەی نەدەدایەوە.

دابەزێنراوی بەجێ ئەم بابەتەی یەكلایی كردوەتەوەو دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَاهِيمَ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِمَا النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ فَمِنْهُمْ مُهْتَدٍ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ الحديد/٢٦.

واتە: بەدڵنیاییەوە ئێمە نوحو ئیبراهیممان ڕەوانە كردونو لەنەوەكانی ئەوان پێغەمبەرایەتیو پەڕاوی ئاسمانیمان ناردوە، نەوەكانیشیان تیایاندایە ڕێگەی ڕاستی گرتوەو ڕێنمایی ئێمەی وەرگرتوەو زۆرێكیشیان لەڕێ لادەرن.

واتە:کەمێك لەنەوەکانی ئیبراهیمو نوح ڕێگەی ڕاستیان گرتوەو زۆربەیان لەڕێ لایان داوە، کەواتە: ڕەچەڵەكو پەیوەندی خزمایەتی هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت.

ئێمە ئەمە دەڵێینو ئەم فەرمودەی خواوەندیش دەخەینەڕوو کە دەفەرموێت: ﴿قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى﴾ الشورى/ ٢٣.

واتە: من داوای هیچ پاداشتێکتان لێ ناکەم بێجگە لەوەی کە داوای ئەوەتان لێدەکەم پەیوەندیو سۆزی خزمایەتی بپارێزن.

خواوەند داوای لێکردوین کە سۆزو میهرەبانی بنوێنین لەگەڵ خزمە نزیکەکانی موحەمەددا(د.خ)واش نازانم کەسێك ببێت خۆی بەشوێن کەوتوی موحەمەد بزانێتو سۆزو خۆشەویستی لەدڵدا نەبێت بۆ خزمە نزیکەکانی، بەڵام نابێت ئەم خۆشەویستیە سەر بکێشێت بۆ ئەوەی کە بەبێتاوانو پاكو دور لە هەڵە(معصوم)یاخود بە پیرۆزیان بزانین.

بەڵام دەبێت بزانین کە(آل محمد)هەموو شوێن کەوتوانی دەگرێتەوە واتە: هەموو ئەوانەی کە باوەڕ دەهێنن بە پەیامەکەی، هەمویان لەخانەی(آل محمد)دانو نوسەری ئەم چەند دێڕەش یەکێکە لەوان.

**__ئامانجی دوەم__**: سەپاندنی ئەو دەستەگەریو(طائفية)ە بوە کە ئومەی کردوە بە دوو بەشەوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوام دەیکات بە دوو بەشەوە، شوێن کەوتوان(التابعون)بەوەوە نەوەستان کە درۆو دەسەهەڵبەس ببەستن بەدەم هاوەڵانەوە، وەك چۆن نافع ئەوکارەی کرد لەگەڵ ئیبنو عومەرداو(بەرەد)ئەو کارەی کرد لەگەڵ سەعیدی کوڕی موسەیبداو عەکرەمە کردی لەگەڵ ئیبنو عەباسدا، بەڵکو شوێن کەوتوان بەوەوە نەوەستان ودەستیان دایە درۆ هەڵبەستن بەزمانو دەمی پێغەمبەرەوە(د.خ)بەدانانو ڕێکخستنی گێڕانەوە بەناوی ئەوەوە.

١- موسلم لە(صحيح)ەکەیداو ئیبن‌و ئەبی شەیبە لە(مصنف)کەیداو ئیبن‌و حەبان لە(صحيح)ەکەیدا وئەبو داوودو بەیهەقی لە(سنن)ەکانیانداو ئیبن و خەزیمە لە(صحيح)ەکەیدا لەجابری کوڕی عەبدوڵڵاوە: وتارەکەی پێغەمبەر لەحەجی ماڵ ئاواییدا دەگێڕنەوە کە ئەم بڕگەیەی تیادا هاتوە: {تركت فيكم ما لن تظلوا بعده إن إعتصمتم به، كتاب الله} واتە: شتێکم لەناوتاندا بەجێ هێشتوە ئەگەر دەستی پێوە بگرن هەرگیز گومڕا نابن، ئەویش پەڕاوی خواوەندە.

٢- تەبەرانی لە(المعجم الكبير)دا لەموعازی کوڕی جەبەلەوە هەواڵێکی درێژ دەگێڕێتەوەو لەگێڕانەوەکەیدا دەڵێت: پێغەمبەر تویەتی: {ئەگەر من لەناوتاندا نەمام ئەوا ئێوەو پەڕاوی پەروەردگار دەستی پێوەبگرن‌و پابەندی بن، حەڵاڵو ڕەواکانی بە حەڵاڵ بزانن‌و حەرام‌و قەدەغەکراوەکانی بە حەرام بزانن‌و خۆتانیان لێ بپارێزن}.

٣- حاکم لە(مستدرك)ەکەیدا لەعەکرەمەوە کە لەئیبن‌و عەباسەوە گێڕاویەتەوە کە لەوتارەکەی حەجی ماڵئاوایدا پێغەمبەر(د.خ)وتویەتی: {ئەی خەڵکینە من شتێکم لەناوتاندا بەجێ هێشتوە ئەگەر دەستی پێوەبگرن هەرگیز سەرگەردان‌و گومڕا نابن، پەڕاوی پەروەردگارو سونەتی پێغەمبەرەکەی}.

٤- پێشەوا ئەحمەد لە(مسند)ەکەیداو ئیبن‌و حەبان لە(صحيح)ەکەیداو ئیبن‌و ماجە لە(سنن)ەکەیدا، (لەگەڵ جیاوازیەکی کەم لەدەستەواژەکانیاندا)لەعەربازی کوڕی ساریەوە دەگێڕنەوە کە وتویەتی: {ڕۆژێک پێغەمبەر (د.خ) لەناوماندا هەستایە سەرپێ ودەستی کردە ئامۆژگاری کردنمان بەشێوازێکی ئەوتۆ کە دڵەکانی خستە جۆش‌و چاوەکانی خستە گریان، وتمان ئەی پەیامهێنەری خوا شێوازی قسەو ئامۆژگاریەکانت لەماڵئاوایی‌و خواحافیزی دەچێت، ئەگەر وایە ئامۆژگاریمان بکە، ئەویش وتی: ڕاتان دەسپێرم کە پارێزکاری سنورەکانی خواوەند بن‌و گوێڕایەڵی

لەفەرماندەو ڕابەرەكانتان بكەن ئەگەر بەندەیەكی حەبەشیش بێت، دوای من ناكۆكیەكی توند دەبینن ئاگادار بن‌و پابەندی سونەتی من‌و سونەتی جێنشینە ژیرمەندەكان (الخلفاء الراشدون) بن كە ڕێگەی هیدایەتیان گرتوە، ئێوەش پابەندی ئەو ڕەویەی ئەوان بن‌و لێی لانەدەن، ئامان ئێوەو شتە داهێنراوەكان چونكە هەمو داتاشراوێك گومڕاییەو هەمو گومڕاییەكیش لەئاگردایە}.

٥- تورموزی لەجابری كوڕی عەبدوالله‌وە دەگێڕێتەوە كە وتویەتی: { پێغەمبەرم بینی لەڕۆژی حەجی عەرەفەدا كە لەسەر وشترە تایبەتەكەی خۆی بو، وتاری دەداو منیش گوێم لێبو كە دەیوت: ئەی خەڵكینە من شتێكم لەناوتاندا بەجێهێشتووە ئەگەر دەستی پێوە بگرن ئەوا گومڕا نابن، پەڕاوی خواوەندو جگەر گۆشەكانی خاندان‌وماڵی خۆم (عِترتي أهلُ بيتي)}.

٦- تورموزی لەزەیدی كوڕی ئەرقەمەوە دەگێڕێتەوە كە وتویەتی:

{پێغەمبەر(د.خ)وتویەتی: من شتێكم لەناو ئێوەدا بەجێ هێشتوە ئەگەردوای خۆم دەستی پێوەبگرن گومڕا نابن، یەكەمیان گەورەترە لەوی تریان، پەڕاوی خواوەند كە تەنافێكی درێژكراوەیە لەئاسمانەوە بۆ زەوی، دوەمیشیان جگەر گۆشەكانی خاندان و بنەماڵەی خۆم، دەست بەم دوانەوە بگرن‌و دوبەرەكی نەكەوێتە نێوانتانەوە تا دێنە لام بۆ سەر حەوزەكە، بۆیە ئاگاداربن‌و بزانن دوای من چی دەكەن لەگەڵ ئەو دوو ڕاسپاردەیەمدا}.

٧- پێشەوا ئەحمەد لە(مسند)ەكەیدا بە ژمارەی(٢١٠)هێناویەتی‌و دەڵێت: {ئەبو ئەحمەدی زوبەیری بۆی باسكردین كە سوفیان لەئەبی زوبەیرەوە لەجابرەوە كە عومەر خوا لێی ڕازی بێت وتویەتی: پشتیوان بەخوا ئەگەر ژیانم بەردەوام بوو ئەوا جولەكەو گاورەكان لەدورگەی عەرەب وەدەر دەنێم}.

هەرکەسێك سەرنج بداتە ئەم گێڕانەوانە ئەوا خۆی لەبەردەم چەند پرسێکدا دەبینێتەوە :

**یەکەم:** ئەو جیاوازیو ناکۆکیە کە لەدەستەواژەکانی وتارەکەی پێغەمبەر(د.خ) لەحەجیماڵئاوایدا هەستی پێ دەکرێت، وەك (ترکت فیکم، إنی قد ترکت فیکم، إنی تارك فیکم) شتێکم لەناوتاندا بەجێ هێشتوە، من شتێکم لەناو ئێوەدا بەجێ هێشتوە، من لەناو ئێوەدا شتێکم بۆ بەجێ هێشتون، یاخود(إن إعتصمتم بە، إن تمسکتم بە، إن إخذتم بە) ئەگەر دەستی پێوەبگرن، ئەگەر پابەندی بن، ئەگەر پەیڕەوی لێبکەن.

ئێمە لەوە تێدەگەین لەگێڕانەوەی فەرمودەکاندا بەپێی ئەو کەسەی کە دەیگێڕێتەوە دەستەواژەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، بەڵام لەوە تێناگەین کە ئەبێت بۆچی ئەم گۆڕانکاریو جیاوازیانە سەربکێشن بۆ وتارێك کە هەزاران کەس لەعەرەفە گوێ بیستی بون..؟.

دوەم: پێغەمبەر ڕۆژی عەرەفە لەناو خەڵکدا وەستاوەو دوا ئامۆژگاریو ڕاسپاردەی کۆتایی خۆی بۆ خوێندونەتەوە هەستێکی وای هەبوو کە ئیدی دوای ئەو ڕۆژە نایان بینێتەوە(یەکەم بەندیش لەئامۆژگاریو ڕاسپاردەکەیدا)بەپێی گێڕانەوەکەی موسلم لەخاڵی ژمارە(١)داو بەپێی گێڕانەوەی تەبەرانی لەخاڵی ژمارە(٢)دا بریتی بوە لەپەڕاوی پەروەردگار.

بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین ئایا(حاکم)وەك لەخاڵی ژمارە(٣)دا هاتوە، لەکوێوە ئەم دەستەواژە زیادەیەی هێناوە کە دەڵێت: (سونەتی پێغەمبەرەکەی)کە بە ئاشکرا تێخزاندنو تێهەڵکێش کردنی پێوە دیارە.

یـاخود پێشـەوا ئەحمـەد لـەخاڵی (٤)دا دەسـتەواژەی (سـونەتی جێنشـینە ژێرمەندەکان بن کە ڕێگـەی هیدایـەتیان گرتوە)کـە ئەمـە خـۆی لەخۆیـدا لـەزانیاری شاراوەی پاشـەڕۆژە (علـم غيـب المسـتقبل)..؟ لەوانەیـە کەسێك بڵێت: پێغەمبـەر (د.خ)ئەو بابەتەی کە غەیبو شاراوەیە لەڕێگەی نیگاو وەحی خواییەوە زانیوە.

ئێمـەش دەڵـێین: ئەگـەر واش بێـت خـۆ گوێگرەکـان لـەبارەی جێنیشـینە ژێرمەنـدەکان(خلفاءالرشـيدين)ەوە هیچـیان نـەدەزانی، پێغەمبـەریش لـەوە ژێرتـرو زاناترو فامیدەتر بوە کە قسـە بکـات بـۆ خـەڵك لـەبارەی شـتێکەوەو دەستنیشـانی بکات وەك ئەوەی کە ئەوان لەو بابەتە زۆر شارەزا بن، بەڵام لەڕاستیدا ئـەو خەڵکـە لەو بابەتە بێئاگا بن.

یاخود تورموزی لەخاڵی (٦)دا لەکوێوە دەستەواژەی (وعترتي أهل بيتي ـ جگـەر گۆشەکانی خاندان وبنەماڵەکەی من)ی هێناو ڕایگەیاند کـە پابەنـدبون بـە ئەوانـەوە لەئاست پابەندبوندایە بە پەڕاوی خواوەندەوەو بگرە زیاتریش..!!؟ بـەم کارەشـی ڕێنمـونیو هیدایـەتی پەیوەسـت کـردوە بەڕەچـەڵەکەوە، لەکاتێکـدا کـە خواوەنـد دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ الحجرات /١٣.

واتە: بەڕێزترینتان لەلای خواوەند، پارێزکار ترینتانە.

خواوەند لەئایەتەکەدا ڕای گەیاندوە کە تاکە پێوەر، پێوەری تەقواو پارێزکاریـە، نەك پێوەری بنەماڵەو ڕەچەڵەكو خزمایەتیو نزیکایەتی لەپێغەمبەرەوە.

هـەروەها بـەپێی ئایـەتی(٢٦)لەسـورەتی(الحديد)یش دەشـزانین کـە زۆرینـەی نەوەکانی ئیبراهیمو نوح لەڕێلادەرو لاسارن.

بە کورتی ڕونی دەکەینەوە کە فەرمودەکە چۆن لەگەڵ تێپـەڕبونی کاتـدا، قۆنـاغ بە قۆناغ گۆڕانی بەسەردا هاتوە.

١- (کتاب الله)پەڕاوی خواوەند.

٢- (کتاب الله وسنتی - پەڕاوی خواوەندو سونەتی پێغەمبەر+ دە کەسە مزگێنی پێدراوەکە کە مزگێنی بەهەشتیان پێدراوەو هەمویان لەقورەیشن‌و تاکە ئەنصاریەکیان تێدا نیە).

٣- (کتاب الله+ سنتی+ سنةالخلفاء الرشیدین المهدیّین- پەڕاوی خواوەند+ سونەتی پێغەمبەر+ سونەتی جێنشینە ژیرمەندو بەرچاو ڕۆشنەکان).

٤- (کتاب الله وعترتی أهل بیت- پەڕاوی خواوەندو جگەر گۆشەکانی خاندان وبنەماڵەکەم).

هەروەها ئەوکەسەی کە ئەو ڕیوایەتەی گێڕاوەتەوە لەبارەی دەرپەڕاندنی جولەکەو گاورەکانەوە لەنیوچە دورگەی عەرەبیدا، نەی زانیوە کە جولەکە تا ئێستاش لەیەمەندا ماونەتەوە، یان بەلای ئەوەوە یەمەن بەشێك نیە لەنیوچە دورگەی عەرەب..؟.

بەم شێوەیە گەورەترین شێواندن لەمێژوی مرۆڤایەتیدا ئەنجام دراوە کە دیارترین نمونەی بریتیە لەو گێڕانەوەیەی کە لەبارەی ئەو دەکەسەوە باس دەکات کە مزگێنی چونە بەهەشتیان پێدراوە و بەم شێوە ناوەکانیان ڕیزکراون: ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی...هتد لەوەش سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە کە هەمویان لەهۆزی قورەیشن‌و یەك دانە لەپشتیوانان (الأنصار)یان تێدا نیە، خەڵکیشیان وا تێگەیاندوە کە دەستنیشانکردی ئەم دە کەسە لەلایەن خواوەندەوە بوەو لەوەوە مزگێنی بەهەشتیان دراوەتێ، تاوای لێهاتوە خوایان لێکردوین بە خوایەکی تایبەت بە هۆزەکەی خۆیان.

هەموو ئەو کارو هەوڵ وخەباتەش کە پشتیوانان(الأنصار)کردویانە بایی ئەوە نەبوە  یەکێك لەوانیش بخرێنە ناو ئەو دەکەسەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە(أنصار)گلەییان کرد لە پێغەمبەر(د.خ)کاتێك دەسکەوتەکانی جەنگی(حنين)ی دا بەو کەسانەی کە تازە پەیوەندیان بە پێغەمبەرەوە کردبوو ئەوانی لێ بێبەش کرد، پێغەمبەریش بەوشێوەیە وەڵامی دانەوە و پێی وتن: بەشی ئێوە لەو دەسکەوتانەدا ئەوەیە کە خۆم لەناوتاندامو لەشاری مەدینە لەلای ئێوە دەمێنمەوە.

بۆیە گێڕانەوەی(عشرة المبشرة)(ئەگەر پشت ڕاستیش ببێتەوە)چونکە بەدڵنیاییەوە پلەی(صحيحى)نیە لەو زانستەدا کە پێی دەوترێت زانستی فەرمودەو دراوەتە پاڵ پێغەمبەر، نازانم کاتێك پشتیوانان(الأنصار)ئەم ڕیوایەتی (عشر المبشرين)ەیان بیستوە، کاردانەوەیان چی بوەو ئاخۆ پێغەمبەریش(د.خ)بەڵگەو وەڵامی چی بوە بۆیان..؟.

یان پشتیوانان ئەم گێڕانەوەیەیان دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر بیستوە(کە ئەمەیان لەڕاستیەوە نزیکە)..؟

لەم ڕوانگەیەوە هەڵسەگاندن بکە بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە لەکتێبەکانی فەرمودەدا هاتوە کە خاوەنەکانیان لافی ئەوە لێدەدەن کە نیگاو وەحی دوەمە، لەکاتێکدا ئەو بابەتانەی کە ئەم کتێبانە لەخۆیان دەگرن شایانی ئەو پیا هەڵدانە نیە، چونکە ئەوە خۆی لەخۆیدا سوکایەتی کردنێکی نابەجێیە بە پەڕاوی خواوەند.

بەتایبەت ئەو بەناو فەرمودانەی کە پەیوەستن بە حوکمڕانیو سیاسەتەوەو ئەو فەرمودانەی کە باس لەسزای گوناهو تاوانەکان دەکەن یاخود باس لەپاداشتی کارێکی بێ بایەخ دەکەن، یاخود باس لە دوبارە کردنەوەی چەند وشەیەکی دیاریکراو دەکەن کە چەند جار بیانڵێیتەوە ئەوەندەو ئەوەندە پاداشتت بۆ هەیە..!!.

پاش سەردەمی (تابعین)و ئەو هەموو شێواندنەی کە ڕویدا لەو سەردەمەدا، پێنج مەزهەبەکە سەریان هەڵدا(مالك، أبوحنيفه، شافعی، أحمد بن حنبل، جعفر الصادق) پاشان بناغەکانی فیقه(اصول الفقه)لەلایەن شافعیەوە دانراو، بناغەکانی بیروباوەڕ(اصول العقيده)لەلایەن پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە دانرا، دواتر لەئاکامی ئەم قوتابخانەو زانستە تازانەوە فیقهزانەکان ئاینێکی تازەیان خستە بەردەممان بەناوی ئاینی فیقهزانەکان(دين الفقهاء) کە ئەم ئاکارانە لەخۆدەگرێت:

١- خواو پەرستراوێکیان پێناساندین کە خوایەکە لەسەر بنەمای حەزو خواستەکانی بەشێوازێکی خێڵەکیانە حوکم دەکاتو زۆر تینوی خوێن ڕێژیەو چێژ لەسزادانی خەڵك دەباتو ئارەزومەندی بینینی دیمەنی چاوە هەڵکوڵکراوەکانو دەستە بڕاوەکانو ورگە هەڵدڕاوەکانە، بەشێوەیەك هەمیشە چاودێری خەڵك دەکاتو هەڵەکانیان دەژمێرێتو بەتایبەتیش بەداخە لەوکەسانەی کە باوەڕیان پێهێناوە...!!.

تاوایان لەخەڵك گەیاند کە مرۆڤ پێویستە چاودێری ڕەوشی تەندروستی خۆی بکاتو بزانێت ئەگەر هاتو چل ڕۆژ لەژیانی تێپەڕیو توشی خەفەتێك یاخود کێشەیەك یان نەخۆشیەك نەبو، ئەوا پێویستە بزانێت کە لەو خوایەی کە باسمان کرد دور کەوتوەتەوە(داوامان وایە خواوەند لەو چەشنە خواو پەرستراوە بە دورمان بگرێت).

ئەم ئاکارو تایبەتمەندیانەی کە ئەمان باسی دەکەن هەمان ئاکارو تایبەتمەندی ئەو خواو پەرستراوەیە کە جولەکەکان لەپەڕاوەکانیاندا بە خوای کوشتنو سوتاندنو وێرانکردن ناویان هێناوە، واش نازانم خەڵك پێویستی بەخوایەکی لەم چەشنە ببێت.

ئەو خواو پەرستراوەی کە ئەمان وێنای دەکەن تەواو جیاوازە لەو خواوەندەی کە لەدابەزێنراوی بەجێدا خۆی بە ئێمە ناساندوە، وەك دەبینین(٥٧)جار، ئاکاری

(الرحمن)و(٥٧)جار (غفور رحيم) لەپەيامەكەيدا هاتون، بەڵام لەبەرانبەرەوە كەمتر لەم ژمارانە ئاكارو ناوەكانی(شديد العقاب)هاتوەو تەنهاو تەنها يەك جاريش ئاكارو ناوەكانی (الجبار)و (المتكبر) هاتون.(خواوەند گەورەترو پاكترە لەوەی كە ئەوان باسی لێوە دەكەن).

٢- ئەم خواو پەرستراوەی ئەمان باسی دەكەن هەميشە تورەو پەستەو بەردەوام سزای خەڵك دەدات، ئەم بۆچونە چەوتەش لەبۆماوەی كەلتورەكانی(پێش هاتنی پێغەمبەر)لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوينەوە سەرچاوەيان گرتوەو لەكاتێكدا كە باوەڕداران كۆمەڵگەی بەر لەهاتنی پێغەمبەريان بە كۆمەڵگەی نەفامی ناودەبرد، هەندێك وای بۆ دەچون كەسەرەتای مێژو لەسەر هەڵدانو ڕەوانەكردنی موحەمەد پێغەمبەرەوە دەست پێدەكات، شوێنكەوتوانی هاوەڵان(تابعون)سەرنجی كاريگەری ئەو كەلتورو كەلەپورانەياندا كە پێش بە پێغەمبەر بوونی موحەمەد لەو ناوچەيەدا هەبونو كاريگەری گەورەيان لەسەر ژيانو بيركردنەوەی خەڵكی ناوچەكە هەبوە، وەك كەلەپورو كەلتورەكانی سەردەمی فيرعەونەكانو بابليەكانو ئاراميەكانو فەينيقيەكانو فارسەكانو بابليەكان، كە ڕيشەی ئەم كەلتورانە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە بە پێغەمبەر بونی موحەمەد.

لەكاتێكدا كە ئێمە دەزانين گەلان هەمويان پێكەوە توشی لەبيرچونەوەی دەستەجەمعی نابن، بەڵكو پاش ماوەی ئەم كەلتورانە بە ئارامیو لەسەرخۆ لەڕێگەی ئەو گێڕانەوانەوە كە دراونەتە پاڵ پێغەمبەر، خۆيان خزاندوەتە ناو كەلتورو بيروباوەڕی ئيسلاميەوە، بۆ نمونە: ڕيوايەتو گێڕانەوەكانی كە باس لە شەوڕەیو بەرزبونەوەو سزای ناو گۆڕو شتی لەم بابەتە دەكەنو، هەمو ئەو گێڕانەوانەی كە لەم بابەتەن، وێناكردنێكی نەشياومان پێدەدەن لەبارەی ئەو خواو پەرستراوەوە كە ئەوان باسی دەكەن.

بۆنمونە: لەیەكێك لـەو گێڕانەوانـەدا هـاتوەو دەڵێـت: كـەس بـە كـردەوەی خـۆی ناتوانێـت بچـێتە بەهەشـتەوە، بـەڵام لەبەرانبـەردا دەبیـنین خواوەنـد بـە ڕونـی دەفەرمووێت: ﴿ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ النحل/ ٣٢.

واتە: بچنە ناو بەهەشتەوە بەپێی ئەو كردەوانەی كە كردوتانە.

یان ئایەتی ﴿وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ الزخروف/٧٢.

واتە: ئەمە ئەو بەهەشتیەیە كە بەهۆی ئەو كردەوانەوە كە كردوتانە بەدەستتان هێناوە.

ئەم كەلتورانەی پێش سەردەمی پێغەمبەرایەتی موحەمەد كە لەم ناوچەیەدا بـون لەسـەر بنـەمای فرەخـواییو پەرسـتراوی جۆراوجـۆر بـەڕێوە دەچـون، بەشـێوەیەك لەبیروباوەڕی ئەواندا هەر خواو پەرستراوێك لەو خوایانـەی كـە باوەڕیـان بـە بونیـان هەبوە، تایبەمەندو پسپۆڕیی لەبوارێكی دیاریكراودا هەبوە، بۆ نمونە: خـوای پیـتو بەرەكەت، خوای باران، خوای وشكەساڵیو قاتو قڕی، خـوای تەندروسـتیو خـوای نەخۆشی، خوای خۆر، لەكاتێكدا كە خەڵكی بەرگەی ئەم هەمو خوایەیان نەدەگرت، بۆیە بە بۆچونی خۆیان وایان لێكدەدایەوەو بەو پێیەی كـە مـرۆڤ بـەردەوام گرفـتو كێشەو ئاریشەی هەیە، بۆیە ئەگەر یەكێكیان نەخۆش بكەوتایە، دەیـان وت: خـوای تەندروستی تورەبوە لێی، یان ئەگەر وشكەساڵیو قاتی ڕوی تێبكردنایە دەیـان وت خوای پیتو بەرەكەت لێمان نیگەرانە، ژیان وای لێهاتبو كە ڕۆژانە یەكێك لەخواكان نیگەرانو تورەو بێزار بوو لەخەڵكەكە، بۆیە كاتێك هەمو خواكـان لەیـەك خواوەنـدو پەرستراودا كۆكرانـەوەو هـەموو كـەلتورە باوەكـانیش لەهـەژمونی ئـەو خواوەنـدەدا توانەوە، لەئاكامدا خوایەك هاتە كایەوە كە هەمیشە تورەو نیگەرانـە لەبەنـدەكانی، تاوای لێهات كە باوەڕداری سادە وای بیر دەكـردەوە ئەگـەر توشـی سـەر ئێشـەیەك ببوایە، وای دەزانی تاوانێكی دەرهەق بە خواوەند كردوەو، بۆیە خواوەندیش سـزای

دەدات، تا دواجار باوەڕی لەسەر ئەوە دادەمەزرا كە هیچ كەس ناتوانێت لەپاداشتی كردەوەكانیدا بچێتە بەهەشتەوە ئەگەر خواوەند بە سۆزو بەزەیی خۆی فریای نەكەوێت، ئەم بیكردنەوەیەش بەشێوەی ستونی دژ دێتەوە لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا، بە واتایەكی تر خەڵك بەلای ئەو خواوەندەی كە خۆی لەدابەزێنراوی بەجێدا ناساندوە هەمویان(عباد)و بەندەی بەڕێزی ئەون، بەڵام بەلای ئەو خوایەوە كە فیقهیزانەكان باسی دەكەن خەڵك هەمو(عبید)و كۆیلەی سەركزو بێدەسەڵاتو بێ ویستو خواستن.

٣- لەو ڕوانگەو بیركردنەوەیەوە كە حاكمو حوكمڕان سێبەری خواوەندە لەسەر زەویداو حوكمو فەرمانی ئەو جێبەجێ دەكات، بەهەمان شێوە حاكمو حوكمڕانو میریش تورەو توندوتیژەو هەمان ئاكارو ڕەفتارەكانی ئەو خوایەی هەیە كە لەبیكردنەوەو خەیاڵدانی خودی حاكمو خەڵكەكەشدا بونی هەیە، ئەم دیاردەیەش لەسەرەتای سەردەمی دەسەڵاتی بەنی ئومەییەوە باڵی كێشا بەسەر ژیانداو لەبیكردنەوەی خەڵكو حوكمڕانەكانیشدا چەسپاو ڕیشەی داكوتاو فیقهو بابەتەكانی تریش هەمویان لەسایەی ئەم كەشو هەواو بیركردنەوەیەدا سەریان هەڵداو نوسرانەوە.

گرنگترین تایبەتمەندیو ئاكارەكانی ئەو فیقهو عەقیدەو بیروباوەڕەی كە لەدوای سەردەمی شوێن كەوتوان (تابعین)ەوە سەری هەڵدا ئەمانەی خوارەوەن:

أ. فیقهێكە هیچ ئاكارێكی جیهانی لەخۆناگرێت، بەڵكو ئاكاری خۆجێیی هەیەو نوسخەیەكی هەمواركراوە لەفیقهی جولەكە.

ب. ڕێز لەویستی سەربەستی مرۆڤ ناگرێت(وەك كوشتنی مورتەد).

ج. فیقهێكی بە تەواوەتی نێرانەیە. مێینە تەنها وەك شمەكێك مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت.

ء. بەڵگە شەرعیەكانو بەڵگەكانی هەڵگۆزینی فەرمانەكان تیایدا سەرەتایینو ژێریو خواستی مرۆڤانەی مرۆڤەكان تیایدا پەكخراون.

و. بەکەم زانینی ئازادیو ژیانی مرۆڤ و ڕیشە داکوتانی کۆیلایەتیو زەبونی، لەکاتێکدا کە پێویستە مرۆڤەکان تەنها بەندەی سەربەستو ئازادی خواوەند بن، چونکە خەڵکی بەگشتی لەدونیادا بەندەی سەربەستو ئازادی خواوەندن نەك کۆیلەو بەردەی سەرکزو بێ ویستو خواست.

لێرەوە تێدەگەین لەم فەرهەنگەدا(حرّ) تەنها بریتیە لەو کەسە ئازادەی کە واتای پێچەوانەی کۆیلە(الرق)ئەدات بەدەستەوە.

هەروەها ئازادیو ژیان لەکەلەپوری بۆماوەماندا ڕێزلێگیراو نین و لەخانەی بەهاو ڕەوشتە بەرزەکانیشدا باسیان نەهاتوە.

ز. سەبارەت بە بیروباوەڕو عەقیدەش، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، وای لێکردوە کە ببێتە بیروباوەڕێکی سادەو بێ هێزی ئەوتۆ کە توانای خۆڕاگرتنی نەبێت لەبەردەم هیچ هێرشێکداو وەڵامی هەر پرسیارێکی مەنتیقیو ژیرمەندانە بە کافر کردنو تکفیر وەڵام بداتەوە، لەم داڕشتنەیدا نەیتوانیوە جیاوازی بکات لەنێوان (كلام الله) قسەی خواوەندو (كلمات الله) کەلیمەو وشەو بەها باڵاکانی خواوەنددا.

تا لەئاکامدا ئەم بیروباوەڕە، پیاوانی وەك(ئیبنو تەیمیەو ئیبنو قەیمو موحەمەدی کوڕی عەبدول وەهاب)ی بەرهەم هێنا.

ح. چەسپاندنی ئەو هەستەی کە خەڵکی هەردەم خۆیان بە گوناهبارو تاوانبار بزانن، بە ئەندازەیەك مرۆڤ هەرچی بکات هێشتا هەر خۆی بەتاوانبار بزانێتو، هەمیشە ئەو هەستەی لازیندوو زاڵ بێت کە هەرکات ژیانی خۆش ویستو حەزی لەمردن نەبو، ئەوا دەبێت بزانێت کە خودی ئەو بیرکردنەوەیەش هەر تاوانە.

ط. دواجار غەزالی هاتو بۆ هەتا هەتایە تا بەمرۆش بگات، دەرگای فەلسەفەو عەقڵو ژیریو ئاوەزی داخستو عەقڵی عەرەبی کۆتو بەند کردو، دەستی پێڵەکار کێشایەوەو بەو کارەشی خەڵکی کرد بە(قطیع)و ڕەوە ئاژەڵێك و تا ئێستاش ئەو ڕەوشە هەر زاڵو بەردەوامە.

زانـا بـەڕێزەکانمان هـاتن خـەڵکیان کـردە ئـەو ڕەوە و ڕادەسـتی حـاکمو حوکمڕانەکانیان کردن، تاوەکو ئەوانیش لەوە زیاتریـان پـێ بکـەنو لەبەرژەوەنـدی خۆیاندا وەك ڕەوێکی بێ ویستو خواست بەکاریان بیهننو داوایـان لێ بکـەن بتـوانن هەم خودی خۆیانو هەم خەڵکی تریش بە ئاسانیو خەمساردانە بکوژن.

بە واتایەکی تر زانا بەڕێزەکان وەك نێوانگیرێك سەرەتا هەستاون بە شـۆردنەوەی مێشکی خەڵك کە خۆی لەو کەلتورەدا بینیوەتەوە کە بەناوی فیقهەوە بۆ خـەڵکیان داڕشتو لەوێوە گەنجەکانیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بچنە قوناغی دوەمـەوە، کـە ئەویش ئامادەکردنیـان بـو بـۆ کـاری خۆکـوژیو قـەتلو عـامی خـەڵك، بۆیـە ئەگـەر قۆناغی یەکەم نەبوایە بە دڵنیاییەوە قۆناغی دوەمیش سەری نەدەگرت.

دڵنیـاین ئـەوەی کـە ئێمـە دەیڵـێین هیچـکام لـەم دوو تـاقمو دەسـتەیەی کـە لەسەرەوە باسمان کردن دڵی پێخۆش ناکەن، بەڵکو بە پێچـەوانەوە دەرونیـان بـەم باسە تەنگ دەبێت، چـونکە ئـەوان خۆیـان کـردوە بـە کوێخـا بەسـەر ئـاینو ژێـری خەڵکەوە و ڕێگەیان لێدەگرن لەپەڕاوەکـەی خواوەنـد تێبگـەنو تەنانـەت لەهەنـدێ شوێنیشدا ڕێگە بە خوێندنەوەشـی نـادەنو لـەو جێگایانەشـدا کـە ڕێگـەی پێبـدەن تـەنها ڕێگـە بـە فێربـونی تەجویـدو ڕەوان خوێندنـەوەو لەبـەرکردنێکی بـێ گیـانی دەدەن، بەشێوەیەك ئەو کەسەی لەبەری دەکات بێ ئاگایانە وشەکانی لەسەر زمـان دەلێتەوەو قەدەغەیە بیر لەواتاکانی بکاتەوە.

ئـەم بەڕێزانـە خۆیـان کـردوە بـە پاسـەوان لەسـەر ئـەو پردانـەی کـە خواوەنـدو بەندەکانی بەیەك دەگەیـەننو نـاهێڵێن کـەس بەسـەر ئـەو پردانـەدا بپەڕێتـەوە، بـە ڕەزامەندی ئەوان نەبێت.

**المعروف:چاكەكاری:**

(ع ر ف)بناغەیەكی دروستە لەزمانی عەربیداو، دەستەواژەیەكی قورئانیەو بەخۆیو هەموو بەكارهێنانەكانیەوە (٧٢) حەفتاودو جار لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، یەكەمیان: ﴿فَلَمَّا جَاءَهُمْ مَا عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْكَافِرِينَ﴾ البقرة/ ٨٩.

دوایەمینیشیان﴿تَعْرِفُ فِي وُجُوهِهِمْ نَضْرَةَ النَّعِيمِ﴾ المطففين/٢٤.

ئەم بەكارهێنانانەش(المعروف، العرف، التعارف، المعرفة، العرافة) هەر بەشێكن لەو.

كەواتە: (المعروف): دو ماناو واتای هەیە: یەكەمیان كە زۆر باوەو زانراوە ئەمەیە كە لەم ئایەتەدا هاتوە :﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ البقرة/٢٢٨.

دومیان: بریتیە لەچاكەكاریو چاكەیەك كە مرۆڤ لەگەڵ كەسێكی تردا ئەنجامی دەدات وەك لەم ئایەتەدا هاتوە: ﴿إِلَّا أَنْ تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُمْ مَعْرُوفًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا﴾ الأحزاب/ ٦.

هەروەها لەئایەتی﴿وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا﴾ لقمان / ١٥.

هەروەها(العُرف)بەو خوێندنەوەیەی كە (ع)ە كە بۆرەی بەسەرەوە بێت: چەند واتاو مانایایەكی هەیە:

یەكەم: پێچەوانەی نەناسراو (نقیض النكرة)ە.

دوەم: لوتكەی هەر شتێك، واتە: بەرزترین شوێنی، هەر لەم بارەیەوە عەرەب بە پۆپی كەڵەشێر(ئەو پارچە گۆشتە نەرمەی كە بە سەر سەری كەڵەشێرەوەیە) دەڵێن: (عرف الديك) واتە: عورفی كەڵەشێر.

سێیەم: هەرشتێك كە خەڵك لەسەری ڕاهاتنو بو بە باو لەكڕینو فرۆشتنەكانیاندا.

بەڵام (العَرف )بەو خوێندنەوەیەی كە (ع)ەكە سەرەی بۆ دابنرێت: واتای بۆنێكی خۆش كەبڵاوبوبێتەوە دەگەیەنێت، لەم بارەیەوە خواوەند لەبارەی ئامادەكاریەكانی بەهشتەوە بۆ بەندەكانی دەفەرموێت: ﴿وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ﴾ محمد /٦.

واتە: دەیانخاتە بەهەشتێكەوە كەبە بۆنی خۆش ڕازاندویەتیەوەو بۆن خۆشی كردوە بۆیان.

وە(العِـرف)بــەو خوێندنەوەیــەی کە(ع)ەکــە ژێــرەی لــەژێردا بێــت: بــەلای زەمەخشەریەوە واتای ئارامگرتنێکی ڕازاوە دەگەیەنێت.

هەروەها(التعارف): بریتیە لەو بەیەك گەیشتن‌و پێکەوە ژیانەی کە بەهۆیەوە لێکنزیکبونەوەو خۆشەویستی‌و یەکتر ناسینێکی ئەوتۆوە بێتەکایەوە کە لەڕوی مەعریفیــەوە مرۆڤــەکان لــەنێوان خۆیانــدا هەریەکــەو بتوانێــت خزمــەتێك بــە بــرا مرۆڤەکــەی بەرابنــەری بکــات چ لەئاســتی تاکەکانــدا بێــت یــاخود لەئاســتی کۆمەڵگەکاندا.

هـەر ئـەم یـەکتر ناسـین‌و بـە یـەکتر ئاشـنا بـون‌و پێکـەوە ژیانەیـە کـە خـواوەنـد کردویەتیە ئامانج لەبەدیهێنانی مرۆڤەکانـدا وەك دەفـەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات/١٣.

واتە: ئەی خەڵکینە ئێمـە ئێوەمـان بـەدیهێناوە لەیـەك نێـرو مـێ‌و گێڕاومـانن بـە بەچــەندین گــەل‌و تــیرەو هــۆز تــاوەکو یــەکتر بناســن‌و پێکــەوە بــژین، دڵنیــابن بەڕێزترینتان لای خواوەند پارێزکارترینتانە.

(المعرفە)ش بریتیە لەو پەیوەندیەی کـە لـەنێوان بەشـەکانی بونـەوەرو گەردونـدا هەیـە، لـەبارەی خـودی شـتەکان‌و وێنـاو وێنـەی شـتەکانەوە لـەزەین‌و خەیاڵـدانی مرۆڤەکاندا، ئەمەش بابەتێکی فەلسـەفی تـەواوەو قسـە لـەبارەی پەیوەنـدی نێـوان بونی بابەتی‌و ئاوەزو فام‌و ئاگایی مرۆڤەکانەوە دەکات.

زانست‌و زانیاریش بریتیـە لـەوەی کـە لـەجیهانی دەرەکیـەوە بـە کـردار دەچـێتە کۆگـای زانراوو(معارف)ەکـانی مرۆڤــەوە، ئـیتر ئـەو زانراوانـە بابـەتی بـن، یـاخود کۆمەڵایەتی جیاوازیان نیە.

بۆیە دەبینیت کە لەدابەزێنراوی بەجێدا تەنها باس لە(علم الله) زانیاری خواوەند دەکاتو باسی(معرفه الله)و مەعرفە ناکرێت چونکە خواوەند بە کردار هەموشتێك دەزانێتو پێویستی بەگریمانەو لێکدانەوەی مەعریفی نیە.

لە(علم)وزانستو زانیاریدا دەکرێت ئاشکراو شاراوەو پەنهان ببێت، وەك چۆن دەوڵەتەکان زانیاری لەیەکتر دەشارنەوە، بەهەمان شێوە خواوەندیش بە ویستو ئیرادەی خۆی نەبێت کەس لەزانیاریەکانی ئاگادار ناکات.

(العِرافة)ش بریتیە لە(المعرفة الکاذبة) زانراوی درۆینە.

هەروەك چۆن لەجیهانی تەسەوفداو لەنێوان ئەو کەسانەدا کە ڕێگەی تەسەوف دەگرنەبەر، کەمینەیەکی کەم هەن کە بەڕاستی ڕاستگۆو ڕاساڵن لەگەڵ خواوەندا، ئەم کەمینەیە خاوەنی (خوارق)ن و هەندێ جار لەدەرەوەی ئەو یاسایانەدا کە بەسەر گەردوندا زاڵن، بەویستی خواوەند هەندێ شتیان بۆ ئاسان دەکرێت، بەڵام زۆرینەی زۆری ئەو کەسانەی کە بە ڕوکار لەم ڕێگەیەدان، زۆربەیان ناڕاستگۆو ڕمڵ و نوقڵانە لێدەرن، بەهەمان شێوە ئەوانەش کە ڕێگەی مەعریفەیان گرتوەتەبەر کەمینەیەکی ڕەسەنیان هەن، ئەوکەمینەیە(عارف)ەکانیانن‌و زۆرینەیەکی شپرزەشیان هەن کە بریتین لە(عرّافون)و لافی عارف بون لێدەدەن.

(مەعریفە)پلەو پێگەیەکە زاڵ دەبێت بە سەر ژیانی ئەو کەسەدا کە خوازیاریەتی، کاتێك کە مرۆڤ چوە قوڵایەکانی جیهانی مەعرفەوە، ئیدی سەروەتو سامان‌و پلەوپایەو دەسەڵات سەرقاڵی ناکات، بەڵام(عرّافە)و ئەوانەی کە خۆیان بە مەعریفەدا هەڵواسیوەو لافی عارف بون لێدەدەن‌و فاڵچیەتی لەپاڵدا دەکەن، ئەوان دەبنە جادوگەرو هامانی حەکیم‌و لێزان‌و، خۆیان لەخەڵك دەکەنە پزیشکی گۆشەگیرو، دەبنە زێوان‌و پاسەوانی ئەو قوربانی و قۆچانەی کە خەڵك دەیکاتە قوربانی بتو پەرستراوەکانیان، ئەم پیشەی فاڵچیەتی‌و(عراف)ەیەش کۆنترین پیشەیە لەژیانی مرۆڤایەتیدا، بۆیە ئەوانە بەهەڵەدا دەچن کە دەڵێن: پیشەی(عرّاف)ەکان بون‌و هەژمونیان نەماوە.

چونکه ئەگەر سەرنج بدەینە ژێرخانی تەکیەکانو حەشارگەی زیارەتگاو ئەو شوێنانەی کە پێیان دەڵێن: (شوێنە پیرۆزەکان) یاخود سەرێك لەگۆڕستانو مەرقەدی ئەوانە بدەین کە پێیان دەڵێن (أهل الله) بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو(عرّاف)انەو پیشەکەیان کۆتایی پێنەهاتوەو تێدەگەین کە: نەك هەر هەژمونیان بەردەوامە، بەڵکو بونەتە دەزگاو دامەزراوەو لەژێر ناونیشانو دروشمی جوراوجۆردا، چەندین ڕێکخراوو دامەزراوەیان بۆ خۆیان دروستکردوە.

**المنكر:**

(ن ك ر) بناغەیەکی دروستە لەزمانی عەرەبیداو، دەستەواژەیەکی قورئانیەو خۆیو بەکارهێنانەکانی تری لە(٣٧)سیو حەوت جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتون کە یەکەمیان بریتیە لە: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ﴾ آل‌عمران/ ١٠٤.

دوا دانەشیان: ﴿وَلَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ الملك /١٨.

ئەمانەش هەندێکن لەبەکارهێنانەکانی: (المنكر، النكير، النُكر، النكرة، الإنكار...).

پێویستە بزانین کە(منکر)و نەزانراو پێچەوانەی(معروف)و زانراوەو دەکرێت بە جمكو هاوەڵی یەکدی سەیر بکرێن.

بە واتایەکی تر(منکر)بریتیە لەهەرشتێك کە هەوڵی هەژمون کردن بەسەر عەقڵو ژیری مرۆڤدا بداتو هەوڵ بدات بە خراپیەکەی خۆی ئەو کەسە بەکار بهێنێت لەبەرژەوەندی خۆیداو لەو بوارانەدا کە دەیەوێت، بەدڵی خۆی هەڵی سوڕێنێت.

هەروەها بریتیە لە هەموو ئەوشتانەی کە کۆمەڵگە بە یەکدەنگی دژی دەوەستنەوەو دەیانەوێت خۆیانی لێ بە دور بگرن لەکارو کردارو ژیانی ڕۆژانەیاندا، ئەم ماناو واتەیەش زۆر بە ڕونی لەم فەرمودەی خواوەندا بەدی دەکەین کە دەفەرموێت:﴿أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ السَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمْ الْمُنكَرَ﴾ العنكبوت/ ٢٩.

واتە: ئایا ئێوە پەیوەندی هەوەس بازی لەگەڵ پیاواندا دەکەنو ڕێگە لەڕێبواران دەبڕنو لەیانەکانیشتاندا کاری ناپەسەند ئەنجام دەدەن..؟.

بەپێی دەقەکانی دابەزێنراوی بەجێش، پێویستە هەموو قەدەغەکراوەکان‌و حەرامکراوەکان(المحرّمات) لەخانەی کردەوە ناپەسەندەکان(منکرات)دا دابنرێن.

بەڵام(نکیر)چەند مانایەکی هەیە کەلێك جیا ناکرێنەوە:

یەکەمیان: سەختی‌و ناڕەحەتی‌و تەنگو چەڵەمە، وەك لەزمانی عەرەبیدا هەیە کە خەڵك دەڵێت: (حاصر الجیش المدینة وشدد علیها النکیر).

واتە: سوپاکە گەمارۆی شارەکەی داو بە خراپەو توندوتیژی ڕەفتاری کرد.

دوەم: قەڵایەکی بە پەناو قایم، وەك خواوەند دەفەرموێت: ﴿مَا لَكُمْ مِنْ مَلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُمْ مِنْ نَكِيرٍ﴾الشوری/٤٧. واتە: هیچ پەناگەیەکتان دەست ناکەوێت‌و هەروەها هیچ شتێکیش نیە لەئێمە بتانپارێزێت.

سێیەم: سزایەکی تەمێکەرو تۆڵەیەکی بە زەبرو چارەنوسێکی ناپەسەند، وەك خواوەند دەفەرموێت: ﴿فَأَمْلَيْتُ لِلْكَافِرِينَ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ﴾ الحج /٤٤.

واتە: نیگەرانبوم لەکافرەکان‌و دواتر گرتنم‌و کێ دەزانێت چیان بەسەر دێت.

بەڵام(النّکر) بریتیە لەکارێکی قورس‌و سەختی ئەو تۆ کە دەرونەکان بە سوك‌و ڕسوا سەیری بکەن‌و بێزراو بێت لای خەڵك، وەك خواوەند لەسەر زاری موسا پێغەمبەرەوە، دەفەرموێت: ﴿قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةً بِغَيْرِ نَفْسٍ لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا نُكْرًا﴾ الکهف/ ٧٤.

واتە: وتی ئایا بەبێ تاوان نەفسێکی پاکت کوشت..؟، بەڕاستی شتێکی ناپەسەندو ناڕەوات کرد.

هەر لەم بارەیەوە بە مێینەش دەڵێن: (النکراء)وەك عەرەب دەڵێت: (نزلت بنا مصیبة نکراء).

واتە: نەهامەتیەکی خراپ‌و قورس‌و سەختمان هات بەسەرداو ناشزانین چارەنوسمان بەرەوکوێ دەڕوات.

هــەروها(نكــرة)ش لای ئەوكەســانەی كــە لەزانســتەكانی(نحو، صرف)شــارەزان پێویست بە ناساندن ناكات چونكە خۆیان دەزانن هیچ پێناسەیەك وەرناگرێتو ناكرێت بناسرێت چونكە خۆی نەناسراوە، (نكير)یش بریتیە لەوكەسەی كە لەناو هۆزەكەیدا هیچ پێگەو پلەوپایەیەكی نیەو هیچ ڕۆڵێكی بەرچاو ناگێڕێتو لەهیچ بۆنەیەكدا ناوی نایەت.

هەروەها(الإنكار)یش بریتیە لەڕەتكردنەوەو نادیدەگرتنو دان پێدانەنان، چونكە نادیدەگرتنی نازو نیعمەت، دان پێدانەنانی گەورەیی بەخشەرەكەیەتی، بەڵام خۆ لەبیكردنو خۆ بە دورگرتن لەخۆپەرستی، ئەوە ڕەوشتو ئاكارێكی چاكو پەسەندە بە بەڵگەی فەرمودەی خواوەند: ﴿...وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ الحشر/٩.

واتە:هەر چەندە تایبەتمەندیشیان ببێت بەڵام هەر نازو فەزڵی براكانیان دەدەن بەسەر خۆیانداو هەركەسیش بتوانێت خۆی لەچروكی دەرونی بپارێزێت ئەوا لەڕیزی بەختەوەراندایە.

ئەم تاوتوێكردنە بەم شێوازە پێویست بوو، تا بگەینە ئەم ئاستەو بپرسین: ئایا لەئەمڕۆدا چۆن لەبابەتی فەرمان بە چاكەو ڕێگری لەخراپە تێبگەین..؟ هەروەها ئەو ڕێوشوێنانە كامانەنو چۆن بیانگرینە بەر لەپرۆسەی فەرمان بەچاكەو ڕێگری لەخراپەداو بە چ شێوەیەك لەم سەردەمەدا بەم ئەركە هەستینو ڕای پەڕێنین.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە بەتێرو تەسەلی پێناسەی هەریەك لەم دەستەواژانە بكەین: (الأمر، النهي، المعروف، المنكر) واتە: فەرمانكردن، ڕێگری كردن، چاكەو هەر كارێك بە چاكەكاری ناسرابێت، خراپەو هەر كارێك كە نەناسراوو ناپەسەند بێت.

پێناسەكان یارمەتیمان دەدەنو وێنای ئەو نەخشەیەمان بۆ دەكەن كە پێمان دەڵێت: سنوری هەرشتێك لەكوێوە دەست پێدەكاتو لەكویدا كۆتایی دێت.

كاتێك ئێمە دەمانەوێت پێناسەی(النهي)رێگیری لێكردن بكەین، پێویستە هەریەك لەم چوار پلەیەی ڕێگیری لێكراوەكان لەیەك جیا بكەینەوە:

حەڵاڵو حەرام، فەرمانكردنو ڕێگیری لێكردن، ڕێگە پێدانو ڕێگیری كردن، چاكەو بە چاكە زانراو، بێزراوو ناپەسەند (الحلال والحرام، الأمر والنهي، السماح والمنع، الحسن والقبيع)

دواتر پێویستە بە وردی تاوتوێی ئەوە بكەین كە چۆن خواوەند هەندێ لەو ڕێگیریلێكراوانەی هەڵبژاردوەو ناوی (كبائر)ی لێناون، دواتر چۆنو لەسەر چ بنەمایەك ئەوەی هەڵبژاردوە كە ئەم(كبائر)انە بكاتە قەدەغەكراوو(محرّمات).

ئێمە لە هەموو ئەم لێكدانەوەو بەراوردكاریەماندا پێداگریمان لەسەر ئەوە كردوە كە تیشك بخەینە سەر ژمارەیەك لەو ڕێكخەرو(نواظم)انەی كە لەئایەتەكانی دابەزێنراوی بەجێوە هەڵمان گۆزیون، بەپێی ئەو ئایەتانە پابەندبونو ڕەچاوكردنی ئەو ڕێكخەرانەو لانەدان لێیان بە پێویست دەزانین تاوەكو فەرمانكردن بە چاكەو ڕێگیری كردن لەخراپە، پڕاوپڕ بێت لەگەڵ واتای ئایەتەكانی دابەزێنراوی بەجێدا.

خواوەند دەفەرموێت: ﴿**إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ**﴾ القمر/٤٩.

واتە: هەموشتێكمان بە ئەندازەی دیاریكراو بەدی هێناوە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿**وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ**﴾ يس/١٢.

واتە: ئێمە هەموشتێكمان سەرژمێری كردوە لە(إمام مبین)دا.

ئەم دوو ئایەتە دەمانخەنە سەر ئەو ڕێگە ڕاستەی كە چۆن گەرودون بخوێنینەوەو چۆن خوێندنەوەكەمان بەشێوەیەك بێت كە بڕو ئەندازەو سەرەتاو كۆتایی هەموو شتەكانمان بۆ ڕون بكاتەوە.

هەروەها لەڕێگەی ئەم ئایەتانەوەو بەهۆی ئەو خوێندنەوە دروستەوە تێدەگەین کە چالاکیو جوڵەی بە ئاگایانەی مرۆڤ سنورێكو كۆتایی هەیە، ئەو كۆتایانەش بریتین لەو جێگایانەی کە لەدابەزێنراوی بەجێدا ناویان لێنراوە سنورەکان(الحدود)و بەهیچ شێوەیەك نابێت ئەو سنورانە ببەزێنرێن، بە بەڵگەی وتەی خواوەند كە دەفەرموێت: ﴿...تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا﴾ البقرة/٢٢٩.

واتە: ئا ئەمانە سنورە دەستنیشانكراوەكانی خواوەندنو مەیانبەزێنن.

نەك هەر بەزاندن، بەڵكو نابێت هەر نزیكیشیان بكەوینەوە، بەبەڵگەی ئایەتی﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا﴾ البقرة/١٨٧.

واتە: ئا ئەمانە سنورە دەستنیشانكراوەكانی خواوەندنو نزیكیان نەكەونەوە.

هەروەها وتەی خواوەند كە دەفەرمووێت: ﴿الْآمِرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّاهُونَ عَنْ الْمُنكَرِ وَالْحَافِظُونَ لِحُدُودِ اللَّهِ وَبَشِّرْ الْمُؤْمِنِينَ﴾ التوبة/١١٢.

واتە: ئەوانەی كە فەرمان بە چاكە دەكەنو ڕێگری لەخراپە دەكەنو لەم پرۆسەیەشیاندا پارێزگاری لەسنورەكانی پەروەدگار دەكەن، ئەوا موژدە بدەن بەو باوەڕدارانەی كە باوەڕیان بەم یاساو ڕێسایانە هەیەو پابەندی دەبن.

بۆ نمونە: ئەگەر سنوری كۆتایی بۆ خواردنو خواردنەوە بەپێی ئەو ئایەتەی كە لەخوارەوە هێناومانە، بریتی بێت لە سنور بەزاندنو(إسراف)كە دەفەرموێت: ﴿...وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ الأعراف/ ٣١.

واتە: بخۆنو بخۆنەوە بەڵام سنور مەبەزێنن، چونكە خواوەند ئەوانەی خۆش ناوێت كە سنور دەبەزێنن.

ئەگەر سنور بۆ ئەم بوارە بریتی بێت لەوەی کە پابەندی ئەو ڕینماییە بین، لەو ڕوانگەیەوە دەپرسین ئایا فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگیریکردن لەخراپە پێوەرو پێودانگێکی ئەوتۆی هەیە کە پێوست بێت پابەندیان بین‌و لانەدەین لێیان.

ئایا فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگیریکردن لەخراپە چەند سنورێکی هەیە کە پێویست بکات پابەندیان بین و لێیان نزیك نەکەوینەوەو دواجار نەیانبەزێنین..؟.

وەڵام ئەوەیە: بەڵێ بێگومان ئەو سنورو ڕێوشێوینانە بونیان هەیە.

١- بۆ ئەوەی بتوانین سنورەکانی فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگیریکردن لەخراپە دەستنیشان بکەین، پێوستە لەچەمکی(إسراف)وە دەست پێبکەین.

هەروەها وەك چۆن لەخواردن‌و خواردنەوەدا نابێت(إسراف)و سنورشکێنی بکەین، بەهەمان شێوە ناکرێت لە پرۆسەی فەرمان بە چاکەو ڕێگیریکردن لەخراپەدا(إسراف)و سنورشکێنی بکەین، بۆیە هەوڵ دەدەین بە جوانی ڕونی بکەینەوە کە(إسراف)چیەو جیاوازی چیە لەنێوان(إسراف)و(تبذير)دا.

***<u>تاوتوێ کردنێکی پێویست لەبارەی(إسراف)و(تبذير)ەوە</u>***:

(س ر ف)هەروەك چۆن لە(مقاييس اللغة)ی ئیبن‌و فارسدا هاتوە، یەك بناغەیەو واتای تێپەڕاندنی سنور دەگەیەنێت، عەرەب دەڵێن: (سرف الأمر) واتە: لەسنوری کارەکە تێپەڕی.

هەروەها دەڵێن: (السَّرَف)بریتیە لەنەزانی‌و نەفامی‌و(السَّرِف)بریتیە لە: کەسی نەزان‌و نەفام، بەمانای ئەوەی کە سنوری زانیاری‌و مەعریفەی تێپەڕاندوەو کەوتوەتە ناو نەفامی‌و نەزانیەوە.

ئەم دەستەواژەیە بە هەمو بەکار هێنانەکانیەوە(٢٣)جار لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، ئەمەی خوارەوە هەندێکیانن:

﴿قُلْ يَاعِبَادِي الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا﴾ الزمر/ ٥٣.

﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا﴾ آل‌عمران/ ١٤٧.

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ﴾ غافر /٢٨.

﴿إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِنْ دُونِ النِّسَاءِ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفُونَ﴾ الأعراف/٨١.

﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ الأعراف/٣١.

﴿وَإِنَّ فِرْعَوْنَ لَعَالٍ فِي الْأَرْضِ وَإِنَّهُ لَمِنْ الْمُسْرِفِينَ﴾ يونس/٨٣.

﴿ وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلَا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنصُورًا﴾ الإسراء/ ٣٣.

﴿وَكَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِآيَاتِ رَبِّهِ﴾ طه/١٢٧.

﴿وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا﴾ الفرقان/ ٦٧.

﴿وَأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَابُ النَّارِ﴾ غافر/ ٤٣.

کەواتە: (إسراف)بریتیە لەتێپەڕاندنو بەزاندنی سنور، بە واتایەکی تر چۆنایەتیە نەك چەندایەتی.

ئێمە لەم نوسینەماندا بە وردی لەسەر ئاماژەکانی دەستەواژەی (إسراف) دەوەستینو جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ چۆنایەتی (الكيف)، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە لەئەدەبیاتی ئیسلامیماندا باوو بڵاوە ئەوەیە کە گوایا(إسراف)بریتیە لەتێپەڕاندنی چەندایەتیو ئەندازەیەکی دیاریکراو (الكم).

ئەم لێکچونەش بوەتە هۆی تێکەڵکردنی(إسراف)سنور بەزاندن لەلایەكو (التبذير) بەفیڕۆدان وزێدەڕۆیی کردنیش لە لایەکی ترەوە، ئەم دو دەستەواژەیەش(الإسراف و التبذير)لەدو ئایەتی دابەزێنراوی بەجێدا هاتون کە بریتین لە ئایەتەکانی(٢٦-٢٧)ی سورەتی (الإسراء).

ئەو مانا بنەڕەتیەی كە لەدابەزێنراوی بەجێدا(إسراف)ی بۆ بەكار هێنراوە، بریتیە لەسنور بەزاندن‌و تێپەڕاندنی سنور.

ژیریو لۆژیكیش پێمان دەڵێت: ئەگەر دوشت لەیەك جیاواز بون بە شێوەیەك كە یەكێكیان تایبەتمەندیەكی هەبو و لەوی دیكەیاندا ئەو تایبەتمەندیە بونی نەبو، ئەوا ناكرێت ئەو دوانە بۆ یەك مەبەست بەكار بهێنرێن.

ماوە بپرسین ئەو سنورە كامەیەكە بە تێپەڕاندنی مرۆڤ دەبێتە(مُسرف)و بەوهۆیەوە شایانی هیدایەت‌و ڕێنمویی خواوەند نابێت..؟.

لەوانەیە وا باش بێت پێش دەسپێكردن بە وەڵامی ئەو پرسیارە گوێ لەو هەواڵە بگرین كە فەخری ڕازی گێڕاویەتەوەو ڕاو سەرنجی موجاهدی تێدایە لەمبارەیەوە، كە موجاهد جیاوازی نێوان(إسراف)و(تبذیر)سنور بەزاندن‌و بەفیڕۆدانمان بۆ ڕون دەكاتەوەو دەڵێت: {عوسمانی كوڕی ئەسودە دەڵێت: لەگەڵ موجاهددا دەسوڕاینەوە بە دەوری كەعبەدا، موجاهید سەری بەرزكردەوەو سەیری ئەبی قوبەیسی كردو وتی: ئەگەر كەسێك بە قەدەر ئەوە، ماڵ‌و سامان ببەخشێت لەڕێگەی خواوەنددا هێشتا زێدەڕۆییو ئیسرافی نەكردوە، بەڵام ئەگەر تاقە درهەمێك لەسەرپێچی خواوەنددا خەرج بكات، ئەوا زێدەڕۆییو ئیسرافی كردوەو لەڕیزی موسرفەكاندایە.

هەروەها پەندێك هەیە كە دەڵێت: كابرایەك زۆر بەخشندەبو، پێیان وت زۆر دەبەخشیت‌و سنوری بەخشینت بەزاندوە، سنور بەزاندنیش لەبەخشیندا باش نیە، ئەویش وتی: لەخەیرو چاكەكاریدا سنور بەزاندن نیە}. سەیری (التفسیر الكبیر)ی ڕزای بەرگی(٢٠)لاپەڕە(١٥٥)بكە.

کەواتە: تێدەگەین کە ئیسرافو سنوربەزاندن تەنها لەسەرپێچیو نافەرمانیدایەو بڕو ئەندازەش، هیچ ڕۆڵو واتایەکی نیە لەئیسرافداو ئەوەی کە مەبەستە، سنورە دیاریکراوەکانو بەزاندنیانە.

بەو پێیەش کە پەڕاوی خواوەند پەیامی ڕێنماییو ڕێنیشاندانە بۆ پارێزکارانو ئەو پەڕاوەش لەبەشی پەیامی پێغەمبەرایەتیدا(النبوة)جیاوازی نێوان ڕاستیو ناڕاستی(حق و باطل)ی دەستنیشانکردوەو جیای کردونەتەوە لەیەك، هەروەها لەبەشی پەیامی پەیامهێنەرایەتیدا(الرسالة)جیاوازی نێوان حەڵاڵو حەرامی ڕون کردوەتەوەو جیای کردونەتەوە لەیەکتر.

بە دڵنیاییەوە ئەو سنورەی کە سنور بەزێن و(مسرف)دەیبەزێنێت، بریتیە لەوسنورە جیاکەرەوەیەی کە لەنێوان حەڵاڵو حەرامدایە، واتە: موسرف سنوری حەڵاڵ دەبەزێنێتو دەپەڕێتە ناو حەرامەوە.

سەرنج بدە لەئایەتی﴿**إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِنْ دُونِ النِّسَاءِ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفُونَ**﴾ الأعراف/ ٨١. (لوت پێغەمبەر س.خ) باس لەهۆزەکەی دەکاتو دەڵێت: ﴿**لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِنْ دُونِ النِّسَاءِ**﴾ واتە: ئارەزویان دەشکێت بەباری پیاوانداو پشت لەئافرەتان دەکەن، هەمومان دەزانین کە نێربازی کەمو زۆری حەرامەو قەدەغەکراوە، لەم ڕوانگەیەوەیە کە لەکۆتایی ئایەتەکەدا(لوط پێغەمبەر س.خ)حوکمو فەرمانو بڕیاری خۆی لەبارەی هۆزەکەیەوە دەردەبڕێتو پێیان دەڵێت: هۆزێکی سنور بەزێنن(قوم مسرفون)هەروەها سەرنجی ئەم ئایەتە بدە﴿**وَإِنَّ فِرْعَوْنَ لَعَالٍ فِي الْأَرْضِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الْمُسْرِفِينَ**﴾ يونس/٨٣. کاتێك باس لەباسی دەست ڕۆیشتویی فیرعەون دەکات کە خۆی بە گەورەو خاوەن هێز زانیەوەو ئەوەندە هێزو تواناو دەسەڵاتەکەی بەکار هێناوە تا وای لێهاتوە بە خاوەن دەسەڵات ناسراوە.

بەم کارەی سنوری(جیاکەرەوەی نێوان بەندایەتی خواوەند کە حەڵاڵو ڕەوایەو نێوان لاف لێدانی خوایەتیو خۆ بە خاوەن زانینی خەڵك کە حەرامو قەدەغەکراوە)بەزاندوەو دواجار لەئایەتەکەدا خواوەند حوکمو فەرمانی خۆی لەبارەی فیرعەونەوە دەرکردوە ولەخانەی سنور بەزێنەکاندا ناوی هێناوە(بأنە من المسرفین).

ئایەتی ﴿وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلَا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنصُورًا﴾ الإسراء/ ٣٣.

بەوە دەست پێ دەکات کە ڕاسپاردەمان دەکات لەسەر حەقو ڕەوایەتی نەبێت هیچ نەفسێك نەکوژین کە خواوەند کوشتنی قەدەغەو حەرام کردبێت، دواتر درێژە بە باسەکە دەداتو باس لەفەرمانی خواوەند دەکات لەبارەی مرۆڤێکەوە کە بە ستەم لێکراویو بە ناڕەواو نادادپەروەرانە کوژرا بێتو، چەند خاڵێکمان بۆ ڕون دەکاتەوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

* کوشتن بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر حەقو لەجێی تاوانێکدا نەبێت قەدەغەکراوو حەرامە.

* ڕێگە بە کوشتن نادرێت و ڕەوا نابێت، مەگەر بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە دێنە پێش، یاخود بەهۆی چەند بەڵگەیەکی حەشا هەڵنەگرەوە، ئەوسا ڕێگە بە کوشتن دەدرێت.

* خاوەنو سەرپەرشتی کەسی کوژراو ئەو دەسەڵاتەی دراوەتێ بەشێوەی(قصاص)وتۆڵەکردنەوەو سزا لێوەرگرتنەوە، بکوژی کەسەکەی بکوژێتەوە.

* سنوربەزاندن لەسزاو تۆڵەکردنەوەدا ڕێگە پێنەدراوە.

لەبابەتی یەکەمدا وا لەڕوکاری ئایەتەکەوە دەردەکەوێت کە هیچ هۆکارێك نیە ببێتە پاساوو بیانوی کوشتن بێجگە لەتاوانی کوشتنی کەسێکی بێ تاوانو ستەم لێکراو، هیچ شتێك ڕێگە بە کوشتن نادات.

لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا فەقیهەکان ڕای جیاوازیان هەیە لەبارەی هۆکاری ترەوە، لەوانە: ئایا کوشتنی ئەو کەسەی کە واز لەنوێژکردن دەهێنێت ڕەواو حەڵاڵە..؟

شافعی لەمبارەیەوە دەڵێت: حەڵاڵەو دەگونجێت بکوژرێت.

ئەبو حەنیفە دەڵێت: حەڵاڵ نیەو ناگونجێت بکوژرێت.

– ئایا ئەنجامدانی کاری نێربازی تاوانێکە کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەنجامدەرەکەی بکوژرێت..؟

شافعی دەڵێت: واجبە بکوژرێت.

بەڵام ئەبو حەنیفە دەڵێت: نابێتە هۆکار بۆ کوشتنی.

– ئایا جوت بون لەگەڵ ئاژەڵاندا، دەبێتە هۆکارو پاساو بۆ کوشتنی ئەنجام دەرەکەی..؟

– یان ئایا مل نەدان بە زەکاتو خۆ لادان لەڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە هۆکارە بۆ کوشتنی بکەرەکەی..؟

بەلای زۆربەی فەقیهەکانەوە نابێتە پاساوو هۆکار بۆ کوشتنی، بەڵام بەلای هەندێکیانەوە ئەو کارانە هۆکارن بۆ کوشتنی بکەرەکانیان.

بەڵام ئێمە وا دەبینین ئایەتەکە ڕونو ڕەوان پێمان دەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی کوشتن حەرامو قەدەغەکراوە بێجگە لەیەك حاڵەت نەبێت، ئەویش بریتیە لەوەی کە بە بەڵگەی ڕون وئاشکراوە بسەلمێنرێت کەسێك هەستاوە بەکوشتنی کەسێکی بێتاوان بە شێوەی ستەم لێکردن.

سەبارەت بە هۆکارەکانی تری وەك: وازهێنان لەنوێژکردن‌و، زەکات نەدان‌و، نێربازی‌و، جوت بون لەگەڵ ئاژەڵانداو، جادوگەری...و... هتد. هیچ بایەخێکیان نیە لای ئێمە، بەڵگەشمان لەسەر ئەم ڕاستیە ئەم ئایەتەیە: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ﴾ المائدة/٣٢.

هەروەها ئایەتەکانی ﴿وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ * بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ﴾ التكوير/٨-٩.

لەبابەتی دوەمیشدا ئایەتەکە ئاماژە دەکات بەوەی کە پێویستە تاوانی کوشتنەکە(بەشێوازی ستەملێکراویی کوژراوەکە) بیسەلمێنێت بە بەڵگەو دیکۆمێنتی دروست، وەك کەسانێك کە خۆیان لەوێ بوبن‌و شایەت بن بەسەر تاوانەکەوەو بەچاوی خۆیان تاوانەکەیان دیبێت، یاخود جێپەنجەی تاوانبارەکە بەسەر قوربانیەکەوە بەدەر بکەوێت یاخود ڕاپۆرتەکانی پزیشکی دادەوەری تاوانەکە پشتڕاست بکەنەوە، بەشێوازێك کە ئەم بەڵگانە دڵنیایی ببەخشێن لەدەرکردنی فەرمانەکەداو لەلایەن دادگا تایبەمەندەکانەوە تۆمەتبار بە تاوانبار بناسرێنێت.

بابەتی سێیەمیش: مافی تۆڵەکردنەوە دەبەخشێتە خاوەنی کوژراوە ستەملێکراوەکەو، تەنها ئەو مافی کوشتنەوەی بکوژەکەی هەیە، ئەمەش دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێك بابەتی ترەوە:

ئایا مەبەست لە(ولي)لەم ئایەتەدا باوك‌و براو مام‌و کەسە نزیکەکانی کوژراوەکەیە..؟ یان مەبەست لەدادوەرو دەسەڵاتی دادوەریە، بەو پێیەی کە خاوەن بڕیارو کاربەدەستە..؟

ئـەو دەسـەڵاتەی کـە خواوەنـد بڕیـاری داوە بـۆ سەرپەرشـتی کـوژراو (کەسـە نزیکـەکانی بـن یـاخود دادەوەر) بریتیـە لـەو دەسـەڵاتە بـە حەقـەی کـە لـەبواری تۆڵەسـەندنەوەو حـەق کردنـەوەدا دەستنیشـانکراوەو لـەم ئایەتانـەدا ئامـاژەی پێکراوە﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنفَ بِالْأَنفِ﴾ المائدة/٤٥. هەروەها لەئایەتی﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنثَى بِالْأُنثَى﴾ البقرة/١٧٩.

ئەم ڕێو شوێنانە هەموویان لەخانەی ئەو چوار چێوە گشتیەدایە کە خواوەند لـەم ئایەتانەدا ئاماژەی پێداوە:

﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ الأسراء/١٥.

﴿قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِي رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ مَرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ الأنعام/ ١٦٤.

﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَإِنْ تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى إِنَّمَا تُنْذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ بِالغَيْبِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَمَنْ تَزَكَّى فَإِنَّمَا يَتَزَكَّى لِنَفْسِهِ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ فاطر/١٨.

﴿إِنْ تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنْكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِنْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ مَرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ زمر/٧.

﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ النجم/٣٨.

پاشان بابەتی چوارەم دێت کە: خواوەند بـە ڕونـی ڕێگـیری دەکات لەسەرپەرشـتیاری کوژراوەکـە، بـۆ ئـەوەی لەتۆڵەکردنـەوەی کـوژراوە بێتـاوانو سـتەملێکراوەکەیدا سـنور نەبەزێنێت، ئەگەر بێتو(إسراف)وەك ڕونمـان کـردەوە بریتـی بێـت لەدەرچـون لەسـنورو هەرێمی حەڵاڵو کەوتنە نـاو سـنورو هـەرێمی حەرامـەوەو بەزانـدنی ئـەو سـنورەی نێـوان حەرامو حەڵاڵ بێت، ئایا سنور لـەم ئایەتـەدا کامەیـە..؟ بەتایبـەت کاتێـك کـە خواوەنـد ڕاسپاردە دەکاتو ڕای دەگەیەنێت کە نابێت ببەزێنرێت.

لەدیدی ئێمەدا ئەم ئایەتەو ئایەتەکانی تریش کە لەبواری حەق لێکردنەوەو (قصاص)دا هاتون لەبنەڕەتەوە بۆ ئەوە هاتون تا چارەسەری ئەو کێشەو گرفتانە بکەن کە دێنە ئاراوە بەهۆی ئەو حەزی تۆڵەکردنەوەیەوە کە ڕیشەی لەناو کۆمەڵگە خێڵەکیەکاندا داکوتاوەو بەهۆی ئەو حەزە سەرەڕۆیەوە چەندین جەنگ هەڵدەگیرسانو بەدەیان ساڵ درێژەیان دەکێشا، بەشێوەیەك کە نەوەکانی ئەو سەردەمانەی دوایی نەیاندەزانی ئەم جەنگو شەڕو هەرایانە بۆچیو لەسەر چ بنەمایەك هەڵگیرساون، ئەم ڕاستیەش بەڕونی دیارەو جەنگەکانی(بسوس، داحس، غبراء) بە نمونە لەمێژوی عەرەبدا دەخوێنینەوە.

ئەم هۆزانە لەڕابوردودا نەریتیان وابو کە ئەگەر وەجاخزادەیەکیان لێ بکوژرایە، ئەوانیش چەندین کەسایەتی دیارو وەجاخزادەیان لەهۆزەکەی بەرانبەریان دەکوشتەوەو وازیان لە بکوژەکە دەهێنا، ئەم بنەماو نەریتە چەوتە لەسەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەردا(س.خ) لەناوهۆزەکاندا باو بو[٣٥] لەپەیامەکەی ئەویشدا هاتبو

[٣٥] نەریتی باو لەسەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەر(س.خ)و پێش ئەویش وابو کە چەند کەسێکی بێتاوانیان وەك قوربانی لەپەرستگای بتەکانیاندا دەکوشتەوە تا بە حسابی خۆیان خواکانیان ڕازی بکەنو لەقەهرو تووەڕەییان پارێزراوبن، یان بۆ ئەوەی لەوتاوانە خۆیان پاك بکەنەوە کە سەرانو وەجاخزادەکانیان ئەنجامیان دەدا، بۆیە: هەر لەسەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەرەوە وەك بنەمایەکی چەسپاو فەرمودەی خواوەند ڕەوانە کراو ڕای گەیاند کە﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ النجم/٣٨. واتە: کەس تاوانی کەس ناگرێتە ئەستۆو هەرکەس خۆی بەرپرسیاری کردەکانیەتی.

ئەم بڕیارو بنەمایە بۆ ئەوەهات تا ئەو ڕێوڕەسمانە قەدەغە بکاتو بیان بێچێتەوە لەناو کۆمەڵگەکاندا.

دواتر فەرمودەی خواوەند هاتو فەرموی: ﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِلْعَالَمِينَ(٩٦)فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَنْ دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنْ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنْ الْعَالَمِينَ﴾ آلعمران/٩٦–٩٧. واتە: دڵنیا بن یەکەم ماڵ کە دانرا بۆ خەڵکی ئەو ماڵە بوو کە لەمەکەی پیرۆز کرایەوەو دانرا بۆ جیهانیان، چەند بەڵگەیەکی ئاشکرای تێدایە لەوانە پێگەی ئیبراهیمو هەرکەس چویە ناوی پارێزراو دەبێت.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت: هەرکەس بەبێ تاوان چوە ناو کەعبەوە ئەوا پارێزراو دەبێت لەوەی کە بکرێتە قوربانیو پێشکەش بەخوا بکرێت، واتە: خواوەند قوربانی وای ناوێت. ئەمە مانای ڕاستەقینەی مەبەستی ئایەتەکەیە، نەك ئەوەی گوایا هەرکەس چوە ناوی لەدەست خەڵكو کەسانی تر پارێزراو دەبێت، چونکە لەمێژودا ڕوداوی کوشتنی زۆر لەکەعبەدا

كە: ﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ دواتـر یاسـای تـازەش لەپەیامەكـەی موحەمـەددا هـات تـا ئەویش ڕونی بكاتەوە كە دروست نیە بێجگە لەبكوژەكـە، كەسـتی تـر نـە بـاوكو نـەدایكو نەبراو نەمامو نە ئامۆزا نە لەبری بكوژو نە لەگەڵ ئەودا بكوژرێنەوە، هەروەها ئـەم پەیامـە تازەیە هات تاوەكو ڕونی بكاتەوە كە كوشتنەوەی بە حەق، سزایەكی چەسـپاوەو دەبێـت جێبەجێ بكرێت تەنها بەسەر ئەو بكوژەدا كـە بـە سـتەمو نـاڕەوایی كەسـێك دەكوژێـتو ئەمەش مافێكی ڕەوای خاوەنو كەسی نزیكی كوژراوەكەیە.

ڕونیشــی كــردەوە كــە هــەموو ســنوربەزاندنێك لــەم بــوارەدا حــەرامو نــاڕەواو قەدەغەیەو هەركەسیش بەكاری لەم شێوەیە هەستێت موسرفەو سنوری بەزانـدوە، ئەوەش كە هەنـدێك لەفوقـەهای كەلـەپور دەیڵـێن گوایـا مەبەسـت لـە (إسـراف)لەم باسـەدا ئـەوەبێت كـە نابێـت كەسـوكاری كوژراوەكـە دوای كوشـتنەوەی بكوژەكـە جەســتەكەی بشــێوێننو نابێــت ئەندامــەكانی بــبڕنو ســوكایەتی پێبكــەن، ئــەم لێكدانەوەیە لای ئێمە بایەخی نیە.

هـەروەها شـتێكی ئاسـاییە كـە ئایەتـەكان لەدرێـژەی ئـەم باسـەدا ئـەو موسـرفو سنورشـكێنانە بــە درۆزن دەستنیشــان بكــەنو بــەو شــێوەیە ناویــان ببــەن وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ﴾ غافر/٢٨.

واتە: خواوەند ڕێنمایی كەسێك ناكات كە سنوربەزێنو موسرف و درۆزن بێت.

---

ڕویانداوەو هەموشمان دەزانین كە پێغەمبەر(د.خ)پێش گرتنی شاری مەكـە بڕیـاری كوشـتنی چـەند كەسـێكی دەركـرد و وتی: بە هاوەڵەكانی {أقتلوهم لوكانو متمسكين بأستار الكعبة}واتـە: بیـانكوژن ئەگـەر خۆشـیان ببێچـن بـە پـەردەكانی كەعەبەشەوە.

بەم ماناو واتاو لێكداوانەوەیە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ماڵی پارێزراو(كەعبە)لەشاری مەكە یەكەم خانوو ماڵێكە لەمێژوی مرۆڤایەتیدا كە مرۆڤی وەك قوربانی تیادا سەرنەبڕاوەو نەكراوەتە قوربانی بۆ خواكان، نـەك ئـەوەی هەنـدێك دەڵـێن كـە گوایا یەكەم خانوبێت لەسەر زەویدا بونیات نرا بێت.

هـەروەها لەئایـەتێكی تـردا هەڕەشـەی لـەناوبردنیان لێـدەكات، هـەروەك چـۆن پێشینەكانیانی لەناوبردوە وەك دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ صَدَقْنَاهُمْ الْوَعْدَ فَأَنجَيْنَاهُمْ وَمَـنْ نَشَاءُ وَأَهْلَكْنَا الْمُسْرِفِينَ﴾ الأنبیاء/٩.

واتە: دواتر ئەو بەڵێنەمان لەگەڵدا بردنە سـەرو ئـەوانو هـەر كەسێكی تـر كەویستمان لەسەری بو، ڕزگارمان كردنو پاشان موسرفـو سنورشكێنەكانمان لەناوبردن.

پاشان لەئایەتێكی تردا حوكمو فـەرمانێك دەردەكـات كـە بـەپێی ئـەو حوكمـە دەبێـت هەمو ئەوكەسانەی كە دەچنە ناو ئاگرەوە پێویستە لەو كەسانە بن كـە موسـرف و سـنور بەزێن بوبن، وەك دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَابُ النَّارِ﴾ غافر/٤٣.

واتە: بێگومان موسرفـو سنوربەزێنەكانن كە دەبنە هاوڕێو میوانانی ئاگر.

ئەگەر سەرنجی ئەم فەرمودەی خواوەنـد بـدەین كـە دەڵێـت: ﴿يَـابَنِي آدَمَ خُـذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ الأعراف/٣١.

واتە: ئەی نەوەی ئـادەم لەهـەموو جێگـەو پێگەیـەكی كڕنـوش بردنتانـدا جـوانی خۆتان وەرگرنو بخۆنو بخۆنەوە بەڵام سـنور مەبـەزێننو ئیسـراف مەكـەن چـونكە خواوەند ئەو كەسانەی خۆش ناوێت كە سنور دەبەزێننو ئیسراف دەكەن.

وەك سەرنج دەدەین خواوەند لەپێگەی مرۆڤ بونیانـەوە ئاخاوتنەكـەی ئاراسـتەی هـەموو نێـرو مێینـەكان لەهـەموو تـیرەو هـۆزو گـەلو نەتـەوەكان دەكـات، ئەمـەش شێوزایكە خواوەند وەك سۆزو میهربانیەك لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتیدا دەینوێنێت.

بۆیە لەهـەر جێگەیەكدا ئایـەتێك ببیـنین بـەم دەسـتەواژەیە واتـە: (يَـابَنِي آدَمَ) یاخود (يَاأَيُّهَا النَّاس)و دەستەواژەی تری لەم بابەتە دەست پێبكات ئـەوا پێویسـتە بزانین ئەو ئایەتە حـوكمو فـەرمانێكی گشـتیو هاوبەشـی ئـەوتۆ لـەخۆدەگرێت كـە هـەموو بەنـدەكانی خـواو سـەرجەم مرۆڤایـەتی بـەبێ گوێدانـە گـەلو هـۆزو تـیرەو پەیڕەوایەتی بیروباوەڕیان دەگرێتەوە، ئەم ئایەتەی سوەرتی(الاعراف)یش چاكترین بەڵگەیـە لەسـەر ئـەو ڕاسـتیە، ئـەم ئایەتـە قسـە لەسـەر جـلو بـەرگو خـۆراكو خواردنەوە دەكاتو ڕێگیری دەكات لەسنوربەزاندن لەهەمو ئەو بوارانەدا.

بۆیە کاتێك کە سنوربەزاندنو زێدەڕۆیی(إسراف و تبذیر)تێکەڵو پێکەڵ دەکرێتو بیرمان دەچێت کە(إسراف) بریتیە لە تێپەڕاندنی ئەو سنورەی کە حەڵاڵو حەرام لەیەکتر جیا دەکاتەوە، ئەو دەم ئەو مەبەستانەی خواوەند کە لەئایەتەکەدا هاتوە لەدەست دەدەینو وا دەزانین کە خواوەند ڕێگەمان لێدەگرێتو داوامان لێدەکات کە زێدەڕۆیی لەجلو بەرگو خۆراكو خواردنەوەدا نەکەینو بڕەکانیان زیاد نەکەین.

بۆنمونە: کەسێك خواوەند ڕزقو ڕۆزی زۆری ڕژاندوە بەسەریداو، لەماڵی حەڵاڵی خۆی جلێکی گرانبەهای جوان دەکرێتو لەبەری دەکاتو پێیەوە دەچێت بۆ مزگەوتو خۆشترین بۆن دەدات لەخۆیو لەڕیزی برا موسڵمانەکانیدا دەوەستێتو لەگەڵیاندا نوێژەکەی دەکاتو دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ماڵو حاڵی خۆی، ئەم کەسە نە سنوری بەزاندووەو نە درۆزنیشەو نە لەئەهلی دۆزەخیشە واتە: نە(مسرف)ەو نە(کذاب)ەو نە(أهل النار)ە، وەك لەم ئایەتەدا باسی (مسرف)ین دەکاتو دەفەرموێت ﴿وَأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَابُ النَّارِ﴾ غافر/٤٣.

چونکە خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ﴾ الضحى/ ١١.

هەروەها هەمومان دەزانین کە خواوەند پێی خۆشە شوێنەواری ئەو نازو نیعمەتە ببینێت کە ڕژاندویەتی بەسەر بەندەکانیدا.

یان ئەو کەسەی کە خواوەند دەرگای کاسپیو ئیشو کاری لێکردوەتەوەو هەڵدەسێت بە کڕینی خواردنی خۆش و دروستکردنی خواردنی باش بۆ ماڵو خێزانی و تێرو تەسەلیان دەکاتو میوانداری دراوسێو خزمەکانی دەکات، ئەم کەسە بە(مسرف)و سنور بەزێن دانانرێت، چونکە ئەو کەسەی کە زۆر دەخواتو زیاد لەپێویستی جەستەی دەخوات پێی دەڵێن: گەدەی خۆی ترشاندوەو کارێکی خراپی کردوەو شوێن ئارەزوەکانی گەدەی دەکەوێت.

لەپەیامی موسا پێغەمبەریشدا سنوربەزاندنو (إسراف)بە سەرەڕۆو (طغیان) ناوبراوە، وەك لەم ئایەتەدا دەبینین ﴿كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَلَا تَطْغَوْا فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِي﴾ طه/٨١.

واتە: بخۆن لەونازو نیعمەتە پاكو چاكانەی كە پێمان بەخشیونو سەرەڕۆیی مەكەن تیایاندا، چونكە ئەگەر وابكەن تووڕەیی ئێمە دەتانگرێتەوە.

ئەگەر سەرەنج بدەین فەرمانی خواوەند لەبارەی خواردنی ڕزقو ڕۆزیە چاكو پاكەكانەوە بەگشتیو ڕەهاییو بەبێ كۆتو بەند هاتووەو هیچ سنورێكی بۆ بڕەكان دیاری نەكردوە، هەرچەندە بەشێوەی(التبعیض المقصود)واتە: بە مەبەستەوە ئاماژەی بەوە كردوە كە هەندێك یاخود بڕێك لەو ڕزقو ڕۆزیانە بخۆینو زۆریان لێ نەخۆین بەشێوەیەك كەنەكا لەبری سود زیانمان پێبگات، وەك خواوەند دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُوا لِلَّهِ إِنْ كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ البقرة/١٧٢.

واتە: ئەی باوەڕداران بخۆن لەو ڕزقو ڕۆزیە چاكو پاكەی كە پێمان بەخشیون، ئەگەر پەیڕەوی لەیاساكانی خواوەندیشتان دەكەن ئەوا سوپاسگوزاریو ستایشی بكەن كەیارمەتیتان دەدات لەسەر ئەو كارانەتان.

پێغەمبەریش(د.خ)وەك وێناكردنێكو بە مەبەستی پشت ڕاستكردنەوە، پرسیار لەحەلاڵ بونو ڕەوا بونی هەمو چەشنەكانی خۆراك بەگشتی دەكات، بۆیە لەئایەتی دوای ئەودا ڕاستەوخۆ درێژە بە باسەكە دەداتو بە فەرمانی پەروەردگاری وەك سنورداركردنی بابەتێكی گشتی لەسەر زاری پەروەردگارەوە ئەو خواردنانەی كە خواوەند قەدەغەی كردون دەیانخاتەڕو: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ﴾ البقرة/ ١٧٣.

واتە: تەنها مردارەوە بو و خوێنو، گۆشتی بەرازو گۆشتی ئەو گیانلەبەرەی كە بۆ كەسێكی تر بێجگە لەخواوەند سەر دەبڕدرێت حەرام كراون لێتان.

پاشان چەند ئایەتێکی تر دێن بۆ ئەوەی نەخشەی جیاکەرەوەی نێوان حەڵاڵو حەرام لەخواردنەکاندا بکێشنو لەیەکیان جیا بکەنەوەو بە وردی و ڕونی چەشنەکانیان بخەنەڕو، دیارترینی ئەو ئایەتانە ئەم ئایەتەیە: ﴿**حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ**﴾المائدة/٣.

واتە: ئەم شتانە حەرام کراوە لەسەرتان: مردو مردارەوە بوو وخوێنو، گۆشتی بەرازو گۆشتی هەر گیان لەبەرێکی تریش کە بۆ غەیری خواوەند سەر ببڕێتو هەروەها گۆشتی ئەو گیانلەبەرانەی کە بەهۆی خنکانو بەربونەوەیان بە لێدانو دارو لیسو کوتەك، یان بەهۆی قۆچێنەوە گیان لەدەست دەدەنو گۆشتی ئەو گیان لەبەرانەش کە دڕندەکان دەیانکوژنو لێیان دەخۆن.

لێرەوە تێدەگەین کە حەڵاڵو ڕەوا بریتیە لەو دەیان پاروەو ڕزقو ڕۆزیە چاكو پاکەی کە خواوەند پێی بەخشیوین، هەروەها تەنها یەك پاروش بخۆین لەوشتانەی کە خواوەند حەرامی کردوە لەسەرمان ئەوا دەبێتە ئیسرافو زێدەڕۆییو زۆرو کەم هیچ ڕۆڵێکی نیە لەم بوارەدا.

ئێستا لەئاست ئەم ئەیایەتەدا دەوەستین کە دەفەرمووێت: ﴿**قُلْ يَاعِبَادِي الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ**﴾ الزمر/٥٣.

واتە:بڵێ بەو بەندانەم کە سنوریان لەسەر نەفسی خۆیان بەزاندوە، نا ئومێد نەبن لەبەزەییو سۆزی خواوەند چونکە خواوەند لەهەموو گوناهەکان خۆش دەبێتو هەر ئەویشە لێخۆش بوی بە بەزەیی.

دوای ئـەوەی كـە لەچـەند ئایـەتێكی دابـەزێنراوی بەجێـدا بـەو شـێوەیە بـاس لە(مسرفین)و سنورشكێنەكان دەكات: كەدرۆزنو تاوان بارو كـارفرنو چارەنوسـیان بەرەو ئاگرە، دوای ئەمانە هەموی دەرگای لێخـۆش بـونو سـۆزو بـەزەیی خـۆی بـە ڕوی هەموو بەندەكانیدا والآ دەكـاتو پێیـان دەڵێـت: كـە خواوەنـدتان(هُـوَ الْغَفُـورُ الرَّحِيمُ)ە.

هـەروەها فـەرمانیان پێـدەكات هـەركات لەلایـەن شـەیتانەوە توشـی دڵـەڕاوكێو دودڵی بون، كە هەموو دروستكراوەكانی خواوەند لەبەردەم مەترسی تـوش بـون بـە دڵەڕاوكێو دودڵی شەیتاندا، بۆیە خواوەند داوا لەبەندەكانی دەكاتو پێمان دەڵێـت: ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنْ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ الأعراف/٢٠٠.

واتـە: ئەگـەر گێچـەڵو دڵەڕاوكەیـەكت لەشـەیتانەوە تـوش بـوو ئـەوا ڕاسـتەوخۆ پەنابگرە بە خواوەند چونكە ئەو بیسەرو زانایە.

هــەروەها خواوەنــد داوای لەبەنــدەكانی كــردوە كــە ئەگــەر توشی(إســراف)و سنوربەزاندن بون ئەوا داوای لێخـۆش بـون لـە خواوەنـدی خۆیـان بكـەن، وەك لـەم ئایەتەدا هاتوە:

﴿وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلَّا أَنْ قَالُوا رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا﴾ الأعمران/١٤٧.

واتە: تەنها ئەوە دەڵێن: پەروەردگارمان لـەتاوانو سـنوربەزاندنەكانمان لـەئیشو كارەكانماندا خۆش ببە.

چونكە خواوەند ئاگایە بە حاڵی بەندەكانیو ئەو كێشەو گرفتانەی كە ڕوبـەڕویان دەبنەوە، دوعاو نزاو پاڕانەوەكانیان دەبیستێت، ئەگەر تەوبە بكەنو بگەڕێنەوە بـۆ لای پەروەردگاریان ئامادەیی لێخۆشبونی تێدایە بۆیان.

لەفەرمودەیەکدا (ئەگەر پشت ڕاست ببێتەوە) پێغەمبەر دەفەرموێت: (هەموو نەوەی ئادەم شایەنی ئەوەن هەڵەیان لێبوەشێتەوەو باشترین ئەوکەسانەش کە دەکەونە هەڵەوە ئەوانەیانن کە تەوبە دەکەن‌و پەشیمان دەبنەوە).

بۆیە خواوەندیش بە بەندەکانی دەفەرموێت ﴿لَا تَقْنَطُوا﴾ واتە: نائومێد مەبن لەسۆزی خواوەندتان، باوەڕدار هەمیشە ئومێدی بەسۆزی پەروەردگاری هەیە، دڵنیایە کە سۆزی پەروەردگار بەشی هەموو کەس دەکاتو دەگاتە هەموشتێك، بەندەی ڕاستەقینە دڵنیایە لەوەی کە تەنها کەسی سەر لێشێواو و گومڕا نا ئومێد دەبێت لەسۆزی پەروەردگار، هەروەك چۆن لەم ئایەتەدا ئەم ڕاستیە پشت ڕاست دەکاتەوەو دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَقْنَطُ مِنْ رَحْمَةِ رَبِّهِ إِلَّا الضَّالُّونَ﴾ الحجر/٥٦.

واتە: ئایا بێجگە لەسەر لێشێواو و گومڕایان کێی تر لەسۆزی خواوەند نا ئومێد دەبێت..؟ زانایانی زمانەوانی دەڵێن: (إبليس)کە ناوی شەیتانە ڕیشەی وشەکە لە(إبلاس)ەوە هاتوە کە(إبلاس)یش مانای نائومێد بون لەسۆزی خواوەند دەگەیەنێت.

هەروەها دەبینین کە(مسرفين)و سنور بەزێنەکان چارەنوسیان لەناوچونە، وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَأَهْلَكْنَا الْمُسْرِفِينَ﴾بێگومان(مسرفين)یش لەوانەن کە دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، چونکە خواوەند دەفەرموێت ﴿وَأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَابُ النَّارِ﴾واتە: بە دڵنیاییەوە کە(مسرفين)و سنوربەزێنەکان لەوانەن کە دەچنە ناو ئاگرەوە.

لەم تاوتویێ کردنەوە گەیشتینە ئەوەی کە(إسراف)بریتیە لەدەرچون‌و تێپەڕاندنی سنوری حەڵاڵ‌و کەوتنە ناو سنوری حەرامەوەو، هەر کەسێکیش ئەم سنورە ببەزێنێت شایانی ئەوەیە ئەو سزایانەی بدرێت بەسەردا کە لەئایەتەکاندا باسیانکرا بو.

ئەگەر(إسراف)بریتی بێت لەمە، ئەی(تبذير)چیە..؟

ئایا(تبذیر) : كارو تاوانێكی گەورەترە لە(إسراف)و سنور بەزاندن..؟

ئایا وەك چۆن هەندێك لەڕاڤەكاران دەڵێن: (تبذیر)ناپەسەندترین و بێزراوترین كارە لەلای خواوەند..؟

(ب ذ ر)بەلای ئیبن‌و فارسەوە لەكتێبی(مقاییس)داو بەلای زەمەخشەریشەوە لەكتێبی(اساس البلاغە)دا، بناغەیەكی دروستەو واتای(تفریق)و لێك جیاكردنەوە دەگەیەنێت.

بۆیە عەرەب وتویانە: (بذر الحب في الارض أی نثره)واتە: تۆوەكەی وەشاند بە زەویدا، واتە بڵاوی كردەوە، یان گوتویانە: (بذرت الأرض)واتە: زەوی ڕوەكەكانی بەجیاكراوەیی لەیەكتر پێگەیاند.

بەڵام بەلای فەخری ڕازیەوە(بذر)بە مانای(بەخشینی ماڵ‌و سامان بە بەربڵاوی‌و بێ بەرنامە)دێت.

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە كە تەنانەت خەڵكی ئاسایی لەمیسرو شام، لەشێوە زارە خۆجێییەكاندا، دەستەواژەی (بعزقة)بەكار دەهێنن، لەجێگەی(بعثر)ەدا خاوەنی كتێبی (المعجم المدرسي)ش دەڵێت: گوایا(بعزق الشئ: فرقه وبدده فتبعزق أی: تبرد)(بعزق)ش هەر بەمانای(لێك جیاكردنەوەو بڵاوكردنەوە)دێت، بەڵام ئێمە ئەم دەستەواژەی (بعزق)ەمان نەلەلای ئیبن‌و فارس‌و نە لەلای زەمەخشەریش نەبینی.

لەدابەزێنراوی بەجێد لەیەك شوێندا دوجار دەستەواژەی(تبذیر)هاتوەو دەفەرموێت: ﴿وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا * إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا﴾ الأسراء/٢٦-٢٧.

واتە: خزمە نزیكەكان‌و هەژارەكان‌و ڕێبواران هەركەس بەشی خۆیانیان بدەرێ‌و زێدە ڕۆیی مەكە* چونكە دڵنیابە ئەوانەی زێدەڕۆیی دەكەن برای شەیتانەكانن‌و شەیتانیش دان بە پەروەردگاریدا نانێت‌و ملی پێ نادات.

لەباسی (إسراف)دا باسمان کردو ڕونمان کردەوە کە (إسراف) بریتیە لەتێپەڕاندن‌و بەزاندنی ئەو سنورەی کە لەنێوان حەڵاڵ‌و حەرامدایە، بەڵام تێپەڕاندنی بڕو ئەندازە لەچوارچێوەو لەسنوری حەڵاڵداو پابەند نەبون بەو بڕو ئەندازەیەوە دەبێتە(تبذیر) مانای زێدەڕۆیی‌و ڕۆچون دەگەیەنێت.

بۆ دڵنیابون لەوەی کە ئەم دوو دەستەواژەی(إسراف)و (تبذیر)ە هاوتاو موڕادفی یەك نین‌و نابێت بۆ یەك مەبەست بەکار بهێنرێن، بۆ نمونە: ئەم چەند دەستەواژەیە وەردەگرین کە لەزمانی عەرەبیدا هەن‌و هەریەکەو مانایەك ئەدەن بەدەستەوە:

(القذة بالقذة)و (النعل بالنعل) ئەوجا دڵنیا دەبین کە هەردوو دەستەواژەی (إسراف و تبذیر)یش جیاوازن و هەریەکەو لەچوارچێوەو بوارێکدا کاردەکەن، (إسراف)و سنوربەزێنی لەبازنەو بواری حەرامدا کار دەکات‌و ڕوو دەدات.

بەڵام بەداخەوە پەتای(ترادف)لەبارەی چەندین دەستەواژەی تریشەوە سەری کێشاوەتە ناو بیری زۆرێك لەزانایانی زمانەوانیەوە، هەروەها سەری کێشاوەتە ناو بیری زۆرێك لەڕاڤەکارو(مفسرین)یشەوە لەوانە: فەخری ڕازی لەتەفسیرە گەورەکەیدا بەناوی(مفاتح الغیب)ەوە، کە لەوێدا ڕازی(تبذیر)بە(إسراف)دادەنێت‌و لەتەفسیرو ڕاڤەی ئەو دوو ئایەتەی سورەتی(إسراء)دا کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن دەڵێت: {لەعەبدوالله‌ی کوڕی عومەرەوە وتویەتی: پێغەمبەر(د.خ)تێپەڕی بەلای سەعددا کە دەستنوێژی دەشۆردو پێی وت: ئەو سەرفکردنەت لەچیە ئەی سەعد..؟ سەعدیش وتی: ئایا لەدەستنوێژ شۆردنیشدا سەرف هەیە..؟ وتی: بەڵێ ئەگەر لەسەر ڕوبارێکیش بیت. خواوەندیش هۆشداری پێداوین لەبارەی قێزەونی (تبذیر)ەوەو داویەتیە پاڵ کردەوەی شەیتانەکان}.

وەك سەرنجمانداو بینیمان کە لەئایەتەکانی سنوربەزاندنو (إسراف)دا خواردنوخواردنەوەی خۆراکە قەدەغەکراوەکانو تێپەڕاندنی لانی کەمی سنوری جلو بەرگو دەرخستنی سنگو (إضهار الجیوب)ئەمانە کارانێکن یاخود کار گەلێکن بە کردنیان بکەرەکەیان بە سنور شکێنو (مسرف) لەقەڵەم دەدرێتو دەبێتە (مسرف).

ئایا زێدەڕۆییو(تبذیر)یش هەمان چارەنوس بۆ بکەرەکەی فەراهەم دەهێنێت..؟

لەئایەتی(٢٣)ی سورەتی(الأسراء)دا کە باسی بە فیڕۆدانو زێدەڕۆییو(تبذیر)ی تێدا هاتوە، کە باس لەبەخشینو خەیرو خەیراتو یارمەتیدانی کەسە نزیکەکانو هەژارانو ڕێبوران دەکات، ئێمە لەمبارەیەوە دەپرسین ئایا: ئەگەر کەسێك هەمووماڵو سەروەتو سامانی بە بەخشی بە کەسە نزیکەکانیو هەژارانو ڕێبورانو کۆمەڵە خێرخوازیەکانو خانەکانی بەخێوکردنی هەتیوانو خەلوەتگەکانی بەساڵاچوان، ئایا ئەم کەسە بەم کارەی سنوری حەڵاڵو ڕەوایەتی تێپەڕاندووەو کەوتوەتە ناو کارێکی ناڕەواو حەرامەوەو بەو هۆیەشەوە دوچاری سەرەنجامی سنورشکێنو (مسرف)ەکان دەبێتەوە..؟

لەوەڵامدا دەڵێین: بەدڵنیاییەوە هەرگیز وانیە.

لەوانەیە بەهۆی دەس بڵاویەکەیەوە دەسکورت ببێتو پەشیمان ببێتەوە کە هەموو ماڵەکەی لەدەسداوە، بەڵام هەرگیز نابێت بوترێت توشی حەرام بوەو کارێکی حەرامی کردوە، بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە سەرنجی ئەم ئایەتانەی خوارەوە دەدەین:

﴿وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا﴾ الفرقان/ ٦٧.

واتە: ئەوانەی کە دەبەخشن نەسنور دەبەزێننو نە دەستەنگیش دەکەن لەو نێوانەدا بەڕێکی دەوەستن.

﴿وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَحْسُورًا﴾ الأسراء/٢٩.

واتە: دەست گرێمەدە بەگەردنتەوەو بەتەواویش والآی مەكە بۆ ئەوەی پەشیمانی ڕوت تێنەكاتو دۆش دانەمێنی.

﴿قُلْ لَوْ أَنتُمْ تَمْلِكُونَ خَزَائِنَ رَحْمَةِ رَبِّي إِذًا لَأَمْسَكْتُمْ خَشْيَةَ الْإِنفَاقِ وَكَانَ الْإِنْسَانُ قَتُورًا﴾ الأسراء/١٠٠.

واتە: بلّێ ئەگەر ئێوە خەزێنەكانی سۆزو بەزەیی پەروەردگاری منتان بەدەس بوایە، ئەوا دەتان بەستن‌و لەترسی كەم دەستیدا دەستتان لەخەلّك دەگرتەوە، چونكە مرۆڤ هەروا هەمیشە بەرچاو تەنگ‌و دەست تەنگە.

تەوەرەی ئایەتەكانی(٦٧)ی سوەرتی (الفرقان)و(١٠٠)ی سورەتی (الأسراء) بریتیە لەم چەمك‌و بابەتانە: بەخشین، و (إسراف)بە مانای تێپەڕاندن‌و بەزاندنی سنور، دەست تەنگی‌و (تقتیر)، هاوسەنگی لەنێوان دەس بلاّوی‌و دەست قونجاوی‌و داخراویدا.

هەركەسیش پێی خۆش بێت ئەتوانێت زیاتر سەرنجی دابەزێنراوی بەجێ بداتو دەیان ئایەتی تر بخوێنێتەوە كە باس لەبەخشین‌و ڕژدی‌و دەستەنگی دەكەن.

بەلاّم ئەوەی پێویستە ئاگامان لێی بێت ئەوەیە كە خواوەند لەسەرەتای سورەتی(البقرة)دا كاتێك باس لەبەندە پارێزكارەكانی دەكات باس لەوە دەكات كە یەكێك لەتایبەتمەندی‌و ئاكارەكانیان ئەوەیە كە بەخشندەن، ئەو بەندانەی كە باوەڕیان بە خواوەندو ڕۆژی دوایی هەیەو ڕێنمونی لە پەڕاوەكەی خواوەندەوە وەردەگرن‌و لەكردەوەكانیاندا شادمان‌و بەختەوەرن، خواوەند لەم ئایەتەدا كاتێك باس لەبەخشین دەكات هاوكات لەلایەكەوە بەخشین دەكاتە هاوتاو هاوملی باوەڕبون بە پەنهانی(الغیب)و لەلایەكی تریشەوە دەیكاتە هاوتاو هاوملی بەرپاكردنی پەیوەندیەكان لەگەلّ خواوەندو بەندەكانیدا... ئەم كارە بۆ..؟

ئەمەش ئایەتەكانە﴿الم* ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ*الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ*وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ وَبِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ* أُوْلَئِكَ عَلَى هُدًى مِنْ رَبِّهِمْ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ﴾ البقرة/١-٥.

بۆ وەلامی پرسیارەكەی سەرەوەمان دەڵێین: چونكە مرۆڤ بەسروشتی خۆی دەستەنگو ڕژدە، وەك لەئایەتی ژمارە (١٠٠)ی سورەتی(الأسراء)دا باسكرا، هەروەها مرۆڤ بە خۆشەویستیەكی زۆرەوە ماڵو سامانی زۆر خۆش دەوێت، وەك خواوەند دەفەرموێت : ﴿وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا﴾ الفجر/٢٠.

هەروەها زۆرینەی مرۆڤەكان ئەگەر كەمێك ڕزقو ڕۆزییان بەرەو كزی ڕۆیشت خێرا زیز دەبنو سەری دونیایان لێدێتەوەیەك، وە ئەگەر ماڵو سامانی زۆریش ڕژا بەسەریانداو دەرگای خێریان لێ والا كرا، ئەوا دەستەنگی دەكەنو بەشی خاوەن بەشەكانی لێنادەنو ڕەزیلی دەكەن، وەك چۆن خواوەند دەفەرمووێت: ﴿إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا*وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا﴾ المعارج/ ٢٠-٢١.

لێرەوەو لەم ڕوانگەیەوە ئێمە وا دەبینین كە بەخشین دەرگایەكە لەدەرگاكانی(جهاد)و تێكۆشان بۆ ڕامهێنانی ئەو نەفسو دەرونەی كە لەباری ڕژدیو بەرچاو تەنگیدا داڕێژراوەو پێویستە خۆمان ڕای بهێنینەوە لەسەر دەسكوشادیو دڵئاوایی.

پێوستە ئاگامان لەوە بێت كە بەخشین(وەك ئەركێك)بەشێكە لەبازنەی حەلاڵ، چونكە ئەگەر وا نەبوایە ئەوا خواوەند فەرمانی پێنەئەكردین بە ئەنجامدانی، ئەم كاری بەخشینەش پەیوەستە بە توانستو ڕادەی لێهاتویی مرۆڤەكەوە، وەك چۆن خواوەند دەفەرمووێت: ﴿وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ﴾ البقرة/ ٢٣٦.

واتە: پێداویستی بۆ ژنان دابین بكەن بەپێی توانای هاوسەرەكانیان ئەگەر داراو خاوەن سەروەت بو، بەپێی خۆیو ئەگەریش كەم دەستو دەستكورت بو بەپێی خۆی.

ئەم بەخشینەش وەك هەر شتێكی تر لەم گەردونەدا، لانی كەمو لانی زۆری هەیە، وەك لەم دو ئایەتەدا ئەو لانی كەمو لانی زۆرە دەستنیشان كراوە:

﴿وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا﴾ الفرقان/ ٦٧.

﴿وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَحْسُورًا﴾ الأسراء/٢٩.

(پێشتر ئەم دو ئایەتە مانای كوردی كراون)

١- بەخشین، تێپەڕاندنی سنور(حەرام)، سنور بەزاندن(إسراف).

٢- بەخشین، فراوانكردنی بازنەی حەرامو تەسكردنەوەی بازنەی حەلاڵ، دەستگردنەوەو ڕژدی.

بۆ نمونە: بە بیانوی حەرام بونیان ئەگەر مرۆڤ نەبەخشێت لەبواری میوزیكو نیگاركێشانو پەیكەر تاشیدا ئەوا بەو كارەی دەبێتە دەستەنگو كردارەكەشی دەستەنگیو(تقتیر).

٣- بەخشین، لەنێوان سنوری حەلاڵو حەرامدا بوەستێت، ئەوا ئەو كەسە (قوام)ەو بەوكارەی وای كردوە كە نە بكەوێتە سنورو بازنەی حەرامەوەو نەبازنەی حەلاڵیشی بەرتەسك كردوەتەوە.

لەئایەتی ﴿وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَحْسُورًا﴾ الأسراء/٢٩.

سەرنجی بونی تایبەتمەندیەك دەدەین كە لەئایەتەكانی تردا كە باسی بەخشین دەكەن هەست بەو تایبەتمەندیە ناكەین، ئەویش بریتیە لەسزای ئەوكەسەی كە لەسەرێكەوە سنوری لانی كەمی بەخشینو لەسەرێكی تریشەوە سنوری لانی زۆری بەخشین دەبەزێنێت.

٤- (الید المغلوله)كه واتای دەستی گرێدراو دەگەیەنێت، ئاماژەیە بۆ بەخیلیو ڕژدی، سەرزەنشت كراوو سەركۆنە كراوە.

٥- دەستی كراوەی بە تەواوەتی كراوەش، ئاماژەیە بە تێپەڕاندنی بڕو ئەندازە، كە دەبێتە زێدەڕۆییو(تبذیر)و سەرەنجام پەشیمانیو حەسرەتی لەدوایە.

ئەمە سزای ئەو كەسەیە كە دەست قونجاوو بەرچاو تەنگە لەبەخشیندا، یاخود دەسبڵاوو زێدەڕۆكارە لەبازنەی حەڵاڵدا، ئەم سزایە بە تەواوەتی جیاوازە لەسزای ئەوكەسەی (وەك لەباسی ئیسرافدا باسمان كرد) كە سنور دەبەزێنێتو (إسراف) دەكاتو لەسنوری حەڵاڵەوە دەپەڕێتەوە بۆ ناوبازنەی حەرام.

بۆی هەیە كەسێك تێبینی بۆ دروست ببێتو بپرسێت: ئەگەر ئەم باسە وایە، ئەی واتای ئەم ئایەتە چییە كەدەڵێت: ﴿إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا﴾ الأسراء/٢٧.

واتە: بەدڵنیاییەوە كە(مبذرين)ئەوانەی كە زێدەڕۆیی دەكەن، برای شەیتانەكاننو شەیتانیش كفری كردوە بە پەروەردگاری خۆی.

بە ئاسانی لەوەڵامدا دەڵێین: ئێمە وا لەم ئایەتە تێدەگەین كە خواوەند(مبذر)و زێدەڕۆكانی لەبەر ئەوە بە برای شەیتانەكان ناو بردون، چونكە ڕەفتاریان لەگەڵ ڕەفتاری شەیتانەكاندا لەتێپەڕاندنی بڕو ئەندازەی بەخشیندا لەیەك دەچن، هەر بۆیەشە كە عەرەب ئەگەر شتێك هاوملی شتێكی تربو بە برای ئەوشتە ناوی دەبەن، وەك دەڵێن: (أخو الجود والكرم) واتە: برای سنگ فراوانیو بەخشندەییو(أخو الجهالة)واتە: برای نەفامیو نەزانی، ئەم دانە پاڵو بە برا ناوبردنە بۆ كەسێك بە كار دەهێنن كە هەمیشە هاوملو خەریكی ئەو كارە بێت.

یەكێك لەكارە سەرە مڕەكانی شەیتانیش بریتییە لەچاو بەسكردنو سەر لێشێواندنی خەڵك، تەنانەت لەڕێگەی كاری ڕەواو حەڵاڵیشەوە، بۆئەوەی زێدەڕۆیی

تێدا بكاتو ڕۆ بچێت تیایدا، هەر لێرەشەوەیە تەنانەت كاری فەرمان بەچاكەو ڕێگیری لەخراپەش نابێت سنوری خۆی ببەزێنێتو(إسراف)ی تێدا بكرێت، واتە نابێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەركە ڕێگەی نەشیاوو قەدەغەكراو بگرینەبەر، كە ئەمە مەرجی یەكەمی كاری فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپەیە، كە نابێت كوشتنو قسە هەڵبەستن ودرۆو دزی...هتد. لەو كارە گرنگەدا بەكار بهێنرێت.

## * زبری‌و ناچاركردن(الفظافة والإكراه):

أ. زبری‌و ناچاركردن(الفظافة والإكراه):

وەك لەم ئایەتەدا هاتوە﴿وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ﴾ آل‌عمران/١٥٩.

واتە: ئەگەر كەسێكی دڵڕەق بویتایە دەوریان چۆل دەكردیتو بڵاوەیان لێدەكرد.

كەواتە هەر كەسێك فەرمان بە چاكە بكاتو ڕێگیری لەخراپە بكات پێویستە دڵ نەرمو گفتو لفتی لەگەڵ خەڵكدا بەگشتی‌و لەگەڵ ئەوانەشدا بەتایبەتی كەبانگەوازیان دەكات شیرینو نەرمو نیان بێتو دڵ ڕەقی بەكار نەهێنێت لەگەڵیاندا ئەگەر نا دەوری چۆڵ دەكەنو بەگوێشی ناكەن.

دڵ ڕەقی(غلیظ القلب)لێرەدا بە واتای كەسی نەزانو قسە نەزان و بێ ئسوڵ دێت، چونكە بە دڵنیایەوە لەهەر جێگەیەكی دابەزێنراوی بەجێدا وشەی(قلب) هاتبێت مەبەستی دەماغو مێشكی مرۆڤە بەو پێیەی كە زیرەكترینو دیارترین بەشی جەستەیەو ڕاستەوخۆ دەكەوێتە بەشی پێشەوەی كەلەسەری مرۆڤەوە، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئەو ئایەتەیە كە دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ﴾ الحج/٤٦.

واتە: بزانن كە چاوەكان كوێر نین بەڵكو ئەو دڵانە كوێرن كە دەكەونە بەشی پێشەوە.

ب. ناچار کردنو زۆرلێکردن(الإکراه):

ئـەم وێسـتەگەیە گـرنگترینو مەترسـیدارترین ناوچـەی سـوری قەدەغـەکراوە لەپرۆسەی فەرمان بە چاکەو رێگیری کردن لەخراپەدا مرۆڤ پێی دەگات.

لەگەڵ بونی(إکراه)و ناچارکردن و زۆرلێکردندا نە باوەڕی تەندروست بـونی هەیـەو نە کوفریش هیچ حسابێکی بۆ دەکرێت، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئـەم ئایەتەیـە ﴿مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ﴾ النحل/١٠٦.

(ك ر ه)بناغەیەکی دروستی زمانەوانیەو مفردەو دەسـتەواژەیەکی قورئانیشـە، بـە خـۆی و بەکارهێنانـەکانی تریـەوە لـە (٤٠)جێگـەی دابـەزێنراوی بەجێـدا هـاتوە، یەکەمیان بریتیە لەم ئایەتـە ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ﴾ البقرة/٢١٦.

دوایەمینیشیان بریتیە لە ئایەتی ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ﴾ الصف/ ٩.

(کرە) بریتیە لەبێزاری لەئاست شتێکداو زەحمەتو ناڕەحەتیەك لەڕێگەیەکدا، لێرەوەیە کە جەنگو کوشتار خراوەتە خانەی بێزراوو کارە قورسو گرانەکانەوە لەسەر دەرون.

لـەو ڕوانگەیـەوە کە(کرە)بـە مانـای بێـزاریو ڕق لێ بونـەوە دێـت، خواوەنـد لەسـەر زاری(نوح پێغەمبەرەوە س.خ) دەفەرموێت: ﴿قَالَ يَاقَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي وَآتَانِي رَحْمَةً مِنْ عِنْدِهِ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنْتُمْ لَهَا كَارِهُونَ﴾ هود/٢٨.

هەروەها(کرە)بـە مانـای قورسـیو گرانـی و سـەختی، خواوەنـد دەفـەرموێت: ﴿وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا﴾ الأحقاف/ ١٥.

کە زانیمان (إکراه) بریتیە لە ناچارکردنو زۆرلێکردن، ئەوجا ئەگەر سەرنج بـدەین لەئایەتەکەی سورەتی (هـود) ژمـارە (٢٨) ئـەوا مانـاو واتایـەکی تـازە بـۆ (إکراه) دەدۆزینەوە کە ئـەویش بریتیـە لـە پابەنـدیو بـەردەوامیو واز لێنـەهێنانی کارێك، هەرچەندە سەختو گرانو قورسیش بێت.

(إكراه)و ناچـاركردن‌و زۆرلێكـردن، بابەتێكـە نـەك هـەر بـونی نیـە لەدابـەزێنراوی بەجیٚ‌و خوڕەوشتی پێغەمبەرو هەر پیاو چاك‌و كەسێكی خێرخوازدا كە باوەڕی بـە ڕۆژی دوایی هەبێت، بەڵكو ئەم بابەتە بە ڕونی وئاشكراییو لەدەیان ئایەتی جێگیرو موحكەمدا كە هیچ لێكدانەوەیەكی تر هەڵناگرن، ڕێگەی لێگیراوەو ڕێگری لێكـراوە، لەسەروی هەموویانەوە فەرمودەی خواوەندە كە دەفەرموێت: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنْ الغَيِّ﴾ البقرة/٢٥٦.

هەروەها فەرمودەی خواوەنـد: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُـمْ جَمِيعًـا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ یونس/ ٩٩.

هـەروەها لـەدەیان فـەرمودەدا ڕێگـری لـە(إكراه)و ناچـاركردن كـراوە، لەسـەرو هەموویانـەوە فـەرمودەی پێغەمبـەر (د.خ)وەك چـۆن ئـیبن‌و ماجـە لەسـونەنەكەیداو حاكم لە موستەدرەكەكەیداو ئیبن‌و حەبان لەسەحیحەكەیدا دەگێڕنەوە كەپێغەمبـەر وتویەتی: (خواوەند ئەو هەڵەو كارانەی هەڵگرتوە لەسەر ئومەت‌و پـەیڕەوانم كـە بـە هەڵە لێیان بوەشێنەوە، یـاخود بـەهۆی لەبیرچـونەوە یـا ناچـار بكـرێن‌و بەناچـاری پێیان بكرێت[٣٥])

لێـرەدا دەپرسـین ئەگـەر گرێبەسـتەكانی كـڕین‌و فرۆشـتن لەبازارەكانـدا بـەهۆی ناچـاركردن‌و زۆر لێكـردن‌و ڕوگیریـەوە، پوچـەڵ بكرێنـەوەو دروسـت نـەبن، یـاخود ئەگەر پەیمان‌و بەڵێن وەرگرتنی ڕابەرو فەرمانڕەواكان بەناچـار كـردن بێـت دروسـت

---

[٣٥] ئێمە ئەم فەرمودەیە بەڕاست دەزانین، چونكە سەرچاوە لەم ئایەتەوە دەگرێت كە دەفەرموێت :﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلَانَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ البقرة/٢٨٦.

ئەم فەرمودەیە تەواو پڕاوپڕ ڕێك دێتەوە لەگەڵ ئەم ئایەتەی دابەزێنراوی بەجێدا.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارەو لێرەدا دەرفەت نیە بە درێژی قسەی لەسەر بكەین ئەوەیە كە بۆچی بەلای(بوخاری‌و موسلم)ەوە بە(صحیح) دانەنراوە..؟.

نــهبێتو، هــهروهها گرێبهســتهكانی هاوســهرگیری بــههۆی زۆرلێكردنــهوه دروســت نهبنو، تهنانهت باوهڕهێنان به خواوهندو فریشتهو پهڕاوو پێغهمبهرهكانیشی ئهگهر به قهناعهتو ڕهزای دڵهوه نهبێتو به زۆركاریو ناچاركردن بێـت، دروسـت نـهبێت، ئایـا چۆن فـهرمانكردن بـه چـاكه بـه كوتـهكو ڕێگـیری كـردن لهخراپـه بـه قامچـی دروسته..؟.

* كهمێك لهسهر ئهم سێ ئایهته دهوهستین كه خواوهند باسی فـهرمان بهچـاكهو ڕێگیری لهخراپه دهكات:

﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَـأْمُرُونَ بِـالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَـوْنَ عَـنْ الْمُنْكَـرِ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ﴾ آل‌عمران/١٠٤.

﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَـنْ الْمُنكَـرِ وَتُؤْمِنُـونَ بِاللَّهِ﴾ آل‌عمران/١١٠.

﴿يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ﴾ آل‌عمران/١١٤.

لهههر سێ ئایهتهكهدا سهرنجی دو شت دهدهین:

یهكهم: كاری چاكهو بانگهوازكردن بۆی، جارێك لهپێش فهرمان به چاكهو ڕێگیری لهخراپهوه هاتوه، وهك لهئایهتی (١٠٤)ی سـورهتی (آل‌عمـران)، جـارێكیش لـهدوای فهرمان بهچاكهو ڕێگـیری لهخراپـهوه هـاتوه، وهك لهئایـهتی (١١٤)ی سـورهتی(آل-عمران).

دوهم: باوهڕ به خواوهند، جارێـك لـهپێش فـهرمان بهچـاكهو ڕێگـیری لهخراپـهوه هــاتوه، وهك لهئایــهتی(١١٤)ی ســورهتی (آل‌عمــران)جــارێكیش لــهدوای ڕێگــیری لهخراپهوه هاتوه، وهك ئایهتی(١١٠)ی سورهتی (آل‌عمران).

بەم شێوەی لای خواروە:

أ. **يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ– وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ.** آل‌عمران/١٠٤.

ب. **كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ – تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ– وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ.** آل‌عمران/١١٠.

ج. **يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ– وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ– وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ.** آل‌عمران/١١٤.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیەكە ئەم دوو ڕاستیە سەرنجی(توبروسی)یان ڕانەكێشاوەو لەتەفسیرەكەیدا بەناوی(جامع البيان)ەوە باسی لێوە نەكردون.

بەڵام (ڕازی)لەتەفسیرە گەورەكەیدا سەرنجی چوە بەلای دوەمداو بەشێوازێكی فەلسەفی لەسەری وەستاوەو هەوڵیداوە لەو دیدگا فەلسەفیەوە ڕاڤەی ئایەتی(١١٠)ی سورەتی(آل‌عمران)بكاتو دەڵێت: {فەرمان كردن بە چاكەو ڕێگیری كردن لەخراپە هۆكاری كاریگەر بوە بۆ ئەوەی ئومەی موحەمەد پلەی خەیریەتو چاكایەتی دەست بكەوێتو، باوەڕبونیش مەرجە بۆ ئەوەی كرداری فەرمان بەچاكەو ڕێگیری لەخراپەكە ئەو شوێنەوارە گەورەیە دابنێت، بەو هۆیشەوە بوە كە خواوەند ناو هێنانی فەرمان بەچاكەو ڕێگیری لەخراپەی پێشخستوە بەسەر ناو هێنانی باوەڕدا} تەفسیری ڕازی بەرگی (٨) لاپەڕە(١٥٨).

ئەمەی (ڕازی)باسی دەكات وەك خۆخەڵەتاندنێكی فەلسەفی دێتە پێش چاو، بەڕای ئێمە خوێنەری دابەزێنراوی بەجێ پێویستی پێی نیە تا لەو مەبەستە تێبگات كە لەئایەتەكاندا هاتون.

ئەوەی گرنگو حەشاهەڵنەگرە ئەوەیە كە هەرسێ ئایەتەكە جەخت لەسەر ئەم چوار خاڵە دەكەنەوەو پێداگری لەسەر ئەوە دەكەن كە: ئەم كارانە نابێت هیچ چەشنە ناچاركردنو زۆر لێكردنێكیان تێدا بەكار بهێنرێت.

١- کاری چاکەو بانگەوازکردن بۆی.

٢- فەرمانکردن بە چاکەو کاری پەسەند.

٣- ڕێگیری کردن لەخراپەو کاری ناپەسەند.

٤- باوەڕهێنان بە خواوەند.

خوێنەری دابەزێنراوی بەجێش بە ئاسانی لەڕوانگەی ئایەتەکانەوە تێدەگات کە: فەرمانکردن بە چاکەو کاری خەیر، شتێکەو ڕێگیری کردنیش لەخراپەو کاری ناڕەوا شتێکی تره، کاری خەیرو چاکەو بانگەواز کردنیش بۆلای ئەو کارە بابەتێکی سەربەخۆی ترە، هەروەها باوەڕبون بە خواوەندو بانگەواز کردنیش بۆ یەکتاپەرستی بڕگەی چوارەمی ئەم بابەتانەیە، بەڵگەی ئەم پۆلێن کردنەشمان ئەو(و)ەیە کە لەزمانی عەرەبیدا پێی دەڵێن: (واو العطف)واتە: واوی گێڕانەوەو پەیوەست کردنەوە بە بابەتەکەی پێشی خۆیەوە کە لەئایەتەکاندا بە ڕونی کاریگەری دیارە.

* کەمێك لەسەر ئەم فەرمودانەی خواوەند دەوەستین کە دەفەرموێت:

﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ التوبه/٧١.

﴿التَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ الْحَامِدُونَ السَّائِحُونَ الرَّاكِعُونَ السَّاجِدُونَ الْآمِرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّاهُونَ عَنْ الْمُنكَرِ وَالْحَافِظُونَ لِحُدُودِ اللَّهِ﴾ التوبه/١١٢.

﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنْ الْمُنْكَرِ﴾ الحج/٤١.

جارێكی تر خۆمان لەبەردەم سێ ئایەتدا دەبینینەوە كە قسە لەسەر چەند بوارو بابەتێكی جیاواز دەكەن‌و دەیانژمێرن كە بەو(و) واوی(عطف)لێك جیاكراوەنەتەوە، بابەتەكانیش بریتین:

١. باوەڕهێنان بە خواوەند.
٢. فەرمانكردن بە چاكەو چاكەكاری.
٣. ڕێگیری كردن لە خراپەو خراپەكاری.
٤. (نوێژكردن)یاخود بەرقەراركردنی پەیوەندی لەگەڵ خواوەندا.
٥. دەركردنی ڕێژەی زەكات لەماڵو ساماندا.
٦. گوێ ڕایەڵی كردن لەفەرمانەكانی خواوەندو پێغەمبەرەكەی لەهەر شتێكیدا كە فەرمانیان پێكردبێت یاخود ڕێگیریان لێ كردبێت.

جارێكی تر سەرنجی ئەوە دەدەین كە ڕاپەڕاندنی دروشمو سروتە ئایینەكانی وەك نوێژو زەكات، جارێك لەپێش فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپەوە دێن، وەك لەئایەتی ژمارە(٤١)ی سورەتی (الحج)دا هاتوەو جارێكیش لەدوایەوە دێن، وەك لەئایەتی ژمارە(٧١)ی سورەتی(التوبە)دا هاتوە، بۆ ئەوەی تێبگەین كە (و)ی (عطف) بەواتای جیاوازی دوو بابەتو چەمك دێت، نەك بۆ ڕێكخستن‌و ڕیزكردن بەدوای یەكدا، هەروەها بۆ ئەوەی تێبگەین كە هەندێك لەو دروشمانە لەسەر ئاستی تاكە كەسی ئەنجام دەدرێن، وەك باوەڕبون بە خواوەندو بەرقەراركردنی پەیوەندیو نوێژ لەگەڵ خواوەنداو گوێڕایەڵی خواوەندو پێغەمبەرەكەی، هەروەها هەندێكیشیان لەسەرئاستی تاكە كەس‌و لەسەر ئاستی كۆمەڵگەش ئەنجام دەدرێن وەك، فەرمانكردن بە چاكەو ڕێگیری كردن لەخراپەو ڕاپەڕاندنی زەكاتو پاراستنی سنورەكانی خواوەند، ئەم ئەركو دروشمانە ئەگەر لەسەر ئاستی كۆمەڵگە ڕابپەڕێنرێن ئەوا ڕاپەڕاندنیان پێویستی بە ڕێكخستن‌و سەرپەرشتیو چاودێریكردن دەبێت، بەڵام لەهەمو حاڵەتێكدا پێویستە لەبیرمان بێت كە ڕاپەڕاندنی ئەم دروشمو ڕێو شوێنانە دورن لەناچاركردن‌و زۆرە ملێو توندوتیژیەوە.

* بێگومان هامانەکان بۆ سەپاندنی هەژمون و زاڵبونی خۆیان بەسەر خەڵکداو بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا، پێوستیان بە پیاوانی ئایینی هەبوە بۆ ئەوەی ئەو پیاوە ئاینیانە بکەنە پەردەو ڕوپۆشی خۆیان‌و لەپشتی ئەوانەوە هەموو ئەو لاف‌و گەزافانەیان حەشار بدەن کە لەبارەی ئەوەوە لێیاندەدا کە گوایا ئەوان پێویستە ئاگایان لەهەموو کاروباری ژیان‌و تەنانەت ناخ‌و بیرکردنەوەی خەڵکیش بێت‌و کار بۆ ڕێکخستن‌و بەڕێوەبردنی بکەن، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە نەشیاوەشیان جارێك بەناوی پارێزگاری کردن لەدین‌و ئاینی خەڵك‌و جارێك بە بیانوی ئەوەی کە ئەوان نەوەو وەچەی پێغەمبەرن‌و جارێکیش بە بیانوی ئەوەی کە گوایا ئەوان ئەولیاو کەسە نزیکەکانی خواوەندن[٣٦]، هەندێ جار ئەم بەڕێزانە پەیامەکەی خواوەندو هەندێ جار بەشێك لەو پەیامە، لەجێگەی خۆی دەترازێنن‌و بەشێوەی نەشیاو دەیخەنەڕو، دروست وەکو ئەو کارەی کە کردویانە، کاتێك ئەم ئایەتەیان خوێندوەتەوە: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ﴾آل‌عمران/١٠٤.

واتە: ئومەتێك پێك بهێنن، یان بە واتایەکی تر، ببنە ئومەتێك بانگەواز بکەن بۆ لای چاکەکاری‌و ڕێگیری بکەن لەخراپەو خراپەکاری، هەر گەلێك وابێت شایستەی بەختەوەری و سەرفرازیە.

---

[٣٦] نەوەوی لەکتێبی(التبيان في آداب حملة القرآن)دا دەڵێت: بوخاری لەسەحیحەکەیدا لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(د.خ) وتویەتی: خواوەند دەفەرموێت: هەرکەس ئازاری یەکێك لەوەلی‌و کەسە نزیکەکانم بدات، بەدڵنیاییەوە جەنگی لەگەڵدا هەڵدەگیرسێنم. هەروەها لە دوو پێشەوا بەڕێزەکەوە(ئەبو حەنیفەو شافعی) ڕەحمەتی خوایان لەسەر کە وتویانە: ئەگەر زانایان (واتە: پیاوانی ئاینی)ئەولیاو کەسە نزیکەکانی خوا نەبن، ئەوا خواوەند وەلی‌و یاری نزیکی نیە. هەروەها پێشەوای(حافظ)ئیبن‌و عەساکیر ڕەحمەتی خوای لەسەر دەڵێت: بزانە ئەی برام(خواوەند ئێمەو تۆش پشتیوان بکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خۆی‌و بمانگێڕێت بەو کەسانەی کە پارێزگاری لەسنورەکانی دەکەن) بزانەکە گۆشتی زانایان ژەهراویە، شێوازی خواوەندیش لەڕیسواکردنی ئەوکەسانەدا کە ڕەخنەیان لێدەگرن‌و بە سوك سەیریان دەکەن ڕون‌و ئاشکرایە، هەرکەسێك زمانی بەرەڵا بکات لەقسە وتن بە زانایان ئەوا خواوەند پێش مردنی کەسەکە دڵی دەمرێنێت‌و ئەم ئایەتەی هێناوە کە دەفەرموێت :﴿فَلْيَحْذَرْ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾.

ئەم نمونەیە دەسدەدات کە وەك نمونەیەك لەتۆقاندنی فیکری(الإرهاب الفكري)بخرێتە ڕوو باسی لێوەبکرێت، بە ئاشکرا ئەم نمونەیە ڕونی دەکاتەوە کە چۆن زانا بەڕێزەکانمان ئایەت‌و فەرمودەکانیان لەبەرژەوەندی خۆیان‌و توێژەکەیان‌و بۆ بڵاوکرنەوەو چەسپاندنی ترس‌و تۆقاندن لە دڵی خەڵکی سادەدا بەکار هێناوە، ئەمەش دیارە هەموی لەپێناوی ئەوەدا بووە کە مەترسیان هەبوە لەسەر خۆیان‌و بۆ پاراستنی پلەو پێگەی خۆیان‌و پاراستنی دەسکەوتەکانیان ئەم کارەیان کردوە.

هــەروەها کاتێــك ئــەو فــەرمودەی پێغەمبــەر (ئەگــەر پشــت ڕســت ببێتــەوە) دەخوێنینــەوە لەوگێڕانەوەیەیدا کـە موسلم لەسـەحیحەکەیداو ئـیبن‌و داودو ئـیبن‌و ماجــە لەســونەنەکانیانداو پێشــەوا ئەحمــەد لەمەســنەدەکەیدا، دەیگێڕنــەوەو داڕشـتنەکەی هـی ئـیبن‌و داودە، لەئـەبی سـەعیدی خدریەوەکـە وتویـەتی: مـەروان لـەڕۆژێکی چـەژندا پـێش نوێـژ کـردن سـەرکەوتە سـەرمینبەرو، کابرایـەك هەسـتایە سەرپێ‌و وتی: ئەی مەروان تۆ پێچەوانەی سـونەت‌و ڕەویـەی پێغەمبـەرت کـرد، تـۆ لەڕۆژی جەژندا پێش نوێژ چویتە سەر مینبەرو دەستت کـرد بـە وتـاردان لەکاتێکـدا ئەو پێش نوێژ وتاری نەدەخوێندەوە. ئەبوسەعیدیش پرسی: ئـەو کابرایـە کێیـە..؟ وتیان فلانی کوڕی فلانە، وتی: ئەم کابرایـە بـەپێی ئـەو زانیاریـەی لایـەتی حـوکمی دەرکـرد. مـن لەپێغەمبــەرم بیسـتوە(د.خ)کەوتویەتی: هەرکـەس خراپـەو کـارێکی نـاڕەواو ناپەسـەندی بینـی‌و لەتوانایـدا هـەبوو بیگۆڕێـت ئـەوا بـا بەدەسـتی خـۆی بیگۆڕێـت ئەگـەر نەشـی تـوانی بـا بـەزمانی‌و ئەگـەریش هـەر نـەیتوانی بـا بـەدڵ، کەئەمەش لاوازترین باوەڕە.

سەبارەت بە ئایەتەکە دەڵێت: بەلای زانایانەوە ئەم ئایەتە گەردن بەندێکـەو وەك خەڵات بۆ ئەمان هاتوە تا وەك سەرپەرشتیارو لەلەو داڵدەدەری ئاینەکـەی بەسـەر خەڵکەوە دەستنیشانیان بکات، هەروەها وەك پاسەوانی پردەکانی نێوان خواوەندو بەندەکانی ئەمان ڕۆڵ بگێڕن، هەروەها ئەرکی ڕاڤەکردنی ئایەت‌و حوکم‌و فـەرمان‌و ڕێگریەکانی خواوەند بۆ خەڵك لەئەستۆی ئەماندایە.

بۆئەم مەبەستەش پێیان وایە یاخود وای دەگەیەنن کەئـەو(مِنْ)ەی کـە لەوشـەی (مِنْکُم)ی ئایەتەکـەدا هـاتوە بـۆ(تبعیض)ە واتـە: گوایـا بـۆ ئەوەیـە پێمـان بڵێـت: خواوەنـد داوا لـە بـاوەڕدارانی ئومـە دەکـات کـە هەنـدێکیان ئـەرکی فـەرمان کـردن

بەچاکەو ڕێگیری کردن لەخراپە بگرنە ئەستۆو، واش دەگەیەنن کە بەدیاریکراوی ئەوان ئەو برو هەندەن کە خواوەند دەستنیشانی کردونو ئاماژەی بۆ کردون. بەلاَم ئەم(مِنْ)ە لەم ئایەتەدا بۆ ڕونکردنەوەیە نەك بۆ جیاکردنەوەی دەستەیەك لەئومە(للتبین لا للتبعیض)وەك چۆن دەڵێن: فلاَنە فەرمانڕەوا وڵاتەکەی کردوە بە وڵاتێکی هاوچەرخی گەورەو بەهێز(الأمیر الفلانی جعل مِنْ بلاده دولة حضاریة عظیمة)مەبەست پێی ئەوەیە کە هەموو وڵاتەکەی والێکردوە نەك هەندێك لەوڵاتەکەی .

پێویستە بزانین چەند بابەتێك هەن ڕێگرن لەوەی کە ئەم(مِنْ)ە بۆ بڕکاریو جیاکاری بێت:

یەکەمیان: ئەوەیە کە دەستنیشانکردنی هەندێ: لەئومە بەکاری فەرمان بەچاکەو ڕێگری کردن لەخراپە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ئەرکە لەئەستۆی بڕەکەی تر دەکەوێت، ئەمەش بەشێوەی ستونی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەم فەرمودەی خواوەندا کە دەفەرموێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ آل‌عمران/١١٠.

واتە: بونە باشترین ئومە کە لەبەرژەوەندی خەڵكو مرۆڤایەتیدا سەرتان هەڵداوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە فەرماندەکەن بە چاکەو چاکەکاریو ڕێگیری دەکەن لەخراپەو خراپەکاریو باوەڕیش بە خواوەند دەهێنن.

دوەم: ئەگەر بهاتایەو خواوەند بە تایبەت داوای لەوان بکردایەو ئەرکی پیرۆزی فەرمان بە چاکەو ڕێگیری لەخراپەی تەنها بخستایەتە ئەستۆی ئەوان، ئەوا مانای وا دەبو کە: جیا لەخەڵكی تر ڕێزی زیادەیان لێدەگیرا لەلایەن خواوەندەوەو پایەو پێگەیان بەرزتر دەبویەوە، ئێمەش وا تێدەگەین کە خواوەند ئەو پێگە پیرۆزەی بە پێغەمبەرەکەی داوە کاتێك بەشێوەی تاکەکەسی فەرمانی پێکردوەو پێی وتوە: ﴿خُذْ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنْ الْجَاهِلِينَ﴾ الأعراف/١٩٩.

ئەم ڕێزگرتنو بەخشینی ئەم پلەو پێگەیەش كاتێك بە پێغەمبەر بەخشرا كە بە درێژایی چل ساڵ لەناو هۆزەكەیدا ژیا بە ڕاستگۆییو دەستپاكیو بەردەوامی لەفەرمانكردن بە چاكەو ڕێگیری كردن لەخراپە، ئێمە وا تێدەگەین كە ئەم ڕێز لێگرتنە خوایە بۆ پێغەمبەر لەگەڵ ئەو ئایەتەدا ڕێك دێتەوە كە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ الحجرات/١٣.

بەڵام ئێمە سەرمان لەوە دەرناچێت كە چۆن خواوەند ڕێز لەكەسانێكی دیاریكراو دەگرێتو هەڵیان دەبژێرێتو ئەركی فەرمان بە چاكەو ڕێگیری لەخراپەیان دەخاتە ئەستۆ پێش ئەوەی لەدایك ببن..؟.

هەروەها سەر لەوە دەرناكەین كە چۆنوبۆچی ئەم ئەركە هەستیارە دەخاتە ئەستۆیانو بە پشتاو پشت باوك دەیسپێرێت بە كوڕەكانی بەبێ ئەوەی شایستەییان بۆ گرتنە ئەستۆی ئەو كارە سەلمێنراوبێت، وەك بڵێیت: ئەمانە گەلێكی تری هەڵبژێرراو بونو خواوەند لەڕوی جەستەو پێكهاتەیانەوە بەجیاو بەڕێزتر لەخەڵكی دی فەراهەمی هێنا بن..!!

هەروەها سەبارەت بە فەرمودەكەش كە بەلای ئەوانەوە سونەتی پێغەمبەرەو لەڕوانگەی ئەو بنەما مەترسیدارەوە كە دایانهێناوەو بە زەبری هێز سەپاندویانە بەسەر خەڵكدا، ئەم ڕیوایەتو گێڕانەوەیە لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا بگونجێت یاخود نەگونجێت، بەلای ئەمانەوە هەر پێویستە پەیڕەویی لێبكرێت، ئەو بنەما مەترسیدارەش بریتیە لەوەی كە: سونە لەتوانایدا هەیە كە قورئان لەكار بخات..!!

ئەگەر ئەم بابەتە وابێت(دڵنیاین كە وایش نیە) كاتێك لەگێڕانەوەكەی ئەبی سەعیدی خدریدا ، ئەبو داوود باس لە مەروانی كوڕی حەكەم دەكات كە سەرپێچی سونەو ڕەویەی پێغەمبەری كردوە كە لە ڕۆژی هەینیدا وتاری پێش نوێژ خستوە، ئەی باشە زانایانی بەڕێز بۆچی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت پابەندیی لەڕەویەو سونەی مەروانی دەكەنو لەهەموو مزگەوتەكانی جیهاندا، وتار پێش نوێژ دەخوێننەوەو پشت لەڕەویەو سونەی پێغەمبەر دەكەن..؟.

هــەروەها ڕیوایــەتو گێڕانەوەكــەی خــدری بــەلای ئەوانــەوە بەڵگەیــە بــۆ ئــەوەی كــە لەپرۆسەی فەرمان بەچاكەو ڕێگیری لەخراپەدا دەبێـت بـە توندوتیـژی دەسـت پێبكرێـتو گۆڕینی خراپــەو خراپــەكاریش بــە زمــانو دڵ لــەكاری بــاوەڕ لاوازەكانــە، لەكاتێكدا ئــەم بۆچـونە داژیــەتی هەیــە لەگــەڵ ئــەو پلەبەندیــەدا كــە خواوەنـد لەهــەموو ڕێنماییەكانیـدا جەختی لەسەر دەكاتەوەو داوامان لێدەكات لەئاسـانەوە دەس پێبكـەینو بـە نـەرمونیانی قسە بكەینو ئەگەر ناچار كراین ئـەوجا بۆمـان هەیـە پـەنا بـۆ سـەختگیریو زمـانی زبـرو توڕەیی ببەین، وەك لەبابەتی ئامۆژگاری هاوسەریدا دەفەرموێت:

﴿وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ﴾ النساء/٣٤.

هەروەها بەلای ئەم بەڕێزانەوە ئەو حەدیسو ڕیوایەتە بەڵگەیـە بـە دەسـتیانەوە، تا لەپرۆسەی فەرمان بەچاكەو ڕێگیری كردن لەخراپەدا توندوتیژی بكەنە سیاسەتی پەیڕەوكراو لەدەوڵەتداریو باری كۆمەڵایەتیدا، لەكاتێكدا كە ئـەم فەرمودەیـە بـاس لەهەڵسو كەوتی تاكە كەسـەكان دەكـاتو ڕێگـەیان لـەو بارەیـەوە پیشـان دەدات، چونكە بەدڵنیاییــەوە پێغەمبــەر(د.خ)ژیر تــر بــوە لــەوەی كــە دەرگــای گۆڕانكــاریو لابردنی خراپــەكاری كۆمەڵگــە بــۆ تاكــەكان والا بكـات، چـونكە ئەگــەر وای بكردایـە كۆمەڵگە دەبوبە دارستانێكو تاكەكان لەژێرناوی گۆڕانكاریدا لەڕێگەی زەبرو زەنگو توندوتیژیەوە بەردەبونە گیانی یەكتر.

* زانایانی دەربار لەهەردو سەردەمی عەباسیو ئەمەویدا تەفسـیرو ڕاڤـەكردنێكی ئەوتۆیان كرد بۆ فەرمان كردن بە چاكەو ڕێگیری كردن لەخراپە كە، لەسەر بنـەمای ناچـاركردنو توندوتیـژی بونیاتیـان نـابو، بـە پێچـەوانەی دەقــەكانی دابـەزێنراوی بەجێو ڕەویەی پێغەمبەرەوە (كە ئەویش لەبناغەوە هـەڵقوڵاوی پـەڕاو پەیامەكـەی خواوەندە).

بۆیە هەم زانایانی دەربارو هەمیش دەسەڵات، توانیان نەیارەکانی خۆیانو نەیارەکانی دەوڵەتیش لەم ڕێگەیەوەو لەژێر ئەم دروشمەدا جارێك بە کوشتنو چەندین جاریش بە دورخستنەوەو زیندانی کردنو چاوترسێن کردن سەرکوت بکەنو لەناویان ببەن، وەك بەسەرهاتەکانی کە لەم بارەیەوە لەمێژودا تۆمار کراون.

دواتر نەوەو وەچەیەك بە دوای ئەماندا هات، کەهەرچی لە(تابعی)و شوێنکەوتوانەوە دەگێڕرایەوە، ئەمان بە پیرۆزیان دەزانیو پێبەپێ جێبەجێیان دەکردو هەرچیش خۆیان گوتەنی: پێشەوا مەعسومو بێهەڵەکانیان وتبویان سەپاندیانو ڕیشەیان پێداکوتا لەبیرو هزری خەڵکیداو دادگاو دامەزراوەی تایبەتیان دامەزراند بۆ داداگایی کردنی هەر کەسێك کە لەم ڕێنماییانە دەرچێت، یاخود خۆیان فەرمانی دەرچونی لەو ڕێنماییانە لەبارەوە دەربکەنو چەندین حوکمو فەرمانی سەیرو سەمەرە دەرکرانو دەستگیرا بەسەر چەندین ماڵو موڵکداو چەندین کەرامەتو ناموس ئابڕو هەتك کران، بەهۆی چەند تۆمەتێکی هەڵبەستراو و گاڵتەجاڕییەوە.[٣٦]

بەڵام لەڕاستیدا تۆمەتی سەرەکی و ڕاستەقینەو تاوانی گەورەو خەوتوی ئەم کەسانە، کە خۆی لەپشتی دێڕەکانی فەرمانەکانەوە حەشارداوە، ئەوەبو کە ئەم

---

(٣٦) تۆمەتی جەعدی کوڕی دیرهەم ئەوەبو کە نکوڵی دەکرد لەوەی کە خواوەند ئیبراهیم پێغەمبەری کردبێت بە(خلیل)ی خۆی یان موسا پێغەمبەری کردبێت بە قسە لەگەڵ کراوی خۆی، چونکە جەعد باوەڕی وابوو ئەگەر ڕادەستی ئەم بیرکردنەوەیە ببین ئەوا سەر دەکێشێت بۆ(تجسیم) واتە: داننان بەوەدا کە خواوەند تەنێکی دەستنیشانکراوی هەیە. هەروەها تۆمەتی ئەبو زەڕ ئەوەبو کە لەڕوبەڕوبونەوەی موعاویەدا لەناو خەڵکدا توندوتیژ بو و، وای دەکرد خەڵکیش لەدەسەڵات بێنە دەنگ(ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە هۆزی بەنی غەفار لەڕێگەی کاروانە بارزگانیەکاندا بونو بۆی هەبو کوشتنی ئەبو زەڕ ببێتە هۆی بەستنی ڕێگەکەیان، ئەگەر لەبەر ئەم هۆکارە نەبوایە بۆی هەبو ئەبو زەڕیش وەك نەیارەکانی تر بکوژرێت) هەروەها تۆمەتی ئیبنو تەیمیە ئەو فەتوایەی بو، لەبارەی سەردانی گۆڕستانەوە وتبوی سەردانی گۆڕستان قەدەغەو حەرامە، هەروەها تۆمەتی بوخاری ئەوەبو کە دەیوت قسەو گفتارەکانمان لەکردەوەکانمانەوە فەراهەم هاتون(کە ئەم بۆچونەش بۆچونی موعتەزیلەکان بو لەبارەی ئەوەوە کە قورئان دروستکراو و مەخلوقە).

كەسانە سەرپێچی فیرعەونەكانیان دەكردو ملیان نەدەدا بە ڕێنمایی‌و ڕاسپاردەی هامانەكان، بەردەوام زانا بەڕێزەكانمان تا ئەمڕۆش حوكم‌و فەرمانڕەوایی‌و حوكمڕانی (بەشمشێری فەرمان بەچاكەو ڕێگیری لەخراپە)دەكەن‌و چەندین ڕێگەو شێوازی جۆراوجۆر دەگرنە بەر بۆ بەستنی دەمی نەیارەكانیان‌و پەكخستنی عەقڵ‌و ژیری خەڵك، چونكە هەموومان دەزانین كە ئەم شمشێرە دوو سەرەو، بە هەربارێكدا بتەوێت بای بدەیت بڕشتی هەیە.

بۆ نمونە: ئەو گروپە چەكدارانەی كە ئامانجی كودەتا كردن‌و دەستگرتن بەسەر حكومیان هەیە لەوڵاتەكانیاندا بەهەمان شمشێرو لەژێر هەمان ناونیشاندا كاردەكەن و لەهەمان سەرچاوەوە ئاراستە وەردەگرن‌و هەوڵدەدەن لەوڵاتەكانیاندا بە حسابی خۆیان ڕێگیری لەوخراپەكاریانە بكەن كە كار بەدەستانی وڵاتەكانیان ئەنجامی دەدەن، هەندێ جار كار دەگاتە ئەوەی كە ئەم گروپانە بەناوی هەڵگەڕانەوە(الرّدة)وە كوشتن ئەنجام دەدەن‌و، هەندێ جار تاوانی گەورە دەقەومێنن لەژێر ناونیشانی ڕێگیری لەخراپەو خراپەكاریدا.

لەمەش زیاتر بەناوی ئاین‌و لەژێر چەندین دروشمی ئاینیدا دەستدرێژی دەكەنە سەر خەڵك‌و چەندین باندو دەستەی چەتەگەری دروست دەكەن.

* لەوانەیە كەسێك بپرسێت: لەدیدی تۆوە پێوستە پرۆسەی فەرمان بەچاكەو ڕێگیری كردن لەخراپە چۆن ئەنجام بدرێت..؟.

لەوەڵامدا دەڵێم: مەسەلەو بابەتەكە باسی ڕاو بۆچونی من نیە، بەڵكو باسەكە باسی بابەتێكە كە داخوازی‌و تەكلیفێكی خواییە كە خواوەند ڕێكارو ڕێ‌و شوێنەكانی ڕاپەڕاندنی دەستنیشان نەكردوە، بەڵكو هێشتویەتیەوە لەلایەكەوە بۆ ئەو داب‌و نەریتە باوانەی كە لەهەر كۆمەڵگایەكدا زاڵن بەسەر ژیانی خەڵكی ئەو

کۆمەڵگەیەداو لەلایەکی تریشەوە لەچوارچێوەی گیانی پێکەوە ژیانو یەکتر قبوڵ کردندا هێشتویەتیەوە بۆ خواستو زەوقو هەستی گشتی هەر کۆمەڵگەیەك، بەڵام خواوەند بەشێوەیەکی گشتی بۆ ڕاپەڕاندنو بە گەڕخستنی ئەم ئەرکە خواییە، چەند مەرجێکی داناوە کە گرنگترینیان بریتیە لەخۆ بەدور گرتن لەتوندوتیژیو تۆقاندنو ناچارکردنی زۆرە ملێ.

بەداخەوە حاڵەتی وا هەیە لەهەندێ جێگەدا بە زەبری کوتەكو عەسا، خەڵك ناچار بە نوێژکردنو بەرەو مزگەوت دەبرێت، یان ژنان بە زۆر ناچار بەخۆدا پۆشینو ئەوەی کە پێی دەڵێن: (پۆشاكو حیجابی شەرعی)دەکرێن، کە ئەم (پۆشاکە بەناو شەرعیە)تایبەتمەندیو چۆنایەتیەکەی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نمونە: لەئەفغانستانەوە بۆ یەمەن یاخود لەسوریاوە بۆ شانشینی عەرەبی سعودی دەگۆڕێت.

* ئەم چەشنە کارانە بەلای ئێمەوە نە فەرمان کردنن بە چاکەو نە ڕێگیری کردنیشن لەخراپەو نەلەبناغەشەوە کاری چاکەو چاکەکارین.

لەو سۆنگەیەوە کە جیهان بوەتە گوندێکی بچکۆلە، ئێمە وا دەبنین کە باشترین شێوازو ڕێکار کە مرۆڤ بە درێژایی مێژو پێیگەیشتبێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەركو پرسی فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگیری کردن لەخراپە بریتی بریتیە لە:

أ. ئازادی وشەو چاپەمەنیو ئازادی ویژانو بیروباوەڕ بەبێ ترس .

ب. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك کۆمەڵەی پارێزگاری ژینگەو پارێزگاری لە بەکار بەرو کۆمەڵەو دامەزراوەکانی مافەکانی مرۆڤو کۆمەڵەو دامەزراوەکانی پارێزگاری و چاودێری گیانلەبەران، هەروەها هەموو سەندیکا پیشەییەکان، ئەمانە هەمویان کۆمەڵەو دامەزراوە گەلێکی دڵخوازانەنو هیچ چەشنە بوارێکی ناچارکردنو زۆرە ملێکردنیان تێدا نیە.

ج. لەسەر ئاستی سیاسیش، ژمارەیەکی باش لەولآتان گەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە نەیاریو بەرهەلّستی سیاسی (opposition) لەناویاندا بونی هەیە، بەو پێیەی کە دەولّەتیش دامەزراوەیەکە دەگونجێت دەست بداتە گەندەلّیو خراپەکاری لێ بوەشێتەوە، چونکە سامانو دەسەلآتو هێزی سەربازیو بڕیاری ئابوری لەژێر دەستدایە.

ئەرکو بەرپرسیارێتی نەیارو بەرهەلّستکارە سیاسیەکا ئەوەیە کە هەستن بەکاری ڕێگیری لەخراپەو کاری نابەجێ کە لەم بوارەدا بریتیەلە(خستنە ڕو و پەردەلادان لەسەر ئەو گەندەلّیو هەلآنەی کە لەجێبەجێ کردنی بەرنامەی حکومەت و سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانیدا ڕودەدەن).

هەروەها یەکێکی تر لەئەرکەکانی پارتە سیاسیەکانی دەرەوەی دەسەلآت بریتیە لە: فەرمانکردن بەچاکەو کاری باش، کە ئەویش لەڕێگەی چاککردنی ئەو خراپانەوە کە دەسەلآت بەنیازە بیانکات، بەلآم بەشێوەی ئاشتیو دور لەتوندوتیژی، چونکە دەولّەت لەم کۆمەلّگەیانەدا دەولّەتی چەسپاندنی ئاسایش و هێوریە، نەك دەولّەتی سەرکوت کردنو چەوساندنەوەو خەفە کردن.

ء. لەو کۆمەلّگایانەدا کە پێشکەوتون، مرۆڤ دەست هەلّدەگرێت لەبەشێك لەئازادیە تاکە کەسیو کۆمەلآیەتیەکانی بۆ دەسەلآت، لەبەرانبەر گرێبەستێکدا کە لەنێوان هاوولآتیو دەولّەتدا هەیە کە داوا دەکات هاوولآتی گوێڕایەلّی لەبەرانبەر یاسا پەسەندکراوەکاندا بنوێنێت.

پێویستە لێرەدا جیاوازی بکەین لەنێوان چەمکی یاسا(سنورەکان)و چەمکی دەسەلآتدا.

هـەروەها پێویسـتە بـزانین کـە سـنورەکانی خواوەنـدو (حـدود الله) مـان هەیـەو شتێکمان نیە بەناوی دەسەڵاتی خواوەند (سلطة الله) چونکە، دەسەڵات هی خـەڵكو گەلەو بەپێی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی دەیسپێرێت بە دەستەیەك لەکەسایەتیەکانی وڵاتەکـەی، لێـرەوە تێدەگـەین کـە بەرزکردنـەوەی دروشـمو مانشـێتی حاکمیـەتی خواوەند (حاكمية الله) دروشمێکی وەهمیو خەیاڵیەو هـیچ واتـاو نـاوەڕۆکێکی نیـەو توندوتیژیو تۆقاندن نەبێت، هیچی تر بەرهەم ناهێنێت.

هەر لەوسۆنگەیەوە کە ئیسلام لەسێ بەشی سەرەکی پێك دێت و بریتین لە:

دروشمـەکانی پەرسـتش، سـنورەکان، بەرنامـەو پرۆگرامەکان(الشـعائر، الحـدود، الشرائع)بۆیە پێویستە لەسەر هەموو حزبێکی سیاسی خۆی بەدور بگرێت لـەناونانی خۆی بە ئیسلامیی، چونکە ئیسلام ئاینێکی هەردەم لەگەشەو دورە لەقەتیس کردن لەدەستەیەکدا، بۆیە ئەم حزبانە بۆیان هەیە بەرنامە سیاسیەکەیان پێشکەش بکەن بـەدەر لـەو دروشمـە کلاسیکیەی کـە دەڵێـت: تـەنها ئیسـلام چارەسـەرە، چـونکە چارەسـەری گرفـتو کێشـە ئـابوریو کۆمەڵایـەتیو سیاسـیەکان بەدەسـتی خـودی تاکـەکانی کۆمەڵگەیـە، هـەروەها بـەرپا کـردنو ئەنجامـدانی نوێـژو حـەجو ڕۆژوی رەمەزان، پەیوەندیان نیە بـە چارەسـەری کێشـەکانی دەوڵـەتو کۆمەڵگـەوە، بۆیـە ئەو کەسەی کە دروشمی (حاكمية الله) یاخود (ئیسلام چارەسەرە)بـەرز دەکاتـەوەو دەیکاتە بەرنامەی کاری خۆی، بەڕاستی ئەو حزبو دەستەو کەسانە لەگومڕاییـەکی ئاشکرادانو خەریکی خەڵەتاندنی سەرەتا خۆیانو دواتریش خەڵکن.

هەروەها پێویستە بزانین کە بەها باڵاکان، بەهای مرۆییو هی هەمو مرۆڤایـەتینو تەنهاماڵی شوێنکەوتوانی موحەمەد نین.

ئەم بەها باڵایانەو باوەڕ بە خواوەندو باوەڕ بە ڕۆژی دوایی لەهیچ بوارێکدا ناخرێنە دەنگدانەوەو چەسپاووبەڵگە نەویستەکانی ژیانی مرۆڤایەتین(المسلّمات).

و. بەو پێیەی کە کۆمەڵگە عەرەبیەکان ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کۆمەڵگە گەلێکی یـان خێڵـەکی، یـان تـیرە گـەرین‌و لەهەندێکیشـیاندا هـەم خێڵەکیشـن‌و هـەم تـیرە گـەریش، بۆیـە حزبـە سیاسـیەکانیش لـەم کۆمەڵگەیانـەدا هەیانـە لەیـەك وڵاتـدا خێڵەکی‌و دەستەگەراییە، یاخود لەوڵاتێکی تردا دەستەگەری‌و تیرەگەراییە ، یاخود خێڵەکیە لەچوارچێوەی یەك دەستەو تیرەدا، بۆیە چەمکی فـەرمانکردن بـە چـاکەو ڕێگیری کردن لە خراپـەش لەسـەر ئاسـتی سیاسـی لـەو کۆمەڵگایانەدا(هـەر چـەندە شـێوەو ڕوکـاری حزبـی سیاسیشـی وەرگرتبێت)بـەڵام لەناواخنیانـدا بێـت یـان بەڕاشکاویش ڕای بگەیەنن، یـان ڕوکـارێکی ئاینیشـیان ببێـت، ئـەوان هـەر هێزێکـی دەستەو تیرەگەرا، یاخود خێڵەکی یاخود هەر دوکیان پێکەوەن.

بۆ نموونە: برایانی موسڵمان‌و قاعیدەو حـەماس، دیـارە کـە ئەمانـە مـاڵن بەسـەر سونەوەو(حزبُ الله)ش ماڵە بەسـەر شـیعەوە، هـەمویان لەسـەریەك خـوان دەخـۆن، تەنانەت ئەگەر حزبەکانیشیان ناوێکی عیلیمانیش لەخۆیان بنێن بـەڵام هـەر لەسـەر پێکهاتە تیرەگەراییە خێڵەکیەکەیان دەمێننەوە، چونکە هـەمویان نـەوەو میراتگـری سـەردەمەکانی کـەنار خسـتنی سیاسـین، ئـەو سـەردەمانەی کـە بـە کۆچـی دوایـی پێغەمبەر(د.خ)و تەنانەت پێش شاردنەوەو دفن کردنی، دەسـتی پێکـردو بـەردەوام بو تا ئەم سەردەمانەش هەر بەردەوامە.

بۆیـــە: ئیســـلامی سیاســـی ناتوانێـــت لەگـــەڵ کەســـدا بـــژی، دواجـــار یـــان (أميرالمؤمنين)یان ڕابەری گشتی یان (المرشد الأعلى)مـان بـۆ بەرهـەم دەهێننـەوە، کە هەر خودی ئەم ناو و نازناوانە ئاماژەن بۆ کەنار خستنی ئەوانی تر[٣٧]

[٣٧] لەم برگەیەدا نوسەر گشتگیریەکی زیاد لەپێویستی کـردوەو دەکـرا هـەمو تەوژمـەکان بەیـەك چاو و پێـودانگ نەخاتـە یـەك تـای تەرازووەوە. (وەرگێڕ)

بۆیـە ئەگـەر بمانـەوێت پارێزگـاری بكـەین لەئیسـلام وەك ئـاینێكی جیهـانی كـە لەچینەوە تا مۆناكۆ، دەستبدات بۆ هەموان‌و توانای جێبەجێ بونی تێدا بێـت، ئـەوا پێویستە لەسەر هەمومان كە سیاسەت لەم ئاینە دور بخەینـەوە، دەڵـێم سیاسـەت، واتـە: سیاسـەت لەئیسـلام دور بخەینـەوە نـەك كۆمەڵگـە لەئیسـلام دور بخەینـەوە، چـونكە دور خسـتنەوەی ئیسـلام لـە هـەر كۆمەڵگەیـەك، چەشـنێكە لەچەشـنەكانی ئەستەم.

# بەشی پێنجەم

## (الولاء و البراء)

## بەرەو ڕوچون و پەسەندکردن، وازلێهێنان و پشت تێکردن

لەجیهانی ئیسلامی ئەمڕۆدا چەنین دروشم بەرزدەکرێنەوەو چەندین وتارو بابەتو چەمك و چەندین زاراوە بڵاودەکرێنەوە، لەم کارانەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو تێکەڵ کردن بەسەریەکدا ڕو دەدات، بۆ نمونە: نەتەوەپەروەری تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ ڕەگەز پەرستیدا، بیروباوەڕی سیاسی تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینیدا، بواری بیرو فیکر، تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ ڕەوشتو هەڵسوکەوتدا، لەم کرداری تێکەڵ کردنانەدا سنورەکانی هەواداری ئاینیو مەزهەبیو نەتەوەیی تێکەڵو تێهەڵکێش دەکرێن لەگەڵ سنورەکانی هەواداری سیاسیو پاشایەتیو کۆماریو دەستوریدا، لەسایەو ئاکامی ئەم تێکەڵو تێهەڵکێش کردنەدا، جیاکەرەوەو جیاوازیەکانی نێوان نەتەوەو ئومەو هۆزو تیرەو گەلو نیشتمان هەموی تێکدەشکێنو لەبەین ئەچن.

لەوانەیە دیارترین نمونەی ئەم تێکەڵ کردنە ئەم دو نمونە هاوچەرخانە بن:

***یەکەم***: دەستەواژەکەی (سەعد زەغلول) لەوڵاتی میسر کە دەیگوت: (الدین لله والوطن للجمیع) واتە: ئاین بۆ خواوەندو نیشتمان بۆ هەموان . لەم بنەماو دروشمەدا هاونیشتمانی بون لەژیانی گشتیدا پێشخراوە بەسەر ئایندا.

***دوەم:*** دروشمەکەی (زەکی ئەلئەرسوزی)کەبیرمەندێکی نەتەوەییەو دەیگوت: (أمة عربیة واحدة) واتە: ئومەی عەرەبی یەك ئومەتە.

ئەم دروشمە ئومەو نەتەوەی تێکەڵ کردوە بەسەریەکدا، چونکە نەتەوەی عەرەبی هەیە، نەتەوەی تورك هەیە، نەتەوەی فارس هەیە.....هتد.

لەبەرانبەریشەوە ئومەی موحەمەدی هەیە، ئومەی ئەتاتورکی هەیە، ئومەی مارکسی هەیە.

بۆیە پێویستە بزانین کە نەتەوە زمانەو، ئومە هەڵسوکەوتو بیروباوەڕە(فالقومیة لسان والأمة سلوك وعيقدة).

ئەم دروشمو بابەتو دەستەواژانە وەنەبێت تازە بنو بۆ یەکەم جار بیری هاوچەرخ دای هێنابن، بەڵکو زۆربەیان لەکتێبەکانی کەلەپورماندا بونیان هەیە، هەندێکیشیان بناغەیەکیان هەیە لەدابەزێنرای بەجێداو دواتر پاش چەماندنەوەیان بەباری بەرژوەندی دەسەڵاتو سیاسەتەکانیدا، بەکار هێنراون بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی کاربەدەستان، یان بەکار هێنراون بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەزهەبیو نەتەوەییو ڕەگەز پەرستیەکان.

چەند کەسێك لەو کەسانەی کە لەبارەی بیری ئیسلامیو ڕەخنەگرتن لەعەقڵی عەرەبیو ئیسلامیەوە نوسیویانە هەندێ جار دەسیان بردوە بۆ ئەم دروشمو بابەتو دەستەواژانەو لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردون.

لەو نوسەرانەش هەیان بوە بە حسابی خۆی دانەبەزیوە بۆ ئەو ئاستەو خۆی لەو چەمكو دەستەواژەو بابەتانە لاداوەو لەئاکامدا نوسینەکانی تەنها بۆ دەستە بژێرێك بوە، کە لەکۆشكو تەلارەکاندا ژیاونو دوربون لەو هەلو مەرجەی کە خەڵکی بە گشتی تێدا دەژی لەکوچەو کۆڵانو بازاڕەکاندا، لەو نوسەرانەش هەیانە بە مەبەستەوە ئەم بابەتەی پشتگوێ خستوە، لەترسی ئەوەی نەکا بکەوێتە بەر زەبری نەشتەری ڕەخنە گرتن و ڕەخنە گرانەوە، یاخود لێرەو لەوێ بکەوێتە بەر لێشاوی بڕیارەکانی قەدەغەکردنەوە، یاخود لەبەر ئەوەی خۆی لە تۆمەتی بەناو زاناکانی سەر مینبەرو سەکۆی وتارخوێندن بپارێزێت، لەوەی کە تۆمەتی کوفرو بێ باوەڕی بدەنە پاڵ.

با ئەوەش لەولاوە بوەستێت کە بە لێشاو کتێب دەنوسرێتو لەچاپ دەدرێت لەبارەی گوتاری ئاینیو نوێکردنەوەی فیقهی ئیسلامیو، هەروەها کۆڕو کۆڕبەندەکانی لێك نزیك کردنەوەی مەزهەبو ئاینەکان، بەتایبەت لەدوای ڕوداوەکانی (١١)ی ئەیلولەوە، دەبینین لەم چەشنە کارانە تەواو زۆر بونو جیهانی عەرەبیو ئیسلامیی لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، جمەی دێت لەم چەشنەکارانە کە هەڵسوڕاوانی ئەم چالاکیانە، ڕۆژانە هەوڵی ڕازاندنەوەو خستنەڕوی دیوە جوانەکانی خۆیانن لەبەرانبەر شارستانیەتو دیموکراسیەتی ڕۆژئاواداو، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێکارو پرەنسیپیان داناوە کە چۆنو بە چ شێوەیەك گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆژئاوادا بکەن، وەك ئەوەی بڵێیت: گەلانی عەرەبو ڕۆڵەکانی ئومەی ئیسلامیی لەپێناو گەشەسەندنوژیانیاندا پێویستیان بەوە نەبێت کە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆو قسەو ڕاوێژ بکەن، لەم کارەشیاندا بە نەگونجاوترین شێواز جێگۆڕکێ بە بنەما چەسپاوەکان دەکەن.

﴿یُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ﴾و﴿یحریفون الْكَلِمَ مِنْ بَعْدِ مَوَاضِعِهِ﴾، هەروەها شتەکان بەناوی جیا لەناوەکانی خۆیانەوە ناو دەنێن وەك: میانڕەویو ئاوەژوکردنو زێدەڕۆییو کورت ڕۆییو داڕشتنی چەند دەستەواژەیەك کە مرۆڤ سەرسام دەمێنێت لەو وردەکاریەی کەبەکاریان هێناوە لەداڕشتنیاندا، بەشێوازێك کە هەندێ لە دەستەواژەکان لەیەك کاتدا مانای شتێكو پێچەوانەکەشی دەگەیەنن.

یەکێکیان لەکتێبێکیدا بەناونیشانی(نوێکردنەوەی فیقهی ئیسلامیی)و لەژێر ناونیشانی (التشریع والعقل)دا دەڵێت: (... لەئیسلامدا عەقڵ بە یەکێك لەسەرچاوەکانی فیقه دانانرێت...)

ئەمە خۆی لەخۆیدا یاریکردنێکی سەرشێتانەیە کە بەشێوەیەکی زۆر ورد تاوتوێ کراوە ئەوجا داڕێژراوە، چونکە هەموومان دەزانین کە خواوەند خۆی دابەزێنراوی بەجێی داڕشتوەو وەك سەرچاوەیەك بۆ یاسادانانو دانایی بۆی ڕەوانە کردوین، بەشێوازێك کە ژیری مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی لەداڕشتنیدا نەبوە، بەڵام پێویستە بزانین تاکە سەرچاوە بۆ زانینو تێگەیشتن لەدابەزێنراوی بەجێ، بریتیە لەژیری و عەقڵی مرۆڤ، بۆیە بەڕونی دەردەکەوێت کە نوسەر هیچ بەلایەوە گرنگ نیە، بایەخ بدات بە تەشریعو یاسادانانو عەقڵو تەنانەت خودی دابەزێنراوی بەجێش، بەڵکو ئەوەی بەلایەوە گرنگە ئەوەیەکە تۆمەتبار نەکرێت بەوەی کە لایەنگر یاخود هەڵگری بیری(إعتزال)ە.

پێش ئەوەی قسە لەبارەی(ولاء وبراء)ەوە بکەینە ئەم پێشەکیەم بە پێویست زانی، چونکە(ولاء و براء)ش یەکێکە لەو دروشمانە.

پێویستە ئەوەش بزانین ئەم بابەتە زۆر ئاڵۆزو وردو لێك ئاڵاو و هەستیارەو ناکرێت بە چەند وشەیەك مافی تەواوی بدرێت، هەندێك لایەنگرانی ئەم بابەتە لەسەریان نوسیوە، هەر چەند لەهەندێ جێگەدا هەندێ لەقسەکانیان وەك نمونە وەردەگرین، بەڵام هەوڵ دەدەین نەچینە ئەو خانەی لایەنگریەوە کە ئەوانی تێکەوتوە، هەروەها نەیارانی ئەم بابەتەش بەهەمان شێوە لەسەر بابەتەکەیان نوسیوەو، هەر چەندە لەهەندێ جێگەدا سود لەڕاو بۆ چونەکانیان وەردەگرین، بەڵام هەوڵیش دەدەین کوێرانە شوێنیان نەکەوین، لافی ئەوەش لێنادەین کەوا ئێمە توانیبێتمان بە تەواوی‌و پڕاوپڕی‌و تێروتەسەلی قسەمان لەبارەی بابەتەکەوە کردبێتو مافی خۆیمان پێدا بێت، چونکە بەڕای ئێمە ئەم بابەتە زیاتر هەڵدەگرێت قسەی لەسەر بکرێت، بەڵکو ئێمە وا دەبینین، ئەم بابەتە هەڵدەگرێت کە ژمارەیەك لەپسپۆڕان لەچەند زانستێکدا قسەی لەسەر بکەن کە گرنگترینی ئەو زانستانەش بریتین لە: مێژوو، زمانەوانی، زانستی کۆمەڵناسی، فیقهو تەفسیر.

بەڵام دواجار وا دەبینین هەڵکردنی تەنها تاکە مۆمێکیش بێت، باشترە لەنەفرەت کردن لەتاریکی، هەروەها وا دەبینین کە نوسینی تەنها لاپەڕەیەکیش بێتو کە لەو لاپەڕەیەدا بتوانین شتەکان بەناوی خۆیانەوە ناوبنێین، باشترە لەچەندین موجەلەدو کتێبی گەورەو قەبە کە ڕۆ چووبن لەتەلیسمو لێکچواندنو ئاماژەی ناڕوندا.

## الولاء:

(و ل ى)بناغەيەكی دروستە لەزمانی عەرەبيداو دەستەواژەيەكی قورئانيەو يەكێكە لە(الاضداد)واتە: مانای دژ بەری هەڵدەگرێتو بەخۆی بەكارهێنانەكانيەوە لە(٢٧)جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، كە يەكەميان بريتيە لە: ﴿ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ فَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَكُنتُمْ مِنْ الْخَاسِرِينَ﴾ البقرة/٦٤.

دوا دانەشيان بريتيە لە: ﴿أَرَأَيْتَ إِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى﴾ العلق/١٣.

هەروەها وشەی(ولي، مولى، الولاية، التولى، المولاة)يش هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرن.

لەهەموو ئەم جێگايانەدا لەچوارچێوەی دو مانا دەرناچێت: (بەرەوڕو ڕۆيشتن بە پەيڕەوی لێكردنەوە، وازلێهێنان بە ناڕەزايیو ناخۆش نوديەوە)بە عەرەبی(الإقبال بالإتباع، والترك بالإعتراض).

لەيەكەمياندا خواوەند دەفەرموێت:

- ﴿وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمْ الْغَالِبُونَ﴾ المائدة/٥٦.

واتە: هەركەس بەرەو ڕوی خواوەندو پێغەمبەرەكەیو باوەڕداران بڕواتو شوێن پێيان هەڵبگرێت، ئەوا بە دڵنياييەوە دەستەی خواوەند لەسەركەوتوانن.

- ﴿وَلِكُلٍ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا...﴾ البقرة/١٤٨.

واتە: هەركەسەو ڕوگەو ئاراستەيەكی هەيە كە بەرەو ڕوی دەڕوات.

- ﴿وَلِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ﴾ البقرة/١١٥.

واتە: ڕۆژ هەڵاتو ڕۆژئاوا هەردوكيان هەر هی خواوەندن ڕو لەكاميان دەكەن ئەوا ڕوتان كردوەتە ڕوی خواوەند.

بەڵام لەدوەمدا خواوەند دەفەرموێت:

- ﴿سَيَقُولُ السُّفَهَاءُ مِنْ النَّاسِ مَا وَلَّاهُمْ عَنْ قِبْلَتِهِمْ الَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا﴾ البقرة/١٤٢.

واتە: لەمەودوا گەمژەو كاڵفامەكانی ناو خەڵك دەڵێن: چی ڕوی پێوەرگێڕان لەو ڕوگەی كە لەسەری بون..؟.

- ﴿وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ وَلَّوْا عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا﴾ الأسراء/٤٦.

واتە: ئەگەر لەقورئاندا ناوی پەروەردگارت بە تەنهایی ببەیت، ئەوا لێت دور دەکەونەوەو لەسەرپشت بۆی هەڵ دێن.

- ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ آل‌عمران/٦٤.

واتە: ئەگەر ڕویان وەرگێڕا، پێیان بڵێن: ئێوەش شاهدی بدەن کە ئێمە موسڵمانین.

پێویستە بزانین کە لەزمانی عەرەبیدا(ولي)و(مولى)بریتین لە(گەورەی گوێڕایەڵی لێکراو) هەروەها(ولي‌و مولى) بریتیە لە پاشکۆیەکی گوێڕایەڵیکەری بێ چەندو چۆن بۆ فەرمان‌و ڕێگیریەکانی گەورەکەی خۆی.

لەبارەی سێهەمیشەوە:

- ﴿اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُمْ مِنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ﴾ البقرة/٢٥٧.

واتە: خواوەند وەلی‌و سەرپەرشت‌و لێپرسراوی باوەڕدارانەو لەتاریکاییەکانەوە دەستیان دەگرێت بۆ ناو نورو ڕۆشنایی‌و، ئەوانەش کە کافرن وەلی‌و سەرپەرشتیان ستەمگەرە یاخیەکانن ولەنورو ڕۆشناییەوە دەریان دەکێشنە ناو تاریکاییەکانەوە.

- ﴿وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ﴾ هود/ ١١٣.

واتە: بێجگە لەخواوەند هیچ چەشنە وەلی‌و دڵسۆزو هانا بۆ لا براوێکتان نیە تا ڕوی تێبکەن‌و دواجار سەرناکەون.

- ﴿إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ﴾ الأعراف/١٩٦.

واتە: دڵنیابن کە سەرپەرشت‌و ئەوکەسەی کە دڵی پێ خۆش دەکەم خواوەندمە، کە پەڕاوەکەی ناردوەتە خوارەوە وهەر ئەویشە سەرپەرشتی‌و داڵدەی چاکسازان دەدات.

- ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ يونس/٦٢.

واتە: بەڵێ بەدڵنیاییەوە ئەوانەی کە خواوەند سەرپەرشتیانەو داڵدەیان دەداتو ڕویان لەوە، هیچ چەشنە ترسێکیان لەسەر نیەو دڵ تەنگو غەمگینش نابن.

- ﴿يَاأَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِنَ الرَّحْمَانِ فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا﴾ مريم/٤٥.

واتە: ئەی بابە گیان من ئەترسم سزایەك لە(رحمن)ەوە ڕوبەڕوت ببێتەوەو بەهۆیەوە ناچار ببیت ڕو لەشەیتان بکەیتو ببیتە یەکێك لەوەلیەکانی ئەو.

ئەمانە سنورە زمانەوانیەکانی(ولاء)بون، چ لەلایەنە ڕوکاریەکەیەوە و بە کارهێنانی جیاواز، یان لەڕوی ناواخنو ئاماژەکانی ماناکەیەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم (ولاء)ە مانایەکی (إصطلاح)ی وەرگرتوە، واتە: مانایەکی تری لێوەرگیراوە، گوایا مانا زمانەوانیەکەی گشتییەو لەم بوارە تایبەتیەشدا ئەم مانایە دەدات بەدەستەوە، بەم کارەش(ولاء) لەدەستەواژەیەکی عەرەبی قورئانیەوە گۆڕاوە بۆ دەستەواژەیەکی فیقهی.

هاوشان لەگەڵ ئەم گۆڕانەشدا چەندین گۆڕانکاری تر ڕویان داوە لەماناو واتاو ئاماژەکانی چەندین دەستەواژەی تردا وەك: (الفقهـ)و(العصمة)و (التقية)ئەم گۆڕانکاریە لەڕوی مێژویو ڕیزبەندیەوە بەشێوازێك ڕویدا کە زۆر قورسە بەڵکو ئەستەمە بزانین کامیان زو کراوەتە قوربانیو کامیان دواتر گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە، دروست وەکو چیرۆکی هێلکەو مریشکەکە، کە کەس نازانێت کامیان لەکامیان بوە.

ئێمە پێشتر وتمان (ولاء) (کە مانای بەرەو ڕوو ڕۆیشتن بە پەیڕەوی لێکردنەوە، یاخود وازلێهێنان بەناڕەزاییو ناخۆش نودییەوە)یەکێکە لەدەستەواژەکانی (الأضداد)لەزمانی عەرەبیدا واتە: دەکرێت مانای دژ بەیەك هەڵبگرێت لەخۆیدا.

چونكە(ولاء)یان ڕو تێكردن‌و پەیڕەوی لێكردنە، یان وازلێهێنان‌و پشت تێكردنە، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین تێبگەین لەواتاو مانای(ولاء)لەهەردو ڕوەكەیەوە، ئەبێت وەڵامی چەند پرسیارێكی گرنگ بدەینەوە وەك: شوێن كەوتن وهەواداری چی..؟ وازهێنان لەكێ..؟ هەروەها ئایا (ولاء) (چ بە واتای بەرەوڕو ڕۆیشتن‌و پەیڕەوی لێكردن بێت، یاخود بە واتای وازلێهێنان بە نارەزایی‌و ناخۆشنودی)ئایا وێستگەو هەڵوێستێكی فیكرو تیۆریە..؟ یاخود هەڵوێستێكی ڕەفتاری‌و كرداریە..؟ یاخود ئایا (ولاء) بە هەردوو ڕوەكەیەوە(بەرەو ڕوچون)و (وازلێهێنان) هەڵوێست‌و وێستگەیەكی فیكری زەینیە..؟ یان هەڵوێست‌و وێستگەیەكی ڕەفتاری كرداریە..؟ ئایە (ولاء) كاری تاكە كەسە یاخو كاری كۆمەڵە، یان لەیەك كاتدا هەم كاری تاكەو هەمیش كاری كۆمەڵ..؟ ئایا (ولاء) ڕەفتارێكە بە مانای كردەوەو كردار، یاخود ڕێكخەرێكەو كۆنترۆڵی ڕەفتاری تاكو كۆمەڵ دەكات..؟

ئەگەر (ولاء) بریتیبێت لەزمانۆچكە(صمام)ی ڕێگە نیشان دان‌و هێمایەك بێت بۆ سەردەركردن لەژیاندا بەرەو ئاراستەی دروست، ئایا ئەمە كاری خواوەندە كە ئەم هێماو زمانۆچكەیەی لەسەرە ڕێگاكانماندا داناوە، یان دەسكاری ئەو فەقیهانەیە كە (ولاء)یان وەرچەرخاندوەو كردویانە بە دەستەواژەو(مصطلح)..؟

یان ئەگەر (ولاء)ڕەفتار بێت یاخود ڕێكخەر(ناظم)ی ڕەفتاری كۆمەڵ بێت، ئایا ئەم ڕێكخەرە هەروا لەسەر ئاستی نەتەوەو ئومەو گەل‌و هۆزەكانیش دەتوانێت ڕێكخەری ڕەفتاری ئەمانیش بێت..؟

ئایا ئەم (ولاء)ە حوكم‌و فەرمان‌و ئاراستەی ئەو لێك تێگەیشتن‌و یەكتر ناسینەش دەكات كە خواوەند كردویەتی بە ئامانجێكی خوایی، ئایا (ولاء) ئەم چەشنە پەیوەندیەش ڕێك دەخات..؟ وەك خواوەند دەفەرموێت: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّاخَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّـهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**﴾الحجرات/١٣.

واتە: ئەی خەڵكینە ئێمـە ئێوەمـان لەیـەك نێـرو مـێ فەراهـەم هێنـاوەو بـەدیمان هێناون و دواتر گێڕاومانن بـە چـەند گـەلو تیرەیەكـەوە بـۆ ئـەوەی یـەكتر بناسـنو دڵنیاشـبن بـەڕێزترین كەسـتان لای خواوەنـد پارێزكـارترین كەسـتانە و دڵنیـاش بـن خواوەند زانای بەئاگایە.

ئایـا (ولاء) حـوكمی (تعـارف)و یـەكتر ناسـینەكە دەكـات و ڕێكـی دەخـات، یـاخود بـە پێچەوانەوە (تعارف)و یەكتر ناسینەكە حوكمو فەرمانڕەواییو (تحكم)ی (ولاء) كە دەكات..؟

بـەم شـێوەیە دەسـت پێدەكـەین و دەڵـێین: (ولاء)پەیوەندیـەكی مرۆڤانـەی كۆمەڵایەتیە، سەرەتا لای تـاك وەك بیرۆكەیـەكی زەینـی دەسـت پێـدەكات، كاتێـك بڕیار دەدات كە(ولي)و هاودەمێكی ئەوتۆ بـۆ خـۆی هەڵبـژێرێت كەهـەردەم شـوێنی بكەوێتو پـێ بـەپێ بەدوایـدا بـڕواتو لەهـەموو كـرداری گفتارێكـدا وەك ئـەو بكـات، لەهەمو كارێكدا كە دەیكات چاو لەم پێشەنگەی خۆی بكات، كە ئەمەش واتـای ئـەو فـەرمودەی خواوەنـدە كـە دەفـەرموێت: ﴿وَلِكُـلٍ وِجْهَـةٌ هُـوَ مُوَلِّيهَـا فَاسْـتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ...﴾ البقرة/١٤٨.

هەموو كەس ڕووگەیەكی هەیە ڕوی تێدەكات وئەو ئاراستەی دەكـات، پێشـبڕكێ لەخەیرو چاكە كاریدا بكەن.

پاشـان(ولاء)وهەواداریەكـەی بـۆ(ولـي)ەكـەی دەبێتـە ڕەفتـارێكی كـرداریو هەڵدەسێت بە بەرجەستەكردنی ئەو بیرۆكە زەینیەی كە پێشتر گەڵاڵە دەبێت لەلای كەسەكە، ئەگەر وەلیە چاولێكراو و پەیڕەوی لێكراوەكە تاكێك بـوو لـەناو كۆمـەڵێك خەڵكداو هـەمویان یـەكیان گرتبـو و یـەك بۆچـونو تێـڕوانینو ڕوگـەیان گرتبویەبـەر {بەپێی واتا قورئانیەكەی ئایـەتی(١٤٨)ی سـورەتی(البقـرة)} و ڕەفتارەكانیشـیان بەیەك ئاشنا بونو بە یەكیان دەخوارد ئەوا(ولاء)كەیان(بە هەركام لەدوو دیوەكەیـدا

بوو واتە: بەرەو ڕو ڕۆیشتنو پەیڕەوی لێکردن، یاخود وازلێهێنـان بـە ناڕەزایـەتی و نـاخۆش نودیەوە)دەبێتـە(ولاء)کـی دەسـتە جـەمعی ونـاوی ئـەم کۆمەڵەیـەش وەك لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە دەبێتە(ئومە) وەك خواوەند دەفـەرموێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْـرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ آل‌عمران/١١٠.

واتە: ئێوە بونە چاکترین ئومە کەسەری هەڵدا بێت لەناو خەڵکدا، چونکە فـەرمان دەکەن بە چاکەو ڕێگیری دەکەن لەخراپەو باوەڕ دەهێنن بە خواوەند.

لەئایەتەکەوە ئەوە بەڕونی دیارە کە گونجاویـەتی لەڕەفتاردایـە، وای کـردوە کـە قسە لەگەڵ کراوان و وەرگرانی ئایەتەکە بە ئومە ناو بـبرێن، کـە ئـەویش بریتیـە لـە فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگیری کردنە لەخراپەو باوەڕهێنانە بە پەروەردگار.

- ﴿وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلَّا أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُوا...﴾ یونس/١٩.

واتە: هەموو خەڵك یەك ئومە بون، بەڵام دواتر دوبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە .

ئەو جیاوازیو دوبەرەکیـەش، جیـاوازیو نـاکۆکی بـیرو ڕەفتـارە، نـەك نـاکۆکیو جیاوازی لێکهەڵپژانو ڕوبەڕو بونەوە.

- ﴿وَلَمَّا وَرَدَ مَاءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِنْ النَّاسِ يَسْقُونَ﴾ القصص/٢٣.

واتە: کاتێك موسا هاتە سـەر ئاوەکـە، ئومـەتێك لەخـەڵکی بینـی لەسـەر ئاوەکـە وەستابون وماڵیاتو ڕانەمەڕیان ئاودەدا.

وشەی ئومە لەم ئایەتەدا هێمایە بۆ ئـەو کۆمەڵـە شـوانەی کـە ڕەفتارێـك کـۆی کردبونەوە لەیەك، کـە ئـەویش کـاری ئـاودانی مـەڕو ماڵاتـەکانیانو گۆسـتنی ئـاوی خواردنی خۆیان بو.

- ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ﴾ الأنعام/٣٨.

واتـە: هەرچـی گیـان لەبـەری سـەر زەوی هەیـەو باڵنـدەکانیش کـە بـە باڵـەکانیان دەفڕن، هەمویان چەند ئومەتێکن وەك ئێوە.

- ﴿قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ مِنْ الْجِنِّ وَالْإِنسِ﴾ الأعراف/٣٨.

ئـەم دو ئایەتـەی کۆتـایی ئاماژەیـەکیان تێدایـە، هێمـا بـۆ ئـەوە دەکـات کـە یەکخستنی ڕەفتارو هەڵسوکەوت دەتوانێت ببێتە هۆی یەکخستنی چەند کۆمەڵو دەستەو تاقمێك چ لەمرۆڤ یان جنو پەری، یان گیانلەبەرانو باڵندەکانو دواتـر هـەر کۆمەڵێکیان بەیەکەوە ئومەتێك پێك بهێنن لەنێو خۆیاندا.

- ﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُنْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ* شَاكِرًا لِأَنْعُمِهِ اجْتَبَاهُ وَهَدَاهُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ* وَآتَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ* ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنْ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ النحل/١٢-١٢٣.

واتە: بە دڵنیاییەوە ئیبراهیم ئومەتێك بو، پەیوەستو ڕازی بو لەگەڵ خواوەندداو هەردەم خۆی دەپاراستو دەرونی لەگەشەی بەردەوامدا بو، خۆی نەدەخستە ڕیـزو خانـەی ئەوانـەوە کـە هاوەڵیـان بـۆ خواوەنـد بڕیـار دەداو هاوبەشـی ناپەسـەندانی نەدەکرد، شوکرو ستایشی نیعەمەتەکانی خواوەندی دەکـر کـە ڕێنمـایی کـردوە بـۆ سەر ڕێگەی ڕاستو ئاراستەی دروست لەژیانـدا، ئێمـە لـەدونیادا چاکەمان پێدابو لەدوا ڕۆژیشدا لەڕیزو خانەی بۆ خوا سوڵحاوانو گونجاواندایە، پاشان نیگامـان کـرد بـۆ تـۆ کـە شـوێن(ملّە)وڕەویەوئاینە پاکەکـەی ئیـبراهیم بکـەوەو ئـەو لەوانـە نـەبو کەهاوبەش و شەریك بڕیار دەدەن بۆ خواوەند.

ئەم چوار ئایەتە وێنای پێشەوایەکمان بۆ دەنەخشێنن کە پێویستە شوێنی بکەوینو پەیڕەوی لێبکەین، ئەو لەهەڵسوکەوتو ڕەفتاریدا ڕێچکەو ڕێبازی پـەیڕەوکراوی تایبـەت بەخۆی هەبو، کە خۆی لەچوار جیاکەرەوەو تایبەتمەندیدا دەبینێتەوە:

* القنـوت لله: (گوێڕایـەڵی کـردنو ملکـەچ بـون ودان نـان بـە بەندایـەتی بـۆ خواوەنددا).

* الحنيفية عموماً: (خۆپارێزی بەشێوەیەكی گشتی لەكاری نەشیاو).

* الحنيفيـة عـن الشـرك خصوصـاً: (خـۆ پـارێزی لەشـيرك‌و هاوتـا بڕيـاردان بـۆ خواوەند).

* الشكر لنعم الله: (سوپاس گوزاری لەئاست نازو نیعمەتەكانی خواوەند).

* الإهتداء لصراطه المستقيم: (هەولـدان بـۆ گرتنەبـەری ڕێگـەی ڕاسـت‌و لانـەدان لێی).

* هەروەها لەلایەن خواوەندەوە فەرمانی تایبـەت دابـەزی بـۆ موحەمەد(د.خ)كـە شوێن پێی هەلگرێت لەڕەفتارو هەلسوكەوتی تایبەتدا.

بۆیــە: پێیشــی دەلێین(إمــام)و پێشــەوا، چــونكە بەلگــەی ئــەم ئایەتــەمان بەدەستەوەیە كە دفەرموێت: ﴿وَإِذْ ابْتَلَى إِبْـرَاهِيمَ رَبُّـهُ بِكَلِمَـاتٍ فَـأَتَمَّهُنَّ قَـالَ إِنِّـي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا﴾ البقرة/١٢٤.

واتە: كاتێك كـە پـەروەردگاری ئیـبراهیم بـە چـەند وشـەو ئـەركێك، ئیبراهیمـی خسـتە ژێربـاری ڕاهێنـان‌و پێگەیاندنـەوە، ئیـبراهیمیش ئـەو ئـەرك‌و وشـەو بنەمایانـەی بـە ڕێـك‌و پێكی تەواو كرد، ئەوجا پەروەردگار پێی فەرمو: من تۆ دەكەمە پێشەواو ڕابەر بۆ خەلك.

سەبارەت بـە تایبەتمەنـدی ڕەفتارەكانیشـی، لـەو فـەرمودەی خواوەنـدا نومایـان دەبێت كە پێی دەفـەرموێت: ﴿كَانَ أُمَّةً﴾ هـەمومان دەزانـین ئومـە بریتیـە لەچـەند كەسێك كەبـە ئاگایانـەو بـە خواسـتی خۆیـان، چـەند ڕەفتـارێكی هاوبـەش كۆیـان دەكاتــەوەو، دواتــر ئــەو ســیما ڕەفتاریــەیان دەبێتــە پێــڕەو و ناســنامەو نەخشــە ڕێگایان، بەلگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئەم ئایەتەیە كە دەفەرموێت: ﴿بَلْ قَـالُوا إِنَّـا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُهْتَدُونَ﴾ الزخرف/٢٢.

واتە: بەلكو دەیان وت: ئێمە باو باپیرانمان بینیوە لەسەر ئەم شـێوە ڕەفتـارەو، ئێمەش لەسەر شوێنەواری ئەوان‌و لەوانەوە ڕێنما وەردەگرین.

هەروەها كە دەڵێین: (واجب الإتباع)ەو شوێن كەوتنی پێویستە، بەڵگەمان بۆ ئەوەش ئایەتی: ﴿ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنْ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ﴾.

واتە: دواتر نیگامان بۆ كردیت كە شوێن ڕەویەو ڕەفتاری ئیبراهیم بكەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین لەئایەتەكاندا خواوەند دوجار ئاماژە بە پێگەی شوێن كەوتنەكەو تەوەرەو نیهێنیەكەی دەكاتو لەیەك قاڵبدا دای دەڕێژێت، كە ئەویش بریتیە لە: {خۆپارێزیو هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی بیرو هۆشو بزواندنی عەقڵو ژیرییو، خۆ بە دورگرتن لەشركو هاوبەش بڕیاردان بۆ خواوەندو هاوبەشی كردن لەكاری ناپەسەندا(الحنفية وترك الشرك)}.

بۆیە ئەم كارەی كردوە تاوەكو گرنگیو بایەخی دەستنیشانكردنی پێگەی(ولاء)و بەرەو ڕو ڕۆیشتنو پەیڕەوی لێكردن دەسنیشان بكاتو، یارمەتیدەر بێت بۆ ئێمە كە پابەندیی لەو پێگە گرنگە بكەین، یاخود بمانەوێت خەڵكی تری لەسەر پابەند بكەین.

بەداخەوە دەڵێم: كە ئێستا ئومەتەكەی ئێمە لەهەموو گەلو ئومەتەكانی تر لەدواوەیەو دورە لە(حنفية)و خۆپارێزیو گەشەدان بە بیرو هزرو گەڕان بە دوای ڕاستیەكاندا بە مەبەستی بەرەو پێشچون، لەبەرانبەریشەوە نزیكترین ئومەیە لە(شرك)و هاوبەشی بڕیاردان بۆ خواوەندو تێكەڵ بون بە كاری ناپەسەندو ناڕەوا، چونكە یاساكە بەم شێوەیە: چەندە حەنەفیەتو خۆپارێزیو خۆ پەروەردەكردن زیاد بێت، لەبەرانبەرەوە مرۆڤەكان خۆیان دەپارێزن لەشیركو تێكەڵ بون بە كارە ناپەسەندەكان، لەناویشیاندا هاوبەشی بڕیاردان بۆ خواوەند.

بە دڵنیاییەوە دیاریكردنی پێگەو جێگەی بەرەو ڕوچونو پەیڕەوی لێكردن (ولاء) ڕۆڵی دەبێت لەكردنی ئەم پرسیارەدا كە دەپرسێت: (الولاء في ماذا..؟) بەرەو ڕوچونو پەیڕەوی كردن لەچی..؟.

پێگەو جێگەی (ولاء)دەبێتە بناغەو بنەڕەت لەتێگەیشتنی ئەم فەرمودەی خواوەند کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمْ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ﴾ المائدة/٥٥.

واتە: بەدڵنیاییەوە وەلی ئێوەو ئەو کەسەی کە پێویستە ڕوی لێ بکەنو پەیڕەوی لێ بکەن خواوەندو پەیامهێنەرەکەیەتی، ئەوانەشی کە باوەڕیان هێناوە پەیوەندی لەگەڵ پەروەردگاریاندا بەر قەرار دەکەنو نوێژ دەکەنو زەکات دەدەنو، بەوەش ناسراون کە گوێڕایەڵی خواوەندی خۆیانن.

ئایەتەکە بڕیار لەسەر فەرمانێك دەدات، بەڵام بەشێوەی بژاردەو هەڵبژاردن، واتە: ماف دەدات بە مرۆڤو داوا دەکات لەگوێگرەکانی کە ڕو بکەنە خواوەندو گوێڕایەڵی بکەنو شوێن ئەو شتەش بکەون کە داوایان لێدەکاتو خۆشیان بە دور بگرن لەوەی کە خواوەند ڕێگیری لێدەکات.

هەروەها داوایان لێدەکات وەلائو بەرەو ڕوچونو پەیڕەوی کردنو پشتگیری پێغەمبەرەکەی بکەن، هەروەك چۆن پێغەمبەر شوێن پێی ئیبراهیم پێغەمبەری هەڵگرتوە، بەهەمان شێوە داوایان لێدەکات گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەنو ئەوە جێبەجێ بکەن کە لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆی دێت، دواتر داواشیان لێدەکات لایەنگرو پشتیوانی ئەو ئومەیە بکەن کە: بریتیە لەدەستەی باوەڕدارانو ئەم سێ تایبەتمەندیانەی هەیە:

- بە گوێڕایەڵیو ملکەچ بونەوە باوەڕیان بە خواوەند هەیە.
- پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ خواوەند بەرپا دەکەنو نوێژ ئەنجام دەدەن.
- زەکاتی ماڵو سامانیان دەردەکەن.

سـەرنجی ئـەوەش دەدەیـن کـە چـەمکی (ولاء)هـەردو دیوەکـەی گوێڕایـەڵی لەخۆگرتوە، واتە: هەم گوێڕایەڵی بە دیوی بەرەو ڕوچونو پەسەندکردنو شوێن کەوتن، هەم گوێڕایەڵی بە مانای پشت لێ هەڵکردنو واز لێهێنان، {ڕونتر بڵێین: (ولاء)هـەم پـەیڕەوی لەفەرمانـەکانو، هـەمیش خـۆلادان لـەڕێگیری لێکراوەکـان لەخۆدەگرێت)ئەمەش بە بەڵگەی فـەرمودەی خواوەنـد کـە دەفـەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾ النساء/٥٩.

واتـە: ئـەی بـاوەڕداران فەرمانبـەرداریو گوێڕایـەڵی بکـەن لەخواوەنـدو هـەروەها گوێڕایەڵی بکەن لەپەیامهێنەرەکەیو ئەو کەسانەش کە مشور خۆرو خاوەنی هەمان پرسن لەناوخۆتاندا.

سەرنجی ئەو بەراوردە بدە کە لەنێوان هەردو ئایەتی(٥٥)ی سورەتی (المائدة)و (٥٩)ی سورەتی (النساء)دا هەیە.

- ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمْ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾ المائدة/٥٥.
- ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾ النساء/٥٩.

ئەگەر کەسێك سەرنج لەم بەراوردە بـدات، بـە ڕونـی بـۆی دەردەکـەوێت کـە(أولی الأمر)هەمان ئەو کەسانەن کـە لەئایەتەکـەی(المائـدة)دا بـە﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾نـاوی بـردون، کـە ئـەوانیش بـریتین لـەو کەسـانەی کـە خواوەنـد فـەرمانی پێکـردوین لەباوەڕهێنانو نوێژکردنو زەکات داندا هەواداری ولایەنگیریو پـەیڕەویان لێبکـەین، هەر بەم شێوەیەش تێدەگەین لەو ئایەتـەی کـە دەفـەرموێت: ﴿وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ﴾

واتـە: جولەکـەو گاورەکـان لێـت ڕازی نـابن تـا پـەیڕەوی لـە(ملـة)و دەسـتەو پێڕەکـەیان نەکـەیت، چـونکە دروشمـە ئاینیـەکانی ئـەوان جیـاواز بـون لەدروشمـە ئاینیەکانی باوەڕداران.

لێـرەوە تێدەگـەین کـە(الـذین نتـولاهم)ئەوکەسـانەی کـە ئێمـە لایـەنگیریو تەرەفـداریو پـەیڕەویان لێدەکـەین، هـیچ پەیوەندیـەکیان نیـە بەفـەرمانڕەواو کاربەدەستانو سوڵتانو ئەهلی حەلو عەقدەوە.

چـونکە ئـەو لێکدانەوەیـەی کـە(أولـي الأمـر)بـە فـەرمانڕەواو کاربەدەسـت لێکدەداتەوە واتاو مانایەکی تازەیە بۆ(أولي الأمر)و یەکێکە لـە داهێنانـە سـەیرو سـەمەرەکانی فوقـەها، کـە بـەناوی مانـاو واتـای(إصـطلاح)یـەوە دایـان هێنـاون بـۆ خزمەتکردن بە سوڵتانەکانیان بۆ ئـەوەی پـەراوێزێك بـەدی بهێـنن لەشـەرعیەتدانو دەستەبەرکردنی حوکمو فەرمانڕەوایی تاکە کەسیو تاکڕەوی سیاسـی بـۆ سـوڵتانە سنەمگەرەکان، ئەگەر چی ئەو کاربەدەستانە بە ناڕەواش دەستیان گرتبێت بەسەر دەسەڵاتدا.

ئەم چەشنە داتاشینەش نمونەیەکە لە نمونـەکانی داتاشـینی ئـەو دەسـتەواژانەی کە دواتـر بونـە چـەمكو لەپرۆسـەی چەواشـەکاریو بەلاڕێـدا بردنـدا کاریـان لەسـەر دەکراو لەم ڕاستایەشدا خواوەند ئاماژە بەم چەشنە لەبەلاڕێدا بردنو چەماندنەوەی چـەمكو دەسـتەواژەکان دەکـاتو دەفـەرموێت: ﴿...وَمِـنْ الَّـذِينَ هَـادُوا سَـمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِنْ بَعْدِ مَوَاضِعِهِ﴾ المائدة/٤١.

واتە: هەندێك لەجولەکەکان پیشەیان گوێگرتنە لەدرۆو هەردەم گـوێ دەگـرن بـۆ ئەوەی قسـەیەکیان دەسـکەوێتو، بـە ئـاوەژوو کـراوی بیگەیەننـە هـۆزێکی تـر کـە نەهاتونەتە لای تۆو بەدەم تۆوە درۆیەك بـۆ ئـەو هـۆزە هەڵبەسـتنو پـەیامو قسـەو کەلامەکـەی خواوەنـد لـەدوای جـێگیر بـونی بابەتەکـەی خۆیـەوە، ئـاوەژو بکـەنو بەلاڕێیدا بەرنو بە هەڵە بیگەیەنن.

ئەم چەشنە بەلاڕێدا بردنو لادانەش بریتیە لەوەی کە دەستەواژەکە لەڕوکارو وشەو پیتو دەربڕیندا، وەك خۆی دەهێڵنەوە، بەڵام لە ئاماژەو واتاو لێکدانەوەی ماناکەیدا دەیچەرخێنن بەدیوێکی ترداو لێکدانەوەی بە دڵی خۆیانی بۆ دەکەن.

ئەگەریش ئاوەژوو کردنو گۆڕینەکە سەری کێشا بۆ گۆڕینی دەربڕینو وشەو پیتەکان، ئەوا لەو چەشنە دەبێت کە خواوەند لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿فَمَنْ بَدَّلَهُ بَعْدَمَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ...﴾ البقرة/١٨١.

واتە: هەرکەس دوای ئەوەی کە گوێبیستی بوو، پاشان گۆڕی بە دیوێکی تردا، ئەوا تاوانی ئەو گۆڕینە لەئەستۆی ئەوانەدایە کە دەیگۆڕن.

ئەم چەشنە گۆڕینەش شێوازێکی تری گۆڕینو چەواشەکاریەو خواوەند لەم ئایەتەدا باس لەو چەواشەکاریە دەکات ﴿فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ﴾ المائدة/١٣.

واتە: بەهۆی ئەو تاوانەوە کە کردیانو ئەو پەیمانەی کە لەگەڵماندا بەستبون هەڵیان وەشاندەوە، نەفرەتمان لێکردنو دڵەکانیانمان وشکو ڕەق کردن، چونکە ئەوان پەیامو قسەو کەلامەکە لەبابەتەکەی خۆی وەردەچەرخێننو بەدیوێکی تردا دەیگەیەنن.

بەم شێوەیە جیاوازی نێوان(تحریف الکلام من بعد مواضعة)و (تحریف الکلام عن مواضعة)ڕون بویەوە، لەیەکەمیاندا هەوڵدەدەن دوای ئەوەی کە قسەو پەیامەکە ڕون بوەتەوە، بابەتەکەی بگۆڕنو بەهەمان ڕوکارو وشەو پیتو دەربڕینەوە بەڵام بەواتایەکی جیاوازەوە بیگەیەنن، لەدوەمیشیاندا پەیامو قسەو کەلامەکە لەبابەتەکەی خۆی وەردەچەرخێننو هەم لەڕوکارو هەمیش لەواتادا دەیگۆڕن.

لەپێناسـەی (ولاء)دا وتمـان کـە(ولاء)پەیوەندیـەکی مرۆڤانـەی کۆمەڵایەتیـە، مەبەستیشمان لەوشەی(کۆمەڵایەتیە) ئەوەیە: مرۆڤ ئەگەر بـە تـەنهاو لەدورگەیـەکی دابڕاو و دور لەخەڵکدا بژی، ئەوا بەدڵنیایەوە هیچ پێویستی بـە (ولاء)و لایـەنگریو پـەیڕەوی لەکـەس نیـە، چـونکە(ولاء)و لایـەنگیریو پـەیڕەوی کـردن کـارێکی دوو سەرەیەو لەسەرێکەوە پێویستی بە پەیڕەوکارێكو لایەنگرێکەو لەسەرێکی تریشەوە پێویستی بە پەیڕەوی لێکراو و لایەنگیری لێکراوێك هەیە.

ئەگەر لـەم ڕاستایەشـدا نیوچـە ڕۆشـنبیرێك(کە بەداخـەوە کەسـی لـەم بابەتـەش زۆرن)هاواری لێهەڵساو وتی: جاخۆ پەیڕەویکردنی خواوەند(ولایة الله)بەو پێیەی کـە خواوەنـد بەدیهێنـەرو دروسـکەری هەموانـە، ئـەو کەسـانەش دەگرێتـەوە کـە لەپەرستگاو ژێر زەمینەکاندا خۆیان قەتیس دەکەنو لەخەڵك دادەبڕێن.

لەوەڵامی ئەم کەسانەدا دەڵێین:

**یەکەم**: ئەوەی کە تـۆ باسـی دەکـەیت بابـەتێکی جیـاوازەو، ئـەوە پەیوەندیەکە لەنێوان: دروسـتکراوو دروستکەرەکەیداو(سـتەمکارو موجریمـەکان نـەبن)هیچ کـەس نکوڵی لەو پەیوەندیە ناکات.

**دوەم**: ئەم کارەی تۆ تێکەڵکردنێکی مەترسیدارە لەتێکەڵکردنی نـاوە جوانـەکانی خواوەنـدداو، ئـەم تێکەڵکردنـەش لـەنێوان خەڵکـە ئاسـاییەکەی ئومـەی ئیسـلامیدا بـڵاوە، ئـەم هەڵەیـە ئەوەنـدە بـڵاوە لـەناو خـەڵکی ئاسـایدا، کـە جـاری وا هەیـە منداڵـەکانیان بـەم چەشـنە ناوانـەوە نـاو دەنـێن وەك(عبدالـدائم، عبـدالموجود، عبدالمولی...هتـد) لەکاتێکـدا کـە ئـەم ئاکـارو سـیفەتانە، ئاکـارو سـیفەتگەلێکن کـە خواوەند لەدابەزێنراوی بەجێدا، زاتی خۆی پێ پێناسە کردونو ناچنە خانـەی نـاوە جوانەکانی خواوەندەوە کە(خالق)یەکێکە لەو ناوانە.

**سێیەم**: كاتێك كە خواوەند ناوی خۆی بە(الولي، المولى)دەبات، ئەمە بەڕاشكاوی تایبەتە، لەلایەكەوە بە سەرپەرشتی كردنو بەدەمەوە بونیەوە بۆ ئەو كەسانەی كە باوەڕیان پێهێناوەو، لەلایەكی تریشەوە پێگەو بواری ئەو(ولایة)و سەرپەرشتی كردنە دەسنیشان دەكات.

ئەم دو لایەنەش بەڕونی لەم ئایەتەدا نومایان دەبن كە دەفەرموێت: ﴿**اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنْ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمْ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُمْ مِنْ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ...**﴾ البقرة/٢٥٧.

واتە: خواوەند وەلیو سەرپەرشتو لێپرسراوی باوەڕدارانە، لەتاریكستانەكانەوە دەریان دەهێنێتو ڕزگاریان دەكاتو ڕێنماییان دەكات بەرەو نورو ڕۆشناییو، ئەو كەسانەش كە كفرو بێباوەڕی دەكەن،وەلیو سەرپەرشتیاریان ستەمگەرە سەر لێشێواوەكانو لەنورو ڕۆشنایەوە دەریان دەهێننو بەرەو تاریكستان پەلكێشیان دەكەن.

بەڵام(خالق)و بەدی هێنەر، وەلیو سەرپەرشتیاری هەمو خەڵكە كە هەمویانی بەدیهێناوە، بە باوەڕدارو بە بێباوەڕو كافرەكانیشەوە.

سەبارەت بە بڕگەی یەكەمی پێناسەكەشمان كە لەپێناسەی(ولاء)دا هێناومانە كە بریتیە لەوشەی(پەیوەندیەكی مرۆڤانەیە)واتای ئەوەیە كە: پەیوەندیەكی ژیرمەندانەو عەقڵانیەو، ئەگەر لایەنە عەقڵیو ژیرمەندیەكەی لێدابڕنرێت دەگۆڕێت بە باری چاولێكەری كوێرانەی هەوەسبازانەی ئەو تۆدا كە كۆمەڵگاو دەستە مرۆڤایەتیەكان دیسانەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمەكانی سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتیو، وەك ڕەوی باڵندەكان شوێن ڕابەرو پێشەواكانیان دەكەونو بەرەو هەر شوێنو جێگەیەك بیانەوێت ئاراستەیان دەكەنو دەیانبەن، بۆیە لێرەوە گرنگیو بایەخی دەستنیشانكردنی جێگەو شوێنی(ولاء)و گرنگی وەڵامی ئەو چەشنە پرسیارانەش دەردەكەوێت كە بۆ نمونە دەپرسن: (الولاء بماذا..؟) واتە: بەچیو بە چ شێوازێك(ولاء)و لایەنگریو سەرپەرشتیو پەیڕەوی بكەین.

ئەگەر بهاتایەو كۆمەڵـەو دەسـتـە مرۆڤایەتیـەكان تـەنها(أمم)و چـەند ئومەیـەك بونایـە، ئـەوا ئـەوەی كـە پێشـتر وتومانـە بـەس بـو، بـەڵام مرۆڤـەكان بـەو شـێوەیە نـین، بـەڵكو خواوەنـد لەئایـەتی(١٣)ی سـورەتی(الحجرات)دا فێرمـان دەكـاتو پێمـان دەڵێـت: ئـەو خەڵكی لەنێرو مێیەك دروست كردونو دواتر گێڕاونی بە چەند گەلو هۆزێكەوە بۆ ئـەوەی یـەك ئامـانجی گـەورەی خـوایی جێبـەجێ بكـەن كـە ئـەویش ئاكـامی سـەرەكی ئـەو دروستكردنو بە گەلو هۆز گێڕانەیەو بریتیە لە(تعارف)و یەكتر ناسین.

بـەو پێـەی كـە ئومـەت وەك چـۆن لەڕوانگـەی ئایەتـەكانی قورئـانی پـیرۆزەوە پێناسـەمان كـرد، كـە ئومـە بریتیـە لەكۆمـەڵێك لەدروسـتكراوەكان كـە یـەك هەڵسوكەوتو ڕەفتار كۆیان دەكاتەوە، هۆزو نەتەوەو گـەلیش پێناسـەی خۆیانیـان هەیەو لەهەندێ ڕووەوە خاڵی هاوبـەش هەیـە لەنیوانیانـداو لەهەنـدێ ڕوی تریشـەوە هەریەكەیان خاڵی جیاكەرەوەو تایبەتمەندی خۆیانیـان هەیـە، لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو جیاوازیو تایبەتمەندیانەشدا جێگەو پێگـەو وێنـەو شـێوازی(ولاء)كـەش دەگۆڕێـتو گۆڕانكاری بەسەردا دێت.

(ولاء)بە هەردو ڕوەكەیەوە، واتە: بە ڕوتێكـردنو پـەیڕەوی لێكـردن بێـت، یـاخود بـە واز لێهێنانو پشت تێكردن بێت، ڕەفتارێكی(فطری)و سروشتی كۆنە لەلای مرۆڤەكان.

ئەم(ولاء)ە هـاوملی مرۆڤبـوە هـەر لـە قۆنـاغی پـێش بـە مـرۆڤ بونیـەوە(المملكة الحيوانية قبل الأنسنة) تا گەشتە ئەوەی كە خواوەند لەڕۆحی خۆی كرد بە بەریـداو كردی بەخەلیفەی خۆی لەزەویدا، دواتر ئەم(ولاء)سروشـتیە، لەگـەڵ گەشەسـەندنی مرۆڤـدا وەك بونـەوەرێكی كۆمەڵایـەتی، قۆنـاغی تـری بـڕیو شـێوازی تـری تـازەی لەخۆگرت، پاشان(ولاء)ی خێزانی و(ولاء)ی هۆزگەرایی و تیرەگەرایی هاتنە كایەوەو هاوشان لەگەڵ ئەمانیشدا(ولاء)ی بیروبـاوەڕو، هاوتـەریب لەگـەڵ ئەمانیشـدا(ولاء)ە

سروشتیە بنەڕەتیەکەی بەهەموو شێوازەکانیەوە پاراست، هەرچەندە ئەم (ولاء)ە سروشتیە لەگەڵ(ولاء)ەکانی تردا هەندێ جار ڕێك دەهاتەوەو هەندێ جاریش لێکدەگیران‌و ناسازگار دەبون لەگەڵ یەکتردا، بەڵام ئەو چەشنانەی(ولاء)هەرگیز یەکتریان نەدەسڕیەوەو ناسڕنەوە، دیارترین بەڵگەش لەم بارەیەوە ئەو ئایەتانەی دابەزێنراوی بەجێن کە لەچەنیدن جێگەدا ئاماژەیان بەم بابەتە کردوە وەك: ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ الشعراء/٢١٤.

واتە: هۆزو تیرەو خزمە نزیکەکانی خۆت وریابکەرەوەو هۆشدارییان پێبدە.

هەروەها ئەو ئایەتەی کە باس لەدوا ساتەکانی ژیان لەسەرزەویدا دەکات‌و دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ * وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ * وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ﴾ عبس/٣٤-٣٦.

واتە: ڕۆژێك کە مرۆڤ لەبراکەی هەڵدێت، هەروەها لەدایکی‌و باوکی، ولە هاوژین‌و منداڵ‌و نەوەکانی.

بەهەمان شێوە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَنْ مَوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ﴾ التوبة/١١٤.

واتە: ئەو داوای لێخۆش بونەش کە ئیبراهیم کردی بۆ باوکی، تەنها بەڵێنێك بو کە ئیبراهیم لەدەرونی خۆیدا پەیمانی دابو و هیچی تر.

لەجێگەیەکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ﴾ البقرة/١٢٤.

واتە: وەبیر بهێنەرەوە کاتێك پەروەردگار بە چەند ڕستەو ڕاسپاردەیەك ئیبراهیمی خستەبەر هەڵوێست گرتنەوەو ئیبراهیمش توانی ئەو ڕاسپاردانە بەجێ بگەیەنێت، ئەوجا پەروەردگار پێی وت: دەتکەمە پێشەواو ڕابەر بۆ خەڵکی، ئیبراهیمیش پرسی، ئایا لە نەوەکانیشم ئەو مەزنایەتیەیان پێ دەبەخشیت..؟ پەروەردگار فەرموی: بەڵێن‌و پەیمانی من دەست ستەمکاران ناکەوێت.

بەهەمان شێوە لەجێگەیەكی ترداو لەسەر زمانی نوح پێغەمبەرەوە هاتوەو دەفەرموێت: ﴿فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنْتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ﴾ هود/٤٥.

واتە: نوح وتی پەروەردگارا، كوڕەكەم لەخێزانو بنەماڵەی منەو بەڵێنەكەشت حەقو ڕاستیو بەجێیەو تۆ كار بەجێو كار ڕەواترینی فەرمانڕەوایانی.

لەسەر هەریەك لەم ئایەتو بابەتانە بە درێژیو دور لەڕاڤەو تەفسیرە كەلەپوریەكان دەوەستینو قسەیان لەسەر دەكەین، بۆیە دەڵێم بە دور لەتەفسیرە كەلەپوریەكان، چونكە لەیەك دانەیاندا نەمان بینی گرنگیان دابێت بەوەی كە بەلای ئێمەوە گرنگو جێگەی بایەخە.

سەبارەت بە بڕگەو ئایەتی یەكەم: ئێمە لەم ئایەتەدا لەبەردەم كارو پرسێكداین كە خواوەند بە نیگاو سروش (الوحی)پێغەمبەری ئازیزی لێ ئاگادار كردوەتەوەو لەم ئاگادار كردنەوەیەدا خواوەند نەخشە ڕێگایەك دەداتە پێغەمبەرەكەیو تیایدا ڕیزبەندی گرنگی پێدانەكانی ئەو بانگەوازەی كە دەیكات بۆ باوەڕهێنان بە خواوەندو ڕۆژی دوایی بەشێوەیەك بۆ دادەڕێژێت كە سازگار بێت لەگەڵ سروشتە مرۆڤانەكەی موحەمەددا وەك مرۆڤێك، لەپلەی یەكەمی ئەو ڕیزبەندیەدا كە پێویستە گرنگیان پێبدات، خزمە نزیكەكانی ناو هۆزەكەی دێن كە خزمی نزیكشن وەك لەبڕگەی دواتردا ڕونكراوەتەوە بریتین لە: (دایكو باوكو خوشكو براو هاوژینو منداڵ، بە كوڕو كچەوە پاشان مامو خاڵو پورەكان لە هەردوو سەری دایكو باوكەوەو منداڵەكانیان بە نێرو مێوە).

لەبارەی بڕگەی دوەمیشەوە: ئێمە لەبەردەم دیمەنە ترسناكەكانی ڕۆژی پەسڵانو زیندوبونەوەداین، كە هەموو شیردەرێك لەئاست كۆرپەلەكەیدا دەشڵەژێتو سەری لێدەشێوێت، مرۆڤ لەو ڕۆژەداو لەناو ئەو دیمەنە ترسناكانەدا هەمو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیو خێزانیەكان لەبیر دەكاتو، وەلایان دەنێتو سەرقاڵ دەبێت بە چارەنوسی خۆیەوەو هەموو ئەو خزمە نزیكانەی كە لەئایەتی پێشودا ئاماژەیان پێكرابو لەم بڕگەیەدا بە درێژی دەیانخاتەڕو، هەمویان لەبیر دەكاتو تەنها لەبیری نەفسی خۆیدا دەبێت.

ئـەم خـزمو هـۆزە نزكـەی كـە خواوەنـد لێـرەدا نـاوی ئەندامـەكانی دەبـات، لەجێگەیەكی تری دابەزێنراوی بەجێدا بـە (فصـیلته الـتي تأويـه)نـاوی دەبـات، كـە واتای ئەو دەستەو هۆزو خزمە نزیكانە دەگەیەنێت كـە مـرۆڤ لایـەنگریان لێـدەكاتو پشتیان پێدەبەستێتو ئومێدی پێیانەوە گـرێ دەداتو پـەیڕەوی لەڕێنماییـەكانیان دەكات، چونكە لەكاتی تەنگانەدا بەدەمیەوە دەبنو دەیپـارێزن، وەك لـەم ئایەتـەدا هاتوەو دەفەرموێت: ﴿...يَوَدُّ الْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ بِبَنِيهِ* وَصَاحِبَتِهِ وَأَخِيهِ* وَفَصِيلَتِهِ الَّتِي تُؤْوِيهِ﴾ المعارج/١١-١٣.

واتە: تاوانبـاری گـەورە(المجرم) ئامادەیـە بـۆ ئـەوەی لەسـزای ئـەو ڕۆژە دەربـاز بێـت، دەسـت لـە هاوسـەرو بـراو هـەموو خزمـە نزیكـەكانی هـەڵگرێت كـە لـەدونیادا لەدەوریدا بون.[٣٨]

لێرەوەو لەڕوانگەی ئەم ئایەتانەوە تێدەگەین كە پەیوەندی خێزانی، گەورەترینو بەهێزترین چەشنەكانی پەیوەندیە، بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە كە خواوەنـد لــەوێناكردنی دیمەنــەكانی ڕۆژی دوایــدا بــەو شــێوەیە باســی لێــوە دەكــات كــە ستەمكارەكان تەنانەت دەست لەو پەیوەندیەش دەشۆن كـە دوا ئومێـدیان بـوە بـە ڕزگار بون لەسزای ئەو ڕۆژە.

لەبارەی بڕگەی سێیەمیشەوە: لەلایەكەوە ئاماژەیەكی تێدایە لەبارەی چاكەكاری لەگەڵ دایكو باوكو هـەروەها چـاكەكاری ئیـبراهیم پێغەمبەر(س.خ)لەگـەڵ(ئازەر)ی پەروەرشیاریدا، كە داوای لێخۆشـبونی بـۆ كـرد لەخواوەنـد لەكاتێكدا كـە ئیـبراهیم لەیادی نەبو لێخۆش بونی خواوەند(مشرك)و ئەو كەسە ناگرێتەوە كە هاوتاو هـاوەڵ

---

[٣٨] لێرەدا دەبێت ئاگامان لێبێت كە ئـەم حاڵـە شـپرزیە دیمـەنی ئـەو دۆخەیـە كـە(مجرم)ی تێدەكـەوێت، (مجـرم)یش لەدابـەزێنراوی بەجێدا پێناسەی ئەو كەسەیە كە پەیوەندی لەگەڵ خواوەنددا دەپچڕێنێت، واتە: ئەم باسە باسی خەڵكی ئاسـایی نیـە، بـەڵكو باسـی تەنها(مجرم)ەو(مجرم)یش بریتیە لەو كەسەی كە دان بەبونی خواوەندا نانێـت و هـیچ پـەیوەندیـەكی لەگەڵدا نابەسـێت(منقطـع الصـلة بالله). (وەرگێڕ)

بڕیار بدات بۆ خواوەند، لەلایەکی تریشەوە ئاماژەیەکی تێدایە بۆ هەڵوێستی بانگەوازکار کاتێك بانگەواز دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی باوەڕ بهێنن بە خواوەند، ئاماژەکە باس لەهەڵوێستی ئەو بانگەوازکارە دەکات کاتێك ئەندامەکانی هۆزەکەیی‌و خزمە نزیکەکانی، بانگەوازەکەی پەسەند ناکەن‌و بەرپەرچی دەدەنەوەو ڕوبەڕوی دەوەسنەوە، ئەم ڕونکردنەوەیە بە جوانی لەم ئایەتەدا هاتوە کە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَنْ مَوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فلما تبين له أنه عدولله تبرأ منه إنّ إبراهيم أواه حليم﴾ التوبة/١١٤.

واتە: ئەو داوای لێخۆش بونەی کە ئیبراهیم کردی بۆ باوکی، تەنها لەبەر ئەوەبو کە پێشتر لەدەرونی خۆیدا بەڵێنی دابو کە داوای لێخۆش بونی بۆ بکات، بەڵام کە بۆی ڕون بویەوە پەروەرشیارەکەی دوژمنی خواوەندە، تەبەرای لێکردو داوای بۆ نەکرد، چونکە بە دڵنیایەوە ئیبراهیم ڕو لەخوایەکی زۆر دڵسۆزو لەسەرخۆ بو.

ئەمەی کە ئیبراهیم کردی هەڵوێستی وازلهێنان‌و تەبەرا کردن بوو لەئەو کەسانەی کە دژایەتی خواوەند دەکەن، بەڵام بەرائەت‌و(براء)کە بەشێوازێکی بە بەزەیی‌و سۆزداریەوە بو، هیچ چەشنە دڵ ڕەقی‌و توندو تیژییەکی تێدا نەبو، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تێدا نەپچڕاو پارێزگاری لەپەیوەندیە خزمایەتیەکانی تێدا دەکرا، ئەم ڕاستیەش بە جوانی‌و لەکۆتایی ئایەتەکەدا هەستی پێدەکرێت کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَأَوَّاهٌ حَلِيمٌ﴾و هەروەها لەم ئایەتەشەوە هەمان مەبەست تێدەگەین کە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَاوَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ لقمان/ ١٥.

بۆ پشت ڕاسکردنەوەی ئەم ڕاستیەش، لەسیرەو ژیاننامەی پێغەمبەردا هاتوەکە، هەر کات سوەرتی(المسد) بخوێنرایە، کە لەبارەی (ابو لهب)ی مامیەوە دابەزیبو، پێغەمبەر ڕەنگی دەگۆڕا.

لەبارەی بڕگەی چوارەمیشەوە: كـە درێژەپێـدەری بڕگـەی سـێیەمەو پەیوەندیـە خێزانیەكان لەقۆناغی بناغەو ماڵـە باوانەكانـەوە دەگوێزرێنـەوە بـۆ قۆنـاغی نـەوەو وەچەكان(من الأصول الى الفـروع) ئیـبراهیمش بـەهۆی ئـەم لایـەنگیریو خەمخۆریـە سروشتیەوە دەیەوێت، نەوەكانیشی ببنـە پێشـەواو ڕابـەر بـۆ خـەڵكو، داوا دەكـات لەخواوەند كە ئەو تایبەتمەندیەی كە خواوەنـد بەخشـی بـوی بـەخۆی، بیبەخشـێتە نەوەكانیشی، بەڵام دەبینین خواوەند بەڕونی بڕیار دەداتو پێی ڕادەگەیـەنێت كـە: ﴿...ولاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ﴾.

ئێمە لـەم بابەتـەوە تێدەگـەین كـە دەگونجێـت كـوڕی پاشـا لەجێگـەی باوكیـدا ببێتەوە بە پاشا، یاخود كوڕی حوكمدارو كار بەدەست، لەجێگەی باوكیدا ببێتـەوە بـە حوكمـدارو كـار بەدەسـت، بـەڵام پێشـەوایەتیو ڕابەرایـەتی (الإمامـة)بـە هـیچ شێوەیەك بە میرات ناگیرێت و تایبەتمەندیەك نیە كە لەباوكەوە بمێنێتەوە بـۆ كـوڕو نەوەكانی.

سـەبارەت بـە بڕگـەی پێنجـەمیش: ڕاسـتیەكی تێدایـە كـە لـەخاڵو بڕگـەكانی پێشخۆیدا نەهاتوە، هەر چەند لەڕوكاریشدا لەیەك دەچن، لەوسۆنگەو دیدگایەوە كە ئیـبراهیم داوای لێخۆشـبونی كـرد بـۆ بـاوكی، بـەڵام بـۆ نـەوەكانی داوای ئیمامـەتو پێشەوایەتی كرد، هەروەها نوح پێغەمبەریش داوای ڕزگـاربونی كـرد بـۆ كوڕەكـەی، كـە ئـەم دیمەنانـەش هـەموی پتـەوو بـەتینی پەیوەنـدی و(ولاء)ی خێزانـی پشـت ڕاست دەكەنەوە.

لەبەسەرهاتەكەی نوحو كوڕەكەیدا شاهدی چەند جیاوازیەك دەبین، یەكەمیان بریتیـە لەوەی كە ئیبراهیم بۆیە داوای لێخۆش بونی كرد بۆ باوكو سەرپەرشتیارەكەی، چـونكە پێشتر بەڵێنی دابو كە داوای لێخۆشبونی بۆ بكات.

ئـەم ڕاسـتیەش لـەم ئایەتـەدا نومایـان دەبێـت كـە دەفـەرموێت: ﴿قَـالَ سَـلَامٌ عَلَيْـكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا﴾ مريم/٤٧.

واتـە: وتـی لەلایـەن منـەوە ئـارامیو ئاسایشـت لەسـەربێت، دواتـریش داوای لێخۆشبونت لەپەروەردگارم بۆ دەكەمو پەروەردگارم لەگەڵ مندا بەسۆزەو وەڵامـی داخوازیەكانم دەداتەوە.

بـەڵام بـەڵێنی ڕاسـت لـەبارەی ڕزگـاربونی كوڕەكـەی نـوح پێغەمبـەرەوە لەخواوەندەوە دەرچو.

دوەمـیش: مەبەسـتی خواوەنـد لەهـەواڵو باسـەكەی(ئیبراهیم)دا، وەك پێشـتر باسمـانكرد، بریتـە لـەوەی كـە ئیمامـەتو پێشـەنگیو پێشـەوایەتی، بەڕەچـەڵەك ناگوێزرێتەوەو بە میرات نامێنێتەوە، بەڵام مەبەست لە هەواڵەكـەی(نوح)دا بریتیـە لەوەی كە دەربازبون لەكارو بڕیاری خواوەند تەنها بە كردەوە دەبێتو، تاكە پێوەر بۆ جیاكردنەوەی دەربازبوان لەتیاچوان، تەنها كـردەوەی چـاكەیە نـەك ڕەچـەڵەكو نەسـەب، هـەروەها لـەو بەرسـەرهاتەدا ئـەو ڕاسـتیەش پشـتڕاس دەبێتـەوە كـە دەفەرموێت: ﴿وَأَهْلَكَ إِلَّا مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ﴾.

واتـە: هـەموو خـزمو كەسـەكانت، بێجگـە لەكەسـێك كـە پێشـتر بڕیـاری لەسـەر دراوە(واتە كوڕەكەی).

چونكە ئەگەری ئەوە هەیە كە ئەو كوڕەی(نوح)بەرهـەمی ناپاكیـەكی خێزانـی بـو بێت، ئەم ڕاستیەش لەم ئایەتەدا نومایان دەبێت كە دەفـەرموێت: ﴿قَالَ يَـانُوحُ إِنَّـهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ﴾ هود /٤٦.

واتـە: وتـی ئـەی نـوح ئـەو لەنـەوەو خێزانـی تـۆ نیـە، ئـەو كردەوەیـەكی خراپـە كارانەیە.

سێیەمیش: ڕۆچون لەپیانازینو شانازی کردەنەوە بە خێزانو بنەماڵەو هۆزو پەیوەندیەکانیانەوە، سەر دەکێشێت بۆ خۆ هەڵکێشانو خۆ بە گەورە زانینو ڕەگەز پەرستیەکی ناپەسەند، کە خواوەند لەم ئایەتەدا ڕو بە نوح دەفەرموێت: ﴿...إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنْ الْجَاهِلِينَ﴾ هود/٤٦.

واتە: من ئامۆژگاریت دەکەم بۆ ئەوەی نەکەویتە خانەی نەفامانەوە.

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەو باسانەدا کە کردمان دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە: خێزانو بنەماڵە پێکهاتەیەکە لەچەند تاکە کەسێك پێك دێت کە سەربە یەك باوك بن، هەروەها(العشیرە)و هۆزیش پێکهاتەو کۆمەڵەیەکە لەچەند خێزانو بنەماڵەیەك پێك دێت کە سەر بەیەك باپیرەن، هەروەها(القیبلـة)و تیرەش پێکهاتەو کۆمەڵەیەکە لەخزمانو لەچەند پشتێکەوە دەگەنەوە بەیەك باپیرە گەورە، (ولاء)و لایەنگیریو پابەندیش لەم(قیبلە)یەدا لەسەر چەند بنەمایەك دەوەستێت کە پەیوەستن بەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەوەکە بەمیرات لەماڵە باوانەکانەوە بۆیان ماوەتەوە، هەموو پەیامە ئاسمانیەکانش {کە بە (نوح پێغەمبەر س.خ) دەستی پێکردو بە موحەمەد پێغەمبەریش (د.خ) کۆتایی هات} هەمویان بۆ ئەوە دابەزێنران تاوەکو هەستن بە پاقژکردنو بژارکردنی ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەو لەچوارچێوەی یەکتر ناسینو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو ژیانی هاوبەشدا مرۆڤەکان بتوانن بەیەکەوە بژین، ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە ئەم ئایەتە ئاماژەی بۆ دەکات: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّاخَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات/١٣.

واتە: ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان فەراهەم هێناوەو بەدیمان هێناون لەیەك نێرو مێو دواتر گێڕاومانن بە چەند گەلو تیرەیەکەوە، بۆ ئەوەی یەکتر بناسنو دڵنیاشبن کە بەڕێزترینتان لەلای خواوەند، پارێزکارترینتانە لەیاسا گەردونیەکان وبەها بالاکان.

جـاریكیترو لــەكۆتایی ئــەم ئایەتەشــدا، هــەروەك چــۆن لەئایــەتی(٤٦)ی سـورەتی(هود)دا ئامـاژەی پێكردوە، لێرەشـدا ئامـاژە بەهـەمان پێـوەرو پێـودانگ دەداتەوە بە ڕیزبەندی مرڤەكانو پلـەو پایـەیان، كـە ئـەویش بریتیـە لـەپارێزكاریو مەبەستیشـی لـەپارێزكاری كـردەوەی چـاكو پـەیڕەوی كردنـە لـەو سـنورانەی كـە خواوەند بۆ جوڵەو كارو خزمەتی مرۆڤەكان دەستنیشانی كردون.

پەیامە ئاسمانیەكانیش بۆ ئەوە دابەزێنراون تا(ولاء)و پەیوەندی وپابەندیەكی تر بە مرۆڤایەتی بگەیەننو لەسەرو هەمو(ولاء)ەكانـەوە دای بنـێن، كـە ئـەویش(ولاء)و پەیوەندی فیكریو بیروباوەڕە، ئەمەش بەڕونی لەم فـەرمودەی خواوەنـدا دەبیـنین كە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْـوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنْ اللَّـهِ وَرَسُـولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِـأَمْرِهِ وَاللَّـهُ لَـا يَهْـدِي الْقَـوْمَ الْفَاسِـقِينَ﴾ التوبة/٢٤.

واتــە: پێیــان بڵــێ ئەگــەر بــاوكو منــداڵو بــراو هــاوژینو خزمــە نزیكــەكانو هۆزەكانتانو، ئەو ماڵو سەروەتەی كە پێكتانەوە ناوەو، ئەو بازرگانیەی كـە لـەبێ بازاڕیو مایە پوچ بونی دەترسنو، ئەو مـاڵو حاڵـەی كـە پێكـەوەتان نـاوەو دڵتـان پێـی دەكرێتــەوە، ئەگــەر ئەمانــەتان بــەلاوە خۆشەویســترن لەخواوەنــدو پــەیام هێنەرەكەیو تێكۆشان لەڕێگەی خواوەندا، ئـەوا چاوەڕێ بـن تـا خواوەنـد بڕیـاری خۆی لەبارەتانەوە بدات، چونكە خواوەنـد ڕێنمـایی نەتـەوەو خـەڵكێك ناكـات كـە لەڕێڕەوی سەرەكی بترازێن.

هــەروەها ئایــەتی ژمــارە(١٣)ی ســورەتی(الحجرات)یش، بــە تــەنها بــەوەوە ناوەسـتێت كـە پێـوەرو پێـودانگ دەستنیشـان بكـات بـۆ ڕیزبەنـدی خـەڵك لەسـەر

بنەمای چاكەكاری یاخود خراپەكاری یان لەسەر بنەمای سەركەوتو و براوە یاخود دۆڕاو و ڕەنج بە خەسار، یاخود ڕێز لێگیراو و ڕێز لێنەگیراو، بەڵكو ئەم ئایەتە شێوازێكی تازەمان بۆ دەخاتەڕو لەكۆمەڵگە مرۆڤایەتیەكاندا كە لەخێزانو بنەماڵەو تیرەو هۆز پێشكەوتو ترو بەرفراوانترە، كە ئەویش بریتیە لە گەل (الشعب)ئەگەر ئەو وشەیە بە دانانی سەرە(الفتحه)بۆ پیتی(ش)نەكە بخوێنینەوە، وشەیەكی تاكەو، كۆكەی دەبێتە (شعوب)و، ئەو وشەیەش لەیەك ئایەتی(مدني)دا لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوەو لەشاری مەدینە دابەزیوەو واتای كۆبونەوە لەیەكو پێكەوە ژیانی هاوبەش دەگەیەنێت، وەك چۆن لەئەدەبی عەرەبیدا ئەم هەڵبەستەی شاعر (الطرماح) دەڵێت:   شتَّ الحي بعد التئام          وشجاكَ اليومَ ربعُ المقام

ئەگەر بە(الشِّعب) واتە، دانانی ژێرە (الكسرە) بۆ (ش)ەكەش بیخوێنینەوە، دیسان وشەیەكی تاكەو كۆكەی دەبێتە (شعاب)و (شُعب)بەم دارشتنەش هەریەك جار لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە كە دەفەرموێت: ﴿انطَلِقُوا إِلَى ظِلٍ ذِي ثَلَاثِ شُعَبٍ﴾ المرسلات/٣٠.

وشەكە واتای بڵاوەكردنو بەش بەش بون دەگەیەنێت، عەرەبیش دەڵێت: شَعَبَ الشِعاب القِراحَ أي: فرَّقها، وشعب الرجل أمره اي: جمعه. بۆ ئەم مەبەستە سەیری كتێبی(أساس البلاغة)ی زەمەخەشەری بكە.

دێینەوە سەر وشەی(الشَّعب)یاخود گەل، واتای كۆمەڵێك لەخەڵك دەگەیەنێت كە هەمویان مل كەچو پابەندی یەك سیستمی كۆمەڵایەتی بن.

وتراویشە گەورەترینی كۆمەڵەكان بریتیە لە(شعب) واتە: گەل، ئەوجا(القبیله)واتە: هۆز، پاشان(الفصیله)كە واتای (العشیره)دەگەیەنێتو پێشتر باسمان كرد كە بە مانای خزمە نزیكەكان دێت، پاشان(العمارة)و دواتر(البطن)و كۆتایی(الفخذ)دێت. سەیری كتێبی (المعجم المدرسی)بكە.

لەبارەی(قوم)و نەتەوەشەوە، ئەویش وەك (عشیرة وقبیلة)بریتیە لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لەنەتەوەدا ئەو هۆکارەی کە مرۆڤەکان بەیەك دەگەیەنێت‌و کۆیان دەکاتەوە، زمانێکی هاوبەشە، دواتر هەر لەم ڕوانگەیەوە یەك بیرکردنەوە ویەك دەربڕینشیان هەیە، ئەم ئایەتەش ئاماژە بەو ڕاستیە دەکات کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ...﴾ إبراهيم /٤.

واتە: هەر پەیامهێنەرێکمان ناردبێت، بە زمانی نەتەوەکەی خۆی ناردومانە، تا بتوانێت ئەو پەیامەی کە پێیەتی بۆیان ڕون بکاتەوە.

ئەگەر لایەنگری‌و پەیوەندی و(ولاء)لەخێزان‌و بنەماڵەو هۆزدا پەیوەندی خزمایەتی‌و خوێن بێت، کە ئەمەش پەیوەندی و(ولاء)ێکی کلاسیکیە، ئەوا(ولاء)و هەواداری و هۆکاری بەیەك گەیشتن لەنەتەوەدا بریتیە لە: پەیوەندی زمان‌و دەربڕین، ئەگونجێت ئەم پەیوەندیە هاوکات بێت لەگەڵ پەیوەندیی خێزان‌و خزمایەتی‌و تیرەو هۆزداو دەشگونجێت تەنها خۆی بێت.

بە واتایەکی تر ئەو نەتەوەیەی کە یەك زمان کۆیان دەکاتەوە، دەگونجێت لەیەك باوك‌و باپیرەو ماڵە باوان بن، وەك چۆن لەنەتەوەکەی(موسی)پێغەمبەردا ڕویدا بو، دەشگونجێت وا نەبێت.

وتمان: (ولاء)دەستەواژەیەکی قورئانیەو لەو چەشنەیە کە دژ بەیەکی لەخۆدەگرێت‌و دوو مانای هەیە: ڕوتێکردن‌و شوێن کەوتن، یاخود وازلێهێنان‌و پشت تێکردن، ئەمەشمان بە بەڵگەو نمونەوە تاوتوێکرد.

هەروەها وتمان‌و ڕەفتارێکی مرۆڤانەی کۆمەڵایەتیەو لەهەمان کاتدا هەڵوێستێکی فیکریە، کە خاوەنی دەیگرێت‌و هەڵی دەبژێرێت، ئیتر ئایا بە ڕوتێکردن‌و شوێن کەوتن بێت، یاخود بە وازلێهێنان‌و پشت تێکردن بێت، ئەمەشمان هەر بە بەڵگەو نمونەی وردەوە تاوتوێکرد.

وتمان: کە(ولاء)چەندین شێوازو دیمەنی هەیە، کە تیایاندا بەرجەستە دەبێت، وەك(ولاء)ی ئومەمی کە یەکگرتنی ڕەفتار زاڵە بەسەریدا، هەروەها(ولاء)ی خێزانیو خزمایەتی کە یەك سیستەمی کۆمەڵایەتی زاڵە بەسەریدا.

بەهەمان شێوە وتمان: پەیامە ئاسمانیەکان کە دوا پەیامیان پەیامی موحەمەدیە، هەمویان هاتن بۆ ئەوەی (ولاء)ێکی تازەمان بۆ بهێنن کە بتوانێت هەموو(ولاء)ەکانی تر تێپەڕێنێتو لەهەمویان زیاتر مەودای فراوان بێت.

وتمانو لێرەشدا دوپاتی دەکەینەوە کە ئەم(ولاء)ە هەمە چەشنانە هیچکامیان ئەوانی تر ناسڕێتەوەو دەتوانن بە سازگاری پێکەوە ڕۆڵ بگێڕن، بەڵکو لەوەش زیاتر هەندێ جار دەبینین کە(ولاء)ی عەقائدیو بیروباوەڕ لە(ولاء)ی خێزانیو خزمایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت، نمونەی ئەم ڕاستیەش باوەڕهێنانی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبە کە مامی پێغەمبەرەو، خزمایەتی تاکە پەیوەندی بو کە بویە هۆکار بۆ باوەڕهێنانی حەمزە، ئەم ڕاستیەش لەو هەواڵەدا بەدی دەکەین کە کاتێك(أبوجهل)ویستی سوکایەتی بکات بە پێغەمبەر، لەبەرانبەردا حەمزە هاتەوە دەستو ڕێگری لێکردو باوەڕیشی هێنا.

هەندێ جار پەیوەندی و(ولاء)ی ڕەوشتە بەرزەکانی وەك: ڕاستگۆییو بەوەفاییو بەخشندەییو لەخۆبوردەیی...هتد هەندێ جار ئەم ڕەوشتە بەرزانە زاڵ دەبن، تەنانەت بەسەر پەیوەندیە بیروباوەڕیەکانیشدا، نمونەی ئەم ڕاستیەش، ئەو هەواڵەیەکە باس لەهەڵوێستی(عبدالله بن أريقط)دەکات لەگەڵ پێغەمبەرو ئەبوبەکری هاوەڵیدا لەڕۆژی کوچ کردندا، هەروەها هەڵویستەکەی (حاطب بن أبى بلتعة)لەلایەکەوە لەگەڵ پێغەمبەرو لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ خزمەکانیدا لەشاری مەکە.

لەبەر ڕۆشنیای ئەمەدا كە ڕابورد چەند ڕاستیەك تێدەگەین:

یەكەم: لەسەر ئەو بنەمایەی كە ئەم پەیوەندیانە هەمە چەشنەن، بۆیە مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنداو لەو ڕوانگەیەشەوە پەیوەندیەكانی ئامادەیی ئەوەیان تێدایە لەگەڵ یەكدیدا كۆببنەوەو هیچ چەشنە زۆر كردنو زۆرە ملیٚ كردنێكیان تێدا نیەو، لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر ڕیزبەندیەكانیشیان دەگۆڕێت.

دوەم: بازنەی یەكەمی خزمایەتی پێغەمبەر(د.خ)بریتی بوو لەهۆزی (عبدالمطلب)دواتر بازنەی خزمایەتی لەو گەورەتر بریتی بوو لە(بنو هاشم)كە لەهۆزی(قریش)بو، نەتەوەشی بریتی بوو لەنەتەوەی عەرەب، گەلیشی بریتی بوو لەو گەلەی كە دانیشتوانی شاری مەدینە پێكیدەهێنا، بە باوەڕداران‌و جولەكەكانیشەوە، ئەم گەلەش پاش كۆچی پێغەمبەر(د.خ)بۆ مەدینەو پێكهێنانی دەوڵەتەكەی لەوشارەدا پێكهات، ئومەتی پێغەمبەریش بریتین لەهەموو ئەو كەسانەی كە باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیەكەی دەهێنن‌و پەیامەكەی پشت ڕاست دەكەنەوەو باوەڕی پیٚ دەهێنن.

سێیەم: ئەو داواكاریەی كە خواوەند كردی لەپێغەمبەر(د.خ)كە هەستێت بە ئاگادار كردنەوەی خزمە نزیكەكانی‌و پێی فەرمو:﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ ئەم فەرمانە لەشاری مەكەداو پێش كۆچ كردنی بو، ئەم ئاگاداركردنەوەیە خۆی لەخۆیدا مۆڵەتدانێكی ژیرمەندانە بو بۆ دەست پێكردنی بانگەواز، ئەو بانگەوازەی كە دواتر پەرەی سەندو هەموو نەتەوەكەی گرتەوە، دواتر گەشەی كردو پەرەی سەند تا هەمو مرۆڤایەتی بە هەمو ڕەنگ‌و زمان‌و نەژادەكانیەوەو لەهەر جێگەیەكی ئەم گۆی زەویەدا بێت‌و لەهەر كۆمەڵگایەكدا بێت گرتەوە، لەمبارەیەوە خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الأنبیاء/١٠٧.

ئەم ئایەتـە ئـەو پەیوەنـدی‌و(ولاء)ە فراوانـەمان بـۆ نومایـان دەكـات كـە وتمـان: داگرندەترە لەهەموو پەیوەندیەكانی ترو لەگەڵ هیچ كامیشیاندا دژ ناوەستێتەوە.

چوارەم: پەیوەندی پێكەوە بەسرانی عەرەبەكان بەهـەموو مانـاو شـێوەكانیەوە، هەر لەخزمایەتیەوە بیگـرە تـا دەگاتـە تیرەگەرایی،كـە دیـارترین سـیمای كۆمەڵگـە عەرەبیەكان بوە، هەر لەدێر زەمانەوە چ لەگوندو چ لەشارەكانیشیاندا.

پاش هەمو ئەم ڕونكردنەوانە چەند پرسیارێك دەكەین:

١. لەكەیەوە(ولاء)گۆڕانكاری بەسەردا هاتو كرا بە دەستەواژەو(مصطلح)..؟.

٢. لەكەیـەوە سـوڵتان‌و كاربەدەسـەتەكان كـران بـە وەلی ئـەمرو مشـورخۆری خـەڵك‌و گویڕایەڵیان وەك گوێڕایەڵی كردن لەخواوەندو پێغەمبەرەكەی واجب كرا لەسەر خەڵك..؟

٣. لەكەیەوە حاكم‌و كار بەدەست كرا بە والی‌و والیش كرا بە حاكم‌و كار بەدەست..؟

٤. لەكەیـەوە ئـەوە لەمێشـكی خـەڵكا چەسـپێنرا كـە گوێڕایـەڵی كردنـی خـاوەن دەسەڵات پێویستە..؟

٥. لەكەیـەوە لایـەنگریی لـەحاكم‌و كـار بەدەسـتەكان كـرا بـە ڕێگـەی ڕاسـت‌و ڕاگەیەنرا كە: ئەگەر كاربەدەستەكان پشتی خەڵكیش بشكێنن‌و مـاڵ‌و سامانیشـیان داگیر بكەن‌و عەقڵ‌و ژیریشیان تیرۆر بكەن، هەر لادانێك لەو(ڕێگە ڕاسـتە) دەرچـونە لەفـــەرمان‌و تـــاوانێكی گەورەیـــە..؟ یـــاخود لەكەیـــەوە لایـــەنگیری كـــردن لەزانایان‌و(تقلید)وكوێرانە شـوێن كـەوتنیان بـە هەوڵـدان بـۆ دەسـتخسـتنی زانسـت‌و زانیاری لەقەڵەم درا..؟

لەم باس‌و لێكۆڵینەوەیەماندا پشتیوان بە خواوەند، هەوڵدەدەین وەڵامـی هەنـدێك لەو پرسیارانە بدەینەوە، هەروەها هەوڵدەدەین هـەروەك چـۆن پێناسـەی(ولاء)مـان كـرد، بەهـەمان شـێوە پێناسـەی(بـراء)یـش بكـەین‌و ڕونـی بكەینـەوە كـە ئامـاژە قورئانیەكان لەمبارەیەوە چیمان پێ دەڵێن:

**البراء**: (ب ر ء)بناغەیەكی دروستە لەزمانی عەرەبیداو دەستەواژیەكی قورئانیەو خۆیو هەموو بەكارهێنانەكانی تری(٣١) جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتوە. یەكەمیان ئایەتی: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُوا مِنْ الَّذِينَ اتَّبَعُوا وَرَأَوْا الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمْ الْأَسْبَابُ﴾ البقرة/١٦٦.

واتە: كاتێك ئەوانەی كە خەڵك شوێنیان دەكەوت، تەبەڕاو حەشا لەوانە دەكەن كە شوێنیان كەوتون، ئەوكات كەسزاكەیان بینی، ئیدی هیچ هۆكارو فریاد ڕەسێك بەدادیانەوە نایەت.

دواهەمینیشیان لەم ئایەتەدایە كە دەفەرموێت: ﴿أُوْلَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ﴾ البينة/٦.

واتە: ئەوانە خراپترینی بەدیهێنراوەكانن.

ئاماژەی ئەم دەستەواژەیەش(البراء) لەهەمو ئەو جێگایانەدا بەدەوری دو مانادا دەخولێنەوە:

یەكەم: (بَرَأَ بَرْءاً وبروءاً)واتە: بەدیهێنانێك: كەپێشتر وێنەی نەبوە، وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا﴾ الحديد/ ٢٢.

واتە: هەرچیتان توش دەبێتو بۆتان پێش دێت، چ لەزەوی وچ لەدەرونی خۆشتاندا، هەموی لەبەرنامەو پەڕاوێكدایە لەپێش ئەوەدا كە ئەو ڕوداو و پێش هاتە بێتەدیو بقەومێت لای ئێمە(ولە زانیاری وقەدەری خواوەنداو لەگەڵ هەمو ئەگەرەكانی تردا)بونی هەیە.

هەر لەم ڕوانگەوەیە، كەیەكێك لەناوە جوانەكانی خواوەند بریتی یە لە: (البارئ).

دووەم: (بَرَأَ بُرْءاً وبراءةً) واتە: خاڵی لەهەرچی عەیبوعارو پاقژ لەهەرچی ئاكاری نەشیاو و تۆمەت .

ئاماژە بەم واتایەش خواوەند دەفەرموێت: ﴿بَرَاءَةٌ مِنْ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّمْ مِنْ الْمُشْرِكِينَ﴾التوبة/١.

واتە: بەرائەتو حەشا لەخواوەندو پەیامەێنەرەکەیەوە بۆ ئەوانەی کە پەیمانتان هەبو لەگەڵیاندا، لەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خواوەند بڕیار دەدا.

لەم دو ماناو واتایەشەوە دولق دەبێتەوە کە بریتین لە:

١- شیفای داو ڕزگاری کردو پاکی کردەوە لەنەخۆشی(أبرأه من المرض)وەك چۆن خواوەند لەزمانی عیسای کوڕی مەریەمەوە دەفەرموێت: ﴿وَأُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَأُحْيِ الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ آل‌عمران/٤٩.

واتە: بەمۆڵەتو پشتیوانی خواوەند کوێری زکماكو کەسی توش بوو بەنەخۆشی بەڵەکیی، چاکدەکەمەوەو ڕزگاری دەکەم لەو نەخۆشیەو هەروەها بەمۆڵەتو ڕەزامەندی خواوەند مردوش زیندو دەکەمەوە.

٢- تەبەڕای کرد لەکارێك واتە: وازهێنانی خۆی لەو کارە ڕاگەیاند﴿تبرأ من الأمر :أي أعلن تركه له﴾.

وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاءٌ مِمَّا تَعْبُدُونَ﴾ الزخرف/٢٦.

واتە: وەك چۆن ئیبراهیم وتی بەباوکیو هۆزەکەی: من دورم لەوەی کە ئێوە دەیپەرستنو پەیوەندی بەمنەوە نیە.

کاتێکیش دەوترێت فلانەکەس تەبەڕای لەفیسارە کەس کردوە، واتە: نکوڵی دەکات لەوەی کە هیچ پەیوەندیەك لەنێوانیاندا هەبێت، وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَنْ مَوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ﴾ التوبة/١١٤.

ئەم مانـاو مەبەسـتەی کـە لـەم ئایەتـەدا هاتوەو(پێشـتر وەرمـان گێراوەتـە سـەر زمانی کوردی)تەوەرەی باسەکەمانە، چـونکە ئـەو مانـاو واتایـەی کـە لـەم ئایەتـەدا هاتوە، تەوەرەی ئەو ئاماژانەیە کە دەستەواژەی(بـراء)بەدەوریانـدا دەسـوڕێتەوە، بەتایبـەت دوای ئـەوەی کـە مانـای (إصـطلاحي) داهێنـرا بـۆ(بـراء)و کرایـە هـاوملی (ولاء)و هەردوکیان پێکەوە دوانەیەکیان لێ دروستکرا کە واتـای دژ بەیـەکیان لـەخۆ دەگرتو بەناو زۆربەی نوسینو کتێبەکاندا بلاَوەیان پێکرا.

(بـراء)یـش دروسـت وەك(ولاء): بریتیـە لەپەیوەندیـەکی مرۆڤانـەی کۆمەلاَیـەتیو بەشێوازی دلّخوازانەو، لای تاك بەشێوازی فیکریو هـزری دەسـت پێـدەکاتو دواتـر ئەو تاکـە بڕیـاری خـۆی بـە دورکەوتنـەوەو حەشـا لێکـردن لـەبارەی هەرکارێکـەوە دەدات کـە لەگـەلّ ڕەفتـارو بنـەما فکریەکانیـدا نـەگونجێت، یـاخود بڕیـاری خـۆی لـەبارەی کەسـێکەوە دەدات کـە کـارێکی کردبێـت، شـایانی ئـەوەبێت حەشـای لێبکرێـتو خـۆی لێ بـە دوربگرێـت، پاشـان ئـەم بڕیـارە فکـریو هزریـە دەچـێتە قۆناغێکی ترەوەو دەبێتە هەلّوێستو ڕەفتار.

ئەگەر (ولاء) لەواتاکەیدا دوڕو هەلّبگرێت کە بریتین لە: (بەرەو ڕوچونو شـوێن کـەوتن، یاخود واز لێهێنانو پشت تێکردن)، ئەوا (براء) بێجگە لەیەك واتا هـیچ واتـاو مانایـەکی تـر لەخۆ ناگرێت کە ئەویش بریتیە لە(واز لێهێنانو حەشا لێ کردنو پشت تێکردن).

لەکاتی خۆیدا بەدرێژی باسمان لەئامازەکانی ناو ئـەم پێناسـەیە کـردوەو لێـرەدا دوبارەی ناکەینەوە.

ماوەتەوە بلّێینو ئامازە بەوە بدەین کە: (براء)یـش وەك هـەمو ڕەفتـارێکی تـری مرۆڤــ، چـەند سـنورێکی هەیـە کـە ئـەو سـنورانە بـوارو ئەنـدازەی(بـراء)ەکـە دەستنیشانو دیاری دەکەن، سنور گـەلێکی بـەرزو بولّنـد کـە ناکرێـت ببـەزێنرێن، هەروەها سنور گەلێکی نـزمو نـەوی ونزیـك، کـە ناکرێـت پێشـێلو پایـەمالّ بکـرێن،

دروست وەك ئەو بنەما لۆژیكیەی كە دەڵێت: هەرچی لەئەندازەی خۆی زیاد بو و سنوری بەزاند، دەچێتە خانەی دژ بەو مەبەستەوە(كل مازاد عن حده إنقلب إلى ضده)چونكە هەموو كارە ڕێگەپێدراوەكان كە لەسنور تێپەڕین، دەچنە خانەی ڕێگەپێنەدراوەكانەوە.

بۆ نمونە: ئازایەتی تا ئەو كاتەی لەسنوری خۆیدایە خۆشنودو پەسەندە، بەلاَم كەسنوری خۆی بەزاند دەبێتە ڕەفتارێكی ناپەسەندو قێزەون، هەروەها لەسەرەخۆییو بیر لێكردنەوە تا ئەو كاتەی لەسنوری ڕێگەپێدراودایە كارێكی چاكو پەسەندە، بەلاَم كە لەسنورو ئەندازەی خۆی تێپەڕی، دەبێتە دڵەڕاوكەو ڕاڕاییو دودڵی، هەروەها باوەڕ بەخۆبون كەسنوری تێپەڕاند دەبێتە شێتیو خۆ بەزل زانین، هەروەها خەونەكان دەچنە خانەی خەیاڵ پلاَوەكانەوە، هەر لەم ڕاستایەدایە كە پێغەمبەر(د.خ)لەچەندین جێگەدا پێداگری كردوەو ئاگاداریو هۆشداری داوە لەبارەی سەخت گیریو ڕۆچونو هەڵچونی بێجێگەوە، كە لەئاكامدا سەر دەكێشن بۆ سنور بەزاندنو یاخی بون، وەك لەم ڕیوایەتەدا هاتوەكە دەڵێت: (إن المنبت لا أرضاً قطع ولا ظهراً أبقى) رواه العسقلاني في فتح الباري.

واتە: كەسی پەلەكەرو جیڕو پێداگر، نەدەگاتە ئامانجەكەی و، نەخۆییو نە ئامرازەكەی بەردەستیشی بەسەلامەت دەهێڵتەوە.

لەچەند جێگەیەكی دابەزێنراوی بەجێو هەڵبەستو هۆنراوەكانی عەرەبدا، چەند سنورێك لەو سنورانەی كە بۆ ڕێكخستنی(براء)دانراون بەدی دەكەین:

١- ﴿وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا﴾ لقمان/١٥.

واتە: ئەگەر هەوڵیان لەگەڵدایت بۆ ئەوەی بەبێ ئەوەی زانیاریت لەبارەی ئەوشتەوە ببێت كە ئەوان داوات لێدەكەن، بۆئەوەی هاوتاو هاوشان بۆ من بڕیار بدەیت، گوێڕایەڵیان مەكە، بەلاَم لەدونیادا بەباشیو چاكە هاوڕێیەتیان بكە.

٢- ﴿وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَنْ مَوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَأَوَّاهٌ حَلِيمٌ﴾ التوبة/١١٤. (پێشترماناى بە كوردى كراوە)

٣- وإن الذى بيني وبين بني أبي

وبين بني عمي لمختلفٌ جداً

فإن أكلوا لحمي وفرت لحومهم

وإن هدموا بيتي بنيت لهم مجداً.

واتـاى گشـتى بەيتـە شـعريەكە ئەوەيـە كـە دەڵێـت: جيـاوازى نێـوان مـنو بـراو ئامۆزاكانم زۆرە، ئەگەر ئەوان گۆشتم بخۆن، خـۆ گۆشـتى ئەوانهێشـتا زۆرە، ئەگـەر ماڵەكەشم بڕوخێنن، من لەبەرانبەرەوە سەروەريەكى گەورەيان بۆ بونيات ئەنێم.

ئايەتەكـەى ژمـارە(١٥)ى سـورەتى(لقمان)لەديدى ئێمـەوە، بـاس لـەناكۆكىو جياوازيـەكى بيروبـاوەڕ دەكـات لـەنێوان كـوڕێكى يەكتاپەرسـتو بـاوكو دايكێكى(موشريك)دا كە بە چڕىو خەسـتى هـەوڵى ئـەوە دەدەن تـا كوڕەكەشـيان وەك خۆيان بار بهێننو لەسەر بت پەرستى ڕاى بهێنن.

تەنها لەم دۆخە ئاڵۆزەدايە كـە ئاراسـتەيەكى تايبـەتى خـوايى دێـتو ڕێگـە دەدات بەو كوڕە كە سەرپێچى لەفەرمانو داخوازيەكەى بـاوكو دايكـى بكـات، بەڵام ئەم ڕێگە پێدانە لەچوارچێوەى ئەركو تـەكليفى گەورەتردايـە كـە خـۆى لەم فەرمايشتەى خواوەندا دەنوێنێت كەدەفەرموێت:﴿وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا﴾ لێرەدا وازلێهێنانو حەشالێكردنو پشـت تێكـردن(بـراء وتـبراء)هـيچ چەشنە پێگەو بونێكيان نيە، بەڵكو فەرمانێكە بۆ ئـەوەى بـە چـاكىو جـوانى هاورێيەتىو هاوەڵى دايكو باوكى بكات.

بـەڵام ئایـەتی(١١٤)ی سورەتی(التوبە)قسـە لـەبارەی گەنجێکـەوە دەکـات کـە ئـــەویش ئیبراهیمـــی پێغەمبـــەرە(س.خ) لەبەرانبـــەر(ئازەر)ی پەروەرشـــیارو سەرپەرشـتیاریەوە، بەتایبـەت دوای ئـەوەی کـە هەڵوێسـتی نەیارانـەی(ئـازەر) لەبەرانبەر خواوەندەوە ڕون بویەوە.

لەم حاڵەتەدا بەتایبەتی ڕەوایەتی وازلێهێنان‌و دورکەوتنەوە لەوکەسانە دێتـە نـاو باسـەوە کـە، هـاوەڵ‌و هاوتـا بـۆ خواوەنـد بڕیـار دەدەن، بـەڵام وازلێهێنانەکـە لەچوارچێوەی دو مەرجی دیاریکراودایە کە لەئایەتەکەدا باسکراون:

یەکەم: بەئاشکراو بەدڵنیایی ڕون ببێتەوە کە ئـەو کەسـانە دژایـەتی‌و نەیاریـەتی خواوەنـد دەکـەن، ئەمــەش مانــاو ئامــاژەی نـاو ئـەو بڕگەیـە لەئایەتەکـەدا کـە دەفـەرموێت: ﴿فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ﴾ دەبیـنین یـەکلا بونەوەکـە، بـە وشەی(تبَيَنَ) هاتوە کـە لەجێگـەی تـردا(بـانَ)ەی بـۆ بـەکار دێـت، ئـەم دو وشـەیە، هەریەك واتای تایبەت بە خۆیانیان هەیەکە:

- (تَبَينَ) واتای ئەوەیە کە: بەوردی‌و ڕونی‌و ئاشکرایی بۆی ڕونبویەوە.

(بانَ) واتە: دەرکەوت‌و یەکلایی بویەوە.

دوەم: هاوکـات لەگـەڵ وازلێهینانەکـەدا لەسـەرەخۆیی‌و ئاوڕلێدانـەوەو دڵسـۆزی هاتوە، لەبڕگەی کۆتایی ئایەتەکـەدا ئامـاژە بـەو واتایانـە کـراوە﴿إِنَّ إِبْـرَاهِيمَ لَـأَوَّاهٌ حَلِيمٌ﴾.

ڕاستە ئیبراهیم بەهۆی پاڵنەری ئەو بیروباوەڕەی کە بە خواوەندی خـۆی هـەیبو، بڕیاریدا کە وازبهێنێت لەباوکی‌و لەبەرانبەر ئەو داژیەتی‌و نەیاریکردنـەوە کـە بـاوکی دەستی دابویە دژایەتی‌و نەیاریکردنی خواوەنـد، ئیـبراهیمیش بەرائـەت‌و وازهێنـانی خـۆی لـەو ڕاگەیانـدو ڕەخنـەی لەهەڵوێسـتەکەی گـرت، بـەڵام باوەڕهێنـانی بـە

خواوەنـدی خـۆیو لایـەنگریو ڕوتێکردنـی بـۆ ئـەو، نەبویـە هـۆی ئـەوەی کـە دژبوەستێتەوە لەگەڵ ئەو خۆشەویستیو پێزانینەیدا کە ئیـبراهیم بەرانبـەر بـاوکی هەیبو، کە لەمندالّیدا بە جوانی پەروەردەو سەرپەرشتی کردبو، بۆیە بە دڵ تەنگیو ناچاریەوە بەزەیی پێدادەهاتەوەو دڵی بـۆی دەسـوتا، تـا دواجـار ڕەوشـتی جـوانو نەفەس درێـژیو ئـارام گـرتن هـەژمونی هـەبو بەسـەر وازلێهێنـانو(بـراءة)کەیـدا بـۆ بـاوکی، ئەمـەش پڕاوپـڕ ئـەو مانـاو مەبەسـتەیە کـە ئایـەتی ژمـارە (١١٤)ی سورەتی(التوبه)باسی لێوە دەکات.

سـەبارەت بـە هەڵبەسـتەکەی (المقنّـع الكنـدي)ش کـە لەبەڵگـەی سـێهەمماندا هێناومانــە، ئێمــە دەبیــنین ئــەم پیــاوە وازلێهێنــانێکی ڕەوشــت بەرزانــەی ڕا نەگەیەنراوی هەیـە لەبەرانبـەر ئـەو خـزمو هۆزەیـەوە کـە ڕەخنـە لـەڕەفتارەکانیان دەگرێـتو هـاوار دەکـاتو پێیـان دەڵێـت: ئـەم ڕەفتارانـەی ئێـوە دژو پێچـەوانەیە لەگەڵ بەها باڵاکانی عەرەبو ڕەوشتی باو باپیرانماندا، جارێکی تر دەبینین کە ئـەم وازلێهێنــانو حەشــالێکردنو (بــراء)تــە دیســانەوە هــەر هێمنانــەو ئاشــتیانەیەو لەبەرگێکی تەنكو ناسکی ڕەخنە گرتندا خۆی دەنوێنێت.

پێشتر وتمان(ب ر ء)دەستەواژەیەکی قورئانیەو لە (٣١)جێگەی قورئـانی پـیرۆزدا هاتوەو، لەهەمو ئەو جێگایانەدا لەم دوو مانایە ناچێتە دەرەوە:

یەکەم: دروست کردنو بەدیهێنانێك بەبێ نمونەو وێنەی پێشتر.

دوەم: خاڵی بونو پاکیو بێگەردیو دوری لەئاکاری ناپەسەندو تۆمەت.

ئەم دوەمەشیان دو لقی لێدەبێتەوە:

أ. چاکبونەوە لەنەخۆشی.

ب. ڕاگەیاندنی بچڕانی پەیوەندی لەگـەڵ شـتێك یـاخود لەگـەڵ کەسـێکدا بـەهۆی ڕەخنە گرتنو بە ناپەسەند زانینی خۆی یاخود ڕەفتارەکانیەوە.

وتیشمان لێکۆڵینەوەکەمان بە دەوری ئەم مانایەدا دەخولێتەوە کە لەخاڵی کۆتایدا هاتوە، ئەم ماناو مەبەستە لە (١٧)جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، لەم جێگایانەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە بەڕاشکاوی(تبراء)و وازلێهێنان جێگەیەکی ئاماژە بۆکراوی تایبەتی خۆی هەیەو لەسنورێکی دیاریکراودایە:

- ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ إِنَّنِي بَرَاءٌ مِمَّا تَعْبُدُونَ﴾ الزخرف/٢٦.

واتە: ئیبراهیم وتی بە باوکیو بە هۆزەکەی کە: من دورمو بەریم لەوەی کە ئێوە دەی پەرستن.

واتە: جێگەی حەشالێکردنو وازلێهێنانەکە، بریتیە لەو کارەی کە ئەوان دەیکەنو لەگەڵ بیروباوەڕەکەی ئەمدا رێك نایەتەوە، کە ئەویش هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خواوەند.

- ﴿كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾ الحشر/١٦.

واتە: وەك نمونەکەی شەیتان کە وتی بە مرۆڤ، کوفرو ناخۆش نودی بکە، کە مرۆڤ کوفرو ناخۆش نودیەکەی کرد ئەوجا شەیتان پێی وت: من دورو بەریم لێت، من لەو خواوەندە دەترسم کە پەروەردگاری جیهانیانە.

- ﴿وَإِنْ كَذَّبُوكَ فَقُلْ لِي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنْتُمْ بَرِيئُونَ مِمَّا أَعْمَلُ وَأَنَا بَرِيءٌ مِمَّا تَعْمَلُونَ﴾ يونس/٤١.

واتە: ئەگەر هەوڵیان دا بە درۆت بخەنەوە، پێیان بڵێ کردەوەی خۆم بۆ خۆمو کردەوەی ئێوەش بۆ خۆتان، ئێوە بەریو دورن لەوە کە من دەیکەمو منیش بەریو دورم لەوەی کە ئێوە دەیکەن.

تەنها لەم گۆشە نیگایەوە (براء)لە (ولاء) دەچێت، کە هەریەکەیان جێگەیەکی هەیەو پێویستە قسەی لەسەر بکەین‌و ڕونی بکەینەوە، قسەکردن لەسەر ئەم بابەتەو دەستنیشانکردن‌و دیاریکردنی جێگەیەکیش کە هەریەك لە(ولاء)یان (براء)ی تێدا نومایان‌و ڕون ببنەوە، سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کە نە(ولاء)ی ڕەهاوگشتی‌و نە(براء)ی ڕەهاوگشتی (المطلق) بونیان نیە، بەڵکو هەریەکەیان لەسنورێکی دیاریکراو و لەهەلومەرجێکی تایبەتدا، بۆیان هەیە ببن‌و کاریان پێ بکرێت.

گۆشە نیگایەکی تریش هەیە کە لەو گۆشەیەوە(براء)و وازلێهێنان لە(ولاء)و لایەنیگری‌و وابەستە بون دەچێت، ئەو گۆشەیەش بریتیە لەوەی کە ئەم دوو چەمك‌و دەستەواژەیە هەردوکیان لەکۆمەڵگە عەرەبیەکاندا بە شارنیشین‌و گوندنشینیانەوەو لەدێر زەمانەوە بونیان هەبوەو، هەردوکیان بەپێی ڕێژەو ڕادەی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەی کە لەنێوان خێزان‌و تیرەو هۆزو نەتەوەو گەلەکاندا هەیە، ئەوانیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت‌و لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت.

لەم بارەیەوە(الحارث بن حلِّزة اليشكري)لەبەستەیەکیدا دەڵێت:

أم جنابا بنى عتيف فإنّا          منكم إن غدرتم لَبَراءُ

(جاحظ) لەکتێبی(البيان والتبين)بەرگی(٢)لاپەڕە(٥٦)دا دەڵێت: موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لەکوفە دانیشت‌و پەیمانی لەخەڵك وەردەگرت لەسەر ئەوەی کە بەرائەت‌و وازلێهێنانی خۆیان لەعەلی کوڕی ئەبو تالیب ڕابگەیەنن، لەوکاتەدا کابرایەك لەهۆزی بەنی تەمیم هاتەلای‌و، موعاویە ویستی داوای ئەوەی لێبکات کە ئەو پەیمانەی پێبدات بەڵام کابرا وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران گوێڕایەڵی لەزیندوەکانتان دەکەین، بەڵام حەشاو بەرائەت‌و پشت لێهەڵکردن ڕاناگەیەنین لەمردوەکانتان.

بۆیە موعاویە ئاوڕی دایەوە بەلای موغیرەداو پێی وت: ئەمە پیاوێکە ئاگات لێی بێتو بە چاکە هەڵسوکەوت بکە لەگەڵیدا.

مێـژو نـووس(إبن عبـد الحكم)کـە لـەنێوان سـاڵەکانی(١٨٧–٢٥٧ك)دا ژیـاوە، لەژیاننامـەی عومـەڕی کـوڕی عەبدولعـەزیزدا دەڵێـت: عومـەر ناردیـە لای(شـوذب الحروري)و هاوەڵەکانی کە لە(الجزيرة)جودا بونەوەو لەفـەرمان دەرچـونی خۆیانیـان ڕاگەیاندبو، ناردیە لایان تا بێنو گفتوگۆیـان لەگەڵـدا بکـات، ئـەوانیش دوو پیاویـان نارده لای عومەر، یەکێکیان (شـيباني)و ئـەوی تریشـیان(حبشـي)وناوی(عاصـم)بو، (عاصم)لەهاوڕێکەی زیاتر دەم پاراوو قسـەزان بـو، کـە هاتنـە لای عومـەر سـڵاویان لێکردو دانیشـتنو، عومـەر پێـی وتـن: پـێم بڵـێن بـزانم چـی بـو بـەهۆی ئـەوەی کـە هەڵوێست بگرنو بڕیـاری دەرچـون لەفـەرمانمان بـدەنو ڕەخنـەتان لـەکام جێگـەی کارەکانمان هەیە..؟

(عاصم) وتی: سوێند بەخوا ڕەخنەمان لەژیاننامەو هەڵسوکەوتی تۆ نیە، چـونکە تۆ چاکەکاری و دادپەروەریی پـەیڕەو دەکـەیت، بـەڵام لـەنێوان ئێمـەو تـۆدا کارێـك هەیە، ئەگەر بتوانیت ئەو کارەمان بۆ بکـەیت ئـەوا تـۆ لەئێمـەیتو ئێمـەش لـەتۆین واتە: تۆ بەشێکی لەئێمەو ئێمەش بەشێکین لەتۆ و یەك دەگرین، عومـەر وتـی: ئـەو کارە چیە..؟.

(عاصم) وتی: ئێمە دەبینینو دەزانین کە تۆ پێچەوانەی ئەندامانی تری ماڵبـات و بنەماڵەی فەرمانڕەوایی هەڵسوکەوت دەکەیت و کردەوەکانیـان بـە سـتەمکاریی نـاو دەبەیت، ئەگەر وای دەردەخەیت کە تۆ لەسەر ڕاسـتە ڕێگـەیتو ئـەوان گـومڕا بـون، ئەوا ئێمە داوات لێدەکەین کە حەشا لەوان بکەیت و نەفرەتیان لێ بکەیت، ئەمە ئـەو داواکاریو خواستو وێسگەیەیە کە یان کۆمان دەکاتەوەو دەمانکات بەیەك، یـاخود دورمان دەخاتەوەو زیاتر پەرتو بڵاومان دەکات.

عومەر وتی: ئەزانم كە ئێوە بۆ بەدەستهێنانی دونیا نەڕۆشتونەتە دەرەوەو بۆ ئەوە یاخی نەبون، بەڵكو ئێوە خوازیاری پاداشتی دوا ڕۆژن، بەڵام ڕێگەی بەدەستهێنانەكەیتان هەڵە كردوە، بۆیە منیش لەبارەی پرسێكەوە لێتان دەپرسمو سوێندتان دەدەم كە بەپێی زانیاری خۆتان ڕاستگۆیانە وەڵامم بدەنەوە.

هەردو پیاوە میوانەكە وتیان: بەڵێن بێت وا دەكەین.

عومەر وتی: ئایا سەرنجی ئەبوبەكرو عومەری كوڕی خەتابتان داوە..؟ ئایا ئەم دو پیاوە لەپێشینەكانی ئێوە نینو شایەتی ئەوەیان بۆ نادەن كە بەهەشتین..؟ وتیان: بەڵێ وایە.

عومەر وتی: ئایا دەزانن پاش كۆچی دوایی پێغەمبەر هەندێ تیرەو هۆز هەڵگەڕانەوەو ئەبوبەكریش دەستی دایە جەنگیانو خوێنی ڕشتو دیلو كەنیزەكیشی لێ گرتن..؟ وتیان: بەڵێ وایەو ئەم كارە ڕوی داوە.

عومەر وتی: ئەی ئەزانن كاتێك عومەری كوڕی خەتاب هاتە سەركار هەموو كەنیزەكەكانی گێڕایەوە بۆ خزمو هۆزەكانیان..؟

دو پیاوەكە وتیان: تەواوەو ئەوەش دەزانین.

عومەر وتی: ئایا لەو حاڵەتەدا ئەبوبەكر حەشای كرد لەعومەر یاخود عومەر حەشای كرد لەئەبوبەكر..؟

دو پیاوەكە وتیان: نەخێر.

عومەر وتی: هەواڵم بدەنێ لەبارەی خەڵكی نەهرەوانەوە، ئایا ئەوان لەپێشینەكانی ئێوە نەبونو ئێوە هەواداری ئەوان نەبون و شایەتی ئەوەتان بۆ نەدەدان كە ئەوان بەهەشتین..؟

دو پیاوەكە وتیان: بەڵێ وایە.

عومەر وتی: ئەی ئەزانن کاتێك خەڵکی کوفە دژ بەوان هەستانو چون بۆیان، خەڵکی کوفە دەستیان لێ پاراستن‌و هیچ کەسێکی سڤیلیان نەترساندو خوێن ڕێژیشیان بەرپا نەکرد لەناویاندا..؟

دوو پیاوەکە وتیان: تەواوە وئەمەش ڕاستە.

عومەر وتی: ئەی ئەزانن کاتێك خەڵکی شاری بەسرە کە عەبدوالله‌ی کوڕی وەهەبیش لەگەڵیاندا بو دەرچون دژ بە خەڵکی نەهرەوان‌و خەڵکەکەی نەهرەوانیان هەمو هێنایە دەرەوەو کوشتنیان، لەکاتێکدا عەبدوالله‌ی کوڕی خەباب یەکێك بوو لەهاوەڵانی پێغەمبەرو لەناو ئەو خەڵکەدا بو، پاشان ژنەکانیان کوشتن‌و منداڵەکانیان خستنە ناو مەنجەڵی بەکوڵ هاتوەوە..؟

دو پیاوەکە وتیان: تەواوە ئەمەش دەزانینو ڕوشی داوە.

عومەر وتی: ئایا خەڵکی کوفە حەشاو تەبەڕایان کرد لەخەڵکی بەسرە، یان ئایا خەڵکی بەسرە تەبەڕاو حەشایان کرد لەئەهلی کوفە..؟

دو پیاوەکە وتیان: نەخێر.

عومەر جارێکی تر ڕوی کردەوە دو پیاوەکەو لێی پرسین: ئادەی پێم بڵێن ئایا دین‌و ئاینی ئومە بەیەك دەزانن یاخود دوان..؟

وتیان: یەکێکە.

عومەر وتی: باشە کە دین‌و ئاینی ئەم ئومەتە یەکێکە، ئەی چۆن ئەو ئاینە ڕێگەی دا بە ئێوە کە هەواداری‌و لایەنگری‌و (ولاء)تان دەربڕن بۆ ئەبوبەکرو عومەرو، هەروەها ئەو ئاینە دەرفەتی دا بە خەڵکی کوفە کە هەواداری‌و دۆستایەتی خەڵکی بەسرە بکەن‌و پشتیان تێنەکەن، بەڵام هەمان دین‌و ئاین ڕێگە لەمن تەنگ دەکاتەوەو ناچارم دەکات کە نەفرەت لەپێشینانم بکەم‌و حەشاو تەبەڕایان لێبکەم..؟

باشـه ئـەی ئەگـەر نـەفرەت کـردن لەخـەڵکی گوناهبـار ئـەرکێکی ئـاینی دەستنیشـانکراوە، دوا سـات کـەیبو کـە ئێـوە نـەفرەتتان تێـداکردبێت لەفرعـەونو سەمود..؟

وتیان بیرمان نایەت کەی نەفرەتمان لێکردون.

عومەر وتی: باشە ئەی چۆن ئەو ئاینەتان ڕێگەتان پێدەدات، واز لەنـەفرەتکردن لەفرعەون بهێنن، بەڵام هەمان ئـەو ئاینـە وەك ئێـوە دەڵـێن: ڕێگـە بـە مـن نـادات و ناچارم دەكات کە هەر دەبێت ئەندامانی بنەماڵەکەم نەفرەت لێبکەم..؟ ئـەی هـاوار بۆ ئێوە.... ئێوە خەڵکێکی نەفامن.

ئایـا ئـەزانن کـە پەیامهێنـەری خواوەنـد ڕەوانـەکرا بـۆ ئـاوا خـەڵکێك کـە بتیـان دەپەرستو داوای لێکردن واز لەو بت پەرستیە بهێننو شایەتومان بە تاكو تـەنهایی خواوەند بهێننو فەریادی(لا إله إلا الله)ڕابگەیەنن، ئایا پێغەمبەر خۆی لەخوێن ڕێژی ئەو خەڵکە پاراستو ئاسایشی شارەکەی پاراست..؟

وتیان: بەڵێ:

عومەر وتی: ئایا ئێوە ئەمڕۆ حەشاو تەبەڕا لەو کەسانە دەکەن کە پشتیان لـەبت پەرسـتی کـردوەو دروشمـی یەکتاپەرسـتیان ڕاگەیانـدوە وبـەڕەوای دەزانـن دەسـت بدەنـە خـوێن ڕشـتنیانو، لەکاتێـدا واز لـە جولەکـەو گاورەکـان دەهێـننو پـەناو دالدەیان دەدەنو خوێنو ماڵیان دەپارێزن..؟

عاصم کە یەکێك بو لەدو پیاوەکەو هەر ئەو قسەی دەکرد وتـی: تـا ئێسـتا هـیچ بەڵگەیەکم نەدیوە بە قەد بەڵگەکەی تۆ ڕونو بەهێز بێـت، بۆیـە مـن شـایەتی ئـەوە دەدەم کە: تۆ لەسەر ڕێگەی هەقیتو حەشاو تەبەڕا دەکەم لەهەرکەسێك کـە سـەر پێچیت بکاتو دژت بوەستێتەوە.

عومەر ڕوی كردە پیاوی دوەم كە ناوی شەیبانی بو و لێی پرسی: ئەی تۆ..؟

شـەیبانیش وتـی: قسـەكانت جـوانن، بـەڵام مـن نـاتوانم بـەبێ پـرس‌و ڕاوێـژی هاوڕێكـانم بڕیـار بـدەم‌و نـاتوانم بـەناوی ئەوانـەوە قسـە بكـەم، چـونكە نـازانم لـەو كارەیاندا بەڵگـەیان چـیەو پشـت بەچـی دەبەسـتن تـا دەگەڕێمـەوە لایـان، چـونكە لەوانەیە ئەوانیش بەڵگەیەكیان بەدەستەوە بێت كە من نەیزانم.

عومەر پێی وت: من باشاتر لەخۆت دەتناسم.

خاوەنی كتێبی(العقد الفريد)لەلاپەڕە(٥٤)ی بەرگی(٥)ی كتێبەكەیدا دەگێڕێتـەوە كە عەبدولمەلیكی كوڕی مەروان پەیامێكی لەبارەی دیلەكانی(يوم الجماجم)ەوە نارد بۆ حـەجاج‌و بـۆی نوسـی: كـە شمشـێر ڕاكێشـێت لەدیلـەكان‌و لێیـان بپرسـێت ئایـا هەڵوێسـتیان چـیە لـەبارەی ئـەوەوە كـە دژ بـە ئێمـە وەسـتاونەتەوەو شـەڕیان كردوە..؟

هـەركام لەدیلـەكان دانـی بـەوەدا نـا كـە دەرچـونەكەی دژ بـە ئێمـەو شـەڕكردنی لەگەڵمانـدا كـوفرەو ئـەویش بـەوكارەی كـافر بـوە، ئـەوا وازی لێ بهێنێـت و ئـازادی بكات، هەركەسیش سور بو لەسەر ئەوەی كـە سـەرەڕای وەسـتانەوەی دژ بـە ئێمـە خۆی بە موسڵمان زانی، بدات لەگەردنی‌و بیكوژێت.

حـەجاجیش وای كـردو فەرمانەكـەی جێبـەجێ كـرد، لەڕیزەكـەدا سـەرە گەشـتە نۆبەی هەریەك لە: (عامر الشعبي، مطرف بـن عبـدالله بـن الشـخِّر، سـعيد بـن جـبير) یەكەم و دوەم پێیان وابو بۆ ئەوەی خۆیان دەرباز بكەن هـەوڵی ئـەوە بـدەن‌و وەك خۆ پاراستنێك دان بە ناڕەوایـەتی كارەكـەی خۆیانـدا بنـێن، بـەڵام سـەعید ئـەوەی پێباش نەبو.

كـه شـەعبیی چـوه بـەردەم حـەجاج، حـەجاج لێـی پرسـی ئایا كافریـت یـاخود باوەڕدار..؟ وتی: خواوەند دەست به باڵی ئەمیرەوە بگرێت، مـاڵو حاڵمـان لێ تێك چوو، شەونخونی زۆرمان كێشاو تێكەڵ به ئاژاوەیەك بوین و نه ئەوەنده پیاو چاكو خۆپارێز بوین كه بتوانین تێكەڵی نەبین‌و نه ئەوەندەش خراپەكاری بەهێز بـوین كـه تیایدا سەركەوین.

حەجاج وتی: سوێند بەخوا ڕاست دەكات، ئەمانه نه ڕایان وابوه كـه دژ بـه ئێمـه بجەنگن‌و نەدەسەڵاتی مانەوەشیان هەبوه، بۆیه به ناچاری دەرچون وئەم ڕۆژەیـان بەسەردا هات، بۆیه وازی لێ بێنن با ئەمیش بڕوات.

پاشان(مطرف بن عبدالله)هاتـه بـەردەم حـەجاجو حـەجاج لێـی پرسـی: ئایـا تـۆ باوەڕداریـت یـان كـافر..؟ وتـی: خـوا دەسـت بـه بـاڵی ئـەمیرەوە بگرێـت، دڵنیـام هەركەس مل به فەرمانی ئێوە نەداتو پەیمانو بەیعـەت بشـكێنێتو لەكۆمـەڵ جیـا بێتەوەو موسڵمانان بترسێنێت، بێگومان كەسی وا شایستەی كوفره.

حەجاج وتی: ڕاست دەكات وازی لێ بێنن با بڕوات.

پاشـان سـەعیدی كـوڕی جوبـەیریان هێنایـه بـەردەم حـەجاجو لێـی پرسـی: تـۆ سەعیدی كوڕی جوبەیری..؟

سەعید وتی: بەڵێ

حـەجاج وتــی: نـەخێر، تـۆ سـەر لێشـێواوی كـوڕی شكسـت خواردو(شـقی بـن كسیر)یت سەعید وتی: دایكم باشتر ناوم دەزانێت تا تۆ.

حەجاج وتی: خۆتو دایكیشت سەرگەردان‌و سەرلێشێواون.

سەعید وتی: سەرگەردانی و نابەختەوەری سەرەنجامی ئەو كەسانەیه كه دەچـنه ناو ئاگرەوە.

حەجاج وتی: لەوە گەڕێ، تۆ کافریت یان باوەڕدار..؟

سەعید وتی: لەو ڕۆژەوە باوەڕم هێناوە ئیدی کوفرم بە پەروەردگارم نەکردوە.

حەجاج وتی: بدەن لەگەردنی.(کۆتایی).

کۆمەڵگە عەرەبیەکان پێش ئیسلامیش لەسەرئاستی خێزان هەر(ولاء و براء)یان دەزانیو لەم دوو ڕێگەیەوە (ولاء)یان پیادە دەکرد:

یەکەم: لەڕێگەی بەنەوە کردنەوە(التبني).

دوەم: بەپەیوەست کردنی ڕەچەڵەك(إلحاق النسب).

بەڵام(براء)یان بەشێوەی وازلێهێنانو خۆ لێداماڵین پیادە دەکرد.

بۆ نمونە: لەسەردەمی نەفامیدا ئەگەر کوڕێك یان کەسێکی نزیك، زۆری بهێنایە بۆ باوکی یان بۆ کەسێکی تری، ئەوا سەرپەرشتیارەکەی لەوەرزی کۆبونەوەی خەڵکدا خزمەکەی یان کەسە نزیکەکەی دەهێنایە ناو خەڵكو هاواری دەکردو دەیوت: (خەڵکینە ئەمە فلانە کوڕمەو من حەشای لێدەکەمو دامماڵیوە لەخۆم، دەستدرێژی بکاتە سەر ماڵو سامانی هەرکەس من شان نادەمە بەر بەرپرسیاریەتیو هەرکەسیش دەسدرێژی بکاتە سەری من کارم پێوەی نیەو داوای هیچ ناکەم لەکەس).

مەبەستی ئەوە بو کە حەشای لێکردوەو خەڵکیش بزانن، سەیری(أساس البلاغة)ی زەمەخشەری لاپەڕە(١٨)بکە.

هەروەها عەرەب پێش ئیسلام لەسەرئاستی هۆزیش(ولاء) و(براء)ی زانیوە.

سەبارەت بە وەلائو هەواداری بۆ هۆزیش کە کۆمەڵە تیرەیەکنو تاکەکانی پەیوەندی خزمایەتی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، دروست ئەم پەیوەندی و وەلائەش وەك پەیوەندیو هەواداری خێزانو خزمە نزیکەکان وایە، بەڵام شێوازێکی تازە لەهەواداری لەهۆزدا بە دیدەکرێت کە ئەو چەشنە هەواداریە لەخێزانو بازنەی

خزمە نزیكەكاندا بەدیناكرێت ئەویش بریتیە لە هەواداری نێوان تیرەكان بەهۆی پەیوەندیان بەیەكەوە، یاخود بەهۆی بەستنی هاوپەیمانیەتیەوە لەنێوانیانداو بە بەستنی ئەم هاوپەیمانیەتیەش هاوپەیمانە تازەكە وەك یەكێك لەئەندامانی تیرەكەی لێدێتو وەك خزمی نزیكو هەمان پشت سەیر دەكرێت، بەلاّم ئەبێت ئاگادار بین كە كۆیلەكان ئەم مافەیان نیە.

لەبارەی (براء)و وازلێهێنانو پشت تێكردنیشەوە: لە(قبیلة)شدا دروست وەكو (براء)و بەرائەت كردنو وازلێهێنانی خێزانو خزمە نزیكەكان لەتاكەكانیان، لە قەبیلەشدا(بەهۆی ئەوەوە كە ئەو تاكە یاخود ئەوكەسە لەهەندێك لەڕێكارەكانی ژیانی ئەو هۆزە لای داوە، یاخود پێچەوانەی نەریتێكی باوی پەیڕەوكراوی ناو هۆزەكە جولاّیەوە یان وازی لەپەرەستنی یەكێك لەپەرستراوانی هۆزەكە هێنا، یان پابەندی بەها بالاّكانی هۆزەكە نەبو)بەهەمان ڕێكارەكانی(تبرا)ی خێزانو بازنەی خزمە نزیكەكان (قبیلە)ش واز لەم دەهێنن.

ماوەتەوە ئەو ڕاستیە بیری خوێنەر بخەینەوە كە، پێشتر ئاماژەمان پێكرد ئەویش بریتیە لەوەی كە پەیامە ئاسمانیەكان بەگشتیو پەیامی موحەمەدی بەتایبەتی، بۆ ئەوە هاتون كە هەواداریو وابەستەییو(ولاء)ێكی تازە بهێننەكایەوە، كە ئەویش بریتیە لەوابەستەییو(ولاء)ی بیروباوەڕو عەقیدە، بەبێ ئەوەی ناسازگاریو دژایەتی لەگەلّ چەشنەكانی تری وابەستەییدا هەبێت و بیشیخەنە ڕیزی پێشی پێشەوەی هەموو چەشنەكانی تری وابەستەییو (ولاء)ەكانەوە، بەلّگەی ئەم ڕاستیەش بریتیە لەفەرمودەی خواوەند كە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ الحجرات/١٠.

واتە: بە دیاریكراوی باوەڕداران برای یەكدین.

هەروەها ئەو قسەی پێغەمبەر(د.خ)لەسەر(ئەگەر پشت ڕاس ببێتەوە)كە دەڵێت: {لايؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه مايحب لنفسه}رواه البخاري في صحيحه.

هەروەها بە بەڵگەی ئایەتی﴿...وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ النساء/١.

لەم تاوتویێ كردنو پێناسەكردنە وردەماندا بۆ هەر یەك لە دەستەواژەكانی (ولاء)و (براء)و خستنەڕوی جیاوازیەكانی هەر یەكەیان لەوی دیو، پشت ڕاستكردنەوەی بۆ چونەكانمان بە چەندین بەڵگە لەئایەتی قورئانو فەرمودەی پێغەمبەرو ڕیوایەتو كۆپلەی ئەدەبی، لەم كارەماندا ئەوەمان لەبیر نەچوە كە(ولاء)لەلای زمانەوانان یەكێكە لەو دەستەوژانەی كە مانای دوو سەرەو دژ بەیەك لەخۆدەگرێت، هەروەها دەستەواژەی(براء)یش بەهەمان شێوە كاتێك كە حەشاو وازهێنانو پشت تێكردن بەرانبەر بە كەسێك یاخود شتێك ڕادەگەیەنرێت، ڕاستەوخۆ واتای ڕوكردن لەشتێك یاخود لە كەسێكی ترو هەواداری بۆ ئەو لایەنە تازەیە لەخۆدەگرێت.

لێرەوەو لەم ڕوانگەیەوە بە دور نابینرێت كە ئەم دوو دەستەواژەیە بكرێنە هاوملی یەكدی، لانی كەم لەڕوی زمانەوانیەوە پێكەوە ناویان بهێنرێت(ولاء و براء)تا دواجار ئەم پێكەوە بونەیان ببێتە هۆكاری هاتنەكایەی دەستەواژەیەكی تازەی ئەوتۆ كە هەردو ڕوەكە لەخۆبگرێت.

هەروەها لەم بابەتەماندا نەهاتوین بەشێوازێك ڕاڤەو لێكدانەوەی مانای(ولاء و براء)بكەین كەتەنها لەو جێگایانەدا مانایان بكەین كە لەدابەزێنراوی بەجێو فەرمودەكانی پێغەمبەردا هاتونو، ئاگامان لەو ڕاستیە نەبێت كە ئەو ماناو واتایانە لەسەر حاڵەتی خۆیان نەماونو بەو شێوەی كە لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتون

نەماونەتـەوە، بـەڵکو چـەند واتـاو مانایـەکیان تێخزێنـراوە کـە پێشـتر ئـەو مانـاو واتایانـەیان تێـدا نـەبوە، دواتـر بـەهۆی ڕوداو و پێشـهاتە مێژویەکانـەوە ئـەو واتـاو داهێنراوانــە خراونەتــە ســەر واتــاو مانــا ڕاســتەقینەکەو لــەوێوە مانــاو واتــای دەستەواژەکان لەچوارچێوە قورئانیو ڕەسەنەکەی خۆی دەرچوەو بوەتـە شـتێکی تر، ئەم کرداو پرۆسەیەش پڕاوپڕ بریتیە لە(تحريف الكلم عن مواضعه) واتـە: لادانو وەرچـەرخاندنی چـەمكو زاراوەیـەك لەبابەتەکـەی خۆیـەوە بـۆ بابـەتێکی تـر، کـە خواوەنـد لەئایـەتی(٤٦)ی سورەتی(النسـاء)و لەئایـەتی(١٣)ی سـورەتی(المائدە)دا باس لـەم پرۆسـە قێزەونـە دەکـات کـە دەسـتی گەشـتوە بـە چـەندین مـوفرەدەو دەستەواژەی تـری وەك(العصـمة، الشـفاعة، الجهـاد في سـبيل الله، الهجـرة... الخ)کـە ئەگەر دەرفەت هەبێت پێویست دەکات لەجێگەیەکی تردا بۆ هەریەکەیان بابـەتێکی تایبـەت بنوسـین، پرسـیاری گـرنگ ئێسـتا ئەمەیـە: ئـەو واتـاو مانـا زیادانـەی کـە خزێنراوەتە ناو هەردو دەستەواژەی(ولاء و براء)ەوە چـینو کامانـەن..؟ ئایـا چـەند ڕوداو پێشهاتێك بونەتە هۆی سەرهەڵدانو داتاشینی ئـەو مانـاو واتـا تازانـە..؟ ئایـا لەکوێـداو بـەچ شـێوەیەك بەڵگـەی پێویسـتمان دەسـت دەکـەوێت بـۆ چەسـپاندن و دوپات کردنو پشت ڕاستکردنەوەیان..؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ئەگەر بگەڕێینـەوە لای ئـەو شـارۆو دەسچـنەی کە بەناو ئەو هەواڵو گەواهانە (الشواهدو الأخبار)انەدا کردومانە کـە لـەلای هەریـەك لـە(جـاحظ، وإبـن عبـدالحكم، وإبـن عبـد ربـه الأندلسـي)هـەن، ئـەوا سـەرنجی ئـەوە دەدەین کە چەشنێکی تازەو نوێ لە(ولاء)و هەواداری بۆ دەسـەڵات پـەیدا بـوە، بـە سەرنجدان لـەڕابردو مـرۆڤ بـۆی ڕون دەبێتـەوە کـە ئـەو چەشـنە هەواداریـە نەلـەناو عەرەبی پـێش سـەرهەڵدانی ئیسـلامو نـە لەسـەردەمی پێغەمبەرایەتیـدا لەدورگـەی

عەرەبیدا بونی نەبوە، بەڵكو هێنراوێكی نوێیەو ئەوكەسانە هێناویانە لەگەڵ خۆیاندا كە لەولاٚتانی میسرو یەمەنو سەرزەویەكانی ڕۆمو فارسەوە دەهاتنو موسڵمان دەبونو باوەڕیان دەهێنا، كەسی واش هەیە باوەڕی وایە، ئەم چەشنە هەوادارییە هەربوە، بەلاٚم هەژمونی هەواداری بۆ بیروباوەڕەكە ڕێگەی بەوهەوادارییەی تر نەداوە تاخۆی بنوێنێتو خۆی دەربخات.

ئەو كەسەی كە سەرنجی مێژوی ئیسلامیی بدات(لایەنگری هەركام لەم دوو بۆ چونە بێت)بۆی دەردەكەوێت لەڕۆژی كۆچی دوایی پێغەمبەرەوەو تەنانەت پێش لەدفن كردنیشی، لەڕوداوی(سقیفة)دا ئەم هەوادارییە دەسەلاٚتە سەری هەڵداوەو ڕۆژ بە ڕۆژ لەپەرەسەندندا بوە تا بە ئەمڕۆ گەشتوە، ئەم هەواداریو(ولاء)ە تازەیە هەندێ جار تێكەڵ بوە لەگەڵ هەوادارییی خێزانو هەندێ جاریش تێكەڵ بوە لەگەڵ هەوادارییی هۆزو بازنەی خزمە نزیكەكاندا، هەندێ جاریش تێكەڵ بوە لەگەڵ هەواداریو(ولاء)ی نەتەوەییدا، ئەو هەوادارییە نوێیەش كە لەلایەنگریو بەلادا تاشینی دەسەلاٚتدا خۆی دەنواند، هەمیشە لەژێر عەباو چارشێوی(ولاء)و هەوادارییە عەقیدەیو بیروباوەڕییەكەدا خۆی حەشار دەداو لەوێوە ڕۆڵی خۆی دەگێڕا، سەرەتای ئەم هەوادارییە لەوێوە دەركەوت كە لەڕۆژی كەپرەكەی بەنی ساعیدەدا (أنصار)و پیشتیوانەكانی لاداو دوری خستنەوە لەگرتنە دەسی دەسەلاٚتو سەرۆكایەتی دەوڵەت، بەو كارەش ئەم پۆستە هەستیارە بەرزە بەشێوەی یەكجارەكی بۆ قورەیش یەكلایی كرایەوە.

ئەم كارەش بە دورو سەر سورهێنەر نازانرێت، چونكە دەبینین ئەم ڕەفتارو بۆ چونە پشت ئەستور كراوە بە ڕیوایەتێك گوایا قسە لەناوی ئەو دە كەسە دەكات كە مژدەی چونە بەهەشتیان پێدراوەو هەمویان لەهۆزی قورەیشنو تەنانەت یەك كەسیان لەپشتیوانان(أنصار)نیە.

خوێنەری بەڕێز، بیهێنەرە بەرچاوی خۆت ئەگەر ئەم ڕیوایەتە باس بکرایە، کە گوایا پێغەمبەر ناوی ئەم دە کەسەی بردوەو هەمویان لەقورەیشن، ئەگەر پشتیوانان(أنصار)ئەم گێڕانەوەیان ببیستایە، ئایا چیان دەوتو هەڵوێستیان چی دەبو و چۆن ڕوبەڕوی ئەم گێڕانەوەو هەواڵە دەبونەوە..؟ چونکە ئەم گێڕانەوەیە ئاماژە بۆ پرسێکی گرنگ دەکات کە ئەویش لایەنگری خواوەندە بۆ هۆزی قورەیش، گوایا خوای خۆیانەو پاداشتیان دەداتەوە(تعال الله عما یصفون).

دواتر ئاکامەکانی هەواداری بۆ دەسەڵات لەسەر ئاستی سیاسی بریتی بون لە:

١. جەنگەکانی هەڵگەڕانەوەو پاشگەز بونەوە، وەك چۆن مێژو نوسەکان پێی دەڵێن: (حروب الردة)و جێ نشینی یەکەم ئەبوبەکری سدیق ڕابەرایەتی ئەم جەنگانەی دەکرد، لەم جەنگانەدا پاڵنەرە ئابوریەکان تێکەڵ بە هەواداریو (ولاء)ی تیرەگەریو تەنانەت هەواداری بۆ بیروباوەڕیش بون، مۆدێلێکی نوێ لەجەنگو کوشتاری لەگەڵ خۆیدا هێنا کە زۆر مەترسیدار بو، ئەویش بریتی بو لەجەنگ وکوشتار لەنێوان موسڵمانە باوەڕدارەکان خۆیاندا دژ بە یەکتر.

٢. ئاژاوە گەورەکە، وەك دکتۆر تەها حسین لەکتێبێکیدا وا ناوی دەباتو کتێبەکەشی هەر بەناوی(ئاژاوە گەورەکە)وە ناوناوە، کە دیارترین هۆکارەکانی ئەم ئاژاوە گەورەیەش ئەو هەواداریو(ولاء)ە خێزانیو خزمایەتیە بو کە لەنێوان هەردو بنەماڵەی(بەنی عەبدولمەناف لەهاشمیەکانو بەنی ئومەیەدا هەبو دوای لادانی هەمو بنەماڵەکانی تری قورەیش).

٣. تیرۆری سیاسیو پاکتاوکردنی جەستەیی، تەنانەت ئەم پرۆسەیە توانی بگاتە لای چوار جێنشینەکەی پێغەمبەریش، ئەم پیلانە قێزەونە لەسەردەستی دوو ڕوەکانو کەسانی توند ئاژو و ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرا کە لەفەرمانی ناوەند دەردەچون(خوارج).

٤. جـەنگی جەمـەل کـە بـەپێی گێڕانـەوەکانی تەبـەری کـە لەبـەرگی (٤) لاپەڕە(٥٣٩)ی مێژوەکەیدا هاتوە، هەزار کەس لەخەڵکی شاری بەسرەو پێنج هەزار کەسیش لەخـەڵکی شـاری کوفـەی تێدا کـوژرا، ئـەم ژمارەیـە دەکاتـە دەهێنـدەی ژمـارەی ئـەو کوژراوانـەی کـە لـەکۆی جـەنگو ڕوبـەڕو بونـەوەکانی سـەردەمی پێغەمبەردا کوژران، ئەم جەنگەش واتە: جەنگی جەمـەل بەسەرکردایەتی(عائشـە)ی دایکـی بـاوەڕداران و هـاوژینی پێغەمبـەر لەبەرەیەکـەوەو لـە بەرەکـەی تریشـەوە بەسـەرکردایەتی عـەلی کـوڕی ئـەبوتالیب بـەڕێوە دەبـرا، هۆکـاری ئاشـکراو ڕاگەیـەنراویش بـۆ بـەرپاکردنی ئـەم جەنگـە، بریتـی بـو لەتۆڵەکردنـەوە لـەبکوژانی عوسمانی کوڕی عەفان.

٥. جەنگی(صفین)یش کە موعاویـەی کـوڕی ئەبوسـوفیان سـەرکردایەتی سـوپای شامو عەلی کوڕی ئەبو تالبیش سـەرکردایەتی سـوپای خەلافـەتی دەکـرد، لێـرەش‌و لەم جەنگەشدا هۆکاری ئاشکراو ڕاگەیـەنراو هـەر بریتـی بـوو لەسـەندنەوەی تۆڵـەی خوێنی عوسمان.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیـە کـە تەبـەری لەمێژوەکەیـدا وەك چـۆن بـە وردی باسـی جـەنگی جەمـەلی کـردوە، سـەبارەت بـەم جەنگـە هـیچ ژمارەیـەکی بـۆ کـوژراوانی جەنگەکـەو قوربانیـانی بـاس نـەکردوە، بـەڵام مێـژو نوسـانی هاوچـەرخ ژمارەی کوژراوانی جەنگی(صفین) بە(٥٠–٦٠)هەزار کەس دەخەمڵێنن.

٦. سەرهەڵدانی دەرچوان لەفەرمانی ناوەند(خوارج)کە پێیان وابـو پێشـەوا عـەلی بـە ڕازی بـونی بـە(تحکیم)و دەسـتەی دادوەری نێـوان سـوپاکەی خـۆی‌و سـوپای موعاویە، سازش‌و نەرمیی نواندوەو دواجار ئەم سـازش‌و نـەرمیی نواندنـەش سـەری کێشاوە بۆ خاوبونەوەی سـوپاکەی لەشـەڕو جەنگەکـەدا، بـەم کارەشـی ئاراسـتەی جەنگەکەی گۆڕیوەو ئەرك‌و مافەکانی ئاڵ‌و وێڵ کردوە.

ئێمەش وای بۆ دەچین کە (خوارج)لەسەردەمی عەلی‌و موعاویەدا سەریان هەڵداوە، واتە: ژمارەیەك لەهاوەڵانی پێغەمبەر لەناو خەوارجدا بونیان هەبوەو ئەوانی تریان لە(تابعين)و نەوەی دوای هاوەڵانی پێغەمبەر بون، ئایا کاتێك ئەمە حاڵی هاوەڵانی بوبێت دەگونجێت پێغەمبەر بفەرموێت: (أصحابي كالنجوم بأيهم إقتديتم إهتديتم)..؟

واتە: هاوەڵانم وەك ئەستێرە وان شوێن هەرکامیان بکەون ڕێگەی ڕاست دەدۆزنەوە.

بۆیە: ئێمە پێمان وایە زۆرێك لەو ڕێوایەت‌و بەناو فەرمودانەی کە بۆنی سیاسەتیان لێوە دێت، یارمەتی دەربون بۆ لیخن کردنی بیروباوەڕی ئیسلامیی‌و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لەموسڵمانە باوەڕدارەکان بە دەستی یەکترو لەپێناو ئامانج گەلێکی سیاسی ڕوتدا.

سەرهەڵدانی ئەم چەشنە ڕیوایەتانەو دواجار شێواندنی بنەماکانی بیروباوەڕ، لەسەر ئاستی فیکری ئەم ئاکامانەی لێکەوتەوە:

١- هاوەڵ کردن‌و بە جمك کردنی (ولايەت)لەگەڵ حوکم‌و دەسەڵاتدا، لەزەین‌و خەیاڵدانی عەرەبیدا، لەکاتێکدا کە (والي، ولي، مولى)بە(هادي، راعي، كفيل)دانانرێن وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنْ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمْ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُمْ مِنْ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ﴾ البقرة/٢٥٧.

واتە: خواوەند سەرپەرشتیارو مشور خۆری باوەڕدارانەو لەتاریکستانەوە دەربازیان دەکات بۆ نورو ڕۆشنایی‌و ئەوانەش کە کوفر دەکەن سەرپەرشتیاریان کار بەدەستە ستەمکارەکانن کە لەنورو ڕۆشناییەوە پەلکێشی ناو تاریکستانەکانیان دەکەن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمْ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾ المائدة/٥٥.

واتە: بەدڵنیاییەوە تەنها خواوەندو پەیامهێنەرەکەی‌و باوەڕداران مشور خۆرو خەمخۆری ئێوەن.

ئەگەر سەرنج بدەین لەم ئایەتانەدا تەنها خواوەند و خودی باوەڕداران خۆیانن کە سەرپەرشت و مشور خۆری باوەڕدارانن.

بەڵام لەم فەرهەنگو تێکەڵ کاریە تازەیەدا، حاکمو کاربەدەست کراوەتە(والي)و مشور خۆرو سەرپەرشتیار، هەورەها حوکمڕان‌و سوڵتانەکان لەخەڵك کراون بەو(ألي الامر)ەرەی کە لەسورەتی(النساء)دا باسیان دەکاتو داوای گوێڕایەڵی لیٚ کردنیان دەکاتو دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾ النساء/٥٩.

{واتە لەو پرۆسەی ئاوەژو کردنەدا(أُولِي الأمرِ)بە حاکمو دەسەڵاتدارو سوڵتانەکان لێکدراوەتەوە، لەکاتێکدا کە لەم ئایەتەدا مەبەست مشور خۆران‌و خەڵکانی پسپۆڕی بوارە جۆراو جۆرەکانن، نەك حاکمو دەسەڵاتدارو سوڵتانەکان کە ئەوان کاری بەڕێوەبردنی دونیایان لەئەستۆدایە لەڕوی کارگێڕی‌و سیاسیەوە}.

٢- سەرکەوتن‌و هەڵکشانی هەواداریی بۆ دەسەڵات، تا گەشتە پلەی یەکەم لەڕیزبەندی گرنگی پێدانەکاندا، دواتر کار بەڕادەیەك گەشت کە(ولاء)ی بیرو باوەڕ لەو پلە یەکەمەدا نەمایەوە کە خواوەند لەڕێگەی وەحی‌و سروشەوەو بەشێوەی تیۆری لەڕیزبەندی یەکەمدا (ولاء)و هەواداری بیروباوەڕو عەقیدەی دانابو، پێغەمبەریش(د.خ)لەژیانی خۆیدا کاری کرد بۆ ئەوەی (ولاء)و هەواداری بیروباوەڕ لەپلەی یەکەمی (ولاء)کاندا جێگیر بکات.

٣- ئەو(ولاية)و مشور خۆریەی کە پێغەمبەر (د.خ) هەیبو، پاش ئەوەی کۆچی دوایی کرد، ڕاستەوخۆ گوێزرایەوە بۆ باوەڕداران‌و وەك لەسورەتی(الأحزاب)دا خواوەند باسی لێوە دەکات، ئەم ولایەت‌و مشور خۆریە کە خۆی لەئامۆژگاریو بیرخستنەوەو ڕێنمایی کردن‌و ڕێڕۆشن کردنەوەی دڵسۆزانەو لەشێوازی نەرم‌و نیانیدا دەبینیەوە، گۆڕاو هەڵکشا بۆ پلەی سەڵتەنەت‌و حاکمیەت، بەشێوەیەك کە دواتر وەك میراتێك بە پشتاو پشت بۆ کوڕو نەوەکانیان دەمایەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو ژنانی پێغەمبەرو هاوەڵەکانیشی گرتەوە، لەکاتێکدا وەك وتمان خواوەند بەم شێوەیە باس لەولایەتی پێغەمبەر بۆ باوەڕداران دەکات‌و دەفەرموێت: ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ * لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُسَيْطِرٍ﴾ الغاشية/٢١-٢٢.

واتە: تۆ بیری باوەڕداران بخەرەوە چونکە تەنها کارت ئەوەیە بیریان بخەیتەوەو بە ئاگایان بهێنیتەوە، دوای ئەوە تۆ دەسەڵاتت نیە بەسەریاندا.

بەلای هەوادران‌و لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە بۆیە(خوارج)بەو ناوەوە ناوزەد کران‌و پێناسە کران، چونکە لەفەرمانی عەلی دەرچوبون، کە لایەنگرانی عەلی، عەلی یان وەك پێشەواو سوڵتان‌و وەلی‌و مشورخۆری خۆیان سەیر دەکرد، هەروەها بەلای لایەنگرانی فەرمانڕەواکانی بەنی ئومەیەشەوە بۆیە هەر بەناوی (خوارج)ەوە دەناسێنران‌و ناودەبران، چونکە لەبۆچوی ئەوانیشدا (خوارج) لەگوێڕایەڵی (أولي الأمر) دەرچوبون، کە ئەوانیش کاربەدەستانی بەنی ئومەیەیان بە(أولي الأمر)ی خۆیان دەزانی.

٤- سەرهەڵدانی دەستەواژەکانی سوکایەتی کردن‌و نەفرەت کردن‌و بە کافر کردنی یەکدی، وەك دەرهاویشتەکانی حەشاکردن‌و پشتهەڵکردن لەیەکدی و (براء)کە لەلایەن دەستە نەیارەکان‌و لایەنەکانی ناکۆکی یەکدیەوە(ناکۆکیەکە لەسەر هەرچی بوایە)دژ بەیەکتر دەخرانەگەڕ، دەستەو لایەنە ناکۆکەکانی وەك: پشتیوانان‌و کۆچبەران، تالیبیەکان‌و سوفیانیەکان، ئەمەویەکان‌و عەباسیەکان‌و، عەرەب‌و عەجەم، هەوادارانی عەقڵ وهەوادارانی نەقڵ و....هتد.

٥- گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لەو خەلافەتەوە کە بە هەڵبـژاردن‌و ڕاوێژ(بە مانا مێژویەکەی)دەستنیشان دەکرا، گۆڕا بۆ پاشایەتی‌و دەسەڵاتێك کە ڕەچەڵەك‌و پشتاو پشت ڕۆڵی تێدا دەگێڕاو بە تێپەڕ بونی مێژو بو بە دەوڵەتی ئیمپراتۆری هاوشێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە لەو سەردەمەدا هەبون.

لەبەر ڕۆشنایی هەمو ئەو گۆڕانکاری‌و سەربوردە مێژویانەدا کە خستنمانەڕو، لەم سەردەمەدا ئاساییە کە هەردوو دەستەواژەی (ولاء و براء)وەك دو دەستەواژەی هاوملی یەکدی دەرکەون بە هەموو ئەو ماناو واتایانەوە کە بە تێپەڕبونی ڕوداوەکانی مێژو، خراونەتە سەر واتای ئەم دوو دەستەواژەیە، یاخود هەمو ئەو ئامازانەی کە بەلای شیعەو سونەوە بە یەکسانی نەخشە ڕێگایەکی دیاریکراویان کێشاوە بۆ مێژو، تا وای لێهاتوە کە ڕوداوەکانی مێژو ئەم ئاراستەیەیان وەرگرتوە کە ئێستا لەسەری دەڕۆن‌و کەس نەهاتوە شان بداتە بەر ئەرکی لێکۆڵینەوەو بەدواداچون بکات بۆ ڕوداوەکان تا بتوانێت ڕونی بکاتەوە لەهەر ڕوداوێکدا، تاوانبار کێ بوەو دەستنیشانی بکات، یاخود وەك دەوترێت: دەستنیشانی بکات کە کام لایەن هێلکەکەیەو کام لایەنیش مریشکەکەیە، لەکاتێکدا کە ئاوات بۆ ئەم لێکۆڵینەوەو بەدواداچونە دەخوازین، مەبەستمان ئەوە نیە کە بمانتوانیایە لایەنی تاوانبارمان دەستنیشان بکردایەو هەمو دەستە چەورەکەمان بەسەر ئەودا بسڕیایەو کراسی تاوانمان بکردایە بەبەریدا، بەڵکو ئەگەر ئەو هەوڵی بەدوادا چونە بدرایە دەبو بەهەوڵێك بۆ گێڕانەوەی ئەو دەستەواژەیەو، دەستەواژەکانی تریش بۆ واتاو مەبەستە قورئانیەکان تا بزانین کە خواوەندو پێغەمبەرەکەی بە چ مەبەست‌و مەغزاو مەرامێك ئەم دەستەواژەیان بەکار هێناوە لەپەیامە ئاسمانیەکەدا.

یـان کاتێـك دەبیـنین: لـەدێر زەمانـەوەو تـاوەکو ئێسـتەش هـەوادارانی خانـدانی پێغەمبەر(د.خ)دەس بەم زاراوەیەوە دەگرن‌و دەسبەرداری نابن‌و کردویانـە بـە تـەوەری بنەڕەتی لەبیرو باوەڕیانداو کردویانە بە پێوەری سەرەکی لەهەڵسەنگاندنیانداو، بـەهۆی ئەم دەسـتەواژەیەوە ڕێـژەی کـوفری کافرێـك، یـاخود بـاوەڕی باوەڕدارێـك دەسنیشـان دەکەن و لەوێوە لەیەکتر جیا دەکەنەوە، ئێمە دەزانین کە هەوادارانی خانـدان لەمێـژودا توشی چەندان نەهامەتی‌و بگرەو بەردە هـاتون‌و بەوهۆیـەوە کـە ڕوبـەڕوی ئـەو حاڵەتـە نەخوازراوانە بونەتەوە، ئەگەر بـەناوی (التقیـة)و خـۆ لادانـەوە خۆیـان لـەدەربڕینی ئـەو ڕاستیە لادابێت، ئـەوا بـۆ ئەوکاتـە پاسـاویان بـۆ دەهێنینـەوە، مەگـەر کەسـانێك کەلـە لایـەنگری‌و پـەرگیری کردنـدا ڕۆچـوبن‌و بـەو هۆیـەوە پێیـان هەڵخلیسـکابێت‌و کەوتبنـە حاڵەتێکی ئەو تۆوە کە نابێت کەسێك کە باوەڕی بە خواوەنـدو پێغەمبەرەکـەی هـەبێت بکەوێتە حاڵەتی واوە.

بـەڵام ئـەوەی مایـەی سـەر سـوڕمانە ئەوەیـە کـە چەشـنێك لـە(ولاء)و(بـراء)لـەم دواییانەوە لەوڵاتێکی ئیسـلامیدا کـە ئـەو وڵاتـە لەجێگـەی دڵدایـە بـۆ وڵاتـانی تـری ئیسلامیی، لـەم وڵاتـەدا ئـەم چەشـنە نوێیـە لـە(ولاء و بـراء)بـڵاو بویـەوەو پـەرەی سەندو پشتی بەڕۆچون‌و سەختگیری بەست، هەڵگرانی ئەم بیرە دروشمێکیـان بـەرز کردەوە کە دوانەیەك بـوو دابەشـکردنی قـەبوڵ نـەدەکردو قـابیلی جیـا کردنـەوەش نەبو(ولاء و براء)بە واتایەکی تر یـان ڕەش یـان سـپی، سـەرەتا لەیەکتاپـەرستیەوە کە خۆی لە(لا إله إلا الله)دا دەبینێتەوە، دەست پێدەکات‌و تێدەپـەڕێت بـە فـەرمان بە چاکەو ڕێگیری لەخراپەدا، تا دەگاتە ڕامالینی دڕك‌و داڵێك لەسەرە ڕێگەیەکدا.

هەڵگران‌و هەوادارانی ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە بەوەوە نەوەستان کە بۆچونەکەیان بکەنە قوتابخانەیـەکی فیکریـی کـە ئامـادەیی تێـدابێت لەگـەڵ بۆچـون‌و قوتابخانـە

فيكريەكانى ديكەدا بخريّتە بەر گفتوگۆو ليّكدانەوە، بەلّكو پيّيان هەلّخليسكاو كەوتنە ئەو هەلّەيەوە كە پيّشتر شافيعيەكانو حەنبەلييەكانو حەنەفيەكانو ماليكيەكانيشى تيّكەوتبو، دەستيان دايە كافر كردنى خەلّكى ترو پشتيوانى كردنى دەسەلاّت، لەسەركوت كردنى نەيارەكانى دەسەلاّتو لەناو بردنيان لەهەر دەرفەتيّكدا كە دەست بدات، لەكاتيّكدا ئەم بەرِيّزانە ئەم كارەيان دەكرد، كە دەيانزانى بە كافر كردنو(تكفير)هەروەها چەوساندنەوەى فيكرى، چەكيّكى دوو سەرەيەو ئەگەر تۆ دژى خەلّكى تر بەكارى بهيّنيت، دەبيّت دلّنيابيت رِۆژيّكيش ديّت شكست سەرهەلّ دەدات و كەسيّكيش دژى تۆ ئەو چەكە بەكار دەهيّنيّتەوە.

چونكه دەسەلاّت لەپەيامى خواوەندا لەخانەى گۆرِاوەكاندايەو ئەم بنەماو پرەنسيپە دەسەلاّت رِيّك دەخات كە خواوەند دەفەرمويّت: ﴿ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾ آلعمران/ ١٤٠.

لەمبارەيەوە(ياقوت الحموي)بەسەرهاتيّك دەگيّرِيّتەوە لەبارەى چەوساندنەوەو پاكتاوكردنى جەستەييەوە كە لەشارى(رِەى)لەنيّوان شافعييەكانو حەنەفيەكاندا لەلايەكەوەو شيعەكانيش لەلايەكى ترەوە رِويداوە، دواتر لەنيّوان خودى شافعييەكانو حەنەفيەكانيشدا دوبارە بوەتەوە، تا ولاّت وەك ويّرانەيەكى ليّهاتوە.

ئەگەر كەسيّك بەوردى سەرنجى ئەو پيّناسانە بدات كە بۆ هەريەك لە (ولاء)و (براء) خستنمانەرِو، هەروەها سەرنجى ئەو تيّگەيشتنەش بدات كە ئيّمە هەمانە لەبارەى ئەم دوو دەستەواژەيەوەو، بەچ ماناو واتايەك لەئايەتەكانى دابەزيّنراوى بەجيّدا هاتون، هەروەها بەچ ماناو واتايەك لەهەوالّو شيعرو بەستەكانى ئەديبو هەلّبەست وانەكاندا هاتون، تيّدەگات چ لادانو بەلارِيّدا بردنيّك لەتيّگەيشتن لەماناو واتاى ئەم دوو دەستەواژەيەدا رِويداوەو دواجار تيّدەگات كە چەندە ئەم دوو دەستەواژەيە لەماناو ئامازە قورئانيە بنەرِەتيەكانى خۆيان دور خراونەتەوە.

ئەگەر خوێنەر بەسەرنجەوە سەیری لێكدانەوەو بەراوردو تێگەیشتنەكانی ئێمە بكات، بێگومان چەند پرسیارێك یەخەی پێدەگرنو پەلكێشی دەكەن بەرەو چەند ئاكامو تێگەیشتنێك، دواتر لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت ئەو بابەتانەی كەهەندێك لەخەڵك بەچەسپاوی نەگۆڕو(مُسلَّمة)وبەڵگەنەویستیان دادەنێت، بخاتە سەرمێزی تێڕامانو لێكدانەوە و بەچاوی ڕەخنەو سەرنجی وردو وریاییەوە بەهەمویاندا بچێتەوە، لەوانەیە یەكێك لەگەورەترینو گرنگترینی ئەو پرسیارانە بریتی بێت لەوەی كە: ئاخۆ ئەم دەستەواژەی(ولاء)و(براء)ەی كە ئەمڕۆو لەم سەردەمەدا لەلایەن هەندێك لەخەڵكی شیعەو هەندێك خەڵكی سونیو كۆمەڵەو دەستەكانەوە بەكار دەهێنرێت، هەمان ئەو(ولاء)و (براء)ەبێت كە لەم ئایەتانەدا هاتوەو پێمان دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمْ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ* وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمْ الْغَالِبُونَ﴾ المائدة/٥٥-٥٦.

واتە: بەدڵنیاییەوە مشور خۆرو سەرپەرشتیارتان خواوەندو پەیامهێنەرەكەیو ئەو كەسانەن كە باوەڕیان هێناوە، ئەوانەی كە پەیوەندیان لەگەڵ خواوەندا بەردەوامەو زەكاتی ماڵو سامانیان دەدەنو بەردەوام گوێ بە فەرمانی پەروەدگاریانن، هەركەسێك لایەنگریو هەواداریی لەخواوەندو پەیامهێنەرەكەیو باوەڕداران بكات بەدڵنیاییەوە هەر دەستەو گروهی (حزب الله)ن كە سەركەوتون.(واتە:ئەودەستەیەی كەبەپێی یاساو ڕێنومایەكانی خواوەند ژیان بەڕێوە دەبەن).

یاخود ئایا ئەم دەستەواژەیەی کە ئێستا لەسەر زاری ئەو دەستەو تاقمانەیە، هەمان ئەو(براء)یە کە لەم ئایەتەدا هاتوەو خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَأَذَانٌ مِنْ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَّاسِ يَوْمَ الْحَجِّ الْأَكْبَرِ أَنَّ اللَّهَ بَرِيءٌ مِنْ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ﴾ التوبة/٣.

واتە: بانگەوازێك لەخواوەندو پەیامهێنەرەکەیەوە بۆ خەڵکی لەڕۆژی حەجی گەورەداو ڕایدەگەیەنین کە خواوەندو پەیامهێنەرەکەی حەشا دەکەن لەموشرکین.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە سەرنجی ئەم بڕگەیە دەدەین کە لەچەند کتێبێکی ناودارەوە وەرمانگرتون.

١. {لەو ڕووەوە کە بناغەی موالاتو هەواداری: خۆشەویستیەو، بناغەی دژایەتیکردنیش: ڕق لێبونەوەوبۆغزاندنەو، لەم دوبناغەیەوە کردارەکانی دڵو جوڵەی ئەندامەکانیش سەرچاوە دەگرنو دەڕژێنە ناوخودی هەواداریو دژایەتیکردنەوە(المولاة والمعادات) وەك: سەرخستنو دڵپێکرانەوەو هاوکاریکردن، هەروەها وەك تێکۆشانو جیهادو کۆچ کردنو کاری لەم بابەتە، دڵنیاشین کە هەواداریو پشت تێکردنو وازلێهێنان(الولاء والبراء)لەپێداویستیەکانی (لا إله إلا الله)نو بەڵگەی ئەم ڕاستیەش لەقورئانو سونەتدا زۆرن}.

٢. {کاتێك پەیامهێنەر (د.خ) هەستاو موشریکەکانی بەئاگا هێنایەوەو هۆشداری دانێ لەبارەی خراپی کارەکەیانەوەو داوای یەکتا ناسی لێکردن، موشریکەکان داواکەی ئەویان بەباش زانیو لەدەرونی خۆیاندا دەستیان دایە تاوتوێ کردنی بانگەوازەکەیو، ویستیان بە دەمیەوە بێن، تا پەیامهێنەر بە ڕاشکاوی هێرشی کردە سەر ئاینەکەیانو هێماکانیانی بە نەزان وەسف کرد، ئەوجا دەستیان دایە دژایەتی کردنی خۆیو هاوەڵەکانیشی.

ئەگەر ئەم ڕاستیەت زانی، ئەوجا بزانە کە مرۆڤ هەر چەندە خواوەند بە تاكو تەنها بپەرستێتو وازیش لەشیرك بهێنێت، ئاینداری و ئیسلامەتی دانامەزرێت تا

دژایەتی موشریكەكان نەكاتو بە ڕاشكاوانە دژیان نەوەستێتەوەو نەیان بوغزێنێت، وەك خواوەند لەئایەتی(٢٢)ی سورەتی(المجادلة)دا ئـەم ڕاستیە دەخاتـەڕو، ئەگـەر ئەم ڕاستیە تێگەشتی ئـەوا دەزانـی زۆربـەی ئەوانـەی كـە خۆیـان بـە ئاینپـەروەر دەزانن ئاینەكەیان ناناسن واتە: مانای(لا إله إلا الله)نازانن.

ئەگـەر وانەبوایـە چـی وایكـرد كـە موسـڵمانان ئـەو هـەموو خـۆڕاگریو ئەشـكەنجەو دیلایەتیو كۆچ كردن بۆ حەبەشە....هتد، قـەبول بكـەنو بەرگـەی بگـرن، لەكاتێكدا كـە پێغەمبەر (د.خ) بەسۆزترینی خەڵك بوو بۆیانو ئەگەر دەرفەتێكی تـری بـۆ شـك ببردنایـە ئـــەوا بێگومـــان ڕێنمـــایی دەكـــردنو دەیپاراســـتن لـــەو هـــەموو مەینەتیانـــە} . ســـەیری كتێبی(مجموعة التوحید)ی ئیبنو تەیمیەو ئیبنو عەبدولوەهاب لاپەڕە(١٩) بكە.

٣. {پێهەڵخلیسـكانی ئـەم زانایانـە مەبەسـت(عەبدولڕەحمانی كـەواكیبیو شـێخ موحەمەد عەبدەو عەباس مەحمود عەقادو تەها حسین...هتد) لـەبارەی هـەواداریو بـەلادا شـكاندنو نـەرمی نوانـدن لەگـەڵ كافرانـدا لەهەنـدێ بابەتـدا كـە بەڵگـەی شـەرعییان بەدەسـتەوە نیـە، پرسـێكە لای ئیسـلام پەسـەند نیـەو دەبێـت لێـی دوركەوینەوە، چونكە پێشەنگی ئێمە پێغەمبەرو هاوەڵە بەڕێزەكانیو پێشینە چاكە كارەكانمانن نەك كەسـانی تـر} سـەیری كتێبـی (الـولاء والـبراء في الاسـلام)ی(محمد سعید القحطانی)لاپەڕە(٣٩٩)بكە.

٤. {كۆچكردن بابەتێكە پەیوەستە بە(ولاء وبراء)ەوە، بەڵكو یەكێكە لەداخوازیە گرنگەكانی و قسەی زۆریش هەڵدەگرێت لەبارەیەوە بیكەین بۆیە دابەشی دەكەم بە دو بەشەوە:

أ. مانەوە لە(دار الكفر)دا.

ب. كۆچكردن لە(دارالكفر)ەوە بۆ(دار الإسلام).

پێغەمبـەر(د.خ)دەڵێت: مـن دورو بـەریم لـە موسـڵمانێك كـە لـەناو موشـریكەكاندا بمێنێتەوە.

هەروەها دەڵێت: کۆچکردن دوایی نایەت تاوەکو تەوبەکردنو گەڕانەوە بۆلای خواوەند کۆتایی پێنەیەت، تەوبە کردنیش کۆتایی پێنایەت تاوەکو خۆر لەخۆرنشینەوە هەڵنەیەت.

وەك لە (أحكام القرآن)ی (جصاص)یشدا هاتوە، حەسەنی کوڕی ساڵح یش دەڵێت: ئەگەر کەسێك پەیوەندی کردەوە بە(دار الحرب)ەوە با لەئاینیش هەڵنەگەڕابیتەوە، بەڵکو هەر بە گەڕانەوەکەی بۆ ئەویٚ، مورتەد دەبێتەوەو بە هەڵگەڕاوە دادەنرێت}. سەیری سەرچاوەی پێشو لاپەڕە(٢٧٠)و دواتر بکە.

ئەوجا با بێینە سەر لێکدانەوەی ئەم بڕگانەی سەرەوە: سەبارەت بە بڕگەی یەکەم، ئێمە لەسەر ئاستی زمانەوانیو لەبواری لێکدانەوەی مانادا لەبەردەم قەڵەم بازێکی سێڕەهەندی داین، هەروەها لەبواری هەڵگۆزینی حوکمو فەرمان لەئایەتەکانی قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەردا، ئەم نوسەرە بەڕێزە بڕیاری کۆتایی دەداتو دەڵێت: ( ولاء وبراء) لەپێداویستیو داخوازیەکانی یەکتاپەرستین، بۆ بەڵگەی بۆ چونەکەشی ئەم ئایەتانە دەهێنینەوە.

– ﴿لَا يَتَّخِذْ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنْ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمْ اللَّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ آلعمران/٢٨.

– ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ المادئدة/٥١.

هەروەها پشت بە چەند گێڕانەوەیەك دەبەستێت لەوانە:

**یەکەم**: پێشەوا ئەحمەد لەمەسنەدەکەیدا لەجەریری کوڕی عەبدوالله‌ی بەجەلیەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(د.خ) پەیمانی لێوەرگرتوە لەسەر ئەوەی کە(پشتیوانیو ئامۆژگاری کاری هەمو موسڵمانێك بێتو حەشاو تەبەڕا بکات لەهەمو کافرێك).

**دوەم:** تەبـــەرانی لـــە(المعجم الصـــغیر)دا هێناویـــەتی لەعەبـــدوالله‌ی کـــوڕی مەسعودەوەو هەروەها لە(المعجم الأوسط)دا لەئەبو سەعیدی خدریەوەو، لـە(المعجم الکـبیر)دا لەعەبـدوالله‌ی کـوڕی مەسـعودەوە دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەر(د.خ) پرسیویەتی لە ئەبو زەڕ: کام لەکۆڵەکەو پایەکانی باوەڕ بەهێزترن..؟

ئەبو زەڕیش وتویەتی: خواوەندو پێغەمبەرەکەی زاناترن.

فەرموی: هـەواداریو لایـەنگیری لەبـەر خواوەنـد(المـولاة في الله)و دژایـەتی کـردن لەبەر خواوەند(المعادات في الله)، خۆشەویستی لەبەر خواوەند(الحب لله)و بوغزانـدنو ڕق لێبونەوە لەبەر خواوەند(البغض لله).

شێخ عەبدولەتیف قەڵەم بازە سێ ڕەهەندیەکەی بەو هـەنگاوە دەست پێدەکات کە(ولاء)دەکات بە(موالاة) واتە: لەڕوی زمانیەوانیەوە(ناو)دەکات بە(چاوگ).

بۆ ئەوەی ڕێگە خۆشکات بۆ قەڵەم بازی دوەم ولەوێوە(براء) بگۆڕێت بۆ(معاداة)و بـەدوای ئەویشدا قەڵەم بازی سێهەم هـەڵبگرێتو (مـولاة) بگۆڕێـت بـە خۆشەویسـتیو(حب)هەروەها دژایەتی کردنو(معادات)یش بگۆڕێت بۆ بوغزاندنو ڕق لێبونەوە.

ئەم کارەی شێخ ڕێگەی خـۆش کـردوە بـۆ موحەمـەد قـەحتانی تـا دوای ئـەو بـە پوختی پێمان بڵێت کە:

گوایـا (ولاء و بـراء) لەپێداویسـتی (لا إلـه إلا الله)نو بـەبێ (ولاء و بـراء)بـاوەڕو شایەتیەکەمان ناتەواو دەردەچێت.

ئەم کارەی قەحتانی کردویەتی کارێکە ئەگەر لەبواری وەرزشو بازدانی دورهاوێژ وسێبازدا بوایە عەیبی نەبو، بەڵام لەبواری ئاینداریو بیروبـاوەڕدا هـەرگیز ڕێگـە بـە کاری لەم بابەتە نادرێتو نەگونجاوە.

بەهـەرحاڵ دەکرێـت بڵـێین: تـا ڕادەیـەك گونجـاوە ئەگـەر(ولاء)بـەلای (مـوالاة)دا بشکێنرێت،چونکە لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەستەواژەکان لەخانەو مانای سەرخستنو شوێن کەوتن دەرناچن.

هەروەها دەگونجێت(عداء) بەلای (معاداة)دا دابشكێنرێتو ببرێت بەرەو(عدوانو إعتداء)چونكه لەهەمو حاڵەتەكاندا ماناكان لەبازنەی بەزاندنی سنوری پەیوەندیەكانی خۆشەویستیو گۆڕینیان بە گرژیو ئاڵۆزیو دژایەتیو ناكۆكی دەرناچن، بەڵام ئەوە كە نابێتو نەگونجاوە ئەوەیە كە(براء)بگۆڕرێتو بكرێت بە(معاداة) چونكه بەم كارە(براء)كە كارێكەو پەیوەستە بە بیروباوەڕەوە لەو دوو مەرجەی كە بۆی دیاریكراوەو پیشتر باسمان لێوە كردن، دەردەچێتو ئامانجەكەی ناپێكێتو ئاكامی پێچەوانە دەدات بەدەستەوە، ئەو دو مەرجە لەم ئایەتەدا بە ڕونی هاتون ﴿وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَنْ مَوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَأَوَّاهٌ حَلِيمٌ﴾ التوبة/١١٤.

كە بریتین لە (الرحمة والحلم) بەزەییو سۆزو میهرەبانیو هەردوكیان پێچەوانەی(عدوان وإعتداء)ن كە مانای دژایەتیو دەستدرێژی كردنەسەر دەگەیەنن.

هەروەها ناشێتو ناگونجێت (ولاء) بەپێی ئامازەو مەدلولە قورئانیەكەی بكرێت بە(حب)و خۆشەویستی، بەهەمان شێوە ناگونجێت(براء)بەپێی ئامازەو مەدلولە قورئانیەكەی بكرێت بە بوغزاندنو بێزاری، چونكه(ولاء و براء) لەئەركەكانی باوەڕدارینو خواوەند خستونیەتە سەرشانی ژێرمەندانو فامیدەكان لەناو بەندەكانیدا، بەڵام خۆشەویستیو ڕق لێبونەوەو بوغزاندن لەو هەستە سۆزداریانەن كە ناكرێتو ناگونجێت بكرێنە پێوەر بۆ تەكلیف كردنو خستنە ئەستۆی ئەركێكەوە بۆ كەسێك، وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ البقرة/٢١٦.

واتە: دەگونجێتو لەوانەیە شتێكتان پێ ناخۆش بێت بەڵام ئەوشتە باش بێتو خەیری تێدا بێت بۆتان، هەروەها دەگونجێت شتێكتان خۆش بوێتو پێتان خۆش بێت، بەڵام ئەوشتە خراپ بێتو شەڕی تێدا بێت بۆتان، بۆیە بزانن كە خواوەند دەزانێتو ئێوە نازانن.

لەئایەتێكی تردا دەفەرموێت: ﴿فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾ النساء/١٩.

واتە: دەگونجێتو دەکرێت ئێوە شتێکتان بە دڵ نەبێتو پێتان ناخۆش بێت، بەڵام خواوەند خەیرو چاکەیەکی زۆری دانا بێت تا لەڕێگەی ئەو شتەوە پێتان بگات.

لەوانەیە یەکێك تێبینی هەبێتو بڵێت: (حب، بغض) واتە: خۆشەویستیو ڕق لێبونەوە، لەفەرمودەیەکی پێغەمبەردا هاتون کە تەبەرانی دەیگرێتەوە، ئێمەش دەڵێین: ناوبژیوانو بڕیاری کۆتایی بەلای ئێمەوە بریتیە لەدابەزێنراوی بەجیٚ، بۆیە ئەگەر فەرمودەیەك لەگەڵ دەقێکی قورئانیدا تێگیرا، ڕیوایەت و گێڕانەوەکە دەکێشین بە دیوارێکداو کاری پێناکەین، چونکە ئەزانینو دڵنیاشین کە پێغەمبەر هەرگیز قسەیەکی نەکردوە کە نەگونجێت یاخود دژی ئەو پەیامە بێت کە خواوەند بە نیگاو وەحی بۆ خۆی ناردوە، ئەمە بەلایەك.

لەلایەکی تریشەوە زانایانی زمانەوانی فەرمودەی پێغەمبەر، ناکەنە بەڵگەو بە بەڵگەی ناژمێرن لەبابەتە زمانەوانیەکانداو بۆ بەلادا خستنی بابەتێك پشتی پێنابەسن، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە خۆیان بە درێژی باسیان لێوە کردون.

بۆ ئێمەش ئەگەر گێڕانەوەیە لەباسو بابەتەکانی بیروباوەڕدا وەك دادوەر بەکار نەهێنین شتێکی ئاساییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سەرنجی ئەو وشەی(بغض)و ڕق لێبونەوەیەمان داوە کە لەو گێڕنەوەیەدا هاتوەو پاش تاوتوێیەکی ورد، بۆمان ڕون بوەتەوە کە لەپێنج جێگەی دابەزێنراوی بەجێداو بە دارشتەی(البغضاء) هاتوەو لەیەکێك لەو جێگایانەدا ئەم(بغضاء)ە بە کردەوەو ڕەفتاری شەیتان ناوبراوەو پێمان ناسێنراوە، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمْ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ﴾ المائدة/٩١.

واتە: دڵنیابن شەیتان دەیەوێت دژایەتی و ڕق لێبونەوە لەیەکتر لەنێوانتاندا بچێنێت.

لەیـەکێك لەجێگـەکانی تـردا وەك کـارو ڕەفتـاری کـافران هـاتوەو دەفـەرمووێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتْ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ﴾ آل‌عمران/١١٨.

واتـە: ئـەی بـاوەڕداران پشـت بـە کەسـانی دەرەوەی خۆتـان مەبەسـتن، چـونکە ئەوان لەهیچ شەڕو ئاژاوەیەك دریغی ناکەن، ئەوان بەوە دڵخـۆش دەبـن‌و بـە ئـاواتی دەخـوازن کـە ئێـوە پێتـان ناخۆشـەو ناتانـەوێت، ڕق لێبونـەوەو بوغزەکـەیان بـە قسەکانیانەوە دیارەو ئەوەش کە لەناخیاندایە گەورەترە.

بەهەمان شێوە لەسێیەم جێگەدا وەك سزاو تۆڵەیەك هاتوە بـۆ ئەوکەسـانەی کـە ئەو پـەیمان‌و بەڵێنەی داویانە لەبیری دەکەن، وەك دەفەرموێت ﴿وَمِنْ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَى أَخَذْنَا مِيثَاقَهُمْ فَنَسُوا حَظًّا مِمَّا ذُكِّرُوا بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمْ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ المائدة/١٤.

واتە: لەناو ئەوانەدا کە دەڵێن: ئێمە گاورین بەڵێنمان لێوەرگرتون، کەسـی وایـان تێدان کـە بەشـێك لـەو بیرخسـتنەوەیە لـەبیر دەکـەن، بۆیـە بینیمـان داژیـەتی‌و ڕق لێبونەوە کەوتە نێوانیان تا ڕۆژی دوایی.

دوای ئـەم هـەموو پێناسـە خراپانـە بـۆ(بغـض)و ڕق‌و لێبونـەوە، بڵێـی هێشـتا هەر(بغض) بەلای پێغەمبەرەوە (د.خ)بەهێزترین کۆڵەکەی باوەڕ بێت..؟.

لەلایەکی تریشەوە هەمومان دەزانین کە خواوەند، پێغەمبەرە دڵسـۆزەکەی وا بـە ئێمە دەناسێت‌و پێی دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء/١٠٧.

هەروەها ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا﴾ الفرقان/٥٦.

هەروەها وەك مرۆڤێك‌و لەپێگەی مرۆڤ بونەوە پێی دەفـەرموێت:﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ القلم/٤.

لەلایەکی تریشەوە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ﴾ آل‌عمران/١٥٩.

لەپێگەی پەیامهێنەریدا بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات: ﴿لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ* فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ﴾ التوبة/١٢٨–١٢٩.

لەسایەی ئەم ئایەتانەوە تێدەگەین کە ڕق لێبونەوەو بوغزاندنو لوتلێکردن، پێچەوانەی ئەو کارە جوانانەیە کە لەپێغەمبەردا بونیان هەبوە، چونکە بوغزاندنو ڕق لێبونەوە، سۆزو بەزەیی لەدڵدا ناهێڵێتو دەرگا بەڕوی ڕێنمایی کردنو هەڵکردنی چرای ڕێنمایی کردندا بۆ خەڵکی دادەخاتو تۆوی دڵ ڕەقیو توندو تیژی لەدەرونی خاوەنەکەیدا دەچێنێت.

ئەگەر خۆبەزل زانێك هاواری لێ هەستاو پێی وتین: ئەو ئاکارانە ئاکاری پێغەمبەر بوە لەگەڵ باوەڕداراندا بە تەنها، لەگەڵ نەیارەکانیشیدا بە دژایەتیو دڵڕەقیو ڕق لێبونەوە بەرخوردو ڕەفتاری کردوە.

ئەوا ئێمەش پێی دەڵێین: سەیری مانای ئایەتی(١٢٩)ی سورەتی(التوبە)بکەو بزانە ئایا ئەو(واو الجماعة)یەی کە لەوشەی(فإن تولوا)دا هاتوە،، بۆ ئەو موشریکانە دەگەڕێتەوە کە ملیان نەدەدا بە پەیامەکەی پێغەمبەر..؟ ئایا لەئایەتەکەدا فەرمانکراوە بە پێغەمبەر کە ڕقیان لێهەڵگرێتو دەست بداتە دژایەتی کردنیانو بە ڕاشکاوی دژایەتیو ڕقو قینی خۆی ڕابگەیەنێت لەبەرانبەریاندا..؟

بەڕونی وەڵامی ئەم پرسیارانە لەم ئایەتەدا بەدی دەکەین کە دەفەرموێت: ﴿فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ﴾ لەبڕگەی دوەمی ئەم نوسینەشدا ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێك باسو خواسداین، یەکەمیان: بریتیە لەوەی کە دەڵێت: {موشریکەکان ئەو ئاگادار کردنەوەیەی پێغەمبەریان لا ناخۆش نەبو کە داوای لێکردن واز لەشیركو بت پەرستیو هاوەڵ دانان بۆ خواوەند بهێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرەتا بە باشیان زانیو لەدڵی خۆیاندا تاوتوێی ئەوەشیان کرد کە وەڵامی داواکەی بدەنەوەو بەدەمیەوە بچن..}.

ئێمە نازانین نوسەری ئەم بڕگەیە ئەم زانیاریە سەیرو سەر سوڕهێنەرەی لەكوێوە هێناوە، لەكاتێكدا هەمومان دەزانینو ئەوەی كە لای هەموان ڕونو ئاشكرایە ئەوەیە كە موشریكەكان هەر لەسەرەتاوە بێزار بون لەبانگەوازەكەی پێغەمبەر(د.خ)و لەیەكەم ڕۆژەوە كە چوە سەرگردی(صفا)و جاڕیدا بەناو كوچەو كۆڵانەكانی مەكەداو بنەماڵەكانی یەك بەیەك بەناوی خۆیانەوە بانگ كرد، هەر لەو ڕۆژەوە هەڵوێستی سەرانی قورەیشو موشریكەكان دژ بە بانگەوازە تازەكە ڕون بو، نەمان بیستوە هیچكام لەسەرانی قورەیش دودڵ كەوتبێتو ویستبێتی بێتە ناو بانگەوازە تازەكەوەو وەڵامی داوای ئەو كەسە بداتەوە كە بەلای ئەوانەوە تێك چوە، چونكە گاڵتە بە باو باپیریانو گاڵتە بە بتەكانیشیان دەكات.

بۆنمونە: سەرنجی ئەو هەواڵە بدە كە لەبارەی ئەبوتالیبەوە لەكتێبەكانی سیرەو كتێبە مێژوییەكاندا هاتوە، كاتێك پێغەمبەر بانگەشەو دەعوەتی مامی كرد بۆ لای هیدایەتو ڕێگەی ڕاست لەوەڵامدا پێی وت: ئەی برازای ئازیزم من ناتوانم دەست لەئاینی خۆمو باو باپیرانم هەڵگرم، بەڵام سوێند بەخوا تا من زیندو بم ناهێڵم شتێكت بۆ بێتە پێش كە پێت ناخۆش بێت.

ئەگەر ئەمە هەڵوێستی كەسێك بێت كە چاكترین كەس بوە لەگەڵ پێغەمبەردا و هەمیشە ئەم كەسە هەوڵی دابێت پێغەمبەرو پەیامەكەی سەركەون، ئاخۆ هەڵوێستی خەڵكی ترو نەیارە سەرسەختەكانی چۆن بوبێت..؟

دوەمیشیان: بریتیە لەوەی كە ئەم بەڕێزە دەڵێت: {موشریكەكان بەردەوام بون لەسەر هەڵوێستی ئەرێنیو بە چاك زانینیان بۆ پەیامەكەی پێغەمبەر(د.خ)تا ئەوكاتەی كە پێغەمبەر بە ئاشكرا دەستی دایە سوكایەتی كردن بە بتو بە ئاینەكەیانو بە نەفام زانینی زاناكانیان}.

جارێکی تریش دان بەوەدا دەنێینەوەو باوا دابنێین ئێمە لەم بارەیەوە هیچمان نەبیستوەو هیچ نازانین، بۆیە دەپرسین: خاوەنی ئەم بڕگەیە ئەم زانیاریە مەترسیدارەی لەکوێوە هێناوە..؟ لەهەر سەرچاوەیەکیشەوە وەری گرتبێت لای ئێمە پەسەند نیەو ڕەتی دەکەینەوە، چونکە تۆمەتی ئەوە دەداتە پاڵ پێغەمبەر(د.خ)کە سەرەتا ئەو دەستی داوەتە سوکایەتیکردن بە ئاینەکەی ئەوانو بە نەزانو نەفام زانینی زاناکانیان، ئەمەش بوەتە پاڵنەری سەرەکی تا موشریکەکان دەست بدەنە دژایەتی خۆیو پەیامو هاوەڵەکانیشی.

چونکە ئێمە دەزانینو دڵنیاین لەوەی کە سەرەتا موشریکەکان دەستیان کردە جنێوو سوکایەتی کردن بە پێغەمبەر ئەم زانیاریە لەهەواڵێکەوە وەرگیراوە کە لەکتێبەکانی سیرەو ژیاننامەی پێغەمبەردا هاتوەو دەڵێت: {چەند پیاوێک لەئەشرافو سەردارانی قورەیش کە ئەبو جەهلیشیان تێدا بو، چونە لای ئەبو تالیبو پێیان وت: برازاکەت سوکایەتی بە خواکانمان دەکاتو ئاینەکەمان عەیبدار دەکاتو گاڵتە بە ئاواتو خواستەکانمان دەکات.

دواتر پاش ماوەیەکی تر دیسانەوە چونەوە بۆ لایو پێیان وتەوە: سوێند بەخواوەند ئێمە لەمەزیاتر ناتوانین دان بەخۆماندا بگرین بەرانبەر ئەو قسانەی کە برازاکەت دەیانکات لەبارەی باو باپیرانمانەوەو لەبارەی ئەو گاڵتە کردنانەیەوە بە ئاواتەکانمانو عەیبدارکردنی بۆچونەکانمانەوە}.

لەوانەیە نوسەریش لەو بڕگەیەدا مەبەستی ئەم بەسەرهاتەی قورەیش بوبێت، بەڵام نەی توانیبێت بەشێوازێك گوزارە لەهەواڵەکە بکات کە گومان هەڵنەگرێت.

سێهەمیش: ئەوەیەك کە دەڵێت: {مرۆڤ هەرچەندە خواوەند بە تاك بپەرستێتو وازیش لەشیرك بهێنێت هەر ئاینی تەواو دانامەزرێت(لایکتمل إسلامه)تا دەست

نەداتە دژایەتی كردنی موشریكەكانو بە ئاشكرا دوژمنایەتیو بوغزو ڕقی خۆی دەرنەبڕێت بەرانبەریان، وەك چۆن لەم ئایەتەدا داوامان لێكراوە ﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾} المجادلة/٢٢.

ئێمەش لەوەڵامی ئەم بڕگەیەدا دەڵێین:

**<u>یەكەم</u>**: ئەم حوكمو فەرمانە(لەباشترین حاڵەتیدا) بریتیە لە حوكمی فەقیهێك كە هەوڵو(إجتهاد)ی كردوەو سەرەڕای بە هەڵەدا چونیشی لەلێكدانەوەكەیدا هەر پاداشتێكی هەیە، لەسەر ئەوەی كە بیری بزواندوە، بەڵام دواجار ئەم قسەیە هەر قسەو بۆچونی كەسێكەو نەبوەتە حوكمێكی قورئانی، چونكە ئیسلامەتیو دینداری كەسێك لەقورئاندا بەو شێوەیە باس نەكراوە، بەڵكو وا باسكراوە كە هەركەس لەهەر میللەتو پەیڕەوی هەر شەریعەتێك بێت، توانی ئەم سێ خاڵەی خوارەوە جێبەجێ بكات، ئەوا دەبێتە خاوەن دینو دەچێتە ناو ئیسلامەوەو بە هەڵگری ئیسلام دادەنرێت:

١. دان بنێت بە تاكو تەنهایی خواوەنداو باوەڕی پێبهێنێت، بەشێوازێك لەبەرانبەر ئەم باوەڕەیەوە، واز لەشیركو هاوتا دانان (لەپەرستشو پرۆگرامدا) بۆ خواوەند بهێنێت.

٢. باوەڕی ببێتو دڵنیا بێت كە ڕۆژی قیامەت دێتو گومانی تێدا نیە.

٣. لەكارو كردەوەو كردەوەی چاكەدا ئەم بیروباوەڕەی كە هەیەتی ڕەنگ بداتەوەو كاری چاكەی لێبوەشێتەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەم سێ خاڵە ئەم ئایەتەیە: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ البقرة/٦٢.

واتە: بە دڵنیاییەوە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەگەڵ جولەکەو گاورەکانو سابیئەکاندا هەرکەس لەوانە باوەڕی بە خواوەندو ڕۆژی دوایی ببێتو کردەوەی چاکە بکات، ئەوا لەبەرانبەردا پاداشتی خۆیان وەردەگرن لای پەروەردگاریانو هیچ ترسێکیان لەسەر نیەو دڵ تەنگ نەبن.

**دوەم**: سەرنجی ئایەتی ژمارە(٢٢)ی سورەتی(المجادلة)مان داو بینیمان پێمان دەڵێت: ﴿لاَ تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ﴾

واتە: نابینی نەتەوەیەك ببن کە باوەڕیان بە خواوەندو ڕۆژی دوای ببێتو خۆشەویستی کەسانێك لەدڵ بگرن کە دژایەتی خواوەندو پێغەمبەرەکەی بکەن با ئەو کەسە نەیارانە باوك یاخود کوڕو نەوە، یاخود براو خزمی نزیکیشیان بن.

سەرنجمان داو گەڕاین لەئایەتەکەدا هیچ دەستەواژەیەکمان نەبینی کە ئاماژە بێت بە فەرمانکردن بۆ دژایەتی کردنی موشریکینو بوغزاندنو ڕق لێهەڵگرتنیان، وەك نوسەر دەڵێت: گوایا بەبێ ئەو بوغزە ئیسلامو دینی کەس تەواو نابێت، بەڵکو لەئایەتەکەدا ئەوە تێدەگەین کە خواوەند ڕێگیری دەکات لەو کەسانەی کە باوەڕیان پێی هەیە، کەسانێکیان خۆش بوێت کە دژایەتی خواوەندو پێغەمبەرەکەی دەکەن، تەنانەت با ئەو کەسانەی کە دژایەتیەکە دەکەن خزمی نزیکی باوەڕدارانیش بن.

هەروەها تێدەگەینو دەبینین کە گۆڕینەوەی سۆزو خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کەسانەدا شتێکەو دژایەتی کردنو بوغزاندنو ڕق لێ هەڵگرتنیشیان شتێکی ترە، دەربڕینو ڕاگەیاندنی ئەو دژایەتیو ڕق لێ بونەوەیەش سەرەتاو پێش لەهەموو گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەیەك لەگەڵیاندا، شتێکی ترو خراپتر لەوانەی پێشوە، چونکە ئێمە وا تێدەگەین ئەم بابەتانە هیچ پەیوەندیەکیان بە یەکترەوە نیە.

پێویستە بزانین كە دەستپێشخەری كردن لەدژایەتی خەڵكداو ڕق لێ هەڵگرتنیان، ڕەفتارێكە بەشێوەی ستونی لەگەڵ ئەم ئایەتەدا پێچەوانەیە كە فەرمان دەكات بە پێغەمبەرو پێی دەڵێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ﴾ النحل/١٢٥.

واتە: بە دانایی‌و ئامۆژگاری‌و زمانی شیرین‌و گفتوگۆی هێمنانەو جوانترین شێواز، بانگەواز بكە بۆلای ڕێگەو ڕێبازی پەروەردگارت.

ئەمە فەرمانێكی خواییەو لەڕوكاریدا ئاراستەی پێغەمبەر كراوە، بەڵام لەڕاستیدا تاك تاكی باوەڕداران دەگرێتەوە لە هەر سەردەم‌و سەرزەمینێكدا بن.

لەبڕگەی سێیەمی نوسینەكەشیدا، كە درێژە پێدەری بڕگەی دوەمیەتی كەباس لە دژایەتی كردن‌و ڕق لێ هەڵگرتن دەكات، بەداخەوە ئەم بیركردنەوەیە وەك بنەمایەكی بیروباوەڕی كە لەڕەفتارو هەڵسوكەوتدا ڕەنگ دەداتەوە، لەمامۆستاو پێشەوا بەڕێزەكانەوە گوێزراوەتەوە بۆ قوتابی وموریدو لایەنگرەكانیان‌و ئەم بیركردنەوە هەڵەیە بەرە بەرە پەرەی سەندوەو بەری فروان بوە، بەشێوەیەك نەك تەنها ڕق لێبونەوە لەكافرەكان، بەڵكو سەری كێشاوەبۆ لایەنگرەكانیشیان پاشان بۆ پیاوە دیارەكانی ناو ئومەی ئیلامیش.

لەم بڕگەیەدا دو پرس ڕامان دەگرن‌و پێویستە لەسەریان بوەستین:

**یەكەم:** پوختەی سەرنج‌و پرسەكە خۆی لەچەند پرسیارێكدا دەبینێتەوە، لەو پرسیارانە: ئەو پێوەرە باوەڕ پێكراوانە كامانەن بۆ دەستنیشانكردنی كەسێك كە چوبێتە خانەی لایەنگری‌و هەواداریی كافرانەوە..؟ وە ئایا ئاسانكاری كردن لەگەڵ كافراندا دەچێتە خانەو ناونیشانی لایەنگری‌و هەواداری و موالاتی كافرانەوە..؟ وەئایا ئاسانكاریەكی ڕێگە پێدارو هەیە كە بەڵگەیەكی شەرعیشی لەپشتەوە بێت، لەبەرانبەریشەوە ئایا كار ئاسانیەكی ڕێگە پێنەدارو لەئیسلامدا هەیە ئەگەر بەڵگەیەكی شەرعی لەپشتیەوە نەبێت..؟

وە ئایا دەرنەبڕینو ڕانەگەیاندنی دوژمنایەتیو دژایەتی کـافرو موشـریکەکانو ڕق لێنەبونەوەیان دیسانەوە بە موالاتو لایەنگریو هەواداری ئەوان دادەنرێت..؟

**دوەم:** ئەو قسەی نوسەر کە دەڵێت: ئەو کەسـەی کـە پێشـەنگی ئێمەیـە بریتیـە تەنها لەپێغەمبەرو هاوەڵە بەڕێزەکانیو پێشینە چاکەکارەکانمان.

بـەڵام نوسـەر لێـرەدا بـیری چـوە پێمـان بڵێـت: ئایـا ئـەو کەسـەش کـە واز لەنوێـژو پەیوەندی لەگەڵ خواوەند دەهێنێتو خـۆی هـەر بـە شـوێنکەوتوی موحەمـەد دەزانێـت، بەڵام کافرەو لەناو ئێمـەدا دەژیو، دەگونجێـت بـاوك یـاخود دایـك یـاخود نـەوەو منـداڵی ئێمەش بێت، لەم حاڵەتەدا چـی بکـەینو چـۆن ڕەفتـاری لەگەڵـدا بکـەین..؟ یـاخود هـەر بیری چوە کە پێناسەیەکی کافرمان بۆ بکات تا بزانین چیەو کێیە..؟.

دەپرسین ئایا مەرجە وەڵامی پرسی یەکەم بدەینـەوە..؟ یـان هـەر کەسـێك مەبەسـتی بێتو بە ویژدانەوە سەرنج بدات وەڵامەکانی لا ڕونە..؟ لەبەر ڕۆشـنایی ئـەو قسـەیەمانەوە کـە وتمـان پـرسو بابـەتی دژایـەتیو دوژمنایـەتی کردنـی کـافرو موشـریکەکانو ڕق لێ هەڵگرتنیان بابەتێکی فیقهیەو هیچ بنەمایەکی لەدابەزێنراوی بەجێدا نیەو هـیچ شـوێنەوارو جێکەوتەیەکیشی بە ڕەفتاری پێغەمبەرەوە بەدی ناکرێت.

هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕونکردنەوەیەدا کـە پێشـتر خسـتمانەڕو، وتمـان کـە (ولاء و براء) (وەك دەستەواژەیەك کە جنێوو سوکایەتی کـردنو نـەفرەت لێکـردنو بـە کـافر کـردن لـە سـەر دوانگـەو مینبەرەکانـەوە لەخۆدەگرێت)لەهـەمو ژیـانی پێغەمبـەردا (د.خ)شـتی وای نـە بیسـتوەو نـە بەکاریشـی هێنـاوە، بـەڵکو ئـەم دەستەواژانە پاش کۆچی دوایی ئـەوو گەڕانـەوەی بـۆلای خواوەنـدی پـەروەردگار، سـەریان هەڵـداو پەیـدا بـون و بـەرە بـەرە پـەرەیان سـەندو لـەژێر درەختـە قێزەونەکەیاندا چەندین خەڵك کوژرانو سەربڕان، لەکاتێکدا کـە فـەرمانی خواوەنـد دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾ الحجرات/١٣.

ئەو چەند ڕونکردنەوەیە بەسەو وەڵامێکی تر نادەینەوە.

بە باشمانزانی لەم پرسو بابەتـەدا وەك بەڵگەیـەك ئـەم ئایەتـە بخەینـەڕو، بـەڵام یـەكێك لەبـەڕێزەكانی كـە ئاگـادار بـوو بـە باسـەكە، ئامۆژگـاری كـردین ئـەو كـارە نەكەین، ئایەتەكە ئەمەیە كە دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمْ السَّلَامَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَعِنْدَ اللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ كَذَلِكَ كُنتُمْ مِنْ قَبْلُ فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوا إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ النساء/٩٤.

موحەمـەدی كـوڕی عەبـدولوەهاب وەڵامێكـی هەیـە لەسـەر ئـەو بەڵگەیـە كـە لەئایەتەكەدایـەو لەلاپـەڕە(٤٠)ی كتێبـی (كشـف الشـبهات)دا هێناویـەتی و لەوێـدا دەڵێت: {ڕونو ئاشـكرایە كـە ئەگـەر كەسێك موسـڵمان بـونی خـۆی دەربـڕی ئـیتر پێویستە لەئازاردانی خۆ بە دوربگرین، تا ئەوكاتـەی كـە كارێـك دەكـات پێچـەوانەی موسڵمان بونەكەی بێت، لەمبارەیەوە خواوەند لەئایـەتی(٩٤)ی سورەتی(النسـاء)دا بـاس لـەو پرسـە دەكـاتو فـەرمانمان پێـدەكاتو دەفـەرموێت(فَتَبَيَّنُوا) واتـە: بەدواداچون بكەنو سەرنج بدەن.

واتە:ئایەتەكـە داوای واجـب بـونی دەسـت پاراسـتنو سـەرنجدانو بەدواداچـون دەكات تا ئەوكاتەی ئەگەر كەسەكە كارێكی لێبوەشێتەوە كـە پێچـەوانەی ئیسـلام بێت ئەوجا دەكوژرێت، بە بەڵگەی ئەوەی كە دەفەرمووێت( فَتَبَيَّنُوا) بۆیـە ئەگـەر كەسەكە كـارێكی پێچـەوانەی ئـاینی بكردایـە یـاخود قسـەیەكی پێچەوانەی بوتایـە نەكوژرایە، ئیدی مانایەك بۆ وردبینیو بەدواداچون نەدەمایەوە.

هـەروەها گوایـا فـەرمانی پێغەمبـەر بـە كوشـتنی(خوارج)كە لە(صـحيح مسـلم) گێڕانـەوەی ژمـارە(١٠٦٤)دا هـاتوە ودەڵێـت: (لەهـەر جێگەیەكـدا پێیـان گەشـتن بیانكوژن، ئەگـەر خۆشـم فریایـان بكـەومو لەژیانـدابم وەك هـۆزی عـاد دەیـانكوژم)

لەکاتێکدا کە(خوارج)لەوکەسانەبون کە زۆرترین پەرستش‌و یادی خوایان دەکرد، تەنانەت نوێژی هاوەڵانیشیان بە کەم دەزانی‌و کەم بو بەلایانەوەو، زانستیان لەهاوەڵانەوە وەرگت‌و هیچ سودیشیان لەزانست و زانیاریەکەیان نەبینی، بۆیە زۆریی پەرستش‌و لاف لێدانی ئیسلامەتی، دادی نەدان کاتێك کە سەرپێچی ئیسلامیان لێوە دەرکەوت}.

پاش بە ئاگابون لەو بابەتە بڕیارماندا کە شاهدو بەڵگەو وەڵام دانەوەی بەڵگەکەش بخەینە بەردەم خوێنەر تا خوێنەر خۆی بڕیاری لەبارەوە بدات.

١- لەئایەتەکەدا فەرمانکردنێك‌و ڕێگیری لێکردنێك(أمرو نهی) بونیان هەیە، فەرمانکردنەکە لەوشەی(فَتَبَيَّنُوا)دایەو ڕێگیری کردنەکەش لەوشەی(وَلاَ تَقُولُوا)دایە، ئەم بەڕێزە سەیری فەرمانکردنەکەی کردوەو سەرنجی داوەو باسی لێوە کردوە، بەڵام خۆی لە(نهي)و ڕێگیری کردنەکە بواردوەو باسی لێوە نەکردوە.

٢- دەرچون لەڕێگەی خواوەندا(الضَرْبْ فِي سَبِيلِ الله)وەك ژمارەیەك لەڕاڤەکاران دەڵێن‌و پێشەوا ڕازیش یەکێکە لەوان کە لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت: دەرچون یان بۆ بازرگانیەو بۆ بەدەستخستنی ڕزق‌و ڕۆزیە(ضَرب فِي سَبِيلِ الله للرزق)، یان بۆ جیهادو تێکۆشانە لەپێناو بەرز ڕاگرتنی یاساو دروشمەکانی خواوەندو بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی.

لەهەردو حاڵەتەکەدا ئایەتەکە پەیوەندی نیە نە بەکوشتن‌و نە بەکوشتارەوە، کە ئیمام لەنوسینەکەیدا لەو ڕوانگەیەوە (واتە: لەڕوانگەی کوشتن‌و کوشتارەوە) لەئایەتەکە تێگەشتوە، چونکە ئایەتەکەی بە ئایەتی (قتال) داناوە.

بەڵام ئێمە وای بۆ دەچین کە وشەی(الضَرَبْ فِي سَبِيلِ الله)لەئایەتەکەدا بۆ سەفەرو بازرگانیە، بەڵگەشمان ئەوەیە کە خواوەند ئامرازی(إذا)ی بەکار هێناوە، ئەگەر مەبەستی(قتال)و جەنگ بوایە ئەوا ئامرازی(إن)ی بەکار دەهێنا، بەو پێیەی کە جەنگو(قتال)پێشهاتێکی کاتیەو بۆی هەیە ڕوبدات‌و بۆشی هەیە ڕو نەدات.

٣- وشەی (السَّلَم) لەئایەتەكەدا بریتیە لەئاشتیو سەلام، بە بەڵگەی ئەوەی كە بەلای هەندێك لەخوێندنەوەكانەوە وا خوێنراوەتەوە(السلام)یش بەلای ڕاڤەكارانەوە دوو مانای هەیە یەكەمیان: بە مانای سڵاو كردن،و دومیان: بەمانای ئاشتیو ئارامی دێت، بەڵام لەهەردو حاڵەتەكەدا وەك ئیمام بۆی چوە پەیوەندی نیە بە ئیسلامەوە.

٤- لێرەدا پەیوەست بونێك لەئایەتەكەدا هەیە لەنێوان دەربڕینو واتادا، لەنێوان فەرمان كردن بە(تبيّن)و (تثبت) لەلایەكو ڕێگیری كردن لەوتنی قسەی(لست مؤمناً) لەلایەكی ترەوە، ئەوەی كە دەبێتە هۆی دەرخستنی ئەم پەیوەندیەش ئەو(واو المعية العاطفة)یە كەلەو بڕگەیەدا هاتوە، واتە: ئەو واوەی كە واتای لەگەڵ بونو بەستنەوەی وشەكان بەیەكەوە دەگەیەنێت، ئەو (واو) وەش لەوشەی (ولاتقولوا)دایە، كە پێشو پاشی ڕستەكە كە بە واوی (المعية)و بەیەكەوە بون، بەیەكەوە دەبەستێتەوەو پێكەوەیان گرێدەدات، بەشێوازێك كە لەڕوی مەبەستو ئاماژە بۆ كردنەوە لەیەكتر جیا نابنەوە، بەڵام دەبینین ئیمام خۆی لەم ڕاستیە بواردوەو هەستی بەم پەیوەست بونە نەكردوە، سەرنجی فەرمانەكەی داوەو ڕێگیریو(نهي)یەكەی پشت گوێ خستوە.

٥- وەك ئێمە لێی تێگەیشتوین ئایەتەكە ڕێگیری دەكات لەوەی كە خەڵك لەسەر بنەمای بیروباوەڕ پۆلێن بكرێنو دواتر لەو ڕوانگەیەوە بەپێی ئەو پێوەرە هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكرێت، بە بۆچونی ئێمە هەر ئەمە بوە پاڵی بە ئیمامەوە ناوە كە لەئایەتەكەدا خۆی لە(نهي)و ڕێگریەكە ببوێرێت، چونكە ئەگەر بهاتباو ئەو كارەی بكردایە، واتە: باسی لە(نهي)و ڕێگریەكەش بكردایە كە داوای نەوتنی وشەی (لست مؤمناً)دەكات، بەم كارەی بەڵگەو بیرو بۆچونەكەی خۆی لەبەریەك هەڵدەوشاندەوە، كە داوای ڕاگەیاندنی دوژمنایەتیو دەربڕینی ڕقو كینەو بوغز دەكاتو وەك تەوەرەیەكی سەرەكی لێهاتوە بەلایەوە.

ئەگەر بەم ئەندازەیە واز لەبەشی یەکەم لەنوسینو بڕگەکەی ئیمام بهێنینو ڕو لەبەشی دوەمی  نوسینەکەی بکەین کە باس لە بابەتی خەوارج و ئەو فەرمانەی پێغەمبەر دەکات کە لە(صحيح مسلم)دا لەو بارەیەوە هاتوەو فەرمان دەکات کە لەهەر جێگەیەکدا بینران بکوژرێن، ئەگەر سەرنج لەم بەشەی نوسینەکە بدەین ئەوا، پێویستە لەسەر ئەم چەند پرسو بابەتە ڕاوەستین:

**یەکەم:** بەلای ئیمامەوە خەوارج بریتین لەو کەسانەی کە پێچەوانەی شەریعەت دەجولێنەوە، کە ئەمەش قسەیەکی فشوفۆڵەو چەندین شت لەژێر ئەم ناونیشانەدا جێگەیان دەبێتەوە.

**دوەم:** ئیمام لەم نوسینەدا جیاوازی ناکات لەنێوان خەوارجو لەفەرمان دەرچوەکان لەفەرمانی عەلی کوڕی ئەبو طالب کە لەپرسی(تحكيم)دا دروست بونو سەریان هەڵدا، هەروەها لەنێوان ئەوکەسانەی کە بونە خەوارجو لەفەرمانی ئەمەویەکان لایان دا، لەسەر بابەتی ڕەوایەتی جەنگ کردن لەگەڵ دەسەڵاتداری ستەمکاردا.

نازانین ئەم زاتە بەڕێزە لانی کەم لەم نوسینو بڕگە نوسینەیدا، عائشەو زوبەیرو تەڵحە و سەعیدی کوڕی جوبەیر بە خەوارجو بە بەشێك لەوان دادەنێت..؟ هەروەك چۆن لە نوسینەکەیدا جیاوازی نەکردوە لەنێوان شەریعەتی پێغەمبەرو شەریعەتی عەلەویو شەریعەتی ئەمەوی و عەباسیدا، لەکاتێکدا لەنێوان هەریەك لەو شەریعەتانەو زاناکانیاندا چەندین جیاوازیو ناکۆکی هەیە کە لای زانایان شاراوە نین.

**سێهەم:** ئەم بەڕێزە لەبڕگە نوسینەکەیدا کوشتنی نەیارەکانو ئەوانەی کە ڕاو بۆچونی جیاوازیان هەیە، کوشتنی ئەم کەسانە بە مەنهەجو ڕەویەیەکی پێغەمبەر دادەنێت، ئەمەش دژایەتی هەیە لەگەڵ دەیان ئایەت لەئایەتەکانی قورئانداو پێشتر هەندێك لەو ئایەتانەمان باسکرد، بۆیە لێرەدا دوبارە نایانهێنینەوە.

چوارەمیش: ئەم بەڕێزە لەنوسینەکەیدا جیاوازی نەکردوە لەنێوان زانیاریو زانستی پێغەمبەرایەتیو زانستو زانیاری غەیبیدا.

بۆنمونە: ئاگادار کردنەوەی خەڵکو وەبیرهێنانەوەی ڕۆژی قیامەت، لەزانیاریەکانی پێغەمبەرایەتینو بە نیگاو سروش بۆی ڕەوانە کراوە، بەڵام زانیاری لەبارەی ئەو ڕوداوانەوە کە دواتر ڕوو دەدەنو زانیاری ورد لەبارەی درێژەی ڕوداوەکانو ناوی ئەوکەسانەی کە ڕۆڵیان دەبێت لەو ڕوداوانەدا، بێگومان ئەم زانیاریە زانیاری غەیبەو خواوەند ڕای گەیاندوە کە پەیام هێنەرەکەی ئەو توانایەی نیە ئەم زانیاریە بە دەست بهێنێتو لەسەر زاری خۆیەوە دەفەرموێت: ﴿...وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنْ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِي السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ الأعراف/١٨٨.

واتە: ئەگەر من غەیبم بزانیایە ئەوا خەیرو چاکەو سودێکی زۆرم بۆ خۆم دادەناو هیچ چەشنە خراپەیەکیشم توش نەدەبو، بەڵام من کوا ئەو دەسەڵاتەم هەیە، من تەنها ئاگادارکەرەوەو وریاکەرەوەو مژدە بەخشێکم بۆ باوەڕداران.

بەلای ئێمەوە ئەم ڕیوایەتە لەکاری ئەو کەسانەیە کە بەناوی پێغەمبەرەوە چەندین قسەیان داتاشیوەو ناویان ناون فەرمودە، ئەم پرۆسە ناپەسەندەش لەدوای سەردەمی پێغەمبەرەوە سەری هەڵداو ئامانجی ئەم تەوژمو پرۆژەیەش ئەوەبو بۆ پاساو بهێننەوە بۆ ئەو کردەوانەی کە کەسانی وەك حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیو خالیدی کوڕی عەبدوالله‌ی قەسری پێی هەڵدەسان.

هەروەها لەو سەردەمەدا بوو کە چەندین گێڕانەیان داتاشی، نمونەی ئەو کارانەش: دانانی ناوی دە کەسە مژە پێدراوەکە(العشرة المبشرين بالجنة)و هەروەها ئەو گێڕانەوەیەی کە باسی(اصحابی کالنجوم..) دەکات.

لەبڕگـەی چوارەمیشـدا نوسـەر پرسـی دوژمنایـەتیو دژایـەتی كردنـی موشـریكو كافرەكانو ڕق لێهەڵگرتنیانی چەسپاندوەو لەسـەر بنـەمای جـوگرافی، فیقهزانـەكان گـــەردونیان كردوەتـــە دوو بەشـــەوەو دابەشـــیانكردوە بەســـەر (دارالحـــرب والكفر)و(دارالاسلام والسـلام)و هـەر كەسـێكیش بیروبـاوەڕی بـەوە ببێـت دژایـەتیو دوژمنایـەتی و ڕق لێهـەڵگرتن ڕابگەیـەنێت بەرانبـەر بـە كـافرو موشـرەكەكان ئـەوا ڕاستەوانە پێویستە باوەڕی بەم دابەشكردنەش ببێتو بێگومانیش هەیەتی.

گرنگترین وێستگە كە ڕامان دەگرێت لەم بڕگەیەدا، بریتیە لـە: وروژانـدنی بابـەتی كـۆچ كـردن لەبڕگەكـەدا، ژمارەیـەك گێڕانـەوەی كـردوە بـە بەڵگـە كـە خـودی گێڕنـەوەكان لـەنێوان خۆیانـدا دژ بەیـەك دەوەسـتنەوە، بەشـێوازێك كـە ناكرێـت بەراوردو تاوتوێ بكرێن لەگەڵ یەكتردا، هەروەها پشت بە كۆمەڵێك ئەحكامی فیقهی ئـەوتۆ دەبەسـتێت كـە زۆر جێگـەی سـەر سوڕمانن، وەك ئـەوەی كـەدەڵێت: ئـەو كەسـەی كـۆچ بكـات بـۆ وڵاتو سـەرزەمینێكی دەرەوەی جیهـانی ئیسـلامی بـە هەڵگەڕاوە لەقەڵەم دەدرێت، با وازی لەبیروباوەڕەكەشی نەهێنابێت..!.

بۆیە ئێمەش لەوبارەیەوە دەڵێین: ئەو بابەتی كۆچ كردنـەو فـەرمانكردن بـە كـۆچ لەكاتی بـونی مەترسـی ئـەوەدا كـە سـتەمو چەوسـاندنەوەو دەسـدرێژی كردنەسـەر نەفسو ماڵو بیروبـاوەڕ ڕوبـدات، دابـەزینی ئـەم فەرمانـە پـێش دابـەزینی فـەرمانی جەنگان لەگەڵ موشركو نەیارەكاندا بوە، بەڵگەش لەسەر ئەو ڕاستیە ئـەوەبوە كـە پێغەمبەر(د.خ)فەرمانی كرد بە هاوەڵەكانی كە كۆچ بكەن بەرەو حەبەشە، ئەمە ئەو كۆچە گشتیەیە كە خواوەنـد لـەم ئایەتـەدا ئامـاژەی پێـدەكاتو دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمْ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنـتُمْ قَـالُوا كُنَّـا مُسْتَضْـعَفِينَ فِـي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا﴾ النساء/٩٧.

واتە: ئەوانـەی کـە سـتـەم لـەخۆیان دەکـەن، کاتێـك فریشـتـەکان دەچـنە لایـان‌و گیانیان دەکێشن، لێیان دەپرسن ئێوە لەکوێ بون..؟ دەڵێن: ئێمە چەوساوە بـوین لەزەویدا، فریشتەکانیش پێیان دەڵێن: ئایا سـەرزەمینی خواوەنـد بـەرین‌و فـراوان نەبو لەبەردەستانداو نەتان دەتوانی کۆچ بکەن بۆ لایەکی تر..؟

لەم چەشنە کۆچکردنەدا ئەوە لەبەرچاو نەگیراوە کـە ئـەو سـەرزەویە کۆچـی بـۆ دەکرێت سەرزەمینێکی ئیسلامیی بێت یان نائیسلامیی یان هەر شتێکی تربێت.

پاشان دوای دە ساڵ لەپێغەمبەرایەتی، فەرمانی کۆچکردن لەشـاری مەکـەوە بـۆ شاری مەدینە دابەزی، ئەمە ئەو کۆچە تایبەتە بوو کە بە دەسبەسـەراگرتنی شـاری مەکـە لەلایـەن پێغەمبـەرو موسـڵمانانەوە پاڵنـەرەکانی کۆتاییـان پێهـات، لـەم ڕوانگەیەوە هەمو فەرمودەیەکی پێغەمبەر(د.خ)کە ڕێگیری کردبێت یـاخود سـنوری بۆ کۆچ کردن دیاری کرد بێت، مەبەستی پێغەمبەر ئەو کۆچکردنە تایبەتـە بـوە کـە لەشـاری مەکـەوە بـۆ شـاری مەدینـە ئـەنجام دراوە، وەك فـەرمودەی(لاهجـرة بعـد الفتح)دەبێـت دڵنیـابین کـە مەبەسـت لـەم فەرمودەیـەدا بـە هـیچ شـێوازێك کۆچـە گشـتیەکە ناگرێتـەوەو بەمـەش ناسـازگاریو دژایەتیـە ڕوکاریەکـەی کەلـەنێوان فەرمودەکانی ئەم بوارەدا هەیە، هەڵدەگرێت‌و نامێنێت.

ئەگـەر ئەمـەش ڕاسـت بێـت کـە ئێمـە دەیلێین(بـەلای خۆشمانـەوە هـەر ئـەوە ڕاسـتە)ئەو قسـەیە هەڵدەوەشـێتەوەو پوچـەڵ دەبێتـەوە کـە دەڵێـت: کـۆچ کـردن گـرنگترین پێداویسـتیەکانی(ولاء و بـراء)ە، هـەروەها ئـەو قسـەیەش لەگەڵێـدا هەڵدەوەشێتەوە کە دەڵێت: هەرکەس کۆچ بـەرەو وڵاتـی(وەك کتێبـەکانی کەلـەپور دەڵێن: دار الفکر) بکات بە هەڵگەراوە لەدین دادەنرێت، چونکە وازی لە(دار الإسلام) هێناوەو بەجێی هێشتوە.

بەپێی ئەم گەمارۆدانە ستەمکارانەیە بێت، ئێمە نازانین ئەی ئەو کەسە داماوە چیبکات کە ستەمی لێدەکرێتو دەچەوسێنرێتەوەو دەست دەگیرێت بەسەر ماڵو سامانو تەنانەت ئازادیو سەربەستیشیدا، لەلایەن ئەو سیستەمە ستەمکارانەوە کە بە ئارەزوی خۆیان کوشتو بڕ دەکەنو ئازادی خەڵك تیرۆر دەکەن..؟

ئەم داماوە(کە نمونەی گەلانی ناوچەکەیە)توانای دان بە خۆداگرتنی لەوە زیاتری نەماوەو ناتوانێتو بەپێی ئەم بۆچونە سەقەتەش بێت، نابێ کۆچیش بکات، بۆیە: کەوتوەتە نێوان دو بژاردەو بەرداشەوە کە باشەکەیان لەوی تریان خراپترەو بریتین لە:

أ. یان بێدەنگ بێتو بەوکارەشی لەلایەکی ترەوە بە شەیتانێکی لاڵ دەدرێت لەقەڵەم.

ب. یان لەداخو حەسرەتا بمرێتو بەهەناسە ساردی سەربنێتەوە، یان هاوار بکاتو دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕێت، بەم کارەشی تۆمەتی لەفەرماندەرچونو(خوارج)ی دەردێتە پاڵو بەکافرو بێدین لەقەڵەم دەدرێت..! (لاحول لە ولاقوة إلا بالله) .

ئێمە سەرمان لەنوسینەکانی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب سوڕنامێنێت کە لەبارەی(ولاء و براء)ەوە نوسیونی، چونکە ئەو لەسەدەی هەژدەیەم و لە ناوچەی (نجد)دا ژیاوە، کە ئەم ناوچەیە لەوکاتەدا نیوچە دابڕاو بوە لەجیهان، بۆیە ئەگەر ئێستا لەوبارەیەوە بینوسیایە بێگومان ڕاو سەرنجەکانی زۆر جیاواز دەبون لەوانەی زوی.

## ماوەتەوە ئەوەی ئێمە ئێستا چۆن لە(ولاو و براو)تێبگەین..؟:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاو بۆ چونانەدا كە پێشتر باسمان كردن لەبارەی(ولاء و براء)ەوە، كەهێواش هێواش گەشەیانكرد، تا دواتر لەدەستەواژەیەكەوە كە لەدابەزێنراوی بەجێداو مانایەكی تایبەتی هەیە، گۆڕان بۆ دەستەواژەیەكی سیاسی ئەوتۆ كە تەواو جیاواز بێت لەوەی كە لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە.

هەروەها بەو پێیەی كە(ولاء و براء)لەئاكاری كۆمەڵگە مرۆییە تێگەیشتوو پێگەیشتوەكانە، ئەم كۆمەڵگایانەش ئەم زاراوانە لەخۆ دەگرن: خێزان، خزمایەتی، هۆز، ئومە، نەتەوە، گەل، ئاینزاو مەزهەب، تیرەو دەستەی ئاینی، حیزبی سیاسی، چینایەتی.

سەرەتا ئەو ڕاستیە دوپات دەكەینەوە كە هەندێك لەم دەستەواژەو زاراوانە زۆربەی دانیشتوانی گۆی زەوی(بەبێ گوێدانە جیاوازی نەتەوەو ئومەو گەل)هاوبەشن تیایاندا، ئەو دەستەواژەو چەمكانەش بریتین لە: خێزان، ئومە، نەتەوە، گەل.

١. **خێزان**: دەبینین(ولاء و براء)لەخێزاندا بریتیە لەبونی سۆزو بەزەییو خۆشەویستی لەنێوان ئەندامەكانی خێزانداو (بەبێ گوێدان بە هەواداریو لایەنگری سیاسیو مەزهەبی)هاوكاریو یارمەتی یەكتر دەدەنو لەكاتی پێویستدا بەدەم یەكترەوە دەچن.

(براء)یش لەناوخێزاندا بریتیە لەداكۆكیو پارێزگاری كردن لەیەكتر لەناوئەندامانی خێزانەكەداو سەرخستنو بە هاناوە چونی یەكتر لەكاتی ڕوبەڕوبونەوەی یەكێكیاندا لەگەڵ ستەمو چەوساندنەوەیەكدا كە دەرهەقی ئەنجام بدرێتو گرتنەبەری هەر هۆكارێك كە گونجاو بێت بۆ دەربازكردنیو سەندنەوەی مافەزەوت كراوەكەی.

لـەو هۆکارانـەش: بـواری ڕۆژنامـەوانیو میـدیا، دادگـاو دادوەری، قسـەی خـەیر، ئەگەر پێویستیش بکات تا بگاتە قسەی زبرو جنێودانیش.

بەهەمان شێوە یارمەتیدانی ئەندامەکانی خێزان لەنێوان خۆیاندا لـەڕوی هاوکـاری مادیو مرۆییەوە، کە خۆمان بەو کارە دەڵێین: سیلەی ڕەحم.

تەنانەت ئیبراهیم (س.خ) کاتێك تەبەڕاو حەشای کرد لەباوکی، ئـەم تەبەڕاکردنـە نەبویە ڕێگر لەبەردەمیدا کـە خەفـەت بـۆ بـاوکی بخـواتو پەیوەنـدی خۆشەویسـتی لەگەڵدا نەپچڕاند، چونکە لە(ولاء)ی خێزانیدا خەڵك هەمویان یەکسانن.

**٢. ئوممە**: پێشتر پێناسەی ئومەتمان کردو، وتمان کۆمەڵە خـەڵکێکن کـە ڕەفتـاری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە لەیەکتر، بۆیە موسڵمانە باوەڕدارەکـان بـریتین لەئومـەی موحەمـەدو ئـەوان ئـەو ئومەتـە پێـك دەهێـنن، (ولاء و بـراء)یش(لـەباوەڕ هێنـانو کۆڵەکەو پایەکانی باوەڕهێناندا)(ولاء و بـراء)ێکـە بـۆ خواوەنـدو پەیامهێنەرەکـەیو باوەڕداران.

سەبارەت بە باوەڕهێنانو پایەکانیشی: باوەڕداران(ملە)و تیرەو دەستەی ئاینین، بەهەمان شێوە خواوەند بە پێغەمبەر دەفەرموێت: ﴿وَلَنْ تَرْضَى عَنْـكَ الْيَهُـودُ وَلَـا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ﴾.

واتـــە: جولەکـــەو گاورەکـــان لێـــت ڕازی نـــابن تـــاوەکو پـــەیڕەوی لەدەســـتەو میلەتەکەیان نەکەیت.

بـەڵام لەپایـەکانی ئیسـلامو بـەها باڵاکانـدا چـەند خـاڵو بابـەتێکی زۆرهـەن کـە باوەڕداران هاوبەشن تیایاندا لەگـەڵ زۆربـەی دانیشـتوانی سـەرزەویدا، چـونکە ئـەم بابەتانە بەهای مرۆیی گشتین.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە بەها باڵاكان و كردەوەی چاكە(كە لەپایەكانی ئیسلامە ڕاستەقینەكەن) بەدی ناكرێن لەناو ئەو پایانەدا كە فەقیهەكان دایان ڕشتون بۆ ئەوئیسلامەی كە پێیان ناساندوین، بۆیە بەو هۆیەوە دابڕاوین لەجیهانو بەها مرۆییە بەرزەكان.

ئومە(وەك پێشتر پێناسەمان كرد) بریتیە لەیەكپارچەیی لەڕەفتاردا كە دەبێتەهۆی كۆكردنەوەی خەڵك لەیەكتر، بۆ نمونە: شوێن كەوتوانی موحەمەد(د.خ)بریتین لەئومەی موحەمەدو یەك قیبلەو ڕوگەیان هەیە، هەمو شتێكی تایبەت بە ڕەفتاری شوێنكەوتوانی موحەمەد، دەچێتە خانەو چەمكی ئومەتەوە.

بۆ نمونە: حەجكرنو نوێژ خوێندنو زەكات دانو نوێژی جەنازەو...هتد.

ئەمانەو چەندین ئاكاری تریش لەتایبەتمەندیەكانی ڕەفتاری ئومەی موحەمەدین و ئەم ئاكارانە جیای دەكەنەوە لەئومەتەكانی تر.

لایەنگریو هەواداریو ولایەتیش لەم ئومەیەدا بۆ خواوەندو پەیامهێنەرەكەیو باوەڕدارانەو هیچ چەشنە ولایەتو هەواداریەكی تر بونی نیە لەم ئومەیەداو، ئەم بابەتەش هیچ چەشنە پەیوەندیەكی نیە بە حاكمو كار بەدەستانەوەو خواوەند لەمبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمْ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ﴾.

واتە: وەلی و هانا بۆ براوتان تەنها خواوەندو پەیامهێنەرەكەیو باوەڕدارانن، كە دەتوانن دڵتان وابەستەیان بكەن، ئەو باوەڕدارانەی كە نوێژو پەیوەندیەكانیان لەگەڵ خواوەندا پایەدار دەكەنو زەكاتی ماڵو سامانیان دەدەنو گوێ بە فەرمانی خواوەندن.

تەنانەت ئەو باوەڕدارانەش كە لەئەمریكاو ئەوروپاو چین‌و ڕوسیا دەژین، هەواداری‌و ولایەتیان لەكاروباری باوەڕهێناندا هەر بۆ خواوەندو پەیامهێنەرەكەی‌و باوەڕدارانە، ئێمە وا دەبینین كە ئومە دەتوانێت لەیەك دەوڵەت یاخود لەچەند دەوڵەتێكدا بژی‌و بونی هەبێت.

بۆ نمونە: ئومەی موحەمەدر(د.خ) لە (٥٧)دەوڵەتدا دەژین كە پێیان دەوترێت (وڵاتانی ئیسلامیی) هەروەها لەچەندین وڵات‌و دەوڵەتی تردا چەندین كۆمەڵ‌و دەستە هەن كە سەر بە ئومەی موحەمەدن، بۆیە ئەندامانی ئەم ئومەیە لەهەر كوێدا بن لەپایەكانی باوەڕیاندا (ولاء)و هەواداریيان بۆ خواوەندو پەیامهێنەرەكەی‌و باوەڕدارانەو، هیچ دەسەڵاتێك پەیوەندی بەم بابەتەوە نیە، چونكە هەواداری ودڵ بەستەییەكەیان لەگەڵ هیچ دەسەڵاتێكدا تێناگیرێت، مەگەر تەنها لەگەڵ دەسەڵاتێكدا بگیرێنەیەك كە پیلانی هەڵوەشاندنی ئاین‌و دروشمە ئاینیەكانی ئەم باوەڕدارانەی ببێت.

بەڵام (ولاء)و هەواداری‌و دڵ بەستەیی لەبواری كردەوەی چاكەدا بۆ هەمو كەسە، چ ئەو كەسە ئومەی موحەمەد بێت یاخود لەئومەیەكی تر بێت.

بۆ نمونە: لایەنگری‌و هەواداری و (ولاء)مان لەبواری قەزاوەت‌و دادوەریدا بۆ دادوەری‌و قەزاوەتێكی پاك‌و بێلایەنە (بەبێ گوێدانە ئەوەی كە قازی‌و دادوەرەكە كێیە).

هەواداری‌و لایەنگریمان لەكاروكردەوەو كەسایەتیدا بۆ ئەوكەسەیە كە دەسپاك‌و دەسڕەنگینە لەكارەكەیداو بەهیچ شێوەیەك ناپاكی‌و دەسپیسی‌و خیانەت ناكات لەكارەكەیدا(ئیتر ئەو كەسە هەر كەس هەیە گرنگ نیە، بەڵكو گرنگ كارەكەیەتی كە ئەیكات).

بەهەمان شێوە هەواداریو لایەنگریمان لەبورای پزیشکیدا بۆ پزیشکی لێهاتوو بەتوانایە لەکارەیدا(بەبێ گوێدانە ئەوەی کە لەچ ئوممەو میللەتو دەستەیەکە).

دەنگونجێت لەهەندێ کاتدا پەیوەندی نێوان ئومەتەکان باش نەبێت، بەڵام مەرج نیە دوژمنایەتیو دژایەتی بێت، بۆ نمونە: بەرائەتو حەشاکردن لەموشریکین، مەرج نیە ڕاستەو خۆ جەنگ و شەڕو کوشتار بەدوای خۆیدا بهێنێت.

**٣-نەتەوە:** بریتیە لەکۆمەڵێك خەڵکی خاوەن ژیریو فامیدە کە یەك زمان کۆیان دەکاتەوە، وەك چۆن دەوترێت نەتەوەی عەرەب، واتە: زمانی عەرەبی زمانیانە، ئیتر گرنگ نیە کێو پەیڕەوانی چ ئومەتێك بەو زمانە قسە دەکەن، چونکە وەك چۆن موسڵمانی عەرەب هەیە بەهەمان شێوە گاوری عەرببیش هەیە.

بەهەمان شێوە هەواداریو وابەستە بون بە نەتەوەوە، سەرەتا بریتیە لەگرنگیدان بەو زمانە نەتەوەییەو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەبارەیەوەو وەرگێڕانی کتێب لەزمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانە دایکەکە.

واتە: نەتەوە ناکۆکیو نەگونجانی نیە لەگەل ئومەدا، بۆ نمونە: دەگونجێت یەك ئومە چەندین نەتەوە لەخۆبگرێتو بە پێچەوانەشەوە دەگونجێت لەناو یەك نەتەوەدا چەندین ئومە بونو پەیڕەوو هەواداریان ببێت، هەواداری و وابەستە بونیش بەنەتەوەکەوە، ناسازگارو نەگونجاو نەبێت لەگەڵ هەواداریو وابەستەیی بە ئومەتەکانەوە، چونکە هەریەکەیان بازنەو خولگەو سنوری تایبەت بەخۆیو تێگەیشتنی تایبەت بەخۆی هەیە.

دەبێت بزانین کە هەواداری بۆ نەتەوە، دەبێتە هۆی پاراستنی زمانو لەفەوتانو لەناوچون دەیپارێزێت.

پەیوەندی نێوان نەتەوەکانیش پەیوەندیەکە بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی کەلەپورو کەلتورەکانو سود وەرگرتن لەیەکتر لەژیانی ڕۆژانەدا، نەك بۆ سەپاندنی زمانێك بەسەر زمانێکی تردا.

(ولاء)و هەواداریش بۆ هەریەکەیان بریتیە لەکردنەوەو پەرەپێدانی ناوەندی ڕۆشنبیریو قوتابخانەی فێرکردنی زمانەکان نەك هیچی تر.

**گـەل:** لەلاپــەڕەکانی ڕابـوردودا باسمـان لێـوەکردو وتمـان بریتیــە لەوکۆمەڵگـەو گردبونــەوە مرۆڤانەیــەی کــە لەســەربنەمای بەرژەوەندیــەکان لەیــەك سیتســتەمی سیاسیدا و لەڕوبەرێکی جوگرافیدا کە بریتیە لەنیشتمان کۆدەبنەوە.

ئێمە وا دەبینین کە دەستەواژەی گەل(شعب)لەناو کۆتا پەیامە ئاسمانیەکەداو بۆ موحەمەد پێغەمبەر دابەزی، کاتێك مرۆڤایەتی گەشتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت گـەل پێك بهێنێت.

لەپەیامـە ئاسمانیـەکانی تـری پـێش پـەیامی موحەمـەددا، دەسـتەواژەو زاراوەی گەل(شعب)بەهیچ شێوەیەك نەهاتوە.

گەلیش بریتیە لەو کۆبونەوە مرۆڤانەیە کە لەئاستێکی بەرزتردایە لەئاستی ئومەو نەتەوەدا، تاکیش لەناو گەلدا بریتیە لەهاونیشتمانی.

بۆ یەکەمجاریش کەگەل پێکهات لە نیوچە دورگـەی عەرەبـدا و پـاش کۆچـکردنی پێغەمبەر بوو لەشاری مەکەوە بۆ شاری(یثرب)مەدینە.

کاتێك پێغەمبەر گەشتە شـاری مەدینـە ڕێکـەوتن نامەیـەکی لەگـەڵ جولەکەکانـدا نوسیو لە یەکێك لەبڕگەکانیدا نوسی، باوەڕداران ئومەتێکنو جولەکەش ئومەتێك‌و، هــەردوکیان لەئــەرك‌و مافەکانیانــدا یەکســانو دەســەڵاتیش لەشــارەکەدا بەدەســت پێغەمبەرو باوەڕدارانەوە دەبێت.

لێرەدا سەرنجی ئـەو خاڵـە گرنگـە دەدەیـن کـە پێغەمبـەر هـەروەك چۆن شـوێن کەوتوانی خۆی بە ئومەیەك نـاوبرد، بەهـەمان شـێوە جولەکەکانیشـی بـە ئومەیـەك نـاوبردو، ڕاشـی گەیانـد کـە ئـەم دوو ئومەتــە لەیــەك ناوچــەو شـاردا دەژیـن کـە شاری(یثرب)ە و لەئەرك‌و مافەکانیشدا هەردوکیان بەیەك چـاو سـەیر دەکـرێن، لـەم سـۆنگەیەوە بـو کـە وتمـان یەکـەم گەل‌و(شـعب)لەم جێگەیـەدا پێـك هێنـرا کـە

شارب(یثرب)بوو، دواتریش بۆیە سزا سەختەكە ئاراستەی جولەكەكان كرا، چونكە خیانەتو ناپاكیان نواند لەگەڵ نیشتمانو چەمكی هاونیشتمانی بونداو پیلانیان گێڕا دژ بە نیشتمانەكەیان، بۆیە لەونیشتمانە وەدەرنران.

ئەم ئاستە بەرزەی كە كۆمەڵگەی مەدینەی پێگەیشتو نوسینی ئەو پەیمان نامەیە لەنێوان باوەڕداران‌و جولەكەكاندا لەكاتێكدا بو كە باوەڕداران لەگەڵ موشریكەكانی قورەیشدا هیچ بەڵێننامەیەكی لەم چەشنەیان لەنێواندا نەبو، بەڵكو تەنها ئاگر بەسێك بۆ لێك تێگەیشتن لەنێوانیاندا هەبو.

وەك سەرنج دەدەین چەمك‌و تێگەیشتنی گەل‌و هاونیشتمانی بون، ناسازگار نیە لەگەڵ چەمك‌و تێگەیشتن لە ئومەو نەتەوەو خێزاندا.

با دانیشتوانی ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بە نمونە وەرگرین:

١- كۆمەڵێك لەموسڵمانە باوەڕدارەكان كە لەئومەی موحەمەدن لێرە دەژین‌و لەبواری بیروباوەڕدا وابەستەییان تەنها لەگەڵ خواوەندو پەیامهێنەرەكەی‌و باوەڕداراندا هەیە.

٢- بەشێك لەم باوەڕدارانە ڕەگەز نامەیان عەرەبیەو، لەماڵەوە بە عەرەبی قسە دەكەن‌و، لەسەر كارەكانیان بە ئینگلیزی قسە دەكەن، ئەم حاڵەتەش ئاساییەو هیچ لێك ئاڵان‌و گرفتێكی تێدا نیە، هەواداری‌و وابەستەیشیان بۆ زمان لەماڵەكانی خۆیاندا هەر بۆزمانە ڕەسەنەكەی خۆیانە، هەروەها بەشێكی تریان توركن یاخود فارسن.

٣- ئەمانە هەمویان هاونیشتمانی ئەمریكان‌و بەشێكن لەگەلی ئەمریكی، هەواداری‌و وابەستەییان لەڕوی سیاسی‌و بەرژوەندیەكانیانەوە بۆ ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكایە، چونكە بەرژەوەندی گەلی ئەمریكی بەلایانەوە گرنگترە تا بەرژەوەندی هەر گەلێكی تر.

ئەگەر سەرنجیش بدەین هیچ تێگیران‌و ناسازگاریەك بەدی ناکەین لەنێوان ئەم سێ چەشنە(ولاء)و هەواداری‌و وابەستە بونەدا.

لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەم نمونەیە لەپێکهاتەی گەلەکانیاندا بونی هەیەو ئاسایی ژیان بەڕێوە دەچێت.

پەیوەندی نێوان گەلانی سەر ڕوی زەوی پەیوەندی بەرژەوەندیەکانەو، بەهەمان شێوە هەواداری‌و وابەستەییشیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانە.

(براء)و وازلێهێنان‌و دورە پەرێزی کردنیش، یەکێکە لەو بەرژوەندیانەو مەرج نیە هەمیشە ئەم وازلێهنان‌و دورە پەرێزی لێکردنە لەسەر بنەمای شەڕو دوژمنایەتی‌و دژایەتی کردن بێت.

بۆ نمونە: دەکرێت پەیوەندیەکان پەیوەندی ئاسایی بن‌و پەیوەندی گەرم‌و گوڕ نەبن(علاقات غیر ودّیة)و دەش گونجێت ئەم پەیوەندیانە کە بە(علاقات غیر ودّیە)ناومان بردن، پەیوەندی نێوان چەند گەلێك بن کە هەمویان سەر بەیەك ئومە بن، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا بنەماو بناغەی پەیوەندیەکان لەناو گەلاندا هەر دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیە هاوبەشەکان‌و شەڕو ئاشتیش حاڵەتێکی نەشازو کاتیە، نەك بنەمای پەیوەندیەکان.

ئێستاش دێینە سەر باسی چەند چەشنێك لەهەواداری و(ولاء)ی بیر تەسك، ئەویش بریتیە لەهەواداری‌و وابەستەیی‌و (ولاء)بۆ تیرەی ئاینی، یاخود بۆ مەزهەب‌و ئاینزا، یاخود بۆ حزب، ئەم چەشنە هەواداری‌و(ولاء)نە لەوڵاتە دواکەوتوەکاندا بونیان هەیە.

پەیوەندی نێوان ئەم چەشنە هەوادارییانەش لەسەربنەمای خۆشەویستی نیە(غیر ودّیة)، لەهەندێ كاتیشدا دەبنە هەواداری لەسەر بنەمای دوژمنایەتیو لەمێژوشداو تا ئێستاش لەهەندێ جێگەدا ئەم چەشنە هەوادارییانە هەر بونیان هەیە.

لەم حاڵەتانەدا دەمارگیری بۆ دەستەو پێڕو مەزهەب لەسەروی هەواداری بۆ نەتەوەو گەلەوە دادەنرێت.

خراپترین چەشنی دەمارگیریو هەواداری خراپ لەسەر زەویدا، ئەو كاتەیە كە هەوادارىو دەمارگیری بۆ هەریەك لەحزبو مەزهەب بەیەكەوە كۆدەبنەوە، واتە: مەزهەبی سیاسی پێك دەهێنن(وەك برایانی موسڵمان لەناو سونەداو حزب الله لەناو شیعەدا).ئەم چەشنە هەوادارىو(ولاء)ە ئەگەر بگاتە دەسەڵات لەدەوڵەتێكی خۆسەپێنو وەلادەری ئەوانی تر، هیچی تری لێ سەوز نابێت.[1]

بەهەمان شێوە مێژو(ولاء)و هەواداری چینایەتیشی بەخۆیەوە بینوە كە هەوڵی ڕیشەكێش كردنی غەیری خۆی بە تەواوەتی داوە.

بۆ نمونە: یەكیەتی سۆڤیەت لەسەر بنامەی چینایەتی دامەزراو، چەند كەسانێك بەناوی خەباتی چینایەتیەوەو بەناوی كرێكارو جوتیارانەوە دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتداو چونە سەر كورسی دەسەڵات، بەڵام دواجار بە كردار چەند دەوڵەمەندێكی تازەیان لێدەرچو، چونكە خەباتی چینایەتی لەبناغەدا داوای ئەوە دەكات كە چینێك دەست بگرێت بەسەر ئەو دەسكەوتانەدا كە لەدەستی چینێكی تردان، دروشمی یەكسانیش هیچ پەیوەندیەكی نیە بەم باسەوە.هەموو ئەو

---

[1] لێرەدا نوسەر زۆر ورد بینی نەكردوە چونكە دوحزبی دور لەیەكی كردوە بەنمونە،یەكێكیان بەشێكە لەدەسەڵاتێكی شمولی تۆقێنەرو ئەوی تریان لەدەرەوەی دەسەڵاتدایە،بەتایبەت لەكاتی نوسینی ئەم بابەتەدا(برایانی موسڵمان)تەنها ڕێكخراوێكی پەروەردەیی و فیكری بون و دواتر حیزبی سیاسیان پێك هێنا.

بزوتنـــەوەو تەڤگەڕانــەش کــە لەســەدەی بیســتەمدا خۆیــان نــاو نــابو بزوتنــەوەو تەڤگــەڕی شۆڕشــگێڕیو لــەژێر نــاوی خــەباتی چــینایەتیدا پــەرەیان ســەند، بــەهیچ شێوەیەك ئامانجیان یەكسانی نەبو، ئەگەر یەكسانیەكیش لەجیهاندا بـونی هـەبێت، ئەوا یەكانگیرە لەگەڵ هەژاری وچەوساندنەوەو بـەش مەینـەتی بونـدا، ڕاسـتی ئـەو شۆڕشانەش هەر ئەوەبو كە كۆمەڵێك كەس جێگەی كۆمەڵێكی تریان گرتەوەو چونە ســەر كورســی دەســەڵات، بۆیــە: ئــەو شــۆڕشو بزوتنەوانــە زۆرینــەیان ســتەمگەرو خۆسەپێنێكی تەواو عەیارنو هیچی تر.

لـەو سۆنگەیەشـەوە دروشمـی جیهـانیبون بەرزدەكەنـەوەو ئـەو مافـە دەدەن بـە خۆیــان كــە بڵــێن: ئێمــە بزوتنەوەیــەكی جیهــانین، لەســەر ئــەو بنەمایــەی كــە لەسەرانسەری جیهاندا كرێكارو جوتیاری بەش خوراو بونیان هەیە.

بۆیە: ئێمە وا دەبینین كە خراپترینی چەشنەكانی(ولاء و براء)ئـەو چەشـنەیە كـە لەبزوتنــەوەو تەڤگــەڕە ئاینیــە سیاســیەكاندا بــونی هەیــە ، بەهــەمان شــێوە لــەو بزوتنەوانەشـدا كـە بـە حیسـاب خـەباتی چـینایەتی دەكـەنو خۆیـان نـاو دەنـێن شۆڕشگێر ئەم چەشنە(ولاء و براء)بونی هەیە، چونكە ئـەم دوو چەشـنە بزوتنــەوەو تەڤگەرانە یەك خاڵی بنەڕەتی هاوبەش كۆیان دەكاتەوە كە ئەویش بریتیە لەوەكـە: هەر دوكیان لافی ئەوە لێدەدەن كە بەهێزن و لەڕێگەی هێزەوە نوێنەرایـەتی خـەڵك دەكــەن، هــەر چــەندە خەڵكەكــەش پێیــان نــاخۆش بێــت، بــەڵام ئــەمان بــەناوی شــەرعیەتی شۆڕشــگێڕیو بــەناوی حاكمیــەتی خواوەنــدەوە خۆیــان دەســەپێنن بەسەریاندا.

# قسەی کۆتایی

پاش ئەوەی باس لە(ولاء و براء)کۆتایی هات، دەکرێت پرسیارێکی گرنگ بکرێت ئەویش لەبارەی: تێکۆشانو جەنگ (الجهاد والقتال)ەوەیە، ئایا لە ڕوانگەی هەریەك لەئومەو نەتەوەو گەلەوە(الأمة والقومية والشعب)واتای خەباتو تێکۆشانو جەنگ(الجهاد و القتال)چیە..؟.

بە واتایەکی تر، مرۆڤ کەی بۆی هەیە دەست بداتە(جهاد)و خەباتکردن بەو پێیەی کە تاکێکە لەئومەیەکدا..؟

هەروەها کەی بۆی هەیە دەست بداتە(جهاد)و خەباتکردن بەو پێیەی کە تاکێکە لەگەلێك..؟ من ئەم حاڵە بە بیروباوەڕی جەنگی (العقيدة القتاليه) ناو دەبەم بۆ ئەو تاکە.

بەهەمان شێوە کەی خەڵك لەناو دەستەو گوردانو یەکینەی ڕێکخراودا کە سوپا پێك دەهێنن بجەنگێن..؟ واتە: ئەوەی کە ئێمە بە بیروباوەڕی جەنگی سوپاکان (العقيدة القتالية للجيوش) ناوی دەبەین.

ئایا پێویستە هەردو بیروباوەڕی جەنگیی تاك، لەگەڵ بیروباوەڕی دەستە جەمعیدا یەکبگرن لە(جهاد و قتال) خەباتو جەنگدا..؟ یان بە واتایەکی تر پێویستە بیروباوەڕی تاکەکان لەگەڵ بیروباوەڕی سوپاکاندا یەکبگرنەوە..؟

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەمان لەبەشی سێیەمی ئەم کتێبەداو لەباسی(الجهاد والقتال)دا داوەتەوە.

# بەشی شەشەم
# بابەتی هەڵگەڕانەوە (الرّدة)

(ر د د) بناغەیەكی ڕاستو دروستە لەزمانداو،دەستەواژەیەكی قورئانیەو بەخۆیو بەكارهێنانەكانی تریەوە لەپەنجاو نۆ جێگەی دابەزێنراوی بەجێدا هاتوەو چەند مانایەك هەڵدەگرێت، زەمەخشەری لەكتێبی(أساس البلاغة)دا زیاتر لەبیست شێواز لەشێوازی ماناكانی ئەم دەستەواژەیەی لەڕوی حەقیقەتەوەو، زیاتر لەدە شێوازیشی لەڕوی نا بەرجەستەو مەجازەوە هێناوە، لەهەمو ئەم شێوازانەی ماناكەیدا چ لەو جێگایانەدا بێت كە لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە، یاخود لەو شێوازانەیدا بێت كە لەلایەن زماناسەكانەوە لێی وەرگیراوە، هەمویان بە دەوری چەند تەوەرەیەكدا دەسوڕێنەوەو لەو تەوەرانە دەرناچن، ئەوەی لێرەداو لەم لێكۆڵینەوەیەدا بەلای ئێمەوە گرنگە ئەم دو تەوەرەیەی خوارەوەن:

١. (الرّد) بە واتای گێڕانەوە هێنانەوە، وەك لەم ئایەتانەدا هاتوە:

- ﴿فَرَدَدْنَاهُ إِلَى أُمِّهِ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ﴾ القصص/١٣.

واتە: گێڕامانەوە بۆ دایكی تاوەكو دڵنیا بێت و چاوە چاو نەكاتو دڵتەنگ نەبێت.

- ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا﴾ البقرة/١٠٩.

واتە: زۆرێك لەهەوادارانی كتێبە ئاسمانیەكە ئاواتیان دەخواست پاش باوەڕهێنانتان بتانگێڕنەوە بۆ دۆخی پێشوتانو كافر ببنەوە.

- ﴿وَلَمَّا فَتَحُوا مَتَاعَهُمْ وَجَدُوا بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ﴾ یوسف/٦٥.

واتە: كاتێك كۆڵو بارەكانیان كردەوە بینییان بارتەقاكەیان بۆ گێڕراوەتەوە.

٢. (الرَّرد) بە واتای بەر پێگرتنو ڕێگیری كردن:

- ﴿بَلْ تَأْتِيهِمْ بَغْتَةً فَتَبْهَتُهُمْ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ الأنبياء/٤٠.

واتـە: بـەڵکو بـە ناکـاوی‌و کتـوپڕی یەخـەیان پێـدەگرێت‌و دەیـان حەپەسـێنێت‌و ناشتوانن بەری پێبگرن.(باس لەبەرپابونی ڕۆژی دواییە).

- ﴿وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ﴾ يونس/١٠٧.

واتە: ئەگەر خەیرو چاکەیەکی بوێت بۆت، هێز نیە بەر بە بەخشین‌و زێدەباری ئەو بگرێ.

- ﴿وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ﴾ الرعد/١١.

واتە: ئەگەر خواوەند ویستی کرد نەتەوەیەك دوچاری ئەشکەنجەو سـەختی بـبن، هێز نیە بەر بە ویستی خواوەند بگرێت.

- ﴿يَاقَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ﴾ المائدة/٢١.

واتە: ئەی نەتەوەو هۆزەکەم بۆ ئەوەی ڕەنجەڕۆ نەبن، بچنە ناو ئەو سەر زەمینە پیرۆزەی کە خواوەند بۆی بەڕەوا بینیون‌و هەل‌و مـەرجی لـەبارکردوە بـۆ ژیانتـان‌و خۆگری مەکەن‌و پشتی تێمەکەن.

بە دیاریکراوی لەسەر دوئایەت لەئایەتـەکانی دابـەزێنراوی بـەجێ دەوەسـتین کـە بریتین لە:

أ. ﴿.... وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ البقرة/٢١٧.

واتە: بەردەوام لەگەڵتاندا بە جەنگ دێن بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانن ڕێگەتان لێبگـرن و لەئاینەکـەتان پاشـگەزتان بکەنـەوە، هەرکەسـیش لـەئێوە پاشـگەز ببێتـەوە لەئاینەکەی‌و لەسەر ئەو حاڵەتە بمرێت، بێگومـان کـافرەو ئـەو چەشـنە کەسانەش لەدونیاو دوارۆژدا ڕەنج بەخەسار دەبن‌و کردەوەکانیان لەدەست ئەدەن.

ب. ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ المائدة/٥٤.

واتە: ئەی باوەڕداران هەركەس لەئێوە لەئاینەكەی پاش گەز ببێتەوە، ئەوا خواوەند نەتەوەو هۆزو كەسانێكی تر دەهێنێت كە خۆشی دەوێن و ئەوانیش ئەویان خۆش دەوێت و لەئاست باوەڕداراندا مل كەچو لەئاست كافرەكانیشدا سەر بوڵند دەوەستنەوەو خەبات دەكەن لەڕێگەی خواوەندداو لە لۆمەی لۆمەكار ناترسن.

سەرەتا بە پێناسەی (ردة) (بەو شێوەی كە لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە)دەست پێدەكەین، كە بریتییە لەڕەفتارو كردار، دروست وەك چۆن پێناسەی باوەڕ(إیمان)مان كردو وتمان: هەڵوێستێكی ڕەفتاریو كرداریە.

لەو ڕوانگەیەشەوە كە پاداشتو تۆڵەو سزای ڕۆژی دوایی، لەبەرانبەر ڕەفتارو كردارەوە دەستنیشان دەكرێتو هەر ئەو ڕەفتارو كردەوانەیە كە دەكرێنە پێوەر بۆ پاداشتو سزاو تۆڵە لەڕۆژی دواییدا، وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ النَّاسُ أَشْتَاتًا لِيُرَوْا أَعْمَالَهُمْ* فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ* وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ﴾ الزلزلة/٦-٨.

واتە: لەو ڕۆژەدا خەڵكی بە هەڵەداوان ڕادەپەڕن بۆ ئەوەی كردەوەكانیان ببینن و پێیان نیشان بدرێت، هەر كەسێك بارستایی گەردیلەیەك چاكە بكات دەیبینێتەوەو، هەركەسیش بە بارستایی گەردیلەیەك خراپە بكات دەیبینێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە تێدەگەین كە هەڵگەڕانەوە لەئاین، یەكێكە لەو كردارانەی كە مرۆڤ خۆی بۆخۆی هەڵی دەبژێرێتو خۆی بەم كارەی بڕیار لەچارەنوسی خۆی دەداتو لەسەر ئەم بڕیارەیو بەپێی ئەم هەڵوێستەیو لەسەر بنەمای ئەم هەڵوێستە، پاشەڕۆژی خۆی دەسنیشان دەكات كە ئایا بەرەو پاداشت دەڕوات، یاخود بەرەو سزاو تۆڵەو ئەشكەنجە مل دەنێت..؟.

ئێستا دەست ئەکەین بە پێناسەی بابەتی(ردّة)چونکە(إرتداد) بوارو بابەتو جێگەیەکی دەوێت تاوەکو خۆی تێدا نمایش بکاتو خۆی تێدا دەرخاتو، وەڵامی ئەو پرسیارە لۆژیکیو مەنتیقیە بداتەوە کە دەپرسێت: هەڵگەڕانەوە لەچی..؟.

وەڵامی ئەم پرسیارە لەهەردو ئایەتەکەدا بریتیە لە: هەڵگەڕانەوە لەئاین.

ئاینیش ئەو پرۆگرامە ڕەفتاریە گشتیەیە کە بە باوەڕهێنان بە خواوەندو فریشتەکانو پەڕاوە ئاسمانیەکانو پەیامهێنەرەکانو ڕۆژی دواییو کردەوەی چاکە دەست پێدەکاتو، لانی کەمی بریتیە لەباوەڕهێنان بە خواوەندو ڕۆژی دواییو کردەوەی چاکە، ئەم لانی کەمەش بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بباتە ناو ئیسلامەوە، بەم پلانە باوەڕ دەست پێدەکات، تا دەگاتە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانو ڕێنمایەکانی خواوەندو خۆگرتنەوە لەو شتانەش کە خواوەند ڕێگیری لێکردون، تا دواجار مرۆڤ دەگاتە ئەو پلەیەی کە هەستێت بە پایەدار کردنو ڕاپەڕاندنی پایەکانی ئیمان لەنوێژو بەستنی پەیوەندی بەردەوام بە خواوەندەوەو ئەنجامدانی زەکاتیماڵو سامانو ڕۆژو گرتنو ئەنجامدانی حەج، ئەمانەش هەموی لەژێر ئەم دوو مانشێتو ناونیشانە سەرەکیەدا جێگەیان دەبێتەوە:

یەکەم: شایەتی دان بە تاکو تەنهاییو بێهاوتایەتی خواوەند(لا إلە إلا الله)ئەم شایەتی دانە بە ترۆکی ئیسلام دادەنرێت.

دوەم: شایەتی دان بەوەی کە موحەمەد پەیامهێنەری خواوەندە(أن محمداً رسول الله) ئەمەش ترۆکی باوەڕهێنانە.

پاشان لەڕێگەی ئەم دو ناونیشانە سەرەکیەوە، پێویستە مرۆڤ پابەندیی خۆی ڕابگەیەنێتو پابەند بێت بە هەمو بەها باڵاو ڕەوشتە جوانو بەرزو پەسەندەکانەوە.

ئـەو هەڵگەڕانـەوەو پاشـگەزبونەوەی كەمەبەسـتمانە تـاوتوێی بكـەین هـەردو ئایەتی(٢١٧)ی (البقرة)و(٥٤)ی(المائدة) بۆمان وێنا دەكەن.

ترۆپكی دینو ئاینداری شایەتی دانە یەكەمەكەیەو خاوەنەكەی بەو باوەڕهێنـانو شـایەتی دانـەی دەبێتـە موسـڵمانو، شـایەتی دانـی دوەمـیش خاوەنەكـەی بـەو باوەڕهینـانو شـایەتی دانـەی دەبێتـە بـاوەڕدارو دەبێتـە یـەكێك لەپـەیڕەوانی موحەمەد(د.خ)كە ئـەم پـەیڕەوی كردنـەش لەموحەمەد(د.خ)درێـژ كـراوەی كـاروانی پـەیڕەوانو پـەیڕەویی كردنـە لەبەرنامـە بێگـەردو هـەردەم گەشـاوەكەی ئیـبراهیم پێغەمبەر(س.خ).

جولەكایەتیو گاورایەتش بەهەمان شێوە دەستەو(ملل)نو پـەیڕەوانی خۆیانیـان هەیەو هیچكام لەمانە دینو ئاین نین، بەڵكو بەرنامەو شەریعەتنو، تەنها یـەك دیـنو ئاینی ئاسمانی هەیە كە ئەویش بریتیە لەئیسلام.

پرسیارەكە ئێستا بریتیـە لـەوەی كـە: ئـەو سـزایە چـیە كـە خواوەنـد لەپـەڕاوە بەرزەكەیدا دیاری كردوە بۆ ئەو كەسەی كە هەڵگەڕێتەوەو پاشگەز بێتـەوە..؟، بـە واتایەكی تر لەڕیزی ئەو سزایانەدا كە خواوەنـد بـۆ هەریـەك لەتاوانـەكانی: كوشـتن، زینـا، دزی، تۆمـەتباركردنی ئافرەتـانی شـوكردو...هتد دیـاری كـردون، تـاوانی هەڵگەڕانەوەو پاشگەز بونەوە لەكوێدایە..؟.

پێویستە بیشزانین كە لەسنوری سزاكان(الحدود)لەدابەزێنراوی بەجێـدا لانـی زۆر، یاخود لای سەروی سـزادانن، واتـە: دەكرێـت لـەوە كـەمتریش كەسـی تاوانبـار سـزا بدرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناكرێت لەوە زیاتر سزا بدرێت.

وەڵامەكەش بریتیە لە:

أ- سـزای هەڵگـەڕاوەو ئـەو كەسـەی كـە پاشـگەز دەبێتـەوە، لەئایـەتی (٢١٧)ی سـورەتی (البقـرة)دا كـە پێشـتر هێنامـان، بریتیـە لەپوچـەڵ بونـەوەو هـەڵوەرینی كردەوەكانی لەدونیاو دواڕۆژدا.

ب- سزای هەڵگەڕاوەکان‌و ئەو کەسانەی کە پاشگەز دەبنەوە لەئایەتی(٥٤)ی سورەتی(المائده)دا بریتیە لەوە: کە خواوەند ئەوان دەگۆڕێت بە نەتەوەو هۆزو گەلێکی تر، کە خۆشی دەوێن‌و ئەوانیش ئەویان خۆش دەوێت.

بە واتایەکی تر، لەپەڕاوی خواوەندا، بێجگە لەوەی کە لەم دو ئایەتەدا باسکراوە، هیچ سنورو سزاو تۆڵەیەك دیاریی نەکراوە بۆ(مرتدّ)و هەڵگەڕاوەو ئەو کەسەی کە پاشگەز دەبێتەوە لەئاین، واتە: هەردو ئایەتی(٢١٧)ی سورەتی(البقرة)و ئایەتی(٥٤)ی سورەتی(المائدة).

ئەم چەشنە سزایانەش کەلەم دو ئایەتەدا هاتون هیچ مایەی سەر سوڕمان‌و سەرسامی نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو سزاو تۆڵەیەی کە لێرەدا دەستنیشان کراوە، پڕاوپڕ گونجاوە لەگەڵ هەڵوێستی کەسێکدا کەبە دڵخوازی خۆی‌و بەبێ هیچ زۆرلێکردن‌و ناچارکردنێك باوەڕیهێنابێت‌و دواییش لێی پەشیمان ببێتەوە، هەقی خۆیەتی کە خواوەند لەسەر ئەم هەڵوێست‌و پاشگەز بونەوەیەیەی لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، چونکە باوەڕهێنان هەڵوێستێکی فیکری ئاگایانەیەو مرۆڤ بە دڵخوازی خۆی هەڵی دەبژێرێت(بەڵام ئەگەر کەسێك بە زۆرو بە ناچاری لەڕوکاردا خۆی بە باوەڕدار نیشان دابێت، ئەوە هەر لەبناغەوە باوەڕی نەهێناوە ئیتر لەچی پەشیمان ببێتەوە..؟).

بەهەمان شێوە لەبارەی کوفرو شیرك‌و هەڵگەڕانەوەوە، هەمان پێوەرو پێداونگ پەیڕەو دەکرێت، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە کە خواوەند دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنَا عَلَيْكُمْ بِوَكِيلٍ﴾ يونس/١١.

واتە: بڵێ ئەی خەڵکینە دڵنیابن کە حەق‌و ڕاستیتان بۆ هاتوە لەلایەن پەروەردگارتانەوە، جا هەرکەس پەی بەو ڕاستیە ببات و ڕێگەی هیدایەت هەڵبژێرێت، بۆ خۆیەتی‌و کارێکی باشی کردوە، هەرکەسیش ڕێ هەڵە بکات‌و بەرەو هەڵدێر مل بنێت، خۆی زەرەر دەکات‌و دەبێت باجی هەڵەکەشی بدات، من لەکەستان بە پرسیار نیمو پارێزەری کەسیشتان نیم.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾ الإنسان/٣.

واتە: ئێمە ڕێگەمان پیشان داوەو بۆمان ڕونکردوەتەوە، ئیتر خۆی سەرپشکە، شوکرانە بژێری دەکات یاخود ئەو چاکەیەی ئێمە لەگەڵیدا کردومانە نادیدە دەگرێتو ڕێگەی کوفر هەڵدەبژێرێت.

ئەگەر ئەم حسابە بەم شێوەیە بێت(بێگومانیش هەروایە)ئەی باشە ڕاڤەی ڕاڤەکارانو فیقهی فیقهناسەکان لەبارەی (مُرتدّ)و هەڵگەڕانەوەوە لەئاین، لەچیەوە سەرچاوەی گرتوە کە دەڵێن: {پێویستە هەرکە فرسەت هەڵکەوت بکوژرێتو پێویستە جەنگی لەگەڵدا بکرێت تاوەکو دەرفەت هەڵکەوێت بیکوژیتو نابێت باوەڕداران هیچ چەشنە هەواداریو وابەستەییەکی لەگەڵ ببەستنو نابێت یارمەتیو مەدحو سەناو پیا هەڵدانی لەبارەوە بکرێتو، دەبێت هاوژینو هاوسەرەکەی لێ بسەنرێتەوەو لێك جیا بکرێنەوەو، بێبەشو بەری دەکرێت لە میراتی مردوە نزیکەکانی) سەیری (التفسیر الکبیر)ی ڕازی بەرگی(٦)لاپەڕە(٣٣) بکە..!؟

یاخود ئایا لەکوێوە ئەم قسەیان هێناوە کە دەڵێن: {ئەوانەی کە هەڵدەگەڕێنەوەو هەڵگەڕاوەکان(أهل الردة) یانزە دەستەو تاقم بون، سیانیان لەسەردەمی پەیامهێنەردا بون:

١. بەنو مەدلەج هۆزی(أسود العنسي).

٢. بەنو حنیفە هۆزی(مسیلمة الکذاب).

٣. بەنو ئەسەد هۆزی(طُلیحة بن خُویلد).

حەوتیشیان لەسەردەمی ئەبوبەکری سدیق دا بون:

٤. فەزارە هۆزی(عُیینة بن حِصن).

٥. غەتەفان هۆزی(قرّة بن سلمة القشیری).

٦. بەنو سولەیم هۆزی(فجاءة بن عبد یالیل).

٧. بەنو یەربوع هۆزی(مالك بنو نويرة).

٨. هەندێ لەبەنی تەمیم هۆزی(سجاع بنت المنذر).

٩. کیندە هۆزی(أشعث بن قیس)

١٠. بەکری کوڕی وائل لە بەحرین هۆزی(خطم بن زید).

یەك دەستەو تاقمیشیان لەسەردەمی عومەڕی کوڕی خەتابدا بو کە بریتی بو لە:

١١. غەسسان هۆزی (جبلە بن الأیهم)}. سەیری تەفسیری (الکشاف)ی زەمەخشەری بەرگی (١) لاپەڕە (٦٢) بکە.

وەڵامی ئەو پرسیارەش کە پرسیمان باشە ئەی ڕاڤەی ڕاڤەکاران‌و فیقهی فیقهناسەکان لەبارەی(مرتدّ)ەوە لەکوێوە سەرچاوەی گرتوە ئەمەیە کە:

ئەم گێڕانەوانەش ئیشی حیکایەت خوان‌و ئەوانەن کە بەسەرهات‌و ڕوداوەکانیان دەگێڕایەوە، دواتر ئەم ڕازو بەیازانەی کە هەمویان لەحیکایەتی بەر ئاگردان دەچن، لەژێر ناونیشانی(معصوم)یەت‌و لەهەڵە بە دوری هاوەڵانی پێغەمبەرو بە پیرۆز زانینی کەلەپوردا، کراون بە بابەتی ئیسلامیی‌و دواتر گۆڕانکاریان بەسەردا هێنراوە تا بونەتە شەریعەت‌و بەرنامەیەك کەلەدابەزێنراوی بەجێ‌و پەیامی ئاسمانیدا هیچ بناغەو بونێکی نیە، مەترسی ئەم پرسەش ئەوەیە، ئێستە کە ئێمە لەباتی (مێژویەکی ئیسلامیی) (ئیسلامێکی مێژویی)مان لەبەردەسدایەو، چەند دەقێکی کەلەپوری ئەوتۆ بونیان هەیە ئەوەندە سام‌و هەیبەت‌و دەسەڵاتیان هەیە، کە پیاوێکی وەك زەمەخشەری ناتوانێت نادیدەیان بگرێت‌و پشتیان پێ نەبەستێت، دەبینین بەبێ تێفکران‌و سەرنج لێدانیان‌و لێکۆڵینەوە لێیان، بەبێ زیادو کەم وەك خۆی هێناونی‌و لەتەفسیرەکەیدا دای بەزاندون[1].

---

[1] کاتێك سەرنجی لیستی ئەم تیرەو دەستەو هۆزانە دەدەین، کە یانزە تیرەن‌و گوایا لەدین‌و ئاین پاشگەز بونەتەوە، چەند کارێك‌و چەند پرسێك سەرنجمان ڕادەکێشن:

**یەکەم**: نەبونی بەنی ئومەییە لەلیستەکەدا کە هەریەك لە: عەبدواللەی کوڕی سعدی کوڕی ئەبی سەرح‌و، مەروانی کوڕی حەکەم لەو تیرەو هۆزەن.

**دوەم**: دەرکردنی حوکم‌و بڕیاری هەڵگەڕانەوەو(مرتدّ) بونەوە بەسەر هەمو ئەو هۆزانەدا لەکاتێکدا کە لەوانەیە یەك کەس لەو هۆزە پاشگەز بوبێتەوە لەئاینەکە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو پێوەرە قورئانیەیە کە لەپێنج جێگەدا هاتوە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ

فیقهزانـەکانی دەربـار سـەرنجی دابـەزێنراوی بـەجێیان داوەو گـەڕاون بـە دوای بابـەتی (الـردّة) دا بـۆ ئـەوەی وەك پاسـاوێك بـۆ ئـەو تاوانانـە بـەکاری بهێـنن کـە سوڵتانو کار بەدەستە ستەمگەرەکان دژ بە نـەیارەکانیان بـەکاریان دەهێنـا، کـە خـۆی لەکوشـتنو تـیرۆر کردنـی هێمـاو کەسـایەتیە دیارەکـانی نـاو نەیارەکانیانـدا دەبینیەوەو بەناوی ئاینو ئاین پەروەریەوە دەسـەڵاتی خۆیـان دەسـەپاند بـە سـەر خەڵکداو زیاتر دەستیان دەخستە قورگی خـەڵکی بـیٚ دەرەتانـەوە، ئـەم هەوڵـەیان بێئاکام مایەوەو لەدابەزێنراوی بەجێدا شتێکیان دەس نەکـەوت تـا بیکەنـە پـەردەو لەژێریداو لەپشتیەوە تاوانەکانیان پەردەپۆش بکەن، بۆیە ڕویان لەسونەو ڕەویـەی پێغەمبەر کرد، بۆ ئەوەی هەوڵبدەن بیانویەکیان دەست بکەوێت و ئامـاژە بێـت بـۆ ئەوەی کە ڕۆژێك لـەڕۆژان پێغەمبـەر بـە بیـانوی هەڵگەڕانـەوە لـەئاینو بـە تۆمـەتی مورتەد بونەوە کەسێکی کوشتبێت، لەمەشـدا هـەر نـا ئومێـد بـون و شـتێکی وایـان دەسـت نەکـەوت بیکەنـە بیـانوی کارەکانیـان، بۆیـە هـاتن وتیـان ڕاسـتە بـەکردار پێغەمبەر بەو کارە هەڵنەساوە، بەڵام لەفەرمودەکانیداو لە(السنة القولية)دا فەرمانی کردوە بە جـەنگو کوشـتاری بـەنی مودلـەجو ئەسودلعەنەسـی سـەرۆك هۆزیشـیانی

---

أُخْرَى﴾. ئەوەی مایەی پێکەنینە ئەوەیە کە زەمەخشەری هۆزی بەنی غەسسانی بە هەڵگەڕاوە داوە لەقەڵەم بە تاوانی ئەوەی(جبلە بن الأهیم)لەدین هەڵگەڕاوەتەوە، واش باوە کە هۆزی غەسسانو تەغلەب دو هۆزی گاور بونو هیچ کات باوەڕیان بە بانگەوازەکی موحەمەد نەهێناوە تا لێی پاشگەز ببنەوە.

<u>**سێیەم**</u>: هەندێك لەناوی ئەو کەسایەتیانەی کە لەم لیستەدا هاتون لەکتێبەکانی ژیاننامەی هاوەڵانیشدا هاتون(تراجم الصحابة)وەك کتێبی(الإصابة)ی عەسقەلانی کە ناوی ئەم کەسایەتیانەی وەك هاوەڵی پێغەمبەر هێناوە وەك: عویەینەی کوڕی حیسن کە لەڕیوایەتێکدا(ئەگەر پشت ڕاست ببێتەوە) پێغەمبەر بە(الأحمق المطاع في قومه) ناوی بردوە، واتە: ئەو بێ عەقڵیەی کە لەناو هۆزەکەیدا گوێ ڕایەڵی لێ دەکرێت، هەروەها عەبدوڵلای کوڕی ئەبی سەرح، کە لەڕۆژی ئازادکردنی مەکەدا پێغەمبەر(د.خ) خستیەڕیزی ئەوانەوە کە داواکراو بونو ئاسایشو دالّدەدان نەی دەگرتنەوە، هەروەها ئەشعەسی کوڕی قەیس پاشای کیندەو خاوەنی(مرباع حضرموت)دەڵێت: بزانین کە ئەگەر ڕاست بێت ئەمانە هاوەڵی پێغەمبەر بونو هاوڕییەتیان کرد بێت، ئەوا بەپێی ئەو فەرمودەی پێغەمبەر(ئەگەر پشت ڕاست بێتەوە)ئەوا شوێن کەوتنو بە گوێ کردنیان دەبێتە مایەی سەرفرازی مرۆڤ، کە فەرمودە دەڵێت: هاوەڵەکانم وەك ئەستێرەکانی ئاسمان وان شوێن هەرکامیان بکەویت هیدایەتو ڕێنمایی کراویت بۆلای ڕێگە ڕاست.

كوشتوەو، فەرمانیشی كردوە بە جەنگو كوشتاری بەنی حەنیفەو موسەیلەمەی درۆزنی كوشتوە ، هەروەها فەرمانی كردوە بە جەنگو كوشتاری بەنی ئەسەدو تولەیحەی كوڕی خوەیلیدیشی كوشتوە .

زیاد لەمانەش ئەم فیقهزانانە نوقڵانەی ئەوە لێدەدەن گوایا پێغەمبەر(د.خ) وتبێتی: هەركەس ئاینی گۆڕی بیكوژن. گوایا ئەبوبەكرو عومەریش لەسەر ئەم ڕەویەیە بەردەوام بونو ئەم قسەی پێغەمبەریان پیادە كردبێت. بۆیە بە پێویستی دەزانین بە سەرنجو تێڕوانینەوە بڕوانینە ئەم دوو ئیدیعاو لاف لێدانەی ئەم بەڕێزانە:

١- بوخاریو ئەبو داودو نەسائیو ئیبن ماجەو تورموزی و ئیبنو حەبانو حاكمو ئەحمەدو ئەبو یەعلاو بەیهەقیو دارەقوتنی و تەبەری و ئیبنو ئەبی شەیبە ئەم گێڕانەوەیان هێناوەو دەڵێن: عەكرەمە وتویەتی: (دەقی قسەكەش هی تورموزیە) گوایا عەلی هۆزێكی سوتاندوە بە تاوانی ئەوەی كە لەئیسلام هەڵگەڕاونەتەوەو، ئەم هەواڵە گەشتە ئیبنو عەباس و وتی: ئەگەر منیش بومایە هەر دەمكوشت، چونكە پێغەمبەر وتویەتی: (هەركەس ئاینی گۆڕی بیكوژن) بەڵام نەم دەسوتاندن، چونكە پێغەمبەر(د.خ)وتویەتی: بەسزای خواوەند خەڵك سزا مەدەن.

ئەم قسەو لێكدانەوەی ئیبنو عەباس گەشتەوە بە عەلیو وتی: ئیبنو عەباس ڕاست دەڵێت.

هەروەها ئەبو عیسای تورموزی دەڵێت: ئەم گێڕاوەیە(صحیحٌ حسن)ەو بەلای زانایانەوە دەكرێت كاری پێبكرێت لەگەڵ(مرتدّ)و كەسی هەڵگەڕاوەدا لەئاینەكەی، بەڵام زانایان سەبارەت بە ژنان ڕاو ڕای جیاوازیان هەیە كە ئایا بەم سزایە سزا بدرێن یاخود نا، دەستەیەك لەزانایان دەڵێن: ژنیش بەهەمان شێوە دەكوژرێتەوە، ئەمەش قەسەی ئەوزاعیو ئەحمەدە، دەستەیەكی تریش دەڵێن: زیندانی دەكرێتو ناكوژرێتەوە، ئەمەش قسەی سوفیانو خەڵكی كوفەیە.

{پێشەوا مالیك لەکتێبی(موطأ)ەکەیدا لەزەیدی کوڕی ئەسلمەوە هێناویەتی کە پەیامهێنەر(د.خ)وتویەتی: هەرکەس ئاینی گۆڕی بۆ ئاینێکی تر بدەن لەملی. ئەو کەسانە کە کاریان گێڕانەوەی ڕیوایەتەکانە هەمویان دەڵێن: ئەم گێرانەوەیە (مرسل)ە. مانای قسەکەی پێغەمبەریش بەو پێیەی ئێمە بۆی دەچین(خواوەندیش لەهەموان زاناترە) ئەوەیە کە هەرکەس لەئیسلام دەرچێتو بچێتە ناو زەندیقەکانو هاوشێوەکانیانو ئەم هەڵوێستەشی ئاشکرا بکات، ئەوا بەبێ داوای پەشیمانی لێکردن ئەم چەشنە کەسانە دەکوژرێن، بەڵام ئەگەر کەسێك لەئیسلام دەرچو چوە ناو دەستەیەکی ترەوەو ئەم هەڵوێستەی ئاشکرا نەکرد، ئەوا داوای پەشیمان بونەوەی لێدەکرێت، ئەگەر پەشیمان بویەوەو گەڕایەوە ئەوە باشە ئەگەر نا دەکوژرێت.

مەبەستی پێغەمبەر ئەمە بوە، نەك ئەوەی کەسێك لەجولەکایەتیەوە ببێت بە گاور یاخود بە پێچەوانەوە یان بچێتە ناو ئاینێکی تری جیا لەئیسلام}.

ئەمە لەکاتێکدایە کە جولەکەو گاور دەستەو میلەلنو دواجار هەمویان سەر بە ئیسلامن.

لەقسەکانی پێشەوا مالیکەوە سەرنج لەسێ بابەت دەدەین:

**یەکەم:** وا دیارە گێڕانەوەکەی زەیدی کوڕی ئەسلەم کە قسەکەی پێغەمبەر دەگێڕێتەوە بەلای پێشەوا مالیکەوە ڕاستە، بە بەڵگەی ئەوەی کە پێشەوا مالیك ئەم فەرمودەیەی لەکتێبی(موطأ)دا هێناوە.

**دوەم:** وا دیارە دو تێگەیشتن هەیە لەبارەی فەرمودەکەوە، بەلای مالیکەوە پێغەمبەر لەم فەرمودەیەدا باس لەو موسڵمانە دەکات کە واز لەئیسلام دەهێنێتو دەبێت بە جولەکە یاخود بە گاور یان هەر ئاینێکی تر، نەك قسە لەبارەی هەر کەسێکەوە بکات کە بەگشتی ئاینی بگۆڕێت، چونکە ڕوکاری فەرمودەکە بەگشتی باس لەگۆڕینی ئاین دەکاتو ئەمەش جولەکەو گاوەرکانیشو هەرکەسی تریش دەگرێتەوە کە واز لەو ئاینانە بهێنێتو ببێتە موسڵمان، ئەستەمیشە مەبەستی پێغەمبەر ئەوە بوبێت.

**سێیەمو گرنگترینیان ئەوەیە کە:** ئەو کەسەی لەئاین پاشگەز دەبێتەوەو سورە لەسەر هەڵوێستەکەیو ئاشکرای دەکات ، ئەو کەسە شایانی ئەوەیە ئەو حوکمو فەرمانی کوشتنەی بەسەردا پیادە بکرێتو مەرجی کوشتنەکەی سوربون لەسەر هەڵوێستەکەیو ئاشکرا کردنیەتی لەناو خەڵکدا.

بەهەمان شێوە لەقسەکانی پێشەوا ئەبو عیسای تورموزیدا سەرنجی سێ خاڵ دەدەین:

**یەکەم:** بەو پێیەی بە ڕاشکاویی ڕایگەیاندوە، ئەو فەرمودەی کە عەکرەمە دەیگێڕێتەوە بەلای پێشەوا تورمزیەوە (صحیح)ە.

**دوەم:** لەفەرمودەکەدا حوکم لەبارەی مورتەدو کەسی هەڵگەڕاوەوە چەسپاوە.

**سێیەمو گرنگترین:** هەندێك لەزانایان کە سوفیانی سەوری یەکێکە لەوان ژن لەحکومو فەرمانی کوشتنەکەدا دەردەکەنو دەڵێن: کوشتنەکە ژن ناگرێتەوە، لەکاتێکدا کە وشەی(مَنْ)کە لەفەرمودەکەدا هاتوە ژنو پیاویش دەگرێتەوە.

هەر چەندە فەرمودەکە بەپێی گێڕانەوەی یەکەمی بێت کە دەڵێت: (هەرکەس ئاینی گۆڕی بەئاینێکی تر بیکوژن) بەلای بوخاریو تورموزیو ئەوانی تریشەوە کە لەسیحاحو سونەنو مەسانیدو موستەدرەكو موسەنەفاتەکانیاندا پلەی(صحیح)یان داناوە بۆ فەرمودەکە، یان بە گێڕانەوەی دوەمی بێت کە دەڵێت: (هەر کەس ئاینی گۆڕی بدەن لەگەردنی)و مالیك لەکتێبی (موطأ)ەکەیدا بە(صحیح)دای ناوە، فەرمودەکە بە هەردو گێڕانەوەکەی بەلای پێشەوا موسلمەوە بە(صحیح)دانەنراوەو بەلای ئێمەشەوە بەهەمان شێوە بە(صحیح)و ڕاستی نازانین.

ئەگـەر پێشـەوا موسـلم بەڵگـەی ڕونـی بەدەسـتەوە نـەبێت بـۆ ڕەت کردنـەوەو وەرنــەگرتنی فەرمودەکــە، ئــەوا ئێمــە ئــەم بەڵگانــەمان بەدەســتەوەیە بــۆ ڕەت کردنەوەو وەرنەگرتنی:

أ- ئەو سزایەی کە لەم گێڕاوەیەدا هـاتوە لـەبارەی کەسـی هەڵگـەڕاوەوە یـاخود لەبارەی(مرتد)ەوە، ئەو سزایەی تێپەڕاندوە کە لەئایەتی(٢١٧)ی سورەتی(البقـرة)و ئایەتی(٥٤)ی سورەتی(المائدة)دا هاتوە، (پێشتر ئایەتەکانمان باس کردون).

ب- لەدەیان جێگەدا ئەم سزایە دژ دەوستێتەوە لەگەڵ ڕۆحو دەقـی ئایەتـەکانی دابەزێنراوی بەجێدا، لەو ئایەتانە: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْـأَمْرِ شَـيْءٌ أَوْ يَتُـوبَ عَلَـيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ﴾ آل عمران/١٢٨.

واتە: لەم بابەتەدا تۆهیچ دەسەڵاتێکت نیە، بۆیـە ئەگـەر خواوەنـد خـۆی بیانبەخشـێت یان ئەشکەنجەیان بدات ئیشی خۆیەتی، چونکە دواجار ئەوان ستەمکارن.

﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِـالَّتِي هِـيَ أَحْسَـنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾النحل/١٢٥.

واتە: بانگەواز بکە بۆلای ڕێگەو ڕێبازی پەروەدگارت بەژیریو داناییو ئامۆژگاری جوان و بەجوانترین شێوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکە پـەروەدگارت زانـاترو شـارەزاترو بەئاگاترە لەبارەی ئەوانـەوە کـە ڕێگەکـەی هەڵەدەکـەن، هـەروەها بەوانـەش ئاگـاو زانایە کە ڕێگەی ڕاستو هیدایەت وەردەگرن.

- ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُـمْ جَمِيعًـا أَفَأَنْـتَ تُكْـرِهُ النَّـاسَ حَتَّـى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ يونس/٩٩.

واتـە: ئەگـەر پـەروەدگارت ویسـتی لەسـەر بوایـە هەرچـی لەزەویـدان هـەمویان پێکەوە باوەڕیان دەهێنا، ئایا تۆ لالوت دەبیت لەخەڵك تا باوەڕدەهێنن.

– ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ*لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُسَيْطِرٍ*إِلَّا مَنْ تَوَلَّى وَكَفَر*فَيُعَذِّبُهُ اللَّهُ الْعَذَابَ الْأَكْبَرَ﴾الغاشيه/٢١–٢٤.

واتە: بیریان بخەرەوە چونكە تۆ كارت ئەوەیەو هیچ دەسەڵاتێكت نیە بەسەریاندا تا زۆریان لێ بكەیت، تەنها ئەو كەسانە نەبێت كەمل نادەنو كوفر دەكەنو خواوەند بەسزا گەورەكە سزایان دەدات.

ج– دژ وەستانەوەی ئەم گێڕانەوەیە لەگەڵ چەندین فەرمودەی تری پێغەمبەردا.

د– ئەگەر كەسێك بەوردی سەرنج بدات، هەست بەوە دەكات كە گێڕانەوەی یاخود فەرمودەی(من بدل دینه فاقتلوه) لەعەكرەمەوەو ئەویش لەئیبنو عەباسەوە دەیگێڕێتەوە.

كە ئینو عەباس لەبواری ڕەخنەگرتن لەهەڵوێستەكەی عەلیدا كە هەستابو بە سوتاندنی چەند كەسێك لەتیرەی (الزط)بەهۆی ئەوەوە كە هەستابون بتێكیان بۆخۆیان دانابو دەیانپەرستو پشتیان لەپەرستشی خواوەند كردبو.

ئەم ڕوداوە(ئەگەر پشتڕاسیش ببێتەوە) لەسەردەمی جێنیشینی وخەلافەتی عەلیدا ڕووی داوە، واتە دوای ساڵی (٣٥)ی كۆچی.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە: كاتێك عومەری كوڕی خەتاب ڕەخنەی گرت لەئەبوبەكر لەبارەی جەنگو كوشتاری ئەو هۆزانەی كە پاشگەز بوبونەوە یاخود لەئیسلام هەڵگەڕا بونەوە، لەوكاتەدا ئەم بەناو فەرمودەیە لەكوێ بو..؟

چونكە ئەوەی باوەو لای هەموان ئاشكرایە كاتێك عومەر ڕەخنەی لەئەبوبەكر گرت، ئەبوبەكر لەوەڵامدا وتی: (سوێند بەخواوەند بەردەوام دەجەنگێمو كوشتاری هەر كەسێك دەكەم كە جیاوازی بكات لەنێوان نوێژو زەكاتدا، سوێند بەخواوەند ئەگەر سەرە گوریسێكیان دابێت بە پێغەمبەرو ئێستە نەیدەن بە من، لەسەری دێمە دەنگو جەنگیان لەگەڵ دەكەم تاوەكو بە منیشی دەدەن).

ئەگـەر ئـەم گێڕنەوەیـە ڕاسـت بوایـەو لـەناو خەڵکـدا زانـراوو بـاو بوایـە، ئـەوا ئەبوبەکریش وەك بەڵگەیەك دەی خستەڕو، ئەوکات بەڵگـەو قسەکانیشـی لـەوەڵامی عومـەرو کەسـانی تریشـدا بـەهێز تـر دەبـو، هـیچ پێویسـتی بـە ڕونکردنـەوەو خۆماندوکردن نەدەکرد.

ئـەم ریوایەتـە هـەردوو گێڕانەوەکەیـەوە، بـە کـردار جێبـەجێ نـەکراوە نـە لەسەردەمی پێغەمبەرایەتیو لەسەر دەستی پێغەمبەرداو نـە لەسـەردەمی هیچکام لەجێنشینەکانیشدا.

ڕاستە پێغەمبەر فەرمانی کردوە بە کوشـتنی(ذی الخمـار عبهلـة بـن كعـب)کـە بـە ئەسوەدی عەنەسی ناسراو بو، پێغەمبەر فەرمانی کرد بە کوشتنی خۆیو ئەوانـەش کە لەگەڵیدا بون، هەروەها فەرمانی کـرد بـە کوشـتنی تولەیحـەی کـوڕی خوەیلیـدو هەرکەس کە لەگەڵیدا بو لەهۆزی بەنی ئەسەد.

هەروەها فەرمانی کرد بە جەنگو کوشتار لەگەڵ موسەیلمەی کوڕی حەبیبو ئـەو کەسانەش کە چونە پاڵی لـەهۆزی بـەنی حەنیفـە، دەرکردنـی بڕیـاری هەریـەك لـەم شەڕو جەنگو کوشـتنو کوشـتارانە لەلایـەن پێغەمبـەرە، لـەکۆتایی سـاڵی دەیـەمی کۆچیدا بوەو، هەریەکەیان هۆکاری تایبەت بـە خـۆی هـەبوە کـە دەیانخواسـت ئـەو هەڵوێستە لەئاستیاندا بگیرێت، بۆیە ئەم بڕیارو هەڵوێسـتانە نـە لـەدورو نـە لـەنزیك هیچ پەیوەندیان بە هەڵگەڕانەوەو پاشگەز بونەوە لەئاینەوە نەبوە.

لەم بڕگەی دواتردا بە وردیو درێژی لەسەر ئەم بابەتە دەوەستین، بەڵام بابچـینە سەر لافو ئیدیعای دوەم.

٢- ڕاڤـەی ڕاڤـەکارانو فیقهـی فیقهزانـەکان بـەم دو ئایەتـە دەسـت پێـدەکات لەبارەی ناوهێنانی(رِدّة)و هەڵگەڕانەوەو پاشگەز بونـەوەوە، دو ئایەتەکـەش بـریتین

لەئایەتی(٢١٧)ی سورەتی (البقرة)و ئایەتی(٥٤)ی سورەتی (المائدة) بەهەمان شێوە ناوهێنانی ئەم دەستەواژەی(رِدّة)یەش بەلای زانایانو نوسەرانی ژیاننامەو ناساندنی کەسایەتیەکانیشەوە، لەکۆتایی سالّی دەیەمی کۆچیەوە دەست پێدەکات، واتە: لەدوای حەجی مالّئاواییەوە، واتە: پێش لەم ئایەتانەو پێش ئەو بەروارە ئەم دەستەواژەیە بەکار نەهاتوە.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە: ئایا پێش دابەزینی ئەم ئایەتەو پێش کۆتایی سالّی دەیەمی کۆچی، هیچ ڕوداوێکی هەلّگەڕانەوەو پاشگەزبونەوە لەئاین (الرِدّة) ڕوی نەداوە..؟

لەوەلاّمدا دەلّێین: بێگومان بەلّێ ڕویداوە، بەلاّم لەژێر ناونیشانێکی تردا کە ئەویش بریتی بوە لەناونیشانی دو ڕویی (النفاق). {فەخری ڕازی لەبەرگی (١٢) لاپەڕە (١٨)ی تەفسیری گەورەدا لەعائشەی دایکی باوەڕدارانەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: پێغەمبەر وەفاتی کردو عەرەبەکان هەلّگەڕانەوەو دوو ڕویی ئاشکرا بو و پەرەی سەند}.

پێشەوا زەمەخشەریو ڕاڤەکارەکانی تری وەك ڕازیش کاتێك تیرەو دەستەکانی کە لەئاین هەلّگەڕاونەتەوە سەرژمێریان دەکەن دەلّێین: یانزە تیرەو دەستەبون، سەرەتا بەو سێ دەستەیە دەستپێدەکەن کە گوایا لەسەردەمی پێغەمبەردا پاشگەزبونەتەوە، دواتر لەڕیزبەندیەکەدا حەوت تیرەو هۆز دەهێنن کە لەسەردەمی ئەبوبەکردا پەشیمان بونەتەوەو لەکۆتایشدا باس لەو تاکە تیرەو هۆزە دەکەن کە لەسەردەمی عومەردا هەلّگەڕاونەتەوە.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە: ئایا دوای سەردەمی عومەر هەلّگەڕاونەوەو پاشگەز بونەوەی تر ڕوی نەداوە..؟

لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵێ، بەڵام لەژێر ناونیشانی فیقهی تازەدا وەك(حرابة، الصيال، نقض البيعة، خروج عن الجماعة، زندقه، رفضُ طاعةِ أولي الأمر... الخ).

پێشتر قسەکانی زەمەخشەریمان تاوتوێ کردنو ئەو ڕەخنانەمان خستنەڕو کە هەمانبون لەقسەکانیو لێرەدا بە پێویستی نازانین دوبارەیان بکەینەوە، تەنها ماوەتەوە بڵێین: ئەو لیستەی کە لای زەمەخشەری بوو هەرچەن ڕەخنە زۆرە لەسەری بەڵام یەك سودی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەلای زەمەخشەریەوە هەڵگەڕانەوە تەنها بەشێوەی دەستەجەمعی دەبێتو بە تاکە کەسی ڕونادات.

ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەدا سەیری ئەو تیرەو هۆزو دەستانە بکەین کە هەڵگەڕاونەتەوە، ئەوا بۆمان ڕون دەبێتەوە کە بەم شێوەیە ناویان لە کرداری هەڵگەڕانەوە ناوە:

أ. بەلای پێشەوا مالیکەوە بە(الإظهار)ناوبراوە.

ب. بەلای ڕازیەوە کە لەعائشەوە دەگێڕیتەوە بە(الإشهار)ناوبراوە.

ج. بەلای زەمەخشەریەوە بە هەڵگەڕانەوەی دەستەجەمعی ناوبراوە.

لەئاکامدا دەگەینە ئەوەی کە هەمو تیرەو دەستەکان ئەم سێ ئاکارانەیان لەخۆگرتوە. بەڵام بە سەرنجی خۆمان ئاکاری چوارەمیشیان بۆ زیاد دەکەین ئەویش ئەوەیە کە ئەم دەستەو تاقمانە هەمویان بزوتنەوەو تەڤگەڕی جودا خوازی چەکدار بونو نەیاری دەسەڵات بونو هەڵگەڕانەوەی چەکداریان دژ بە حکومەتە ناوەندیەکان ڕاگەیاندووە.

تەبەری لە لاپەڕە(٢٩٩)ی بەرگی(٣)ی مێژوەکەیدا لەبارەی ئەسوەدی عەنەسیەوە دەڵێت: {... پاشان ڕوی کردە نەجرانو پاش (١٠) ڕۆژ لەدەرچونەکەی نەجرانی گرت، خەڵکە ڕەشۆکیەکەی هۆزی(مذجح) پەیوەندیان

پێوەكردو كەوتنـە گـەلى، دواتـر(شـهر بـن بـاذام)ى كوشـت كـە پـاش كۆچـى دوايـى باوكى، كار بەدەسـتێكى پێغەمبـەر بـو لەيەمەنـداو بـە فـەرمانى پێغەمبـەر حـوكمى يەمەنى دەكرد، بەرەو پێش چو تا سەركەوت بەسەر شارى سەنعادا، دواتـر ئەسـود دەستى گرت بەسەر نێوان سەهيد ياخود(مفازە حضرموت)و بەحرێنـدا لـەڕوكارى عەدەنەوەو هەمو يەمەن ملـى پێـداو كەوتـە گـەلى، بـەردەوام هێرشـەكانى پـەرەيان دەسەند تـا دواى يـەك مـانگ بێجگـە لەكاروانەكـەى حـەوت سـەد چـەكدارى ئەسـپ سوارى خستە دواى خـۆى وجێنشـينێكى بـۆ خـۆى دانـا لەسـەر (مـذحج) كـە نـاوى عەمرى كوڕى مەعد يەكربى زوبەيدى بـو، دواتـر نوسـراوێكى نوسـيو ئاراسـتەى ئـەو كەسـانەى دەكـرد كـە دەكەوتنـە جەنگـەوە لەگەڵيـداو تيايـدا نوسـيبوى: ئـەى ئـەو كەسانەى كـەلێمان هەڵگەڕاونەتـەوەو بەڕومانـدا دەوەسـتنەوە، دەسـت لـەو زەوىو زارو سەرزەمينانە هەڵگرن كـە لێتـان زەوت كـردوينو دەسـتان گرتـوە بەسـەرياندا، چونكە ئێمە خاوەنى ڕاستەقينەى ئەو موڵكانەين}.

لەهەمان سەرچاوەى پێشودا لەلاپەڕە (٢٥٣)و دواتردا تەبەرى لەبارەى تولەيحەوى كوڕى خوەيليدەوە دەڵێت: (... جوتيارەكان دايانە پاڵىو (بوزاخە)كە ئاوێك بوو موڵكى بەنى ئەسەد بو تولەيحەو دەستەكەى كە لەسومەيرائەوە هاتبون لەوێمانەوە، دواتر تولەيحە پەيامى نارد بۆ هەردو تيرەى جودەيلەو غەوسو داواى لێكردن كە پەيوەندى پێوە بكەن، لەهەردو تيرەكە خەڵكێك بە پەلە ڕويات تێكرد.. هەردو قافڵەى هۆزى تەى و هۆزى ئەسەدو فيرازە بە يەك دەگەشتنو نە دەچون بە گژى يەكترداو نە شەڕيشيان دەكرد، هۆزى فيرازەو ئەسەد دەيان وت: سوێند بەخوا ئيتر هەرگيز بەيعەو پەيمان نادەين بە (ابا الفصيل) كە مەبەستيان ئەبوبەكر بو، وەك سوكايەتيەك وايان پێدەوت، هۆزى(طَي)ش دەيان وت: ئێمە گەواهىو بەڵێن دەدەين كە هاوڕاتا بين لەجەنگو كوشتاردا تا وا دەكەين لە ئەبوبەكر كە بە (أبا الفحل الأكبر) ناوى ببەين}.

جارێكی تر سەرنجی ئەوە دەدەینەوەو هەست بەوە دەكەینەوە كە مەسەلەی ڕوداوەكەی كەپری بەنی ساعدە مەسەلەو بابەتی پەیمانو بەیعەدان بو بە كەسێك، بەهەمان پێوەری خێڵەكیو لەو كەپرەشدا هەمان پێوەر دوبارە بویەوەو نە لەدورو نە لەنزیك هیچ پەیوەندیەكی نیە بە ئاینەوە، لەوانەیە باشترین كەسێك كە توانی بێتی هەستی نەیارەكان دەرببڕێتو ئاماژە بە مەترسیەكان بكات بریتی بێت لەجەرەولی كوڕی ئەوس كە بە(الحطيئة) دەناسرا لەم چەند دێرە هەڵبەستەدا هەستی خۆی و خوێندنەوەی بۆ ڕوداوەكە دەری بڕیوە:

أطعنا رسول الله ماكان بيننا      فيا لعباد الله ما لأبى بكر

ايورثها بكراً إذا مات بعده      وتلك لعمرالله قاصمة الظهر

فهلا رددتم رفدنا بزمانه      وهلا خشيتم حس راغبة البكر

جارێكی تر هەست بەوە دەكەینەوەو بۆمان دەردەكەوێت ئەو گێڕانەوەیەی كە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر، بە هەردوو شێوە گێڕانەوەكەیەوە(من بدلة دينه فاقتلوه)و (من بدله دينه فاضربوا عُنُقه) هیچكامیان نە لەسەردەمی پێغەمبەرایەتیو نە لەسەردەمی ئەبوبەكرو نە لەسەردەمی عومەریشدا جێبەجێ نەكراون، بەڵگەشمان ئەوەیە كە ناوی دەیان كەس لەمێژوی تەبەریدا هاتوەو لەجەنگەكانیشدا بەشداری هەڵگەڕانەوەی چەكداریشیان دژی حكومەتی ناوەندی كردوە، كە هەندێ لەو كەسانە خەڵكی ناودارن و ناوبانگیشیان هەیەو لەناو كتێبەكانی ژیاننامەو گێڕانەوەی ڕوداوەكانیشدا ناویان هاتوە. ئێمە لەم دەرفەتەدا باسی ئەمانەیان دەكەین.

{ئەشعەسی کوڕی قەیس، زەبەرقانی کوڕی بەدر، جەرەولی کوڕی ئەوس کە پێشیان دەوت(الحطیئة)عەوفی کوڕی سنان، عەلقەمەی کوڕی عەلاسە، عویەینەی کوڕی حەسین، زومەیلی کوڕی قوتبەی قەینی}.

عەسقەلانی بە نمرەی (٢٠٥) لەکتێبەکەیدا بەناوی (إلاصابة في تمییز الصحابة)دا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: {ئەشعەسی کوڕی قەیس کوڕی مەعدی یەکربی کیندی، کە بە باوکی موحەمەد ناو دەبرا، بەخۆیو حەفتا سوارەوە لەهۆزی کیندە هاتە لای پێغەمبەرو، ئەشعەس یەکێك بو لەپاشاکانی کیندەو خاوەنی(مرباع حضرموت)یش بو، بوخاریو موسلمیش لسصەحیحەکانیاندا گێڕانەوەی فەرمودەیان لێوە گێڕاوەتەوەو لێیان وەرگرتوە، پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر یەکێك بوە لەو کەسانەی کە لەهۆزەکەیدا هەڵگەڕاوەتەوە لەئاینو دواتر بەدیل گیراوە، کە هێناویانە بۆلای ئەبوبەکر ئازادی کردوەو خوشکێکی خۆیشی پێداوەو لێی مارە کردوە، پاش لەمارەکردنی خوشکەکەی ئەبوبەکر، ئەشعەس شمشێرەکەی هەڵدەکێشێتو دەچێتە ناو مەیدانی وشتر فرۆشتنەوەو هەر وشترێکی ببینیایەو بە دڵی بوایە ملی دەپەڕاند، خەڵکی هاواریان لێهەڵساو هاواریان دەکرد ئەشعەس تێك چوە بۆ وا دەکات، کە ئەشعەس لێبویەوە شمشێرەکەی فڕێداو وتی: سوێند بەخواوەند کوفرم نەکردوەو تێکیش نەچوم، بەڵام ئەم پیاوە خوشکەکەی خۆی پێداومو ئەگەر لەولاتی خۆماندا بومایە سفرەی زەماوەندەکەم بەشێوەیەکی تر دەبو، بۆیە ئەی خەڵکی مەدینە داواتان لێدەکەم بخۆن.. ئەی خاوەنی وشترە کوژراوو سەربڕاوەکانیش وەرن نرخەکانیان وەرگرن.

ئەم ئەشعەسە بەشداری جـەنگی یـەرموكو جـەنگی قادسـیەی كـردوەو دواتـریش لەگەڵ عەلیدا بەشداری جەنگی سەفیینی كـردوەو، سـاڵی چـلو دوی كۆچـی، دوای كوژرانی عەلی ئەویش مردوە}.

لەژێر نمـرەی(٦١٥١)لەهـەمان سەرچـاوەی پێشـودا هـاتوەو عەسـقەلانی دەڵێـت: {عویەینەی كوڕی حیسن كوڕی حوزەیفەی فزاری، كە بە ئەبو مالك ناوبـانگی هـەبو یەكێكە لەو كەسانەی كە دڵیان ڕاگیراوەو دڵ نەوایی كراون(المؤلفة قلوبهم)و هاوەڵی پێغەمبەریش بوە، بەڵام گێڕانەوەی لێـوە نەگێڕراوەتـەوە، پـێش گرتنـەوەی شـاری مەكە موسڵمان بوەو بەشداری جەنگی ئازادكردنی شاری مەكـەی كـردوە، بەشـداری جەنگەكانی حونەینو تائیفیشی كردوە، دواتر یـەكێك بـو لەوانـەی كـە لەسـەردەمی ئەبوبـەكردا پاشـگەز بونـەوە، ئـەمیش لەوكاتـەدا پاشـگەز بویـەوەو هەڵگەڕایـەوەو پەیوەنـدی كـرد بـە تولەیحـەوەو پـەیمانو بەیعـەی پێـدا، ئـەم پیـاوە وشـكیەتیو نەزانیو زبریەكی تێدا بو، ئیبراهیمی نەخەعی دەڵێت: عویەینەی كوڕی حیسن هاتـە لای پێغەمبەر و عائیشەش لەلای پێغەمبەر دانیشـتبو، عویەینـە وتـی بـە پێغەمبـەر ئەمە كێیـە لـەلاتا دانیشـتوە..؟ پێغەمبـەر وتـی: عائیشـەیە. عویەینـە وتـی: چۆنە هەسـتم لـەو باشـترت بـۆ دابـەزێنم، مەبەسـتی ژنەكـەی خـۆی بـو(أم البـنین). لـەكتێبی(الأم)ی پێشـەوا شـافیعدا خوێندومەتـەوە كـەوا عومـەری كـوڕی خـەتاب عویەینەی كوڕی حیسنی لەسەر هەڵگەڕانەوەی لەئاین كوشتبێتو لەهیچ شـوێنێكی تـردا ئـەم هەواڵـەم نەبیسـتوەو نەشـم بینیـوە، بـەڵكو عویەینـە تـا سـەردەمی عوسمانیش هەر لەژیاندا بوە}.

لەبارەی زەبەرقانی كوڕی بەردیشەوە، خاوەنی كتێبی(الإصابة) واتە عەسقەلانی، هیچی لەبارەی هەڵگەڕانەوەیەوە نەنوسیوە، بەڵام تەبەری لەمێژوەكەیدا باسی لێوە

كردوە، تەنها ئەوەندە هەیە عەسقەلانی ئەم پیاوەی لەڕیزی ئەو كەسانەدا ژماردوە كە تەمەنیان هەبوەو زۆرماونەتەوە، چونكە زەبەرقان تا سەردەمی موعاویەش هەر لەژیاندا بوە، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئەوەیە كە جاحز لەكتێبی(البیانو والتبیّن)دا ناوی زەبەرقانی هێناوەو باسی لێوە كردوە.

پرسیار لێرەشدا ئەمەیە: ئەگەر ئەو گێڕانەوەو بەناو فەرمودەیە لەبارەی مورتەدو هەڵگەڕانەوەوە ڕاستە، ئایا دروستە ئەبوبەكر یان هەر كەسی تر، كەسێكی هەڵگەڕاوە بەدیل بگرێتو لێی خۆش ببێتو ئازادی بكاتو ڕێزی لێبگرێتو لەمانەش زیاتر خوشكی خۆی لێ مارە بكاتو بیداتێ..؟

یان ئەگەر ئەو بەسەرهاتە ڕاستە كە گوایا خالیدی كوڕی وەلید ئەوەی كرد بە مالیكی كوڕی نوەیرەو هۆزەكەی، ئەگەر ئەو بەسەرهاتە ڕاستە، ئەی چۆن دەبێت بێدەنگ بین لەو سنور بەزاندنو سەركێشیو كارە شەرم ئاوەرانەی كە دواتر ئەنجام دراونو هەریەكەیان بەسە بۆ ئەوەی خاوەنەكەی بەهۆی تاوانەكەیەوە پەلكێشی دادگای تاوانەكانو دادگای تاوانبارانی جەنگ بكرێت لەلاهای..؟

ئێمە ئێستا نامانەوێت دادگایی مێژو و نوسەرەكانی مێژوو بكەین، چونكە ئەو مێژوە فەقیهەكانی عەبدولمەلیكی كوڕی مەروانو ئەبو جەعفەری مەنسور نوسیویانەتەوەو بە فەرمانی ئەو بەڕێزانە دێڕەكانی تۆمار كراونو ئەوانیش ئێستا لەبەردەم كەسێكدان بارستایی گەردیلەی لێ ون نابێت، بۆیە كارمان پێیانەوە نییەو﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ البقرة/ ١٤١.

چونكە ئەو بیدعەیەی كە دایان هێنا لەبارەی(ردّة)و هەڵگەڕانەوەو پاشگەزبونەوەی خەڵكەوەو دواتر ئەم بیدعەیەیان وەك پەردەیەكی شەرعی بەكار

هێنـاو لەپشـتی ئـەم پەردەیـەوە دەسـیان دایـە پاكتـاو كـردن‌و لـەناوبردنی نـەیارو ناڕازیەكانی سوڵتانەكان‌و ئەم بیدعەو ئەم پەردە شەرعیەش بەردەوامو، تا ئەمڕۆش كاری خۆی دەكـاتو زۆربـەی گـروپو دەسـتە ئیسـلامیە تونـد ئـاژوو تۆقێنـەرەكان بەكاری دەهێنن، بۆ نمونە: ئەیمەن زەواهیری كوشتنی دەسەڵاتدارو كار بەدەستانی عەرەبی ڕەوا كردوە بە بیانوی ئەوەی كە(مرتدّ)و هەڵگەڕاوەن لەئاین، واتە: هـەمان ئەو چەكەی كـە لـەڕابوردودا لەلایـەن سـوڵتانەكانەوە بـەكار هـاتوە، ئێسـتاش وەك پاساوێكی شەرعی بەكار دێتەوە بۆ كوشتنی فەرماندارو كار بەدەستەكان.

بابەتی(ردّة)و هەڵگەڕانەوە لەقۆڵی سیاسیەوە خۆی كردوە بـەناو ژیـری و عـەقڵی عەرەبیدا، بەشێوەیەك كـە ڕوداوەكـەی كەپرەكـەی بـەنی سـاعیدە بـوە بـە بەشـێك لەشەرعی ئیسلامیی‌و، هەروەها ئەو جەنگ‌و شەڕانەی كـە لەسـاڵەكانی دەو یـانزەی كۆچـیدا بـەناوی جەنگـەكانی دژ بـە هەڵگەڕانـە(حروب الـردّة)وە ڕویانـدا، كراونەتـە پێـوەرێكی شـەرعی‌و بـەردەوام كـار بەدەسـتان‌و فەرمانـدارانی وڵاتـانی ناوچـەكەو كۆمەڵـەو دەسـتەو گروپـە سـەلەفیە جیهادیـەكانیش لەئـەمڕۆدا وەك شمشـێرێكی لەكـەلان دەرهـاتو بـە سـەر سـەری نەیارەكانیانـەوە بـەكاری دەهێـنن‌و هەڕەشـەی سەربڕینی پێدەكەن.

بەهەمان شێوە ئەو بابەت‌و بیركردنەوە چەوتە، سەری كێشاوەتە نـاو بوارەكـانی تری وەك ئابوری‌و كۆمەڵایـەتی‌و زەیـن‌و بیركردنـەوەی عەرەبیـەوە. چـەند هۆكـارو دیاردەیـەكیش یارمەتیـدەربون لەچەسـپاندن‌و سـەپاندنی ئـەم بیركردنـەوە هەڵەیـە لەخەیاڵدانی بیری عەرەبیدا لەهـەردو سـەرەكەیەوە، واتـە: چ لەسـەری حـاكم‌و كـار بەدەسـتەكانەوەو چ لەسـەری خـەڵك‌و گـەل‌و دانیشتوانیشـەوە، لەهـەردو حاڵـەت‌و بوارەكەشـدا شمشـێرەكە هـەر یـەك شمشـێرەو بریتیـە لـە(من غـير دينـه فـاضـربوا عنقه)،هۆكارەكانیش بریتین لە:

١- تێگەیشتنی چەقبەستوانەو قەتیس كراو لەڕوداوە مێژوییەكاندا بۆ دەقـەكانی قورئـانو فـەرمودەكانی پێغەمبـەرو بەسـەرهاتە مێژوییـەكان، ئـەم چەقبەسـتنە لایەنێكی بەربڵاوی لەبیركردنەوەو ڕۆشنبیریو كەلەپوری عـەرەبی ئیسـلامیدا داگـیر كردوەو، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت هەر كاریگەری هەیە لەدارشـتنی بنـەما فیكـری و ڕۆشنگەریەكانماندا، لەوانەیە دیارترین نمونەی ئەم حاڵەتە ئەوە بێت كە تا ئێستاش كەسانی وا هەن پێداگیری لەسەر ئـەوە دەكـەن كـە پێویسـتە زەكـاتی سـەرفیترەو خەیرو بەخشینەكانی تـری بـواری ڕۆژو گـرتن، هـەر بـە گـەنم بێتـو شـێوازی تریـان بەلاوە دروست نیەو پێیان وایە پارە جێگەی ئەو ناگرێتەوە، ئەم بیركردنـەوە چـەق بەستوانەیە لەڕێگەی كتێبەكانی سیرەو كتێبە مێژوییەكانەوە ڕێگەی بۆ خۆشكرا تـا بتوانێت سەر بكێشـێتە نـاو لایـەنی خـورافی مێـژوی عـەرەبیو ئیسـلامیەوەو دواتـر لەدارشتەی فیكریو بیركردنەوەی گەلانی عەرەبیدا ڕەنگی دایەوە.

٢- زێدەڕۆییو ڕۆچون لە پیرۆز كردنی كەلەپورو پێشیناندا(بێجگە لەدابەزێنراوی بـەجێ كـە ئـەو لەخانـەی كەلـەپوردا نیـە هیچـی تـر پـیرۆز نییە)ئـەم بیركردنـەوەو ڕێزگرتنو بەپیرۆز زانینـەش سـەری كێشـایە نـاو بیركردنەوەمانـەوەو لەئاكامـدا وای لێهات كـە ئـەم كەلـەپورو پێشـینانە بابەتگـەلی پـیرۆزنو نابێـتو ناگونجێـت بـەهیچ شێوەیەك قسـەیان لـەبارەوە بكـەینو ڕەخنـەیان لێبگـرین، هـەر لـەوێوە گەشـتینە ئەوەی كە دان بە نێرایەتی كۆمەڵگا(ذكورية المجتمع)دا بنێینو تا ئـەمڕۆش دەسـتی پێـوە بگـرینو پابەنـدی بـین، لەوێشـەوە باوەڕمـان بـەوە هێنـا كـە پیـاوان دەستڕۆیشتون بەسەر ژنانداو بۆیان هەیە بەڵكو پێویستە تەمێیان بكەنو دەسـتیان بگرنو بیانپارێزن، چونكە پیاوان ڕێزو فەزڵیان هەیە بەسەر ژنانداو پیـاوان خـاوەنی عەقڵو زانستو ولایەتن، لەم بیركردنەوەیەشەوە چەندین یاساو ڕێسا كەوتنەوە كـە ڕێگەیان نەدا بە ژن هەرچەندە بـە تەمـەنیش بێـتو خـاوەنی زانیـاریو تێگەیشـتنو ڕۆشنبیریش بێت بۆی نەبێت، بەتەنهاو بەبێ وەلی ئەمر نە هاوسەرگیری بكـاتو نـە تەنانەت سەفەریش بكات.

٣- پەرەسەندنو زاڵ بونی دابو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، بەڕادەیەك کە حوکمو فەرمانەکانی دابەزێنراوی بەجێ بەهۆی هەژمونی ئەو دابو نەریتانەوە سڕ کراونو لەکار خران، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە میراتو زینایە، خواوەند لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا﴾ النساء/٧.

واتە: بۆ پیاوان هەیە بەشێکی دیاریکراو لەو میرات و پاشماوانەی کە لەباوكو دایکەوە یاخود لەخزمە نزیکەکانەوە بۆیان بەجێ دەمێنێت، هەروەها ژنانیش بەشێکی دیاریکراویان بۆ هەیە لەو میرات و پاشماوانەی کە لەباوكو دایکەوە یاخود لەخزمە نزیکەکانەوە بۆیان بەجێ دەمێنێت، ئەو بۆ ماوەیە کەم بێت یاخود زۆر بەشێکی دیاریکراوەو پێویستە دابین بکرێت.

لەگەڵ ئەو بەڵگە بەهێزەشدا هێشتا دەبینین ڕێژەیەکی زۆر لەعەرەبە موسڵمانەکان، ئەو بەشە دیاریکراوە نادەنە کچان لەمیراتی مردوەکانیاندا.

ئەگەر کەسێکیش بڵێت: ئەوانەی بەشی کچان دابین ناکەن، کەسانێکی نەفامنو جێگەی بایەخ نین، لەوەڵامدا پێی دەڵێین: ئەو یاسایانەی کە پەیڕەو دەکرێنو کاریان پێ دەکرێت لەزانستی فەرائیز(علم الفرائض)ەوە سەرچاوە دەگرن کە لەم زانستەدا منداڵی نێرینە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم کەسی دواتر لەمیرات بردندا، بەڵام منداڵی مێینە ئەو مافەی نیە ڕێ لە برا بەشەکانی دوای خۆی برێت.

بەهەمان شێوە لەبارەی زیناو داوێن پیسیەوە، سەرەڕای ئەوەی کە سزای تاوانەکە لەدابەزێنراوی بەجێدا هەردو ڕەگەزەکە واتە پیاوو ژن دەگرێتەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش دابو نەریتەکانمان لەم بوارەشدا ژن تاوانبار دەکەنو

شـــانازی بـــە پیـــاوەوە دەكـــەن، هـــەروەها بـــەردەوام یاســـا پـــەیڕەوكراوەكان لەكۆمەڵگەكانماندا عوزرو پاساوی خۆجێیەتیو خێڵەكیانە دەهێننەوە لەسزادانی ئەو پیاوانەدا كە بە پاساوو بیانوی تاوانی بینراوەوە ژنو هاوسەرەكانیان دەكوژن، بەڵام لەبەرانبەردا ئەو مافە نادەن بە ژنان كە لەپای تاوانی بینراودا مێردەكانیان بكوژن.

٤- ڕۆچـونو زێـدەڕۆییو پـەڕگیری لـەدەمارگیری مەزهەبیـدا، ئـەمیش لـەبواری خۆیـداو بـە دەوری خـۆی بەشـێك لەكـەلتورو ڕۆشـنبیریمانی تۆمـار كـردوە، بـۆ نمونە:ئیبنو عابدین كە یەكێكە لەپێشەوایانی حەنەفیـەكان لەحاشیـەكەیدا دەڵێـت: {ئەگەر هاوەڵەكانمان یاخود شێخو ڕابەرەكانمان فـەتوایان لـەبارەی شـتێكەوە داو فەتواكەیان لەگەڵ پەڕاوی خواوەندا دژ وەستایەوەو پێچەوانەی بو، ئـەوا ئێمـە كـار بە فەتواكەی ڕابەرو شێخەكانمان دەكەین}..!.

نمونەیەكی تر بریتیە لەوە: لـەم سـەردەمەدا بـاوەو كـاری پێـدەكرێت، ئـەویش بیریتیـە لـەوەی كـە هەنـدێكمان تـرمـان كـافر دەكـەینو یـەكتر بـە كـافر دەزانـین، بەڵگـەو بنـەماشمان لەمبارەیـەوە ئـەو بنـەما نەگریسـەیە كـە دەڵێـت: {هەركەس ئەوە نەڵێت كە من دەیڵێم ئەوا ئەو كەسە كافرە}.

٥- ئـــازادی هەڵبـــژاردنو دەستنیشـــانكردن كـــە مـــافێكی بنـــەڕەتی مرۆڤـــەو، لەهەڵبــژاردنو دەسنیشــان كردنــی بیروبــاوەڕی مرۆڤــەوە دەس پێــدەكات و بــە هەڵبژاردن و دەسنیشانكردنی ڕەنگی جلەكانی كۆتایی دێت، ئەم مافە بنەڕەتیە نـە لەكەلـەپورو نـە لەڕۆشـنبیری ئێسـتاشماندا بـونی نیـەو تەنانـەت ئاماژەشـی پـێ نەكراوەو گرنگیی پێنەدراوە، ئەمەش وای كردوە ئەگەر لێشمان زەوت كرا بێت هیچ بەلاماناوە گرینگ نەبوەو نیە، چونكە نازانین ئەو مافەمان پێڕەوا بینراوە، بۆیە هەر دەسەڵاتێكی كلاسیكیو پۆلیسی بەبێ ئەوەی لەهەڵگەڕانەوەیەكی گشتی(عصیان

مدني)بترسێت، دەتوانێت هەزاران هاونیشتمانی دەسبەسەر بكاتو بیناخاتە زیندانە تاریكەكانیەوە، بەڵام لەبەرانبەرەوە دەترسێت لەوەی كە سەرپۆشی چەند ژنێك قەدەغە بكات، یاخود بە زۆر پێیان لاببات، چونكە ئەم كارە سەر دەكێشێت بۆ چەند گرفتو كێشەو ئاریشەیەك، كە ڕەشبگیرو دەسگیر كردنەكە سەریان بۆ ناكێشێت.

٦- ژیانیش دیسانەوە یەكێكە لەوشتانەی كە هیچ بایەخێكی نیە لەكەلتورو ڕۆشنبیریمانداو لە كەلەپوریشماندا وامان پێدەوترێت كە ژیان و تەمەنمان پێشتر دیاریكراون، بۆیە بەداخەوە دەبینین پزیشك وەك مشكی تاقیگە هەڵسوكەوتو بەرخورد دەكان لەگەڵ نەخۆشەكاندا، ئەگەر نەخۆشێك مرد وابیر دەكەینەوە كە پێشتر خواوەند نوسیویەتی و دەبو لەو چركە ساتەدا بمرێت، لەبەرانبەریشەوە شێخو زانا ئاینیە بەڕێزەكانیمان ڕۆژانە سەركۆنەمان دەكەنو ڕەخنەمان لێدەگرن لەسەر ئەوەی كە دونیامان خۆش دەوێتو كاری بۆ دەكەین، لەكاتێكدا دەزانین خۆشەویستی دونیاو ڕق لێبونەوە لەمردن، سروشتو حەزێكی سروشتیە كە خواوەند كردویەتی بە بەری هەموو دروستكراوو گیانلبەرەكاندا بە ژیرو فامیدەو ناژیریشیانەوە.

لەم ڕوانگەیەوە هیچ جێگەو مایەی سەرسوڕمان نیە كاتێك دەبینین: سوكایەتی بە ژیانی مرۆڤایەتی دەكرێتو، ڕۆژانە و لەژێر ناونیشانی سەیرو سەمەرەی وەك(جهاد، عملية إستشهادية)دا مرۆڤێك سەرشێتانە خۆیو كەسانێكی تریش دەكوژێت كە هەر نایان ناسێتو لەناو كوژراوەكانیشدا چەندین ژنو منداڵو پیرو پەككەوتە هەیە، بۆیە پێویستە بزانین ئەو مرۆڤەی ئەم كارەو كاری لەم چەشنە دەكات، هەڵگری كەلتورێكی نەخۆشەو پێویستی بە چارەسەرە نەك دەسخۆشی.

چەندین نمونەی تریش لەبوارەکانی تری ژیانماندا لەکەلتورو رۆشنبیری عـەرەبیو ئیسلامیماندا هەن ، بەلاَم ئێمە تەنها ئەو چەند نمونەیەمان هێنایەوە .

با بگەڕێینەوە سەر ئەو دیوە سیاسیەی کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە.

پێشتر وتمان: مردنی پێغەمبەری خۆشەویست نەلەئاستی بیروباوەڕو نە لەئاسـتی دروشمو نە لەبەهاو نە لەیاساکاندا بۆشاییەکی ئـاینی نەهێنایـە کایـەوە، ئەمـە ئـەو مەبەستەیە کە ئێمـە لـەم ئایەتـەوە لێـی تێدەگـەین: ﴿الْيَـوْمَ أَكْمَلْـتُ لَكُـمْ دِيـنَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ المائدة/٣.

بەلاَم مردنی پێغەمبەر(د.خ)بۆشـاییەکی سیاسـی دروسـتکرد، چـونکە ئـەو تـەنها دامەزرێنـەر بـوو بـۆ دەوڵەتەکـەیو لـەهیچ چرکەسـاتێکداو بـۆ تـەنها خولـەکێکیش نەپاشـاو بـوەو نـە سـەرۆکی دەوڵـەت، بـەڵکو ئـەو پێغەمبـەرو پەیامهێنـەر بـوەو دەوڵەتیش پێویستی بە کەسێك هەیە کە پێشەنگی بێتو بەڕێوەی ببات.

پێشتریش وتمان ئەو ڕێوشوێنانەی کە لەکەپرەکەی بەنی ساعیدەدا گیرانـە بـەر، چەند هەنگاوێکی سیاسـی بونو پەیوەنـدیان نـە بـە ئیسـلامو نەبەئیمانـەوە نـەبو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕوداوانە بە خۆیـانو بەدەرهاویشتەکانیشـیانەوە هاتونەتـە نـاو بیرکردنەوەو بیری سیاسیمانەوەو ئەو ڕێوشوێنانەمان وەك چەند حـوکمو یاسـایەکی شـەرعی پێناسـێنراوەو کردومانەتـە پێـوەرو شـتەکانی تریـان پێـدەپێوین، ئـەم بیرکردنەوە هەڵەیەش لەدو تێگەیشتنەوە سەرچاوەی گرتوە:

بێهەڵەییو مەعسومیەتی پێشەواکانو دادپەروەریەتی هاوەڵانی پێغەمبەر، پاشان دوای ئەو ڕێوشوێنانە جەنگـەکانی (ڕدّ)و هەڵگـەڕاوەکان بـەرپا بـون، دواتـر جەنگـە خێڵەکیـەکانی وەك جـەنگی جەمـەلو جـەنگی سـەفەین بـەرپاو بـون، دوای ئـەم جەنگانـە حـوکمی پشـتاو پشـت لەلایـەن موعاویـەوە سـەپێنرا، کـە موعاویـە بـە دامەزرێنەری فەرمانداریەتی بنەماڵەی سوفیانی لەسەردەمی ئەمەویدا دادەنرێت.

ئەم قۆناغـە ڕێگوزەرێك بـو کـە لەسـەردەمی پێغەمبەرایەتیـەوە دەسـتپێکرد تـا گەشتە دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی هاوئاوازو گونجاو لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کە لەو سەردەمەدا لەجیهاندا هەبون.

دەگەڕێینەوە سەر بابەتەکەو سەرنج دەدەین لەدەستەواژەی(الردة)و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێین کە چۆن لەسەردەمی ڕاشیدیندا ئەم دەستەواژەیە سەریهەڵداو دواتر چۆن ئەم تێگەیشتنە دیاریکراوە هاتە ناو بیکردنەوەو کەلتورو بیری سیاسیو ئاینیمانەوەو تا ئەمڕۆش وەك چەکێکی بنەڕەتی سەیر دەکرێتو بەکار دەهێنرێت بۆ لەناوبردنی نەیارەکان بەهەموو شێوەو چەشنەکانیانەوە.

جارێکی تر دەگەڕێینەوەو دەپرسین: (الردّة)چیە..؟ مورتەدو هەڵگەڕاوە کێیە..؟ وەبۆچی لەدابەزێنراوی بەجێدا هەڵگەڕاوەکان بە ڕەنج بەخەسارو مایەپوچ ناویان هاتوەو هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرێت کە لەدونیاو دواڕۆژدا کردەوەکانیان لەدەست ئەدەنو سودیان نابێت بۆیانو لەبەرانبەریشەوە هیچ چەشنە سزاو تۆڵەیەکی دونیایشیان بۆ دیاری نەکراوە..؟.

ئایا دەکرێت وا لەم بابەتە بڕوانینو وا لێی تێبگەین کە مەبەستی خواوەند وابوە دەستنیشانکردنی تۆڵەو سزای هەڵگەڕاوە لەئاین، بەجێ بهێڵێت بۆ سوڵتانی فەرماندارو کاربەدەست تا بەپێی هەلو مەرجی کاتو شوێن سزای بۆ دیاری بکات..؟

وە ئایا حوکمو فەرمانی پێغەمبەریش لەبارەی کوشتنی کەسی هەڵگەڕاوەو (مرتدّ)ەوە، دەچێتە خانەی ئەم مەبەستەی خواوەندەوە..؟ وە ئایا چەمکی هەڵگەڕانەوە (الردة)دەرچون لەکۆمەڵو دەستەکان(هەر دەستەو تاقمێك بن) دەگرێتەوە، هەروەها ئایا دەرچونو هەڵگەڕانەوە لەحاکمو فەرماندارو کاربەدەستیش دەگرێتەوە..؟ وە ئایا هەڵگەڕانەوەو پاشگەز بونەوە لە(بیعە)و پەیمان، هەڵگەڕانەوەو پاشگەز بونەوەو پەشیمان بونەوەیە لەئایین..؟ وە لەکۆتایدا پەیوەندی (ردّة)و هەڵگەڕانەوە چیە بە ئازادی هەڵبژاردنو دەستنیشانکردنەوە..؟.

خوێندنەوەیەكی لەسەرخۆو بە تێڕامانەوە بۆ مێژوی عەرەبی ئیسلامی وامان لێدەكاتو دەمانگەیەنێتە ئەوەی دان بەوەدا بنێین كە چەمكی(ردّة)و هەڵگەڕانەوە بەچەند ڕەنگێكی هەمەچەشن بۆیاخ كراوە، هەروەها تێدەگەین سنورەكانی ئەم دەستەواژەیە سنور گەلێكی نەرمو فشۆڵ بونو چەندین كەمو زیادو زۆرو كەمیان تێدا كراوەو، چەند جارێكیش لەمێژودا ئەم چەمكە بە خراپ بەكار هاتوەو كەسانێكیش بە خراپ پشتیان بەم چەمكو دەستەواژەیە بەستوە.

ئێمە لێرەدا لافی ئەوە لێنادەین كە وەڵامی ئەو هەمو پرسیارە بدەینەوەو پرسیاری تریش زۆرن لەمبارەیەوە، یاخود بمانەوێت چەندین هەڵوێستو ڕوداو ڕون بكەینەوە كە هەمویان لەژێر دروشمی(ردّة)دا لەمێژوی عەرەبیی ئیسلامیدا ڕویانداوە، چونكە هەموان دەزانن كاتێك حەجاج، سەعیدی كوڕی جوبەیری كوشت، بۆ ئەوە نەی كوشت كە لەئاین پەشیمان بوبێتەوە، بەڵكو لەسەر ئەوە كوشتی كە بەیعەو پەیمانی بەستبو لەگەڵ زوبەیری كوڕی عەوامدا لەسەر خەلافەتو جێنشینی، واتە: حەجاج هەڵوێستەكەی سەعیدی (لەپەیماندانەكەیدابەزوبەیر) وەك هەڵگەڕانەوەیەكی سیاسی لێكدایەوە كە سزاكەی بریتی بێت لەكوشتن، هەموانیش دەزانن كە بەیعەو پەیماندان بە زوبەیریش پێش بەیعەدان بوە بە مەروانی كوڕی حەكەمو عەبدولمەلیكی كوڕی، واتە: زوبەیر لەپێش ئەوانەوە بوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەروانو عەبدولمەلیك چونكە پێگەیان بەهێز بوە، كەس نەیتوانیوە بە تۆمەتی هەڵگەڕانەوەو (ردة) بیانكوژێت، ئەوەی جێگە سەرسوڕمانە ئەوەی كە ڕویدا تەواو پێچەوانەی ئەو بنەمایانە بوە كە باس دەكرێت لەگێڕنەوەكاندا. واتە: پێویست بو جەنگو كوشتارو بە ڕوداوەستانەوە لەگەڵ مەروانو عەبدولمەلیكدا بكرێت، نەك لەگەڵ زوبەیردا، چونكە لە گێڕانەوەكاندا هاتوە كە پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەگەر لەیەك كاتدا دوكەس بەیعەو پەیمانیان لە خەڵك وەرگرت ئەوا دوەمیان بكوژن.

کەواتە: دەگەینە ئەو ئاکامەی لەم بابەتەدا هەڵگەڕانەوە لەبیروباوەڕ هەیەو ئەم هەڵگەڕانەوەیە بە هەڵگەڕانەوە لەئاین دادەنرێتو هەڵگەڕانەوەی سیاسیش هەیە کە هیچ چەشنە پەیوەندیەکی نەبە ئاینو نەبە ئیسلامو نەبە باوەڕو ئیمانەوە نیە، بەڵام بەداخەوە ئەم دوو چەمكو ئەم دوو دەستەواژەیە لەخەیاڵدانو بیری عەرەبی ئیسلامیداو لەکەلتوری سیاسیدا تێکەڵ بەیەك کراون، تا وای لێهاتوە مرۆڤی عەرەبی موسڵمان ئەم دوو چەشنە هەڵگەڕانەویە هەردوکیان بەیەك شتو یەك بابەت دەزانێت.

## هەڵگەڕانەوەو پاشگەزبونەوە لەئیسلام:

پێشتر وتمان لانی کەمی ئیسلام بریتیە لەباوەڕبون بە خوایەتی خواوەندو باوەڕ بون بە ڕۆژی دوایی، ئەم بابەتە گفتوگۆو بەراورد هەڵناگرێتو یەکلایە، ئەم باوەڕبوونەش ئەو کردەوە چاکەو ئەو بەهاو قیەمە بەرزانەیە کە بە یاسای ڕەوشتی دادەنرێنو بە هاتنی نوح پێغەمبەر (س.خ) دەستیان پێکردو بە هاتنی موحەمەد پێغەمبەریش (د.خ) کۆتاییان پێهات، هەروەها بریتیە لەو ئاینەی کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیداو خواوەند ڕازی بو کە ئەو ئیسلامە، ئاینی خەڵکی بێت بەگشتی، ئەم ئاینەش لەدوا قۆناغیدا ئەو ئاینەیە کە دەرگای بە ڕوی قەدەغەکراوو(محرّمات)دا داخستو لەدوای هاتنی کۆتا پەیامی ئاسمانیەوە ئیدی قەدەغەکراوو(حرام)زیاد ناکرێت، بەڵام لەدوای ئەوەوەو بە بەردەوامی فەرمانکردن بەچاکەو ڕێگیری کردن لەخراپە، بەو پێیەی کە کۆمەڵگا پێویستی بێتو لەڕێگەی دامەزراوەکانی یاساداناو دامەزراوە شارستانیەکانەوە بەردەوام دەبن، ئەم ڕەوشەش ئەمڕۆ لەناو زۆربەی دانیشتوانی گۆی زەویدا بڵاوەو پەیڕەو دەکرێت، بۆیە ئێمە وا دەڕوانینە هەڵگەڕانەوە لەئیسلام کە ئەم ئاستانەی لای خوارەوەی هەیە:

أ. **ئاستی بیرو باوەڕو عەقیدە**: بریتیە لەباوەڕ بەخواوەندو بە ڕۆژی دوایی. بە پاشگەز بونەوەش لەم باوەڕە مرۆڤ دەبێتە(مجرم)ێك كە پەیوەندی لەگەڵ خواوەنددا دەپچڕێنێتو نوكوڵی لەبونی خواوەندو بەرپابونی ڕۆژی دوایی دەكات، ئەم چەشنە كەسانە لەم ڕۆدا پێیان دەوترێت(مُلحِد)ئەو كەسە ئەم كارەی سەرەوەی كرد، یاخود چوەناو بەناو ئاینێكی تری بتپەرستیەوە كە دور بێت لەیەكتاپەرستیو(توحید)یان بە واتایەكی تر لەشایەتیدانی(لا إله إلا الله)دەرچو، دوای ئەمە ئیتر شایەتی بداتو دانبنێت بە پەیامهێنەریو پێغەمبەرایەتی موحەمەددا یاخود نەینێت هیچ بایەخێكی نیە.

لەم ئاستەدا و لەم بوارەدا مرۆڤ تەواوی ئازادیو سەربەستی بۆ هەیەو ئازادە، دەبێتە موسڵمان یاخود دەبێتە (مجرم)و(مُلحِد)و كەس بۆی نیە زۆری لێبكاتو ناچاری بكات، چونكە ئەمە ئاستێكی تاكە كەسیەو هیچ مۆركێكی كۆمەڵایەتی لەخۆناگرێت.

ئەو كەسە هەڵگەڕاوەیەش مافی ئەوەی هەیە كە بێ باوەڕبونی خۆی لەڕێگەی هۆكارە ئاشتیانەكانی بەردەستیەوە ڕابگەیەنێت.

ب. **ئاستی كرداری**: بریتیە لەكردەوەی چاكەو یاسای ڕەوشتی، پاشگەزبونەوەو هەڵگەڕانەوە لەم چەشنەو لەو ئاستەدا لەخانەی سەتەمەكاندایە، چونكە هەرگیز هیچ مرۆڤێك ناتوانێت فەلاقەو لێدانی باوكی بكات، یاخود داوێن پیسی بە ئاشكرا بكات، یاخود داوا بكاتو بانگەوازی كۆمەڵگە بكات بۆ فێڵبازیو ناپاكی كردنو چاوبەس كردنی كڕیارو فرۆشیار، یاخود بانگەوازی كۆمەڵگەكەی بكات بۆ شایەتیدانی ساختەو ناڕەوا، یاخود داوایان لێبكات هەستن بە باسكردنی پشتەملەو قسە هێنانو قسە بردنو كوڵەگرتن لەیەكترو جاسوسی كردن بەسەر یەكترەوە،

ئەگەر لەقۆناغێکیشدا کەسێك دابەزێتە ئەم ئاستە نزمەوە، ئەوکات کۆمەڵگەو تاکە بە ئەمەکەکانی ناو کۆمەڵگا خۆبەخۆو بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم کەسە سەر بەکام ئاینو پەیڕەوی چ دەستەو تاقمێکە، دەستی دەگرنو سنورێکی بۆ دادەنێنو بەو پێیەی کە شێتەو تێك چوەو کاری(إجرام)و تاوانی قورسی دەرهەق بە کۆمەڵگەکەی کردوە، دەیخەنە نەخۆشخانەی دەرونیەوە.

لەم ئاستەدا پێویستە باوەڕداران بە هاوکاری لەگەڵ تەواوی جیهاندا هاوکارو پیشتوان بن بۆ بەرپێگرتنو سنوردانان لەم چەشنە هەڵگەڕانەوەیە.

لێرەوەو بەو پێیەی کە ئیسلام بریتیە لەچەند بەهاو بنەمایەکی بەرز، کەپەیوەندی ناو کۆمەڵگەو پەیوەندیە مرۆڤانەکانی ناو کۆمەڵگە ڕێك دەخەنو مافی مرۆڤیش بەشێکە لەو بەهاو پرەنسیپە بەرزانەو ڕاو ڕای بەرانبەر هەڵدەگرێت، بۆیەئەگەر ئیسلام بریتی بێت لەو بەهاو پرەنسیپە بەرزو باڵایانە، لەم ڕوانگەیەوە کەواتە: هەڵگەڕانەوە لەو ئیسلامە ئەستەمەو لەخانەی(مستحیلات)دایە.

ج. **ئاستی یاسادانان:** بەو پێیەی کە یاسادانانو(تشریع)ی ئیسلامی یاسایەکی شارستانی مرۆڤانەیە لەچوارچێوەی سنورەکانی خواوەندا، بۆیە چەندە گەلان پێشکەوتنو زیاتر بەرەو شارستانیەت بچن ،ڕاستەوانە لەو یاساو تەشریعە نزیك دەکەونەوە کە ئیسلام دای ڕشتوە وەك ئاینێکی ئاسمانی کە هەردەم ئامادەی گونجانو گەشە سەندنە، دەوڵەتی پەرلەمانی ڕاستەقینەش لەیاساکانیدا نوێنەرایەتی ئەو ئیسلامە جوانو گەشە سەندوە دەکاتو دەکرێت لەوڕێگەیەوە ئیسلام وەك خۆی جێبەجێ بکرێت.

**هەڵگەڕانەوەو پاشگەز بونەوە لەباوەڕ** (الردة عن الإيمان):

کاتێك لەبارەی ئیسلامو ئیمانەوە نوسیمان، لـەوێ ڕونمـان کـردەوە کـە ترۆپکـی پایەکانی ئیسلام شایەتیدانو ڕاگەیاندنی(لا إله إلا الله)ەیە، هەروەها ڕونمان کردەوە کـە ترۆپکی(إیمـان)و بـاوەڕیش، شـایەتیدانی ئەوەیـە کـە موحەمـەد پەیامهێنـەری خواوەندەو، ئەم بۆچونەشمان لەوێوە سەرچاوەی گـرت کـە سـەرنجی دابـەزێنراوی بەجێ دەدەین دەبینـین، لەچـەند ئایەتێکـدا پێغەمبـەران(نوح، ئیـبراهیم، یـەعقوب، موساو عیسا س.خ) بە باوەڕداران‌و (مؤمنین)ناودەبات.

لەدابەزێنراوی بەجێدا چەند سورەت هەیە کە بە تـەواوەتیو بەتایبـەتی بـاس لـەبارەی تەنها باوەڕداران (المؤمنین)ەوە دەکەن، وەك سورەتەکانی(محمد، الأنفال).

هـەر لـەم پێگـەو ڕوانگەیەشـەوە بـوو کـە وتمـان جولەکایـەتیو گاورایـەتی (الیهودیـة والنصرانیة) دەستەو تیرەو (ملل)ن‌و ئاین نین، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئـەم ئایەتەیـە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ﴾ البقرة/١٢٠.

واتە: جولەکەو گاورەکان لێت ڕازی نابن تا پەیڕەوی لە(ملە)و دەستەکەیان نەکەیت.

ئەو کەسەش واز لەشوێن کەوتویی موحەمەد دەهێنێت (کە پەیامەکـەی موحەمـەد ئـەو پەیامو دەسـتە گەشـەیە کـە درێـژە پێـدەری پـەیامی پێغەمبەرانە)ئـەو کەسـەی واز لـەم پەیامە دەهێنێت و پەیوەندی دەکات بە یەکێك لەدەستەو (مِلَل)ەکانی ترەوە لەجولەکـەو گاورو لەسـەربیروباوەڕی یەکتاپەرسـتی دەمێنێتـەوە، ئـەوا ئەوکەسـە بـەو کـارەی تـەنها لەبازنـەی بـاوەڕ(الإیمـان)دەردەچـێت‌و مـافی خۆیـەتی پابەنـدیی بـۆ چ شـەریعەتێك هەڵدەبژێرێت، بەڵگەی ئەم بابەتەش ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿قُـلْ يَاأَهْـلَ الْكِتَـابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَـا يَتَّخِـذَ بَعْضُـنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ آل‌عمران/٦٤.

واتـە: بڵـێ ئـەی پـەیڕەوانی پـەڕاوە ئاسمانیەکـە، وەرن بـا لـەبارەی چـەمکێکی هاوبەش لەنێوان ئێمەو ئێوەدا کۆببینەوە، ئەو چـەمکە هاوبەشـەش بریتیـە لـەوەی کە هیچ پەرستراوێك بێجگە لەخواوەند نەپەرستین‌و هیچیش نەکـەین بـە هـاوەڵی‌و لـەنێوان خۆشمانـدا بێجگـە لەخواوەنـد کەسـی تـر نەکەینـە پـەروەردگاری خۆمـان، ئەگەر ملیان نـەداو بـەدەم داواکەتـەوە نـەهاتن، بڵـێن: دەی بەشـایەتتان دەگـرین‌و شایەتی بدەن کە ئێمەش موسڵمانین.

(بە واتایەکی تر بزانن ئێمە لەسەر ئەو ئاینە سەرانسـەریە بـەردەوامین کـە ئـاینی ئیسلامە).

لەڕوانگەی ئەم ئایەتەوە ئەم سەرنج‌و ئاکامانەمان هەیە:

أ. گوتارەکە گوتاری سەردەمی موحەمەدی پەیامهێنـەرەو ئاراسـتەی پـەیڕەوانی پەڕاوی ئاسمانی لەجولەکەو گاورەکان کراوە.

ب. یەکتاناسی بە مەرج گرتوە، هەم بۆ خۆیان‌و هەم بۆ ئەوانیش.

ج. هیچ کەس نەکەنە خاوەن و پەروەردگاری خۆیان لەنێوخۆیاندا.

ء. ئەگەر ملیـان نـەدا بـە داواکـەو ڕازی نـەبون بـێن لەسـەر چـەمکی یەکتاناسـی لەگـەڵ باوەڕدارانـدا کۆببنـەوەو پێکـەوە بـژین، ئـەوا پێغەمبـەر داوایـان لێـدەکات‌و بەشـایەت دەیانگرێـت لەسـەرئەوەی کـە ئـەو پێغەمبـەری خواوەنـدەو خـۆی و پەیڕەوانی پەیامەکەشی لەڕیزو خانەی موسڵماناندان.

پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە کـە: بۆچـی داوای لێکـردن گـەواهی‌و شـایەتی بـدەن کـە موحەمـەدو پـەیرەوانی پەیامەکـەی موسـڵمانن، وە ئایـا موحەمـەد چ پێویسـتی بـە شایەتیدانەی ئەوان بو..؟

لەوەڵامدا دەڵێین: چونكە پێغەمبەر باوەڕی وابو كە ئەوانیش موسڵمانن‌و خۆی و پەیڕەوانیشی وەك ئەوان موسڵمانن، لەوێوە داوای لێكردن باوەڕ بهێنن‌و بێنە ناو بازنەی(إیمان)ەوەو پارێزگاری لە یەكتاناسیەكەیان بكەن.

ئەگەر لەگۆشەیەكی سیاسی ڕوتەوە سەرنجی بانگەوازەكەی موحەمەد بدەین، دەبینین كە موحەمەد سەرەڕای ئەوەی وەك پەیامهێنەرێك هەستاوە بە ئەركی گەیاندنی پەیامی پەروەردگاری، توانیویشیەتی وەك پێغەمبەرێك بە هاوكاری باوەڕدارانی یارو هاوەڵی دەوڵەتێكی ناوەندیش بونیات بنێت كە پایتەختەكەی شاری یەسرب، یاخود شاری مەدینە بێت، لەدو توێ‌و چوارچێوەی هاونیشتمانی بونیشدا ئەم دەوڵەتە توانیویەتی باوەڕداران‌و گاورو جولەكەو خەڵكانی تریش لەژێر چەتری هاونیشتمانی بوندا لەئامێز بگرێت و كۆیان بكاتەوەو بیانپارێزێت، ئەم كردارەی پێغەمبەرو هاوەڵەكانی قەڵەمبازێكی مێژویی بو كە توانی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت بەسەر ئەو شارەو ناوچەو هۆزەكانی دەوروبەریشیدا، ئەم كردارەو دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بەشێوەیەك بو كە عەرەبەكان لەمێژویاندا كاری لەم چەشنەیان نەبینی بو، شتێكی سروشتیش بو كە سەرۆكایەتی‌و ڕابەرایەتی‌و دەسەڵاتیش تەنها لەدەستی دامەزرێنەرەكەیدا بێت كە بریتی بو لەپێغەمبەرو یارانی، هەر لەم ڕوانگەیەوە بو، پاش كۆچی دوایی پێغەمبەر دەستەواژەی(أمیر المؤمنین)هاتە گۆڕێ‌و لەبەرانبەریشەوە دەستەواژەی(بیت مال المسلمین) هاتە ئاراوە، بۆ ئەوەی ئاماژە بێت كە دەسەڵات‌و سەركردایەتی‌و ڕابەرایەتی كۆمەڵگە لەم دەوڵەتەدا هی باوەڕداران‌و پەیڕەوانی موحەمەدەو، لەبەرانبەریشەوە خەزێنەی گشتی‌و(بیت المال)هی هەموو هاونیشتمانیانە بەگشتی‌و بە یەكسانی، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات كە عەرەبەكان لەسەرەتای سەرهەڵدانی بانگەوازی

پێغەمبەرایەتیەوە جیاوازییان نەدەکرد لەنێوان پێغەمبەرایەتیو پاشایەتیداو لێیان تێکەڵ دەبو، بەلاّم پێویستە ئاگامان لەوەبێت کە موحەمەد پێغەمبەر بوەو دوربوە لەپاشایەتی[1].

هەر لەچوارچێوەی ئەم چەمکەدا، لەکەلەپورماندا هەیە کە پێشەوا عەلی لە خەزێنەی گشتی(بیت المال)یارمەتی جولەکەو گاوری داوە، هەروەها لەمێژودا هەمانە کە ئەبوزەری غەفاری نەیاریو ڕەخنەی گرتوە لەموعاویە کاتێك کە موعاویە ویستویەتی ناوی گەنجینەی گشتی(بیت مال المسلمین)بگۆڕێت بۆ(مالُ الله).

هەر لەمبارەیەوەو لەچوارچێوەی هەمان چەمكو تێگەیشتندا، بۆ نمونە: لەبەریتانیا دەبینین کە دەسەلاّت لەدەس حزبی کرێکاراندایە بە سەرۆکایەتی تونی بلێر[2]، بەلاّم دارایی و گەنجینەی گشتی بۆ هەموو گەلی بەریتانیایە بەحیزبی کرێکارانو هەموو پێکهاتەکانی تری گەلی بەریتانیاوە.

لەم سەردەمەداو لەولاّتە دیموکراسیەکاندا تاکە ڕێگە بۆ گرتنە دەسی سەرۆکایەتی ولاّت، پەیوەندی کردنە بە یەکێك لەو حیزبانەوە کە لەو ولاّتانەدا لەناوکایەی سیاسیدانو دواتر هەوڵدان بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی ئەو حزبە بگرێتە دەستو دواتر هەوڵدان بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنێکدا حیزبەکە پلەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە بەدەست بهێنێت.

بەلاّم تاکە ڕێگەیەك بۆ گرتنەدەستی دەسەلاّت لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا و لە بیری ئیسلامیدا کە خۆی خزاندوەتە خەیاڵدانو پاشخانی بیری سیاسی عەرەبیو

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە سەیری کتبی (الخلافة الإسلامية) بکە لەنوسنی(المستشار محمد سعيد عشماوی)ەو بەشێوازێکیو وردو زانستی ئەم بابەتەی تاوتوێ کردوە.

(٢) کاتێك نوسەر ئەم بابەتەی نوسیوە(تۆنی بلێر) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوە (وەرگێر).

ئیسلامیەوە، بریتیە لەوەی كەلافی پێغەمبەرایەتی لێبدەیتو سەربەخۆیی دارایی لەكۆكردنەوەو بەخشینیماڵو ساماندا بەدەس بهێنیت، تا بەرەبەرە هەوڵی خۆ قوتار كردن لەدەوڵەتی ناوەندی بدەیت، ئەمەش بەتەواوەتی لەسەردەمی ئەبوبەكر سدیقدا ڕویداو ئەوجەنگانەش كە ناونراون بە جەنگی هەڵگەڕاوەكان(حروب الردّة)هەر لەو پێناوەدا بەرپابون.

لێرەوە بوو تێگەیشتی مێژویی بۆ سەرانەو(جزیە)، سەری هەڵدا كە سەرانەو (جزیە) بڕە پارەیەك بو هاونیشتمانیانی تر دەیان دایە دەوڵەت، چونكە داهات لەو دەوڵەتەدا كە بە زمانی ئەم سەردەمە پێی دەوترێت(میزانیە) لەهاونیشتمانیان كۆدەكرایەوە بە باوەڕداران و كەسانی تریشەوە، باوەڕدارانو پەیڕەوانی پەیامی موحەمەد خەیرو زەكاتیان دەبەخشیە دەوڵەتو هاونیشتمانیانی تریش لەبەرانبەر ئەم خەیرو زەكاتەوە سەرانەو(جزیە)یان دەبەخشیە خەزێنەی گشتی كە ناوی خانەی دارایی موسڵمانان(بیت مال المسلمین)بو.

ناوی(أمیر المؤمنین)یش لەو سۆنگەیەوە ناونرا كە بەرزترین پلەو پێگەی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنو یاسا دانان بو لەهەرەمی دەسەڵاتدا، ڕونە كە لەم دەوڵەتەدا ئەركی دامەزراندنو بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لەئەستۆی باوەڕدارانو پەیڕەوانی موحەمەددا بو، بەڵام لەهەمان كاتدا خانەی داهاتی موسڵمانانو خەزێنەی گشتی(بیت مال المسلمین) لەناو هەموو هاونیشتمانیاندا كۆدەكرایەوەو بەبێ جیاوازیش خەرج دەكرایەوە بۆ هەموو هاونیشتمانیان بەپێی پێداویستیانو لەپرۆژە گشتیەكاندا كە بەرژەوەندی گشتیان تێدابو خەرج دەكرایەوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە بو كە ناوێكی گشتی لێنراوەو تایبەتو قەتیس نەكراوە تەنها لەباوەڕداراندا.

ئەتوانین لەم سەردەمەدا سەرنجی ئەو ڕاستیە بدەین کە(میزانیە)ی دەوڵەت بە یەکسانی و دادپەروەرانە لەڕێگەی باجەکانەوە لەهەموو هاونیشتمانیان بەبێ جیاوازی کۆدەکرێتەوە، بەڵام ئەو خەیرو خەیراتەی کە باوەڕداران دەیکەن، ئازادنو ئەتوانن بەپێی دڵخوازی خۆیان بیبەخشنو لەو بوارانەدا خەرجی بکەن کە خۆیان باوەڕیان پێیان هەیە(بە مەرجێك زیان لەبەرژوەندی گشتی نەدەن)بەهەمان شێوە هاونیشتمانیانی تریش پەیڕەوی هەر شەریعەتو (مِلّة)یەکی تر بن ئەوانیش ئازادن بەبۆچونی خۆیان بەخشین بکەن(دیسانەوە بە مەرجێك کە زیان لەبەرژەوەندی گشتی نەدەن).

لێرەوە تێدەگەین کە تێگەیشتن لە سەرانەو(جزیە)تەنها تێگەیشتنێکی مێژویی ڕوتەو لەئەمڕۆداو لەم سەردەمەدا ناگونجێت بیخەینەوە بەرباس، چونکە ئەو باجانەی کە بە دادپەروەریو بێ جیاوازی لەهەموو هاونیشتمانیان وەردەگیرێت، جێگەی ئەوەیان گرتوەتەوە کە ئەوسا دەوڵەت بەناوی سەرانەو خەیرەوە لەهاونیشتمانیانی وەردەگرت.

بۆیە هەرکەس لەم سەردەمەدا باس لەوەرگرتنی سەرانەو(جزیە)بکات، گوایا لەهاونیشتمانیانی نا موسڵمان و ناباوەڕدار وەربگیرێت، ئەوا بە دڵنیایەوە باس لەخەونو خەیاڵو خەیاڵ پڵاو دەکات، چونکە شێوازو بونیادی داهاتی نەتەوەیی دەوڵەت بە تەواوی گۆڕاوەو یەکێك لەئاکامەکانی ئەو گۆڕانەش جیاکردنەوەی ئەو خەیرو بەخشینانەیە لە خودی داهاتی نەتەوەیی، لەبەرانبەریشەوە داواکردنی موسوڵمانان بۆ ئەوەی موسوڵمانانی ناباوەڕدار سەرانەو(جزیة)بدەن هیچ پاساوو بیانویەکی نیە، چونکە خودی ئەو(جزیة)یەی کە ئەوان باسی دەکەن بریتیە لە ئاماژەو(دال)ێکی مێژویی کە واتای خۆی لەدەست داوەو باوی نەماوەو ئێستا

یاسای باجە گشتیەكان جێگەی ئەوی گرتوەتەوە، هەر هەوڵێكیش بۆسەپاندنی ئەو تێگەیشتنە چەوتەو هەوڵ دان بۆ هێنانەوە كایەی، بێجگە لەوە كە هەوڵەكانی بێئاكام دەمێننەوەو دەبێتە هۆكاری خوێن ڕێژیو بشێوی، هیچی تری لێناكەوێتەوە.

باوەڕداران‌و پەیڕەوانی موحەمەد لەڕوی سیاسیەوە بریتیی بون لەحزبێكی سیاسی بەسەرۆكایەتی پێغەمبەر (د.خ) هەموو ڕەهەندو لایەنە ئایدۆلۆجیە پێشكەوتن خوازەكانی لەسەر ئاستی ئەو سەردەمە لەخۆگرتبو، سەركردەو كەسە دیارەكانی ناو كۆچبەران‌و پشتیوانانیش بەپێی بەرواری پەیوەندیكردنیان‌و باوەڕهێنانیان بە پێغەمبەر، ڕۆڵی بنەڕەتیو دامەزرێنەرانی ئەو حزبەیان دەبینی، ئەو پێشینەی پەیوەندیكردنەش دواتر وەك حزبێكی ڕێكخراو لەوەرگرتنی پلەو پۆستەكاندا حسابی بۆ دەكراو بەهەمان شێوە لەدابەشكردنی دەسكەوتەكانی جەنگیشدا لەبەرچاو دەگیرا.

پێك هێنانی ئەم حزبەو ڕێكخستنی ئەوكارانە بەو شێوەیە، خۆی لەخۆیدا كارێكی ناوازە بوو كە توانرا لەناو كۆمەڵگەیەكی خێڵەكیدا بكرێت، بەلاَم پاش كۆچی دوایی پێغەمبەر بەزویی ڕامالڕاو پێچرایەوە.

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەم بابەتانەدا بەشگتی، دەبینین كە ئاگایی سیاسی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر دو پێگە وەستاوە:

**یەكەم:** هەركەس بیەوێت دەوڵەتێك دابمەزرێنێت‌و خۆی ببێتە سەرۆكی ئەو دەوڵەتە(وەك پێغەمبەر)پێویستە سەرەتا هەوڵ بدات تا بە حیسابی خۆی، خۆی بكاتە پێغەمبەرو لەوێوە كار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەكەو ئامانجەكانی بكات.

**دوەم:** هەرکەسیش دەیەوێت ببێتە کار بەدەست، ئەوا پێویستە چاوەڕێبێت تاوەکو جیلو نەوەی یەکەم بڕۆن، چونکە دەوڵەتەکە یەکەم جار لەسەرشانی ئەوان دامەزراوە.

ئەم دوخاڵە بەتەواوەتی کاریگەربونو ڕویانداوە لەمێژوی عەرەبیی ئیسلامیدا.

هەواڵەکانی کە باس لە ئەسوەدی عەنەسیو تولەیحەو موسەیلەمە دەکەن، بەڕونی خاڵی یەکەممان بۆ نومایان دەکەن، کە چۆن لەڕێگە لاف لێدانی پێغەمبەرایەتیەوە کاریان کردوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتو دابەشکردنی دەسەلاتو دەوڵەت، هەروەها بۆمان ڕون دەبێتەوە کە بابەتەکە هەر لەبنەڕەتەوە پەیوەندی نیە بەئاینو باوەڕو شتی لەو بابەتەوە، بەڵکو هەڵگەڕانەوەیەکی سیاسی جودا خوازانە بوەو پێغەمبەرو دواتریش ئەبوبەکر بەناچاری دەستیان داوەتە جەنگو ڕوبەڕو بونەتەوە لەگەڵیاندا.

سەبارەت بەخاڵی دوەمیش، باوەڕدارە پێشینەو پێشەنگەکان بەسەرۆکایەتی موحەمەد، هەستان بەدامەزراندنی دەوڵەتێك لەشاری مەدینە(یثرب)داو دواتر ئەم دەوڵەتە توانی شاری مەکە، کە بەناوەندی هێزە بەرهەڵستکارەکان دەهاتە ئەژمار، ئازاد بکاتو بیخاتەوە ژێر ڕکێفی باوەڕداران، وەك هەر حزبێکی سیاسی کە دەسەلات دەگرێتە دەست، ئەم دەوڵەتەش هەوڵیدا نەیارەکانی لاواز بکات، بۆیە: بەماوەیەکی کورت پێش ئازاد کردنی شاری مەکە، چەند کەسێکی هەل پەرستی وەك ئەبوسوفیانو عەمری کوڕی عاسو کەسانی تریش دەستیان کرد بە پەیوەندی کردن بەئاینی حزبە تازەکەوە، بەلام بونی جیلو نەوەی یەکەم کە خاوەنی پێشینەی مێژوییو خزمەتی ڕێکخستنو ئەندامێتی دێرین بون، ڕێگەی نەدا بەئەندامە تازەکان تا بگەنە ئەو ئامانجانەی کەبۆی هاتبون.

ئەگەر سەرنج بدەین ئەوكارە بۆ موعاویەش مەیسەرو ئاسان نەبو، تا سەرانی جیلی یەكەم(كە لەچوار خەلیفەو جێنشینەكەی پێغەمبەردا نومایان دەبون) نەڕۆیشتن.

لێرەوەیە كە ئێمە وای بۆ دەچین هەڵگەڕانەوەی ڕاستەقینە ئەستەمەو هەرگیز ڕونادات، ئەگەر لەسەر ئاستی تاكە كەسیش ڕوبدات سزاكەی كوشتن نیە، بەڵكو ئەو چەشنە هەڵگەڕاوەیەی كە سزاكەی كوشتن‌و جەنگو ڕوبەڕو بونەوەیە، تەنها بریتیە لەو هەڵگەڕانەوە سیاسیەی كە بە كرداری فیزیكی، هەوڵی دولەت كردنی ڕیزی موسڵمانان‌و زەوت كردنی دەسەڵات‌و تاكڕەوی دەدات‌و هەوڵ دەدات بەشێك لەدەوڵەت دابڕ بكات‌و هەڕەشە لەیەكپارچەیی سەرزەمینەكانی دەوڵەتە ناوەندیەكە دەكات.

داتاشینی ئەم چەمك‌و ئەم تێگەیشتنە سیاسیە بۆ هەڵگەڕانەوەو(ردّة)كە دواجار خوێن ڕشتنی لێدەكەوێتەوە، بە درێژایی مێژو لەهەمو سەرزەمینێكدا بونی هەبوە، نەك ئەوەی كە بڵێین: تەنها لەیەكەم دەوڵەتی ناوەندی عەرەبیدا بونی هەبوبێت، بۆ نمونە: لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا كاتێك باشور بڕیاری جیابونەوەی لەباكوردا، حكومەتی ناوەندی ئەو دەم، بە سەرۆكایەتی(لنكولن)ڕێگەی بەو كارە نەداو لەئاكامدا جەنگ بەرپابو، یەك ملیۆن‌و نیو كوژراوی لێكەوتەوە، بیانوی ئەم هەموو جەنگو كوشتارەش ئەوەبو كە دەوڵەت ڕێگە بە هەڵگەڕانەوەی سیاسی نادات، چونكە لەو ڕێگەیەوە بەشێك لەجەستەی دەوڵەت دادەبڕێت‌و دەوڵەتێكی تر لەنزیكیەوە دروست دەبێت.

بەڵام بەچاوی خۆمان دەبینین كاتێك گاورێك باوەڕ بە پەیامەكەی موحەمەد دەهێنێت، هەرگیز دەوڵەت دەست وەرناداتە ئەو كارانەوە، بەڵام ئەگەر ئەو تاكە

کەسانەی کە باوەڕ دەهێنن بە پەیامەکەی موحەمەدو دەبنە پەیڕەوی شەریعەتەکەی لەیەکێك لە ولایەتەکانی ئەمریکادا کۆببنەوەو بڕیاری جیابونەوە لەدەوڵەتی ناوەندی بدەن، ئەوا ڕاستەوخۆ دەوڵەت بەهێز بەرەنگاریان دەبێتەوەو ناهێڵێت ئەو کارە بکەن، بەهەمان شێوە ئەگەر کەسێك، لەژێر هەر دروشمێکدا بێت، بیەوێت شاری حەلەب جیابکاتەوەو دای ببڕێت لەجەستەی وڵاتی عەرەبی سوریا، ئەوا جەنگو کوشتاری واجبو پێویستە، چونکە ئەو چەشنە هەڵگەڕانەوەیە، هەڵگەڕانەوەیەکی سیاسی لێ دەکەوێەوەو سەردەکێشێت بۆ دابڕکردنی چەند ناوچەیەكو پارچە بونی خاکی وڵات، جیابونەوەش لەنێوان[٣]، سوریاو مسردا ڕویدا ساڵی لە(١٩٦١)دا، ئەو جیابونەوەیە خۆی لەخۆیدا هەڵگەڕانەوەیەکی سیاسی بو، هیچ پەیوەندیەکی نە لەدورو نە لەنزیکەوە نەبو بە ئاینەوە، هەڵگەڕانەوەی سیاسیش ئەوە دەخوازێت کە بەهێز دەوڵەت ڕوبەڕوی ببێتەوەو دواجار بۆی هەیە ڕوبەڕوبونەوەکە ئاکامی ببێتو ڕێ لەهەڵگەڕانەوەکە بگرێتو دەشگونجێت بێ ئاکام بێت، لەوکاتەدا سەرۆك جەمال عەبدولناسر مافی خۆی بوو ئەگەر بەهێزی سەربازی ڕوبەڕوی جیابونەوەکە ببوایەتەوە، بەڵام سەرۆك ئەو کارەی نەکردوو جیابونەوەکە سەری گرت.

هەروەها کاتێك باشوری یەمەن ویستی لەباکور جیاببێتەوە، ئەم کارەش هەڵگەڕانەوەیەکی سیاسی تەواو بو، سەرۆکی ئەوکاتەی یەمەن دەستێوەردانی کرد بۆ ئەوەی نەهێڵێت جیابونەوەکە سەربگرێت، بەڵام چونکە جوڵانەوەکە جوڵانەوەیەکی جودا خوازانەو بە تەواوی مانا هەڵگەڕانەوەی سیاسی بو، جیابونەوەکە سەری گرت.

---

(٣) جێگەی سەرنجە بۆچی نوسەر شاری(حلب)ی وەك نمونە هەڵبژاردوە..؟ بڵێی شۆڤێنیەتی عەرەبی ڕەگو ڕیشەی لەنەستی ئەم پیاوەشدا هێشتا هەر مابێت..؟ چونکە زۆرێك لەناوچە کوردیەکان لەڕۆژئاوای کوردستان، دەکەونە سنوری پارێزگای(حلب)ەوە..!!.

ئەوەی جێگە سەرنجەو مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە كە لـەمڕۆدا ڕاو بۆچـونەكەی عومـەری كـوڕی خـەتاب پیـادە دەكرێـت، چـونكە ئەوانـەی لەبەخشـینی زەكـات پەیشـیمان بونـەوە، ئێسـتا زەكاتـەكانیان نـادەن بەدەوڵەتـە ناوەندیەكـەو دەڵـێن: زەكاتو خەیرو خەیراتەكەمان دەدەین بە خزمو كەسەكانمان لەهۆزەكـەی خۆمـان، دوای بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی دارایـــیش هەڵگـــەڕاوەكانی ئـــەودەم، پێغەمبەرایەتیان ڕاگەیانـد بـۆ چەسـپاندنی جیابونـەوە سیاسـیەكەیانو بەوهۆیـەوە جەنگو كوشتاری لێكەوتەوە.

ئێستاش لەدونیادا دەوڵەت كاری بەزەكاتـەوە نیـەو قسـەی تێدا ناكـات، چـونكە بوجە ساڵانەكەی لەڕێگەی باجەكانەوە دابـین دەكـاتو خـەڵكیش زەكاتـەكانیان بـە دڵی خۆیان دەدەن بە هەركەسێك كە خۆیان حەزیان لێ بێت.

ئەوەش كە لەم سەردەمەدا هەندێ كـەس دەیكـەن لـەفراوانكردنی بازنـەی(ردّة)و بەشێوازێكی ئەوتۆ كە دەڵێن: هەركەس بە ئەنقەست نوێژی نەكرد، یـاخود كەسـێك قسەیەكی تازەی كرد كە لەكەلەپوردا نـەبێت، یـاخود بـۆ چـونە تازەكـە نـەگونجێت لەگەڵ قسەی ئەو كەسانەدا كە خۆیان بـە پاسـەوانی عـەقڵی خـەڵكی دەزانـن، ئـەوا ڕاسـتەوخۆ ئـەو كەسـانە دەكوژرێنـەوە بـە بیـانوی ئـەوەی گوایـا هەڵگەڕاونەتـەوە لەئاین، ئەم كارە بەلای ئێمەوە نـە لەئیسـلامو نـە لەئیمانیشـدا جێگـەی نابێتـەوەو هیچ بایەخێكیشی نیە لە لامان.

بەڕای ئێمـە ئـەم كـارە لەخانـەی ئـەو دیـوانی زەندەقەدایـە كـە ئـەبو جەعفـەری مەنسورو مـەئمون دایانمەزرانـدو لـەژێر ناونیشـانو مانشـێتی (الزندقـة و الـردّة) لـەو خانەیەدا بە دەیان هەزار سەری نەیاران پەڕێنرانو لەناوبران.

ئەوەی جێگەی داخـە لەئەمڕۆشـدا لەلایـەن كەسـانێكەوە ئـەم دەسـتەواژەیە بـەكار دەهێنرێت (كە خۆیان هەڵگەڕاوەن)و بەبێ ئـەوەی بـزانن كێنـو چـیان كـردوە، ژنو منداڵو پیرو پەكەوتە دەكوژنو، تا ئەمڕۆش كەسێك نابینین كە بوێرانە پێداچـونەوە بكات بەدەستەواژە فیقهیەكاندا، لەوانەش دەستەواژەی (ردّة).

ئێمە وا دەبینین هەر مرۆڤێكی گاور لەئەمریكا بێت یاخود لەفەرەنسا، دەتوانێت باوەڕ بەپێغەمبەرایەتی موحەمەد بهێنێتو هەڵگەڕانەوەی خۆی لەبیروباوەڕە پێشوەكەی ڕابگەیەنێت، بەبێ ئەوەی كەس تەنانەت دەس بۆ تاڵەمویەك لەسەری بباتو، ئازادی تەواوی هەیە تا ئەوكاتەی پابەند بێت بە بەها باڵا گشتیەكانەوەو ڕەفتاری نەگۆڕێت لەگەڵ خەڵكداو بەرانبەر بە دەوڵەتو نیشتمانەكەی كە تیایدا دەژیو یاسا پەیڕەو كراوەكان بپارێزێت، كەس ناتوانێت لەگوڵێك كاڵتری پێ بڵێت. لەبەرانبەریشەوە ئێمە بە ئاسایی دەبینین كەسێك لەپەیڕەوانی پەیامی موحەمەد(د.خ)بەگاور بونی خۆی ڕابگەیەنێتو ببێتە پەیڕەوی پەیامی عیسا(س.خ)چونكە لەبیرمانە كە خواوەند دەفەرموێت: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَنْ فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ﴾ یونس/٩٩.

ئەو كەسە ئازادە تا ئەوكاتەی پابەند بێت بە ڕەوشتو بەها مرۆییە بەرزەكانەوەو لەپەیوەندیەكانیدا و بەكردار لەسنورو پێوەرو چێوەكانی كۆمەڵگەكەی دەرنەچێت، بەڵام دەتوانێتو مافی خۆیەتی، ڕای بگەیەنێت كە ڕەخنەی هەیەو ڕازی نیە لەزۆرێك لەو خوو نەریتانەی كە لەكۆمەڵگەكەیدا هەن، بەڵام ناتوانێتو بۆی نیە لەبەها مرۆییە باڵاكان كە خۆیان لەڕاسپاردە باڵاكانی خواوەندا دەبیننەوە، دەرچێتو بیانبەزێنێت. لەسەردەمی پێغەمبەردا ڕویداوە كەسێك لەباوەڕ پاشگەز بوەتەوەو پەیام هێنەریش هیچ ڕێو شوێنێكی دژ نەگرتوەتەبەر.

ئەوەی كە دوای پەیامهێنەر ڕویدا، بریتی بوو لەدابەش بونێكی سیاسی لەنێوان خۆیانداو پاشان دواتر دابەشبونەكە بوبە دابەشبون بۆ دەستەی سیاسی جۆراوجۆرو دواجار بوبە بناغە بۆ داڕشتنی پێڕی ئاینی جۆراوجۆر، لەسەرەتاوە جیاوازیەكە نە لەسەر پایەكانی ئیسلامو نە لەسەر پایەكانی ئیمان نەبوە، بەڵام بەهۆی ڕوداوەكانەوە جیاوازیەكان سەریان هەڵداو لەئاكامدا ئەوەی لێكەوتەوە كە پایەكانی باوەڕ پێش بخرێن بەسەر پایەكانی ئیسلامدا، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە وا

دەبینین كە بانگەواز كردن بۆ جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی كە ئیسلام ئاینێكی مرۆڤ دۆستانەو مرۆییە، ئێمە وا دەبینین ئەم بانگەوازە ئاراستەیەكی جیهانیە، نەك ئاراستەیەكی تەسكی حیزبایەتی، حەقیقەتو جەوهەری ئیسلام نە سەرمایەداریەو نە سۆشیالیستیو نە تەنها هی چینی چەوساوەویەو نە تەنها هی پارێزگاران، بەڵكو حەقیقەتی ئیسلام پێش هەر شتێك حەقیقەتو جەوهەرێكی مرۆڤانەی مرۆڤ دۆستانەیە، چونكە لەبنەڕەتەوە ئەم دابەش بونانە بونیان نیەو چینایەتی بنەمای نیەو هەروەها حەقیقەتی فیقهیو حەقیقەتی هاوەڵاو كەلەپور... هتد. هەمویان كاتیو بێبنەمان، دواجار حەقیقەتی مرۆڤایەتیو مرۆڤ بون لەبنەڕەتەوە هەبوەو هەر ئەویشە كە ئەمێنێتەوە.

هەروەها یاسای ڕەوشتییش (القانون الأخلاقي) پێویستە بەر لەهەر شتێك مرۆڤانە بێتو گرنگی بە مرۆڤ بونی مرۆڤەكان بدات، چونكە ڕەوشتو ڕەوشتە جوانەكان لەناو هەموو مرۆڤایەتیدا یەك شتن، ناكرێت بڵێین: ئەمە ڕەوشتی عەرەبیەو ئەوەش ڕەوشتی عەجەمو نا عەرەب، بەڵكو ئەوەی كە هەیە دابو نەریتی ناو كۆمەڵگەكانەو دەكرێت هەر چەندە بەزەحمەتیش بێت، تێیان پەڕێنینو وازیان لێ بهێنین ئەگەر خراپ بون.

لەكۆتایدا گەشتینە باسی ململانێی نێوان نوێگەریو سەلفیەت لەگوتاری هاوچەرخدا، ناكۆكیەكە لەنێوان ڕوكارێكی مێژویی سیاسیو شێوازێكی مێژویی هاوچەرخی سیاسی ئەوتۆدایە كە وەك هونەرێكە بۆ بەڕێوەبردنی بەرژەوەندیە جێناكۆكەكان لەلایەكو لەلایەكی ترەوە، لەنێوان ئەم ڕوكارە مێژوییە سیاسیەو ئەم شێوازە مێژوییەدا لەگەڵ ڕوكارێكی حقوقی فیقهی ئەوتۆدا كە ئاماژەكانی پڕاوپڕە لەگەڵ ئاماژە بۆ كراوەكانی سەردەمی خۆیدا، تا دواتر بەهۆی تێپەڕبونی مێژووەوە ئاماژە بۆكراو(مدلولات)ەكانی گوم بونو لەسەر شانۆی ژیان نەمان، بەڵام ئاماژە(دالات)ەكاتی بەبێ ئاماژە بۆ كراو لەجیهانی هەستیدا مانەوە، تا دواجار دەستەواژە فیقهیە ئیسلامیەكان بە دەوری نەبون و(عدم)دا دەخولانەوە، چونكە دەستەواژەكان مێژو تێپەڕیوە بەسەریاندا.

**ئەم ململانێو ناكۆكیە لەنێوان دو جەمسەردایە:**

**هاوچەرخ خوازی:** بریتیە لەهێنانەكایەی چەند ئاماژە بۆ كراو(مدلولات)ێكی هاوچەرخ لەجیهانی ئەمڕۆدا بۆ ئاماژەو (دالاّت)گەلێك كە لەدابەزێنراوی بەجێدا بونیان هەیە، بۆ ئەوەی هەماهەنگیو گونجاندن بێتە كایەوە لەنێوان ئاماژە (دالاّت)ەكانو ئاماژە بۆكراو (مدلولات)ەكاندا، ئەمەش دروست ئەو كارەیە كە بە (تأویل)و (إجتهاد)و (نقد الواقع) ناوبراوە.

**سەلەفیەت:** بریتیە لەبەزۆر خولقاندنو هێنانەكایەی چەند ئاماژە بۆكراو(مدلولات)ێكی خەیاڵیو وەهمی بۆ ئەو ئاماژەو (دالاّت)انەی كە لەناو كتێبەكانی فیقهو كەلەپوردا بونیان هەیە، بەهۆی ئەم بیركردنەوە هەڵەیەوە تێزی سەلەفیەت لەهەر شوێنو كاتێكدا سەر هەڵبدات، بەشێوەی خۆسەپێنیو تاكڕەوی سەرهەڵدەداتو، لەهەر كاتێكدا هەلی بۆ بڕەخسێت توندوتیژیو تۆقاندن پەیڕەو دەكات، چونكە زۆربەی تێزو خستنەڕو (طروحات)ەكانی بۆ جیهانی خەونو خەیاڵ، یان بۆ جیهانی بیرەوەری مێژویی دەگەڕێنەوە، نەك بۆ جیهانی ئێستاو ئەو هەلو مەرجەی كە تێیدا دەژین.

قۆناغی یەكەمی خستنەڕو(طرح)ی سەلەفیەت، شۆردنەوەی مێشكی گەنجانە، بۆ ئەوەی ئامادە بكرێنو بەرەو مەرگی خۆیان ڕوانە بكرێن، تا لەكردەیەكی خۆكوژیدا بەشێوەی ڕەشە كوژی خۆیشیانو كەسانی بێتاوانی تریش بكوژن.

# بەشی حەوتەم
# مەبەستەكانی شەریعەت
## (مقاصد الشريعة)

لەدرێژەی سەدە دورو درێژەكانی گەشەسەندنی فیقهی ئیسلامیداو وەك دەربڕینێك بۆ زەمینەی مەعریفیو كۆمەڵایەتیو ئابوری، فیقهزانەكان هەستان بە داڕشتنی دەستەواژەیەك كە بریتی بولە مەبەستەكانی شەریعەت (مقاصد الشريعة)ئەم كارەش توانی هێڵو نەخشەیەك بكێشێت بۆ گەشەسەندنی یاسا داڕشتنو تەشریعی ئیسلامی مێژوییو، گەشە بدات بە ڕۆشنگەری مێژویی ئومە، هەروەها وایان ڕاگەیاند كە ئەو مەبەستە بەرزو (مقاصد)انە بریتین لەپاراستنی ئەم پێنجە:

- پارێزگاری لەنەفس(ژیان).
- پارێزگاری لەئاین.
- پارێزگاری لەعەقڵو ژیری.
- پارێزگاری لەماڵو سامان.
- پارێزگاری لەڕەچەڵەك(النسب).

هەندێ لەفیقهزانەكان شەشەمیشیان بۆ زیاد دەكەن كە پارێزگاری كردنە لە ئابڕوو ناموس(العرض).

ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەماندا ئەمانەوێت تاوتوێی ئەوە بكەین كە ئایا ئامانجو مەبەست چیە لەمەبەستەكانی شەریعەت..؟ هەروەها دەمانەوێت بپرسینو بزانین كێ بەرپرسە لەو پارێزگاریە..؟ ئایا دەوڵەت لەڕێگەی دەسەڵاتەوە..؟ وە ئایا ئەركی دەسەڵاتە پارێزگاری لەئاین بكات..؟ یاخود ئەمانەوێت دەسەڵات پارێزگاری

له كام ئاین بكات..؟ ئەگەر ئەركی پارێزگاری ئاینێكی دیاریكراو بخرێتە ئەستۆی دەسەڵاتەوە، لەگەڵ ئازادی ئاینەكاندا دەگونجێت..؟ لەكاتێكدا كە خواوەند دەفەرموێت: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ البقرة/٢٥٦.

## - پارێزگاری لەنەفس(ژیان):

فەقیهەكانو زانایانی بواری بیروباوەڕ ئەوەیان لەزەینی خەڵكدا چەسپاندوەكە: تەمەنی مرۆڤ دەستنیشانكراوەو ڕزقو ڕۆزیشی دیاریكراوەو كردەوەكانیشی پێشتر نەخشە بۆ كێشراونو، لەسكی دایكیشیدا بوە لەسەری نوسراوە كە ئایا سەرگەردانو چارەڕەشە، یاخۆ بە ختەوەرو سەرفرازە، هەروەها وایان لەخەڵك گەیاندوە كە ئەگەر هەمو مرۆڤایەتیو جنۆكەكانیش بەیەكەوە كۆببنەوەو كار بكەن بۆ ئەوەی خولەكێك لە تەمەنی كەسێك زیاد بكەن، یان كار بكەن بۆ ئەوەی خولەكێك لەتەمەنی كەسێك كەم بكەنەوە، ناتوانن‌و دەسەوسان دەمێننەوە.

بەپێی ئەم بۆ چونە بێت، ئەوەمان لا گەڵاڵە دەبێت هەمو ئەو كەسانەی كە لەڕوداوەكانی هەردو شاری هێرۆشیماو ناكازاكیدا بەهۆی بۆمبارانی ئەتۆمیەوە لەلایەن ئەمریكاوەو لەجەنگی جیهانی دوەمدا گیانیان لەدەستدا، لەمناڵو ژن‌و بە ساڵاچوان‌و ژمارەیان لە(٢٠٠,٠٠٠)دوسەد هەزار كەس تێپەڕی، ئەوەمان لا گەڵاڵە دەبێت كە: ئەم هەمو خەڵكە بۆیە مردون چونكە ئەجەلیان كۆتایی هاتوە..!!

هەروەها ئەوەمان لا گەڵاڵە دەبێت، هەموو ئەوكەسانەی كە لەئاكامی ئەم بۆمبارانەوە شێوێنراون‌و ژمارەیان بە سەدان هەزار كەسە، گوایا لەسەرەتای لەدایك بونیانەوە ئەوەیان لەسەر نوسراوە كە بەو دەردە ببرێن، ئەمەش لەلایەكەوە هیچ عاقڵو كەسێكی خاوەنژیری، ئەمە پەسەند ناكاتو لەلایەكی تریشەوە لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا ناگونجێتو ڕێك نایەتەوە.

خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُؤَجَّلًا﴾ آل‌عمران/١٤٥.

واتە: هیچ نەفس‌و گیان لەبەرێك بۆی نیە بمرێت، بە مۆڵەتی خواوەند نەبێت، پەڕاوێكەو دواخراوە.

ئەم ئایەتە لە(متشابهات)ەو لە(محكمات)نیە، چونكە هیچ فەرمان‌و ڕێگیریەك لەخۆناگرێت، واتە: بەشێكە لەقورئان (پەڕاوی زانستەكانی پێغەمبەرایەتی كە هەمو یاساو ڕێساكانی گەردون‌و بونەوەر لەخۆدەگرێت).

بۆیە خواوەندیش مردنی بە﴿كِتَابًا مُؤَجَّلًا﴾ناوبردوە، چونكە پەڕاوی مردن ئەو هەل‌و مەرجە بابەتیانەی تێدایە كە مەرجەكانی مردن دوادەخات، تا بەتەواوەتی مەرجەكان یەكدەگرن‌و تەواو دەبن، هەروەك چۆن مردن(كتاب)و پەڕاوی تایبەت بەخۆی هەیە، بەهەمان شێوە هەموو دیاردەكانی تریش لەگەردوندا پەڕاوی تایبەت بەخۆیانیان هەیە.

بۆ نمونە: باران‌و بومەلەرزەو زەمین لەرزەكان، گڕكان‌و بوركانەكان... هتد. هەمویان پەڕاوی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە، مانای ئەم فەرمودەیەی خواوەند ئەوەیە كە دەفەرموێت: ﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ﴾ الرعد/٣٨. هەروەها دفەرموێت: ﴿وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ كِتَابًا﴾ النباء/٢٩. واتە: ڕودانی یەكلاكەرەوەو كۆتایی بۆ هەر ڕوداوێك سروشتی یان مرۆیی، پێویستە بەر لەڕودانی هەمو هەل‌و مەرجە بابەتیەكانی كە پەیوەستن بەو بوارەوە یەكبگرن‌و لەپەڕاوە تایبەتەكەدا سەرو بەریان بدات لەیەكو تەواو بن، ئەوجا ئەو ڕوداوە بۆی هەیە ڕوبدات‌و بقەموێت.

ناجێگیری‌و دیاری نەكراوی تەمەنەكان( كە فەقیهە بەڕێزەكان دەڵێن: دیاریكراوە) سزای كوشتنەوەی بكوژمان بۆ ڕون دەكەنەوەو حیكمەت‌و دانایی خواوەندمان لەو سزایەدا بۆ نومایان دەبێت، هەروەها هۆی ئەو ڕێزگرتن‌و بەخشینی

ئەم پلەو پێگە بەرزەمان بۆ دەردەكەوێت كە خواوەند دەیبەخشێتە ئەوكەسانەی كە هەرچی لەتەمەنیان ماوە دەیبەخشن لەپێناو شایەتی دانێكی ڕاستگۆیانەو بەجێدا، ئەگەرچی ئەو شایەتی دانە، شایەتی دانی سەر گرێبەستێكی كڕین‌و فرۆشتنیش بێت‌و بەوهۆیەوە هەر بە زیندویی ئەو كەسانە ناسناوی (شەهید) وەردەگرن، نەك بەمردنیان.

ئەمە لەبارەی تەمەنەكانەوە، بەڵام لەبارەی ڕزق‌و ڕۆزیەوە خواوەند دەفەرموێت: ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾ الزخرف/٣٢.

واتە: ئێمە شێوازی ژیانمان دابەشكردوە لەنێوانیانداو پلەو پێگەی هەندێكیانمان بەرز كردوەتەوە بەسەر هەندێكی تریاندا تا، بەو هۆیەوە هەندێكیان هەندێكی تریان بەكار بهێنن‌و سود لەكارو پیشەی یەكدی وەرگرن.

ئەم ئایەتە پایەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی پێشكەوتن خوازمان بۆ باس دەكاتو، بۆمان ڕون دەكاتەوە كە مرۆڤ لەژیانیدا كارێك دەكات، بۆ نمونە: لەبواری كشتوكاڵ یاخود پیشەسازی یان بازرگانی یان هەر بوارێكی تری خزمەتگوزاری.

پاشان ئاماژە دەكات بۆلای چەمكی بەكارهێنان(تسخیر)كە دەفەرموێت: ﴿لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾ ئەم چەمكە واتای لەئەستۆگرتن‌و (تكافل)و تەواوكاری دەگەیەنێت لەنێو تاكەكانی كۆمەڵدا، بۆنمونە: جوتیار ڕاهێنراوەو كاردەكات بۆ ئەوەی كرێكارێك لەكارگەكەیدا خواردن بخوات، پزیشك ڕام هێنراوە تا چارەسەری نەخۆشەكان بكات، مامۆستا ڕام هێنراوە بۆ ئەوەی مندالّی هەموان فێری خوێندەواری‌و پەروەردە بكات، بۆیە: ڕونی دەكەینەوە ئایەتەكە پەیوەندی نیە بەدیاركردنی پێشوەختەوە بۆ تاكەكانی ناو كۆمەڵ.

فەقیهە بەڕێزەکان ئەم فەرمودەی خواوەندیان خوێندوەتەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ﴾ الذاريات/٢٢.

وای لێ تێگەیشتون، گوایا ڕزقو ڕۆزی خەڵك (چ لەسەر ئاستی تاك و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵ) پێشتر دیاریو دەستنیشانکراوە. ئەگەر وا لەئایەتەکە تێبگەین کەمەبەستی کۆی مرۆڤایەتیە، ئەوا تەواوەو ڕۆزی کۆی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی دەستەجەمعی دەگرێتەوە، بەلاَم لەسەر ئاستی تاکە کەسەکان ڕاست نیەو ئەو مانایە نادات بەدەستەوە، چونکە ئایەتەکە باس لە کۆی گرۆی ئادەمیزاد دەکاتو ڕونی دەکاتەوە کەڕۆزی خەڵکی دوسەرچاوەی هەیەو لەودو سەرچاوەیەوە دێت بۆیان:

**یەکەم:** خەیرو بەیرو بەروبومی ڕوەكو ئاژەڵو کانزاکانو بەرهەمە خواکردەکان.

**دوەم:** کارو تێکۆشانو هەوڵدانو کردارەکانی خودی مرۆڤەکان.

سەبارەت بەخاڵی یەکەم کە باس لەخواردنو خواردنەوەو تەواوی نیعمەتەکانی تر، ئەمانە بناغەیان لەئاوەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە: خواوەندیش لەم ئایەتەدا بارانی بەڕزقو ڕۆزی ناوبردوە کە لەڕێگەی هەورەکانو لەئاسمانەوە دادەبەزێتە سەرزەوی، هەروەك چۆن خواوەند دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنْ السَّمَاءِ مِنْ رِزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ الجاثية/٥.

واتە: لەو ڕزقو ڕۆزیەی کە خواوەند لەئاسمانەوە دای دەبەزێنێتو بەهۆیەوە زەوی پاش مردنی جارێکی تر زیندو دەکاتەوە.

سەبارەت بە کارو تێکۆشانو هەوڵدانو کردەوەکانی مرۆڤیش( ئەگەر بەپێی تێگەیشتنی فەقیهە بەڕێزەکانیش بێت) نەخشە بۆ کێشراوەو یەکلا کراوەتەوەو بوارو دەرفەت نەماوەتەوە لەبەردەم مرۆڤدا نەیانکات، ئەم وتەو بۆچونەش خۆی لە خۆیدا داد پەروەری و عەدالەتی خواوەند دەخاتە ژێر پرسیارەوە چونکە، چۆن دەبێت خواوەند کەسێك سزا بدات لەسەر کردەوەیەك کەپێشترو بەبێ ئاگاداری خۆی لەسەری تۆمار کرابێت..!.

لەگەڵ ئەم بیركردنەوەو تێڕوانینەدا هیچ مانایەك بۆ ڕۆژی دوایـیو لێپرسـینەوەو پاداشــتو ســزا نامێنێتــەوەو ئــەم بۆچــونە ناگونجێــت لەگــەڵ دەیــان ئایــەت لــە دابـەزێنراوی بەجێـدا كـە لـەو ئایەتانـەدا سـەرەنجامی مرۆڤـ پەیوەسـت دەكرێـت بەكردەوەكانیەوە لەدونیادا، ئەگەر بەپێی ئەو بۆچونە بێت ئـەم هاوكێشـەیە ڕاسـت دەرناچێت ، یاخوج ئەو قسەیە بێت كە لەناو خەڵكدا باوەو لەمێشكیاندا چەسـپیوە كە دەڵێت: (ئەوەی لەناوچاو نوسرابێت ئەبێت بێتەدی).

خواوەند دەفەرموێت: ﴿كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ﴾الطور/٢١.

واتە: هەمو كەسێك ڕوبەڕوی ئەو كردەوانە دەبێت وە كەڕۆژانە دەیكات.

هەروەها دەفەرموێت ﴿وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَــةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنشُورًا اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا﴾الإسراء/١٣-١٤.

واتە:هەمو مرۆڤێك سەرەنجامی كردەوەكانی لەگەڵ خەڵكدا بەندە بەگەردنیـەوەو لـەڕۆژی دوایشـدا پـەڕاوێكی پیشـان دەدەیـنو بـەكراوەیی دەیبینـیْ، پەڕاوەكـەت بخوێنەرەوەو لەم ڕۆدا خۆت شایەتی لەسەر خۆتو پێویستت بە كەسی ترت نیە.

بەهەمان شێوە دەفەرموێت ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ فصلت/٤٦.

واتــە: هەركــەس كردەوەیــەكی چــاكە بكــاتو لــە ژیانــدا پــەیڕەوی لەیاســا گەردونیەكان بكات ئەوە بۆخۆی دەیكاتو بەرهەمەكەی بـۆ خۆیـەتی، هەركەسـیش خراپەكاری كردو لەو یاسایانە لایدا، ئەوا خۆی بەرپرسـیارە لـە هەڵـەو تاوانـەكانیو پەروەدگارت ستەم لەبەندەكای خۆی ناكات لەو ڕۆژەدا.

وشەی(كسب)لەئایەتی(٢١)ی سورەتی(الطور)دا، بەمانای كرداردێت، یـان ئەگـەر وردتر بڵێین: بریتیە لـە ئاكـامو بەرهـەمو دەرهاویشـتەی ئـەو كردارانـەی كـە مرۆڤـ دەیانكات.

هەروەها وشەی(طائر)لەئایەتی(١٣)ی سورەتی(الإسراء)دا بریتیە لەو کردارەی مرۆڤ کە سنوری خودی بکەرەکە تێدەپەڕێنێت بەرەو کەسێکی تر.

وشەی(کتاب)یش لەهەمان ئایەتدا، بریتیە لە تێنوسی کۆی ئەو کردەوانەی کە مرۆڤ بەویستی ئاگایانەی خۆی لە ژیانی دونیادا پێیان هەڵساوە.

خوێنەر کاتێک ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە پێویستی بەوە نیە مۆڵەتی زانستیی،لەزانستی جوان خوێندنەوە(التجوید)دا هەبێت، یاخود خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بێت لەزانستی هۆکارەکانی دابەزین(أسبابُ النزول)دا، تاتێبگات کە خواوەند کاتێك پێنوسەکان بەرز دەکاتەوەو لاپەڕەکان وشك دەبنەوەو بەندەکانی ناچار ناکات بەکردن یاخود ناچارکردنی بەندەکانی تا هەستن بەجێبەجێکردنی ئەوەی کە پێنوسەکان لەو لاپەڕانەدا نوسیویانەو بەندەکانی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هیچ چەشنە ئازادیەکیان نەبوە لە هەڵبژاردنی کردەوەکانی خۆیانداو دوا جاریش خواوەند بەویستو خواستی خۆی سزاو پاداشت بداتەوە، (ئەگەر وابێتو دڵنیاشین کەوانیە)ئەی چ واتایەك بۆ ئەو ئایەتە دەمێنێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ فصلت/٤٦.[٤]

هەندێك لەفیقهزانو ڕاڤەکاران ئەو بابەتی پیشتر نوسراویەی تەمەنو ڕزقو ڕۆزیو.......هتد. دەدەنە پاڵ ئەوەی کە خواوەند زانیاری تەواوی هەیەو زانیاریەکەی تایبەتمەندی ئاگاداربونی هەیە نەك بەزۆر ناچار کردن(وإن للعلم صفة إخبار لاصفة جبر).

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی تەمەنو ڕزقو ڕۆزیو کردارەکانی مرۆڤەوە، سەیری کتێبی(الكتاب والقرآن. قراءة معاصرة) لاپەڕە(١٩٩٠-٤١١)و دواتر بکە لەچاپی(دار الإهالي) لەدیمەشق.

ئێمەش دەڵێین: ئەمە ڕاستە لەبەر ئەوەی زانیاری خواوەند زانیاریەکی کامڵو تەواوە لەو ڕووەوە مرۆڤ بەوکارە هەستێت کە پێویستە پێی هەستێت، ئەگەر وانەبێت زانیاریەکە ناتەواو دەردەچێت.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لەزانیاری تەواوی خواوەندا کۆبەندی هەموو ئەو ئەگەرانە هەیە کە بونیان گونجاوەو لەزانیاری خواوەندا هیچ ئەگەرو(إحتمال)ێك بەگونجاوتر نابینرێت لە ئەگەرێکی تر، چونکە بەگونجاو زانینی ئەگەرێك بەسەر ئەگەرێکی تردا نەگونجاوە لەگەڵ زانستی تەواو و کامڵی خواوەندا.

بەڵکو لە فەرمانەکانیدا بۆ مرۆڤەکان دەگونجێت داوا بکرێت کاری چاکە بکاتو خۆی لە خراپە بەدور بگرێت(إن الله لا يأمر بالفحشاء)لەهەمان کاتیشدا مرۆڤ بەتەواوی مانا ئازادە لەچرکەساتی هەڵبژاردیدا بۆ هەرکارو هەر ئەگەرێك لەکاتێکیشدا کە ڕێژەی ئەگەرەکان دادەبەزێت بۆ یەك ئەگەرو، مرۆڤ ناچار دەکرێت بەهەڵبژاردنو گرتنە بەری ئەو تاکە ئەگەرە، ئەو کات ئەو حاڵەتە حاڵەتی ناچاریی یاخود حاڵەتی زۆرەملێ کردنەو لەهەردو حاڵەتەکەدا لێپرسینەوەی لەسەر نیە.

لەڕوانگەی ئەم تاوتوێ کردنەوە کە کردمان، بۆمان ڕون دەبێتەوەو دەگەینە ئەو ئاکامەی کە پارێزگاری کردن لە(نفس)و گیانی هاوڵاتیان، پێویستە بەشتێك بێت لە ئەرکەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگە نەك یەکێك بێت لەمەبەستەکانی شەریعەت.

چونکە دەوڵەت بەوپێیەی کە لە توانایدایەو بەشێکە لە ئەرکەکانی کە هەستێت بەکردنەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی پزیشکیو لەو ڕێگەیەوە کار بکات بۆ لەناو بردنی نەخۆشیەکان، تا لە ئاکامدا ڕێژەی مردن کەم بکاتەوەو تەمەنی هاونیشتمانیان درێژتر بێتو بتوانن زیاتر بژیت، هەروەها بەو پێیەی کە دەوڵەت بوجەی تایبەتی هەیە بۆ باس ولێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تایبەت لەبارەی هۆکارەکانی مردنو هاندەرەکانی ژیانەوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەت بەر پرسیارە لەم بارەیەوە.

لەوەش زیاتر خۆ پارێزگاری كردن لە ژیـان، تایبـەت نیـە بـە پـەیڕەوانی پـەیامی موحەمـەدەوە تـا بڵـێین: پارێزگـاری ژیـان یەكێكـە لـە مەبەستو(مقاصـد)ەكانی شەریعەت، بەڵكو ئەم پرسە جێگەو مایـەی گرنگـی پێـدانی هـەموو گـەلو نەتـەوەو هـەموو پـەیڕەوانی شـەریعەتەكانی تریشـە، لـەوەش زیـاتر ئێمـە وا دەبیـنین كـە موسـوڵمانە باوەڕدارەكـانی كـەلافی پـەیڕەویی لـە پـەیامی موحەمـەد لێـدەدەن، زۆرترینی ئەو كەسانەن كە ڕێز لەژیانی مـرۆڤ نـاگرنو بـە پـیرۆزی نـازانن، هـەروەها پزیشـكان لەهـەردو جیهـانی عـەرەبیو ئیسـلامیدا بـە نابەرپرسـانە كـار لـەبواری پزیشكیدا دەكەنو ئەو كەرتە بەڕێوەدەبەن، بەشێوەیەك پزیشكێك نابینیت دڵنیایی دابین بكات لەبەرانبەر ئەو مەرتسـیانەدا كـە ئەگـەری ڕودانیـان هەیـە لەكارەكەیـدا، چـونكە هـیچ لێپرسـینەوەیەكی لەگەڵـدا ناكرێـتو، سـەندیكای پزیشـكانیش ئـەركی پارێزگاری پزیشكان و پەردەپۆش كردنی ئەو هەڵانەی كە ئەنجامی دەدەن دەگرنـە ئەسـتۆ، نـەك لێپرسـینەوەو بەداواداچـونی هەڵـەكانیانو دواتـر سـزادانیان لەسـەر كەمتەر خەمیەكانیان.

پیشەی پزیشكیش پڕداهات تـرین پیشـەیە، چـونكە كارێكـە دەسمایـەی ناوێـتو سەودا لەگەڵ كاڵایەكدا دەكات(گیـانی مرۆڤـەكانو جەسـتەیان)ە كـە زۆر هـەرزانو كەم نرخە بەلای خەڵك و دەسەڵاتەوە.

بیروباوەڕی ئیسـلامیش بەشـێوە كلاسـیكیەكەیو بـەو شـێوەی كـە فیقهزانـەكان دایان ڕشتوە، گەورەترین یارمەتیدەرو هاوكارە بۆیـان، چـونكە كـەلتورو بـیری بـاو لەكۆمەڵگەكانماندا كەلتوری مردنو خەمو خەفەتو ئاخ وحەسرەت هەڵكێشانە، نەك كەلتورو بیری ژیانو ژیان دۆستیو كەیفو خۆشحاڵی.

لەیــەکێك لەکەناڵــە ئاسمانیەکانیــەوە گوێمــان لــەفیقهزانێکی بــەڕێز بــو، لەبەرنامەکەیدا قسەی دەکرد، بەرنامەکە ناوی ئیسلامو پرسەکانی کۆمەڵگە(الأسلام وقضايا المجتمع)بو، گاڵتەی بە مافەکانی مرۆڤ دەکرد، بەوشێوەی کـە لەڕێککـەوتن نامــەی نەتــەوە یەکگرتووەکانــدا هــاتوەو بــەراوردی دەکـرد لەگـەڵ مـافی مـرۆڤ لەئیسلامداو خەمساردانە دەیگوت: (بەو پێیەی کە خواوەند تەمەنی خەڵکی دابینو دیاریو پارێزراو و جێگیر کردوەو ڕزقو ڕۆزیشـیان پێشـتر دیـاری کـراوەو نوسـراوە بۆیان، بۆیە ئەو خاڵەی کـە باسـی ژیـانی مرڤۆەکـان دەکـات لەلایـەن خواوەنـدەوە دابینکراوەو هیچ پەیوەندیەکی نەبەخەڵكو نە بە نەتەوەیەکگرتوەکانەوە نیە).

هەروەها بینیمان ئەوانەش کە دانیشتبونو چەپڵەیان بۆ لێدەدا نەیانتوانی لەیەك خاڵدا ڕای گـرنو گفتوگـۆی لەگەڵـدا بکـەن یـاخود ڕەخنـەی لێبگـرن لـەبارەی ئـەو بۆچونەیەوە.

ئایا ئەم بەڕێزەو ئەو کەسانەش لەگەڵیدا بون، نەیان بیستوە کە خەڵك لەئەمریکا توشـی نەخۆشـی ترشـانی گـەدەو زیـادەخۆری دەبـنو لەئـەفریقاش خـەڵك لەبرسـا دەمرن..؟ یـان ئایـا ئـەم بەڕێزانـە نەیانخوێندوەتـەوە کـە کۆنمرەی تەمـەنی مـرۆڤ لەئەفریقا لەخوار(٤٠)ساڵەوەیەو لەسویدیش لەسەروی(٨٠)ساڵەوەیە..؟

## – پارێزگاری لەماڵو سامان:

لـەم خـاڵو بەنـدەی مەبەسـتەکانی شـەریعەتدا لەبـەردەم تێکـەڵ کردنێکـی سەیرو سەرمەردایین لەنێوان سروشتی پێکهاتەو داخوازیو ئەرکی یاسـادانان(الفطـرة التكوينية والتكليـف التشـريعي)کـە ئەمـە تێکـەڵ کردنێکـە مـرۆڤ سەرسـام دەکـات، لەلایەك مایـەی خەفـەتو دڵ تەنگیـەو لەلایـەکی تریشـەوە مایـەی پێکـەنینو گاڵتـە پێکردنە.

پێویستە بزانین کە ماڵو سەروەتو سامان لەلایەکەوە لەخانەی ڕزقو ڕۆزیو ئەوشتانەدایە کە مرۆڤ خاوەنداریان دەکاتو، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیەکی توندو تۆڵی هەیە بە هەلومەرجی ژیانەوە، بەو پێیەی کە ماڵو سامان شادەماری ژیانەو، مرۆڤ بەبێ ماڵو سامان ناتوانێت پێداویستیەکانی ژیان لەخواردنو خواردنەوەو جلو بەرگو شوێنی نیشتەجێبون دابین بکات، بۆیە پارێزگاری کردن لەژیانو گیانی مرۆڤ بە پارێزگاری کردن لەماڵو سامانەکەیەوە تەواو دەبێت.

خۆشەویستی ماڵو سامانیش یەکێکە لەو خولیایانەی کە لەسروشتی هەمو مرۆڤێکدا هەیەو خواوەند بەم ئایەتە ئەو ڕاستیەی پشت ڕاست کردوەتەوە کە دەفەرموێت ﴿وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا﴾ الفجر/٢٠.

واتە: بە خۆشەویستیەکی زۆرەوە ماڵو سامانتان خۆش دەوێت.

لەبارەی مرۆڤیشەوە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ﴾ العاديات/٨.

واتە: زۆر بەخەستی خەیرو چاکەو دەسکەوتی خۆش دەوێت.

ڕونیشە کە ئەگەر کەسێك شتێکی خۆش ویست پارێزگاریشی لێدەکات.

لێرەوە مایەی پێکەنینە کە ئێمە داوا بکەین لە مرۆڤو تەکلیفی لێ بکەین کە گیانو ماڵو سامانی خۆی بپارێزێت، لەکاتێکدا خۆی بەپێی سروشتو پێکهاتەی خۆی پارێزگاری لێدەکات، لەم کارەماندا وەك ئەو کەسە واین کە هەڵدەسێت بە دانانی یاسایەك بۆ ئاژەڵەکان و لەو یاسایەدا، داوا لەئاژەڵان دەکات کە هەستن بە خواردنی گژو گیاو لەوەڕ.

کاتێك کەسێك خۆی دەکوژێت، یان کەسێکی تر بەبێ تاوانو تۆڵە دەکوژێت(کە هەریەك لەم کوشتنانە دەرچونە لەو ڕێگە ڕاستەی کە خواوەند داینـاوە بۆ ژیانی مرۆڤەکان)ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات بەو تاوانەی لەمەبەستەکانی شەریعەت دەرنەچوە، بەڵکو لەو نەخشە ڕێگەو سروشتە دەرچوە کە خواوەند دای ڕشتوە بۆ مرۆڤەکانو بەزاندویەتی.

بەبۆچونی ئێمە ئەو كەسەی كە خۆی دەكوژێت لەسەر ئەوە سزا نادرێت كە ڕێنماییەكانی فیقهیزانە بەڕێزەكانی پەیڕەو نەكردوەو پێشێلی كردون، بەڵكو لەسەر ئەوە سزا دەدرێتو شایستەی سزادانە، كە هەستاوە بە فیڕۆدانو لەناوبردنی بە بایەخترین نازو نیعمەت كە خواوەند بەخشیویەتی بە بەندەكانی و بریتیە لەژیان(مەگەر كەسێك نەخۆشیەكی نائومێد بەخشی ببێت كە خواوەند لەهەمو كەس زاناترە بە حاڵو چارەنوسی بەندەكانی).

بۆیە كاتێك كەسێك لەسروشتی ئاسایی خۆی دەترازێتو پارێزگاری لەماڵو حاڵو سامانی خۆی ناكات، یاخود بەفیڕۆی دەدات، ئەم كەسە كەسێكی گەمژەو نەفامەو هاوسەنگی خۆی لەدەسداوە بۆیە پێویستە چارەسەر بكرێت، ئەگەر نەكرا بەپێی ئەم فەرمودەی خواوەند دەبێت سنوری بۆ دابنرێتو ماڵو سامان نەخرێتە بەردەستی ﴿وَلاَ تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمْ﴾ئەركی پزیشكیشە كەسی گەمژەو نەفام دەستنیشان بكات، نەك فیقهزانو فەقیه.

( ئەم ئایەتە ئاماژەیەكیشە بۆ ئەوەی گەلی هەر وڵاتێك بە وردی بە ئەركی خۆی هەستێت لەهەڵبژاردنی حوكمڕانو بەرپرسی وڵاتەكەیدا و بزانێت ڕاسپاردەی سەروەتو سامانی وڵاتەكەی بەكێ دەسپێرێت).

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە كە باسمان كرد، دەگەینە ئەو ئاكامەی كە لەلایەكەوە هەوڵدان بۆ دابین كردنی ژیانێكی خۆشترو لەلایەكی تریشەوە هەوڵدان بۆ پارێزگاری كردن لەماڵ و سامانی گشتیو داژیەتی كردنو لەڕەگو ڕیشەوە دەرهێنانی گەندەڵیو بەفیڕۆدانی سەروەتو سامانی گشتیش، پێویستە ئەم دوو ئەركە بكرێنە بەشێك لەمەبەستەكانی شەریعەتو دەوڵەتو كۆمەڵگەو تاكەكانی ناو كۆمەڵ.

## - پارێزگاری کردن لەئاین:

جارێکی تر دەپرسینەوە: مەبەست چیە لەپارێزگاری کردن لەئاین..؟ مەبەست چیە لەوشەی پارێزگاری کردن..؟ کێ بەرپرسیارە لەو پارێزگاری کردنە..؟ ئایا کوشتنی(مرتدّ)و کەسی هەڵگەڕاوە دەچێتە خانەی پارێزگاری کردنەوە لەئاین..؟

ئەگەر مەبەست لەئاین، ئەو پرۆگرامە تەشریعیە بێت کە نەخشەی ڕەفتاری مرۆڤەکان دەکێشێتو خواوەند بە نیگا ناردویەتیە سەر دڵی پێغەمبەر(د.خ)ئەوا هەر خودی خواوەند خۆی دەفەرموێت: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِيْن مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ﴾ آلعمران/١٤٤.

واتە: موحەمەد هیچ ئەرکێکی نیە تەنها ئەوە نەبێت کە پەیامهێنەرێکەو لەپێش ئەویشەوە پەیامهێنەری تر هاتون، ئایا دەکرێت ئەگەر ئەو مرد یاخود کوژرا ئێوە بەرەو پاشەوە هەڵگەڕێنەوە..؟ هەرکەس پاشگەز بێتەوە ناتوانێت هیچ زیانێك بە خواوەند بگەیەنێتو خواوەندیش پاداشتی ئەو کەسانە دەکات کە شوکرانە بژێرن.

وشەی (شاکرین)یش لەئایەتەکەدا بریتیە لەباوەڕداران و مەبەستی ئەوانن، چونکە(شکر)و شوکرانەبژێری پێچەوانەی (کفر)و نمەك نەناسیە، بۆ دڵنیایش سەرنجی ئەم ئایەتانە بدەن: ﴿قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنْ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ فَلَمَّا رَآهُ مُسْتَقِرًّا عِنْدَهُ قَالَ هَذَا مِنْ فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ وَمَنْ شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ﴾ النمل/٤٠. ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنْ اشْكُرْ لِلَّهِ وَمَنْ يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾ لقمان/١٢.

خواوەنـد لەگـەڵ باوەڕهێنانـداو بـۆ دامەزرانـدنی بـاوەڕی هـەر باوەڕدارێـك، ڕەزامەنـدی دڵخوازانـەو ئـازادی تـەواوی لەهەڵبـژاردنی ئـەو بیروبـاوەڕەدا بـە مـەرج گرتوەو ڕێگیری کردوە لەناچارکردنو زۆرەملێ کردن لەباوەڕهێنانداو دەفـەرموێت: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنْ الغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَـدْ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ البقرة/٢٥٦.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لەم ئایەتەدا خواوەنـد لەبەرانبـەر ناچـارکردنو زۆر لێکردن(لاَ إِكْرَاهَ)دا ناوی ستەمکاری سەرەڕۆ(طاغوت)ی هێناوە(طاغوت)یـش لەسـەر کێشـی(فاعول)ە، وەك چـۆن لـەزمانی عەرەبیـدا وشەی(حاسـوب)بۆ ئـەو ئـامێری ژمێریاریە بەکار دێت کە بەردەوام کاری ژماردنو ژمێریاری پێ ئەنجام دەدەین.

کەواتە(طاغوت )یش ئەو کەسـەیە کـە پیشـەی بوەتـە زۆر لەخـەڵك کـردنو ناچـار کردنی خەڵك.

ئـەم ناچـار کردنـەش خـۆی لەخۆیـدا پێچـەوانەی ئـەو گرێبەسـتە کۆمەڵایەتیەیـە کـە لـەنێوان دەوڵـەتو هاونیشـتمانیەکانیدایە، چـونکە هـاووڵاتی پەسـەندی کـردوە کـە پابەندی یاسا بێتو ئامادەشە سزای سەرپێچی یاسای بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

خرابترین شێوازەکانی (إكراه)و ناچـار کـردنو زۆر لێکـردنیش ناچـار کـردنو زۆر لێکردنە لـەبواری ئاینـدا (الإ كـراه في الـدين)کـە بریتیـە لەناچـارکردنی کەسێك، دان بــــە ئایدیۆلۆجیاو بیروباوەڕێکدا بنێت کە نەیەوێتو قەناعەتی پێی نەبێت.

پێغەمبەریش(د.خ)بـە شـکاندنی بتـەکان لەشـوێنە گشـتیەکاندا، کـەشو هـەواو زەمینەیەکی گشتی لەباری هێنایە کایەوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵامماڵەو ماڵ نەگـەڕا بە ماڵی خەڵکدا بزانێت چی تێدایەو چی تێدا نیەو، کەسیشی ناچار بـە ئەنجامـدانی هیچ سروتو ڕێوڕەسمێکی ئاینی نەکرد.

ئـەم ئایەتـەش، واتـە: ئایـەتی(٢٥٦)ی سـورەتی(البقـرة)بـە یـەكێك لەڕێنماییـە گرنگەكانی پەیامەكەی موحەمەد دادەنرێتو، ئازادی تەواوی دابین كردوە بـۆ مـرۆڤ، تاوەكو سەربەستو سەرپشكو ئازاد بێت لەهەڵبژاردنی ئاینو بیروباوەڕی خۆیدا.

ئەمـەش هـیچ چەشـنە ناسـازگاریو دژایەتیـەكی نیـە لەگـەڵ ئایەتـەكانی(قتال، السیف)دا، چونكە ئەم ئایەتانە لەخانەی چیرۆكو بەسەرهاتە قورئانیەكانـدانو هـیچ حوكمێكیان لێوەرناگیرێتو لەخانەی پەیامی جیهانی(الرسالة العالمیة)دا نین.

بۆیـە لێـرەوەو لـەم سـۆنگەیەوە ئێمـە پێشـنیار دەكـەین ئـەم خـاڵ وبەنـدە، بگۆڕدرێت بە خاڵو بەندێكی جێگرەوەی تـر كـە بریتـی بێـت لـە: پارێزگـاری كـردن لەئازادی هەڵبژاردنی بیروباوەڕی مرۆڤـەكانو پارێزگـاریكردن لـەو ئازادیـە، لـەوەش زیاتر داوا دەكەین پلەی یەكەمی بدرێتیٚ لەلیستی مەبەستەكانی شەریعەتدا، چونكە ئازادی بە بایەخترینی بەها بەرزەكانەو، یەكەم مەبەسـتێكە كـە شـەریعەت لەسـەرو هەموو مەبەستەكانی ترەوە، كار بۆ دابین كردنو پایەدار كردنـی دەكـات، ئـازادیش بریتیە لە(كلمة الله)و پەیامو وتەو بەخشینی خواوەندە بـۆ هـەموو مرۆڤـەكانو هـەر لەم ئازادیو(كلمة الله)یەدایە كە بەندایەتی ڕاستەقینەی خواوەند لەدونیادا پایـەدارو پابـەرجا دەبێـت، پێویسـتە ئـەوەش بـزانین كـە خواوەنـد بەندایـەتی دەوێـت لەبەندەكانی نەك كۆیلایەتی، وەك چۆن دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِي﴾ الذاریات/٥٦.[٥]

پێویستە بیشزانین كە(جهاد)و تێكۆشانو هەوڵدان لەڕێگەو لـەپێناو دابینكـردنو پاراستنی مافی ئازادی هەڵبژاردن بۆ مرۆڤـەكان، خـۆی لەخۆیـدا(جهاد)و تێكۆشـانە

---

[٥] بۆ زیـاتر ڕونكردنـەوەی بابـەتی جیـاوازی نێوان(العبـاد)و (العبیـد) سـەیری كتێبـی (الإسـلام والإیمـان)ی نوسـەر بكـەن، چـاپی(دار الأهالی)دیمەشق، ساڵی (١٩٩٦) لاپەڕە(١٣٩-١٩٠) .

لەڕێگەی خواوەندا، کە ئەم چەشنە خەباتە لەچەندین شێوازی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێتو نومایان دەبێتو هەموو ئەم چەشنانەش بەپێی مەرجە تایبەتەکانی ئەو بوارە بۆ بەرپاکردنی ئەو خەباتە دروستن:

١. ئازادی ئایینیو ئازادی مرۆڤ لەهەڵبژاردنی ئەو بیروباوەڕەدا کە خۆی دەیەوێت هەڵیبژێرێت.

٢. ئازادی لەئەنجامدانی دروشمو ڕێو ڕەسمو سروتە ئاینیەکاندا، بۆیە پێویستە مەبەستەکانی شەریعەت ئەوە لەخۆبگرن نەك تەنها ڕێگە بدەن، بەڵکو تێبکۆشن بۆ ئەوەی بەتەنیشت مزگەوتەکانەوە کەنیسەو دێرو پەرسگای بوزی و هندۆسیو هەر پەرستگایەکی تریش کە خەڵك بەدڵخوازی خۆیان بیانەوێت دروست بکرێنو بپارێزرێن.

٣. ئازادی ویژدان، بەشێوازێك کە مرۆڤ ئازاد بێتو ئەوەی کە بەحەقو ڕاستی دەزانێت بوێرانەو بێترس ڕای بگەیەنێتو بیلێت.

٤. ئازادی لە هەڵبژاردنی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیەدا کە مرۆڤ دەیەوێت لەنێوان دەسەڵاتو گەلدا بێت(دەستور، سیستەمی سیاسی، یاسای بنەڕەتی).

٥. ئازادی ڕادەربڕین بەڕێکارو شێوازە ئاشتیانەکان کە یەکێکیان ئازادی ڕۆژنامەگەریو میدیایە.

٦. ئازادی لەهەڵبژاردنی هاوژینو هاوسەری ژیاندا بۆ پێکهێنانی خێزان (مەبەستمان ئازادی هاوڕەگەز بازی نیە).

٧. ئازادی لەفەرمانکردن بە چاکەو ڕێگیری کردن لەخراپەو خراپەکاریدا، بەڵام پێویستە ئاگامان لەوە بێت کە ئەم مافو ئەرکە قەتیس نیە تەنها لە(ڕاونانی ئەو کەسانەدا کە بەدەم بانگەوازی بانگی مزگەوتەکانەوە ناچن، یاخود تەنگ پی

هەڵچنین‌و ڕاوەدونانی ئەو ئافرەتانەی کە جلی پان‌و پۆڕو پۆشتەیان لەبـەردا نیـە)، بەڵکو ئێمە وا دەبینین کە فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگیری کردن لەخراپە، ئەو هەموو دەزگاو دامەزراوانـەی کۆمەڵگـەی مـەدەنیش دەگرێتـەوە کـە هەڵدەسـن بـە ئـەرکی چاودێری کردنی دامەزراوە گشتی‌و تایبەتەکان‌و فەرمانیان پێدەکەن بەکاری چاکەو ڕێگیریشیان لێدەکەن لەخراپەو کاری ناپەسەند.

لەمــەش زیـاتر مـن وا دەبیـنم کـە پەرلـەمانی وڵاتـان‌و ئەنجومەنـەکانی گـەل‌و ئەنجومەنـــەکانی نوێنـــەران‌و ئەنجومەنـــە ناوەندیـــەکان، لـــەترۆپکی پەیکـــەری دامەزراوەکانی فەرمان بە چاکەو ڕێگیری کردن لەخراپـەدان، بۆیـە پێویسـتە گەشـە بـەم دامەزراوانـە بـدەین‌و خـەڵکی هوشـیار بکەینـەوە لەبایـەخی زیـاتری ئـەم دامەزراوانەو چالاك کردنیان.

بەڵام بیرمان بێت کە سیاسەتی سـوتاندنی قۆناغـەکان‌و پـەیڕەو نـەکردنی قۆنـاغ بەندی، بەتایبـەت لـەم بـوارەدا زۆر مەترسیدارەو لـەدواجاردا ئەگـەر قۆنـاغ بەنـدی پەیڕەو نەکرێت لەم پرۆسەیەدا ئاکامەکان پێچەوانە دێنە پێشەوەو ئـەوەی ئامانجـە لەناو دەچێت.

ئەگەر سەرنج بدەین پێغەمبەر لەبواری یەکتـاناسی‌و یەکتاپەرسـتیدا سیاسـیەتی سوتاندنی قۆناغەکانی گرتوەتەبەر، بۆیە ڕای گەیاند لـەم سەرەوە(شـرك)هەیەو لـەو سەریشەوە(توحید)و یەکتاناسی‌و یەکتاپەرستی.

بـەڵام لـەبارەی دۆزو پرسـی ژنـان‌و کۆیلەگەرایـەتی‌و چـەندین پـرس‌و بابـەتی تریشەوە سیاسـەتی سـوتاندنی قۆناغـەکانی نەگرتەبـەر، بـەڵکو بـەجێی هێشـت بـۆ کات‌و سەردەم‌و تەنها قردێلەی پرۆژەکەی قرتاندو ڕای گەیاند کە پرۆسەی ئـازادی‌و دابین کردنی مافەکانی ژنان‌و ئازادی‌و سەربەستی کۆیلەکان بەردی بناغەی دانراوەو

دەستی پێکردوە، تا بە کردار پرۆسەی ئازادیو سەربەستیەکە ڕێڕەوی خۆی گرتەبەر تا گەشتە ئەوەی کە ئەمڕۆ لەجیهاندا بەگشتی بابەتی کۆیلایەتی کۆتایی هاتوە، بێجگە لەوڵاتی مۆریتانیا کە یەکێکە لەوڵاتانی ئیسلامیو تا ئێستاش لێرەو لەوێ دیاردەی کۆیلایەتی لەو وڵاتەدا بونی ماوەو بەیناو بەین بەشێوازی تازەو لەفۆرمی نوێدا خۆی دەردەخاتەوە.

بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیەش گرنگی بایەخی بونی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو مافی منداڵانو سەندیکاکانی کرێکاران دەردەکەوێت.

بەڵام ئافرەت تا ئێستاش بەشێوەی یەکجارەکیو بەتەواوی ئازادو سەربەست نەبوەو کاری زۆرتر چاوەڕێمانە لەم بوارەدا بیکەین. بابەتێکی تایبەتم لەمبارەیەوە لەسەر فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگیری کردن لەخراپە لەم کتێبەدا نوسیوە.

لێرەدا نمونەیەك دەهێنمەوە لەبارەی سوتاندنی قۆناغەکانەوە، کاتێك کە ڕوسیای قەیسەریو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی گۆڕان بۆ دەسەڵاتی سۆڤیەتی جاران: لەساڵی (١٩١٧ز)داو بەهۆی ئەو خۆپیشاندانو ناڕەزایەتیانەی کە بەهۆی برسیەتیو تێك شکانی ڕوسیاوە لەبەردەم ئەڵمانیادا هاتنەکایەوەو دواتر پاشاگەردانی وڵاتی گرتەوە، لەپڕ دەسەڵات لەپاشایەتیو دەرەباگایەتیەکەوە کە کەنیسە پشتگیری دەکرد، گۆڕا بۆ دەسەڵاتێکی پەرلەمانی کە لەو وڵاتەدا بە(دۆما)ناویان لێنا.

یەکەم هێزێکیش کە ئەم خۆپیشاندانو ناڕەزاییانەو دواتریش کاروباری وڵاتی دەبرد بەڕێوە، بریتی بو لەحیزبی بەلشەفی کە ژمارەی ئەندامەکانی حەوت هەزار کەس بوو لە ڕوبەرێکدا کە ($\frac{١}{٦}$)ی گۆی زەوی پێك دەهێنێت.

لەبەر ئەوەی كە ئەم حزبە هێزی گرتە دەستو زاڵ بوو بەسەر وڵاتەكەدا، بۆیە دەسەڵاتی گرتە دەستو خۆی سەپاند بەسەر هەموو دامو دەزگاكانداو دیكتاتۆریەتێكی سەپاند كە هەمو كۆمەڵگەی ڕوسی بەتەواوەتی هەڵوەشاندو وێرانی كرد، ڕاستە كۆمەڵگەی ڕوسی ئێستاو پاش لەبەریەك هەڵوەشانی دەسەڵاتی شیوعیەكان كۆمەڵگەیەكی تەواو جیاوازە لەسەردەمی قەیسەری، بەڵام نرخێكی گەورەو قوربانیەكی ئێجگار بە بایەخیان پێشكەش كرد لەپای ئەو گۆڕانكاریو گواستنەوەیەدا.

لەم جۆرە قۆناغە ڕاگوزەریانەداو لەگەڵ پەیڕەوكردنی سیاسەتی سوتاندنی قۆناغەكاندا، هەر هێزێكی سیاسی با بچوكیش بێت دەتوانێت دەست بگرێت بەسەر وڵاتداو سیستەمێكی دیكتاتۆری دڵ ڕەقو داپڵۆسێنەرپێك بهێنێت، ئەمە لەسوریاش ڕویدا، كاتێك ساڵی(١٩٦٣)لەحومێكی دیموكراتی پەرلەمانیەوە، گۆڕا بۆ سیستەمی تاك حیزبی دیكتاتۆریو بویە هۆی وێرانكردنی وڵاتو سەرگەردان كردنی گەلەكەشی، ئەم هەموو تاوانەش بەهۆی چەند كەسێكو لەڕێگەی ئەو چەند كەسەوە كە ژمارەیان لە(٧٠٠)كەس تێنەدەپەڕی، ودەستیان گرتبو بەسەر بواری سەربازیو بازاڕیشداو لەبەرژەوەندی خۆیاندا بەكاریان دەهێنا.

نمونەیەكی تر دەهێنمەوە كە سیاسەتی پلەبەندی پەیڕەو كردو قۆناغەكانی پێشێل نەكرد، ئەویش بریتیە لە یابان، لەساڵی(١٨٦٨)دا لەلایەن ئەم وڵاتەوە چەند پیاوێكی ئینگلیز بانگهێشت كران بۆ ئەوەی سەرپەرشتی دروستكردنی سكەی شەمەندەفەرو دامەزراندنی تەلەفریكو كەشتی گەورە بكەن، بەهەمان شێوە چەند كەسێكی لەفەرەنساوە بانگهێشت كران بۆ ئەوەی جارێكی تر بە یاساكانی وڵاتی یاباندا بچنەوەو سەر لەنوێ دای ڕێژنەوەو ڕاهێنان بە سوپا بكەن، هەروەها

لەئـەڵمانیاوە چـەند کەسـێکیان بـانگ کـرد تـا گرنگـی بـدەن بـە کاروبـاری ژیـانو تەندروستی گشتی، هەروەها لەئیتالیاوە چـەند کەسـێکیان هێنـا بـۆ ئـەوەی خـەڵك فێری نیگارکێشـیو هـەڵکۆڵینی وێنـەکان بکـەن، بـەم شـێوەیە یابـان چـوە خانـەی شۆڕشی پیشەسازیەوە.

ئیمپراتۆر(ئیتۆ)کە ئەو دەم سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانانو سەرۆکی حکومەت بو هەوڵێـدا سـاڵی(١٩٨٩)یەکـەم دەسـتور ڕابگەیـەنێتو ڕونیشـی کـردەوە کـە دیموکراسـیەتی ڕۆژئـاوا چـەند لایـەنێکی ناپەسـەندی تێدایـە، بۆیـە ئەنجومـەنی نوێنـەرانو نـاودارانی دامەزرانـدو ژمـارەی ئـەو کەسانەشـی دیـاری کـرد کـە مـافی دەنگـدانیان هەیـەو ڕایگەیانـد لـەکۆی(٣٠)ملیـۆن کـەس لەدانیشـتوانی یابـان تەنها(٤٦٠) هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیـە، دواتـر ئـەم ژمارەیـە زیـاد کـرا تـا لەساڵی(١٩٢٨)دا گەشتە(١٣)ملیۆن کـەس. سـەیری کتێبـی(قصـة الحضـارة)ی وول دیورانت، بەرگی(٥-٦) چاپی سێەم لاپەڕە (١٦٨-١٧٠)بکە.

بۆیە ئەم دو نمونەیەمان هێنایەوە چونکە لەئێستادا بەرهەمەکانیان دەبینین.

جیاوازی بنەڕەتیش لەنێوان ئەم دوو نمونەیـەدا ئەوەیـە کـە، ئەزمونـە ڕوسـیەکە هەستا بە ڕاوەدونانو کوشتنی هەموو ئـەو کەسـانەی کـە خـاوەن بنەماڵـەو پێگـەی کۆمەڵایەتی بونو هەروەها هەمو ئەوانـەی کـە ڕونـاك بـیرو هۆشمەنـد بـون، چـونکە هەموو ڕابەرانی شۆڕشەکە لەڕوسیا هیچ پیشەو دەست ڕەنگینیـەکیان نـەبو بێجگـە لەهۆنـەری خۆڕاهێنـان لەسـەر شـێوازی داگیرکردنـی دەسـەڵاتو گرتنـە دەسـتی جومگـەکانی، لەئـەدەبیاتی ئـەو شۆڕشەشـدا ئـەم چشـنە کەسـانە پێیـان دەوتـرا شۆڕشگێڕی داهێنەر..!.

بەڵام شۆڕشی یابانی بە پێچەوانەوە کەسانێکی نەجیب زادەو خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی ڕابەرایەتیان کردو هەستان پێی، ئەوکەسانەی کە هەڵسوڕێنەری ئەم شۆڕشە بون، خاوەنی چەندین بەهای باڵای ڕەوشتی ئەو تۆ بون کە خەڵك متمانەی پێدەکردن، بۆیە: ئێستا سەرکەوتنی ئەزمونی یابان وشکستی ئەزمونی ڕوسی بە چاوی خۆمان دەبینین، ئەو ئەزمونە ڕوسیەی کە ماوەی(٧٤)ساڵ لەسەر حوکم بو.

هەروەها چەندین دەوڵەتی عەرەبی دەبینین کە لەسەر ڕێچکەی ئەزمونی ڕوسی دەڕۆشتن و دەڕۆن‌و، دواجار بونە هۆی دواخستن‌و وێرانکردنی وڵاتەکانیان‌و سەرگەردانکردنی گەلەکانیشیان.

لێرەوە ئێمە وا دەبینین پێویستە مەبەستە شەرعیەکان پەرەیان پێبدرێت تا وای لێبێت کە ئازادی ڕادەبڕین ئاشتیانەو میدیاو بواری ڕۆژنامەگەری‌و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ڕێکخراوە خۆبەششیەکان، بگرێتەوەو گرنگیان پێبدات بەو پێیەی کە ئەم شێوازو دامەزراوانە باشترین هۆکارن تا ئێستا مرۆڤایەتی پێی گەشتبێت بۆ ئەنجامدانی فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگیری کردن لەخراپە.

ئەو قسەیەش کە دەیکەن‌و دەڵێن: کوشتنی(مرتدّ)بۆ پارێزگاری کردنە لەئاین، وانیەو ئێمە وا دەبینین کە ئەو فەتوایانە بۆ وەلاخستنی نەیارەکانەو هیچی تر، لەسەر زەویدا هیچ دەستەیەك نیە چ ئەو دەستەیە ئاسمانی بێت یاخود نا ئاسمانی، فەرمان بە کوشتنی ئەو کەسە بدات کەوازی لێدەهێنێت‌و لێی دەردەچێت، بەڵام بەداخەوە ئەم فەتوا مەترسیدارە لەفیقهی بۆ ماوەماندا بون‌و حزروی هەیە.

## – پارێزگاری كردن لەعەقڵ:

جارێكی تر ئەو شتەی كە پێی دەوترێت مەبەستەكانی شەریعەت داوامان لێدەكات پارێزگاری لەعەقڵ و ژیری بكەین، بۆیە جارێكی تریش ئێمە دەپرسینەوە: ئەوە چ عەقڵو ژیریەكە ئەم بەڕێزانە داوامان لێدەكەن پارێزگاری لێبكەین..؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەتا پێویستە جیاكاری بكەین لەنێوان عەقڵو ژیری سروشتی(العقل الفطری)و لەنێوان عەقڵو ژیریەكدا كە مرۆڤ خۆی دەتوانێت پێكی بهێنێتو دەستی بخات(العقل المكتسب).

پاشان پێویستە سەرنجێك بدەین لەدابەزێنراوی بەجێو بزانین چۆن پێناسەی عەقڵو ژیری كردوەو، هەروەها سەرێك لەكتێبەكانی فەرمودە بدەینو بزانین پێغەمبەر لەڕێگەی فەرمودەكانیەوە چۆن پێناسەی عەقڵو ژیری كردوە، بزانین پێناسەی عەقڵو ژیری بەلای دانشمەندانەوە چیەو چۆن پێناسەیان كردوە، هەروەها بزانین فیقهزانەكان لەكتێبەكانی فیقهدا چۆنیان پێناسە كردوەو پاشان بزانین سۆفیەكانو ئەهلی تەسەوف لەكتێبەكانی تەسەوفدا چۆن پێناسەی عەقڵو ژیرییان كردوە..؟

لەبارەی جیاكاری لەنێوان عەقڵو ژیری سروشتیو عەقڵو ژیریەك كە مرۆڤ خۆی دەستی دەخات، ئەم بۆ چونەمان لەو كەسەوە وەرگرتوە كە دەڵێت: (عەقڵ دوبەشو دوو چەشنە: عەقڵو ژیری سروشتیو عەقڵو ژیری ئەزمون لێكدانەوەو بەراورد، هەریەك لەم دوو چەشنە عەقڵەش پێویستیان بە یەكترەو بەیەكەوە نەبن سویدیان لێوەر ناگیرێت).

ئەم بۆ چونەشمان لەقسەی(سحبان وائل)وەرگرتوە كە یەكێكە لەدانشمەندانی عەرەبو دەڵێت: (عەقڵو ژیری لەڕێگەی ئەزمونەكانەوە دەستدەكەوێت چونكە

عەقڵو ژیری غەریزی پەیژەو پردەبازێكەو لەڕێگەیەوە دەگەیت بە عەقڵو ژیری ئەزمونی)مەبەستمان بە عەقڵو ژیری سروشتی ئەو كۆنەستە سەرەتاییەیە كە لەڕێگەیەوە دەرك بە شتەكان دەكەینو مرۆڤ لەسەرەتای تەمەنیەوە ئەو سەلمێنراوانەی پێ لەیەك جیا دەكاتەوە كە جیاكردنەوەیان پێویستی بە لێزانیو ئەزمونی ئاڵۆز نیە، وەك جیاكردنەوەی خورما لەپشكۆ(كالتمییز بین التمرةو الجمرة)، هەروەها مەبەستمان بەم چەشنە عەقڵ و ژیریە ئەوەیە كە بریتیە لەو ئاوەزو ژیریو فامەی كە شتەكانو شمەكەكان لێك جیادەكاتەوەو ناسازگاری ڕادەماڵێت لەنێوان ناوو ناوەڕۆكدا یاخود لەنێوان ناوو، ناو لێنراودا.

مەبەستیشمان لەو عەقڵو ژیریەی كە مرۆڤ خۆی پێكی دەهێنێتو بەدەستی دەخات ئەوەیە كە بریتیە لەو لایەنەی لەئاكامی شەنوكەوی ئەزمونەكانو بەراوردی زانیاریەكانەوە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێتو دواجار دەبێتە ئامرازێكی لەباربۆ هەلێنجانی ئاكامەكان لەسەرەتاكانەوە، كە بە پرۆسەی شیتاڵ كردنو دواتر ڕێكخستنو پێكهێنانو پاشان نەتیجەگیریو ئاكام گرتن كۆتایی دێت.

بۆیە ئەگەر مرۆڤ عەقڵو ژیری سروشتی لەدەس بدات، ئەوا ئەو كەسە دەبێتە كەسێكی ناتەواو و دابڕاو لەجیهانی دەرەكی یاخود با بڵێین شێت دەبێت، بەهەمان شێوە ئەگەر مرۆڤ عەقڵو ژیری دەسكەوت لەدەست بدات دەبێتە كەسێكی گەمژەو پێی دەوترێت بێعەقڵ.

سەبارەت بە سەرنج دانیشمان لەتەواوی كتێبە جۆراوجۆرەكان لەبارەی پێناسەیانەوە بۆ عەقڵو ژیری، بۆ ئەوەی ڕێگەكە كورت كەینەوەو درێژەی پێنەدەین، لەكتێبی(الیاقوتة في العلم والأدب من العقد الفرید).

بەشـی(العقل)مان بـە نمونـە وەرگرتـوە. کتێبەکـەش لەنوسـینی(قاضـی القضـاة الأندلسی أحمد بن محمد بن عبد ربه الأندلسی القرطبي)ەو ئەوەندەمان لێوەرگرتوە کە سودی لێوەرگرین بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەمان.

کاتێك لێکۆڵەر دەگـەڕێت بـەناو دابـەزێنراوی بەجێـداو پرسـیار لەوشـەی (العقـل) دەکات، بێگومان دەستی ناکەوێت، بـەڵکو چـەند دەسـتەواژەیەکی جێگـرەوەی تـر بەدیدەکات کە لەجێگەو لەبری عەقڵدا بەکار هاتون.

**یەکەمی ئەم دەستەواژانە**: (اللّب)ەو ڕستەی (ألوا ألألباب) لەدوا نیگای ئاسمانیدا مەبەسـت پێـی: خـاوەن ژیریـو هۆشمەندەکانـەو لەشـانزە جێگـەی دابـەزێنراوی بەجێداهاتوە، هەشتیان لەشاری مەکە و هەشتیشیان لەمەدینە دابەزیون.

سـەرنج دەدەیـن لـەم شـانزە ئایەتـەدا کـە لەدابـەزێنراوی بەجێـدا هـاتون، لەهەمویانـدا ئـەو ئـاوەزو فـامو (لّب)ەیـە کـە تەکیـەگاو جێگـەو قـەرارگای تـەقواو پارێزکاری سنورەکانی خواوەندەو، شوێنو جێگـەی وەرگرتنـی ڕێنمـایی خواییـەو، هـەروەها ئـامرازی وەبـیر هێنانـەوەو هۆشـیار کردنـەوەو پەنـد لێ وەرگرتنـەو ئـەم ئاکارانەش هەموی ئاکارو تایبەتمەندی مێشكو دەماغن.

**دوەمی ئەو دەستەواژانە**: کە وەك جێگرەوەی عەقڵ لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتوە بریتیە لە(قلب)کە بەشێوازی تاكو جوت و کۆ لە(١٣٢)جێگـەی دابـەزێنراوی بەجێـدا هاتوە،﴿وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ﴾آل عمران/١٥٩.

واتە: ئەگەر تۆ کەسێکی زبرو توندو دڵ ڕەق بویتایـە دەوریـان چـۆڵ دەکردیـتو بڵاوەیان لێدەکرد.

هەروەها ئایـەتی﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيراً مِّنَ الْجِنِّ وَالإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا أُوْلَـئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ﴾ الأعراف/١٧٩.

واتە: زۆرێك لەمرۆڤەكانو جنۆكە چارەنوسیان دۆزەخـە بـەهۆی ئـەوەوە كەسـود لـەئاوەزو فامیـان وەرنـاگرنو سـود لەهەسـتەوەرەكانی وەك چـاوو گوێچـكەیان وەرناگرن، ئەوانە وەك ئاژەڵ وانو بەڵكو لەئاژەڵیش گومڕاترن.

پێویستە بزانین لەئایەتەكەی سورەتی(آلعمران)دا مەبەست لە(غلظَةُ الْقَلْب)مانـای كـاڵ فـامیو زەیـن كـوێری دەگەیـەنێتو، لەئایەتەكـەی سـورەتی(الأعـراف)یشـدا مەبەست(القلوب)ئامرازەكانی تێگەیشتنو لێكدانەوەیە، وەك چۆن چاوی بە ئـامرازی بیـنینو گوێچـكەی بـە ئـامرازی بیسـتن بـە نمونـە هێناوەتـەوە، فیقهـیش مـوفردەو چـەمكێكی قورئانیـەو مەبەسـت لێـی تێگەیشـتنو بیكردنـەوەو لێكدانەوەیـەو واتـای دوكەرت كردنو یەكالا كردنەوەی شتەكان دەگەیەنێت بۆ ئەوەی بزانین چ نیهێنیـەك لەناویاندایەو چیان لەناوخۆیاندا حەشارداوە، ئەم كارانەش هەمویان ئیشی مـێكشو دەماغن و، ئەو دڵەی كە لەچەند ماسولكەیەك پێك دێتو كـاری هەڵـدانی خوێنـە بـۆ پارچـەكانی تـری لاشـەی مـرۆڤ، تـەنها بـۆ جـارێكیش نـاوی لەدابـەزێنرای بەجێـدا نـەهاتوە، چـونكە ئـەویش ئەنـدامێكی ئاسـاییە وەك ئەندامـەكانی تـری لاشـە، وەك سـیەكانو گـەدەو جگەرو...هتـد، ئەگـەر مەبەسـتی خواوەنـد لـەو ئایەتـەدا كـە دەفەرموێت ﴿بل قَسَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ ئەگەر مەبەستی ئەو ماسولكەیە بوایە كە ئێمە پێـی دەڵێین: دڵ، ئەوا دەبو ئەو كەسانە توشی ڕەق بونی خوێن هێنەرەكان ببونایە..!.

لەمبارەیەوە بەداخەوە نمونەیەك دەگێڕمەوە: لەكەناڵی ئاسمـانی(إقراء)گـوێم لـە بانگخواز(حنان القطان)گرتبو، لەچەند ئەڵقەیەكدا باسـی لـە(قلب)دەكردو وێنەیـەكی

لەپشت سەریەوە دانابو، وێنەکە هی ئەو پارچە ماسولکەیەو بو کە ئێمە پێی دەڵێین: دڵ، ئەم بەڕێزە هەمو ئەو ئایەتانەی دەهێنا کە لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتون‌و باسی (قلب)یان تێدایەو، وای لەبیسەرو وەرگری دەگەیاند کە ئەو ئایەتانە مەبەستیان لەو دڵەیە کە لەچەند ماسولکەیەك پێك هاتوەو، هەموو ئەو ئەرك وکارانەشی باسکرد کە ئیشی مێشك‌و دەماغن، گوایا ئەرك‌و ئیشی ئەم پارچە ماسولەکەیەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بو ئەو ئەرکە سەرەکیەی بیر چوو باسی بکات کە کاری سەرەکی ئەم پارچە ماسولکەکەیە، ئەویش هەڵداون و دابەشکردنەوەی خوێنە بەسەر تەواوی ئەندامەکانی لەشد..!.

__**سێیەم دەستەواژەش:**__ (حِجْر)ە بە دانانی ژێرە بۆ پیتی(ح)ەکەو دانانی زەنە بۆ پیتی(ج)ەکە، ئەم دەستەواژەیەش یەکجار لەم ئایەتەدا هاتوە ﴿**هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ**﴾ الفجر/ ٥.

(الحِجْر)بریتیە لەئاوەزو ئەو هەستەیە کە، ڕێگە لەبێعەقڵی‌و نەفامی‌و گومڕایی‌و سەرلێشێوان دەگرێت‌و یەکێکە لەئەرك‌و ئاکارو تایبەتمەندیەکانی مێشك‌و دەماغ..؟

لەبیرمان بێت ئەو(أصحاب الحجر)ەش کە لەئایەتی(٨٠)ی سورەتی(الحجر)دا هاتوە، مەبەست پێی خەڵکی مەدائنە لەگەڵی(ثمود)ئەم ناوە هیچ پەیوەندیەکی بە عەقڵ‌و ژیریەوە نیە.

__**چوارەم دەستەواژەش:**__ کە خواوەند لەپەڕاوە پیرۆزەکەیدا شانزە(١٦)جار ناوی هێناوە بریتیە لە(فؤاد)کە لەم ئایەتانەدا بەتاك‌و بە کۆ ناوی هاتوە: ﴿**وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً**﴾ الإسراء/٣٦.

﴿**وَاللّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئاً وَجَعَلَ لَكُمُ الْسَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ**﴾ النحل/٧٨.

وشـەی(الفـؤاد)لەئایەتەکانـدا مانـای هەسـتی دەستنیشـانکردنو هەسـتەوەرەکان دەگەیەنێت، کە لەسەروی هـەموو هەسـتو هەستەوەرەکانیشـەوە بـاس لەبیسـتنو بینین دەکات، بەو پێیەی ئەم دوو هەستە، دەفری مادەی خاوی بیکردنەوەو ژیریو ئاوەزو لێکدانەوەن(perceptual comprehension).

ئەمـە لـەبارەی عـەقڵو ژیریـەوە بـەو شـێوەی کـە لەدابـەزێنراوی بەجێدا بـاسو وێناکراوە، ئەی پێغەمبەری عەرەبی (د.خ)چۆن عەقڵو ژیری دەبینێتو چۆنی وێناو پێناسە دەکات..؟

ئەم چـەند ڕسـتەیەی خـوارەوە لە(فصـل العقـل)ی(إبن عبـد ربـە)وەردەگرین کـە نوسەر داونیەتە پاڵ پێغەمبەر گوایا وتویەتی:

١- (لاتقتدوا بمن لیس لە عقدة)أی عقل. واتە: شوێن کەسێك مەکەون کـە عـەقڵ و فـام وژیری نەبێت، گوایا پێغەمبەر وشەی(عقدة)ی بە مانای عەقڵو ژیری بـەکار هێنـا بێـت..! ئەم قسەیە بەراورد بکە بەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ﴾.

٢- خواوەند هیچ دروسکراوێکی دروست نەکردوە کە بە ئەنـدازەی عـەقڵو ژیـری خۆشی بوێت، واتە: عەقڵی لەهەموشت زیاتر خۆش دەوێت.

٣- ئەگەر عەقڵت هەبو ئەوا ڕێزو شکۆشت دەبێت.

٤- ڕێـزی مـرۆڤ ئاینیـەتیو، پیـاوەتیو شـەهامەتی لـەژیریو عەقڵیدایـەو، پلـەو پێگەشی لەڕەوشتیدایە.

٥- عەقڵو ژیری نورو ڕۆشناییەکە لەدڵدایەو بەهۆیەوە حەقو ڕاسـتی لەناحـەقو خراپە جیادەکەینەوە(سەرنج بدە لێرەدا عەقڵ بریتیە لەدەماغو مێشك).

٦- بەهۆی عەقڵو ژیریەوەیە کە حەڵاڵو حەرامو ڕێساکانی ئیسـلام دەناسـرێنەوەو دەزانرێن، لەئامۆژگاریو ڕاسپاردەکانی خواوەندیشدا هاتوەو دەفـەرموێت: ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ خواوەنـد بـەهۆی عـەقڵ و ژیریـەوە دەپـەرسـترێت،

(ڕاسـپاردەكان) بـە ویـژدانو نـاخو نەسـتیش دەویسـترێت، (الصـلاة) پەیوەنـدیو پەیوەست بونو دڵبەندبونە بە خواوەندەوە.

٧- هۆكارى پایەدارى مرۆڤ عەقڵو ژیریـەتى، هەركەسـیش عـەقڵو ژیـرى نـەبێت دینو ئاینیشى نیە.

٨- مرۆڤى ژیرو عەقڵمەند لەگەڵ ئەو كەسەشدا كە ستەمى لێدەكات هەر بەسۆزو لەسەرەخۆو ئارامە، خۆیشى بـە گـەورە ناگرێـت تەنانـەت لەگـەڵ لـەخۆى بچـوكترو لەخۆى نزمتریشدا لەپلەو پێگەى كۆمەڵایەتیدا، پێشـبڕكێش لەگـەڵ سـەروى خۆیو لەگەڵ كەسى بە تواناتر لەخۆیدا دەكات بۆ كارى چاكەو چاكەكارى.(كۆتایى)

ئەو كەسەى كە بە سەرنجەوە بڕوانێتە ئەم وتانـەو لەسـەر ئـەو بنەمایـە مامەڵـەو بەرخورد لەگەڵ فەرمودەكانى پێغەمبەردا بكات كـە پێویسـتە سـازگارو هاوئاهـەنگ بـن لەگـەڵ دابـەزێنراوى بەجێدا، پێویسـتە سـەرەتا لـەڕوى مـرۆڤ دۆسـتیەوە ئـەم گێڕنەوانـە پەسـەند بـن ئـەوجا لـەڕوى باوەڕپێهێنانـەوە پەسـەند دەبـنو، ئەگـەر دەركەوت یەكێك لەوگێڕانەوانە دژو ناسازگارە لەگەڵ مەبەستو واتاو بـەها باڵاكـانى پەیامى ئاسمانیدا، ئەوا بێگومان دەبێت ڕەد بكرێتەوە، ئەگەر لێكۆڵەر بەم دیدەوە بڕوانێتـە ئـەم وتانـە، ئـەوا بـەبێ لێكۆڵینـەوە لـەزنجیرەى ئـەو كەسـانەى كـە لەگێڕانەوەكاندا ناویان هاتوە، بـەڕونى بـۆى دەردەكـەوێت كـە بێـژەرى ئـەم وتانـە هەركەس بێت لەسەرچاوەى قورئانـەوە ئـەم بـیرو دەربڕینانـەى هـەڵگۆزیوە، بـەڵام لێكۆڵەر لەبەردەم ئەم زنجیرە گێڕانەوانەى خوارەوەدا، ئێسـتێك دەكـاتو ناتوانێـت بە ئاسانى مل بداتو دان بنێت بەڕاسـتى ئـەم گێڕانەوانـەدا كـە گوایـا قسـەو وتـەى پێغەمبەر بن:

ـ (إبـن عبدربـه الأندلسـي)لـە كتێبـى (العقـد الفریـد ـ كتـاب الیاقوتـة في العلـم والأدب)بەرگى دوەم لاپەڕە(٢٤٤-٢٤٥)دا دەڵێت:

١. كاتێك خواوەنـد عـەقڵی دروسـتكرد پێـی وت: وەرە پێشـەوەو عـەقڵیش هاتـە پێشـەوە، پاشـان خواوەنـد بـە عـەقڵی وت: بـڕۆ دواوە، عـەقڵیش ڕۆشـتە دواوەو خواوەنـد پێـی وت: سـوێند بـە شـكۆو گـەورەیی خـۆم هـیچ دروسـكراوێك لەدروسـتكراوەكانم لام خۆشەویسـتر نیـە لـەتۆ، تـۆم لەهـەموو دروسـتكراوەكانم لا خۆشەویستریتو تەنها دەتبەخشم بەو كەسەی كە خۆشەویسترین كەسە لەلام.

هەروەها كاتێك كە خواوەند بێعەقڵیو نەفامیو گەمژەیی دروست كرد، پێـی وت: وەرە پێشـێ، بـەڵام ئـەو پشـتی لەخواوەنـد كـردو دوركەوتـەوە، پاشـان پێـی وت: لـێم دور بكەوەرەوەو بڕۆ، ئەو ڕوی تێكردو بەرەو ڕوی هـات، بۆیـە خواوەنـد پێـی وت: سـوێند بـە شكۆو گەورەیی خۆم، هیچ دروسكراوێكم دروسـت نـەكردوە لـەتۆ قێـزەون تـرو بێـزراو تـر بێت لام، بۆیە: دەتدەم بەسەر ئەو كەسەدا كە بێزراوترین كەسە لەلام.

٢. كاتێك خواوەند ئادەمی داگرتە سەرزەوی، جبریـل هاتـە لایو پێـی وت: ئـەی ئادەم خواوەند بەهۆی سێ ئاكارو تایبەتمەندیەوە تۆی خۆش ویستوەو سەرپشـكی كردویـت تـا یـەكێك لـەو ئاكارانـە هەڵبـژێریتو دەسـت لـەدوو دانـەیان هـەڵگریت، ئادەمیش وتی: ئەو ئاكارانە چیو چین: جبریل وتی: (الحیاء والدین والعقل)شـەرمو، ئـاینو، ژیـری. ئـادەمیش وتـی: خواوەنـد تـۆ بـە ئاگایـت كـە مـن عـەقڵو ژیـریم هەڵبژاردوە، بۆیە جبریل ڕوی كـردە شـەرمو حـەیاو ئـاینو، پێـی وتـن: بەرزبنـەوەو سـەركەون، وتیـان: بـەرز نابینـەوەو سـەرناكەوین. بۆیـە جبریـل لێـی پرسـین: ئایـا سەرپێچی دەكەن..؟ وتیان نا، بەڵام فەرمانمان پێكراوە لەعەقڵو ژیری دانـەبڕێینو ئەو لەكوێ بو ئێمەش لەوێین.

٣. خواوەند بێبەشیو بەش خوراوی كردە هاوملی عـەقڵو ژیـریو سـپاردی بـەو، ڕزقو ڕۆزیو سامانیشی كـردە هـاوملی نـەفامیو سـپاردی بـەو، بـۆ ئـەوەی عـاقڵو ژیرمەند، پەند وەربگرێتو بزانێت كە لـەڕزقو ڕۆزیـدا هـیچ ڕۆڵـی نیـەو لـەو بـوارەدا كاری پێناكرێت.(كۆتایی).

لەگێڕانەوەی یەكەمدا، كە هەندێ كەس دەڵێن: گوایا فەرمودەی قودسیەو قسەی خواوەندە، چەند پرسو بابەتێكی تێدایە كە نە عەقڵ پەسەندیان دەكاتو نە ژیریو ئاوەزیش دانیان پێدا دەنێت:

**یەكەمیان:** بریتیە لەو وێناكردنو دەستنیشان كردنە لێڵەی كە بۆ عەقڵو ژیری كراوە.

**دوەم:** ئەو دیمەنە ناپەسەندەی كە لەدیمەنەكانی سەرسەكۆی نمایش كردنی جلو بەرگی ئەم سەردەمە دەچێت.

**سێیەم:** ئەو قسەی خواوەند گوایا وتویەتی: بە عەقڵو ژیری(تەنها بەو كەسەت دەبەخشم كە خۆشەویسترین كەسە لام).

هەروەها ئەو قسەیەی خواوەند گوایا وتویەتی: بە بێعەقڵیو گەمژەیی(دەتدەم بەسەر ئەوكەسەدا كە بێزراو ترین كەسە لەلام).

بەشی یەكەمی عەقڵو ژیری كە پێی دەوترێت: ژیری سروشتی(العقل الفطري التكويني)كاتێك خواوەند مرۆڤی دروست كردوە لەگەڵ نیعمەتەكانی تردا ئەو چەشنە عەقڵەشی بەهەموو كەس بەخشیوە.

بەڵام ئەوە كە دەڵێن: خواوەند بەبێ ئاگاداری خۆیان عەقڵو ژیری بەخشیبێت بە كەسانێكو بەهۆی ئەو عەقڵو ژیریەوە خواوەندیان ناسیبێت، لەپاداشتی ئەوەدا بیانخاتە بەهەشتو كەسانێكیش بەبێ ئاگاداری خۆیان وە بەبێ دەستنیشانكردن، بێعەقڵیو گەمژەیەتی دابێت بە كۆڵیانداو لەسەر ئەوەش كە گوایا، سەرنجی دروستكراوەكانی خواوەندیان نەداوە بیانخاتە دۆزەخەوە، ئەم لاف لێدانو نوقڵانانە لەگەڵ دادپەروەریو سۆزو بەزەیی خواوەندا دژ دەوەستنەوەو ڕێك نایەنەوە، پرسو بابەتی دروستكردنی بونەوەرو ژیان، وادێتە پێش چاو كە مرۆڤ تیایدا وەك بوكەڵەیەكی بێ هەستو خواستو بێ دەسەڵات وایە كە لەڕێگەی پەتو

سەرەداوەكانەوە دەجولێنرێتو یاری پێدەكرێت(تعالى الله عمايصفون)ئەم بۆچـونە، بەستونی دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەم فەرمودەی خواوەندا كە دەفـەرموێت: ﴿وَقُلْ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ الكهف/٢٩.

هەروەها لەگەڵ ئەم فەرمودەيەشـيدا ناگونجێـت كـە دەفـەرموێت: ﴿وَمَـا خَلَقْنَـا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لاَعِبِينَ* لَوْ أَرَدْنَا أَنْ نَتَّخِذَ لَهْوًا لَاتَّخَذْنَاهُ مِنْ لَدُنَّا إِنْ كُنَّا فَاعِلِينَ﴾ الأنبياء/ ١٦-١٧.

بەهەمان شێوە لەگێڕانەوەی دوەمیشدا چەند پرسو بابەتێك هەن كە هیچیان لەو پرسو بابەتە سەرسوڕ هێنەرانە كەمتر نین كە لەگێڕانەوەی یەكەمدا باسمان كردن:

**یەكەم:** ئەم فەرمودەیە پێچەوانەی ئـەو بەسـەرهاتەیە كەلـەبارەی دروسـتكردنو بــەدیهێنانی گەردونــەوە لەئایەتــەكانی دابــەزێنراوی بەجێــدا هــاتوە، تەنانــەت پێچـەوانەیە لەگـەڵ ئـەو چـیرۆكو بەسەرهاتانەشـدا كـە ڕاڤـەكاران لـەو كتێبانـەی كەلەپورەوە دەیگێڕنەوە كە لێوان لێون لەخورافەو ئیسرائیلیات.

ئێمە پێشتر لەم باسەماندا ئاماژەماندا بە گێڕانەوەكانی قورئان لەبارەی چیرۆكی بەدیهێنانەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانین دوبارەی بكەینەوە.

**دوەم:** دەڵێت: كاتێك خواوەند ئادەمی داگرتە سەرزەوی، ئەگەر پرسیاركەرێك لێ بپرسـێت: پـێش ئـەو داگرتنـە ئـادەم لـەكوێ بـو..؟ دەڵێـت: (لەبەهەشـتی بـەرینو نەبڕاوەدا بو، قورئانی پیرۆزیش وامان پێ دەڵێت).

بەڵام لەبیری چوە كە بەهەشت نە لەوكاتەداو نەلەكاتی دابەزینی ئایەتەكانداو نـە ئێستەش، بـونی نیـەو دروسـت نـەكراوە، چـونكە بەهەشـتو ئـاگری دۆزەخ بونیـان بەندو پەیوەستە بە ڕۆژی دواییەوە، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە ئەو ئایەتانەیە كـە لەسـەرەتای سـورەتی(التكوير)دا بـاس لـەو حـاڵو هەوایـە دەكـەن كـە لەبـەرایی

بەرپابونی ڕۆژی دوایدا دێتە گۆڕیێو باس لەو گۆڕانکاریە گەورە گەردونیانە دەکەن لەسیستمی بەڕێوەبردنی گەردوندا ڕو دەدەنو ئەو گۆڕانەی کەبەسەر خۆرو ئەستێرەو کەژو کێوەکاندا دێت و ڕۆژی دوایی بەرپا دەبێت، لەدرێژەی ئەو باسەشدا دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا الْجَحِيمُ سُعِّرَتْ* وَإِذَا الْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ﴾ التكوير/١٣-١٤.

واتە: ئەو دەمەی کە دۆزەخ تاو دەدرێتو بەهەشتیش دەڕازێنرێتەوە.

**سێیەم:** ئەو قسەیەی کە دەڵێت: کاتێك خواوەند ئادەمی داگرتە سەرزەوی(بەپێی بۆچونەکەی ئەو بێت) پەروەردگار خۆشی لەئادەم نەهاتوەو عەقڵو ژیریشی پێنەبەخشیوە.

بەڵام ئەندەلوسی بیری چوە کە ئادەم پێش دابەزینی بۆ سەرزەوی بە ئەزمونێکی سەختو تاڵدا تێپەڕیوەو شکستیشی خواردوە لەو ئەزمونەداو، ڕوبەڕوی تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوەتەوەو لەو تاقیکردنەوەیەشدا کەوتوە، چونکە سەرپێچی لەفەرمانی پەروەردگاری کردو بەو هۆیەوە سەرگەردان بو.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە: ئایا ئادەم لەماوەی ئەم هەموو ڕوداوانەدا کە بەسەریدا هاتن دارای عەقڵ نەبو، یاخود هێشتا عەقڵو ژیریو فامی پێنەبەخشرابو..؟.

**چوارەم:** ئەگەر ئادەم بەرلەوەی جبریل بێتەلای دارای عەقڵو ژیری نەبو، باشە ئەی چۆن زانی کە عەقڵ لە دوو بژاردەکەی تر باشترەو هەڵیبژارد..؟.

سەبارەت بە گێڕانەوەی سێیەمیش: تەنها ئەوەندەی لەبارەوە دەڵێین کە: یان نوسینی کەسێکی (جبری)نەفامە، یان داتاشراوو دانراوی کەسێکی زۆرزانی پیسو نیاز خراپە، هەرکامیان بێت لەوی تریان خراپ ترەو زیانی بۆ بیرو گومڕاکردنی مرۆڤ خراپترە.

سـەرەتای گێڕانەوەكـە قسـە هەڵبەسـتن و درۆكردنـە بـەدەم خواوەنـدەوە و، ناوەڕاستەكەشی هاندانی خەڵكە بۆ ئەوەی نەفامی هەڵبـژێرن‌و دەسبەرداری نـەبن، كۆتایەكەشی بانگەوازێكی بێشەرمانەیە بۆ ئیش نەكردن‌و تەمەڵی.

ئەگـەر ئـەم گێڕانەوەیـە بەهـەمو بەشـەكانیەوە جێبـەجێ بكرێـت‌و پـەیڕەوی لێبكرێـت، تـەنها خـۆی بەسـە بـۆ لـەناوبردن‌و لەبەریـەك هەڵوەشـاندن‌و فەوتانـدنی هەزارو یەك گەل‌و نەتەوەو كۆمەڵگە.

بێژەری گێڕانەوەكە دەڵێت: گوایا خواوەند بێبەش بون لەڕزق‌و ڕۆزی بەستوە بـە عـەقڵ‌و ژیریـەوەو ژیرمەنـدەكانی بێبـەش كـردون لەسـەروەت‌و سـامان، هـەروەها فراوانی ڕزق‌و خۆش گوزەرانیشی بەستوە بە نـەفامی‌و گەمژەیەتیـەوەو ڕزق‌و ڕۆزی ڕژاندوەو دەڕژێنێت بەسەر نەفام‌و گەمژەكاندا، دواتریش ڕونی دەكاتـەوە كـە گوایـا مەبەسـتی خواوەنـد لـەم كـارەدا فێركـردن‌و دەرس دادانـی ژیرمەندانـەو، دەیـەوێت پێیان بڵێت كە: هەوڵ‌و كۆشش‌و تێكۆشان هیچ ڕۆڵ و كاریگـەری نیـە لـەزیادو كـەم كردنی ڕزق‌و ڕۆزی‌و ساماندا، چونكە وەك لای(جبري)یـەكان‌و ئـەو كەسـانەی كـە وا دەزانـن مـرۆڤ هـیچ ویسـت‌و ئـیرادەی نیـە، وا بـاوە كـە پێشـوەخت ڕزق‌و ڕۆزی دابەشكراوەو كەس ناتوانێت هیچ هەوڵێك بۆ گۆڕینی بدات.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە: بێـژەری ئـەم قسـەو گێڕانەوەیـە لـەكوێوە ئـەم زانیاریـە مەترسیدارەی هەڵگۆزیوەو لەكام سەرچاوەوە وەریگرتوە..؟

بە مەبەستی بەدواداچون بۆ ئەم نوقڵانـەو قسـە ناقۆڵایـە، سـەرنجی دابـەزێنراوی بەجێمانـدا بـە هـەردو بەشـی( كتـاب)و (قـرآن)یـەوە، ڕامـاین لەهـەموو ئایەتـە (محكمات)و (متشابهات)ەكان، ئاماژەو سێبەرێكمان بۆ ئەم قسە بێ بنەمایـە بـەدی نەكرد، بەڵكو بە پێچەوانەوە بینیمان كە خواوەند لەدەیان جێگەدا پلەو پێگەی ئەو

کەسانە بەرزدەکاتەوە کە کار دەکەن و تێدەکۆشن و هەوڵ و تەقەلای زیاتر دەدەن و، فـەرمانمان پێـدەکات کـە ئێمـەش وا بکـەین، لەبەرانبەریشـەوە ڕەخنـە لەنـەزانی دەگرێت و لەپێگـەی ئـەو کەسـانە کەمدەکاتـەوە کـە کـارو بانگـەواز بۆلای نـەزانیو نەفامی دەکەن.

خواوەند دەفـەرموێت: ﴿كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَـبَ رَهِـينٌ﴾ الطور/٢١. واتـە: چارەنوسـی هەرکەس بەندە بە کەسابەت و بەو کردەوانەوە کە دەیکات.

وشەی(کسب)یش لەزمانی عەرەبیدا بریتیە لە داهاتی کارکردن.

لەئایەتێکی تردا دەفـەرموێت: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًـا إِلاَّ وُسْـعَهَا لَهَـا مَـا كَسَـبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ﴾ البقرة/٢٨٦.

واتە: خواوەند ئـەرکی زیـادە ناخاتـە سـەر کـەس و ئـەرك بـەپێی توانـاو لێهـاتنی کەسەکە خۆی دەبێت، چونکە مرۆڤ هەرچی ڕەنج و تێکۆشانێك بکات، بەرهەمەکـەی بە چاك و خراپەوە بۆخۆی و ڕوباری خۆی دەکرێتەوە.

واتە: مرۆڤ هەر کردەوەیەکی چاکەو باش بکات پاداشتی لەسـەر وەردەگرێتـەوەو هــەر کـردەوەو کــارێکی خـراپ و ناپەســەندو ڕوخێنــەریش بکـات سـزای لەســەر وەردەگرێتەوە.

هەروەها خواوەند دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَـوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ ۞ فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِـنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُـوا مِـنْ دِيَـارِهِمْ وَأُوذُوا فِـي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَـيِّئَاتِهِمْ وَلَـأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّـاتٍ تَجْـرِي مِـنْ تَحْتِهَـا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ﴾ آل‌عمران/١٩٤-١٩٥.

واتە: ئەی پەروەردگارمان ئەوشتەی کە لەڕێگەی پەیامهێنەرەکانتەوە بەڵێنت پێدا بوین پێمان ببخشەو بماندەریّو گیرۆدەمان مەکە لەڕۆژی قیامەتداو دڵنیاشین کە تۆ بەڵێنەکانت جێبەجیّ دەکەیت، پەروەردگاریان بەدەنگیانەوە هـاتو وەڵامـی دانـەوەو پێـی وتـن: مـن ڕەنجو کارو کردەوەی هیچ یەك لەئێوە بە نێرو مێتانەوە بەزایە نادەم.

لەمانەش هەموی گرنگتر ئەوەیە کە خواوەند چونە ناو بەهەشت دەبەستێـەوە بە کارو کردەوەو هەوڵدانەوەو دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَـةُ طَيِّـبِينَ يَقُولُـونَ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ النحل/٣٢.

واتـە: ئەوانـەی کـە فریشـتەکان بەخۆشـنودیەوە پێشـوازیان لێدەکـەنو پێیـان دەڵێن: ئاشتیو ئارامیتان ئاراستە دەکەینو بفەرمون بچنە بەهەشـتەوە لەپاداشـتی ئەو کردەوانەدا کە کردوتانە.

هەروەها دەفـەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ غافر/٤٠.

واتە: هەرکەسێك لەنێرو لەمێ، کردەوەی چاکە بکاتو بـاوەڕدار بێـت، بـا ئـەو کەسـانە دڵنیابن کەدەچنە بەهەشتەوەو ڕزقو ڕۆزی بی ئەژماریان بۆ دابین دەکرێت.

لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ زخرف/٧٢.

واتە: ئەوە ئەو بەهشتەیە کە بەهۆی کردەوەکانتانەوە بەدەستتان هێناوە.

ئەم ئایەتانە هەمو ئـەو قسـانە پوچـەڵ دەکەنـەوە کـە هەنـدێك لـەزانایانی بـەڕێز ڕاهـاتون لەسـەریو بەشـەوو ڕۆژ لەڕێگـەی کەناڵـە ئاسمانیەکانـەوەو لەوانـەو کـۆڕو بەرنامەکانیانەوە دەیاندەن بە گوێمانداو دەڵێن: گوایا بە ڕەحـمو بـەزەیی خواوەنـد نەبێت مرۆڤ بەهۆی کردەوەکانیەوەو لە پاداشتی کردەوەکانیدا ناچێتە بەهەشتەوە. وەك بڵێـی لای ئـەم بەڕێزانـە ئـەرکی پێغەمبـەر بریتـی بێـت لەبەدرۆخسـتنەوەی خواوەندو پەیامهێنەرەکەی.

بوخـاری لە(سـەحیح)ەكەیدا هێناویـەتی لەعەبـدو ڕەحمـانی كـوڕی عەوفـەوە دەگێڕێتەوە كە ئەبو هورەیرە وتویەتی: گـوێم لێ بـوو پەیامهێنـەر وتـی: كـردەوەی هـیچ كـەس خاوەنەكـەی ناباتـە بەهەشـتەوە. وتیـان: تـۆش ئـەی پەیامهێنـەری خواوەند..؟ وتی: نەخێر منیش ناچمە بەهەشتەوە، مەگـەر خواوەنـد خـۆی بمخاتـە بەرلێشاوی سۆزو بـەزەیی خۆیـەوە، بۆیـە داواتـان لێدەكـەم پشـتی یـەكتر بگـرنو لەیەكتر نزیك بنو هیچكامتان ئاوات بە مردن نەخوازن، چونكە ئەگەر چاكە كار بێت بـۆی هەیـە چـاكەی زیـاتر بكـات، ئەگـەر خراپـەكاریش بێـت بـۆی هەیـە ڕەخنـەی لێبگرنو بگەڕێتەوە. (البخاري ـ باب المرضى) گێڕانەوەی ژمارە(٥٢٤١).

تورمـوزیش لە(سـنن)ەكەیدا گێڕانەوەیـەكی هێنـاوە كـە پێشـتر هاوكارمان(سـامر اسلامبولي) لەكتێبێكدا بەناوی (علم الله وحرية الإنسان) لاپەڕە (٩٦–٩٧)دا بەوردی شیكاری بۆ كردووە بەم شێوەیە:

گێڕانەوەكـەی تورمـوزی بـەم شـێوەیەیە: لەعەبـدوالڵەی كـوڕی عومـەرەوە كـە وتویەتی: پەیامهێنەری خواوەند هاتەلامانو دوو پەڕاوی بەدەستەوە بـو وتـی: ئایـا دەزانن ئەم دوو پەڕاوە چین..؟ وتمان: نەخێر پەیامهێنەر مەگـەر تـۆ پێمـان بڵێیـت چین، ئاماژەی بۆ ئەو پەڕاوە كرد كە لەدەستی ڕاستیدا بـو، وتـی: ئەمـە پەڕاوێكـە لەپـەروەردگاری جیهانیانـەوەو نـاوی هـەموو ئـەو كەسـانەی تێدایـە كـە دەچـنە بەهەشـتەوە، بـەناوی خۆیـانو باوكیـانو تـیرەو هۆزەكانیشـیانەوە، هـەمو ئـەو كەسانەی تێدا تۆمار كراوە كە دەچنە بەهەشـتەوە، ئیـدی بـەهیچ شـێوەیەك زیـادو كەمی تێدا ناكرێت.

پاشان ئاماژەی بۆ پەڕاوەكەی دەستی چەپیشـی كـردو، وتـی ئەمـەش پەڕاوێكـە لەپەروەردگاری جیهانیانـەوە نـاوی هـەموو ئـەو كەسـانە لـەخۆدەگرێت كـە دەچـنە ئـاگرەوە، بـەناوی خۆیـانو باوكیـانو تـیرەو هۆزەكانیشـیانەوە، دوادانـەیان دەگرێتەوەو ئیدی بەهیچ شێوەیەك زیادو كەمی تێدا ناكرێت.

هاوەڵەکانی وتیان: باشە ئەی ئەگەر باسەکە ئاوایەکلایی کرابێتەوەو کۆتای هاتبێت، ئیتر کردەوەکانمان ڕۆڵیان چیەو لەپای چیدا هەوڵ بدەین..؟

ئەویش لەوەڵامدا وتی: هەوڵبدەن‌و پشتیوانی یەکدی بکەن، چونکە ئەوکەسەی کە بەهەشتی بێت هەر کردەوەیەك بکات دواجار هەر بە کردەوەی بەهەشتیەکان کۆتایی بە کردەوەکانی دێت‌و، ئەو کەسەش کە دۆزەخی بێت هەر کردەوەیەك بکات دواجار هەر بەکردەوەی دۆزەخیەکان کۆتایی بە کردەوەکانی دێت. پاشان پەیامهێنەری پەروەردگار: هەر دوو دەستی دابەیەکدا وتی: پەروەردگارتان لەکاروباری بەندەکانیدا لێبویەوە(فريق في الجنة وفريق في السعير) دەستەیەك لەبەهەشتدان‌و دەستەیەکیش لەدۆزەخدا.

ئەم دو نمونەیە مشتێکە لەخەرواریك‌و لەناو دەیان ڕیوایەت‌و گێڕانەوەدا هەڵمان بژاردون کە کتێب‌و سەرچاوەکانی وەك(صحاح ومسانيد وموطآت وسنن)پڕن لەم چەشنە گێڕانەوەو بەناو فەرمودانە، کە هەمویان بە دەوری خولگەی سڕکردن‌و لەکارخستنی ڕۆڵی کردەوەکان‌و دیاریکردنی چارەنوسی مرۆڤەکاندا دەخولێنەوە، جارێك بەناوی سۆزو بەزەیی خواوەندو جارێکیش لەژێر ناونیشانی(جفت الأقلام وطويت الصحف)دا.

لەبارەی فەرمودەی یەکەمەوە کە بوخاری دەیگێڕێتەوە، کێشەی ئەو فەرمودەیە لەگواستنەوەو گێڕانەوەکەیدایە، بە واتایەکی تر بەشێوەی ستونی دژ دەبێتەوە لەگەڵ ئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێدا، کە چەند ئایەتێکمان وەك نمونە پێشتر باسکردو دوبارەیان ناکەینەوە.

هەروەها ئەم ڕیوایەتو بەناو فەرمودەیە بەشێوەی ستونی، دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ زۆرێك لەفەرمودەکانی تری پێغەمبەردا کە، فەرمانمان پێدەکەن کار بکەینو هەوڵبدەینو هانمان دەدەن بۆ کارکردن.

لەبارەی بەناو فەرمودەی دوەمیشەوە کە تورموزی هێناویەتی، کێشەی بەناو فەرمودەکە، کێشەیەکی عەقڵیو لۆژیکیە، چونکە ڕیوایەتەکە باس لەدوو پەڕاو دەکات گوایا لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە هاتونو ناوی هەموو ئەو کەسانە لەخۆدەگرن کە دەچنە بەهەشتو دۆزەخەوە، بەناوی خۆیانو باوكو هۆزو تیرەکانیشانەوە بەهیچ شێوەیەکیش ئەو ناوانە زیادو کەم ناکەن.

ئەگەر وا دابنێین پێوانەی پەڕاوەکەی(٢٥ × ٢٥ سم)بوبێتو پەڕەکانیشی بە ئەندازەی گەڵا سیگار[٦] تەنك بوبنو، لەهەر پەڕەیەکدا بە هەردوو دیوەکەیەوە جێگەی(٤٠٠)ناو ببێتەوە.

بۆ ئەم بابەتە باس لەو خەڵكو کەسو گەلانە ناکەین کە لەپێش سەدەی حەڤدەهەمی زاینیدا ژیاونو هەروەها باس لەو کەسانەش ناکەین کە لەدوای سەدەی بیستەوە دێنو دەژین، بەڵکو تەنها باس لەو کەسو خەڵكو مرۆڤانە دەکەینو، بە نمونە وەریان دەگرین کە لەماوەی(١٤)سەدەی زاینیدا ژیاون(هەر چەندە مانای گشتی فەرمودەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەو باسەدا مەبەست لەخەڵکی بەهەشتو دۆزەخیەکان هەموو مرۆڤایەتی بێت هەر لەیەکەم مرۆڤەوە تا ئەو ڕۆژەی قیامەت هەڵدەسێت)ئەگەر وا دابنێین تەمەنی ناوەندی نەوەیەك(٥٠)ساڵ بێت، هەر چەند ئەگەر ورد بۆی بڕۆین کەمتر لە(٥٠)ساڵ دەردەچێت، پاشان دواجار

---

(٦) سەردەمانی زوو دەفتەرێکی بچوكو زۆر تەنك هەبو، جگەرەکێشەکان توتنیان دەکردە ناو پەڕەکانی ئەو دەفتەرەوەو دەیان پێچایەوەو زۆر تەنك بو، پێیان دەوت: دەفتەری سیگارو بە پەڕەکانیش دەیان وت گەڵا سیگار.

وا دابنـێین كـۆی ژمـارەی دانیشـتوانی گـۆی زەوی لەسـەردەمی پێغەمبەرایەتیـدا لە(٢٠٠)ملیۆن كەس زیاتر نەبوەو لەكۆتایی سـەدەی بیستەمیشـدا ئەگـەر پشـت بـە سەرژمێریە باوەڕ پێكراوەكان ببەستین لەپێنج ملیار كەس زیـاتر نـەبێت، ئـەوا ئـەم هاوكێشەیەی لای خوارەوەمان دەست دەكەوێت:

١٤٠٠سالْ ٥٠ = ٨٠ جیلو نەوەو وەچە.

٥ ملیار– ٢٠٠ ملیون = ٤/٨ ملیـاری بـڕی زیـادەی ژمـارەی دانیشـتوان لـەماوەی ١٤سەدەدا.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە ژمـارەی دانیشـتوانی زەوی لـەكۆتایی جیـلو وەچـەی یەكەمدا بریتی بوە لە(٣٧٠)ملیـۆن كـەس، بـە دوای ئەمانـەدا نـەوەو وەچـەی دوەم دێت لەگەڵ زیادەیەكدا كە دەبنە(٥٤٠)ملیۆن كەس، پاشان ئـەمان دەڕۆنو وەچـەی دوای ئەوان كە وەچەی سێیەمن و ژمارەیان لەگەڵ زیادەكەیاندا(٧١٠) ملیون كـەس دەبن، بەهەمان شێوە بۆ هەر(٢٨) وەچەكە.

بە كۆكردنەوەیەكی سادە، بۆمان دەردەكەوێت ژمارەی هەموو ئەو كەسانەی كـە بەدوای یەكدا هاتونەتـە سـەر گۆی زەوی هـەر لەسـەردەمی پێغەمبەرایەتیـەوە تـا كۆتـایی سـەدەی بیسـت، بریتـی بـون لـە (٦٩/٨٦)ملیـار كـەس نـاوی ئـەم ژمـارە مەزنەش لەمرۆڤەكان پێویستی بە (١٧،٤٦٥،٠٠٠) پەڕە دەبێت، دەشزانین كە هەمو (١٠٠٠) هەزار پەڕە لەو دەفتەر سیگارەی كـە باسمـان كـرد ئەسـتوریەكەی (٥ سـم) دەردەچـێت، ئـەوجا تێدەگـەین ئـەو دوو پـەڕاوەی گوایـا پێغەمبـەر گرتـونی بـە دەستیەوەو هاتوەتە لای هاوەڵەكانی(وەك گێڕانەوەو ڕیوایەتەكـە دەڵێت)ئەسـتوری هەریەك لەو پەڕاوانە زیاتر لە(٤٢ كم)بوە.

هەروەها دەزانین کە کێشی یەك مەتر دوجا لەو پەڕەی سیگارە(٢٠) گرامە، ئەوجا تێدەگەین کە کێشی هەریەك لەو پەڕاوانە کەمتر نەبوە لە(١٣)تەن.(بڕیار بەجێدەهێڵین بۆ خوێنەر)

کاتێك کە وتمان: کێشەی ئەم بەناو فەرمودەیە کێشەیەکی عەقڵی و لۆژیکیە مەبەستمان لەئەمە بو، چونکە ئەستەمێك لەئارادایەو جێبەجێ کردنی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ڕاستیو دروستی گێڕانەوەو بەناو فەرمودەکەدا[٧].

لێرەدا چەشنێکی تر ڕیوایەتو گێڕانەوە هەنو دراونەتە پاڵ پێغەمبەر گوایا فەرمودەی ئەونو، ئەم گێڕانەوانە ئەفسانەو خەونو خەیاڵو خورافە دەچەسپێنن لەبیری خەڵکداو چەند هەواڵی سەیرو ڕوداوی سەر سوڕهێنەری ئەوتۆ دەگێڕنەوە کە دەبنەهۆی سەرسام کردنی عەقڵی خەڵکی ئاساییو نیوچە ڕۆشنبیریەکانیش.

لەجێگەیەکی تریشدا ئاماژەمان بۆ نمونەی ئەم چەشنە گێڕانەوانە کردوە، لەوانە ڕوداوی(معراج).

لێرەشدا لەبەردەم نمونەیەکی تردا دەوەستین کە بریتیە لەڕوداوی (الجساسة) سەیری دەقی ئەم بەناو فەرمودەیە بکە لە(صحيح مسلم ـ كتاب الفتن وأشراط الساعة).

پێش ئەوەی قسەو سەرنجەکانمان لەبارەی ئەم گێڕانەوەیە بخەینەڕو، پێناسەی هەندێك لەبڕگەکانی دەکەین.

سەرەتا مەبەست لە(تميم)تەمیمی کوڕی ئەوسی کوڕی حارسەی داریە، کە گوایا پێغەمبەر چیرۆکی جەساسەو دجالی لێ وەرگرتوەو گێڕاویەتەوەو ئەمەش بە یەکێك لەخاڵەکانی هێزی ئەم پیاوە دەژمێردرێت، چونکە پێغەمبەر لەمەوە ئەو زانیاریەی وەرگرتوە.

---

(٧) بۆ زیاتر وردبونەوە لەشیکاری ئەم بەناو فەرمودەیە سەیری کتێبی (الإسلام والإيمان و منظومة القيم) لاپەڕە(٢٥٩–٢٦٠) بکە کە بەرهەمێکی تری نوسەرە.

ئەم كەسە(ڕاهب)ى سەردەمى خۆىو لەخواپەرستانى خەڵكى فەلەستين بوە.

**جەساسەش** ئەو گيانلەبەرەيە كە لەكەنارى دەرياكاندا گوێ هەڵدەخاتو چاوەدێرى هەواڵو ڕوداوەكان دەكاتو دەنگو باسەكان دەهێنێت بۆ(دجال)و ئەم گيان لەبەرە يەكێكە لەو يانزە نيشانەيەى كە پێش ڕودانى كۆتايى دونيا دەردەكەون.

جەساسە گيانلەبەرێكى زەبەلاحەو لە(صدع من صفا)وە دەردەكەوێتو لەم ئايەتەشدا ناوى هاتوە﴿وَإِذَا وَقَعَ الْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَابَّةً مِنْ الْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ﴾ النمل/ ٨٢.

واتە: كە بڕيار لەبارەيانەوە دەركرا، لەزەويەوە گيانلەبەرێكيان بۆ دەردەكەينو قسەيان لەگەڵدا دەكات.

هەروەها(بَيْسَانْ)يش شارێكە لەئوردنو دەكەوێتە چۆمى شاميەوە لەنێوان حورانو فەلەستيندا، جێگەيەكە ئەگەر لەشارى مەدينەوە ئاراستەى وەربگيرين دەكەوێتە لاى خەيبەرەوەو، جێگەيەكى ناسراوە لەسەرزەمينى يەمامەدا، يەكێكە لەگوندەكانى سەر بە موسڵ، دواجار يەكێكە لەگوندەكانى(مرو الشاهجان). سەيرى كتێبى(معجم البلدان)ى (ياقوت الحموي)بەرگى(١)لاپەڕە(٥٢٧–٥٢٨)بكە.

هەروەها (زُغَر) يەكێكە لەو گوندانەى كە دەكەوێتە بەرزايەكانى شامەوە(عين الزُغَر)يش كانيەكە لەلاى دەرياچە بۆگەنەكەوە بە ڕوكارى حيجازدا، نێوان ئەم گوندەو(بيت المقدس)سێ ڕۆژە ڕێگەيە. سەيرى كتێبى(معجم البلدان)ى (ياقوت الحموي) بەرگى(٢)لاپەڕە(١٤٢–١٤٣)بكە.

هەروەها(دجال)يش بريتيە لە(المسيح المزيف)و بەپێى قسەى ئەوكەسانەى كە هەواڵەكان دەگێڕنەوە، پێش دابەزينى عيساى كوڕى مريەم دەردەكەوێت، شێوازى دەركەوتنەكەشى لەسەر سەكۆو دوانگەيەكى سپى كە لەسەر شێوەى سەكۆ سپيەكەى لاى ڕۆژهەڵاتى مزگەوتى گەورەى ئەمەوى دەبێت لەديمەشق.

یەكەم جار ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە كە نوسەرو خاوەنی كتێبەكانی فەرمودە بە هەمو(موطآت و صِحاح و مَسانید و سُنَن)ەكانەوە هەروەها كتێبەكانی ژیاننامەی پێغەمبەریش‌و خاوەنی كتێبە مێژویەكان‌و ژیاننامەی هاوەڵانیش، لەهەمو بابەتێكی گچگەو گەورەدا ڕای جیاوازیان هەیەو لەكتێبەكانیاندا ڕا جیاوازەكانیان تۆمار كردوە، وەك جیاوازیان لەساڵەكانی تەمەنی پێغەمبەرو ڕەنگی ئاڵاكەی لەجەنگەكانداو ناوی خوشكی ماریەی دایكی باوەڕداران‌و ناوی ئەو هاوەڵەی كە ماریەی كردە خەڵات بۆ پێغەمبەرو، هەروەها تا دەگاتە ئەو دوعاو نزایەی كە لەتەحیاتی كۆتایی نوێژدا دەخوێنرێت كە بە نۆ شێواز ئەو دوعاو پاڕانەوەیان بۆ گێڕاوینەتەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە هەمویان لەكتێبەكانیاندا دەیان لاپەڕەیان تەرخان كردوە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی جەساسەو دجال‌و یەئجوج‌و مەئجوج، كە ئەتوانین بڵێین: گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو كتێبانەو نوسەرەكانیانە، كە لەهەندێكیاندا درێژترو لەهەندێكیاندا كورت تر گێڕاویانەتەوە.

دوەمجاریش كەسەرمان لەم بابەتە سوڕدەمێنێت هۆكارەكەی ئەو وێناكردن‌و ئاكارو پیاهەڵدانەیە كە، لەبەناو فەرمودەكاندا لەبارەی ناساندنی دجالەوە هاتون، بەشێوەیەك كراوەتە قسەیەك‌و بەدەمی پێغەمبەرەوە گێڕراوەتەوە بۆ نمونە: سەیری(صحیح مسلم/ كتاب الفتن)بكە.

١- چاوی ڕاستی پوكاوەتەوە(حەدیسی ژمارە ١٠٠).

٢- لەنێوان هەردوو چاوی نوسراوە كافر(حەدیسی ١٠٢).

٣- چاوی چەپی پوكاوەتەوە(حەدیسی ١٠٤).

٤- قژی زۆر پڕە(حەدیسی ١٠٤).

٥- دوڕوباری لەگەڵیدایە ڕێگە دەبڕن‌و دەڕۆن، ڕوبارێك لە ئاو و، ڕوبارێك لەئاگر، ئاوەكە ئاگرەو ئاگرەكە ئاوە(حەدیسی ١٠٥).

٦- چاوی پوكاوەتەوەو شاخ‌و ئیسقانێكی زەقی لەسەرە(حەدیسی ١٠٥).

٧- لەنێوان هەردو چاویدا نوسراوە كافر، هەمو باوەڕدارێكی خوێندەوارو نەخوێندەوار دەیخوێنێتەوە(حەدیسی ١٠٥).

٨- كەڕوو دەكاتە هەرشوێنێك لەشێوەی بەهەشت‌و دۆزەخدا باخ‌و بێستان‌و دۆڵی ئاگری لەگەڵدایە(حەدیسی ١٠٩).

٩- لاوێكە قژی زۆر جوان‌و پڕن(حەدیسی ١١٠).

١٠- لەناوچەیەكی شاخاویدا دەردەكەوێت كە دەكەوێتە شام‌و عێراقەوە(حەدیسی ١١٠).

١١- ئەوەندە بەخێرایی ڕێگە دەبڕێت دەڵێیت: باران‌و زریانەو با پاڵی پێوەدەنێت(حەدیسی ١١٠).

١٢- فەرمان دەكات بەئاسمان باران دەبارێت‌و، فەرمان دەكات بە زەوی ڕوەكی تێدا سەوز دەبێت(حەدیسی ١١٠).

١٣- پیاوێك بانگ دەكات‌و بەشمشێر پیاوەكە دەكاتە دولەتەوەو، دواتر بانگ لەپیاوەكە دەكات‌و پیاوەكەش بەپێكەنینەوە بەرەو ڕوی دێتەوە(حەدیسی ١١٠).

١٤- دەدا بەلای وێرانەكانداو هەموو دەبنە گەنجینەی زێڕو شوێنی دەكەون(حەدیسی ١١٠).

١٥- چونە ناو شاری مەدینەی لێ قەدەغەكراوەو ناتوانێت بچێتە ئەو شارەوە(حەدیسی ١١٢).

١٦– لەموغیرەی کوڕی شوعبەوە گێڕراوەتەوە کە وتویەتی: من لەهەمو کەس زیاتر پرسیارم لە پێغەمبەر کرد لەبارەی دجالەوە، بۆیە پێغەمبەر پێی وتم: خەمی چیتە وا زۆر دەپرسی..؟ بێخەمبە ناتوانێت زیانت پێ بگەیەنێت، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا خەڵك دەڵێن: خۆراكو ڕوباری لەگەڵدایە. وتی: ئەو لەلای خواوەند لەوە سوكو بێبایەخ ترە کە توانای کاری وای هەبێت(حەدیسی ١١٤).

لەم ئاكارو ناساندنەدا ئەوەی مایەی سەر سوڕمانە ئەوەیە کە جارێك دجال پیاوێکە چاوی ڕاستی پوکاوەتەوەو جارێك چاوی چەپی پوکاوەتەوە، ئەگەر هەردو بەناو فەرمودەکە ڕاست بن ئەوا دجال کوێرە، هەروەها لەگێڕانەوەکەدا دەڵێت: لەناو چاوانی نوسراوە کافرو هەمو باوەڕدارێکی خوێندەوار دەیخوێنێتەوەو، لەجێگەیەکی تریشدا دەڵێت: نەخوێندەوارەکانیش دەیخوێننەوە، باشە ئەمە چۆنە..؟

لەمانەش هەموی سەیرتر ئەوەیە کە بەپێی ئەم گێڕانەوانە دجال لەتوانایدایە باران ببارێنێتو زەوی سەوز بکاتو ڕوەكو گژوگیا سەوز بکات، دواتر خەڵك دەمرێنێتو زیندوشی دەکاتەوە، ئەمانەش ئاكار گەلێکن بێجگە لەخواوەند کەس ئەو ئاكارو تایبەتمەندیانەی نیە.

ئەگەر ئەم بەناو فەرمودانەش ڕاستبن ئەوا: ئێمە بەتەواوی مانا، لەبەردەم خوایەکی پەرستراوداین، نەك لەبەردەم دجالو درۆزنێکدا.

بەڵام ئەگەر بەپێی گێڕانەوەو حەدیسەکەی موغیرە بێت، ئەم بابەتە هیچ نیە بێجگە لە چەند قسەو باسێك کە بەناو خەڵکدا بڵاوبونەتەوەو ئەم بابەتە هیچ بنەمایەکی نیە، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە ئەو ڕستەیەیە کە موغیرە لەدرێژەی گفتوگۆکەیدا لەگەڵ پێغەمبەردا هێناویەتیو دەڵێت:(خەڵك دەڵێن): پێغەمبەریش دژبەوە نەوەستاوەیەوە کە موغیرە وتی، بەڵکو بەوەڵامێکی کورتو یەکلا کەرەوە وەڵامی موغیرەی دایەوەو وتی: ئەو لەلای خواوەند لەوە سوكو بێبایەخ ترە کە توانای کاری وای هەبێت.

ئەوەی لە هەموی خۆشترە ئەوەیە کە پێشەوا موسلم لە(سەحیح)کەیدا لەبارەی پیاوێکەوە کە جارێك ناوی(إبن صیاد)ەو جارێکی تریش ناوی(إبن صائد)ەو، وای داناوە کە خەڵك لەسەردەمی پێغەمبەردا(بەهەر هۆکارێکەوە کەتەنها خواوەند خۆی دەزانێت)ئەم(إبن صائد)ەیان بە دجال زانیوە.

موسلیم بۆ ئەم بابەتە پانزە گێڕانەوەو بەناو فەرمودەی هێناوەو لەکتێبەکەیداو لەبەشی(کتاب الفتن وأشراط الساعة)داو لەلاپەڕە(٨٥–٩٩)دا نوسیویەتی.

ئێمە لەو پانزە ڕیوایەتە، تەنها یەك گێڕانەوەمان وەرگرتوە، ئەویش ژمارە (٩١)ە.

{... لەئەبی سەعیدی خدریەوە گێڕراوەتەوە کە وتویەتی: ئێمە بەمەبەستی حەج، یاخود عەمرە کردن بەڕێکەوتین‌و(إبن صائد)یشمان لەگەڵدا بو، لەجێگەیەکدا لاماندا بۆ حەوانەوە، خەڵکەکە هەریەکەو بەکارێکەوە سەرقاڵ بون و بڵاوەیان کردو، تەنها من‌و(إبن صائد)ماینەوە، لەبەر ئەوەی زۆری لەبارەوە وترابو زۆر لێی ترسام، کەل‌و پەلەکەی خۆی هێنایە لای کەل‌وپەلەکەی منەوەو داینا، منیش وتم: گەرما زۆرە، چۆنە بیخەیتە بن ئەو درەختەوە، ئەویش بەگوێی کردم‌و خستیە سێبەری درەختەکەوە، مەڕێکمان بۆ ئامادە کراو مشتێك شیری هێناو پێی وتم: ئەی ئەبو سەعید بیخۆرەوە، منیش وتم گەرماکە زۆرەو شیرەکەش هەر گەرمە، مەبەستم ئەوەبو پێم ناخۆش بو لەدەستی ئەودا شیر بخۆمەوە، بۆیە وتی: ئەی ئەبا سەعید لەداخی ئەوەدا کە خەڵك ئەوەندە قسەوباسم لەبارەوە دەکەن خەریکە پەتێك هەڵواسم بەدرەختێکەوەو خۆم بخنکێنم.

ئایا کێ هەیە ئاگای لەو فەرمودەی پێغەمبەر نەبێت کەلەبارەی دجالەوە دەڵێت: (هو کافر)ئەو کافرە..؟ دەی خۆ من موسوڵمانم..؟ مەگەر پێغەمبەر نەی وتوە کە دجال ئۆجاخ کوێرەو منداڵی نابێت..؟ دەی خۆ من منداڵم هەیەو لەمەدینە بەجێم هێشتون..؟

ئايا پێغەمبەر نەی وتوە دجال ناتوانێت بچێتە نە شاری مەدینەو نەشاری مەكەوە..؟ دەی خۆ وا من لەمەدینەوە هاتومو دەمەوێت بچمە ناو مەكەشەوە..؟.

ئەبوسەعیدی خدری دەڵێت: خەریك بو منیش داوای لێبوردنی لێبكەم، پاشان پێی وتم: بەڵام سوێند بەخواوەند من دجال دەناسمو دەشزانم لەكوێ لەدایك بوەو دەشزانم ئێستا لەكوێیە.

منیش پێم وت: دە بەسە ئای لە دەس تۆ....}.

سێیەم سەر سوڕمانیش ئەوەیە كە فەقیهە بەڕێزەكانمان هەر بەوەوە نەوەستاون بەڵكو ئەم گێڕانەوەیان بە فەرمودەی پێغەمبەر داناوە، بەڵكو كردووشیانەتە یەكێك لەتایبەتمەندیەكانی(تمیم الداري)و حوكمێكی شەرعیشیان لێ هەڵگۆزیوە كەڕێگە دەدا بەباشترین كەس (الأفضل) تا لە كەسی ئاسایی (المفضول)ەوە هەواڵ وەربگرێت وبیگێڕێتەوە.

هەروەها ڕێگە دەدات كە پێغەمبەران لەسەرزاری هاوەڵەكاینانەوەو لەڕێگەی ئەوانەوە هەواڵ بگێڕنەوە، هەروەها ڕێگە دەدات كە یارانو هاوەڵانی پێغەمبەر لە(تابعین)و شوێن كەوتەكانیانەوە هەواڵ بگێڕنەوەو بەهەمان شێوە ڕێگە دەدات كە(تابعین)لەخەڵكی ئاساییەوە هەواڵ بگێڕنەوە.

لەسەدەكانی سەرەتای كۆچیەوە ئاسایی بو هەواڵێكی لەم چەشنە بڵاوببێتەوە بەناو خەڵكداو كەسیش ڕەخنەی لێ نەگرێت، چونكە زەمینەی مەعریفی باو لەو سەردەمەدا، بەردەوام باوەڕی وابو كە زەوی تەختەو كۆتایی وشكانیشی لەكێوی قافدایەو لەوێوە پەیژەیەكی درێژ دانراوە لەڕێگەی ئەو پەیژەیەوە مردوەكان سەردەكەون بۆ (ملكوت الأعلى)و، خەڵكی وای دەزانی كە زەریاكان لەدوای زەریا تاریكەكانەوە درێژەیان هەیە بەبێ كۆتاییو، وایان دەزانی كە تەنگەی(جەبەل تارق)كۆتایی ئاوەدانیەو هیچ ئاوەدانیەك لەدوای ئەوەوە بونی نیە..!.

ئەو نەزانیو نەفامیەی كە بـاڵی كێشـابو بـە سـەر زۆربـەی گـۆی زەویـدا، زەمینەیـەكی لەباربو بۆ ئەوكەسانەی كە خەیاڵی بـەرینو خـەیاڵ پڵاویـلان لابـو، تـا بـەدڵی خۆیـان ئـەو خەیاڵو ئەفسانانە دابڕێژنو بڵاوی بكەنەوە بەناو خەڵكدا، تـەمیمی داریـش یەكـەمی ئـەو حیكایەت خوانانە بو كە لەگەڵ خۆیانـدا هـەمو ئەفسـانەكانی گاوریـەتی خۆیانیـان هێنایـە ناو موسڵمانانەوەو كاتێك موسڵمان بون دەسـتیان كـردە گێڕانـەوەو بـڵاوە پێكردنـی ئـەو ئەفسانەو خەوو خەیاڵاتەی كە لەلایان بو.

بـەڵام ئـەو زەمینـە مەعریفیـە دواتـر گـۆڕا، بەڕادەیـەك كـە هـەموو بسـتێك چ لـە وشـكانیو چ لـەدەریاو زەریاكانـدا، ئێسـتا نـاوی خـۆی هەیـەو لەسـەر نەخشـەكاندا نەخشێنراون.

ئەو كەسانەی كە خولیای دۆزینەوەو گەڕانیان لەمێشكدایە، دەستیان دایە گەڕان بۆ دۆزینەوەو ناسینەوەو ناولێنانی شوێنەكانو یەك لەدوای یـەك ڕایانگەیانـدن، كـە لەهیچ جێگەیەكدا نە لەدەریای شـام(كە ئـەمڕۆ بـە دەریـای سـپی ناوەڕاسـت نـاوی دەبەین)و نە لەدەریای یەمەن(كە ئێستا بـە زەریـای هینـدی نـاوی دەبرێت)جێگـەو دورگەیـەك نییـە كـە جەسەساسـەی تێـدا بـژی، یـاخود دجـالی تێـدا بەسـرابێتەوەو چاوەڕێی ئەوەبێت كە مۆڵەتی دەركەوتنی بدرێت و بێتە دەرەوە.

لەوانەیە یەكەم دان پێدانان لەمبارەیەوە(ئەوەی كە ئێمە بینیبێتمـان)بریتی بێـت لەدان پێدانانەكەی(یاقوت الحموی) كە لەساڵی (٦٢٦)ك كۆچی دوایی كردوە، كاتێك هـەواڵی جەساسـەو دجـالو یـەئجوجو مـەئجوجو دابـەزینی مەسـیح لەدیمەشـق دەگێڕێتـەوە دەڵێـت: هاوشـێوەی ئـەم هەواڵە(هەرچـەندە عـەقڵو ژیـری ڕێگـە بـە پەسەند كردنـی نادەن)لەكتێبـەكانی خەڵكدا زۆرن. سـەیری كتێبـی(معجم البلـدان) بەرگی(١)لاپەڕە(٣٥٢)بكە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، لەم سەردەمەشداو دوو ساڵ بەر لەئێستا یەكێك لەكەناڵە ئاسمانیەكان زنجیرە بەرنامەیەكی دانابو لەبارەی بەرپابونی مەرجو نیشانەكانی ڕۆژی دوایی، ئەم زنجیرە بەرنامەیە بەدرێژای مانگی ڕەمەزان سی(٣٠)ئەڵقەی لێ پێشكەش كراو ناونیشانی بەرنامەكەش بریتی بوو لە(الوعد الحق)سەر لەبەری بەرنامەكە پڕ بوو لەم چەشنە ئەفسانەو خەوو خەیاڵانە، تەنانەت ئەو مامۆستا بەڕێزەش كە بەرنامەكەی پێشكەش دەكرد دەیوت: دەڵێن وێنەكانی بۆشایی ئاسمان هەموو خاڵێكیان لەسەر زەویدا بە وشكانیو دەریاو زەریاكانەوە دەستنیشانكردوەو هیچ جێگەیەكیان بەناوی دورگەی جەساسەوە نەبینیوەتەوە.

ئەم بەڕێزە وەك تانەدان لەم هەواڵە دەیوت: ئەم چەشنە قسانە بەلای ئێمەوە گرنگ نین، چونكە ئێمە بەڵگەمان لەم باسانەدا پەڕاوی خواوەندو سونەتو ڕەویەی پێغەمبەرە(دليلنا الكتاب والسنة)..!.

من نازانم ئەم بەڕێزە لەبارەی كام پەڕاوو كام سونەتەوە قسە دەكاتو مەبەستی چیە..؟ چونكە ئەم چەشنە قسەو ئەم چەشنە كارانە دەسبەسەرا گرتنی عەقڵو ژیریو فامو لێكدانەوەی گوێگرو وەرگرە.

بۆ جاری سێەم دەپرسین: كام عەقڵەیە كە زانا بەڕێزەكانمان دەیانەوێت بیپارێزن..؟ هەر كەسێك سەرنج بدات بە ئاسانی بۆی دەردەكەوێت كە بانگەوازكردن بۆ پارێزگاری لە عەقڵ، بانگەوازێكی خەیاڵیەو تەنها بۆ ئاراستەكردنی بۆ دەرەوە داڕێژراوەو، بۆ ئاستی كرداریو جێبەجێكردنیش چەشنە بانگەوازێكی تریان هەیە، كە یەكێكیان لەمبارەیەوە دەڵێت: لەئیسلامداو بەلای فیقهزانەكانەوە عەقڵو ژیری بە یەكێك لەسەرچاوەكانی فیقهی ئیسلامی دانانرێت، چونكە عەقڵ ناتوانێت دادپەروەری لەخودی یاساكانیشدا جێبەجێ بكات، بەڵكو لەوەش زیاتر هەندێ جار ناتوانێت بابەتیبونو بێلایەنی خۆی بپارێزێت، چونكە عەقڵی مرۆڤەكان لەهەستكردنو تواناكانیاندا جیاوازنو ئاستی جۆراوجۆریان هەیە... سەیری كتێبی(تجديد الفقه الإسلامي) د. وهبه الزحيلي لاپەڕە(١٦٤)بكە.

شێخ لەم نوسینەیدا بە یەك دێڕ خەتی ڕاستو چەپ دەهێنێت بەسەر ئەو دەیان ئایەتەدا کە لەدابەزێنراوی بەجێدا هاتونو فەرمان بە مرۆڤایەتی دەکەن بیر بکەنەوەو لەدیاردەکان ڕامێننو سەرنج بدەن، ئەمیش وەك هاوڕێکانی تری، داوای ئەوە دەکات بەیەکجاری پشت لەعەقڵ بکەین، کە ئەمە کارێکی ئەستەمە.

چونکە تەنها بە عەقڵ هەست بە شتەکان دەکرێتو دەناسرێنەوەو ڕاست لەنا ڕاستو هەڵە جیا دەکرێتەوە.

تەنها بەهۆی عەقڵەوەیە کە ئەرك دەخرێتە سەرشانو پرسو کارەکان سەردەگرن، چونکە تەنها نا تەواوەکانو منداڵانن پرسیاریان لێناکرێت لەبارەی کردەوەکانیانەوە.

لەم نێوەندەشدا شێخ دێتو داوای ئەوە دەکات کە بەشێوەی ڕەهاو گشتی دەست بە(نقل)وە بگرین کە ئەمەش ئەستەمە، چونکە لەو(نقل)ەدا کە شێخ باسی دەکات، ئەوەندە گێڕانەوەی نەشیاوو ناپەسەندو کارو داواکای نابەجێ هەن، مرۆڤ لەئاستیاندا سەرسام دەبێت، چەند نمونەیەکمان لەو گێڕانەوانە پێشتر باس کردون.

ئێمە فەرمودەی خواوەند دەخوێنینەوە کە دەفەرموێت: ﴿مَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالاً مُّبِيناً﴾ الأحزاب/٣٦.

واتە: هیچ باوەڕدارێك بۆی نیە بژاردەی ببێت لەکارێکدا ئەگەر خواوەندو پەیامهێنەرەکەی بڕیارێکیاندا لەبارەی پرسێکەوە.

ئەم ئایەتە لەدرێژەی باسێکدا هاتوەو لەبارەی ڕوداوێکی دیاریکراوەوە قسە دەکات، ئەویش ڕوداوێکە لەنێوان پەیامهێنەرو زەینەبی کچی جەحشدا، بەپێی تێگەیشتنی زانایانی بەڕێز کە پێیان وایە لەسەرئەو بنەمایەی کە دەڵێت: زانایان وەچەو نەوەی پێغەمبەرانن، لەڕوانگەی ئەم ئایەتەوە بۆیان هەیە هەرکەس بیانەوێت بە بڕیارێك بیخەنە بازنەی تاوانەوەو بۆی نەبێت لەئاست ئەماندا بژاردەی هەبێت.

لەكاتێكدا زەینەب بەنابەدڵی گوێڕایەڵی لەم فەرمانە كرد، ئەمەش دەگونجێت لەحاڵەتێكی تایبەتدا لەنێوان باوكێك‌و كچەكەیداو لەهەر وڵاتێكی دونیادا ڕوبداتەوە، بەڵام ناكرێتە تەشریع‌و بەشێك لەو یاسایانەی كە دەبێت پەیڕەویی لێبكرێت، بەڵكو ئەم بەسەرهاتە چیرۆكێكە لەچیرۆكەكان‌و هیچی تر، لێرەوە تێدەگەین كە عەقڵ ئامرازێكە بۆ هەڵبژاردنی بژاردەكان‌و هیچ پێگەیەكی نیە لەحومەكانی خواوەندا كە پەیامهێنەرەكەی ڕاسپاردوە بە گەیاندنیان بە خەڵكی.

بەڵام دوبارە ئێمە وا تێدەگەین، ئەم حوكم‌و یاسایانە لەنبەڕەتەوە بە هیچ شێوەیەك لەداخوازی‌و تواناو تایبەتمەندیەكانی عەقڵ دەرناچن‌و پێچەوانەی عەقڵ نین، چونكە ئایەتەكان بە یاساو ڕێساكانیانەوەو بە فەرمان‌و ڕێگیریەكانیانەوە هەر هەمویان بۆ كەسانێك هاتون كە ژیرمەندن‌و بیردەكەنەوەو خاوەن هۆش‌و بیرن(إنما نزلت لقوم یعقلون ویتفكرون).

بێگومان ئێمەش دەزانین (وەك شێخیش لەڕستەیەكیدا ئاماژەی پێكرد)كە عەقڵەكان لەتوانای تێگەیشتن‌و لێهانیاندا جیاوازن، بەڵام ئەم جیاوازیە نابێتە هۆكارو ناكرێت بكرێتە بیانوی سڕكردن‌و پەك خستن‌و سڕینەوەی ڕۆڵی عەقڵ لەداڕشتن‌و جێبەجێ كردنی یاساو ڕێساكاندا.

پاش ئەم هەمو سوكایەتیكردنە بە عەقڵ‌و ژیری مرۆڤ، ئایا چیتر شێخەكان ڕویان دێت‌و بۆیان هەیە لەسەر شاشەی كەناڵە ئاسمانیەكان بە دوڕوویی‌و هات‌و هاوارەوە ئەو بیرۆكەیە بخەنەوەڕوو بڵێن: ئیسلام ئاینی عەقڵە..؟ یاخود پاش ئەو هەمو گاڵتەكردن‌و بەكەم زانینەی عەقڵ‌و ژیری مرۆڤ، كەسانێكی وەك بوخاری‌و موسلیم‌و...هتد شایستەی ئەوەن پێیان بوترێت پێشەواو(إمام)..؟ئەوەش جێگەو مایەی مەترسی گەورەیە ئەوەیە كە ڕێزگرتنی عەقڵ بەلای سەركردەو ڕابەرە

عەرەبەكانیشـەوە وەك ئـەو ڕێـزە بێـت كـە هێمـا دیارەكـانی نـاو كەلـەپور گرتیـان لەعـەقڵو هــەمویان هۆكـارو ڕێگــە خۆشـكەر بـون بـۆ دەس لــەكار كێشـانەوەو كەنارخستنی عەقڵو ژیری عەرەب بۆ ماوەی چەند سەدەیەك.

هەروەها هەموو ئەو گێڕانەوانەی كە لەناو كتێبەكانداو بەناوی فەرمودەوە پێمـان گەشـتونو بـاس لەبابــەتی جیهــانی دەرەوەی هەسـتی(غیبیات)دەكەن، هــەموو ئەمانەش سوكایەتی بە عەقڵو ژیری مرۆڤایەتی دەكەنو وای دەگەیەنن كە ویستی خـوایی لەگـەڵ عـەقڵی مرۆڤەكانـدا ناگونجێـتو ڕێـك نایەتـەوە، بـۆ دەرچـەی خـۆ دەربازكردنو بێـدەنگ كردنـی بەرانبەرەكانیشـیان ئـەم ئایەتـەیان دەهێنایـەوە كـە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾.

پێشتر باسم لەوەكردبو كە ئەم قسەیە دەچێتە خانەی دڵەڕاوكێی شەیتانەوە، كە هەوڵ دەدات خۆی بخزێنێتە ناو عەقڵو ژیری مرۆڤەكانەوەو بێدەنگو سڕیان بكات.

چونكە عەقڵی مرۆڤ بەدوای ئەوەدا ناگەڕێت كە توانستی خواوەند بۆ ئەنجامـدانی كارێك چۆنو چەندە، بەڵكو لەوە دەكۆڵێتەوە كە چۆن ویسـتو خواسـتی خواوەنـد گەلاڵە بوە بۆ ئەنجامدانی هەر كارێك لەگەردوندا.

واتە: ئێمە بۆ نمونە لەو خواستەی خواوەند دەكۆڵینەوە كـە لەپشـت بـەدیهێنانی خۆرەوەیە، نەك ئـەو توانایـەی كـە پێویسـتە بـۆ بـەدیهێنانی خـۆر، بۆیـە خواوەنـد فەرمانمان پێدەكاتودەفەرموێت ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ﴾.

واتە:پێیان بڵێ: بگەڕێن بە زەویداو سـەرنج بـدەن وبـزانن چـۆن سـەرەتای بـونو بەدیهێنانی گەردون دەستی پێكرد.

خۆ ئێمە نەهاتوین بپرسین ئایا خواوەند دەتوانێت خۆر لەشێوەی سێگۆشەدا دروست بكات لەباتی شێوەی ئێستای كە خڕە، بۆیە خواستو ویستی خواوەند سازو گونجاوە لەگەڵ عەقڵی مرۆڤدا.

بەڵام زۆربەی ئەم بابەتانەی كە لەبارەی جیهانی دەرەوەی هەستی(الغيبيات)كە لەكتێبەكانی(فەرموده)دا هاتون لەگەڵ ئەم ڕاستیەدا ناگونجێن، بۆیە شایانی ئەوەن پشت گوێ بخرێن و كەنار بخرێن، بەتایبەت ئەو چەشنەی كە ناوی لێنراوە(أحاديث قدسية)كەپڕیەتی لەبوختانو درۆ.

زۆربەی ئەوەی لەكتێبەكانی(فەرموده)دایە، لەبناغەوە شایانی ئەوە نیە كە خواوەند بە نیگاو سروش(وحی) ڕەوانەی بكات بۆ هیچ كەسێك، چونكە وەحیو نیگاو سروش، زۆر بەڕێزترو پیرۆزترە لەوەی كە بابەتی وای تێدا بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئێمە تەنها یەك چەشن وەحیو نیگامان لەبەرستدایە كە بریتیە لەدابەزێنراوی بەجێ(التنزيل الحكيم)و هیچ شتێكی تر بە تەنیشتیەوە وەك وەحیو نیگا، نا ناسین وبونی نیە بەلامانەوە.

لەو كەلەپورەدا كە بۆمان گوێزراوەتەوە دوو چەشنە كێشەو گرفتمان هەیە:

یەكەم: گرفتو كێشەیەك لەڕوی عەقڵو ژیریەوە(مشكلة عقلية)لەم بەشەدا وەرچەرخانو ئاوەژوكردنو لادانی وتەكان لەمەبەستەكانیان وبەكار هێنانیان لەبەرژەوەندی دەستەیەكی دیاریكراودا ڕویداوە.

لەقۆناغێكی تری مەترسیدارتردا ئەم كێشەیە گەورەتر دەبێتو دەكرێتە چەقۆیەكی تیژو ئامادەكراو بۆ سەربڕینی بیرو هۆشو عەقڵو ژیری مرۆڤ و ناچاركردنیان بە دوركەوتنەوە لەشانۆی ژیانو سڕكردنیان، ئەو مەترسیەش لەدەرەنجامی ئەو تێگەیشتنو بیروباوەڕەوە دێتەكایەوە كە دەڵێت: (الوحيُ

وحيان، وحيٌ قرآني و وحيٌ حديثي) واتـە: دوو چەشـن وەحیونیگـا هەیـە، وەحـیو نیگای قورئانو، وەحیو نیگای فـەرمودەی پێغەمبـەر، ئـەم تێگەیشـتنە هەڵەیـەش لەئاکامی بە هەڵە لێکدانەوەو بە هەڵە ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتانـەوە سەرچـاوەی گـرت کە دەفەرموێت:﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنْ الْهَوَى* إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ النجم/٣-٤.

واتە: لەخۆڕاو لەبۆشاییەوە گوتار نادات، بەڵکونیگایەکە بۆ ڕەوانە کراوە.

بۆ ئەوەی بتـوانین هـەموو ڕەهەنـدەکانی ئـەم گرفتـە عەقڵیـە بخەینـەڕوو، ڕونـی بکەینەوە کە ئەم گرفتە بەهۆی خوێندنەوەی هەڵەو ئاوەژووی ڕاڤەکاران بۆ ئەم دوو ئایەتـەی سـورەتی(النجم)واتە: ئایەتـەکانی(٣-٤) هاتوەتەکایـەوەو، پاشـان زانـا بـەڕێزەکانیش پشـتیان بـەو خوێندنەوەولێکدانـەوە هەڵـەو ئاوەژوانـە بەسـتوە بـۆ سەپاندنو چەسپاندنی هەژمونی خۆیان بە سەر عـەقڵو هەڵسوکەوتی خەڵکدا، بـۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەتـەو شـیکردنەوەی، پێویسـتە پێناسـەیەکی وردی زمانـەوانی بکەین بۆ هەریەك لە چەمکەکانی(كلام)و(قول)و(لفظ)و (نطق).

عەبـدوالله جەمالـەدین کـوڕی هشـامی ئەنسـاری کـە لـەنێوان سـاڵەکانی(٧٠٨-٧٦١ك)ژیاوە لەکتێبی(قطر الندى وبلّ الصدى)دا دەڵێت:

- **الكلمة:** قسەیەکە،جیاوازی نیە تاك بێت یاخود پێکهاتە(قول مفرد أو مركب).
- **القـول:** دەربـڕینو گوزارەیەکـە ئامـاژە دەکـات بـۆ مانـاو واتایـەك، وە هـەمو گوزارەو دەربڕینێکیش قسە نیە(لفظ دال على معنى... وليس كل لفظ قولاً).
- **اللّفظ:** دەربڕینـی ئـەو دەنگانەیـە کـە چـەند پیتێك لـەخۆ دەگـرن، ئـیتر ئـەو دەربڕینو پیتانە مانایەك بدەن بەدەستەوە یان نا جیاوازی نیە.

(كلمة)و وشەش ئەگەر یەك دەربڕین بێت و واتا بدات بەدەستەوە، ئەوا وشەیەكی تاكە وەك(زید، خادم، فرس) ئەگەر زیاتر لەدەربڕینێكیش بو، ئەوا وشەیەكی پێكهێنراو وەك: (غلامُ زید)هەروەها وەك(كذالك یضرب الله الأمثال للناس).

**(النطق)**یش بەلای زەمەخشەریەوە برتیە لە(ڕونكردنەوەو ڕاگەیاندن)ئەم مانایەشی لەتەفسیرو ڕاڤەی ئەم ئایەتانەدا هێناوە كە دەفەرمون: ﴿**خَلَقَ الْإِنسَانَ** * **عَلَّمَهُ الْبَيَانَ**﴾ الرحمن/٣-٤.

هەر لەم دیدگایەوە بوە كە ئەرستۆ بەم شێوەیە پێناسەی مرۆڤ دەكاتو دەڵێت: بریتیە لە دروستكراوێكی زیندوی گۆیەندەو خاوەن توانای دەربڕین(المخلوق الحيُ الناطق المبین)وەك سەرنج دەدەین نەی وتوە دروستكراوێكی هاواركەرو قیڕە قیڕكەرو قسەكەری بێمانایە.

چونكە ئەگەر وای بوتایە پێناسەكە هەموو گیانلەبەرانی دەگرتەوەو پێناسەكە تایبەت نەدەبو بە مرۆڤەوە، چونكە زیكەزیكی چۆلەكەكانو نەڕەی دڕندەكانو بۆڕەی ئاژەڵەكان، هەمویان چەند دەنگێكن كە دەردەبڕێن بەبێ مانا (بەلای ئێمەوە).

لێرەوە تێدەگەین كە خواوەند كاتێك لەفوكردنی ڕۆحەوە بە بەری ئادەمداو كاتێك خواوەند هەموو ناوەكانی فێری ئادەم كردو لەڕێگەی ئەو ڕۆحەوە كە كردی بە بەریدا ئەو توانایەشی پێبەخشی كە واتای دەنگەكانو ئاماژەكان لێكجیا بكاتەوە، واتە: فێری كرد كە دەنگەكانو واتاكان لێك بدات و بزانێت ئەو دوانە پێش داڕنینیان لەیەكتر پەیوەندیەكی سروشتیو ئاساییان بەیەكەوە هەیە.

هەورەها تێدەگەین كە(ألم)لەئایەتی(١)ی سورەتی(البقرە)دا، چەند پیتو بڕگەیەكی دەنگی ئەو تۆن كە دەكرێت دەربڕین.

بەڵام نابنە نە ڕاگەیەنراوو نە قسەش، چونکە کاتێك مرۆڤ ئەم پیتو بڕگە دەنگیانە دەبیستێت لەزەینیدا ناگۆڕێن بۆ چەند وێنەیەك کە واتاو ئاماژەی تایبەتی خۆیانیان ببێت.

بۆیە دواجار لەماناو واتای فەرمودەی خواوەند تێدەگەین کە دەفەرموێت: ﴿وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وَقَالَ يَاأَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ..﴾ النمل/١٦.

واتە: سولەیمان بە میراتو پشتاوپشت جێگەی داودی گرتەوەو، وتی: ئەی خەڵکینە فێر کراوین کە ڕاگەیەنراوەکانی باڵندەکان تێبگەینو لەهەمو شتێکیشمان پێبەخشراوە.

ئەگەر سەرنج بدەین لەم ئایەتەدا باس لەوە کراوە کە سلیمان(س.خ)فێرکراوە کە لەڕاگەیەنراوەکانی باڵندەکان تێبگات، بۆیە ئەگەر ڕاگەیاندن و(نطق)تەنها بریتی بوایە لەدەربڕینو(لفظ)ی دەنگەکان ئەی وت: (سمعنا منطق الطیر).

هەروەها لەئایەتەکەوە تێدەگەین کە ئاماژە بۆ کردارو پرۆسەیەکی فێرکاریو عەقڵیو لۆجیکی ئەو تۆ دەکات کە بۆچونەکەی ئێمە لەمبارەیەوە پشت ڕاست دەکاتەوە، کە وتمان ڕاگەیەنراو و(منطق)بریتیە: لەو دەربڕینە بیسراوەی کە عەقڵ پەسەندی دەکاتو مانایەکش لەخۆدەگرێت.

ئەگەر کەسێك هاتو ڕەخنەی لەم پێناسەیەی ئێمە گرتو ڕەملی ئەوەی لێدا کە گوایا گیانلەبەران بەگشتیو باڵندەکان بەتایبەتی، چەند دەنگێك دەردەبڕن کە مرۆڤ لێیان تێناگات چونکە ماناو واتایان نیە. ئەوا ئێمە لەوەڵامدا پێی دەڵێین: خودی پەیامی ئاسمانی پێناسەکەی ئێمە پشت ڕاست دەکاتەوەو ڕەملو لافلێدانەکەی ئەوانیش پوچەڵ دەکاتەوە.

ئەگـەر وانەبوایـە ئـەی چـۆن سـولەیمان بـە قسـەی مێرولەکـە پێکـەنی، کـە لەئایەتی(١٩)ی سـورەتی(النمل)دا بـاس لـەم بابەتـە دەکـات، هـەروەها ئـەی چـۆن سولەیمان قسەو گفتو گۆی کرد لەگەڵ پەپوسلێمانە(الهدهـد)ەکـەداو فـەرمانی بـۆ دەرکرد..؟ ئەم بابەتەش لەئایەتی ژمارە(٢٧–٢٨)ی سورەتی(النمل)دا باسکراوە.

ئەم ئایەتانە ئەو ڕاستە ڕون دەکەنەوە کە گیانلەبەران بە گشتی، بە باڵندەو مارو مێروو ئاژەڵانەوە، هەمویان زمانیان هەیەو، لەیەکتر تێدەگەن و، کە مرۆڤی ئاسـایی لەزمانەکانیان تێناگات، مانای ئەوە نیە زمانیان نیە.

ئـەم بابەتـەش ئـەو داهێنانـە زانسـتیەمان بیردەهێنێتـەوە کـە هەنـدێ لـەزانایان سـەرقاڵی ئـەوەن، چـەند ئـامێرێکی وریاکـەرەوە دابهێـنن تـا یارمـەتیان بـدات لەزەریاکاندا لەدەنگی دۆلفینەکان تێبگەن واتە: لەدەربڕینەکانیان بگەن.

لێرەوە تێدەگەین کە گەیاندن و (نطق) بریتیە لە: ڕونکردنەوەی دەربڕینەکان بە ڕێگەی گەیاندنێکی دەنگی ڕاستەوخۆ بە پەیوەندیەکی لۆژیکی عـەقڵانی لـەنێوان دەربڕینەکانـدا، واتە: بە بونی پاڵ دراوو پاڵ پێوە دراوێك، ئەمەش ئەو بابەتەیە کە لەڕوی ڕێزمانـەوە بـەم شـێوەیە پێناسـەی دەکـەین: قسـەو گفتوگـۆ بریتیـە لـەو مانـاو واتایـەی کـە مەبەسـتە لـەدەربڕینو ڕونکردنەوەکانـدا بگەیـەنرێت، هەردوکیشـیان تـەنها لەدروسـتکراوێکەوە دەردەچن کە توانای بیرکردنەوەو لێجیاکردنەوەی باشو خراپی هەبێت.

بەڵگـەش لەسـەر ئـەم ڕاسـتیە ئەوەیـە کـە: خواوەنـد لەئایـەتی ژمـارە(١٩)ی سـوەرتی(النمل)دا بـە(م)ی کـۆ(میم الجمـع) ئامـاژەی بـۆ مێرولـەکان کـردوە کـە بـۆ دروستکراوی عاقڵو ژیرمەند بەکار دێت وشەی(مساکنکم)ی بۆ بەکار هێناون.

هەروەها لەئایـەتی ژمـارە(٤٤)ی سـورەتی(الإسـراء)دا بـەناوی پەیوەسـت(الأسـم الموصـول)ی(مَـنْ)ئامـاژەی کـردوە بـۆ ئـەو دروسـتکراوانەی کـە لەگەردونـدا دێـنو

دەچـنو تەسـبیحات دەکـەن، ئـەم چەشـنە ناوەش(الاسـم الموصـول)تایبەتە بـە دروستکراوە خاوەن عەقڵە ژیرمەندەکانەوە کە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿أَلَـمْ تَـرَ أَنَّ اللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْـأَرْضِ وَالطَّيْـرُ صَـافَّاتٍ كُـلٌّ قَـدْ عَلِـمَ صَـلَاتَهُ وَتَسْبِيحَهُ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ﴾ النور/٤١.

هەرکەس(لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم لێکدانەوەیـەدا کـە کردمـانو لـەو ڕووەوە کـە ئـەم پیتانە چۆن لەزمانەکانی سەر ڕوی زەویدا وەك برگەی دەنگی هاتون)سـەرنج بـدات لەپیتـە دابڕاوەکـان کـە لەسـەرەتای سورەتەکاندا هـاتون، ئـەوجا ئـەم بەراوردانـە یارمەتیمان دەدەن لەو فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ)تێبگەین کە دەفەرموێت: (أوتيـتُ جوامـع الكلـم وأختصـر لـي الكـلام إختصـاراً). واتـە: مـن کـۆی وشـەو ڕسـتەو دەربڕینەکانم پێدراوەو قسەو گفتوگۆم بۆ کورتو پوخت کراوەتەوە.

پێغەمبـەر لـەم فەرمودەیـەدا بـاس لەدەسـتەواژەو ڕسـتەو دەربڕینـەکان دەکـات، نـەك ڕاگەیاندنو قسەکان{فهو يتحدث به عن المفردات (الكلمات) واللألفاظ، لا عن النطق والقول}.

هـەروەها ئێمـە وا تێدەگـەین کـە پێغەمبـەر(د.خ)ئاماژە بـۆ ئـەو برگـە دەنگیانـە دەکات کە لەسەرەتای سـورەتەکانەوە هـاتون، کـە ئەمـەش لەگـەڵ ئـەم قسـەیەیدا ڕێكو پڕاوپڕ دەردەچێت کە دەڵێت: (أوتيتُ القرآن ومثله معه)هەروەها پڕاوپـڕ ڕێـك دێتەوە لەگەڵ ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِنْ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ﴾ الحجر/٨٧.

پێویستە ئاگامان لەوە بێت ئەو کتێبانەی کە پێیان دەوترێت کتێبـی فـەرمودەو قسـەکانی پێغەمبـەر، هـیچ پەیوەندیـەکیان بـەم بابەتـەوە نیـە، ئەگـەر بەچـاوی لێکۆڵینەوەو تێڕامانەوە سەرنجی هەمو کتێبەکانی فەرمودە بـدەین، بەتایبـەت ئـەو ڕیوایـەتو گێڕانەوانـەی کـە باسـی دەرەوەی جیهـانی هەسـتیو نیشـانە گـەورەو

بچوكەكانی ڕۆژی دوایی دەكەن، چەشنە كورتیو پوختیو ڕەوان بێژیەكی ئەو تۆیان تێدا بەدی ناكەین كە بیانگەیەنێتە ئاستی (جوامع الكلم)و هەمویان بەپێی ڕیزبەندی ڕەوانبێژیو لۆجیكی، لەخوار ئاستی ناوەجیەوەنو زۆربەیان لەڕازو بەیازو چیرۆكی مندالآن دەچن.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسەكەمان، دەبینین ئامرازەكانی دەربڕینو قسەكردنو دەنگ دەربڕین، بریتین لەدەنگەژێكانو گوێچكەو ئامرازەكانی بیستن، هەمو گیانلەبەران بە مرۆڤو ئاژەڵو باڵندەو... هتد. تیایدا یەكسانن، ئامرازەكانی(نطق)و گەیاندنو وتەبێژیش بریتین لەدەماغو فامو مەبەستو ماناكانو، پەیوەست كردنی وشەو ڕستەكان بە پەیوەستێكی ژیرانەولۆجیكیانە كە پێی دەڵێن: زانستی(النحو).

(قول)و قسەش ئەو واتاو مانایەیە كە مەبەستەكە لەبێژەرەوە بگوێزێتەوە بۆ بیسەرو مەبەستیش لێی تێگەیاندنی بیسەرە.

لێرەوەیە كە خواوەند سوێند دەخواتو دەفەرموێت: ﴿فَوَرَبِّ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ لَحَقٌّ مِثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ﴾ الذاریات/٢٣.

واتە: سوێند بە پەروەردگاری ئاسمانو زەوی، ئەوە كە بۆتان هاتوە ئەوەندە حەق و ڕاستیە وەك ئەوەی كە دەیلێینو دەری دەبڕنو(نطق)ی پێدەكەن.

ئەگەر(منطق)و گەیاندن بریتی بوایە لە(لفظ)و گوفتمان، ئەوا بەراوردەكە تەواو دەرنەدەچولەئایەتەكەدا.

ئەگەر تێكەڵكردنی(قول)و(نطق)لەلایەن زانا بەڕێزەكانەوە لەكاتی لێكدانەوەو ڕاڤەكردنی ئایەتەكەی سورەتی (النجم)دا كە پێشتر باسمان كرد، مایەی سەرسامیو سەرسوڕمان بێت، ئەوا پەتای(ترادف)و هاوشێوەیی وشەكان پەلی خاوەنەكەی دەگرێتو بۆ لای خراپترو تاڵتر ڕای دەكێشێت، بەڵام لەوەش زیاتر

سەرمان لەوە سورِ دەمێنێت كە چۆن جیاوازیان نەكردوە لـەنێوان(عقل)و(نطـق)داو خواوەند ئەوە ڕەت دەكاتەوە كە پێغەمبەرەكەی لەخۆڕاو بێهودە(نطق)ی كردبێتو ڕاگــەیانراوی ڕاگەیانــدبێت، چــونكە(هوی)و گۆترەكــایو بێهــودەیی دژی(عقــل)و ژیرمەندیەو (هوی)خراپترین دەردە بۆ ژیری و(عقل).

ئێمـە دەزانـین كـە(لفـظ)و گوفتمـان، خزمـەتكاری(نطـق)و گەیاندنـەو دەشـزانین كە(نطق)و گەیاندنیش خزمەتكاری (قول)و قسەی بە مەبەستە.

چونكە (كلمات الله) چەند یاسـایەكن لەپـەڕاوی پێغەمبەرایـەتی و(نبـوة)دا دەیـان بینینەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لەپەڕاوی پەیامهێنەری و(رسالة)دا بونیان نیە.

هەروەها (قول)و قسەكانی خواوەندیش وەك واتاو مانا، لەپەڕاوی پەیامهێنەری و (رسالة)دا دەیان بینینەوەو بونیان هەیـە، لەپـەڕاوی پێغەمبەرایـەتی و (نبـوة)یشـدا وەك یاساو ڕێسا دەیانبینینەوەو بونیان هەیە(قوله الحق).

ئەركی (نطق)و گەیانـدن، بـە جـوان گەیانـدنی ئـەو قسـەو (قول)انـەی خواوەنـدو (كلمات)ەكانیەتی.

جا ئەم گەیاندنە جاری وا هەیە بە گفتمـانو(لفـظ)ێكـی بیسـراو دەبێـتو، جـاری واش هەیە بە(لفظ)ێكی نوسراوی تاكو، جاری واش هەیە ئاماژەو هێمایەك دەبێت[٧] نمونەی ئەم چەشنەی دوایـیش: وەك ڕاتەكانـدنی سـەر، چ بـە ڕەزامەنـدبون یـاخود ڕەتكردنەوەی پرسێك بێت.

---

[٧] لێرەدا تێدەگەین كـە ڕۆڵـی سـونەو سـیرەی ڕاسـتو دروسـت چـیەو ئـەو تۆمەتـە ناڕەوایـەش ڕەت دەبێتـەوە كـە هەنـدێك كـەس بەشێوەی ڕەها دەیدەنە پاڵ نوسەرونوسینەكانی، گوایا باوەڕی بە سونەو سیرەو فـەرمودەكانی پێغەمبەر(د.خ)نیـە، بـەڵكو كێشـەی ئەم تێزە لەگەڵ ئەو دەس هەڵبەسانە دایە كە بەناوی فەرمودەوە هاتوەنەتە ناو بیری ئیسلامیەوە. (وەرگێڕ).

هەروەها وەك كردنەوەی لەپی دەستەكان لەكاتی نزاو دوعاكردنو پاڕانەوەدا لەكاتی سەرسامیو بێدەسەلاتیدا، لەدێر زەمانەوە شاعرو هەڵبەستوان وتویەتیو، باشیشی وتوە كە دەڵێت:

العبد يُقرع بالعصا والحر تكفية الإشارة

پاشان پێویستە لەسەرمان ئەم سوێندەی كە دەڵێت: ﴿وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى﴾و، ئەو وەلامەی كە دەڵێت: ﴿مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى*وَمَا يَنْطِقُ عَنْ الْهَوَى*إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ النجم/ ١-٤. پێویستە لەسەرمان ئەم سوێندو وەلامی سوێندە پەیوەست بكەین بە یەكەوە.

ئەو ئەستێرەیە كامەیە ئەگەر بەر ببێتەوە..؟ ئایا كەسێك كەرەم دەكات پێمان بلێت: ئەو ئەستێرەیە كامەیە كە ئەگەر بەر ببێتەوە، بۆمان ڕوندەكاتەوە كە وەحیو نیگایەك هەیە، یاخود ئایا پەیوەندی ئەم ئەستێرەیە چیە بە قسەكانی پەیامهێنەرو كردەوەكانیەوە..؟

لەدابەزێنراوی بەجێدا نەبێت ناگونجێت ئێمە ئەستێرەیەك ببینین بەرببێتەوە، چونكە پەیامی ئاسمانی بە ئەستێرەداریو خاڵبەندی هاتوە(فالتنزيل جاء منجَّماً).

وتەی خواوەندە كە دەفەرموێت ﴿وَالْفَجْرِ* وَلَيَالٍ عَشْرٍ* وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ﴾ الفجر/١-٣.

لێرە ئێمە وا تێدەگەینو وا دەبینین كە(التنجيم)بریتیە لەئەستێرەو بڕگەكانی نێوان ئایەتەكانو، ئەگەر یەك ئەستێرە لەنێوان ئایەتەكاندا بكەوێت، بە تەواویی مانای ئایەتەكان تێك دەچێتو دەگۆڕێت.

ئەم ڕاستیەش بە ڕونی لەفەرمودەی خواوەندا دەبینین كە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ طِينٍ(١٢)ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ﴾ المؤمنون/١٢-١٣.

دانانی ئەستێرە لەنێوان ئەم دو ئایەتـەدا پیشانمان دەداتو پێمـان دەڵێـت کـە: ئایــەتی یەکــەم ئەڵقەیەکــە لــەزنجیرەی گەشــە ســەندن، پاشــان ئایــەتی دوەم قەڵەمبازێکە بۆ قۆناغێکی دواتر بەڵام ڕاستەوخۆ نا، ئەوقۆناغـە بریتیـە لەهێلکەیـەك لەڕەحمی ژندا.

بۆیە ئەگەر ئەو ئەستێرە لابـرێتو بکەوێت کە لەنێوان ئەم دوو ئایەتەدایـە، ئـەوا هەواڵەکە پێچـەوانەو دژ بەیـەك دەردەچـێت، ئـەم تایبەتمەندیـەش تـەنها لەپـەیامی ئاسمانیدا هەیە، چونکە وەحیو نیگای خواییەو ئەم بابەتەهیچ پەیوەندییـەکی نیـە نەبە قسەو نە بە کردارو ڕەفتارو بڕیارێکەوە کە لەلایەن پێغەمبەرەوە بێت.

ئەو ئایەتانەی سورەتی (نجم)یش هیچ پەیوەندیـەکیان نیـە بـەو باسـەوە کـە زانایـانی بەڕێز وا لێی تێگەشتون گوایا باس لەقسەو کـردارو ڕەفتـاری پێغەمبـەر بکات،بـەڵکو ئـەم ئایەتانە باس لەوەحیو نیگای ئاسمانیو دابەزێنراوی بەجێ دەکەن.

ئێســتاش دێینــە سەرباســی پێناســەی(فەرمودەی پێغەمبــەر)یان وەك فەقیهــە بەڕێزەکان پێی دەڵـێن: گوایـا وەحـیو نیگایـەکی تـری دوەمـەو وەك ئـەو بەڕێزانـە دەڵێن: گوایا خواوەند بیرۆکەکە بە وەحیو نیگا دەنێرێت بۆ موحەمەد و ئەویش بە دەوری خـۆی وبـە ڕێکـاری تایبــەت بـە خـۆیو بـە زمـانی خـۆی، هەڵدەسـێت بـە داڕشتنەوەی ئەو بیرۆکەیە..!!.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەم پرسیارە بکەین: تاکە ڕێگـەو شـێوازێك کـە خواوەنـد ویستی لەو ڕێگەیەوە قسە لەگەڵ بەندەکانیدا بکات، بریتـی بـو لەڕێگـەی گفتوگـۆی زمانەوانی کە دەفـەرموێت: ﴿حم*عسق*كَذَلِكَ يُوحِي إِلَيْكَ وَإِلَى الَّـذِينَ مِـنْ قَبْلِـكَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ الشورى/ ١-٣.

تەنانــەت خەونــەكانیش كــە ئێمــەو هــەمو مرۆڤایــەتی دەیــانبینین، هــەر چــەند بەشـێوەی سـومبولیش بێـت هــەر بەشـێوازی گفتوگـۆی زمانەوانیــە. پرسـیارەكە ئەمەیە: بە كام زمان خواوەند بیرۆكەكەی نارد بۆ پێغەمبەر..؟.

ئایا بە زمانی ئینگلیـزی ڕەوانـەی كـردوەو، دواتـر پێغەمبـەر بـە زمـانی عـەرەبی دایڕشـتوەتەوە..؟ یـان بـە زمـانی گشـتی (العامیـة)بـۆی ڕەوانـە كـردو پێغەمبـەر وەریگێڕایــە ســەر زمــانی ڕەوانبێژی(الفصــحی)..؟ چــونكە هــیچ بیرۆكەیــەك نیــە چـێوەیەكی زمانــەوانی نــەبێت، ئــەو ڕاسـتیەش لــەم ئایەتــەدا بــەدی دەكــەین كــە دەفەرموێت: ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي﴾ القصص/٧.

لەئایەتەكەدا دەبیـنین كـە خواوەنـد ڕێنمـایی گـەلێكی زۆرو ڕاسپاردەی داوە بـە دایكی موسا لەبارەی چارەنوسی كوڕەكەیەوە، بۆیە دەپرسـین ئایـا ئـەو ڕێنمـاییو ڕاسپاردانە بە چ زمانێك بوە..؟

بەم شێوەیە دەبین ئەو قسەیە بێ بنەما دەمێنێتەوە كە لەبارەی بەناو فـەرمودە قودسیەكانەوە دەیلێین.

هەر كەسیش ئەم بیرو باوەڕەی ببێـتو دان بـەو قسـانەدا بنێـت كـە باسمـانكرد، ئەوا ئەو كەسە لە سەرەتاكانی بـیری مرۆڤایـەتی شـارەزا نیـەو ناشـزانێت خواوەنـد بۆچی پەڕاوەكەی بە زمانی عەرەبی پاراو، دابەزاندوەو بۆچی ڕەوانەی كردوە.

ئەگەر خواوەند هەمان ئەو بیرۆكەیەی بەهەمان نیگاو وەحی بناردایـە بـۆ ئـەوەی ببێتە قسەو بڕیاری خواوەند ئەوكات پێویست دەبو لەسـەرمان لـەكاتی گێڕانـەوەی فەرمودەیەكـدا، لــەبری ئــەوەی بڵـێین: پەیامهێنــەر دەڵێـت، پێویسـت بـو بڵـێین: خواوەند فەرموی یاخود دەفەرموێت.

لەسایەی هەموو ئەم ڕونكردنەوانەدا كە كردمان، دەگەینە ئەو بڕیارە یەكلایی كەرەوەیە كە دابەزێنراوی بەجێ قسەو(قول)ی خواوەندەو بە وەحیو نیگا ناردویەتی، ڕۆڵی پەیامهێنەریش لەم پرۆسەیەدا تەنها(نطق)پێكردنو ڕاگەیاندنیەتی بە ڕونكردنەوە، نەك بە قسەو(قول)واتە: (قول)و قسە هەر هی خواوەندەو ڕۆڵی پەیامهێنەر تەنها گەیاندیەتی وەك خۆی بەبێ هیچ زیادو كەمێك.

بەم پێیە دەتوانین كاتێك دابەزێنراوی بەجێ دەخوێنینەوە بڵێین: (قال الله، نطق رسول الله) ﴿الم * ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ﴾.

نمونەی ئەمەش سورەتی(الإخلاص)ە، خواوەند فەرمان بە پێغەمبەرەكەی دەكاتو پێی دەڵێت: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ پێغەمبەریش ئەم فەرمودەو(قول)ەی خواوەند دەگوێزێتەوەو ڕای دەگەیەنێت بۆ خەڵك، بەبێ زیادو كەمو هیچ چەشنە پاشو پێش پێكردنێك، ئەگەریش لەلایەن خۆیەوە شتێكی زیاد كرد، وەك ئەوەی بڵێ ئەم سورەتە هاوتای سێیەكی قورئانە، ئەوە كارێكە لەلایەن خۆیەوەو هیچ پەیوەندیەكی نیە بە نیگاو وەحی خواوەندەوە.

بۆ ئەوەی لەڕۆڵی پەیامهێنەر تێبگەین لەڕاگەیاندنی ئەو قسەو پەیامەدا كە خواوەند لەدابەزێنراوی بەجێدا وتویەتی، ئەوا پێویستە لەسەر ئەم چەند ئایەتەی سورەتی(النحل)بوەستین: **﴿وما أرسلنا من قبلك إلا رجالاً نوحي إليهم فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لاتعلمون*بالبينات والزبر وأنزلنا إليك الذكر لتبين للناس مانزل إليهم ولعلهم يتفكرون﴾** النحل/ ٤٣-٤٤.

واتە: لەپێش تۆوە چەند پیاوێكمان ناردوەو وەحی و نیگامان بۆ ناردون، ئەگەر ناشزانن پرسیار لەو كەسانە بكەن كە پەیامە ئاسمانیەكانیان بۆ هاتوە(أهل الذكر) بە چەند بەڵگەو نیشانەیەكەوە(ذكر)و یادخەرەوەشمان ناردوە بۆ تۆ هەتا هەستین بە ڕونكردنەوەی ئەو پەیامەی كە بۆ خەڵك ڕەوانەكراوە بۆ ئەوەی بەڵكو بیرێك بكەنەوە.

(أهل الذكر)لەئایەتی ژمارە(٤٣)دا ئەو كەسانەن كە پەیامە ئاسنانیەكان لەڕێگەی پەیامهێنەرانێكەوە پێش موحەمەد بۆ ڕەوانە كراوە.

ئایەتەكە باس لەچەند ڕوداوێكی مێژویی دەكات كە باس لەجیهانی دەرەوەی هەستی دەكەن لەڕابوردودا، كاتێك كە خواوەند لەسەردەستی چەند پیاوێكداو لەڕێگەی وەحیو نیگای ئاسمانیەوە چەند پەیامێكی بۆ خەڵك ناردوە، پاشان ئایەتەكە فەرمان بە كەسێك دەكات كە هیچ لەبارەی ئەو پەیامانەوە نازانێت، داوای لێدەكات هەستێت پرسیار لەپەیڕەوانو شارەزایانی ئەو پەیامانە بكات لەبارەی ڕاستیو دروستی ئەو زانیاریانەوە.

لێرەوە دیسانەوە سەرمان لەوە سوڕدەمێنێتەوە كە زانایانی بەڕێز نازناوی(أهل الذكر)لەخۆیان دەنێنو داوا دەكەن لەبەندەكانی خواوەند وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەم ئایەتە(كە هیچ پەیوەندیەكی بەو بابەتەوە نیە)ڕویان تێبكەنو لەبارەی هەمو وردو درشتێكەوە پرسیاریان لێبكەن.

ئەو(ذكر)ەی تریش كە لەئایەتی(٤٤)دا هاتوە، بریتیە لەو داڕشتنە زمانەوانیەی دابەزێنراوی بەجێ كە پەیامهێنەر پاش وەرگرتنی لەڕێگەی وەحیو نیگاوە، ڕایگەیاندوەو(نطق)ی پێ كردوە، هەر ئەو پەیامەشە كە خواوەند فەرمانی كردوە بە پێغەمبەرو پەیامهێنەرەكەی كە هەستێت بە ڕاگەیاندنو ڕونكردنەوەی بۆ خەڵكی.

(بیان)و ڕونكردنەوەو ڕاگەیاندنیش دوو ماناو واتای هەیە:

**یەكەم:** ڕونكردنەوەو ڕاڤە كردن، ئیتر بە زارەكی بێت یاخود بە كردار، جیاوازی نیە.

ئەمەمان لەم ڕێگەیەوە زانیوە لەدروشمو ڕێو ڕەسمەكاندا بەتایبەت نوێژو زەكات، كە ئەم دو ڕێوڕەسمە گەورەیەمان ڕاستەوخۆ لەپێغەمبەرەوە وەرگرتوە، نەك لەقسەی فەقیهو فیقهزانەكانەوە، بەڵكو لەخودی پێغەمبەروە وەرمان گرتون

وەك ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ﴿وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ النور/٥٦. واتە:پەیوەندی لەگەڵ خواوەندو نوێژ پایەدار بكەن‌و زەكات ببەخشن‌و گوێڕایەڵی پەیامهێنەر بكەن، ئومێدا وایە شایانی بەزەیی خواوەند بن.

خواوەند فەرمانمان پێدەكات كە چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژو، جێبەجێكردنی زەكات لەپەیامهێنەرەوە(د.خ)فێر بین، چونكە خواوەند ئەو ئەركەی بە پەیامهێنەرەكەی سپاردووە، ئەمەش بەشێكە لە(السنة الرسولية)و ڕەویەی پەیامهێنەرایەتی، بۆیە دەفەرموێت: (وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ) هیچ پاساوێك نیە بۆ ئەوەی ئەم فەرمانەی خواوەند ببڕێت بە سەر پێناسەی(سنة)و ڕەوەیەی پێغەمبەردا، وەك چۆن شافعی پێناسەی دەكات، بەڵكو پێویستە ئەو پێناسەیە لەبنەوە هەڵتەكێنین. دواتر قسەیەكمان دەبێت لەسەر نوێژو زەكات.

**دوەم:** خستنەڕوو پەردە لەسەرلادان، پێچەوانەی شاردنەوەو پەردەپۆشكردن، خواوەند لەم ئایەتەدا ئاماژە بەو مانایە دەكات‌و دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنْ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُوْلَئِكَ يَلْعَنُهُمْ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمْ اللاَّعِنُونَ﴾ البقرة/١٥٩.

واتە: ئەوانەی كە ئەو بەڵگەو نیشانەو ڕێنموییانە دەشارنەوە كە ئێمە ناردومانن بۆ خەڵكی‌و لەپەڕاوەكەشماندا بۆمان ڕونكردونەتەوە، ئەوانە بەر نەفرەتی خواوەندو نەفرەتی نەفرەتكاران دەكەون.

هەروەها(بیان)بە مانای پێچەوانەی شاردنەوەو پەردەپۆشكردنیش دێت، وەك لەم ئایەتەدا ئاماژە بەو مانایە دەكات‌و دەفەرموێت: ﴿ياأَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنْ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ قَدْ جَاءَكُمْ مِنْ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ﴾ المائدة/١٥.

واتە: ئەی ئەوكەسانەی كە پەڕاوی خواوەندتان بۆ هاتوە، پەیامهێنەرەكەی ئێمە هاتوەتە لاتانو زۆرێك لەوەی كەئێوە دەیشارنەوە لەپەڕاوەكە، بۆتان ڕوندەكاتەوەو لەزۆرێكیشی چاو دەپۆشێت، بەدڵنیاییەوە لەلایەن خواوەندەوە نورو ڕۆشنایی و پەڕوێكی ڕونكراوەتان بۆ هاتوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئایەتی ژمارە(٤٣)ی سورەتی(النحل)و لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی ژمارە(١٥)ی سورەتی (المائدة)دا لێی وردبینەوە، ئەوا ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕون دەبێتەوە كە پێشتر وتمان(أهل الذكر)بریتین لەنەوەی ئیسرائیل، چونكە لەلایەك لەهەمو كەس باشتر دەیانزانی چیان شاردوەتەوەو چیان پەردەپۆش كردوەو چیان ئاوەژوو كردوەو، لەلایەكی تریشەوە چونكە ئەو(ذكر)و پەیامەی كە بەشێوەی نیگاو وەحی دابەزێنرابو بۆ سەر دڵی موحەمەد(د.خ)پێش ئەوەی بیشارنەوەو ئاوەژوی بكەن لەلای ئەوانو لەكتێبەكانی ئەواندا هەبو، بەڵگەی ئەم ڕاستیەش ئەم ئایەتەیە كە باس لەدابەزێنرای بەجێ دەكاتو دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُ لَفِي زُبُرِ الْأَوَّلِينَ * أَوَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ آيَةً أَنْ يَعْلَمَهُ عُلَمَاءُ بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ الشعراء/ ١٩٦-١٩٧.

وەك وتمان: دابەزێنراوی بەجێ قسەو (قول)ی خواوەندە، ڕۆڵی پەیامهێنەریش (د.خ) بریتیە لەڕونكردنەوەی ئەو پەیامە بە ڕاگەیاندنو(نطق)كردنو ئاشكراكردنو پەردە لەسەر لادان، ئەی ڕۆڵی ئێمە وەك خەڵكو(ناس)چیە..؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە ڕونیو بێ پەردە لەم ئایەتەدا وەردەگرینەوە كە دەفەرموێت: ﴿...وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ النحل/٤٤. واتە: بۆ ئەوە یاخود بەڵكو بیرێك بكەنەوەو بە خۆیاندا بچنەوە.

هەموشمان دەزانین كە خواوەند ئەم پەیامو(قول)ەی خۆی بە زمانی عەرەبی پاراو دابەزاندوەو گونجاوەو دەست دەدات بۆ مرۆڤ تابە ئاوەزو فامی خۆی لێی

تێبگـات، ڕۆڵـی پەیامهێنـەری بـەڕێزیش بریتیـە لەڕونکردنـەوەو ڕاگەیانـدنی ئـەو پەیامـەو، ڕۆڵـی ئێمـەش وەك خـەڵك بیرکردنـەوەو تێفکرانـە، واتـە: ئـەم پرۆسـەیە ڕۆڵێکـی تێـدا نیـە بـەناوی ڕۆڵـی پیـاوانی ئـاینو کتێبـە فیقهیـەکانو زۆرێـك لـەو گێڕانەوانەی کە لەکتێبەکانی(حدیث)دا هاتوە، ئەو کتێبانەی کـە زانـا بـەڕێزەکانمان لەپلـەو پێگـەی پـەڕاوی خواوەنـدا سـەیریان دەکـەن، بـەڵکو لەوانەیـە لەلایـەن هەندێکیشیانەوە لەپلەو پێگەی بەرزتر لەپەڕاوی خواوەند سەیریان دەکەن.

لەم سۆنگەیەوە سەمەرە نابێت کاتێك لەیەکێك لەو بەڕێزانەوە ببیسین بڵێت: (ئەگەر قسەی یەکێك لەهاوەڵەکانمان لەگەڵ قورئاندا دژ وەستایەوەو نەگونجا لەگەڵیدا، ئەوە پەسەند دەکەین کە هاوڕێکانمان ڕایان لەسەریەتی).

هەروەها سەمەرە نابێت کاتێك ئەو حوکمو فەرمانی بە کافر کردنە ببینین کە ئەم چەشـــنە کەســـانە بـــە دەسخۆشـــانەی ســـوڵتانەکان ڕای دەگەیـــەننو ئەڵقـــە لەگوێکانیشیان جێبـەجێی دەکـەنو، پاشـان ببیـنین کەسـایەتیە نـەیارەکان پلـەو پایەکانیان لێ دامالرێت و دور بخرێنەوەو ڕێوشوێنیان لەدژ بگیرێتەبەر.

(سـەیری ئـەو حـوکمو فەرمانـە بکـە لەئەزهـەری بـەڕێزەو لـەبارەی شـێخ عـەلی عەبدوڕەزاق دەرکرا)لەو فەرمانەدا هاوسـەرو هاوژینـەکان لەیـەکتر حـەرام دەکـرێنو بڕیاری لێك جیاکردنەوەیان دەدرێت، هەروەها(سەیری ئەو حوکمەی دادگا بکـە کـە لەبارەی نەسر حامد ئەبو زەیدەوە دەرکرا).

ئەم بابەتانەو ئەم حوکمو فەرمانانە ئەوەندەی پشت بە کتێبەکانی تەفسیرو فیقه دەبەسـتن، ئەوەنـدە پشـت ئەسـتور نـین نـە بـە ئایـەتێکی قورئـانو نـە بـە ڕەویەو(سـیر)ەیەکی کـرداری پێغەمبـەر، پشـت بـەو کتێبانـە دەبەسـتن کـە خاوەنـەکانیان ڕملـی ئـەوە لێدەدەن گوایا ئـەم نوسینانەی ئـەوان نوێنەرایـەتیو

ڕاڤـەكردنی فەرمایشـتەكانی خواوەنـدە لەپـەڕاوە بەڕێزەكەیـداو ڕەنگدانـەوەی ئـەو كردارانەیە كە پێغەمبەر لەژیانیدا كردویەتی.

ڕاستە ئەم دەستەیە لەزانایان لەڕوكاریاندا باوەڕیان بە تـاكو تـەنهایی خواوەنـدو باوەڕیان بە پەیامهێنەرەكەی‌و بە ڕۆژی دوایی هەیە، بەڵام ئـەم دەسـتەیە موشـركن بە قورئانی پیرۆزو دانیان بەبونی هاوتادا ناوە بۆی.

دواجار مایەی سەرسامی نیە كە ببینین ئەم دەستەیە عەقڵ‌و ژیری پەك دەخەن‌و بیركردنەوە دەكوژن‌و لەناوی دەبەن‌و، ڕمڵی بێتاوانی‌و پاكیەتی‌و(عصمة)بـۆ خۆیـان لێـدەدەن گوایـا بـەو پێیـەی كـە نـەوەو وەچـەی پێغەمبـەرانن، تەنانـەت پڕكێشـی یەكێكیان گەشتوەتە ئاستێك دەڵێت: ﴿بأن القـرآن أحـوج إلى السـنة مـن السـنة إلى القرآن﴾..!!.

واتە: قورئان زیاتر پێویستی بە سونەت هەیە تا سونەت پێویستی بە قورئان بێت..!!.

ئـەو قسەیەشـیان كـە دەڵێـت: حـەرامكردنی مـەی‌و عـارەق خواردنـەوە لـەوێوە سەرچاوەی گریتوە كە بـەو حـەرام كردنـە پارێزگـاری لـە عـەقڵ و ژیـری دەكرێـت، هەموان دەزانین و دڵنیاین كە خراپی و خراپەی مەی و مادەی هۆشبەر لەوەدایە كە مـرۆڤ سـەرخۆش دەكـاتو ئاگـای لـەخۆی نامێنێـت، دەی خـۆ هـەموو دانیشـتوانی سەرگۆی زەوی بەچاوی سوكەوە سەیری سەرخۆش دەكەن‌و سزاشی دەدەن ئەگەر خراپە بكات لەگەڵ كەسێدا، یاخود ئامێرێك لێبخورێت، ئەمـە پرسـێكە كـە هـەمو مرۆڤایەتی دەیزانن.

## پارێزگاری كردن لە ڕەچەڵەكو ئابڕوو شكۆ:

ڕەچەڵەك لەلایەكەوە بریتیە لەو پەیوەندیە مادیەو، لەلایەكی تریشەوە بریتیە لەو پەیوەندیە مەعنەویەی كە مرۆڤی نێرینەی عاقڵو ژیرمەند پەیوەست دەكات بە باوكیەوەو لەوێشەوە بەرەو ژوور بۆ مامەكانیو باپیرەكانیو هەروەها پەیوەستی دەكاتەوە بە دایكیەوەو لەوێشەوە بەرەو خاڵەكانیو باپیرەكانی لەسەری دایكیەوە، بەهەمان شێوە ئەو پەیوەندیە شۆڕ دەبێتەوە بە نەوەكانیەوەو دواتریش بە خێزانی هەر یەكێك لەمانەوە بەگشتی، ڕونترین ئاماژەش كە ئەم پەیوەندیە ڕون دەكاتەوە، بریتیە لەم فەرمایشتەی خواوەند كە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاء بَشَراً فَجَعَلَهُ نَسَباً وَصِهْراً وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيراً﴾ الفرقان/ ٥٤.

واتە: خواوەند ئەوەیە كە لەئاو مرۆڤایەتی خولقاندو بەدیهێناو دواتر گێڕای بە وەچەو ڕەچەڵەكو ژنو ژنخوازی لێكەوتەوە، بیشیزانە كە پەروەردگارت بە توانایە.

ئەو ئاوو(ماء)ەش كە لەئایەتەكەدا هاتوە مەبەتسی ئەو ئاوەیە كە لەم ئایەتانەدا ئاماژەی بۆ كردوە: ﴿فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ* خُلِقَ مِن مَّاء دَافِقٍ* يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ﴾ الطارق/ ٥-٧.

واتە: با مرۆڤ سەیر بكاتو سەرنج بدات كە لەچی خولقێنراوەو بەدیهێنراوە، لەئاوێكی هەڵقوڵاو دروستكراوە، ئەو ئاوە لەنێوان پشتو پەراسوەكانەوە دەردەچێت.

ئەوەش كە هەندێ كەس وا ئەم وشەی(ماء)ـە لێكدەدەنەوە كە مەبەستی لەو ئاوە بێت كە دەیخۆینەوەو جلەكانمانی پێدەشۆینو كشتوكاڵەكانمانی پێ ئاو دەدەین، ئەو لێكدانەوانە هیچ بایەخێكیان نیە لەلای ئێمە، سەیری كتێبی(الترجمة التقريبية لمعانى القرآن الكريم الى الغة الإنگليزيە)كە وەرگێڕدراوی شێخ(عزالدين الحايك)ەبكە.

وشەی(بشـــر)یش لەئایەتەکـــەدا دوبەشـــە: نێـــرو مـــێ لـــەڕوی بایۆلۆجیـــەوە وەك(بشر)هەروەها نێرو مێ لەڕوی مرۆڤایەتیەوە، وەك لەم ئایەتـەدا هـاتوە: (يأيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثا وجعلناكم شعوبا وقبائـل لتعـارفوا إن أكـرمكم عنـدالله أتقاكم إن الله عليم خبير) الحجرات/١٣.

واتە: ئەی خەڵکینە ئێمە لەنێرو مێیەك دروستمان کـردون‌و گێڕاومـانن بـە چـەند گەل‌و هۆزێك تا یەکتر بناسن، دڵنیاش بن کە بـەڕێزترینتان ئـەو کەسـەیە کـە زیـاتر سنورەکانی خواوەندو یاساکانی گەردون بپارێزێت.

ئەگـەر سـەرنج بـدەین کاتێـك دەفـەرموێت: (بشـر)بە دوایـدا دەفـەرموێت﴿نَسَـباً وَصِهْراً﴾بەڵام کاتێك دەفەرموێت (الناس) بەدوایدا دەفەرموێت: ﴿شُعُوباً وَقَبَائِلَ﴾.

ئەو پەیوەندیەش کە نێرینـە دەبەسـتێتەوە بـە خێـزان‌و بنەماڵەکەیـەوە، بریتیـە لەپەیوەندی خوێن، کە خواوەند بە (نسباً)ناوی هێناوە، بەڵام پەیوەنـدی مێینـە بـە هەموو ئەمانەوە، بریتیە لە پەیوەندی ڕەحم‌و سۆزو میهرەبانی(صلة الـرحم)و ژنـو ژنخوازی‌و(مصـاهرە)ئەم دوو پەیوەندیـەن کـە دەبنـە پایـەی سـەرەکی‌و بنـەڕەتی لـەبونیاتنان‌و پێکهێنـانی خێـزان‌و بنەماڵـەدا، کـە هـەموو کۆمەڵگـەکان لـەڕوی مرۆڤایەتیەوە لەسەر بنەمای خێزان پێك دێن‌و دروست دەبن‌و خۆیان دەگرن.

ماوەتـــەوە ئامـــاژە بـــۆ ســـەرنجێکی زۆر ورد بکـــەین کـــە خواوەنـــد بۆچـــی وشەی(صهر)ی بەکار هێناوە بۆ(صلة الرحم)و پەیوەندی خۆشەویستی‌و خزمایەتی.

(الصاد، والهاء، والراء)بناغەیەکی دروستە لەبناغـەو بنـەماکانی زمانـەوانی‌و یـەك ماناو واتای هەیە کە بریتیە لە تواندنەوە بەهۆی ئاگرێکی بەهێزەوە.

(الصَّـهْر) واتە:بـە دانـانی سـەرە بۆ(ص)ەکـەو زەنـە بۆ(ه)ئەکـەو بـەبێ جوڵـە هێشـتنەوەی(ر)ەکە، بریتیـە لەپەیوەنـدی نزیکـی‌و خزمایـەتی لەڕێگـەی(زواج)و

هاوسـەرگیریەوە، لـەزمانی عەرەبیشـدا کاتێـك دەوترێت(صـهر الرجـل) واتـە: زاوای پیـاو، مەبەسـت پێـی هـاوژین‌و مێـردی کچـەکەیەتی، یـاخود هـاوژین‌و مێـردی کوڕەزاکەی واتە: مێردی کچی کوڕەکەیەتی، یان هاوسەرو مێردی خوشـکەکەی یـان مێردی خوشکەزاکەیەتی. هەروەها لەبارەی(صـهرالمرأة)و زاوای ژنیشـەوە بەهـەمان شێوە، ئەو ناو لێنانە بابەتێکی(مجازی)دەرەوەی هەستیە، وەك بڵێیت: ڕەحمی ژن کەمۆڵەیەکـە بـۆ پێگەیانـدن‌و پـەروەردەکردنی هێلکـەو توخمـەکان‌و تواندنـەوەیان بەسەر تۆوەکانی پیاوداو بۆ ماوەکـانی هەریـەك لـە نێـرو مـێ دەتوێنێتـەوە بەسـەر یەکداو لەئاکامدا کۆرپەلەیەك بەرهەم دەهێنێت کە هەموو کـارو ڕوکارەکـانی بـاوك‌و دایکی لەخۆدەگرێت.

ڕەچـەڵەکیش سیسـتمێکی کۆمەڵایەتیـەو پابەنـدی‌و هـەواداری مـرۆڤ دەسنیشـان دەکات، هەندێ جار ڕەچەڵەك‌و نـەوە سـەر بـە دایـك دەبێـت، وەك چـۆن زوو لـەناو هۆزە سەرەتاییەکانداو تا ئێستاش لەناو جولەکەدا، باوەو پەیڕەو دەکرێـت، یـاخود هەندێ جار سەر بە باوك دەبێـت، وەك چـۆن لـەدێر زەمانـەوەو تـا ئێسـتاش لـەناو عەرەب‌و نەتەوەکانی تردا باوەو پەیڕەو دەکرێت.

قورئـانیش هـەروەك چـۆن بـە وردی لـەبارەی بابـەت‌و پرسـەکانی تـرەوە قسـەی کردوە، لەم بابەت‌و پرسەشدا زۆر وردەکاری کردوە(لەبابەت‌و پرسی ڕەچەڵەکدا) بۆ نمونە: لەئایەتی ژمارە(٤٠)ی سورەتی(الأحزاب)دا دەفەرموێت: ﴿مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَـا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ...﴾ واتە: موحەمەد باوکی هیچ یەکێك لەپیاوەکانتان نیە.

وشەی باوك و(أب)یش لەم ئایەتەدا مەبەست پێی باوکی حەقیقی‌و خـاوەن تـۆوی باوکایەتیە(والد)چونکە دەگونجێت وشەو ناوی(أب)بۆ باوکی پەروەرشـیاریش بـەکار بهێنرێت.

ئایەتەکەش قسە لەبارەی پرسێکی تایبەتەوە دەکات ئەویش پرسی(زەیدی کوڕی حارسە)و بە کوڕ کردنیەتی لەلایەن پێغەمبەرەوە، ئەم ئایەتە قسە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دەکات کە کاتی دابەزینی ئایەتەکە لەژیاندا بون، هەروەها لەلایەکی تریشەوە ئایەتەکە قسە لەسەر پرسێکی گشتیش دەکات کە پەیوەندی بە ڕەچەڵەکو پەیوەست بونیەوەیە بە موحەمەدەوە، بە پەیوەند بونێکی باوکایەتی کە پێشتر بونی هەبوەو کاری پێکراوە، هەم لەنێوان حارسو پێغەمبەرداو هەم لەناو کۆمەڵگەی ئەو دەمەی عەرەبیشدا، ئەم ئایەتە هات بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیە هەڵوەشێنێتو لەجێگەیدا ڕەگو بناغەی پەیوەندیەکی تازە بچەسپێنێت کە ئەویش پەیوەندی باوەڕ بونە بە پەیامی پێغەمبەرایەتی موحەمەد(د.خ)، ئەمەماناو واتای داواکاری ئایەتەکەی ژمارە(٤٠)ی سوەرتی(الأحزاب)ە کە دەفەرموێت: ﴿...**وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ...**﴾.

قسە لەگەڵ کراو و بە ئامانج گیراوانیش لەم گوتارەدا ئەو کەسانەن کە لەهەمو سەردەمێکدا تا ڕۆژی دوایی باوەڕ دەهێنن بە موحەمەدو پەیامەکەی، لەمبارەیەوە خواوەند دەفەرموێت: ﴿**مَا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِنْ قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائِي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ ذَلِكُمْ قَوْلُكُمْ بِأَفْوَاهِكُمْ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ**﴾ الأحزاب/٤.

واتە: لەدەرونی هیچ مرۆڤێکدا خواوەند دو دڵی دانەناوە، ئەو هاوسەرو ژنانەشتان کە(ظهار)یان لەگەڵ دەکەنو پێیان دەڵێن: تۆ لەجێگەی دایکمدایت، ئەوان دایکتان نین، ئەو کەسانەش کە ئێوە بە منداڵی خۆتان لە قەڵەمیان دەدەنو هی خۆتان نین، ئەوان منداڵی ئێوە نین، ئەم قسانە قسەی زارەکی خۆتانو لای خواوەند بایەخیان نیە، خواوەند قسەی حەقیقەتو ڕاستی دەکاتو هەر ئەویشە کە ڕێگای ڕاست پیشانی بەندەکانی دەدات.

ئێمە وا تێدەگەین لەم ئایەتە کە، هەڵەیەکی باوو بەربڵاو ڕاست دەکاتەوەو قسەش لەبارەی هەڵەیەکی ترەوە دەکات کە پێش دابەزینی ئەم ئایەتە کاری پێکراوە کەئەویش(ظهار)بوە.

چونکە هەرگیز هاوسەرو ژنی پیاو، نابێتە دایکێك کە خاوەنی هێلکەی ئەو پیاوە بێتو هەرگیز بە داکیی ڕاستەقینە دانانرێت، بۆیە کاتێك پیاوێك بە ژنەکەی دەڵێت: تۆ وەك پشتی دایکم لەمن حەرامیت، ئەوژنە بەم قسەیە نابێتە دایکیو قسەی ئەم پیاوەش دەچێتە خانەی هەڵیتو پەڵیتو قسەی بێ سەرو بەرەوە.

خواوەند لەم ئایەتەدا ئەم پرسەی ڕون کردوەتەوە کە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْكُمْ مِنْ نِسَائِهِمْ مَا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنْكَرًا مِنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾ المجادلة/٢.

واتە: ئەو کەسانەتان کە(ظهار)لەژنەکانتان دەکەنو پێیان دەڵێن: ئێوە وەك پشتی دایکمان وان بۆمان، ئەو ژنانە بەم قسەیە نابنە دایکیانو دایکیان نین، بەڵکو دایکیان ئەو ژنانەن ئەوانیان لێبوە، بێگومان ئەو کەسانە قسەیەکی ناپەسەندو نابەجێو درۆ دەڵێن، وە دڵنیا بن کە خواوەند لێبوردەو لێخۆش بوی تەواوە.

هەرگیز ناگونجێت هاوسەری پیاو ببێتە دایکیو دایکیشی نابێتە ژنو هاوسەری، دروست وەکوئەو منداڵانەی کە بەهەڵگرتنەوەو بە منداڵ کردن(التبني)پێیان دەگوترا یاخود پێیان دەوترێت: منداڵی کەسێك، هیچکات وەك ئەومنداڵانە نابن کە لەپشتی خودی مرۆڤەکەوە دێنو لەو باوکو دایکە دەکەونەوە.

دێینە سەر باسی ئەو فەرمودەی خواوەند کە دەفەرموێت: ﴿... وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ...﴾ الأحزاب/٤.

واتە: ئەو کەسانەی کە ئێوە بە منداڵی خۆتان لەقەڵەمیان دەدەن، خواوەند بە منداڵی ئێوەیان دانانێت.

ئەو کەسانەی کە عەرەبەکان بە منداڵی خۆیان لەقەڵەمیان دەدان(الأدعیاء)دوو چەشنن:

**یەکەم:** منداڵێك کە خۆی دەڵێت: من لەفلانە باوکمو باوکەکە لەبەر چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی دان بە باوکایەتی بۆ ئەومنداڵەدا نانێت، نمونەی ئەم چەشنە(عەنتەرەی کوڕی شەدادی عەبەسی)ە کە باوکی دانی بەوەدا نەدەنا کە ئەو کوڕی بێت، چونکە داکیی ژنێکی ڕەش پێست بو.

هەروەها(زیادی کوڕی ئوبەیە)کە ئەبو سوفیان نکوڵیو حەشای لێدەکرد، بۆ ئەوەی نەبێتە بەڵگە لەسەری کە داوێن پیسیو زینای کردوە.

**دوەم:** منداڵێکی پەروەردەکراوەو لافی ئەوە لێدەداتو دەڵێت: لەو باوکەیە کە پێی گەیاندوەو بەخێوی کردوە، نمونەی ئەم چەشنەش(زەیدی کوڕی حارسە)یە.

(أدعیاء)ی چەشنی یەکەم، بەبێ هیچ دودڵیو هیچ گومانێك منداڵی ڕاستەقینەی ئەو کەسانەن.

بەڵام(أدعیاء)ی چەشنی دوەم بەو شێوەیە نین، واتە: منداڵی ئەو باوکانە نین کە بەخێویان کردون.

بۆیە خواوەند فەرمانی کرد بە ڕاستکردنەوەی ڕەچەڵەکیانو بەستنەوەیان بە باوکی خۆیانەوەو، ئەگەر باوکیان لەژیاندا مابو، یاخود لەدەسڕەسدا بو، وەك حاڵەتەکەی(زەیدی کوڕی حارسە)کە خۆی دەیزانی باوکی هەیەو دەشیزانی کێ باوکیەتی، ئەم فەرمانەی خواوەندیش لەم ئایەتەدا ڕاگەیەنراو فەرمویی: ﴿**ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ...**﴾ الأحزاب/٥.

واتە: بەناوی باوکی خۆیانەوە بانگیان بکەنو ناویان لێ بنێن، ئەوە دادپەروەرانە ترە بەلای خواوەندەوە.

كەواتـە: پـرسو بابەتەكـە پـرسو بابـەتی ڕاسـتكردنەوەی چـەمكو دەسـتەواژەو تێگەیشتنەكانو دانانی خاڵە لەسەر پیتەكان، سەبارەت بەو كەسـانەش كـە ئـەم دو ئایەتـە، واتـەی ئایـەتی(٤ ــ ٥)ی سـورەتی(الأحـزاب) دەكەنـە بەڵگـەو بـە بەڵگـەی حەرامكردنی(تَبني)و منداڵ هەڵگرتنەوەی دادەنێن(وەك چۆن لەناو زانـا بەڕێزەكانـدا باوە)ئەوا ئێمە ئەو كەسانە ئامۆژگاری دەكەینو داوایان لێدەكەین بفەرمون جارێكی تر بە پەڕاوی خواوەندا بچنەوەو سەر لەنوێ بـە وردی بیخوێننـەوە، بەتایبـەت ئـەم فەرمودەی خواوەند كە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولاً﴾ الأحزاب/٣٧.

قسە لەگەڵ كراو لەم ئایەتەدا پێغەمبـەرە، ئـەو كەسـەش كـە بـە(أسـم الإشـارة و بضمير المفرد الغائب) واتـە: بـە وشـەو نـاوی(الـذي)ئامـاژەی بـۆ كـراوە بریتیـە لـە: (زەیدی كوڕی حارسە).

ئایەتەكەش باس لەمۆڵەتی مـارە كردنـی ئـەو ژنانـە دەكـات كـە بێـوەژنو تـەڵاق دراوی ئەو كەسانەن كە پێشتر بەپێی سیستەمی(تبني)و بـە كـوڕ كـردن بـە منـداڵی ئـــەو كەســـانە دەدران لەقەڵـــەم، وا ئێســـتا ئـــەو كەســـانە بۆیـــان هەیـــە ژنـــە تەڵاقدراوەكانیان مارە بكەن.

ئەم پرسە جـارێكی تـر زۆر بـەڕونی لەئایـەتی(٢٣)ی سورەتی(النسـاء)دا هـاتوە، لەزنجیرەی ئەو كەسانەدا كە قەدەغـەن مـرۆڤ مارەیـان بكـات هـاتوەو دەفـەرموێت: ﴿وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمْ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ﴾.

ئەمــە ئــەو حــوكمو فەرمانەیــە كــە تیایــدا كــوڕی، بــە كــوڕ لەقەڵەمــدراو واتــە: كوڕی(التبني)لەكوڕێك جیا دەكاتەوە كە لەپشتی خودی پیاوەكەوە كەوتبێتەوە.

بــەڵام مـیرات بـردنو ڕێـزو حورمـەتو شكۆو پاراسـتنی ڕەچـەڵەك، ئەمانـە مـاف گـەلێكنو پـارێزراون بـۆ بـاوكی پەروەرشـیار، هـەروەك چـۆن بـاوكی حـەقیقی ئـەو مافانەی هەیە بەسەر كوڕەكەیەوە، باوكی پەروەرشیاریش ئـەو مافانـەی پـارێزراون بەسەر كوڕەكەیەوە كە هەڵیگرتوەتەوە، واتە: كوڕی(تنبي).

ئەمەش بە تەواوەتی گونجاو و سازگارە لەگەڵ ئەو ڕونكردنەوەیەدا كـە خواوەنـد لەئایەتەكانی(٤ ـ ٥)ی سورەتی (الأحـزاب)دا خسـتیەڕو، هـەرگیز دەسـتەبەركردنی ئەم مافانە لەگەڵ ئەو ئایەتانەدا ناسازگار نابێت.

بــەڵام دەپرســین لــەم بڕگەیــەدا كــێ مەبەســتە كــە خواوەنــد دەفــەرموێت بــە پێغەمبەر﴿الَذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ﴾..؟

لەئایەتەكەدا دو نیعمەت هاتوە:

١- نازو نیعمەتێكی خوایی.

٢- نازو نیعمەتێكی موحەمەدی.

ئەگەر نیعمـەتی خواوەنـد بـە سـەر زەیـدەوە بریتـی بێـت لـەوەی كـە هیدایـەتو ڕینمایی كردوە بۆلای ڕێگەی ڕاست بەپێی ئەم ئایەتـەی كـە دەفـەرموێت: ﴿صِـرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ﴾ الفاتحة/٧.

ئەی نیعمەتە موحەمەدیەكە كامەیە كە پێغەمبەر نواندبێتی لەگەڵ زەید دا..؟.

باسمان لـەنازو نیعمـەتێك كـرد كـە سـازگارو گونجـاو بـوو لەگـەڵ ئایـەتی(٣٧)ی سـورەتی(الأحـزاب)دا، هـیچ شـتێكی تـر بـەدی ناكـەین جگـە لـەوەی كـە پێغەمبـەر زەیدی كردە منداڵی خۆیو لەئامێزی گرتو شەرەفـو پێگەی ڕەچـەڵەكو ڕۆڵەیـەتی خۆی پێبەخشـی، تـاوەكو زەیـد بـەم پێگـەو پلـە كۆمەڵایەتیـە ڕێـزو شـكۆی خـۆی پێبگێڕێتەوە لەناو خەڵكدا.

ئێمە کاتێك بانگەوازو بانگەشە دەکەین بۆ پەیڕەو کردنو پیادەکردنی سیستمی هەڵگرتنەوەی منداڵ (التبني)و لەزۆرێك لەکتێبو نوسینەکانیشمان ئەو داوایەمان وەك چارەسەرێکی مرۆڤ دۆستانە بۆ دوو کێشەو گرفتی گەورە خستوەتەڕو:

١. بۆ چارەسەرو پڕکردنەوە ئەو بۆشایە دەرونیەی کە ئەو کەسانە بە دەسیەوە دەناڵێنن کە منداڵیان نابێت، ئیتر بەهۆی منداڵ نەبونەوە بێت(العقم)یان بەهۆی پیریو تەمەنەوە بێت (العقر).

٢. کێشەو گرفتی منداڵە فڕێدراوەکان، ئەو منداڵانانەی کە بە چاوێکی کەمەوە سەیر دەکرێنو خانەکانی چاودێری کردنی ئەم توێژە(دور رعایة اللقطاء)جمەیان دێت لەم چەشنە منداڵانە.

هەرکات ئێمە ئەم بانگەوازە ڕادەگەیەنین یەکسەر (أصحاب المحابر[٩])ەکان لێمان ڕاست دەبنەوەو دەکەونە هاتو هاوار.

لێرەشدا کە هەمان ئەو بانگەوازە جارێکی تر ڕادەگەیەنینەوە، پشت بە حوکمو فەرمانەکانی دابەزێنراوی بەجێ دەبەستین کە منداڵ هەڵگرتنەوەو(تبني)بەنازو نیعمەتی خواوەندو پەیامهێنەرەکەی دادەنێت، بەڵام فەقیهە بەڕێزەکان کاتێك کە بڕیاری حەرامکردنو قەدەغە کردنی(تبني)دەدەن، پشت بەو فیقهە کە لەپوریە دەبەستنو، ئەو بەڵگەیانەو پشت بەو زنجیرە عەن عەنەو تەن تەنانە دەبەستن کە پلەی ڕاست بونیان هەر چەند بێت، هەر بەردەوام لەخوار ئەو پەڕاوە ئاسمانیەوەن کە خواوەند لەڕێگەی نیگاو وەحیەوە ڕەوانەی کردوەو هیچ چەشنە گومانێکی تێدا نیە، ئای لەجیاوازی پلەو پێگەی ئەم دو بەڵگەو شاهیدە.

(٩) (أصحاب المحابر) ئەو کەسانەن کە نوسینو قەسەکان بەبێ تێفکرانو ڕامان کۆپی دەکەنو دەیانڵێنەوە، ئەم چەشنە کەسانەش بەلای دانشمەندانەوە قسەیان لێوەر ناگیرێت.

دەگەڕێینەوە سەرباسی ڕەچەڵەكو ڕونی دەكەینەوە كە ڕەچەڵەك هی هەردو باوكەكەیە، واتە: هەم بۆ ئەو باوكەی كە منداڵەكە لەپشتی ئەوەوە هاتوە(الأبُ الوالد)و هەم بۆ ئەو باوكەش كە بە ئەركی بەخێوكردنو پەروەردەكردن هەستاوەو منداڵەكەی گرتوەتە خۆی(الأبُ المتبني)لەم لێكدانەوەیەدا نەسەبو ڕەچەڵەكەكان نافەوتێت، چونكە هێلكە بایۆلۆجیەكە هی باوكو دایكە بنەڕەتیەكەیە(للوالد و الوالدة )بەتایبەت لەم سەردەمەشدا هەر فەوتانی ئەستەمە، چونكە ئێستاو لەم سەردەمەدا پشكنینی ترشی ناوكی(تحليل الحمض النووی)لەئارادایە.

بەڵام لەبەرانبەرەوە بە حەرام دانانو قەدەغەكردنی هەڵگرتنەوەی منداڵ (تبني)خۆی لەخۆیدا بڕیاری فەوتاندنو سەرەو نخون كردنەوەی ڕەچەڵەكو نەسەبەكانە، بەتایبەت بۆ ئەو منداڵانەی كە لەژێر زەبری كۆمەڵگەكاندا فڕێ دەدرێنو كەس نازانێت كێ باوكو دایكیانە، بەتایبەت ئەو منداڵانەی كە لەكۆمەڵگە دوا كەوتوە سەرەتاییەكانی وەك كۆمەڵگەی خۆماندا دەژین.

سەبارەت بە ئابڕوو(عِرْض)و شكۆش، بریتیە لەڕێزو شكۆی ڕەچەڵەكەكان لەناو خەڵكداو مایەی شانازیو سەربەرزی هەر كەسێكە لەكۆمەڵگەدا. پێشەوا شافعی لەم بارەیەوە دەڵێت:

**إذا شئت أن تحيا سليماً من الأذى    وحظك موفور وعرضك صيِّنُ**

**لسانك لا تذكر بـه عـورة أمــرئٍ    فكُلُّكَ عورات وللناس ألسنُ**

واتە: ئەگەر دەتەوێت بە شێوازێك بژیت كە دور بیت لەئەشكەنجەو ئازارو برینـدار كردنی دەرونتو خاوەن بەخت بیتو كەرامەتو شكۆت پارێزراو بێت، ئەوا ئاگات لەزمانت بێتو باسی عەیبو نەنگیو خراپەی كەس مەكە، چونكە تۆش هەمو گیانت عەیبو عارو عەورەتەو خەڵكیش زمانی هەیە، هەروەها شاعرو هەڵبەست وانێكی تر دەڵێت:

**إذ المرء لم يدنس من اللؤم عرضه    فكل رداءٍ يرتديه جميلُ**

ئەگەر مرۆڤ ڕێزو شكۆی خۆی بپارێزێت هەرچی لەبەركات هەر لێی جوانە

لەمەوە کە باسمانکرد هەمو کەسێکی ژیرمەندو فامیدە تێدەگات کە درۆکردن ڕێزو شکۆی مرۆڤ دەڕوشێنێت‌و هەروەها بێ وەعدی‌و بەڵێن شکێنی لەبازرگانی‌و پیشەسازی‌و کڕین‌و فرۆشتندا شکۆی خاوەنەکەی دەڕوشێنێت، بەهەمان شێوە بە خراپ ناوبردنی خەڵك‌و قسە هێنان‌و قسە بردن‌و فێڵ‌و تەڵەکە بازی‌و چاوو ڕاوکردنیش دەبنەهۆی شێواندنی وێنەو بریندارکردنی شکۆی هەر مرۆڤێك کە ئەم ڕەفتارانەی لێبوەشێتەوە.

لەسایەی ئەم تێگەیشتنەوە کە خستمانەڕو، دەردەکەوێت کە ئابڕوو ڕێزو شکۆ(العِرض)کە لەهەندێ شوێندا بە (ناموس)یش ناو دەبرێت، ماناو واتایەکی مرۆڤانەی جیهانی هەیەو هەردو ڕەگەزی نێرو مێش وەك یەك دەگرێتەوەو پەیوەندی هەیە بەتایبەتمەندیەکانی مرۆڤەوە، نێر بێ یاخود مێ، ئەو تایبەتمەندیانەش هەمو کەسێك حەز دەکات بە پارێزراوی‌و شاراوەیی بیانهێڵێتەوەو پێی خۆش نیە خەڵك بیانزانێت‌و هەندێ جار بەم تایبەتمەندیانەش دەوترێت عەورەت(عورة)و بریتیە لەوشتانەی کە مرۆڤ شەرم لەدەرخستنیان دەکات.

ئەوەی مایەی پرسیارە ئەوەیە کە ئێمە نازانین لەکەیەوە دەستەواژەی(عِرض)لەمانا ڕاستەقینەو بنەڕەتیەکەی ترازێنراوەو لادراوە..؟ وەنازانین لەکەیەوە دەس بۆ بردن‌و قسە لەسەرکردنی ئابڕوو(عِرض)وای لێهاتوە لەبیرکردنەوەو لێکدانەوەی خەڵکدا ماناو واتای دەسدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنانی وەرگرتوە..؟

هەروەها نازانین لەکەیەوە فەقیهە بەڕێزەکان چاو لەتاوانی ئەو پیاوە دەپۆشن کە هەڵدەستێت بە کوشتنی پیاوێکی تر ئەگەر بێت‌و لەحاڵەت‌و بارێکی نەشیاودا بیبینێت لەگەڵ هاوسەرو ژن، یاخود خوشك‌و کچەکەیداو، لەبەرانبەرەوە چاوپۆشی

ناکەن لەژنێك ئەگەر پیاوەکەی بکوژێت یاخود براکەی یان کوڕەکەی بکوژێت ئەگەر لەسەر تاوانێکی حەشا هەڵنەگرەوەو بە دیار چاوی چەند شایەتێکیشەوە بیگرێت..؟هەروەها نازانین لەکەیەوە وای لێهاتوە کە ژن بوەتە مایەی ئابڕوو ناموس(عِرض)ی پیاو، بەڵام لەهەمان کاتدا پیاو نەبوەتەئابڕوو ناموس(عِرض)ی ژن..؟ وەك بڵێیت: ژن ناموس و ئابڕو(عِرض)ی نەبێتو ئەگەر بیشی بێت نە ناوبانگەو نە ڕێزو شکۆ..!! بەڵکو بەرجەستە دەبێت لەبەشتك لەجەستەیداو ئێمە شەرم دەکەین لێرەدا ناوی بهێنین.

# پوختەو ئاکامەکان

لەبەر رۆشنایی هەمو ئەو بۆچونانەدا کە پێشتر خستمانەڕو، مەبەستەکانی شەریعەت و پایەو پێگەو ئاماژەکانیان بەلای ئێمەوە بەم شێوەی لای خوارەوە دەبێت:

١- پارێزگاریکردن لەژیان:

لەو سۆنگەیەوە کە تەمەنەکان درێژ دەبن و کورتیش دەبنەوە، هەروەها لەو سۆنگەیەوە کە مردن پەڕاوێکە ڕونادات تاوەکو هەموو مەرجەکانی تەواو نەبن و یەکنەگرن، بەهەمان شێوە لەبارەی نەخۆشیشەوە هەروایە.

باوەڕیشمان وایە کە ئەم بەندو بڕگەیە هیچ مانایەکی نابێت لەسایەی ئەو قسەیەدا کە ئەڵێت: (رُفعت الأقلام وجَفت الصحف) واتە:پێنوسەکان بەرز کرانەوەو لاپەرەکانیش وشك بونەوە.

هەروەها مانایەك نامێنێت لەسایەی ئەو بۆچونەدا کە زانا بەرێزەکان دەیخەنەڕو دەڵێن: تەمەن دیاری کراوەو بڕاوەتەوە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ڕاستە مردن هەر دەبێت و هیچ خۆلادانێك ڕۆڵی تێدا نابینێت، بەڵام دەکرێت داوبخرێت، بۆیە: جێبەجێ کردنی ئەم بەندو بڕگەیە تەنها بە دامەزراندن و فراوانکردنی ئەو دامەزراوانە دەبێت کە هۆکارو هاوکار دەبن بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤەکان، بۆ نمونە: پاکوخاوێنی و بەکارهێنانی داو دەرمان و تەداوی کردن، لەباشترین و گرنگترین هۆکارەکانی خۆپاراستنن لەنەخۆشی و پەتاکان پێش بڵاوبونەوەیان، هەروەها باشترین و گرنگترین هۆکارن بۆ چارەسەرو سنور دانان بۆ بڵاوبونەوە، یان لەکاتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنیاندا.

لێرەوە تێدەگەین کە یارمەتیدانو پشتیوانکردنی دامەزراوەکانی پاکو خاوێنی گشتیو هاندانی لێکۆڵینەوەکانی بواری پزیشکیو دەرمانسازیو کردنەوەی بنکەو نەخۆشخانەو مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی پزیشکیو بواری دەرمانسازی، دەبنە بەردی بناغە بۆ راپەڕاندنی ئەم بەندو خاڵو بڕگە گرنگە.

لەلایەکی ترەوە ئەو جەنگو تاوانو ڕوداوانەی بواری هاتوچۆو.....هتد. کە دەبنە هۆی کورت کردنەوەی تەمەنەکان، ئەگەر بێت و بتوانین لەناویان ببەینو کۆتایی بەجەنگو تاوانو ڕوداوە نەخوازاوەکان بهێنین ئەوا هەنگاوێکی گەورەمان هەڵگرتوە لەڕێگەی درێژکردنەوەی تەمەنەکاندا .

## ٢- پارێزگاریکردنیماڵو سامان:

ئێمە لەم خاڵو بڕگەو بەندەدا، فراوانیو گشت گیریەك بەدی دەکەین کە زانا بەڕێزەکان لێی بێئاگا بونو پیشت گوێیان خستوە، کاتێك هاتن ئەم بەندو خاڵەیان قەتیس کرد لەدزیکردن لەبواری پارەو سامانی کاژدارو لەپێشێلو پایەماڵکردنی ماڵو موڵکەکانی تردا، ئەمەیان کردو گرنگیان نەدا بەوەی کە سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ دەستخستنی ماڵو سامان چی یە..؟

چونکە سەرچاوەی هەموو ڕزقو ڕۆزیەکانی خەڵك، بریتیە لە پیتو بەرەکەتو سامانە سروشتیەکانو کارو هەوڵو تێکۆشانی مرۆڤ، هەروەها سەرچاوەی دەستخستنی ماڵو سامانیش هەوڵو کارو تێکۆشانە بەهەمو چەشنەکانیەوە، لەپیشەسازیو کشتوکاڵو بازرگانیو بواری خزمەتگوزاریو میراتو بەخشین، مرۆڤ هەڵدەستێت بەئەنجامدانی ئەو هەموو ئەرکو کارە لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتردا بۆ خۆی.

بۆیە پاراستن‌و پارێزگاری کردنیش لەم بوارەدا قەتیس نابێت لەوەدا کە پارەو پولەکانمان بخەینە ناو قاسەی پۆلاینەوە گوایە دەیپارێزین بۆ نمونە: دورکەوتنەوە لەسنور بەزاندن‌و(إسراف)چەشنێکە لەچەشنەکانی پارێزگاری ماڵ‌و سامان، دەرکردن‌و بەخشینی زەکات لە ماڵی زیادەدا دەرگایەکی ترە لەدەرگاکانی پاراستنی ئەو ماڵ‌و سامانە، هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی پرۆژەی وەبەرهێن‌و بەکەڵك‌و دورکەوتنەوە لە(ربا)و سووخۆری‌و خۆ بەدورگرتن لەبازرگانی کردن بەمادەو شمەکە نایاساییەکانەوەو ڕەخساندنی هەلی کار بەو پێیەی وەك ئاماژەمان پێکرد سەرچاوەی سەرەکیە بۆ بەدەستهێنانی ماڵ‌و سامان، وجێبەجێکردنی بنەمای یەکسانی‌و هاوشانی لەڕەخساندنی هەلی کاردا، ئەمانە هەمویان‌و هەریەکەیان بۆ خۆی چەشنێکە لەچەشنەکانی پارێزگاری‌و پاراستنی ماڵ‌و سامان.

## ٣- پارێزگاریکردن لەئەقڵ‌و ژیری:

جارێکی تر داوا دەکەین بەڕوانگەو دیدێکی فراوان و گشت گیرانەترەوە سەیری ئەم بەندو خاڵە بکرێت، هەروەها لەڕویەکی تریشەوە داوا دەکەین زۆر بەوردەکاری‌و سەرنجەوە سەیرو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

زانا بەڕێزەکانمان هەروەك وەك چۆن ئەو گشتگیری‌و فراوانیەیان لەبواری ماڵ‌و ساماندا نادیدە گرتبوو پشتگوێیان خستبو، بەهەمان شێوە لەبواری پارێزگاریکردن لەئەقڵ‌و ژیریشدا دیسانەوە لێی بێئاگابون‌و نادیەیان گرتوەو پشتگوێیان خستوە، ئەم کەمتەرخەمی‌و پشتگوێ خستنەش کاتێك دەردەکەوێت کە ئەو بەڕێزانە بۆ پاراستنی ئەقڵ‌و ژیری، پشتیان بەو چەمك‌و تێگەیشتنە کەلەپوریە بەستوە کەپێی وایە ئەقڵ‌و ژیری مرۆڤ بریتیە لەڕادەی توانای لەبەرکردن، یاخود هێزو توانای بیرو هۆش(الحفظ أوقوة الذاكرة) ئەم لایەنە بەیەکێك لەلایەن‌و بەشەکانی ئەقڵ‌و ژیری مرۆڤ دادەنرێت‌و فەقیهەکان بەتەواوەتی بێخەبەر بون لە لایەنی داهێنان لەبواری ئەقڵ‌و ژیریداو لەبیر خۆیانیان بردەوەتەوە.

لەو دەمەدا بیروهۆش‌و لەبەر کردنی زانیاریەکان تاکە ڕێگە بوو بۆ دەستخستنی دانش‌و مەعریفەو وەرگرتنی زانیاری، چونکە هۆکاری فێرکردن زۆر کەم‌و دەگمەن بو، تەنها پشتیان بەشێوازی زارەکی دەبەست، بەشێوەیەك کە هەندێك قسەو وتە بڵاو دەبونەوە بۆ نمونە دەیان گوت: (لاتأخذ العلم من صُحُفي ولاالقرآن من مصحفي) واتە: زانست وەرمەگرە لەوکەسەی کە زانستەکەی لەسەر لاپەڕەکانەو، قورئانیش وەرمەگرە لەکەسێك کە قورئان لەپەڕاو (مصحف)دا دەخوێنێت، بەڵکو پێویستە هەم زانیاریەکەو هەم ئەو قورئانەش لەسنگی خاوەنەکانیاندا بن.

هەروەها چەند ناسناوێکیان داهێناوە وەك(الحافظ)و دەیانبەخشین بە زانا ناودارەکانی وەك(الحافظ إبن كثير، والحافظ الذهبي، والحافظ البغدادي)ئەم ناسناوە تەنها بە گەورە زاناکان دەبەخشرا کە بە زمانی ئەم سەردەمە لەئاستی ناسناوی(دكتور)دایە، بەڵام ئەو ناسناوانەو ئەو چەشنە قسانەش هەمویان لەخولگەی بیروهۆش‌و (ذاكرە)دا دەخولانەوەو لێی دەرباز نەدەبون.

دەگێڕنەوە وتراوە بە پێشەوا شێخ موحەمەد عەبدە: فڵانە کەسێك سەحیحی بوخاری لەسنگیدا لەبەرکردوە. شێخیش لەوەڵامدا وتویەتی نوسخەکانی سەحیحی بوخاری یەك دانەیان زیاد کرد. دیارە شێخ هەر لەو کاتەوە زانیویەتی‌و هەستی بەوە کردوە کە بڵاوبونەوەی کتێب‌و دەسنووسەکان‌و بەڵگەنامەکان‌و داهێنانی ئامێرەکانی تۆمارکردنی دەنگ و ئامێرە دیجتالیەکان لەپرۆسەی دەسخستنی زانیاری‌و زانستدا جێگەی بیرو هۆش‌و توانای لەبەرکردنیان گرتوەتەوە بۆ مرۆڤ.

ئەگەر شێخ لەم سەردەمەدا بوایەو بە چاوی خۆی ئامێرەکانی کۆمپیوتەری ببینیایە کە لەتوانایاندا هەیە هەموو ئەوەی لەناو کتێبەکانی تەفسیرو فەرمودەو فیقهدایەو لەماوەی چواردە سەدەی ڕابوردودا وتراوەتەوەو نوسراوەتەوە، هەموی بخاتە سەر یەك میمۆری کە لەپاکەتی شقارتەیەك بچوکترە، ئاخۆ ئەوکات شێخ چی دەفەرمو..؟

لێرەدا عەقڵو ژیریەکی تر هەیە کە جیاوازە لەو عەقڵی لەبەکردنە(العقل الحفظي)ی کە زانا بەڕێزەکان پێداگری دەکەن و داوامان لێدەکەن بیپارێزین، ئەو عەقڵەی تریش بریتیە لەعەقڵو ژیری ڕەخنە گرانە(العقل النقدی)ئەو عەقڵو ژیریەی کە بە سەربەخۆییو خۆ بە دورگرتن لەوەی کە زەید چی وتوە، یاخود عەمر حوکمو فەرمانی بە چی کردوە، دەگەڕێت بەدوای دانشو مەعریفەی ڕاستەقینەدا، مرۆڤی بە ئاگا بەهۆی ئەم چەشنە عەقڵو ژیریەوە دەتوانێت ئەو شتانە ببینێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بەوە بێت کە سود لەچاوی خەڵکی تر وەربگرێتو چاوی کەسی تر بەکار بهێنێت.

ئەم عەقڵو ژیریە ڕەخنەگرە ڕۆڵی بنەڕەتی هەیە، بەڵکو خۆی بناغەیە بۆ بەدەستهێنانو دەستخستنی زانستو زانیاریو مەعریفە، هەر بەهۆی ئەم چەشنە عەقڵو ژیریەوەیە کە دانشو مەعریفەی مرۆڤایەتی پێش دەکەوێتو گەشە دەکات لەهەمو بوارەکاندا.

بەڵام بەداخەوە ئەم چەشنە عەقڵە چەندین سەدەیە بەلای عەرەبو موسڵمانەکانەوە دەستی پێ لەکار کێشراوەتەوەو پشتگوێ خراوە.

خۆ ئێمە دەزانین بۆچی مەشایخەکانمان لەم عەقڵو ژیریە ڕەخنەگرە دەترسنو بۆچی دژایەتی دەکەنو هەشیانە بەڕادەیەك دژی دەوەستێتەوە کە خاوەنەکەشی بە کافر دادەنێت.

دەشزانین چۆن سودی خراپیان لەو بنەمایە وەرگرتوە کە گوایا بەپێی فەرمودەی پێغەمبەر قسەکردن لەکاتی وتاردانو قسەکردنی ئیمامدا قەدەغەیەو ڕێلێگراوە، دەزانین چۆن سودیان لەم بابەتە وەرگرتوە بۆ ڕێگە گرتنو لەناوبردنی ئەو پرسیارانەی کە خاوەنی عەقڵە زیندوو ڕەخنەگرەکان دەیانکەن، نمونەی ئەو پرسیارانە ئەمانەن: بۆچی..؟ چۆن ..؟ کەی..؟ .

ئـەم بەڕێزانــە ڕێگــەیان بــە پرســیار كــردن نــەداوەو داوایــان لــەگوێگرەكانیان لەمزگەوتەكانـــداو موریـــدەكانیان لەخوێندنگەكانیانـــدا وخوێنـــدكارەكانیان لەناوەندەكانی خوێندنیاندا، داوایان لێدەكردن كە عەقڵو ژیریان سڕو مۆمیا بكەن و بـە دوای هـەموو ئـەو ڕێنومـاییو بابەتانـە بكـەون، كـە ئـەوان بۆیـان هەڵدەبـژێرنو دەیخەنە بەردەمیان، بە هیچ چەشنە گفتوگۆكردنو لێكدانەوەو پرسیار لەسەركردن یـاخود ڕەخنــەگرتنێك تــا هێزیــان تێدایــە هــاوار بكــەنو بڵــێن: (آمــین)، چــونكە گفتوگۆكردن لەو بابەتانەدا ڕوداریو بێ ئەدەبیەو، پرسـیاركردن بـێ مێشـكیو كـاڵ فامیەو، ڕەخنە گرتنیش كفرو بێ باوەڕیە.

پێویستە بزانین كە عەقڵی ڕەخنەگرانەو(نقدی)عەقڵێكە مرۆڤ دەتوانێت بەدەستی بهێنێت(مكتسب)ەو مادەی خاوی ئەم عەقڵەو گیانە نوستوەكەی، لەهـەلو مـەرجی بابەتی ساڵەكانی سەرەتای تەمەنی هەر مرۆڤێكدا گەشە دەكاتو پـەرە دەسـێنێت، بۆیــە ئەگــەر لــەو ســەرەتایەوە ئــەو هــەلو مەرجــە لــەبارەی بـۆ نەڕەخسـێت، دەپوكێتەوەو دواتر دەبێت بە ژێر تەپوتۆزو دارو پەردوی چاولێكەریو(تقلید)ەوەو، خاوەنەكەشی بەو هۆیـەوە توتیـەكی ئـەو تـۆی لێدەردەچێت كـە تـەنها ئـەوە فێـر دەبێــت كــە بــۆی دوبــارەو چــەندبارە دەكرێتــەوەو بــەبێ هــیچ بیركردنــەوەو لێكدانەوەیەك لەبەری دەكاتو دەیڵێتەوە.

لێرەوە تێدەگەین كە هەنگاوی یەكـەم بـۆ پاراسـتنو پارێزگـاری كـردن لەعـەقڵو ژیــری ڕەخنەگرانــە، لەســەر لــەنوێ داڕشــتنەوەی پرۆگرامــەكانی فێركــردنو پــەیڕەوەكانی پەروەردەكردنــەوە دەســت پــێ دەكـات، بەشـێوەیەك بتـوانین ئـەو عەقڵو ژیریە لەچوارچێوەی بە سەرا خوێندنەوەو(تلقین)دەرباز بكـەین كـە چـەندین سەدەیە گەلانی موسڵمانی لەسەر ڕادەهێنرێت لەپرۆگرامو پەیڕەوەكانیاندا.

گرنگترین بەندو برگەش لەپرۆسەی پاراستنی عەقڵو كردنەوەی ڕۆح بەبەر عەقڵو ژیری ڕەخنەگرانەدا، بریتیە لەدەرچون لەو تونێلو تونە تاریكەی كە ناویان ناوە فەرمودەی پێغەمبەرو لەو تونەدا عەقڵ(إغتیال)كراوەو لەناوبراوە، لەڕێگە ئەم تونە تاریكەوەو لەڕێگەی ئەو ژیاننامەیەوە كە پێی دەڵێن: (السیرة النبویة)ئەفسانەكە گوێزراوەتەوەو لەفراوانترین دەرگاكانیەوە بە ئێمە گەشتو، تاوامان لێهاتوە جیاوازی ناكەین لەوەدا كە ئاخۆ كامە ئاینەو كامە مێژوەو كامەش ئەفسانەیە.

عەقڵی ڕەخنەگرانە زور ئاساییە بەلایەوە قسە لەسەر ئەو گێڕانەوەی بوخاری بكات كە دەڵێت: خواوەند ئادەمی بە درێژی(٦٠)باڵ دروستكردوە.

چونكە ئێمە دەزانین دەیناسورەكان پێش(٦٥)ملیۆن ساڵ لەمەو بەر لەناوچونو ئێسكە پەیكەرەكانیشیانمان بینیوەتەوە، بەلام تا ئێستا زانایانی شوێنەوار هیچ ئێسكە پەیكەرێكیان نەدۆزیوەتەوە كە قسەكەی بوخاری پشت ڕاست بكاتەوە. كەواتە لەم بابەتەدا دەسهەڵبەسو ئەفسانە زاڵە.

بەهەمان شێوە عەقڵو ژیری ڕەخنەگرانە قسەی هەیە لەسەر ئەو گێڕانەوەیەی كە دەڵێت: جەستەی شەهیدەكان ناڕزێتو خاك هەڵی ناوەشێنێت، چونكە عەقڵو ژیری ڕەخنەگرانە پێمان دەڵێت: بۆ نەچین گۆڕی شەهیدەكانی جەنگی(أحد)هەڵدەینەوە كە حەمزەی كوڕی عەبدولموتەلیب یەكێكە لەو شەهیدانەو بزانین وایە..؟ خۆ ئەگەر وا بكەین ئەوا جگە لەئێسكە پەیكەرێك(ئەویش ئەگەر مابێتەوە)هیچی تر بەدی ناكەین لەگۆڕەكانیاندا. ئەوجا بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم قسانە بێجگە لەدرۆو فریودان هیچی تر نین.

ئەم دیاردەیەش ئەم ئایەتەی بەسەردا دەچەسپێت كە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَلْبِسُوا الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُوا الْحَقَّ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ البقرة/٤٢.

سەبارەت بە دابەزێنراوی بەجێش ئەم هاوكێشەیەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت:

دابەزێنراوی بەجێ = ڕوداوەكانی گەردونو ڕوداوەكانی مێژو(الحق- النبوة)ئەمەش دەسدەدات و لەبەردەستدایە بۆ لێكدانەوە و(تأويل)+ ڕەفتاری مرۆڤانەی بە ئاگاو ئازاد(الرسالة)(جیاوازی ڕەواو حەڵاڵ لەناڕەواو حەرام)ئەم بەشەش دەسدەداتو لەبەردەستدایە بۆ لێكۆڵینەوە و(إجتهاد).

بەدڵنیاییەوە لێكۆڵینەوە لەدابەزێنراوی بەجێ بە هەردو لقو بەشەكەیەوە، واتە: بەشی پێغەمبەرایەتیو بەشی پەیامهێنەرایەتی(النبوة و الرسالة)بە عەقڵو ژیریەكی ڕەخنەگرانەوە دەمانگەیەنێتە گەشەسەندنی دانشو مەعریفەی مرۆڤانەی زیاتر بە بونی بابەتیو گەشەی ویژدانی مرۆڤایەتی، ئەو گەشەسەندنەی كە وا دەكات لەمرۆڤی موسڵمان كە ببێتە مرۆڤێكی ڕاستگۆو ئازا لەویژدانی خۆیدا تا لەتوانایدا بێت لەڕاسپاردەكانی پەیامی ئاسمانی و(رسالة) تێبیگات، هەروەها وامان لێدەكات كە زیاتر لەخواوەند نزیك ببینەوەو جوڵەی زیندەوەرانە بكەین، هەروەها گەشە سەندنی ویژدانی مرۆڤایەتی وامان لێدەكات كە بە دامەزراوییو ئارامی و ئۆقرە گرتنەوە لەخواوەند نزیك بكەوینەوە.

## ٤- پارێزگاری كردن لەئاین:

لەوانەیە ئەم خاڵو برگەو بەندە بەو شێوەی كە خاوەنو داڕێژەرەكانی دایان ڕشتوە، لەمەترسیدار ترینی ئەو بەندانە بێت كە ناویان لێناوە(مەبەستەكانی شەریعەت)هەروەها لەوانەیە ئەم خاڵە لەوانی تریان زیاتر لەبازنەی بڕیاردراوەكانی خواوەند دەرچو بێت لەو بڕیارانەی كە خواوەند لەدابەزێنراوی بەجێدا بڕیاری لەسەر

داون، هــەروەها لەهــەمویان زیــاتر دەرچــو بێــت لــەو ڕێــوو شــوێنانەی كــە پێغەمبــەر پابەندیان بوەو جێبەجێی كردون لەهەموو قۆناغەكانی ژیانیدا.

لە دابەزێنراوی بەجێدا خواوەند دەفەرموێت: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ البقرة/٢٥٦.

هەروەها دەفــەرموێت: ﴿وَقُــلْ الْحَــقُّ مِــنْ رَبِّكُــمْ فَمَــنْ شَــاءَ فَلْيُــؤْمِنْ وَمَــنْ شَــاءَ فَلْيَكْفُرْ...﴾ الكهف/٢٩.

بە هەمان شێوە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ لِلنَّاسِ بِالْحَقِّ فَمَنْ اهْتَدَى فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ﴾ الزمر/٤١.

ئەگەر كەسێكی ژیرمەنـد بـە وردی سـەرنجی ئـەم ئایەتانـە بـدات كـە وەك نمونـە هێناومانو هی تریش زۆر هەن، ئەوا هەست بەو ڕێزە خواییە دەكات كە خواوەنـد گرتویــەتی لەویســتو خواســتی مرۆڤــەكانو ئــازادی مــرۆڤو ئــازادی هەڵبــژاردنو بیروباوەڕو ئەو شتانەی كە لەلای پیرۆزن، پاشان خواوەند هێڵە سـەرەكیەكانی ئـەو شاڕێگەو هێڵەی كە پێویستە لەسەر مرۆڤ لەپرۆسـەی بـانگ كردنـی خەڵكدا بـۆ لای ڕێگەو ڕێبازەكەی خواوەند پەیڕەوی بكات و، لەكاتی گەیانـدنی پـەیامی خواوەنـددا بە مرۆڤەكان وەك خۆیو بەو شێوەیەی كە(جیبریل)ی متمانە پێكراو دای بەزاندوە، لەمبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الأنباء/١٠٧.

هەروەها دەفــەرموێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَـادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ...﴾ النحل/١٢٥.

بەهەمان شێوە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِـنْ حَوْلِـكَ فَـاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ آلعمران/١٥٩.

پێغەمبــەریش یەكــەم سەرچــاوەیەك كــە لەســایەیدا دەحەوایــەوەو لــەئاوە سازگارەكەی دەخواردەوە، بریتی بو لەدابەزێنراوی بەجێ.

لەشاری مەکەدا دروشمە ناوبانگەکەی هەڵبڕی‌و ڕایگەیاندو وتی: نێوان من‌و خەڵك چۆڵ بکەن تا لەگەڵیاندا بدوێم (خلّوا بينی وبين الناس).

جارێکی تر دەیلێینەوە کە ئەو ئاماژەو واتاو مانایانەی کە ئەم دروشمە لەخۆیان دەگرێت، بەلای کەسی ژیرمەندو فامیدەوە شاراوەنین، ئەم دروشمە ڕێز لەگفتوگۆو قسەکرن دەگرێت لەگەڵ کەسی بەرانبەردا، هەورەها کەسی ژیرمەندو فامیدە بۆی ڕون دەبێتەوە کە ئەم دروشمە چ واتاو ئاماژەیەکی هێمانانەو ژیرمەندانەو دڵسۆزانە لەخۆ دەگرێت‌و بە ئامۆژگاری جوان دەکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ عەقڵ‌و ژیری ئەوانی تردا، هەروەها کەسی ژیرمەند هەست بەو دڵسۆزی‌و ئارامیە دەکات کە پێغەمبەر بە درێژایی ژیانی‌و لەپرۆسەی گەیاندنی پەیامەکەیدا پابەندی بوەو پەیڕەویی لێکردوە، لەکاتێکدا پێویستە بزانین لەکاتی بونیاد نانی دەوڵەتەکەیدا ئەم نەرم‌و نیانیە هەندێ جار ئامادەیی نەبوە لەهەنگاوو بڕیارەکانیدا.

باشترین دەربڕین بۆ پارێزگاری کردن لەئاین، بریتیە لەڕازی بون‌و دان نان بەو کۆ سیستەمەی مافەکانی مرۆڤدا کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئامادە کراوەو بوەتە کۆ سیستمێکی جیهانی.

ئەوەی مایەی سەرنج‌و سەرسامیە تەنها عەرەب‌و موسڵمانەکانن کە خۆگیری دەکەن لەئاست ئەم جاڕنامەیەداو بە چەندین شێوازو بیانوو خۆیانی لێ لادەدەن‌و خۆیانی لێ دەدزنەوە.

# کۆتایی کتێبەکە

پاش خستنەڕوی بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە خوێنەری بەڕێز سەرنجی ئەوە دەدات کە ئێمە پێداگیریمان لەسەر ئەوە کردوە کە زیاتر ڕێز لەعەقڵو ژیری خوێنەر بگرین باشترە تا ڕێز لە سۆزو هەستی بگرین، هەروەها خوێنەر تێدەگات کە ئێمە پێویستیەکی زۆرمان هەیە بەوەی کە جارێکی تر بچینەوە بە کەلەپوری بۆماوەماندا.

هەروەها بەو پێیەی کە فیقهی ئیسلامیی بەو شێوەی کە فیقهزانەکان لەهەردو سەدەی دوەمو سێیەمی کۆچیدا دایان ڕشتوەو، بەهەما شێوە زانستەکانی قورئانیش، هەمویان پێویستیان بەوەیە کە جارێکی تر چاویان پێدا بخشێنینەوە، بەتایبەت بەو بەشانەیاندا کە پێیان دەوترێت (الثوابت والأصول) واتە: جێگیرو بناغەکان.

چونکە ئێمە لەم سەردەمەدا پێویستمان بەوەیە کە جارێکی تر خودی بناغەکان دابڕێژینەوەو جارێکی تر چاو بخشێنینەوە بەو بەشانەدا کە حوکمە شەرعیەکانو بەڵگەکانیان(الأحكام الشرعية وأدلتها)ناو دەبرێن.

هەروەها پێویستمان بەوەیە پاش لەدەستدانی ڕەوایەتیو شەرعیەتی جێنشینی(شرعية الخلافة)جارێکی تر بیر لە ڕەوایەتی و(شرعية)تێکی نوێ بکەینەوە، چونکە چەشنێك لەسەر لێشێوان هەیە لەبارەی بیرۆکەی دەوڵەتو دەوڵەتداریو دەسەڵاتەوەو بەردەوام ئەو سەرلێشێوانەش لەئارادایە.

دڵنیاشین کە دەسەڵاتێکی دور لەمەشایخو(سادة العلماء)یەکێکە لەگەورەترین نازو نیعمەتەکانی خواوەند بەسەر بەندەکانیەوە.

لەکۆتایشدا داوا دەکەم لەخواوەند ئەم کارەم بەکارێکی دڵسۆزانە لەپێناو خۆیدا لێوەرگرێت.

**سوپاس بۆ خواوەندی پەروەردگاری جیهان**

**دیمەشق ـ کانونی یەکەم/دیسمبری ٢٠٠٧**